# تیشک

تیشک | گۆڤارێکی شیکارانەی کۆمەڵایەتی ـ سیاسییە | ژمارە ٥٧ | ساڵی بیستودووەم | پاییزی ٢٧٢٠

١٠
ناسیۆنالیسم و فێمێنیسم



تەوەری ئەم ژمارەیە:

## پرسی ژن و مژاری فێمینیزم لە کوردستان

٩٢
ئێکۆ فێمێنیزم

١٤٠
ئاریشەی هەڵاواردن لە زماندا

٩٦
فێمێنیزم و خەباتی نەتەوەیی

١٨٠
فێمێنیسم و سینەما

”

نا، بۆ کوردێک کفره ئێستا کوردستان وتن،
چەرچییەکانی ئیستعمارم لێ ئەبنە دوژمن!

گۆران

“

**گۆڤارێکی شیکارانەی کۆمەڵایەتی ـ سیاسییە**

ژمارە ٥٧ • ساڵی بیست و دووەم • پاییزی ٢٧٢٠

سەرنووسەر:
ناسر مورادی

دەستەی نووسەران:
شەهلا دەباغی، ئیدریس ئەحمەدی، سارۆ ئەردەڵان،
مەسعوود بابایی، بیریار ژاوەرۆیی، مانشت زاگرۆس
ئالان حەسەنیان، ئاگری ئیسماعیلنژاد، بابان ئەلیاسی

بەڕێوەبەری نووسین:
شەهاب خالیدی

بەڕێوەبەری وەرگێڕان:
سەربەست هەوراز، ژینۆ ڕۆژبەیان

پەیوەندییە کوردستانییەکان:
هادی عەزیزی

هاوکارانی ئەم ژمارە:
ژیلا موستەئجێر، ئاسۆ مینبەری، نەسیم قادرپوور

زمانەوان:
کامیل نەجاری

وێنەی رووبەرگ:
کەیوان فاتحی

دیزاین:
ڕێبوار

گۆڤاری تیشک تەنیا لە بەرانبەر ناوەرۆکی ئەو بابەتانەدا
بەرپرسیارە کە بە ناوی گۆڤارەکەوە بڵاو دەبنەوە

https://govartishk.com
https://t.me/govartishk
https://www.instagram.com/govartishk
https://twitter.com/govartishk
https://www.facebook.com/GovarTishk

# پێرست


سەروتار • ناسر مورادی ٦

## سەکۆ

ناسیۆنالیسم و فێمینیسم ناکۆکییەکان و ڕێگاچارەکان • گوڵاڵە کەمانگەر ١٠
ڕامانێک بۆ پرسی ژنی کورد لە نێوان کۆلۆنیالیزم و جنسدا • شەهلا دەباغی ١٨

## تیۆری

واکاوی وضعیت زنان کورد در ایران • ثریا فلاح ٣٤
نقش زنان در بازتولید گفتمان مردسالاری • هیوا ڕۆژهەلات ٧٢
توندوتیژی لە دژی ژنان و دیاردەی تۆکینیزم • سۆما دەگاشێخانی ٨٤
ئێکۆ فێمینیزم • مەنسوور سۆهرابی ٩٢
فێمینیزم و خەباتی نەتەوەیی هاوشان و هاوتەریب • ڕزگار موکری ٩٦
فێمینیزمی سروشت بروا و سروشتی ژنانە • ڕابوون کوردستانی ١٠٨
کاریگەریی نهێنپارە دژ بە کۆلۆنیالیزم لە سەدەی دیجیتاڵدا • هیوا زریبار ١٢٢
ئاسایشی نەتەوەیی کورد و مەسەلەی دیموکراسی لە ئێراندا • ئیدریس ئەحمەدی ١٢٨
ئاریشەی هەلاواردن لە زماندا • مەسعوود بابایی ١٤٠
جیاوازییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا • شاهۆ حوسێنی ١٥٤
پلۆرالیسمی زمانی و ئاسایشی نەتەوەیی • م. هەورامانی ١٦٦
فێمێنیسم و سینەما • چەکۆ ڕۆژهەلات ١٨٠

## شیکاری

فێمێنیزم، ژن، نەتەوەخوازی، کۆمەڵگا • ڕووناهی ڕۆژهەلات ١٨٦
خەسارناسیی فێمێنیزم و میکانیزمەکانی چارەسەری • سەربەست ڕۆژهەلات ١٩٠
بزووتنەوەی ژنی کورد و ژنی ئێرانی • ئالا کوردستانی ١٩٨
هەڵدانەوەی تواندنەوەی ژن لە کۆمەڵگەی کوردەواری • ژیوان کوردستانی ٢١٠
شوناسی ژنان لە کۆمەڵگا و پێناسەی پیاوهاوولاتییەکان • کازیوە سنە، ئابدانان ڕۆژهەلات ٢٢٠
ژنانی پەراوێزخراوی نێو خەباتی نەتەوەیی- دیموکراتیک • ئاگری ئیسماعیل نژاد ٢٢٦
خاتوونی ئاسنین • کەیهان یووسفی ٢٣٢
فێمێنیسم یان دژایەتیکردنی پیاو • ئالین ڕۆژهەلات ٢٤٠
فێمێنیسم و ناسیۆنالیسم؛ لێکتێگەیشتنی دووقۆلی • زانیار سنە ٢٤٤
هاوپەیوەندیی نێوان بزووتنەوەی کوردستان و بزووتنەوەی ژنانی ئێران • ئەوین مستەفازادە ٢٥٨
جیاکاریی جێندەری و فێمێنیزم لە کۆمەڵگەی کوردیدا • خەندە حەمید ٢٧٤
بنەماڵە؛ یەکەم مەتەریزی فێمێنیسم • ولات زاگرۆس ٢٨٢
ڕزگاریی ژن لە دەلاقە جیاجیاکانەوە • ساماڵ ڕۆژهەلات ٢٩٢
توندوتیژیی ڕیشەیی و سیستماتیک • ڕۆژیندا بەیان، ژیلا موستەنجێر ٣٠٠
تیۆرییەکانی فێمێنیزم • بابان ڕۆژهەلات ٣١٠
گذری بر موانع پیش روی زنان • ڕزگار بهاری ٣١٤
فێمێنیزم و ولاتی سوید • تاهیر عەلیار ٣١٨
ئاسمانی بێ ڕەگەز، ئاسمانێکی ئازادە • شەهرام ڕەسوول ٣٢٢
فێمێنیسم یا ناسیۆنالیزم • سندووس ئەفشین، ئاویەر شێخی ٣٢٦
محیط زیست کردستان با نگاهی به معیارها • کەماڵ ڕۆژهەلات ٣٣٦
توێژینەوەک لەسەر بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی پارێزگای کرماشان • بەختیار نەزەری ٣٦٢

## ڕوانگە

کەلەبەری نێوان دوێنێ، ئەمڕۆ و سبەی • سەلاح مەجید پوور ٣٧٨

## وتووێژ

وتووێژ لەگەڵ فرمێسک مستەفا ٣٨٦
وتووێژ لەگەڵ نیگار حەسیب قەرەداغی ٣٩٢

## وەرگێران

تاقیکردنەوەی ناسیۆنالیزمی کورد بە فێمێنیزم ٤٠٠
گێرانەوەکانی تاراوگەنشینان لەمەر ئاسیمیلە کردن و بەرخۆدان ٤١٠
وەدەستهێنانەوەی ناسنامەی نەتەواێەتی لە کتێبە دەرسییەکان ٤٣٤
مانیفێستی ڕێدستۆکینکز ٤٦٢
بنیاتنانی ڕەگەزی دووەم لە کۆمەڵگە ٤٦٦
فێمێنیزمی سۆسیالیستی: ستراتیژییەک بۆ بزووتنەوەی ژنان ٤٨٢
بنەماکانی فەلسەفەی فێمێنیزمی ڕادیکاڵ ٥٢٠
داهاتووی دایکایەتیکردن ٥٣٢

## هەڵسەنگاندن

«تاهیر حامیدی، خەزێنەی زمانێکی پاراو و ڕەنجێکی بەلێشاو» ٥٥٠
فانۆن و مارکس ٥٦٨
بۆ ئەحلام مەنسوور؟ ٥٧٢
باسێکی کورت لەسەر کتێبی مێرگی هەڵاڵەسوورەکان ٥٨٢
کتێبی بزووتنەوەی ژنان Andrée Michel ٥٨٨
ڕێنووسی کوردی ٥٩٤

# سەروتار

ناسر مورادی

تا پێش شەپۆلی ئایدیۆلۆژییەکان بۆ کوردستان، ژن و پیاو لە دابەشکارییەکی کۆمەڵایەتیدا دەوری خۆیان دەگێڕا. لەوەی کە لەو سەردەمەدا ژن زۆری لێ دەکرا و دەچەوسایەوە، هیچ گومانێک نییە، بەڵام ئایدیۆلۆژییە جیاواز- تەنانەت لێکدژ-ەکانیش نەک لە چەوسانەوە دەربازی نەکردن، بەڵکوو سەریشی لێ شێواندن و بەهۆی نامۆبوونیان بە ڕاستییەکانی کۆمەڵگاوە، پرس و مافەکانی ژنانیان ئاڵۆزتر و بە هەمان شێوە ئاسۆی خەبات و تێکۆشانی مافخوازانەیان ناڕوونتر کرد. لەژێر کاریگەریی ئەم ئایدیایانەدا هێماگەلی مرۆڤانە و نەتەوەیی لە زەینی ژنی فێمێنیستی کورددا گۆڕدرا و جێگۆڕکێی پێ کرا. بۆ وێنە، فێمێنیستە ڕادیکاڵەکان بە دروشمی دژ بە دەورگێڕانی نەریتیی ژنان هاتنە کایەوە؛ دایکبوون و پەروەردەکردنی منداڵ بێبایەخ نیشان دەدرا. لێرەوە بوو کە هەوڵەکان بۆ دابڕینی ژن و مافەکانی لە ژینگەی ڕاستەقینەی خۆی دەستی پێ کرد.

نکۆڵی لەوە ناکرێ کە ژن وەک هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا، مافی دەسەڵات و بڕیاری بەسەر ژیان و دەورگێڕانی خۆیدا هەیە. بەڵام کێشە لەوەدایە کە فێمێنیستی کورد (کە دیارە وەک ڕەوت تا ئێستا بیچمی نەگرتووە) نەیتوانیوە ناسنامەیەک بۆ خۆی دابڕێژێت کە هەم ئەندامێکی چالاکی کومەڵگای کوردستان بێت، هەم لەسەر مافی ژنان- بە هەڵوێستی ڕادیکاڵەوە- داکۆکی بکات. فێمێنیستی سۆزداری کورد ئەگەر بنەمای مەعریفیی خۆی بەهێز نەکات، ناتوانێت قسە لە فێمێنیزم بکات. دیسان دەکەوێتە داوێنی ئەو ڕەوت و ئایدیایانەوە کە ژن دەکەنە ئامراز و زیاتر لە هەست و نەست و ژنبوون دایدەماڵن.

خەبات بۆ ئازادی، یەکسانی و دادپەروەری، پرۆسەیەکی دوورودرێژ و ماوەبەرە کە پەیوەستە بە خەباتێکی گشتیتر بۆ دەربازبوون لە دۆخی بندەست و جۆرەکانی ستەم. ژنی کورد ئەزموونێکی نوێی مافخوازی و بەرەنگاربوونەوەی لەگەڵ چەند جۆر ستەم تاقی کردەوە؛ ستەمی چینایەتی، ستەمی نەتەوایەتی و ستەمی ڕەگەزایەتی. ئەگەرچی حزووری شۆڕشگێڕانەی ئافرەتان لە دوو باڵی خەباتی شار و شاخدا بەرچاو و مانادار بووە، بەڵام جۆری پەیوەندیی ئەم تێکەڵبوونە لە چوارچێوەی شۆڕشی فێمێنیستیدا نەبووە و بنەما تیۆرییەکانی ئەم ئایدیۆلۆژییە کۆمەڵایەتی و سیاسییە نەپارێزراوە و شێوەی گرێدرانەوەی بە خەباتی نەتەوایەتیی کوردەوە لاواز بووە.

دارشتنەوەی ناسنامەی ژن لە کوردستان و هەوڵ بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان یەکەم هەنگاوە. بیری ئەم دارشتنەوەیە بەر لە هەرلایەنێک، بەرپرسیارێتی لای هێزە سیاسییەکانی کوردستان گەڵاڵە دەکات کە دروشمی بەختەوەریی کۆمەڵگایان هەڵگرتووە. بیرمەندانی کورد پێویستە لەسەر چەمک و جومگەبەندیکردنی فێمێنیزمی کوردستانی بیر بکەنەوە. دیارە تەنیا، یان سەرەکیترین سنوور بۆ فێمێنیستی کوردستانی، سنووری زەینی- کۆمەڵایەتی- کەلتووریی کوردستانە. لەم ڕێڕەوە فکرییەدا، فێمێنیزم لە ئێستا و داهاتووی سیاسیی کوردستاندا ڕەهەندێکی بەرچاوە و و ئاسۆیەکی ڕوونتری بۆ گەشە و نزیکبوونەوە لە ئامانجەکانی بۆ وێنا دەکرێت.

# “ سەکۆ ”

# ناسیۆنالیسم و فێمێنیسم
# ناکۆکییەکان و ڕێگاچارەکان

گولاڵە کەمانگەر

”

سەکۆ لە وتارگەلێک پێک دێ کە پێگەی وتاری سەرنووسەر یاکوو دەستەی نووسەرانی هەیە، بەم جیاوازییەوە کە لە هەر ژمارەیەکدا کەسانی شارەزا لە دەرەوەی بازنەی بەڕێوەبەرانی گۆڤاری تیشک، نووسینەکەی دەگرنە ئەستۆ. ئامانج ئەوەیە کە جۆراوجۆریی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و بەرپرسانە سەبارەت بە گوتاری نەتەوەیی لە سەکۆدا ڕەنگ بداتەوە.

“

- گوڵاڵـە کەمانگەر لە دایک بوی ١٩٨١ لە کرماشان.
- بەچلر و ماسـتەری زمان و ئەدەبی فارسی لـە زانکـۆی عەللامەی تـاران، بـە تێزی نێوان ڕشـتەیی لە بارەی توتمیسـم و دینە سەرەتاییەکان لە شانامەدا.
- ماسـتەری ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و باکوری ئافریقا لە زانکۆی ئۆسلۆ بە تێزی لێکۆڵینەوە لە دۆخی ژنانی ئێزدی پاش داعش لە ئاڵمان و کوردستان.
- خاوەنـی پەرتووکێکە بە نـاوی قورئان لە نێوان ئوستوورە و جادوو (لێکۆڵینەوە لە بنەما ئەساتیرییەکانی چیرۆکەکانی قورئان و سروتە ئیسلامیەکان) و هەروەها کۆمەڵێک وتاری لە گۆڤارە جیاوازەکاندا بڵاو کردووەتەوە.

پەیوەندیی نێوان فێمێنیسم و ناسیۆنالیسم بە شێوەی نەریتی لە کوردستاندا پەیوەندییەکی پڕ لە ڕق و قینە. فێمێنیستەکان، ناسیۆنالیسم بە پیاوسالاری، نەریتی بوون و دواکەوتوویی تاوانبـار دەکـەن و ناسیۆنالیسـتەکانیش فێمێنیسـم بە دژبەری مافـی نەتەوەیی و سـتوونی پێنجەمی دوژمن بـوون تۆمەتبار دەکـەن. ئەم دژبەرییـە لـە وڵاتانێکدا کە بەرەیەکـی شـەڕیان بـە دژی داگیرکاری تێدایە و ناسیۆنالیسم بە ڕوانگەیەکی سیاسی قەتیس نەبووە و لـە فۆرمی بزووتنەوەیەکدا بۆ ڕزگاریـی وڵات تێدەکۆشـێ، زیاتر زەق و بەرچـاوە. بزووتنەوەی ناسیۆنالیسـتی لەو باوەڕەدایە کە یەک بەرەی شـەڕی سەرەکی هەیـە و کردنـەوەی بـەرەی هاوتەریب و جیـا، لە خۆیـدا لاواز کردنـی بزووتنەوەی ناسیۆنالیسـتییە. ناسیۆنالیسـتەکان یـەک دروشـمی سـەرەکییان هەیـە و دەڵێـن ئەولەوییەتی یەکەم، ڕزگاریی وڵاتە و هەموو بزووتنەوە و چاکسـازییەکان دەکەونە دوای قۆناغـی ڕزگاری. زۆر جاریـش قەولی ئەوە دەدەن کـە دوای ڕزگاری هەمـوو مافێکی ژنـان دەدەن و چیتر پێویسـت بە خەباتی ڕەگەزی نامێنێ. واتە ناسیۆنالیسـم زۆربەی جار ڕیشەی هەموو کێشە کۆمەڵایەتییەکانی گرووپە جیـاوازەکان و کەمینـەکان و ژنان و کرێکاران و هتد بۆ دەسـەڵاتی داگیرکەر دەگەڕێنێتەوە و بۆ وەدەسـتهێنانی زیاترین کۆدەنگیی کۆمەڵایەتی، وێنایەکی ئایدیال لە دوارۆژی وڵاتی ڕزگارکراو دەنەخشێنێ. بەڵام ئەزمون دەریخستوە کە زۆر جار ناسیۆنالیسم، دوای سـەرکەوتن قەول و قەرارەکانی لەبیر دەکات و بە جۆرێک خیانەت بە بزووتنەوەی فێمێنیستی دەکات و وردە وردە یاسا نەریتی و ئایینی و موحافزەکارانـەکان دەهێنێتەوە، وەک لە شۆڕشـی ڕزگاریی ئیرلەند و هیند و هێندێ وڵاتی دیکەدا بینراوە.

واتە بەشـێک لـەو نەبوونـی متمانە و دژبەرییـە دەگەڕێتـەوە بۆ هەڵسـوکەوتی ناتەندروستی ناسیۆنالیسم لەگەڵ فێمێنیسم و ڕوانگـەی ئامرازیی ئەوان بـۆ بزووتنەوەی فێمێنیسـتی. لـەولاوە ڕەوتی سـەرەکیی شـەپۆلی یەکەم و دووهەمی فێمێنیسم، بە هەمـوو ڕوانگەکانیەوە قائیل بـە خەباتێکی هاوبەشی جیهانی بۆ ژنان بوو (کە فێمێنیسمی کوردسـتانیش خـۆی بە بەشـێک لە وەها فێمێنیسمێک پێناسـە دەکات) و سوور بوو لە سەر ئەوەی کە دۆخێکی گشتگیر و زاتی بۆ کێشـەی ژن بوونی هەیە. ئـەم ڕوانگەیە لە فێمێنیسـمی ڕادیکاڵ و مارکسیسـتی و سوسیالیستیدا گەیشتبووە لووتکە و بە هۆی ئەوەی هەوێنی سـەرەکیی هەمـوو جووڵە سیاسـی و کۆمەڵایەتییەکانـی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سـەرەتای سەدەی بیستەوە بە جۆرێک بیری چەپ بوو، ڕوانگەی زاڵ بەسەر فێمێنیسـمی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستیش زۆرتر ڕوانگەی سوسیالیسـتی و کۆمۆنیستییە کە دوو دوژمنی سـەرەکی بۆ پرسی ژن قائیلن و پێیان وایە ئەو دوو دوژمنە پیاوسـالاری و سەرمایەدارین.

بۆیە دەتوانین بڵێین فێمێنیسمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە گشتی بەدەر لە پرسی ژنان پاڵنەرێکی سیاسیی دیکەی بۆ دژایەتی کردنی ناسیۆنالیسم هەبووە و هەیە و ئەویش لە وەفاداری بۆ ڕێبازی کۆمۆنیستییەوە دێت. ڕێبازێک کە دژایەتیی ناسیۆنالیزم بە مەرجی سەرەکیی ئەوەی پێی دەڵێ ڕزگاریی جیهانی دەزانێ.

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەگشتی و لە کوردستاندا بەتایبەتی، ناسیۆنالیسمی چەقبەستوی نەریتی و فێمێنیسمی چەپی کۆمۆنیستی، دوو جەمسەری تەواو پێک ناکۆکیان پێکهێناوە کە لێک تێگەیشتنیان ئەستەم دیارە و بێگومان بە بەردەوامیی ئەم دۆخە زیان هەم بە بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی دەگات و هەم بە بزووتنەوەی فێمێنیستی.

دژایەتیی فێمێنیسم یان پشتگوێ خستنی خەباتی فێمێنیستی لە لایەن ناسیۆنالیسمەوە دەبێتە هۆی لەدەستدانی بەشێکی گەورە لە ژنانی چالاک کە دەتوانن کاریگەریی زۆر و تەنانەت یەکلاکەرەوەیان لە پێشخستنی دۆخی نەتەوەییدا هەبێت. لە سۆنگەی شۆڕش و خەباتەوە ژن لە خەباتدا تەنیا نیوەی کۆمەڵگا نییە، واتە زیاتر لەوەی چەندێتی(کەمییەت)ی حزوری گرنگ بێت، چۆنێتی(کەیفییەت)ی حزووریە کە گرنگە. هەر ژنێکی کارامە و بە توانا لە شۆڕشدا دەتوانێ بە دەیان پیاوی هاوشانی خۆی بخاتە ژێر سێبەری حزووری سیمبۆلیکی خۆیەوە و ئەمە تایبەتمەندیی حزووری ژنە لە بواری سیاسی و نیزامی لە هەموو دنیادا. عەقڵی گشتیی دنیا لەو باوەڕەدایە کە نەتەوەیەک کە ژنانی سەرقاڵی سیاسەت و خەبات و شەڕن، نەتەوەیەکی بەهێز و جیددی و لە ئاکامدا سەرکەوتووە، بوونی ژن لە خەباتدا لە خۆیدا بوونێکی دوژمن شکێنە، بۆ تاکەکانی نەتەوە هیوا و وزەی زیاتر بەرهەم دێنێ و بۆ دوژمنیش ترسی زیاتر.

لەو لاشەوە پشت هەڵکردنی فێمێنیسم لە بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی و دژایەتی کردنی دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوەی فێمێنیستەکان لە دەسەڵاتی داهاتوو و بێ تواناییان لە کاریگەریدانان لە سەر یاسا. فێمێنیسم گەر کۆمەڵە ئامانجێکی ڕوونی بۆ پرسی ژن هەبێت و خەباتی خۆی بە خەباتێکی ئەبەدی و زاتی بە دژی ناسیۆنالیسم نەزانێ، دەبێ لە بیری ئەوەدا بێت کە بە زووترین کات بە ئامانجەکانی بگات و بۆ ئەوەش مەعقوول نییە خۆی بێبەش بکات لە دەسەڵات و دارشتنی یاسا و بەڕێوەبەریی وڵات و بڕیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی. دژایەتیی فێمێنیسم و ناسیۆنالیسم، زیانی پێش سەرکەوتنی، بە ناسیۆنالیسم دەگات و دەبێتە هۆی بێبەش بوونی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە هێزی ژن و زیانی پاش سەرکەوتنی، بە فێمێنیسم دەگات کە بێبەش بوون لە دەسەڵاتە.

بەڵام چۆن دەکرێ ئەم دوو بزووتنەوە دەمارگرژە بە سازانێکی شیاو بگەن و بتوانن هەم شۆڕشێکی نەتەوەییی سەرکەوتوو بەڕێوە ببەن هەم بە وڵاتێکی یەکسان و بە دوور لە هیرارشیی پیاوانە بگەن؟

بۆ گەیشتن بە وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێ سەرەتا لە پێناسە زاتی و قەتیس و تاک ڕەهەندییەکانی ناسیۆنالیسم و فێمێنیسم دەست هەڵگرین و بزانین کە هەرکام لەو دوو چەمکە دەتوانن فۆرم و جۆری جیاوازیان هەبێت.

## پێک گونجاندنی فێمێنیسم و ناسیۆنالیسم

### کام فێمێنیسم

وەک لە سەرەوە باس کرا نە فێمێنیسم و نە ناسیۆنالیسم هیچیان چەمکی تاکڕەهەند وخاوەنی یەک پێناسەی نەگۆڕ نین و وەکوو هەر بابەتێکی تری زانستی مرۆیی، زۆر فاکتۆر بۆ پێناسە کردنیان بوونی هەیە، بەردەوامیش

لە گۆڕاندان و بە مەبەستی چاکسازی و لادانی کەموکورییەکان، تیوری تازەیان بۆ پێشنیار دەکرێ.

پەیوەندیی نێوان فێمێنیسم و ناسیۆنالیسم، هەر ئەوەندەی کە لە لای فێمێنیستەکانی چەپ و لیبراڵی ئورووپایی ڕوون بوو و بە نەفیی ناسیۆنالیسم دەگەیشت، بە پێچەوانەوە لە لای فێمێنیستەکانی وڵاتانی کۆلۆنی، هەمیشە جێگای باس و مشتومڕ بووە. هەر ئەوکات کە ڕەوتی سەرەکیی فێمێنیسم، ناسیۆنالیسمی ڕەت دەکردەوە، ژنانی وڵاتانی بەکۆلۆنی کراو، دەیانبینی کە بزووتنەوەی ژنان لە ناو خەڵکی خۆیاندا نەک بە چالاکی بۆ مافی ژنان کە لەسەر دەستی بزووتنەوە نەتەوەییەکان دەستی پێ کردووە (نموونەی کێبێک و ئیرلەند و مەراکش و هیند و کۆریای باشور و هەروەها کوردستان، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن) سەرەتای حزووری کۆمەڵایەتیی ژنان لەو وڵاتانەدا، گرێدراوی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستییە.

هەوڵی تیۆریزە کردنی دۆخی جیاوازی ژنانی وڵاتانی بەکۆلۆنی کراو یان جیهانی سێهەم لەگەڵ ئیدەکانی سپیڤاک، بیرمەند و فەیلەسووفی پۆست کۆلۆنیالیستی هیندی دەستی پێ کرد و بە کارەکانی چاندرا مۆهانتی و ڕانجو سودوهر، بە شێوەی تۆکمەتر لە سەر فێمێنیسم چڕ بووەوە و دەروازەیەکی دیکە لە بەرانبەر فێمێنیسمی زاتگەرای سپی[١] (شەپۆلی دووهەمی فێمێنیسمی وڵاتانی پێشکەوتوو) کرایەوە.

فێمێنیسمی سپی پێی وایە هەموو ژنانی جیهان لە ستەمێکی هاوبەش کە باوکسالاریی جیهانییە ئازار دەبینن و خەباتی ئەوان خەباتێکی هاوبەشە بە دژی دوژمنێکی هاوبەش و لەو ڕێگایەوە کۆدەنگییەکیان وێنا کردووە بە نیسبەت ڕەت کردنەوەی ناسیۆنالیزم، وەکوو پێکهاتەیەکی بە وتەی ئەوان زاتەن باوکسالار. ژن لەم ڕوانگەیەوە ئەویتری دنیایەکە کە پیاو ئەکتەری سەرەکییەتی و هەموو بیاڤەکانی داگیر کردووە. دیارە ئەم ڕوانگەیە خۆی بەرهەمی خوێندنەوەی فێمێنیسم و ئایین بوو (لە لایەن کەسانی وەک ڕۆزماری ڕادفێرد) کە دوو هێڵی سەرەکیی لێ جیا بووەوە. یەکیان هەوڵی سەرلەنوێ پێناسە کردنی ژنی لە ناو دەقی ئایینیدا دا و ئەوی تریان بە گشتی ئایین و دەرکەوتەکانی ڕەت کردەوە و لە ڕەتکردنەوەی ئایینیش، بە حاشا کردن لە کۆی کەلتووری ئەمڕۆی مرۆڤ گەیشت کە بە کەلتوورێکی باوکسالار پێناسەی دەکرد. لەم ڕوانگەیەدا ژن پەراوێزخراوێکی هەمیشەییە کە لە هەرکوێ بێت، یەک دوژمنی هەیە و ئەویش باوکسالارییە (یان بە قەولی فێمێنیستی کورد و فارس پیاوسالاری و لەم ساڵانەی دواییشدا نێرسالاریە) کە باڵی بە سەر هەموو بیاڤەکانی ژیانی مرۆییدا کێشاوە. بۆیە ژنانی جیهان کە خاوەنی بایۆلۆجیی هاوبەشن، دەبێ بە دژی بیری یونیڤێرساڵی باوکسالارانە یەک بگرن و هەمیشە ئەو مەودای نێوان خۆ و ئەویتریان لە بیر بێت. ژنان بۆ پێکهێنانی خۆشکایەتیی جیهانی، دەبووایە هەر شتێک کە ئەوانی لێک جیا دەکردەوە وەکوو ڕەنگی پێست، زمان، نەتەوە، ئایین ،چینی ئابووری، دۆخی سیاسیی سەردەست و ژێردەست و ... هەمووی بخەنە پەراوێز و تەنیا ژن بوونیان بهێننە ناوەند.

لە وڵامی ئەم جۆرە پۆلێنبەندییەدا، مۆهانتی لای وایە کە بانگەشەی فێمێنیسمی سپی و جیهانی بۆ یەکسان زانینی هەموو ژنان و سڕینەوەی بەکگراوندی ئەوان و ناساندنی کێشەکان و داخوازییەکانی ژنی سپیی ئورووپایی وەکوو نموونەی هەموو ژنانی دنیا، جۆرێک لە تەقلیل گەرایی reductionism و خوێندنەوەیەکی سەقەت و یەکلایەنە و تەنانەت کلۆنیالیستییە کە بەسەر بزووتنەوەی ژنانی نەتەوە بە کلۆنی کراوەکاندا

دەسەپێ. ئەو پێی وایە ژنانی جیهانی سێهەم دەبێ بتوانن شـوێنی خۆیـان وەکوو ژن و چۆنیەتیی بەریەک کەوتنی شوناسی ژنانەیان لەگـەڵ دۆخی نەتەوەیی، ئایینی، چینایەتی، سیاسـی و ئابووریی وڵاتی خۆیان بە وردی ئانالیـز بکەن و خۆ لە ئەپـڵای کردنی هەر جۆرە نوسـخەیەکی لە پێـش ئامادەکراوی ژنانی دیکە بپۆرن.

فێمێنیسمی پۆستکلۆنیالیستی یا جیهان سێهەمی زۆر جار تاوانبار دەکرێ بەوەی کە دەستەبەرکردنی یەکسانیی وەکوو ئەولەویەتی خۆی دیاری نەکردووە و هەنگاوی جیددیشی بـۆ هەڵناگـرێ. بـۆ نموونە فێمێنیسـمی ئانگلۆساکسـۆن و ئانگلۆکانادایی، هەمیشـە فێمێنیسـمی ئیرلەنـدی و کێبێکیـان بە دواکەوتوو و لاواز ناوبردووە و کاتۆلیک بوون و ناسیۆنالیسـت بوونیان وەکوو دوو مۆرکی دژە فێمێنیست لە ناوچاویان داوە. نوێنەرانی ئەو ڕەوتەش لە وڵامدا دەڵێن ئەوان هەوڵ بۆ بردنەوەی سەرەوەی ستانداردی ژیانی ژنان و هەروەها کۆی کۆمەڵگاکەیان دەدەن. هەر بەو پێیەش لەگەڵ بزووتنەوەکانی دیکەی ناوچە و وڵاتی خۆیان وەکوو بزووتنەوە ناسیۆنالیستی یان مافی مرۆڤ و دیموکراسـیخوازی و هتد لە هاوکاریدان.

بەدەر لە گەنگەشەکانی نێوان فێمێنیسمی سـپی (هەمان فێمێنیسـمی سـیکۆلار) و فێمێنیسمی وڵاتانی کۆلۆنی و جیهانی سێهەم و ڕادەی ڕاست بوونی ئیدعاکانی هەرکامیان ئەو شتەی خوێندنەوەی پۆست کۆلۆنیالیستی دەیهێنێتـە ناوەند، خـودی پەیوەندییەکەیە کـە تابعێکە لە بەسـتێنی بڵاوتـری بیری کۆلۆنیالیستی و پەیوەندیی نێوان سەردەست و ژێردەسـت، کە لەودا سەردەست هەمیشە بە پێوەر و پێوانە دادەنرێ و ژێردەست دەبێ خۆی بە پێوانەی ئەو بپێوێ.

فێمێنیسـمی جیهانی سـێهەم وەکوو ڕێچکەیەکـی فکـری گەر بۆ هەمـوو ژنانی جیهانی سـێهەم گرنگ بێـت، بۆ ژنی کورد گرنگیی چەند قاتی هەیە، چون لە کوردستان هـەم بەریەککەوتنـی نێوان فێمێنیسـم و ناسیۆنالیسم زۆر زەقە و هەمیش زۆر ڕەوتی فێمێنیسـتی بوونیان هەیە (لە فێمێنیسمی ئێرانی و تورکی هەتا ئیسـلامی و سیکۆلار) کـە پەیوەندییـان لەگـەڵ فێمێنیسـمی کوردسـتان هەمـان پەیوەندیـی کۆلۆنی و بـە کۆلۆنیکراوە. بـە پاڵدانەوە بـە ڕوانگەی فێمێنیسـمی دەرەوەی ڕەوتـی سـەرەکی out of main stream بـەو ئاکامـە دەگەین کە گرنگترین کار و گەورەترین پێویسـتیی فێمێنیسـمی کوردسـتان، ئەمـڕۆ ئانالیزی دۆخی تایبەتی ژنی کوردسـتانییە واتە ژنی کورد لە کۆنتێکسـتی سیاسـی و ئابووری و کەلتووریی کوردستاندا.

## کام ناسیۆنالیسم

ئەگەرچی وەک پێشتر باس کرا ناسیۆنالیسم بەسـتێن و یارمەتیـدەری لـە دایک بوونی بزووتنـەوەی ژنـان لـە وڵاتـانی کۆلۆنی و جیهانی سـێهەمدایە، بەڵام لە هەمان کاتدا، بزووتنـەوەی نەتەوەیی، هەم لە فێمێنیسـم کەڵکی دڵخوازی وەرگرتووە و هەمیش هەوڵی داوە بیخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. بۆیە ناتوانین بڵێین پێک ناکۆک بوونی نێوان فێمێنیسم و ناسیۆنالیسم، تەواو دەگەڕێتەوە بۆ فێمێنیسم؛ بەڵکوو کێشـە و مەترسـییە زۆرەکانی وەها ناسیۆنالیسـمێک هەم بەرانبەر بە فێمێنیسم و هەم بەرانبەر بە ژیانی کۆی کۆمەڵگا دەبێ دیاری بکرێت.

ناسیۆنالیسمیش وەکوو فێمێنیسم خاوەنی چەندین جۆر و پێناسـەی جیاوازە، دژبەرانی ناسیۆنالیسـم (لەوانە فێمێنیسم) لایان وایە ناسیۆنالیسم هەمیشە سەرەتای شۆڤێنیسمە و بە بابەتێکی زاتەن ئەویتر ڕەتێن ودرندەی دەزانن کە باوکسـالاری لـە جەوهەریدایە. ئەم ڕوانگەیە دەتوانێ لەگەڵ ناسیۆنالیسـمی

باوکسالارانەدا patriarchal nationalism تەبا بێت، لەم شێوازەدا نەتەوە وەکوو بنەماڵە و هاوچەشنی بنەماڵەیەکی بایۆلۆجیکی سروشتی وێنا دەکرێ. هەمان ڕۆڵ کە بۆ ژن و مندال لە ناو بنەماڵەی نەریتیدا هەیە، گەورە دەکرێتەوە بۆ سەر هەموو نەتەوە. ئەم جۆرە لە ناسیۆنالیسم، پەیوەندیی نزیک و توندوتۆڵی لەگەڵ ناسیۆنالیسمی ئێتنیک تەوەردا ethnocentric nationalism هەیە کە نمونەی لە ناسیۆنالیسمی فارسی/ ئێرانی و تورکی و عەرەبیدا دەبینین و دیارە تێگەیشتنی کوردیش لە ناسیۆنالیسم، زۆر جار شتێکی هاوشێوەی ئەوانەیە؛ بۆیە زۆرجار سیاسییە کوردەکان خۆ دەبوێرن لەوەی کە پێیان بڵێن ناسیۆنالیست و زیاتر وشەی نەتەوەخواز بەکار دەهێنن و لایان وایە نەتەوەخوازیی ئەوان وەها ناسیۆنالیسمێک نییە یان نایهەوێ وەها بێت.

لە ڕاستیشدا ئەو بۆچوونە دروست و پێویستە، چون وەها ناسیۆنالیسمێک لە بێخەوە لەگەڵ دۆخی فرەرەنگی کوردستاندا نایەتەوە و دەتوانێ کێشەی زۆر بنێتەوە.

ئانتۆنی سمیت، دوای ناساندنی ناسیۆنالیسمی ئێتنیک تەوەر باسی ناسیۆنالیسمی فرە ناوەند polycentric nationalism دەکات و دەڵێ بە پێی ئەم پێناسەیە هەر نەتەوەیەک مافی هەیە بەشێک بێت لە بنەماڵەی نەتەوەکان کە پێکەوە بە شێوەی یەکسان کۆمەڵگای ئینترنەشنال پێک دێنن و ڕوونیشی دەکاتەوە کە زۆربەی بزووتنەوە ناسیۆنالیستییەکانی نەتەوە بەکلۆنیکراوەکان لە جۆری دووهەمن.

بۆ فام کردن و دابەزاندنی ناسیۆنالیزمی چەند ناوەند، پێویستە وێنای خۆمان لە ناسیۆنالیزمی قەوم تەوەر کە بە شتێکی زاتی و نەگۆڕ ناسراوە بگۆڕین. نەتەوە لەم پێناسەیەدا بریتییە لە کۆمەڵگایەکی گەورە کە ئەندامەکانی بە هۆی کەلتووری گشتیی هاوبەش، خۆیان لە نەتەوەکانی دیکە جیادەکەنەوە، لەم پێناسەیەدا هیچ جێگایەک بۆ توخمی نەگۆڕ و زاتی و لە پێش دیاریکراو بوونی نییە، بەڵکوو بەستراویی کەلتووری هاوبەشە کە بەردەوام لەگەڵ سنوورەکانی نەتەوە لە گۆڕاندایە. وەها ڕوانینێک بەرانبەر بە نەتەوە، چاوی لە داهاتووە نەک ڕابردوو و بەردەوام ئامادەییی ئەوەی تێدایە خۆی لەگەڵ ئایدیا و خەڵکانی تازە بەرۆژ بکاتەوە و هەردەم کەلتووری خۆی کە گۆڕانی بەسەردا هاتووە بخولقێنێتەوە.

ئەو دوو پێرسپێکتیڤە جیاوازە لەسەر ڕابردوو و داهاتوو گرنگترین خاڵی لێک جیاکردنەوەی ناسیۆنالیسمی مەیلەو شۆڤێنیسم و ناسیۆنالیسمی تەندروستە. ناسیۆنالیسمی ئێتنیک تەوەر کە زۆر مێژووی کەونارا هەڵدەداتەوە و لە دووی شکۆیەکی ناروون و وەهمی لە ڕابردوودا دەگەڕێ، زاتگەرا و خاوەنی وێنەیەکی چەقبەستوو لە نەتەوەیە کە زۆربەی جار لە نەریت و دەرکەوتە نەریتییەکاندا خۆی نمایش دەکات (لە جلوبەرگ و هەڵسوکەوت و سیستەمی بنەماڵەیی و کۆمەڵایەتی) ئەم ناسیۆنالیسمە هاولفە لەگەڵ گەردەلوولی ڕەگەزپەرەستی، ڕەتاندن، داگیرکاری، یەکدەست کردن، جینۆساید و کوشتن و دەمارگرژی و ئەگەری زۆری هەیە تووشی ئەو دەرئەنجامانە بێت. بە پێچەوانەوە ناسیۆنالیسمی فرەناوەند کە ڕوو لە داهاتووە و باوەشی بۆ جیاوازی کراوەیە، کەلتوور بە شتێکی لەحاڵی گۆڕاندا دەزانێ و ئاگایە بە دیالۆگ و بەریەککەوتنی بەردەوامی کەلتوورەکان و ئەو تێکەڵبوونانە بە فەوتان و لە ناوچوون نازانێ، بەڵکوو هەر شتێکی تازە بە زووترین کات دەکاتە بەشێک لە کەلتووری خودی و سنووری خودی و ناخودی نەک بە چەقبەستوویی، بەڵکوو بە چەوازی و توانایی خۆیی کردن دەپارێزێ، ئەم ناسیۆنالیسمە هاولفی بەرامە و نەسیمی

خۆسەری، کەرامەتی کۆیی، حاکمییەتی خودی و سەربەخۆییە و خاوەن ناسنامە و کەسایەتی بوونە و ئاسۆی وڵاتێکی کراوە و ئامادەی پێشکەوتن وێنا دەکات.

ئەگەرچی ئەم دوو ڕواڵەتە زۆر جار پتانسییەل و ئیمکانی تێکەڵاو بوونیان هەیە بەڵام گرنگە کە سنوورێک لە نێوانیاندا لە بەرچاو بگرین. ئەو سنوورە لە پرسی نێوخۆییدا زۆر باش دەتوانێ دیاری بکرێ.

ناسیۆنالیزم دوو ئامانجی هەیە: یەک ئامانجی دەرەکی کە بریتییە لە پاراستنی سەربەخۆیی وڵات و هەروەها حورمەت و حزوری بەرانبەر و یەکسانی لە فەزای نێونەتەوەییدا. دووهەم ئامانجی ناوخۆییە کە پێکهێنانی فەزایەکی یەکسان بۆ هەموو تاک و گرووپەکانە کە بتوانن لە ئاسایشدا لە مافە یەکسانەکانیان بەهرەمەند بن. واتە لەم ڕوانگەیەدا، عەداڵەتی کۆمەڵایەتییش وەک بەشێک لە ئەرکی ناسیۆنالیزم دێتە ئەژمار، چون پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە دۆخی دەرەکیی وڵاتەوە هەیە. ئەو ڕەهەندە ناوخۆییە گەر لە بەرچاو نەگیردرێ کێشەی ئاسایشی نەتەوەیی و ناکۆکیی ناوەکی دەنێتەوە کە لەسەر پێگەی جیهانیی وڵاتیش کاریگەری دادەنێ و لەرزۆکی دەکات و تەنانەت لەوانەیە تووشی هەڵوەشانەوەی بکات. لەم سۆنگەیەوە ناسیۆنالیزمی فرەناوەند ئیمکانی ئەوەی تێدایە کە ئاوڕ لە جیاوازییەکانی ناو پێکهاتەی نەتەوە بداتەوە و دەنگی هەموو گرووپەکان (لەوانە فێمێنیستەکان) ببیستێت و لە دەسەڵاتدا بەشداریان بکات.

لێرەوە پێناسەی زاتگەرایانە بۆ ناسیۆنالیزم کە وەکوو ئایدیایەکی ئیقتدارخواز و تۆتالیتێر ناسراوە دەتوانێ ڕەت بکرێتەوە و ناسیۆنالیزم و ئەم چەمکە ببێت بە خاوەنی پێناسەیەک کە بنبەستە هەنووکەیییەکانی فامی تیوریی ناسیۆنالیزم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، تا ڕادەیەکی زۆر بکاتەوە و ئاسۆی ڕوونتر بۆ ناسیۆنالیزم و نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بنەخشێنێ.

دەبێ بزانین چاوەڕوانییەکانی پێشوو لە نەتەوە وەکوو یەکەیەکی یەکدەست و هەوڵدان بۆ یەکدەست کردن نە لە ڕاستیدا ئیمکانی هەیە و نە کاریگەرە، هەر وەک هەوڵەکانی سەد ساڵی ڕابردوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نیشانی داوە هەوڵی زاڵ کردنی یەک پێناسەی ڕوون و هاوبەش لە سەرەوە و داسەپاندنی بە سەر تاک و گرووپەکانی کۆمەڵگادا بێ ئاکامە. نەتەوە بریتیە لە پێکهاتەی جۆراوجۆری گرووپی، عەشیرەیی، ناوچەیی، زمانی، ڕەگەزی و چینایەتیی جیاواز کە کۆدەنگی لە سەر کەلتوورێکی تایبەت کۆیان دەکاتەوە و تا کاتێک هەست بە سەپاندن نەکەن هانیان دەدات بۆ پاراستنی کیانی نەتەوەییی هاوبەشیان تێبکۆشن.

فێمێنیسم وەکوو نوێنەری بەشێکی پەراوێز خراوی کۆمەڵگا لە وڵاتانی ژێر دەست و داگیرکراودا، دەبێ بتوانێ لە جیاتی دژایەتیی ناسیۆنالیزم، بچێتە ناو دیالۆگی هۆشیارانە لەگەڵی و کاریگەری لە سەر دیسکۆرسی نەتەوەیی دابنێ و بەرەو پاراستنی بەرژەوەندیی ژنان پاڵی پێوە بنێت. چالاکانە بەشداری پاراستنی کەرامەتی نەتەوەیی بێت و لە هەمان کاتدا ئاگاداری کۆنترۆڵکردنی ناسیۆنالیزمی باوکسالار و زاتگەرا بێت و هەوڵی بنەمایی بۆ گۆڕانی بدات. بەرەڵا کردنی پرسی داهاتوی نەتەوە و گرنگی نەدان پێی و بە دواکەوتوو ناوزەد کردنی ناسیۆنالیزم، نەک تەنیا پرۆسەی ڕزگاریی نەتەوەیی وە دوا دەخات، (بە هۆی لەدەستدانی ژنانی چالاک کە بەشێکی گرنگ لە هێزی مرۆیی و کارای کۆمەڵگان)، بەڵکوو خودی فێمێنیسم و داهاتوی فێمێنیسمیش تووشی قەیران دەکات و خاوەنداریەتی و بەڕێوەبەری و دەسەڵاتداریی داهاتوی وڵات، بە تەواوی دەخاتە دەستی ناسیۆنالیسم

و هیچ یارمەتییەک بە چارەسەریی کێشەکانی فێمێنیستان نادات. فێمێنیسم بە دژایەتیکردنی ناسیۆنالیسم، خۆی دەکات بە ئەویتری پێکهاتەی نەتەوەیی و وەها دژبەرییەک زیانی جیددی بە ئاسایشی نەتەوەیی و بەرژەوەندیی هەموان و لەوانە فێمێنیسم دەگەیێنێ.

## لە کۆتاییدا

زانستی مرۆیی زیاتر لە نیوسەدەیە کە خۆی لە ژێر پێناسە ڕەها و نەگۆڕنوێنەکان دەرهێناوە و مەزن گێڕانەوەی مۆدێرنیستی و پۆزیتیڤیستی، گەر بە چەکوشی ڕەخنە و ئانالیزی نوێ ورد و شی نەکرێتەوە قسەیەکی ئەوتۆی لە بەرهەمهێنانی زانستی ئەمڕۆی دنیادا نییە. ڕێچکەی نوێی زانستی مرۆیی بە تایبەت بۆ ئەو نەتەوە و گرووپانە کە لە مەزن گێڕانەوەی مۆدێرنیستیدا بە پەراوێز کەوتوو، وردەکەلتوور و تابعی سروشتی کەلتوورە بە ناو مەزنەکان ناودێر کرابوون، دەرفەتێکی باش و گرنگە بۆ چەمکاندن conceptualization ی دۆخی تایبەتی خۆیان و دەرهاتن لە ژێر هێژمۆنیی دەسەڵاتی فکری و فەرهەنگیی نەتەوە و گرووپە سەردەستەکان.

کورد بە هۆی ئەوەی بەشی گەورەی زانستی خۆی بە واستەی زمانی وڵاتە داگیرکەرەکانی وە دەست هێناوە، فامی لە چەمکە نوێیەکان هەمان ئەو شتەیە کە داگیرکەران لە ڕەوتی دارشتنی ستراتێژیی سیاسی و کەلتووریی خۆیاندا پەسەندیان کردووە، واتە ناسیۆنالیسمێک کە کورد بە شێوەی نەریتی دەیناسێ، هەمان ناسیۆنالیسم بە پێناسەی سەدەی نۆزدەیە کە وڵاتانی داگیرکەری کوردستان بە پێویست نازانن ئاڵتێرناتیڤی بۆ بخەنە بەردەست. ناسیۆنالیسمێک کە دەتوانێ سەرکوتی نەتەوە ژێردەستەکان پاساو بداتەوە. هەرووەها فێمێنیسمێک کە کورد دەیناسێ هەمان فێمێنیسمی سیکۆلار و بەڕواڵەت جیهانییە کە لە ڕێگای فێمێنیسمی ئێرانی و تورکی و عەرەبییەوە بە کوردستان گەیشتوە و هیچ گرنگییەک بە باسە نوێیەکانی فێمێنیسمی جیهان سێهەمی و فێمێنیسمی ناسیۆنالیستی نادات. ئەم جۆرە خۆ دیتن لە چاویلکەی دیاریکراوی ئەویتری داگیرکەرەوە، ناتوانێ ئاسۆیەکی ڕوون و نوێ بە ڕووی جیهانی فکریی کوردستاندا بکاتەوە و پێویستە کە توێژی بیرکەرەوەی کورد هەوڵ بۆ دارشتنی تیوریی نوێ بۆ مەفاهیمی ژیانی سیاسی و کەلتووریی مرۆڤی کورد بدات و بە هەمان شێوە پێویستە کە چالاکی سیاسی و چالاکی فێمێنیستی، بە ڕوانگەیەکی بەرینتر و سەرچاوەی ڕەسەنتر و بەرۆژتر، لە بیاڤی چالاکیی خۆیان بڕوانن. بەو شێوەیە دەتوانن هەم بە فامێکی دروستتر لە خۆیان بگەن و هەمیش بتوانن ڕێگاچارەیەک بۆ ناکۆکییە بەڕواڵەت بنەماییەکانیان بدۆزنەوە.

## پەراوێز

[١]. ڕەوتی سەرەکیی فێمێنیسم بە پێی ئەوەی لە بەرانبەر کام جۆری فێمێنیسمدا پێناسە بکرێ ناوی جیاوازی لێ دەنرێ، گەر لە بەرانبەر فێمێنیسمی ئایینیدا بێت، بە ناوی فێمێنیسمی سیکۆلار دەناسرێ، گەر لە بەرانبەر فێمێنیسمی ژنانی ڕەنگین پێست و غەیری ئورووپاییدا بێت، بە ناوی فێمێنیسمی سپی دەناسرێ، گەر لە بەرانبەر فێمێنیسمی ناسیونالیستیدا بێت، بە ناوی فێمێنیسمی سەروونەتەوەیی دەناسرێ؛ بەڵام هەموو ئەم ناوانە یەک بەرانبەری واقیعییان هەیە کە هەڵگری هەموو ئەم تایبەتمەندییانەیە. بۆیە بەکارهێنانی ناوی جیاواز بۆ ڕەوتی سەرەکی main stream فێمێنیسم لەم نووسینەدا هەڵگری مانای جیاواز نییە و بە پێی جێی بە کار هێنان، یەکێ لەو ناوگەلە هەڵبژێردراوە.

لەم نوسراوەیەدا پێداگری لە سەر وشەی باوکسالارییە لە جێی پیاوسالاری، وەرگێڕانی دەقاودەقی وشەی patriarchism باوکسالارییە و بە دروستییش تەعبیر لە کۆمەڵگایەک دەکات کە وەکوو بنەماڵە پێناسە دەکرێ و هێزی باوکانە و کۆی بەهاکانی بنەماڵەیەکی باوک تەوەر لە لووتکەی هیرارشیی کۆمەڵگادایە، پیاوسالاری بە ڕای نووسەر وەرگێڕانێکی هەڵەیە کە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی تێیدا لادراوە و تەنیا جیاوازیی ڕەگەزی تێیدا بەرجستەیە.

# ڕامانێک بۆ پرسی ژنی کورد
# لە نێوان کۆلۆنیالیزم و جنسدا

**شەهلا دەباغی**

شەهلا دەباغی (١٩٦٤) توێژەری بواری ئەدەبی و پرسەکانی جێندێری و ژنان، دانیشتووی ستۆکهۆڵمە. بواری سەرەکیی لێکۆڵینەوەکانی، شیعر و ڕۆمان بە ڕوانگەی جێندێرییە. تا ئێستا چەندین وتار و سێ کتێبی چاپ کراون.
ڕوانگە و بیرمەندانێک کە زیاترین کاریگەرییان لەسەر دنیای فکری و نووسینی شەهلا دەباغی هەبووە بریتین لە: ڕوانگەی ڕەخنەگرانەی جێندێری، تێۆرییەکانی دژە کۆلۆنیالیستی، بیرمەندانی مەکتەبی فرانکفۆرت و بیرمەندانێکی وەک نیچە، ئادۆرنۆ، فۆکۆ، ئارێنت، کریستێڤا.

*بەڵێ پشکووتن ژانی هەیە*
*ژانی هەیە ئەوەی گەشە دەکا!*
*Karin Boye 1900-1941*
*بیرمەندی سویدی*

بە رای فیلسووف، یاساناس و چالاکی مافەکانی شارۆمەندی و ژنانی ئەفرۆئەمێریکەن (Afro-Americans)[١] کیمبێرلێ ویلیامز کرێنشاو (Kimberlé Williams Crenshaw لەدایکبووی ١٩٥٩)، دۆخی ژنێکی ئەفرۆئەمێریکەن وەک ئەوەیە کە لەسەر چوارڕێیانێک ڕاوەستابێ و ماشینەکان لە چەند لاوە لێت دەن. بە ژنی ئەفرۆئەمێریکەن دەگوترێ ئەگەر کێشەت هەیە کێشەکەت یا نژادییە یا جنسیی. بەڵام ئەمە ڕاست نییە چونکە ژنی ئەفرۆئەمێریکەن هاوکات لە هەموو لایەکرا خەسارەت دەبینێ، کەچی هەرکام لە پێکهاتەکانی کۆمەڵگا بەرپرسایەتیی لە ژێرپێ نانی مافەکانی ژنی ئەفرۆئەمێریکەن لەخۆیان دادەرنن. حەقیقەت ئەوەیە کە پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی نابەرابەری، هەموو ویکرا ژنی ئەفرۆئەمێریکەن نەک هەر لە پەراوێز دەخەن، بەڵکوو هەڵاواردەی دەکەن و دەبنە هۆی ژێردەست مانەوەی. لەو چوارڕێیانەدا پێت دەگوترێ ئەگەر تۆ ئەفرۆئەمێریکەن بی و بەهۆی ژن بوونەوە زوڵمت لێ کرابێ، ئەوە وەک جنس زۆڵمت لێ کراوە و ئەگەر بە هۆی ڕەنگی پێستەوە زوڵمت لێ کرابێ، ستەمەکە ستەمی نژادییە. بەڵام بە رای کرێنشاو، هەمووی ئەم پێکهاتانە تێکدەهاڵێن و بەریەککەوتنی ژێردەستییەکان، ژنی ئەفرۆئەمێریکەن لە پۆزیشوون/پێگەیەکدا دادەنێن کە لە چەندین لاوە ژێردەستەیە و دەکەوێتە بەر ئازار و هەڵاواردن؛ بەهۆی جیاوازیی فیزیکیی/ جنسی ژن بوون، ڕەنگی پێست، چینایەتی، ئایدێنتیتی جیاوازیی سێکسوالیتی، کەمئەندامی و هتد. کرێنشاو باسێکی بێ وێنە دەکا و نموونە دەهێنێتەوە و دەڵێ ئێمە هەموو ناوی ئەو پیاوە ئەفرۆئەمێریکەنانەمان وەبیرە کە پۆلیس کوشتوونی و ماسمێدیا باسی کردوون، بەڵام ئەو ژنە ئەفرۆئەمێریکەنانە ناناسین کە ئەوانیش لە هەمان دەورەدا، بە زەبروزەنگی پۆلیس کوژراون. کرێنشاو، ئەم بەریەککەوتن و ویککەوتنی ژێردەستی و پێکهاتانە ناو دەنێ: تێک تەنراویی ڕووبەرکانی ژێردەستی Intersectionality.[٢]

بۆ کرێنشاو ئینتێرسێکشنالیتی






ڕوانگەیەکــی ڕەخنەگرانەیە. ئــەم ڕوانگەیە ڕیشــەی لــە بۆچــوون و تیۆرییەکانــی پۆستکۆلۆنیالی، تیۆریی ڕەخنەیی و ئەزموونی ڕۆژانــەی ئەفرۆئەمێریکەنەکاندایــە. خودی ڕوانگــەی ڕەخنەیی بە تیۆریــی چینایەتیی مارکس و قوتابخانەی فرانکفۆرت و کەســانی وەک ئادۆرنــۆ و مارکــوزە و دواتر کەســانی وەک هابێرمــاس دەناســرێتەوە. چەمکــی ئینتێرسێکشــنالیتی (بــە فارســی «درهــم تنیدگی»یان بۆ داناوە) نایەکســانیی نژادی[٣] و نایەکسانیی جنســییەتی دێنێتە بەرباس و پێی وایە بۆ وێنە ژنانی ئەفرۆئەمێریکەن تەنیا بــە هۆی جنس و فیزیکــی ژن بوونەوە نییە که ژێردەســتەن، بەڵکوو هۆکار و پێکهاتەی دیکەش بۆ ژێردەستەبوون کاریگەرییان هەیە. ئەگــەر ژنێکی ســپی بە هــۆی ژن بوونەوە ژێردەســتە بێ ئەوە ژنێکی ئەفرۆئەمێریکەن چەندین جــار ژێردەســتەیە. واتــە جیا لە ژن بوونــی، فاکتگەلی وەک ڕەنگی پێســت، شــوێن و ناوچەی ژیان، ئابیلیتی/ناتوانایی و کەمئەندامــی، چین و تەمــەن، کاریگەرییان لەســەر هەڵاواردەیی و ژێردەســتەییی ئەودا هەیە.

جووڵانــەوەی «فێمینیزمی ڕەش/ Black Feminism»[۴] لە سەر بناخەی ئەزموونەکانی ژنانــی ئەفرۆئەمێریکــەن دروســت بــوو و



ئێتنیسیته، ڕەنگی پێست، جنس، چین، دین، کەمئەندامیی (دواتر تەمەن، ستایلی جلوبەرگ، هتد هاتوونەتە ناو باسەکان) بۆ ژێردەستەیی ژنانی ئەفرۆئەمێریکەن لەبەرچاو گرت. فێمینیزمی ڕەش پێی وایە کە ناکرێ ئەزموونەکانی ژنێکی ئەفرۆئەمێریکەن تەنیا بە ڕەشیی پێست (سپی نەبوون) شی کرێنەوە، بەڵکوو دۆخی ژنی ئەفرۆئەمێریکەن دەبێ بە ڕوانگەی تێکهاڵان و یەکبڕی و بەریەککەوتنی پێکهاتە و ڕووبەرەکان (Intersektionellt perspektiv) تاووتوێ بکرێ. ئەمە بوو بە بیر و هزر و میتۆدۆلۆگییەکی نوێ و هاوچەرخ بۆ نیشاندانی دەسەڵات و هێژموونی پێکهاتە و هیرارکییەکان و باس لەسەر کێشەکانی ڕاسیستی و تێگەیشتن لە دۆخی ژنانی ئەفرۆئەمێریکەن. ئەم جووڵانەوەیە بەتایبەت لە ئەمریکا لە دوای ١٩٦٠-ەکان وڵامێک بوو بە پەراوێزی و ژێردەستەیی ژنانی ئەفرۆئەمێریکەن و هەوڵ بۆ مافە شارمەندییەکانیان.

هەر لێرەدا دەبێ ئاماژە بە جیاوازییەکی فێمینیسمی ئەورووپایی و ئەمریکایی بکرێ. لای فێمینیستە ئەمریکاییەکان، بنەماکانی ژێردەستەیی و هەڵاواردەیی[٥] زیاتر بریتین لە ئێتنیسیتە، ڕەنگ، چین، ئابلیتی لە کاتێکدا لە وڵاتێکی وەک سوید فێمینیستەکان زۆر باسی هەڵاواردنی چینایەتی ناکەن؛ گەرچی خودی پەیوەندی و بنەمای چینایەتی، پێکهاتەیەک دروست دەکا کە مۆری خۆی لەسەر ژیان و گەشە یا گەشەنەکردنی تاک دەدا.

فێمینیزمی ڕەش پێی وایە ژێردەستەیی ژنانی ئەفرۆئەمێریکەن و ژنانی سپی، لە بنەڕەترا لێک جیاوازە و ڕەخنە لە فێمینیزمی سپی دەگرێ کە بەرییە لە ڕوانگەیەکی بەرفراوان و ئینتێرسێکشناڵ. لەناو بیرمەندەکانی ئەم جووڵانەوەیەدا دەکرێ ئاماژە بە زۆر ناو بکرێن کە گرینگترینیان ئانجێلا دێیویسە.

ئانجێلا دێیویس، زیاتر بە ڕوانگەیەکی چەپ دەڕوانێتە پرس و کێشەکانی ژنانی ئەفرۆئەمێریکەن. دێیویس پێی وایە کە ئەو، بەو مانایەی کە فێمینیستە بورژواکان هەن، فێمینیست نییە. ئەو خۆی وەک ڕەشێکی شۆڕشگێڕ دەناسێنێ؛ «من ڕەشێکی شۆڕشگێڕم». دێیویس ڕەخنە لە ڕەوتی زاڵی بزووتنەوەی فێمینیستیی سپی دەگرێ. یەک لە ڕەخنەکان ئەوەیە کە ڕەوتی زاڵ و سپی دەیهەوێ وەک کاتێگۆری باس لە ژن بکا کە لەسەر بنەمای خواستی ژنانی سپی پێکدێ. ئەوان بەهۆی سپی بوونیان پێگەیەکی باشتریان لەناو کۆمەڵگادا هەیە و کێشەی نژادیان نییە و تا ڕادەیەک دەستیان بە پلە بەرزەکان دەگا و بە کەمێک خۆماندووکردن دەتوانن بگەنە دەسەڵاتە جیاوازەکان. بەڵام ئەو ڕەوتە زاڵەی فێمینیزم کە ژنانی سپی نوێنەرایەتیی دەکەن، دەیهەوێ ستانداردەکانی بزوتنەوەکەش دیاری بکا. بە ڕای ئانجێلا، بزوتنەوەی بورژوا فێمینیست، ناتوانێ لە دەرد و کێشەی ژنانی خوارەوەی کۆمەڵگا، ژنانی ئەفرۆئەمێریکەن و هەژار کە کۆمەڵێک کێشەی سیاسی، نژادی و ئابوورییان هەیە بگا، هەر بۆیە ژن وەک کاتێگۆری باس و پێناسە دەکا. دێیویس بە ڕوانگەیەکی جیاواز لە ڕەوتی زاڵ، باس لە هیوای شۆڕشگێرانە دەکا. هیوای شۆڕشگێرانە ئەو هیوایەیە کە پێی وایە لەخۆگرتن[٦] و فرەکولتووری[٧] بۆ چارەسەرکردنی پرسەکانی ژنان و پرسی نژادی کافی نین و تەنانەت لەبەرامبەریاندا ڕادەوەستێ و دەڵێ ئێمە وەک ژنانی شۆڕشگێر نامانهەوێ ئینکلووژنی کۆمەڵگایەکی ڕاسیستی بین و خودی ڕاسیزم و هەڵاواردنی نژادی ڕەد دەکەینەوە. لەخۆگرتن و فرەکولتووری خۆیان بەرهەمهێنەری کۆمەڵگای ڕاسیستین.[٨]

ڕەخنە لە چەندفەرهەنگی کە هەموو «ئەوانیتر» لەناو خۆیدا قووت دەدا تا هێژمۆنی و نفووزی خۆی بەردەوام پەرە پێ بدا، لە

لای بیرمەنــدی دیکــەش دەبینرێ. هومی بابا،[٩] پۆستکۆلۆنیالیستی هیندی-ئەمریکی و پرۆفێسۆری ئەدەبیات لە هاروارد و سەر بە مەکتەبی تیۆریــی ڕەخنەیی باس لەوە دەکا چۆن کۆلۆنیالیســت لە ڕێــگای کولتوورەوە دەچێتــە بن و بناوانی نەتــەوەی داگیرکراو. بابا پێی وایە کە «ژێردەست» دەبێتە جۆرێک لــە mimicry/ لاســاکەرەوەی باڵادەســت، جۆرێک لە سۆسیال ئایدێنتیتی.[١٠] ئەندامانی کۆمەڵگای داگیرکراو بۆ ئەوە بتوانن هێندێک بجوڵێنــەوە دەمامــک لــێ دەدەن و ئەدای داگیرکــەر دەردێنن و کولتــووری داگیرکەر لەخۆیان هەڵدەمــژن و لەبەری دەکەن بە بێ ئەوە ببنە هاوتا و هاوشانی داگیرکەر. ئەم ئەدادەرهێنانە زیاتر لە پەڵەیەکی پیس دەچێ تا ڕەســەن بوون. میمیکــی ئێمکانی جۆرە بوون و فەزایەک دەداتە داگیرکراو کە خودی داگیرکەر پێویســتی پێیە. «تۆ دەبیتە ســپی بەڵام نەک بە تەواوی.» هومی بابا ئەمە دێنێتە بەر باس کە داگیرکــەران، چەند فەرهەنگی و تێکەڵاویــی کولتــوورەکان لەبەرانبــەر «جیاوازیــی فەرهەنگــی»دا دادەنێن. بە ڕای بابا لە ڕاســتیدا داگیرکراو بــە جێی ئەوەی جیاوازییەکانی فەرهەنگی خۆی بەرجەســتە کاتــەوە و ئایدێنتیتیــی خۆی لــە بەرامبەر ئەویتردا دروست بکا، دەبێتە ئۆبژە. داگیرکراو بە جێی ئەوە کە کۆلۆنیالیزم وەک شــتێکی دوور چــاو لێ بکا بەناوی چەندفەرهەنگییەوە دەکەوێتــە داوی داگیرکــەر. داگیرکــەر بــەردەوام خۆی لە هەمــوو کەلێن و قوژبنی کولتــووری داگیرکراودا مــەڵاس دەدا. بەڵام بابا دەڵێ «جیــاوازی فەرهەنگی»، لە بەرانبەر «چەندفەرهەنگــی»دا ڕادەوەســتێ و هەردوو لایەن هاوتەراز دەبــن. جیاوازیی فەرهەنگی بەشــێکە لە دروســتکردنی هۆوییەتی خود، بــەڵام چەند فەرهەنگــی دەتکاتە کاتێگۆری و وەک ئۆبــژە هەڵدەســەنگێنێ. هــاوکات بێتەفاوەتــی/Ambivalence[١١] دەبێتە هۆی ئەوە کە کۆلۆنیالکراو وەک سکەیەکی دووڕوو هەڵگــری ناتەبایی بــێ و بێتەفاوەتی دەبێتە هۆی دابەشبوون و پرشوبڵاویی ئایدێنتیتی.

## جەوهەرگەرایی ستراتێژیکی

Spivak Gavatri Chiakravorty بیرمەنــدی هیندی-ئەمریکایی لــە کتێبە بەناوبانگەکەی خۆیــدا ئایا ژێردەســت دەتوانێ بــدوێ؟[١٢] باس لە ژنانی کاســتەکانی خوارەوە دەکا کە چۆن قوربانی هاوکاتی چەندین سیســتەم و پێکهاتەن؛ کۆلۆنیالیزم، پیاوســالای و داب و ئایینی کاستی خۆیان. سپیڤاک باس لە ژنانی بێوە دەکا کە دەبێ دوای مەرگی مێردەکانیان خۆیان بســووتێن و نەریتی «ســاتی» دێنێتە ژێر ڕەخنــە،[١٣] و ئاماژە بــەوە دەکا کە ئەم خۆســوتاندنە، زۆرجــار بــە شــێوەیەک لە لایەن خزم و کەســی پیاوەکانەوە بۆ دەست بەسەرداگرتنی ماڵ و مڵکی پیاوی کۆچکردوو بــووە کە بــە میرات بە ژن نــەگا و هاوکات باس لە یاســاکانی بریتانیایی بۆ لەناو بردنی ساتی دەکا کە لەراستای بەرژوەندیی ئابووریی داگیرکەرا دابووە. ســپیڤاک لــە کتێبەکەیدا ڕەخنە لە دێلووز و فۆکۆ دەگری و دەڵێ فۆکۆ پێی وایە ڕووناکبیر نابێ لە جیاتی بندەســت قسە بکا. ئەو هاوکات لەگەڵ ڕەخنە، باسێکی گرینگ لەژێر تیشــکی هــەژدەی برومیری مارکس لەمەڕ نوێنەرایەتی و نیشــاندانەوەی پرســی چینــەکان (represent, re-present) دەورووژێنێ.[١٤] ســپیڤاک پێی وایە بندەست خۆی ناتوانێ قســە بــکا، هەربۆیــە ئەرکی ئەخلاقیــی ڕووناکبیرانە کە باســی پرســی Subaltern/ بندەستانی بێ دەنگ[١٥] بکەن و داکۆکیکەری مافی ئەوان بن.[١٦]

ســتراتێژیی جەوهەرگەرایی/ Strategic Essintialism چەمکێکی تری ســپیڤاکە.[١٧] ســپیڤاک دەڵێ گرووپە ژێردەستەکان، ژنان، گرووپــە ئێتنیکییــەکان و کۆلۆنیالکراوەکان دەتوانن بۆ ماوەیەکی ســنووردار، ســەرەڕای

جیاوازییەکانیان لە دەوری خاڵ و ئامانجی هاوبەشدا کۆ ببنەوە و بۆ ئامانجەکەیان هەوڵ بدەن. سپیڤاک لە رووی فەلسەفییەوە دژبە جەوهەر و زاتە بەڵام پێی وایە کە ئەم ستراتێژییە کورتخایەنەی جووڵانەوەی ژێردەستەکان، دەتوانێ پابەندی، پێناسە و هاوهەستی پێک بێنێ.[۱۸] ساڵانی دواتر سپیڤاک لەوە نارەحەت دەبێ کە چەمکەکە بە هەڵە بۆ وێنە لە لایەن ناسیۆنالیستەکانەوە کەڵکی خراپی لێ وەرگیراوە و نارازی بوونی خۆی دەردەبرێ گەرچی خودی چەمکەکە هەر بەکەڵک دەزانێ.[۱۹]

## ئێپیستێمۆلۆگیی کوردایەتی
## Epistemology of the Kurdism

وشەی «کوردایەتی» زیاتر لە رێگای شیعر و ئەدەبیاتەوە وەبەر گوێ کەوتووە بەڵام وەک چەمکێک لە چوارچێوەی فەلسەفەی سیاسیی مۆدێرنی کوردیدا تازەیە و بە هەوڵ و نووسینی هێندێک ئاکادێمیست و نووسەر، خەریکە تیۆریزە دەکرێ و تا راوەیەک بۆتە لقێکی سەربەخۆ. زانستێک کە لەسەر ئەزموونی سەدان ساڵە بنیات نراوە. زانستێک کە پێمان دەڵێ هیچ رێگایەک جگە لە دەوڵەتێکی کوردی ناتوانێ مافە سروشتی و یاساییەکانی تاک و کۆی کورد دەستەبەر بکا.

یەکێک لە بیرمەندانی کورد، ئەییووب کەریمی مامۆستای زانکۆی سۆران، لە وتارێکدا چەمکی کوردایەتی (Kurdism) دێنێتە ئاراوە. مەبەستی کەریمی لە کوردیسم ئیدیۆلۆژییەکی تایبەتە. بە رای ئەو بیرمەندە، کوردایەتی هەتا سەدەی بیستەم ساکار و لە جۆری ناسیۆنالیسمێک بووە کە زیاتر بەرگریی کردووە تا هێرش. دوای شۆرشی ئۆکتۆبری رووسیە، بە تایبەت دوای شەری دووهەم، کوردیسم تێکەڵاوی ئیدەی سۆسیالیزم دەبێ کە خۆی لە بەرنامەی حیزبەکانی کوردستاندا نیشان دەدا. بە رای کەریمی کاریگەریی ئەرێنی یا نەرێنیی ئەم رەوتە لەسەر جووڵانەوەی کوردی زۆر جار دێتە بەر باس، بەڵام بە دڵنیاییەوە دەتوانین باس لەوە بکەین کە ئەگەر بیری سۆسیالیستی کاریگەریی لە سەر جووڵانەوەی کوردی دانەنابا، رەنگە کوردەکانیش وەک فارس و تورک و عەرەب کەوتبانە ژێر کاریگەریی ئیسلامی سیاسی و جووڵانەوەی کوردی، سێکۆلار نەبا.[۲۰]

بە رای کەریمی دوای تێکچوونی یەکێتیی سۆڤیەت و دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ئەورووپا، هێندێک ئیدیۆلۆژیی دیکە لەسەر جووڵانەوی کورد کاریگەریان بووە لەوانەش فێمینیسم و ژینگەپارێزی. گەرچی پێشتر مافەکانی ژنان لە سۆسیالیزمدا باسی کرابوو بەڵام بە رای ئەو «فێمینیسم جگە لە بەشداریی ژنان داوایەکی زۆر رادیکاڵتری هەبوو، ئەویش روانینێکی تەواو ژنانە بۆ هەموو بابەتەکان بەتایبەتی بۆ ناسیۆنالیسم بوو. کۆمەڵگەی کوردستان وەک کۆمەڵگەیەکی رۆژهەڵاتی نێوەراست بە دەست هەموو ئەو نەهامەتییانەوە دەناڵێنێ کە کۆمەڵگەکانی دیکەی ئەو ناوچەیە گیرۆدەیانن بەڵام لە کوردستان کێشەیەکی دیکەش هەیە ئەویش کێشەی نەتەوایەتییە کە باڵی کشاندووە بە سەر هەموو کێشەکانی دیکەدا. هەر بۆیە فێمینیسم لە کوردستان ناچار بوو خەباتی خۆی لە خەباتی نەتەوایەتی و هەتا رادەیەک لە خەباتی چینایەتی گرێ بدا.»[۲۱]

لە پێشەکیی وتارەکەی خۆیدا، پێکهاتەی ئیدیۆلۆژیی کوردایەتی، کەریمی دەچێتە سەر باسێکی گرینگی تیۆریک لە سەر «پەیوەندیی دال و مەدلوولەکان»، و رای لاکان دێنێتە بەر باس. لاکان پێی وایە: ١. دال لە مەدلوول گرینگترە، ٢. دال و مەدلوول تەنیا لە «پوان دۆ کاپیتۆ»[۲۲] دا یەک دەگرنەوە ئەویش بە شێوەی کاتی. بە رای لاکان ئەو شتەی دەبێتە هۆی سەقامگیر بوونی واتا، دالێکی دیکەیە: Master- signifier /

دالی گــەورە. دالی گــەورە دالێکە کە خۆی بــێ مەدلوولە و دەبێتە هــۆی یەکگرتنەوەی دالەکانی دیکەی نێو سیستەمی واتایی لەگەڵ مەدلوولەکانیان.[٢٣]

کەریمی لــە بەردەوامیی وتارەکەیدا باس لەوە دەکا کە ئێستا ئێمە ئیدیۆلۆژییەکمان بە ناوی کوردیســم هەیە کە لە چەندین توێژی جیاواز پێکهاتووە؛ ناســیۆنالیزم، سۆسیالیزم، فێمینیــزم و ژینگەپارێــزی. هــەر کام لەم دالانــە لە دەوری دالی مەزن کۆبوونەتەوە کە «نەتەوەی کورد»ە. ئەو دالانە لەژێر کاریگەریی دالی گەورەدا، لەگــەڵ مەدلوولەکانیان یەک دەگرنەوە و مانای خۆیان وەدەست دێنن.[٢٤]

بە ڕای کەریمــی بەپێچەوانەی ئەو وێنە سادەیەی کە لە ناسیۆنالیزمی کوردی نیشان دەدرێ، کوردیســم ئیدیۆلۆژییەکــی ئاڵۆز و پێچەڵپێچە کە لە چەندین ئیدیۆلۆژیی دیکە پێکهاتووە. لە کوردســتان هەموو حیزبەکان ســەرەڕای تایبەتمەندیــی خۆیــان، دەبــێ هەڵوێستی خۆیان ســەبارەت بەو جووڵانەوە نەتەوەییە ڕوون کەنەوە.[٢٥]

بیرمەندێکیتری کورد کەماڵ سولەیمانی، مامۆســتای زانکــۆی Clomex، ســەبارەت بە مەعریفــەی کوردایەتی لەســەر لاپەڕەی فەیسبووکی خۆی دەنووسێ «[...] کوردایەتی بووە بە ڕاســتیی مێژوویــی کە نە کورد و نە ئەوانی تر ناتوانن حاشای لێ بکەن. کوردایەتی وەکو هەموو ناسیۆنالیزمە بێ سەرووەرییەکان، دەبێ چــارەی بۆ بینرێتــەوە. کوردایەتی بە پێچەوانەی باوەڕی زاڵی بەشێک لە پارتەکانی باکوور، تەنیا مەسەلەیەکی سیاسی کە دەکرێ بۆ دانیشــتن لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی و بۆ وەدەســت هێنانی هێندێــک ئیمتیاز کەڵکی لێ وەربگیرێ، نییە. کوردایەتی مەسەلەیەکی مەعریفی، وجودی و بنەمایی پێناسە کردنی کۆمەڵــە مافێکــی یەکجار زۆری سیاســی، کولتوری، ئابــوری و مەســەلەی کەرامەتی بەکۆمەڵی کــوردە. بۆیە، نە ڕێژیمەکان بۆیان لــە ناو دەچێ و نــە هێندێــک تاقمی بەناو چەپ یان ئیســلامی بە باشــی لێی حاڵین. هیچ کوردێــک کە بزانێ کوردایەتییەکەی بۆ مەبەســتی تر (و جگە لــە کوردایەتی) بەکار دەهێنرێ، ئامادە نابێ لە ســەنەرا هەســتێ و بچێ لە عەفرین خۆی بەکوشت بدا. کوردێک ئەو کارە دەکا، کە پێی وایە عەفرین بەشێکە یان شارێکە لە شارەکانی وڵاتەکەی.

[...] کوردایەتی پــرۆژە نییە، بەڵام بەکار هێنانی کوردایەتی، پرۆژەی جۆراوجۆری پارتە کوردییەکانــە. بۆیە ڕۆژێــک دەتوانن داوای سەربەخۆیی بکەن و ڕۆژێکیش لە قازانجیاندا نەبوو باســی تورکیەلەشــمە (یان بە تورکیە کردن بکەن)، ڕۆژێکیش کە بە قازانجیان بوو، ناسنامەی نەتەوەیی کورد وەک ناسیونالیزمی دواکەوتوو ناوزەد بکەن.[...] ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگر ئەوەیە کە: کورد ناتوانی هەم داوای مــاف بکا وەکو کــورد، هەمیشــە بڵێ کورد بوون شکەســتی هێناوە و بەڵام دیســانیش ئێمە بــا بێین ئــەو هەســتە نەتەوەییە بۆ شتێکی نانەتەوەیی بەکار بێنین. ئێمە ئەگەر کوردایەتــی بــۆ کوردایەتی بــەکار نەهێنن، دەبێ بۆ فارسایەتی، عەرەبایەتی و تورکایەتی بەکاری بێنین. چۆنکە لە بەستێنێکی سیاسیدا کە کورد تێی کەوتوە، یان دەبێ پێ لە ســەر مافی کورد بوون دابگرێ یا ئەو مافانە ئینکار بکا. هــەر کەس مافی کوردان و کوردبوونیان ئینکار بکات، دەچێتە خانەی ناســیۆنالیزمی ئەویترەوە. [...]»[٢٦]

## پرسی ژنی کورد

هــاوکات لەگــەڵ پێکهاتەی پیاوســالاری، پارامێتــری وەک داگیرکراویی کوردســتان، باڵادەســتیی ئێتنیکەکانــی دیکــە، دۆخی ڕۆژهەڵاتــی ناوەراســت و هەژاریــی ژنانی چینەکانــی خــوارەوەی کۆمەڵــگا بۆ دۆخی نالەباری هەنووکەیی ژنانی کورد و بەتایبەت ژنانــی زەحمەتکێش، گەلێــک گرینگن. بە

قەبووڵ کردنی ئەم ئالۆزییە، ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە بە کام تیۆری(کان) دەتوانین پرسی ژنی کورد شی بکەینەوە؟

کاتێک پرسی ژنی کورد، هەروەک پرسی نەتەوەیی، دەکەوێتە بەر لێکۆڵینەوە، لە هەر یەکە/ unit یەکرا، (بنەماڵە، حیزب، سیاسەت، کۆمەڵگا) بێینە ناو باسەکان، دەبینن ژنی کورد لە تەواوی حەوزە گشتی و تاکەکەسییەکاندا، لەسەر چوارڕێیانێکە کە لە هەموو لارا ماشێنەکانی کولتووری پیاوسالاری، کێشە ئابووری ـ سیاسی ـ بنەماڵەییەکان وەبەری دەدەن. ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ڕوانگەی کرێنشاو کە پێداگریی لەسەر ئەوەیە کە پێکهاتەکانی ژێردەستی تێکدەهاڵێن و تێک هەڵدەنگوێن، دەگەینە پرسیارێک؛ لە وڵاتێک کە لە بنەڕەتڕا دیکتاتۆرییە و هێژمۆنی ئێتنیک و مەزهەبێکی تایبەتی بەسەرەوەیە و دیکتاتۆر مافی تەنانەت شارۆمەندیی هاوزمانی خۆی لەژێر پێ دەنێ و لەوێندەرێ مافە بنچینەییە ئینسانییەکان قەبووڵ نەکراون، ئایا باس لە چەمکی ئینتێرسێکشنالیتی لە جێی خۆیدایە؟ ئایا ژنانی کورد (بۆ وێنە لە ئێراندا) تەنیا وەک جنس ژێردەستەی پیاوان و داگیرکەرانن یا بە هۆی ئێتنیک و ئایینی جیاواز و ئەکتی سیاسی و چەکداریی دژە داگیرکەریش دەکەونە بەر زەبروزەنگ؟ لێرەدا بە ڕای من لە باسێکی تیۆریک لەسەر هۆیەکانی هەڵاواردنی ژنی کورد، (وەک بەشێک لە نەتەوەی بێ دەوڵەت) پارامیتریکی تر زیاد بکەین؛ «خەبات دژی داگیرکەر، بە تایبەت خەباتی چەکداری»، کە خۆی لە خۆیدا کورد و ژنی کورد دەکاتە ئۆبژەی زەبروزەنگ بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی سیاسیی[٢٧] داگیرکەر. لە بەستێنێکی وەها پڕ لە زەبروزەنگدا پرسی ژنی کورد چیی بەسەر دێ؟

کاتێک لە ئەزموونی ژنانەی نەسڵی خۆمڕا چاو لە چل ساڵی ڕابردوو دەکەم دەبینم هیچ کام لە ڕووبەر و پێکهاتەکان بارستای «خەبات کردن دژی داگیرکەران بە هەموو فۆرمەکانی» لەسەر کارەکتەر و ئایدێنتیتی ژنی کورد کاردانەوەیان نەبووە. ژنی کورد بە ئەرێنی و نەرێنی کەوتۆتە ناو بەستێنێک و خۆی لەگەڵ خەبات و بەرخۆدان زیاتر لە هەر شتێکی تر پێناسە دەکا. کاتێک کارەساتێک (بەردەوام لە کارەسات داین) ڕوودەدا، ژنی کورد بیر لەوە ناکاتەوە «چونکە ژنم» یا «چونکە کوردم» بەڵکوو بیر لەوە دەکاتەوە کە «چونکە کوردین و دەبێ بەردەوام خەبات بکەین و نەتەوەیەکی ژێردەستین» دەجوڵێتەوە. کاتێک هەزاران ژنی کورد ناچار بوون بەردەوام و لە هەر قوژبنێکی ئەم خاکە لەتێک لە جەستە و ڕۆحی خۆیان پێشکەشی خەبات بکەن، منداڵ بە بێ باوک گەورە کەن، لە ژیان و بەرخۆدانی خۆیان بەردەوام بن، دەرس بخوێنن، کار بکەن و هتد، هەموو ئایدێنتیتیی ژن لە ژێر کاریگەریی ئەم ڕەوتەدا شکڵ دەگرێ و هاوبەشی و هاوسۆزییەک لە نێوان ژنان دروست دەبێ کە کۆی ژن بوون و جیاوازییەکانیان دەخاتە ژێر سێبەری خۆی. هیچکام لە هۆکار و ڕووبەرەکانی دیکە بە قەد «خەبات دژی داگیرکەران» سیمای ژنی کوردی فۆرم نەداوە.

هاوکات بەرئەنجامی ئەم فۆرمگرتنە زۆر شێواو و تا ڕادەیەک بێ ئاکام ماوەتەوە. ژنی کورد هەتا ئێستا هەر ئۆبژەیەکی جنسیی بێ دەسەڵاتە. نادیارە. لە بازنە و کایەی پیاوانەدا تەنانەت ژنانی چالاکی بەشدار لە خەباتی شار و شاخ نەیانتوانیوە ببنە represent/ نوێنەری re-present ژنان و پرس و کێشەکانی ژنان نیشان بدەنەوە و بنوێنن. بەرخۆدانی پێ بە پێی ژنان لەگەڵ پیاوان تا ئێستا بێ بەروبۆ بووە و ڕەنگدانەوەیەکی وەهای بۆ کردنی ژن بە بکەر[٢٨] لە پراکتیکی سیاسیی کۆمەڵگا و حیزبەکاندا نەبووە. خۆ ئەگەریش ژمارەیەکی کەم لەناو دامۆدەزگاکاندا هەن، ئەوە زیاتر پەیڕەوی بڕیارەکانی حیزب و بازنەی

دەســـەڵاتی پیاوانەن، و بە پێی یاسا و نۆڕمی پیاوەکان کایە دەکەن.
ناسیۆنالیســـمی بێ دەوڵەتــی کوردی، تا ئێستا نەیتوانیوە پرسی نیوەی کۆمەڵی خۆی، جێندێر و ناسیۆنالیزم و چۆنێتیی پەیوەندیی نێوانیان پێناسە و تیۆریزە بکا و لێکیان گرێ بــدا. ناسیۆنالیســـمی کـــوردی وەک هەموو ناسیۆنالیسمەکانی دنیا، ڕوخسارێکی پیاوانەی بە نۆڕمی پیاوانە و Masculinity هەیە، ژن بە دایک و شـــەرەفی خۆی پێناسە دەکا، و باس لە جەستەی ژن تابۆ[۲۹] و بقەیە. بەڵام ژنانی وڵاتانی دیکە لەژێر ســـایەی سەروەری[۳۰] و حاکمییەتی دەوڵـــەت ـ نەتەوەییدا توانیویانە گەلێک گۆڕانکاری لەنـــاو کۆمەڵگای خۆیاندا بە ئـــاکام بگەیێنن. لە کاتێکـــدا ژنانی کورد بە کـــردەوە چوونەتە بەرەی ناســـیۆنالیزمی کوردی، واتە جۆرێک لـــە «جەوهەرگەراییی ستراتێژیکی خۆرســـکی کوردی»، بەڵام لەم خەباتە هاوبەشـــەدا تا ئێستا نەزم و کۆنترۆڵی پیاوانـــە ئیزنـــی بە ژنـــان نەداوە ژنـــان ببنە «بکەری هزرمەنـــدی چالاک». هەڵبەت ڕۆڵی خـــودی ژنان بۆ مانەوە لەم دۆخەدا گرینگ و سەرەکییە. کەس ماف نادا بە کەس. ژێردەست و نوێنەرەکانی دەبێ هەوڵ بدەن دۆخ بگۆڕن. کەچی ژنانی کورد ســـەرەڕای هاوبەشییان لە خەباتدا چاویان لەوە داپۆشـــیوە کە بێ مەرج و بـــێ پێگەن، و بەردەوام مافەکانیان بۆ کات و شـــوێنێکی دیکە تووڕ دراوە و ئێمە ژنان لە ئۆبژەیەک زیاتر نەبووین.
ئەگەر بخوازین باســـێک لە تیۆرییەکەی ســـپیڤاک بکەین، لۆژیکەن ئەم پرسیارە دێتە پێش کە کاتێک ســـپیڤاک (۱۹۸۰) باســـی لـــە جەوهەرگەراییی ســـتراتێژیک دەکرد و پێی وابـــوو کە گـــرووپ و ئێتنیکە کۆلۆنیال و مارگینـــال کراوەکان دەتوانن تا گەیشـــتن بـــە ڕزگاری لەدەوری چەنـــد خاڵی هاوبەش کـــۆ ببنەوە و جیاوازییەکان بەشـــێوەی کاتی وەلا بنێـــن، ئاخـــۆ چەندە بایەخـــی دەدا بە ئەزموونەکانـــی مێژووییـــی ژنان؟ بـــۆ وێنە لە شۆڕشـــی مەزنی فەرانســـەدا ژنان وێڕای پیـــاوان خەباتیـــان کرد بەڵام لـــە کردەوەدا تا ســـاڵی ۱۹۴۴ مافی دەنگدانیـــان نەبوو. یا دوای خەباتـــی هینـــد دژی بریتانیا، چەندە لـــە مافەکانی ژنان و بـــە تایبەت مافی ژنانی کاستەکانی خوارەوە دابین کرا و پیاوسالاری چەنـــد لە دەســـەڵات کەوت؟ بـــا هیچ دوور نەڕۆین هەر ئێســـتا  شاری بەمبایی لە هیند، یەک لە گەورەترین شارەکانی بەرهەمهێنەری زەبروزەنـــگ و پۆرنۆگرافییـــە. ڕەنگە هەربۆیە دواتر ســـپیڤاک لەم چەمکە دووریی کردبێ و دەڵێ کە پیاوان و ناسیۆنالیستەکان بەنارەوا چەمکەکەیان بـــەکار هێنـــاوە، گەرچی ئەم چەمکـــە بـــۆ گرووپەکانی مارگینـــاڵ کراو و هـــەڵاواردەی دەرەوەی دەســـەڵات گرینگیی تایبەتی هەیە.
ژنـــی کـــورد کە بەشـــێک لە خـــۆی لە خەباتی دژە داگیرکەران لەدەســـت داوە و لە باری ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە گوشـــارێکی بێســـنووری لەسەر شـــان بووە، لە کردەوەدا پەراوێزخراوی پیاو، هەڵاواردە، بێ دەسەڵات، بـــێ بیرمەند و بێ هـــزر، بـــەدەوری خۆیدا دەســـووڕێتەوە. جەوهەرگەراییی ستراتێژیک، گەرچـــی بە شـــێوەی کاتـــی بـــۆ ڕزگاریی نەتەوەیی بۆ وێنە بۆ هاوکاری لە نێوان حیزب و گرووپەکانی ناو نەتەوەدا شـــەرتە، بەڵام بۆ ژنـــان بە مانای دابینکردنـــی مافەکانیان نایە. خاڵی هاوبەشـــی نێـــوان ژنان و پیـــاوان لە خەبـــات دژی داگیرکاریـــدا زۆرن، بـــەڵام تا ئێســـتا «دالی گەورە»ی ئەم کوردایەتییە واتە «نەتەوە» هەر پیـــاو و نۆڕمەکانی ئەو بووە، و ئەم دالە هەمیشـــە بۆتە شـــەرعییەتدانێک بۆ ئەکتی پیاوانی بڕیاردەر. «نەتەوە» کە دەبووایە کۆی ژنان و پیاوان و ســـامانەکانی مێشک و فکـــری هەر دوو جنس بووبا، تەنیا پیاو لەخۆ دەگرێ و ژنی کورد هەرگیز وەک سامانێکی هـــزری نەتەوەیی کە دەتوانێ بڕیار لەســـەر

چارەنووسی نەتەوە بدا، نەدیتراوە و پشتگوێ خراوە. لە کاتێکدا بە لای نووسەری ئەم وتارە، کوردایەتی و دالــە گەورەکەی، دەبێ هزری هەر دوو جنس لەخـــۆ بگرێ، داوای ژنان بۆ گــۆڕان بە جیددی بێنێتــە ئەژمار و هێزیان وەگەڕخـــا. جەوهەرگەراییـــی ســـتراتێژیکی کـــوردان تا ڕزگاری لە لایـــەن ژنانەوە دەبێ مەرجـــدار کرێ. ژن و پیاوی کورد لە خەبات بۆ ڕزگارکردنی نیشـــتماندا هـــاوکارن، بەڵام تا ئێســـتاش پیاو بڕیاری لەســـەر دارشـــتنی سیاســـەت، تاکتیک و دانوســـتانەکان لەسەر مان و نەمانـــی نەتەوە داوە. ئەوەی لەســـەر کاغەزەکان و بەرنامەی حیزبەکان نووسراون، یەک لە ســـەدی بەکردەوە جێبەجێ نەبووە. کەوایە هەنووکە دەبێ لە هەموو بڕیار و یاســـا و ڕێسا و ئەساســـنامە و دامودەزگاکاندا ڕۆڵ و بەشـــی ژنان کۆنکرێت دیار بـــێ و ژن لە دیســـکۆرس و کرداری کۆی کۆمەڵگادا ببێتە نیوەی ڕاستەقینەی نەتەوە/ دالی گەورە.

بەڵام ئایا ڕزگاریی نەتەوە بەمانای ئازادیی ژنـــە؟ هـــەر وەک فۆکۆ کە باس لـــەوە دەکا جەستە سەنتەری ســـەپاندنی دەسەڵاتە،[٣١] ئازاد حاجی ئاقایی، لە لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ و بەپێزدا جەســـتە لە دنیای ئایینی و دنیای ســـێکۆلاردا دێنێتە بەر بـــاس و ئەوە دەخاتە ڕوو کە ســـێکۆلاریزم نەبوتە هـــۆی ڕزگاریی جەستەی ژن. دیارە کە سێکۆلاریزم توانیوێتی جیایی ئایین لە دەوڵەت و هەل بۆ هاوشانیی ژن و پیاو بڕەخسێنی بەڵام وەک دیسکۆرس هێشـــتا نەیتوانیـــوە مەودای پـــان و بەرینی نایەکسانی پڕکاتەوە. بە ڕای حاجی ئاقایی لە جیهانی سێکۆلاریشدا زۆر جار پیاوان هەر بە مەبەســـتی هێز و بالادەستیی خۆیان کاریان کردووە، و ئەوە ئەرکی ژن و نووسینی ژنانەیە کە کێشەی ژنان چارەسەر بکا.[٣٢]

بە ڕای من کاتێک باس لە ئازادیی جەستە دەکەیـــن دەبێ دوو خاڵ لەبـــەر چاو بگرین؛ ئازادیـــی ژن و ڕزگار بوون لـــە مێتافیزیکی سێکســـوالیتە، پەیوەندیی نەپچڕاویان هەیە و ڕزگار کردنی ژن لە زیندانی جەســـتە ئەرکی هەر دوو جنسی پیاو و ژنە. تا ژن ئۆبژەیەکی جنسیی پیاو بێ ناتوانێ ببێتە بیر و سوبژە. ژن دەبێ لە جەغز و بازنەی نۆرمەکانی پیاوانەی جنس ڕزگاری بێ تا ببێتە تاکی ئازاد/سوبژەی ئاگا. ســـوبژەیەک کە زانستی لە سەر خۆی و دنیای دەوروبەری هەیە و خاوەنی مەعریفەیە و بڕیار لەسەر جەستەی خۆی دەدا.

مناسبات قدرت هرگز مجال شکل‌گیری «کنش ارتباطی» را فراهم نمی‌آورد. کنش ارتباطی نیازمند آزادی نسبی کنشگران در بیان آرا و عقاید خود است. مردان با کلیشه‌های مختلف مجالی برای اندیشه‌ورزی به زنان نمی‌دهند. گزاره کلیشه‌ای «زنان توان استدلال منطقی و تصمیم‌گیری کلان را ندارند» در ناخودآگاه زنان چنان تعمیق شده که آن را همچون تقدیر و سرنوشت محتوم خود می‌پندارند. تحلیل دیالوگ‌های روزانه زنان نشان می‌دهد که آنها داوطلبانه این ایده قالبی و تصور کلیشه‌ای را پذیرفته‌اند و کمتر رغبتی برای درگیری در مسائل کلان نشان می‌دهند. زنان به این دلخوشند که مردانشان به آنها اجازه داده‌اند، دکوراسیون منزل، چیدمان وسایل داخل خانه و نوع کابیت آشپزخانه متناسب با سلایق آنها انجام شود. در حالیکه این نوع آزادی دقیقا فروکاهش نقش آنها به تنظیمات عینی درون خانه بوده و زمینه بیشتر برای دور کردن آنها از ساحت تصمیمات کلان و بزرگ فراخانواده و حوزه عمومی است. حتی در جهان متمدن، آزادیهای گسترده و ظاهری زن هرگز ماهیت یک نوع آزادی واقعی را نداشته و گسترده‌تر شدن کنترل بر ذهن و جسم زنان است.

در گفتمان مردسالاری بدن زنان محملی برای اعمال قدرت مردان است. در ادامه سعی خواهم کرد این اعمال

قدرت را از سه زاویه با کارگزاری زنان بررسی کنم. مردان در جامعه سنتی ما به طور مستمر برای تثبیت قدرت خود در مقابل زنان در درون نهاد خانواده یا میدان خانواده مرتکب خشونت خانگی می‌شوند. آنها در موقعیت‌های مختلف بدور از یک کنش ارتباطی انسان‌محور، با وارد آوردن لطمات و جراحات جسمی اعمال قدرت از بالا به پایین را تثبیت می‌کنند. مردان در این فرایند، نابرابری ذاتی و موقعیت برتر خود را در پیشبرد اهداف به زنان گوشزد می‌کنند.

بیشترین شکل خشونت به زنان، خشونت‌های پنهان(خشونت خانگی) است، زیرا بسیاری از زنان به دلایلی از جمله شرم و حیا و حفظ آبرو از ابراز آن خودداری می‌کنند. آنچه ضرورت توجه به این مسئله را جدی‌تر می‌کند آن است که اعمال خشونت علیه زنان علاوه بر تأثیرات مضر بر زندگی فرد، موجب پیامدهای منفی از جمله احساس ناامنی، اختلال در روابط اجتماعی و تأثیر مستقیم بر تربیت فرزندان می‌شود و نیز وجود این پدیدهٔ مضر به زنان جامعه، امکان بهره‌مندی شایسته از توان و استعداد آنان را محدود می‌کند. (نویدنیا،۱۳۹۷: ۱۳۳)

زنان در اغلب موارد با توجه به ناتوانی جسمی و حتی ذهنی در دفاع از خود از و این مهمتر سکوت در مقابل این وضعیت بحرانی، مردان را به تکرار آن در مواقع لزوم تشویق می‌کنند. جدای از محدودیت و خلاء سیستم قضا در دفاع از زنان، زنان نیز با سکوت خود، موقعیت را بهنجار جلوه می‌دهند. بر اساس گزارش روزنامه جهان صنعت(۱۳۹۹) ایران رتبه اول خشونت خانگی در دنیا را داراست. «پژوهشگران آسیب‌های اجتماعی ضمن بررسی میزان انواع خشونت خانگی در کشور، انواع خشونت‌های خانگی علیه زنان را خشونت جسمی، خشونت‌های روانی و کلامی، خشونت اقتصادی و خشونت جنسی برشمرده‌اند. مطابق با این آمار، ۴۶ درصد از مردم رفتار پرخاشگرانه و خشونت‌آمیز در خانواده‌ها دارند و می‌توان در خصوص رتبه‌بندی خشونت در کشور چنین اظهارنظر کرد که ۶۰ درصد خشونت‌ها از نوع کلامی و روانی و ۴۰ درصد نیز اذیت و آزار جسمی و اقتصادی بوده است.»

گفتمان مردسالاری تغییرات فرهنگی و روند اشاعه عناصر فرهنگ مدرن را برنتافته و با حمایت قوانین تبعیض‌آمیز جنسیتی حاکمیتی، زن را جزء اموال خود قلمداد کرده و بدین‌ترتیب موجودیت مستقل عینی- روانی وی را به رسمیت نمی‌شناسد و قتل‌های ناموسی و حذف فیزیکی در سکوت و خلاء نهادهای قضایی-امنیتی اوج بحران را در این زمینه نشان می‌دهد. نکته طنز ماجرا آن است جزء اندک مقاومت‌های بی‌سرانجام برخی از نهادهای حمایتی زنان، در اغلب موارد خود زنان هم، این گونه قتل‌ها را توجیه کرده و آن را جزو حقوق ذاتی مردان می‌دانند.

بارها در حواشی این رویدادها، شنیده می‌شود که خود زنان کنش زنان را با انواع برچسب خیانت نامگذاری کرده و عاملین را مستوجب شدیدترین مجازات می‌دانند. عامه زنان کورد هرگز به کندوکاو دقیق در این مسایل نپرداخته و هرگز از چگونگی وقوع و علل این پدیده مطلع نخواهند شد. حال آنکه بیشتر قتل‌های ناموسی حاصل ظن و توهم مردان بوده و در اغلب موارد هم، کنش تبعیض‌آمیز و عدم پایبندی

مردان عامل پدیدآیی کنش تقابلی زنان شده است. در هرحال قتل‌های ناموسی با همکاری و کارگزاری زنان همچنان در حال افزایش بوده و آمارهای رسمی هم مؤید این مدعا هستند. بر اساس گزارش روزنامه جهان صنعت(بیست وسوم آذر ۹۹) قتل‌های ناموسی در حال فراگیری در همه‌ی نقاط ایران است: «پیشتر پراکندگی آمار خشونت در استان‌های کردستان، آذربایجان، لرستان، ایلام، کرمانشاه و خوزستان بیشترین و در استان‌های اصفهان، کرمان، یزد و قم کمترین گزارش می‌شد اما اکنون خشونت‌ها در ایران سراسری شده و نمی‌توان حد و مرز مشخصی از نظر موقعیت جغرافیایی برای آن متصور بود.»

در زاویه دوم اعمال قدرت مردان بر بدن زنان و با کارگزاری زنان به لذت‌جویی و کام‌جویی یک‌جانبه مردان از بدن زنان و استراتژیهای کنترلی خواهیم پرداخت. گفتمان مردسالارانه به ویژه در مناطق کوردەواری لذت جنسی را منحصر به مردان کرده و در اکثر موارد هیچ عاملیتی برای زنان در این خصوصی‌ترین کنش قایل نیست. در گفتگوهای خصوصی زنان اغلب شنیده می‌شود که کسب رضایت مردانشان و کنش جنسی مکرر را به عنوان فخر قلمداد کرده و آن‌را به عنوان قابلیت‌های تولید رضایت مردان تلقی می‌کنند. حال آنکه همین زنان هرگز از لذت جنسی خود حرفی به میان نیاورده و چه بسا لطمات روحی و جسمی خود را نیز پنهان می‌کنند. با توجه به معیارهای کنش جنسی نرمال، بیشتر روابط جنسی را می‌توان مصداق بارز تجاوز تلقی کرد. بر اساس گزارش یک تحقیق در شهر سلیمانیه حکومت اقلیم کوردستان، اکثریت مطلق زنان حجم نمونه تحقیق اعلام کرده‌اند درک خاصی از لذت جنسی نداشته و رضایت جنسی مردانشان برای آنها اولویت دارد. به نظر می‌رسد در صورت عدم رضایت، مردان در تلاش برای ازدواج مجدد برآمده و بنای ناسازگاری خواهند گذاشت.

از گذشته دور و بنا به یک رسم برخاسته از سنت اسلامی، برای کنترل لذت جنسی زنان و پایبند نمودن آنان به تعهدات یک‌طرفه‌ی مردان، زنان را ختنه کرده و بزرگترین شکنجه را بر جسم و روان زنان وارد می‌کردند. گفتمان نرسالار مذهبی در ایجاد و تداوم این پرکتیس خشونت‌آمیز نقش داشته است. «این عمل نه تنها هیچ گونه توجیه پزشکی ندارد بلکه، بسته به نوع و شدت آن، به برخی عملکردهای اصلی بدن زنان صدمه میزند و همانطور که گفته شد در طول زندگی عواقبی وخیم برای سلامتی جسم و روان آنان بدنبال دارد، از جمله دردهای شدید، عفونت، آثار سوء در تولد فرزند، دشواری در دفع ادرار، دشواری در انجام عمل جنسی، کاهش چشمگیر لذت جنسی و آسیبهای روحی و روانی عدید. (Toubia, ۱۹۹۵ به نقل از احمدی، ۱۳۹۴: ۱۳)

نوع نگرش زنان و مردان به ختنه دختران جالب توجه است. نتایج پژوهش احمدی(۱۳۹۴) در این خصوص حاوی وقایع تکان‌دهنده است. بر اساس این پژوهش، داده‌های آماری «نشان می‌دهند که میزان حمایت زنان از ختنه دختران، در هرمزگان و جزایر قشم، هرمز و لارک به بالاترین میزان خود، ۴۴ درصد می‌رسد. در حالیکه همین رقم در نزد مردان ۳۳ درصداست. در

پاوه و جوانرود کرمانشاه حمایت ار ختنه دختران کمتر و میزان آن در میان زنان ۲۱ درصد ودر میان مردان کمتر از ۱۰ درصد اســت. نتایج حاکی از آن اســت که علیرغم ماهیت مردســالارانه جامعه، مردان کمتر از زنان نســبت به ختنه‌ی دختران دغدغه دارند. با وجود این، زنان تحت فشار نامریی مردسالاری قرار دارند و ناگزیر از تداوم بخشیدن به این سنت هستند.» (احمدی،۱۳۹۴: ۵۲)

در ایستگاه سوم به بحث فرزندآوری زنان می‌پردازیم. در گفتمان مردسالاری سنتی فرزندزایی زنان امری بسیار مهم تلقی شــده و اغلب باعث خوشبختی یا بدنامی و بدبختی زنان می‌شــود. تفاوت ذاتی جنسیتی باعث اهمیت چندبرابری امر فرزندزایی می‌شود. همانطور که قبلا هم گفته شد زنان در چارچوب گفتمان مردسالاری ســوژگانی منفعل بوده که دارای کمترین قــدرت واکنش و مقابله به مثل هســتند. هرچند فوکو بر نقاط گســترده مقاومت تأکید می‌کند و آن را اصل مهم نگهدارنده فرایند سلطه می‌داند با این حــال داده‌های میدانی حکایت از وضعیت بســیار بغرنج و انفعال کشنده زنان دارد. جهان اجتماعی زنان و جهان زیســتی آنان به اســتعمار گفتمان‌های غالب و مسلط درآمده است. در این جهان مستعمره، زنان باید پسرانی رشید جهت تداوم هژمون و اقتدار ســلطانی مردان به دنیا آورنــد و بابت این خوش‌خدمتی احســاس غرور کنند. هرچنــد تاریخ از زنده به گور کــردن دختران در مقاطع مختلف همچون کنشــی عینی و خشن در مقابله با زنان گزارش می‌دهد، با این حال نگارنده معتقد اســت در ساحت به ظاهر کژ مدرن شــده همین فرایند در شکل‌های دیگری در حال حیات است.

گفتمان مردسالاری برای تداوم خود به کارگزارن همجنس نیازمند اســت. بر همین اســاس زنانی که فرزندان پسر به دنیا می‌آورند واجد نوعی ارزش و حرمت ذاتی هســتند. این گروه زنان در قالب و چارچوب گفتمانی مردســالار، از مزایای این عمل خود برخوردار شده و در کنش روزمره و در مواجهــه با زنانی که فرزند پســر ندارند مدعی موقعیــت بالاتری هستند. در چارچوب این گفتمان، زنان علاقه وافری به زاییدن فرزند پسر دارند و در غیر اینصورت احســاس حقارت و واپس‌زدگی می‌کنند.

گفتمان مردسالاری فرزندآوری پسر را با دال شــناور «تداوم نســل» توجیه می‌کند، با این حساب مردانی که فرزند پسر ندارند مقطوع‌النسل تلقی می‌شوند. زنانی که فرزند پســر دارند، فرزندآوری پســرانه را عامل تثبیت جایگاه خود در فرایند ازدواج و نزد شوهر و وابستگانش می‌دانند. آنها در محاورات روزانه خود از عبارت» پیش خانواده شوهر و بستگانش پشتم گرمه» اســتفاده کرده و از جذب حمایت و عشــق مردانشــان به واسطه داشــتن فرزند پســر گزارش می‌دهند. پرونده‌های زیادی در دادگاه‌های خانواده ایران در خصوص درخواست طلاق مردان به دلیل دخترزایی زنانشــان وجود دارد. توســل به زایش همجنس مردانشــان، برای زنان به عاملی برای کسب حمایت و تثبیت موقعیت بدل شده است. گفتمان پزشکی مردســالار هم بیکار ننشسته و در اعمال خشــونت بر بــدن زنان برای فرزندآوری پســرانه نقش مؤثری را ایفا می‌کند. در این چارچــوب زنان ناگزیر هستند با صرف هزینه‌های کلان، تحمل رژیم‌هــای غذایی متنــوع و انواع اعمال عجیب و غریــب جراحی، زمینه را برای

فرزند زایی پسر فراهم کنند. بیشتر زنان نظم گفتمانی مردسالار را چنان بدیهی، طبیعی و محتوم فرض کرده به جایی مقابله با آن نهایت تلاش را برای همراهی و کارگزاری مؤثر و مفید انجام می‌دهند.

گفتمان مردسالاری از همان اوان کودکی دختران را با نوعی تعارض درونی هویتی مواجهه می‌کند. این تعارض هویتی همواره دختران را در موقعیت فرودستی بازنمایی می‌کند. حتی زمانیکه دختری با شرایط (تحصیلات، هوش، زیبایی، شعور اجتماعی، ..) با مردی با پایین‌تر از خودش ازدواج می‌کند، به جای تحمیل شرایط خود بر همسر، موقعیت و جایگاه خود را تا سطح همسر تقلیل می‌دهد. گزاره کلیشه‌ای کوردی « هەر کور بێ و قوڕ بێ» (و هزارن گزاره کلیشه‌ای دیگر در گفتار و ادبیات..) بیانگر موقعیت فرادستی مردان علیرغم نداشتن بهره‌ی هوشی و نمود انسانی نرمال است. گفتگوهای روزانه حاوی صدها گزاره‌ی با درون‌نمایه‌ی خشونت کلامی، انکار هویت و طرد زنان است. اوج تنفر زنان از هویت برساختی خود را در گزاره کلیشه‌ایی زنان کورد «خوا کوڕت پێ بدات» می‌توان دید.

## نتیجه‌گیری

گفتمان مردسالاری با حمایت ساختارهای قانونی و دگردیسی در فرم و استراتژی همچنان در حال یکه‌تازی و اعمال قدرت بر زنان است. این گفتمان با پیچیده کردن استراتژی و فریب زنان مانع از بازاندیشی و ترک‌خوردگی سیطره‌ی هژمونیک خود است. گفتمان مردسالاری با لایه‌سازیهای متعدد مانع از نفوذ زنان به لایه پنهان، زیرین و هسته‌ی منفعل‌سازی زنان است. این گفتمان از طریق مناسبات کالایی‌انگاری زنان و اعمال قدرت بر بدن زنان، کماکان در تلاش برای تقلیل نقش زنان و تثبیت موقعیت فرودستی آنهاست. این گفتمان خود زنان را برای پیشبرد اهداف هژمونیک به عنوان کارگزار و عامل به خدمت می‌گیرد. در موقعیت کنونی زنان، با پذیرش درون‌مایه‌ی کلیشه‌های جنیستی و تکرار آنها، به تعمیق فضای گفتمانی مردسالار خدمت می‌کنند.

زنان در موقعیت کنونی فاقد آگاهی طبقاتی و هویتی بوده و وضعیت موجود را سرنوشت محتوم تلقی می‌کنند. طبیعی‌انگاری موقعیت سلطه از اهداف اصلی گفتمان مردسالاری است. زنان در حال حاضر واجد هویت جمعی خودآگاه نبوده و صرفا به دلیل اشتراکات جنسیتی یک کلیت مغشوش را شکل داده‌اند. خروج از این وضعیت تراژیک مستلزم خروج از کارگزاری و عاملیت برای گفتمان مردانه است. زنان باید «غیریت» سازی گفتمان مردانه را به فرایند فعال بدل کرده و به «غیر» فعال بدل شده تا ساخت هویتی جدید پیدا کنند. تلاش برای برساخت هویت جدید خارج از چارچوب گفتمانی مردسالار و تولید گفتمان‌های رقیب و جایگرین، مستلزم فرایند آگاهی‌سازی گسترده زنان است. نگارنده معتقد است احزاب سیاسی کوردی رسالت سنگینی در پیشبرد این استراتژی دارند.احزاب کورد مترقی و پیشرو باید با نهادسازی متعدد زنانه و با کارکردهای مختلف، مانع از زایش و بازتولید گفتمان مردسالاری شوند. گفتمان مردسالاری با استراتژی حذف و انکارهویت مستقل زنان، مانع از حضور این قشر عظیم در عرصه‌ی عمومی و شکوفایی قابلیت تغییر جامعه به دست زنان است.

# توندوتیژی لە دژی ژنان و دیاردەی تۆکێنیزم

سۆما دەگاشێخانی

> توندوتیژی لە دژی ژنان یان توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر، دیاردە و کێشەیەکی گشتییە کە لە هەموو وڵاتەکاندا دەبینرێت. دیاردەیەک کە هەر لە کوشتنی ژنان لە سەر ئابڕوو و شەرەف، تاکوو بابەتی ناجەستەییانە و دەروونی لەخۆ دەگرێت و بە پاڵپشتیی پێکهاتە نابەرابەرەکان، یاسای پڕ لە هەڵاواردن و بە مەبەستی زێدەکردنی زاڵیەتییان، لە فۆرم و شێوەی جیاوازدا بەردەوامە.

توندوتیژی لە دژی ژنان بەتایبەت ژنانی کورد لەم ساڵانەی دواییدا زۆرتر لە جاران لە ڕایەڵە و میدیا گشتییەکاندا ناوی لێ دەبرێت و باسی لەسەر دەکرێت. ئەوە بابەتێکی زۆر گرنگە کە بەتایبەت لەلایەن چالاکوانانی مافی ژنانەوە بۆ کەمترکردن و سڕینەوەی، هەوڵی زۆر دراوە، بەڵام گشتگیر بوون و سیستەماتیک بوونی ئەم دیاردەیە، ڕێگا بە چارەسەرکردنی کێشەکە بە خێرایی و بە ئاسانی نادات. لەو پەیوەندییەدا، ئەم وتارە تیشک دەخاتە سەر چەمکی تۆکێنیزم و پەیوەندیی لەگەڵ توندوتیژی لە دژی ژنان بە تایبەت ژنانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

توندوتیژی لە دژی ژنان یان توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر، دیاردە و کێشەیەکی گشتییە کە لە هەموو وڵاتەکاندا دەبینرێت. دیاردەیەک کە هەر لە کوشتنی ژنان لە سەر ئابڕوو و شەرەف، تاکوو بابەتی ناجەستەییانە و دەروونی لەخۆ دەگرێت و بە پاڵپشتیی پێکهاتە نابەرابەرەکان، یاسای پڕ لە هەڵاواردن و بە مەبەستی زیدەکردنی زاڵیەتییان، لە فۆرم و شێوەی جیاوازدا بەردەوامە. بە پێناسەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، توندوتیژی لە دژی ژنان بریتییە لە «هەرچەشنە کردەوەیەکی توندوتیژانەی پەیوەندیدار بە جێندەر کە ببێتە هۆی زیانی جەستەیی، جینسی یان دەروونی یان ئازار؛ لەوانە هەڕەشەکردن بۆ بەکارهێنانی وەها کردەوەیەک، زۆرلێکردن یان بێبەشکردنی ملهوڕانە لە ئازادی، چ لە بواری گشتی و چ لە ژیانی تاکەکەسیدا».[1]

توندوتیژی لە دژی ژنان لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا، تەنیا دیاردەیەکی کولتووری نییە و پەیوەندیی بە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوورییشەوە هەیە و کاریگەری لە سەر بەشداریکردنی بەرابەری ژنان و ئاسوودەیی ئەوان لە ناوماڵ، لە شوێنی کار و لە کۆمەڵگادا بە گشتی، دادەنێت. بارودۆخی تایبەتی کوردستان، کاریگەری لە سەر باری بندەستبوونی ژنان و کەوتنە بەر توندوتیژی هەیە. لە پێکهاتەیەکی یەکتربڕی پەیوەندیدار بە ئەتنیک، جێندەر و بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا، دەکرێت باس لە سەر دۆخی ژنانی کورد و چۆنیەتیی گۆڕینی ئەو دۆخە بە شێوەی ئەرێنی بکەین. بە گشتی سەرچاوەیەکی متمانەپێکراو بۆ ڕێژە و جۆری توندوتیژی لە دژی ژنان لە کوردستان بوونی نییە، بە تایبەت بۆ نموونە، زانیاریی پەیوەندیدار بەم بابەتە لە ڕۆژهەڵات لەلایەن دەسەڵاتەوە وەک بابەتی نهێنی دانراوە. بەڵام ئەم دیاردەیە و بەربڵاوبوونی لە کۆمەڵگا و هەروەها چۆنیەتیی بەرەنگاربوونەوەی ئەوە، بە یارمەتیی میدیا گشتییەکان، بە ئاشکراتر لە جاران کەوتووەتە ژێر لێکۆڵینەوە و باسەوە.

لە زانستی دەروونناسیدا، بە زۆری باس لە سەر توندوتیژی و هۆکارە دەروونییەکانی دەکرێت. هەر بەم ڕوانگەیەوە، هەندێکجار هەوڵ دەدرێت توندوتیژی لە دژی ژنانیش، بۆ ئاستی تاکەکەسیانە دابەزێنرێت و وەکوو هۆکارێکی تایبەتی تاکەکەسی سەیر بکرێت. لە تیۆرییە نوێیەکانی کۆمەڵناسییدا گرنگایەتی بە تاک وەکوو ئەیجێنت[2] و ڕاقە و کردەوەی دەدرێت و دەرەنجامی هەندێک لە توێژینەوەکانیش دەریدەخەن کە بیرۆکە و سابجێکتیڤیتیی ژنانی کورد لە بەراورد لەگەڵ ساڵانی ڕابردوودا زۆر گۆڕدراوە. بەڵام ئەگەرچی توندوتیژی لە دژی ژنان لە شێوەی تاکەکەسیدا و لەلایەن پیاوانەوە و هەروەها بەرەنگاربوونەوەی ئەوە لەلایەن هەندێک ژنی سەربەخۆوە، لە کۆمەڵگای ئێستەی کوردەواریدا بە ئاشکرا دەبینرێت، لەڕاستیدا بەتاک بینین و شرۆڤەکردنی تاکەکەسیی ئەم دیاردەیە کە لە ناخی

خۆیدا کۆمەڵایەتییە و سەرنجەندانی توندوتیژیی سیستەماتیک، پێکهاتەیی و ئینتێرسێکشناڵ، هاوکات لەگەڵ هەبوونی پاڵپشتیی یاسایی کە بە کردەوەی تاکێکی تەنیا لەنێو ناچێت، هەڵەیەکی گەورەیە و دەبێتە هۆی سڕینەوەی تاوان لە ڕووی دەسەڵات و درێژەخایاندنی توندوتیژی لە دژی ژنان بە تایبەت لە کۆمەڵگای کوردستاندا. بە سەرنجدانی ئەم خاڵە گرنگەیە کە لێرەدا باس لەسەر دیاردەی تۆکێنیزم و کاریگەرییەکانی لە سەر بەردەوامبوونی توندوتیژیی دەکەین.

تۆکێنیزم چەمکی سەرەکیی ئەم کورتە وتارەیە. مارتین لوتێر کینگ لە وتەبێژییەکی خۆیدا باس لەم چەمکە وەکوو کێشەیەکی نوێ و دژوار لە بەرانبەر بزووتنەوەی یەکگرتندا دەکات. ئەو، وەرگرتنی هەندێک لە ڕەش پێستەکان لە قوتابخانەی پەیوەندیدار بە سپی پێستەکان وەکوو تاکتیکێکی نوێ بۆ دژایەتی کردنی ئەم بزووتنەوەیە دادەنێت.[۳] دواتر ئەم چەمکە لەلایەن لێکۆڵەرەکانی بواری مافی ژنان و کەمینەکانەوە، بۆ نموونە لە شوێنی کار، کۆمپانیاکان یان لە زانکۆکان، وەکوو کردەوەیەکی هێمادار بە مەبەستی پێشاندانی تاکتیکی گرووپی خاوەن دەسەڵات بۆ دابەشکردنی دەسەڵات و ئیمتیازەکان لەگەڵ ئەوانەی کە ئەو دەسەڵاتەیان نییە و سڕینەوەی تاوانی هەڵاواردن لە ڕووی خۆی، بەکار هێنرا.[۴] لەڕاستیدا ئامانجی تۆکێنیزم لە ناوبردنی نابەرابەری و بەدیهێنانی گۆڕانکاریی بنەڕەتی نییە. تۆکێن ئەندامی گرووپێکی خاوەن دەسەڵاتی کەمترە کە لە دەقەری گرووپی خاوەن دەسەڵات و بە پێی ڕێسا و یاساکانی ئەو دەجووڵێتەوە. ئەگەرچی تۆکێنیزم تەنیا کەڵکی بۆ گرووپی زاڵ نییە و بۆ ئەو کەسەیش کە وەک هێمایەکی دیاریکراو هەڵبژێردراوە سوودی دەبێت، بەڵام بە وتەی «لانگ لاوز»، دەستەبەرکردنی ئەم سوودە، گرێدراوی ڕەچاوکردنی سنووردارێتی و یاساکانی گرووپی زاڵە. واتە ئەو کەسانەی کە لە دەرەوەی ئەم سنوورەوە دێنە ناو، لە سەر بنەمای مێکانیزمێکی ڕێکخەر، دەبێت ڕێژەیان سنووردار بێت و مافی گۆڕینی هیچ یاسایەکیشیان نابێت.[۵]

ئەم دیاردەیە دەکرێت دوو جۆرە دەرەنجامی توندوتیژانەی بە شوێنەوە بێت، یەکەمیان ئەو کاتەیە کە ژنێک بە کەڵک وەرگرتن لە توانست و لێهاتوویی خۆی دەتوانێت قۆناغە دیاریکراوەکان تێپەڕێنێت و بە ئاستێک بگات یان بڕواتە نێو چوارچێوەیەکەوە کە لە دیسکۆرس/وێژمان و پێکهاتەی پیاوسەرووەرانەی کۆمەڵگا وەکوو چوارچێوە و جێگایەکی پیاوانە پێناسەی بۆ کراوە و بۆی دەروانرێت. دووهەم هەڵبژاردنی ژنێک لە جێگە و پێگەیەکی پیاوانەدا بەڵام بۆ دووپاتکردنەوەی هەمان بیر و کردەوەی پێشووی زاڵ بە سەر ئەو جێگا و پێگەیە کە لەلایەن دەسەڵاتەوە پێناسە کراوە و پاشان کەڵک وەرگرتن لە دەرەنجامەکانی ئەم هەڵبژاردنە وەک هێمایەک بۆ شەرعییەتدانی زیاتری دەسەڵات و بۆ خستنە پەراوێزی ئەو بیر و کەسانەی کە ڕەخنە لەوە دەگرن. هەرکام لەم دوو بژاردەیە دەکرێت بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەریی توندوتیژانەی لە سەر ژنان بە گشتی و بارودۆخی ئەوان هەبێت. لە درێژەی باسەکەدا بۆ نموونە، تیشک دەخەینە سەر خوێندنی باڵای ژنان لە ئێران و بازاڕی کار و هەروەها بارودۆخی پەیوەندیدار بە ژنانی پەرلەمانتار لە ئێران -کە دەکرێت بۆ جێگاکانی تریش بەکاربهێنرێت- و ڕۆڵی ئەوان لەسەر ژنان بە گشتی.

بابەتی ڕادەی چوونە زانکۆی کچان و لەوانە کچانی کورد، کە لە ئێراندا و لەم

ساڵانەی دواییدا ڕێژەیان بەرەو زیادبوون چووە، پرۆپاگەندەی زۆری لەسەر هەیە. دەکرێت دوو جۆرە ڕوانینمان بۆ ئەم بابەتە هەبێت؛ ئەگەرچی هەردوو لە کۆتاییدا پێکەوە کاریگەرییان لەسەر دۆخی ژنان هەیە. یەکەم: بەکۆمەڵگایی بوون و دەروونی کردنی باوەر، بیروبۆچوون و ڕێسای پەسەندکراوی دەسەڵات (دەسەڵاتی هەمەلایەنە)، یان ئەو چەمکەی بۆردیو، پێی دەڵێت توندوتیژیی سیمبۆلیک. بە وتەی بۆردیۆ هەر چەشنە کردەوەیەکی بارهێنان لە دەرەنجامدا توندوتیژییەکی سیمبۆلیکە بۆ ئەوەی لەم ڕێگایەوە دەسەڵات ویستی کولتووریی خۆی بسەپێنێت.[۶] یەکێک لە میکانیزمەکانی ئەم بەکۆمەڵگایی کردنە، کەڵک وەرگرتن لە سیستەمی فێرکاری و بەتایبەت فێرگەیە. فێرگە ئامرازی شاراوەی زاڵیەتییە و کەواتە قەت ناتوانێت دامەزراوەیەکی بێلایەن بێت. فێرگە نابەرابەری و جیاوازی لە دەسەڵاتدا، وەکوو دیاردەیەکی سروشتی پێشان دەدات و بە کەڵک وەرگرتن لە «ئایدیۆلۆژیای بەهرە و توانست»، هەبوونی دەسەڵات و نابەرابەری بۆ وێنە لە نێوان جێندەر، ئەتنیک و ئایینە جیاوازەکان، بە نابەرابەرییەکی ڕەوا و پەسەندکراو دەنوێنێت. هەر لەم ڕێگایەوە و بە پێشاندانی سروشتیبوونی پەیوەندیی پێناسەکراوی نێوان ژنان و پیاوان، «زاڵیەتیی پیاوانە» دەسەپێنێت و دەرفەتی بەردەوام بوونی بۆ دەرەخسێنێت، بە جۆرێ کە کەسی بندەست، (لێرەدا ژنان)، خۆی لە ئاراستای زاڵیەتیدا هەوڵ دەدات و بیر و بۆچوونی دەسەڵات بە بیر و بۆچوونی خۆی دەزانێت.[۷] بۆ نموونە تەنانەت لە پاش خوێندن، لەوانە خوێندنی باڵا، ژنان بە بۆنەی دیسکۆرسی پیاوسەرەوەرانەی زاڵ لەسەر کۆمەڵگا و زانکۆکان، خۆیان دیسان هەر وەک ئەو ژنە پێناسە دەکەن کە ئەم دیسکۆرسە، چوارچێوە و واتاکانی بۆ دیاری کردووە. بۆ نموونە دیسان ئەرکی ژنانەی ناوماڵ و مانەوە لە ناو خێزان بە ئەرکی سەرەکیی خۆیان دادەنێن و ئەگەر تووشی کێشەیەک بن بەوەی دەزانن کە لە سروشتی خۆیان لایانداوە. هەروەها گوشاری دووقات یان توندوتیژی لە سەر ئەو ژنانەی کە ئەرکی دەرەکیشیان هەیە، بە مافی خۆیان و بە دروستی دەزانن. ئەگەرچی ئەمە بە واتای نەبوونی ژنانی ڕەخنەگر و پێکهاتەشکێن نییە، بەڵام جووڵانەوە بە پێچەوانەی دەسەڵاتی زاڵ، دیسان ئەم ژنانەش ڕووبەڕووی توندوتیژی دەکاتەوە. ڕێژەی زۆری ژنان لە زانکۆ، بە تایبەت بە ڕوانین بۆ بازاڕی کار، وێدەچێت زیاتر بۆ خزمەت بە ئامارەکان و شەرعیەتدان بە دەسەڵات و وەک هێما و تۆکێنێک بۆ سەر لاپەڕەکان و مانەوەی ئەو بەڵگانە بەکار بێت. کەواتە زیادبوونی ڕێژەی ژنان لە زانکۆکان بەتەنیا خۆی و بە بێ ڕەچاوکردنی فاکتۆرەکانی دیکە، لەوانە بەبێ سەرنجدان بە دۆخی ژنان لە پاش زانکۆ و چۆنیەتیی کەڵک وەرگرتن لە خاوەندارێتیی بەڵگەنامەی زانکۆ، بەتەنیا ناتوانێت پێشاندەری باشتربوونی بارودۆخی ژنان لە کۆمەڵگا بێت.

دووهەم: دەرەنجامی چوونە زانکۆ و وەرگرتنی بەڵگەنامەی پەیوەندیدار بۆ ژنان و دامەزرانیان لە سەر ئیشە. ژنان دەڕۆنە نێو زانکۆکانەوە بەڵام لە دواییدا بازاڕی کار هی ئەوان نییە لەبەر ئەوەی کە پێشگریمانەی کولتووریی کۆمەڵگا، بەرپرسبوونی پیاوان لەباری دارایی و شیاویەتییان بۆ لەئەستۆگرتنی ئیشی خاوەن داهاتە و هەروەها ڕێسایش پاڵپشت و ڕێخۆشکەری پەروەسەندن و ڕەگ داکوتانی ئەم بیروبۆچوونەیە. واتە ژنان نە لە زانکۆدا بۆ کار پەروەردە دەکرێن و نە لە دواییشدا بازاڕی کار جێگای بۆ ئەوان هەیە. یان ڕێژەیان بۆ هێندێک لە بوارەکانی خوێندن کە بە



پیاوانە ڕەچاوکراون یان ژنان دەرفەتیان لە دواییدا بۆ دامەزران لە سەر ئیش زیاترە، سنووردار دەکرێتەوە. دەرەنجامی ئەم بارودۆخە، نەبوونی سەربەخۆیی ئابووری، دواکەوتن و پشت بەستنی ژنان بە دەسەڵات لە زۆربەی بوارەکانی ژیان و دیسان قەبووڵکردنی توندوتیژی دەبێت. بۆ نموونە دەتوانین بڕوانینە ڕێژەی ئەو ژنانە کە لە ئێران لە سەر کار دامەزراون. بە پێی دوایین دەیتاکانی ناوەندی ئاماری ئێران لە هاوینی ساڵی ١٣٩٩ی هەتاوی، لە سەتا ٨٨ی ژنانی ئێرانی بێکارن. واتە ڕێژەی ژنانی خاوەن ئیش کە داهات وەردەگرن ١٢ لە سەدی جەماوەری ژنانە کە لە تەمەنی چالاکیدان. ٦٢ لە سەدی ئەو ژنانە کە خەریکی ئیشن، لە بەشی نافەرمی کە خاوەن ئینشورانسی بێکاری نیە کار دەکەن. لە نێو جەماوەری ژنان کە خەریکی ئیشن، تەنیا ٤٣ لە سەدیان ئەو ژنانەن کە بەڵگەنامەی خوێندنی باڵایان هەیە.

دیسان ٦٢ لە سەدی ئەو کەسانەی کە لە هاوینی ئەمساڵدا کاریان لە دەستداوە، ژنانن.[٨] پارێزگای سنە لە بواری دامەزران لەسەر ئیشی ژنانی تەمەن سەرەوەی ١٠ ساڵ، لە شارەکاندا لە پلەی ٢٨ی لە نێوان ٣١ پارێزگادایە.[٩] پێکهاتەیەکی یەکتربڕی سیاسی، ئابووری و جێندەری، کاریگەریی لە سەر کەم بوونی ڕێژەی ژنانی ئەم پارێزگایە کە لە سەر ئیش دامەزراون، هەیە.

دیاردەی تۆکێنیزم، پەیوەندیی لەگەڵ توندوتیژی لەدژی ژنان و هەڵاواردن لە بازاڕی کاردا هەیە. تۆکینیزم وەکوو ئەو ئەزموونە نەرێنیانە پێناسە دەکرێت کە بەڕێوەبەرانی ژن بەتایبەتی ژنانی ڕەنگین پێست یان سەر بە کەمینەکان، لە کۆمپانیاکاندا ڕووبەڕووی دەبنەوە. بە تایبەت لەو ڕێکخراوانە کە ڕێژەی ژنان تیایاندا لە ١٥٪ کەمترە. کانتێر پێشانی دەدات کە لە ڕێکخراوە پیشەسازییەکاندا کە ئەم ڕێژە کەمە لە ژنان خەریکی ئیشن، پیاوان کولتوورێکی نەیارانە لە دژی ژنان



پێک دەهێنن و هەر ئەمە دەبێتە هۆی دروستبوونی سێ جۆرە ئەزموونی نەرێنی: یەکەم، ئەگەرچی ژنان ڕێژەیان زۆر کەمترە بەڵام بە ڕوونی دیار و لەبەرچاون و ئەو ستانداردانەی کە بۆ هەڵسەنگاندنی ئیشیان کەڵکی لێ وەردەگیردرێت، جیاوازە لەگەڵ هەمان شت کە بۆ هاوکارە پیاوەکانیان بەکاردەهێندرێت. دووهەم، ژنان هەست بە کەوتنە پەراوێز و جیاکردنەوە دەکەن لەبەر سەختیی پەیوەندی گرتن لەگەڵ پیاوانی هاوکاریان و سێهەم، کار و ئیشەکان لەسەر بنەمای ستریۆتایپی جێندەری پەسەندکراو -ژنانە/ پیاوانە- دابەش دەکرێن. بۆ ئەم ژنانە، خۆڕاهێنانیان لەگەڵ ئەم چاوەڕوانییە جێندەرییانە ئاسانتر لەوەیە کە بەرەنگاریان ببنەوە.[١٠] لە درێژەی ئەوەدا باس لە سەر توندوتیژییە بچووکەکان[١١] دەکرێت. ئەم چەشنە لە توندوتیژی، بریتییە لە تووڕەیی و تێهەڵچوونی زارەکی، کردەوەیی یان ژینگەیی کە ڕۆژانە و بە ئەنقەست یان بە بێ ئەنقەست، لە بەرانبەر ئەو کەسانەی کە لە ستانداردی پەیوەندیدار بە نۆرمدا پۆلێنبەندی نەکراون، جێبەجێ دەکرێت و دەبێتە هۆی پەیوەندیی توندوتیژانە، نەیارانە، نەرێنی و سووکایەتی. ئەگەرچی زۆربەی ئەوانەی کە لە شوێنی کاردا تووشی ئەم جۆرە ئاکارانە دەبن، نازانن کە لەکاتی پەیوەندی گرتن لەگەڵ کەسانی جیاواز، توندوتیژییان بووە.[١٢] پێدەچێت لە هێندێک لە وڵاتەکان وەک ئێران کە یاسایش پشتگیری لە وەها ئاکارێک دەکات یان بێدەنگیی هەڵبژاردووە، ڕێژەی ئەم توندوتیژییانە سەبارەت بە ژنان و لەوانە ژنانی کورد، لە شوێنی کار لە ئاستێکی بەرزتردا بێت. واتە ژنانی کورد لە لایەکەوە دەبێت قۆناخە جیاوازەکان بۆ سەلماندنی شارەزایی و لێهاتوویی لە پێکهاتەیەکی پیاوسەرەوەردانەی زاڵدا تێپەڕێنن، لەلایەکی ترەوە، گرنگتر ئەوەیە کە دەبێت هەموو تاکێکی کورد لە ژن و پیاو، بۆ ڕۆیشتنە سەر کار و گەشەی تاکەکەسی، خۆ لەگەڵ

ئایدیۆلۆجیای دەسەڵات بگونجێنن. بۆیە ژنانی کورد بە بۆنەی بوونی هەڵاواردنی جێندەری، هەوڵێکی دووئەوەندە، بگرە چەن ئەوەندەیان بۆ سەلماندنی کارامەییی خۆیان یان خۆپاراستنیان لە بەئامرازبوونی دەسەڵات، لە وەها بارودۆخێکی بندەستدا هەیە. لە ڕوانگەی ئینتێرسێکشناڵیەوە، ئۆگریی جینسی، داهات، تەمەن، تەندروستی، ئێتنیک و ڕەگەز، هەموو کاریگەرییان لەسەر ئەگەری بە ڕێبەربوونی ژنان هەیە. کۆبوونەوەی هەرکام لەم فاکتۆرانە لەگەڵ جیندەر دەتوانێت ببێتە هۆی جیاوازی لە ئەزموونەکانی گرووپە جیاوازەکانی ژنان.[١٣] ژنانی کورد لە ڕەوتی گەشەسەندنی پیشەییی خۆیاندا، ڕووبەڕووی هێندێک کێشە و توندوتیژی و خستنە پەراوێز دەبنەوە کە ژنانی فارس ناچار بە ئەزموون کردن و بەرەنگار بوونەوەیان نین و نابن.

نموونەیەکی تری بەرچاوی تۆکێنیزم، بوونی ژنان لە دەسەڵاتی سیاسی و بۆ نموونە لە پەرلەمانی ئێراندایە. ئەو ژنانە بە ڕواڵەت نوێنەرایەتیی چینی ژنانی کۆمەڵگا لە پەرلەمان دەکەن لەکاتێکدا کە خۆیان ڕۆڵێک دەگێڕن کە بە پیاوانە پێناسە کراوە و بڕیارە وەک پیاوان و بەرابەر لەگەڵ ئەوان لە بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگا و بۆ سڕینەوەی کێشەکانی، یاسا دەربکەن؛ بەڵام مێژووی کاری ئەم ژنانە (بە تایبەت لەم ساڵانەی دواییدا) پێشان دەدات کە هاوکات لەگەڵ دەسەڵات و هاوڕێ لەگەڵ دیسکۆرسی پیاوسەرەوەرانە، دەبنە هۆی سەرکوتکردنی ژنان. لەڕاستیدا یەکێک لە گرنگترین بەربەستەکان لە دژی بەرەوپێشچوونی ژنان، ئەو یاسایانەیە کە ئەورۆکە بوونەتە سەرچاوەی مامەڵەکردنی توندوتیژانەی یاسایی لەدژی ئەوان.[١٤] جگە لە پڕۆپاگەندەیەکی بەهێزی سیاسی بە مەبەستی شەرعییەتدان بە چۆنیەتیی ڕوانین بۆ ژنان، دەرەنجامێکی تری ئەم بارودۆخە، پاساودانی توندوتیژیی سیمبۆلیک لە دژی ژنان، بە پەرەدان بە ڕوانگەی «ژنان لە دژی ژنان»دایە کە بە پێی ئەوە، خودی ژنان بە دەرکردنی یاسا لە دژی ژنان، ڕێگە لە باشترکردنی دۆخی ژنان لە کۆمەڵگادا دەگرن و یان ئەگەر ژنان دەسەڵاتیان ببێت، جیاوازییەکیان لەگەڵ پیاوان نابێت و هتد. لەڕاستیدا دەسەڵاتی پیاوسەروەر بە ڕێگەدان بە دەسەڵاتی هەندێک ژنی هاوڕێ لەگەڵ خۆی، لەم دەرکەوتنە، تەنیا بۆ سەپاندن و پەرەپێدانی وتە و ئامانجی خۆی کەڵک وەردەگرێت.

دەرەنجامی تری نابەرابەریی یاسایی بە تایبەت بە کەڵک وەرگرتن لە ژنانی سیاسی، بەرهەمهێنانەوەی دیسکۆرسی زاڵی دوانەی ژنانە-پیاوانەیە کە پاڵپشتیی یاسای لەگەڵدایە. لەلایەکەوە، بە کەڵک وەرگرتن لە هەموو ئامرازەکانی فێرکاری و بڵاوکردنەوە و بە دەروونی کردنی بەها و نۆرم و بیر و ڕێسا سەرەکییەکان، لە ڕێگای پەرتووکە فێرکارییەکان لە فێرگەکان و زانکۆکان، میدیا و ڕایەڵە گشتییەکان، ئامرازە یاساییەکان و بە بەربەست دانان لەسەر ڕێگای چالاکانی مافی ژنان و نەهێشتنی دەنگە جیاوازەکان، ڕوانگەی زاڵ لەسەر ژنان، ڕۆڵی ئەوان و چۆنیەتیی مامەڵە کردن لەگەڵیان لە کۆمەڵگادا ڕەگ دادەکوتێت و پتەوتر دەکرێت. لە لایەکی ترەوە، یاسایش هاوڕا لەگەڵ ئەم کولتوورە نابەرابەرە، بە یەکجاری دەبێتە گەورەترین بەربەست بۆ ئەو ژنانەی کە بیانهەوێت بە جۆرێکی تر بیر بکەنەوە و بجووڵێنەوە. لە وەها بارودۆخێکدایە کە باس لە توندوتیژیی سیستەماتیک دەکرێت؛ توندوتیژییەک کە لە پێکهاتە و پەیوەندییەکانی دەسەڵاتەوە سەرچاوە دەگرێت. کەواتە بوونی ژنان لە پارلەمان یان لەسەر شاشەی میدیاکان، نە تەنیا پێشاندەری بەرەوپێشچوونی ژنان نابێت، بەڵکوو دەبێتە بارێکی زێدە لەسەر شانی

چالاکوانانی مافی ژنان لە کۆمەڵگای کوردیدا. لـە کۆمەڵگایەکـدا کـە هەڵاواردنــی تێدایە و پێکهاتە نابەرابەرەکانی دەســەڵات بە هــۆی ئێتنیک، ئایین، جێنــدەر و یان باری ئابووریــی لاواز ڕێگە بــە دەرکەوتن و پێشــکەوتنی تاکــەکان نــادەن یان بە ئەنقەست دەیانســڕنەوە، ئەگەرچی زۆربەی دەرکەوتن و پێشــکەوتنی تاکەکان لەسەر بنەمـای نزیکبـوون و گونجاوییان لەگەڵ دەســەڵاتی سیاســی زاڵدایــە؛ بــەڵام بە پێچەوانەوە وەها پێشــان دەدرێت کە ئەمە تەنیـا بە هــۆی تایبەتمەندیی توانســت و بەهرەی تاکەکەســییە، نــەک هەڵاواردنی سیستەماتیک. بۆ نموونە بە پێی دیسکۆرسی پیاوســەروەرانە، ژنان بە گشــتی ناتوانن لە ئاستی سەرەوەی بەڕێوەبەرایەتیدا بن، بەڵام ئەگەریش بە دەگمــەن ژنانی فارس و یان ژنانی خاوەن فاکتــۆرە بەرزکەرەوەکانی تر (وەک ئایین یان چینی سەرەوەی ئابووری) و هاوڕێ لەگەڵ ئایدیۆلۆژیای دەسەڵات، لەم پێگەیەدا هەبن، دەسەڵات وەک هێمایەک بۆ پێشاندانی هەبوونی کراوەیی و بەرابەری دەینوێنێت. ئاساییە ئەو ژنانەی کە خاوەن بەهرەن، بە تایبەت ژنانــی کورد، بەڵام لە کێبەرکێیەکــی نابەرابــەردا ســەرناکەون، هەست بە لاوازی و شــیاونەبوونیان بکەن. لە کاتێکدا ئەم سەرنەکەوتنە سیستەماتیکە، لەڕاســتیدا دەرەنجامــی کاریگەریــی پێکهاتەیی ئینتێرسێکشــناڵ، بە ئامانجی ســڕینەوەی جیاوازییــەکان و بەکارهێنانی توندوتیژییەکی ســیمبۆلیک لەســەر ژنانی ســەر بە نەتەوەکانی ترە. بــە دڵنیاییەوە کاڵکردنەوەی کاریگەریی نەرێنیی دیاردەی تۆکێنیــزم و توندوتیژیــی سیســتەماتیک لــە دژی ژنان، بە گۆڕینی سیســتەماتیکی یاســا و ئەو پێکهاتانە دەکرێت کە گوشــار دەخەنە ســەر ژنان و دەبنــە هۆی پەراوێز خســتن و شــاردنەوەیان. ئەو یاسایانە، کە بــۆ بچووکترین و تایبەتیتریــن بابەتەکانی ژنان بڕیار دەدەن و ســەرنەکەوتنی ئەوان بە دیاردەیەکی تاکەکەسی پێناسە دەکەن. لەڕاستیدا هەموو شتێکی تاکەکەسی، هاوکات سیاسی و کۆمەڵایەتییە و بە پاڵپشتیی یاسا و پێکهاتە زاڵەکان جێبەجێ دەکرێت.

## پەراوێزەکان


1. UN general assembly. In Declaration on the Elimination of Violence against Women; UN: New York, NY, USA, 1993.

2. Agent

3. Martin Luther King Jr., “The Case Against ‘tokenism’,” New York Times, August 5, 1962.

4. L. Zimmer, Tokenism and women in the workplace: The limits of gender- neutral theory. Social Problems, 1988.

5. Judith Long Laws, “The Psychology of Tokenism: An Analysis,” Sex Roles 1, no. 1, 1975.

۶. پاتریس بون ویتز، درس‌هایی از جامعه‌شناسی پیر بوردیو، ترجمه جهانگیر جهانگیری و حسن پورسفیر، تهران: آگه، ۱۳۹۰، ص: ۱۳۵.

7. Pierre Bourdieu, Language and Symbolic Power, ed. John B. Thompson, trans. Gino Raymond and Matthew Adamson, Cambridge: Polity Press, 2001.

8.https://www.amar.org.ir/Portals/0/News/1399/nirooye%20kar%2099-3.pdf

9. http://women.gov.ir/home/atlas/260

10. Ursula Thomas, Navigating Micro-Aggressions toward Women in Higher Education, IGI Global; 1st edition, 2018.

11. Microaggressions

12. D. W. Sue, Bucceri, J., Lin, A. I., Nadal, K. L., & Torino, G. C. (2009, January 1). Racial microaggressions and the Asian American experience. Asian American Journal of Psychology, 1(1), 88–101. doi:10.1037/1948-1985.S.1.88

13. https://www.aauw.org/app/uploads/2020/03/Barriers-and-Bias-nsa.pdf

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

14. https://www.dw.com/fa-ir/اصرار-نمایندگان-زن-بر-تصویب-قوانین-ضدزن/a-۱۸۱۱۲۶۴۴

# ئێکۆ فێمێنیزم

مەنسوور سۆهرابی

لە سەردەمی ئێستادا پارێزگاری کردن لە ژینگە، لە سەرەکیترین کێشەکانی مرۆڤایەتی بە هەژمار دێ، بە هۆی ئەوەی کە ژیانی مرۆڤ لە داهاتوودا، لە گرێوی زاڵبوون بە سەر کێشەکانی پەیوەندیدار بە ژیانیدایە. ژیانی مرۆڤ و پرسی ژینگە دوانەیەکی لێک دانەبڕاون و دەتوانین بڵێین کە بۆ بەدیکردنی بنەماکانی ژێنگەدۆستی، دەبێ بڕوانینە کلتوور و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگایەک. دروست بوونی شۆڕشە مەدەنییەکان لە دەیەکانی ڕابردوو لە هەموو جیهان، نیشاندەری هەستیاریی شارستانییەتەکان بە نیسبەت پرسە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان بە گشتی و پرسی ژینگە بە تایبەتییە. ڕۆڵی ژنان وەکوو فاکتەری کاریگەر و شوێندانەر لەو جووڵانەوانە، زۆر بەرچاو بووە. دەستەواژەی ئێکۆفێمێنیزم، بۆ یەکەم جار لەلایەن نووسەری فێمێنیستی فەڕەنسی، فڕانسوا دوبون، لە کتێبێک بە نێوی «فێمێنیست یان مردن» لە ساڵی ۱۹۷۴ بە کار هێندرا. ئێکۆ فێمێنیزم، لێکدراوێک لە دوو وشەی ئێکۆلۆژی و فێمێنیزمە، وشەی ئێکۆلۆژی بۆ یەکەم جار لە لایەن هێگلەوە لە ساڵی ۱۸۶۶ لە پەیوەندی لەگەڵ بنەمایەک بۆ خوێندنەوەیەکی نوێ لە سەر پرسی ناسینی ژینگە بەکارهێنرا. مەبەستی ئەو لە ئێکۆلۆژی، ناسینی پەیوەندیی دوو لایەنەی نێوان گیانلەبەران و ئەو سروشتەی کە تێیدا دەژین بوو. لە ڕاستیدا ئێکۆفێمێنیزم، تیئۆرییەکە کە بنەماکانی بیرۆکەی فێمێنیستی لە لایەک و پرسەکانی پەیوەندیدار بە ژینگەدۆستی لە لایەکی دیکە، ئاوێتە دەکات.

پاتریـــک مۆرفـــی بـــاس لـــەوە دەکات کە: فێمێنیستی ڕاســـتەقینە دەبێ کەسانێک بن کە سروشتیش بە باشی بناسن، بەهۆی ئەوەی کــە ئازار و چەوســـانەوەی ژنـــان و تێکدانی سروشت، دوانەیەکی لێکچوو و لێکدانەبڕاون. تاکی ژینگەناســـیش دەبێ فێمێنیستیش بێ، بە هۆی ئەوەی کە بەبێ لێکۆڵینەوە و ناسینی ستەمی جێندەری و ئایدیۆلۆژیای پیاوسالاری کە پاوانخوازیی ڕەگەزی نێر بەســـەر ژینگەی لـــێ کەوتووەتـــەوە، ناکرێ ئـــەو ڕوانینانەی کە ژیان لەســـەر گۆی زەوییان خســـتووەتە مەترسییەوە، بە ئاســـانی ئاڵوگۆڕیان بەسەردا بێ.

ئێکۆفێمێنیزم لە واتای گشتگیری خۆیدا، خوازیاری کۆتایی هێنان بە چەوســـانەوەیە لە هەموو ڕوویەکەوە و لەســـەر ئەو باوەڕەیە کە تێکۆشان بۆ ئازادیی ژنان (هاوتا لە گەڵ هەر چەوساوەیەکی دیکە)، لەگەڵ تێکدانی ژینگە تێکەڵاوییەکی واتاییان هەیە. ژن و ژینگە بە دەست یەک دوژمنی هاوبەشەوە دەناڵێنن کە ئەویش، عەقڵییەتی داگیرکارییە.

لە ڕاســـتیدا ئێکۆفێمێنیزم، شۆڕشـــێکی کۆمەڵایەتییـــە بـــۆ گۆڕینـــی کۆمەڵـــگا و داگیرکاریی نابەرابەری تێکدانی سروشت کە هۆکارەکانی کۆمەڵگای پیاوســـالار و کۆمپانیا نێونەتەوەییەکان و سەرمایەدارییە.

سەرەڕای ئەوەی کە هێنانەبەرباسی یەک تیپۆلۆژیی یەکگرتوو لە ســـەر ئێکۆفێمێنیزم بابەتێکی ئاڵۆزە، بـــەڵام پلم وود(١٩٩٢) دوو باڵی ســـەرەکیی ئێکۆفێمێنیزم بە ناونیشانی ئێکۆفێمێنیزمـــی کلتـــووری و کۆمەڵایەتـــی دێنێتە بەرباس کـــە جیاوازیی نێوانیان تەنیا لە شـــێوەی ڕوانیین لە دوو دەستەواژەی ژن و ژینگەدایە. ئێکۆ فێمێنیزمی کلتووری حەز دەکا ژن و سروشـــت لـــە پەیوەندی لەگەڵ یەکتـــردا بێنێتە بەر بـــاس لەبەر ئەوەی پێی وایە ژنان بە ســـەرنجدان بـــەو تایبەتمەندییە جێندەرییانەی هەیانە، ســـەبارەت بە پرســـی ژینگە، تێگەیشتنێکی گشتگیرتر و تایبەتتریان لەچاو پیاوان هەیە. ئێکۆفێمێنیزمی کلتووری سروشتیش بە بابەتێکی فێمێنیستی دەزانێ. لە ڕوانگـــەی ئێکۆفێمێســـتەکانەوە، هەرچی ژنان زیاتر هۆگری سروشت بن و لە سروشت نزیکتر بن، باشـــتر لە واتـــای ئێکۆفێمێنیزم تێدەگەن.

لە کاتێکدا کـــە ئێکۆفێنیزمی کلتووری، هەرچی زیاتر جەخت لە ســـەر دوو چەمکی ژن و ژینگە و تێکەڵاویی واتایی و مەیدانییان دەکاتەوە، ئێکۆ فێمێنیزمی کۆمەڵایەتی باس لە پەیوەندیی مێژوویی ژنان و ئەو ژینگەیەی کـــە تێیـــدا دەژیـــن دەکاتـــەوە و ڕیشـــەی تێکەڵاویـــی ژنـــان و ژینگە لە فەلســـەفەی یۆنانـــی کۆندا دەبینێتەوە، ئەو شـــوێنەی کە تاکـــەکان بە لەبەرچاوگرتنی ڕەنگی پێســـت و ڕەگەز و نەژادیـــان، پۆلێنبەندی دەکران و لێک جودا دەکرانەوە و ئـــەو پۆلێنبەندییانە، واتایەکی ئایدیۆلۆژییان بە خۆیانەوە گرتبوو و لە پێکهاتەی سیستەمی تۆری کۆمەڵایەتییان و پەیوەندیی نێوان تاکەکاندا جێکەوتبوو.

ئێکۆفێمێنیزمـــی کۆمەڵایەتـــی، بە وەها بنەمایەکی فکـــری توانیوێتی لێکدانەوەیەکی باشـــی لە ســـەر پەیوەندیی نێوان دەسەڵات و باڵادەســـتی و ژێـــر دەســـتیی نێوانیان لە نێو کۆمەڵگادا هەبـــێ. هەروەها ئەو تیئۆرییە توانیوێتـــی لە بەکەمگرتنـــی ئێکۆفێمێنیزمی کلتووری، لـــە پەیوەندی لەگـــەڵ یەک واتا بوونی ژنان و ژینگە کە بووەتە هۆی بەرتەسک کردنەوەی ئەو شـــێوە ڕوانینـــە، خۆی دەرباز بکات.

ژنان دەتوانن لـــە چوارچێوەی بڕیاردەری و بڕیارســـازیدا بـــن و شـــێوازی خوڵقییاتـــە پرکێشەکانی بەنیســـبەت ژینگە بگۆڕن. ڕۆڵ و کاریگەریـــی ئەوان ئەوەندە بەرچاو بووە کە ئەمڕۆکانـــێ، بوونی بەرینتـــر و کاریگەرتری ژنـــان، لە تایبەتمەندییەکانی پێشـــکەوتن بە هەژمار دێ.

زۆربەی تیۆریسیەنەکانی مەکتەبی ئیکۆفیمێنیستی، جەخت لەسەر سێ پرسی سەرەکی دەکەنەوە:

- پەیوەندیی ژنان لەگەڵ ژینگە
- پەیوەندیی نێوان چەوسانەوەی ژنان و ژینگە
- رۆڵی ژنان لە چوارچێوەی دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ کێشە ئیکۆلۆژیکەکان.

لەراستیدا فێمێنیزمی لایەنگری ئیکۆفێمێنیزم، پرۆژەیەکی سیاسییە کە ئامانجی پێداچوونەوە بەسەر پەیوەندیی نێوان پیاوان و سروشت، یان پیاوان لە بەرانبەر ژنانە. خاڵی گرینگی ئەو فکرییەتە، پێداگریکردن لەسەر وێچوونی نێوان چەوسانەوە و غەدری پیاوان بەسەر ژینگە و ژنان و هەروەها پەیوەندیی نێوان ژنان و ژینگەیە.

## چەند نموونەیەک لە چالاکییە ئێکۆفێمێنیستییەکان

- نووسەری پەرتووکی بەهاری کووژاوە لە ساڵی ١٩٦٢ کە بوو بە ئیلهامدەری شۆرشی ئیکۆلۆژیستی، ژنێک بوو بە نێوی ڕێچەل گارسۆن.
- خانمە چالاکوان لوویس گیبز لە شارۆچکەی لاوکاناڵ لە ویلایەتی نیویۆرک، پێشرەویی نارەزایەتییەکانی دژ بە وزەخانەی ناوکی و زبڵدانە ژەهراوییەکانی گرتە ئەستۆ.
- ژنێک بە نێوی دلانا مێدۆنز، یەکێک لە نووسەرانی راپۆرتی بەناوبانگی چاپکراو لە ساڵی ١٩٧٢ ناسراو بە سنوورەکانی گەشەی ئابووری بوو کە ڕووانینێکی ژینگەدۆستانەی هەبوو.
- پێترا کێلی، یەکێک لە رووخسارە ناسراوەکانی جەریاناتی سەوزی ئەڵمانی بو.
- لە ساڵی ١٩٧٢ لە شاری ستۆکهۆڵم، خانمێک بە نێوی باربارا، هاتە نێو ناوەرۆکی پەرەپێدانی جێگیر بوو و لە ڕاگەیاندراوی ناسراو بە کۆکیاک بە کاری هێنا و لەوێدا سەرنجی خستە سەر گرینگیی رۆڵی ژنان لە پەیوەندیی نێوان پەرەپێدان و سروشت و هەروەها ناچار کردنی دەوڵەتەکان و ڕێکخراوەکان بە ڕاکێشان و پشتگیری کردنی بەشداریی ژنان. خەباتی ئەو و لەهەمان کاتدا خەباتی گرووپە ئاشتیخواز و بەرابەری خوازەکان لە ساڵی ١٩٩٢ لە کۆنفرانسی زەوی
- ڕیۆدۆژانیرۆی برازیل، لە نەخشەریگایەکی تۆکمەی ناسراو بە دەستووری ٢١دا توانی جێگیر بێ.
- لە ئینگلتەرا گرووپێک لە نیزیک بنکەی ئاسمانی (کەمپی ئاشتی) کە پێکهاتبوون لەو ژنانەی کە لایەنگری ژیانی ئاشتیانە لەسەر زەوی بوون، گردبوونەوەیەکی نارەزایەتییان دژ بە جێگیر کردنی سیستەمی مووشەکی کرووز کە سەر بە ناتۆ بوو، پێکهێنا.
- چالاکوانانی ژنی ئەفریقی کە کانگایەکی کانزایی ژیانی ئەوانی تووشی کێشە کردبوو، جولانەوەی (woMin) یان پێکهێنا کە تۆرێکی دژ بە دەرهێنانی کانزاکانە و مانیفێستێکی ئیکۆفێمێنیستییان لە پەیوەندی لەگەڵ ڕزگاریی زەوی و گۆڕانکارییە کەشوهەواییەکان هەیە.
- دایکانی ئاپاڵشی لە ئەمریکا ڕاستەوخۆ دژ بە کانگای کاوی (کانگای بەردە خەڵووز) گردبوونەوەیەکی نارەزایەتییان پێکهێنا.
- لە هیندووستان جوولانەوەی Navdanya بۆ پاریزگاریکردن لە ژینگە و دروست کردنی بانکی هەڵگرتنی تۆوی ڕووەکە سروشتی و دەرمانییەکان پێک هات.
- لە باکووری هیند کاتێک کە کۆمپانیایەک پلانی بۆ بەکارهێنانی دارستانێک هەبوو، ژنانی گوندی نیزیک لەو شوێنە بە لە باوەش کردنی دارەکان، ڕێگرییان لە بڕینی دارەکان کرد.
- واندانا شیوا (Vandana Shiva) لە دژبەرانی پێداگری بەجیهانیبوون و بەکارهێنانی ئەو بەرهەمە کشتوکاڵییانەی گۆڕانکاریی ژێنێتیکییان بۆ کراوە و بە مەبەستی بەرهەمی زیاترە (Genetically madified

Grops) گـــۆڕدراون، بـــە وتەی خـــۆی ئەو دەیهەوێ دەنگی کەسانێک بێ کە دەیانهەوێ جووتیـــاران لە ژەهراوی بـــوون بە هۆی ئەو بەرهەمانەی کە دەستکاریی ژێنێتیکی کراون بپارێزن.

- لە شـــاری ســـیچوانی وڵاتی چین، ژنانی وەرزێر بـــە بووژانەوەی زانســـتی خۆماڵی بۆ پارێزگاریکردن لە خۆڵ، توانیویانە کە بەرهەم یان هەڵگری ئەو خۆڵە زیاد بکەن.
- لە شـــاری لەندەن، ژنان خۆبەخشـــانە ئەو جۆگانەیـــان چاک کردەوە کـــە ئاوەڕۆکەیان دەچێتـــەوە ســـەر چۆمی تایمز و ســـاڵەهایە کەڵکی نەرێنییان لێ وەردەگیرێ.
- گرتـــا تۆنبێـــرگ، چالاکوانـــی ژینگەییی سۆئێدی، بە هۆی چالاکییەکانی لە چوارچێوەی وشیارکردنەوەی جیهان لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو هەڕەشـــانەی کە گۆڕانکاریی کەشـــوهەوا لەســـەر مرۆڤایەتـــی هەیەتـــی و هەروەها بە پرســـیارکردن لە سیاسەتوانان لە هەمبەر بێ خەیاڵ بوونیان لە سەر پرسەکانی ئاو و هەوا، نێوبانگی دەرکردووە.

## ئێکۆفێمێنیزمی شاراوە لە کوردستان

بـــە لەبەرچاوگرتنـــی ئەوەی کە لـــە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان، ئاســـتەنگێکی زۆری کۆمەڵایەتی و یاســـایی لە ســـەر ژنان هەیە، ئاســـان نییە کە بەبێ کێشـــە باس لەســـەر جووڵانەوە گشـــتگیرەکان بە سەرپەرشـــتیی ژنان بکرێ. بەڵام چالاکییە ژینگەپارێزییەکان لە کەشـــێکی کراوەتر و بە داهێنانێکی زیاتر ڕێگەخۆشـــکەر بوون بۆ ڕۆڵ گێڕانی ژنان لەو پرسانەدا. بە شـــێوەیەک کە دەتوانین بڵێین کە ژنـــان بـــەو بەشـــداری و چالاکییانەیان لەو دوایانەدا، لە ســـەر پرســـی ژینگەدۆستی لە کوردســـتان، واتایەکـــی بەرگرییانەیان بە جووڵانەوەکان بەخشیوە.

ژنانێک کە لە خەباتی ژینگەدۆســـتییان لەتەنیشـــت هاوشـــارییەکانیان چێژیـــان وەردەگرت و هەستی شارۆمەندی پلەدووهەم بوونیان لەبیر چووبۆوە. لە کوردســـتاندا ژنان بەشـــدارییەکی بەرچاویـــان لـــە ڕێکخـــراوە ناحکوومییەکانـــدا هەیـــە. ژنانێکـــی زۆر لە کوردســـتاندا هەن کە سەرپەرەشتیی کاناڵی تلێگرامی تایبەت بە پرســـی ژینگەدۆســـتی دەکەن. لە سۆشـــیال میدیا بـــۆ پەروەردەی هەمەلایەنـــەی ژینگەدۆســـتی زۆر چالاکن. ژنانـــی کـــورد، تەنانەت هاوشـــانی پیاوان لە گرووپە شاخەوانییەکاندا بەبێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازیـــی ڕەگـــەزی، بەشـــدارییان هەیە و چالاکیـــی ژینگەدۆســـتی بەڕێـــوە دەبـــەن. ژنانـــی کورد هاوشـــانی پیـــاوان لـــە پرۆژە ژینگەدۆستییەکاندا بەشدارن و نموونەی هەرە بەرچاویان لـــەو دوایانەدا بوو کە لە بەرنامەی زاگرۆســـانەدا کە ســـاڵانە بەڕێـــوە دەچێ، بە چاندنی دەنکی بەروو و چەقاندنی ڕیشەی ئەو دارە، بەشداریی بەرینیان هەبوو.

## سەرچاوەکان


ســـاناز خـــرداد۱۳۹۲، زن و محیط زیســـت، عناصر بیگانه شـــهر، کنفرانس زن، معماری و شهر
بیژن رحمانی و بتول مجیدی، ۱۳۸۶ عوامل مؤثر بر مشارکت زنان در حفظ محیط زیســـت شهری با تاکید برنگرش اکوفمینیســـتی. فصلنامه جغرافیایی آمایش، شماره ۶،
حلیمـــه عنایت و حیدر فتحزاده، ۱۳۸۸، رویکردی نظری به مفهوم اکوفمینیسم، مطالعات جامعه شناسی، سال دوم، شماره پنجم.
Bijay Kumar Sarkar، Eco-feminism: Women and Nature، 2019، RESEARCH REVIEW International Journal of Multidisciplinary، Volume-04، Issue-04
Cary L. Klemmer1 and Kathleen A. McNamara، 2019، Deep Ecology and Ecofeminism:Social Work to Address Global Environmental Crisis. Affilia: Journal of Women and Social Work، 1-13
، Janet Biehl، 1991، Eco-feminist politics، South End Press، Cambridge (Massachusetts) Rethinking
Laila Fariha Zein and Adib Rifqi Setiawan، 2017، GENERAL OVERVIEW OF ECOFEMINISM، 10. 31219/osf. io/fmjgk
Yawer Ahmad Mir، 2019، Ecofeminism: A Brief Overview، Notions، Vol. X، No. 1، pp. 43-51، Online available at : https://anubooks. com/?page_id=5274

# فێمێنیزم و خەباتی نەتەوەیی
# هاوشان و هاوتەریب

**ڕزگار موکری**

پرسیاری سەرەکی دەتوانێ ئەوە بێ کە ئایا بزووتنەوەی کورد لە سەر بنەمای ناسیۆنالیسمی کوردی توانیویەتی فێمێنیزم وەک یەک لە دالەکانی گوتاری سیاسیی خۆی مەفسەلبەندی بکات یا بە زمانێکی ساکارتر ئایا ناسیۆنالیسم و فێمێنیزم توانیویانە وێڕای یەکتر خەباتی خۆیان بۆ سڕینەوەی ستەمە نەتەوایەتی و ڕەگەزایەتییەکان و باقیی ستەمەکانی دیکە لە ئێرانی فرە نەتەوە بەرنە پێشێ؟

## پێشەکی

فێمێنیزم وەک یەک لە ڕوانگە کۆمەڵناسی، سیاسی و فەلسەفییەکانی سەدەی نۆزدە و بیست توانیویەتی بە وێنەی بەشێک لە کەڵکەڵە هزرییەکانی کورد، لانی کەم لەو ساڵانەی دواییدا دەرکەوێ، بەڵام فێمێنیزم وەک ئیدئۆلۆژی نەبووەتە بنەمایەکی ڕوون بۆ پرسی ژنان و چەشنی چەمکێکی گرینگی پەیوەندیدار بە خەباتی نەتەوەییەوە بوونی نەبووە. دیارە وێڕای دەستپێکی خەباتی مودێرن لە سەر بنەمای حیزبایەتی، دامەزراوەکانی ژنان بۆ یەکەم جار ساز بوون و لە سەرەتای شۆڕشی نوێی ڕۆژهەڵات، ئافرەتان تێکەڵ بەو شۆڕشە بوون. ئەوە لە کاتێکدایە کە لە مەیدانی مەدەنی و خەباتی شاردا، ژنان بە شێوەیەکی ڕوونتر و بەرچاوتر وەک سووژەیەکی کارامە شوناسی خۆیان پاراست و لە قەوارەی نەریتخوازانەی بیری کۆمەڵگا هاتنە دەرێ. بەرز بوونەوەی ئاستی خوێندەواریی ئافرەتان و حزووریان لە دامەزراوە مەدەنییەکان کە بەرهەمی عەقڵی مودێرن و ڕەخنەگرانەی مرۆڤی سەردەمن، پێکهێنەری شۆڕشێکی دژ بە ئۆبژەیی مێژوویی مێیینە بوون. لەم ڕووەوە ژنی کورد ئەزموونێکی نوێ لە مافخوازی و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ چەند جۆر ستەمی تاقی کردوە؛ ستەمی چینایەتی، ستەمی نەتەوایەتی و ستەمی ڕەگەزایەتی، ئەگەرچی حزووری شۆڕشگێڕانەی ئافرەتان لە دووباڵی خەباتی شار و شاخدا بەرچاو و مانادار بووە، بەڵام جۆری پەیوەندیی ئەم تێکەڵ بوونە لە چوارچێوەی شۆڕشی فێمێنیستیدا نەبووە و بنەما تیئۆریکەکانی ئەم ئیدئۆلۆژییە کۆمەڵایەتی و سیاسییە نەپارێزراوە و شێوەی گرێ درانەوەی بە خەباتی نەتەوایەتیی کوردەوە کەم هێز بووە. لە وەها دۆخێکدا پرسیاری سەرەکی دەتوانێ ئەوە بێ کە ئایا بزووتنەوەی کورد لە سەر بنەمای ناسیۆنالیسمی کوردی توانیویەتی فێمێنیزم وەک یەک لە دالەکانی گوتاری سیاسیی خۆی مەفسەلبەندی بکات یا بە زمانێکی ساکارتر ئایا ناسیۆنالیسم و فێمێنیزم توانیویانە وێڕای یەکتر خەباتی خۆیان بۆ سڕینەوەی ستەمە نەتەوایەتی و ڕەگەزایەتییەکان و باقیی ستەمەکانی دیکە لە ئێرانی فرە نەتەوە بەرنە پێشێ؟ بۆ وەڵام دانەوە بەو پرسیارە پێویستە لێکدانەوەیەک لە سەر ئەو جۆرە لە فێمێنیزم بدەی بە دەستەوە کە توانایی ئەوەی هەیە چوارچێوەیەکی تەحلیلیی بە هێز بۆ هاوڕێیەتیی بزووتنەوەی نەتەوەیی و بزووتنەوەی ژنان، بە مەبەستی سڕینەوەی ستەمەکان پێک بێنێ و پەیوەندیی فێمێنیزمی کورد و ئێرانی، وەک ژینگەی سیاسیی ژنی کورد باس بکەین.

### سێ ڕوانگەی گشتی بۆ وەڵامی پرسیارە سەرەکییەکەی ئەم وتارە لەئارادایە؛

**یەکەم؛** ڕوانگەی گشتیی زۆریەک لە چالاکانی سیاسی و سیاسەتمەداران کە پێیان وایە کاتێک بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی لە سەر بنەمای ناسیۆنالیسم لە ئارادایە، باس کردن لە فێمێنیزم و هەر جۆرە خەباتێکی لەو چەشنە، دەتوانێ چەواشە کردنی ڕەوتی بزووتنەوەکە بێت، بۆ ئەوەی هەر جۆرە ستەمێک کۆتاییی پێ بێ، کە ستەمی ڕەگەزایەتیش یەک لەوانە، پێویستە گشت کۆمەڵگا پێکەوە و یەکگرتوانە حەول بدەن بۆ سڕینەوەی ستەمی نەتەوایەتی، کە لە ئاکامی ئەم هەرەوەزەدا سەرکەوتن ڕوودەدات و هاو کات هەموو ستەمەکانی دیکەش وێڕای ئەو ستەمە یا بە دوای ئەودا کۆتاییان پێ دێت و ستەم بە دژی ژنانیش بەرەو کۆتایی

دەڕوا. لە ڕاستیدا ئەم ڕوانگەیە لە زۆر وڵات و تەنانەت کوردستانیشدا زاڵ بووە و بزووتنەوەی ژنان، وەک بزووتنەووەی پاشکۆی نەتەوەیی چاوی لێ کراوە و هەموو شتێک بەم بڕوایەوە بەستراوەتەوە بە سەرکەوتوویی یا ناسەرکەوتوویی بزووتنەوەی نەتەوایەتی.

**دووهەم؛** دووهەم ڕوانگە ڕیشەی لە شەپۆلی دووهەمی فێمێنیزمدایە، ئەم شێوە ڕوانینە جەخت لە سەر جیاوازییەکان دەکات و بڕوای بە شوناسێکی تایبەت و جیاواز بۆ بزووتنەوە فێمێنیستییە ئێتنیکی و ڕەچەڵەکییەکان هەیە. کەواتە ناکرێ بزووتنەوەی ژنان بخرێتە چوارچێوەی بزووتنەوەی نەتەوایەتی یا ئێتنیکییەوە و حەول بدرێ لەو قەوارەیەدا شکڵ بگرێ. لە ڕاستیدا خاڵی ڕوونکەرەوەی ئەم ڕوانگەیە ئەوەیە کە ئەگەر پرسی ژنان لە قەوارە و بەستێنێکی نەتەوەییدا باس بکرێ، شوناسێکی تایبەت بە ئافرەتانی ئەم نەتەوە یا ئێتنیکەی دەبێ. لەم ڕوانگەیەوە پرسی ژنان پرسێکی تەواو جیاوازە و خەبات بۆ ئەم پرسە جیاوازە، ڕەوتێکی جیاواز دەپێوێ. وەک دیارە ئەم ڕوانگەیە ڕاست ئەودیوی ڕوانگەی یەکەمە، جیاوازیی بزووتنەوەی ژنان بە پێی بارودۆخ و تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتی، بەفەرمی دەناسێ بەڵام حەولی بۆ ساز کردنی پەیوەندییەک لە نێوان خەباتە جۆراوجۆرەکان دژ بە ستەمە چەندفاقەکان نادات.

**سێهەم؛** ڕوانگەی سێهەم لەسەر بڕوامەند بوون بە شوناسە چەندفاقەکان و تێکهەڵکێشانی گونجاوی کەڵکەڵە و داواکارییەکان دامەزراوە. لە ڕاستیدا ژن دەتوانێ هەم کەڵکەڵەی نەتەوەیی هەبێ، هەم داواکاریی فێمێنیستی و هەم ویستی چینایەتی و ... لەم ڕوانگەیەوە دەتوانرێ ئەو بڕوایە کە فێمێنیستەکان دەتوانن لە ڕەوتی نەتەوەسازی و بابەتە نەتەوەییەکاندا نەخشیان هەبێ بێتە بەر باس. ئەم ڕوانگەیە پێی وایە کە چالاکیە فێمێنیستییەکان دەتوانن هاندەر و ڕێکخەری نەتەوەخوازییش بن. نیرا یووال و فلۆیا ئانتیاس (Nira yuval Davis & Floya Anthias) پێیان وایە ئافرەتان لەو ڕێگایانەی خوارەوە بەشداریی چالاکییە نەتەوەیی و ئێتنیکییەکان دەکەن؛

نوێنەرایەتی کردنی کەمایەتییە ئێتنیکییەکان، دیاری کردنی سنووری پێکهاتە نەتەوەیی و ئێتنیکییەکان، ڕاگواستنی بایەخە کۆمەڵایەتییەکان، ڕوون کردنەوەی جیاوازییە نەتەوەیی و ئێتنیکییەکان و بەشداریی چالاکانە لە شۆڕشە نەتەوەییەکاندا، لە هەمووی ئەم چالاکیانەدا ژنان بە شێوەیەکی جیاواز لە پیاوان و بە تایبەتمەندی شوناسی ژنانەوە، لە پرۆژە نەتەوایەتی و ئێتنیکییەکاندا حوزووریان هەیە. (فریدمن، ١٣٨٢، ١٣٥). کەواتە لەم ڕوانگەیەوە پێویست نییە وەک دوو شتی جیاواز یا دژ بە یەک بڕوانرێتە ڕەگەزایەتی و شوناسی نەتەوایەتی و دەکرێ بزووتنەوە فێمێنیستییەکان هاوتەریب و هاورێی بزووتنەوە نەتەوایەتییەکان ببیندرێن.

ئەم ڕوانگەیە کە لە سەر بنەمای تێک هەڵکێشانی شوناسی چەندفاقەکان ساز بووە، پێی وایە جیاوازیی ڕەگەزی و ڕەچەڵەکی، ئێتنیکی و نەتەوەیی، دەتوانێ بەرهەمهێنی ستەم و چەوساندنەوە بێ و مرۆڤێک بە هۆی ئەوەیکە ژنە و ڕەگەز، ڕەچەڵەک، ئایین و ئێتنیکێکی جیاوازی هەیە وێڕای یەک تووشی چەوسانەوە بێت. ئەم بڕوایە لە ڕاستیدا بنەمای هزری فێمینیسمی ڕەش پێک دێنێ، جۆرێک لە فێمینیسم کە دوو شوناسی جیاوزی ژنێتی و ڕەش پێستی، هۆکاری دوو جۆر

ستەمی ڕەچەڵەکی و ڕەگەزایەتی بوون.
لەم ڕوانگەیەوە شوناسە چەندفاقەکان تایبەتمەندیی ئاسیایی، ڕەش پێست و بە گشتی ژنانی ئیتنیک و نەتەوە ڕەنگین پێستەکانە. (هەمان)

کەواتە فێمێنیزمی ڕەش دەتوانێ ئەو شێوەیە لە فێمێنیزم بێ کە یارمەتیدەرە بۆ گەیشتن بە وڵامی پرسیاری سەرەکیی ئەم وتارە، چون ئەم جۆرە لە فێمێنیزم لە بارودۆخێکی هاوشێوەی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیی گەلانی جیاوازی دنیادا کە لە ژێر ستەمە جۆراوجۆرەکاندان، دامەزراوە.

## فێمێنیزمی ڕەش

کەسانی وەک باربارا ئیسمیت، ئێدریلێرد، گلۆریا جۆزێف، گلۆریا هاڵ وئالیس واکێر حەولیان داوە بۆ خوڵقاندنی هێندێک تیئۆری کە پێداویستیی ژنانی ڕەشە بۆ خەبات لە پێناو چاک کردنی ژیانی ڕۆژانەیاندا. لە ڕاستیدا تیئۆریی فێمێنیزمی ڕەش خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ پەیوەندی لە گەڵ فێمێنیستە سپییەکان پێشکەش دەکا تا بە شێوەیەکی هەمەلایەنە لە نێو کۆمەڵگایەکی ڕەگەزپەرەستدا، دژایەتییەکانی نێوان ڕەگەز، ڕەچەڵەک و چین لێک بداتەوە.(هام و گەمبێل، ١٣٨٢، ١٣٢)

لێکدانەوەی بنەڕەتیی فێمێنیزمی ڕەش ئەوەیە کە ژنانی سپی پێست ناتوانن لە کێشەکانی پەیوەندیدار بە ستەمی ڕەچەڵەک پەرەستانە کە دەستەویەخەی ڕەش پێستەکانە بگەن. بە درێژاییی خەباتی فێمێنیستی، ئەوەی کە پتر لە هەر لایەنێک بوتە هۆی کپ کردنی دەنگی ئافرەتانی ڕەش، ژنانی فێمێنیستی سپی بوون و بایەخێکیان بۆ ئازاری ژنە ڕەنگین پێستەکان دانەناوە.(مشیرزادە، ١٣٩٠، ٤١٤) هۆکس پێی وایە هێندەی هیچ پێکهاتەیەک لە ئامریکا نکۆڵی لە شوناسی ژنانی ڕەش نەکراوە. بە دەگمەن هەڵدەکەوێ لەم کلتوورەدا وەک تاقمێکی جیاواز لە پیاوانی ڕەش یا ژنانی سپی دان بە ژنی ڕەشدا بهێنرێ. کاتێک باس لە ڕەش پێستەکان دەکرێ، مەبەست پیاوانی ڕەشە و هەر کاتێکیش باسی ئافرەتان دەکرێ ژنانی سپی مەبەستن.(هەمان، ٤١)

ئەگەرچی کەڵکەڵەی سەرەکیی فێمێنیزمی ڕەش هەر ئەو خاڵانەن کە ڕەوتی سەرەکیی فێمێنیزم لە سەری پێداگرن، بەڵام جیاوازیی ئەم جۆرە لە فێمێنیزم دەگەڕێتەوە بۆ ئەم ڕاستییە کە ژنی ڕەش لە هەر سێ لایەنی ڕەچەڵەک، ڕەگەز و چیندا لە ژێر ستەمدایە، بۆیە دەکوترێ پێداویستیی گرینگی دان بە هەموو ستەمەکان، لە تایبەتمەندییە گرینگەکانی فێمێنیزمی ڕەشە.

دیوراکینگ، بۆ باس لە دۆخی ژنانی ڕەش، کەڵک لە واتای «مەترسیی چەند لایەنە» وەردەگرێ. ئەو پێی وایە؛ ئەم ئافرەتانە لە سێ لایەنی ڕەچەڵەک، ڕەگەز و چینەوە لە ژێر ستەمدان و جۆری پەیوەندیی ئەم سێ ستەمە دەبێتە هۆی چەند قات بوونی کاریگەریی ئەم ستەمانە لە سەر ئافرەتانی ڕەش پێست.(هەمان، ٤١٧)

بە پێی ئەو ڕوانگەیە، ژنانی ڕەش نە تەنیا دەیانهەوێ پێش بە مێیینەیەکی ئۆبژە بگرن، بەڵکوو دەیانهەوێ لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و نەزمی جیهانیدا وەک سووژەیەکی ڕەش و مرۆڤێکی پلە یەک ژیان بە سەر بەرن و ڕووبەڕووی ئەم قەوارەیە بنەوە کە حەولی بە زنجیر کێشانی ڕەگەز، ڕەچەڵەک و پلەی کۆمەڵایەتیی ئەوانی هەیە. بۆیە باربارا ئیسمیت ماف زان و فێمێنیستی ڕەش دەڵێ: «واتای هاوکاتی ستەمەکان ئێستاش یەک لە دژوارترین پرسەکانی فێمێنیزمی ڕەش بۆ تێگەیشتن

له حەقیقەتی سیاسییە، کە من پێم وایە یەک لە گرینگترین بنەماکانی تیئۆریی ئیدئۆلۆژیکی ئەندیشەی فێمینیزمی ڕەشە»

لە لایەکی دیکەوە ژنانی ڕەنگین پێست کە خۆیان لە چوارچێوەی گوتاری فێمینیزمی ڕەشدا دەبیننەوە، ئەو ڕەخنەیە ئاراستەی ڕەوتی سەرەکیی فێمینیزم دەکەن کە سەرنج ناداتە چەوساندنەوەی ژنانی ڕەچەڵەک، نەتەوە و قەومێکی جیاواز، بە دەست ژنانی ڕەچەڵەک و نەتەوەیەکی دیکەوە و ئەو پرسیارە دێننە ئاراوە کە: «ئایا زانیارییەکمان لەسەر جیاوازییەکانی ژنان هەیە»؟(ڕیتزێر، ١٣٨١، ٤٩٥)

«کیمبێرلی کرێنشاو»، پسپۆڕی مافی ڕەش پێستەکان، داهێنەری واتای «ئینتێرسێکشنالیتی» یا «تیئۆریی تەلاقی»ە، لەم ڕوانگەیەوە هەلاواردن وەک ترافیکی چوارڕێیانێک وایە کە مومکینە لە هەر لایەکەوە ڕوو بدات. ئەگەر ڕووداوێک لەسەر چوارڕێیانێک ڕوو بدات، دەتوانێ کاریگەریی لە سەر هاتوچۆی ماشێنەکان لە یەک یا هەموو لایەکانەوە هەبێ. ئەگەریش ژنێکی ڕەش پێست لەم ڕووداوەدا زیانی وێ بکەوێ ئەم خەسارە ڕەنگە بە هۆی هالاواردنی ڕەگەزایەتی یا ڕەچەڵەک پەرەستانەوە بێ، بەلام کێشانەوەی ڕەسمی ڕووداوەکە کارێکی ئاسان نیە؛ زۆر کات هێڵی تورمز و ئاستی خەسارەتەکە باس لە کاریگەریی چەند هۆکار دەکەن، هەر بەم هۆیە حەول بۆ دۆزینەوەی شۆفیری تاوانبار بە ئاکام ناگات. کرێنشاو لەسەر ئەو بنەمایە جەخت دەکاتەوە کە ئافرەتانی ڕەش پێست بە هۆکاری جیاواز، دەکەونە بەر پەلاماری هەلاوردن و ستەمەوە، بەلام ناتوانرێ قامک لە سەر جۆرێک لە ستەمەکان داندرێ، بەڵکوو دەبێ بگوترێ کە سەرجەمی ئەم ستەمانە بوونەتە هۆی ئەم دۆخە.(ئیسمیت و...، ١٣٩٣، ٤٠-٣٩)

کەواتە تیئۆریی ئینتێرسێکشنالیتی بۆ کاریگەریی ستەمەکان لە سەر کەسایەتیی ئافرەتی ڕەش پێست و نەزەریەی ستەمە چەندفاقەکان و شوناسە چەندفاقەکان کە باسی سەرەکیی شەپۆلی سێهەمی فێمینیزمن، دەتوانن ئەم بنەما تیئۆریە بدەن بە دەست هەر توێژەرێک لە نەتەوە، ڕەچەڵەک، ئایین، چین و شوناسێکی جیاواز لەو کۆمەڵگایانەی کە بزووتنەوەی ژنان و ڕەوتە مافخوازە نەتەوەتی، ڕەچەڵەکی و ئیتنیکییەکان لە ئارادان.

## فێمینیزمی ئێرانی و پرسی ژنی کورد لەم فێمینیزمەدا

کورد لە ڕۆژهەلات بە پێی ئەوەیکە لە چوارچێوەی سیاسیی ئێراندایە، وێڕای ئەم کۆمەڵگایە دەستەویەخەی گەلێک قەیران و کێشەیە کە هەر کام بنەمای جۆرێک ناتەواوی و لە ئاکامدا ستەمیان پێکهێناوە. کەلێنی ئایینی، ستەمی ئایینی؛ کەلێنی نەتەوەیی، ستەمی نەتەوەیی؛ کەلێنی چینایەتی، ستەمی چینایەتی؛ کەلێنی ڕەگەزایەتی، ستەمی ڕەگەزایەتی و لە کۆتاییدا قەوارەیەکی کۆمەلایەتیی گەشەنەسەندوو کە دەستەویەخەی چەندایەتیی پێکهاتەییە(تعدد ساختاری)؛ بە شێوەیەک کە هاوکات کە دامەزراوە مۆدێرنەکان هەن، پاشماوەکانی پێکهاتە نەریتییەکانیش جێگیرن و بوونەتە هۆی ئەو دۆخەی ئێستا کۆمەڵگای ئێرانی تێدایە و واتایەکی جیاواز لە هەموو کۆمەڵگاکانیان داوە بە کەلێنی سوننەت و مۆدێرنیتە. کۆمەڵگایەک کە نەیتوانیوە خۆی لە گەڵ ڕەوتە جیهانییە نوێیەکان هاورێ بکات و کاریگەریی مۆدێرنیتە لەسەر دەزگای حقووقی، کلتووری و سیاسییشدا مانادار نیە، بەلام مۆدێرنیسم تەنانەت لە ژووری نووستنی

تاکەکانــی کۆمەڵگادا لــە جموجۆڵدایە و ئەم کۆمەڵگایەی تووشــی مۆدێرنیســمی (کژدیســە) کردووە، جۆرێک لە گۆڕان کە نە تەنیا نەبووەتە هۆی لێک گرێ دانەوەی دامەزراوە کۆمەلایەتی، سیاسی، کلتووری و حقووقیی ئەم کۆمەڵگایە لە سەر بنەمای عەقڵیەتێکی سەردەمیانە و گونجاو، بەڵکوو چین و جیاوازییەکانی ســەرجەم پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی بەرداوەتــە گیانی یەکتر و دەربازبــوون لە هەر کام لەو کێشــە و ناتەباییانە پێویستی بە خەباتێکی جیاواز و لێــک گرێدراو هەیــە، خەباتێک کە بە شــێوەیەکی هاوشێوە، پێویســتە هەموو جومگــە و جیاوازییەکانــی ئــەم قەوارە جوغرافیاییە بگرێتەوە. کۆمەڵگایەک کە لە پتر لە سەد ساڵ لەوەپێشەوە بۆ گەیشتن بە ئازادی و بەرابــەری خەبات دەکا و بە نــوێ بوونــەوەی بنەما هــزری و بە پێی گەشــەی ئابووری و گۆڕانی کەرەسەکانی بەرهەمهێنان لە هێندێک قۆناغدا خەباتی چینی ناوینش لە ئارادا بووە، خەباتێک کە دەتوانێ هانــدەری ژنان وەک چینی تازە وەئاگاهاتووی ئەم کۆمەڵگایە بێ.

ســەرەڕای ئەم ناتەواوی و کێشــانەی کۆمەڵگای ئێران، ئاســتەنگەکانی بەردەم فێمێنیزمی ئێرانی و جۆری پێکهاتنەکەی دەتوانن ئەم سێ خاڵە بن:

**یەکەم:** ئیستبدادی سیاسی کە بووەتە هۆی ســاز کردنی بەربەســت لە بەردەم چالاکیی فێمێنیزمی ئێرانی و ئیزن نەدان بۆ کار کردن بە شێوەیەکی ئازاد و بەربڵاو.

**دووهەم:** جەهلی گشتی و پێکهاتەی باوک ســالاری کۆمەڵگا کە ئیزن بە ساز بوونی بەســتێنێکی گونجــاو بۆ چالاکیی فێمێنیستی نادات.

**ســێهەم:** کۆچی گشتیی بەشێکی زۆر لە ئافرەتانــی چالاک بۆ دەرەوەی وڵات و ساز بوونی دوو ژینگەی جیاوازی چالاکیی ژنان کە ئاکامەکەی لێک تێنەگەیشــتنی ئەو دوو بەشــە و ساز نەبوونی یەکانگیری بە هــۆی دووری و جیوازیی بەســتێنی چالاکییەوە.(درویش پوور، ١٣٩١، ئینتێرنێت)

بــە لەبەرچاوگرتنــی ئەم خەســارانە فێمێنیزمــی ئێرانــی لــە بەســتێنی کۆمەلایەتیی ئێراندا ژیــاوە و توانیویەتی لە هێندێک قۆناغدا دەســتکەوتی گشتی لە پێناو وشیار کردنەوەی ژنی ئێرانیدا بە دەســت بێنێ، بەڵام هەر وەک لە درێژەدا دەبینیــن هیچ یەک لــە قۆناغەکانی ئەم فێمێنیزمــە نەیتوانیوە پەیوەندیی لە گەڵ ژنــی پێکهاتە جیاوازەکانــی ئێراندا هەبێ یا کەڵکەڵەی ئەم بەشــە لە ئافرەتان ببێتە بابەتی ئــەم فێمێنیزمە. وەک گرینگترین خەســاری فێمێنیزمی ئێرانی، پێویســتە ئامــاژە بەوە بکرێ کە فێمێنیزم لە ئێراندا قــەت نەیتوانیــوە قەوارەیەکــی نەزەری و تیئۆرییــک بۆخۆی دەســتەبەر بکات و حەولی فێمێنیستی تەنیا لە چوارچێوەی بزووتنەوەکاندا، بێ تیئۆری ماوەتەوە. دیارە هێندێک نووسراوە و وتار لە پەیوەندی لە گەڵ فێمێنیزمی ئیســلامی و جۆرەکانی فێمێنیزم بڵاو بوونەتەوە بەڵام ئەم حەولانە نەیانتوانیوە چوارچێوەیەکی نەزەریی باوەڕ پێکراو و بەهێز بن بۆ فێمێنیزمی ئێرانی.

پێنج بەرە لە پێنــج قۆناغی جیاوازدا بــۆ فێمێنیزمی ئێرانی بــاس دەکرێ کە هــاوکات لە گەڵ بــاس کردنی ئەم پێنج دەورەیــە پەیوەندییەکانی لە گەڵ بابەتی فێمێنیزمی کورد دەخەینە بەر باس.

**بــەرەی یەکــەم:** یەکــەم بــەرەی فێمێنیســتەکان ئافرەتانــی بەشــدار لە بزووتنەوەی مەشــرووتە لە ســەرەتاکانی ســەدەی بیســتەمدا بــوون کــە بێجگە لــە ویســتی ســەربەخۆیی، داواکارییــە سەرەکییەکانیان بریتی بوو لە؛ داواکاریی مافــی دەنــگ دان و گرفتەکانــی ژنان

له نێو بنەماڵە و بە فەرمی ناسینی مافی خوێندنی ئافرەتان لە نێو نیزامی پەروەردەدا. ئەم بەرەیە لە سەرەتاکانی وروووژاندنی باسی مەشرووتەخوازییەوە سەریان هەڵدا و تا بە دەسەڵات گەیشتنی ڕەزا شا بۆ ماوەی سێ دەیە حەولیان دا. لەم قۆناغەدا چالاکیی ئافرەتان، بۆ گەیشتن بە هێندێک ویست و داواکارییە دیار و تایبەت بوو، بۆیە دەکرێ بڵێین بزووتنەوەی ئەم نەوەیە بزووتنەوەیەکی «داواکاری تەوەر» بووە.(ئەحمەدی خوراسانی، ١٣٨٦، ٥١) لەم قۆناغەدا وەک لە خوێندنەوە و سەرنجدان بە جۆری تێکۆشانەکانیاندا دەردەکەوێ لە بنەمادا هیچ پەیوەندییەک لە نێوان ئەم بەرەیەی فێمێنیزمی ئێرانی و ژنی کورد و باقیی پێکهاتەکان لە ئارادا نیە، دیارە لەو سەردەمەدا کورد لە دوو سەنگەردا خۆی دەدیتەوە، تاقمێک کە سەر بە سەرۆک عەشیرەتەکانی باکوور و نێوەڕاستی کوردستان بوون بە هۆی ئەوەیکە مەشرووتە دەتوانێ ئەم پێکهاتە کۆمەڵایەتییەی ئەوان تێک بدات و بە زیانیان دەبێ دژایەتیی مەشرووتەیان دەکرد، بەڵام لە لایەکی دیکەوە چینی شاری و مامناوەندی کوردستان و بەشێک لە باشووری کوردستانی ڕۆژهەڵات هاوڕێ و هاوپەیمانی مەشرووتە بوون، کە بە لەبەرچاوگرتنی ئەم هاوڕێیەتیە، چاوەڕوان دەکرێ پردێک لە نێوان ئەم بەرەیەی فێمێنیستەکانی ئێرانی و کوردەکان بکرێتەوە یا بابەتی ژنی کورد وەک بەشێک لە ژنانی ئەسیری نەریتی پیاو سالارانەی ئەم بەشەی ئێران لە بەرنامەکانیاندا بگونجێ، کە ئەو شتە لەو قۆناغەدا نابیندرێ.

**بەرەی دووهەم:** ئەم بەرەیە لە سەردەمی سەقامگیر بوونی دەسەڵاتی ڕەزاشادا سەریان هەڵدا. لەو کاتەدا «نوێخوازی» ببوە ئیدئۆلۆژیی حکوومەتی دەسەڵاتی ڕەزاشا و بەشێک لە ویستەکانی ژنان لەم چوارچێوەیەدا جێی دەبۆوە. لە ڕاستیدا «مۆدێرنیزم» و «نوێخوازی» پێش بە دەسەڵات گەیشتنی ڕەزا شا وەک شێوە و ستایلێک لە ژیان لە لایەن ژنانەوە چاوی لێ دەکرا، بەڵام کە ئەم واتایانە بوونە ئیدئۆلۆژیی حکوومەتیی ئەم نیزامە نوێیە، لە نێوان فێمێنیستەکاندا کە لە قۆناغی پێشتردا یەکگرتوویی بوونی هەبوو، لێک ترازان ڕوویدا، بەشێکیان پەسیو بوون و لە مەیدان چوونە دەرێ، بەشێکیان لە چوارچێوەی گوتاری دەسەڵاتدا درێژەیان بە چالاکی دا و بەشێکی دیکە وەک ڕەخنەگرانی ئەم جۆرە لە مۆدێرنیزمی داسەپێندراو، تێکەڵ بە جەریانە سیاسییەکانی ئەو سەردەم بە تایبەت لە ساڵەکانی ١٣٢٠تا ١٣٣٢ بوون.(هەمان، ٥٢) لەم سەردەمەدا مۆدێرنیسم و گوتاری ناسیۆنالیستی ڕەزا شا نە تەنیا نەیدەتوانی هیچ بەهرەیەک بە کورد بگەیەنێ بەڵکوو حەول بۆ هاوشێوەسازیی ئێران و ئاسیمیلە کردنی پێکهاتە جیاوازەکانی ئەم وڵاتە لە سەر بنەمای ناسیۆنالیسمی قەومی کەوناراخوازی ڕەزاشا، ستەمێکی سازماندراو و نوێی بەسەر کورد و ژنی کورددا سەپاند. کە ئەوە دەیتوانی بۆخۆی بەردی بناغەی پەیوەندیی فێمێنیزمی فارس، بە تایبەت ڕەخنەگرانی باڵە حکوومەتییەکە لەگەڵ ژنی کورد ساز بکات، کەچی هیچ نیشانەیەک بۆ هاوکاری یا کەڵکەڵەی فێمێنیزمی فارس یا جەریانە سیاسییەکان بە نیسبەت ژنانی کوردەوە نابیندرێ. ئەگەرچی هەر لەم سەردەمەدایە کە کۆماری کوردستان و یەکەمین ڕێکخراوەی ژنانی کورد دادەمەزرێ و پاشانیش لە نێوان حیزبی دێموکرات و حیزبی توودەدا پەیوەندیەکی

باشــی هاوکاری شــکڵ دەگــرێ بەڵام هەرگیز ئــەوەش نابێتــە دەلاقەیەک بۆ هاتنە ژووریی پرســی ژنی کــورد بۆ نێو بەرنامەی توودە، وەک نیوەی کوردستانی ژێر دەســتە، کە ئێستا بە بۆنەی ڕوانگەی نوێخوازانەی دەسەڵاتی پەهلەویەوە تووشی ســتەمێکی دیکەش بووە. ئەم ســەردەمە کە ســەرەتای ژیانی سیاســیی کورد لە چوارچێوەی گوتارێکی مۆدێرن و لە سەر بنەمای حیزبایەتیدا بوو، توانیی هەنگاوی یەکەم بۆ باس کردن لە پرســی ئافرەتان هەڵبهێندرێتــەوە بــەڵام ئەوە بــە مانای شــکڵ گرتنی گوتاری فێمێنیزمی کورد بۆ ســڕینەوەی ستەمی ڕەگەزایەتی نەبوو، بەڵکوو ئەو حەولە لە قەوارەی بزووتنەوەی نەتەوایەتی و دژ بەو ستەمەدا بوو.

**بەرەی ســێهەم؛** بە هــۆی بارودۆخی کۆمەڵایەتیی ســەردەمی محەممەدڕەزا شا، لە دەیــەی ٤٠ی هەتاوییەوە بزووتنەوەی ژنــان بە ناچاری بە دوو ڕەوتی گشــتیدا دابەش بوو. بەشێکیان پێداگرییان لە سەر گۆڕینی هێندێک یاسای دژی ژن لە ڕێی پێکهاتــە حکوومەتییەکان و لە ئاســتی نێونەتەوەییەوە کرد. بەشــەکەی دیکە بە مەبەســتی گەیشتن بە ژیانێکی عادڵانەتر بۆ خۆیان (خۆیەک کە زۆر جەخت لە سەر شوناســە ژنانەکەی نەکرابــوو بەڵام دیارە هێندێک نیگەرانی لە ئارادابوو) تێکەڵ بە ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئەو سەردەم بوون بۆ ڕووخاندنی ســەرجەم ئەو دەســەڵاتە سیاسییە. شــێوەی چالاکیی بزووتنەوەی ئەم بەرەیە «ئیدئۆلۆژی تەوەر» بوو. لە بری ویســت و داواکارییە جیاوازەکانی خۆیان، ئیدۆلۆژییە جۆراوجۆرەکان، بوونە ناوەندی چالاکیــی ئەم ژنانــە. هەر بــەم هۆکارە بەربەرەکانێ و تەنانەت دژایەتییش کەوتە نێو ژنانی چالاکەوە و بزووتنەوەی ئافرەتان لەم ســەردەمەدا تووشی دابڕان لە ویستە سەرەکییەکانی خۆی بە بۆنەی تێکەڵ بون بە ئیدئۆلۆژییە سیاسییەکانەوە بوو.(هەمان)

دیارە وەک دەبینین ئەم قۆناغە سەردەمی شــکڵ گرتنی بزووتنەوە سیاســییەکانی ئێرانە بــە دژی حکوومەتــی پەهلەوی و بە پێــی جیاوازیی حیــزب و لایەنەکان، جیاوازی لە نێوان گوتاری فێمێنیســتیی ئافرەتانــی ئێــران پێکدێ و لــە لایەکی دیکەشــەوە فێمێنیزمــی حکوومەتییش درێژە بە ژیانی خۆی دەدا. لەو سەردەمەدا کوردســتانیش تووشــی گۆڕانکارییەکی پتر بە نیســبەت دەورەی ڕەزا شا دەبێ و جیلێکی نــوێ لە خوێندکارانی ژنی کورد دێنە گۆڕەپانــی کۆمەڵایەتییەوە و دەبنە ئەو هێزەی کە دواتر تێکەڵ بە شۆڕشــی ســاڵی ٥٧ دەبن. لەو سەردەمەشدا هیچ نیشــانەیەک لە کەڵکەڵــەی فێمێنیزمی ئێرانی بە هەر دوو باڵی حکوومەتی و دژی حکوومەتییەوە نابیندرێ، بەڵام بەرنامەی نوێــی پەروەردەی دەســەڵات توانیویەتی گۆڕانکارییەک لە قــەوارەی کۆمەڵایەتیی کوردستان و ژنانی کورددا پێک بێنێ کە ئەوە هــەم لە باری فیکرییــەوە ڕوویدا و هەم لە باری ڕواڵەت و ستایلی ژیانی ژنی کوردەوە، بە تایبــەت چینی ماماناوەندی شــار. بەڵام ئــەوە نەیتوانــی ببێتە هۆی ئەوەیکە بزووتنەوەی ســەربەخۆی ژنانی کورد پێک بێ یا ببێتە هۆی پەیوەندیەکی ئۆرگانیک لە گەڵ ڕەوتی ئافرەتانی ناوەند. دیــارە ڕەنگە تاک و تــەرا هەبووبێ ژنی کورد خــۆی لەو بازنەیــەدا وەک تاکێک دیبێتەوە بەڵام کێشــەی ســتەمی چەند قاتی ژنانە لە ژنی کوردی ژێر هێژموونیی دەســەڵاتی پیاوســالارانە و حکوومەتــی پاشــایەتی لــە لایەک و مــەودای زۆری چینایەتیی نێوان ژنی ماماناوەندی شــاری و لادێیی نەبــووە هەوێنی بزووتنەوەیەکی تایبەت بە ئافرەتان و تەنانەت بزووتنەوەی

نەتەوەییش نەیتوانی پرسی ژن وەک یەک لە دالـە گرینگەکانی گوتاری سیاسـیی خۆی بخاتە بەرنامەوە.

**بەرەی چوارەم؛** ئەو فێمێنیستانە لە خۆ دەگرێ کە دوای شۆڕش و بە تایبەت دوای شەڕ، بە هێنانە گۆڕێی پرسی ژنان و بابەتە تیئۆریکەکانی پەیوەندیدار بە فێمێنیزمەوە، بە شێوەیەکی بەربلاو لە کۆمەڵگادا دەستیان کردەوە بە چالاکی. «شوناسخوازی» بنەمای چالاکیی ئەم قۆناغە بوو. فێمینیسم وەک شـێوە ڕوانینێکی سەربەخۆ لەم دەورەیەدا پێـک هات، «شوناسـخوازی» لە ژێر ناوی «فێمێنیزمی سوسیالیسـتی»، «فێمێنیزمی لیبـراڵ»، «فێمێنیزمـی ئیسـلامی» و سـنوورەکانی نێوان ئەوانە بە مەبەسـتی پێکهاتنـی «شوناسـە سـەربەخۆکان» هاتـە مەیدانـی چالاکییـەوە. بـە هۆی ئەوەیکە لـەو دەورەیەدا فێمێنیسـتەکان هەڵگری قورسـاییی گرفتەکانی پاش دوو قەیرانی شـۆڕش و شـەڕ بوون، بە دووی دۆزینەوەی شوناسـێکی سەربەخۆوە بوون تـا سـەربەخۆیی خۆیان لـە ڕەوتەکانی دیکـە ڕابگەیەنـن. هەڵبەت بەشـێک لە بەشدارانی ئەم سـەردەمەی بزووتنەوەی فێمێنیسـتی، کەسـانێک بوون کە پێیان وابـوو دوای شـۆڕش کلاویـان چووەتە سـەر و نە تەنیا دەسـتکەوتێکیان نەبووە بەڵکـوو پاشەکشـەیەکیش ڕووی داوە، بۆیـە بـە دووی دیتنەوەی شوناشـێکی تایبەتەوە بوون.(همان، ٥٣) لە ڕاسـتیدا ئەم قۆناغە گرینگترین سەردەمی بزووتنەوەی مافخوازیی گەلی کـورد لە خۆی دەگرێ کـە بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئەم گەلەدا، ژن وەک سـووژەیەک بـە دوای ئارمان و ویستە نیشـتمانییەکانیدا دەچێ و خەبات بۆ گەیشتن بە مافی نەتەوەیی، بەشێک لە سـووژەییی ئەو وەک مرۆڤێکی سەربەخۆ پێکدێنـێ، دیـارە لەو سەردەمەشـدا نە حیـزب و ڕێکخـراوە نەتەوەییـەکان نە جەریانـە مارکسیسـتەکان کە شـەپۆلی دووهەمـی فێمێنیزمی جیهانـی پێی لە تیئۆرییەکانـی ئەواندایە، نەیانتوانی بابەتی ژن وەک چەمکێکـی سـەربەخۆ بخەنـە گوتاری سیاسـیی ڕێکخـراوە و خەباتی خۆیانەوە و ژن وەک بەشێک لە پێکهاتەی ئـەوان چ ڕەوتـی چـەپ و چ نەتەوەیی حوزووری هەبوو، بەڵام ئافرەتی کورد وەک نیـوەی کۆمەڵگای ژێر سـتەمی کوردی بەرەنگاری ستەمی نەتەوایەتی و چینایەتی ببۆوە و لەو ڕێگایەوە حەولی سـڕینەوەی ستەمی ڕەگەزایەتیی دەدا، بەڵام ئێستاش لـە ڕوانگەیەکـی پیاوانە و لـە قەوارەی بزووتنەوەی نەتەوایەتیدا. لە وەها دۆخێکدا کە ژنی کـورد بە خۆئاگاییەکی مێژوویی لـە قەیرانەکانی دەورووبەری گەیشـتبوو، فێمێنیزمـی ئێرانی نـە تەنیا حەولی نەدا بۆ وەسـڵ کردنەوەی شوناسـی ئافرەتی کورد بەو شوناسە لێ ون بووەی کە دوای شـۆڕش و شـەڕ بە دوایدا دەچوو، بەڵکوو دیسان پرسی ژنی کورد وەک بەشێک لە کۆمەڵگای ئێرانی دواکەوتوو، کە تووشـی سێ و بگرە زیاتری ستەمی کۆمەلایەتییە، کەوتـە پەراوێزەوە. ئەو فێمێنیزمە نە تەنیا پێی لە واقعیی کۆمەڵگای ئێراندا نەبوو کە کوردستانیش بەشێکی ئەو واقعییەتە بوو، بەڵکـوو بە دابەزاندنی پرسـی ژنی ئێرانی تەنیا بە پرسـی چینی ماماوەندی فارسی ئێران، لە ڕەوتی سـەرەکیی فێمێنیزم لە وڵاتانـی چەند پێکهاتەیـی دوورکەوتەوە، دوورکەوتنەوەیـەک کـە خەسـارەکەی دەبێ بە ئاسـتی دوورکەوتنەوەی کورد و باقیی نەتەوەکانی دیکە لە ناوەند مەزەندە بکرێ. ئەم قۆناغە بۆ ژنی کورد گرینگترین سەردەمە، چون یەکەم ئەزموونی بەشداریی ڕاستەوخۆ لە بزووتنەوەی نەتەوایەتیدا ڕوو دەدا و ئەوەش لە سەر خۆئاگاییەکی نوێیە

کە ئەم ئافرەتانە پێی گەیشتوون، دیارە بابەتی ژن لە حیزبە شۆڕشگێڕەکانیشدا هاتۆتە بەر باس و وەک پرسێک لێی ڕوانراوە بەڵام هەر وەک باس کرا هەرگیز ژن لە ڕوانگەی ژنانەوە بۆ چارەسەری پرسەکانی خۆی و پرسی نەتەوەیی نەچوو، بەڵکوو ئەوە لە ڕوانگەی پیاوێکی شۆڕشگێڕی کوردی نەتەوەییەوە ڕوویدا و ڕوانگەی ژنی شۆڕشگێڕی کوردی ناو ئەو حیزبانە و دەرەوەی ئەو بازنەیەش هەر پیاوانە بوو.

**بەرەی پێنجەم؛** ئەم بەرەیە کە بە لایەنگرانی «کەمپەینی یەک میلیۆن واژۆ» پێناسە دەکرێن، بە ڕاگەیاندنی ویستەکانیان لە چوارچێوەی ئەم کەمپەینە و کاری هاوشێوە لە گۆڕەپانی گشتیی کۆمەڵگادا دەرکەوتوون. چەشنی دایەگەورەکانیان لە سەردەمی مەشرووتەدا بەرەیەکی «داواکاری تەوەر»ن، ئەگەر بەرەی سێهەم بەرەیەکی «ئیدئۆلۆژی تەوەر» و بەرەی چوارەم جیلێکی «شوناس تەوەر» بوون، لە بەرەی پێنجەمدا دیسان لەگەڵ نەوەیەکی «داواکاری تەوەر» ڕوووبەڕوووین. ئەگەرچی داواکاریی بەرەی یەکەم بە پەیڕەوی لە بارودۆخی جیهانی و بە شێوەیەکی نائاگایانە ڕوویدا، بەڵام لەم سەردەمەدا بە هۆی دۆخی نوێی ژیانی ژنان و تیئۆرییە فێمێنیستییەکان، ئەم داواکارییانە لە ئارادان. ئاراستەی پتری هزری بەرەی پێنجەم ئیدۆلۆژیک نیە و سیاسەتی ژیانی خۆی لە بارودۆخی عەینیی ژیانی ڕۆژانەدا دەبینێتەوە و دوور لە دەسەڵات و پێکهاتەکانی، خەریکی ئەکتی سیاسی و کۆمەڵایەتیە. ئەم بەرەیە لە لایەکەوە ئەزموونی هەشت ساڵی دەورانی ڕیفۆرمی هەیە و لە لایەکی دیکەوە ڕۆڵەی سەردەمی ئینتێرنێت و ماهوارەیە و ناتوانێ لەو قەوارە ئیدئۆلۆژیکییەی پێشوودا بمێنێتەوە.(هەمان، ٥٥-٥٣).

ئەگەرچی ئەم بەرەیە لە فێمێنیزمی ئێرانی سەربەخۆتر لە جیلەکانی دیکە سەری هەڵداوە و پتر لە هەموویان دەرکەوتەی کۆمەڵایەتیی هەیە و لێکەوتەکانی دیار و بەرچاون، بەڵام جگە لە مافێک کە بۆ ئیرادەی شارستانییەکان (لە چوارچێوەی تێئۆریی مرکز-پیرامون) لە بەرانبەر ناوەندا ڕەچاو کراوە ئەویش لە بەشێک لە کتێبی «بزووتنەوەی یەک میلیۆن واژۆ ڕەوایەتێک لە نێوەوە»، وەک بنەمای تێۆریکی ئەم کەمپەینە و بە گشتی ئەم بەرەیە، هیچ شتێک بە قازانجی کورد و پێکهاتە جیاوازەکانی ئێران بەدی ناکرێ. دیارە ئەم بەرەیە بە دروشمی واقعبینی هاتۆتە مەیدانەوە بەڵام ئەم ڕوانینە ئێستاش نەیتوانیوە کورد و ژنی کورد وەک بەشێک لەم واقعییەتەی ژنانی ئێران قەبووڵ بکات. ئەم بەرەیە کە تا ئێستاش درێژەی هەیە کەوتۆتە دەورانێکەوە کە ئیدی ژنی کورد نە تەنیا ئەزموونی خەباتی شۆڕشگێڕانەی شاخی هەیە، بەڵکوو لە مەیدانی مەدەنی و وەک بەشێک لە ژنی کۆمەڵگای جیهانی حزووری بووە و دەریخستووە کە دەتوانێ سووژەیی خۆی بە دونیا و کۆمەڵگای ئێران بسەلمێنێ و پێناسەیەکی نوێ لە ژنی کورد، وەک ژنێک کە شوناسێکی چەندفاقی هەیە و لە ژێر کاریگەریی ئەو چەندفاقیەتییەدا و ستەمە چەند لایەنەیەدا کە بە سەریدا ڕەوا دەدرێ، بوونی هەبێ. تەنانەت لە وەها دۆخێکدا فێمێنیزمی ئێرانی نەیویستووە یا نەیتوانیوە ئەم سووژە تازە وە خۆئاگا هاتووە ببینێ و کەڵکەڵەکانی خۆی لە سەر بەشێک لەم واقعییەتەی کۆمەڵگای ئێران کە کورد بەشێکی گرینگێتی دامەزرێنێ.

## فێمێنیزمی ڕەش و چوارچێوەیەک بۆ فێمێنیزمی کورد

کورد یەک لەو پێکهاتانەی کۆمەڵگای

ئێرانه کە چەند جیاوازیی لە گەڵ ناوەند هەیە کە بوونەتە هۆی ئەوەیکە وەک نەتەوەیەک بە شوناسی چەندفاقەوە لێی بڕوانرێ، دیارە ئەگەر کورد خاوەن کیان و دەوڵەتێکی سەربەخۆ و تایبەت بوایە، ئەم جیاوازییانە نەیدەتوانی ببێتە هۆکارێک هاوشێوەی ئەوەی ئێستا بۆ کورد لە چوارچێوەی وڵاتە فرە پێکهاتەکاندا لە ئارادایە. بە پێی ئەم ڕاستییە کورد وەک ڕەش پێستەکان لە نێو وڵاتە سپی پێستەکاندا کە چەند شوناسی جیاوازیان هەیە، چەند شوناسی جیاوازی لە نێو کۆمەڵگای ئێراندا هەیە. دیارە جۆری فێمێنیزمی ڕەش، بۆ نارەزایەتی بەرانبەر بە ڕەوتی سەرەکیی فێمێنیزم سەری هەڵدا، جۆرێک لە بزووتنەوەی ژنان کە هەڵقوڵاوی دۆخی تایبەتی خۆیان بوو، فێمێنیزمی ڕەش بە پێی ئەوەی کە لەسەر بنەمای چەندفاقە بوونی شوناس و ستەمی چەند لایەنە دامەزراوە، دەتوانێ بنەمایەکی باش بێ بۆ فێمێنیزمی کورد. ئەوە لە حاڵێکدا دەکوترێ کە بە لێکدانەوەی پتر لە سەد ساڵ تەمەنی فێمێنیزمی ئێرانی، هیچ خاڵێک بەدی ناکرێ کە ئافرەتانی کورد، خۆی تێدا ببیننەوە و لە بنەمادا ئەم فێمێنیزمە، کەڵکەڵەی ئەم پێکهاتەیەی ئێران بەو شوناسە تایبەتەوەی نییە. فێمێنیزمی ئێرانی وەک فێمێنیزمی نەتەوەی سەردەست نە تەنیا حەولی ئەوەی نەبووە بۆ پرسی ژنی کورد کە لە ژێر باری ستەمی ڕەگەزایەتی، نەتەوایەتی و چینایەتیدایە بەرنامەیەکی هەبێ، بەڵکوو بە دابەزاندنی پرسی ژنی ئێرانی تەنیا بە ژنی فارسی چینی مام ناوەندی شار، بۆتە هۆی پەراوێز کەوتنی پرسی ژنی کورد و بۆخۆی وەک داپڵۆسێنەری ئەوان ڕۆڵی گێڕاوە. کەواتە ئافرەتی کورد لە چوارڕێیانی ستەمە جۆراوجۆرەکاندا گیرۆدەی ئینتێرسێکشناڵیتیەکی تایبەتە کە لە هەر چوار لاوە تووشی چەوساندنەوەیە و ئاستی کاریگەریی ئەم ستەمانە لەسەر ڕەوانی ژنی کورد چەند قاتە و ئەم ترافیکە کە بەرهەمی ستەمی هەمەلایەنەیە، لە ئەگەری تێکەڵ بوون بە ڕەوتی سەرەکیی فێمێنیزمی ئێرانیشدا چارەسەر ناکرێت، بەڵکوو بۆ دەرباز بوون لەم بارودۆخە و سەرکەوتن بەسەر ئەو ستەمە چەند فاقەیەدا، پێویستە جۆرێک لە فێمێنیزم سەرهەڵبدا کە ئەم تایبەتمەندیانەی هەبێ:

**یەکەم؛** گوتاری ئەم فێمێنیزمە دەبێ لە پلەی یەکەمدا ڕووبەڕووی کۆمەڵگای باوک سالاری خۆی بێت و حەول بدا بۆ شکاندنی ئەو داب و نەریتانەی کە ژن لەوێدا ئۆبژەیەکی دەست و باڵ بەستراوە و بەردەوام لە ژێر قەزاوەتی ئەم نەریتانەدایە.

**دووهەم؛** ئەم فێمێنیزمە دەبێ گوتاری خۆی لە چوارچێوەی شکاندنی یاسا پاشکەوتووەکانی دەسەلاتی زاڵی ناوەند مەفسەلبەندی بکات و حەول بدات بۆ دەرباز بوون لەو یاسایانەی کە فێمێنیزمی ناوەندیش ڕووبەڕووی وەستاوە، لێرەدا لە گەڵ فێمێنیزمی ناوەند لە یەک سەنگەردا دەتوانن یەک بکەون.

**سێهەم؛** فێمێنیزمی کوردی لە قەوارەی چینی مامناوەند و بالادەستی کۆمەڵگا بێتە دەرێ و چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردی بە تایبەت چینی ژێر دەستی ئەم کۆمەڵگایەش بخاتە ژێر چەتری خۆیەوە، چون بەشێکی ئەم خەباتە بۆ ڕزگار بوون لە ستەمی چینایەتییە.

**چوارەم؛** فێمێنیزمی کوردی پێویستە هێژمۆنی فێمێنیزمی ناوەند بشکێنێ و وەک کۆمەڵگایەکی چەند شوناسی بە شوناسی تایبەتی خۆیەوە بەرگری لە ماف و ویستەکانی خۆی بکات و وەک ژنی کورد بە ڕوانگەیەکی ژنانە و کوردانەوە

پێناسەی فێمێنیزمی سەردەم بکات.

**پێنجەم؛** فێمێنیزمی کورد ئەگەرچی وەک بەشێکی بزووتنەوەی نەتەوەییی ماف خوازانەی کورد، دەبێ لە مەیداندا بێ، بەڵام بەو مانایە نییە خەبات بۆ مافی خۆی وەک ئافرەتێکی ژێر چەپۆک، پاشکۆی ئەم بزووتنەوەیە بێ، بەڵکوو هاوکات و هاورێ لە سەر ویستە حقوقی، کۆمەڵایەتی و ئینسانییەکانی خۆی ڕاوەستێ و بزووتنەوە فێمێنیستییەکەی گرێدراو و هاوکات لە گەڵ بزووتنەوەی نەتەوەیی دژ بە ستەمی نەتەوەیی بێ.

**شەشەم؛** لە ڕاستیدا ڕوانین بۆ قەیرانەکان، لێکدانەوەی قەیرانەکان، دۆزینەوەی ڕێگا چارە بۆ چارەسەری قەیرانەکان، دەبێ لە چاوێکی ژنانەوە بێ و ئەو فێمێنیزمە لە سەر عەقڵییەتی ژنانە بە هەموو تایبەتمەندییەکانیەوە دابمەزرێ بۆ سڕینەوەی ئەم چەند جۆرە ستەمەی کە لەسەریەتی.

ئەوە ڕوانگەی فێمێنیزمی ڕەش یا لە ڕاستیدا فێمێنیزمی پێکهاتەکان بە شوناسی چەندفاقەوەیە کە دەتوانێ بۆ فێمێنیزمی کورد وەک پێکهاتەیەکی فرە شوناس بەکەڵک بێ.

## ئاکام

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم دۆخەی کە ئێستا بزووتنەوەی کورد لە سەر دەستی جەریانە نەتەوەییەکان تێیدایە و ئەو ڕەوتەی ژنی کورد وەک تاکێک لە کۆمەڵگای ژێر ستەمی ئێراندا لەگەڵی ڕووبەڕوویە، شتێک بە نێوی بزووتنەوی ئافرەتانی کورد لە چوارچێوەی فێمێنیزم و تیئۆرییە فێمێنیستییەکان لە ئارادا نییە. دیارە ئافرەتی کورد ڕێگایەکی دوور و درێژی پێواوە تا وەک سووژەیەک دژ بە ئۆبژەییی مێژوویی خۆی سەرهەڵبدا و لە مەیدانی خەباتی شۆڕشگێرانە و مەدەنیدا سەربەخۆییی خۆی بسەلمێنێ.

بەڵام لەم ڕێیەدا نە کۆمەڵگای کوردی و نە بزووتنەوە نەتەوەییەکەی بەو ڕادەیە لە گەشەسەندوویی نەگەیشتبوو کە ژن لەویدا بەشێک لەو ڕەوتە نەبێ، بەڵکوو شوناسێکی جیاوازی هەبێ و بە ڕوانگەیەکی ژنانە و تەحلیلی ژنانە و وەڵامی ژنانەوە بۆ پرسەکانی کۆمەڵگاکەی بچێ. ئەگەر ژن دەبێ بوونی کاریگەری لەو بزووتنەوەیەدا هەبێ، پێویستە وەک کاراکتەرێکی سەربەخۆی ژنانە و لە ڕوانگەی ژنانەوە دژ بە ستەمە جۆراوجۆرەکان و بەتایبەت ستەمی نەتەوایەتی ڕابوەستێ. هەڵبەت جیا کردنەوەی ئەم دوو شتە لە یەک و قایل بوونی ئەم ڕۆڵە سەربەخۆیە لە سەر دەروونناسیی ژنانە بۆ ئافرەتان کارێکی دژوارە، وەک باربارا ئیسمیت دەڵێ: «واتای هاوکاتی ستەمەکان ئێستاش یەک لە دژوارترین پرسەکانی فێمێنیزمی ڕەش بۆ تێگەیشتن لە حەقیقەتی سیاسییە، کە من پێم وایە یەک لە گرینگترین بنەماکانی تیئۆریی ئیدئۆلۆژیکی ئەندێشەی فێمێنیزمی ڕەشە».

## سەرچاوەکان


-احمدی خراسانی، نوشین. جنبش یک میلیون امضا روایتی از درون. ۱۳۸۶، تهران.

-اسمیت، شارون و امین حصوری و نیما کوشیار. فمنیسم سیاه. ۱۳۹۳، بی جا، انتشارات پروسه

-درویش پور، مهرداد. فمینیسم در ایران و چالش های پیش رو. ۱۳۹۱، اینترنت;(radiofarda.com)

-ریتزر، جرج. نظریه های جامه شناسی در دوران معاصر. ترجمه ی محسن ثلاثی. ۱۳۸۱، تهران، انتشارات علمی.

-فریدمن، جرج. فمینیسم. ترجمه ی نوشین احمدی خراسانی و دیگران. ۱۳۸۳، تهران، توسعه.

-مگی، هام و سارا گمبل. فرهنگ نظریه های فمنیستی. ترجمه ی فیروزه ی مهاجر، نوشسین احمدی خراسانی و فرخ قره داغی، ۱۳۸۲، تهران، نشر چشمه.

-مشیرزاده، حمیرا. از جنبش تا نظریه ی اجتماعی: تاریخ دو قرن فمنیسم. ۱۳۹۰، تهران نشر و پژوهش شیرازه.

# «فێمینیزمی سروشت بڕوا و سروشتی ژنانە»
# لە ئوستوورەوە بۆ ژیانی مودێڕن

**ڕابوون کوردستانی**

لە دونیای ئەوڕۆدا، بە دوو هۆکار گەڕانەوە بۆ سەر ئەو باسە پێویستە کە لە ڕابردووی دووردا چۆنیان لە ژن ڕوانیوە و جودا لەوە پێگە و جێگەی ژن لە کۆمەڵگادا چۆن بووە. لە لایەکی دیکەوە، ئەوەش گرینگە کە بەراوەردی ئەو ڕابردووە دوورە لە گەڵ ئێستا بکەین و بزانین ئێستا سیستەمە سیاسی و کۆمەڵایەتییە سەپاوەکان، چۆن بۆ ژن دەڕوانن و چالاکانی ئەو بوارە ئاسۆیەکی کە دیارییان کردووە کامەیە.

## پوختەی بابەت

لە توێژینەوەکانی ئێستادا، دەکرێ ئاوڕ لە دەقە کەوناراکان بدرێتەوە بۆ ئەوەی بتوانین هێندێک یاسا و ڕێسایان لێ بدۆزینەوە کە بۆ شیکاریی ژیانی ئێستای مرۆڤ لەبار بن. لە لایەکی دیکەوە هەر ئەو دەقانە لە زۆر بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییشدا، بۆ شیکردنەوەی دۆخی ئێستا و خوێندنەوەیەکی بەراوەردکارانە دەکرێ کەڵکیان لێ وەربگیرێ. لەو دەقەدا حەول دراوە ئاوڕێک لە ئوستوورەی «گیلگەمێش» بدرێتەوە. ئەو لایەنە لەو ئوستوورەیە بخرێتە بەر باس کە پەیوەندیی بە دەسەڵات و ژن و سروشتەوە هەیە. لە ئاکامدا جێگە و پێگەی ژنان لە ئوستوورەکەدا دەستنیشان کراوە و ڕادەی کاریگەرێتیی ئەوان لە دەسەڵاتی سیاسی و کولتووریدا خراوەتە بەرباس. لە لایەکی دیکەوە باس لە سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ئیکۆفێمێنیستی یان فێمێنیستی ژینگەبڕوا کراوە. لەو ڕوانگەیەشدا پەیوەندیی ژن و سروشت و دەسەڵاتی پیاوانە خراوەتە بەرباس و وەک پێک گرتنیش خاڵە هاوبەشەکانی ئیکۆفێمێنیزم و ئوستوورەی گیلگەمێش لە بابەت ڕوانگە و جێگە و پێگەی ژنەوە خراونەتە بەر باس.

## وشە سەرەکییەکان

ئیکۆفێمێنیزم، فێمینیزمی ژینگەبڕوا، دەسەڵاتی پیاوانە، دەسەڵات بەسەر جەستەدا، چەوساندنەوە، سروشت، چارەنووسی هاوبەش، گیلگەمێش

ئەو نووسینە دەیهەوێ بۆ باسی یەکێک لە کەڵکەڵەکانی دونیای مودێرن و دوامودێرن، بە دوای خاڵێکی دەستپێکدا بگەڕێ. بەو هۆیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئوستوورەکانی کەونارا. ڕەنگە هێندێک پرسیار بورووژێن. بۆ وێنە مەگەر دەکرێ ئێستا لە سەر بنیاتی ڕابردوو بژێنینەوە؟ ئایا ئەو ڕابردووە هەرە دووره، ڕادەگوێزرێتە ئێستا یان ئەو سەردەم وەک خوازەیەک دەبینین و ئێستای لەگەڵ بەراوەرد دەکەین و دەچینە بنج و بناوانییەوە بۆ ئەوەی بیرۆکەیەکی نوێی لە ناخەوە هەڵێنجین.

دۆزینەوەی ڕۆڵی ژن لە جیهانی ئێستادا چ پەیوەندیی بە ڕابردووەوە هەیە؟ مەگەر بەردەوام و بە درێژایی مێژوو دۆخی ژن لە خراپییەوە بەرەو باشی نەچووە؟

دیارە وڵامی لۆژیکی و چاوەڕوانکراو بۆ ئەو پرسیارە ئەوەیە کە دیارە بە پێی پێشکەوتنی دونیا و مرۆڤ و کۆمەڵگا، دۆخی ژن لە خراپییەوە بەرەو باشتر بوون چووە و ئێستا بۆ هاوشێوەیی و هاوسەنگی لەگەڵ پیاوان لە کەشێکی جودا دەگەڕێ.

پرسیاری دیکە ئەوەیە ئایا ژن لە ئێستادا، توانیویە لە کام بواردا هاوسان و هاوسەنگی پیاو بێ؟ دوابەدوای ئەوەش دەکرێ پرسیار بکرێ ئایا ژنان لە ڕاستیدا دەبێ هاوسەنگی پیاوان بن یان دەبێ سەنگ و کێشانە و پێوانەی خۆیان هەبێ؟ ئەگەر وڵام ئەرێیە، ئەو بوارانەی ژن دەتوانێ لەویدا بە ڕەبەی خۆی بپێوی و ئەسپی خۆی تاودا کامانەن»؟

ئەو باسەش خوێنەر بەرەو نادیارێکی دی دەبا؛ ئایا ژنان سروشتێکی جیاوازیان هەیە؟ بە هەر دوو باری ئەرێ و نادا. ئەی ئەو ڕەگەزە کە لانیکەم لە ئێستادا کێشەکانی لەسەر زۆر مێزی کێشە و وتوێژ و ململانێدا دێنە ئاراوە، چ پەیوەندییەکی لە گەڵ وێرانکاری و ئاوەدان کردنەوەی سروشت هەیە؟ سروشتی ژن و سروشت لە کوێ سنووریان لێک دەگەڕێتەوە و تا کوێ ئاوێتەی یەکن؟

□

دوا بە دوای ئەو پۆلە پرسیارە کە پێویستە وڵامی هێندێکیان بە دروستی دەست بخەین و بە پێی وڵامی ئەوان بەشێکی دیکەیان ئیتر پێویستیان بە وڵام نامێنێ، لە یەکێک لە

کۆنترین دەقەکانی بە جێماو لە مرۆڤ واتە دەقی «گیلگەمێش»ەوە دەست پێ دەکەین.

لە سوالەتی یەکەمی گیلگەمێشدا ئاوا نووسراوە:

گیلگەمێش ئەویندار بۆ لای گراوییەکەی خۆی ڕێ نادا. ناهێڵێ کچی گەورە پیاو بگاتە دەست پاڵەوان ... ئەوان دادی خۆیان دەبەنە بەر دەرگای خودایانی ئاسمان و خودایانی ئورووکی پیرۆز و هاوار و لیللا دەکەن:

«ئێوە کەڵەگای وەحشیتان ئافراند. هەروەها شێری باڵدارتان ئافراند؛ خواوەندگارمان گیلگەمێش لە هەمووان بە تواناترە، لێ هاوسەرێنێکی بۆ نادۆزرێتەوە. ئەو جووتی خۆی وەدەست ناخا. دەسەلاتی بەسەرماندا لە تاقەت و تواناییماندا ناگونجێ. ناهێڵێ هیچ ئەویندارێک گراوییەکەی خۆی لە ئامێز وەربهێنێ و ئیزن نادا کچی پیاوی بە هێز و گورد، بگاتە دەستی مێردی خۆی.»(شاملو: ١٣٩۴:٢٢۶)

لە سەرەتای ئەو چیرۆکەدا، دەسەڵاتێک لە کەسایەتیی گیلگەمێش وێنا کراوە کە توانایییەکی لەرادەبەدەری بۆ کۆنترۆڵی هەرچەشنە جووڵە و پەیوەندییەکی جومگەکانی کۆمەڵگا هەیە. تەنانەت خۆی لە پەیوەندییە تاکە کەکەسییەکان هەڵدەقورتێنێ و کۆمەڵگای شاری ئورووک کە خەریکە بنیات دەنرێ بە دەستییەوە وەزاڵە دێن. بە دەست سیستەمێکی هەمووشت ویست و تۆتالیتێر، بە دژی کەسێکی «شا-خوا-چەوسێنەر» کە تەنانەت ژن و مێردان لێک دەکا و ئارەزووی بۆ دەسەلاتی زێدەتر پاراو نابێ. ئەو باسەش لەوەرا دەردەکەوێ کە سەرەرای هەموو ئەوانە، بەردەوام دووپات دەبێتەوە کە «لێ هاوسەرێنێکی بۆ نادۆزرێتەوە» و چێژی دەسەڵات و دونیای بەو هەموو زەبروزەنگەوە، هەر ئۆخژن ناخاتە دڵ و دەروونی.

لە بەرانبەر ئەو «پیاوە» کە یەک لەسەر سێی لەش و لاری مرۆڤ و دوو لە سەر سێی خودا بوو، (هەمان سەرچاوە: ٢٢۶) لە سیستەمی خودایانەی ئوستوورەییدا، چ ڕێگایەک بۆ داگەرانی گیلگەمێش بەرەو خەڵکی و هێور بوونەوە خراوەتە ڕوو؟ ئەو سیستەمە ئەوەندی پەیوەندیی بە ئاسمانانەوە هەیە، ئایا هەمووی دەسەلاتی پیاوانەیە یان ژنیش ڕۆڵێکی تێدا بینیوە؟ لە لایەکی دیکەوە ئەی لەسەر زەمین مرۆڤی ژێر دەست و هاوڕێ و هاوشانی ئەو خوا-مرۆیە، چ ڕۆڵێکی هەبووە؟ ئەگەر هەیبووە، ڕەگەزی مێیینە لە کوێی ئەو شانۆیەی بەر لە مێژوویەدا ڕۆڵی دراوەتێ و کام بەشی چیرۆکەکەی پێ ئەسپێردراوە. ئایا ئەو ڕۆڵانە هەمان ئەو ڕۆڵانەن کە ماوەیەکی دوور و درێژ لە دونیای مودێرندا، وەک هێندێ ڕۆڵی لاوەکی و پەراوێزی و بۆ لەکۆڵ خۆ کردنەوە بە ژنان بەخشران؟ واتە ئایا خستنە پەراوێزی ژنان، لە شانۆکانی ژیانی مودێرندا، لە ڕوانینە ئوستورەیییەکان بە میرات وەرگیراوە و لەسەر هەمان تەورە و بستە مرۆڤی مۆدێرن ژنی دیوە و لەگەڵی دواوە و ژیاوە؟

لە ئوستوورەی گۆرینەدا «ئەنو»؛ خودای ئاسمانەکان، ناڵە و سکاڵای خەڵک دەبیستێ و «ئەروورو» ژن-خودای پەیکەرتاش ڕادەسپێرێ بەڵکوو پەیکەرێک داتاشێ و ڕۆحی وەبەر بێنێ. ئافەریدەیەکی وا کە ڕۆژێ خۆی بتوانێ لەگەڵ گیلگەمێش ڕقەبەری بکا و بەو شێوەیە لە دەسەلات و هەمووتشتخوازیی گیلگەمێش کەم بێتەوە و تەبایی و هێمنی بۆ ئورووک بگەڕێتەوە.

«ئەروورو»ش دەستەکانی خۆی دەشوا و هێندێک گڵە سوورە هەڵدەگرێ و بە ئاوی دەمی «خودا-دایک»انەی خۆی تەڕی دەکا و «ئینکیدۆ»ی لێ بەدی دێنێ.

لە سەرەتای کێشەکەوە ژن-خوداکان دەبنە داڵدەی لێقەوماوان و تەنانەت مشوورخۆری خودای ئاسمان. ئەوە ئەوانن بە ئاوی پیرۆزی دەمیان پەیکەرێک دادەتاشن و ڕۆحی وەبەر دێنن، بۆ ئەوەی لە دەسەلاتی

ڕەهای گیلگەمێش کەم بکەنەوە.
ئینکیدۆ، کە ئەرووروو ئافراندوویەتی، پاڵەوانێکە لەگەڵ بوونەوەرانی وەحشی دەژی و تێکەڵ بە ژیانی شاری نەبووە. پێویستە کەوی بکرێ. ڕێگاچارەیەک کە دەبیندرێتەوە بۆ کەوی کردنی و بۆ ئەوەی بیهێننە شاری، هەتا دواتر لە توانای کەڵک وەرگیرێ و دەسەڵاتی خودای شاری ئوورووکی پێ کەم بکرێتەوە، ڕێگایەکە کە هەموو کەس شارەزای نییە، دەنا پێشتر ڕەچاویان دەکرد. ئەی دەبێ کێ ئەو ڕێگایە بدۆزێتەوە و ئەو گرێیە بە دەست و بیری کێ دەکرێتەوە. لێرەشدا دیسان دەبێ پەنا بەرنە بەر «ئیشتەر» خوا-ژنی ئەوین. ئەو ژنێکیان دەداتێ کە ڕەگەڵیان کەوێ و ئینکیدۆ پێمل کا، بۆ ئەوەی ڕوو لە شار کا و خەڵکی لە دەسەڵاتی ڕەهای شا-خوا ڕزگار کا.
لە کۆتاییدا ئینکیدۆ ئاوا لەگەڵ ژنی ڕاسپێردراوی ئیشتەر دەدوێ:
ئەی جووتی خۆم! هەستە و بمبە بۆ ماڵی پیرۆزی ئەنۆ و ئیشتەر. بۆ ئەو شوێنەی گیلگەمێشی پاڵەوان لێی نیشتەجێیە؛ ئەو شوێنەی کە ئەو کەڵەگا وەحشییە بەسەر مرۆڤەکاندا زاڵە... دەمهەوێ بانگی کەم بۆ شەڕ و تێکهەڵچوون. (هەمان ٢٣٢)
لە لایەکی دیکەوە دەبێ بیر لەوە بکەینەوە؛ ئەی گیلگەمێش ئاگای لەوە نییە خەریکە لە بەرانبەر دەسەڵاتی ڕەهای ئەو، چ دەقەومێ؟ ئایا ئەو نازانێ بە یارمەتیی خواژن و ژنەکانی پەرستگای پیرۆز، خەریکە بەردی بناخەی دەسەڵاتی دەردەهێندرێ و شوورە و وارشی دەسەڵاتی لێ بنکۆڵ دەکرێ؟
داڕێژەری ئوستوورەی گیلگەمێش وریایانە بیری بۆ ئەو بوارەش کردووەتەوە. وا دەکا گیلگەمێش خەونێک ببینێ. خەونەکە ئاڵۆزە و هەواڵێکی ترسێنەری بۆ خوا-شای ئووروووک تێدایە:
«پۆلی ئەستێرانم دیتن، لە ئاسمان بوون و لەپڕدا وەک شەڕکەرانی درەوشاوە بەسەرمدا بارین. دوایە دیتم ئەو سپایە خۆ لە پیاوێک زیاتر نییە و ئەوەندەی توانیم حەولم دا تا لەعەرزی جیاکەمەوە و هەڵی بهێنم، هێند قورس بوو بۆم هەڵنەهات، گشت مەردمی شاری ئووروووک دەیانڕوانی. جەماوەری ئووروک کڕنۆشیان بۆ دەبرد و لاقەکانیان ڕادەمووسی...»
ئەگەر لەولا ڕاوێژکار و هاوکاری خودای ئاسمان «ئەروروو»بوو، ئەی لێرە ڕاویژکاری گیلگەمێش کێیە و کێ ڕێی ڕاستی پێشان دەدا و گرێپووچکەی دەوڵەتداری و پاشایەتیی بۆ دەکاتەوە. «ری ڕەشت».
ری ڕەشت، خاتوونی دایک و ژنی بە ڕازی خەون ئاشنا، ئاوای خەونەکە بۆ لێ دەداتەوە:
تەعبیری خەونت ئاوایە: پاڵەوانێک دێ بە شان و باهۆ، کە هێزی هێندەی سپایەکی شەڕکەرە، بانگت دەکا هەتاکوو مل لەبەر ملی یەکتر بنێن. دەستی تۆ لەسەرو دەستی ئەوە. دەی ئەو خۆ داوێتە سەر لاقم و منیش بە منداڵی قەبووڵی دەکەم و ئەو دەبێتە برای ئەتۆ. ئیتر لە شەڕ و کێشەدا ئەو دەبێتە پشتیوانت. (هەمان: ٢٣۴)
ری ڕەشت؛ خوای دایک بناخەی برایەتییەک دادەنێ کە دواتر ئەوی لە ئوستوورەی گیلگەمێشدا دەیخوێنینەوە هەموو ئاکامی ئەو بناخەیە کە «خاتوونی دایک» ری ڕەشت دایمەزارند. بە جێگای ململانێ و دەوامەی شەڕ و ڕێ خۆش کرن بۆ شەڕ و وێران بوونی ئوورووک و شاری بنیات نراوی نوێ، ری ڕەشت، گەلاڵەیەکی دانا کە نەتەنیا هێزەکان لە گژ یەک ڕۆ نەیەن، بەڵکوو یەک بگرن و هەموو گەلاڵەکانی دواتریان لە بەرژەوەندیی مرۆڤ و شاری ئورووکدا خۆ بگرێ و بچێتە سەر. ئەوان «خوم بەبە» یان «هوم بەبە» نیگابانی دارستانی سێدر، کە پێی لە بەرەی خۆی زیاتر ڕاکێشاوە و هەر کەسی دەست کەوێ دەیکوژێ و ئافرێنراوێکی ترسێنەرە و دوژمنی خوداکان و خەڵکە، لە

خوین دەگەوزێنن(هەمان: ٢٣٨)

سەرەڕای ئەوەی گیلگەمێش و ئینکیدۆ پێکەوە دەبنە هاورێ و شان بە شانی یەک تا دوا هەناسە دەژین، بەڵام سەر بە دوو واری جودا بوون. «یەکیان لە شار لە دایک بووە و وێرای مرۆڤەکان پەروەردە کراوە و ئەوی دیکەیان لە دارستان و لە نێو جرۆجانەوەراندا. گیلگەمێش هێما و نومادی کولتوورە و ئینکیدۆ هێمای سروشت. سەرەتا تێکهەڵدەچن و پاشان پێکەوە دەسازێن و وێک هەڵدەکەن. جەختی چیرۆکەکە لەسەر سەرکەوتنی گیلگەمێش یان کولتوور بەسەر ئینکیدۆ واتە سروشتە. بەڵام لە شەڕی کولتوور و سروشتدا، کولتوور بۆ سەرکەوتن بەشێک لە سروشت تێک دەدا و بە بێ سروشتیش کولتوور مەحکووم بە مردنە..(دەستەی نووسەران: گیلگەمێش: ١٣٩٦)

لەو شیکارییەدا، بەو ئاکامە دەگەین کە گیلگەمێش وەک نوێنەری شار و کولتووری تازە، ئەگەر بە یارمەتیی ئینکیدۆ نوێنەری سروشت و جیهانی دەست بۆ نەبراو نەبا، نەیدەتوانی نە ژیانی شار درێژە پێ بدا و نە لە تەختی شەڕەنگێزی خوایەتی و دەسەڵاتی دەهاتە خوارێ. ئەوە ئافراوی ژن-خوای پەیکەرتاش و عاشقی ژنی پەرستگەی ئیشتار بوو، ڕێگایەکی دیکەی خستنە بەر دەم شا-خوای ئوورووک. شار و سروشت و مرۆڤ و ئاژەڵ لێک نزیک بوونەوە و لێک نەسڵەمێنەوە. بە هەموویان ژیانێکی نوێیان بەدیهێنا کە بەرژەوەندیی گشتیی تێدا بوو. بەڵام چالاکانی ئەو سیستەمە نوێیە کێ بوون. ئایا تەنیا بە هێزی پیاوانەی دوو پاڵەوان یەک لە دەشت و یەکیش لە شار ئەو سیستەمە نوێیە دادەڕێژرا؟ وڵام -نا-یە. چون ئەگەر ئەو ویستە لە گۆڕیدا بووبایە، پێشتر شا-خوا حەولی بۆ دەدا. ئەگەر ئینکیدۆ هزری ئەوەی بووبا خۆی پلانێکی بۆ دادەڕشت. ئەوان هێز و توانایان بووە و ئەوەی کۆی ئەو هێز و توانایانەی بۆ بەرژەوەندیی مرۆڤ و سروشت دەکار کردووە و ڕێکی خستووە، تەنیا نابەستریتەوە بە هێزی پیاوانەی پاڵەوانەکان.

هێزێکی دیکە لە کۆی ئەو چیرۆکە ئوستورەییەدا هەیە کە کەمتر ئاوڕی لێ دراوەتەوە. هێزێکی شاراوە و کارا. هێزێکی کاریگەر لە سەر مرۆڤ و سروشت و تەنانەت خوداکانیش. ئەویش هێزی ژنە.

ژن لەو چیرۆکەدا، لە دوو بواردا دەردەکەوێ. یەکەم ئەوانەی خۆیان خودای مێیینەن. وەک ژن-خوا ناویان دێ. دووەم ئەوانەی نوێنەری خوداکانی ئاسمانن لە سەر زەوی و نیگابانی بەشێک لە کاروباری ئەو جیهانە، بەوان سپێردراوە. وەک «سی دووری سابیت» کە نیگابانی داری ژیانە. سێهەم ئەوانەی ژنی ئاسایی و زانان، وەک ری ڕەشت، دایکی گیلگەمێش، دیارە زۆر کەسایەتیی ژنی دیش هەن لە چیرۆکەکەدا کە لە چوارچێوەی شیکاریی ئێمەدا ناگونجێن.

ئەو سێ تاقمەی ژنان لە ئوستوورەکەدا، زەمینە بۆ کۆی ڕووداوەکان دەچنن، بەڕێوەیان دەبەن و لە ئاکامەکانی، هەموو خەڵک ئاگادار و بەهرەمەند دەبن.

ئەگەر پێچەوانەی ئەوە ڕوویدابا و ئەو هێزانە تەنیا لە پاوانی پیاواندا بان، لە حاڵەتی یەکەمدا گیلگەمێش درێژەی بە هەمووشتخوازیی خۆی دەدا و هەموو خەڵکی ئوورووکی لە ناو دەبرد و ماڵوێرانی دەکردن. پاش ئافرانی ئینکیدۆ، ئەگەر ژنی ڕاسپێردراوی ئیشتار نەچووبا لای و فێری ئەوینی نەکردبا و ڕێگای ژیانی نیشان نەدابا، ڕووی لە شار نەدەکرد و دۆخی ژیان هەر وەک حاڵەتی یەکەم دەمایەوە.

پاش ئەوەی ئینکیدۆ ڕوو دەکاتە شار و ڕووبەڕووی خوا-شا دەبێتەوە، ئەگەر ری ڕەشت خاتوونی دایک نەبووبایە، یەکیەتییەک بۆ ژیان و ژیانەوەی ئوورووک و مرۆڤ پێک نەدەهات و زۆر بابەتی دیکەش کە بە پێی پێویست لە درێژەی باسەکەدا ئاوڕی وێدەدەین.

ئێستا بزانین پارسەنگی هێز لەو

ئوســـتوورەیەدا، لەبەرژەوەندیـــی کێیە. ئەگەر هێزەکان بەســـەر دوو واردا دابـەش بکرێن، ژمـــاری ئەو هێز و لایەنانـــەی خاوەن توانایی یـــان تایبەتمەندیـــی ژنانەن، لەگـــەڵ هێزی بەرانبەریـــان کە خاوەن ویســـت و توانایی و تایبەتمەندیی پیاوانەن، لەهاوسەنگیدان. دیارە دەستنیشان کردنی ئەوەی کە کام لایەن زیاتر ڕۆڵی هەبووە و پشکی زیاتری وەبەر دەکەوێ، دژوارە و بڕیاری کۆتایی دان لەسەر ئەو بابەتە، نـــە دەگونجێ و نە کۆدەنگیی لەســـەر ســـاز دەبێ. چون هەر کەسەو لە گۆشە نیگایەکەوە ڕووداوەکان و ئـــەو واتایانـــەی ڕووداوەکان دەیخولقێنـــن دەخوێنێتـــەوە. جـــا بۆیە هەر نووســـەرێک دەتوانـــێ بە پێـــی هەڵبژاردنی ئاراستەیەکی جودا، قورساییی هێز بە لایەکدا بشـــکێنێتەوە. ئەوەی لێرەدا جەختی لەســـەر دەکرێ، بوونی هێزی ژنانەی کاریگەر لەگەڵ هێزی پیاوانەیە و بەهیچ چەشـــنێک بە دوای یەکلاکردنەوە و دابەشکردنی هێز بۆ یەکجاری نین.

چ ژمـــاری ژنانـــی ئامـــادە لـــە پانتـــای ئوستوورەکەدا و چ ئەو ئەرکانەی ڕایدەپەڕێنن و چ کاریگەریـــی کردەیان لەســـەر داهاتووی چیرۆکەکە، نیشاندەری زۆر ئاماژەی گرینگن، کە تەنانەت لە دونیای ئێستاشدا کۆمەڵگاکان دەستیان ویێ ڕانەگەیشتووە.

لە لایەکەوە ئەگەر هێزەکان بەســـەر ســـێ هەرێمی ئاســـمان و زەوی و ژێرزەویدا دابەش کراوە، لە هەر ســـێ هەرێمی دەســـەڵاتەکە، هێـــزی هەر دوو ڕەگەز ئامادەیی و چالاکییان هەیە. لە خودای خوداکانەوە کە لە ئاسمانە، تا ئـــەو خودایانەی کە هەر کام بەشـــێک لە کاروبـــاری هەســـتییان پـــێ ســـپێردراوە، و دەســـەڵاتی هاوبەشـــی خوداکان. بـــە دەیان ژن-خودا بە دەســـەڵاتی کەم وێنەوە بوونیان هەیە و ڕاست لەو ئوســـتوورەیەدا یەکێک لە کۆڵەکـــەکان، ژن-خوای پەیکەرتاشـــییە کە دواتر باسی دەکەین.

هەرێمی زەمینیش مرۆڤ-خودای لێیە و لایەکی باسی ئەو نووسینە، کێشە و تەبایی و ناتەباییی ئەو دەســـەڵاتانەیە کە ئەو خودایانە هەیانە.

هەرێمی ژێر زەوی کە چەند دەســـەڵاتی لێیە و سەرۆکی هەمووان «لیلیس» ژن-خوای تاریکییە.

ئەو پوختەیەی خرایە ڕوو باسێکی تەسەل هەڵدەگـــرێ و پرســـیار دێنێتە گـــۆڕێ. ئایا بەرانبەری لەو دابەشـــکرانی هێزانەدا لە نێوان هێزی ژنانە و پیاوانەدا، بە تەواوی ڕەچاو کراوە. ئایا لە باری بایەخییەوە هێندێک لە هێزەکان نەرێنی نین و بە ژنان بەخشراون. هەر دووکی ئەو پرســـیارانە ئەگەر بە مەنتیقی ئەورۆ وڵام بدرێنـــەوە، دەکرێ بڵێین بە ئاکامی باش ناگا. شـــیکردنەوەی بواری دەســـەڵاتی خودایانی کەونـــارا، خـــۆی توێژینەوەی تێروتەســـەلی دەوێ. ئەوەی ئێمـــە بە دوایەوەین ئەوەیە کە لە جیهانی ئێســـتادا، ژنان لـــە زۆر ماف هەر بێبەریـــن و ســـاکارترینیان مافی دەســـەڵات بەسەر جەســـتەی خۆیان و منداڵ بوون یان نەبوون و پۆشـــاک و ... کەچی لەوسەردەمدا ژنان شـــەریکی دەســـەڵاتداریتیی هەســـتی، لەهەموو هەرێمەکانیدا بوون.

لە لایەکی دیکەوە ئوستوورەی گیلگەمێش شـــتی دیکەشـــمان پێ دەڵێ، ئەویش ئەوەیە ئەگەر ئوستوورە، گێڕانەوەی سەرەتای ئافرانە، لەوێدا کام سەرەتا دەبینین. یەکەم سەرەتای ئافرانی شـــارە. پێکهاتنی ئورووک و ناسـراني لەبەرانبەر شـــێوە ژیانێکی دیکە. ســـەرەتای ئافرانـــی هێزی سروشـــت بـــە نوێنەرایەتیی ئینکیدۆ. سەرەتای شەڕی سروشت و شار و ...

لە شیکاریی ئەو ئوستوورەیەدا ئاماژە بەوە کراوە کە شـــا-خوای ئورووک، نوێنەری شـــار و بیناتنەری شـــێوەژیانێکی بەکۆمەڵە. شـــێوە ژیانـــی بەکۆمەڵ، داب و ڕەســـمی خۆی لێ دەکەوێتەوە. خورد و خۆراک، شێوەی قسە و شەڕ و خۆشی و ناخۆشی؛ کە هەموویان یاسا

و ڕێســای تایبەت بە خۆیان بــۆ دادەڕێژرێ. کــۆی ئەوانــەش کولتوور بــەدی دێنن. واتە گیلگەمێش نوێنەری شارە. شار مەکۆی ژیانی بەکۆمەڵە. ژیانی بەکۆمەڵ پێویستی بە یاسا و ڕێسا و شێوەی ژین و هەڵسوکەوت و ... هەیە، ئەوانەش کولتوور بەدی دێنن.

لــە چیرۆکەکــەدا بــاس لەوە کــرا کە گیلگەمێش هەموو جووڵە و کردەیەک لە شاردا کۆنترۆڵ دەکا و دەسەڵاتێکی تۆتالیتێری هەیە. واتە سەرەتای تۆتالیتاریسمیشە. وەزاڵە هاتنی خەڵک و پــلان دانان بــۆ دژایەتیکردنی ئەو دەسەڵاتە ڕەهایە، ئایا سەرەتایەک بۆ لەدایک بوونــی جووڵــەی مەدەنی دژ بە دەســەڵات نییە. هــەرکام لەو بابەتانە دەکرێ تەســەلتر لەســەری لەنگەر بگیرێ؛ بەڵام ئەوەی لێرەدا جەختی لەسەر دەکەمەوە ئەوەیە کە لەئاکامدا نوێنەری شــار و کولتوور و دەســەڵاتی ڕەها، هێزی دژبەری بۆ ساز دەبێ. هێزێک کە هەم بەشێکی زۆری دەســەڵاتی لێ دەستێنێتەوە و هــەم ڕووی لە ئاســمانەوە بــەرەو زەوی و سروشت و خەڵک وەردەگێڕێ.

ئەو لایەنانەی ئەو هێزە پێکدێنن ئەوانەن؛ خەڵکــی نارازیی شــار لە دەســەڵاتی ڕەها، نوێنەر و ڕاوێژکاری خودای ئاســمانەکان؛ کە ژن خودای پەیکەرتاشییە، ژن خودای ئەوین ئیشــتار، نوێنەری ئیشتار؛ ژنێکی خزمەتکاری پەرســتگەی ئەوین ، «ڕی ڕەشــت» خاتوونی دایکــی ئورووک و لــە ئاکامــدا لەبەر یەک وەســتانی گیلگەمێش، نوێنــەری کولتوور و ئینکیــدۆ نوێنــەری سروشــت و هەموو ئەو هێزە نارازییانە و ســەرەنجام ئاشت بوونەوەی سروشت و کولتوور و ژیانێکی نوێ.

پرســیار ئەوەیە ئەگەر ئــەو هێزە ژنانەیە، ڕەوتی بزووتنــەوەی ئیعترازیی بەدەســتەوە نەگرتبا، پشتیوانیی نەکردبا، پلانی بۆ دانەنابا، هێزی بێ سنوور و بەستێنی گیلگەمێش، چیی بەسەر خەڵی ئورووک دێنا. دووەم ئەوەی کە ئەگەر ڕی ڕەشت حەولی ئاشتەواییی سروشت و نوێنەرەکــەی (ئینکیــدۆ) و گیلگەمێش و کولتــووری نەدابا، لــە کێشــەی ئەوانەدا چ کارەســاتگەلێک دەقەوما. هــەر بۆیە دەکرێ بگوترێ بە پێی گێڕانەوەی ئوســتوورەییی ئەو چیرۆکە، ڕۆڵی کاریگەری ژنان بوو کە ژیانێکی نوێی نووسییەوە.

□

لــە دونیای ئەورۆدا، بە دوو هــۆکار گەڕانەوە بۆ ســەر ئەو باسە پێویســتە کە لە ڕابردووی دووردا چۆنیــان لە ژن ڕوانیــوە و جودا لەوە پێگــە و جێگەی ژن لــە کۆمەڵــگادا چۆن بووە. لــە لایەکی دیکەوە، ئەوەش گرینگە کە بەراوەردی ئەو ڕابردووە دوورە لە گەڵ ئیســتا بکەین و بزانین ئێســتا سیســتەمە سیاسی و کۆمەڵایەتییە سەپاوەکان، چۆن بۆ ژن دەڕوانن و چالاکانی ئەو بوارە ئاســۆیەکی کە دیارییان کردووە کامەیە.

پێویســت نییە لەو نووسینەدا بە شێوەی باو، ئاوڕ لە ڕەگ و ڕەچەڵەکی ئەو بزووتنەوەیە بدەمەوە کە دواتر بــە فێمێنیزم ناودێر کرا و ڕچــە و ڕێبازە جوداکانی بخەمە بەر باس. ئەو بابەتە پێشتر زۆر نووسەری بە توانا کردوویانە و ســەرچاوەی زۆر بۆ تاوتوێ کردنی تەرخان کراوە. ئەوەی لێرەدا باسی لێ دەکرێ ئەوەیە؛ کە جودا لە باسە تیۆرییەکان لەسەر کێشەی ژنان لە جیهانــی ئەورۆدا، بە کردەوە لە دەقە پێشووەکاندا، چ میراتێک دەست دەکەوێ کە ڕۆڵــی ژنمان بە ڕوونی بــۆ دیار بکا. پاش ئەو تاوتوێ کردنە، ئێستا دەگەینە دەقی بەردەست و لێی ورد دەبینەوە کە لە بەراوەرد لەگەڵ ئەو ڕابردووەدا، ژن ئێستا لە کوێی کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکاندا وەستاوە؟ یان بە وتەیەکی دروســتتر جێگایەکی هەیە پێی لەسەر دابنێ و لێی ڕاوەستێ؟

دیارە بــەردی بناخەی باســی ئێمە دوو واری جودایــە. یەکەمیــان ئاوردانــەوە لــە دەقێکــی کەونارایە کە بــە یەکێک لە یەکەم

دەقە نوسراوەکانی مرۆڤ ناسراوە. واتە دەقی گیلگەمێش. بۆ ئەوەی لە پێشدا بزانین بناخەی روانین بۆ ژن لە جیهانی فیکر و ئوستوورەدا چۆن بووە و ئەو باسە لەوێدا چۆن دەڵەمە بووە و خۆی گرتووە. لە لایەکی دیکەوە دووەم وار کە ئاوڕی وێدەدەین، ئەو ڕچەیە لە بیری سەردەمی نوێیە کە بە فێمینیزمی ژینگە یا ئێکۆفێمێنیزم ناسراوە.

ڕەنگە پرسیار بێتە گوڕێ کە چۆنە دەقێک کە هەزاران ساڵ لەمەوبەر نووسراوە، دەستەبژێر دەکرێ و بیرۆکەیەک کە نزیکەی زیاتر لە نیوسەدەیەک تەمەنییەتی و ئێستاش بەشێکی زۆر لە دامەزرێنەر و ورووژێنەرانی زیندوون، هەڵدەهاوێردرێ و پێک دەگیرێن و لە ئاکامی ئەو پێکگرتنەدا، نووسەر بە دوای وڵامی کام پرسیارەوەیە.

بۆ ئەوەی بە وردی باسەکە بەرەو ئەنجام بەرین، لێرەدا پێویستە ئەوجار ئاورێک لە ئێکۆفێمێنیزم بدەینەوە بۆ ئەوەی دواتر بتوانین لە بەراوردەکەماندا کەڵکی لێ وەربگرین.

ئێکۆفێمێنیزم وەک ڕوانگەیەکی تیۆری، هەوڵ دەدا شەبەنگێکی بەربڵاو لە ڕوانگەکان، بۆ تەتەڵەکردنی پەیوەندیی ژن و سروشت و پەیوەندییەکانی پیاوسالارانەی زاڵ بەسەر کۆمەڵگای هاوچەرخدا، لەخۆ بگرێ. «گریت گارد» لە کتێبەکەی خۆیدا بە ناوی «ئێکۆفێمێنیزم و ژنان، بوونەوەران و سروشت»دا، پەروەردەی بیرۆکەی ئێکۆ فێمێنیستی بە حەولێک بۆ سازکردنی پەیوەندییەک لە مابەینی نووسراوە جۆراوجۆرەکان لە بواری لایەنگری لە ژینگە، مافی ئاژەڵان و فێمێنیسم دەزانێ. هەروەها بایەخی ئەو بیرۆکەیە لەوەرا دەزانێ کە حەول دەدا دەنگدانەوەی هەموو ئەو بزاڤانەی تێدا ببیسرێ کە بۆ ژن و ژینگە و فێمێنیسم تێدەکۆشن.(1993,gaard لە زمان عینایەتەوە) «لۆرێنتزێن» بە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و لقێکی زانکۆیی دەزانێ کە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەی لەمەڕ ڕووتاندنەوەی سروشت و چەوساندنەوەی ژنان لە لایەن کۆمەڵگای پیاو سالارەوە هەیە. (2002,lorentzwn لە زمان عینایەتەوە) «کارێن وارن»یش (1991) لەسەر ئەو بڕوایەیە کە ئێکۆفێمێنیزم، وەک چەترێکی لێ هاتووە کە کۆمەڵێک بنەما و ڕێسای بەربڵاو و جاری وایە دژ بەیەکیشی لە ژێر خۆیدا کۆ کردووەتەوە. هێندێک لە دەقەکان دەستەواژەی ئێکۆفێمێنیزم لەگەڵ فەرشێکی پڕ لە نەخش و ڕەنگ یان کرێکی چەند توێژی پێچەڵپێچ هەڵدەسەنگێنن کە لە بیرو بڕوای جۆراوجۆر و هەمەچەشن پێکهاتووە کە هەمووان لە ژێر چەتری هاوبەشی هاوکاریی ژنانە لە گەڵ سروشتدا کۆبوونەتەوە. (عنایت،1382)

ئەوەی لەو باسانەدا هاوبەشە و پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکرێ، پەیوەندیی ژن، بوونەوەران و سروشت لە لایەک و نوێبوونی ئەو ڕەوتە و هەروەها هەمەگیر بوونی بیرێکە کە نایهەوێ کەس بخاتە پەراوێزەوە. بەڵکوو دەیهەوێ مودێلێکی نوێ وێنا بکا بۆ چەشنی پەیوەندیی مرۆڤ و سروشت. بەڵام ئەوە هەموو ناواخنی ئەو بیرۆکەیە نییە. بەڵکوو ئاوڕ لەوە دەدرێتەوە کە بۆچی دەبێ ئەو گۆشەنیگایە بۆ ژیان لە جیهانی ئێستادا هەڵبژێردرێ. ڕوونکردنەوەی زیاتر جەخت لەسەر چارەنووسی هاوبەش و هاوشێوەی ژن و سروشتە. ئەو باسە لە دەقی بیرمەندانی غەیرە فێمێنیستەوە تا نووسەرانی سەر بەو ڕێبازە ئاوڕی لێ دراوەتەوە. ئەوەی کە ژن و سروشت، هەردووکیان زاوزێ دەکەن و وەچەی نوێ پەروەردە دەکەن، بەڵام بۆ ئەو ئەرکەش، لە لایەن دەسەڵاتێکەوە دەست درێژییان دەکرێتە سەر، ئەویش دەسەڵاتی نێرسالار و پیاوانەیە. لە خۆڕا نییە «فرانسیس بیکێن» دەنووسێ:

«ڕەگ و ڕیشەی دەسەڵاتی پیاو، ڕەنگە بگەڕێتەوە کاتێک کە مرۆڤ بەسەر سروشتدا

زاڵ بــوو و بــە واتایەکی دیکە لــەو کاتەوە کە مرۆڤ سروشــتی بە واتا فەلسەفییەکەی «کــون» کرد. واتایەک کە فرانســیس بیکێن، فەیلەسووفی ناسراوی سەدەی نۆزدە، لە باسی کروســاندنەوە و شیرەکێشــانی بێ سنوور لە سروشــت دەکاری کرد» (خــداداد:٢٠١٦) نەک باســێک بۆ ســووکایەتی کردن بە سروشت، بەڵکوو باسێکە لەســەر چەشنێک پەیوەندیی نابەدڵی نێوان مرۆڤ و سروشــت. سروشــت بە شــێوەی ئاســاییی خۆی بەخشــەندەیە و لە بەروبووی خۆی بەشــی هەمووان دەدا. لە بوونەوەرانــەوە تا مرۆڤ بە درێژاییی مێژوو لە بەری ئەو دایکەیان چنیوەتەوە و سوودیان لێ وەرگرتووە. ئەدی ئەو کردەی «کون کردن»ە کە لە باسەکەی بیکێندا بارێکی نەرێنیی هەیە، لە کوێ ڕا سەری هەڵداوە. کون کردن کردەیەکە کە نەقس و کەمایەسییەک ساز دەکا. بوونێکی تەواو دەرووشــێنێ و بریندار دەکا. کاتێک بیکێن باس لەو کردەیە دەکا، ڕاســت چاوی لە کێــڵان و ڕۆچوون بە ناخــی زەوینێکدایە کــە دەســەڵاتی پیاوانە بۆ چەوســاندنەوەی زەوی دەیکاتە پیشــە، نەک ســوود وەرگرتن لە بەر و بارێک کــە زەوی بە دلۆڤانیی خۆی پێشــکەش مرۆڤ و بوونەوەرانی دیکەی دەکا. هەر ئەو دەستەواژەیە بۆ سووکایەتی کردن و تەنانەت گۆڕینی بەشێک لە شوناسی پێشووی مێینــە کەڵکی لێ وەردەگیرێ. کچێک کە بە زۆری دەستدرێژیی دەکرێتە سەر و کچێنیی لێ دەســتێندرێتەوە، هەر خودی دەسەڵاتی پیاوسالار ئەو دەستەواژەیەی بە باری نەرێنی بۆ دەکار دەکا. ئەوە لە کاتێکدایە هەر ئەو کچە ئەگەر بە دڵخواز و بۆ ژیانێکی تەبا و ئینسانی لەگەڵ ڕەگەزی بەرانبەری ژیان پێک بێنێ، ئەو وەسفەی بۆ دەکار ناکرێ. کەواتە لێرەدا ڕاست باس لەسەر دەسەڵاتێکی دەستدرێژیکەرە، کە بە زۆرە ملی سروشتی زەوین و سروشتی ژن کون و سووک و بریندار دەکا. ئەوە سەرەتای دەســتپێکی ســتەمێکە کە دەکرێ قســەی لەسەر بکرێ و وردەوردە، باقیی ئەو بابەتانەی دیکە کە پەیوەندیی پێوە پەیدا دەکەن، دەبێ بخەینە سەر ئەو سەرەتایە، تا کۆی پێکهاتەی ستەم و دەستدرێژییەکە بناسرێ و بنووسرێ.

دەســـتەواژەیەک لــە دونیــای ئەمــڕۆ و بەتایبەت لە ڕوانگەی ڕۆژهەڵاتناســییەوە بە هەر دووباری ئەرێنــی و نەرێنیدا کەڵکی لێ وەردەگیــرێ. ئەویش هێرشــی کولتووری و داگیرکاریــی کولتوورییە. ئەو باســە هەر کام لە وڵاتانی ڕۆژئاوای نوێنەری دێموکراســی و وڵاتــی کۆلۆنی کراو و تەنانەت دیکتاتۆرەکان، کە خاوەن سیســتەمێکی داخــراون، کەڵکی لێ وەردەگــرن. بەڵام ئەو دەســتەواژەیە لەو نووســینەدا بە دوو هۆ جێی خۆی بە باشــی دەکاتــەوە. چــون هەم پەیوەندیی بە باســی ســەرەتای ئەو نووســینەوە هەیە، کە لەمەڕ دژوەســتانی دوو هێــزی دژ بەیــەک - واتە گیلگەمێــش و ئینکیدۆ- بوو؛ هەم پەیوەندیی بە باسی ئێکۆفێمێنیزمەوە هەیە کە لایەکیان سروشــت و لایەکیان کولتووری پیاوســالارە. ئەگــەر لــە چیرۆکــی ســەرەتادا، کوتمان گیلگەمێش نوێنەری کولتــوور و بینا کردنی دەســەڵاتی پیاوانە و شــار بــوو، لەبەرانبەردا ئینکیــدۆ نوێنــەری سروشــت و ئافرێنەر و پشــتگیرەکانی هەمــوو ژن بــوون. ئــەو دژ وەستانە بە هاوکاری و ساز بوونی هاوسەنگیی هێز کۆتاییی پێ هات و سروشــت و کولتوور، وێکیان هەڵکرد و پێکــەوە درێژەیان بە ژیان دا. ئەوەی نووسەرێکی وەک «ئاگاروال» باسی دەکا لەگەڵ جەوهەری باسی ئێمە یەک شتە:

بــە پێــی بــڕوای تاقمێــک لــە ئێکۆفێمێنیستەکان، پەیوەندیی پیاوان لەگەڵ کولتوور و پەیوەندیی ژنان لەگەڵ سروشــت لێــک نزیکترە. بــەو پێــش گریمانەیەوە کە هەمیشــە کولتوور بە ســەرتر لە سروشــتی وەحشی ناسراوە، ژنان و سروشت، هەردووک ملکەچ و تەســلیم بوون و ژنــان دەتوانن لە تێکدانی ئەو دەســەڵاتە بەسەر هەر دووکیاندا

ڕۆڵی کاریگەریان بێ.(آگاروال، ۱۹۹۷)

ئەو ڕۆڵە کاریگەرەی ئاگاروال باسی دەکا دەکرێ شرۆڤەی جودا جودای بۆ بکرێ. بەڵام نزیکترین و بەکەڵکترین زەمینەیەک کە دەکرێ باسی ڕەخسانی بکرێ، نەک ڕووبەڕووبوونەوەیەکی بێ ئاکام، بەڵکوو حەول بۆ تێکدانی ناهاوسەنگی و بەدیهێنانی هاوسەنگییەک لە وەرگرتنی ڕۆڵە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکانە. لە بواری ژینگەش هەر ئەو باسە وەراست دەگەڕێ. ئەو باسەی فێمێنیستە دایک بڕواکان جەختی لەسەر دەکەن. ئەوان هەستی دایکانەی ژن و سروشت پێک دەگرن. لەسەر ئەو بنەمایە بۆ پاراستنی ژینگە سەرەتی دەدەن بە ژنان. ئەو باسە لەگەڵ باسی سروشت بڕواکانی ژن هەر یەک شتن. دایک ئەگەر دڵی بۆ منداڵ و وەچەی خۆی دەسووتێ و دەیپارێزێ و لە فەوتان ڕزگاری دەکا، هەمان ڕەفتار لەگەڵ سروشتیش دووپات دەکاتەوە. هەر ئەو بابەتە، ئێکۆفێمێنیستەکانیش بە شێوەیەکی دیکە دەیخەنە ڕوو. ئەگەر سروشت لە لایەن هێزی پیاوانەوە کون دەکرێ و وزەکانی هەڵدەهێنجرێ و بێڕێزییشی پێ دەکرێ، هەمان ڕەفتار لەگەڵ ژنان لەلایەن پیاوانەوە دەکرێ. واتە چارەنووسی هاوبەش لە چەشتنی ستەمی پیاوانە. کەواتە سروشت و پاراستنی، دەبێ و واباشترە لە لایەن هێزێکی ژنانەوە بەڕێوە ببردرێ کە هەم ئاگای لێی بێ و هەم بە شێوەیەکی دروست لە تواناکانی کەڵک وەربگیرێ و ژیانێکی هاوبەشی دۆستانە ڕەچاو بکرێ. بەڵام وەنەبێ پیاوان دەستەوەستان ڕاوەستابن و پلانی ئەو تاقمە نەخوێننەوە و ئەو بیرۆکەیە نەناسن. پیاوان هەم ئەو هێزەی ژنان دەناسن و هەم لە دژی ڕادەوەستن. «ئێرتێنز» لەو بارەیەوە ئاماژە بە خاڵێکی گرینگ دەکا:

ئێستا ئەگەر بمانهەوێ ئەو بابەتە(ژێردەستەیی) لەمەڕ ژنانەوە بخەینە بەرباس، هۆکاری ژێردەستەیی ئەوان دەتوانین بەو شێوەیە دەستنیشان بکەین کە ژنان ئەو ژیاندارانەن، لەگەڵ سروشت هاوپەیوەندن و لە بەرانبەردا پیاوانیش لەگەڵ کولتوور هاوپەیوەندن و چون کولتوور حەول دەدا سروشت بکاتە تابیع و پێملی خۆی، ئەگەر ژنان بە بەشێک لە سروشت بزانین، کەواتە سەرکوتی ژنان و تابیع کردنیان، وەک بابەتێکی سروشتی دێتە بەرچاو. (ارتنر، ۱۹۹۸: لە زمان خودادادە)

ئەگەر لە ڕوانگەی دەسەڵاتی پیاوسالارەوە سەرکوت و تابیع کردنی ژنان بە بابەتێکی سروشتی دێتە بەرچاو، ژنان و ئەو بیرەی لە بەرژەوەندیی ناساندن و وەگەڕ خستنی هێزی ژنانەدایە، ئەو دۆخە نە بە سروشتی دەزانێ و نە پێملی دەبێ. ئەو تاقمە لە ژنان دەزانن حەول بۆ ژێردەستەیی و چەوساندنەوەی ئەوان لە لایەن پیاوانەوە، بەو واتایە نییە کە پیاوان لە بنەڕەتدا بڕوایان بە نەبوونی هێزی ژنانە بێ. بەڵکوو ڕاست بە پێچەوانەوە، ئەوە فۆبیایەکە کە ئەوان لە دەسەڵاتی ژنانیان هەیە و بە سەرکوت کردن و تەنانەت سووکایەتی پێ کردنی، دەیانهەوێ هێزێکی ڕەقیب بۆ ئەوان سەهەڵندەدا. لە حاڵێکدا ئەگەر وەک هێزێکی هاوسان و هاودڵ و هاوکار بۆ ژیان و ژیاندنەوەی سروشت و کۆمەڵگا لێیان بڕوانیبان، ئەو کێشەیە بە ئاقارێکی دیکەدا دەڕۆیشت.

«کارێن هۆرنای» سووکایەتی کردن و بە نەفام زانینی ژنان بە یەکێک لە نیشانەکانی ترسی حاشاهەڵنەگری پیاوان لە ژنان دەزانێ. ئەو باسی توانای بە زاوزێ بوون و شیردان و دووگیان بوونی ژنان دەکا؛ ئەو کردە ژنانەگەلەی دەرخەر و نیشاندەری توانای ژنانن. ئەو پێی وایە پیاو هەم لەو هێزە دەترسێ و هەم پێویستیشی پێیەتی. هەر بۆیە سووکایەتیی پێ دەکا، متمانە بەخۆیی لێ دەستێنێتەوە تا بە بێ هیچ ترسێک، بتوانی لێی نزیک بێتەوە. هۆرنای بە پاڵپشتیی بڕوای

نێرێتی، شی دەکاتەوە کە لە ڕاستیدا نەفرەت و بێزاریی ژن لە پیاو، ئاکامی ترس و بێزاریی پیاوە لە دەسەڵاتی ژن. (زرلکی۲: ۱۳۹۶:۸۶)

هەر بۆیە ئێکۆفێمێنیستەکان وەک هێندێک لە لقەکانی دیکەی فیمێنیزم، باسی هۆکاری پاژبینانە و ڕووچوونە ناو وردەکاریی بیرۆکەکانی دیکەی مرۆڤ و ڕووبەڕووبوونەوە تیورییەکان ناکەن. ئەوان ئەو باسە نە بە ئایدۆلۆژیایەکی تایبەتەوە دەبەستنەوە و نە بە کات-شوێنێکی تایبەت. ئەو بابەتەی ئەوان جەختی لەسەر دەکەن، ئەوەندەی لە وڵاتانی سەرمایەداری ئەگەری ڕوودان و بوونی هەیە، بە هەمان ڕادەش لە وڵاتانی سوسیالیستی و هەروەتر وڵاتەکانی دیکە بە دەسەڵات و بیری جودای سیاسیی دیکەوە. کەواتە شەڕ و ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو بیرە ژنانەیە، هیچ کام لەو بابەتانە نییە کە هەر کام لەوانە خۆیان پاژێک لە پاژەکانی پەیکەرەی ژیانی کۆمەڵگای جیهانین. بەڵکوو «ئەو بیرە (ئێکۆ فێمێنیزم) بە جێگای خستنە ڕووی هۆکاری پاژبینانە و بەرتەسکی، وەک سیستەمی سەرمایەداری، تاک گەرایی و مرۆڤ تەوەری و ... وەک بەردی بناخەی سازبوونی قەیرانەکانی ژینگە، پارادایمی دەسەڵاتی ئامادە لە جیهان و بوونی ماکەی ژنانە بوون و پیاوانە بوون لە دەستنیشان کردنی پەیوەندییەکانی دەسەڵات لە جیهاندا، بە ڕیشە و هۆکاری سەرەکیی گرفتە ژینگەییەکان و هەروەها چەوساندنەوەی ژنان و سروشت دەزانێ و پیاوسالاری و هێزی کۆمەڵایەتیی ناپێکهاتەمەندی بەدیهاتوو لەو سیستەمە کۆمەڵایەتییە پیاوسالارانەیە، بە ماکەی بناخەیی بۆ تێگەیشتن لە ئاڵۆگۆڕەکانی جیهان دەزانێ. ئەو نووسەرە هەروەها ڕێگای دەربازبوون لەو گرفتانە و لە کێشە ژینگەییەکان و هەروەها مافەکانی ژنان، بە سڕینەوەی ڕەگەز لە دەسەڵات و چوون بەرەو کۆمەڵگایەک کە پەیوەندیی مرۆڤەکان لەگەڵ یەک، نەک لەسەر بنەمای دەستڕاگەیشتوویی بە سەرچاوەکانی دەسەڵات، بەڵکوو لەسەر بنەمایەکی دیکە دامەزرابێ، دەزانێ.(گارد، ۱۹۹۳ لە زمان عینایەتەوە)

لێرە دایە کە سەرەداوێکی دیکە دەبینینەوە. ئەویش بوونی دەسەڵات بە ماکەی ژنانە و پیاوانەوەیە. دەسەڵاتێک کە ماکەی پیاوانەیە، دیارە حەول بۆ سڕینەوەی دەسەڵاتی لە مەڕ ماکەی ژنانە دەدا. وەکی پێشتریش باسمان کرد، هەم بە هۆکاری ترس لەو هێزە هەمیشەیی و بە توانایەی کە ژنان هەیانە و هەمیش بە هۆی ترس لە ڕووشانی هەیمەنەی دەسەڵاتی پیاوان. دەسەڵاتی پیاوانە لە لایەن ئێکۆ فێمێنیستەکانەوە بە بەردی بناخەی گرفتە ژینگەییەکانیش مەزەندە کراوە. ئەو دەسەڵاتە، شیرەی ژینگە دەکێشێ، سووکی دەکا و تووری هەڵدەدا. بە هەزاران نموونە لە گرفتە ژینگەییەکان لە دونیای ئەمڕۆدا هەن، کە شەڕ و زێدەخوازییە پیاوانەکان هۆکار و خوڵقێنەریان بوون. ڕێگای دەرباز بوون لەم دۆخە چییە. گەڕانەوە بۆ دۆخی ئوستوورەکان و حەول بۆ هاوسەنگی لە دەسەڵاتدا. ئەگەر نموونەیەک باس بکەین، دیسان ئاماژە بە باسی سەرەتای ئەو نووسینە لەسەر گیلگەمێش دەکەین. ئەگەر وانەبێ ژنان ناتوانن بەشداری دەسەڵات بن.

لە دونیای ئەوڕۆدا، هەڵبەت بە هۆی چالاکیی بزووتنەوە بەرابەریخوازەکان، حەولی جیددی لە هەموو شوێنەکانی جیهان دراوە، تا دەنگی بریندارای ژنان ببیسترێ. هەڵبەت ئەو دەنگە ئێستا دەنگێکی دلێریشە. بەڵام ئێستاش لە زۆر یەک لە وڵاتانی جیهان، هەمان ڕێوشوێنی پێشوو ڕەچاو دەکرێ. ئەگەریش مافێک وەک مافی سیاسی بە ژنان دراوە، زۆر بەرتەسک و بەپەرژینە. تا کاتێکیش ژنان دەستیان وەدەسەڵات ڕانەگا و لەهەموو ناوەندە بڕیارەکان ئامادەیی چالاک و کاریگەریان نەبێ، ئەو بوونە نومادین و هێمایییە، تەنیا دەتوانێ ژنانی دیکە دڵسارد

کاتەوە و کۆمەڵگاش بەو ئاراستەیەدا بەرێ کە دەســەڵاتی ژنانە لەوە زیاتــر کارامەییی نییە. بەڵام ئەوەی جەختی لەســەر دەکرێ ئەوەیە کە بەشــداریی سیاســیی ژنانە، دەبێ تەواو لە جێی خۆیدا و بەواتای تەواوی بەشــداری و بەڕێوەبەرێتی بێ. ئەو کاتە کە دەســەڵاتی سیاســی و بەڕێوەبەرایەتی بــە ژنان دەدرێ و ئەوانیــش هەم لــە ڕادەی ژان و ئازارەکانی خۆیان کەم دەکەنەوە، هەم چەوساوەکانی لە گوێن خۆیان و یەک لەوان ژینگە، بە باشــی دەپارێــزن. لەو بوارەدا «کار» وەک نووســەر و چالاکی مافی ژنان لە مەڕ بەشداریی سیاسیی ژنانەوە دەڵێ:

واتای ڕاســت و ڕەوانی بەشداریی سیاسی ئەوەیــە؛ مافی هاتنە ناو بواری سیاســەت، لە هەموو ئاســتەکانی بۆ ژنان بە فەرمی بناسرێ و ئــەوان بتوانــن خۆخوازنە و بــێ ترس لە بەربەســتی سەلیقەیی و ئایدۆلۆژیک، شان بە شــانی پیاوان، لەهەموو بوارەکاندا ئامادەبن و دەرکەون. لەو ڕوانگەیەوە بەشداریی سیاسیی ژنان لەگەڵ بە فەرمی زانینی ســەڵاحییەتی ئەوان بۆ دەســەڵاتدارێتی، دەبێ بە یەک شت بزانین(کار: ١٣٧٩:١٤٧)

بــەڵام گرفتێک کە لە ســاڵانی ڕابردوودا بــەردەوام لە ئارادابووە، ئامــادە نەبوونی ژنانە لە بوارەکانی بەڕێوەبەرایەتیدا. واتە ئەو ڕێســا گشتییەی کە لە هەموو شوێنێکی دونیادا کەم و زۆر وەک یەک وایە. «ئەوشوێنەی دەسەڵاتی لێیە ژنانی لــێ نییــە». (کار:١٣٧٩:١٥٠) ئەوە پیاوانــن بڕیاردەر و یاسا دانــەرن. تەنانەت یاسا بۆ جەســتەی ژنان دادەنێن. باسێک کە ئێکۆفێمێنیســتەکان پێیان وایە ڕاســتەوخۆ پەیوەندیی بە ژینگەشەوە هەیە. ئەوان لەسەر ئەو ڕایەن؛ ژنان ناتوانن لــە زۆربەی کولتوور و وڵاتاندا، بە ئــارەزووی خۆیان دووگیان بن. ئەگەر بە شێوەیەکی نەخوازراو دووگیان بوون، دەســەڵاتی لەبار بردنی منداڵێکیان نییە کە هێشــتا نەگووراوە. لە زۆر شــوێن و کولتوور کەرەســەی پێشــگیری لە دووگیــان بوون، یان نییە یان بەربەســتی دەخرێتە ســەر ڕێ بۆ ئەوەی بە دەســت ژنان نــەگا. لە ئاکامدا، ژن دەسەڵاتی بەســەر جەستەی خۆیدا کەم دەبێتەوە و بە شێوەیەکی نەخوازراو و بەربڵاو زاوزێ زیاد دەکا. ئاکامی ئەو بێ دەســەڵاتییە بەســەر لەشــەدا، دەبێتە هۆی زۆر بوونی لە ڕادەبەدەری حەشــیمەت و حەشــیمەتی لە ڕادەبەدەریــش تەنیا بەوەنــدە ڕازی نابن کە سروشت بە شێوەی خۆڕسک پێیان دەبەخشێ. بەڵکوو بۆ ژیاندنی خۆیان و پێکهێنانی ئاسایش و بــواری لەبارتری ژیان، دەســت دەکەن بە دەستدرێژی بۆ سەر جەستەی سروشت. واتە دەستدرێژی کردنە سەر جەستەی ژن و کەم کردنەوەی دەسەڵاتی بەســەر ئەو هەرێمەی کە دەبوو ســەر بــە خۆی بــێ، وا دەکا بێ ویســتی ئەو، بەرهەمی نادڵخوازی لێ بەدی بێ و بە هەمان شــێوە ئەو چەوساندنەوەیە و ئاکامەکەی، زەمینە بۆ چەوساندنەوەی زیاتری سروشــت و زەوی خۆش دەکا. لە ئاکامدا دوو برینداری چەوساوە وێڕای یەک، بەرەو لاوازتر بوون دەچــن. هەر بەو هۆیەیــە «دۆبۆن» لە پێشەنگانی بیری ئێکۆفێمێنیستی دەڵێ:

ژنان دەتوانن و دەشــبێ داوای ئازادی لە دووگیان بــوون و ئازاد بوون لــە لەباربردنی منــداڵ و هەروەهــا دەستراگەیشــتن بــە کەرەســەی پێشــگرتن لە دووگیــان بوون بکەن. بەو شــێوەیە، هەم ژنــان ئازاد دەبوون و هــەم جیهان لە دەســت حەشــیمەتی بێ ســنوور و ئەژمــار نەجاتــی دەبــوو. ئەوەش یەکەم پەیوەندیی نێوان ژینگەی ئێکۆلۆژی و ئازادیی ژنان بوو...(بیل، جنــت:٢٠١١) لیرەوەیە کە وردە وردە نووسەرانی ئەو بوارە، باسەکانی فێمێنیســم و ژینگە لێک گرێ دەدەن. ئەوان پەیوەندییەکانی ژن–دایــک، لەگەڵ منداڵ و پیاو–باوک لەگەڵ سروشــت، پێک دەگرن و لە ڕوانینێکی بەراوردکارانەدا، خوێندنەوەیەکی ئــاوای دەتوانیــن لــێ بەدەســتەوە بدەین:

پەیوەندیـــی ژن-دایــک لەگـــەڵ منداڵەکەی لەسەر بنەمای خۆشەویستی، گەشەی منداڵ، دڵخۆشـــیی دایک و بەخشـــندەییی ئەو پێک دێ. لەو پەیوەندییەدا و بەتایبەت لە سەرەتای گوورانی منداڵەکەوە لـــە منداڵدانی دایکدا، تا لەدایکبوون و گەشە و نەشەی سەرەتایی و تا پاش سەردەمی مێرمنداڵی، لەو پەیوەندییەدا هیچ شـــتێک لەســـەر بنەمـــای بەرژەوەندی دانەمەزراوە. بەڵکوو ئەوەی هەیە پەیوەندییەکی ئینسانییە. لەسەر ســـۆز و هەستی دایکانەوە خـــۆی گرتووە. بۆیە دایک حەول دەدا، منداڵ گەشـــە بکا بەبێ ئەوەی چاوەڕوانییەکی لێی هەبێ. کاتێک ئەو بابەتە باشـــتر دەردەکەوێ کە ئەو دایکانە ببینین کە هەمان هەســـت بە بەرپرســـیارێتییەیان بە نیسبەت منداڵانێکەوە هەیە کە تەنانەت لەباری هۆش و جەســـتەوە ناتەواون. واتە دایک نەک بە هیوای وەدەست هێنانـــی بەرژەوەندییـــەک و تەنیا لەبەر هۆی سازکردنی ژیانێکی باش و دڵۆڤانانە و دروست، منداڵ پەروەردە دەکا. بەڵام پەیوەندیی پیاو-سروشت تەواو پێچەوانەیە. باشترین جێگاکان بۆ دەســـت خســـتنی زیاتریـــن بەرژەوەندی؛ کـــۆی ڕازی پەیوەندیی پیاوان و سروشـــتە. ئەوە هەمان پەیوەندییە کە فێمێنیســـتەکان لـــە مێـــژووی ژیانی ژنانـــدا، لەگـــەڵ ژنانی دەبینـــن. پەیوەندییەک کە لەســـەر بناخەی چەوساندنەوە و بەرژەوەندیی پیاوانە دامەزراوە. ژن چ وەک کابان، چ وەک کەسێک کە پیاو، ویستە جینســـییەکانی خۆی پێ پاراو دەکا و چ وەک پەرەســـتاری پیاوان، دەبێ بەخشندە بێ و ســـوود بە پیـــاوان بگەیەنێ. کەچی یان هەر بەگشـــتی بوونی ئەو پشـــتگوێ خراوە، یان لانی کەمی مافی بـــۆ لەبەرچاو گیراوە و کەمترین ڕادەش لە بەڕێوەبەرایەتیی تەنانەت بنەماڵەشـــی پێ ســـپێردراوە. واتە سروشت و ژن، چەوســـاوەکانی مێژوویەک لە کولتووری پیاو سالار بوون و ئێســـتا خەریکە لانی کەم بە دژی ئـــەو بیرە چەوســـێنەرە لێک نزیک دەبنەوە و بەرەی هاوبەش پیک دێنن. دۆبۆن هەر بەو هۆیەیە پێ لەســـەر واتای «ئاوێتەییی چارەنووس» دادەگرێ:

ئێکۆفێمێنیـــزم ئاوێتەیەکە لـــە ژینگە و فێمێنیزم، کە زاڵ بوونی مرۆڤ بەسەر سروشت و سەرکوتی ژنان پێکەوە لێک گرێ دەدا (واکچ xxviiii :۱۳۸۲ لە زمان خودادادوە) تەتەڵەکردنی سەرەکیی ئێکۆفێمێنیستەکان لەسەر ئەو خاڵە ڕاوەستاوە کە ســـەرکوتی پیاوسالارانە لە ژێر ناوی بەرژەوەندی و پێشـــکەوتندا، سروشـــت لەناو دەبا. (هام:۱۳۸۲ پێشوو)

لـــە ڕوانینێکی گشـــتیدا، وەکی پێشـــتر بـــاس کرا، لـــە دەستنیشـــان کردنی چەقی دژبەرانی ژنانـــدا، گوترا: ئێکۆفێمێنیزم بۆ ئەو باباتە پاژبین نییە و بە گشـــتی دەســـەڵات و دابەش بوونی لەسەر بنەمای ڕەگەزی نێر/مێ دەکاتە بەردی بناخە. بەڵام بۆ چارەسەرەکان، پـــاژەکان دەبینێ و ئەو پاژانەش لە کۆی ئەو وردە بەشە پەراوێزخراوانە پێکدێنێ، کە ژیانی ئێســـتای مرۆڤ دەتوانن بەروە ئاڵوگۆڕ بەرن. «گارد» لەوبوارەدا باس لەوە دەکا کە بەشێک لە ئایدۆلۆژیاکان ئەگەر بـــە ڕواڵەت لێکیش دوور بنوێنـــن، بەڵام لـــە ڕەگەزێکن. بۆ وێنە ئایدۆلۆژیای ســـەرکوتی جینسی و تۆرەمەیی و چینایەتـــی، لەگـــەڵ ئایدۆلۆژیای تێکدانی سروشـــت بە نموونە دێنێتەوە. ئێکۆفێمێنیزم لەســـەر بنەمای تێگەیشـــتنە ژینگە ناسی و فێمێنیســـتی و کۆمەڵایەتییەکان دامەزراوە و لەســـەر ئەو براویەیـــە؛ کـــە ئایدۆلۆژیای ســـەرکوتی جنسی، نژادی، چینایەتی لەگەڵ ئایدلۆژیای سەرکوت و خراپ کردنی سروشت لە ڕەگەزێکن. ئێکۆفێمێنیزم لە واتای گشتیی خۆیدا خوازیاری کۆتایی هێنان بە سەرکوت لەهەمـــوو بوارەکانـــە و پێی وایـــە حەول بۆ ڕزگاریـــی ژنان یان هـــەر گرووپێکی دیکەی ژێرچەپۆکـــە، لەگەڵ حەول بۆ پاراســـتن و ئـــازاد کردنی سروشـــت لێک گـــرێ دراون. (خداداد:۲۰۱۶)

## ئەنجام

یەکەم دەقەکانی نووسراوەی دەستی مرۆڤ، ئەو باسانەن کە بۆ ئوستوورەکان و چیرۆکەکانی بەدیهاتنی سەرەتایی دیاردەکانی جیهان تەرخان کراون. لەو نووسینەدا بە نموونە ئوستوورەی «گیلگەمێش» هێنرایە بەرباس. لەو چیرۆکەدا تەنیا لایەنێک کە باسی لێ کرا و شی کراوە، ڕۆڵی ژن-سروشت لە ئوستووره کەدا بوو. دەسەڵاتی پیاو-خودایی گیلگەمێش دۆخی ژیانی شێواندبوو. کۆمەڵێک لە دەسەڵاتەکانی ژنانە لەو چیرۆکەدا دەبینەدرێن کە بە یارمەتیی یەکتر حەولی کۆنترۆڵ کردن و کەم کردنەوە و لە ئاکامدا تەبا کردنی دەسەڵاتی پیاوانەی کولتوور دەدەن. گیلگەمێش بە پێی ئەوەی لە باسەکاندا خرایە ڕوو، نوێنەری شار و کولتوور بوو. خواژنی پەیکەرتاشی «ئەروروو»، خواژنی ئەویندارى «ئیشتەر»، نوێنەری ئیشتەر، «ڕی ڕەشت»ی خاتوونی دایک و «ئینکیدۆ»ی هێمای سروشت، پێکەوە، لەبەرانبەر هێزی پیاوانەدا وەستان و بەرەیەکی بە هێزیان بۆ ئاشت بوونەوەی سروشت و کولتوور پێکهێنا. هەر بەو پێیە، باسی بزووتنەوەی ئێکۆفێمێنیستی کرا کە چۆن لە دونیای ئەورۆدا، حەولی ئەوەی داوە پەیوەندیی ژن و سروشت دابڕێژێتەوە. چارەنووسی هاوبەشی ژن و سروشت ببەستێتەوە بە دابەش بوونی دەسەڵات لەسەر بنەمای ڕەگەز و ئەویش داگیر و زەوت کرانی لەلایەن ڕەگەزی پیاوەوە. چارەنووسی هاوبەشی ئەو دووانەش واتە ژن-سروشت، بریتییە لە چەوسانەوە، بریندار کران، دەستدرێژی کرانە سەر و لاواز کران لە لایەن پیاوانەوە.

ڕێگایەک کە ئەو بیرە پێشنیاری دەکا، ساز کردنی هاوسەنگییە لە دەسەڵاتدا. هەروەها لایەنێکی دیکەی گرینگ بۆ دەرباز بوون لەو دۆخە نالەبارە، سازکردنی پەیوەندیی سروشت و ژنانە. دیارە بۆ ئەو باسەش پێویستە ژنان دەسەڵات و بەڕێوەبەرایەتی بەدەستەوە بگرن. نابێ بەو بەشە هێماییەی لە هێندێک وڵات و ناوچە پێیان «دەبەخشرێ» ڕازی بن. سەرکەوتنی ژنان لە بەدەستەوەگرتنی بەشی خۆیان لە دەسەڵات، واتە سازبوونی هاوسەنگی. نزیک بوونەوەی لە هێز، واتە توانای خستنە گەڕی ئیرادە. بێ گومان ئەو ئیرادەیەش بەشێکی زۆری لە بەرژەوەندیی ژنان و سروشتدا دەشکێتەوە.

## سەرچاوە


١- بولد، جين شينودا (١٣٩٧) نمادهای اسطوره‌ای و روانشناسی زنان، ترجمه آذر يوسفی، تهران: انتشارات روشنگران و مطالعات زنان

٢- بيل، جنت (٢٠١١) آيا ميان فمينيسم و محيط زيست گرايی (اکولوژی) پيوندی «طبيعی» هست؟ ترجمه: ويدا امير مکری، لوموند ديپلماتيک (https://ir.mondediplo.com/)

٣- پارساپور، زهرا و ديگران (١٣٩٦) خوانش اکوفمينيستی رمان اندوه جنگ با تکيه بر رابطة فرهنگی و نمادين، پژوهشنامه زنان، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی ويژه‌نامه فرهنگ، ادب و هنر، ١٣٩٦- ،١ ٢١

٤- خداداد، ساناز (٢٠١٦) زن و محيط زيست، عناصر بيگانه شهر، (Institute for Strategic Studies in Iranian Architecture (isia.ir))

٥- زرلکی، شهلا (١٣٩٥) زنان، دشتان و جنون ماهانه، تهران: نشر چرخ

٦- زرلکی، شهلا ٢ (١٣٩٦) در خدمت و خيانت زنان، تهران: نشر چشمه

٧- شاملو، احمد (١٣٩٤)گيل گميش، چاپ نهم، تهران: نشر چشمه

٨- عباس زاده، محمد و ديگران (١٣٩٦) جهت گيريهای زنان نسبت به محيط زيست، مجله علمی پژوهشی مسائل اجتماعی ايران، سال هشتم، شماره ٢ ،پاييز و زمستان ١٣٩٦

٩- عنايت، حليمه و ديگران (١٣٨٨) ڕويکردی نظری به مفهوم اکوفمينيسم، مجله عملی تخصصی «مطالعات جامعه‌شناسی» سال دوم، شماره پنجم، زمستان ١٣٨٨ ص ص ٦٣ - ٤

١٠- کار، مهرانگيز (١٣٧٩) مشارکت سياسی زنان، موانع و امکانات، تهران: انتشارات روشنگران و مطالعات زنان

١١- گيرن، آرن.ای (١٣٨٠) پسامدرنيسم و بحران زيست محيطی، ترجمه عرفان ثابتی، تهران نشر چشمه

١٢- گروه نويسندگان (١٣٩٦) تحليلی بر حماسه گيل گميش نخستين مسافر اسطوره‌ای، فصلنامه ميراث و گردشگری(.www gilgameshmag.com)

١٣- نجم عراقی و ديگران (١٣٨٢) زن و ادبيات، گزينش و ترجمه منيزه نجم عراقی و ديگران: تهران: نشر چشمه

# کاریگەریی نهێنپارە دژ بە کۆلۆنیالیزم لە سەدەی دیجیتاڵدا

**هیوا زرێبار**

کۆلۆنیالیزم بۆ بەردەوامیی دەسەڵاتی خۆی لە هەندێک کەرەستە و مێکانیزم کەڵک وەردەگرێت. پارە، سیستەمی ئابووری و بازاڕ، لەو مێکانیزم و کەرەستانەن کە دەوڵەتانی کۆلۆنیالیست لە ڕەهەندی ئابوورییەوە وەکوو چەکێکی بەهێز بە دژی بەکۆلۆنیکراو بەکاری دێنن. لە سەدەی دیجیتاڵدا بە هاتنە ئارای هەندێک تێکنۆلۆژیای نوێ وەکوو بلۆکچەین، ئاسۆیەکی نوێ بەرەو لاوازبوون و سڕینەوەی پاوانکردنی سیستەم و کەرەستەکانی ئابووری لە دەستی دەوڵەتە کۆلۆنیالیستییەکان و تەنانەت لە بواری فەرهەنگی و سیاسیشەوە، کراوەتەوە. لەم وتارەدا هەوڵ دەدرێت بە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی هەوڵی بەکارهێنانی نهێنپارە(دراوی دیجیتاڵ) لەسەر سیستەمی بلۆکچەین لە لایەن نەتەوە بەکۆلۆنیکراوەکانی جیهان و کەمینەکانی دیکە، پۆتانسیەلەکان و ئاستەنگەکانی ئەزموونی ئەوان بخوێندرێتەوە و نەخشەڕێگایەک بۆ کوردستان پێشنیار بکرێت.

## پێشەکی

ئەگەرچی دنیای دیجیتاڵ و فەزای سایبێری دەتوانێت وەکوو شمشێرێکی دوو لایەنە ڕۆڵ بگێڕێت، واتە هەم جیهان بەرەو یەکدەستبوون و یەکڕەنگبوونی فەرهەنگی ببات و وەکوو بەشێک لە پەکەیجی فەرهەنگی گلۆباڵیزم ڕۆڵ بگێڕێت و هەم دەتوانێت وەکوو دەرفەتێک بێت بۆ نەتەوە بەکۆلۆنیکراوەکان و کەمینەکانی جیهان. بە دەرکەوتنی سیستەمی بلۆکچەین[1] و دروستبوونی نهێنپارەکان[2]، دەتوانین تەرکیزی زۆرتر لەسەر کاریگەریی فەزای دیجیتاڵ لەمەڕ لاوازکردنی ناوەندگەرایی بکەین و وەکوو دەرفەتێک بۆ بەرەنگاربوونەوەی کۆلۆنیالیزم بەکاری بهێنین.

## چەمکە گشتییەکان

### بلۆکچەین

بلۆکچەین یان زنجیرەی بلۆکەکان، سیستەمێک بۆ تۆمارکردنی دەیتاکانە، ئەم چەشنە دەیتاگەلە دەتوانن ترانزەکشنی بانکی، داکیۆمێنتی گرێبەستەکان یان خود لە هەر جۆرە دەیتایەکی دیکە پێک بێن.

سیستەمی بلۆکچەین لە زنجیرەیەک بلۆک یان خانە پێک هاتوون کە هەر بلۆکێک هەڵگری سێ بەشە: دەیتا، هاش[3](شفرەی نهێنی)، هاشی بلۆکی پێشوو.

بەشی دەیتا دەتوانێت هەڵگری هەر جۆرە دەیتایەک بێت، بەشی هاش پێک هاتووە لە ڕەمز یان هێمایەکی نەگۆڕ کە وەکوو پەنجەمۆر تایبەتە، و لە بەشی سێیەمدا هاشی بلۆکی پێشووش پاشەکەوت دەبێت و زنجیرەکەمان تەواو دەکات و لێکی گرێ دەداتەوە.

مایک وینکلسپێکت بەرپرسی کۆمپانییای ئەمریکی Cem دەڵێت: بلۆکچەین دەتوانێت، سیستەم، بنکەدراوە، پرۆتۆکۆڵ یان نەرمەواڵەیەک بێت کە زانیارییەکان پاشەکەوت دەکات و ئیدی ئیمکانی دووبارەنووسینەوە و دەستکاریی زانیارییەکان نییە، ئەم شێوە دیزاینە دەبێتە هۆی ئەوەی کە تۆمارکراوەی مێژوویی هەمیشەیی ساز ببێت.

سیستەمی بلۆکچەین بە شۆڕشێکی نوێ هەژمار دەکرێت کە پێشبینی کراوە تا چەند ساڵی داهاتوو تەواوی دنیا بتەنێتەوە. ئەم سیستەمی تۆمارکردنی دەیتایە، خاوەنی چەند تایبەتمەندیی گرنگە کە جیاواز دەرکەوتووە.

تایبەتمەندییەکانی بریتین لە:

**یەکەم:** ئامانجی سەرەکیی بلۆکچەین، سڕینەوەی ناوەندگەرایی یان سێرڤێرێکی ناوەندی



که لـه کۆنتـرۆڵ و پاوانی کەس، کەسـانێک، گرووپ، کۆمپانیا یـان دەوڵەتێک بێت، تەواوی تۆڕی بلۆکچەین و پەیوەندییەکانی بەشێوەی تاک بە تاکە و هیچ ناوەند و بەرپرسێک بوونی نییە.

**دووەم:** هـەر دەیتایەک کە لـە بلۆکێکدا تۆمـار بکرێت ئیدی ئەو بلۆکـە دەکەوێتە نێوان زنجیرەکـەوە و ئیمکانـی دەسـتکاری، گۆڕان و سـڕینەوەی بۆ کـەس بوونی نییـە. هەر ئەم تایبەتمەندییە بووەتە هـۆی ئەوەی تۆمارکردنی ڕێکۆردگەلـی بانکـی و زانیاریـە داڵییەکان بۆ هەمیشـە نەگۆڕ و پارێزراو بێت و هیچ لایەنێکی سێیەم کۆنترۆڵی بەسەریەوە نەبێت.

**سـێیەم:** بلۆکچەین کتێبخانە یان دەفتەرێکی تۆماری گشـتیی بڵاوەبـووە[۴]، کە هەمـوو نۆد[۵] یـان بەکارهێنـەرەکان دەتوانـن مێـژووی دەیتا تۆمارکـراوەکان ببینـن بـەڵام کەس بـۆی نییە دەسـتکارییان بکات، هەر دەیتایەکی نوێ کە لەم سیستەمەدا تۆمار دەکرێت، دەبێت نۆدەکانی دیکە پشتڕاسـتی بکەنەوە، هەروەها کۆپییەک لە هەموو دەیتاکانی بنکەدراوە لە لای تاک بە تاکی نۆدەکان هەیە. ئەم شێوە لە بڵاوبوونە دەبێتە هۆی ئەمنییەتی زێدە، شـەفافییەت، بەرگریی لە هەککران، ئازادیی زانیاریی و سڕینەوەی ناوەندگەرایی.

**چـوارەم:** ڕێـکاری پێوانی ڕەسـەنێتی[۶] یان متمانەپێکراوبـوون، تایبەتمەندییەکـی گرنگـی بلۆکچەینـە؛ بۆ ئـەم مەبەسـتە لـە مێکانیزمی ڕەزامەندیی گشتی[۷] کەڵک وەردەگرێت، بۆ نموونە لە ترانزەکشـێنێکی بانکیدا، سـێ لایەن بوونیان هەیە، لایەنـی یەکەم کە پـارە دەنێرێت، لایەنی دووەم پارەکە وەردەگرێت و لایەنی سـێیەم کە بانکە ئاڵوگۆڕی پارەکە پشتڕاست دەکاتەوە. بەڵام لە بلۆکچەیندا لایەنی سێیەم کە بانک یان ناوەندێکی دیاریکراوە، بوونی نییە و بە یارمەتیی ئەلگوریتمی Proof of work هـەر بلۆکێکـی نـوێ لە لایەن کۆمەڵە نۆدەکانی دیکەوە پشتڕاست دەکرێنەوە.

## نهێنپارە و بیتکۆین

لـە سـەروبەری قەیرانـی ئابووریـی ٢٠٠٨ی ئامریکادا و بەسـتێنی ئەو قەیرانە بۆ دەستپێکی شۆڕشـی واڵێسـتریت، کەسـێکی نەناسراو بە ناوی «ساتووشـی ناکامۆ» پەیامێکی بڵاوکردەوە و دروسـتکردنی یەکەم نهێنپارەی ئەلەکترۆنیی لەسەر سیستەمی بلۆکچەین ڕاگەیاند.

«ئێمە سیستەمێکمان وەگەڕ خست کە ئیدی بتوانن ترانزەکشێنە ئەلەکترۆنییەکان بەبێ ئەوەی پێویست بکات بە کەسێک متمانە بکەن، ئەنجام بدەن»

لـە ئاکامـدا لـە سـاڵی ٢٠٠٩دا بیتکۆین وەکوو یەکەمین نهێنپارە، بە یارمەتی و لەسـەر سیسـتەمی بلۆکچەین هاتە نێـو بازنەی دنیای ئابووریـەوە تاکـوو ئیمکانـی ئاڵوگـۆڕی ماڵی لەم سـەر تا ئەو سـەری دنیادا بە شـێوەیەکی ڕوون، خێـرا، هەرزان، ئەمـن و بەبێ کۆنترۆڵی دامـودەزگای سـەرمایەداری و دەوڵەت ئەنجام بدرێـت. ئەمرۆکە هەزاران نهێنپارەی دیجیتاڵیی نوێ دروسـت کراون و لـە کەرتەکانی ئابووری، پیشەسازی، کشتوکاڵ و پزشکیدا ڕۆڵ دەگێڕن.

مێژووی پـارە لە دوای شـەڕی یەکەمی جیهانییـەوە و ڕووداوە ئابوورییەکانـی پاش ئەو شـەڕە بووە هۆی سـەرهەڵدانی ئەندێشەگەلی نوێـی پارە و ئابووری. مرۆڤ بۆ چەندین سـەدە بوو کە پارەی بۆ مەبەسـتی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی شمەک و خزمەتگوزارییەکان بەکار دەهێنا. پارە لە تیۆری کلاسـیکدا تەنیا ئامرازی ئاڵوگۆڕ بوو؛ بەڵام لە سـەدەی بیستەمدا وێڕای ڕۆڵی ئاڵوگۆڕ بووە پێوانەیەک بۆ پێواندنی ئەرزش.

## دراوی فیات[۸]

لە سـاڵی ١٩٤٤دا کۆنفرانسی برێتۆن بۆ بڕیاردان لەسـەر سیسـتەمی پارە و بانکی جیهانی بەڕێوە چوو. لەم کۆنفرانسـەدا بڕیار درا پشتیوانەی دراو لە سیسـتەمی پشـتیوانەی زێڕەوە بگۆڕدرێت بۆ سیستەمی پشـتیوانەی دۆلار-زێڕ؛ ئەم سیستەمە نوێیە لە سـاڵی ١٩٧٣ەوە فەشەلی هێنا. لە دوای فەشـەلهێنانی کۆنفرانسی برێتۆن، و ئەندێشەکانی کینز لـە سـاڵی ١٩٧١دا، ڕیچارد نیکسـۆن بە

شێوەیەکی تاک لایەنە بڕیاری هەڵوەشانەوەی توانستی ڕاستەوخۆی گۆڕینەوەی زێڕ بە دۆلاری ڕاگەیاند، لەو سەردەمە بە دواوە سیستەمی دراوی بێ پاڵپشت و پشتیوانە جێگیر بووە و تا هەنووکەش درێژەی هەیە. دراوی بێ پشتیوانە یان فیات لە هەر چەشنە ئەرزشێکی زاتی بێبەرییە. ئەگەر پێناسەیەکی وردتری بۆ بکەین دراوی بێ پشتیوانە، دراوێکە کە لە لایەن دەوڵەتەوە بەیاسایی کرابێت، لە لایەن دەوڵەتەوە بەرهەم بهێندرێت، نە خاوەنی ئەرزشێکی دیاریکراوە و نە توانستی گۆڕینەوە بە هیچ شمەکێکی دیاریکراوی هەیە (وەکوو زێڕ). خاوەنی هیچ ئەرزشێک لە زاتی خۆیدا نییە و تەنیا هۆکاری بە فەرمی بوونی دەوڵەتە.

## سڕینەوەی ناسیۆنالیزم لە دراو و فۆن هایک

هایک بڕوای وا بوو پاوانی چاپ و بڵاوکردنەوەی پارە، دەبێت لە کۆنترۆڵی دەوڵەت نەمێنێت و بدرێتە دەستی بازاڕی ئازاد، لەسەر پەرەپێدان بە ئەندێشەکانی ئادام ئیسمیت؛ بڕوای بەوە بوو کە بایەخی کەسیی هەموو بەشەکانی بازاڕ دەبنە هۆی زێدەبوونی کارامەیی، پێشنیاری دا کە دەکرێت پارەیەک بەبێ ناوەند و سەنتەر دروست بکرێت، لەگەڵ دروستبوونی کێبەرکێدایە کە پارەکان توانایی پاراستنی هێزی زێدەتری کڕینیان هەیە.

ناوەڕۆکی سەرەکیی بیرۆکەکەی هایک ئەوە بوو کە: پاوانی جێگیربووی دەوڵەت، لە سازکردنی کرێدیت و دروستکردن و چاپکردنی پارە بۆ دەوڵەمەندکردنەوەی گرووپێکی تایبەت، پڕکردنەوەی کورتهێنانی بوودجە و دابینکردنی ماڵیی پرۆژەکانی دەوڵەت بەکار دەهێنرێت و قەیرانگەلی ئابووریی ئێستا، مافی ئەم پاوانکردنە سروشتییە بۆ دەوڵەت دەباتە ژێر پرسیار. دروستبوونی بیتکۆین لە سەروبەری قەیرانی ماڵیی ۲۰۰۸دا و نارەزایی خەڵک لە بانکەکان دەتوانێت وەکووو تاقیگەیەک بۆ ئەم بیرۆکەیە بێتە ئەژمار و بیرۆکەکەی هایک وەکوو دینامیزمێک بۆ درووستبوونی نهێنپارەکان دابنرێت[٩].

## کۆلۆنیالیزمی پارەیی[١٠]

ڕۆڵی کۆنترۆڵی پارە لە لایەن حکومەتی ناوەندییەوە بووەتە هۆی پەرەپێدانی هەژاری، دابەشکردنی نادادپەروەرانەی بودجە و پارە لە ناوەند و کوردستاندا، لە ئاکامدا دەتوانێت ئیمکانی ڕوودانی قەیرانگەلێک وەکوو قاتوقڕی، برسییەتی و بێکاری پێک بێنێت.

«کۆلۆنیالیزمی پارە(استعمار پولی)، پاوانی خاوەندارێتیی لەسەر کۆنترۆڵ و چاپی پارە و ئیعتیبار لە دەستی گرووپ، ئێتنیک یان نەتەوەیەکی تایبەتدایە. پاوانی چاپ و بڵاوکردنەوەی پارە، ئەو ئیمکانە بۆ نەتەوەی کۆلۆنیالیست دەڕەخسێنێت؛ چونکوو کۆنترۆڵی ناوەندە ماڵییەکانی لە دەستدایە، بە قازانجی خۆی ئیعتبارگەلی ماڵی و بانکی، قەرز (وام) دابەش بکات».[١١]

ڕێژەی دابەشکردنی بودجە و ئیعتبارگەلی ماڵی، پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ گەشەی ئابووریی ناوچەگەلی وڵاتێکدا هەیە.

«بازرگانی و ئالوگۆڕی ئابووری لە نێوان ناوەند و پەراوێز بەرەو قۆرغکردن لە لایەن ناوەندەوە دەڕوات، قەرزی بانکی دەستی بەسەردا گیراوە، بانکدارەکان، بەڕێوەبەران و خاوەن کارەکان لە نێوان خەڵکی ناوەندا هەڵدەبژێردرێن».[١٢]

هەروەها جاراندنی زێدەکەری پارە و کەمکردنەوەی سوودی قەرزەکان بەردەوام ڕێژەی هەڵاوسان دەباتە سەرەوە کە لە درێژماوەدا هەژارییەکی لاسەنگ بەسەر ناوچە کۆلۆنیکراوەکاندا دەسەپێنێت، و سەرمایەی خەڵک بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بە تاڵان دەبات.

لە دەوڵەتگەلی کۆلۆنیالیستیی کوردستاندا بانکەکان گرنگترین ڕۆڵ لە چاپ، بڵاوکردنەوە و دابەشکردنی پارەدا دەگێڕن، دوو هۆکاری دابەشکردنی لاسەنگی پارە و جاراندنی زێدەکەری پارە دوو کەرەستەی بەهێزن لە دەستی کۆلۆنیالیستدا.

ئەوەی لێرەدا بۆ ئێمە گرینگە تیشک خستنەسەر ڕەهەندی ئابووری و سەروەریی

ئابووریـــی کۆلۆنیالیزمـــە. لێرەدا چەنـــد نموونە لەو هەوڵانە دەخەینە بـــەر خوێندنەوە هەتاکوو پۆتانســـیەل و بەربەســـتەکانی ئـــەم ڕەوتـــە لە ســـڕینەوەی کۆلۆنیالیـــزم دەســـتەبەر بکرێت و نەخشـــەڕێگایەک بۆ داهاتووی کوردستان بێتە پێش چاومان.

## ئامـــاری بەکارهێنەرانـــی نهێنپارەکان لە جیهاندا:

بەپێی دوایین ڕاپۆرتی زانکۆی کەمبریج، ئاماری بەکارهێنەرانـــی نهێنپـــارەکان لە ســـێ و پەنج میلیۆن کەس لە ساڵی ٢٠١٨وە تا سێ مانگەی سەرەتای ساڵی ٢٠٢٠دا گەیشتۆتە سەدە و یەک ملیۆن کەس و پێشـــبینی دەکرێت لە داهاتوودا زیدەتر پەرە بستێنێت.[١٣]

**نەتەوەی لاکۆتـــا و مازاکۆین:** لاکۆتا یەکێک لە نەتەوە سوورپێستە ڕەسەنەکانی ئامریکایە، کە خاوەن زمان و فەرهەنگی جیاوازی خۆیەتی، ئەم نەتەوەیە لە هەژارییەکی سەرسامهێنەردا دەژین. لـــە ســـاڵی ٢٠١٤ دا ئەم نەتەوەیـــە نهێنپارەی فەرمیـــی خۆیـــان دامەزراند، کـــوڕی گەورەی ســـەرۆکی هۆزی ئۆگلالا لاکۆتا و دامەزرێنەری مازاکۆیـــن بە ناوی «هێریس» بەڵێنی دا درێژە بە شەڕی مێژوویی ئەژدادی خۆیان لەگەڵ دەوڵەتە یەکگرتووەکانـــی ئامریکا بدات، بەڵام نە شـــەڕی چەکداری بەڵکوو شەڕ بە کۆدەکانی کۆمپیوتەر.

هەروەهـــا ڕایگەیانـــد کە ئێســـتا بە فەرمی مازاکۆیـــن وەکوو پارەی فەرمیی نەتەوەی لاکۆتا قەبووڵکراوە، هەروەها ئامـــاژەی دا ئێف بی ئای ئـــاگاداری کردۆتەوە کە نهێنپارە لـــە ئامریکادا نایاساییە.

هێریس ڕایگەیاند گوێ بە هەڕەشەکانی ئێف بی ئای نادات و کەس بۆی نییە لەســـەر خاکی مێژوویی خۆیاندا بڕیاریان بۆ بدات.[١٤]

لە ئاستەنگەکانی سەر ڕێگەی پەرەستاندنی مازاکۆین، فێرکاری و ئاشـــناکردنی کۆمەڵگەی هەژاری لاکۆتا لەگەڵ فەزای سایبێری، نهێنپارە و ئیمکانی نەخت کردنەوە و ئاڵوگۆڕیەتی.

لە ئێســـتادا مازاکۆین خاوەنی٦٨،١٢٧ دۆلار قەبارەی مارکێـــت[١٥] و قەبارەی ترەیدینگی ٢٤ کاتژمێری ڕابردووی ١٢ دۆلار بووە، کە نیشـــان لە شکستی پڕۆژەکەیە.

**نهێنپارە لە زیمباوە:** بەهۆی هەڵاوســـانی لە ڕادەبـــەدەر لە زیمباوە و بـــێ بەهابوونی دراوی ئەو وڵاتە خەڵکـــی زیمباوە ڕوویـــان کردووەتە بەکارهێنانـــی نهێنپـــارەکان، دوو نهێنپـــارەی بیتکۆین و ئیکۆکەش بـــە زۆری بەکار دەبرێن، هەر تاکێکی ئەو وڵاتە کە دەســـتی بە مۆبایل و هێڵێکی ئەنتەرنێت ڕابگات بە ســـانایی دەتوانێت لە هەر چەشـــنە خزمەتگوزارییەکی بانکی بێنیاز بێـــت. لە ســـاڵی ٢٠١٤ بە دواوە کە ســـەڕافی گۆلیکس ڕێگەی بە خەڵکی زیمباوە داوە دەست بـــە گۆڕینەوەی بیتکۆین بکەن، لە ماوەی ســـێ ساڵدا بە ڕێژەی بیست ملیۆن دۆلار گۆڕینەوە بە بیتکۆین کراوە.[١٦]

**کۆمـــاری ئابخازیـــا:** لـــە ســـاڵی ١٩٩٢ بە دواوە کۆمـــاری ئابخازیـــا بە شـــێوەی دیفاکتۆ ســـەربەخۆیی خۆی ڕاگەیانـــدووە، حکوومەتی ئابخازییا لە ترســـی گەمـــارۆی دەرەکی، پلانی دەرکردنی نهێنپـــارەی تایبەت بەخۆی بەدەر لە بانکی نێودەوڵەتی ئەو وڵاتە داڕشتووە هەتاکوو بۆ ڕاکێشانی سەرمایەگوزاریی دەرەکی و ئاڵوگۆڕی ماڵـــی لەگەڵ جیهانی دەرەوەی خۆی دەســـتی ئاوەڵا بێت.[١٧]

لـــە کاتی نووســـینی ئەم وتـــارەدا قەبارەی مارکێتـــی نهێنپارەی ARK کۆمـــاری ئابخازییا ٨٨،٣٩٢ دۆلار و قەبـــارەی ترەیدینگـــی ٢٤ کاتژمێری ڕابردووی ٨٨،٣٢٩ دۆلار بووە.

**ڕۆهینگیا:** شـــیمانە دەکرێت، سێ ملیۆن و نیو لە خەڵکی موســـوڵمانی ڕۆهینگیا لە وڵاتانی دیکـــەدا ئـــاوارە بـــن. موحەمەد نـــوور ڕیبەری کۆمەڵگـــەی ڕۆهینگیا کە لـــە تاراوگە دەژین و ئاوارەبوونە ڕایگەیاند بەهۆی ئاوارەبوونی خەڵکی موسوڵمانی ڕۆهینگیا و بێبەری بوونی ئەو ئاوارانە لە ناســـنامە و ئیقامە، لە هەوڵی دروســـتکردنی پێناســـەیەکی دیجیتاڵین بە یارمەتی سیستەمی

بلۆکچەین کە بەبێ ناوەند و چاودێری بێت.[١٨]

**ڤێنێزوێلا:** لە وڵاتگەلێک وەکوو ڤێنێزوێلا کە دراوی نەتەوەیی بە هۆکاری هەڵاوسانی لە ڕادەبەدەر، بێ ئەرزش بوونە، نهێنپارەکان ڕۆڵێکی گرنگ لە ژیانی خەڵکدا دەگێڕن؛ تەنانەت لە فرۆشگە گەورەکان و سووپێرمارکێتەکانیش وەردەگیرێن. ئەگەرچی نهێنپارەکان وەکوو بیتکۆین لە ئاستێکی باڵادا نین و نرخەکەیان جێگیر نییە بەڵام لە درێژماوەدا دەتوانن جێگەی دراوی فیاتی دەوڵەتەکان پڕ بکەنەوە، ئەگەر چی نهێنپارەکانیش بەبێ بوونی دەوڵەتەکان هیچ واتایەکیان نابێت، بەڵام نەمانی دەوڵەتەکانیش ڕەنگە بەم زووانە ڕوونەدات. دەوڵەتی ڤێنێزوێلا بە هۆی دەوردانەوەی گەمارۆکانی ئامریکا و داڕووخانی بایەخی دراوی نەتەوەیی ئەو وڵاتە نهێنپارەیەکی بەنێوی پێترۆ دەرکردووە.[١٩] کە قەبارەی مارکێتی ٤٠٤،٥٦٥ دۆلارە.

ئاشنابوون و بەکارهێنانی ئەنتەرنێت و دەستڕاگەیشتن بە مۆبایلێکی زیرەک لەلایەن خەڵکی تەواوی جیهانەوە؛ دەرفەتی بەکارهێنان و ئاڵوگۆڕکردنی نهێنپارەکان، بۆ تاک بە تاکی مرۆڤەکان دەڕەخسێنێت، کە لە داهاتوویەکی نیزیکدا بتوانن پەیوەست بە تۆڕی بلۆکچەینەوە ببن و مۆدێلێکی نوێ لە پارە و مارکێت ئەزموون بکەن، ئەزموونێک کە ڕەنگە خەونی کۆتاییی کۆلۆنیالیزم و ئەمپێریالیزم بەدی بێنێت.

## ئاکام:

چاپ، بڵاوکردنەوە و دابەشکردنی پارە چەکی هەرە بەهێزی ئابوورییە کە لە دەستی کۆلۆنیالیستە بە دژی بەکۆلۆنیکراودا. هەتاکوو پاوانی پارە لە دەستی دەوڵەتە ناوەندییەکاندا بێت، هەڵاوسانی ئابووریش بوونی دەبێت، و هەژاریی لاسەنگ لەسەر ناوچەکانی بەکۆلۆنیکراودا دەبێت. دەستڕەنجی خەلک لە ڕێگەی هەڵاوسان، پاوان و کۆنترۆڵی پارەوە، بەتاڵان دەبردرێت. کۆتاییی ناخۆشی کۆنترۆڵی پارە؛ دەتوانێت کۆلۆنیالیزمی ئابووری چەک بکات. نهێنپارە و سیستەمی بلۆکچەین بە هاتنە نێو گۆڕەپانی ئابوورییەوە ئاسۆیەکی نوێیان بۆ ئەم مژارە کردووەتەوە. هەندێک لە نەتەوە کۆلۆنیکراوەکان و کەمینە ڕەسەنەکانی جیهان بە دامەزراندنی نهێنپارەی دیجیتاڵیی خۆیان، هەوڵ و تێکۆشانیان بۆ بەرەنگاربوونەوە و سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم دەست پێ کردووە، ئەم مژارە لە هەر دوو ڕوانگەی کۆلۆنیالیزمی تایبەت بە کوردستان بەگشتی و هەم لە ڕوانگەی پۆست-کۆلۆنیالیزمەوە بۆ وڵاتان و نەتەوەکانی ناوچەگەلی دیکەی جیهان دەکرێت پەرەی پێ بدرێت؛ و بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونی ئەوان، ئەم ڕێکارە لە کوردستانیشدا جێبەجێ بکرێت و کوردستانیش ببێتە خاوەن نهێنپارەی خۆی.

## ژێدەرەکان


1. BlockChain
2. Cryptocurrency
3. Hash
4. Distributed Ledger
5. Node
6. Authentication methods
7. Consensus mechanism
8. Fiat currency
9. The Economist, «Bitcoin is fiat money, too- not so novel»
10. Colonial monetary
١١. استعمار پولی و ریشه کولبری پژواک کوکبیان، خاک کوردستان سارۆ ئەردەڵان، کوردایەتی دژ بە کۆلۆنیالیزمی نێوخۆییە، گۆڤاری تیشک، ژمارەی ٥١،
12. Money multiplier
13. Global Cryptoasset benchmarking study, Cambridge center for alternative finance, september 2020
14. The Battle of Little Bitcoin: Native American Tribe Launches Its Own Cryptocurrency, jasper Hamill, Forbes
15. Market Cap
16. https://cryptonews.com/exclusives/how-much-bitcoin-is-really-being-traded-in-zimbabwe-4375.htm
17. unpo.org/article/20500
18.https://thediplomat.com/2019/07/a-digital-nation-for-the-stateless-rohingya
19. c4ss.org/content/52453
Center for a stateless society

# ئاسایشی نەتەوەییی کورد و مەسەلەی دێموکڕاسی لە ئێراندا

ئیدریس ئەحمەدی

ئەم وتارە هەوڵ دەدا وڵامی چەند پرسیارێکی پێکەوە گرێدراو بداتەوە: ئایا ئێران مایەی ئەوەی تێدایە بەرەو دێموکڕاسی گوزار بکا؟ ئەگەر ئەو مایەیەی تێدایە، ئایا ئەوە لە ڕێگای ڕیفۆرم یان شۆڕشێکی دیکەوە دەبێ؟ ئایا دێموکڕاسی دەتوانێ چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی بکا؟

## پوخته

لە ساڵانی دواییدا هێندێک ڕووناکبیر و چالاکی سیاسیی کورد، بەو دەرئەنجامە گەیشتوون کە دێموکراسی لە ئێراندا ناتوانێ مەسەلەی نەتەوایەتی چارەسەر بکا. هێندێک تەنانەت بە گومانن سەبارەت بەوەی کە ئێران هەرگیز بتوانێ گوزار بکا بەرەو دێموکراسی. تاکوو سەبارەت بە دێموکراسی و پەیوەندیی ئەو لەگەڵ چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی لێکۆڵینەوەی جیدی ئەنجام نەدرێ، پێشنیارکردن بە حیزبە سیاسییەکان یان فشار هێنان بۆیان کە واز لە ئامانجی وەدیهێنانی دێموکراسی لە ئێراندا بێنن، کارێکی بەسوود نایەتە بەرچاو – بە تایبەت تاکوو ئەو کاتەی ستراتێژییەکی گونجاوتر وەک بەدیل دانەڕێژرابێت. گوزارەی سەرەکیی ئەم وتارە ئەوەیە کە لەگەڵ ئەوەی پێویست دەکا لێکۆڵینەوەی جیددی سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان دێموکراسی و چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی ئەنجام بدرێ، بەرژەوەندیی ئاسایشی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وێڕای سەبری ستراتێژیک وا دەخوازێ کە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لەو بەشەی کوردستاندا، لەسەر تێکۆشان لە پێناو دێموکراسی لە ئێراندا بەردەوام بێ.



## وشەی کلیلی

دێموکراسی، مەسەلەی نەتەوایەتی، ئێران، ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئاسایشی نەتەوەیی، سپانیا، ئوتۆنۆمی، فێدرالیزم


## سەرەتا

لە ساڵانی دواییدا هێندێک ڕووناکبیر و چالاکی سیاسیی کورد، بەو دەرئەنجامە گەیشتوون کە دێموکراسی لە ئێراندا ناتوانێ مەسەلەی نەتەوایەتی چارەسەر بکا. هێندێک تەنانەت بە گومانن سەبارەت بەوەی کە ئێران هەرگیز بتوانێ بەرەو دێموکراسی گوزار بکا. ئەو بۆچوونانە زۆرتر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەدی دەکرێن. هەروەها ڕوون نییە کە ئەو بۆچوونانە چەندە لە نێو ڕووناکبیران و چالاکانی سیاسیی کورددا یان لە نێو خەڵکی کوردستاندا بەربڵاو بن.

جێگای ئاماژەیە کە لێکۆڵینەوە سەبارەت بەو مەسەلەیە نەکراوە. هەڵبەت بە لەبەرچاوگرتنی گرنگبوونی سیاسیی ئەو مەسەلەیە، هەروەها بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە زۆربەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەدیهێنانی دێموکراسییان وەک ئامانجی سیاسیی خۆیان دیاری کردووە، پێویست دەکا سەبارەت بەو مەسەلەیە باسێکی جیددی بکرێ. ئەو مەسەلەیە هەروەها لە ڕوویەکی دیکەشەوە گرنگە: ئەگەر دێموکراسی چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی ناکا، هەروەها ئەگەر ئێران مایەی ئەوەی تێدا نەبێ بەرەو دێموکراسی گوزار بکا، ئەوجا بزووتنەوەی کورد پێویست دەکا پێداچوونەوە بە ستراتێژیی سیاسی خۆیدا بکا. بەدەر لە هێندێک حیزبی بچووک، حیزبە سەرەکییەکان، ئامانجیان پێکهێنانی ئێرانێکی دێموکراتیک و فێدراڵە.

بەو پێیە، ئەم وتارە هەوڵ دەدا وڵامی چەند پرسیارێکی پێکەوە گرێدراو بداتەوە: ئایا ئێران مایەی ئەوەی تێدایە بەرەو دێموکراسی گوزار بکا؟ ئەگەر ئەو مایەیەی تێدایە، ئایا ئەوە لە ڕێگای ڕیفۆرم یان شۆڕشێکی دیکەوە دەبێ؟ ئایا دێموکراسی دەتوانێ چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی بکا؟

لە پێناو وڵامدانەوە بەو پرسیارانە، ئەم وتارە سەرەتا باس لە ئەگەری دێموکراسی لە ئێراندا دەکا. دواتر وتارەکە دەپەرژێتە سەر پەیوەندیی نێوان دێموکراسی و چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی لە ڕوانگەیەکی بەراوردکارییەوە. زۆرتر تەرکیز دەکرێتە سەر بەراووردکردنی ئێران و سپانیا، دوو وڵات کە سەرەڕای جیاوازییەکانیان، خاڵی وێکچوونیان زۆرە.

گوزارەی سەرەکیی وتارەکە ئەوەیە کە لەگەڵ ئەوەی پێویست دەکا لێکۆڵینەوەی جیددی سەبارەت بەو پرسیارانەی سەرەوە ئەنجام بدرێ، بەرژەوەندیی ئاسایشی نەتەوەیی کورد لە

ڕۆژهەڵاتی کوردستان وێڕای سەبری ستراتیژیک وا دەخوازێ کە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لەو بەشەی کوردستاندا بەردەوام بێ لەسەر تێکۆشان لە پێناو دیموکراسی لە ئێراندا.

## ئەگەری دیموکراسی لە ئێراندا

سەبارەت بە گوزار بەرە دیموکراسی، لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا بۆچوونی زۆر هەیە. بە مەبەستی سادەکردنەوە، دەکرێ سێ بۆچوونی سەرەکی لێک جیا بکەینەوە. یەکەم، هێندێک لە لێکۆڵەران پێداگری لەسەر کۆمەڵێک پێشمەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەکەن بۆ ئەوەی وڵاتێک بتوانێ بەرەو دیموکراسی گوزار بکا؛ لەوانە، ڕادەی گەشەی ئابووری، ڕادەی شارنشینی، ئاستی خوێندەواریی هاووڵاتیان، قەوارەی چینی نێوەڕاست و هتد. ئەمانەش بە نۆرەی خۆیان دەکەونە خانەی پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆنەوە.

دووهەم، هێندێک لێکۆڵەر گرنگی دەدەن بە دەوری ئەکتەرە سیاسییەکان، بە تایبەت نوخبەی سیاسی. دەکرێ هەروەها دەوری ئۆپۆزسیۆنیشی لێ زیاد بکەین، بە تایبەت کە ئەگەڕێتەوە سەر وڵاتێکی وەک ئێران. بە واتایەکی دیکە، گرنگە هەم دیدی ستراتێژیکی باڵەکانی ڕێژیم لەو پەیوەندییەدا لەبەرچاو بگیردرێ، هەمیش دیدی ئۆپۆزسیۆن لەمەڕ دیموکراسی. بە کورتی، بۆچوونی یەکەم پێداگری لەسەر فاکتەری پێکهاتەیی (ساختاری) یان پێشمەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەکا لە کاتێکدا بۆچوونی دووهەم پێداگری لەسەر ئەکتەرە سیاسییەکان و دید و ستراتێژییان دەکا.[١]

سێهەم، هێندێک لێکۆڵەری دیکە بایەخ دەدەن بە فاکتەری کولتووری لە پەیوەندی لەگەڵ دیموکراتیزاسیۆن و دیموکراسیدا. لەو ڕوووەوە باس لە «کولتووری سیاسی»ی تایبەت بە دیموکراسی دەکرێ کە بەهاگەلێک وەک «کۆدەنگی» و «تەنازولکردن» لە پرۆسەی سیاسیدا لە خۆی دەگرێ.[٢]

کە ئەگەڕێتەوە سەر ئێران، پێویستە دەکا لێکۆڵینەوەی جیددی و سیستەماتیک سەبارەت بە پێشمەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتیی دیموکراتیزاسیۆن لەو وڵاتەدا ئەنجام بدرێ. هەوڵێکی وا لە دەرەوەی توانای ئەم وتارەدایە. لە ساڵی ٢٠١٠دا، لێکۆڵەرێکی فارس لە وتارێکدا ئاماژە بەوە دەدا کە لەگەڵ ئەوەی زۆربەی دانیشتوانی ئێران خوێندەوارن و لە شاردا دەژین، بەڵام «٨٠ دەرسەدی ئابووریی ئێران لە دەستی دەوڵەتدایە، هەروەها کەرتی تایبەت گرێدراوی [دەوڵەتە] و لەرزۆکە و ئێرانییانی ژێر تەمەنی ٣٠ ساڵ نە خاوەن موڵکن و نە سەر بە چینی نێوەڕاستن.» لە درێژەدا و دەنووسێ: «فەرهەنگێکی سیاسیی [کە بریتی بێ لە] کۆدەنگی و تەنازولکردن هێشتا جێ نەکەوتووە» لە ئێراندا.[٣] لەگەڵ ئەوەی ئەو وتارە دە ساڵ کۆنە، بەڵام بە پێی داتایەک کە ئەوکات لەبەردەستدا بوو، گومان دەخاتە سەر ئەوەی کە ئەگەر بێت و ڕێژیم بڕووخێ، ئێران پێشمەرجی ئەوەی هەبێ کە بەرەو دیموکراسیی جێگیر گوزار بکا.

ئەو لێکۆڵەرە هەروەها هاوشێوەی زۆر لێکۆڵەری دیکە نەوت وەک «بەڵایەک» لە قەڵەم دەدا و بە سێ هۆ وەک بەربەستێکی جیددی لە سەر پرۆسەی دیموکراتیزاسیۆن بەرجەستەی دەکاتەوە: یەکەم، نەوت لە ڕووی سیاسییەوە دەوڵەت لە پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگادا سەربەخۆ و بێ منەت دەکا، هاوکات کە بە وەرگرتنی باجی کەم و دابینکردنی خۆشبژیوی (رفاه)، وەفاداریی سیاسیی خەڵک بۆ حکومەتی حاکم دەکڕێ؛ دووهەم، لە وڵاتگەلێکدا کە نەوت سەرچاوەی سەرەکیی داهاتیان پێکدێنێ، ئیمکانی ئەوە بۆ دەوڵەت پێکدێنێ کە دامەزراوەی داپڵۆسێنەری زەبەلاح بۆ سەرکوتکردنی ئۆپۆزسیۆن و خەڵک پێکبێنێ؛ سێهەم، داهاتی بەرچاوی نەوت ڕێگری لە پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆن لە شکڵی بەسەنعەتیکردنی ئابووریی وڵات دەکات، ئەمەش بە نۆرەی خۆی ڕێگرە لە سەرهەڵدانی کەرتی تایبەتی بەهێز و هەروەها سەرهەڵدانی چینی ناوەڕاستی سەربەخۆ و بەهێز. ئەگەریش چینی

نێوەڕاست لە وڵاتانی خاوەن نەوت سەرهەڵ بدا، دەبنە مووچەخۆری دەوڵەت و بەرژەوەندییان لە پاراستنی نیزامی مەوجوودا دەبێ. ئەم سێ ئاکامە خراپەی نەوت لە ئێراندا بە ڕوونی بەدی دەکرێ.[۴]

«میساق پارسا»، لە بەرهەمێکی گرنگدا لە ژێر ناوی «دێموکڕاسی لە ئێراندا بۆ شکستی هێنا و چۆن دەکرێ سەرکەوێ»، ئاماژە بەوە دەدا کە ئاستی خوێندەواریی هاووڵاتیان لە ئێراندا ڕووی لە زیادبوون کردووە.[۵] بە تایبەت ڕادەی دەرچووانی زانکۆکان بە شێوەی بەرچاو ڕووی لە زیادبوون کردووە و دەوری خوێندکاران لە تێکۆشان لە پێناو دێموکڕاسیدا بەرجەستە دەکاتەوە.

ڕاستییەکەی، پارسا بە ڕوونی وڵامی ئەو پرسیارە نەداتەوە کە ئایا لە ئێراندا پێشمەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆ ئەوەی وڵات بەرەو دێموکڕاسی گوزار بکا لە ئارادان یان نە؟ گرنگیی لێکۆڵینەوەی پارسا لەوەدایە کە لە ڕوانگەیەکی بەراوردکارییەوە دەیەوێ وڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە ئایا ئێران لە ڕێگای ڕیفۆرمەوە یان لە ڕێگای شۆڕشەوە دەتوانێ بەرەو دێموکڕاسی گوزار بکا؟

تێگەیشتنی من لە پارسا ئەوەیە کە بە بۆچوونی ئەو، لە ئێراندا لە ئاست جەماوەردا، ویست و داخوازیی گوزار بەرەو دێموکڕاسی لە ئارادا هەیە. پارسا ڕێژیمی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی وەک بەربەستی سەرەکی لە سەر ڕێگای دێموکڕاتیزەبوونی ئێران بەرجەستە دەکاتەوە. ناوبراو لەو پەیوەندییەدا، پێداگری لەسەر چەند خاڵێک دەکا. یەکەم، ئەو لایەنانەی لە شۆڕشی ١٩٧٩دا بەشدارییان کرد، یەکدەست نەبوون و ئەو هاوپەیمانییەی کە پێکهات دژ بە شا، بەرە بەرە شکڵی گرت. لەگەڵ ئەوەی خومەینی و ئیسلامییەکان توانییان سەرکردایەتیی ئەو شۆڕشە بکەن و لە ئاکامدا کۆماری ئیسلامی دابمەزرێنن، خومەینی پێش گەڕانەوەی بۆ ئێران، دژ بە دێموکڕاسی نەبوو، بەڵکوو دواتر و بە سەپاندنی سیستەمی «ویلایەتی فەقیهی» ئەجێندای ڕاستەقینەی ناوبراو دەرکەوت. دەنا پارسا ئاماژە بەوە دەدا کە ئەو لایەنانەی لە شۆڕشدا بەشدار بوون، ئازادی، سەربەخۆیی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتییان دەویست.

دووهەم، پارسا ئاماژە بەوە دەدا کە حیزبی دێموکڕات داوای دێموکڕاسی بۆ تەواوی ئێران و خودموختاری بۆ کوردستانی دەکرد، بەڵام ڕێژیمی ئیسلامی حیزبی دێموکڕات و خەڵکی کوردستانی سەرکوت کرد. پارسا هەروەها ئاماژە بەوە دەدا کە خوێندکاران لە پاش شۆڕشەوە دەوری بەرچاویان هەبوو لە خەبات لە پێناو دێموکڕاسیدا.

سێهەم، بە گوێرەی تێگەیشتنی پارسا، ئەوانەی کە بە «ڕیفۆرمخواز» ناسراون، ئامانجیان ڕیفۆرمکردنی کۆماری ئیسلامی بووە. بەتایبەت ئاماژە بە «بزووتنەوەی سەوز» دەدا وەک بزووتنەوەیەک کە بە پێی تێگەیشتنی ئەو، ئامانجی دێموکڕاسی بوو. لەو پەیوەندییەدا ئاماژە بەوە دەدا کە لەگەڵ ئەوەی سەرانی «بزووتنەوەی سەوز» ئامانجیان تێپەڕاندنی کۆماری ئیسلامی نەبوو، بەڵام لایەنگرانی ئەو بزووتنەوەیە، دواجار دروشمەکانیان دژ بە کۆماری ئیسلامی و خامنەیی بوو.

چوارەم، ئاماژە بەوە دەدا کە داخوازیی ئەوانەی کە لە چوار دەیەی ڕابردوودا پەیتا پەیتا خۆپێشاندان و ڕاپەڕینیان ئەنجام داوە، ڕادیکاڵیزەتر بووە و خوازیاری ئازادی و دێموکڕاسین.

بە کورتی، پارسا لەسەر ئەو باوەڕەیە کە لە ئێراندا، خەڵک دێموکڕاسییان دەوێ. لەگەڵ ئەوەی ڕێژیم بەردەوام دەستی بردووە بۆ سەرکوتکردنی ئۆپۆزسیۆن و خوێندکاران و خەڵک لە ئێراندا، بەڵام نارەزایەتی ڕووی لە زیادبوون کردووە و بەربەرەکانێی «پاسیڤ» (واتە، ڕاوەستان لە بەرانبەر سیاسەتە سەپێندراوەکانی ڕێژیم لە بواری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەوە) بووە بە دیاردەیەکی بەربڵاو. لەگەڵ ئەوەی کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ لە ئاستی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا خۆی بسەپێنێ، خەڵک لەو بارەیەوە

بـه شـێوەیەکی «پاسـیڤ» بەربەرەکانێ لەگەڵ ڕێژیمدا دەکـەن. ئەمەش نیشـانەی ئەوەیە کە خەڵک هـەم دژ بە ڕێژیمـن، هەمیش گۆڕانیان دەوێ. هەروەها پارسـا دەنووسێ کە ئەگەر بێت و ڕێژیمی ئیسـلامی ڕێـگا بدا بـە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئازاد، ئەوجا دەسـەڵاتدارانی کۆماری ئیسـلامی دەسەڵات دەدۆڕێنن. کۆی ئەمانە دەکا بە بنەما بۆ ئەوەی بەو دەرئەنجامە بگا کە خەڵک لە ئێراندا دیموکراسییان دەوێ.[۶]

بەربەسـتی سـەرەکی لـە سـەر ڕێـگای دیموکراتیزەبوونـی ئێران لە ڕوانگەی پارسـاوە، ڕێژیمی کۆماری ئیسـلامییە، هـەر وەک چۆن ڕێژیمی شـا بەربەسـت بـوو لە سـەر ڕێگای دیموکراسیدا لە ئێران. بۆیە، پارسا زۆرتر دەپەرژێتە سـەر چۆنیەتیی گوزار بەرەو دیموکراسـی. لەو پەیوەندییەدا دەنووسێ ئەگەر وڵاتێک ڕێژیمێکی دیکتاتـۆر تێیدا حاکم بێ، لـە دوو ڕێگا زیاتری نییە بۆ گـوزار بەرەو دیموکراسـی: یان ڕیفۆرم، یان شۆڕش. ئەمەش بە نۆرەی خۆی لە ئەساسدا دەگەڕێنێتەوە بۆ ئایدۆلۆژیی ڕێژیمی حاکم.

بە بەراوەردکردنی ئێران لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کـە یان لە ڕێـگای ڕیفۆرمـەوە (لەوانە کۆریای باشوور و تایوان) یان لە ڕێگای شۆڕشەوە (لەوانە فیلیپیـن، ئەندۆنیزی، میسـر، تونیـس و هتد) گوزاریان بەرەو دیموکراسـی کردووە، پارسا بەو دەرئەنجامە دەگا کە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، بە ئەگەری زۆر ئیمکانی ئەوەی نییە لە ڕێگای ڕیفۆرمەوە بەرەو دیموکراسـی گوزار بکا. هۆی ئەمەش دەگەڕێنێتەوە بۆ چەند فاکتەرێک:

**۱** دەسـەڵات لە کۆماری ئیسلامیدا لە دەستی کەمینەیـەک، واتـە مەلاکاندا، کـۆ کراوەتەوە. مـەلاکان کۆمەڵێـک ئیمتیـازی تایبەتیان پێ دراوە، لـە کاتێکدا زۆرینەی دانیشـتووانی وڵات بێبەش کراون لە دەسـەڵاتی سیاسـی. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی دەست بەرێ بۆ زەبروزەنگ و سـەرکوتکردنی بەردەوامی ئۆپۆزسـیۆن و خەڵـک. بە بێ سـەرکوتکردنی بەردەوام، ڕێژیم ناتوانێ لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە.

**۲** ئایدۆلۆژیـی کۆمـاری ئیسـلامی لە سـەر ئەساسـی سیسـتەمی «ویلایەتی فەقیهی»، واتە حکومەتی خودا، ڕاوەسـتاوە و بەو بۆنەیەوە، دژی دیموکراسییە.

**۳** کۆمـاری ئیسـلامی، لـە پێناو سـەپاندنی سیاسـەتی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ئیسلامیدا بەردەوام دەسـتێوەردان لە ژیانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا دەکا. بەو بۆنەیەوە، ڕێژیم هەر جۆرە گۆڕانێک بە خەتەر دەزانێ و دژی ڕادەوەستێ. بە تایبەت فەرهەنگ و بەها کۆمەڵایەتییەکانی غەرب بە خەتەر لە سەر خۆی دەزانێ. هەر بەو بۆنەیەوە، لیبراڵ دیموکراسـی بە خەتەری ستراتێژیک لە سەر خۆی دەزانێ.

**۴** سیاسـەتی ئابووریـی کۆماری ئیسـلامی و دەسـتێوەردانی بەردەوام و بەربـڵاو لە ئابووریی وڵاتدا بووەتە هۆی بەهێزکردنی نوخبەی سیاسی و بە تایبەتی سپای پاسداران لە ئێراندا، لە کاتێکدا گەشەی ئابووریی وڵات پەکی کەوتووە. گەندەڵیی بەربڵاو یەکێکی دیکە لە لێکەوتەکانی سیاسەتی ئابووریی ڕێژیمە. ئەمەش بە نۆرەی خۆی بۆشاییی نێـوان کۆمەڵگا و دەوڵەتی بەرینتر کردووەتەوە و بووەتە هۆی زیادبوونی نارەزایەتیی خەڵک.

پارسـا لەو پەیوەندییەدا زۆرتر ئێران لەگەڵ کۆریای باشـوور بـەراورد دەکا. لەگـەڵ ئەوەی ئەرتـەش لـە کۆریـای باشـووردا دەسـەڵاتی بەدەسـتەوە بـوو و نیزامێکـی دیکتاتۆریـی دامەزراندبوو، بەڵام ئەرتەش لەو وڵاتەدا بەرنامەی ستراتێژیکی بریتی بوو لە بەسەنعەتیکردنی وڵات و هەوڵدان لە پێناو گەشەی ئابووریدا. هەروەها نە دەستێوەردانی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا دەکرد، نە دەستێوەردانی لە سیستەمی ئابووریدا دەکـرد. لەگـەڵ ئۆپۆزسـیۆنی میانەڕەویش بە نەرمـی دەجووڵایەوە، بە تایبـەت پێش قۆناغی دیموکراتیزاسـیۆن. کاتێک ئەرتەش سـەرکەوت لەوەی گەشـە بە ئابووریـی وڵات بدا، ڕێگای بە ڕیفۆرم دا و دواجار ئەرتەش دەستی لە دەسەڵات هەڵگرت، هەرچەند لە ئەوەڵین هەڵبژاردنی ئازاددا، دەسەڵاتدارانی پێشوو براوە بوون. خاڵێکی دیکەی

جێگای ئاماژە ئەوەیە کە ئەرتەش دوای ئەوەی دەسەڵاتی لە دەست دا، توانییان بگەڕێنەوە سەر پیشەی خۆیان. بەرژەوەندیی ئابووریی ئەرتەش و پێگەی کۆمەڵایەتییان بەند نەبوو بە مانەوە لە دەسەڵاتدا. بە پێچەوانەوە، شا لە ئێران، مارکۆس لە فیلیپین و سوهارتۆ لە ئەندونیزی لە ڕێگای قۆرخکردنی دەسەڵاتی سیاسییەوە، سامانێکی بەرچاوی شەخسییان وەدەست هێنابوو؛ بۆیە نەیاندەویست دەست لە دەسەڵات هەڵگرن. دواجار هەرسێکیان لە ڕێگای شۆڕشەوە وەلانران. پارسا هەمان چارەنووس بۆ مەلاکان لە ئێران پێشبینی دەکا.[٧]

بە کورتی، ئایدۆلۆژیی کۆماری ئیسلامی و سیستەمی سیاسیی ویلایەتی فەقیهی بارودۆخێکی وای پێکهێناوە کە ئەو سیستەمە بە ڕیفۆرم ناگۆڕدرێ. پارسا لەو پەیوەندییەدا ئاماژە بە هەوڵی «ڕیفۆرمخوازەکانی» ناو ڕێژیم دەدا و دەنووسێ کە ڕێژیم ڕێگا بە ڕیفۆرم نادا. ڕێژیم ناڕەزایەتی لە دەروونی خویدا و لە نێو کۆمەڵگادا بە سەرکوتی بەردەوام وەڵام دەداتەوە. ئەمەش وای کردووە هیچ مەجالێک بۆ تەنازولکردن نەمێنێ. بە بێ سەرکوتی بەردەوام، دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ناتوانن لە دەسەڵاتدا بمێننەوە. بۆیە، پارسا بەو دەرئەنجامە دەگا کە ئەگەری زۆرە ئێران لە ڕێگای شۆڕشەوە بەرەو دیموکراسی گوزار بکا.[٨]

لە گەڵ ئەوەی زەمینەی شۆڕش لە ئێراندا لەبارە، بەڵام توانای دژبەرانی ڕێژیم سنووردارە. پارسا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دان بەم ڕاستییەدا دەنێ. بۆیە، کاتێک دەتوانین لە ئێراندا چاوەڕوانی گۆڕانی بنەڕەتی بین کە ڕێژیم لاواز بێ. لێکۆڵەرێکی دیکە بە شێوەیەکی سیستەماتیک نیشانی داوە کە ناڕەزایەتی و ڕاپەڕین لە ئێراندا ڕووی لە زیادبوون کردووە. هاوکات، سەرکوتی خەڵک و توانای دامەزراوەی ڕێژیم بۆ سەرکوتکردن، زیادی کردووە.[٩]

دەتوانین ئەوەی لێ زیاد بکەین کە نەبوونی هەوڵبەندی لە نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکان و نەتەوەکانی ئێران، هەروەها نەبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی یەکگرتوو کە پابەند بێ بە دیموکراسی، کۆی ئەمانە وای کردووە ڕێژیم بتوانێ لەسەر دەسەڵات بمێنێتەوە. پارسا پێشبینی دەکا کە دواجار ئەگەری زۆرە ئێران لە ڕێگای شۆڕشێکی خوێناوییەوە گوزار بکا بەرەو دیموکراسی.

بە کورتی، لەگەڵ ئەوەی هەلومەرجی شۆڕش لە ئێراندا لەبارە، بەڵام بە نەبوونی هەوڵبەندی و ئۆپۆزسیۆنێکی یەکگرتوو، مەرج نییە شۆڕش ڕوو بدا. ئەمەش ڕاستییەکە کە پارسا دانی پێدا دەنێ. بەڵام دەکرێ ئەوەی لێ زیاد بکەین کە مەرج نییە بارودۆخ هەروا بمێنێتەوە. دەکرێ ئەو هەوڵبەندییە لە نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکان و نەتەوەکانی ئێراندا پێک بێ، دەکرێ ئۆپۆزسیۆنێکی یەکگرتوو و دیموکراسیخواز سەرهەڵبدا. قووڵبوونەوەی قەیران لە ئێراندا دەتوانێ یارمەتیدەری پرۆسەیەکی وا بێ. لە لایەکی دیکەوە، سیاسەتی ئەمریکا دەتوانێ ڕێژیم بەهێز بکا یان لانیکەم گوشارەکانی لەسەر کەم بکاتەوە (وەک لە کەیسی سیاسەتی هەڵکردنی ئیدارەی ئۆباما لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و بەستنی ڕێککەوتنی ناوکی و هەڵگرتنی گەمارۆ نێودەوڵەتییەکان لە سەر ئێران)، یان ئەوەی لاوازی بکا (وەک لە کەیسی سیاسەتی «ئەوپەڕی گوشارهێنان» بۆ ڕێژیم لە لایەن ئیدارەی ترامپەوە و سەپاندنی کۆمەڵێک گەمارۆ بەسەر ئێراندا).

فاکتەرێکی دیکە کە دەتوانێ یان بە زەرەر یان بە قازانجی کۆماری ئیسلامی بشکێتەوە، دەوری بەناو ڕیفۆرمخوازەکانە لە ئێراندا. خاڵی لاوازی لێکدانەوەی پارسا بریتییە لە تێگەیشتنی ناوبراو لە سەر ئەوان. ڕیفۆرمخوازەکانی ڕێژیم تاکوو ئێستا مانیفێستێکیان لە پێناو ڕیفۆرمدا پێشکەش نەکردووە. لەگەڵ ئەوەش، لە نێوەڕاستی نەوەدەکانەوە توانییان سەرنجی خەڵک بۆ لای خۆیان ڕابکێشن. ڕاستییەکەی، ڕیفۆرمخوازەکان سوودی سیاسییان بۆ ڕژیم هەبووە، بەو مانایەی کە هەم توانیویانە بە باسکردن لە ڕیفۆرم (هەڵبەت بە بێ مانیفێست) پشتیوانیی بەشێک لە خەڵکی

ئێران بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن، هەمیش وڵاتانی ڕۆژاوا بێننە سەر ئەو باوەڕە کە دەبێ سەبریان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا هەبێ، یان ئەوەی لە نێوان وڵاتانی ڕۆژئاواییدا دووبەرەکی بنێنەوە. ڕیفۆرمخوازەکان نەک تەنیا ڕێژیمپارێزن، بەڵکوو هەروەها بە ڕاکێشانی خەڵک بۆ بەشداری کردن لە هەڵبژاردنەکانی ڕێژیم، کە لە ڕووی دامەزراوەییەوە بە مەبەستی وەدەستهێنانی ڕەوایی بۆ ڕێژیم ڕێکدەخرێن، تا ڕادەیەک کۆماری ئیسلامیيان لە دیکتاتۆرییەتی ویلایەتی فەقیهییەوە گۆڕیوە بۆ دیکتاتۆرییەتێکی هەڵبژێردراو. بەڵام لە ساڵانی دواییدا ڕیفۆرمخوازەکان دەورەی جارانیان نەماوە، مەگەر ئەوەی خامنەیی لە پێناو مودیرییەتکردنی قەیرانە نێوخۆیی و دەرەکییەکاندا دیسان مەیدانیان پێ بداتەوە.

فاکتەرێکی دیکە بێگومان تەمەنی خامنەییە. ڕوون نییە کە پاش مەرگی خامنەیی، کۆماری ئیسلامی بەرەو چ ئاراستەیەک دەڕوا، هەرچەند بەرژەوەندیی مەلاکان وا دەخوازێ کە جێگرێکی بۆ دیاری بکەن. هەڵبەت بە لەبەرچاوگرتنی قووڵبوونەوەی ناکۆکیی نێوان باڵەکانی ڕێژیم، ڕەنگبێ یەکلاکردنەوەی مەسەلەیەکی وا وەک پاش مەرگی خومەینی سانا نەبێ.

لە هەموو ئەمانەش گرنگتر بێگومان توانای بەرچاوی سەرکوتکردنی سپا و بەسیجە. هێندێک ڕێژیم لە دونیادا هەن — لەوانە کۆریای باکوور و کووبا و لە ساڵانی دواییدا ڤێنێزوێلا — کە باروودۆخی ئابوورییان لە کۆماری ئیسلامی خراپترە، بەڵام بە بێ ئەوەی ڕێژیمی حاکم لەو وڵاتانەدا بڕووخێ. هەرچەند هەلوومەرجی جیاوازی نێوخۆیی و نێودەوڵەتیی ئەو وڵاتانە دەبێ لەبەرچاو بگیردرێ، بەڵام وێدەچێ تواناییی سەرکوتکردن و ئیرادەی سەرکوت یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی مانەوەی ئەو ڕێژیمانە بێ. بۆیە، تەنانەت سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆنێکی یەکگرتوو لە خۆیدا مەرجی بەس (کافی) نییە بۆ گۆڕینی ڕێژیم لە ئێراندا.

بەدەر لە توانای سەرکوتکردن لە لایەن سپا و بەسیجەوە، کۆی ئەو فاکتەرانەی دیکە کە باس کران، قابیلی گۆڕانن. ڕەنگبێ توانای سەرکوتکردنی سپا و بەسیجیش بتوانێ گۆڕانی بەسەردا بێ، هەرچەند ئەگەری کەمە. ئەگەر پێشبینییەکەی پارسا ڕاست بێ کە دواجار ئێران لە ڕێگای شۆڕشەوە گوزار دەکا بەرەو دێموکراسی، ئەوجا وێدەچێ ئێران تووشی شەڕی نێوخۆیی ببێ. مەرج نییە لە سێناریۆیەکی وادا، نەتیجەی شەڕی نێوخۆیی دێموکراسی بێ. خاڵێکی دیکە، وەک لە سووریا شاهیدی بووین، سیاسەتی وڵاتانی ناوچەیی و زلهێزانە لە ئەگەری شەڕی نێوخۆیی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناویندا. بە بێ پشتیوانیی ئێران و ڕووسییە، ئەگەری کەوتنی ڕێژیمی ئەسەد زۆر بوو. ڕوون نییە لە داهاتوودا ئیسرائیل، سعودییە و ئەمریکا لە لایەک و ڕووسییە و چین لە لایەکی دیکە لە ئەگەری شەڕی نێوخۆیی لە ئێراندا چ سیاسەتێک بگرنە بەر. ناڕوونبوونی ئەمە تا ڕادەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی چ جۆرە ئۆپۆزسیۆنێک بتوانێ لە ئێراندا سەرهەڵبدا و چ جۆرە بەرنامەیەکی سیاسیی بەرێتە پێش. لێرەدا فاکتەرێکی دیکەی ناڕوون دەوری ئەرتەشە، کە ئایا لە ئەگەری شۆڕش و شەڕی نێوخۆییدا پشتیوانی لە سپا و بەسیج دەکا یان دژ بەوان ڕادەوەستێ.

بە کورتی، بۆچوونی پارسا سەبارەت بەوەی کە کۆماری ئیسلامی ڕێگای ڕیفۆرمی لە ئێراندا بەستووە، دروست دێتە بەرچاو. هەڵبەت پارسا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ناپەرژێتە سەر ئەوەی کە ئایا لە ئێراندا پێشمەرجی دێموکراتیزاسیۆن لە ئارادا هەن یان نە. زۆرتر گرنگی دەدا بە ویست و داخوازیی خەڵک بۆ گۆڕان بەرەو ئازادی و دێموکراسی. بەڵام لە پاش بەهاری عەرەبیدا، شاهید بووین کە ئەوە لە خۆیدا بەس نییە. بە واتایەکی دیکە، مەرج نییە شۆڕش دێموکراسی لێ بکەوێتەوە.

لە گەڵ ئەوەی وڵامدانەوە بە دوو پرسیاری یەکەمی ئەم وتارە — واتە، ئایا ئێران مایەی ئەوەی تێدایە بەرەو دێموکراسی گوزار بکا؟ ئەگەر ئەو

مایەیەی تێدایە، ئایا ئەوە لە ڕێگای ڕێفۆرم یان شۆڕشێکی دیکەوە دەبێ؟ - کارێکی سانا نییە، بەڵام ڕەتکردنەوەی بێ ئەملاو ئەولای ئیمکانی دێموکراسی لە ئێراندا، کارێکی گونجاو نایەتە بەرچاو. بۆیە، دەرئەنجامێکی ئەم وتارە ئەوەیە کە بنەمایەکی قایم لە ئارادا نییە بۆ ئەوەی پێشنیار بە بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات بکرێ کە واز لە ئامانجی دێموکراتیزەکردنی ئێران بێنێ.

هەرچەند لەو بارەیەوە پێویستە لێکۆڵینەوەی جیددی ئەنجام بدرێ، لە بەر چوار هۆ ناکرێ بزووتنەوەی کورد دەست لە ئامانجێکی وا هەڵگرێ. یەکەم، ئەو ڕووناکبیر و چالاکوانانەی کە بۆچوونیان وایە دێموکراسی لە ئێراندا ئیمکانی نییە، تاکوو ئێستا ئەوەیان نەسەلماندووە. هەڵبەت لە بەرانبەردا، ناکرێ بێ ئەملاو و ئەولا پێچەوانەکەشی بسەلمێندرێ. لە لایەکی دیکەوە، نکۆڵی کردن لە مافی نەتەوایەتیی کورد و ڕەتکردنەوەی فێدرالیزم لەلایەن ئەو بەشە لە ئۆپۆزسیۆنی فارس کە خۆیان بە دێموکراسیخواز لەقەڵەم دەدەن، بووەتە هۆی هێنانە ژێر پرسیاری ئامانجی لەمێژینەوەی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات سەبارەت بە دێموکراسی لە ئێراندا. ئەمەش قابیلی دەرکە، بەڵام پرسیار ئەوەیە کە ئایا هەڵوێستی ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی وڵات، کە پرش وبڵاو و لاوازن، دەکرێ بکرێ بە بنەما بۆ وەلانانی ئامانجێکی وا؟ مرۆڤ دەتوانێ گومانی سەبارەت بەوە هەبێ کە لە ئێراندا پێشمەرجی دێموکراتیزاسیۆن لە ئارادا بێ یان گومانی هەبێ سەبارەت بە نییەتی ئۆپۆزیسیۆن، بەڵام لە ڕوانگەیەکی مێژووییەوە دەبێ ئەو مەسەلەیە وەک پرۆسە چاوی لێ بکرێ تاکوو ئەوەی بە دیدێکی ئەورۆیی حوکمی لە سەر بدرێ.

دووهەم، تەنیا کاتێک بزووتنەوەی کورد ستراتێژیی خۆی لە تێکۆشان بۆ پێکهێنانی ئێرانێکی دێموکراتیک و فێدراڵەوە بۆ سەربەخۆیی بگۆڕێ، دەکرێ ئەو ئامانجە وەلا بنرێ. بەڵام تاکوو ئێستا، نە ئەو حیزبانەی خوازیاری سەربەخۆیین، نە ئەو ڕووناکبیر و چالاکوانانەی کە سەربەخۆییخوازن، ستراتێژییەکیان لەو بارەیەوە دارشتووە. لێرەدا دوو مەسەلە تێکەڵ دەکرێ: ئەوەی کە گەلی کورد مافی ڕەوای سەربەخۆیی هەیە جیاوازە لەگەڵ ئەوەی بزووتنەوەی کورد توانای ئەوەی هەبێ سەربەخۆیی بەدەست بێنێ. بە واتایەکی دیکە، هەق و توانا دوو شتی جیاوازن. دارشتنی ستراتێژی ناکرێ سنووردار بکرێ بە دیاریکردنی ئامانج؛ دارێژەرانی ستراتێژیی سەربەخۆیی هەروەها دەبێ بە ڕوونی دیاریی بکەن کە بە کەڵک وەرگرتن لە چ ئامرازگەلێک دەکرێ ئامانجی سەربەخۆیی وەدەست بهێندرێ. گومانی تێدا نییە، دامەزراندنی دەوڵەت باشترین زامنە بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییی کورد. لە ئێستادا هەلومەرجی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی لەبار نییە بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی، بەڵام هەلومەرجی نێوخۆیی و نێودەوڵەتیی بەردەوام لە گۆڕاندایە، هەرچەند بە ئەسپاییش بێ و هەرچەند هەموو جۆرە گۆڕانێک لەو ڕووەوە (بە تایبەت لە ئاستی نێودەوڵەتیدا) هەمیشە ناکرێ بە سوودی کورد بێ. گرنگ ئەوەیە بزووتنەوەی کورد بە پێی هەلومەرج، ستراتێژی و سیاسەتی خۆی دابرێژێ و بگۆڕێ.

سێهەم، تەنانەت ئەگەر لە داهاتوودا کورد بتوانێ سەربەخۆیی وەدەست بێنێ، مەسەلەی دێموکراسی لە ئێراندا پەیوەندیی بە ئاسایشی نەتەوەییی کوردەوە دەبێ. لەگەڵ ئەوەی هێندێک کەیسی ڕیزپەڕ هەیە ( پەیوەندیی پرکێشەی هیند و پاکستان بۆ نموونە، بە مەرجێ پاکستان بە دێموکراسی بێتە ئەژمار)، بەڵام وڵاتانی دێموکراتیک پەیوەندیی ئاشتییانەیان هەیە پێکەوە، هەروەها تواناییان هەیە لە ڕێگای دانوستاندنەوە کێشەکانیان چارەسەر بکەن. پێش سەربەخۆییش، دێموکراسی لە ئێراندا پەیوەندیی بە ئاسایشی نەتەوەییی کوردەوە هەیە. بەرژەوەندیی ئاسایشی نەتەوەییی کورد بریتییە لە پاراستنی زمان و کولتووری کوردی لە خەتەری ئاسیمیلاسیۆن، پاراستنی خەڵکی کوردستان لە خەتەری ژێنوساید، هەروەها پاراستنی ژینگەی

کوردستان لە خەتەری ژینگەیی و هتد. لەگەڵ ئەوەی کەیسی ڕیزپەڕ لەو بارەیەشەوە هەیە (دەتوانین ئاماژە بە نموونەی میانمار یان بورما بدەین، کاتێک پاش دیموکراتیزەبوونی ئەو وڵاتە ئەرتەش دەستی برد بۆ پاکتاوکردنی ڕۆهینگاکان، هەروەها دەتوانین ئاماژە بە هەوڵی گۆڕینی دیموگرافیی باکووری کوردستان لەلایەن تورکییەوە بدەین لە ساڵەکانی نەود کاتێک کە ئەو وڵاتە «دیموکراتیک» بوو، یان ئاماژە بدەین بە زیندانیکردن و سەرکوتکردنی بزووتنەوەی مەدەنیی کورد لە تورکیە لە ساڵانی دواییدا)، بەڵام گومانی تێدا نییە کە دیموکراسی – تەنانەت ئەگەر نەبێتە هۆی دانپێدانان بە مانی نەتەوایەتیی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان – باشترە لە دیکتاتۆرییەت. هەر نەبێ، لە ئێرانێکی دیموکراتیکدا، گەلی کورد مافی ئازادیی بەیان، مافی کۆبوونەوە و تەنانەت پێکهێنانی ڕێکخراوی سیاسیی دەبێ، هەروەها ئەستەم دەبێ بۆ ڕێژیمی حاکم لە تاران، کوردستان میلیتاریزە بکا و هەوڵی تواندنەوە و گۆڕینی دیموگرافیی کوردستان بدا.

چوارەم، بۆ ڕۆژاوا، کە سیاسەتیان بریتییە لە چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، گرنگە بزووتنەوەی کورد پابەند بێ بە دیموکراتیزەکردنی ئەو وڵاتانە. کەوابوو، مەسەلەی دیموکراسی لەو وڵاتانەدا بۆ بزووتنەوەی کورد ڕەهەندێکی نێودەوڵەتییشی هەیە.

## بەراوردێک لە نێوان سپانیا و ئێراندا

وڵامدانەوە بە سێهەم پرسیاری ئەم وتارە تا ڕادەیەک سانارە. بە ئاماژەدان بە سپانیا، کانادا، بێلژیک، بریتانیا، سویس و هێندێک وڵاتی دیکە لە ڕۆژاوا، دەتوانین بڵێین دیموکراسی دەتوانێ چارەسەر بێ بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی لە وڵاتانی فرەنەتەوەدا – جا لە شکڵی ئۆتۆنۆمیدا بێ یان فیدرالیزم.[١٠]

لێرەدا دەکرێ لە کەیسی سپانیا وردبینەوە، چونکە سپانیا وێکچوونی زۆرە لەگەڵ ئێران. هاوشێوەی ئێران فرەنەتەوەیە. هەروەها هاوشێوەی ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، بۆ چوار دەیە حکومەتێکی دیکتاتۆر لەو وڵاتەدا لەسەر دەسەڵات بوو. لە ڕووی مێژووییشەوە خاڵی هاوشێویان هەیە: هەردووکیان لە ڕابردوودا ئیمپراتۆری بوونە. هەڵبەت سپانیا لە ئەورووپا هەڵکەوتووە (ناوچەیەک کە کۆمەڵێک وڵاتی دیموکراتیکی تێدایە و «یەکیەتیی ئەورووپای» تێدا بەدی هاتووە)، لە کاتێکدا ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوین هەڵکەوتووە (ناوچەیەک کە پڕە لە ڕێژیمی دیکتاتۆر و سەرەڕۆ و دامەزراوەیەک لە بابەتی «یەکیەتیی ئەورووپای» تێدا نییە). بە پێچەوانەی ئێران، سپانیا خاوەن سەرچاوەی سرووشتیی وەک نەوت نییە. وەک باس کرا، نەوت بەڵایەکی گەورەیە و بەربەستێکی جیدییە لە سەر ڕێگای پرۆسەی دیموکراتیزاسیۆن لە وڵاتانێکدا کە نەوت سەرچاوەی سەرەکیی داهاتیان پێک دێنێ.

گوزاری سپانیا بەرەو دیموکراسی لە کۆتاییەکانی ١٩٧٠دا، پاش مەرگی فرانکۆ و کۆتاییهاتنی دیکتاتۆرییەتی ناوبراو، جێگای سەرنجە. لەگەڵ ئەوەی سپانیا لە ساڵی ١٨٧٣دا بۆ ماوەیەکی کورت سیستەمێکی فێدراڵی هەبوو کە پێکهاتبوو لە ١٥ هەرێم، مەسەلەی نەتەوایەتی لەو وڵاتەدا تا ڕادەیەک پێش دیکتاتۆرییەتی فرانکۆ چارەسەر کرا بوو. کاتالۆنیا، هەرێمی باسک و گالیسیا، سێ هەرێمی گرنگی ئیسپانیا، لە نێوان شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانیدا، کاتێک سپانیا نیزامێکی دیموکراتیکی بوو، ئۆتۆنۆم بوون. هەڵبەت فرانکۆ بە بیانووی ئەوەی کە دیکتاتۆرییەت باشترین شێوەیە بۆ پاراستنی «یەکپارچەیی»ی سپانیا و بە ئاماژەدان بە ئۆتۆنۆمیی ئەو سێ هەرێمە وەک خەتەر لە سەر یەکپارچەیی سپانیا، ڕەوایەتی بە دەسەڵاتداریی خۆی دا. پاش کۆتاییهاتنی شەڕی نێوخۆیی و سەرکەوتنی فرانکۆ لەو شەڕەدا، کە یەکێک لە خوێناویترین شەڕە نێوخۆییەکانی ئەورووپا بوو لەو کاتەدا، تاکوو مەرگی ناوبراو لە ساڵی ١٩٧٥دا، نەتەوەکانی دیکە لە سپانیا لە ژێر زوڵمدا دەژیان

و زمان و کولتووریان قەدەغە کرابوو.[١١]
کاتێـــک فرانکۆ کۆچی دوایی کرد، ســـپانیا لە قەیرانێکـــی قووڵی ئابووریدا بوو. نەمانی فرانکۆ وێڕای قەیرانی ئابووری بووە هۆی ئەوەی نوخبەی سیاســـیی ئەو وڵاتە، واتە دەسەڵاتدارانی ڕژێمی فرانکۆ و ئۆپۆزیسیۆن، ڕێک بکەون لەسەر ئەوەی ڕێگای دیموکراسی بگرنە بەر. بۆیە، دیموکراسی لە سپانیا بە «دیموکراسیی پەیمانی» لەقەڵەم دراوە و لە نەتیجەی ڕێککەوتنێک لە نێوان دەسەڵاتدارانی پێشـــوو و ئۆپۆزسیۆندا، بە شـــێوەی نهێنی، هاتە کایەوە. هەڵبەت لـــەو کۆبوونەوە نهێنییانەدا بڕیار درا کە ڕابردوو بسپێرن بە ڕابردوو؛ واتە، ئەوانەی کە لە سەردەمی فرانکۆدا دەستیان لە سەرکوت و چەوساندنەوەی خەڵکدا هەبوو، دادگایی نەکران. لـــە لایەکی دیکەوە، پەیکەری فرانکۆ و هێماکانی ڕژێمی پێشـــوو وەک خۆیان مانەوە. هەروەها بە پێچەوانەی زۆر وڵاتی دیکە، بیرۆکراســـیی سپانیا لە کاربەدەستانی سەردەمی دیکتاتۆرییەتی فرانکۆ پاکسازی نەکران.

نوخبەی سیاســـی لەگەڵ ئـــەوەی دەیانزانی کە پرســـی گرنگ و مێژوویی لە سپانیادا پرسی نەتەوایەتییە و دەیانویســـت لە پرۆســـەی گوزار بەرەو دیموکراســـیدا ئەو مەســـەلەیە چارەســـەر بکەن، لە پێشدا بڕیاریان دا دەستوورێک بنووسن کە یەکبوونی دەوڵەت بپارێـــزێ و بەو بۆنەیەوە، موخالیفـــی فیدرالیزم بـــوون. دواتر لـــە ڕێگای وتووێژەوە و پاش پەسەندکردنی دەستووری نوێ، ئامادە بوون ئۆتۆنۆمی یان خودموختاری بە ســـێ هەرێمی «مێژوویی» — واتـــە کاتالۆنیا، هەرێمی باسک و گالیســـیا — بدەن. هەر لەو پرۆسەیەدا، ڕێککەوتن لە سەر دانی ئۆتۆنۆمی بە ١٣ هەرێمی دیکە.

مادەی ٢ لە دەســـتووری ســـپانیا، ڕێگا دەدا بە پێکهێنانی هەرێمی ئۆتۆنـــۆم. مادەی٣ زمانی کاســـتیلی (یان ســـپانیایی) وەک زمانی فەرمی ســـپانیا دادەنێ؛ هەروەها دان بە هەبوونی زمانی دیکەشدا دەنێ، هەڵبەت بە بێ ئەوەی زمانەکانی دیکە لە دەســـتووردا بە زمانی فەرمی بناسێ. لە هەر هەرێمێکدا دەبێ زمانی کاســـتیلی هاوشانی «زمانـــی هەرێمـــی»، زمانی فەرمی بـــێ. «زمانی هەرێمی» تەنیا لـــە هەرێمەکاندا زمانی فەرمین. بەدەر لەمانە، مافی ئۆتۆنۆمیی هەرێمەکان دیاری نەکـــراوە. هەرێمەکان بـــە ئەنجامدانی ڕێفراندۆم ســـەبارەت بە پێکهێنانی هەرێم و دواتر لە ڕێگای وتووێژەوە لەگـــەڵ حکومەتی ناوەندی، ناوەرۆکی ئۆتۆنۆمیـــی خۆیان دیاریی کـــردووە. لەو ڕووەوە، ناهاوســـەنگییەک هەیە. بۆ نموونـــە، لە هەرێمی باسـکدا، حکومەتی هەرێم مافی وەرگرتنی باجی هەیە، لە کاتێکدا هەرێمەکانی دیکە ئەو مافەیان نییە.[١٢]

لـــە ســـپانیادا لامەرکەزییەت تـــا ڕادەیەک بەدامەزراوەیی کراوە، بەڵام دەوڵەت فیدراڵ نییە. لێکۆڵەرێک ئەمە وەک یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی مۆدێلی لامەرکەزییەت لە ســـپانیا لە قەڵەم دەدا و داهاتووی بە ناڕوون دەزانێ. مەبەســـتی ئەوەیە لە دەســـتووردا دەســـەڵات لە نێـــوان حکومەتی ناوەندی و هەرێمەکاندا دابەش نەکراوە. هەروەها بە هۆی ئەوەوە ســـپانیا سیســـتەمێکی فیدراڵی نییـــە، خانەیەکی دووهەم یان ســـەنایێکی بەهێز هاوشـــێوەی وڵاتانی فیدراڵ لە پـــاڵ پەرلەمانی ســـپانیا بوونـــی نییـــە. وەک ئاماژەی پـــێ درا، نێوەرۆکی لامەرکەزییەت لە ئەساســـدا بە وتووێژ دیاری دەکرێ.[١٣]

لە لایەکـــی دیکـــەوە، لە هەرێمی باســـک ڕێکخراوی «ئێتا» و باڵی سیاسیی ئەو ڕێکخراوەیە خوازیـــاری ســـەربەخۆیین. «ئێتـــا» تۆمەتبارە بە بەکاربردنی تیرۆر لە پێناو گەیشتن بەو ئامانجەی. هەڵبەت لە کاتالۆنیا و گالیسیا، دوو هەرێمەکەی دیکـــە کە بە «هەرێمـــی مێژوویی» دەناســـرێن، خەباتی چەکـــداری نەکراوە. لە ســـاڵی ٢٠١٧دا لـــە کاتالۆنیا ڕێفراندۆمێک ئەنجام درا کە دادگای باڵای ســـپانیا بە نایاســـایی لەقەڵەم دا، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی پۆلیســـی سپانیا زەبروزەنگ دژ بە لایەنگرانی ڕێفراندۆم بەکار بەرن.

وێدەچـــێ ســـەرکەوتنی گوزاری ســـپانیا لە دیکتاتۆرییەتـــەوە بۆ دیموکراســـی ئـــەوە بێ کە

نوخبـــەی سیاســـی لەو وڵاتـــەدا بـــە کۆدەنگی بڕیاریـــان دا لە ڕێگای هاوکاریی نێوان حیزبەکان ســـەبارەت بە سیاســـەتی نێوخۆیی و سیاسەتی دەرەوە، هەروەهـــا هاوکاریکـــردن ســـەبارەت بە پەیوەندیی نێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمەکان، ئەو پرۆســـەیە بـــە نەتیجە بگەیەنن. پاش ئەوەڵیـــن هەڵبژاردنەکان، هیـــچ حیزبێک زۆرینەی دەنگی خەڵکی وەدەست نەهێنا. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە حیزبەکانی سپانیا ناچار بن داوای هاوکاریی لـــە حیزبی نەتەوەکانی دیکە لە هەرێمـــە جیاوازەکاندا بکەن. کـــۆی ئەمانە وای کردووە دێموکراسی و لامەرکەزییەت لە سپانیادا بە سەرکەوتوو لە قەڵەم بدرێ.[١۴]

هەڵبەت ئـــەوە بە مانای ئـــەوە نییە مۆدێلی لامەرکەزییەت لە سپانیادا بێ کێشە بووە. شەڕی «ئێتا» لەگـــەڵ دەوڵەتی ســـپانیا نموونەیەکە لەو بارەیەوە. ویســـتی کاتالۆنییـــەکان بۆ ئەنجامدانی ڕێفرامدۆم و دژایەتیکردنـــی ڕێفراندۆم لە لایەن حکومەتی ناوەندییـــەوە، نموونەیەکـــی دیکەیە. جێگای ئاماژەیە کە لە ئاکامی شەڕی نێوان «ئێتا» و دەوڵەتی ســـپانیا، کە لە سەردەمی گوزار بەرەو دێموکراسیشـــدا درێژەی هەبوو، لە ساڵی ١٩٨١ یاســـایەک پەســـەند کرا کە هەر جۆرە هێرشێک بۆ ســـەر «یەکپارچەیی ســـپانیا» و تەنانەت هەر هەوڵێـــک لە پێنـــاو «جودابوونەوە لە ســـپانیا»دا، تەنانەت بە شێوەی ئاشـــتیخوازانە، بە «تیرۆریزم» لە قەڵەم دەدا.[١۵]

بـــەو پێیـــە، دەبێ جەخـــت بکرێتـــەوە کە دێموکراســـی، تەنانـــەت کاتێک کە لە کەیســـی ســـپانیادا و لە ڕێگای مۆدێلی لامەرکەزییەتەوە، دەبێتـــە هـــۆی چارەســـەرکردنی مەســـەلەی نەتەوایەتی، بە واتای کۆتاییهاتنی کێشە لە نێوان نەتەوەی بێ دەوڵەت و نەتەوەی باڵادەستدا نییە. (کێشـــەی بەردەوامی نێوان حکومەتی هەرێمی باشووری کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراق نموونەیەکـــی دیکەیە لەو بارەیـــەوە.) لە هەمان کاتدا ناکـــرێ جیاوازیی نێـــوان دیکتاتۆرییەت و دێموکراســـی لەبەرچاو نەگیـــردرێ. گومانی تێدا نییە کـــە ژیانی نەتەوەی باســـک و کاتالان زۆر جیـــاوازە لە پـــاش دێموکراتیزەبوونی ســـپانیا بە بەراورد لەگەڵ ســـەردەمی دیکتاتۆرییەتی فرانکۆ. لـــە لایەکی دیکەوە، دێموکراســـی لـــە خۆیدا لە هەموو شـــوێنێک نابێتە هۆی چارەســـەرکردنی مەســـەلەی نەتەوایەتی، یان ئەوەی دەستبەجێ مەســـەلەی نەتەوایەتـــی پـــاش گـــوزار بـــەرەو دێموکراســـی چارســـەر بێ. بریتانیـــا یەکێک لە دێرینترین دێموکراسییەکانی دونیایە، کەچی لە کۆتاییی نەوەدەکانـــدا ئۆتۆنۆمییان دا بە باکووری ئیرلەند، وەیڵز و سکاتلەند.[١۶]

لەگـــەڵ ئەوەی، وەک پارســـا بە دروســـتی ئاماژەی پێ دەدا، بە ئیحتمالی زۆر گوزاری ئێران بەرەو دێموکراســـی لە ڕێـــگای ڕیفۆرم و دوور لە زەبروزەنـــگ ئیمکانـــی نەبـــێ، وێکچوونی ئێران لەگەڵ ســـپانیا و بە تایبەت بـــە لەبەرچاوگرتنی ئـــەوەی نەتـــەوەی فارس لـــە ئێرانـــدا زۆرینەی بەرچاوی دانیشتوانی ئێران پێکناهێنن، پارسەنگی هێز لە نێوان نەتەوەکانی ئێراندا حیزبە فارسەکان ناچار بکا بە تەنازول کردن لە ســـەر مەســـەلەی نەتەوایەتی. بۆیە، هەڵوێســـتی ئێســـتایان لە سەر مەســـەلەی نەتەوایەتی، مـــەرج نییە دوای گوزار بەرەو دێموکراســـی وەک خۆی بمێنێتەوە. ئەمە بە مەرجێک کە ئێران تووشی شەڕێکی نێوخۆیی نەبـــێ و لایەنی دەرەکی وەک ڕووســـییە و چین دەســـتێوەردانی تێـــدا نەکـــەن و پشـــتیوانی لە کۆماری ئیســـلامی نەکەن، هەروەها بە مەرجێک کـــە ڕێکخـــراوە فارســـەکان دەروەســـت بن بە دێموکراســـی. لە لایەکی دیکەوە، بەڵای نەوت لە ئێران بەربەستێکی جیدییە کە ڕەنگبێ لە ڕێگای سیستەمێکی فێدراڵەوە  و بە دابەشکردنی داهاتی نەوت لە نێوان هەرێمە جیاوازەکانی وڵات، بکرێ ئاکامی خراپی کەم بکرێتـــەوە، تاکوو ئەو کاتەی ئێران لە ڕووی ئابوورییە بە شـــێوەی ســـەنعەتی گەشە بکا یان ئابوورییەکەی فرەلایەن بکا.

بـــە کورتـــی، لەگەڵ ئـــەوەی لـــە هێندێک وڵات مەســـەلەی نەتەوایەتـــی لـــە چوارچێوەی دێموکراسیدا چارەســـەر کراوە، مەرج نییە ئەمە

لــە ئێراندا ڕوو بدا. بەڵام ناشــکرێ ئیمکانی ئەوە ڕەد بکرێتەوە. فێدراڵیزم و دابەشکردنی دەسەڵات بە چەشــنێک کــە پارمەتیدەری هاوســەنگیی نێــوان هەرێمەکانــی ئێــران بێ، دەشــێ لەو ڕووەوە پارمەتیــدەری دێموکراتیزەبوونی ئێران و چەسپاندنی دێموکراســی بێ لە ئێراندا. دووپات نەکردنــەوەی ئەو هەڵانەی کە لە عێراقدا کراون، دەتوانێ لەو ڕووەوە یارمەتیدەر بێ.

## دوا وتە

ئەم وتارەی بەردەســت لافی ئەوە لێ نادا کە بە شــێوەیەکی یەکلاکەرەوە وڵامی ئەو پرسیارانەی دابێتــەوە کــە ســەرەتا مەترح کــران. لەگەڵ ئــەوەش، دەرئەنجامــی ئەم وتــارە ئەوەیە تاکوو ســەبارەت بــە دێموکراســی و پەیوەندیــی ئەو لەگەڵ چارەسەرکردنی مەســەلەی نەتەوایەتیدا لێکۆڵینەوەی جیددی ئەنجام نەدرێ، پێشنیارکردن بە حیزبە سیاسییەکان یان فشار هێنان بۆیان کە واز لە ئامانجی وەدیهێنانی دێموکراسی لە ئێراندا بێنن، کارێکی بەسوود نایەتە بەرچاو – بە تایبەت تاکوو ئەو کاتەی ســتراتێژییەکی گونجاوتر وەک بەدیل دانەڕێژرابێت.

بــۆ ئەوەی باســێکی بەســوودی سیاســی لەو بارەیەوە دەســت پــێ بکا، پێویســت دەکا لێکۆڵینــەوەی جیددی ســەبارەت بــە ئیمکانی دێموکراســی لە ئێراندا و پەیوەندیی دێموکراسی و چارەســەرکردنی مەســەلەی نەتەوایەتــی لــە ڕوانگەیەکــی بەراوردکارانــەوە ئەنجــام بــدرێ. بەراوردکردنــی ئێــران لەگــەڵ ســپانیا تەنیــا هەنگاوێکە لەو ڕاســتایەدا. دەکرێ ئێران لەگەڵ زۆر وڵاتــی دیکەشــدا بەراورد بکــرێ. هەروەها ئەگەر ئۆپۆزسیۆنی فارس بەڕاستی دەرووەست بن بە دێموکراسی، دەبێ چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی بە پارمەتیــدەری دێموکراتیزەکردنی ئێــران ببینن. ئەوەش پێویســتی بــە دیالۆگی جیددی و بەردەوام هەیە.

تاکوو ئــەوکات، ئاسایشــی نەتەوەیی کورد و سەبری ســتراتێژیک وا دەخوازێ بزووتنەوەی نەتەوایەتیــی کــورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردســتان بــەردەوام بێ لەســەر گرنگیدان بە مەســەلەی دێموکراســی لــە ئێرانــدا. لــە هەمــان کاتدا، بەهێزکردنی بزووتنەوەی کــورد دەبێ هەوڵێکی بەردەوام بێ. هەرچەند بەســتێنی دامەزراوەییی هەر وڵاتێک لە پەیوەنــدی لەگەڵ پێگە و مافی نەتــەوە بێ دەوڵەتەکاندا گرنگیــی هەیە، دواجار لە سیاســەتدا هێز یەکلاکەرەوەیە – هەڵبەت بە شکڵی جیاواز لە بەستێنی دامەزراوەییی جیاوازدا.

## ژێدەرەکان


1. Jan Teorell, Determinants of Democratization: Explaining Regime Change in the World, 1972-2006 (Cambridge: Cambridge University Press, 2010), chap. 1.
2. Dariush Zahedi, ”Prospects for Democratization in Iran: Policy Implications,” Insight Turkey, Vol. 12, No. 2 (Spring 2010), p. 225.
3. Ibid., pp. 224-25.
4. Ibid., ”Prospects for Democratization in Iran,” pp. 230-31.
5. Misagh Parsa, Democracy in Iran: Why It Failed and How It Might Succeed (Cambridge, Mass: Harvard University Press, 2016).
6. Parsa, Democracy in Iran, chaps. 1-2.
7. Parsa, Democracy in Iran, pp. 38 ff.
8. Parsa, Democracy in Iran, p. 57.
9. Saeid Golkar, ”Protests and Regime Suppression in Post-Revolutionary Iran,” The Washington Institute for Near East Policy, October 2020, PN85.
10. Thomas O. Hueglin and Alan Fenna, Comparative Federalism: A Systematic Inquiry (Peterborough: Broadview Press, 2006).
11. Omar G. Encarnación, Spanish Politics: Democracy after Dictatorship (Cambridge: Polity Press, 2008), chap. 6.
12. Encarnación, Spanish Politics, chaps. 1, 6.
13. Josep M. Colomer, ”The Spanish ’State of Autonomies’: Non-Institutional Federalism,” West European Politics, Vol. 24, No. 4 (1998).
14. Encarnación, Spanish Politics, pp. 2-3.
15. Encarnación, Spanish Politics, p. 98.
16. ”Devolution of powers to Scotland, Wales and Northern Ireland”, https://www.gov.uk/guidance/devolution-of-powers-to-scotland-wales-and-northern-ireland, Accessed December 3, 2020.

# ئاریشەی هەڵاواردن لە زماندا

## (سەرنجێک لە دیدی ئانارشیستی و فێمێنستی لەمەڕ زمان)

**مەسعوود بابایی**

لە هەندێ زمانی گەلانی خۆوڵاتیدا هەندێ شێوەی بەکارهێنانی وشەیی و دەستەواژەیی هەن کە تایبەت بە بەکارهێنانی یەکێک لە ڕەگەزەکانن. «پیاوان» هەندێ وشە و دەستەواژە بەکار دەهێنن کە هەرچەند «ژنان» لە ماناکانیان تێدەگەن، لەگەڵ ئەوەشدا هیچکات دەریاننابڕن. هەروەها هەندێ پەیڤی ژنانەش لە زماندا ئاخنراون کە پیاوان ڕێگە بە خۆیان نادەن ئەو وشانە بەکار بهێنن.

## بەرایی

ڕەوتە مافخوازەکان لە ئەنجامی تاوسەندنی چەوساندنەوەدا بەرەو جۆرێک لە پەرگیری دەڕۆن و سەرنج لە کۆمەڵە خاڵێکی زۆر ورد دەدەن و بە یەکێک لە نیشانەکانی چەوساندنەوە لە قەڵەمی دەدەن. بزاڤی ڕادیکاڵ و پاشان پەرگیر(شمولی، افراطی) ی فێمێنیزم، ئانارشیزم و کۆمۆنیزم لە لایەنە تیۆرییەکەیاندا سەرنجیان بۆ ڕەخنەی زمانەوانی ڕاکێشاوە و تیماکانی نێرسالارییان لەنێو زماندا زەقوزۆپ کردووەتەوە و ئەم توخمانەی نێو زمانیان بە سەرچاوەی ڕوانگەی ستەمکارانەی پیاوسالاری و دینسالاری لە جیهانی پێش مۆدێرنیتە و دوای مۆدێرنیتە لەقەڵەم داوە. هەڵبەت لە بواری دەروونشیکاریی زمان و کۆمەڵناسیی زماندا هەندێ بەرەنجامی بەرچاویان وەدەست هێناوە کە شایانی هەڵوەستە و سەرنجە؛ بەڵام گشتگرکردنی بەرەنجامەکان هەندێ ئاریشەی ئافراندوون کە لێرەدا مەبەستمە لە ئاریشەکان بدوێم.

## ئانارشیزم (Anarchism)

ئانارشی لە ڕیشەی یۆنانیی Anarkia (بێسەرەوەری) وەرگیراوە، بەریان(گرایش، انتما)یکی سیاسی ـ کۆمەڵایەتییە کە خوازیاری ئازادیی تاکەکەس لە هەموو کۆتوبەند و سایەسایی(قیمومت) و سەرەورییەکانە و خوازیاری سڕینەوەی بوونی پەنگراو(بالقوە)و بەرنهێم(بالفعل) ی حکومەتەکانە. لایەنگرانی ئەم تیۆرییە خوازیاری لەنێوچوونی هەر جۆرە دەوڵەتێکن و مرخیان لە ئەنجومەنە ئازادەکان و هاوکاریی خۆبەخشانەی تاکەکەس و گرۆکان خۆش کردووە و دەیانهەوێ ئەم شێوە بەڕێوەبردنە لەجێی دەوڵەت دابنێن. واتە جۆرێک خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵگە لە لایەن کۆمەڵگەوە.

زۆر کەس ڕیشەی ئانارشیزم دەبەنەوە سەر فەلسەفەی یونان و بەتایبەتی ڕێبازی کەلبییەکان (cynics).

سێن پۆل یەکێک لە ناودارترینی یارانی مەسیح لەمەڕ پێویستیی هەبوونی دەوڵەت و خۆبەدوورگرتن لە دژایەتیی دەوڵەت لە نیوەی یەکەمی سەدەی یەکەمی زایینی وەهای گوت: «ئەمە گوناهەکانی خەڵکن کە خودای ناچار بەوە کرد تا بەسەریاندا فەرمانڕەوایی بکات. دەسەڵات و فەرمانڕەوایی، گوێڕایەڵیی گەرەکە و هەڵگەڕانەوە لێی، هەڵگەڕانەوە لە دەزگای دادی یەزدانییە»[۱].
«گوناه» و «گوناهی یەکەمین»، چەمکێکە کە لە تەوەری فێمێنیزمدا دەخرێتە بەرباس.

ڕەنگە لەمە زیاتر باسکردنی پێناسەی ئانارشیزم، درێژدادرییەکی ناپێویست بێت؛ ئەوەی لێرە بە گرنگی دەزانم ئەوەیە کە دژایەتیی دەوڵەت یان دەسەڵات و دامەزراوەکانی فەرمانڕەوایی لە سۆنگەیەکی ئازادیخوازانەوە سەرچاوەی گرتووە کە هەڵبەت جێگرەوەکەی تا ئێستە نەیتوانیوە تاقیکردنەوەیەکی باشمان نیشان بدات. گوتەکەی سێن پۆل، خاڵێکی گرنگمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ئەویش وەک ئەوەیە پێمان بڵێت ئەرکی دەوڵەت پاراستنی دادی یەزدانییە. ئەمە لە فەلسەفەی سیاسیی سەدەکانی ناڤیندا بەزەقی دەبینین و ئەگەر بیروبۆچوونە سیاسییەکانی ئۆگۆستینوس و تۆماس ئەکویناس بخوێنینەوە، شوێنپێی بۆچوونەکەی سێن پۆل بە زەقی دەبینین. بەهەرحاڵ لە خۆرهەڵات و لە فەرهەنگی سیاسیی خەلافەتی ئیسلامیدا، ئەرکی دەوڵەت جێبەجێکردنی فەرمانەکانی خودا بووە و بەختەوەریی تاکەکەس لە چوارچێوەی دەرکەوتی دادی یەزدانی لە دەوڵەتدا ڕاڤە کراوە. واتە ئەمە ڕیشەکانی دینسالارین کە بە زەقی لە شەریعەتدا دەردەکەون و هەم ئانارشیستەکان و هەم

فێمێنیستەکان ڕا و بۆچوونی هاوبەشیان هەیە و هەردووک لەتەک ئەم دامەزراوەیەدا لە کێشەدان. تەنانەت پاش سێکۆلاریزەبوونی دەوڵەتان، شوێنپێ و زناک(trace)ی دین بەتەواوەتی لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا هەر دەبینرێ؛ ئەوە ئەو شتەیە کە فێمێنیستەکان لە ڕەگەزی پیاودا ـ وەک دەسەڵاتداری ڕەهای نێو مێژوو ـ دەیبینن و لەگەڵیدا ناکۆکن.

ئانارشیستەکان، هەمیشە سەرنجیان لەو هیرارشییە داوە کە بە»زنجیرەپلەیەکی بایەخدانان» لە چوارچێوەی «ئایین ـ دەوڵەت» بە درێژاییی مێژوو لە ئارادا بووە و سیستەمی بایەخەکانی لە چوارچێوە ڕەوشتییەکاندا پەستاندووە؛ ئەمە کە «دەوڵەت» «لە سروشتی خۆیدا چەوسێنەرە» ڕێژەیەک لە ڕاستیی تێدایە. چونکە «دەسەڵات لە سروشتی خۆیدا چەوسێنەرە». هەڵبەت «شیرازە/ تەکووزی(نظم)» بە زنجیرەپلەی بایەخەکانەوە، لە خۆیاندا ڕێسا و یاساکان لە پرۆسەیەکی»مانابەخشین»دا دادەڕێژن و پرۆسەیەک لە «ئافراندنی هەقیقەت» وەری دەخەن کە بیروهۆشی ئادەمیزاد وەها لە کەستەک دەدەن کە بێجگە لە چوارچێوەی دەوڵەتدا «هەقیقەت» خۆی دەرناخات؛ چونکە «دەوڵەت» تەنیا سیستەمێک لە بەڕێوەبردن نییە، بەڵکوو «کارگەیەکی مرۆڤسازی»یە.

ئەمە کە دەوڵەت مرۆڤێکی دەزگایی و دەستەمۆ و ملکەچ دروست دەکات، باوەڕی ئانارشیستەکانە و سەرچاوە هزرییەکانی ئەم باوەڕە لە ڕاڤەی دەقەکانی «ڕۆسۆ» و «نیچە»دا بەدیدەکرێن. بۆیە دەڵێم «ڕاڤەی دەقەکان»؛ چونکە ڕاڤەی نیشانەناسانەی ئەو دەقانە وەها توانستێکیان هەیە ببن بە بنەمای وەها باوەڕانێک. «پەیمانی کۆمەڵایەتی»ی ڕۆسۆ، بەرەنگاری»لیڤیاسان»ی هۆبز دەبێتەوە و بیچمی دەوڵەت دەگۆڕێت. ئەوە لەکاتێکدایە ئەوەی بە دڵی ڕۆسۆیە «ئازادییە لە سروشتدا»؛ بەڵام خۆ ناتوانین پێش بە ڕەوتی گەشەی ژیار بگرین و پاڵنەرە «خۆیەکی(ذاتی)» و بابەتییەکانی مرۆڤ هەمیشە بەرەو ئاقاری گۆڕانکاری دەچن و دروستکردنی «دەسەڵات» و «دەوڵەت» وەک ناچارییەکی مێژوویی وەک بڵێی لە چارەی مرۆڤدا نووسراوە. بۆیە جیهانی»ئیمیل» و «پەیمانی کۆمەڵایەتی» ئێجگار جیاوازن. بەڵام ئاشکرایە ئەوەی سروشتی دەوڵەتان دەگۆڕێت «دەستوور» و «یاساکان»ن و لەم سۆنگەیەوە ئاشکرایە بە لەبەرچاوگرتنی «کەتواری ژیار» و نەگەڕانەوە بۆ خاڵی سفر کە هەمان دۆخی سروشتییە ـ «شەڕی هەمووان بە دژی هەمووان ـ هۆبز» ـ ڕۆسۆ لانیکەم چارەسەرەکە لە «پەیمانی کۆمەڵایەتی»دا دەبینێتەوە. بەڵام ناتوانین بێژین هزری سیاسیی ڕۆسۆ یان ڕۆسۆی یەکەم، ئیلهامی ئانارشیستەکان نەبووە.

«نیچە» لە ڕەخنەئاژنکردنی مودێرنیتە و دامەزراوەکانیدا توندترە؛ چونکە سەردەمەکەی هاوکاتە لەگەڵ بەهێزبوونی دەوڵەت ـ نەتەوە ئەورووپاییەکان و نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە دەوڵەتی سێکۆلار وەک خودایەکی سەرزەمینی و دابڕاو لە «سروشتی یەزدانی» دەبینرێت. هەڵبەت دیارە کە ئایدیۆلۆژیاکانی ناسیونالیزم، ڕاسیزم و فاشیزم، مارکسیزم و بیروبۆچوونە لیبراڵییەکانیش ـ لە جیهانی ئەنگلۆساکسۆندا ـ بەرەبەرە هێڵەکانیان دەستنیشان و جیا دەکردەوە و فەلسەفەی سیاسییش بەرەبەرە ڕەگەکانی لە خاکدا دادەکوتا و بەریانی خۆی وەک لقێکی جیاواز لە ئیپیستمۆلۆژیا جیا دەکردەوە.

ئەمانە لە دیدی ڕەخنەیی نیچەوە کە دامەزراوە مودێرنەکانی وەک کارگەیەکی «یەکسانسازی» دەبینی ـ دیارە ناتوانین بڵێین ئاراستەی ڕەخنەکەی نیچە بەستێنێکی دیموکراتیکی هەیە ـ هەوێنی ڕەخنەی ئانارشیستین و لەوێشەوە دەتوانی شۆپاژۆی ڕەخنەی زمانی بکەین.

سێ چەمکی گرنگی «هێژایەتی»(فضیلت)، «هەقیقەت» و «دادپەروەری» لە فەلسەفەی سیاسیی ئەفلاتووندا پێگەیەکی بەهێزیان هەیە و دەرکەوتی تەسەلی ئەم سێ چەمکە لە یۆتۆپیادا، ئامانجی مرۆڤ کە بریتییە لە «بەختەوەری» وەدی دەهێنن. من، بۆیە لە روانگەی نیچەوە، بەرەو روانگەی ئانارشیستەکان ڕێگەی بەلگەهێنانەوەکە دەگرمە بەر چونکە پێم وایە دامەزراوەکانی دەوڵەتی مودێرن لە ڕێگەی بەخشینی «ڕەوایی»ی(مشروعیت) ڕەوشتییەوە، نەتەوە یان خەڵک قایل دەکەن هەبوونی ئەم سێ چەمکە لە «دەوڵەت»دا دەردەکەوێ و هەستکردن بە «سەروەری»، «ئازادی» لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت و «بەختەوەری»یش هەمان ئازادییە؛ هەڵبەت وەک پێشداوەرییەک ئەمە باس دەکەم، چونکە هەستکردن بە ئازادی لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە، ڕەنگە هیچ پێوەندییەکی بە تێگەیشتن لەو سێ چەمکەوە نەبێ. چێژی «خۆشبژێوی» لای خەڵک زیاتر دەتوانێ هەستی «بەختەوەری» بزوێنێ و «ئازادی» مانایەکی سرکە کە تەنیا لە چوارچێوەی سیستەمدا پێناسە دەکرێت و ڕێککەوتن لەسەر ماناکانی ئاستەمە.

نیچە دەپرسێت: «کە وابوو هەقیقەت چیە؟ سوپایەکی بزواو لە میتافۆرەکان، خوازە ڕەهاکان و چەشنەکانی بەراورد بە خودی مرۆیی، بەکورتی: کۆمەڵەیەک لە پێوەندییە مرۆییەکان کە بە شێوەیەکی شاعیرانە و دواندەرانە(ڕیتۆریک، خطابی)چەندین و چەندان جار گۆڕدراون و ڕیزبەندی کراون و هەنووکە لەپاش بەکارهێنانی دووروودرێژ و بەردەوام، لە دیدی مرۆڤەکانەوە هەقیقەت وەک بابەتێکی نەگۆڕ و یاسایی و شایان و پێویستی پەیڕەویلێکردن خۆی دەنوێنێ. ڕاستییەکان کۆمەڵە ساویر(وهم)ێکن کە ئێمە لە بیرمان چووە ئەوانە ساویرەکی(وهمی)ن. میتافۆرانێکن کە بە هۆی زۆر بەکارهاتنەوە سواو و لە وزە کەوتوون، وەکو ئەو دراوە کانزاییانەی نەخش و نیگاریان هەڵبزڕکاوە و ئیدی وەک پاتۆرێکی کانزایی لەقەڵەم دەدرێن نەک دراوێکی فەرمی»[٢].

ئەم پەرەگرافە دەتوانێ ببێتە هەوێنێکی گەورەی ڕەخنە لە دامەزراوەی دەوڵەتی مودێرن لە ڕوانگەی ئانارشیستەکانەوە، هەر بەو شێوەیەی کە بووەتە ئیلهامی ڕەخنەی پۆست مودێرنیستەکان لە ڕاڤە و ڕەخنەی هەقیقەتی بەدامەزراوەکراوی مودێرنیتە. هێزی گەورەی زمان لەوەی کە خوازەیەک بۆ هەقیقەتێک وەربگۆڕێت و دەرخواردی کۆمەڵانی خەڵکی بدات، دەسکەلایەکی باشی ڕەخنەیە و هەڵبەت مایەی تێرامانە و بە ئاسانی ناتوانین ڕەخنەی نیچەیی لە چەمکە ئەفلاتوونییەکان پشتگوێ بخەین و هێزی وێژمان(گوتار، دیسکۆرس)ی ئانارشیستەکانیش ڕەنگە لەم دەراوەوە سەرچاوەی گرتبێت، هەرچەند ئاسان نییە نیچە بە ئانارشیست لەقەڵەم بدەین، تەنیا لەبەرئەوەی هێشتا نازانین «کەڵەمرۆڤ»(ئابرمانش/ ابرانسان)ەکەی، لە چ سیستەمێکی سیاسیدا جێی دەبێتەوە.

ئەگەر «هەقیقەت»، میتافۆر و خوازەیەکی ڕەها(مجاز مرسل)بێت، ئیدی تەنیا ڕاگواستنی بەستێن لە ئارادایە نەک سەرچاوەیەکی میتافیزیکی یان هەر شتێکی دیکە. چونکە ئەگەر «هەقیقەت» مرۆڤکرد بێت، کە وابوو زمانکردە و لەو ڕووەوە باسکردن لە «هەقیقەت» وەک پێدراوێک لە دەرەوەی ئاوەزی مرۆڤ یان دیتێرمینیزمێکی لۆژیکی یان بەڵگەنەویست(ئەکسیۆم، بدیهه)، سروشتی سەرچاوەی «ڕەوایی»ش دەگۆڕێت. هەرچەند ئەمە دەبێتە مایەی «سیکۆلاریزەکردنی دەوڵەت»، لەگەڵ ئەوەشدا «هەقیقەت» بۆ بەرهەمی «پەیمان/گرێبەست(عقد،قرداد) وەردەگۆڕێت. هەرچەند ئامانجی نیچە، لەم

بەڵگەهێنانەوەیەی مندا جێی نابێتەوە، بەڵام لەو باوەڕەدام «ئانارشیستەکان» دەتوانن ئاخێزگەی یەزدانی یان میتافیزیکیی دەوڵەت ببەنە ژێر پرسیار. دیارە دارمانی بونیادی هەقیقەتی میتافیزیکی یان هەقیقەتی یەزدانی، خۆبەخۆ سروشتی پێناسەی هەردووک چەمکی»هێژایەتی» و «دادپەروەری» دەگۆڕێت. ئەمە کە «دادی یەزدانی» لە یەزدانناسیی مەسیحیدا تەنیا لە چوارچێوەی دەوڵەتدا دەشێ بێتە دی و هێژایەتیی مرۆی ئیماندار لە چوارچێوەی «هەقیقەتی یەزدانی» ـ کە لە دەوڵەتدا دێتە دی ـ بە ڕووخانی ئاخێزگەی هەقیقەت، بەتێکڕا دەڕمێ. خۆ ئەگەر بتوانین ئەم پرۆسەیە لەمەڕ «دەوڵەتی یەزدانی/ دینی» بەرینە پێش، هەر بەو شێوەیەش دەتوانین ئەم ڕەخنەیە لەمەڕ «دەوڵەتی سیکۆلار» بەرینە پێش و تەنانەت دەشتوانین وەک شمشێری دیمۆکلێس، هەقیقەتی ئانارشیستەکانیشی پێ ببرینەوە، مەگەر ئەوەی کە ئانارشیستەکان دروشمی هیچ هەقیقەتێک هەڵنەگرن! جا لەو دەمەدا تەنیا شتێک کە دەمێنێتەوە، گەڕانەوە بۆ دۆخی سروشتییە، واتە هەر ئەو وێستگەیەی کە «هۆبز» ڕەخنەی لێ دەگرت!

لای ئانارشیستەکان ڕەخنەی زمانی ڕوو لەو سیستەمە چەمکییە دەکات کە زنجیرەپلەی دەسەڵات لە دەوڵەتدا لە ڕێگەی زمانەوە دەیسەپێنێ. نیشانەدارکردن لە «هیرارشی»دا، هاوپێناوی»بەپیرۆزکردن»ە. بۆیە بانگەشەکردن بۆ «سڕینەوەی پیرۆزی» لە زمان، داماڵینی بەشێک لە نیشانەیە کە بەشێوەیەکی پەنامەکی(ضمنی) یا تێپێچراو(تلویحی) لە مانای وشەدا ئاخنراوە. بۆ نموونە «کاهینی پەرستگە» بەدەر لەوەی کێیە، «ئاخڵەی پیرۆزی» بە دەوریدا کێشراوە، نەک لەبەر خۆی، بەڵکوو لەبەر شوێنەکەی. لەو دەمەدا لێدان لە مانای «پەرستگە» جێ پێی کاهین لەق دەکات. چونکە «هەڵگری هەقیقەت» نیشانەیەکی جووڵاوە و نیشانەگۆڕکێی سیستەمەکە تێک نادات، بەڵام لێدان لە «شوێنی پیرۆز» سەقامگیریی سیستەمەکە تێک دەدات ـ یان لە ڕوانگەی ئانارشیستەکانەوە تێکی دەدات ـ . بەڵام دەرهەستێتیی (ذهنیت)مانا لە دەرکەوتی بەرهەستەکیی(تجلی عینی) بەهێزترە. بینینی مانای سیستەماتیزەکراو وەک سەرچاوەی سەرەکیی»هەڵاواردن» و «چەوساندنەوە» و هتد، ڕەنگە ئەو هەڵەیە بێت کە دەکرێ ئانارشیستێک تووشی ببێ. ئەمە کە مانایەک بە درێژاییی مێژوو ڕەگی لە بیروهزری کۆمەڵگەیەکدا داکوتاوە، هێزەکەی تەنیا لە چوارچێوەی دامەزراوەکاندا وەدەست ناهێنێت، هەرچەند دامەزراوەکان دەتوانن لە ئەنجامی بەکارهێنانی بەردەوامی ئەو مانایەوە وا لە کۆمەڵانی خەڵک بکەن کە خوو بە ماناکەوە بگرن و بەم شێوەیە مانا دەتوانێ تاودەرەوەی «هەقیقەت»ی بەدامەزراوەکراو بێت. بەڵام ئەگەر بڕوامان بە «ماناکێشەکێ»(تداعی معانی) هەبێت، بۆمان دەردەکەوێ پێش ئەوەی هیرارشی بتوانێ ئەو مانایە بنجبەست و دامەزراوەیی بکات، «فەرهەنگ» بەستێنەکەی بۆ ڕەخساندووە و ئەزموونی کردووە و ئەگەر «هەڵاواردن»یک لە ماناکەدا هەبێت، ئەو هەڵاواردنە «توانست»یکە کە هیرارشیی دەسەڵات توانیویەتی بیقۆزێتەوە نەک دروستی بکات. ئەمە «هەقیقەت»ەکە نییە کە «هەڵاوارن»ەکەی ڕەخساندووە، بەڵکوو ئەوە «هەڵاواردن»ەکەیە کە بووەتە دەسمایەی «هەقیقەت». هەر بۆیە پێم وایە دژایەتیی مانای هەقیقەتی دەوڵەت لای ئانارشیستەکان، سۆنگە و ئاراستەیەکی هەڵەی گرتووەتە پێش و ئەمە کە بێژین سیستەمی هەقیقەتی دەوڵەتی، هەڵاواردنی ڕەخساندووە بێمانایە؛ چونکە سیستەمی مانایی کۆمەڵگە، توانستە ماناییەکانی، لە

کێڵگـەی ماناییی خۆیـدا بەرهەم هێناون و کاری دەوڵەت ئەوەیە کە ماناکان «دەسچن» بـکات و بە جۆرێک لە جـۆرەکان، کۆمەڵگە بتوانێ ئەو مانا دەسـچنکراوە بە «هەقیقەت» لەقەڵەم بدات. لەم سۆنگەیەوە «ڕەمزپەرژان» لەسـەر بنەمای ئـەو پێشـخانە فەرهەنگی ـ کۆمەڵایەتییـەی زمـان ڕادەپەڕێنێ کە پاشـخانەکەی «هەڵاواردنی کۆمەڵایەتی»یە و خـودی کۆمەڵگـە بەرهەمـی دەهێنێت و «دەوڵـەت» مانـاکان دەسـچن دەکات؛ چونکە ئەگەر دەوڵەت لـە دەروەوەی «مانای ئەزموونکـراوی کۆمەڵایەتـی» هەقیقەتـی خـۆی بەرهەم بهێنێت، نە تێگەیشـتن و نە گوێڕایەڵی و نە ملکەچی و بەریان بۆ دەوڵەت سەر ناگرێت، لەبەر ئەوەی کۆمەڵگە ماناکانی کێڵگەکـە ناناسـێتەوە، ئیدی چـۆن بتوانێ پەیڕەوی بکات. تەنانەت لەنێو سەپاندنیشـدا «ڕەوایی»ی سەپاندنەکە لە مانای «پەنامەکی» و «تێپێچـراو»دا خۆی دەردەخـات. مەحاڵە مانایەک بسەپێنی کە هەمووان لێی تێنەگەن و پێی قایل بـن، چونکە خەڵک بۆ قایلبوون پێویستیی بە هەڵهێنجانە تا بتوانێ «پاساو» بۆ ملکەچییەکەی بهێنێتەوە و «ویژدان»ی ڕازی بکات؛ بۆیە تەنانەت دەوڵەتی سـتەمکاریش دەبێ لە مانای پەنامەکی و تێپێچراو تێبگات تا بتوانێ «ویژدانی کۆمەڵگە» کۆنترۆڵ بکات. لەو بـاوەڕەدام بەدینەکردنی ئەمە بەتایبەتی لە لایەن ئەنارشیسـتەکان و بەشـێوەیەک لە شـێوەکان لە لایەن فێمێنیستەکان وای کردووە لـەو دیتێرمێنیزمـە فەرهەنگییەی بارگاویکردنی ماناکان تێنەگەن و هەمیشـە سـێرە لە «دەسـتوور» و «یاسـاکان» بگرن و «دەوڵـەت» بـە سـەرچاوەی سـەرەکیی «سـتەمکاری» بزانن، ئەوە لەکاتێکدایە ئەگەر «فەرهەنگ» ئەو ستەمکارییەی بە شێوەیەکی تێپێچـراو تێـدا نەبێـت، یاسـاش ناتوانێ «ڕەوایی»ی پێ بدات. تەنانەت ئەگەر لە نێوان «دینـی کۆمەڵایەتی» و «دینـی دەوڵەتی»دا گـەرای «هەڵاواردن چەشـنی دادپەروەری» نەڕێژرابێـت، دیسـان مەحاڵـە «ڕەوایـی» بەشـێوەیەک لە شـێوەکان فرچک بگرێت. ڕەوتـی دیموکراتیزەبوونـی کۆمەڵگـەکان، ڕەوتێـک نییـە دەوڵەت بەتەنیـا بەرهەمی بهێنێـت، بەڵکوو جووڵـەی نێوەکیی جڤاکە کە لە ئەنجامی «ڕۆشنگەری» لە «دەوڵەت»دا ڕەنـگ دەداتـەوە و ئەمـە پێوەندییەکـی دیالکتیکییە. بـەڵام خۆشـخەیاڵییە ئەگەر بێژین دەتوانین بەتەواوەتی زمان لە ماناکانی «هەڵاواردن» بتارێنین، تەنیا بەو پاساوەی کە هەوێنی»چەوساندنەوە»یە. بەتایبەتی ئەمە ئەو شـتەیە کە فێمینیستەکانی تووشی جۆرێک لە کاردانەوەی هیسـتریک کـردووە. ڕەنگە جیاوازییەک کە لە پێوەندی بە ڕەخنەی زمانی لەنێوان «ئانارشیستەکان» و ‹فێمێنیستەکان»دا هەبێت جیاوازییە لـە «هەڵاواردنی زمانی لە دەسـەڵاتدا» و «هەڵاواردنی زمانی لە مافدا». ڕەخنە لـە پێوەندییـە نیشانەناسـانەکانی زمـان لەنێو ئۆتۆریتی و سـەپاندنی جۆرێک لـە باڵادەسـتیی ماناییـی پێوەندیـدار بە میتافیزیـک و دیـن ـ کە لـە زماندا ڕەنگ دەداتـەوە ـ لای ئانارشیسـتەکان گرنگترە؛ هەر بۆیە مەبەسـتی بەندە لە باسوخواسـی «هەقیقـەت» و «بەرهەمهێنانی هەقیقەت»لە «دەسـەڵات»دا بەشـێوەی هەرەمـی کـە زنجیرەپلەیەکی سـتوونیی بایەخەکان بونیاد دەنێ، ئەوە بوو کە نیشـان بدەین بە بڕوای ئانارشیستەکان سـەرچاوەی «هەڵاواردن» لە دەوڵەتدایـە و زمان لـە بەرهەمهێنانی ئەم «هـەڵاواردن»ەدا یارمەتیدەری سـەرەکییە. هەرچەنـد من پێموایـە، «هـەڵاواردن» لە سروشـتی زمانـدا چەشـنی «مەوددادانان» دەردەکـەوێ و «هـەڵاواردن» ناوێکە کە لە پێوەندییـە کۆمەڵایەتـی ـ سیاسـییەکاندا لەبەرئەوەی دەرکەوتی بەرهەستەکی(عینی) ی هەیە، بەکاری دەهێنیـن. بۆیە دەتوانین بێژین «مەوددادانـان» هەوێنی «هەڵاواردن»ە.

بـــەڵام ئەگەر«مەودادانان» بـــە «هەڵاواردن» بزانین، ڕاستەوخۆ زمانمان وەک سەرچاوەی «بایەخدانان» لەقەڵـــەم داوە و ئەمەش ڕەنگە دروســـت نەبێت و تەنیا کەســـێکی ڕادیکاڵ دەتوانێ وەها داوەرییەک بکات. بۆ نموونە:

ڕستەی «مەودادانان لەنێوان ....» لەگەڵ «هەڵاواردن لـــە....» جیاوازییەکی تێدایە کە دەبێ لەبەرچاو بگیردرێت. ئەگەر بڵێین «شیر هەوێنی ســـەرەکیی ماستە» ئەمە بەو مانایە نییە کە «شیر هەمان ماستە!» پێویستە ئەمە زیاتر ڕوون بکەمەوە.

جێگۆڕکێی مانایی، لەگەڵ خۆیدا بارێکی مانایی دەهێنێت کە جیاوازە لەو مانایانەی کە ئێمە دەتوانین لێوەی هەڵکرێنین. بارکردنی مانا پرۆســـەیەکی ئەنقەستە کە هەندێ جار مەبەستی گشتگیرکردنە و «گشتگیرکردن» ســـەپاندنی جۆرێـــک لـــە «داوەری»یـــە و داوەریی مانایی، دەبێتـــە مایەی نرخاندنی ڕەوشـــتی نەک تەنیا لەبەرئـــەوەی خودی مانای وشـــە هەڵگریەتی، بەڵکوو بە مانایەک بارکـــراوە کە پێـــش زەمینـــەی داوەرییەکە کە بەئەنقەســـت، بە تەمای ماناگۆڕکێیەکە لـــە پێناو دانانی مانایەکـــی ڕاقەیی لە جێی مانایەکـــی بنجی. دیارە «مانای بنجی» خۆی مانایەکـــی ڕاقەییە و ماناگۆڕکێی ئەم مانایە دەتوانین بە «ڕاقەی ڕاقەکان» لەقەڵەم بدەین کە دەکرێ مەبەســـتمان بەراوەژووکردنەوە یـــان گۆڕینی«ڕێککەوتنێکـــی مانایی» بێت. واتە «ئانارشیست» یان «فێمێنیست» دەتوانێ مانا هیرارشییەکانی دەوڵەت وەها بخاتەڕوو کە گوایە ســـیخناخن بە «ســـتەم». لەگەڵ ئـــەوەی «پێشـــداوەری» و «داوەری» دەکرێ «ســـتەم» لەگەڵ خۆیاندا بهێنـــن، بەڵام بە هیچ شـــێوەیەک ناتوانین دەستەبەری ئەوە بکەین کە لە دەرەوە و نێووەی «هیرارشی»، «ستەم» بسرینەوە، چونکە ناتوانین «داوەری» نەکەین، هەڵبەت «ســـڕینەوەی ســـتەم» ـ بەگوێـــرەی هێرمێنۆتیکی گادامێر ـ مەحاڵە و ئەگەر مەبەستمان ئەوە بێت جێگرەوەکانی دیکەی دەوڵـــەت دەتوانـــن «دادپەروەری» وەدی بهێنـــن، دەبێ پێش هەموو شـــتێک ئەو «هیرارشیی مانایی»یە کە گوایە هەوێنی ستەم و ستەمکارییە بسڕنەوە؛ پرسیارێک کە دێتە پێش ئەمەیە: چ دەســـەڵاتێک دەتوانێ بە بێ هیرارشی لە ئارادا بێت؟

دەگەڕێینەوە بۆ شـــیکردنەوەی ماناکانی «مەودادانان» و « هەڵاواردن».

خاڵی هاوبەشـــی نێـــوان «مەودادانان» و «هەڵاواردن» بریتییە لە «جیاکردنەوە». مەودا هەمیشـــە هەیە، بەشـــێوەیەکی سروشـــتی وەک دیاردە بەرچاو دەکەوێت. بە بێ مەودا هیچ شـــتێک ناناســـرێتەوە و ئامانجمان لە «مەودادانان» جیاکردنەوەیە لەپێناو ناسیندا. جیاوازییەکان لە بیچم، قەبارە، بارســـتایی، گەوشـــین(خصوصیت)...هتد لە مەوداداناندا دەبینرێـــن و دەرفەتی یەکســـان هەیە کە هەموویان ببینین، بەو شـــێوەیەی کە هەن؛ بە بێ ئەوەی بیانرخێنین.

خاڵـــی هاوبەشـــی «مەودادانـــان» و «هـــەڵاواردن» جیاکردنەوەیە. بەڵام مانایەک کە لـــە هـــەڵاواردن (هەڵبـــواردن)دا هەیە لـــە مانای جیاکردنـــەوە واوەتـــرە. ئامانجی «هـــەڵاواردن» ناســـین نییـــە، ئـــەو کەس یان شـــتەی هەڵمان بـــواردووە، لەبارەیەوە «داوەری»مـــان کـــردووە و نرخاندوومانـــە. لـــە «هـــەڵاواردن»دا «هەڵبژاردن»هەیە و لە مەوداداناندا «داوەری» و «هەڵبژاردن» نییە. لە «مەودادانان»دا ئەگەر «جیاکردنەوە» نەبێت، «ناسـین» و «ناســـینەوە» نارەخسێن. ئەگەر ئێمە «جیاکردنەوە» بکەین بە خاڵی هاوبەش بـــۆ ســـەپاندنی لۆژیکی «هاوواتایـــی»، ئەمە «بارکردنی مانایی»یە و ترازاندنی بەســـتێنە. جا ئەگەر ئێمە بمانـــەوێ تەنیا لەبەرئەوەی «هەقیقـــەت»، «هێژایەتی»، «دادپەروەری» لە چوارچێوەی«هیرارشـــی»دا نەهێڵین و بڵێین ئەم مانایانە دەکرێ لە دەرەوەی «هیرارشی»دا

مانایان هەبێت، وەک ئەوەیە مانای «هێز» و «دەسەڵات»مان چەواشە کردبێ. چونکە ئەم مانا میتافیزیکییانە، تەنیا لە «هیرارشی»دا سیستەمێکی نرخاندنی ڕەوشتی بەرهەم دەهێنن. پرسیارەکە ئەمەیە: ئاخۆ ئانارشیست بە دارماندنی ئەم هیرارشییە چ سیستەمێکی نرخاندنی ڕەوشتی بەرهەم دەهێنێت کە؛

**یەکەم:** شێرازەیەک هەبێت کە هیرارشیی نەبێت و سیستەمێکی نرخاندنی ڕەوشتییشی تێدا بگونجێنین و بتوانین ناوی سیستەمی لێ بنێین.

**دووەم:** چۆن دەتوانین ڕەوایی بە سیستەمێک بدەین کە بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری، تێکڕای ئەو مانایانەی بارگاوی بە «هەڵاواردن» و «ستەم»ن و بەشێکیان «ڕەگەز»ین، بەراوژوو بکاتەوە و شێرازەیەکی زمانی پێکەوە بنێت کە بەدەر لەو هیرارشییە بێت کە تێیدا هەزاران ساڵە پێوەندییەکانی هێز لەنێو زماندا بنجی بەستووە.

ئەمانە نموونەی ئەو کێشانەن کە جیهانبینیی ئانارشیستی لە جیگۆرکێی ماناکاندا - کە هەڵگری نرخاندنی ڕەوشتین و زەینی مێژوویی مرۆڤ خووی پێوەگرتوون و هیرارشیی دەوڵەت لە دەستوور و یاساکانیدا پێناسەی کردوون — دەبێ سەرلەنوێ دایانبڕێژێتەوە. من پێموایە ئەمە کە ئانارشیستەکان نەیانتوانی لە بەرانبەر «هیرارشیی دەوڵەت»دا ماناسازییەکی هاوتەریب بکەن کە بتوانێ فەرهەنگ و ژیاری مرۆیی و گەلانی چەوساوەی دەستی دەوڵەت ڕزگار بکات! دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە سیستەمی هێژمۆنیکی ماناسازیی زمان، ناتوانێ بە بێ میکانیزمی «هەڵاواردن» و «هیرارشی» جیهانێکی دیکە وێنا بکات و ڕەمزپەڕژان و نیشانەناسیی بۆ بکات.

## فێمێنیزم (Feminism)

فێمێنیزم، بزووتنەوەیەکە کە خوازیاری یەکسانیی ژن و پیاو لە بوارە هەمەچەشنە فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسییەکان بووە و خوازیاری لەنێوچوونی هەر جۆرە «هەڵاواردن»، سووکساری و سووکایەتی بە ژنان لە کۆمەڵگەدایە.

بزووتنەوەی نوێ و ڕوو لە گەشەی لایەنگری لە مافەکانی ژنان لە ڕەوتە فێمێنیستییەکانی دەیەی ١٩٦٠ی ئامریکای کەرتی باکوور ڕەگی داکوتاوە. هەڵبەت پێش ئەوەش، دەتوانی لە بەرهەمەکانی هەندێ لە نووسەران و تیۆریپەرژێناندا، بەریانە فێمێنیستییەکان بەدی بکەی. کەسانێکی وەک «ئەلکساندرا کۆلڤنتای» (١٨٧٢ ـ ١٩٥٢) بەلشەڤیکی ڕووسی، کە تیۆریی «فێمێنیزمی پرۆلێتاری»ی لە پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ لە ڕووسیا هێنایە کایەوە و داوای ڕزگاریی ژنانی لە کۆتوبەندی سەپێنراوی پیاوان کرد. ئەو بە نووسینی کتێبی «ئەڤینی سوور» داوای هەڵوەشانەوەی هاوسەرێتی و خێزانی کرد. کۆلڤنتای ڕزگاریی ژنانی لە گرەوی شۆڕشی پرۆلێتاریدا دەزانی و لەو باوەڕەدا بوو کە پاش شۆڕش دەبێ «شۆڕشێکی ڕەگەزی» بێتە ئاراوە. ئەم بیروباوەڕە ڕەگەمای بیروبۆچوونی پەرگیری فێمێنیستیی پێوە دیارە کە لە بوارەکانی دیکەی وەک «ڕەخنەی فێمێنیستیی زمان» کە بابەتی وتارەکەمانە ڕەنگی داوەتەوە.

دیاردەی ڕەگەزێتی هەم لە لایەن زمانناسانی فێمێنیست و هەم زمانناسانی دەرەوەی ئەم ڕەوتە هەمیشە یەکێک لە باسوخواسە گەرمەکانە. توێژینەوە لەبارەی بندەستیی ژنان لە قوژبنەکانی زمان، شرۆڤە و بەرەوڕووبوونەوەی کەڵکەڵەی ئەم زمانناسانەیە. ئەمە کە بۆچی «هەڵاواردنی ڕەگەزی» هەیە و بۆ بەو تۆخییە لە زماندا ڕەنگ دەداتەوە، پرسیارێکە تا ئێستاش بە تەواوەتی هەموو لایەنەکانی وڵام نەدراونەتەوە. وەک بڵێی «هەڵاواردن» لە

ڕۆحی زماندایە و پێوەندییە هێژمۆنیکەکانی «سەردەست» و «بندەست» لە ڕایەڵ و تەونە بینراو و نەبینراوەکانی دارشتەی «بکەری ـ بەرکاری»دا وەشێراوە.

پێگەی زانستیی بابەتی زمان و ڕەگەزێتی لە لقی زانستیی زمانناسیی کۆمەڵایەتیدایە. ئەم توێژینەوانە لە سەدەی حەڤدەیەمەوە دەستیان پێ کردووە و هەندێ گێڕانەوە لەم بارەیەوە هەن.

لە هەندێ زمانی گەلانی خۆولاتیدا هەندێ شێوەی بەکارهێنانی وشەیی و دەستەواژەیی هەن کە تایبەت بە بەکارهێنانی یەکێک لە ڕەگەزەکانن. «پیاوان» هەندێ وشە و دەستەواژە بەکار دەهێنن کە هەرچەند «ژنان» لە ماناکانیان تێدەگەن، لەگەڵ ئەوەشدا هیچکات دەریانابڕن. هەروەها هەندێ پەیڤی ژنانەش لە زماندا ئاخنراون کە پیاوان ڕێگە بە خۆیان نادەن ئەو وشانە بەکار بهێنن. ئەم «هەڵاواردن»ە خۆرسکە، ڕەنگە لە لایەن زۆرینەی خەڵکەوە بە «خۆرسک» لێک بدرێتەوە، بەڵام فێمێنیستەکان ئەمە بە «خۆرسک» نازانن و بە پێچەوانەوە پێوەندییە ڕەگەزییە سەرکوتکەرەکان، بە سەرچاوەی ئەم هەڵاواردنە دەزانن.

## ناساندنی سێ تیۆری

### ١. تیۆریی کەمایەسی

نوێنەری سەرەکیی ئەم تیۆرییە «ڕۆبن لکۆف»ە. ئەو لە کتێبی «زمان و پێگەی ژنان» جیاوازیی زمانیی نێوان ژن و پیاو بە گەواهێک بۆ پێگەی نزمتری ژنان دەزانێ. ئەو جیاوازییە زمانییەکان لە دوو ڕەهەندی بەکارهێنانی ژنان لە زمان و سروشتی ڕەگەزێتیی زمان، تاوتوێ دەکات. ئەو لە ڕەهەندی یەکەمدا بەرەنجامگیری دەکات قسەوباسی ژنان لەمەڕ بابەتگەلی ڕواڵەتی و سواوە و قسەوباسیان لەمەڕ هۆگریی خۆیانە و دەربڕینی کاردانەوەیەکی سۆزەکی و کەسییە لەمەڕ بابەتێکی دیاریکراو. هەڵبەت ئەمە سروشتی ژنان نییە و پەروەردەی نێرسالارانەی کۆمەڵگەیە.

لە ڕەهەندی دووەمدا پاش هێنانەوەی هەندێ بەڵگە وەها بەرەنجامگیری دەکات کە پیاوان بە کارێک کە لە کۆمەڵگەدا دەیکەن دەناسرێنەوە و ژنانیش بەگوێرەی پێوەندییان لەگەڵ پیاوان.

لە دیدی لکۆفەوە جیاوازییە زمانییەکان نیشانەی نەخۆشین نەک هۆیەکەیان. بە بڕوای ئەو و هاوبیرەکانی تا ئەو کاتەی کۆمەڵگە تووشی ڕەگەزێتیگراوی(جنسیت زدگی)یە چاکسازیی زمانی بێمانایە. نموونەیەک لە بەرهەمهێنانەوەی ماناگەلی ڕەگەزێتییانە زاراوەگەلی وەک Chairperson [سەرۆک، ڕاژوور]ە. وشانێکی لەم جۆرە بۆ دوورکەوتنەوە لە ڕەگەزێتیگراوی لە بەرانبەر وشانێکی وەک chairman دارێژران. جێی سەرنجە کە هەرکات مەبەست نێرینە بووبێت ڕاگەیاندنەکان پەیڤی chairman و ئەگەر مەبەست مێینەش بووبێت پەیڤی Chairperson یان بەکارهێناوە.

### ٢. تیۆریی زاڵبوون

«دیل سپێندێر» فێمێنیستی ڕادیکاڵ لە کتێبی «زمانی دەسکردی پیاو» لە ساڵی ١٩٨٠ هەندێ ڕەخنەی لە لکۆف گرت. ئەو بە خستنەڕووی خشتەیەک نیشانی دا دژی جیاوازییە زمانییەکانی ژنان و پیاوانە. چونکە لەم توێژینەوانەدا پێشگریمانە ڕەگەزییەکان بوونەتە چاوبەستی لکۆف. پیاوان زمانێکیان داهێناوە کە لە سۆنگەی دیدی ئەوانەوە مانادار بووە، بەو مانایەی جیهان بەگوێرەی گۆشەنیگای پیاوانەوە مانادار کراوە و ژنان ناچار کراون پەیڕەوی لە ڕێککەوتنێکی مانایی بکەن کە بەسەریاندا سەپێنراوە. تەنانەت ناچارن سەرەڕای جیاوازیی هەستەکانیان، هەڵچوونە سۆزەکییەکانیان

بــە زمانێک دەربڕن کە ناتوانێ مێینەبوونی ئــەوان دەرببــڕێ. یەکێــک لــەو نموونانە وشــەی«دایک»ە؛ ئەمە ئەزموونێکی ژنانەیە کە پیاو ناوی لێناوە. مانایەکی سەرەتایی کە لەم وشەیەوە بەرگوێ دەکەوێت ڕەزامەندی و شــادمانیی ژنانەیە، بەڵام زۆرێک لە ژنان وەهــا ئەزموونێکیان لــە دایکایەتی نییە و لەبەرئەوەی ئەزموونــی ئەوان لەگەڵ مانای پیاوانــەی دایکایەتیــدا ناگونجێ، تووشــی هەستکردن بە ناشایستەیی و وڕی و کاسی دەبن.

«ســپێندێر» جەخــت لەســەر گۆڕینی ماناگەلی دەسکردی پیاو دەکات و پێشنیار دەکات ژنــان لە هەندێ دەســتە و گرۆی بردنەســەری ئاســتی وشــیاریدا بەشداری بکــەن بۆ ئــەوەی ناوی نوێــی پۆزەتیف بۆ ئەزموونەکانی خۆیــان دابهێنن. نموونەیەک لە وشانی ژنتەوەر کە بە وەها وشیارییەکەوە داڕێــژراون بریتیــن لــە ، androcentric ،patriarchal، sexual harassment chauvinism .

بــەڵام بــە بۆچوونــی من، ماناســازی ڕێککەوتنێکی گرۆ و دەستەیەکی دیاریکراو نییە، دەکــرێ گرۆیەکی کۆمەڵایەتی زمانی خــۆی دابهێنێــت، بەڵام بەبــێ جێکەوتی ئاماژەیــی مانا لــە بەســتێنی هەمەکیی فەرهەنگــدا، ئــەو مانایانە ناتوانــن لۆژیکی گشــتیی «بارکردنی مانایی» بگۆڕن، مەگەر ئــەوەی کۆمەڵگە ئەو سیســتەمە ئاماژەییە پەســند بکات کە گرۆیەکــی ڕەگەزی یان ئێتنیکــی و ... هتد دەیخەنە نێو شــێوازی ڕەمزپەڕژان(کۆدینگ)ی زمانەوە.

### ٣. تیۆریی جیاوازی

«دیۆرال تنێن» لە کتێبی «تۆ تەنیا تێناگەی!» بە پەســند کردنی جیاوازییەکانی ئاخاوتن لەنێو ژنان و پیاواندا ئەمە نەک بە بندەستیی ژنــان بەڵکــوو بــە بەرەنجامــی زاڵبوونی هەمەلایەنەی پیــاوان لە کۆمەڵگەدا دەزانێ کە هەڵبەت نیازی پێشوەختەی لە پشتەوە نییــە. ژنــان و پیاوان، دوو شــێوازی تەواو جیــاوازی ئاخاوتنیان هەیــە کە هەردووک شێواز هورمێکی یەکسانیان هەیە. لە دیدی ئەوەوە کوڕان و کچان لە دوو دنیای جیاوازی گەشەی وشەکاندا گەشە دەکەن و جیاوازیی شێوەی ژیانی ژنان و پیاوان ئەو جیاوازییانەن کە لــە هەمــوو فەرهەنگێکــدا دەبینرێن. هەرچەند دەکرێ ئەمە بەدحاڵیبوون دروست بکات. بە بۆچوونی «تێنن» فێربوونی شێوازە زمانییەکانــی هــەردووک ڕەگــەز دەتوانێ بەشێکی زۆر لە ئاریشەکانی پێوەندیی نێوان دوو ڕەگەز برەوێنێتەوە. بەرهەمانێکی وەک «پیاوانــی مەریخــی و ژنانی ڤینۆســی» لە نووســینی «جۆن گرەی» کاریگەریی لەسەر گرتنەبەری وەها ڕوانگەیەک هەبووە[٣].

زمانناســان لــە توێژینەوەکانیاندا بۆیان دەرکەوتــووە کە بەکارهێنانــی زمانی لای ژنان – لانیکەم لە ئاخاوتن لەنێو کۆمەڵگەدا – تایبەتمەندییەکانــی جیاوازن. ژنان زیاتر پێکهاتە کۆنتر و باوەکان لە بونیادی ڕستەدا بەکار دەهێنن و پەتیتر و ڕێزدارانەتر دەدوێن و لە گۆکردنی وشەکاندا، زیاتر لە پیاوان ڤاچ (فۆنیم)ە پێوەرمەند(ســتاندارد)ەکان بەکار دەهێنن.

لە ڕێزمانی هەندێ زماندا، بە شێوەیەک لــە شــێوەکان «مێینەیــی» و «نێرینەیی» دەستنیشــان کراون؛ ئەم دەستنیشانکردنە بمانــەوێ یــان نــا دەتوانین بــە جۆرێک لە «هــەڵاواردن» لەقەڵەمــی بدەین. بەڵام پرســیاری ســەرەکی ئەوەیــە کــە ئاخۆ «فێمێنیســت» چۆن لەمە دەڕوانێت؟ گەلۆ دەکرێ ئــەم «هەڵاواردن»ە بســڕینەوە یان دەبێ بەشــێوەیەکی دیکە ڕاڤەی بکەین. لە هەندێ زماندا جێنــاوەکان هەڵگری «باری ڕەگــەزی»ن و هەندێ زمانیــش ئەم «باری ڕەگەزی»یەیــان نییە. بــۆ نموونە لە زمانی

کوردیدا بە گوێرەی دیالکتەکانی، نیشانەی مێینەیی و نێرینەیی بە ڕێژەی زۆروکەمی هەیە، وەک «هەورامی» و کرمانجیی ژووروو» و لە کرمانجیی نێوەراستیشدا تەنیا لە «بانگکردن»دا دەردەکەوێ وەک « هۆ کچێ» ـ (ێ) مێینە ـ و «هۆ کورە» (ە) نێرینە ـ . زمانی عەرەبی» پڕە لەم جیاوازییە ڕەگەزییانە و ئەوە لەکاتێکدایە کە «زمانی فارسی» دەتوانین بەدڵنیاییەوە بڵێین ئەم جیاوازییە ڕەگەزییەی لە جێناوی ڕێزمانیدا نییە. زمانە ئەوروپاییەکانیش وەک «ئینگلیزی» و «فەرەنسی» و «ئاڵمانی»یش هەمان دیاردەیان بە ڕێژەی جیاواز تێدایە؛ زمانانی دیکەش هەن کە بەدەر لەم ڕێسایانە نین. ئەگەر ئەم «هەڵاواردن»ە ڕێزمانییانە ببنە مایەی «هەڵاواردن لە مافدا» و کێشە لە «یاساکانی باری کەسیەتی» دروست بکەن، ڕەنگە سڕینەوەی ئەم جیاوازییانە بتوانێ ببێتە مایەی ڕەنگدانەوەی یەکسانی لە بەرانبەر یاسادا! دیارە ئەمە جۆرێک لە ماخۆلانی سەیروسەمەرەیە کە وەک شەرفرۆشتن بە زمان دێتەبەرچاو. بەڵگەهێنانەوەی دیکە دەکرێ ئەمە بێت کەسانێک بڵێن زمان هەڵگری نیشانە فەرهەنگییەکانە و ئاوەزمەندیی زمان هەمان ئاوەزمەندیی نێو فەرهەنگە. واتە «هەڵاواردنی ڕێزمانی» ڕەنگدانەوەی «هەڵاواردن لە هزردا»یە. ئەم بۆچوونە لە ڕوانینی یەکەمدا لۆژیکی و مایەی هەڵوەستەکردنە؛ ئەگەر ئەمە پێوەر بێت دەتوانین بڵێین بەگوێرەی تیۆریی ماناکێشەکێ و دیالکتیکی زەین و زمان لە بەستێنی فەرهەنگدا دەشێ بەشێوەیەکی ڕێژەیی و سنووردار ئەمە ڕاست بێت، بەڵام بەشێوەیەکی ڕەها وا نییە. هەرچەند ڕەوا نییە پرسیار بە پرسیار وڵام بدەینەوە، بۆ کورتکردنەوەی ڕێگاکە و دوورکەوتنەوە لە درێژدادڕی دەپرسین ئەو زمانانەی کە نیشانە یان جێناوی ڕەگەزنیشانیان تێدا نییە، دەکرێ هەڵاواردنی ڕەگەزییان تێدا نەبێت؟!

بەدڵنیاییەوە بەرەنجامێکی ئەوتۆ لە وڵامی گریمانکراوی ئەم پرسیارە دەست ناکەوێ. بەڵام ئەگەر بڵێین «لۆژیکی جوانیناسانە» لەم ڕەگەزێتیی زمانەدا هەیە کە پەل بۆ لۆژیکی دیاردەناسانەش دەهاوێ، بواری پێشداوەرییەکان کەمتر دەبێتەوە. ئەگەر من بڵێم لۆژیکی دیاردەیی و سەرسامی بەرانبەر بە جوانی دەکرێ دەسمایەی تێگەیشتنەکە بێت؛ بۆ نموونە: بۆچی دەبێ «ێ» بلکێت بە «کچ» (کچێ) یان «گوڵ»(گوڵێ) وە و زایەڵەدار بێت و فۆنیمی «ە» لە «کورە»دا هەندە بەربەستکەر بێت! ئەم «هەڵاواردن»ە دوو ئامانجی هەن: یەکەم جیاکردنەوە و ناساندنی ڕەگەز، دووەم لایەنی جوانیناسانە. وێنای «زبری» و «ناسکی» و پرۆسەی وەپاڵدان لە «مێینەیی» و «نێرینەیی» دیوێکی جوانیناسانەیان هەیە. بۆ نموونە لە کوردیدا ڕووبەری سروشت فراوانە و لە ناولێنانی «کوران» و «کچان»دا «چیا» دەتوانین وەک سەرچەشنێک لەبەرچاو بگرین بەوەی کە لە بنار و نسار بۆ سەرەوە ناوەکان «نێرینە»ن؛ وەک: چیا، ئاران، کۆسار، ڕەوەز... و لە بنار و نسار بۆ داوێنەکان ناوەکان دەبنە «مێینە» چنار و گوڵ و چنوور و چرۆ... هتد. خۆ ئەگەر کەسێک بڵێت چ لە وشەی «کوێستان» وەک ناوێکی مێینە دەکەن، ڕێژەییبوونی داوەرییەکە دەردەکەوێ. بۆیە من لەو باوەڕەدام وێنای جوانیناسانە و گیرسانەوەی ناو لەسەر «مێینەیی» و «نێرینەیی» بە شێوەیەکی متبوو لە دیدی جوانیناسانەدا جێی خۆش کردووە و ئەم ڕەخنە پەرگیرانەیە بۆ مێژووی «پیاوسالاری» لە زماندا ڕەنگە سەرنجڕاکێش و هەڵخرێن بێت بەڵام داوەرییەکی زانستی نییە کە بتوانین هیوای ڕاڤەیەکی دروستی لەسەر هەڵبچنین. تەنانەت ئەگەر ئەم ڕاڤەیە ڕاست

نەبێت، لایەنی بەرانبەرمان ناتوانێ ڕاستیی بۆچوونەکەی لەم بارەوە بسەلمێنێ. واتە ڕەتکردنەوەی بۆچوونەکەی من بە مانای سەلمێنرانی بۆچوونی بەرانبەر نییە. چونکە ئاخێزگەکانی دەستنیشانکردنی «مێینەیی» و «نێرینە»یی بە بڕوای من هەموو جارێک چاوی لە لۆژیکی «بندەستی» و «سەردەستی» نییە، لانیکەم لە ڕووبەری زمانی سروشتیدا دید و هەستی جوانیناسانە و تا ڕادەیەکیش ئیرۆتیک دەور دەگێڕێ، بەڵام دەبێ ئاگادار بین دیدی ئوستوورەناسانە بۆ سروشت و دوابەدوای ئەوە دینی سروشتی و دینی سرووشکرد(وحیانی) پڕن لە داوەریی ڕەوشتی کە ئەمە ئەو شتەیە کە بەگوێرەی کارکردی مانایی، وشە لە بەستێن دەترازێنێ و بارێکی بەسەردا دەسەپێنێ کە لەم بارەوە ڕەخنەی فێمێنیستی برشتی زیاتری هەیە.

## ڕەگەزی یەکەم و ڕەگەزی دووەم

لەم جۆرە دەستەواژانەدا جۆرێکی زەق لە «هەڵاواردن» دەبینرێ کە ماناکەی فەرهەنگی(قاموسی) نییە و مانایەکی بارکراو هەڵدەگرێت کە مەبەستی نرخاندنی جۆرێک لە «پێشباریێتیی بوونەکی»(اولویت وجودی)یە. ئەم مانا بارکراوە پێوەندیی بە پێش زەمینەیەکی زەینییەوە هەیە کە لە «ئوستوورەی ئافراندن»دا وەشێراوە. نەریتی یەهوودی – مەسیحی و پاشان ئیسلام، وەک سێ دینی ئاسمانیی سرووشکرد لە گێڕانەوەی چیرۆکی ئافراندنی مرۆڤدا نزیکایەتییان زۆرە. ئەم نزیکایەتییانە لە کەسایەتییەک بە ناوی «ئادەم» ی نێرینە و «حەوا»ی مێینەدا کە وەک یەکەم مرۆڤەکان لە بەهەشت هەڵداشتراون و لە زەویدا گیرساونەتەوە دەردەکەون. «ئادەم» بۆ مرۆڤی یەکەمە. بۆ سەرەتا «نێرینە» دەخولقێنرێ و هەستی تەنیایی وەک ئامیبا لەتێکی مێینەی بۆ دروست دەکات و بە گێڕانەوەی یەهوودی لە پەراسووی ڕاستی ئادەمەوە دەئافرێت. «حەوا» بە شەیتان هەڵدەخرێنرێ و «ئادەم»یش بە «حەوا»! بەکارهێنانی دەستەواژەی» ڕەگەزی دووەم» بۆ ژن، وەک سەرچاوەی زایەندەیی و وەچەخستنەوە و هەڵگری ئاولەمەی مرۆڤ(جنین انسان)، لێکەوتەی زەینی و هزریی گەورەی لێ کەوتووەتەوە و ئەم چەمکە پڕە لە هەڵاواردنی ناڕەوا و نالۆژیکی! هەڵبەت لە جیهانی بەدەرکاتیی ئایین و ئوستووورەدا کە «کەتوار»ی جیهانی ماددی ناکرێتە پێوەر، ئەمە دەشێ ڕوو بدات؛ هەر بەو شێوەی کە «زەرڤان» خواوەندی کات(زەمان) بە «ئەهوورا و ئەهریمەن»دوو گیان دەبێت، بەو شێوەیەش دەکرێ لە زەینی میتافیزیکی و ئوستوورەییدا «نێرایەتی» هەنتەشی «مێینەیی» بسڕێتەوە و ئەم دەستەواژەیەی «ڕەگەزی دووەم» لە دایک ببێ کە بە شێوەیەکی «ناخودئاگا»ش لە زەینی سیکۆلاریزەی مودێرنیتەشدا وەک چەمکێک بەکار بێت و هەمان ڕەنگدانەوەی ئوستوورەییی چیرۆکی ئافراندن تا سەردەمی ئێستاش درێژ ببێتەوە. ئەم میتافیزیکی ئارایی[۴] هەڵگرتنەوەی شوێنپێی ئەو زناک(علامت/Trace)انەیە کە لە قووڵاییی ناخودئاگای مێژووییماندا چەقیون و بەو شێوەیە لە خۆرئاوای سیکۆلاریزەشدا ڕەنگ دەدەنەوە. لەو باوەڕەدام شوێنپێی چەمکەکان و شوێنپێی وشەکان دوو شوێنپێی جیاوازن. وشە وەک یەکەیەکی مانایی، دیاردە دەستنیشان دەکات، بەڵام کاتێک مانای چەمکێ لە خۆیدا هەڵبگرێ، پێشداوەری و داوەرییەکی ڕەوشتی ـ ئاوەزمەندانەش بە زەینەکانی داهاتوو دەبەخشێ کە گەلێ جار خۆنەویستانە و بە شێوەیەکی ئاسایی لە زماندا پاتەوپات دەبنەوە کە پڕن لە «هەڵاواردن»؛ هەر بەو جۆرەی دەستەواژەی «ڕەگەزی دووەم» دەتوانێ هەڵگری ئەو چەمکە ئوستوورەییە بێت و لە دەمی

مرۆڤێکی سیکۆلار بێتە دەرەوە. بۆ نموونە «ئادەمیزاد» و «مرۆڤ» هاومانان بەڵام یەک ئاخێزگەیان نییە. ئەگەر «مرۆڤ» هەمان «مرهۆڤ» بێت (بەدەر لە هۆڤ) ئێمە تێیدا هەست بە ئاماژە پەنامەکییەکەی ڕەگەزێتی ناکەین، چونکە تێیدا ڕەگەزێتی تۆمار نەکراوە بەڵام چەشنێتی تێیدا بەدیدەکرێت.

«ئادەمیزاد» زادەی ئادەم، مرۆڤێک کە لە دەقی دینیدا وەک «ڕەگەزی یەکەم»، هەموو مرۆڤەکانی دیکە زادەی ئەون بە «ڕەگەزی دووەم»یشەوە. وەک ئەوەی بڵێین سیفەتی»زایەندەیی» بە ئەو براوە و خۆیشی لە هیچ شتێکەوە نزاوە و یەکسەر ستەمکاریی ئوستوورەی ئافراندن بەقووڵی لە زماندا - لەشێوەی «چەمک لە وشەدا» - چەقیوە و زەینی ئێمەش پێی ڕاهاتووە.

ئەوەی کە سەرسوڕهێنە ئەمەیە کە «گوناهی یەکەم» لە «ڕەگەزی دووەم» دەوەشێتەوە کە ئەویش هەڵخڕاندنی ئادەمە لە لایەن حەواوە بۆ خواردنی «سێوی گوناه». ئەم قەدەخەشکێنییەی فەرمانی یەزدانی دەخرێتە ئەستۆی ڕەگەزی دووەم(حەوا) و ڕەگەزی یەکەم (ئادەم) وەک سەرچاوەی گوناهی یەکەم ناناسرێت. ئەگەر ئێمە بە بیستنی» گوناهی یەکەم»، حەوا، لە زەینماندا زەق ببێتەوە، ئەمە ئەو هەڵاواردنەیە کە ماناکێشەکیی ئوستوورەیەکی دینی لە زەینی ئێمەدا چاندوویەتی و کاریگەری لەسەر داوەریکردنمان دادەنێ و... هتد. ئەوەندەی کە باوەڕی ئوستوورەیی دەتوانێ بەخێرایی لە زماندا جێ خۆش بکات، باوەڕی زانستی بەو خێراییە لەنێو زماندا ناچەسپێ؛ لەبەر ئەوەی زمان زووتر بە باوەڕە ئوستوورییەکان ڕاهاتووە و زانست بۆ سڕینەوەی ئەو باوەڕانە و نەهێشتنیان لە زەین و زماندا کاتێکی زیاتری گەرەکە.

هەڵبەت بۆ ژیارێکی دیکە کە ئەم چیرۆکە ئوستوورەییەی نییە، دەتوانین چیرۆکێکی هاوتەریب(موازی)ی دیکە بدۆزینەوە کە هەر ئەم هەڵاواردنە تێیدا بەدی دەکرێت. بۆیە من لەو بڕوایەدام وشە تا ئەوکاتەی دەرخەری چەمکی هەڵاواردنی ڕەوشتی یان دینی لە ڕەگەزێتیدا نەبێت مافی ئەوەمان نییە دادگاییی بکەین. کەسانێک هەن دەڵێن بۆچی دیاردەکانیش بەسەر مێینەیی و نێرینەییدا دابەش کراون، بۆ «خۆر» وەک نێرینە و «مانگ» وەک مێینە لە فەرهەنگی ئێمەدا وێنا کراون. ئەم خوازەیە بە نیشانەی هەڵاواردن لەقەڵەم دەدەن. ئەمە لەکاتێکدایە سەرچاوەی ئوستوورەیی ـ دینیی میتراییزم وێنای مێینەیی بۆ «خۆر» دادەنێ نەک نێرینە. بەڵام کاتێک لە لێکچواندندا «یار» بە «مانگ» دەچوێنرێ، زەین بۆ ئەوە دەچێ کە گوایە «خۆر» نێرینە»یە. ئەوە لەکاتێکدایە لە زمانی عەرەبیدا «شمس» مێینەیە و «قمر» «نێرینە»یە. خۆ ئەگەر وا وێنا بکەین «خۆر» نێرینە»یە، ئەگەر ڕێککەوتنێکی جێگیر و نەگۆڕی ناولێنان هەبێت، بۆ دەبێ «هەتاو» ناوی کچانە بێت! وردکردنەوەی ئەم بابەتە تا ئەم ئاستە زۆرتر شەرفرۆشتنە و بەو شێوەیە دەبینە هۆی ئەوە کە ئێمە ماناکانی «مەودا دانان» و «هەڵاواردن» تێکەڵ بکەین.

لەو باوەڕەدام هەموو جارێک وێنای جوانیناسانە و دیاردەیی لەنێو فەرهەنگەکاندا یەک جۆر نییە و زایەڵەی وشە و هەڵهێنجانی ئێمە لە دیاردەکان لە پرۆسەی ناولێناندا بەدەر لەو نرخاندن و داوەرییە ڕەوشتی و دینییەیە و هاوبەشیی دیاردە لە نێرینەیی و مێینەیی خوازەیی لەنێو زەینی ئێمەدا هەم ڕێژەییە و هەم فرەڕەهەند. دەکرێ دیاردەیەک بە دەرکەوت و لێکەوتەکانییەوە، جارێکیان بە مێینەیی و جارێکیان بە نێرینەیی دەربکەوێت، دەنگەواز(لحن) و زایەڵەی دەنگ لە زەیندا لێکدانەوەی وێنایی جیاواز دروست دەکەن کە ناتوانین وەک «هەڵاواردنێکی ڕەوشتی لە

دەستنیشانکردنی ڕەگەزدا لێی بڕوانین.

دوایین تەوەر کە دەمەوێ وەک نیشانەی هەڵاواردن لێی بدوێم وێنای (بکەری ـ بەرکاری)یە لەنێوان پیوەندیی ڕەگەزیدا. یەکێک لە هەڵە زەینییەکان ئەمەیە کە لە کردەی سێکسدا «نێر» بکەرە و «مێ» بەرکار». ئەمە دەتوانین لە تیۆریی زاڵبووندا جێ بکەینەوە. زاڵبوون بەسەر مێینە لە کردەی سێکسدا لە ڕوانگەی «پیاو»ەوە، وەک نیشانەی «هێز» ڕاڤە کراوە. ئەم «ڕاڤە»یە کۆمەڵێک مانای بەسەر کۆئەندامی سێکسیی مێینە و نێرینەدا بارکردوون کە بەدەر لە کارکردی زیندەناسانەی ئەو ئەندامانەن. بەڵام کاتێک «بکەر» لە کردەی سێکسدا وەپاڵ «نێر» بدرێت، ئاشکرایە وێنای «بەرکار» وەپاڵ «مێ» دەدرێت. لەم سۆنگەیەوە «هێزی کاریگەریدانان» وەک «زاڵبوون» لێک دەدرێتەوە کە نرخاندنێکی پیاوسالارانە لەم کردەیە زەق دەکاتەوە. هەموو ئەو جنێوە سێکسییانەی کە لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا دەکەونە سەر زار، توندوتیژییەکی سێکسین لە دەربڕیندا کە دیسان «ڕەگەزی دووەم» لە زەیندا زیندوو دەکەنەوە. ئەم توندوتیژییە زمانییە تەنیا لەبەر وێنایەکی هەڵەیە کە دیدی میکانیکیی سێکس لە زەینی پیاودا ڕەخساندوویەتی کە تەنیا ساویر(توهم)ە. بەڵام ئەو ساویرە توانیویەتی ببێت بە ستەمێک بەرانبەر بە ئافرەتان. بەندە لەبەر سروشتی وەپاڕێزیی ڕەوشتی(محافظەکاری اخلاقی)م ناتوانم نموونەیەک لەو توندوتیژییە زمانییە سێکسییە بهێنمەوە؛ هەڵبەت خوێنەر خۆی دەتوانێ ئەو نموونە بهێنێتەوە و لە کرۆکی بابەتەکە تێبگات.

بەکورتی وەک دوا گوتە ڕەخنەی زمانیی فێمێنیستی بارگاوییە بەو پەراوێزکەوتنەی ژن لە مێژوودا کە لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی ماناکاندا کەمترین بەشداریی هەبووە. وێنای نێرسالارانەی زمان سەرلەبەری زمان ناگرێتەوە، هەڵبەت فێمێنیزمی ڕادیکاڵ هەموو زمانی مرۆیی بە ڕەنگدانەوەی ڕەگەزی نێر دەزانێ و «مەودادانان» و «هەڵاواردن» بە یەک مانا لێک دەداتەوە. هەر وەک گوتم من پێم وایە ئەو بەشەی زمان کە پێوەندیی بە «نرخاندنی ڕەوشتی» و دیدی ئوستوورەیی و چیرۆکی ئافراندن هەیە و «مێژووی پیاو» بە زەقی تێیدا دەبینرێ، وەک چەمک لە وشەدا، ئەوانە نیشانەی «هەڵاواردن»ن؛ چونکە ئەمانە پێشداوەرییەکن کە وەک «هەقیقەت» خۆیان دەنوێنن و لە مەسەلەی مافەکان و ئەرکەکان لە چوارچێوەی یاسا و دەستووردا وەک قان و دەسەری پیاو بالادەستن. بەڵام لە «مەودادانان»دا جیاکردنەوە بۆ ناساندنە و لۆژیکی جوانیناسانەی ناولێنان، فەرمانی مێینەیی و نێرینەییی خوازەیی(مجازی) بەسەر دیاردەکاندا دەسەپێنێت کە نەگۆڕیش نییە و بە ڕاڤەی جوانیناسانەی دیاردەوە بەندە و لە فەرهەنگێکەوە بۆ فەرهەنگێکی دیکە دەگۆڕدرێت.

## پەراوێز

لە نووسینی ئەم وتارەدا وەک ئیلهامی ڕاڤەی نیشانەناسانە سوودم لەم کتێبەی خوارەوە وەرگرتووە:

سیزا قاسم. نصر حامد ابوزید، مدخل الی السیمیوطیقا، أنظمه العلامات فی اللغه و الادب و الثقافه، دارالتنویر للطباعه و النشر، طبعه التنویر الاولی: ٢٠١٤ ، مصر، القاهره.

## ژێدەرەکان


١. حسن علیزاده، فرهنگ علوم سیاسی، انتشارات روزنه، چاپ اول، ١٣٧٧، ص ٣٧ – ٣٨.

٢ . نیچه، ویلهلم فردریش، فلسفه، معرفت، حقیقت، ترجمه: مراد فرهادپور، تهران، چاپ دوم، ص ٨.

٣. سەرچاوەی ناساندنی تیۆرییەکان لە «نظریة نسویة للمعرفة / نظریة المعرفة من وجهة نظر نسویة، » لە ویکیپیدیای عەرەبی وەرگیراوە کە لە «ویکیپیدیا بە زمانی فارسی» دەوڵەمەندتر بوو، بۆیە بە بەراوردی هەردووکیان پوختەیەکم لێ ئامادە کرد.

٤. زاراوەیەکی دروستکراوی «ژاک دێریدا».

# جیاوازییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە نێوان دوو حیزبی کۆماریخواز و دێموکراتدا

شاهۆ حوسێنی

گریمانەی سەرەکیی ئەم بابەتە ئەوەیە کە، سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتی جۆ بایدێن وەک نوینەری ئەندێشە و پارادایمی ئیدەئالیسم لە پەیوەندییە نیونەتەوەییەکاندا، بێگومان جیاواز دەبێت لە کردە و سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتی دۆناڵد ترامپ، وەک نوینەری پارادایمی ڕیئالیسم لە پەیوەندییە نێونەتەوییەکاندا.

## پوختە

ستراتێژی و پلانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لـە سـەردەمی دوو حیزبـی کۆماریخـواز و دیمۆکراتدا بێگومان جیاوازیی هەیە، هەرچەند مەبەسـت و کاکڵی گەوهەری هەر دوو حیزب وەدەسـت هێنانی لانـی زۆری بەرژەوەندی، پەرە و پاراسـتنی هێژمۆنی ئەمریکایە، بەڵام شـێواز و مێتۆدەکانـی ئـەو دوو حیزبە کە هەر کام نوێنـەری پارادایمێکیـن جیاوازیی هەیـە. کۆماریخوازەکان نوێنـەری پارادایمی ڕیئالیسمن، بەگشـتی دوو توخمی سەرەکیی ڕیئالیسـم لە پەیوەندییـە نێونەتەوەییەکاندا بریتیـن لە: دەوڵـەت تەوەری و دەسـەڵات تەوەری. گرینگیی دەسەڵات تا ئەو جێیەیە کە ڕیئالیستەکان، دەسەڵات بە بنەمای سەرەکیی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان پێناسـە دەکەن. ئەوە لەکاتێکدایـە کە دیموکراتەکان نوێنەری پارادایمی ئیدەئالیسـمن، بنەمای سـەرەکیی ئەو پارادایمە ئاشـتەوایی و بـاوەڕ بە دەوری کۆڕ و کۆمەڵە ناحکوومـی و مەدەنییەکانە لە پەیوەندییـە نێونەتەوەییەکانـدا. بەو پێیەش دیموکراسـی و مافـی مـرۆڤ دوو ڕەهەندی سەرەکیی سـتراتێژیی سیاسـەتی دەرەوەی دیموکراتەکانن، کە بۆ کورد وەک نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت کـە کۆرگێرێکی حقوقیی نیزامی نێونەتەوەیی نییە دەتوانێ جێگای سەرنج بێت.

## وشە سەرەکییەکان

سـیاسەتی دەرەوە، گۆشـەگیری، نێونەتەوەییخوازی، ڕیئالیسـم، ئیدەئالیسـم، ویلسۆنیسم.

## پێشەکی

بێگومـان سیاسـەتی دەرەوە گرینگتریـن و بنەڕەتیترین ڕەهەندی کردەوەی نێونەتەوەییی هـەر وڵاتێکە لە نیزامی نێونەتەوەییدا، بەهۆی ئەوە کە بەسـتێنی وێکهەڵکردنـی پارادایم و کردەیە، بەجۆرێ کە هەر گوتار و ئایدیایەکی کە دەسەڵات بەدەستەوە دەگرێت، لە دەلاقەی فۆرماسیونی مەعریفیی خۆیڕا و بە پێناسەیەک کە لـە خۆی و لە ئەویتـر هەیەتی، فۆرمێک و شـێوازێک کردە لە خۆی نیشـان دەدات. هەر لەسـەر ئـەم بنەمایەش لە سیاسـەتی دەرەوەدا کردەگەلێک لە چوارچێوەی ڕێکاری نەتەوەییـدا بۆ دەسـتەبەرکردنی لانی زۆری بەرژەوەندییە نەتەوەییـەکان ڕەچاو دەکات، هەر بۆیەش سیاسەتی دەرەوە وەک ستراتێژی یا کۆگشـتییەک کردەی لەپێشدا کاربۆکراو و گەڵاڵەکراو، بە مەبەسـتی دەسـت بە ئامانج ڕاگەیشـتن لە ژینگەی نێونەتەوەییدا پێناسە دەکەن.

سیاسـەتی دەرەوە بەگشـتی کـردەوەی وڵاتێک وەسـف دەکات کـە بەردەنگی ئەو، وڵاتانی تر یان ڕیکخراوە نێو نەتەوەییەکانن. لە ڕووانگەی تیۆرییەوە سیاسـەتی دەرەوە بریتیە لە پرۆسـەی وێکهەڵکردن، کە لەودا وڵاتێک هەوڵ دەدات ئامانج و خواستە بنەڕەتییەکانی، لە کێبڕکێ لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا، مسـۆگەر بکات و وەدەستیان بهێنێت. (Hartmann, 2001: 9)

سیاسـەتی دەرەوەی هـەر وڵاتێک لەژێر کارتێکەریـی هۆکارگەلێکی زۆردایە، بەباوەڕی ڕیئالیسـتەکان، هۆکارەکانـی کارتێکـەر لەسەر سیاسـەتی دەرەوە بریتین لە: پێگەی جوغرافیایی، سەرچاوە سروشتییەکان، ڕێژەی پسپۆران، دۆخی سەربازی، پێگە و هەلومەرجی ئابووری و ڕێژەی زانسـت و پێگەیشـتوییی دانیشـتوانی شـوێندانەر. هەرچەنـد لەپاش شۆڕشـی پیشـەیی و ئاڵوگۆڕ لە فۆرم، شێواز و کەرەسـتەی بەرهەمهێنـان، وزە دەورێکی کارتێکەر و دیاریکەری لە سیاسەتی دەرەوەدا پەیداکرد. (Wilhelm, 2006: 25) بەڵام هۆکارەکانی پێشوش هەروا شوێندانەر و گرینگن.

سـتراتێژی و پلانی سیاسـەتی دەرەوەی ئەمریکا لە هەر سـەردەمێکدا، بێگومان لەژێر کارتێکەریی دۆخی ناوخۆیی و سیاسـەتەکانی

ناوخۆیی ئەم وڵاتەدا بووە، واتە ئەوە دۆخی ناوخۆیی ئەم وڵاتەیە کە وەک زەروورەت ڕێگانیشاندەربووە کە ئەمریکا پێویستە چ ستراتێژییەک، چ مێتۆدێک و چ پارادایمێک لە سیاسەتی دەرەوەیدا ڕەچاو بکات. بۆ وێنە کاتێ ئەمریکا لە شەڕی ناوخۆیی لەنێوان ئەیالەتەکانی باشوور و باکووردا تێوەگلابوو، یان کاتێ ئەمریکا لە ناوخۆدا سەقامگرتوو دەبێت و پەرە دەستێنێت، لەگەڵ ئەو کاتەی شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانی هەڵدەگیرسێت، ستراتێژیی جیاواز لە سیاسەتی دەرەوەدا پەیرەو دەکات.

ستراتێژیی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بە گشتی دابەش دەکرێتە سەر دوو دەورە: یەکەم سیاسەتی دەرەوەی گۆشەگیرانە و دوورەپەرێزانە کە ئەمیش دابەش دەبێت بە گۆشەگیری لەناو سنوورەکانی ژێئۆپۆلەتیکی ئەمریکا و گۆشەگیری لە قارەی ئەمریکادا. دووهەم سیاسەتی دەرەوەی نێونەتەوەیی بە وەلانانی گۆشەگیری کە لە ساڵی ١٩١٧را بە تێوەگلانی ئەمریکا لە شەڕی یەکەمی جیهانی دەست پێ دەکات. لەڕاستیدا شەڕی یەکەمی جیهانی، ئەمریکا و سیاسەتی دەرەوەی ئەم وڵاتەی نێونەتەوەیی کرد. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی دەسەڵات لە ئەمریکا لە نێوان دوو حیزبی کۆماریخواز و دیمۆکراتدا ئاڵوگۆڕی پێ دەکرێت و ئەم دوو حیزبەش دوو پارادایمی تەواو لێک جیاواز ڕەچاو دەکەن، لەم بارەیەوە حەول دەدرێت وڵامی چەند پرسیارێک بدرێتەوە:

پرسیارە سەرەکییەکانی ئەم وتارە ئەمانەن: ڕەهەندەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە سەردەمی جۆ بایدێندا کامانەن؟ پێگەی ڕۆژهەڵاتی ناوین لە سیاسەتی دەرەوەی سەرۆککۆماری تازە هەڵبژێردراوی ئەمریکادا چی دەبێت؟ هەروەها کورد لە کام یەک لە ڕەهەندەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا دەتوانێ وەشوێن خواست و بەرژەوەندییەکانی بکەوێت؟

## چوارچێوەی تیۆریکی

پارادایمەکانی شرۆڤەی سیاسەتی دەرەوە بە گشتی دابەش دەبن بەسەر دوو ڕوانگەی گشتگیر و ورددا. ڕوانگەی گشتگیر بەستێنێکە کە لەودا توێژەران، لە دەلاقەی چەمکەکان، پارادایمەکان و گریمانەکانرا شرۆڤەی کارتێکەریی پێکهاتەی سیستەمی نێونەتەوەیی لەسەر سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان دەکەن. لە بەرانبەردا ڕوانگەی ورد بەستێنێکە، کە لەودا توێژەران بە شرۆڤەی کۆڕگێران، دەورگێران و لایەنە جیاوازەکانی ناوخۆیی، شرۆڤەی کارتێکەریی سیاسەتی ناوخۆیی وڵاتان لەسەر کردە و سیاسەتی دەرەوەی دەکەن. (دولت آبادی و همکاران، ١٣٩٩: ٦٧-٩٤) لەم وتاردەدا حەول دەدرێت لە دەلاقەی ڕوانگەی وردرا، واتە کارتێکەریی کۆڕگێران، دەورگێران و لایەنە جیاوازەکانی ناوخۆیی و سیاسەتی ناوخۆیی ئەمریکا لەسەر کردە و سیاسەتی دەرەوەی ئەم وڵاتە، تیشک بخرێتە سەر پلان و ستراتێژیی دەوڵەتی جۆ بایدێن لە ڕۆژهەڵاتی ناوین. گریمانەی سەرەکیی ئەم بابەتە ئەوەیە کە، سیاسەتی دەروەی دەوڵەتی جۆ بایدێن وەک نوێنەری ئەندێشە و پارادایمی ئیدەئالیسم لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا، بێگومان جیاواز دەبێت لە کردە و سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتی دۆناڵد ترامپ، وەک نوێنەری پارادایمی ڕیئالیسم لە پەیوەندییە نێونەتەوییەکاندا.

## گرینگیی بابەت

بێگومان یەکێک لە گرینگترین ڕەهەندەکانی پارادایمی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان، ڕەهەندی شرۆڤەی سیاسەتی دەرەوەی هەر وڵاتێکە. بە هۆی ئەوەی بڕیاردەرانی سیاسەتی دەرەوەی هەر وڵاتێک بۆ بڕیاردانێکی عەقڵانی و دەستەبەرکردنی زۆرترین بەرژەوەندی، پێویستیان بە لێکگرێدانەوەی ڕەهەندی

تیــۆری و پراکتیکی هەیە، تــا بتوانن لە ڕێی فامی وردی پێگەی سیاســەتی دەرەوە لە ناو دەقە نەزەرییەکاندا، باشــترین و بەکەڵکترین ئامۆژگارییەکانــی سیاســەتدارێژی و نواندنی هەرچی باشــتری ڕۆڵ و کردەکان دەربخەن. ئەگەر کورد بەتەمایــە ڕۆژێک وەک بکەرێک لە نیزامی نێونەتەوەییدا بۆ ڕاکێشانی سەرنجی جیهانی بۆ ســەر کێشــە و مەســەلەی کورد دەربکەویت، پێویستی بە فام و تێگەیشتنێکی تیئۆریک هەیە، بە جۆرێک هەم بتوانێ خواست و شوناسی خۆی لە ناو چوارچێوەی پارادایمێکی گونجــاودا دابرێژێت و دەربخات، هەم بتوانێت بە فام و تێگەیشــتنێکی تیئۆریک، پەیوەندی لەگــەڵ کۆرگێران و کایەکەرانــی هێژمۆنیی نیزامــی نێونەتەوەیــی بگرێت. تێگەیشــتن لــە پارادایمەکانــی ڕەچاو کراوی سیاســەتی دەرەوەی ئەمریــکا، دەتوانێ دەلاقەیەک بێت کە لەوڕا کــردەوە و دژکردەوەکانی ئەمریکا لە نیزامی نێونەتەوەییدا بە شــێوەیەکی زانستی، فام و پێشــبینی بکرێت. مــەودا و جەهەتی کردەوە و دژکردەوەکان بەشێوەیەکی زانستی لەگەڵ ئەو بناسرێت و نەتەنیا  لە زەرەرمەندی خــۆ بەدوور بگرین کە بکرێــت بەرژەوەندیش دەستەبەر بکرێن.

## ستراتێژیی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ســەدەی نۆزدە تا شــەڕی یەکەمی جیهانی

سیاســەتی دەرەوەی ئەمریکا بە شــێوەیەکی نەریتــی لەنێــوان دوو ســتراتێژیی دژ بــە یەکــی: دوورەپەرێــزی و ئەنترناسیونالیســم لــە گەڕاندا بووە. هەرچەند لــە پاش کۆتاییی شــەڕی یەکەمــی جیهانی، بەهــۆی ئەوەی ویلایەتــە یەکگرتووەکانی ئەمریــکا، ناوەند و بەرپرســی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ناتۆ، بانکی جیهانی، ســندوقی نێودەوڵەتیی پارەیە و بەشــێکی زۆری کۆرگێرانی مەدەنیی جیهانــی لەنــاو ژێئۆپۆلەتیکــی ئەمریــکادا چالاکن، دوورەپەرێزی و گۆشــەگیری، وەک ستراتێژیی سیاســەتی دەرەوە ڕەچاو نەکراوە. لەڕاستیدا سیاســەتی دەرەوەی ئەمریکا هەم ئاماژەیەکی مێژووییە بە ئایدیاکان و هەمیش پەیوەندییەکــی بەهێزی لەگەڵ پارادایمەکانی ژێئۆپۆلەتیک هەیە. ئەمانــە بەهۆی جوغرافیا و تایبەتمەندییــە جیاوازەکانــی تۆپۆگرافیــی زەوینــی کە بە وڵاتان بەخشــراوە، تیشــک دەخەنە سەر ســنووردارێتی و کاناڵیزەکردنی کردە سیاســییەکان و حەول دەدەن ئەو ڕاڤە بکەن. هەرچەند لە دەیەی دووهەمی سەدەی نۆزدەدا ستراتێژیی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دوورەپەرێزی لەناو قارەی ئەمریکادا ڕاگەیاندرا کە بە دۆکتۆرینی مۆنرۆئە ناسراوە. بەڵام دوایی توێژینەوەکان و پێشنیارەکانی ئالفرێد ماهان و ڕووداوەکانی سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، ئەم ستراتێژییەیان گۆڕی.

### ئەلــف: ســـتراتێژیی دوورەپەرێـــزی (دۆکتۆرینی مۆنرۆئە)

دۆکتۆرینــی مۆنرۆئە دەگەڕێتــەوە بۆ لێدوانی ٢ی دیسامبری ساڵی ١٨٢٣ کە لەودا مۆنرۆئە وەک ســەرۆککۆمار، ڕەهەندەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکای دیــاری کرد. دۆکتۆرینی مۆنرۆئە دوو بەستێنی سیاسیی لەخۆ دەگرت، بەســتێنێک ئەورووپا کە ئەمریــکا پێداگری لە خۆپاراستن لە دەســتێوردان لە کاروباری ئەوە بەستێنەدا دەکرد، دووهەم بەستێنی ئەمریکا کە ئەمریکا داوای لە زلهێزە ئەورووپییەکان کرد تا سەرووریی ئەو بپارێزن و دەست لە کلۆنیالیزم و داگیرکردنی ئەو بەســتێنە هەڵبگرن. (Witt-kopf, Jones, & Kegley Jr, 2007 29). بەم شــێوەیە ســتراتێژیی دوورەپەرێــزی بوو بــە ڕینوێنی سیاســەتی دەرەوەی ئەمریکا بە خۆپاراستن لە بەشداری لە نیزامی نێونەتەوەیی.

### ب: ستراتێژیی نیوونەتەوەییخوازی

ســتراتێژیی سیاســەتی دەرەوەی ئەمریــکا

ڕەنگدانەوەی فۆرمێـــک گوتاری نێونەتەوەییە کە لـــەودا لێکەوتەکانـــی ژێئۆپۆلەتیک وەک یاریدەدەرێکی بەکەڵک و عەمەلیی حکوومەت دەور دەگێڕن. ســـەرنجەکانی ژێئۆپۆلەتیک لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم بەولاوە خزایە ناو باســـەکانی سیاســـەتی دەرەوە و ســـەرەتا ناوەندە نیزامییەکان کەڵکیان لێ وەرگرت. لەو بوارەدا بلاقۆکی کارتێکەریـــی هێزی زەریایی لەســـەر مێژوو کە لەلایەن ئالفرێـــد ماهانەوە لە ســـاڵی ١٨٩٠ بلاو کرایەوە، ناسراوە. ماهان بـــە کەڵک وەرگرتـــن لە نموونـــەی بەریتانیا، پێشـــنیاری بەهێزکردنی هێـــزی زەریاییی بە کاربەدەســـتانی ئەمریکا دا. کارەکانی ماهان بە شـــێوەیەکی بەربلاو کاری کردە سەر سەرۆک کۆماری دوایی ئەمریکا فرانکلین ڕۆزوێلت. لە سەدەی بیستەم بەولاوە گوتاری ژێئۆپۆلەتیکی ســـیویل، بە شـــێوەیەکی بەربـــلاو دەرکەوت. لەکاتی چوونە ناو شـــەڕی جیهانیی دووهەم و لە وڵامی هێرشی ئاسمانیی ژاپۆن بۆ بەندەری پێرڵ هاربێـــر، بیرمەندی سیاســـیی ئەمریکا، نیکـــۆلاس جێـــی ئێســـپایکمەن، خەریکـــی گەڵاڵەکردنی ســـتراتێژیی سیاسەتی جیهانیی ئەمریـــکا بـــوو، غیابـــی بوونـــی کارتێکەریی ئەمریـــکا لە زەریادا و لە وڵاتانی ئوقیانووســـی ئەتڵـــەس و ئارامدا، خەســـارگریی مەڵبەندی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای دەرخست. لە ســـەردەمی ســـەرۆک کۆماریـــی تیئۆدۆر ڕۆزوێلتدا، دۆکترینی مۆنرۆئەی بەشێوەیەکی گشـــتی گۆڕا، بـــە جۆرێک کە ئەگـــەر بەپێی ئـــەم دۆکتۆرینـــە ئەمریکا بـــە پەیڕەوکردنی ستراتێژیی گۆشـــەگیری تەنیا حەولی پەرەی هێز و هێژمۆنی لـــە قارەی ئەمریکا دەدا، ئیتر ئەمـــە گـــۆڕا و ئەمریکا بانگەشـــەی هێژمۆنی لە نێو بەشـــی خۆرهەڵاتی گـــۆی زەوی کرد. ئەوان بەتایبەتی حەولیـــان دا دزەی ئەورووپا لە ئەمریکای لاتیندا لەناو بەرن. کاتێ بەستێن لەبار بوو، ئەوان دەســـتدرێژیان کردە ســـەر ئەمریکای باشـــوور و دەســـەڵاتی ســـەربەخۆ، گوێڕایەڵ و دانراو لەلایـــەن خۆیانەوەیان دانا. لـــە درێژەدا کاناڵـــی پاناماـیـــان هەڵکەند و لە ناوچەکانی ئەقیانووسی ئەتڵەس و ئارام حەولی پەرەی هێژمۆنیـــی خۆیانیان دا ، بەجۆرێ کە هاوایی و فیلیپینیان داگیر کرد و بەم شێوەیە ڕێگەیـــان بۆ کـــراوە بەرەو ژاپـــۆن و چین. بە درێژایی شـــەڕی یەکەمـــی جیهانی، ئەمریکا پەیوەســـت بە هاوپەیمانێتیی نێوان فەرانسا و بەریتانیا بوو، بـــەڵام هیچکات یەکگرتوو نەبوو لەگـــەڵ ئەوان، چونکە ویلســـۆن لەســـەر ئەو باوەڕە بوو کە مرۆڤ پێویســـتە کۆتایی بە شەڕ بێنێت. ویلسۆن بە گەڵاڵەی ١٤ بڕگەییەکەی، بـــە پێداگری کردن لەســـەر مافی چارەی خۆ نووســـینی گـــەلان و بازرگانی ئـــازادی نێوان کۆمەڵگـــەکان، حەولی مســـۆگەر کردنی نەزم و ئەهوەنـــی لە ئەورووپای دا. لەپاش شـــەڕی دووهەمی جیهانییش ئەمریکا و هاوپەیمانان بە ڕاگەیاندنی مەنشووری ئاتلانتیکی(هاوشێوەی گەڵاڵەکـــەی ویلســـۆن) ڕێکخـــراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیان دامەزرانـــد (Wittkopf, Jones, & Kegley Jr, 2007 33-67). بـــەم شـــێوەیە دوور بوونی ژێئۆپۆلەتیکی ئەمریکا لە ئەورووپا وەک ناوەندی شـــەڕی یەکەمـــی جیهانی و پەرەی پیشـــەیی و ئابووریـــی ئەو وڵاتە لەتەنیشـــت پێشـــنیارەکانی ماهان، ئەمریکای لە شـــەڕی یەکەمی جیهانییەوە گلاند. ئەمەش سەرەتای نێونەتەوەییخوازیی ویلایەتـــە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو.

## پارادایمەکانـــی سیاســـەتی دەرەوەی ئەمریکا لەپاش نێونەتەوەییخوازی

تێوەگلانی ئەمریکا لە شەڕی یەکەمی جیهانی، ســـەرەتا و دەســـتپێکی وەلانانی ســـتراتێژیی دوورەپەرێـــزی و پەیڕەوکردنـــی ســـتراتێژیی نێونەتەوەییخوازی بوو. بەم شـــێوەیە ئەمریکا هاتـــە ناو گەمەی نیزامـــی نێونەتەوەیی و بوو بە کایەکەر و دەورگێڕێکی ســـەرەکیی نیزامی نێونەتەوەیی. لەوەها دۆخێکدا ئەمریکا بەگشتی

دوو پارادایمی لە پەیوەندییە نێونتەوەییەکاندا ڕەچاو کردووە کە بریتین لە:

## ئەلف: ڕیئالیسم لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا

ڕیئالیسم وەک پارادایمێکی گرینگ و سەرەکی لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان، کاراکتێرەکان و شێوازی دابەشکردنی هێز لە سیستەمی نیونەتەوەییدا شرۆڤە دەکات. لە ڕوانگەی ئەم پارادایمەوە، بنەڕەتیترین ئامانجی هەر دەوڵەتیک مانەوە و بەردەوامییە و باشترین ڕێگە بۆ دڵنیا بوون لە مانەوە و بەردەوامییش، دڵنیا بوون لە هێزمۆنتربوون و بەهێزتربوونە لە هەمبەر دژبەران و دەوڵەتانی بەرانبەردا .(Jacobs, 2010: 39) لە دەیەی ٣٠ زایینی، تاقمێک لە توێژەرانی زانکۆی ییل لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەک: فرێدریک شروودان، فرێدریک شۆمان، گیئۆرگ شوارتزێن بێرگێر و نیکۆلاس جێی ئیسپایکس، دیاردەی «کۆدەنگی»یان لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا بردە ژێر پرسیار. بە باوەڕی ئەوان، پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان بەر لە هەر دیاردەیەک، پێویستە کار لەسەر فۆرمێکی تایبەتی پەیوەندیی هێز لە کۆمەڵگایەکدا لە غیابی ئۆتۆریتەدا بکا .(Schmidt, 2005: 526) ئەوە لە کاتێکدا بوو کە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان، لەژێر کارتێکەریی شەڕی یەکەمی جیهانیدا بوو و بە گشتی حەول دەدرا ڕێگەچارەیەک بۆ نەزم و ئاشتەوایی بدۆزرێتەوە. لە کۆتاییەکانی دەیەی ٣٠ی زایینی، هەم ڕووداوە سیاسیی جیهانییەکان و هەم شرۆڤەکانی ئەم ڕووداوانە، ئامانجخوازییان (ئیدەئالیسم) تووشی قەیران کرد. لە وەها دۆخێکدا، ئێدوارد هالتکار، دیپلۆماتی پێشووی بریتانی، بەرهەمی کارتێکەری خۆی لە ژێر ناوی «قەیرانی بیست ساڵە» لە دەیەی ٣٠ی زایینیدا بڵاو کردەوە؛ هەر لەو سەروبەندەشدا هانس مۆرگێنتا، یەکێک لە سەرەکیترین و سەرەتاییترین بیردۆزانی ڕیئالیسم، بیروڕای خۆی لەمەڕ سیاسەتی نێونەتەوەیی بڵاو کردەوە کە دوایی وەک ڕیئالیسم پێناسە کرا. مۆرگێنتا و ڕیئالیستەکان زۆرتر لە ژێر کارتێکەریی ئەندێشەکانی تۆسیدیدس، توماس هابز و نیکۆلۆ ماکیاڤێلیدا بوون. ئەوان لە سەر ئەو باوەڕەن کە شەڕ و قەیران لە جیهاندا لە پلەی یەکەم بە هۆی غیابی پەیوەندی و فۆرماسیۆنێکی هێرارشیک لە سیاسەتی نێونەتەوەییدا سەرهەڵدەدات. ڕیئالیسم لەسەر ئەو باوەڕەیە کە مرۆڤەکان دەوریان هەیە لە دەرکەوتنی دژایەتیی نێوان نۆرم، واقعییەت و داهێنان و هەروەها ترسی دەستڕاگەیشتنی وێرانکەر بە ئازای. ئەو دژوازییانە و حەولەکان بۆ مسۆگەر کردنی ئەهوەنی، لەڕێی هێژمۆنی و باڵادەست بوونی دەسەڵات، بەرهەمی ئەو ترسەیە. بە باوەڕی ڕیئالیستەکان، دەوڵەتە سەربەخۆکان لە بەربەرەکانێی بەردەوامدان بۆ بەقا و ئەو بەربەرەکانێیەش دیاریکەری ڕەهەندی سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتانەیە. (Rohde, 2015: 73-95)

بەگشتی ڕیئالیسم وەک پارادایمی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان لەسەر ئەو باوەڕەیە کە سیاسەتی جیهانی لە سەر بنەمای کێبڕکێی دەوڵەتەکان بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان دامەزراوە. ڕیئالیسم دەسەڵات وەک کاکڵ و تەوەرەی سەرەکیی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان پێناسە دەکات. ئەوان لەسەر ئەو باوەڕەن کە نەزمی نێونەتەوەیی، گرێدراوی سیاسەتی دەسەڵاتە و لە ژێرکارتێکەریی توخمەکانی دەسەڵاتدایە. بە باوەڕی ڕیئالیستەکان پێکهاتەی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان ئانارشیکە. ئەهوەنی وەک تەوەرەی سەرەکی و ناوەندیی پەیوەندییە نێونتەوەییەکان، بە باوەڕی ڕیئالیستەکان لە ڕیی هێز و توانایی بەرگری و بەرگێرەوەیی مسۆگەر دەبێت. واتە ڕیئالیستەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە دەوڵەتەکان وەک کایەکەری سەرەکیی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان، لە

هەموو کەرەسە دیپلۆماتیکەکان، نیزامییەکان و ئابوورییەکان کەڵک وەردەگرن بۆ پاراستنی ئەهوەنی و سەقامگرتوویی خۆیان، بۆ ئەم مەبەستەش شەڕ و چەکوچۆڵی نیزامی تەوەرەییترین کەرەستەیە، واتە شەڕ و چەکوچۆڵ بە لای ڕیئالیستەکانەوە دڵی حاکمییەتە. (Heinrich, 1938: 34)

بەو پێیە حاکمییەت بە مانای توانایی ڕێکخستنی نیزامی و بانگەشەی سیاسییە. لەڕاستیدا پێشەنگیی سیاسەتی دەرەوە، بە مەبەستی ئامادەیی نیزامی بۆ هێرش و بەرگری لە جیهانی ئانارشیکدا بوو. بە واتایەکی تر شاڵاوی شەڕەکان لە سەدەی ١۶ هەتا ئەمڕۆ، نرخی ڕێکخستنی ناوخۆیی و ئاشتەواییە، کە هەڵبەتە لە سەدەی بیستەمدا بە دوو شەڕی جیهانی بۆ پاراستنی هاوسەنگی گەیشتە لووتکە. دیارە حەولەکان بۆ پاراستنی هاوسەنگی، زۆر جار بە هەوێ حەولەکان بۆ پەرەی هێژمۆنی زیاتر و لە مەیدان بەدەرکردنی ئەویتر پچڕایەوە. بەگشتی پێش گریمانەکانی ڕیئالیسم بریتین لە:

١ جگە لە دەوڵەتەکان هیچ کایەکەرێکی بان دەوڵەتەکان کە توانایی نەزمدان بە پەیوەندیی نێوان دەوڵەتەکانی هەبێت، بوونی نیە.

٢ دەوڵەتەکان گرینگترین کایەکەری نیزامی نێونەتەوەیین.

٣ دەوڵەتەکان بەشوێن بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی خۆیاندان و بۆ دەستەبەرکردنی زۆرترین بەرژەوەندی، بە هەموو شێوەیەک حەول دەدەن.

۴ دڵەڕاوکێی هەموو دەوڵەتەکان پاراستن و دەوامی بوونیانە، بۆ ئەم مەبەستەش لە هێز و توانایییە نیزامییەکانیان کەڵک وەردەگرن و پەرەیان پێ دەدەن.

۵ بەهۆی ئەوەی کە هێزی هەر کایەکەرێک، هەڕەشەیەکە بۆ سەر ئەوانی تر، تەنیا ڕێگا چارە، بەرگرتن بە هێژمۆنی و پەرەی دەسەڵاتی ئەوانی ترە. (قاسمی، ١٣٩١: ۵۵-۴٨)

بەو پێیە لە ڕوانگەی ڕیئالیستەکانەوە: سیاسەتی هێز، ڕکابەرایەتی و دژایەتی، شەڕ و تێکهەڵچوون، ڕوونترین چەمکن بۆ تێگەیشتن و فامی سیاسەتی نێونەتەوەیی.

## ب: ئیدەئالیسم لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا

ئامانجخوازی لقێکی سەرەکی لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانە. ئەم پارادایمە بەر لە شەڕی یەکەمی جیهانی دەرکەوت. بە باوەڕی «نۆرمەن ئانگێل»، لە دوای شەڕ، گەڵاڵەی ١۴ بڕگەیی «ودرۆ ویلسۆن» لە ساڵی ١٩١٨، دامەزراندنی ڕێکخراوەی نێونەتەوەیی کار لە ١٩١٩ و دامەزراندنی کۆمەڵی نەتەوەکان لە ١٩٢٠ دەوریان هەبوو لە هێژمۆنتر بوون و پەرەی ئیدەئالیسم. ئەم پارادایمە تا بەر لە شکەستی یەکێتیی نەتەوەکان، پارادایمێکی هێژمۆن بوو، بەڵام دوایی ڕیئالیسم بوو بە جێگرەوەی. ئیدەئالیسم لەسەر ئەو گریمانەیە بنیادنراوە کە کێشە و قەیرانە نێونتەوەییەکان دەشێ لە ڕێی دانوستان و بە کەڵکوەرگرتن لە دیپلۆماسی، وتووێژ و ڕێککەوتن، لەڕێی ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانەوە چارەسەر بکرێن. ئامانجخوازی هێز و وره لە باوەڕ بە پێشکەوتن وەردەگرێت و پشت دەبەستێت بە عەقڵخوازی، ئیرادەخوازی، باوەڕ بە سروشتی باشی مرۆڤ (بەپێچەوانەی ڕیئالیسم کە مرۆڤ بە گورگی مرۆڤ دەزانیت)، پشت بەستن بە دیاردە ئەخلاقییەکان و توانایی عەقڵی مرۆڤ. ئەو پارادایمە لەسەر ئەو باوەڕەیە کە مرۆڤەکان لە بەرانبەر بەڵگاندنی عەقڵیدا ڕاوەستاون. بەهۆی ئەوەی کە گەوهەری عەقڵ بەرهەمهێن و وێناکەری جیهانێکی باشترە بۆ مرۆڤ و مرۆڤەکان دەتوانن لە ڕێی لۆژیکی عەقڵانی کە ڕیشەی لە هەناوی تێگەیشتوویەکی بیرمەندانەدایە، کێشە و دژایەتییەکانیان بە شێوەی ئاشتیخوازانە و لە ڕێی وتووێژەوە چارەسەر بکەن. ئاشتەوایی، بەختەوەرەیی

هەموو نەتەوەکان، دیموکراسیی جیهانی، پاراستنی مافی مرۆڤ، پاراستنی سروشت و ژینگە لە باوەڕ و ئەندێشە بنەڕەتییەکانی ئیدەئالیسمن. (Menzel, 2001: 51-59)

چوار تەوەرەی سەرەکیی ئامانجخوازی بریتین لە:

۱ ئاشتیی دیمۆکراتیک: کانت داهێنەری چەمکی ئاشتیی دیمۆکراتیکە، بەو مانایەی کە دەسەڵاتە دیموکراتیکەکان خۆ دەبوێرن لە تیوەگلان لە شەڕ و تێکهەڵچوونی چەکداری، واتە دەسەڵاتە دیمۆکراتیکەکان، لەپەیوەندیی نێونەتەوەییدا خوازیاری ئاشتی و ئارامین. ئاشتیی دیمۆکراتیک پێداگری لەسەر گرینگیی ئاڵوگۆڕ لە پێکهاتەی سیاسیی کۆمەڵگەکاندا دەکات بۆ گەیشتن بە ئاشتی.

۲ بان نەتەوەخوازی: ئیدەئالیسم لە بەرانبەر ڕیئالیسمدا کە نەتەوەخوازە، پارادایمێکی باننەتەوەخوازە بە پێداگری لەسەر دەرکەوتنی بکەرە نێونەتەوەییە نوێیەکان لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا.

۳ بەرژەوەندیخوازیی باننەتەوەیی: ئیدەئالیسم بە پێچەوانەی ڕیئالیسم کە کردەوەکانی لە پێناو بەرژەوەندیی نەتەوەییدایە، پێداگری لەسەر پەرەی بازرگانی و ئابووریی جیهانی و باننەتەوەیی دەکات بۆ پێشگرتن لە شەڕ و پەرەپێدانی ئاشتی.

۴ دامەزراوەخوازی: ئیدەئالیسم باوەڕی بە دامەزراوەکانی بانحکوومیە بە پێداگری لەسەر دامەزراوە نێونەتەوەییەکان، واتە کۆڕگێڕانی نێونەتەوەیی ناحکوومی بە مەبەستی پێشگرتن بە هێژمۆنی بەربڵاوی حکوومەتەکان کە سەرچاوەی شەڕ و هەڕەشە بۆ سەر ئەهوەنییە. (مشیرزاده، ۱۳۸۹: ۲۸)

## پارادایمەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە دوای شەڕی سارد

### ئەلف: سەردەمی بیل کلینتۆن

کاتێک بیل کلینتۆن لە ساڵی ۱۹۹۳ بوو بە سەرۆک کۆمار، یەکەم سەرۆک کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو کە لە جەغزی سنووربەندییەکانی ڕۆژئاوا-ڕۆژهەڵات و شەڕی سارد ڕزگار بوو، لە وەها دۆخێکدا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە پاش ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەت، یەکەم زلهێزی جیهانی بوو. ئەمەش وای کردبوو کە ئیتر ئەم وڵاتە ناچار نەبێت لە سیاسەتی دەرەوەدا بە پلانێکی داڕێژراوی نیزامی بۆ کۆنترۆڵکردنی جیهان هەنگاو بنێت. ئەمەش پاش چوار دەیە، هەلێک بوو تا بە شێوەیەکی بنەمایی، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا فامێکی نوێ لە جیهان پەیدا بکا. (Charles william, 1993:) (1994, 3-5) سیاسەتی دەرەوەی کلینتۆن لە چوارچێوەی حەول بۆ پەرەی دیموکراسی، گوشار بۆ سەر دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ، بەربەرەکانێ لەگەڵ نەخۆشی و برسێتی لە ڕێی ناوەند و ڕێکخراوە جیهانییەکانەوە، دەرخەری ئەو ڕاستییە بوو کە ئەو میراتگری ئەندێشەکانی ویلسۆن بوو، کلینتۆن لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە ئەمریکا وەک بەهێزترین دیمۆکراسیی جیهان، بە ناچار ڕێبەر و نەزمدەری یەکگرتوویی دیمۆکراسیی جیهانیە. بە باوەڕی ئەو، ئەمریکا پێویستە لە ڕێی پەرەی دیمۆکراسی لە جیهاندا ئەهوەنیی نەتەوەیی خۆی بپارێزێت. سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە سەردەمی کلینتۆندا، هاوکات برێ دیاردەی ڕیئالیسمی لەگەڵدا بوو، بەڵام ڕەگەکانی ئیدەئالیسم لە ستراتێژیی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە سەردەمی بیل کلینتۆندا بەهێزتر بوو.

### ب: سەردەمی جۆرج بووشی کوڕ

لەپاش هێرشە تیرۆریستییەکەی ١١ی سێپتامبر بۆ سەر ئەمریکا و لە سەردەمی جۆرج بووشی کوڕدا، ستراتێژیی ئەهوەنیی نەتەوەیی ئەمریکا لە سێپتامبری ۲۰۰۲ ڕاگەیەندرا، ئەم پلانە لەخۆگری کورتەیەک لە پلانی گەورەی

سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بوو کە هەلی دەستتێوەردانی بەرگیرەوانەی تاک لایەنە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکای کردە یەکێک لە هەنگاوەکانی بنەرەتیی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا. بێگومان ئەم پلانە بەرهەمی هێرشەکانی یازدەی سێپتامبەر بۆ سەر ئەمریکا، هێرشی ئەمریکا بە هاوکاریی بەریتانیا بۆسەر تالیبان بوو کە لە دواییشدا رووخاندنی دەسەڵاتی سەددامی لێ کەوتەوە. (Schwabe, 2011: 25-82) دەشێ بگوترێ کە رێئالیسم وەک پارادایم و جەکسۆنیسم وەک شوناس، لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا هێژمۆن بوون.

## پ: سەردەمی باراک ئۆباما

لە ژانڤیەی ساڵی ۲۰۰۹ باراک ئۆباما وەک سەرۆک کۆمارێکی دێموکرات و لیبرال سوێندی یاسایی خوارد. کۆگشتییەک لە حەولەکانی ئۆباما لە بەستێنی سیاسەتی دەرەوەدا بریتی بوون لە: کۆتایی هێنان بە شەڕی عێراق و ئەفغانستان، داخستنی گوانتانامۆ، سازکردنی پیوەندیی بەهێز لەگەڵ جیهانی ئیسلام، پڕ کردنەوەی قەڵشی نێوان ئەمریکا و ئەورووپا، حەول بۆ سازکردنی پەیوەندیی هاوسەنگ لەگەڵ رووسیا، دەستپێکردنی دەورەیەکی نوێی سڕینەوەی چەک و کەم کردنەوەی چەکی ناوکی، حەولی ئارام کردنەوەی دۆخی رۆژهەڵاتی ناوین بە رێککەوتنی ناوکی لەگەڵ ئێران، ئەهوەن کردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ چین و حەول بۆ دابەزاندنی گازە گوڵخانەییەکان. (Von Marschall, 2014)

دیارە لادانی ئاشکرای ئۆباما لە سیاسەتی دەرەوەی سەردەمی جۆرج بووشی کوڕ لە ئۆکتۆبەری ساڵی ۲۰۰۹، خەڵاتی ئاشتیی نۆبێلی بۆ ئۆباما لێ کەوتەوە. دەرکەوتنی باراک ئۆباما وەک سەرۆک کۆمارێکی دێموکرات، لەپاش جۆرج بووشی کوڕ کە کۆماریخواز بوو، بوو بە هۆی گۆڕانی سەرنج و چڕبوونەوە لە رۆژهەڵاتی ناوین بەرەو ژێئۆپۆلەتیکی ئاسیا-ئۆقیانووسییە. واتە ئەگەر لە پلان و ستراتێژی بووشی کوڕدا رۆژهەڵاتی ناوین ژێئۆپۆلەتیکی جێگای سەرنج بۆ چڕبوونەوەی ئەمریکا بوو، ئەوا رۆژهەڵاتی ئاسیا بە هۆی پەرەی بەردەوامی ئابووری و هەر بەو پێیە پەرەی هێژمۆنی سیاسیی چین، بوو بە ناوەندی سەرنجی پلان و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە سەردەمی ئۆبامادا. ئەمەش بۆ پەرەی هێز و هێژمۆنی ئارامی وڵاتی چین دەگەڕێتەوە لەو ناوچەیە، ناوچەیەک کە لەودا ئابووریی لە حاڵی دەرکەوتنەکان و یەک لەوان چین، خەریکی فۆرمەدان بە نەزمێکی نوێی جیهانی بوون. (Heydarian, 2016)

بە گشتی دەشێ بگوترێ کە سیاسەتی دەرەوەی ئۆباما لەژێر کارتێکەریی هزر و بیری روناکبیرانە و فەلسەفیانە بە پێچەوانەی کردە و رەوتی جۆرج بووشی کوڕ کە باوەڕێکی بەهێزی بە شەڕانگێزی و کەڵک وەرگرتن لە چەک و هێزی نیزامی هەبوو، زۆرتر ئاشتیخوازانە و نەرم بوو، هەر بۆیەش ستراتێژیی سیاسەتی دەرەوەی باراک ئۆباما دەخەنە چوارچێوەی قوتابخانەی ویلسۆنی. تایبەتمەندییەکانی قوتابخانەی ویلسۆنی وەک بنەمای ئیدەئالیسم لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا بریتین لە: کەڵک وەرگرتن لە رێکخراوە نێونەتەوەییەکان بۆ چارەسەری کێشەکان لە جیاتی حەولی تاکلایەنە، مومکین بوونی کۆتایی هێنان بە شەڕ، قەیران و بێنەزمی و بەرهەمهێنانی ئاشتیی بەردەوام. (جکسون، سورنسون، ۱۳۸۲: ۵۷-۵۹).

## ت: سەردەمی دۆناڵد ترامپ

دەرکەوتنی دۆناڵد ترامپ وەک سەرۆک کۆمارێکی چاوەڕواننەکراوی پشتیوانی کراو لە لایەن بەشێک لە کۆماریخوازەکانی ئەمریکا، بە مانای کۆتایی رەهەندەکانی ویلسۆنیسمی رەچاوکراو لە لایەن بارک ئۆباماوە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بوو. دۆناڵد ترامپ

سەرۆک کۆمارێک بوو کە لەسەردەمی ئەودا ئەمریکا لە بەشێکی هەرە زۆری ڕێککەوتنە نێونەتەوەییەکان هاتە دەر. بۆ وێنە دەکرێ ئاماژە بەو بڕیارنامە گرینگانە بکرێت: ڕێککەوتنی قەدەغەی مووشەکە نێونجی مەوداکان لەگەڵ ڕووسیا، ڕێکخراوی پاکپارێزیی جیهانی، ڕێککەوتنی بازرگانیی ئۆقیانووسی ئارام، ڕێککەوتنی ئیقلیمیی پاریس، ڕێککەوتنی بازرگانیی ئازادی ئەمریکای باشوور، ڕێککەوتنی کۆچبەرانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەروەها حەول بۆ دەرچوون لە ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی. بە باوەڕی بەشێکی زۆر لە توێژەران، ترامپ بە کشانەوە لە بەشێکی زۆری ڕێککەوتنەکان، قوولتر کردنەوەی کێشە لەگەڵ ئەورووپا، ڕووسیا و چین، بە ئاشکرا ستراتێژیی دوورەپەرێزیی ڕەچاو کرد، بەڵام بە پێچەوانەی دوورەپەرێزیی کلاسیکی سەدەی نۆزدەهەم، دەشێ بگوترێ کە نیئۆدوورەپەرێزیی ڕەچاو کرد. نیئۆدوورەپەرێزی لەڕاستیدا خوازیاری کەمکردنەوەی بەڵێنە نێونەتەوەییەکان لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادایە، واتە فۆرمێک لە نێونەتەوەییخوازیی هەڵبژێردراو و تایبەت. (سلیمانزاده و همکاران، ۱۳۷۹: ۲۷۲و۲۷۳) ڕەچاوکردنی ئەم ستراتێژییەش بۆ چاوەڕوانیی ناوخۆیی دەنگدەرانی ئەمریکی دەگەڕێتەوە، بەجۆرێک کە ئەگەر لە ساڵی ۲۰۰۱ نزیکەی ۲۹ لەسەدی ئەمریکییەکان خوازیاری پەرەی دیموکراسی بوون وەک ئامانجێکی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، ئەوا لە ساڵی ۲۰۱۳ ئەم ڕێژەیە دادەبەزێتە ۱۸ لە سەد. (Brands, 2017)

بۆیە توێژەران، ستراتێژیی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە سەردەمی دۆناڵد ترامپ بە شوناسی جەکسۆنیسم پێناسە دەکەن. جەکسۆن حەوتەمین سەرۆک کۆماری ئەمریکا بوو. ئەو کەسێکی پۆپۆلیست بوو کە لە نێو عەوامی کۆمەڵگادا هێز و خۆشەویستییەکی بەرچاوی هەبوو، لە ڕاستیدا شوناسی جەکسۆنی لە سیاسەتی دەرەوەدا پێناسەکەری سیاسەتێکی پۆپۆلیستانەیە. (Schweigler, 2003: 59) لەڕاستیدا سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە سەردەمی سەرۆک کۆماریی دۆناڵد ترامپدا، تێپەڕین لە سیاسەتی بەشداریی ئەکتیڤ و هاوکاریی فرەلایەن بەرەو پەیوەندییە تاکلایەنەکان بوو، واتە دژایەتی لەگەڵ فۆرماسیۆنی نەزمی نێونەتەوەییی لیبراڵ و سەرنجی زیاتر بۆ ناو سنوورەکانی ئەمریکا بە مەبەستی چڕ بوونەوە لەسەر ناوخۆ و دۆخی ناوخۆییی ئەمریکا.

## سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە سەردەمی جۆ بایدێندا

دەرکەوتنی جۆ بایدێن لە ئاسۆی سیاسی ئەمریکا وەک سەرۆک کۆمار، دەشێ بگوترێ بە مانای ماڵئاوایی لەگەڵ ستراتێژیی نیئۆدوورەپەرێزی لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکایە. بە واتایەکی تر بە مانای گەڕانەوەی بەهێزی شوناسی ویلسۆنی، ڕوانگەی لیبراڵ، پەرەی دیمۆکراسی، مافی مرۆڤ و پێکهاتەخوازییە بۆ ناو سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا. ویلسۆنخوازی لەخۆگری دوو ڕەهەندە، یەکەم ڕەهەندی ئەخلاقی بە مانای بەرپرسیارێتی بە مەبەستی پەرەی بەها دیمۆکراتیکەکان لە جیهاندایە بە مەبەستی پێکهێنانی کۆمەڵگای نێونەتەوەییی ئاشتیخواز کە ڕەچاوی یاسا نێونەتەوەییەکان دەکات و دووهەم ڕەهەندی بەرژەوەندیی نەتەوەیی. ویلسۆنخوازەکان باوەڕمەند بە بنەماکانی دیمۆکراتیک، دیمۆکراتیکسازی بەبێ دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ و نیزامی، بازرگانیی جیهانی لیبراڵ، ئەهوەنیی گشتی، فرەڕەهەندخواز و مافی دیاری کردنی چارەنووسن بۆ دەرچوون لە دۆخی ئانارشیک و گەیشتن بە ئاشتی و ئەهوەنین. (Gärtner, 2009: 72) ئەم دیاردانە کە وەک بنەماکانی شوناسی ویلسۆنی لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا پەرەیان پێ دەرێت، ڕەهەندەکانی مافی مرۆڤ و دیمۆکراسین لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا

وەک ئەســاس و بنەمای ئاشتەوایی جیهانی، ئــازادی، ئەهوەنــی و بەرژەوەمی گشــتی. لە ڕاستیدا ویلســۆنخوازەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە لــە غیابی بەهــا دیموکراتیکەکان و مافی مرۆڤ، هیچ ئاشــتی و ئەهوەنییەک لە ئاستی نێونەتەوەییدا بەرهەم نایەت.

بە چاو خشاندنێک بەو ڕەخنە و گازندانەی لە هەرەتی بانگەشەی هەڵبژاردندا جۆ بایدێن وەک پاڵێــوراوی دیموکراتــەکان ڕووبەڕووی دۆناڵد ترامپی دەکردەوە، تا ڕادیەکی زۆر دەکرێ پلان و ستراتێژیی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕوون بکرێتەوە. شــیمانەی بەهێز دەکرێت کە ئەمریکا بگەڕێتەوەوە هەموو ئەو ڕیککەوتنانەی کە دۆناڵدترامپ وەک سەرۆککۆماری ئەمریکا لێیــان هاتووەتــەدەرەوە. لەگوێــن نەریتــی دیموکراتــەکان مافی مرۆڤ و دیموکراســی ســەرلەنوێ دەبێتەوە خاڵی گرینگی گوشار بۆ سەر دیکتاتۆرەکان و دەسەڵاتە پاوانخوازەکان. زۆر لــەوە دەچێ لــە ڕۆژهەڵاتی ناوین مانگی هەنگوینی ئەمریکا لەگەڵ عەرەبستان کۆتاییی پێ بێــت، ئەمریــکا بگەڕێتــەوە ڕیککەوتنی ناوکــی لەگــەڵ ئێــران و لەگەڵ پاراســتنی باڵوێزی وڵاتەکە لە ئوورشەلیم، پێشبگرێت بە پەرەی شارۆچکەســازی لەلایەن ئیسرائیلەوە و هەروەهــا یارمەتییەکانــی بگەڕێنێتــەوە بۆ فەلەستینییەکان.

## ڕەهەندە گرینگەکانی سیاسەتی دەرەوەی دیموکراتەکان و کورد

ستراتێژیی سیاســەتی دەرەوەی دیموکراتەکان لەنــاو پیکهاتــەی بنیادنانــی ئاشــتەوایی و ئەهوەنی لەسەر ئەساســی پەرەی دیموکراسی و مافــی مرۆڤدا بەرهــەم هاتــووە، هەرچەند کورد هێشــتا وەک کەســایەتییەکی حقوقیی خاوەن کەرەســتەکانی کارتێکەری، بە فەرمی لەناو نیزامی نێونەتەوەیــی نیە، بەڵام ئەوە بەو مانایــە نییە کە کورد هەموو دەرگاکانی نیزامی نێونەتەوەییــی بە ڕوودا داخــراوە، بە تایبەتی لە ســەردەمی دەســەڵاتی دیمۆکراتەکاندا کە دیموکراســی و مافی مرۆڤ وەک گوشــار بە دژی دیکتاتۆرەکان بەکار دێنن، کورد دەتوانێ بە گەڵاڵەکردنی گوتارێکی نەتەوەیی کە هەموو هێــز و لایەنە جیــاوزەکان و هەموو ئایدیاکان، خۆیانی تێدا ببیننەوە و وەک ســەرچاوە لەوڕا خۆیان پیناسە بکەن، ســەرەتا لەناو کۆمەڵگادا بەرهەمهێنی یەکگرتوویی و یەکریزیی ناوماڵی کورد بن، هەر لەســەر ئەساسی ئەو گوتارەش، پلانێک بــۆ پەیوەندییــە دەرەکییەکانی کورد داڕێژن. کورد هەتا ئێستاش نەیتوانیوە گوتاری نەتەوەخوازیی خۆی لــە دەوری داله جیهانییە پەســەندکراوەکانی وەک دیموکراســی و مافی مرۆڤدا مەفسەلبەندی بکات. ئەگەر کورد بتوانێت خواستی نەتەوەیی و خەبات بۆ دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانی لە ئێــران لە چوارچێوەی حــەول بۆ دیموکراتیزە کردنی کۆمەڵگا و مافی مرۆڤدا کاناڵیزە بکات، واتە پێشێل کردنی مافی نەتەوەیی کورد لە چوارچێوەی پێشــێلکردنی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و وەک ڕەهەندێکی دیموکراتیک و مافی مرۆیی پێناسە بکات، ئەوا دەتوانێت بکەوێتە بەر سەرنجی ناوەندە مەدەنی و نێونەتەوەییە جیهانییەکان.

## ئاکام

لە وەڵامی پرســیار لە پارادایمەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریــکا دەشــێ بگوترێ هەرچەند پەیوەندیــی بــە دۆخ و ڕەوتــی ڕووداوە نێونەتەوەییەکان لە ئێستا و داهاتوودا دەبێت، بەڵام بــە گشــتی ڕەهەندەکانی سیاســەتی دەرەوەی جۆ بایدێن، وەک سەرۆک کۆماریکی دیموکــرات بریتی دەبێت لە: فرەلایەنیخوازیی نێونەتەوەیــی، گرینگایەتیــی مافــی مرۆڤ، پەرەی دیموکراسی، گرینگیی دەور و نەخشی ڕیکخــراوە نێونەتەویی، ناحکوومی و مەدەنییە جیهانییەکان و حەول بۆ پەرەی ئاشــتەوایی. هەروەها بە لەبەرچاو گرتنی پەرەی بەردەوامی هێزمۆنی چین لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و بە تایبەت

لەپاش دەرکەوتنـــی ڕێککەوتنی چین لەگەڵ وڵاتانی پەرەئەســـتاندووی ڕۆژهەڵاتی ئاســـیا و ئۆقیانووســـییە، بێگومان ئـــەم ژێئۆپۆلەتیکە ژێئۆئیســـتراتیژیکە، پێگەیەکـــی قـــورس و مســـۆگەرتری دەبێت لە سیاســـەتی دەرەوەی دەوڵەتـــی داهاتووی ئەمریـــکادا و ڕۆژهەڵاتی ناوینیـــش لـــەوە دەچێـــت بە حەوڵـــەکان بۆ گەڕانـــەوەی ئەمریـــکا بـــۆ ڕیککەوتنی ناوکی لەگـــەڵ ئێـــران، گرینگایەتیی ئەم بەشـــە لە ژێئۆپۆلەتیکـــی جیهـــان بۆ ئەمریـــکا لە پاش ڕۆژهەڵاتـــی ئاســـیادا جێ بگرێـــت. لەهەمان کاتیشـــا کـــە پێگـــەی ڕۆژهەڵاتـــی ناوین لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا ڕەنگە دابەزێت، بەڵام بوونی دەسەڵاتە دیکتاتۆر و پاوانخوازەکان لەم ناوچەیە، بێگومان وەک سەرچاوەی کێشە و قەیـــران دەتوانێ کاناڵێک بێـــت بۆ کوردی شوناســـخواز و دێموکـــرات، تـــا بتوانێ وەک مەرجەعێکـــی جێـــگای متمانـــە بکەوێتە بەر سەرنجی ئەمریکا.

## سەرچاوەکان

### فارسی


باقری دولت آبادی، علی و حسین سیاپوشی (۱۳۹۹)، تعامل و تقابل گفتمانهای سیاســـی و راهبردهای ملی در سیاســـت خارجی ایران، فصلنامه راهبرد سیاسی، شماره ۱۲.

جکســـون، رابـــرت و سورنســـون، گئـــورگ ( ۱۳۸۲)، درآمـــدی بـــر روابـــط بـــین الملـــل، ترجمه مهدی ذاکریان و همکاران، تهران: نشر میزان.

سلیمانزاده، سعید، علی امیدی، سحر براتی (۱۳۹۷)، راهبرد سیاست خارجی ترامپ، هیبریـــد نوانزواگرایی و واقعگرایی، فصلنامه مطالعات راهبردی سیاست گذاری عمومی، دوره ۸، شماره ۲۸.

قاسمی، فرهاد (۱۳۹۱)، اصول روابط بین‌الملل، تهران، نشر میزان.

مشـــیرزاده، حمیرا (۱۳۸۹)، تحول در نظریه‌هـــای روابط بین‌الملل، تهران: سمت.


### لاتین


Maynes، Charles William (1993-94), A Workable Clinton Doctrin, in: Foreign Policy, Jg. 93.

Hal, Brands (2017), «Can U.S. Internationalism Survive Trump? American internationalism is not dead yet, but that it faces serious longterm maladies «. https://foreignpolicy.com/25.05.2017/can-u-s-internationalism-survive-trump/ (Accessed on: 22.12.2018).

Hartmann, Jürgen (2001): Internationale Beziehungen (= UTB für Wissenschaft 2222 Politikwissenschaft). Leske + Budrich, Opladen.

Haydarian, Richard J. (2016), «The Obama Doctrine: Middle Eastout, Asia in,» Aljazeera, March 22, available at‹http://www.aljazeera.com Hiatt.

Heinz Gärtner(2009): Obama – Weltmacht auf neuen Wegen, Wien Berlin Mu□nster.

Schieder & Spindler (2010): Realismus. In: Siegfried Schieder, Manuela Spindler (Hrsg.): Theorien der internationalen Beziehungen. 3. Auflage, Verlag Barbara Budrich, Opladen.

Menzel, Ulrich (2001): Zwischen Idealismus und Realismus. Die Lehre von den internationalen Beziehungen. Suhrkamp, Frankfurt am Main.

Wittkopf, Jones, & Kegley Jr, 2007)، American Foreign Policy – Pattern and Process. 7. Auflage. Thomson Wadsworth, Belmont.

Rohde, Christoph (2015): Der Staat als Mythos und Religion: Hans Morgenthaus Kritik am nationalistischen Universalismus und Imperialismus. In: Jodok Troy, Christoph Rohde (Hg.): Macht, Recht, Demokratie – zum Staatsverständnis Hans J. Morgenthaus. Baden-Baden, Nomos (Reihe Staatsverständnisse).

Schmidt, Brian (2005): Competing Realist Conceptions of Power. In: Millennium: Journal of International Studies. Vol. 33, No. 3.

Schwabe, Klaus (2011): Weltmacht und Weltordnung. Amerikanische Außenpolitik von 1898 bis zur Gegenwart. Eine Jahrhundertgeschichte. 3., durchg. und aktual. Auflage. Schöningh.

Schweigler, Gebhord (2003), Domestic Sources of US Foreign Policy, in: Bernhard may/ Michaela Hanicke Moore (ess.): The Uncertain Superpower. Domestic Dimensions of U.S.

Triepel, Heinrich (1938), Die Hegemonie. Ein Buch von führenden Staaten.

von Marschall, Christoph(2014): Obamas Außenpolitik, https://internationalepolitik.de/de/obamas-aussenpolitik.

Wilhelm, Andreas (2006): Außenpolitik. Grundlagen, Strukturen und Prozesse. Oldenbourg, München u. a.

# پلۆرالیسمی زمانی و ئاسایشی نەتەوەیی

م. هەورامانی

ئەم وتارە لە هەوڵدایە بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونی سەقەتی «نەتەوەسازی Nation building»ی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان، ئەم ڕاستییە بورووژێنێ کە دووپاتکردنەوەی ئەزموونی دەوڵەتانی داگیرکەر لە بەرێوەبەرایەتیی سیاسی و ئێداریی هەر پارچەیەک لە کوردستان، لە ئەگەری ڕزگاربوونی، هەڵەیەکی ڕۆۆخێنەرە و نابێ نەتەوەیەک کە خۆی قوربانیی سیستەمێکی داخراوی ئێداری ـ سیاسی بووە، هەمان سیستەم بۆ کوردستان ئەزموون بکاتەوە. لەم پێناوەدا ئەم پرسیارە زەق دەکرێتەوە کە ئایا پلۆرالیسمی زمانی لە کوردستان ئاسایشی ئەم وڵاتە دەخاتە مەترسییەوە؟

## ١. پێشەکی

ئێستا کە لە بەرەبەری دەستپێکی دەیەی سێیەمی سەدەی ٢١ی زایینیداین؛ ١٩٥ وڵات ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانن کە بە دڵنیاییەوە ڕێژەیەکی زۆر کەمیان لە بواری زمانی، ئێتنیکی و ئایینییەوە یەکدەست دەبینرێن. زۆرێک لە وڵاتان، تێکڵاوێکی نەتەوەیی، ئێتنیکی، زمانی و ئایینیان پێوە دیارە بەڵام ئەم تێکەڵاوبوونە، لە وڵاتانی دێموکرات و گەشەسەندوو، نەتەنیا وەک مەترسی چاوی لێ نەکراوە بەڵکوو بە ڕەچاوکردنی واقیعە جوگرافییەکان وەک دەرفەتێک بۆ بەهێزکردنی کیانی نەتەوەیی خۆیان کەڵکیان لێ وەرگرتووە. بەڵام بەداخەوە لە وڵاتانی داخراو و داپڵۆسێنەردا، حکوومەت و دەسەڵات، بەبێ ڕەچاوکردنی تێکڵاوییەکان و تەنیا لە بەرژەوەندیی نەتەوە یان ئێتنیکی سەردەست هاتووەتە دامەزراندن. لەم جۆرە وڵاتانە بۆ پتەوکردنی بنەمای دامەزراندنی دەسەڵات و حکوومەتی یەکدەست، سیاسەتی «یەک وڵات-یەک نەتەوە» پەیڕەو دەکرێت و بۆپراکتیزەکردنی ئەم سیاسەتە، بە شێوەیەکی سیستەماتیک و بەرنامەداڕێژراو و بۆ سڕینەوەی هەرچەشنە پلۆرالیسمێکی زمانی و فەرهەنگی، سیاسەتی «وەک یەککردن Simulation» لە پرۆسەیەکی دیاریکراودا عەمەلی دەکرێ. لە سەدەی بیستی زایینییەوە کە ڕەوتی دامەزرانی حکوومەتە تازەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوین دەستی پێ کرد و وڵاتانێک لەسەر شێوازی مۆدێرنی دەسەڵاتداری، هەوڵی دامەزرانی کیانی «وڵات ـ حکوومەت State»یان دا؛ بە جێگای ئەوەی هەموو پێکهاتەکانی وڵات لە ژێر چەتری خاڵە هاوبەشەکان کۆ بکەنەوە، بە سیاسەتی یەکدەست کردنی فەرهەنگی وڵات و بە بیانووی ئاسایشی نەتەوەیی و پووچەڵکردنەوەی دەستێوەردانی دەرکی، هەموو هەوڵە مافخوازانەکانی دڵسۆزانی کەمینە نەتەوەییەکانیان بە زەبری هێز وڵام داوەتەوە و تا ئێستایشی لەگەڵ بێت، بەهۆی ئەو سیاسەتە چەوتانەوە، ناوچەکە بەردەوام لە قەیرانی شۆناسخوازییەوە دەتلێتەوە.

کوردستان یەکێک لەو وڵاتانەیە کە لە نێوان چەند دەوڵەتدا دابەش کراوە. دەوڵەتانی دەسەڵاتدار لە کوردستان لە ماوەی دەسەڵاتدارێتیی خۆیان بەسەر ئەم وڵاتەدا، بە شێوەیەکی سیستەماتیک هەوڵیان داوە زمانی کوردی و زاراوەکانی لە نێو زمانی نەتەوەی باڵادەست بە شێوازی جۆراوجۆر بتوێتەوە و لەم پێناوەدا لە هەموو کەرەستەکان کەڵکیان وەرگرتووە. ئەوەی لە کوردستان کراوە لە ژێرناوی پاراستنی کیانی سیاسی ونەتەوەیی و دابین کردنی ئاسایشی نەتەوەیی، سڕینەوەی زمان و فەرهەنگی گەلی کورد، لە بەشێکی بەربڵاوی کوردستان بووە.

دەسەڵاتدارانی ناوەند گەرا، بۆ بەڕێوەرایەتیی سیستەمی ئێداری و سیاسیی وڵات، لە مۆدێلی ناوەندگەرای سیاسی-ئێداری کەڵکیان وەرگرتووە. لەم سیستەمەدا، هەموو دەسەڵاتەکان لە بواری ئێداری و سیاسی، لە ناوەندی حکوومەت کە لە ژێر هێژمۆنی نەتەوەی سەردەستدایە، کۆدەبێتەوە. لەم سیستەمەدا بە هۆی داخراوەیی سیاسی و ئێداری، نەتەوە ژێردەستەکان لە هەموو مافێکی زمانی و بەڕێوەبەرایەتیی ناوچەیی بێبەش دەکرێن و لە ڕەوتێکی سیستەماتیکدا، هەوڵ دەدرێت زمان و فەرهەنگی نەتەوەییان لەبەرانبەری زمان و فەرهەنگی زاڵی ناوەندیدا بێ هێز و ئاسیمیلە بکەن.

ئەم وتارە لە هەوڵدایە بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونی سەقەتی «نەتەوەسازی Nation building»ی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان، ئەم ڕاستییە بورووژێنێ کە دووپاتکردنەوەی ئەزموونی دەوڵەتانی داگیرکەر لە بەڕێوەبەرایەتیی سیاسی و ئێداریی هەر پارچەیەک لە کوردستان، لە ئەگەری ڕزگاربوونی، هەڵەیەکی ڕۆژخێنەرە و نابێ

نەتەوەیەک کە خۆی قوربانیی سیستەمێکی داخراوی ئیداری-سیاسی بووە، هەمان سیستەم بۆ کوردستان ئەزموون بکاتەوە. لەم پێناوەدا ئەم پرسیارە زەق دەکرێتەوە کە ئایا پلۆرالیسمی زمانی لە کوردستان ئاسایشی ئەم وڵاتە دەخاتە مەترسییەوە؟

بۆ وڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، گریمانەمان ئەوەیە کە پلۆرالیسمی زمانی و کەڵک وەرگرتن لە زمانێکی هاوبەش بۆهەموو وڵات لەپاڵ خوێندن بە شێوەزارەکانی تر لە ناوچەکانی خۆیان، نەتەنیا ئاسایشی نەتەوەیی تووشی مەترسی ناکات؛ بەڵکوو ئاستی یەکیەتیی نەتەوەیی بەرزدەکاتەوە.

ئەم وتارە لە بواری مێتۆدۆلۆژیکی لە چوارچێوەی وتاری»تەوسیفی-شیکاری« پێناسە دەکرێ و بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە شێوازی کتێبخانەیی کەڵکم وەرگرتووە و بە هۆی ئەوەی نووسەر لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەژی، ئەزموونی ژیان لەم بەشەی وڵات، بۆشرۆڤە و شیکاری، یارمەتیی زۆری داوم.

## ٢- چەمکە گشتییەکان

### ١-٢- نەتەوە

«ئانتۆنی ئیسمیت» لە کتێبی»شۆناسی نەتەوەیی«دا لەسەر پێناسەکردنی نەتەوە ئەڵێ: نەتەوە بە کۆمەڵێکی مرۆیی دەگۆترێ کە لەسەر زەوییەکی مێژوویی لەگەڵ ئوستوورەگەلی هاوبەش، بیرەوەریی مێژوویی هاوبەش، کلتووری هاوبەش، ئابووری و مافگەلی یاسایی و بەرپرسیاریتی بۆتێکڕای ئەندامان، ژیان دەبەنە سەر(Guibernau,2004:126).

«مارتین گلاسنێر» لە پێناسە کردنی نەتەوەدا دەڵێ: زانایان و بیرمەندانی جوگرافیای سیاسی، نەتەوە بە گرووپێکی گەورە لە خەڵک دەڵێن کە خاوەنی فەرهەنگێکی هاوبەشن. ئەم هاوبەشییە لە زمان، ئایین، ڕێکخراوە سیاسییەکان وبایەخەکان و ئەزموونگەلی مێژووییدا خۆی دەبینێتەوە(Glassner,1993: 38).

«جان ڕێنە شۆرت» لەسەر پێناسەی نەتەوە دەڵێ: نەتەوە بە کۆمەڵێک لە خەڵک دەگۆترێ کە خاوەنی شۆناسێکی هاوبەش و بایەخی فەرهەنگیی هاوبەشن کە لەسەر زەوییەکی دیاریکراو گیرساونەتەوە. شوناسێک کە لەگەڵ ئەو شوێنەی لێی هەڵکەوتوون دەخوێنێتەوە(Short,1993:91).

«ژان گاتمەن» گەورە جوگرافیزانی سیاسی، بۆ پێناسە کردنی چەمکی نەتەوە، هۆکارگەلی «مەعنەوی» وەک باوەڕێکی ئایینی، کۆمەڵێک بیروڕای کۆمەڵایەتی و بیرەوەرییە هاوبەشە سیاسییەکان و یان تێکلاوێک لە مان، بە کاریگەر دەزانێ (مۆجتەهێدزادە، ١٣٨١، ٦٣).

میللەت یان نەتەوە، بە کۆمەڵێک لە مرۆڤەکان دەوترێت کە لە چوارچێوەی سنوور و جوگرافیای سیاسیی یەک وڵات (واتە کیانێکی سیاسی)دا دەژین و ماف وبەرپرسیاریەتیی وەک یەکیان هەیە(حافیزنیا، ١٣٨٨).

لە باوەڕی جوگرافیزانانی سیاسیدا، کاتێک قەومیەت وئیتنیک بەرگی نەتەوە دەپۆشێ کە بتوانێ خۆی لە چوارچێوەیەکی سیاسی یان»State«دا ڕێک بخات. بۆ وێنە ئەفغانستان، تاجیکستان و ئێران لە زۆر بوارەوە و بەتایبەت زمان، ئایین و کەلتوور، وەک یەکن بەڵام بە هۆی جیاوازیی سنوور و وڵاتەوە، سێ نەتەوەی جیاواز پێکدەهێنن. لە بەرانبەردا نەتەوەی سوئیس هەیە کە لە وڵاتێکی بچووکدا چوارزمانی جیاواز پێکەوە، نەتەوەیەک پێکدەهێنن. بە چاوخشاندنێک بەو پێناسانە کە لە نەتەوە کراون، نەتەوە خاوەنی ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوەیە:

١ وڵات و حکوومەتێکی هاوبەش
٢ زمان و فەرهەنگی هاوبەش
٣ ئایین و باوەڕی هاوبەش
٤ خاک و سەرزەمینی هاوبەش
٥ بیرەوەریی سیاسیی هاوبەش
٦ مێژوو و چارەنووسی هاوبەش

## ٢-٢- پلۆرالیسم

فەرهەنگی ویبستێر لە لێکدانەوەی چەمکی پلۆرالیسمدا لە شوێنێکدا دەڵێ: بە دۆخێک دەگوترێ کە خەڵکانێک لە کۆمەڵگا بە ئێتنیک، فەرهەنگ، ڕەگەز و ئایینی جیاواز، لە چوارچێوەی ژیاری هاوبەشدا، پێکەوە دەژین(Webster,2020).

فەرهەنگی بریتانیکا لە پێناسەی چەمکی پلۆرالیسمدا دەڵێ: لە زانستی سیاسی، پلۆرالیسم لە کۆمەڵگای دیموکرات لیبرال، لەسەر قەبووڵ کردنی بڵاوەپێکرانی هێز لە نێوان گرووپگەلی ئیدئۆلۆژیک و ئابووریی جیاوازدا دادەنرێ و هێز و دەسەڵات لە دەستی گرووپ یان دەستەیەکی ئێلیتدا کۆ نابێتەوە. لەم کۆمەڵگایەدا، پلۆرالیسم وای بۆ دەچێ کە تێکڵاوی، بۆ کۆمەڵگا بەکەڵکە و گرووپگەلی جیاوازی فەرهەنگی، ئایینی، ڕێکخراوگەلی کرێکاری وئێتنیکی، دەبێ لە سەربەخۆییدا بەشداربن(Britannica,2020).

## ٣-٢- ئاسایشی نەتەوەیی

ئاسایش (Security) لە وشەدا بە دۆخێک دەوترێ کە هیچ جۆرە هەڕەشە یان هێرشێک لەئارادا نەبێ و یان ئامادەبوون بۆ هەرچەشنە ڕووبەڕوو بوونەوەیەک لە بەرانبەر هەڕەشە یان هێرش(ئاشووری، ١٣٧٩: ٣٨). ئاسایشی نەتەوەیی بە دۆخێک دەوترێ کە نەتەوەیەک لە هەرچەشنە هەڕەشەیەک بە نیسبەت لەدەستدانی هەموو یان بەشێک لە حەشیمەت، مڵک و ماڵی بەدوور بێت(هەمان سەرچاوە، ٣٩).

## ٤-٢- گرینگایەتیی زمانی هاوبەش

هیچکەس ناتوانێ نکۆڵی لەوە بکات کە بوونی زمان، دیارترین تایبەتمەندیی فەرهەنگیی مرۆڤە کە لە هەموو فەرهەنگەکاندا بەدی دەکرێ(گیدنز، ١٣٨٤: ٦٤).

زمان وەک یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی نەتەوە، هێما و نیشانەی ناسینەوەی نەتەوەیە، بایەخ دان بەو هێما و نیشانەیە، پیشاندەری ڕادەی ئاستەبەرزی و هۆشیاریی کۆمەڵایەتیی ئەو نەتەوەیەیە، چونکە زمان خەسڵەت و تایبەتمەندیی نەتەوە هەڵدەگرێت (شوانی، ٢٠٠٩، ٢٥).

زمانی هاوبەش، لەمێژە وەک یەکێک لە بنەماکانی شوناس و لە هۆکارەکانی خۆئاگاهی و ناسیونالیسمی ئێتنیکی دێتە ئەژمار (Stans-field,2003:37).

تایبەتمەندیی بنەرەتیی زمانی هاوبەش ئەوەیە کە زمانێکە کە لە ناو زمانەکانی تر، ڕۆڵێکی ناوەنجیی هەیە کە هەمووان دەتوانن قسەی پێ بکەن(حسینی، ١٣٨٣، ٦١).

هۆکارگەلێکی جۆراوجۆر وەک چارەنووسی وەک یەک و گرێدراوبوونی ئەم چارەنووسە لە بوارگەلی ئابووری، سیاسی و ئایینی و هەروەها ژیانێکی ئاشتییانە لەسەر خاکێکی هاوبەش، پەیوەندی وهاوسۆزی ونزیکایەتی لەناو بێژەرانی زاراوە و شێوەزمانەکانی یەک نەتەوە پێکدەهێنێ. لەبەر ئەوەی کە زمان لە بارودۆخێکدا کەرەسەی پەیوەندی و لێک تێگەیشتنی مرۆڤەکانە، زمانێکی هاوبەش پێکدێت (هەمان سەرچاوە، ٦١).

زمانێک دەتوانێ ڕۆڵی زمانێکی ستاندارد یان هاوبەش لە وڵاتێکی چەند زمانیدا بگێرێت، کە لە ڕەوتی مێژوویی خۆیدا، بە شێوەیەکی بەربڵاو لە ئاستی دەوڵەت، بنکەکانی دادوەری، مێدیا وهەروەها لە چوارچێوەی پێکهاتەی فێرکردن و بارهێناندا، لە ئاستی سەراسەری و پانتایەکی بەربڵاو کەڵکی لێ وەرگیرابێ(کریستال، ١٣٨٥، ١٨).

کۆمەڵێک هۆکارلە بووژانەوە و پەرەپێدانی زمان لە ئاستی نەتەوەیی، ناوچەیی و نێونەتەوەییدا ڕۆڵ وکاریگەرییان هەیە کە بە شێوەی خوارەوە ئاماژەیان پێ دەکەین:

١: سیاسەت ٢: ئابووری ٣: بڵاۆکەکان ٤: پرۆپاگەندە(تەبلیغات) ٥: ڕادیۆ و تەلەفزیوون ٦: سینەما ٧: مۆسیقای پاپ ٨: گەشتیاریی

نێونەتەوەیی ٩: پەروەردە وفێرکردن ١٠: مێدیا و پەیوەندییەکان( هەمان سەرچاوە، ٢٣-٣۶).

بە زمانێک دەتوانین بڵێین ستاندارد یان هاوبەش کە ئەم قۆناغانەی تێپەڕاندبێت:

١ هەڵبژاردنی شێوەیەک، واتە هەڵبژاردنی یەکێک لە دیالێکتەکانی زمانەکە وەک بنەڕەت و وەک نۆرم.

٢ کۆداندن(واتە بە کۆدکردنی) ئەوشێوەیە تا ئەو ڕادەیەی کە جیاوازییەکان لە پلەی هەرە کەمتریندا بن.

٣ فراوانکردنی بوارەکانی بەکارهێنانی زمانەکە، واتە لە بوارەکانی زانستی وئەدەبی و ڕۆژنامەگەری و تەکنیکیدا بخرێتە گەڕ.

۴ قەبوولکردن لە لایەن کۆمەڵەوە، واتە کۆمەڵێکی بەکارهێن قەبوولی بکەن و بەکاری ببەن(شاکەلی، ٢٠١١، ١٠٣).

## ٣- دەسکەوتی لێکۆڵینەوە

### ٣-١- کوردستان و زمانی هاوبەش

لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە تێکلاوێکی کەلتووری و فەرهەنگییان هەیە و لە بواری زمانی، جۆراجۆری لە ئاستی نەتەوەییدا بەدی دەکرێ، بۆ پاراستنی یەکیەتیی نەتەوەیی و سەرزەوینی، یەکێک لە شێوەزمانەکان وەک زمانی هاوبەش هەڵدەبژێردرێت. ئەگەر زمانێکی هاوبەش لە وڵاتێکی چەند زمانی و یان چەند زاراوەیی (وەک کوردستان)نەبێ لە درێژخایەندا، ئاستی هەستی نەتەوایەتی بە شێوەیەکی زەق دادەبەزێ و هەستی عەشیرەیی و ناوچەگەرایی جێی دەگرێتەوە.

لە سێبەری سیستەمی عەشیرەگەریدا ئەگەری پێک هێنانی وڵات(یەکەیەکی سیاسی) بەدەگمەن دەرەخسێت. لەبەر ئەوەی کە هۆز و عەشیرە بەستراوەتەوە بە پێداویستییە چکۆلەکانییەوە و ئەم پرسە بەردەوام جۆرێک لە هەڵچوون و پێکدادان لە نێوان هۆزەکاندا پێکدەهێنێ.

ئێبنوخەلدوون، ئەم دۆخە ئاوەها شرۆڤە دەکات. «ناوچەگەلێک کە لەگەڵ چەند هۆزی و فرەکومەڵگاییدا ڕووبەڕوو دەبنەوە، ئەگەری پێکهێنانی دوڵەتێکی بەهێزیان نابێ»(بیشکچی، ٢٠٠٢ ، ٢۶۴-٢۶۵).

زمانی هاوبەش لە وڵاتانی چەند زمانی، بە مەرجێک نەبێتە هۆی پەراوێزخستنی زمانە ناوچەییەکان، یەکخستن و تێگەیشتنی نەتەوەیی لە ئاستی سەرانسەری وڵاتدا بە گونجاوترین شێوە چارەسەردەکات.

تووی زمانی هاوبەش لە وڵاتێک دەڕوێت کە کۆمەڵێک زاراوە و زمانی هاوریشە، لە پرۆسەیەکی مێژووییدا پێکەوە ژیابن و چارەنووسی هاوبەش و ڕەنگدانەوەی ئەوان لە بوارگەلی ئابووری، سیاسی، ئایینی و فەرهەنگی، پێویستیی زمانێکی هاوبەش زەق دەکاتەوە. بۆ وێنە گەلی کورد بە درێژایی هەزاران ساڵە خەڵکەکەی بە زمان و زاراوەی جیاواز و ئایین وئایینزای جیاوازەوە پێکەوە ژیاون و چارەنووسی ژیانیان لە هەموو بوارێکەوە وا بەیەکەوە گرێ دراوە کە هەر چەشنە هەوڵدانێک لەپێناو درزتێخستن و جیاکردنەوەیان، « ئاسنی سارد کوتانە». هەبوونی زمانێکی هاوبەش لەنێو نەتەوەیەکی هاوریشە، زنجیرەی پەیوەندییەکان پتەوتردەکات و یەکیەتی و ئاستی هوشیاریی نەتەوەیی بەرزدەکاتەوە. هەڵبژاردنی شێوە زمانێک لە شێوەزمانەکانی نەتەوەیەک کە ڕۆڵی زمانی هاوبەش بگێرێت، بەمانای ئەوە نییە کە ئەوشێوەزمانە سەروەری و فەخری بەسەر شێوەزمانەکانی ترەوە هەیە. بەڵکوو زمانی هاوبەش، سەرەڕای ئەوەی کە ڕۆڵی پەیوەندی لەناو پێکهاتەی دانیشتووانی یەک وڵات دەگێڕێ، تێکلاوێکە لە خەزێنەی وشەگەلی هەموو زاراوە و شێوەزمانەکان و گوزارشت لە دەوڵەمەندیی فەرهەنگیی نەتەوە دەکات نەک ناوچەیەکی تایبەت ودیاریکراو.

بۆ کورد وەک نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت، ڕۆڵی زمان، لە هەر فاکتەرێکی تری نەتەوەیی گرینگترە، چونکە دەوڵەتانی خاوەن

دەسەڵات لە کوردستان، لە ڕەوتی سازدانی نەتەوەی میللیی خۆیان(nation-state)، زۆرترین هەوڵیان داوە زمانە ناوچەییەکان لە بەرانبەر زمانی نەتەوەی باڵادەست بتوێننەوە ودەرەتانی گەشەی فەرهەنگی لەلایەن نەتەوە ژێردەستەکانەوە، زەوت بکرێ و لەم پێناوەدا، ڕێگەی جۆراوجۆریان گرتووەتە بەر.

پاش ڕووخانی ئیمپراتۆرییەتی مێدیا لە ساڵی ٥٥٠ی پێش زایین، بۆ کورد هەل نەڕەخسا هیچ جۆرە دەسەڵاتێکی ڕامیاری پێکەوە بنێ هەتا زمانەکەی لە پەرت وبڵاوی و دابەش بوون بپارێزێ. بەڵکوو لەو ڕۆژگارەوە کەوتووەتە ژێر دەسەڵاتی بیانی کە هەرگیز گوێیان بە چارەنووسی ئەم زمانە نەداوە. ئەم بارودۆخە، ڕەنگدانەوەی خراپی هەبووە لەسەر زمانی یەکگرتووی کوردی، چونکە هۆزە کوردییەکان لەپاش لەدەست چوونی دەسەڵاتی باوکایەتی کە هەموویانی دەپاراست، لە سایەی باری نوێدا، گۆشەگیربوون و لە یەک جیا بوونەوە و ڕێگا خۆش بوو بۆ ئەوەی هەر سەرۆک هۆزێک بەرپرسیارییەتیی پاراستنی هۆزەکەی لە ئەستۆ بگرێت و کارتێکردنی دەسەڵاتی بیانی بپارێزێ. ئەمەش هۆکارێک بوو کە هۆزێک زمان و نەریت و سەربەخۆیی، لە سنووری ناوچەی خۆیدا دەپاراست(فوئاد خۆرشید، ٢٠٠٨، ٧٧).

لە ڕوانینێکی گشتی و بە چاوخشاندنێکی مێژوویی، ئەو هۆکارانەی کە لە پێکهاتن و دروست بوونی زمانێکی یەکگرتوو و هاوبەش لە ناوگەلی کورددا لەمپەربوون ئەمانەی خوارەوەن:

## ٣-١-١- هۆکاری سیاسی

دابەش بوونی کوردستان لەناو چەند دەوڵەت-نەتەوەدا، یەکێک لە گرینگترینی ئەوهۆکارانەیە کە بە درێژاییی چەند دەیەی ڕابردوو، بەربەستێکی پۆلایین بووە لە بەرانبەر بووژانەوە و ئینکشافی فەرهەنگی وزمانی لەناو گەلی کورددا. دەوڵەتانی خاوەن دەسەڵات لە کوردستان، بنەمای نەتەوەییی خۆیان لە چوارچێوی بیرۆکەی «nation-state» یان «حکوومەتی نەتەوەپێگە» دارشتووە، بە داخەوە بە هۆی خراپ تێگەیشتنیان لە دامەزراندنی حکوومەتی نەتەوەیی، ڕەوتی بەڕێوەبردنی پرۆژەی دەوڵەتی نەتەوەییان بە قوربانی کردن وتواندنەوەی زمانە ناوچەییەکان لە پێناو گەشە و پەرەپێدانی زمانی نەتەوەی سەردەست دانا. بە داخەوە ئەم سیاسەتە لە هەمبەرگەلی کورد بە شێوەیەکی سیستەماتیک و بە ڕەنگوبۆیەکی جیاواز، لە چوارپارچەی کوردستان پەیڕەو کراوە. ئەم سیاسەتە کە لە لایەن دەوڵەتانی دەسەڵاتدارلە کوردستانەوە پەیڕەو کراوە، نەتەنیا دەرەتانی خوێندن بە زمانی کوردیی بە گەلی کورد نەداوە، بەڵکوو بووەتە هۆکارێکی بنەڕەتی لە سڕینەوەی شوناسی زمانی لە بەشێکی گەورە لە پانتاییی جوگرافیای کوردستاندا.

## ٣-١-٢- هۆکاری جوگرافیایی

فراوانیی پانتاییی جوگرافیای کوردستان(نزیک بە ٥٠٠هەزارکیلوومیتری دووجا پێوەر)، سروشتی شاخاوی، ڕووباری پڕئاو و سەرماوسۆڵەی درێژخایەن، تا بەر لە سەدەی نوێ، لەو هۆکارە سەرەکییانە بوون کە پەیوەندی و هەڵسوکەوتی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسیی گەلی کوردییان لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان تووشی کێشە کردبوو و بە ڕادەیەک ئەم هۆکارگەلە کاریگەرییان هەبوو کە کوردان لە بەشە جیاجیاکانی کوردستان لە بارودۆخ وچارەنووسی یەکترئاگادار نەدەبوون و ئاساییە کە ئەم هۆکارە زۆرترلە هەرشتێک لە سەر زمان و کلتوور، شوێندانەر دەبێ.

## ٣-١-٣- ناوچەگەرایی و بەرژەوەندیی خێڵەکی

یەکێکی تر لەو خاڵانەی کە لەسەر لاواز

بوونی هەستی نەتەوەیی و دارشتنی پلانێک بۆسازدانی زمانێکی هاوبەش لەناو گەلی کورددا شوێنەواری داناوە، زاڵ بوونی هەستی ناوچەیی و زاراوەیی بەسەرهەستی نەتەوەییدا بووە کە بەداخەوە ئەم شێوە تێفکرینە لە ئاکامدا، هەستی نەتەوەییی لە ئاستی سەراسەریی وڵات، لە بەرانبەر بەرژەوەندیی هۆزەکی و ناوچەیی لاوازدەکات و پرۆسەی تەعمیقی ناسیونالیسم بە شێوەیەکی روون و ئاشکرا، تووشی کزبوون و دابەزین دەکات.

### ۴-۱-۳- بەرژەوەندیی حیزبی و نەبوونی گوتارێکی یەکگرتوو لە ئاستی زمانی هاوبەشدا

ئەگەرئاوڕێک لە بارودوخی خوێندن بە زمانی کوردی لە خوێندنگە و قوتابخانەکانی کوردستان لە سەدەی رابردوو بدەینەوە، بە روونی دەردەکەوێ کە بە شێوەیەکی رەسمی، تەنیا لە باشووری کوردستان لە ماوەی نیو سەدەی رابردوودا، دەرەتانی خوێندن بە منداڵانی کورد لە خوێندنگاکان دراوە و لە بەشەکانی تری کوردستان، بێجگە لە ماوەی تەمەنی کورتی کوماری کوردستان لە مهاباد، هەلێک بۆ خوێندن بە زمانی زگماکی لە بەشەکانی تری کوردستان نەرەخساوە.

چوار ساڵی ئاشتیی ۱۹۷۰-۱۹۷۴ دەرفەتێکی زێرین بوو بۆ پێشکەوتن و گەشەکردنی زمانی ستانداردی کوردی، بە تایبەت کە لە ئەنجامی دووربینی وهۆشیاریی سەرکردایەتیی سیاسیی ئەوکاتەی کوردستاندا، بوو بە زمانی خوێندن و پەروەردە لە سەرانسەری کوردستانی عێراقدا(شاکەلی، ۲۰۱۱، ۱۰۵).

پاش هەرەسهێنانی شورش لە کوردستان و لەت بوونی پارتی دێموکراتی کوردستان، گۆرەپانی سیاسیی کوردستان کەوتە ئەزموونی ململانێی چەندحیزبی، کە بەداخەوە لە زۆربەی ئەم ماوەیەدا، لە جیاتی گوتارێکی نەتەوەیی لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا و بە تایبەت چارەسەری کێشەی زمانی هاوبەش، بەرژەوەندیی حیزبی و یارگیریی سیاسی لە رێگەی بووژانەوەی هەستی ناوچەگەری وبایەخ دانی رواڵەتی بە چەند زاراوەیی لە مێدیای کوردیی لێ کەوتەوە کە نەتەنیا خزمەتی بە دۆزی نەتەوەیی نەکردووە بەڵکوو لە بەشەکانی تری کوردستان بۆ وێنە لە ناوچەیەکی وەک «هەورامان»، ئەم هەست و پرسیارە لە نێو خەڵک و بە تایبەت رۆشنبیرانی ئەم بەشە لە نیشتمان زەق بووەوەتەوە کە ئەگەر بریارە لە دهۆک و بادینان «کرمانجی» و لە هەولێر وسلێمانی و کەرکووک «سۆرانی» بخوێندرێت، بۆ ئە و مافە ئێنسانییە، واتە خوێندن بە زمانی زگماکی، لە منداڵانی هەورامی و کەلهور و فەیلی زەوت بکرێت؟ کە لە راستیدا دڵەخۆرپەیەکی رەوا و پرسیارێکی زۆر بەجێیە. ئەحزابی کوردی لە هەموو بەشەکان وحکوومەتی هەرێمی کوردستان وەک تاکە کیانی سیاسیی کوردی، دەبێ بە راشکاوی بریاری پەسەندکردنی زمانێکی هاوبەش بۆ هەموو دانیشتووانی کوردستان لە رێگەی پەرلەمانی هەڵبژێردراوەوە بدەن و حکوومەتی هەرێم بەبێ هیچ جیاوازییەک، لە هەر ناوچەیەکیشدا کە زۆربەی دانیشتووان بە یەکێک لە شێوەزارەکانی کوردی، جگە زمانی هاوبەش قسە دەکەن، دەبێ دەرەتانی خوێندن بە زمانی زگماکی لە پاڵ زمانی هاوبەش، بۆ منداڵانی ئەو بەشە لە کوردستان برەخسێنێ.

ئەگەر لێرە هەرێمی کوردستان وەک نموونە دێنینەوە لەبەر ئەوەیە کە ئێستا تەنیا شوێنێک لە کوردستان کە تا رادەیەک دەرتانی خوێندن و پەروەردەی بە زمانی کوردی هەیە، هەرێمی باشووری کوردستانە. ئەم بەشە لە کوردستان، هەموو پێکهاتە فەرهەنگی و شێوەزارەکانی کوردی لێی کۆبووەتەوە و دەکرێ بە عەقڵییەتێکی نیشتمانی و رەچاوکردنی دۆخی تایبەتی ناوچەکانی وەک هەورامان و ناوچە کەلهور زمانەکان، بریاری زمانی هاوبەشی کوردی لەو بەشە لە وڵات بدرێ. بە هۆی

ئەزموونی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی، پێوەری جوگرافیایی و حەشیمەتەوە؛ شێوەزاری «سۆرانی»، شانسی زۆرتری بۆ ناساندنی وەک زمانی هاوبەش هەیە؛ بەڵام هەبوونی «سۆرانی» وەک زمانی هاوبەش، بە هیچ شێوازێک نابێ ببێتە هۆی پەراوێزخستنی شێوەزارەکانی تر و دەبێ بە شێوەیەکی فەرمی، دەرتانی خوێندن و پەروەردە بەو شێوەزارانە لە ناوچەکانی خۆیان برەخسێت.

ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هەر وەک باشووری کوردستان، هەموو شێوەزارەکانی زمانی کوردیی پێوە دیارە و نابێ ئەزموونی هەڵەی باشووری کوردستان بۆ دواخستنی بڕیاری زمانی هاوبەش، لێی دوپات بکرێتەوە؛ دەبێ بە زووترین کات لە نێو حیزبە سیاسییەکانی کوردستان وباڵاترین شوێنگەی بڕیار، یانی کۆنگرەی حیزبەکان، لێژنەی داهاتووی زمانی هاوبەشی کوردی پێکبێت و «سۆرانی» وەک زمانی هاوبەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕەسمی بناسرێ و بە بڕیارێکی ڕەسمییش خوێندن و بە فەرمی ناسینی شێوەزارەکانی تر لە ناوچە کرمانج نشینەکانی پارێزگای ورمێ و ناوچە کەلهوڕ و لەک زمانەکانی پارێزگاکانی کرماشان و ئیلام وهەروەها ناوچەی هەورامی زمانی پارێزگاکانی سنە وکرماشان بدرێ.

نابێ بە هیچ شێوازێک فرە چەشنیی زمانی و زاراوەیی لە کوردستان بە مەترسی بزانرێ. فرەچەشنیی زمانی و زاراوەیی، بە دڵنیاییەوە زمانی هاوبەشی کوردی لە بواری وشە و چەمکەوە زۆر دوڵەمەند دەکات و خەزێنەی زمانی کوردی بە هەموو شێوەزارەکانییەوە لە فەوتان دەپارێزێ و بنماڵەی زمانی کوردی ڕەنگینتر دەکات.

ئەگەر بە چاوێکی واقیعگەرایانە دۆخی جوگرافیای زمانی و فەرهەنگیی کوردستان ببینین، چوارپارچەی کوردستان لەم سۆنگەیەوە بە دوو بەش دابەش دەکرێ:

باشوور و ڕۆژهەڵات بە هۆی پەیوەندیی مێژوویی و فەرهەنگی وکۆمەڵایەتی و تەنانەت سیاسی، دەکرێ وەک دوو شوێنی تەواوکەر چاو لێ بکرێن؛ لەبەر ئەم فاکتانە دەکرێ شێوە زاری «سۆرانی» بۆ ئەم دوو بەشەی کوردستان وەک زمانی هاوبەش ڕەچاو بکرێت و بۆ دوو بەشی ڕۆژئاوا وباکووریش «کرمانجی».

بە ئاوردانەوەیەک لەو باسانەی کە کران، هەبوون و ڕاگەیاندنی زمانێکی هاوبەش بۆ کوردستان پێویستییەکی هەنووکەییە.

پێویستیی زمانێکی هاوبەش بۆ کوردستان لەو خاڵانەی خوارەوە زۆرتر زەق ئەبێتەوە:

١ ورووژاندنی هەستی بەهێزی نەتەوەیی و گرێدانی هەموو بەشەکانی وڵات لە ڕێگای زمانێکی هاوبەشەوە؛

٢ کاروباری ئێداری و بەڕێوەبەرایەتیی وڵات لە بواری سیاسی، ئابوری وفەرهەنگییەوە.

٣ ئیستا حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەی دیفاکتۆیە و لە ئەگەری سەربەخۆیی کوردستان و قەبووڵکردنی لە لایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە، ئەم حکوومەتە دەبێتە دۆزوور، لەو کاتەدا هەبوونی زمانێکی هاوبەش بۆ تێپەڕاندنی کاروباری دیپلۆماسی زۆرپێویستە.

٤ زانکۆ و کاروباری پەیوەست بە خوێندنی باڵا.

٥ فێرکردن و بارهێنان لە ئاستی سەرانسەری وڵاتدا.

٦ هێزی بەرگریی نەتەوەیی و ئاسایش و پاراستنی سنوور.

٧ کاروباری فەرهەنگی لە ئاستی سەرانسەریدا بە تایبەت لە بواری تێئاتر و سینەما.

٨ وەرگێڕانی بابەتگەلی زانستی بۆ سەر زمانی کوردی وهەروەها زمانی ئینتێرنێت.

٩ بووژانەوەی بازاڕی کتێب بە هۆی زمانێکی هاوبەشەوە.

## ٢-٣- کوردستان وپلۆرالیسمی زمانی

جوگرافیای کوردستان جوگرافیایەکی ڕەنگین و هەمە چەشنە. تێکەڵاویی تۆپۆگرافیکی(بەرزی ونزمی) وکەشوهەوا

وهەروەها دۆخی مۆرفۆلۆژیکی(دیمەنناسی) ئەم وڵاتە، کۆمەڵگایەکی ئینسانیی فرەچەشنی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی لێ کەوتووەتەوە.
فرەچەشنیی سروشتی ومرۆیی، بۆ وڵاتێک وەک کوردستان نەتەنیا وەک مەترسی و هەڕەشە نیە؛ بەڵکوو وەک دەرفەتێکە کە ئەگەر بە شێوازێکی زانستی بناسرێ، دەبێتە هۆی یەکریزی و بەرزکردنەوەی ئاستی نەتەوەییی گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان.
بنەماڵەی زمانی کوردی لە چەند شێوەزار پێکدێت بەڵام بە هۆی هۆکارگەلی جوگرافیایی و سیاسی لە ڕابردوو، بە جۆرێک ئاخێوەرانی ئەم شێوەزارانە لە یەک دوور کەوتبوونەوە کە بۆن و بەرامەی چەند زمانی لە نێو بنەماڵەی نەتەوەی کوردی بۆ لێکدرابووەوە. ڕا و بۆچوونی برێک لە ڕۆژهەڵاتناسان لەسەر زمانی کوردی و زاراوەکانی، بە داخەوە بووەتە هۆی ئەوەی ئێستا کەسانێک لە نێو ئاخێوەرانی ئەم شێوەزارانە، بانگەشەی کیانێکی سەربەخۆ بۆ زارەکەیان بکەن. بە باوەڕی نووسەری ئەم وتارە، کەمتەرخەمیی ئەحزابی سیاسی وهەروەها دامودەزگای حکوومەتی لە هەرێمی کوردستان لە بەرانبەر گرینگیدان بە شێوەزارەکانی هەورامی و کەلهوڕی، دەرتانی خۆش کردووە تا ئەو کەسانە ئاهەنگی دوور کەوتنەوە(واگەرایی) لە کولییەتی زمانی کوردی لێبدەن.
مێژووی ئەدەبی کوردی ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخات کە بنەماڵەی ئەدەبی-زمانیی کوردی لە ڕێڕەوی مێژوویی خۆیدا لە لایەن هەموو شێوەزارەکانەوە خزمەتی پێ کراوە. بنەماڵەی زمانی کوردی وەک سیستەمێکی زیندوو بووە کە هەر جارێک لە لایەن یەکێک لە ئەندامانی سەرەکیی ئەم سیستەمەوە وزەی پێویستی وەرگرتووە و کوللییەتی سیستەم لە میرایی(ئانترۆپی) ڕزگار کراوە. تا بەر لە سەرهەڵدانی ناسیونالیسم بە شێوازی مۆدێرن، کۆمەڵێکی زۆر شاعیر و هەڵبەستڤان لە هەموو زارەکانی زمانی کوردی خزمەتی ڕاستەقینەیان بە کورد و کوردستان کردووە. لێرەدا وەک نموونەیەک لە پلۆرالیسمی زمانی و ئەدەبی ئاماژەیان پێ دەکەین کە بێگۆمان ئەم جۆرە لە خزمەت، هەڵگری پەیامێکی بەهێز بووە لە تۆلێرانس و پێکەوەبوون لە کوردستان.

### ١-٢-٣-کوردستان و ئەدەبی کرمانجی

دوابەدوای شەڕی چاڵدێران لە ساڵی ١٥١٤ زایینی و سەرکەوتنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەو شەڕەدا، خەلافەتی عوسمانی دەستی دایە بەهێزکردنی ئیمارەتە کوردییەکانی نێوان سنوورەکانی خۆی و حکوومەتی سەفەوی.
مەبەستی پاشایەتیی عوسمانی پێکهێنانی دیوارێک بوو لە گۆشت وخوێن لە نێوان خۆی ودوژمنەکەیدا، بۆ پاراستنی سنوورەکانی(شاکەلی، ١٣٨٤، ٢١٦).
بە هۆی ئەم سیاسەتەوە، بەشێک لە ئیمارەتە کوردییەکان دەرەتانی ئەوەیان پێ درا کە وەک ناوەندێکی فەرهەنگی کوردی خۆ بنوێنن و لە ئیمارەتی بۆتان یەکەم قوتابخانەی شیعری کلاسیکی کوردی لە زاری کرمانجیی باکووردا دابمەزرێ(هەمان سەرچاوە، ٢١٦).
مەلای جزیری(١٦٤٠-١٥٧٠)، وەک یەکەمین شاعیری نیشتمانی، وێڕای شیعر دانان لە بوارگەلی ئایینی و سۆفیگەرییەوە، بە فەراوانی و شانازییەوە، خۆشەویستیی نیشتمان و کوردستان لە بەرهەمەکانیدا دەردەکەوێ. وەک لەم دێڕە شیعرەدا کە بە جوانترین شێوە خۆشەویستی بۆ زێد و وڵاتەکەی دەردەبڕێ:

گوڵی باغی ئیرەمێن بۆتانم
شەب چراغی شەبی کوردستانم

دوابەدوای مەلای جزیری، ئەحمەدی باتایی، دانەری یەکەم مەولوودنامەی کوردی و فەقێ تەیران، ڕووناکیبەخشی ئەدەبی کوردی لە بەشی کرمانجی بوون. سەرهەڵدانی شێخ ئەحمەدی خانی لە ناوەڕاستی سەدەی شانزدەهەمی زایینی، بەڕاستی شۆڕشێکی

ئەدەبیی گەورە لە قۆتابخانەی کرمانجی بوو.
زانای پایەبەرز شـێخ ئەحمەدی خانی لە ساڵی ١٦٥٠ی زایینی لە شاری بایەزیدی کوردستانی باکوور، لە بنەماڵەیەکی بەناوبانگ لە دایک بووە و لە ساڵی ١٧٠٧ی زایینی لە تەمەنی ٥٨ ساڵیدا کوچی دواییی کردووە. خانی بێگومان یەکێک لە بەناوبانگترین شاعیرانی گەلی کورد لە سەدەی حەڤدەهەمی زایینی بووە کە بە زاری کرمانجی، خۆشەویستی بۆ گەلی کوردی نواندووە. ناسراوترین بەرهەمی خانی شاکاری «مەم و زین» بووە. هەرچەندە چیرۆکی مەم و زین، چیرۆکێکی دڵدارییە، بەڵام شێخ ئەحمەدی خانی، خۆشەویستیی گەلی کورد و کوردستانی بە جوانترین شێواز لەم دێڕە شیعرانەدا نیشان داوە:

بێگانە نەڵێن کە کورد نەزانن
بێ نووسەر وهۆنەر و زمانن
پێمان نەڵێ ویژەوانی بیر ورد
دڵداری نەبوو لە نێو گەلی کورد

هەروەها ئازار و ژێردەستەییی نەتەوەی کورد، ڕەنگدانەوەی بەرچاوی لە شیعرەکانی خانیدا بووە و ئەم زانا پایەبەرزە، نەهامەتیی گەلەکەی بە جوانترین شێوە و لە ڕوانگەیەکی خەسارناسییەوە لە چوارچێوەی شیعرەکانیدا هێناوەتە گۆڕێ:

چۆن بۆعەجەمان دەبووینە ژێردەست
ژێردەستی شتی وەها نەوی و پەست
هەر ڕۆژی بەرێ خودای توانا
ڕۆم وعەجەمی لەسەر مە دانا
بێ شەرمییە ژێردەسیی ئەمانە
ئەم شەرمە لە پیاوە گەورەکانە
سا خوایە لە تۆ سەیر دەمێنم
لەو گێژە چلۆن سەرم دەرێنم
کورد چۆن دەبێ دیل و چارەڕەش بن
کەی ڕاستە لە خۆشی دوورە بەش بن
بۆ بەخشش و دڵ بەناو و دەنگن
شێرن لە هەرا، پڵنگی جەنگن
(وەرگێڕاوی هەژار)

### ٢-٢-٣- کوردستان و ئەدەبی هەورامی

ئەدەبی هەورامی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ، لە زۆربەی بەشەکانی کوردستانی باشوور و ڕۆژهەڵات، وەک ئەدەبی سەردەست چاوی لێ کراوە و زۆرێک لە زانایانی کوردستان، لە ڕێگەی شێوەزمانی هەورامییەوە، خزمەتی گەلی کوردیان کردووە. ڕەنگە ئەو هۆکارانەی کە بوونەتە هۆی ئەوەی کە شێوەزمانی هەورامی بەتایبەت لە بواری شیعر و ویژەوانییەوە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن وەک زاری ئەدەبی خۆی بنوێنێ ئەمانەی خوارەوە بن:

**١** شێوەزمانی هەورامی پێشینەیەکی مێژوویی دێرینی هەیە و لە ڕووی دینییەوە جۆرە پیرۆزییەکی بووە.

**٢** زۆربەی سروود و پەخشانە دینییەکانی ئایینی یارسان، بە هەورامی هۆنراوەتەوە، ڕێبەر و عاریف و شاعیرە یارسانەکان لە هەر شوێنێکدا ژیابن، لە چوارچێوەی سروودە ئایینییەکانیاندا، فێری زمانی هەورامی دەبوون.

**٣** پاش گەیشتنی ڕێورەچەی نەقشبەندی بە هەورامان، ژمارەیەکی زۆر لە شاعیر و عاریفە گەورەکانی کورد، خەلیفە و موریدی شێخەکانی نەقشبەندیی هەورامان بوون و لەبەر ئەوەی ئەو شێخانەش بە هەورامی دواون، ئەوانیش بە زمانی پیرەکانیان شیعریان هۆنیوەتەوە و سۆزی خۆیان و پەیوەندیی ڕۆحییان لە دووتوێی شیعرکانیاندا خستووەتەڕوو. وەک مەولەوی، ئەحمەدی پریسی، مەحوی، بێخود وشێخ محەممەدی خاڵ و ئەوانی تر...

**٤** شیعری هەورامی بۆهۆنینەوەی شیعری کوردی بەتایبەت ئەو شیعرانەی کە لەسەر کێشی خۆماڵین شیرین و پاراوە(ئەیوب ڕۆستەم، ٢٠١١، ٤٢٩-٤٣٠).

بە هۆی ئەوەی کە زمانی ئەدەبیی ئەمارەتی ئەردەڵان هەورامی بووە، گەلێک شاعیری گەورە بەو زاراوەیە شیعریان هۆنیوەتەوە و خزمەتی ئەدەبی کوردییان کردووە(شاکەلی، ١٣٨٤، ٢١٧).

لە بەرچاوترین شاعیرانی قۆتابخانەی ئەدەبی هەورامی دەتوانرێت بە بێسارانی، مەولەوی، خانای قوبادی، سەیدی هەورامی و ئەحمەدبەگی کۆماسی ئاماژە بکەرێت. لێرەدا وەک پێشەنگی ئەدەبی هەورامی، ئاماژەیەکی کورت بە ژیانی بێسارانی دەکەین:

مەلا مستەفا کوڕی مەلاقوتبەدین و کوڕی مەلاشەمسەدینە. لە ساڵی ۱۶۴۱ی زایینی لە گوندی بێسارانی هەورامانی ژاوەرۆ لە دایک بووە. لە «نۆدشە» و «پایگەڵان» و «سنە» خوێندوویەتی و لە ساڵی ۱۷۰۲ی زایینی لە تەمەنی ۶۱ ساڵیداکۆچی دوایی کردووە.

بێسارانی شاعیری جوانی وخۆشەویستییە. لە تەمەنی لاویەتیدا، ئەویندارى کیژێکی پایگەڵانی بە نێوی (ئامینە) دەبی، ئەوینی ئامینە و سروشتی دڵڕفێنی هەورامان، هاندەرێک بوون کە هەستی پڕلە سۆزی بێسارانی، لە چوارچێوەی شیعردا چەکەرە بکات و ئەم شاعیرە گەورەیە وەک ئەستێرەیەکی پڕشنگدار لە ئاسمانی ئەدەبی کوردیدا بدرەوشێتەوە.

چڵێ نە پەنا چڵێ نە پەنا
چڵێ چون ڕەقیب مەدران نە پەنا
هۆرئامان مەدران نە ڕووی تەمەنا
مەربادی قودرەت بەدەرۆش فەنا
وەباد قودرەت لەتار لەتار بۆ
نمازۆ باڵای قیبلەم دیار بۆ
بسۆچۆ بە ئایر بازەدەی سەحەر
ڕیشەش جە زەمین بەربارۆ وەبەر
تا باڵای قیبلەم چون شەمعی خانان
بوینوو وە چەم جە بەرزە بانان
(دیوانی بێسارانی، ۲۲۴- ۲۲۵).

### ۳-۲-۳- کوردستان و ئەدەبی سۆرانی

دوابەدوای دامەزرانی شاری سلێمانی لە ساڵی ۱۷۸۴ی زایینی لە لایەن ئیبراهیم پاشای بابانەوە، لە ماوەیەکی کەمدا ئاستێکی بەرزی شارستانیی بە خۆیەوە بینی. هەبوونی ڕێژەیەکی زۆری قوتابخانە، مزگەوت، مامۆستا، مەلا و زانیار لە ماوەیەکی زۆر کەمدا ئەو شارەی کرد بە یەکێ لە گرنگترین ناوەندە فەرهەنگییەکان(شاکەلی، ۱۳۸۴، ۲۱۷).

گەشە و پەرسەندنی ئەدەبی سۆرانی لەو کاتەدا، هەر وەک دوو زاراوەکەی تری زمانی کوردی، بە حەول و تێکۆشانی زانایانی ئایینیی ئەو دەڤەرە بووە.

نالی (۱۸۷۰ یا ۱۸۵۵-۱۷۹۷)، سالم (۱۸۶۶-۱۸۰۰) و کوردی (۱۸۶۱-۱۸۰۰)، گەورە شاعیران و ڕێبەرانی ئەم قوتابخانەیەن (سەرچاوەی پێشوو، ۲۱۷) کە لێرەدا وەک دەسپێشخەر و بناغەدانەری ئەم ڕەوتە لە ئەدەبی کوردی، ئاماژەیەکی کورت بە ژیانی شاعیری پایەبەرزی نەتەوەکەمان، نالی دەکەین:

نالی، ناوی مەلا خدرە و کوڕی ئەحمەدی شاوەیسی ئالی بەگی میکاییلییە. لە ساڵی ۱۷۹۷ی زایینی لە گوندی خاکوخۆڵ لە دەشتی شارەزوور لە دایک بووە و لە ساڵی ۱۸۵۵ یان ۱۸۷۰ی زایینی، کۆچی دوایی کردووە.

مامۆستا نالی، سەرەڕای شارەزاییی تەواو لە زمانەکانی عەرەبی، فارسی و تورکی، بەڵام بە هەستێکی نیشتمانییەوە زۆربەی هۆنراوەکانی بە کوردی دادەنێ و بە شانازییەوە دەڵێ:

تەبعی شەککەرباری من کوردی ئەگەر ئینشا دەکا
ئیمتیحانی خۆیە مەقسوودی لە «عمدا» وادەکا
کەس بە ئە لفازم نەڵێ خۆ کوردیە، خۆکردییە
هەر کەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مەعنا دەکا
(دیوانی نالی، ۶۰).

کوردی نووسینی نالی، شۆڕشێک بووە لە کاتی خۆیدا و جورئەتێکی گەورەی ویستووە، تەنانەت ئەم زمانی نووسینەی ئێمە بە کاری دەهێنین سەرچاوەکەی لەم بەرەنگاربوونەوەی «نالی»یەوە دەست پێ دەکات(قەیس، کاکل تۆفیق، ۲۰۰۷، ۱۲۵).

نالی نیشتمانپەروەرێکی ڕووناکبیربوو و زۆر بەهیوا بوو کە حاکمی بابان بتوانێ سەربەخۆیی

کوردستان بەرانبەر بە داگیرکەریی تورکانی عوسمانی و ئێرانییەکان ڕاگرێ. هەرچەند لە دواییدا، بابان تێکشکا و چووە ژێر ڕکێفی تورکانەوە و نالی بە ناچار تەرکی وڵاتی کرد و پاشماوەی ژیانی نالی لە دیمەشق، ئەستەمبووڵ و مەککە چووە سەر(شاکەلی، ١٣٨٤، ٢١٨).

هەروەها لە قوتابخانەی ئەدەبی سۆرانی، زانایانێکی تری ئایینی وەک حاجی قادری کۆیی، شێخ ڕەزا تاڵەبانی، وەفایی، مەحوی، قانع، هەژار و هێمن و زۆرێکی تر لە زانایان، خزمەتی زمان و کەلتوری نەتەوەییان کردووە.

## ٣-٣- ئاسایشی نەتەوەیی لە کوردستان

ئەوەی کە ڕوون و بەرچاوە کوردستان هەم لە بواری سروشتی و هەم لە بورای ئینسانییەوە کۆمەڵگایەکی فرەچەشن و ڕەنگینە.

لەم وڵاتە لە بواری نەتەوەیی، جگە لە کورد، تورکمان، ئەرمەنی، ئاشووری، عەرەب و تورکیش هەیە و لە بواری ئایینی، موسڵمان، مەسیحی، ئیزەدی، یارسان و جوولەکەیش هەیە. ئەم جیاوازییە لە بواری نەتەوەیی و ئایینی، کوردستانی وەک نموونەیەکی جوان و سەرنجڕاکێش لە پیکەوەژیان و تۆلێرانس دەرهێناوە. بەدەگمەن بینراوە کە لە کوردستان، تاک یان کۆمەڵێک بە هۆی جیاوازیی نەتەوەیی و ئایینییەوە تووشی مەترسی و ئازار بووبێتەوە. ڕووداوەکانی ئەم سەدەیە کە سەدەی سەرهەڵدانی ناسیونالیسم و پرۆسەی هەڵقوڵاوی وڵاتان بووە، ئەو ڕاستییەمان بۆ نیشان دەدا کە نەتەوەکانی عەرەب، تورک وفارس، لە پرۆسەی دامەزرانی دەوڵەتی بەناو مۆدێرنی خۆیان و لە ڕەوتی «نەتەوەسازی»یان، چۆن گەلانی تریان بە هۆی جیاوازیی زمانی و ئایینی ئازارداوە و تووشی کۆشتوبڕ کردووەتەوە و لاپەڕەیەکی ڕەشیان بۆ نەتەوەکەیان تۆمار کردووە.

بە داخەوە ئەوەی کە ئەو نەتەوانە لە ژێر ناوی ناسیۆنالیسم و نەتەوایەتی بانگەشەیان بۆ کردووە؛ تەنیا جۆرێک لە فاشیسم بووە، چونکە بوونی خۆیان لە نەبوونی ئەوەی دیکەدا پێناسە کردووە. ئەوەی ناسیۆنالیسمی کوردی لە ناسیۆنالیسمی ئەوانی تر جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە کورد هیچکات بۆ شوناس و مانەوەی خۆی پەلاماری ئەوانی تری نەداوە؛ هەر بۆیە کاتێک نەتەوەکانی تر لێیان قەوماوە بە بێ دڵەڕاوکێ ڕوویان لە کوردستان کردووە و کوردستانیان وەک شوێنگەی ئارامی خۆیان زانیوە. هەموومان ڕووداوەکانی دوای هاتنی داعشمان بینیوە کە چۆن بە لێشاو هەموو نەتەوەکان بە زمان و ئایینی جیاوازەوە، ڕوویان لە کوردستان کرد و ئەم وڵاتە باوەشی گەرمی بۆ ئەوان کردەوە. ئێستا ئەم پرسیارە زەق دەبێتەوە کە کورد ئاوەها لەگەڵ نەتەوەکانی تر هەڵسوکەوتی کردووە، دەبێ لەگەڵ ڕەنگینیی زمانی و ئایینیی نەتەوەکەی خۆی چۆن هەڵسوکەوت بکات؟

هەروەک پێشتر ئاماژە کرا، کوردستان لە بواری زاراوەیی و ئایینییەوە، لە نێوان چەندین ئایین، ئایینزا و زاراوەدا دابەش کراوە و هەر ناوچەیەک، بەهۆی زمان و ئایینەوە تایبەتمەندیی خۆی پێ بەخشراوە. هەرچەندە کوردستان لە بواری زمانی و ئایینی تا ڕادەیەک جیاوازیی پێوە دیارە بەڵام هەموو گەلی کورد لە ڕەوتی نەتەوایەتی و بزاڤی ڕزگاریخوازانەدا بە شێوەیەکی ڕێژەیی نرخی شوناسخوازیی خۆی داوە. هەبوونی ئایین و زاراوەی جیاواز لە کوردستان، پێویستیی پلۆرالیسمی زمانی و فەرهەنگی لەم وڵاتە زەق دەکاتەوە. دووپات کردنەوەی ئەزموونی وڵاتانی دراوسێ لە سازدانی سیاسەتی فەرهەنگی ونەتەوەیی لە بەڕێوەبردنی وڵات، بۆ کوردستان، هەڵەیەکی ڕووخێنەرە. خەڵکی کوردستان بە هەموو جیاوازییەکانەوە خۆیان لە چوارچێوەی یەک نەتەوەدا پێناسە دەکەن، بۆیە هەریەک لە زمان و ئایینەکان، کوردبوون وەک ماف ومەشرووعییەتێک بۆ مانەوەی فەرهەنگی خۆی دەزانێ. پلۆرالیسمی

فەرهەنگــی لە کوردســـتان، ڕێخۆشــکەرە بۆ بووژانـــەوەی فەرهەنگی، زمانی وئایینی، بە بێ تێکچوونی کوللییەتی فەرهەنگی و نەتەوەیی. هەروەک لە باســی زمانی هاوبەشدا باس کرا، هەبوونی زمانێکی هاوبەش بۆ کوردســـتان لە پاڵ خوێندنی دەرەتانی خوێندن و پەروەردە بۆ زاراوەکانی تر، ئاستی تێگەیشتنی نەتەوەیی و حورمەتی شـــارۆمەندی بەرزتـــر دەکاتەوە. پلۆرالســـیمی فەرهەنگی لە کوردستان، زامنی ئاسایشـــی نەتەوەیی دەبـــێ، چونکە یەکێک لەو خاڵانەی کە ناحەزانی کورد و کوردســـتان هەمیشـــە هەوڵیان بـــۆ داوە، بە هۆیەوە درز و تەگەرە بـــۆ یەکییەتیی کوردان ســـاز بکەن، باســـی چەنـــد زاراوەیـــی و چەنـــد ئایینی لە کوردستان بووە. ئەگەر حیزبە سیاسییەکان و یان کۆڕ و کۆمەڵە ڕۆشنبیرییەکانی کوردستان، دان بە واقیعە جوگرافیاییەکانی کوردستان و یـــەک لەوان، تێکەڵاویـــی فەرهەنگیدا بنێن و بەرەبەرە باسی پلۆرالیسمی زمانی و فەرهەنگی لە کوردســـتان تیئۆریزە بکرێ؛ بە دڵنیاییەوە پیلانی ناحـــەزان کە ماوەیەکە لـــە ژێر ناوی جیاوازیی زمانی و ئایینی خەریکی دووبەرەکی گێڕان لەناو گەلی کورددان پووچەڵ دەکرێتەوە. ئاسایشـــی نەتەوەیی، پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە مەشرووعییەتی دەســـەڵاتەوە هەیە. ئەگەر دەســـەڵاتێک لەنێو خەڵکی خۆیدا دانپێدانراو نەبێ و شارۆمەندانی ئەو وڵاتە هەست بە مافی شـــارۆمەندی نەکەن، لە درێژخایەندا ئاسایشی نەتەوەیی لە ناوخۆدا تووشی هەڕەشە و مەترسی دەبێ. ئاسایشی نەتەوەیی لە کوردستان، بەندە بە پتەوکردنی ڕیزەکانی ناوخۆ. کوردســـتان بە هۆی هەڵکەوتەی جوگرافیایی خۆی، لەگەڵ مەترســـیی دوژمنانی دەوروبـــەری بەرەوروویە و لە ئەگەری ســـەربەخۆیی و یان دەســـەڵاتی ناوچەیـــی لـــە پارچەیەکیـــدا؛ لـــە دوژمنی و گەمـــارۆی ناحـــەزان بێبـــەری نابـــێ، بەڵام گرینگترین خاڵ بـــۆ دەربازبوون و خۆڕاگری، پووچەڵکردنەوەی خاڵە لاوازە ناخۆییەکانە کە بە دڵنیاییەوە چەند زاراوەیی و چەند ئایینی، یەکێک لـــە گرینگترینی ئـــەو خاڵانەیە کە دەبێ بە پراکتیزەکردنی سیاسەتی پلۆرالیسمی فەرهەنگی، ئاسایشـــی نەتەوەیی لە کوردستان بە شێوەیەکی بنەڕەتی مسۆگەر بکرێت.

## ئاکام

بـــە ئاوردانەوەیەک لەو باســـانە کە ورووژان و لـــە وڵامدانەوە بە پرســـیاری ســـەرەکیی ئەم وتارەدا، بۆمان دەردەکەوێ کە پراکتیزە کردنی سیاســـیەتی پلۆرالیســـمی فەرهەنگی و زمانی لە کوردســـتان، پێویســـتییەکی هەنووکەییە و کەمتەرخەمی لەم بـــوارەدا لە لایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە، لە درێژخایەندا بەرژەوەندی و ئاسایشی نەتەوەیی دەخاتە مەترسییەوە.

هـــەروا کە پێشـــتر ئاماژەمان پـــێ دا، لە پێناو پراکتیزەکردنی سیاســـیەتی پلۆرالیسمی فەرهەنگـــی، هەبوونی زمانێکـــی هاوبەش لە کوردستان پێویســـتییەکی حاشـــاهەڵنەگرە. هەبوونی زمانـــی هاوبەش لە کوردســـتان بە مانـــای ســـەرەوەری و فەخری شـــێوە زمانێک بەســـەر زمانەکانی تردا نییە؛ بەڵکوو مێژووی ئەدەبی کوردی ئەو ڕاستییەی سەلماندووە کە بەپێی بارودۆخی ســـەردەم، هەرجارە یەکێک لە شـــێوەزارەکانی زمانی کوردی وەک زمانی هاوبەش، لە لایەن بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی کوردستانەوە کەڵکی لێ وەرگیراوە و لە ڕەوتی مێژوویی خۆیـــدا خزمەتی پێ کراوە. بۆ وێنە ئەدەبـــی هەورامی بۆماوەیەکـــی دوورودرێژ، لە زۆربەی بەشـــەکانی کوردســـتانی باشـــوور و ڕۆژهـــەڵات، وەک ئەدەبی سەردەســـت چاوی لێ کراوە و زۆرێک لە زانایانی کوردســـتان، لە ڕێگـــەی زمانی هەورامییـــەوە، خزمەتی گەلی کوردیان کردووە.

هەبوونـــی زمانـــی هاوبـــەش لە ئاســـتی سەرانســـەریی کورســـتاندا، ئەگـــەر بە مانای پەراوێز خســـتن و لەناوبردنی شیوەزمانەکانی تـــری کوردی بێـــت، ئـــەوە دووپاتکردنەوەی

پڕۆژی سەقەتی «nation-state» لە ڕۆژهەڵاتی ناوراست دەبێ کە لە یەک سەدەی رابردوودا لە وڵاتانی ناوچە بە شێوەیەکی ناشیانە پەیرەوکراوە. هەبوونی دەرەتانی خوێندن بە زمانی زگماکی لەپاڵ زمانی هاوبەش لەو ناوچانەی کە زمانێکی جگە لەزمانی هاوبەشیان هەیە، نەتەنیا دەستە واژەی قێزەونی «تەمامییەتی ئەرزی» ناخاتە مەترسییەوە، بەڵکوو هەستی نەتەوایەتی لەئاستی سەرانسەری وڵاتدا زۆر بەهێزتر دەکات. کاتێک شارۆمەندی وڵاتێک هەست بە بەرپرسیارێتی لە ئاست خاک و نیشتماندا دەکات کە هەموو مافە ئێنسانییەکانی پارێزراو بن.

ئاسایشی نەتەوەیی لەهەر وڵاتێک کاتێک سەقامگیر دەبێ کە هەموو شارۆمەندانی ئەو وڵاتە مافەکانیان پارێزراو بێت. ئەمرۆکە ئەزموونی وڵاتانی نادێموکرات ئەو راستییەی سەلماندووە کە ئاسایشی نەتەوەیی، لە ڕێگای هێزی سەختەوە دابین ناکرێ و سیاسەتی پەراوێزخستن و سەرکوت، نەتەنیا داوا ڕەواکان دانامرکێنێتەوە، بەڵکوو داخوازە مەدنییەکان بەرەو ئاقارێکی ڕادیکاڵ و چاوەڕواننەکراو دەبات.

گەلی کورد، سەرەڕای جیاوازی لە برێک لە تایبەتمەندییەکان وەک شێوازی ئاخافتن، بەڵام لە بواری جوگرافیایی و سەرزەمینی، مێژوویی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی، ئایین و بیر و باوەڕ و بیروەوریی سیاسی و هەستی نیشتمانی، بە یەک نەتەوە دەژمێردرێن و لەم ڕووەوە، هەرجۆرە هەوڵدانێک بۆ جیاوازیخستن لەناو نەتەوەی کورد، هەنگاوی پێچەوانەیە و دژی هەموو ڕاستییە مێژووییەکانە. کورد نابێ بە هیچ شێوازێک لە بەرانبەر جیاوازییەکان، لە ئەزموونی پڕ لە کێشەی وڵاتانی دەوروبەری خۆی، لە شێوازی حوکمڕانی کەڵک وەربگرێت. کوردستان بە هەموو ڕەنگەکانیەوە ڕەنگین و ڕازاوەیە، بۆیە پراکتیزەکردنی سیاسەتی پلۆرالیستی بۆ بەڕێوەبردنی حوکمڕانیی وڵات لە هەموو بەشەکان بە تایبەت بەشی زمان وفەرهەنگ، نەتەنیا ئاسایشی نەتەوەییی کوردستان تووشی مەترسی نابێت، بەڵکوو هەموو خەڵکی وڵات بە هەست و ئاوازێکی قووڵەوە پارێزی سەروەری و بەرژەوەندیی نیشتمانی دەبن.

## سەرچاوەکان


- آشوری، داریوش، (١٣٧٩)، دانشنامه سیاسی، تهران، انتشارات مروارید.
- ئەیوب ڕۆستەم، هەورامان لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی کلتوورییە، بەرگی یەکەم ودووەم، ٢٠١١، سلێمانی، مەڵبەندی ڕۆشنبیریی هەورامان.
- بیشکچی، ئیسماعیل، کوردستان کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتی، وەرگێر:حەمەرەشید، ٢٠٠٢، سلێمانی.
- ترادگیل، پیتر، زبان شناسی اجتماعی، درآمدی بر زبان وجامعه، ترجمه: محمد طباطبایی، ١٣٧٦، تهران.
- حافظ نیا، محمدرضا، مفهوم وتعریف ملت، ١٣٨٨، جزوه کلاسی، دانشگاه تربیت مدرس تهران.
- حسینی، باباشیخ، هامشی بردانش زبانشناسی، ١٣٨٠، سنندج، نشرژیار.
- حەمە خورشید، فوئاد، زمانی کوردی ودیالێکتەکانی، ٢٠٠٨، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم.
- شاکەلی، فەرهاد، شیعری کلاسیک و نوێی کوردی، وەرگێر: جەلیل کەریمی، ١٣٨٤، وەرزنامەی فەرهەنگی، ئەدەبی، کۆمەڵایەتیی زرێبار،ساڵی نۆهەم، (٥٩، ٥٨).
- شاکەلی، فەرهاد، زمانی کوردی لە ئاستانەی سەردەمێکی تازەدا، ٢٠١١، هەولێر، دەزگای چاپ و پەخشی ئاراس.
- شوانی، ڕەفێق، زمانەوانی، کۆمەڵێک وتار، ٢٠٠٩، هەولێر، دەزگای موکریانی.
- شوانی، ڕەفێق، زمانی کوردی و شوێنی لەناو زمانە کانی جیهاندا، هەولێر، ٢٠٠٨، دەزگای موکریانی.
- کاگڵ تۆفێق، قەیس، ئاسایشی نەتەوەیی و پلانی زمان، ٢٠٠٧، دەزگای ئاراس
- گیدنز، آنتونی، (١٣٨٤). جامعه شناسی، ترجمه: منوچهر صبوری، تهران، نشر نی.
- کریستال، دیوید، انقلاب زبانی، ترجمه: شهرام نقش تبریزی، ١٣٨٥، تهران، ققنوس
-هیوود، اندرو، (١٣٩٦)، سیاست، ترجمه: عبدالرحمان عالم، تهران، انتشارا ت نی.
- مجتهدزاده ، پیروز، جغرافیای سیاسی وسیاست جغرافیایی، ١٣٨١، تهران، سمت.
- Guibernau,Montserrat,(2004). Antony D,Smith on Nations and National Identity: a Critical assessment. Nation and Nationalism 10(1/2). 2004. 125-141.
-Glassner,martin,Faberer,chuak,(2004). political geography ,third edition.
- Glassner,martin. (1993). Political geography.
- Short Rennie ,John(1993). An introduction to political geography, second edition, Routledge.
- Lima Anderson and CarethStansfield, The future of Iraq,Dictatorship, Democracy,or Division?, 2004,Newyork,Palgrae macmilln.
- www. Britannica. com
www. merriam-webster. com

# فێمێنیسم و سینەما

چەکۆ ڕۆژهەلاّت

”
ئامانجی فێمێنیستەکان لە سەرەتاوە ئەوە بوو کە شێوازی دەسەلاّت و پەیوەندییە دەروونی/ کۆمەلاّیەتییەکان کە ببوونە هۆی دروست بوونی کۆمەڵگایەکی باوکسالار ئاشکرا بکەن و ڕەخنەی لێ بگرن. لە کەنار ئەم هەڵوێستەشدا هەوڵ بدەن بە دابین کردنی ئەندێشەی شیکاریی فیلم و نیگایەکی ڕەخنەگرانە، پەیوەندییە کۆمەلاّیەتییەکان کە لەسەر بنەمای ڕەگەزی پێکهاتوون، بگۆڕن و تێکی بدەن. چون بەو قەناعەتە گەیشتبوون کە پیشەی سینەما، تەواو لە دەست پیاواندایە و ئەندێشەی نێرینە تەواوی بەشەکانی بەرهەمهێنانی فیلمی بەدەستە.
“

بزووتنەوەکانی سەدەی بیستەم لە شۆڕشی یەکیەتیی سۆڤیەتەوە تا بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوەی خوێندکاری و شەپۆلی دووهەمی جووڵانەوەی ژنان، هەموویان گرینگییەکی تایبەتیان بە سینەما داوە، لەبەر ئەوەی سینەما دیاردەیەکی گشتگیرو سەرنجراکێشە. ئەم تایبەتمەندییە بووەتە هۆی پەرەسەندنی بیر و هزری جیاواز لە ناو نووسەرانی بواری سینەمادا.

دوای بزووتنەوەی خوێندکاری-کرێکاریی مانگی مەی ١٩٦٨ لە فەرانسە، هێورهێور، شاهیدی دوورکەوتنەوەیەکی فکری لە مارکسیسم وەک تەنیا ڕێبازی دیاری ئەو قۆناغە دەبین. هەرچەند ئەم دوورکەوتنەوەیە بە واتای دابڕان لە سیاسەتەکانی مارکسیسم لە ناو ڕێکخراوە دژبەرەکانی دەسەڵات نەبوو بەڵکوو بەو واتایە بوو کە ویست لەسەر پرسە چینایەتییەکان کەمتر دەبێتەوە و خواست لەسەر کۆمەڵێک پرسی نوێ وەکوو کێشەی بنچینە، ڕەگەز و هەروەها پرسگەلی ڕەگەزی دەست پێ دەکات.

بێگومان لە حەفتاکانەوە تا ساڵانی نەوەدی زایینی، ئەتوانین بڵێین دەستپێک و گەرمەی فیکر و ئەندێشەی فێمێنیستەکان بووە. هەر لە ساڵانی حەفتاکاندا باس لەسەر فیلم و سینەما وەک دیاردەیەکی مۆدێرنی هاوچەرخ، ئەچێتە ناو ڕۆژەڤی ئەندێشمەندانی فێمێنیست.

ئامانجی فێمێنیستەکان لە سەرەتاوە ئەوە بوو کە شێوازی دەسەڵات و پەیوەندییە دەروونی/ کۆمەڵایەتییەکان کە ببوونە هۆی دروست بوونی کۆمەڵگایەکی باوکساڵار ئاشکرا بکەن و ڕەخنەی لێ بگرن. لە کەنار ئەم هەڵویستەشدا هەوڵ بدەن بە دابین کردنی ئەندێشەی شیکاریی فیلم و نیگایەکی ڕەخنەگرانە، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کە لەسەر بنەمای ڕەگەزی پێکهاتوون، بگۆڕن و تێکی بدەن. چون بەو قەناعەتە گەیشتبوون کە پیشەی سینەما، تەواو لە دەست پیاواندایە و ئەندێشەی نێرینە تەواوی بەشەکانی بەرهەمهێنانی فیلمی بەدەستە.

فێمێنیستە ڕەخنەگرەکان هەوڵیان ئەدا کە گرینگی بە گرفتگەلی وەک دەستدرێژیی سێکسی، سووئیستفادەی ڕەگەزی و مافی لەباربردنی منداڵ، بدەن و بەردەوام بیخەنە ڕۆژەڤی باسەکانیانەوە.

فێمێنیسمی سینەمایی، هاوشێوەی ڕەوتی گشتیی فێمێنیسم، لەسەر بنەمای کۆمەڵێک نووسراوەی فیکریی فێمێنیسم وەکوو « ژوورێک بە دیمەنگەوە» لە نووسینی ویرجینیا وولف و هەروەها «ڕەگەزی دووهەم» لە نووسینی سیمین دوبوار دەست، پێ دەکات.

شەپۆلی فێمێنیستی بۆ خوێندنەوەی فیلم، یەکەم جار لە فێستیواڵی فیلمی ژنان لە نیۆیۆرک لە ساڵی ١٩٧٢ دەست پێ دەکات کە هاوکاتە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی کۆمەڵێک کتێبی گشتپەسەندی فێمێنیستی لە سەرەتای حەفتاکاندا کە دیارترینیان بریتییە لە «لە ڕێزلێنانەوە بۆ دەستدرێژی: بۆچوونێک لەسەر ژنان لە فیلمدا» لە نووسینی مالی هاسکڵ.

مالی هاسکڵ، لەم کتێبەدا باس لەسەر مێژووی ژنان لە ناو سینەمادا دەکات. هاسکڵ باوەڕی وایە ئەو وێنە و ئیماژەی کە لە ژنان لە بەشێکی زۆر لە فیلمەکاندا نیشان دەدرێت، زۆر جار ئاستی کەسایەتیی ژنانی ناو فیلمەکان ڕادەگرن. ژنانی ناو فیلمەکان ئەبنە دایکانێک کە بۆ منداڵەکانیان و خێزانەکەیان لەخۆبردووییەکی فیداکارانە نیشان دەدەن یان ژنانێکن کە عاشقانە بۆ ئاسایش و خۆشگوزەرانیی بنەماڵەکانیان هەوڵ دەدەن یان ژنانێکن کە بەس بۆ ڕوخسار و ئەندامی سێکسییان کەڵکیان

لێ وەردەگیرێت. هاسڵ باوەڕی وایە کە ئەم دووپات و چەندپات بوونەوەیە بە شێوەیەکی سیستەماتیکە بۆ ئەوەی ژن لەو چوارچێوەیەدا رابگرن و وێنەیەکی رۆتین و هەمیشەییان لێ دروست کەن.

هاسڵ لە درێژەدا باس لەوە دەکات کە دوای ساڵانێک، وێنەی ناواقیعیی سینەما لە ژنان، وای کرد کە کۆمەڵێک ژنی سینەماگەر پێبگەن کە لە حەقیقەتدا ئەوان بە دروستکردنی وێنەیەکی واقیعی لە خۆیان، ئەم کەمتەرخەمییە قەرەبوو بکەنەوە و ئەو بەشە نادیارەی کە ساڵانێک بە هۆی سینەمای وێستێرنەوە بەردەوام بێ رێزی و توندوتیژی بەرانبەر بە کەسایەتیی ژنان دەکرا، بە بەرهەمهێنانی فیلمەکانی خۆیان نیشانی بینەری بدەن.

لەوڕا مالووی یەکێک لە کەسایەتییە گرینگەکانی رەخنەگری فێمێنیستیی فیلمە کە لە ساڵی ١٩٧٣ی زایینی وتارێک بە ناونیشانی «چێژی بینین و سینەمای چیرۆکی» بڵاو دەکاتەوە. مالووی لەم وتارەدا بە ئیلهام وەرگرتن لە بۆچوونەکانی لاکان و فرۆید هەروەها بابەتی هێماناسینی کریستییەن مێتز، دەست دەکات بە لێکۆڵینەوە لەسەر سینەمای هالیوودی ئەمریکا و بە تایبەت دەرهێنەری بەناوبانگ ئالفرێد هیچکاک.

مالووی لە پەیوەندی لەگەڵ چۆنیەتیی دروست بوونی چێژی بینین لە سینەمادا دەنوسێت: لەسەر بنەمایەکی ژیرانە و لێزانانە و رەزامەندانە چێژی بینین وەدی هاتووە. پیشەی سینەما بۆ بەدەستهێنانی داهاتوو و گەڕانەوەی ئەو پارە زۆرەی کە سەرفی فیلمەکانی دەکات، هەوڵ ئەدات شێوازێکی ئێرۆتیک و سێکسی لە روانگەی سیستەمێکی پیاوسالارانەوە لە بەرهەمەکاندا دابین بکات.

مالووی بە خستنە ژێر پرسیاری بابەتێکی گرینگ لەسەر سوڵتەی نیگای واقماو (نگاه خیره/ gaze)ی، پیاوان بۆ پەردەی سینەما دەڵێت: لە جیهانێکدا کە لەسەر بنەمای نایەکسانیی رەگەزییە، چێژ لە بینین بە دوو بەشی کارا و چالاک/ پیاو، ناکارا و خەساو/ژن دابەش بووە.

> **فێمێنیسمی سینەمایی، هاوشێوەی رەوتی گشتیی فێمێنیسم، لەسەر بنەمای کۆمەڵێک نووسراوەی فیکریی فێمێنیسم وەکوو «ژوورێک بە دیمەنگەوە» لە نووسینی ویرجینیا وولف و هەروەها «رەگەزی دووهەم» لە نووسینی سیمین دوبوار دەست، پێ دەکات**

بە شێوەی نەریتی، نمایشی ژن لە دوو ئاستدا ئەتوانێت کاریگەریی هەبێت. یەکەم بە واتای بنەماگەلی ئێرۆتیک بۆ کەسایەتیی ناو چیرۆکەکە و ململانێی ناو چیرۆک و دووهەم بە واتای بنەماگەلی ئێرۆتیک بۆ بینەری ناو هۆڵی سینەما . ئەم دوو جۆر بینینە چ لە ناو فیلمەکەدا و چ لە دەرەوەی فیلمەکە، بە نیسبەت کەسایەتیی ژنەوە دێتە ئاراوە.

مالووی لە وتارەکەی خۆیدا باس لە سێ ئاستی نیگای واقماو(نگاه خیره) بە سەر پەردەی سینەمادا دەکات، کە بە ئامرازی کامێرا، کەسایەتییەکانی ناو فیلمەکە و بینەران لە ناو هۆڵی سینەمادا، پێکدێت. ئەو نیگایانەی کە شوناسی کەسایەتیی ژنی ناو فیلمەکە دابین ئەکەن و ئەو دەخەنە بەر چاوی بینەر.

لە رابردوودا چوارچێوەی رەخنەی فێمێنیستی لەسەر شرۆڤەی فیلمەکاندا تەرکیزی دەکرد بەڵام ئێستاکە رەخنە و شیکاریی فێمێنیستی بە کەڵک وەرگرتن لە بیرمەندانی وەکو مالووی، مێری ئان دوان، باربارا کرید و کارۆل کلاوەر، باڵی بەسەر تەواوی جومگەکانی مۆلتی میدیا

و سۆشـــیال میدیا پڕبینەرەکانـــدا گرتووە. بەشێکی نوێ لە خوێندنەوەی فێمینیستیی فیلم، تەرکیزی لەســـەر مێژووی فیلمسازە ژنەکانــە و لە کەناریدا دەســـت ئەکەن بە ناسینی ژنانێک کە لە پشتی کامێران و لە بەشە جیاجیاکانی پیشەی سینەمادا، وەکوو بەشـــی دەرهێنان، نووسین و بەرهەمهێنان و ... کار دەکـــەن. هەروەها ژنانێـــک کە لە ستۆدیۆ فیلمسازییە شەخسییەکانی خۆیاندا چالاکن.

فێمینیســـتەکان لە ســـەر ســـینەما و فیلمســـازی هەڵوێســـت و چالاکییـــان بە دوو شـــێوە بەردەوام بـــوو. یەکەم: پەرەیان بە ڕەخنەی فێمینیســـتی لەســـەر فیلم دا و وەک شـــێوازێکی بەرچاو لـــە ناو ڕەخنە سینەماییەکاندا جێگیریان کرد.

دووهەم: یارمەتیی کۆمەڵێک فیلمسازیان دا، بەتایبەت ژنانێکی فیلمساز وەکوو شانتاڵ ئاکرمـــەن، ئەنیس واردا، جیـــن کەمپیون، میرا نایێر و ... و چەندین فێستیوالی فیلمی تایبەت بە ژنان، دەستیان بە چالاکی کرد.

پســـپۆڕانی ڕەخنـــەی فێمینیســـتیی فیلم، باوەڕیـــان وایە کـــە نابێت ڕەخنەی فێمینیســـتی لە فیلمەکان، تەنیا لەســـەر پرســـی ڕەگەز بێت، بەڵکوو ئەبێت لەســـەر بابەتی ئینتەرسکشنالیتییەکانی دیکە وەک چینـــەکان، بنچینە، مەزهەبە شـــاراوەکان، ڕەشپێســـتەکان بێـــت و هەروەها لەســـەر دژایەتیی ئیمپریالیسم تەرکیز بکات.

ئـــەم ڕەخنەگرانـــە پێداگری لەســـەر یەکســـانیی ڕەگەزی و هەروەها جیاوەزییە ڕەگەزییەکان و ســـەرنجدان بە بایەخەکانی فێمینیســـتی بەتایبەت لابردنی هەر شێوە ژێردەستە بوونی ژنان لە سینەمادا دەکەن. ئـــەوان باوەڕیان وایە ئیتـــر نابێت چیدیکە کاراکتـــەری ژنان لـــە فیلمەکانـــدا، تەنیا ببێت بە کەســـایەتیی فێلباز و شـــەهوەتی وعیشوەگەر (Femme Fatal)

دواتر کەسایەتییەکی دیکەی فێمینیست بە ناوی ئانا فیوورلۆهم، لە لێکۆڵینەوەکانیدا لەســـەر شـــیکاریی فێمینیســـتیی فیلم، باس لەســـەر ئـــەوە دەکات کـــە لە فیلمی فێمینیســـتیدا دەبێت تـــەواوی چوارچێوە و بنەماکانـــی کە پێشـــووتر لە ســـینەما و فیلمســـازیدا ئەزموون کراون، وەلا بنرێن و بچنە ژێر پرســـیار و ململانێـــی بابەتی. بە باوەڕی فیوورلۆهم، فیلمە فێمینیستییەکان ئەبێت لەســـەر بنچینە پەراوێزخراوەکان و چینەهەژارەکان، هاوڕەگەزخوازان و خواستە ڕەگەزییە جیاوازەکان بن.

هەروەها فیلمە فێمینیسییەکان دەبێت پێداگری بکەن و ڕەخنـــە لە جومگەکانی دەسەڵات و قەوارە سیاســـییە ناروونەکان بگـــرن و ئەو کەســـانەی کـــە ئەیانهەوێت فیلمی فێمینیســـتی دروست بکەن، نابێت بۆخۆیان ئەندام یان بەشـــداری دەسەڵات بن و لە هەموو کاتـــدا ئەبێت خۆیان دوور ڕاگرن.

فیلمێکی فێمینســـتی، پێویست ناکات حەتمەن ژنـــان بەرهەمی بێنـــن؛ گرینگ ئەوەیە بابەت و ناوەرۆکی چیرۆکی فیلمەکە، باس لە پرسە فێمینیستییەکان بکات.

## کۆمەڵێک فیلمـــی گرینگی مێژووی سینەمای فێمینیستی

1. خوێـــی زەوی – لە دەرهێنانی هێربێرت بیبێرمەن ١٩٥٤
2. من تۆ ئەو ئەو – شانتاڵ ئاکرمەن ١٩٧٤
3. جولیا – فرێد زینەمان ١٩٧٤
4. ماڵ بە کۆڵدا – ئانیس واردا ١٩٨٥
5. تلما و لوییز– ڕیدلی ئیسکات ١٩٩٠
6. پیانۆ – جین کەمپیۆن ١٩٩٣
7. وێنـــەی یەک خاتوون – جین کەمپیۆن ١٩٩٦
8. گوم بوو لە ناو وەرگێراندا – سوفیا کاپۆلا ٢٠٠٣

# «شیکاری»

# فێمینیزم، ژن، نەتەوەخوازی، کۆمەڵگا: دەربازبوونی کۆمەڵگایەکی بندەست

ڕووناهی ڕۆژهەلات

”
ڕوانگەی فێمێنیستی لە کۆمەڵگایەکی بندەستدا چۆن خۆی دەبینێتەوە؟ دەرخستن و لێکدانەوەی پەیوەندیی نێوان ژن و چین و نەتەوە و ژینگە ئامانجی ئەم وتارەیە. ڕەوت و ڕێبازە سیاسییەکانی کوردستان بەگشتی خاڵێک یان چەند خاڵیان لەبەرچاو نەگرتووە. پێویستە لە داڕشتنەوەی ستراتێژیی چالاکیی لایەنە سیاسی و ڕەوتە کۆمەڵایەتییەکاندا، ئەم خاڵگەلە و پەیوەندیی نێوانیان وەکوو بنەما هەژمار بکرێن.
“

## پێشەکی

بندەست بوون ئەو دۆخەیە کە هیچکام لەو ڕەوت و ڕێبازە سیاسییانە وا بۆ کۆمەڵگای بندەست خەبات دەکەن، نکۆڵیی لێ ناکەن. تەنانەت ئەگەر بە هەڵەشدا چووبێتن. ناروونیی ئیدیۆلۆژییە جیاوازەکان کە لە نارووني چەمک و پێوەر و ئاراستەکانیانەوە دێت، بە ئێستەیشەوە لە سەرهەڵدانی ڕەوتی ڕزگاریخوازیی گشتگیر بۆ ڕزگاریی کوردستان، ڕێگر بووە. کە دەڵێین کوردستان، ئەو لایەنانەی خۆیان بە مافخوازی ڕەگەزی و چینی هەژار و ژینگە و... دەزانن، بەرهەڵستی وشەی کوردستان دەبنەوە. ئەگەر بە پێوەری زانست و ڕاست بینین و بنەماکانی بە سیستەمبوون لە بابەتەکە بڕوانین، هەڵوێستەی ئەوان لە ڕاستییەکانی کۆمەڵگای کوردستانەوە سەرچاوە دەگرێت. بەڵام چۆنیەتیی ئەم پەیوەندییە، شێوەی وێنا کردنی کوردستان لای ئەوان دیاری دەکات. لایەنی دەروونی و زەینیی هەڵوێستەکەیان ژێرخانی ئاراستەی سیاسی – کۆمەڵایەتیی ئەو لایەنانەیە. لەم وتارەدا هەوڵ ئەدەم نەشتەری ڕەخنە بۆ هەموو ڕەوت و ڕێبازە سیاسییەکانی کوردستان بخەمەگەڕ. سەرەتا ڕەوتە نەتەوەخوازەکان و پاشان خوێندنەوەی چەپی جیهان سێیەمی و فێمێنیزم و ... لە کۆتاییدا ڕوونکردنەوەی پەیوەندیی ڕاستەقینەی ڕەهەندەکانی کۆمەڵگای کوردستان لە ڕێگای ڕزگاریدا دەخەمە بەر باس. وتارەکە بۆیە ئەو سەردێڕەی هەیە کە ژن ڕەهەندێکی گرنگی هەموویانە و بەشێک لە دژایەتیی ڕەوتە جیاواز/ دژبەرەکان، بۆ شێوەڕوانینیان بۆ ژن دەگەڕێتەوە.

ڕەوتی نەتەوەخواز و ژن: دینامیسمی کۆمەڵگای کورستان بە پێی شەپۆلی نەتەوەخوازی نەگۆردرا. بەڵام دە ستەبژێرە نەتەوەخوازەکان، سۆزدارانە ویستیان وێنایەک لە کۆمەڵگای کوردستان نیشان بدەن کە تەنانەت لە پێش مۆدێرنیشەوە مافی ژن لەم کۆمەڵگایەدا شەرعییەتی پێ دراوە و ژن دەورێکی بەرچاوی لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا هەبووە. لە ڕاستیدا بێجگە لە ئەو دەستەبژێرانەی کە لە ئورووپا لەگەڵ نەتەوەخوازیدا ئاشنا بوون، درێژەی ئەو ڕەوتە لە ژێر کاریگەریی ناسیۆنالیزمی ساختەکاری تورک و عەجەمدا بووە. ناسیۆنالیزمی تورک و عەجەم بۆ سەلماندنی ڕەوابوونی خۆیان بە تەتەوەی خۆیان و خۆسەپاندنیان بە سەر نەتەوە ژێردەستەکاندا کە بە دەستێوەردانی زلهێزان و نەزانکاریی خودی ئەو نەتەوەگەلەوە بە سەریاندا زاڵ ببوون، چاخی زێڕینی پێش‌مێژوویان بە دزی و ساختەکاری ساز کرد. لەو چاخەدا مافی مرۆڤ، مافی ژن، مافی هەژاران پارێزراو بوو. لە گۆڕینی دەقی نووسراوەی کوورشی هەخامەنشیدا کە حکوومەتی پەهلەوی کردی، بە ڕوونی دەردەکەوێت. نەتەوەخوازیی کرچوکاڵی کورد هەوڵیدا وێنایەک لە کۆمەڵگای پێش‌مۆدێرنی کوردستان نیشان بدات. ئەمە لە کاتێکدایە کە نەتەوە سەردەستەکان و نەتەوەی کورد بە ئێستەیشەوە کۆمەڵگایەکی پێش‌مۆدێرنیان هەیە. ئەگەر ئاراستەی نەتەوەخوازی هاوکات لەگەڵ گۆڕینی کۆمەڵگادا نەبێت، بەرهەمەکەی دەبێتە بەرنامەیەکی ناتەواو کە ئەگەر کوردستانیشی پێ ڕزگار بکرێت، خەسار و گەندەڵیی لێ دەکەوێتەوە. باشووری کوردستان تا ئێستە نەیتوانیوە دەوڵەت دەستەبەر بکات، لەبەر ئەوەی کۆمەڵگاکەی خێڵەکی و پێش‌مۆدێرنە. زەینی داخراو بۆ بگۆڕبووونی سیستەم مل نادات.

کاراکتێری پێشمەرگە، وێرای پیرۆزبوونی، کاراکتێرێکی پیاوانەیە کە لە ڕاستیدا ڕەنگدانەوەی ڕوانگەی پیاوەزنیی کۆمەڵگایە. فێمێنیستەکان بەرهەڵست دەبنەوە کە ڕەوتی ناسیۆنالیستی، ژن کەڵکاژۆ دەکات و پاش سەرکەوتن دەیانباتەوە ناو چێشتخانەی ماڵان. لە ڕاستیدا خودی فێمێنیستەکانیش لە وێناکردنی کاراکتێری ژنی ڕزگاریخوازدا کۆڵن. واتادار کردن و وێنا کردنی هەر دیاردەیەک پێویستە لە ئاستی مەعریفەناسیدا شی بکرێتەوە. نە ناسیۆناڵیزم، نە فێمێنیزم لە کوردستاندا تا ئاستی مەعریفە قووڵ نەبوونەتەوە. مەعریفە قووڵتر لە تیۆرییە، بەڵام کورد لە نەتەوەخوازی و مافی ژندا، بیردۆزەی بە ناتەواوی وەرگرتووە و هەوڵ دەدات کۆمەڵگای کوردستان بەو ئاقارەدا ببات. وەک دیوومانە، ئاکامی ئەم پرۆسەیە تێکشکانە.

چەپی جیهان سێیەمی و ژن: مەبەست لە چەپی جیهان سێیەمی، خوێندنەوەیەکی نەخوێندەوارانەیە لە مارکسیزم و وەچەکانی. لەو وڵاتانەدا کە ئاخێزگەی بیری چەپ بوون یان هێزی چەپ دەسەڵاتی گرتەدەست، لە

ئاکامدا چوونەوە خزمـــەت بەرژەوەندیی نەتەوەیی یان یەکە سیاســـییەکەیان. بەڵام چەپی جیهان ســـێیەمی لە کوردســـتاندا نەک بەرژەوەندیی یەکەی کوردستانی لەبەر چاو نەگرت، تەنانەت هەر هەوڵێکیان لەو پێناوەدا بـــە کۆنەپەرەســـتی هەژمار دەکـــرد. ژن بەپێی وێنای وەرگیـــراو لە ڕۆژئـــاوا و ڕۆژهەڵاتەوە هاتە ناو جەرگەی خەباتەوە. ســـەرەڕای ئەوەی ڕچە شـــکاندن بۆ چالاک کردنـــەوەی ژنان خاڵێکی پرشـــنگدارە کـــە جوولەی خســـتە ناو کۆمەڵگاوە. بەڵام لەبەر ئەوەی کە چەپ لە خۆیدا لە وێنـــا کردنی ژن کۆڵ بوو و چەپی هاوردەی کوردستانیش  بە ناتەواوی بیروهزری چەپی وەرگرتبوو، نەیتوانـــی ژن، وەکـــوو نیوەی کۆمەڵگا لـــە پێکهاتەی خەباتدا جومگەبەندی بکات.

چەپـــی بێ بنەما و ژن: چەپی بێ بنەما ســـەرەتا بەشـــێک بوو لە چەپی جیهان سێیەمی. چەپی جیهان ســـێیەمی لە باری ئاکار و ڕەوشتەوە هەم لە بنەماکانی مارکســـیزم دانەبڕابوو، هەم پەیوەندیـــی خۆی لەگەڵ کۆمەڵـــگای کوردســـتاندا نەپچڕاندبوو. بـــەڵام چەپی بێ بنەما ســـەرەتا ویستی ببێتە پێشـــەنگی خەبات بۆ دەستەبەر کردنی مافی خەڵکی کوردستان بە میتۆدی چـــەپ و هێزی نەتەوەخـــواز- چەپی چـــوار پارچەی کوردســـتانی لە خۆی کۆ کـــردەوە. نەتەوەخوازییەکی ناتـــەواو و چەپێکـــی ناتەواو. وەرچەرخـــان لە ئامانج و ســـتراتێژی و پێکهاتەکەیدا ڕووی دا و بوو بە ڕەوتێکی دژە نەتـــەوە و نیۆلیبـــراڵ. لە ڕاســـتیدا پێکهاتەی ئەم لایەنە بێ بنەما خێڵەکییە و ســـەرەتا هەوڵی دا هێز و خەبات پاوان بکات. بەڵام لە بیر و هزردا ســـەقەت بوو. هەر بۆیە لە ئایین، نەتەوە، کەلێنە کۆمەڵایەتی و زمانی و ئایینیەکانی ناوخۆی کوردستان بۆ دەستەبەر کردنی قووڵاییی کۆمەڵایەتی بۆ خۆی کەڵی نارەوای وەرگرت. ئامرازی بۆ ئەم کارە، دەروون و کەسایەتیی تاکی کوردە کـــە بریتییە لە پاڵەوانەتی و کارەســـات و دژکردەوەی پاڵەوانەتییە بۆ کارەسات.

ژن لـــەم پێکهاتەیـــەدا کاراکتێرێکـــی تایبەتی بە خۆیەوە دیت. بوو بە هاوســـەرۆک، بەشـــدار لە دەنگ و چالاکیـــی کۆمەڵایەتـــی و سیاســـی و چەکـــداری. هەموومان لە میدیاکانـــدا وێنەی گەریلایەکی ژن یان شەڕوانێکی ژنمان بینیوە کە زۆر جوانە، پەلکەشۆڕ و.... جێی ئاماژەیە هەندێ لایـــەن هەوڵیان داوە و دەیدەن کـــە وەهـــا کاراکتێرێک لە ژن بدەن بە دەســـتەوە کە تێیـــدا ســـەرنەکەوتوون. ئەم وێنا کردنە لـــە ژن، وێنا کردنێکـــی میدیاییە. کە دەچێتە بنج و بناوانی ڕەوتی نەتەوەیـــی یان چەپـــی ناتەواو یان چەپـــی بێ بنەما، دەردەکـــەوێ هیچیان لـــە زەین و کەســـایەتیی ژنی کورد تێنەگەیشـــتوون. هەر بۆیە لە پێکهاتەی ناتەواوی ئیدیۆلۆژییاندا وێنای نارۆونی ژن دەبێتە بەئامراز کردنی ژن. میدیـــا و بازاڕ وێنای نارۆونـــی ژن لەم ڕەوتگەلەدا دەکاتە بابەتێک بۆ سەرنجڕاکێشانی جەماوەر.

فێمێنیزم و ژنی کورد: بەشێک لە فێمێنیستەکان خۆیان لە ڕێبازەکانی پێشـــتر وتراودا دەبیننەوە. بەڵام بەشـــێکی تر تەنیا داکۆکی لە مافـــی ژن لە کۆمەڵگادا دەکەن و هەوڵ بۆ هەر گۆڕانێکی سیاسی- کۆمەڵایەتی لە پێناو دەستەبەر کردنی مافی ژندا لێکدەدەنەوە. بابەتی ژن و مافخـــوازی بۆ ژن، وەکوو هەر دیاردەیەکی تر لە بنەمای ئێپیستمۆلۆژییەوە دەست پێ دەکات. فێمێنیزمی کوردســـتانی لە بەرهەم هێنانـــی مەعریفەی خۆماڵیدا نەیتوانیوە هەنگاوێک هەڵبهێنێت. دوو مەترسی لە ڕێی فێمێنیستە کوردەکاندایە. یەکەم گوتارەکەیان بکەوێتە ژێر سێبەری ڕێبازە پێشتر وتراوەکانەوە، دووەم ببن بە ئامرازی فێمێنیزمی داگیرکەر. داگیرکەرانی کوردستان هەوڵ دەدەن سەردەســـت بوونی خۆیان بە توندوتیژیی ڕووت و گوتار و ئیدیۆلۆژیی ناتەواوەوە درێژە پێ بدەن. توندوتیژیی ڕووت تەنیا لـــە هەمبەر ڕەوتی نەتەوەییدا بـــە کار دەبەن، بەڵام ڕێگە بەو ڕەوت و ڕێبازانە دەدەن کە، ســـەرەڕای ئـــەوەی بۆ وێنە کۆماری ئیســـلامییان قەبـــووڵ نەبێت بـــەڵام لـــە دژی ڕەوتـــی نەتەوەییی کوردستان هەڵوێست دەگرن یان ئاستی داخوازییەکان دادەبەزێنن، لە کوردســـتاندا ئازادانە چالاکییان هەبێت. فێمێنیســـتی کۆمەڵگای داگیرکەر، ڕووکەشـــێکی بێ ناوەڕۆکە و بێجگە لە هەندێ هەڵســـوکەوت و دورشمی بریقەدار هێچی تر نییە. ڕاســـتە ناوەڕۆکی نییە، بەڵام فۆرمی هەیـــە، ئەویش یەکەی سیاســـی داگیرکەرە. فێمێنیزمێک کە بنەمای مەعریفیی نییە و بەو هۆیەوە خۆی لە سیاســـەتی کوردســـتانی –با هەڵەش بێت– نـــادات، بۆ هەنـــدێ چالاکی ڕێگەی پـــێ دەدرێت کە سەرچەشـــنەکەی لە ناوەنـــدی داگیرکەرەوە دێت. بەم

پێیــە مافی ژنی کورد لە کورد بوون و سیاســی بوون دادەماڵێ و دەیکات بە بەشــێک لــە ڕێبازێکی ناتەواو کە تەنیا کەڵکی، شــەرعییەت دان بە یەکەی سیاسیی داگیرکــەرە. دواهاتــی وەهــا ڕەوتێک بۆ کوردســتان مەترسیدارە. لێرەدا خەساری گشت ئیدیۆلۆژییەکان لە فێمێنیزمیشــدا دەردەکەوێ کە سووژەی نائاگای کورد دەبێت بە سووژەی نائاگای ئاپاراتووسی داگیرکەر.

## شیکاری

ئــەوەی کــە ژن لە ڕێبــازە نەتەوەیــی/ نانەتەوەیی/ دژەنەتەوەییەکانــدا لــە کوردســتان بــە ڕاســتی دەرنەکەوتــووە بۆ چەند هۆکار و کارلێکیی وان پێکەوە دەگەڕێتەوە.

## یەکەم؛ وێنا نەکردن و چەمکمەند نەکردنی ژنی کوردە.

واتە ژنی کورد لە بەســتێنی دینامیسمی کۆمەڵایەتی – ئابووریی کورســتاندا چ جێگــە و پێگەیەکی هەبووە و هەنووکــە لــە چ دۆخێکدایە. ئــەم خوێندنەوەیە بە میتۆدۆلۆژیی زانســتە مرۆیییەکان مســۆگەر دەبێت، نەک بە خوێندنەوەی ناتەواوی ئیدیۆلۆژییە ناتەواوەکان. هەڵبــەت وەکــوو هەر هەولێکــی زانســتی دەتوانین پەنجەمــۆری سیاســەتی تێدا ببینین، بــەڵام هەولێ زانستی لە سەر بنەمای زانستی پێکدێت، بە پێچەوانەوە هەولــی ئیدیۆلۆژییانە پاســاودەری ئیدیۆلۆژییە. چەپی یونیڤێرســاڵ کە چەپــی جیهان ســێیەمی، ماکێتی ناتەواوی ئەوە، لە دەروونزانیی مرۆڤ تێنەگەیشــتووە. وەکوو ئایینییەکی باوەڕدار، بە دەقە پیرۆزەکانی چەپی جیهانییەوە چەســپاوە و نکۆڵی لە زانســت دەکات – تووشــی وەهمی ماتریالیست بوونیش هاتوون -. چەپی جیهان ســێیەمی لە کوردســتان کە لێکدراوی چەپی جیهانــی و چەپــی یەکــەی سیاســیی داگیرکەرانی کوردستانە، نە ڕەهەندی زانستیی هەیە نە ئاخێزگەکەی کوردســتانە. وەها ڕێبازێک کە لە واتــا کردنی خۆیدا کۆڵە، بەم شــێوەیە ناتوانێ میتۆدی خەبات بۆ ڕزگاری دابڕێژێــت، ژن واتــا بکات و لــە ڕیزەکانــی خەباتدا جێگــیری بکات. چەپــی بێ بنەما، وێڕای خەســاری چەپی جیهان ســێیەمی، ئاڵۆزیی ئیدیۆلۆژییشــی لێ کەوتووەتەوە. پێکهاتەی ستالینیستی، لایەنی ئابووری – کۆمەڵایەتیی نیۆلیبراڵ، سەقامگیرکەری ئەو سنوورانەی کوردستانیان پارچەپارچە کردووە، ستراتێژیی خێڵەکی لە هەمبەر لایەنەکانی تردا، هەوڵ بۆ یەکدەست کردنی کۆمەڵگای کوردســتان بەو کاراکتێرەی کە ئیدیۆلۆژییە ئاڵۆزەکەی باســی دەکات. بە پێی ئــەم خاڵانە لەگەڵ ڕەوتێکــدا ڕووبەڕووین کە نازانســتی، ســۆزدار، تاک پەرەست (ئەم دوو خاڵە لە ڕەوتەکانی تریشدا بەرچاوە)، بێباوەڕ بە یەکەی کوردســتانە. ســا وێنــا کردنی ژنی کــورد لەم ئاڵۆزییەدا ناگونجێ. ئەوەش وا لە میدیاکاندا دەبینرێت، ڕواڵەتێکە لە ســووژەیی ژنان. بۆ ئەوەی کە خۆیــان لە وێنا کردنی خۆیاندا بەشــدار نەبوونە و لەو سیســتەمەدا دەستیان بە دەســەڵاتی بڕیاردان ناگات. ڕەوتی نەتەوییش نەیتوانیــوە خۆی لە وێنای نەریتیی ژن دەربــاز بکات و هەندێ جــار هەوڵی داوە ڕواڵەتی مۆدێرنــی پێ بــدات. زانســتی بوون، هــەوڵ دەدات ئیدیۆلۆژییەکانیش لەبەر چاو بگرێت، بەڵام پاشەکشە لە میتۆدی زانستی ناکات و لەوە ئاگادارە کە خوێندنەوەی دەروونناسی و کۆمەڵناســیی ژن و چەمکمەند کردنی بابەتەکــە، درێژخایەنە و جومگەمەند کردنی ژنی کورد لە کۆمەڵگایەکی مۆدێرندا درێژخایەنترە.

## دووەم؛ وێنا نەکردنی کوردســتان وەکوو یەکەی مەودای خەبات.

هەڵەی ســتراتێژیی ڕەوتــە چالاکەکانی کوردســتان بەگشــتی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سیســتەمی هزر و چالاکییان یان ناوچەیی یان یونیڤێرسال یان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســت یان یەکەی داگیرکەر بووە. تا ئەو ســنوورە هزری – کۆمەڵایەتی – سیاسییە ڕوون نەبێتەوە، وێنا کردن و دەسنیشــان کردنی جێگە و پێگەی ژنی کورد مسۆگەر نابێت.

زانســتی بــوون و دەسنیشــان کردنــی یەکەی کوردســتان بۆ وێنــا و واتا کردنی لایەنە سیاســی و کۆمەڵایەتییەکان بەگشــتی و ژن بەتایبەتی، بەستێنی لێک تێگەیشــتنی لایەنەکان دابین دەکات. گرنگە ژن بــۆ خوێندنەوەی خۆی پێشــەنگ بێت و بە لەبەر چاو گرتنی دوو خاڵی پێشــتر وتراو مەعریفەی فێمێنیزمی کوردستانی دابمەزرێنێت.

# خەسارناسیی فێمێنیزم و میکانیزمەکانی چارەسەری

**سەربەست ڕۆژهەلات**

> پێویستە بیرۆکەی پێکهێنانی ڕەوتێکی نوێ بە پێکهاتەیەکی سەردەمیانەوە بهێنینە ئاراوە و لێرەدا بیورووژێنین. چەمکگەلی وەک کاپیتالیزم، جیهانیبوون، ژینگەپارێزی و هتد، ڕەوتگەلی فێمێنیستییان لە جیهاندا تووشی تەنگەژە و ئاستەنگ کردووەتەوە، هەر بۆیە لە کوردستان کە نە دەسەڵاتێکی کوردی هەیە و نە بزاڤێکی سەربەخۆی ژنانە، دەبینین کێشەکانی ئەوەندە زەق و بەرچاو و سەریەک کەوتوون کە باسکردن لەو باسە هەم بوێریی دەوێ و هەم هزر و بیرێکی سەردەمیانە.

فێمێنیزم وەک فەلسەفەیەکی ژنانە بە شێوەی فرەڕەهەند ئاوڕ لە هەموو لایەنە دەروونی، جەستەیی، حقووقی، فەرهەنگی و هتدی ژنان ئەداتەوە و لەو ڕوانگە و ڕێبازە فەلسەفی و هزرییەوە تویکاریی ئەو پرسە ئەکات. هەرچەند ڕێبازە جیاوازەکانی فێمێنیزم پێکەوە ناکۆک و تەنانەت زۆر جار دژ بە یەکن، بەڵام هەر هەمووی لە هەوڵی چارەسەرکردنی پرسی ژن لە بواری خۆیدان. ئەو ڕەوتە فێمێنیستییانە لە چوارچێوەی بزاڤێکی گەورەدا بە ناوی فێمێنیزم لە کێبەرکێی زیندوو و بەردەوامدا ئەژین. ڕێبازە جیاوازەکانی دنیای فێمێنیزم بەهۆی کێبەرکێی تەندروست و چالاکیی بەردەوام، گیانێکی زیندوویان بە بزاڤی فێمێنیزم بەخشیوە. لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتیدا بەهۆی چەقبەستوویی چەمکە سیاسی، کلتووری و تەنانەت ڕۆحیاتەکانی زاڵ بەسەر کۆمەڵگادا، هیچ ڕەوتێکی نوێخواز ناتوانێ پێکهاتەشکێنی بکات و خۆی بچەسپێنێ. فێمێنیزم وەک بیرۆکە و بزووتنەوەیەکی بەربڵاو، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر نیوەی کۆمەڵگا کە ژنانن، دادەنێ و هەروەها لەسەر پیاوانیش لە درێژماوەدا شوێندانەر ئەبێ. پێویستیی هەبوونی بزاڤی ژنانە لە کۆمەڵگادا بە ئەندازەی هەموو بزاڤە چالاکەکانی ناو کۆمەڵگایە، گرنگیی فێمێنیزم لەوەدایە هەم ژنان و هەم پیاوان لە ژێر کاریگەریی پۆزیتیڤی هزریدا، زانیاریی گشتییان ئەچێتە سەرێ. بۆ ئەو مەبەستە پشتیوانی و یارمەتیی پیاوان لە یارمەتیی ڕەگەزی بەرامبەردا ئەمرێکی حەیاتییە.

## فێمێنیزمی کوردی

هەر ڕەوت و جڤاتێک، کلتووری ڕەخنەگرانەی تێدا نەبێ و هەروەها خەسارناسیی کار و چالاکییەکانی نەکات، ئەوا ئامانجەکانی بە ئەستەم دێتە دی. لەو نێوەدا فێمێنیزمی کوردی ئەوەندە لاواز و کاڵ و کرچە کە ناکرێ بەپێی پێوەرەکانی سەردەم ڕەخنەی زانستی ئاراستەی بکرێ. بزاڤێک بە ناوی فێمێنیزمی کوردستانی بوونی نیە تا ڕەخنەی ئاراستە بکەین.

هەر لە سەر ئەو بنەمایە، پێویستە بیرۆکەی پێکهێنانی ڕەوتێکی نوێ بە پێکهاتەیەکی سەردەمیانەوە بهێنینە ئاراوە و لێرەدا بیورووژێنین. چەمکگەلی وەک کاپیتالیزم، جیهانیبوون، ژینگەپارێزی و هتد، ڕەوتگەلی فێمێنیستییان لە جیهاندا تووشی تەنگەژە و ئاستەنگ کردووەتەوە، هەر بۆیە لە کوردستان کە نە دەسەڵاتێکی کوردی هەیە و نە بزاڤێکی سەربەخۆی ژنانە، دەبینین کێشەکانی ئەوەندە زەق و بەرچاو و سەریەک کەوتوون کە باسکردن لەو باسە هەم بوێریی دەوێ و هەم هزر و بیرێکی سەردەمیانە. لە چاخی ئێستادا بەهۆی زۆربوونی چەمکگەلی جۆراوجۆر و هەروەها پێشکەوتنی تێکنۆلۆژی و گەشەی سەرمایەداری، توندوتیژی دژی ژنان، شێوازگەلی تایبەت و مۆدێرنی بە خۆوە گرتووە کە تەنانەت ناسینی ئەو توندوتیژییانە بۆ خودی ژیانیش بە ئاسانی لێک نادرێتەوە. باڵادەستی و ژێردەستی، خوێندەواری و نەخوێندەواری، دەوڵەمەندی و هەژاری، جوانی و ناشیرینی، سپی پێستی و ڕەش پێستی و هتدی نێو کۆمەڵگای ژنان لە جیهاندا بەراستی نموونەگەلێکی زیندوو و بەرچاو و حاشاهەڵنەگرن. لە کوردستان بێجگە لەو توندوتیژییانەی سەرەوە، توندوتیژیی نەتەوایەتی، سەربارێکی دیکەیە، واتە ژنی کورد بە هۆکاری نەتەوەیی، زمانی و فەرهەنگییەوە لەلایەن ژنانی نەتەوەی باڵادەستەوە توندوتیژییان دەرحەق

ئەنجام ئەدرێ. ژنانی کورد سەرەرای کێشە و توندوتیژییەکانی تایبەت بە خۆیانەوە، ئەگەر رۆژێ لە رۆژان لەلایەن دەسەڵاتی داپڵۆسێنەرەوە لوتف و مەرحەمەتیان پێ بکرێ و ئاوریان لێ بدرێتەوە، ئەوا بە زمانی خۆماڵی نییە و دەبێ بە زمانی لاوەکی و نامۆ کە زمانی نەتەوەی باڵادەستە، خزمەتگوزاری ئەنجام بدرێ. بە هۆی بەربڵاوبوونی کێشەکانی ژنی کوردەوە پێویستە خوێندنەوە و میکانیزمەکان بۆ چارەسەریی زانستی و بەربڵاو بێت. ژنی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان بەهۆی کاریگەریی ناتەندرووستی کلتووریی تورک، فارس و عەرەبەوە لە دۆخێکی نابەرانبەر، پر لە حەسادەت و خۆبەکەمزان و هتددا ئەژین و لە گەورەشارەکانی کوردستاندا هەوڵیان ئەوەیە کە بە تێکەڵبوون بە نەتەوەی باڵادەست، شوناس و چییەتییەکی(هویت) یەکدەست دروست بکەن. جیهانبینی و جۆری بیرکردنەوەی ژنان لەگەڵ پیاواندا پێکەوە جیاوازە. ژنانی جیهانی سێهەم بەهۆی نەخوێندەوارییەوە کەمتر تێکەڵ بە پرسە هزری و ئایدۆلۆژیکەکان و تەنانەت ئایین کە ویژمانی سەرەکیی کۆمەڵگایە، دەبنەوە.

لە کوردستان کێشەی دنیای ژنان ئاڵۆز و بەربڵاوە بەتایبەتیتر لە رۆژهەڵات بەهۆی زاڵبوونی دەسەڵاتێکی مەزهەبی و ناسیۆنالیستی (رادیکاڵ و شۆڤێنیست) زەین و هزری ژنی کورد ئەوەندە شێواو و ئاڵۆزە کە بە هیچ جۆرێک ناکرێ پێناسەیەکی بۆ دیاری بکرێ. دۆخی ژنی کورد لە چوار پارچەدا تا رادەیەک ناهاوسەنگی و بەرز و نزمیی تێدایە. هەر بۆیە ناکرێ بە پێوەرێک هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێ. لە کوردستانی رۆژهەڵات، پێوەندییەکی مێژوویی، زمانی، فەرهەنگی و هەروەها جۆرێک هاوبەشی و تێکەڵی لە نێوان دوو نەتەوەی کورد و فارسدا هەیە کە هەم ناکرێ بە ئاسانی لێیان دابیرێین و جیا ببینەوە، نە دۆستایەتی و دەستە خۆشکایەتییان لەگەڵدا ئەکرێ. لە بەشەکانی تری کوردستان بەهۆی جیاوازیی زمانی و رەگەزی لەگەڵ عەرەب و تورکەکاندا بە ئاسانی دەکرێ سنوور و هێڵێک لە نێوان ئەو دوو نەتەوەیەدا دروست بکرێ و کوردەکان ئەویترێک بۆ خۆیان پێناسە بکەن. لە کوردستانی رۆژهەڵات ماددەی هۆشبەر یەکێ لە ئاستەنگەکانی سەر رێگای ژنانە کە بەهۆی تێکەڵبوونی بەشێک لە خەڵک بەو ماددەیەوە، ژنان بوونەتە قوربانیی تەڵاق، توندوتیژی، سەرپەرشتیاری، ئایدز و هتد کە لە بەشەکانیتری کوردستان ئەو دیاردەی ماددە هۆشبەرانە ئەوەندە بەرچاو و زەق نەبووەتەوە کە ببێ بە دیاردە. یەکێ لە خاڵە گرنگ و لاوازەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی ئەوەیە کە ئەو ناسیۆنالیزمە سەرەرای سیکۆلار و دیموکراتیک بوونی، بەڵام بە تەواوی پیاوڕەهەندە و ژن لەو پرۆسەیەدا نەیتوانیوە خۆی پێناسە بکات. گەورەترین خەسارێک کە لە هەر چوار پارچەدا ئاراستەی جووڵانەوەی کورد بووەتەوە لە راستیدا لە بواری ژنانەوە بووە. یەکێ لە هۆکارە لاوازەکانی فێمێنیزم لە جیهاندا بەشداریی کەمی ژنانە لەو رەوتەدا. ئەو درمە لە کوردستاندا گەیوە بە تەشقی خۆی. سەرەکیترین هۆکار ئەوەیە کە لە کوردستاندا بە هۆی بەربڵاویی توخمەکانی نێرەهەندی، لە ناو هەموو چین و توێژەکان و تەنانەت لە ناو ژیانی تاکەکەسیی ژناندا هێشتا حوکمی سەرەکی دەکا. شەرم لە ژنێتی و هەڵاتن لە ژن بوون لە کوردستان لە لووتکەدایە. «تێزی تایگر سەبارەت بە پێوەندیی نێوان

ژنان که له سـالّی ١٩٦٩دا بلاّو کرایەوە پێی وایە کە ژنان تەنیـا دەتوانن لەگەڵ مێرد و لەگەڵ ئەو منداڵانەی پەروەردەیان ئەکەن، پێوەندیی دۆستانەیان هەبێ و ژنان قـەت ناتوانن لە چوارچێــوەی گەورەتردا هاوپێوەندی دروست بکەن « (فێمێنیسم و مردم شناســی .ریـد .ص١٢٥-١٢٦ ). هەرچەند بنەمای ئەو بیرۆکەیە بەڵگەمەند و تەواو زانســتی نییە، بەڵام لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتیدا(جامعــه شــرقی) راســتیی بۆچوونەکانــی ئــەو بیرۆکەیــە دەبینرێ. لــە لایەکی دیکــەوە ژنان شــەرمیان لە ورووژاندنی پرســەکانی خۆیان هەیە هەر بۆیــە تەنانــەت ژنانی ڕووناکبیــر کەمتر خۆیــان لە ڕێکخســتن و کاری هاوبەش ئــەدەن. بەپێی بۆچوونەکانــی فروید ئەو خۆبەکەمزانین و شەرم کردنە ئەگەڕێتەوە «بۆ ســەردەمی منداڵی و کاتێک کە کچ هەســت بەوە دەکات وەکوو کوڕ ئەندامی نێرینــەی نییە. لەو قۆناغــە بە دواوە ئیتر ڕەگەزی مێ لەگەڵ ئێرەیی و حەسادەتدا ئەژی. ئەو ئێرەیی بردنە دەبێتە هۆی ئەوە کە ژن لە ژنێتیی خۆی هەڵبێ و لە باری دەروونییــەوە لە دۆخــی دەروون ئازاریدا بژی « (روان شناســی زنان،ص ص ٦٢-٦١ ) جووڵانەوەی سیاسیی کورد و پیاوی کورد بەهۆی هەڵوێســتی کلاسیکەوە یان نەیانهێشــتووە ژنان بەشــداری پرۆسەی هــزری و سیاســی ببــن یــا ئەگەریش دەرەتــان درابــێ بە شــێوەی ســەقەت بــووە و لــە ژن وەک هێــزی چەکداری کەڵکیــان وەرگرتووە. ژنــی نەخوێندەوار و پەروەردەنەکــراو لــەو ســەردەمەدا بە تەسلیم بوون بە خواستی پیاوان چالاکیی کۆمەڵایەتی و سیاســی دەکات. لە دنیای پێشکەوتوو و مۆدێرنی ئیمڕۆدا کە هەموو ڕەوتەکان بــە خێرایی دەچنە پێشــەوە، بەداخەوە ژنانــی پەروەردەنەکراوی کورد (تەنانــەت پیاوانیش) هەڵویســتیان لاواز و دواکەوتووانەیــە و بــە هیــچ جۆرێک ئامادەیی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دنیایەیان نییە. لێرەدا بۆیە بە چڕی باسی ژن ئەکرێ چونکە قورساییی هەموو کێشەکانی ژنان، منداڵان و تەنانەت پیاوانیش بە سەر ژناندا ئەشکێتەوە و ژنان تێیدا خەسارمەند ئەبن.

## میکانیزمەکانی ڕاسانەوەی ژنان

ژنــی کورد بەگشــتی و ژنــی ڕۆژهەڵات بەتایبەتیتــر وەک زەرووڕەت و پێویستییەکی هەنووکەیی دەبێ هەنگاو بۆ پێناسەیەکی نوێ و سەردەمیانە سەبارەت بە خۆیان هەڵبگرن و وەکوو واقیع خۆیان بســەلمێنن. ژنی کــورد بــۆ دەربازبوون لەو دۆخــە داپڵۆســێنەرە کــە لەلایەن دەســەڵات، کۆمەڵگا و پیــاوان و خودی ژنانەوە ئاراســتەیان دەبێتەوە، پێویســتە بــە خوێندنەوەیەکــی قووڵ و زانســتی کەسێتیی ڕاستەقینەی ژن وەک خۆی و لە ڕوانگەی خۆیەوە پێناسە بکات و دواتر چالاکییەکانی بۆ ناو جومگەکانی کۆمەڵگا بگوازێتەوە. لەو ســەردەمەوە کە پێشــەوا قازی محەممەد، یەکێتیی ژنانی لە مەهاباد پێکهێنــا و خێزانی خۆی وەک یەکەم ژن هێنایە ناو ئەو ڕێکخراوەیەوە، ئەگەر ژنان چالاکی و تێکۆشــانیان هەبوایە، بێگومان ئێســتە دۆخی ژنان و تەنانەت کۆمەڵگای کوردســتان لە جێگە و پێگەیەکی دیکە بوو. ئەحزاب و بزاڤی سیاســی و فیکریی کوردی سەبارەت بە کێشەی ژنان هەنگاوی جیدی و زانســتیان هەڵنەگرتووە و ئەو لایەنگەلەش کە ڕێژەیەکــی زۆر لە ژنان و کچانیان پەلکێشــی ڕیزەکانی شــۆڕش کردووە، لە ڕاســتیدا زیاتر بە مەبەســتی خزمەت بە ئەندێشە و بیرۆکەی سیاسیی پیاوســالارانەیە نەک دۆزی ڕاستەقینەی ژنــان. ژنی کــورد بەرلــەوەی چالاکیی

سیاسی و مەدەنیی ببێ، دەبێ بیر لە دۆزی خۆی بکاتەوە. نەتەوەیی بوون بۆ ژنان زۆر ساکارە و بەکورتی بریتییە لە بەکوردیکردنی هزر و ئەندێشەی فێمێنیستی. کاتێک ژنی کورد هەموو بەرهەم و دەق و تێکستەکانی بە کوردی نووسی، ئیتر لە ناو بزاڤی نەتەوەیی کورددا جێی خۆی کردووەتەوە و پشکی تایبەتی هەیە. فێمێنیزم فەلسەفەیەکی بەربڵاوە کە بابەتگەلی حقووقی، سیاسی، مێژوویی و سایکۆلۆژیکی و ... هتد ئەگرێتە بەر و بێجگە لە ژنان، دەبێ پیاوانیش یارمەتیدەر و هاوکار بن. دوو بۆچوون سەبارەت بە بەشداریی پیاوان لە جووڵانەوەی فێمێنیستیدا هەیە کە وەک دژبەر و هۆگر بریتییە لە «فێمێنیزم ویژمانێکی ژنانەیە. بەشێک لە بیرۆکە فێمێنیستییەکان پێیان وایە کە بیرۆکەی فێمێنیستی بە هۆی ژنان و بۆ یارمەتیی ژنانە و پێوەندیی بەو ڕەگەزەوە هەیە و هەروەها ژنان سووژەی سەرەکیی داهێنان، ئافرێنەری بیرۆکە، کردەوە و زمانی ئەو ڕەوتەن. بە پێچەوانەکەشی بیرۆکەگەلی فێمێنیستییە کە پرسی نژاد و نەتەوە بە لایانەوە گرنگە و پێیان وایە کە پیاوان دەبێ بەشێک لە بیرۆکەی فێمێنیستی بن.» (چیستی فێمێنیسم .ص ص ٦٥-٦٤) پاڵپشتیی ژنان لەو بوارەدا پێویستی بە پیاوی نوێ هەیە کە لە بیرۆکەی فێمێنیستیدا پیاوی نوێ شرۆڤەی تایبەتی بۆ کراوە و بریتییە لەو «پیاوگەلەی کە فێمێنیزم کاریگەریی لەسەر ژیانیان هەبووە و لانیکەم پشتیوانیی ڕواڵەتی لە ئادیۆلۆژیای فێمێنیستی بکا» (فرهنگ نظریەهای فێمێنیستی ل ٣٠٢). پیاوی نوێ بێجگە لە پشتیوانیی هزری لە فێمێنیزم بە کردەوەش خوازیاری «سەرلەنوێ دارشتنەوەی ڕۆڵ و ئەرکەکانی نێو بنەماڵەیە و هەروەها دژی هەر جۆرە چەقبەستووییەکی ڕەگەزایەتی و نەریتییە» (فرهنگ نظریەهای فێمێنیستی، ل ٣٠٢). ڕەخنە و ڕەخنەگری وەک باشترین کلتوور سەبارەت بە هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی مرۆڤایەتی پێویست و حەیاتییە بەڵام لەدوای ڕەخنە، دیاریکردنی ڕێگا و میکانیزمی نوێ سەبارەت بە هەر ڕەوت و چالاکییەکی مرۆڤ و ڕێکخراوە باشترین نەریتە. لێرەدا بۆ سەرلەنوێ دارشتنەوەی ئەرک و چالاکییەکانی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و بنەماڵەیی ژنان، پێویستە هەندێک خاڵی گرنگ و ستراتێژیک دیاری بکرێن و لە ئاکامی ئەو پرۆسەیەدا بەرەبەرە کەم و کورتییەکانی دیکەی سەر ڕێگای تێکۆشان دەستنیشان بکرێن.

## بیرۆکە و تیۆری

لە هەر برگەیەکی مێژووی مرۆڤایەتیدا بیرۆکە و هزر لە ئارادا نەبووبێ، چالاکی و هەوڵ بۆ دروستکردنی ئاڵوگۆڕ لە ئارادا نەبووە. واتە سەرەتا پێویستە وەکوو ئەندێشەیەک لە ئارادا بێ هەتا مرۆڤ هان بدرێت بۆ کار و چالاکی. کورد بەگشتی لە هەموو بوارەکاندا لە هەژاریی تیۆریدا ئەژی و ئەگەریش بیرۆکەیەکی نوێ لەلایەن کەس یا کەسانێکی بیرمەندەوە هاتبێتە کوردستان، بەداخەوە هەوڵ نەدراوە بەردەوام ڕۆژەڤ و نۆژەن(بازتولید) ببێتەوە. ڕەوتگەلی وەک ناسیۆنالیزم، سۆسیالیزم و دیموکراسی بەردەوام شەرڤان و شۆڕشگێریان ڕاهێناوە و هیچ هەوڵێکی ڕاستەقینە کە هاوسەنگی و مامەڵە لە گەل دنیای دەرەوەدا بکا، لە ئارادا نەبووە. هەر بۆیە دەبینین کە ناسیۆنالیزمی کوردی لە ناوەند و ئەنستیتۆگەلی جیهانیدا نەناسراوە. سۆسیالیزمی کوردی هێشتا کۆپی و نوسخە پێچراوەکەی حیزبی توودە، حیزبی شیوعیی عێراق و پارتی

کومونیستی تورکیایە.
لە بیرۆکەی فێمێنیستیدا «کرداری فێمێنیستی هەم بیرۆکەیە و هەم کردەوە. فێمێنیستەکان لە نێوان بیری فێمێنیستی و بیرۆکەکانی دیکەدا جیاوازی دادەنین.» (فرهنگ نظریەهای فێمێنیستی، ل ۴۴۳)
لە سەر ئەو بنەمایە ئێمە دەبێ حەقیقەتی ئەو جیاوازییە قەبووڵ کەین. پشتیوانیی بیرۆکە سیاسی و فەلسەفییەکان لە بیرۆکەی فێمێنیستی بەجێ و پێویستە بەڵام ئەگەر ئەو ئەندێشە سیاسی و ئایدۆلۆژیکانە بوونە هەمەکارەی پرسی ژن و فێمێنیزمیان بە شێوەی ناتەندروست تێکەڵ بە ئەندێشەی خۆیان کرد، ئەوا لەویدا فێمێنیزمم لاواز، ناشیرین و قێزەون دەبێ. لێرەدا بەو ئاکامە ئەگەین کە هزری فێمێنیستی لە هەر شوێن و کات و لە ناو هەر بارودۆخێکدا بێ، دەبێ پەیامی سەرەکیی خۆی و ئامانجەکانی بپارێزێ و نەبێتە داردەست و گورزی بیری پیاوسالاری. ئەگەر ژنان لە برگەیەکی هەستیار و تایبەتیدا لە بواری چەکداریدا یارمەتیدەری براقی سیاسی بن، کێشە نییە. بەڵام ئەگەر دیاردەی شەڕوانی و چەکداری ببێ بە بەشێک لە ستراتێژیی ژنانە، ئەوا خەساری قەرەبوونەکراو لە براقی ژنان ئەدات. داوێنی ژن مەکۆی خوڵقاندن، ڕەحم، بەزەیی، بەخشەندەیی و پەروەردەکردنە نەک چەک و چۆڵ و مرۆڤ کوشتن. بۆ سەلماندنی ئەو وتەیە ئاماژەکانی خانمی رید بەسە کە دەڵێ: «ژنانی سەرەتایی لە ماڵیکردنی ئاژەڵان و پەلەوەراندا ڕۆڵی سەرەکیان هەبووە وهەروەها ژنانی سەرەتایی ڕەگی گیا و میوەکانیان دەخوارد و دواتر لە پیاوانەوە فێری خواردنی گۆشت بوون» (مادرسالاری. اولین ،رید ص.۲۰۳)
سروشتی فێمێنیزمی سەرکەوتوو، لیبراڵ و دیموکراتیکە نەک توندوتیژخواز و شەڕوان. « فێمێنیزمی لیبراڵ ناسراوترین ڕەوتی فێمێنیستییە، دوو ڕەگەزی نێر و مێ ڕووبەڕووی یەکتر ناکاتەوە و هەروەها چاکسازیخوازە»(چیستی فێمێنیسم.ص ۸۵-۸۶)

## پێکهێنانی ڕێکخراو، ناوەند و حیزبی ژنانە

بۆ کۆکردنەوەی ژنان لە دەوری یەکتر و گۆڕینەوەی بیرورا و هەروەها دروستکردنی کلتووری کاری هەرەوەزی و بەکۆمەڵ، دروستکردنی ناوەندگەلی ژنانە پێویستیی بەپەلە و ئورژانسییە. ڕێکخراوەکانی ژنان جیاواز لە هەموو ڕێکخراوەکانی دیکە دەبێ بە چڕی و سەدی لە سەدی کاری ژنانە بکەن. بەهۆی بەربڵاویی پرسی ژنەوە دەبێ لە ژێر چەندین ڕێکخراوەدا و دەیان کۆمیتە، گرووپ، دەستە و تاقمی تایبەت بۆ کار و چالاکی دروست ببێ. ئەو کۆمیتە و گرووپانە دەبێ لە ژێر ناوی کۆمیتەی توێژینەوە، کومیتەی ئارشیو، کومیتەی هەواڵدەری و کۆکردنەوەی ئامارەکان، کومیتەی ڕاهێنان و پەروەردە و هەروەها دروستکردنی گرووپگەلی هونەری، وەرزشی، شاخەوانی و دەستە و تاقمگەلی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی مەیدانی، پێوەندییەکان و هتد چالاکی بکەن. ڕێکخراوی مودێڕن لە ئیمرۆدا دەبێ لانیکەم ئەو تایبەتمەندییانەی هەبێ و هەروەها دەزگای دەسەڵات یا حیزبی سیاسی تەنیا یارمەتیدەر و پشتیوان بێ. ڕێکخراوەکان سەرمایەی مەعنەویی کۆمەڵگان و کاتێک ڕێکخراوەکان چالاک و زیندوو بن، ئیتر کۆمەڵگای ژنان بەپێی خواست و سەلیقە و حەزەکان لە ژێر سێبەر و چەتری گرووپ و کومیتەدا خڕ ئەبنەوە و کاروانی ڕێگاکە پڕ ڕێبوار

ئەکەن. لە کوردستانی باشوور کە نزیک بە سی ساڵە دەسەڵات لە دەستی خەڵکدایە، دەبوا هەنگاوی گەورەتر لە ڕێکخراو و ناوەند واتە دروستکردنی حیزبی ژنانە لە ئارادا بوایە. دروستکردنی حیزبی ژنانە، دەرەتانی گەورەتر بۆ ژنان ئەخوڵقێنێ کە بۆخۆیان لە پرۆسەی گشتی و گەورەتردا کە پرۆسەی سیاسی و ئابوورییە بەشداری بکەن. حیزبی ژنانە بەهۆی بەشداری لە پرۆسەی سیاسیدا، دەتوانێ نوێنەر و ئەندامی لە ناو پارلمان و هەموو جومگەکانی دەسەڵاتدا ببێ و لە چەسپاندنی یاسادا ڕۆڵی ئەرێنییان ببێ. ڕێکخراو و حیزبی ژنانە نابێ بە مەبەستی دژایەتیکردن و شەڕ لەگەڵ پیاو و بیری پیاوانەدا دروست ببێ و بۆشاییی هزری و جودایی لە نێوان ئەو دوو ڕەگەزەدا دروست بکات؛ بەڵکو دەبێ بە لێک تێگەیشتن و دروستکردنی حەڵقەکانی پێوەندی و خۆشەویستی، عەقڵانی، لۆژیکی و هتد، بەپێی زەمەن هەنگاو بۆ چارەسەریی کێشەکان هەڵگرێ. کاتێک ژن و پیاو ئەو هەستە لە نێوانیاندا دروست بوو کە بەڕاستی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا تەواوکەری یەکترن، ئیتر بە شێوەی خۆڕسک و ئۆتۆماتیک گیروگرفتەکان یەک لە دوای یەک چارەسەر دەبن. ژنانی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لە قۆناخی ئێستەدا بە پێکهێنانی ناوەند و ڕێکخراوە ئەتوانن بیرۆکەوان و لیدێری باش بۆ قۆناخەکانی دیکە پەروەردە بکەن.

## ئینسایکلۆپیدیا

ژنان لە دوای پێکهێنانی ڕێکخراو وەک کاری درێژماوە، نووسین و کۆکردنەوەی ئینسایکلۆپێدیای ژنانە لە بەرنامە و چالاکییەکانیاندا بگونجێنن. بۆ نووسینی فەرهەنگنامەی ژنانە پێویستە سەرچاوە، ژێدەر و بەڵگەنامەی تایبەت لە بەردەستدا ببێ و بێجگە لە کتێبخانەیەکی پێشکەوتوو بە شێوەی مەیدانی بە پرس و ڕاوێژ لەگەڵ ناوەندگەلی زانستی و ئاکادیمیدا، بابەتی نوێ و ڕۆژانە بهێننە ئاراوە. ئینسایکلۆپیدیا بە خوڵقاندنی باس و بابەتی تایبەت بە ژنانەوە، دەقی جێی متمانە بۆ خوێنەران و لێکۆڵەران بەرهەم دێنێ. کاری ئینسایکلۆپیدیایی کاری بەربڵاو و بەردەوامە، هەر بۆیە هەموو چین و توێژ و هەموو ڕادەیەکی تەمەنی، دەرگیر و خەریکی خوێندنەوە و توێژینەوە ئەکات. خاڵی هەرە گرنگ لە کاری ئینسایکلۆپێدیادا ئەوەیە کە بەهۆی زانستی بوونی بەرهەمەکانەوە بە ئاسانی دەتوانێ لەگەڵ دەزگای ڕاهێنان و پەروەردەدا تێکەڵ ببێ و باس و بابەتەکان وەکوو وانە لە خوێندنگە و زانکۆکاندا بگونجێنێ. لە ئاکامی پێوەندیی ئینسایکلۆپێدیا و خوێندنگەکان زمانی نوێی فێمێنیستی ئەخولقێ. دروستکردنی زمانێکی نوێ یەکێ لە ئامانجە گەورەکانی جیهانی فێمێنیزمە. لە زمانی نوێی فێمێنیستیدا هەموو دیاردە ڕەگەزایەتییەکانی پێوەندیدار بە ژنانەوە وەک توندوتیژیی زمانی، پۆرن، زاراوە نێرسالارییەکان و ... هتد دەسڕێتەوە و زمانێک دروست دەبێ کە پشکی ژنانی تێدایە. کاتێک زمانێک زبر و توندوتیژ بێ، بێگومان ژنانی لێ دوور ئەکەونەوە و ڕوو ئەکەنە زمانێکی نەرم و نیانی دیکە. بەگشتی «ئامانجی بیرۆکەی فێمێنیستی، دروستکردنی زمانی نوێیە و فێمێنیستە ڕادیکاڵەکان بنەمای ئازادیی ژنان لە ئازادکردنی زماندا دەزانن و هەر بۆیە مری دیلی بەتایبەتی وشەی فێمێنیستی ئەخوڵقاند. (فرهنگ نظریەهای فێمێنیستی، ۲۴۰)

کۆتا باس ئەوەیە کە کوردستانی



ڕۆژهەڵات سەرەڕای هەموو ئاستەنگەکان بەڵام تا ڕادەیەک دەرەتانی بۆ چالاکیی ژنانی ڕۆشنبیر هەیە. بەهۆی فرەدەنگی و فرەپێکهاتەییی ئایینی و دژە ئایینییەوە پێویستە ڕێکخستنەکانی ژنان، دیموکراسی و کاری زانستی بکەنە بنەما و بە پێکهێنانی ناوەند و سەنتەری فێمێنیزمی ئایینی وەک فێمێنیزمی یارسان، فێمێنیزمی ئیسلامی و ... هتد، جۆرێک هەلومەرج بۆ کاری هاوبەش پێک بێنن و لەجیاتی دوژمنسازی، دەنگە جیاوازەکان لە دەوری یەکتر کۆ بکەنەوە. جیهانیبوون و تێکەڵیی کلتوورەکان بە جۆرێک پێکهاتەی کۆمەڵگا ڕووبەڕووی دیاردەی تازەتر ئەکاتەوە و پێدەچێ ڕۆژێ لە ڕۆژان ڕەوتگەلی لێزبییەنی و هاوڕەگەزخوازی لە کوردستاندا سەرهەڵبدات و ببنە مەسەلە. هەر بۆیە فێمێنیزمی کوردی دەبێ لە پێشدا خوێندنەوەی قووڵی لە هەموو چەمک و بابەتەکان ببێ. وەک دوا وتە، ڕەوتی فێمێنیستی بۆ دروستکردنی شوناسێکی سەردەمیانە و کوردی لە سەرەتادا پێویستە دەست بکا بە هێماسازی، زاراوەسازی و دروستکردنی ڕۆژژمێری تایبەت بە ژنان لەو بەشەی نیشتمان. کاتێک شوناسی تایبەت بە خۆتت هەبوو، ئێتر دروستکردنی پەیوەندی و دۆستایەتی و دانیشتن لەگەڵ ڕەگەزی جیاواز و ڕەوتگەلی جودابیر و دەنگە دژبەرەکانیش ئاسان و بێ دەردیسەرە.

## سەرچاوەکان


ـ رید.ایولین.فێمێنیسم و مردم شناسی.ترجمه افشنگ مقصودی. نشر گل آذین١٣٨٨

ــ هورنای .کارن.روان شناسی زنان.ترجمه سهیل سمی. نشرققنوس١٣٨٢

ـ هام .مگی. فرهنگ نظریەهای فێمێنیستی.مترجمان ؛فیروزه مهاجر،نوشین احمدی خراسانی،فرخ قرەداخی.نشر توسعه١٣٨٢

--ایولین رید،مادرسالاری.ترجمه افشنگ مقصودی.نشرگل آذین١٣٩٠

ـ کریس بیسلی.چیستی فێمێنیسم.ترجمه محمد رضا زمردی. انتشارات روشنگران و مطالعات زنان.١٣٨٥

# بزووتنەوەی ژنی کورد[1] و ژنی ئێران

ئالا کوردستانی

جموجۆڵ و بزوتنەوەی ژنی ناوەند و فارس_تەوەر بەناو ژنی ئێران، وەک ژنی گوتاری داگیرکەر لە چوارچێوەی داسەپاو و نەگۆڕ و پەتیی ئێرانیبوون واتە فارسیبزمدا (ئێستا جیا لە جۆر و دینامیزمی دەسەڵات بە پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی یان مەشرووتە و ڕیفۆرمخواز و بناژۆخوازەوە)، چۆن دەتوانێ هەڵگری پەسووۆردی خەباتی ژنی کورد بێت، لەکاتێکدا خۆی بەشێکە لەو هزر و ئەندێشە و سیستەمی داگیرکارییە؟

ڕەنگە کاتێک لە دەستپێکەوە، تیشک دەخرێتە سەر سەردێڕی وتارەکە، هەر لە سەرەتاوە چاوەڕوانی ئەوە بین کە هاوپەیوەندییەکان دەستنیشان بکرێن و سەرەڕای ئاماژەگەلێک بە بڕێک جیاوازی کە زۆرجاریش نە بەدوای لێکدانەوەی قووڵ و بەدواداچوونەوەی ئەو جیاوازییانە و ڕەنگە تەنانەت بە ڕوانینی ئەرێنی و نەرێنییش بە جیاوازییەکان، بەڵام لەناو مەسەلەی ژن_تەوەر، توندوتیژی و هەموو هەڵاواردنە جێندەرییەکان بکرێت بتوێتەوە و بەگشتی لە ڕوانگەیەکی ئەرێنییەوە، باسی پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو لە هەموو ژنانی بەناو ئێران، دژ بە هەموو هەڵاواردن و نایەکسانییە جێندەرییەکان بێهێنینە گۆڕێ و ئاسۆی ژیانی ژنی کورد لەتەنیشت خەباتی بەناو ژنانی ئێران، و هەڵبەت لە ژێر سێبەری دەسەڵاتێکی سێکوڵار و دیموکرات و پلۆراڵی داهاتووی ئێران ڕوون ببینینەوە.

لە سەردەمی ئەوڕۆدا کە گەشەسەندن و پەرەسەندنی هەمەجۆرەی تەکنۆلۆژیا و سووشیاڵ میدیا و خێرایی ڕاگەیاندن و دەسپێڕاگەیشتنی ئاسان بە ئاگایی و زانست پەلی هاویشتووەتە هەموو سووچ و قوژبنی ژیانی مرۆڤی سەردەم لەهەموو سووچ و قوژبنی جیهان بە گەشەسەندوو و گەشەنەسەندوو، هاوپەیوەندیی ژنی کورد دەتوانێ لەم جوگرافیای سیاسیی داسەپاوە بەناوی ئێران بترازێت و ڕۆژهەڵاتی ناوینیش بەگشتی بپەڕێنێتەوە و خۆی لە هەموو جموجۆڵ و بزاڤی مێژوویی و هاوچەرخی ژنانی جیهان بەتایبەت ژنانی ڕۆژئاوا وەک دەسپێشخەر لە بەدواداچوونی مافەکانیان و هەروەها وەک بابەتێکی جێندەری و سێکسواڵیتە و هەموو تەوەرە پەیوەندیدارەکانییەوە ببینێتەوە، لێی تێبگات و فامی بکات و بڵێ ئیدی نا. هاوکات لەگەڵ بیستنی کوشتنی کچە دراوسێ یان خزمەکەی خۆی، بە مۆرکی کوشتنی نامووسی، ببێتە «ئێبی گیل ئادامز»، هاوژینی جان ئادامز سەرۆککۆماری پێشووی ئەمریکا، و پێی بڵێت لە کاتی نووسینی یاسای نوێ و ڕاگەیەندراوی سەربەخۆیی(١٧٧٩)، ژنان لەبیر مەکەن و دەسەڵاتی بێسنوور بە مێردەکان و پیاوان مەدەن، چون ئەگەر بەم شێوەیە هەڵسوکەوت بکەن، ئەوا ئێمەی ژنانیش شۆڕش دەکەین و ملکەچی ئەو یاساگەلە نابین. یان خۆی بە «ئۆلیمپ دیگۆنگ» ببینێتەوە کە وەک یەکێک لە ڕێبەرانی شۆڕشی فەرانسە، لە کۆتایی شۆڕشەکە و سەرکەوتنی شۆڕش(١٧٩١)، کاتێک دیتی کە ڕاگەیەندراوی سەرکەوتنەکە هەر لە سەرەتاوە بەناو «مافی پیاوان»، دەرچووە، هەڵوێستی گرت و لەگەڵ ژنانی هاوسەنگەری ڕاگەیەندراوێکی نوێیان (بەناو مافی ژنان)، دەرکرد کە دژ بەو ڕاگەیەندراوە بوو کە مافی تەنیا تایبەت بە پیاوان دانابوو، و بەهۆی ئەم هەڵوێستەوە بە تاوانی دژەشۆڕش بوون، سەری لە ژێر تێخی گیوتین لە جەستەی جیا کرایەوە. یان سەر لە «ژوورێکی تایبەت بۆ خۆت»ی ویرجینیا وۆلف(١٩٢٩) دەربێنێت و خۆی نزیک بە گاڵتە تاڵ و ڕەقەکەی نێو ئەم کتێبە ببینێتەوە کە وۆلف تێیدا بابەتی «خوشکی شێکسپیر» دەورووژێنێتەوە و دەڵێ، ئەگەر شێکسپیر خوشکێکی بۆ وێنە بە ناو یودیتی بوایەت، چاوەڕواننەکراو بوو کە وەک براکەی ئاوەها شانۆنامەگەلێک بنووسێت. لە کاتێکدا شێکسپیر دەیتوانی لە لەندەن و هۆڵەکانی شانۆگەری بگەڕێت، خوشکەکەی دەبوایە گۆرەوییەکانی بۆ بدووریایەت یان لە چێشتخانە ئاگاداری ئەوە بووایەت کە چێشتەکەی نەسووتێ و ئەگەر ئیشەکەی خۆی بە باشی جێبەجێ نەکردبایە، ئەوا لێدانێکی چاک لە لایەن

باوک و دایکی چاوەڕوانی دەکرد. ئەگەریش شەهامەتی لەخۆی نیشان بدایەت و نزیکی ئـەو هۆلانە ببوایەت لـە بەرێوبەری ئەوێ سکپڕ دەبوو و دەبوایە لە شەوێکی زستانیدا کۆتاییی بە ژیانی خۆی بهێنایەت. یان خۆی لە «ڕەگـەزی دووەم»ی سـیموون دوبوار، یان «سیاسـەتی جێندەری»ی کیت میلێت، نووسـراوەکانی ژۆزیڤیـن دانـاون، هێلین سیسکۆ، ژولیا کریستوا و لووس ئیریگاری و هتد ببینێتەوە و بەگژ مێژووی پیاوانە و زمان و فەلسەفە و ئەدەبیات و هونەر و زانست بە ئەرەستوو، ئاگوستین، دێکارت، شووپێنهاور، هێگل، نیچـە، کانت، فرۆید و یۆنگ و هتد بچێتەوە و بلێت، تاکـەی لـەدەرەوەی مێژوو و سیاسەت و فەلسەفە و زانست و ئەدەبیـات بـم و تاکەی بە زمانی بەرتەسـکی پیاوانەوە، فـام بکرێم و بنووسـرێمەوە. یان هێندە لەناو شەپۆلە یەک لـە دوای یەکەکانی فێمێنیزم شەپۆلان بدات، و لە ئاکامیشدا بۆ ئەوەی بە ئارامییەک بگات، خۆی لە وتەی «ڕێبێکا وێست»، جـێ بکاتەوە کـە: «من خۆم هیچکات بەباشی تێنەگەیشتم کە فێمینیـزم یانی چی. تەنیا ئەوەنـدەی لێ دەزانم هەرکات هەسـتێکم دەربڕی کە من لـە مرۆڤێکی خاو و خلیچ یان سـۆزانییەک جیا بکاتەوە، پێیان وتم، «فێمێنیست»».[٢]

ڕەنگـە لـە بـەراوەردی ئـەم دوو هاوپەیوەندییە، سەرەرای پەسـەندکردن و دیتنەوەی خاڵەهاوبەشەکان و کاریگەریی ئەو پەلهاویشـتنە و وشـیاربوونەوەی ڕۆژ لـەدوای ڕۆژی ژنان لەبـوارە جیاجیاکاندا و چوونەسـەرەوەی ئاسـتی تێگەیشتن و داخوازییەکانیـان، هاوپەیوەندیـی یەکەم نزیکتـر و واقعیتر ببیننـەوە لەبەر ئەوەی کە بزووتنەوە و بزاوتی هەر کۆمەڵگایەک و بەتایبەت ژنان، بە شوێنکەوتوو و گرێدراوی هەلومەرجی کۆمەڵگای خۆی پێناسە دەکرێت و هەر بۆیە ئەو خاڵە هاوبەش و هاوکاتانەی کە لە هاوپەیوەندیـی یەکەمدا دەبینرێت، تەنانـەت چارەنووسـی هاوبەشیشـیان بۆ پێناسـە دەکرێت. بینینی خاڵی هاوبەش و هاوکات سـەرەتا لەو جوگرافیای سیاسیی هاوبەشەی هەرچەند داسەپاوە و دینامیزمی جۆراوجۆری دەسـەڵات و یاسـا و نەریتی ئەم وڵاتە وەک عـەرزی واقیع دەبینرێتەوە و بـە خۆرسـکیش هەرجۆر خولیایـەک و داخـوازی و ڕووبەڕووبوونەوەیـەک لـەم پانتاییـەدا پێناسـە و دیاری دەکرێـت، بەتایبـەت کـە سـەبارەت بەژنان، بەگشـتی دەسـەڵاتی ئێران واتە جۆری دەسـەڵاتی ئێسـتای ئێران، بـەردی بناخەکەی بە تەواوی دژەژن بووە (حیجابی زۆرەملێ، نەبوونی یەکسانیی جێندەری لە جومگە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان، کێشـەی کار و پێناسـەی نەریتی لە ژن و ئاستی نزمی لە بنەماڵە، پرسی میـرات، تەڵاق، خوێنبایی و شـایەتیدان و ...)، و سـەرەرای نەبوونی ئازادییە سیاسیی و کۆمەڵایەتـی و مەدەنییەکان بەگشـتی، کۆسپ و تەنگەژە و بەربەستەکان بۆ چینی ژنان زۆر زۆر بەرفراوانتر بووە.

بـە وەرگرتـن و پەسـەندکردنی ئەم شوێنکەوتوویی و گرێدراوییەی بزووتنەوەی ژنـان بە هەلومەرجی کۆمەڵـگای خۆیەوە، چەندە دەتوانین بڵێین کە ئەم ژینگەیە و ئەم پێناسـەیە، ژینگەی سەرەکی و سەرراست و پەسـوۆردی گۆڕەپانـی ڕاسـتەقینەی

> **ژنی کورد**
> **نە وەک ژنی ڕۆژاوایە**
> **نە ڕۆژهەڵاتی ناوین بەگشتی،**
> **نە وەک ئێرانە و نە عەرەبستان و نە تورکیایە و نە هیچ شوێنێکی ئەم جیهانە،**
> **و ئەوەش بەهۆی ئەوەیە کە ژنی کورد خۆی لە نەتەوەیەکی بندەستدا دەژیێت**

خەباتــی ژنی کوردە؟ یان تــا چ رادەیەک هاوپەیوەندییـــەکان و خاڵە هاوبەشـــەکان قــورس و بنەرەتی دەبینرێتەوە کە بۆ وینە، «دایکانــی پارکی لالە» و «دایکانی خاوەران» و «کچانی شــەقامی ئینقیلاب»... هەڵگری ژینگە و پەسووردی خەباتی ژنی کورد بێت و وەک حەرەکەتی ســێمبولیکیش بوو‌بێت، لە ئاویەر و پشــت زرێبار و پارکی ســەقز و ... لەچکێکی ســپی بگرێتە دەســتییەوە و قــژی بە بادا بــدات و بڵێ، منیش کچی چوارشەممەی سپیم؟

لــە وتــەی دیکــەدا، زۆر روونــە کە وەرووژاندنــەوەی چەمکــی «ژنــی کورد»، وەک ژنی ئێــران، ژنی عەرەبســتان، ژنی رۆژهەڵاتــی ناوین، ژنی رۆژاوا و زۆر نزیکتر ژنی رەشپێســت، خۆی لە خۆیدا هەڵگری دوو تایبەتمەندییە کە وەک وشــەی «ژن»، هەڵگری هەمــان بابەتی جیهانگربوونەکەیە کــە هــەر لــە ســەرەتاوە زەیــن بە لای دۆخــی تایبەتــی «ژنبوون» و ئــەو روانگە دووفاقییەتیانــە دەبــات کــە بەدرێژایی مێژوو بەســەریدا داســەپاوە و بووتە هۆی بارگرانی و هەڵاواردنەکان و توندوتیژییەکان و رۆژ لــە دوای رۆژ، بەتایبــەت لە دونیای مودێرنــی ئەورۆدا لە هەموو کۆمەڵگاکان لە بەرامبەرکــێ و رووبەرووبوونەوەیدایــە. بەو جیاوازییە کە بە پێی ئاســتی پێشــکەوتوو یــان پێشــنەکەوتوو، گەشەســەندوو یان گەشەنەســەندوویی کۆمەڵگاکان کە خۆی لەسەر فاکتەرگەلی بنەرەتی واتە سیستەمی پــەروەردە و یاســا و ئابــووری و ئەمانیش لەســەر جۆری دەســەڵاتی سیاســی، واتە ئایینی یان ســێکۆلار و هەڵبەت دینامیزمی جۆراوجۆری دەسەڵات و ئاستی رێزگرتن لە ئازادی و بەهاکانی هەڵدەسووڕێت و بە پێی پێگە و ئاستی بەشداربوونی ژنان لە هەموو جومگە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان و ئاســتی دەســتەبەربوونی یەکســانیی جێندەریی و رەگەزی و هەموو مافەکانیان، وەک مرۆڤ و نیوەی کۆمەڵگا، دەبێتە هۆی دیاریکردنی ژنــی رۆژهەڵاتی ناوین، رۆژاوا، رەشپێست، ئێران، عەرەبستان و هتد.

بــەڵام کە لە ژنــی کــورد دەروانین، دەبینین کە ژنی کورد نە وەک ژنی رۆژاوایە نە رۆژهەڵاتی ناوین بەگشتی، نە وەک ئێرانە و نە عەرەبســتان و نــە تورکیایە و نە هیچ شــوێنێکی ئەم جیهانــە، و ئەوەش بەهۆی ئەوەیــە کە ژنی کورد خۆی لە نەتەوەیەکی بندەســتدا دەژییت، نەتەوەیەک کە بە ژن و پیــاو و منداڵ و ژینگــە و داروبەردی لە دۆخێکی هەمیشە فەرمانکراویدا دەژین، نە خاوەن ســەربەخۆیی سیاسی و دەسەڵاتی سیاســی و کیانی سیاســیە و نە خاوەن شوناسی بڕواپێکراو لە ئاستی نێونەتەوەیی و گەلانی جیهاندایە. نەتەوەیەک کە خۆی لە پێناسە و پێگەیەکی سەرانسەر دووفاقییتیدا دەژییت، بندەســت و باڵادەست، داگیرکراو و داگیرکەر، کۆیلە و ســەروەر، بۆئەوی تر و بۆخۆی، ناچــالاک و چالاکو ... نەتەوەیەکی بندەست کە بەردەوام هەموو هەڕەشەیەکی لەســەرە، ئەگەر کرا بەتەواوی لە ناسنامەی ناوەند و باڵادەســت بتوێتــەوە، یان وەک کەمینەیەکــی ئێتنیکی دەبێــت بەردەوام لــە ژێر چاودێری و کونتــڕۆڵ و فەرمان و پەروەردە و زمان و یاسای ناوەندا بێت. لە هەژاریدا هێشتنەوەیان، پێشگوێخستنیان لە گەشە ئابووری و کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان، زمانکوژی و بەدوایدا تێفکرین و هزرکوژی، ئەگــەر بۆیان بکرێ کۆمەڵکــوژی دەکرێن و ئەگەریش نەکرێ، رۆژانــە بە بیانووگەل و مۆرکــی جۆراوجۆر، کۆڵبــەری، قاچاخ، دژەشۆڕش، تەجزیەتەڵەب، هاوکاریی هێزە کوردییــەکان و ... دەکەونە بەر گوللــەی وێڵ، یان لە سێدارە دەدرێن و یان بەشێکی زۆر لە ژیانیان دەبێ لە زیندان بەسەربەرن یان زیندانی هەتاهەتاییــان بۆ دەبڕێتەوە.

تاڵانکردنــی بەشــێکی زۆری ســەرچاوە سروشــتییەکان وەک کانگاکان و کانزاکان و گاز و ئــاو و هتــد و کەڵکوەرگرتــن و گواستنەوەیان بۆ شارەکانی ناوەند. تەنانەت بەووش ناوەســتن، ئاگربەردانی بەردەوامی دارستانەکان و ئاژەڵەکان و بەگشتی تێکدان و سەقەتکردنی ئێکۆسیستەمی ئەو دەڤەرەی کە تاکی کوردی لێ نیشــتەجێیە، هەڵگری پەیامــی زۆر ڕوون و ئاشــکرایە و ئەوەیــە وەک کــورد، چ ژن، چ پیاو و چ ژینگەیەک کە تێیدا دەژییــت، مەحکووم بە تواندنەوە و لەناوچوونــە. لە بارودۆخێکــی ئاوەهادا و لــە هەلومەرجێکدا کە کۆماری ئیســلامی وەک یەکێــک لــە جۆرەکانی دەســەڵاتی داگیرکــەر کە بــۆ خەڵکەکەی خۆیشــی ڕەحم و ســۆزی نابێت و بــۆ پاوانخوازییە ئایینــی و ئیدۆلۆژیکییەکانی خۆی هەموو پرەنسیپە مرۆییەکان دەنێتە ژێرپێ، ڕوونە کە بارودۆخی نەتەوەی بندەســت بەگشتی و ژنانیشــی بەتایبەتی چەند قات دژوارتر و ئاڵۆزتر دەبێت.

جموجــۆڵ و بزوتنــەوەی ژنی ناوەند و فارس_تەوەر بەناو ژنــی ئێران، وەک ژنی گوتاری داگیرکەر لە چوارچێوەی داسەپاو و نەگۆڕ و پەتیی ئێرانیبوون واتە فارسییزمدا (ئێستا جیا لە جۆر و دینامیزمی دەسەڵات بــە پاشــایەتی و کۆماری ئیســلامی یان مەشــرووتە و ڕیفۆرمخواز و بناژۆخوازەوە)، چــۆن دەتوانــێ هەڵگــری پەســۆوردی خەباتــی ژنی کورد بێــت، لەکاتێکدا خۆی بەشــێکە لەو هزر و ئەندێشە و سیستەمی داگیرکارییــە؟ ڕەنگە بگوترێــت بە پێی چ بەڵگە و تێروانینێک هەر لە ســەرەتاوە، ئەم بزووتنەوە و جموجۆڵانە بە فارس_تەوەر یان ناوەند_تەوەر ناوزەد دەکرێن، یان بگوترێت لە کۆمەڵگا و سیســتەمێک کە بەدرێژاییی مێــژووی، سیاســەتکردن و بڕیاردان وەک کلیشــەیەکی پیاوانــە بــووە و خۆی هیچ بەشدارییەکی لەو داگیرکاری و هەڵاواردن و پاکتاوکردنانەدا نەبووە چۆن وەک بەشێک لە گوتاری باڵادەست دابنرێت و یان بە پێی چ پوتانسییەل و توانمەندییەک چاوەڕوانیی ئەوەی لێ بکرێت دژی بوەستێتەوە؟

ســەلماندنی زۆر زەحمــەت نییــە. پێویســتیش نــاکات زۆر هەڵگەڕێینەوە بۆ قۆناغی دواتر وەک مەشــرووتە و پاشایەتی و سەرەتاکانی شۆڕشی ئیسلامیی، دەتوانین هەر لــە قۆناغی بەنــاو ڕیفۆرمخوازی هەتا ئێســتا ئاوڕی لێ بدەینەوە و ئەو جموجۆڵە مەدەنی و کۆمەڵایەتییانە کە ڕێکخرا و یەک لەوان بزوتنەوەی ژنان و بەشــداربوونیان لە کــۆڕ و کۆمەڵ و چاپەمەنی و نووســین و دەنگ هەڵبڕینیان بۆ هەڵاواردنە یاســایی و نەریتییــەکان و داخوازییەکانیان کە ناوچە کوردنشینەکانیشی لە ئاســتێکی بەرچاودا گرتەوە. سەرەڕای بەشداریی بەرچاوی ژنانی کــورد لە کەمپەینەکان و کۆڕ و کارگاگەلی فێرکاری ســەبارەت بە هەڵاواردنە یاسایی و جێندەرییــەکان و پەیوەندیی زۆر نزیک لەگــەڵ چالاکوانانی ژنی ناوەند کە تەنانەت لە خۆپیشاندانەکان لە تاراندا بە مینیبووس لە شــارەکانی کوردســتانەوە بەرەو ئەوەی ڕێدەکەوتــن[۳]، چ گوتارێک و چ ئەکتێک و چ هەڵســوکەتێک و چ فیدبەکێکی تایبەت کــە پیشــاندەری ڕۆحێکــی یەکگرتوو و کاری هاوبەش لە ئاســتی بزووتنەوەیەکدا بێ کە دژ بە هەمــوو هەڵاواردنەکان بێت. بــۆ وێنە، لە کام وتار یــان تریبوون و یان وتووێــژ و چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی کە لە سەرەتاکانی ئەو قۆناغە بە فراوانی دەبینرا، بۆ یەک جاریش ژنێکی چالاکوانی ناوەندتەوەر بەکورتی و سەرڕاســت ژنی فارس، باســی ئــەو هــەڵاواردن و تەنگەژە و بەربەســتە ئێتنیکییەی پەراوێزنشینەکان، وەک بێمافیی زمانی و کولتووری، هەژاری، بارودۆخی ژنە زیندانییە سیاسییەکان، و هتدیان هێناوەتە

گۆڕێ. لەکوێ باسی ئەوەیان کردووە (هەر وەک نموونەیەک) یەکێ لە بنەڕەتییترین توندوتیژییەکان کە دژ بە ژنانی نافارس دەکرێت ئەوەیە کە ناتوانن منداڵەکانیان بە زمانی دایکیی خۆیان پەروەردە بکەن و یان لە کوێدا باسی سەدان پیاوی کرێکاریان کردووە کە ئاوارەی شارەکانی ناوەند بوون بۆ بژێوی ژیانی خۆیان و بنەماڵەیان، یان کۆڵبەری و کوشتن و نوقستانیی جەستە و .. دەیان دیاردەی ڕەشی دیکە کە سەرەتا و لەبنەڕەتدا بەسەر ژنان و بارودۆخی ژیانی ژنی کورد قورساییی بووە.

لەوە نەڕوانین کە ژنانی چالاکوانی کورد بەتێروتەسەلی کەوتبوونە ناو ئەو شەپۆلەی ناوەندتەوەرە، و ڕۆژ نەبوو کە لە سۆشیاڵ میدیاکانی ئەو کات و نووسینەکاندا باسی ژنە چالاکوانانی ناوەند نەکەن و لە هەموو هەڵسوکەوت و بانگهێشتنیان بۆ ناوەندە ئەمنییەتییەکان و پرسینەوەیان و زیندان چوونیان بەئاگا بوون و ئاوڕیان لێ دەدایەوە و باسیان لێ دەکرد. پەیوەندییەک و فیدبەکێک کە لە ڕواڵەتیشدا هیچ حاڵەتێکی دوولایەنەی پێوە دیار نەبوو. تەنانەت ڕەنگ و بۆنیکیشی گرتبوو کە جار وابوو لەگەڵ بەشێکی زۆر لە ژنە چالاکوانانی کورد(نەک هەموویان) نەتدەویرا تەنانەت وەک وروژاندنەوەیەک باسی ئەو دۆخە تایبەتەی کوردبوون بکەی، بەخێرایی دەیانوت ئەمە باسی مافی ژن و ئازادییەکانییەتە و کاری بەسەر نەتەوە و کوردبوون و باسی سیاسییەوە نییە! کە وای دەنواند ئەو پەیوەندییە و کارگاکانی فێرکاری و تێکەڵبوون لەگەڵ بزووتنەوەی ژنانی ئازادیخواز و مافخوازی ناوەند، پێشمەرجی ئەوە بوو کە دیسان تۆ خۆت نەبی بەڵکوو ئەویدی بی کە ژنی باڵادەست (هەرچەند ئازادیخواز و دیموکراسیخواز)، بۆتی دابین دەکات و چوارچێوەت بۆ دادەڕێژێتەوە. تەنیا تایبەتمەندییەک کە لە ژنی کورد و کۆمەڵگای کوردی بۆڵد دەکرایەوە و ئاوڕی لێ دەدرایەوە و بە زۆرییش دەبینرا، باسی خۆسووتاندن و خۆکوژی و کوشتنی ژنانی کورد بوو کە لێرەیشدا زۆر ژیرانە و زیرەکانە لە لایەن ژنانی ناوەندەوە و هەر لە ژێر کاریگەریی ڕوانگەی ناوەندتەوەرەوە (و هەڵبەت پیاوانی ئازادیخوازی فارسیش بێدەنگ نەبوون و زەحمەتی سازکردنی فیلم و موستەنەدیشیان دەکێشا) نەوەک باسێک کە بەرپرسیاریەتیی تەنانەت بەشێکیشی دەسەڵات بگرێتەوە، بەڵکوو زۆرتر ئاماژەیەک بوو بە کۆمەڵگایەکی سەرانسەر دواکەوتوو و چەقبەستوو و ژنکوژی کۆمەڵگای کوردی کە بەجۆرێک باسیان دەکرد و ئاوڕیان دەدایەوە کە وەک ناسنامە و شوناس و جەوهەری کۆمەڵگای کوردییە و تەنیا ڕێگاچارە و ڕزگاربوونیان لەوەدایە کە هەوڵ بدرێت کەمێک لەو شارستانییەتی ناوەند و فارسزمانە تەزریق بکرێتە ناو ئەم کۆمەڵگای پڕ لە هۆڤیگەرییە، بەڵکوو ژنی کورد تارادەیەک ڕزگاری بێت.

**لە کۆمەڵگا و سیستەمێک کە بەدرێژاییی مێژووی، سیاسەتکردن و بڕیاردان وەک کلیشەیەکی پیاوانە بووە و خۆی هیچ بەشدارییەکی لەو داگیرکاری و هەڵاواردن و پاکتاوکردنانەدا نەبووە چۆن وەک بەشێک لە گوتاری باڵادەست دابنرێت؟**

ئەگەرچی لەلایەن بەشێک لە ژنانی چالاکی کوردەوە هەست بەو جۆرە ڕوانین وجۆری هەڵسوکەتی پڕ لە پارادۆکس و ئێلەک کردنانە و ناتەبایی لەگەڵ جەوهەری بزاوتی خۆیان وەک ژنی کورد کرابوو، بەڵام بە گشتی ڕۆحی چالاکی و جموجۆڵی ژنی کورد بە تایبەت لەو

قۆناغەدا نەتەنیا هەڵگری ڕۆحی کوردی و هەڵکشان نەبوو، بەڵکوو لە تواندنەوە و داکشانێکی بەرواڵەت پێشکەوتووخوازدا بوو، بە جۆرێک کە ئاسەوارەکەیشی هەتا ئەم چەند ساڵەی دواییدا درێژەی هەبوو و ژن و نەتەوە، لە بەستێنی زەینیی چالاکیی ژنی کورد، هێندە کاڵ و وشک بووبووەوە کە زەحمەت بوو بە ئاوێزێنێک گەرووی تازە بکاتەوە. کە ئەگەر ڕووراست بین لەگەڵ خۆمان و داعشێک سەری هەڵنەدایەت، و ئەو ڕۆحە یاخیگەری و ئازایەتییەی ژنی کورد لە ڕووبەڕووبوونەوەی لە گەڵ داعش و دژەتیرۆر (بەتایبەت لە کۆبانی و ڕۆژاوا) نەبووایەتە چیرۆکی ڕۆژانەی میدیاکانی جیهان، زەحمەت بوو ئەو ڕۆحە دەرچووە لە زەین و جەستەی ژنی کوردی بەناو بیرجیاواز، بەئاسانی بێتەوە نێو ماڵی خۆی و ڕوون نەبوو کە ئێستا کەیسی زاراکان و ئانیساکان و دەیان چالاکوانی زمانی و ژینگەیی و مەدەنیی نیشتمانیی دیکەی کورد، لەژێر هێژموونی زاڵی هەواڵەکانی چالاکوانانی ناوەندتەوەر وەک نەسرین ستوودە و سپیدەی قوڵیانی و کێ و کێ، بۆ وێنە لە لاپەڕەکانی سۆشیاڵ میدیای ژنی کورد جێگایەکیان بۆ باسکردن و ئاوڕدانەوە ببوایە! ئیتر با ئەوەش بمێنێ ئێستاشی لەگەڵدا بێت، ژنانی ناوەندتەوەر، بە بێدەنگیی هەمیشەییان لەبەرانبەر کەیسگەلێکی لەم جۆرە، مانیفێستی زەینی و چوارچێوەی خەبات و بزووتنەوەیان هەر لە پێشدا سەلماندووە کە بە دڵنیاییەوە ئەوانیش هەڵگری هەمان ڕاسیزمن کە ناسنامەی بنەرەتیی دەسەڵاتی داگیرکەرە، بەو جیاوازییە کە ئەمان هەڵگری ڕاسیزمی شاراوەن و ئەگەر دەسەڵات شمشێری لە ڕوو دەبەستێت، ئەوا ئەمان لە پشتەوە بەستوویانە.[۴]

بەڕاستی بەکگراوەندی مێژوویی و زەینیی ژینگەی ژنی کورد و بەگشتی کۆمەڵگای کوردی بەنیسبەت کۆمەڵگاکانی دیکە بەتایبەت دراوسێیەکانی هێندە تۆقێنەر و پڕئاڵۆز و دژوارتر بووە کە ئاوەها ئاسان ئامادەی هەرجۆرە تواندنەوەیەک لە گوتاری باڵادەستدا بن؟ و یان چۆن لە پرسی ژن تێگەیشتبوون کە دەبێت پشت لە نەتەوە و کۆمەڵگاکەی خۆی بکات و پێی سووک بێت یان پێی هێندە سەرەکی و بنەڕەتی نەبێت کە باسی دۆخی نەتەوەیی و نیشتمانی تایبەتی خۆی بکات؟ چما ژنی فارسیش پشتی لە ئێرانیبوون و فارسبوونی خۆی کردووە و دەڵێت من تەنیا بۆ ڕزگاریی ژن و پرسی ژن لەهەرکوێی ئەم ئێراندا بێ تێدەکۆشم، بەڵام حازر نابێت تەنانەت دان بە ڕاستییەکاندا بنێت و باسی ئەو جیاوازییانەی کە دۆخی تایبەتی ژنانی کورد و بەلووچ و عەرەب وەک نەتەوەی بندەست یان پەراوێزنشینی گرتووەتەوە، بوروژێنێتەوە.

> بەڕاستی بەکگراوەندی مێژوویی و زەینیی ژینگەی ژنی کورد و بەگشتی کۆمەڵگای کوردی بەنیسبەت کۆمەڵگاکانی دیکە بەتایبەت دراوسێیەکانی هێندە تۆقێنەر و پڕئاڵۆز و دژوارتر بووە کە ئاوەها ئاسان ئامادەی هەرجۆرە تواندنەوەیەک لە گوتاری باڵادەستدا بن؟

یان دەکرێ بڵێین بەڕاستی لەو کاتانەی کە پشتیان لە دۆخی نەتەوەییبوونی خۆیان دەکرد و بەو عەقڵییەت و زەینییەتە کە ئەمە پرسی ژنە و کاری بە پرسگەلی دیکەوە نییە، یان ئەمە پرسێکی گشتگیر و جیهانگرە و نابێت بابەتەکان تێکەڵاو بکەین، یان کاتێک دەیانوت کۆمەڵگای کوردی تا قورقوڕۆچکەی دژی ژن بووگە و ژنی چەوساندووەتەوە، ئێستا چ زەرووڕەتێکە ژن شەڕی شوناسی کوردبوون بکات، و هتد،

تـــا چ ڕادیەک ئـــاگاداری ئـــەو بەکگراوندە مێژوویـــی و زەینـــی و ژینگەییەی خۆی بـــووە و لە مەعریفە و چاویلکەی خۆیەوە بە دۆخەکـــە و دیاردەکانی ڕوانییوە و لە کاتی هەڵســـەنگاندنەکان و داوەریکردنـــی خۆی، خاوەنی ســـەربەخۆیی هزری و تێفکرینی خۆی بووە و نە «ئەویتربوون»!

ئێســـتاکە بێینە ســـەر ئەو بەکگراوندە مێژووییەی کۆمەڵگای کوردی بەگشـــتی. قـــەرار نییە پیـــا هەڵزنێین و شـــاخ و باڵی پێ بدەین، دیـــارە ئەمیش لە دەرەوەی ئەو پێناســـە جیهانی و ناوچەییـــە نییە، بەڵام بۆ خۆی خـــاوەن تایبەتمەندییەک بووە کە پێویســـتە ئاماژەیەکـــی هەرچەند کورت و خێرای پێ بکرێت.

ئەگەرچـــی لێکۆڵـــەران و نووســـەرانی کـــورد دان بـــەو ڕاســـتییەدا دەنێن کە بە هۆی ئـــەو ئاڵۆزییەی کە لە ڕەوتی مێژوودا، مرۆڤی کـــورد بە بەراورد لەگـــەڵ گەلانی دراوســـێی، پێیدا دەرباز بووە، لێکۆڵینەوەی زانســـتی لەســـەر مێـــژووی کۆمەڵایەتی و کولتوری کۆمەڵـــگای کوردی زۆر کەمن و ڕوونە هەژارترین لاپەڕەکانیشـــی سەبارەت بە شـــێوەی گوزەران و پێگەی ژنانی کورد لـــە ســـەردەمە جیاجیاکانی مێـــژووە تا بە متمانەوە باســـی بار و گـــوزەران و ئەگەری جیاوازیگەلێکـــی زۆر زۆر بەرچـــاو لەگەڵ ژنانی گەلانی دیکەدا بکرێت. ئەگەر بە پێی ســـەرچاوەکان، زاگـــرۆس وەک ئەو دەڤەرە جوگرافیاییە کە کوردەواری واتە کوردستانی تێـــدا هەڵکەوتووە و شـــوێنی لەدایکبوونی میترا، ئیلاهـــەی ژن و خواوەندی خۆرەتاو دانییـــن، هەتا پێش هێرشـــی عەرەبەکان، خاوەن شارەســـتانییەت و ئابووریی گەشاوە بـــووە و دواتـــر بووەتە ناوچەیەکـــی ئاڵۆز و جێگای تالانکردنی تالانکەرە یەک لە داوی یەکەکانی عەرەب، ســـەلجووقی، مەغوول، تاتار و ...کە تەواوبوونی بۆ نەبووە و ئەگەرچی یەکگرتوویی خۆی لە دەســـت دا بەڵام بە پیـــاو و ژن و لاو، بـــەردەوام لە بەرەنگاریی تالانکەران و داگیرکەراندا بوون.

بەدڵنیاییـــەوە بەشـــێکی زۆرمـــان کتێبی شەرەفخانی بدلیســـی وەک باوکی مێژوونووســـیی کوردیمـــان خوێندووەتەوە و یـــان تارادەیەک ئـــاگاداری بابەتەکان و ڕووداوەکانی نێو کتێبەکە هەین، کە باســـی بڕێک ژنـــی ناودار و بەهێزمـــان بۆ دەکات کە خـــاوەن پلە و پێگە بـــوون لە ناو خێڵ و عەشـــیرەی خۆیاندا، یان نووســـینەکانی واســـیلی نیکیتین و مینۆرســـکی و بڕێک کتێبی دیکەی ڕۆژهەڵاتناسان و گەشتیارە بیانییەکان کە موحەممەدی قازی و ئیبراهیم یۆنســـی وەریانگێڕاونەتەوە ســـەر فارســـی، بەردەســـتی هەمووومـــان کەوتـــووە کە بە جیاوازی باســـی ژنی کورد و دراوسێکانیان هێناوەتە گۆڕێ، وەکوو شـــێوازی جلوبەرگ پۆشینیان و ئەوەی کە بەپێچەوانەی دراوسێ عەرەب و تـــورک و فارســـەکانیان، ئەمان ڕوومەت و سەرسینگ و ملیان دانەپۆشیوە، زۆر ئازا بوون و لەگەڵ پیاوان زۆر بەئاسانی تێکـــەڵ بـــوون و پێکـــەوە دانیشـــتوون و خواردنیـــان لەگـــەڵ خوانی پیـــاوان جیا نەبووەتەوە، لەکارەکاندا شان بەشانی پیاوان ســـووڕاونەتەوە، ســـوارچاکی زۆریـــان تێدا بووە، بـــە بینینی بیانییـــەکان و میوانەکان خۆیـــان نەشـــاردووەتەوە و بەپێچەوانـــەوە زۆر بە ڕوویەکی گەشـــاوە، پێشوازییان لێ کـــردوون و هتد. وەک نموونەیەکی دیکەی بەرچاو، «کلۆدیوس جەیمز ڕیچ»، گەشـــتیار و سیاســـەتوانی ئینگلیزی کـــە تارادەیەکی باشـــیش شـــارەزای زمانی کوردی بووە، لە گەشـــتنامەکەی خۆیدا(١٨٢٠ی زائینی) بۆ کوردســـتان (ئێران و عێراق)، کە «حەسەن جاف» وەریگێڕاوەتەوە بە فارســـی، دەڵێت، «ژنـــی کورد وەکوو ژنی تـــورک و فارس و عـــەرەب نین، ژنی کورد خاوەن بڕیار و زۆر

له ژنانی تورک و فارس و عەرەب ئازاتر و سەربەخۆترن. کاتێک ژنانی کوردم بینی زۆرجار لەگەڵ بڕیاری چارەنووسساز بەشدار و هاوبەشی پیاوان دەبن، ژنی کورد زۆر ئازادانە و بێ پەچە دەتوانن لە بازاڕ و شوێنە گشتییەکاندا بگەڕێن کە ئەم دیاردەیە لە نێو ژنی نەتەوەکانی دراوسێیاندا بە دەگمەنیش نابینرێت، ئازادیی ژنانی کورد وەک هیچکام لە نەتەوەکانی دراوسێی نییە و بەمانای وشە، کەسایەتییەکی خاوەن ڕێز و سەربەخۆی کۆمەڵگاکەیانن».

هەروەها ناوی دەیان ژنی ناودارمان هەیە کە لانیکەم لەم دوو سەدەیەی کۆتاییدا کە بەشی زۆریان خاوەن تایبەتمەندی و هەڵکەوتەیی لە ناوەندی سیاسەت و بڕیاردان بوون یان خاوەن توانستی دیکە بوون. دەوڵەت خانی لوڕستانی، قەدەم خێری فەیلی، فاتمە قەرە، حەپسەخانی نەقیب، خاتوو شاناز ئەردەڵانی، مەستوورەی کوردستانی، ئامینەخانی بارام بەگی جاف، لەیلی و ڕەوشەن بەدرخانی، عادیلەخانم، شاخاتوونی بتلیس، خانم ئەردەلانی، مەلیکە هەوادار ڕەوادی، فاتمەخانی ڕەواندز، فاتمەمەحیەدین و گوزیدەخانم، خانزادی میری سۆران، حەلیمەخانی هەکاری، ڕابیعەخانم سەرگەورەی نانەواکان، لەیلا قاسم و لەیلا زانا و بگرە سەدان ژنی دیکە کە لە ڕێڕەوە ئاڵۆزەکەی مێژووی کورد، تەنانەت ناویشیان سڕاوەتەوە یان پێویستی بە بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی زۆرترە.[٥]

ژنانی ڕۆژهەڵات وەکوو ژنانی ئێران لەگەڵ ڕووداوەکان و خۆپیشاندانەکان و شۆڕشەکانی سەردەمی پاشایەتیی پالەوی و هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی و سەرەتاکانی شۆڕش، ڕۆڵی بەرچاو و گرینگیان گێڕاوە. ئەگەر ژنانی ناوەند دەچوونە ناو حیزبە سیاسییەکانی چریکی فیدایی و موجاهیدین و توودە، ئەوا ژنانی ڕۆژهەڵات چەکیان هەڵگرتووە و چوونەتە شاخ و هاوشانی پیاوان لەناو هێزەسیاسییەکانی ڕۆژهەڵات بە چەپ و نەتەوەییەوە، دژ بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی شەڕیان کردووە، بەو جیاوازییە کە سەرەتای دەرکەوتنی لەناو حیزبەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ دامەزراندنی کۆماری کوردستان کە بۆ یەکەمجاریش دەبن بە خاوەنی ڕێکخراوەی تایبەت بە خۆیان بەناو «یەکێتیی ژنانی کوردستان»، بە ڕێبەرایەتیی میناخانم هاوژینی پێشەوای نەمر (١٥ڕەشەممەی ١٩٤٦)[٦] و درێژەدان بە خەباتیان بۆ بەدەستهێنانی کۆی مافەکانیان هەتا ئێستا.

گرنگی باسەکە لە پێناسەی ژنێکەی سەرڕاست و گوتاری تایبەت و پەسوۆردی خەباتی ژنی کوردە کە دژ بە هەر چەشنە هەڵاواردن و داگیرکارییە و بەپێی بەکگراوەندە مێژووییەکەی خۆی و هەموو ئەزموون و هەڵەکانی ڕابردوو و ئێستا، ناتوانێ لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی و مافخوازی و دیمۆکراسیخوازیی بەناو ژنانی ئێران کە هەڵگری هەمان گوتاری باڵادەست و بندەستە، خۆی پێناسە بکات و خۆی ببینێتەوە؛ ئەگەرچی وەک «ژنبوون»، لە بەشێک لەو ڕووبەڕووبوونەوانەی ژنی ناوەنددا، خاڵی هاوبەش ببینێتەوە. وەک ئەوەی کە بەشێک لە داخوازی و داواکارییەکانی بزووتنەوەی ژنانی ناوەند، بەشداریی ژنان وەک ژن، لە جومگە باڵاکانی سیاسەت و بڕیاردان بوو و کاتێک تەنانەت لە دینامیزمی دەسەڵاتی بەناو بناژۆخوازی ئێران کە دوو پۆستی گرنگی حکوومەت درا بە ژنان و هەروەها بەشداریی ژنانی زۆرتر وەک نوێنەر و شەوراکان بینرا، ئەوا ژنانی ئازادیخواز خۆیان وەک بەشێک لەو بژاردنانە و پۆستانە دیبێتەوە و دانیان بەوەدا هێنابێت کە بەشێک لە داخوازییەکانیان جێبەجێ بووە، بەتایبەت کە جێی ئاماژەیە

له خۆپیشاندانه‌کانی ئابانی ٩٨دا، هه‌ر ژنه نوێنه‌ری یه‌کێ له شاره‌کان بوو که ڕاسته‌وخۆ به چه‌کی خۆی ته‌قه‌ی له خۆپیشانده‌ره‌کان کرد. هیچ جیاوازییه‌ک له‌م هه‌ڵسه‌نگاندنه‌دا نییه چون ئه‌وه گوتار و زه‌ینییه‌ت و بیرکردنه‌وه‌یه که چوارچێوه‌ی ئه‌کت و کرده‌وه و پێگه دیاری ده‌کات. ئێستا ژن بێ یان پیاو، له چوارچێوه‌ی گوتار و ده‌سه‌ڵات و هێزی سیاسیی باڵاده‌سته که وه‌ک فۆکۆ ئاماژه‌ی پێ ده‌دا، حه‌قیقه‌تی بوونی خۆی ده‌سه‌لمێنێت جا با حه‌قیقه‌تێکی ساخته و سه‌پێندراو بێت. هه‌ربۆیه خۆدیتنه‌وه و خۆبه‌ده‌سته‌وه‌دان له‌ناو هه‌ر بزووتنه‌وه‌یه‌ک و باسی تایبه‌تی ئێمه، به‌ناو بزووتنه‌وه‌ی ژنانی ئێران، به هۆی دیتنه‌وه‌ی برێک له هاوبه‌شییه‌کان، دیسان هه‌ڵپه‌سێراوی و سه‌رلێشێواویی ژنی کورد له ناو گوتاری باڵاده‌ست و ناوه‌ندته‌وه‌ره و هه‌ڵسووڕانی هه‌مان سیکل و دۆخی مێژووییه، ئه‌گه‌رچی ڕه‌نگ و بۆن و ڕواڵه‌تێکی دیکه له خۆی ئاراسته بکات.

ژنی کورد پێویستی به پێناسه و ده‌ستنیشانکردن و تیۆریزه‌کردنی «چوارچێوه‌ی سته‌ملێکراوی» یان (Grievance Framework) خۆیه‌ته،[٧] که بتوانێ له ده‌وری ئه‌و چوارچێوه‌یه‌دا هه‌موو جووڵه و وزه و بزووتنه‌وه‌ی خۆی دیاری بکات و مانای پێ بدات و به‌ره‌و پێشی ببات. ژنی کورد به دیاریکردنی ئه‌و چوارچێوه‌یه، ده‌توانێ به باشی له‌و هه‌ڵپه‌سێراوی و شپرزه‌یه وه‌خت و ناوه‌خته‌ی ده‌ربازی بێت و وه‌ک ئه‌کته‌رێکی کارا و هه‌مه‌لایه‌نه له ده‌وری فێمینیزم و سیکۆلاریزم و نه‌ته‌وه‌خوازیدا گوتار و ئامانجی خۆی به‌هێزتر و دیاریکراوتر له هه‌میشه به‌ره‌وپێش ببات و ته‌نانه‌ت له بازنه‌ی ئه‌م سێگۆشه‌یه‌دا به جۆرێک بناخه‌ی فه‌لسه‌فه‌ی ئه‌رک و ماف داکوتێت که هه‌رجۆره ئه‌گه‌ری کلیشه‌ڕوانینی پیاوانه و داسه‌پاو له ڕه‌وتی هه‌رچه‌شنه ڕزگاریخوازیی نه‌ته‌وه‌یی و چینایه‌تی و سۆسیالیزمدا بێ بایه‌خ و بێ بنه‌ما بکات.

> **لێکۆڵه‌ران و نووسه‌رانی کورد دان به‌و ڕاستییه‌دا ده‌نێن که به هۆی ئه‌و ئاڵۆزییه‌ی که له ڕه‌وتی مێژوودا، مرۆڤی کورد به به‌راورد له‌گه‌ڵ گه‌لانی دراوسێی، پێیدا ده‌رباز بووه، لێکۆڵینه‌وه‌ی زانستی له‌سه‌ر مێژووی کۆمه‌لایه‌تی و کولتووریی کۆمه‌ڵگای کوردی زۆر که‌مه**

ئه‌گه‌رچی بوونی ژن وه‌ک پێشمه‌رگه و به‌شێک له هێزه سیاسییه‌کان جێی نکۆڵی نییه و ڕه‌نگه وه‌ک شانازییه‌ک له مێژووی خه‌باتی ژنان به‌تایبه‌ت ژنانی ڕۆژهه‌ڵات، شوێنپێی خۆی داکوتاوه، به‌ڵام ڕوونه که ئه‌وجۆره‌ی که پێویست بووه ئاوڕی یه‌کسانیی لێ نه‌دراوه‌ته‌وه (له هه‌موو حیزبه‌کان به دروشمی جیاجیا) و ده‌بینین که هێشتا ژنان سه‌ره‌ڕای ئه‌وه خاوه‌نی ئه‌زموونی مێژووییه‌که‌ی خۆیان له ده‌سه‌ڵات و بڕیاردان له حکوومه‌ته خۆجێیه‌کان و هۆز و عه‌شیره‌ته‌کان و هه‌روه‌ها با ئه‌وه‌ی که هه‌ر له سه‌ره‌تاوه شان به شانی پیاوان، به‌شداریی خه‌باتی چه‌کداری و هێزی سیاسیی ئه‌م سه‌رده‌مه بوون، به‌ڵام نه‌یانتوانیوه درزێک بخه‌نه نێو ئه‌و بازنه‌ی ده‌سه‌ڵات و بڕیاردانه که دیاره نه‌ک له ڕۆحی یه‌کگرتووی کوردیدا به‌ڵکوو له کلێشه‌ی پیاوانه‌یی داسه‌پاودا ده‌بینرێت (هه‌ڵبه‌ت هێنانه‌وه‌ی ناوی ته‌نیا دوو سێ ژن ئه‌ویش له ئاستی خواره‌وه‌ی بڕیاردان، نابێته هۆی ڕه‌تکردنه‌وه‌ی کلێشه‌ڕوانینی ده‌سه‌ڵات و بڕیاردان له هێزه کوردییه‌کاندا). کاتێک که باسی ئه‌رک و ماف دێته گۆڕێ،

واتە ژنی کورد کە لە هەموو جموجۆڵە کۆمەڵایەتی و مەدەنی و سیاسییەکاندا، بە هێزە چەکدار و سیاسییەکانیشییەوە، نەتەنیا بەشداری دەکات بەڵکوو زۆرجاریش دەسپێشخەربوونی خۆی سەلماندووە، نەک وەک یاریدەدەر و بۆ شانازیکردنی پیاو و بزووتنەوەی کۆمەڵگای کوردییە، بەڵکوو ئەو لە بنەڕەتدا قەبووڵی بەرپرسیارەتی دەکات کە مافەکانی خۆی دەستەبەر بکات؛ نەک تەنیا ببێتە سیمبولێک بۆ خەباتی نەتەوەیی یان چینایەتی و هتد.

لە راستیدا «نەتەوەخوازی» و نەتەوەسازی»، بەشی بنەڕەتی ئەو ئەرک و مافخوازییەیە کە ژنی کورد دەتوانێ لە چوارچێوەی ستەملێکراویی خۆیەوە لە پێناسەی ئەو سێگۆشەی گوتار و ئامانجەدا، هەرچەشنە پاشنەگێریی پیاوسەروەریی بە شێوازی بنەڕەتی بلەقێنێت و چاونەترستر لە هەمیشە و بێ ئەوەی ترازان یان لادانێک لە دۆخی نەتەوەییبوونی خۆی پێش بێت و بەخاوەندارێتیکردنی لە پرۆسەی نەتەوەسازی کە ڕزگاریی خاک و نیشتمانی لە دەستی داگیرکەر وەک فاکتەری بنەڕەتییە، بەهێزتر ڕەوتی خەبات و ڕزگاریی خۆی لە هەرچەشنە هەڵاواردنێک، بەرەو پێش ببات. و تەنانەت دەبێتە بازنەیەکی بەهێز بۆ یەکگرتنەوە و دیتنەوەی گوتاری هاوبەشی کۆمەڵگای کوردی بەهەموو هێزەکان و دروشمەکانەوە. ئەگەرچی جێگای ئاماژەیە کە شپرزەییی گوتاری هێزەکوردییەکان خۆی بەشێکی بنەڕەتی و کارتێکەر لەو شپرزەیی و هەڵپەسراوییەی خەبات و بزووتنەوەی ژنی کورد بووە. ڕوونە و بە دەیان دیاردە و ڕووداو و هەموو ئەزموونەکان بە ئەرێنی و نەرێنییەوە سەلماوە کە داگیرکەرانی کوردستان، هیچ جیاوازییەک لە نێوان ژن و پیاو و منداڵ و ژینگە و حیزب و هێزەسیاسییەکان بە چەپ و نەتەوەخواز و هەر چوارچێوە و دروشمی دیکە دانانێت و لە هەر جۆری دەسەڵات و دینامیزمی دەسەڵاتی خۆیدا گوتاری داگیرکاری و باڵادەستبوونی، بنەمای ڕوانین و ئەکت و دژەکردەوەیەتی بەرانبەر نەتەوەی بندەستی کورد. کەواتە هەروەهاش گوتارێکی هاوبەش و بەهێزی پێویستە کە هەڵگری هەمان قورساییی گوتاری داگیرکەر بێت کە بەرەورووی ببێتەوە. داگیرکەر بە داگیرکردنی خاک و نیشتمان، هەموو ناسنامە و ئەکتێک و بۆخۆبوونی لە هەموو ئەندامان و جومگەکانی نەتەوەی کورد گرتووە و ئەوا سەدەیەکی تریش کورد خۆی بە مافی ژن و مافی منداڵ و مافی کرێکار و مافی چینایەتیی و مافی زمانی و کولتووری یان بەشداریی دیموکراتیانە و هتد سەرقاڵ بکات لە کاتێکدا پەسووڕدی خەباتەکە و ڕزگاربوونەکەی لە ڕزگاریی خاک و سەربەخۆییدایە. گوتارێکی هاوبەش کە نەتەنیا هەموو ئەندامان و جومگە سیاسی و فیکرییەکان دەگرێتە خۆی، ڕەنگە چیتر نە لە خوف و چاوەڕوانیی ترازانی هەر ڕۆژەی جومگەکان و هێزەسیاسییەکان، یان دڵەڕاوکێی یەکگرتنەوە و یەکنەگرتنەوەیان یان ئەگەری پێکهێنان یان پێکنەهێنانی بەرەی یەکگرتوودا ڕۆژ و شەومان بەسەربەرین، بەڵکوو بینەر و بیسەری ڕاگەیاندنی «دەوڵەتی کوردی لە تاراوگە»

> ”
> **ژنانی ڕۆژهەڵات وەکوو ژنانی ئێران لەگەڵ ڕووداوەکان و خۆپیشاندانەکان و شۆڕشەکانی سەردەمی پاشایەتیی پاڵەوی و هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی و سەرەتاکانی شۆڕش، ڕۆڵی بەرچاو و گرینگیان گێڕاوە**
> “

بین کە لە هەموو هێزەکوردییەکان و ئەکتەرەکان و لە سەرووی هەموویان ژنی کورد پێکهاتبێ. ئەمە نە وەک خولیایەکی منداڵانە یان دروشمێکی جوان و ڕازاوە و دڵخۆشکەرە بەڵام دوور لە عەرزی واقیع ببیننەوە، بەڵکوو بە دڵنیاییەوە بە گۆڕین و داڕشتنەوە و نۆژەنکردنی زەینییەتەکانمان، عەرزی داسەپاوی بەواقیعکراوی ئێستامان بوونێکی تری پێ دەبەخشین.

## پەراوێزەکان

١. سەرەتا ئاماژەی ژنی کورد ئاماژەیەکی گشتگیرە، وەک نیوەی کۆمەڵگای کوردی لە نەتەوەیەکی داگیرکراودا کە لەکاتی پێناسەکردن و ناسنامەی تایبەت بەخۆی،چوارپارچەکە دەگرێتە خۆی. ئێران(ناوەند)، وەک نموونەی دەسەڵاتی داگیرکەر، کە لەم وتارەدا هەڵگری هەلومەرجی تایبەت بە خۆی دەبێت و هەروەها چەمکی»بزووتنەوە»، لێرەدا هەم بەمانای کاری ڕێکخراوەیی و هەم بەمانای هەر جۆر جموجۆڵ و بەشداربوونی ئێعتڕازی و تەنانەت کاری سیمبولیکە کە بە چەشنێک «نافەرمانیی مەدەنی»، دەگەیەنێت.

٢. بولتن مرجع ۴، مجموحە مقالات و متون دربارە فمینیسم(انگلیسی و فارسی)، مرکز مطالعات فرهنگی_بین المللی، تابستان ٨٧. دووبوار،سیمون،جنس دوم، ترجمە قاسم صنعوی،١٣٨٢. وولف، ویرجینیا، اتاقی از آن خود، ترجمە صفورا نوربخش، ١٣٨٣. بئاتریس، سلما،»از ادبیات زنانە تا زن-نوشت،تفاوت و نهاد»، ترجمەی سمیرا رشیدپور

Moi Toril, “Feminist, Female, Feminine”, The Feminist Reader, essays in gender and the political of literary criticism, edited by Catherin Belsey and Jane Moore, pp,115-132.

٣. ڕیفرێنسی ئەم بابەتە نووسەری ئەم دەدەیە کە وەک یەکێ لە شایەتحاڵەکان و لە نێزیکەوە ئاگاداری بەشێک لەو پەیوەندییانە بووە و بەداخەوە هەر وەک هەموو جموجۆڵەکان وەک جموجۆڵی «ناوەندتەوەر»، نەتەنیا هیچ باس و ئاماژەیەکی نەهاتووەتە گۆڕێ بەڵکوو هەر لە بنەڕەتدا هەڵگری ڕۆحێکی تواندنەوەیی بووە!

٤. لێرەدا ئاماژەکان بە مانای گوتار و هەڵوێستێکی گشتگیر و درێژخایەنە نەک ئاماژەگەلێکی زۆر دەگمەن و خێرا وەک هەڵوێستی خانم شادی سەدر یان خانم شیرین عیبادی کە ئەویش نە لە ناوخۆدا بەڵکوو کاتێک لە هەندەران نیشتەجێ بوون. هەروەها سەبارەت بە هەڵوێست و بیروڕای ژنانی کورد گەرەکمان بێت وەک سەرچاوە و ناوی کەسەکان، ئاماژەی ڕاستەوخۆیان پێ بکەین، سەرەڕای ئەوەی کە زۆربەی کاتەکان ئەم باسانە و ئەم جۆر ئاخاوتنانە لەناو کۆڕوکۆمەڵەکان و لە نێو خودی ژنانی چالاک ڕوویدەدا و هەروەها لە سۆشیاڵ میدیاکانی ئەوکات زۆرتر بە کۆمێنت و شەڕەقسە و دەمەقاڵێ دەهاتنە گۆڕێ، ئێستا ئاماژەکردن بە ناوی کەسەکان نە تەنیا کارێکی نەشیاوە بەڵکوو□ جێگای ئاماژەیە کە بەشێکی زۆر لەو خاتوونانە، بە دامرکاندنی جەوەکە و بڕێک قووڵبوونەوەی دواتر لە بارودۆخەکە و تارادەیەک وشیاربوونەوە لە ئاست مەسەلە پێوەندیدارەکان و کاریگەریی ڕووداوەکانی دواتر، بەگشتی ڕوانینیان زۆر گۆڕدراوە. ئەگەرچی ئێستاش هەر دەگمەن کەسانێک هەن کە بۆ وێنە ڕۆژانە هەر گیرۆدەی هەواڵی ژنانی ناوەندن و درێغ لە هەواڵێک، ئاماژەیەکی هەرچەند بچووکیش سەبارەت بە گیراوەکان و دەسبەسەرکردنی ژنانی چالاکوانی کورد و زۆر سەیرتر ئەوەیە کە هەواڵەکانی کوشتنی ژنان بەزمانی فارسی هەر ها لە ئاستی بێ ڕەکابەری هەواڵەکانی ئەم بەرێزانەدا!

٥. بۆ زانیاریی باشتر و بێلایەنانە و تەنانەت ڕەخنەگرانە لە وردەکاریی سەبارەت بە پێگە و مەیدانی چالاکییەکان، یان ئاشنابوون لەگەڵ سەرچاوەگەلی بڕواپێکراو بۆ خوێندنەوەی وردتر و زۆرتر(وەک، تۆما بوا، مێجەرسۆن، ئێدمۆنز، ..) دەتوانن بڕواننە وتاری» مێژووی ژنی کورد»، د.جەبار قادر، کە گەلاڕێزانی ساڵی ٢٠٠٣، لە کۆنفرانسی ژنانی کورد لە هولەند پێشکەشی کردووە.

٦. بەهۆی چڕوپڕ بوونی باسەکە و نەبوونی جێگای پێویست بۆ باسکردنی و هەروەها بۆ زانیاری و وردەکاریی زۆرتر لە ڕۆڵ و چۆنیەتیی کار و زەحمەت و تێکۆشان و بەرەنگاربوونەوەی ژنان لە دەرفەتە مێژووییەکانی خەڵکی ڕۆژهەلات لە تێکهەڵچوونیان لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەند و هەروەها بەشدارییان لەناو حێزبەکاندا، دەتوانن بڕواننە، «ڕۆڵی ژن لە خەباتی سیاسیی و چەکداری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان»(١٩٧٩-١٩٨٨)، سنوبەر سەردارستار، ٢٠١٩.
https://doi.org/10.24271/garmian.19635

٧ . ئەم چەمکە لە بنەڕەتدا لە زانستی سیاسیدا بۆ نەتەوەی بندەست و ستەملێکراو هاتووە کە بتوانێ بە پێناسەکردنی ئەو چوارچێوەگەلە و ئەو بابەتانەی کە ستەمی لێ کراوە، کەڵک وەربگرێت و، ئەو دۆخە ناڵەبار و دزێوەی خۆی، بۆ جیهان و هەموو ڕێکخراوە نەتەوەیی و نێونەتەوەییەکان بگوازێتەوە و بیسەلمێنێت و حەقانییەتی خۆی بەدەست بێنێ. ئەگەرچی بەداخەوە بەگشتی وەک نەتەوەیش، نەتەوەی کورد تا ئێستا نەیتوانیوە ئەو دۆخەی خۆی بە دەیان دیاردەی وەک ئەنفال و شیمیایی و گۆڕی بەکۆمەڵ و ... بگوازێتەوە. بەڵام ئاماژەی ئەم چەمکە لێرەدا لە ڕاستیدا زۆرتر وەک پێناسە و مەعریفەی تایبەت بۆ ژنی کورد هاتووە و کەڵکی لێ گیراوە کە خۆی لە بازنەی ئەوەدا ببینێتەوە و لە جموجۆڵ و ڕەوتی خەباتی خۆیدا چیتر دوچاری پەسووڕدی هەڵە نەبێت و لەسەر بنەمای ئەو چوارچێوەیە وەک مەعریفەی خەباتی خۆی، هێز و وزەی خۆی وەگەڕ بخات و خۆی ببینێتەوە.

# هەڵدانەوەی تواندنەوەی ژن لە کۆمەڵگەی کوردەواری

ژیوان کوردستانی

بۆ لێکدانەوەی کێشەی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا، پێویستە لایەنی مێژوویی و کۆمەڵایەتی لێک بدرێنەوە و لەم وتارەدا ناگونجێت. بەڵام دەمانهەوێ لە هێندێک گرفت بکۆڵینەوە کە لەناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا باون و کەسایەتییان لە ژنی کورد داماڵیوە و تا ئێستاکە ژنیان بە ژێردەستەیی هێشتووەتەوە.

## پێشەکی

لێکدانەوەی کێشەی ژن لەناو کۆمەڵگەی مرۆیی و بەتایبەتی ژنی کورد، مێژوویەکی دووروودرێژی هەیە و پەیوەندیی بە کولتووری کۆمەڵگەوە هەیە و گەر سەرپێیی بروانینە کێشەکان، دەردەکەوێت ژنانی بەشێک لە وڵاتە پێشکەوتوو و دیمۆکراتەکان، توانیویانە سەروەرییەکانی خۆیان بپارێزن، بەڵام بەشی زۆری کۆمەڵگە دواکەوتووەکانی رۆژهەڵاتی ناوین هێندە نەگۆڕاون. گۆڕینی ئاگایی کۆمەڵگەش پرۆسەیەکی درێژخایەنە و پێویستی بە پەروەردەیەکی بنەڕەتیی پێشکەوتووانە هەیە. کۆمەڵگەی کوردەواری لەم بوارەدا سەقەتە. هۆکارەکەشی روونە. نەتەوەی بێ دەوڵەت کە بە زمانی خۆی پەروردە نەکرابێت و کێشەکانی خۆی سەربەستانە چارەسەر نەکردبێت، حاڵی لەمە باشتر نابێت. ئەو چەمکانەی لە ناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا باون و زمانحاڵی مەحکوومبوونی ژن لە کۆمەڵگەدان، مێژوویەکی دوور و درێژیان هەیە و دیسکۆرسێکیان سازکردووە کە ژنی تێدا کەوی کراوە و تا ئاستی نەبوون و سڕینەوەی ژن بەرەوپێش چووە. بۆ لێکدانەوەی کێشەی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا، پێویستە لایەنی مێژوویی و کۆمەڵایەتی لێک بدرێنەوە و لەم وتارەدا ناگونجێت. بەڵام لەم وتارەدا دەمانهەوێ لە هێندێک گرفت بکۆڵینەوە کە لەناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا باون و کەسایەتییان لە ژنی کورد داماڵیوە و تا ئێستاکە ژنیان بە ژێردەستەیی هێشتووەتەوە.

## ژێردەستەیی

کۆمەڵگەی کورد بە پێی دابونەریتێک کە هەیەتی، لە کۆمەڵێک لایەنی جۆربەجۆر، بۆنموونە لایەنی سیاسی، ئابووری و کەلتووری پێکهاتووە و روونە ژن پێکهاتەی سەرەکییەکەی پێکدەهێنێت. کاتێک پرسی ژن دێتە ئاراوە، باشترین رێگە ئەوەیە، پلەوپێگەی ژن لەم کۆمەڵگەیە بە پێی راستییەکانی لێک بدرێتەوە. پلەوپێگەی ژنی کورد لە بواری سیاسەت، ئابووری و کاروباری کۆمەڵایەتی، لە چ ئاستێکدایە؟ ژن چەندە سەربەخۆیە؟ رێکخراوەی سەربەخۆی هەیە؟ هێندە توانای هەیە بەرگری لە مافەکانی خۆی بکات یان نا؟ هۆکارەکانی کۆیلەبوون و ژێردەستەیی ژن لە کوێوە سەرچاوە دەگرن؟

ژێردەستەیی جۆری هەیە: ژێردەستەییی سیاسی، ئابووری، ئایینی، خێزانی و .... مەبەست لە ژێردەستەیی ئەوەیە، کەسێک نەتوانێ بە عەقڵی خۆی بیر بکاتەوە و بڕیار لەسەر ژیانیی خۆی و لەشی خۆی بدات و کەسێک لە پشتەوە هەبێت ئەم ئیجازەیەی پێ بدات. مافە بنەڕەتییەکانی پێشێل کرابێت. کاتێک کەسێک لە سەربەخۆیی سیاسی بێبەری دەکرێت، واتە شوناسی نەتەوەییی لێ زەوت دەکرێت. کاتێک ژنێک نەتوانێ لە لایەنی کۆمەڵایەتی و یاساییەوە خۆی بڕیار لەسەر ژیانی خۆی بدات، دەبێتە ژێردەستە. ئەم جۆرانە لە ژێردەستەیی لەناو کۆمەڵگەدا هەن و کاریان پێ دەکرێت. پرۆسەی هاوسەرگیری کۆمەڵێک دیسکۆرسی هەیە، هەموو یاسا و رێساکەی ئایینە و هەمووی لە بەرژەوەندیی پیاودایە. کەمتر ژنێک هەیە لەم بوارانە بە چڕوپڕی بکۆڵێتەوە و تەنانەت کێشەی ژنان وەکوو شەڕێک سەیر دەکەن زیاتر لەوەی کە بۆ هۆشیارکردنەوە و گۆڕینی عەقڵیەتی کۆمەڵگە بێت، لێدانی یەکترە.

سیمۆن دیبۆڤار، لە کتێبی رەگەزی دووەمدا ئاماژەی بەوە کردووە: «ژن بە ژنی لە دایک نابێت بەڵکو کۆمەڵگەیە دەیکات بە ژن». دیارە خەبات و شۆڕشی ژنان لە رۆژئاوا و ژنان لە وڵاتە ئیسلامییەکان بەراورد ناکرێت. لێرەدا چەمکی عەقڵییەتی ئیسلامی بەکار دێنین چونکە عەقڵییەتی ئیسلامی، واتە شێوازی بیرکردنەوە و میتافیزیکێک کە

خەڵکی پێ دەستەمۆ کراوە. ئەو بیرۆکەیەی لە خەیاڵی زۆربەی ئەو کەسانەدایە کە بەو عەقڵییەتە گۆچ کراون و ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە خاوەنی بیری سەربەخۆن و خۆیان لەو عەقڵییەتە دەربازکردووە.

لە کۆنەوە ژن گرێدراوی دۆخێک بووە، ئایین و دابونەریتی پیاوسەروەری حوکمی بەسەردا کردووە. لە پەروەردەیەوە تا دەگاتە بەشوودانی، هەمووی لە ژێر ڕکێفی کەلتووری کورددا بووە و ئەم کەلتوورەش، بە درێژاییی مێژوو گۆڕانی بەسەردا هاتووە. کورد چونکە بۆخۆی خاوەنی دەوڵەت و سەربەخۆیی نەبووە، بەردەوام کەوتووەتە ژێر کاریگەریی وڵاتە سەردەستەکانی خۆی، بەڵام هێندێک ئازادیی هەبووە کە سنووردار بووە و نەیتوانیوە سەربەخۆ بێت. بۆیە ژنی کورد لەناو دۆخی چەقبەستووی کۆمەڵگەدا ژێردەستە بووە. هۆکارەکەی ئەوە بووە کە کەلتووری ئایینی وای لە ژن کردووە گوێڕایەڵی داخوازییەکانی پیاو بێت. ئەگەر ژنانێکی ئازا و بوێر لە کۆمەڵگەی کوردەواری بە درێژاییی مێژوو بووبێن، کچی دەسترۆیشتوو و خاوەن دەسەڵات بوون. بەڵام بە گشتی ژن لە ناو کۆمەڵگەدا دەنگی کپ کراوە. هەر ناوچە و شارێکیش ڕوانگەکانیان بۆ ژن جیاواز بووە. لەتبوونی نیشتمانی، لەتبوونی جەستە و ڕۆحیشی لێ کەوتووەتەوە و ڕوانینی پیاوی باشوور، لەگەڵ ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات لێک جیاوازە و جۆری پەروەردەکەشیان بۆ ژن جیاوازە. بەڵام ئەوەی مەترسیدارە، لە هەموویاندا چونکە ئایینە بڕیار لەسەر ژن دەدات و یاسا و ڕێساکانی لە ئەستۆیە و لە بەرژەوەندیی پیاوە، ژن دەبێتە ژێردەستەی ئەو کەلتوورەی بڕیارەکان جێبەجێ دەکات.

## کێشەی ئایینی و میتافیزیکی

وەک بابەت بڕوانینە کێشەکە، دەردەکەوێت ژن لە ژێر ڕکێفی ئاییندا سەربەخۆییەکانی لێ زەوت کراوە. هۆکارەکەش ئەوەیە، لە ئایینی ئیسلامدا ژن دەکەوێتە خوار بنەماکانی ئایین و لە «فەرعی» ئاییندا باسی لەسەر کراوە. لە ئەسڵی ئایینەکەدا ژن نییە و بێبەرییە لە هەموو شتێک، چونکە ئایین موڵکی پیاوی ئایینی بووە و لە فەرعی ئایین و بەشی مامەڵەکردندا مافی بۆ دانراوە. وەکوو سامانی پیاو حەسێبی بۆ کراوە و ئەمەش وای کردووە بەردەوام داگیرکراو بێت و ئەم پەروەردەیە نەگۆڕدراوە و بەردەوامیشە. کەواتە ژن زۆر جار وەکوو ناموسێکی پیرۆز سەیر کراوە کە دەبێ بپارێزرێت تا ئەو کاتەی شوو دەکات. لە کۆنەوە باس لە چەمکێک دەکرێت ئێستە لە ناو خەڵکدا باوە، ئەویش چەمکی وەجاخە، (وەجاخی کوێر و وەچاوخی ڕۆشن). دیاردەیەکە بۆ ئەوەی ئاوەدانیی ناو ماڵ و پشتوپەنای بنەماڵە، کوڕ دیاریی دەکات نەک کچ، بۆیە دوعای بەخێرکردنەکەش بۆ منداڵبوون ئەویە: «خوا کوڕت بە نەسیب بکات». ئەم پێشینەیە وای کردووە کچ بکەوێتە پەراوێزەوە و بەهای زیاتر بە نێرینە بدرێت. تەنانەت کوڕپەرەستی دیاردەیەکە لەناو بنەماڵەکاندا گرنگیی پێ دەدرێت. زۆربەی بنەماڵەکان لایان وایە کوڕ بۆ دوارۆژ و کاتی پیری بەکاریان دێت بەڵام ئەم مافە بە کچان نادرێت. زیاتر وەکوو ڕێبوارێکی ناو ماڵە؛ زوو شوو دەکات و دەچێتە ماڵە مێردا!. کۆمەڵگەی کوردەواری شێوازی بیرکردنەوەکەی ئایینییە و منداڵێکە لە دایک دەبێت و بانگ بە گوێچکەدان و گەورەبوونی و جیاکردنەوەی دوو ڕەگەزی نێر و مێ و پرۆسەی ژیانی هاوبەش، تا دەگاتە تەڵقین و بە خاکسپاردنی، هەمووی دیاردەیەکە ئایین و پیاوی ئایینی بەڕێوەی دەبن. ئەوانن دیاری دەکەن ژن چۆن هەڵسوکەوت بکات و چۆن بژیێت. تەنانەت کاتی تەڵاقدانەکەشی پیاو دیاریی دەکات. نموونەکەی بەم شێوەیە: «من وەکوو پیاوێک ئەو خاتوونەم بە دوو هەزار تمەن تەڵاق دا!» ئەم شتانە لە نزیکەوە هەیە و

ڕۆژانە دەکرێت. زۆر جار کەرەستەکە دەگۆڕن سا هەرچی بێت. بەڵام گەر سەرنجی بدەن، دەردەکەوێت دیسانەوە ژن لێرەدا ئەگەر مافی جیابوونەوەکەش هی ژنەکە بێت، دیسانەوە لە پرۆسەی تەڵاقەکەدا ژن هەڵدەپەسێردرێت و دادەبەزێت بۆ مامەڵەیەکی بێ بەها.

لە هەناوی ئەم کەلتوورەدایە کە بە درێژاییی مێژوو، ژن بەشی لەبیرکراوی کۆمەڵگە بووە. بیرکردنەوەی ئایینی بە تایبەتی ئیسلامی، لایەنە میتافیزیکییەکەی تاقانە باوەڕ و پشت بە چەمکی «بوونی یەکتا» دەبەستێت. بۆیە ئەنتۆلۆجییەکەی دژی فرەرەهەندییە و بوونێکی یەکگرتووی تاقانە دەخاتە پێش ماهییەتەکەی و هەرچەشنە فرەرەنگییەک دەسڕێتەوە. دەرەنجامی ئەم میتافیزیکە، کۆمەڵگەیەکی یەکە(یەکرەنگە) و جیاوازییەکان دەسڕێتەوە. لێرەدایە ژن وەکوو مڵک و نامووسی پیاو چاوی لێ کراوە. تەنانەت ئەمە لە زۆربەی ژنەکانیشدا ڕەنگدانەوەی بووە. بۆنموونە زۆربەی ژنە نەریتییەکان وا بیریان دەکەنەوە کە «پیاو خوای سەر زەویی ژنە!». لە بواری پەروەردەشەوە زۆربەی ژنان لە گوندەکان جگە لەوەی کە شانبەشانی پیاو ئیش دەکەن، لە هەمان کاتیشدا ئەرکی کاری ناوماڵیشیان لە ئەستۆیە و تاڵی و ناسۆرییەکانی ژیانیشیان لەگەڵدایە. ژنبەژنە و بەزۆر بەشوودان و زوو شووکردن و شتی دیکەش هەبووە. ئەمانە هەمووی لە کۆمەڵگەدا هەیە، لە زۆربەی گوندەکان ڕێگە نادەن کچەکان درێژە بە خوێندن بدەن و لایان وایە کچ پێویستی بە خوێندن نییە و دیاردەیەکی قێزەون بەناویی «خەتەنەکردن» پێشتر هەبووە، لەبەر ئەوەی لایان وابوو پیاو هەوەسی هەیە و ژن نابێ خاوەنی هەوەس بێت. هەست و سۆزی ژنیان بە چاویی سووک سەیر کردووە و ئەم دیاردەیە کۆن نییە. هێندێک لە پیرەژنەکان کەرەستەی خەتەنەکردنیان بووە و بەکارهێنراوە بۆ ئەوەی ژن لە هەستی ژنانەبوونی خۆی بێبەری بکەن! بەداخەوە لە هەندێ ناوچە هەیە. لەو دیاردانەی وا لە ژن قەدەغەکراون، پێکەنین بە دەنگی بەرز و چا خواردنە لە لای پیاوەکانیانە. بۆ ئەمەش دەبوا ژن ڕووی هەڵگەراندایەتەوە و چایەکەی بخواردایە، خۆ کۆکردنەوە و داپۆشینی لاقەکانی لەناو ماڵدا بۆ ئەوەی نامەحرەم نەیبینێت! زۆربەی ژنان لەناو ماڵیشدا خۆیان دادەپۆشی بۆ ئەوەی لایان وابوو، مەلایکەکانی سەرشانیان گوناحەکانیان دەنووسنەوە. خۆی ئەم بۆچوونانە جێی لێکۆڵینەوەیە و دەرەنجامیشی هەیە. کاتێک ژنێک لە ناو ماڵی خۆی ناتوانێ بە ئاسوودەیی دانیشێت و ژوورێکی سەربەخۆی بۆ خۆی نەبێت، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بیرکردنەوە ئایینییەی وای لە ژن کردووە لە تەنیاییی ناو ماڵەکانیشدا دیسانەوە خۆی بە خاوەن ماف نەزانێت و هەست بە ئاسوودەیی نەکات. کەواتە ژن وەکوو کەرەستەیەک بۆ ئەم مەبەستانە بەکارهێنراوە. ١. پیرۆزکردنی وەکوو ناموس بۆ منداڵخستنەوە و پاکداوێنی. ئەم کەرەستەیە بۆ ئەوەی تازە و جوانبوونی بە حەزی پیاو پێت. ٢. پیرۆزکردنەکەی وەکوو دایکی منداڵە و دەس لێ نەدراویی بۆ پیاو و کردنی بە مڵکی خۆی. زۆر جار ئەو ژانەی لە ناو ئەم بازنەیەدا کەوی نەکراون، بەرەورووی توندوتیژی و کوشتن بوونەتەوە. کەواتە لە کۆمەڵگەی دواکەوتووی ئایینیدا، ژن کەرەستەی بەردەستە[1]، بەڵام کەرەستەیەکە هێندە بەردەستە لەبیر دەکرێت. بوونی وەکوو کەسایەتییەکی سەربەست هەڵدەپەسێردرێت. تا ئەو کاتەی ئۆبژەی حەزی پیاوە، ساتی و ئانی دەبینرێت؛ لە دوای ئەوە هەڵدەپەسێردرێت. بەڵام لە پرۆسەی منداڵخستنەوە و پاکداوێنیدا، ئەو شتەی ئایین و پیاو داوای دەکات ڕێزی هەیە. لە دەرەوەی ئەم پرۆسەیە، ژن یاخییە و مەترسیدارە؛ چونکە لە دیسکۆریسی کۆمەڵگەدا نامێنێت و ناچێتە

ناو بازنەی ژێردەستەییەک کە پیرۆز کراوە و ئارەزووی پیاوە.

کاتێک کچ و کوڕێک عاشقی یەکترن و لە ژێرەوە خۆشیان لە یەکتر دێت، بە چاوی سووک سەیر دەکرێن. بەڵام کاتێک هەمووان دەزانن و دێنە ناو دیسکۆرسی هاوسەرگیری، ڕێزیان هەیە. چونکە ئەم نەریتە چاودێریی ئەو کەسانە دەکات بۆ ئەوەی لە نۆرم لانەدەن. ئەوەی لە گوتاری ئایینی خۆی لابدات، مەترسییە بۆ ئەو دەسەڵاتە نەریتییەی دەستی بەسەر جەستە و دەروونی تاکەکاندا گرتووە. کەواتە ئایین و عەقڵییەتە میتافیزیکییەکەی، لە چەندین لایەنەوە ژنیان داگیر کردووە و کردوویانە بە ژێردەستە. لەشی لە مامەڵەکردندا داگیرکراوە و دەروونیشی بە ئیمان و ترس لە خودای ئەو دونیا و خودای ئەم دونیا واتە پیاو. ترس و سڵکردنەوە لەوەی کە نەکا تووشی گوناح بێتەوە، زۆربەی ژنەکانی کردووە بە ژێردەستە. ژنیش کە ئایینی بیری کردەوە، ئەو ترسە لە ئاییندا جێبەجێ دەکات و ڕازی دەبێت بە چارەنووسێک کە ئایین و باوک و برا بۆیان دیاری کردووە.

## سەپاندنی بێ عەقڵی بەسەر ژناندا

دەمێکەیە ئەم بۆچوونە لەناو کۆمەڵگەدا هەیە کە ژن بە کەم عەقڵ دەزانن و تەنانەت گێلەپیاوەکانی ناو کۆمەڵگەش باوەڕیان بەم بۆچوونە هەیە و وەکوو خۆی ماوەتەوە. کاتێک بەها بە پەروەردەی ژنان نادرێت و کچ و کوڕ پێکەوە ناخوێنن و لێک دوور دەخرێنەوە، گەورەترین خەسار بە سۆز و هۆشیاریی هەردوو ڕەگەزەکە دەگەیەنێت. زیاتر لە بیست ساڵ ئەم دوو ڕەگەزە لێک دوور دەخرێنەوە. تەنیا لە کاتی هاوسەرگیرییە کە یەکتر دەبیننەوە. ئەمەش وا دەکات ژن و کور یەکتر بە باشی نەناسن. تەنانەت زۆربەی پیاوەکان، کچێک کە دەیناسن بە سووک سەیری دەکەن و لایان وایە کەسێک کە نەیناسن بۆ هاوسەرگیری باشە! دیاردەیەک کە لە چەقی بیرکردنەوەی پیاواندا هەیە و ماوەتەوە، بێ عەقڵی یان کەم عەقڵیی ژنانە. چونکە ژن کەمتری لە نیوەی کۆمەڵگەیە و ناو و ناتۆرەی «عیفریتە، زەعیف، کەم عەقڵ، شەیتان» دراوەتەپاڵی، تەنانەت زۆربەی پیاوەکان بۆ سووککردنی یەکتری لە وشەی ژن و ژنانی کەڵک وەردەگرن. ژن وەکوو چەمکێکی سووک سەیر دەکرێت. زۆربەی ئەم وشانە لە ناو خێزانەوە دیسانەوە دادەسەپێنرێن و دیسکۆرسێکیان پێکهێناوە کە لە مێشکی هەموو پیاوێکدا، بە چەقبەستوویی ماوەتەوە.

لە ئوستوورەی ئاییندا، شەیتان توانی لە ڕێگەی ژنەوە ئادەم فریو بدات و ببێتە هۆی ئەوەی لە بەهەشت دەربکرێت. ئەم عەقڵییەتە وای کردووە پیاو مافی ئەوە بدات بە خۆی بڵێ هەروەها کە ئیجازەی مار بەدارە، ئیجازەی ژنیش لە ئێختیاری پیاودایە و دەتوانێ بە لێدان و سزادانی، ڕێگری لە شەیتان بوونی ژن بکات. زۆربەی پیاوەکان لایان وایە نابێ ڕاستییەکان لە لای ژن بدرکێنن و جێی متمانە نین، تەنانەت لە ئایین بۆ ئەم مەبەستە کەڵکوەردەگرن: «گوێیان لێ بگرن، بەڵام متمانەیان پێ مەکەن!». دیاردەی بێ عەقڵیی ژن لەوەدایە، پیاو بە تەواو و کامڵ دەزانن و ژنیش بەشێک لە سامانی پیاوە و مڵکی پیاوە، چونکە ژن ناتوانێ سەربەخۆ بژی و ڕەگەزێکی زەعیفە و بەبێ پیاو خۆی پێ ئیدارە ناکرێت. بۆ ڕەت دانەوەی ئەم دیاردەیە باشتروایە لۆجیک بەکار بێنین.

A ژنە و B پیاوە، و ژن لە پیاو دکەوێتەوە، لە عاقڵ، عاقڵ دەکەوێتەوە و لە بێ عەقڵیش بێ عەقڵ دەکەوێتەوە. ئەگەر A ژن بێت و بێ عەقڵ، دەبێ پیاوەکەش کە لەو دەکەوێتەوە لە ژنەکە بێ عەقڵتر بێت. ئەم ڕوانگە هەڵە و نگریسانە هەیە و نەگۆڕدراوە و ئایین پاڵپشتیەتی و ئایینیش پیاو سازی کردووە

و بەو ئایینە ژنانی دەستەمۆ کردووە. وەکوو بوخچەیەکی نەکراوە کە هەمان شمەکبوونی ژنە و تا دەگاتە داگیرکردنی رۆحی ژن هەمووی وای کردووە ژن لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا بە ژێردەستەیی بمێنێتەوە.

بەشی زۆری کێشەکە لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە کچ و کوڕ تا ئەو کاتەی ژیانی هاوبەش پێک دێنن لە یەک دوورن. نابێ فریوی دۆخی ئێستە بخوێن. گەرچی پەیوەندیی کچان و کوڕان باشتر بووە، بەڵام شێوازی بیرکردنەوەکان نەگۆڕاوە. چونکە عەقڵییەت لەو پەیوەندییەدا داگیرکردنە نەک ئازادی و دادپەروەری. چونکە کچ و کوڕ تامی ئازادییان نەکردووە و کچان لەژێر چاودێریی بنەماڵەدان و سەربەخۆییان کەمە. کاتێک بیست ساڵ دوو ڕەگەز، هەستەکانیان پێکەوە گەورە نابێت، لە تەمەنی سەرەوەی بیست ساڵی و کاتی ژنهێنان و هاوسەرگیری یەکتر دەناسن، ئەویش بنەماڵەیە بڕیار دەدات و دواتر بە دەسپێکردنی ژیانێکی هاوبەشی ئاسایی، هیچ لە کێشەکان ناگۆڕدرێت. ژن دیسانەوە لە خۆشەویستی بێبەری دەبێت، چونکە پرۆسەکە سۆزدارانە و مرۆیی نەبووە بەڵکو کەلتوورییە. ژن لە ناو ماڵدا دیسانەوە لە خۆشەویستی بێبەری دەبێت. دەتوانین بڵێین زۆربەی ژنەکان خۆشەویستیی مرۆیی وەکوو مافێکی سەرەتایی لە ناو ماڵدا بۆ هەمیشە لە چاڵ دەنێن. بەتایبەتی لە ناو گوندەکان ئەمە باوە. کوڕێک کە سەرشێت بێت و داگیر نەکرێت ڕێگەکەی لەوەدا دەبیننەوە ژنی بۆ بێنن، ژن وەکوو دەوایەک بۆ چارەسەری پیاوێکی سەرشێت بەکاردێنن. یان کچێک کە هاروهاج بێت، ڕێگەکەی لەوەدا دەبیننەوە زوو بە شو بدرێت. هەزاران کچی لەم جۆرە لە تەمەنی مێرمنداڵیدا بە شوو دەدرێن.

خراپتر لە هەمووی ئەمانە نەبوونی خۆشەویستیی ڕاستەقینە لەناو خێزاندایە. دیسانەوە ژن دەبێتە قوربانی، چونکە کچ و کوڕەکە بە سەقەتی پەروەردە کراون و هەردوو پەروەردەی جیاوازیان هەیە و دوای لێک دابڕانێکی زۆر یەکتر دەناسن، ئەویش ناسینێکی سەرپێیی و درێژە بە ژیانی هاوبەش دەدەن. بەڵام زۆربەی خۆشەویستییەکانی ژن و پیاو کورت ماوەیە و خۆشەویستی و ناسینی قووڵ نەبووە، تەنانەت دوای هاوسەرگیرییش پرۆژەی دوورماوەیان پێکەوە نییە کە بەرگەی ژیان بگرن. دوو لایەنی زێڕینی هاوسەرگیری واتە خۆشەویستی و وەفا و بەرگەگرتن بۆ درێژەدان بە ژیانی هاوبەش لە کیس دەدەن. ژن بۆ قەرەبووکردنەوەی خۆشەویستیی لەکیسچوو و لەش و ڕۆحی داگیرکراوی، منداڵ دەخاتەوە. پەنای پێ دەبات بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بەکاری بێت. چونکە لە خۆشەویستیی ڕاستەقینەی پیاوەکەی بێبەرییە. بۆیە ژنان بە زۆری لە ناو ژیانی ڕۆژانەدا دەتلێنەوە، تەنانەت ژنێک کە کاری هەیە دیسانەوە ژیانی ئاساییی خۆی بەڕێوە دەبات و ئەرکی زیاتر دەبێت و شتێکی وەها لە بابەتەکە ناگۆڕێت.

ژولیا کریستیوا کێشەی ژنانی بەم شێوەیە لێکداوەتەوە: «بە درێژاییی مێژوو لەشی ژن هاوتابووە لەگەڵ مێیینەیی، ڕەگەزی بێ دەسەڵات و بەدڕەوشت و فەتاوە و بە بەردەوامییش سووکایەتیی پێ کراوە». دیسکۆرسی دایک لە مێژوودا نەبووە، جگە لەوەی کە لە ئاییندا وەکوو دایک پیرۆز دەکرێت و ڕەگەزی لێ زەوت دەکرێت و مەیل و ئارەزووەکانی دەسڕدرێتەوە. زانستیش ژن تا ئاستە سروشتی و بایۆلۆژییەکەی دادەبەزێنێت. زۆربەی ژنانیش ئەو جۆرە ژیانەیان لە لا ئاساییە و بە کێشەی نازانن. ژنێکی کورد هەلی ئەوەی بۆ نەڕەخساوە وەکوو سیمۆن دیبۆڤار یان لووس ئیریگاری یان بیرمەندانی بواری ژنان لە ئەورووپا بیر بکاتەوە. لە وڵاتێکی پیشەسازی و پێشکەوتوو کە پەروەردەیەکی پێشکەوتووی هەیە و

هەمـــوو ئیشـــیان هەیە و خاوەنـــی ئازادی و دادپەروەریـــن. بۆیە جۆری کێشـــەکان لێک جیـــاوازن و نەخوێنـــدەواری وای کـــردووە زۆربەی ژنان نەزانن ئـــازادی چییە و مافیان کامەیـــە و ڕازین بە چارەنووســـێک کە بۆیان دیاری کراوە. کاتێک لە خۆشەویستی بێبەری دەبێت، بۆ قەرەبوو کردنەوەی خۆشەویســـتی پەنا بـــۆ عیرفان و ئایین دەبـــات. یان ئەگەر کێشەکانی قووڵتر بێتەوە و لە هەموو مافێکی بێبەری بکرێت، ناچار دەبێت خۆی بکوژێت.

## سیاسەت داماڵین لە ژنان

بـــە درێژایی مێـــژوو، لە ناو کـــورددا ژنانی ســـەرکەوتوو لـــە بوارەکانـــی ئەدەبیـــات و مۆسیقا و سیاســـەتدا نموونەیان کەم نەبووە، بـــەڵام بە بـــەراورد لەگەڵ پیـــاوان دڵۆپێکن لـــە دەریا. بەردەوام ژنان لە ســـێبەری پیاودا ژیـــاون. ژنانی ئازا و بوێر کەوا خاوەنی دەنگی ســـەربەخۆی خۆیان بن لە ناو کوردا هەبوون، زۆربەیان لە کاتـــی خۆیدا چوونەتە ناو ڕیزی خەبات و شـــۆڕش و کەسانی سەرکەوتوویان تێـــدا هەڵکەوتـــووە. لەو کاتانەی وا شـــۆڕش گەرم بـــوو، لاوان دەچوونە ڕیـــزی خەبات و زۆربەی ئەو کەســـانەش کەسانی پێگەیشتوو و خوێندەواری ئەو ســـەردەمە و دژی نەریتە کۆنەکانـــی ئـــەو ســـەردەمە بـــوون. نابێ لە بیری بکەین لە ســـەردەمی کۆمارەوە چونکە ســـەربەخۆییەک هەبوو، پلانی باش داڕێژرا بۆ بنەبڕکردنـــی نەخوێندەواری و پێگەیاندنی کەسانی خوێندەوار، بەڵام کورد بێ دەوڵەتی و بێ دەرەتانی وای لێ کردووە لە ســـێبەری داگیرکـــەر هەر ئەوەندە گەشـــە بکات. بەڵام ئەوەی دواتر ڕوو دەدا کارەســـاتبارە و ئەویش زیندووبوونـــەوەی کەلتوورێکـــی ئایینیی دژە ژنە. ژنانیان بردەوە بۆ ناو ماڵ بۆ بێدەسەڵات کردنی. ئەرکـــی دەوڵەتی ئایینی و داگیرکەر، تواندنـــەوەی ژن لـــە ناو ماڵدا بـــوو و ئەرکی ژنـــی کردە بەخێوەکردنـــی منداڵ و خزمەت بە پیاو. زۆربەی ئـــەو ژنانەی لە ناو ڕیزەکانی شۆڕشـــدا بوون و تەنانەت ئەوانەی هەوادار و لایەنگری خەبات بوون، بـــە داخەوە کەوتنە دۆخێکی نالەبار. هەبوون ژنانێک کە خزمەتی زۆریان کرد و ناویان نەما، چونکە لە سێبەری پیـــاودا بوون و زۆربـــەی ئەوانەی لە لادێ و شارەکان مانەوە تووشـــی کارەساتی دڵتەزێن بوون. زۆربەیان هۆش و ئاگاییان لە زۆربەی پیاوەکان زیاتر بوو، بـــەڵام دوای لێپێچینەوە و ڕەوانەکردنیان بـــۆ بەندیخانەکان لە لایەن داگیرکەرانـــەوە، زۆربەیان لە لایەن جاشـــە کوردەکانەوە بە زۆری مارە دەکران یان بەزۆر دەدران بـــە پیاوە گێلەکانی نـــاو ئاواییەکان، ئەمەش بۆ ئەوە بوو کە کۆمەڵگەی سەرەتایی و ئایینی، دژی ژنی سەربەخۆیە و بە یاخییان دەزانێت. ئەمەش بووە هۆی کپکردنی دەنگی سیاســـیی ژنـــان و هۆکاری ئـــەوەی نەوێرن بەلای سیاســـەتدا بچن. نموونەی زۆر لەو ژنە بەجـــەرگ و ئازایانە هەن کە بێ ناونیشـــان شـــەهید کران. دەستەمۆکردن و گۆڕینی ژن بۆ ڕەگەزی دووەم لە ناو کورددا، پێویستی بە لێکدانەوەیەکی قووڵ هەیە. بوونی زۆربەی ژنە ئازا و سەربەستەکانی ناو کورد، دەگەڕێتەوە بۆ متمانەیەک کە لە لایەن دایک و باوکەوە پێیان درابوو. کاتێک کچێک هەســـت بکات باوکی پاڵپشتییەتی و هەست بەوە بکات لایەنگرێکی بەهێزی هەیە، داهاتوویەکی باشـــی دەبێت و ترســـنۆک نابێت و ئەم جۆرە کچانە دەتوانن کۆمەڵگە بەرەوپێش ببەن. دەتوانن منداڵی ئازا و بوێر پەروەردە بکەن. جان ســـتوارت میل، لە ســـەدەی هەژدە لای وابوو، هەموو ژنێک بەم باوەڕە پەروەردە دەکرێت کە کەسایەتیی شیاویی ئەوان بە دروستی دژ بە کەسایەتیی پیاوانە، ژنان نابێ پشـــت بە ویســـتی خۆیان ببەســـتن، بەڵکـــو دەبێت ببنە ژێردەســـتەی ویستی کەســـانی دیکە. بەردەوام ژن لێبوردە بێت و خۆشەویســـتیی خۆی لە پێناو منداڵ و پیاوەکـــەی بێت. زۆربەی پیاوەکان ژنێکیان

خۆش دەوێت کە جوان بێت و بە ژیانی خۆیەوە سەرقاڵ بێت و خزمەتی پیاوەکەی بکات. بەڵام کارەساتی گەورە لە کاتێکدا بوو کە زۆربەی ژنە ئازاکانی ناو کۆمەڵگە، لە لایەن پیاوی گێلەوە فەوتان و لەناوچوون. ناو و ناتۆرەی ناشیرین دەدرایە پاڵیان و زۆربەیان ناچار دەبوون ژیانێکی پڕ لە چەرمەسەری ببەنە سەر و ببن بە کۆیلەی گەمژەترین پیاوی ناو کۆمەڵگە. زۆربەی ژنانی کۆمەڵگەی کوردەواری، لە ئێستادا لە داوی جۆرێک پەروەردەدا قەتیسن، ئەویش پەروردەکردنیان بە زمانی فارسی و کەلتووری ئایینیی داگیرکەرە. ژن لە کەلتووری داگیرکەردا ژنێکی چارشێوی ڕەش پۆشە، هەموو مافێکی لێ زەوت کراوە و تەنانەت لە ڕەنگەکانیشدا، ڕەنگی ڕەشی بە نەسیب بووە و زۆریش ڕازییە. کچ و ژنە ئازاکان ناچارن ڕا بکەن، چونکە لە لایەن پیاوەکانیانەوە لایەنگریان لێ ناکرێت. بەڵام ژن لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا جیاوازییەکی بنەڕەتیی لەگەڵ ژنی عەجەم هەیە و ئەویش ئەوەیە، ژنی کورد کێشەی نەتەوەیی و کەلتووریی تایبەت بە خۆی هەیە و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی جۆرێکی دیکەیە. بەڵام ئەم کەلتوورە نگریسە لە ناو ژنانی کورددا باوە: لاساییکردنەوەی داگیرکەرێک کە خۆی کۆیلەیە. لاساییکردنەوە لە کۆیلە خۆی کارەساتە و دیارە ژنی کوردی ناو ماڵ، بە زۆری لاسایی ژنی عەجەمی کۆیلە دەکەنەوە! جگە لەو کچ و ژنانە کە بیریان کردووەتەوە و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان بە لاوە گرنگە.

## زەوتکردنی کەسایەتی لە ژنان

زۆربەی ئەو ژنانەی ئێستاکە لە خوێندن بێبەشن، بە زۆری لە لایەن ئەو بنەماڵانەوەیە کە لەڕادەبەدەر نەریتین. گەرچی بە بەراورد لەگەڵ کۆندا زۆر شت گۆڕاوە. ئێستاکە کچان و ژنانی خوێندەوار ڕووی لە زیادبوون بەڵام بۆ گەیشتن بە ئازادی و مافی یەکسان، کاری زۆری دەوێت. بەڵام لە ناو ژنانی ناوماڵ و کچانێک کە ئێستاکە خوویان بە مۆدی ڕۆژ گرتووە، زیاتر ژیانی بەرخۆری و ئەندامی جوان خۆی بەرجەستە کردووە. بە هۆی کاریگەریی کەلتووری داگیرکەری تورک و فارس و پەروەردەی داگیرکەرەوە، ئەم جۆرە لە کچان خۆیان بە لەش و ئەندامی جوانەوە پێشکەش پیاوان دەکەن؛ ئەو شتەی وا پیاو دەیهەوێ. مێکیاجی لە ڕادەبەدەر و بەکارهێنانی جۆرەکانی نەشتەرگەری بۆ ئەوەی ببن بە حۆریی خەیاڵی کە هەمان مێتافیزیکی جوانییە کە ڕەگ و ڕیشەی ئایینیی هەیە، چونکە ئایدیالی جوانیی لەشی ژن لە ئاییندا «حۆری»یە. ئەو بوونەوەرە خەیاڵییە، هەموو ئایینداریک خۆی بۆ ئامادە کردووە لە دوای مردنی بە نەسیبی بێت.

ژنان و کچانی ئێستاکە چەند جۆرن: ژمارەیەکی زۆر کەمیان ئەویش خوێندەوارەکانی ناو زانکۆکان و هۆشیارن و بیری نەتەوەییيان هەیە و دەنووسن و دەخوێننەوە. ژمارەیەکی زۆر لەو ژنان و کچانەی بە هۆی بڵاوبوونەوەی پەتای سەلەفیگەری بۆ بنەبڕکردنی بیری نەتەوەیی لە ناو کورد، ئاینین. باشوور نموونەی زۆری لەم جۆرە کچ و ژنانە هەیە. ڕازین بەوەی کە پیاوەکانیان سێ ژنی دیکە بێنێت و کاریان منداڵخستنەوەیە و لە ناو ماڵدا کاریان خزمەتی پیاوە. لە زۆر شوێنی باشوور کاتێک دەچیتە ناو ماڵ، ژن بوونی نییە. ئەوەی هەیە سێبەرێکە لە ناو چێشتخانە کاری خزمەتی پیاوە و بەتەواوەتی ئازادیی قسەکردنیشی نییە و ناتوانێ لەناو پیاواندا دابنیشێت. زۆربەی کچەکانیش ناتوانن دڵدارییەکی سادەش بکەن چونکە دەکوژرێن، تەنانەت لە ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیشدا ئاسایشیان نییە. ناچارن تەسویری ژنان و کچانی تر دابنێن!. جۆری دیکە لەو ژنانەی وا لە ڕێگەی

نەشتەرگەرییەوە خۆیان دەکەن بە حۆری بۆ ئەوەیە ببنــە ئۆبژەی ئارەزوو و حەزی پیاون، چونکە دەزانن حۆری هەمان ژنە ڕێک و جوانە خەیاڵییەکەیە کە پیاوی ئیماندار ئارەزویەتی؛ بۆیە دەیانهەوێ ببن بە حۆری بۆ ئەوەی خوا و پیاوەکەیــان لێیان ڕازی بێــت. بە لەت و پەتکردنــی لەشــی خۆیان تووشــی وەهمی جوانیــی خەیاڵی دەبن و ئەمەش بۆ خزمەتی پیاوی ئایینە کە نەخۆشــترین جۆری پیاون. لێرەدایە کە کەسایەتیی سەربەخۆی ژن خۆی دەکات بەو شمەکەی پیاو لە ئاییندا دەمێکە لە شــەرعەکەیدا لە بەشــی فەرعی دایناوە و مامەڵەی پێــوە دەکات. چونکە زۆربەی پیاوە ئایینییەکان کە حۆری پەرەستن و دەیانەوێ زیاتر لە ژنێکیان هەبێت، نەخۆشیی دەروونیی «سادیســم و مازوخیســم»یان پێکەوە هەیە. تەنانــەت زۆربــەی ئــەو ژنانە لــە چێژێکی سەرەتاییی لەشی خۆشیان بێبەرین. پیاوێک کــە خۆشەویســتی هەبێت، تەنیــا دەتوانێ ژنێکــی هەبێت و ژنیش بە هەمان شــێوەیە. بــەڵام زۆربەی پیاوە ئایینییــەکان، منداڵیان پــێ دەخەنــەوە و گرنگی بە لەشــی ژنەکە نادەن. بە ڕوونــی دیارە ئەوەی ژنان دەیکەن هەمووی بــۆ خزمەت بە پیاوە، چونکە هێندە بیرناکەنەوە ســەربەخۆیی و ژیری و ڕێزگرتن لە خۆیان و لەشــیان پەیوەندیی بە خۆیانەوە هەیــە و شــمەک نین بۆ خزمــەت بە پیاو. ئەوەی پیاوی کورد بە زۆری دەیهەوێ ئەوەیە ژنەکــەی جوان و گوێڕایــەڵ بێت و بەهرەی هۆشــیی نەبێت. چونکە کــورد کەلتوورێکی ڕۆشنگەرانەی نەبووە و لە دەوڵەتی نەتەوەیی بێبەری بووە، لــە خۆیدا ماوەتەوە و بەردەوام دژی خۆی وەســتاوەتەوە و زەبر و گوشــاری دەرەکیی داگیرکەر، ســەرکوتی کۆمەڵایەتیی لێ کەوتووەتــەوە. کۆمەڵگەی کورد دوو جار ســەرکوتکراوە لە لایەن داگیرکەر و لە لایەن خۆیشــیەوە. ڕێــک باوەشــی کردووەتەوە بۆ ئایدیای یەکسانکردن و داماڵینی جیاوازی لە بیرکردنەوە. بۆیە نوخبە و کەســە گەورەکانی کەم بووە و خۆخۆرییەکــەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی داگیرکراوە. کێشەی کەسایەتیی کورد وەهایــە هێشــتا نەیتوانیوە ببێ بە «کەســی کەســەکانی» خــۆی. گەر ســەیری مێژووی خەباتــی جوولەکــە بکەیــن دەردەکەوێت، سەرەڕای ئەو هەموو کوشتوبڕ و قەڵاچووکردن و ژینۆسایدە، بەڵام یەکگرتووتر بوون و بوون بە یەکێک لە بەهێزترین گەلانی جیهان لە هەموو بوارێکدا. بــەڵام کورد پێچەوانە بوو. ئەوەندی زوڵمی لێ کراوە و چەوســێندراوەتەوە، زیاتر خۆخۆر و دژی خۆی وەســتاوەتەوە. بەهەموو شــتێک ڕازییە بەو مەرجەی وازی لێ بێنن!. لە کۆمەڵگەیەکی لەم شــێوەیەدا، کەسایەتی لە ژنەکان دادەماڵرێت و ژێردەســتەبوونی ژن خۆیشی منداڵی ســەقەت پەروەردە دەکات. دایک خۆی لە سەرکوتی کچان شان بە شانی پیــاوەکان ڕۆڵی گێــڕاوە و زۆربەیان بە مافی خۆیان ڕازین. بەڵام منداڵی کوڕ بەرەڵا دەکەن و لایــان وایە پیاوە و نێــرە دەتوانن بەرگری لــە خۆی بکات. بەڵام ئــەم مافە بۆ کچ ڕەوا نابینن. چونکە لایان وایە کچان ڕەگەزێکی بێ دەسەلاتن و هەموو کەس دەتوانێ تەماحیان تێ بکات!. ژن وەکوو کەرەســتەی ســێکس و منداڵخستنەوە ســەیر کراوە. بەڵام ئاوڕ لە مێشــکی نادرێتەوە. گەر پــەروەردەی باش بکرێت و ڕێگە لە سەرووەرییەکانی نەگیردرێت، دەتوانێ وەکوو ژنانی کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان خاوەنی کەسایەتیی خۆی بێت.

ســیمۆن دیبۆڤار، بەڵگەی هێناوەتەوە کە پێویســتە ژنان بەربەرەکانێ بکــەن لەگەڵ ئــەو پیاوانەی دژە ژنــن، پیاوانێک کە دژ بە ژنان ڕاوەســتاون بۆ ئەوەی ژنان هۆشــیاریی تــەواو دەســتەبەر نەکەن. فێمێنیســتەکان پێداگرییــان لە خێرایی داهێنــان بۆ ژیان و ســەربەخۆیی کردووە و لە ڕێگەی بەرخۆدان لــە بەرانبەر پیاوان، ســەربەخۆیی یاســایی و زمانیــی تایبــەت بــە خۆیان ســەرلەنوێ

ڕێــک دەخەنەوە. لە لایەکــی دیکەوە ڕوونی دەکەنــەوە ژنان لە پێگەیەکی ڕێگەپێنەدراوی کۆمەڵایەتیــدا جێگیر کراون و پێناســەیەکی نەگۆڕ بۆ جەســتە و ڕۆحیان کراوە و پێویستە ژنان خۆیان لەو لەشــەی پیاو لە بەرژەوەندیی خۆی پێناســەی کردووە و لەشی ژنی کردووە بە کۆیلەی خۆی، خۆیان ڕزگار بکەن. ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر ژنان شــوێنکەوتوویەکی «نارەســەن»ن یان ئەوەی کــە تاوانی ئیمانی خراپیان دراوەتەپاڵ، پێویستە ئیرادەی ئەوەیان هەبێــت خۆیان لەو دۆخــە دەرباز بکەن، ئەم کارە بە پرۆژەی خۆتێکدان دەکرێت و ئەمەش هەوڵێکە بۆ دوورکەوتنەوە لەو مێینەیییەی لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو بۆ ژنان، تائێســتاکە لە ئارادا بــووە. ئامانجی دیبۆڤار هاندانی ژنان بۆ دەربڕینی ســەربەخۆیی خۆیان و پۆلێنی توێژینەوەکانیانە کە ڕێگەیان پێ دەدا، بەرگری لە شوناسی خۆیان بکەن. ژنی زیر و خوێندەوار کەلتوورەکە دەگۆڕێت و تەنانەت منداڵی باشتر پــەروەردە دەکات، ئەمەش لەگەڵ عەقڵییەتی نەریتیی پیاوسەروەری ناگونجێت. چونکە ژنان و کچانی تێگەیشــتوو، کەلتوور و عەقڵییەتی نەریتــی دەگۆڕن و بۆ پیاوی زیریش باشــتر وایــە پاڵنــەری ســەرەکی بن بــۆ گۆڕینی کۆمەڵگە و شانبەشانی ژنان دژی هەر چەشنە چەوساندنەوە و ژێردەســتەیییەک یەکگرتوو بن، چونکە بە دروشــم و هێندێک هەســتی سەرەتایی، گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا ناکرێت.

لــە دواییدا وەبیرهێنانــەوەی چەند خاڵ گرینگە. ئازادی کاتێک مســۆگەر دەبێت کە کێشەی چەوســاندنەوەی ژن بە هەر ناوێک نەمێنێــت و ڕێگــری لــە ئازادییەکانی ژنان نەکرێت و کێشــەی ماف و دەستەبەر کردنی یەکســانی، بە گۆڕینی پەروردە و عەقڵییەتی پیاوسەرەوەری جێبەجێ دەبێت. نابێ باس لە ســەروەریی تاک لایەن بکرێت؛ بەڵکوو دەبێ بزانین ژێردەستەبوونی ژنان، کوشتنی مێشکی زۆرینــەی کۆمەڵگەیە. ئەگــەر دادپەروەری ڕاســتەقینە و یەکســان هەبێــت کۆمەڵگە بەرەوپێــش دەخات. کۆمەڵگەی کورد کاتێک پێشــکەوتن بە خۆیەوە دەبینێــت کە ژنانی ژیر و ســەربەخۆ پەروەردە بکات. شۆڕش لە عەقڵ و هۆشــیاریی ژنان و پیــاوان تەنیا بە ئاگابوونــەوە دەکرێت. پیاو کە ســنوورێک بۆ داخوازییەکانی خۆی دانەنێت، کێشەکان وەک خۆیان دەمێننــەوە. بەربەرەڵایی و داخوازیی زێدەڕۆیانە بە بێ لەمپەری ڕەوشتی و یاسایی، وای لە هێندێــک پیاو کردووە مافی ئەوەیان هەبێت هەموو شتێک بە حەز و ئارەزوی ئەوان بێت. ئازادی و دادپەروەری کاتێک دەستەبەر دەبێــت کە ژن و کچانــی کورد ڕێگەیان پێ بدرێت بەشــێکی چالاکــی کۆمەڵگە بن و لە هەموو لایەنەکانــی کۆمەڵگەدا چالاک بن و بە چاوی سووکی ڕەگەزی سەیریان نەکرێت. ئەمانــەش بە ڕۆشــنگەری و هۆشــیارییەوە دەکرێت و چالاکانە لــە هەل و دەرفەتەکان کەڵک وەربگیردرێت بۆ ئەوەی دەنگە ئازاکان لەناو نەچن.

## سەرچاوەکان


١. ڕەگەزی دووەم، سیمۆن دیبۆڤار، وەرگێڕانی قاسم سەنعەویی.
٢. ژێردەســتەییی ژنان. جان ستوارت میل، وەرگێڕانی عەلایی تەباتەبایی.
٣. فەلسەفەی هایدیگەر، وەرگێڕانی، مەسعود حسەینی.
٤. لــە مودێنیزمەوە تاکوو پۆســتمۆدێرنیزم، لارێنس کۆهێــن، وتاری ڕەگەزێک کە ئیدی ڕەگەز نییە.
٥. لووسی ئیریگاری، نوێل مەکۆفی، وەرگێڕانی مێهرداد پارسا.


## پەراوێز

[١] هایدیگــەر لای وابوو بوونی ئێمە لەگەڵ شــتەکان دوو جۆرە: کەرەســتەی بەردەست یان دوورەدەس.

# شوناسی ژنان لە کۆمەڵگا و پێناسەی پیاوهاووڵاتییەکان

کازیوە سنە، ئابدانان ڕۆژهەڵات

”

لە زانستی کۆمەڵناسیدا، شوناسی کۆمەڵایەتی لەسەر جیاوازیی نێوان کۆمەڵگای نەریتی و نوێ دامەزراوە. لە کۆمەڵگای نەریتیدا، بنەمای شوناسی کۆمەڵایەتی، تایبەتمەندییە پەیوەندیدارەکانیەتی. شوناسی کۆمەڵایەتی هەم پەیوەندیی کۆمەڵایەتی پێکدێنێت و هەمیش ژیان مانادار دەکاتەوە. لە ڕاستیدا شوناسی کۆمەڵایەتی، ڕەوتێکە بۆ خۆناسینەوە و تێکەڵبوون لەگەڵ کۆمەڵگا.

“

بێگومـــان پەیجـــۆری بیرۆکـــە نوێیەکان لەبـــەر شـــوناس و هاووڵاتـــی بـــوون Citizenship، گۆڕانە ســـەرەکییەکانی ئەم تەوەرە دەگەیەنێتە دەورەی ڕۆشـــنگەریی هاوچەرخی ئەورووپی و هەروەها سەردەمی ڕۆنیســـانس. لە ڕاستیدا بەشێکی سەرەکی لە وتوویـــژ، وتاربێژی، ڕا و بۆچوون، بروا و باوەڕمەندی و شـــێوازی بەربەرەکانێی نێو وڵات، نموونەی ڕزگاریبەخشی کۆمەڵایەتیی ئێمـــە بە تێکڕا، لەم ســـەردەمە مێژووییە گرینگەدا، ڕەگی داکوتاوە. شـــێوەی نوێی ڕوانین بـــۆ مرۆڤ و جیهانی کۆمەڵایەتی و تێکشکاندنی دیواری تەسکی مێتافیزیک و ئاوەڵا کردنـــی دەرگای ژیریەتیی نوێ لەم ســـەردەمەدا دەســـت پێ دەکات. کەوایە دەتوانین لـــە هـــەر بزووتنەوەیەکی نوێی سیاسیدا، شوێنەواری دەورەی ڕۆشنگەریی ئەورووپی ببینینەوە.

بـــەڵام ئەمە زۆر سەرەنجڕاکێشـــە کە بڵێین ڕا و بۆچوونـــی زۆربەی بیرمەندانی ئەم ســـەردەمە پێشـــکەوتووە لەسەر ژنان، بەردەوام پاراســـتنی ئـــەو بیروبۆچوونانەی مێشکی وشکی کۆن بووە و ژنان لە چەمکی هاووڵاتـــی بوونـــەوە پۆلێنبەنـــدی کراون. ئەوەی ڕاســـتی بێـــت، ڕا و بۆچوونەکانی ســـەردەمی ڕۆشـــنگەریش -وەکـــوو سەرچاوەکانی بیرمەندیی زۆربەی ئێمە لە فۆرمولەکردنی پرســـە کۆمەڵایەتییەکان- سەرچاوەی لە سیستەمی ئۆستووڕەناسیی یۆنانـــی کۆندا هەبـــووە. لەلایەکی دیکەوە خاوەن بۆچوونەکانی چەرخەی ڕۆشنگەری لەسەر ژنان، بیر و باوەڕیکی دۆگماتیکیان هەیە و ژنان وەکوو چاڵاکێکی لە پەراوێزی کۆمەڵگاش بەبەشدار نازانن. بۆ نموونە ژان ژاک ڕۆســـۆ، کە چالاکیی هـــەرە زۆری بۆ ناساندن و تاوتوێ کردنی ئازادی و هاوسەنگی ئەنجام داوە، کاتێک کە ویستوویەتی باسی «سروشتی ژنان» بکات، بە گشتی دژایەتیی ئازادی و هاوســـەنگیی ژنان لەگەڵ پیاوانی کـــردووە و لە بۆچوونەکانی خۆیدا باســـی لەســـەر نابەرابەریی ژن و پیاو و دەسەڵاتی پیاوان بەسەر ژناندا کردووە.

بە بڕوای ڕۆسۆ ئەوەی کە زۆربەی دەوور و بایەخەکانی کۆمەڵگا بـــەرەو ئامانج هان دەدات شارســـتانییەتە بەڵام بەشـــی ژنان لە سروشـــت، نە ئازادییە و نە بەرابەری و تاوتوێکردنی بایەخە سەربەخۆکان، بەڵکوو بەخێوکردن، پاراســـتن و ئاگاداری کردن لـــە منـــداڵان و پابەند بوون بـــە پەیمانی ژن و مێردایەتـــی و بنەماڵە و خۆپارێزییە. بە تێکـــڕا ئاکاری عاتفی و هەســـتیارانەی ژنـــان لە ناخیانـــەوە هەڵئەقوڵـــێ نەک لە بەربەرەکانـــێ کۆمەڵایەتییـــەکان. واتە لە پرۆســـەی فێرکاریـــی کچـــان دەبێ ئەم تایبەتمەندییە ژنانەییانە ڕەچاو بگیردرێت. ژنان بە پێچەوانەی پیاوان تەنیا ئینســـانن نەک پیاو. خوا هەر لە سەرەتای بەدیهێنانی بەشـــەرەوە، جیاوازیـــی ژن و پیـــاوی لە ئافراندنیانـــدا داناوە، کەوایـــە ئەرکی ژنان بە گشـــتی ئەو کارانەیە کە لەگەڵ پیاوان جیاوازیی هەیە: بە گشـــتی فێرکاریی ژنان دەبێ لـــە پەیوەندی لەگەڵ پیاواندا بێت و بۆ ڕەزامەندیی چێژ و لەززەتی پیاوان بێت.

ڕۆســـۆ باوەڕی بە جیاوازی و دووجۆرە ئافراندنی ئینســـان هەیە. واتە لەســـەر ئەو باوەڕەیـــە کە هـــزر و بیرمەندیی پیاوان و مێهرەبانـــی و عاتفەی ژنـــان، تەواوکەری یەکتـــرن. بە بڕوای ڕۆســـۆ، پیـــاوان دەبێ بوێر و دادوەر و ژنان دەبێ خاوەن سەبری زۆر، ڕووخـــۆش و ســـازگار بن. کەوایە بەم پێناســـەیەوە ئیمیل(ئۆلگـــووی کچێکـــی گەنج و لەبار لە ڕوانگەی ڕۆســـۆوە) دەست دەکاتە فێربوونی زانستی ئینسان و زانستی کۆمەڵایەتی و زانســـتی سروشتی. ئەمە لە حاڵێکدایـــە کە ســـۆفی (ئۆلگووی کچێکی گەنـــج و لەبار لە ڕوانگەی ڕۆســـۆ) لەگەڵ

فێربوونی ماڵداری، شیعریشـــی ئەهۆنیەوە و لە چیرۆکنووســـی و هونەر و مۆسیقاش دەســـتێکی باڵای هەبوو. ڕۆسۆ هیوادار بوو کە بەم شێوەیە، بیرمەندیی ژنانەی ئیمیل ببێتە هۆی ئەوەی کە هاوسەرێکی باش و باوکێکی بەئەخلاق و خۆراگر دروست بکات و هەســـتیارییەکانی ســـۆفی، ببێتە هۆی ئەوەی هاوســـەرێکی بیرمەنـــد و دایکێکی مێهرەبان بێنێتە بەرهەم. بەم شێوەیە، ڕۆسۆ بەڵگە دەنوێنێ کە ژیان دەبێ بە شـــێوەی «بنەماڵەی پیاوسالاری سروشتی»، گەشە و نەشە بکات؛ لەبەر ئەوەی بە بڕوای ئەو، ژنی سروشتی، بیرێکی ئاقڵانەیان نییە و توانای خۆڕاگری لە هەمبەر هەستیاربوونی خۆیان نییە و دەبێ پیاوان دەســـەڵاتی بنەماڵەیان لەدەستدا بێت.

واتە هەرچەند ســـەردەمی ڕۆشنگەری هەڵگـــری پەیامـــی ئـــازادی و بەرابەری و دەســـتپێکێکە بۆ شۆڕشـــی فەرانسە بەڵام مافـــی هاووڵاتی بـــوون بۆ پیـــاو تەرخان کراوە. هەروا کـــە ئیمانوئێل کانت دەڵێت: «بازنەی ئەقڵ لەگەڵ بازنەی هەســـتیاری ناتەباییی ئاشـــکرایان هەیە». کانت وەکوو ئارشـــیتێکتێکی ســـەرەکی، ئەقڵانی بوون بۆ پیاوان و مێهر و عاتفە بۆ ژنان پێناســـە دەکات. بـــەم شـــێوەیە، ژیانی کۆمەڵایەتی پێکهاتـــووە لـــە ڕا و بۆچوونـــی ڕامیاری، ئابووری، کولتووریی بیرمەندانی پاش کانت، کـــە دەڵێن دەســـەڵات دەبێ لە دەســـتی پیاواندا ببێت و ژن لە تێکەڵبوون لە ئاقاری کۆمەڵایەتی و ژیانی سیاســـی و بیرمەندی بێبەش بکرێت. ئەم ڕەوتە پیاوســـالارانەیە پەرەی گرت هەتا سەرهەڵدانی ئەندێشەی فێمێنیستی. لەوانەیە یەکێک لەو دیاردانەی کە بوو بە هۆی ئەوەی پیاوان لە سەردەمی ڕۆشنگەریشدا پیاوسالارانە بیر بکەنەوە، لە نێو ئوستوورەکانی یۆناندا ڕەگی داکوتاوە کە بە پێی ئەو ئەندێشـــەیە، ئیزەدخاتوونەکان زۆر حەســـوود پێشان دراون. خوایانێک کە هێمای پیاوبوونن، زۆرتر بیرمەند و خاوەن ئەندێشە بوون و ژیانبەخش پێشان دراون.

گۆســـتاو یۆنـــگ و جـــۆزف کەمبڵی ئوســـتوورەناس، لەبـــارەی کاریگەریـــی ئوستوورەناســـیی یۆنانی لەسەر بیرمەندانی ســـەردەمی ڕوشـــنگەری و پیاوســـالارانە بوونی ئەندیشـــەی ئەوان نووســـیویانە. بە کورتی ئەگەر بمانهەوێ شوناســـی مۆدێرن و نـــوێ شـــی بکەینـــەوە و باشـــتر لێی تێبگەین، دەبێ بە ئەندێشـــەیەکی نوێ کە لە ژێر کاریگەریی بیرمەندانی ڕۆشـــنگەری پێکهاتووە لە بابەتەکە بڕوانین.

## شوناس

لە جیهانی ئەمـــڕۆدا مرۆڤەکان، بە تایبەت ژنان، لە بـــوار و لایانـــە جۆراوجۆرەکانەوە دەخرێتە بەرباس و لێکۆڵینەوە. شوناســـی ژنان بەشـــێکی ســـەرەکی لـــە بوونی هەر ژنێکە. ژیانی تاکەکەســـی و کۆمەڵایەتیی ژنان لـــە ژیانی ڕۆژانەدا، لە ژێر کاریگەریی شوناســـی ژناندا پێکهاتووە. شـــوناس واتە identity لـــە زمانـــی ئینگلیـــزی کـــە بە واتای دابینکردن، پێشـــاندان، ناسینەوە، یەکیەتی، تیکەڵبوون، تەبایی و سازگارییە. کەمتر وشەیەک هەیە کە ئاوا واتای قووڵی هەبێـــت. چەمکێک وەک یەک و نزیک لە یەک و پەیوەندیداری جۆراوجۆر بۆ شوناس (وەکوو من، ئێمە، خۆ، تێگەیشـــتن لە خۆ، تێڕوانین لە خـــۆ، کاردانەوەی خۆ، زانیاری لەسەر خۆ، شوناسی خۆ، ئیگۆ، سوپەرئیگۆ و کەسایەتی) لەمەدا ســـەرچاوە دەگرێت. شـــوناس بە جۆرێک پەیوەنـــدی لە نێوان کەسایەتیی تاک و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، بـــەم مانایە کە شـــوناس پەیوەندیی نێوان هـــزری تـــاک و ڕاســـتییەکەی ژیانـــی کۆمەڵایەتییـــە. پرس و دیاردەی شـــوناس لانی کەم لە چەند دەیەی ڕابردوودا بیری

خاوەن بۆچوونەکانی بواری دەروونناسیی کۆمەڵایەتی و خوێندنەوەی کولتووریی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە. گۆڕانکارییەکانی دەیەکانی ئەم دواییە بوونەتە هۆی ئەوەی چ لە بواری کولتووری و چ لە بواری پێکهاتەی جۆراوجۆر، هێندێک جاریش ناکۆکی و ناتەبایی پێک بێنێت و پەرەپێدانی نوێگەرایی و چاکسازیی جیهانی بووەتە هۆی ئەوەی خەڵک بەتایبەت ژنان تووشی قەیرانی شوناس ببن.

لە هەمبەر ئەم بیروڕایانە مانوێل کاستلز جەخت دەکاتە سەر شوناسی گشتی نەک تاک. بە بڕوای ئەو، شوناس پێکهاتەیە و بەرەبەرە چەمکی خۆی بەدەست دێنێت. هەروەها لە نێوان سێ جۆر پێکهاتەی شوناس واتە شوناسی ڕەوا، شوناسی بەرەنگاری و شوناسی بەرنامەدا جیاوازی دادەنێت. کاستلز فێمێنیزم بە یەکێک لە بزووتنەوە ئەرێنییەکان دەزانێ بۆ بە دەست هێنانی شوناسی ژنان. هەروەها دەڵێت کە بزووتنەوەی فێمێنیزم بریتییە لە دووبارە کردنەوەی پێناسەی شوناسی ژنان. هەروەها باس دەکات کە ئەوەی کە بزووتنەوەی ژنان دژ بەوەن، شوناسێکە کە پیاوان بۆ ژنان پێناسەیان کردووە.

گیدێنز لە کتێبی «نوێگەرایی و پێشاندان، کۆمەڵگا و شوناسی تاک لە سەردەمی نوێ» بە وردی پرسی شوناسی شرۆڤە کردووە. بە باوەڕی گیدێنز شوناسی تاک هەم دابینکەری کۆمەڵگای ئێمەیە و هەمیش پێکهاتووە لەم کۆمەڵگایە. بە ڕای ئەو، شوناس ئەرک یان ڕۆڵێکی نەگۆڕ نییە کە لە لایەن کۆمەڵگاوە بە تاک درابێت، بەڵکوو شوناس هەمیشە لە گۆڕانکاریی بەردەوامدایە. بەم واتایە شوناس، لە درێژاییی ژیانی تاک و بە پێی ئەزموونە جیاوازەکانی و تایبەتمەندیی کاتجێ spacetime بەردەوام گۆڕانی بەسەردا دێت و لە ڕاستیدا ناکرێت باس لە یەک شوناسی نەگۆڕ بکەین.

لە زانستی کۆمەڵناسیدا، شوناسی کۆمەڵایەتی لەسەر جیاوازیی نێوان کۆمەڵگای نەریتی و نوێ دامەزراوە. لە کۆمەڵگای نەریتیدا، بنەمای شوناسی کۆمەڵایەتی، تایبەتمەندییە پەیوەندیدارەکانیەتی. شوناسی کۆمەڵایەتی هەم پەیوەندیی کۆمەڵایەتی پێکدێنێت و هەمیش ژیان مانادار دەکاتەوە. لە ڕاستیدا شوناسی کۆمەڵایەتی، ڕەوتێکە بۆ خۆناسینەوە و تێکەڵبوون لەگەڵ کۆمەڵگا. شوناس هەندێ چەمکی سەرەکیی هەیە کە گرینگییان هەیە و ئەوەش لەوەدایە کە خۆیان پێناسە دەکەن. بە گۆڕانی بارودۆخی کاتی وشوێنی هێندێک پێکهاتەی مێژوویی و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی، ڕوانگەی خەڵک لەسەر ئەوانە دەگۆڕدرێت و بەم شێوەیە بنەمای شوناسی کۆمەڵگا بەهێز یان سست و لاواز دەبێت.

### هاووڵاتی بوون، وێنەیەک لە پێناسەی شوناسی نوێ

ئەگەر بڕیار بێت بۆ تاوتوێکردنی پێناسە و ڕوونکردنەوەی هەموو بوارەکانی، تەنیا پشت بە ناسینەوەی تیۆریک و ئاماری ببەستین، تەنیا بەشێوەیەکی میکانیکی، ناوەرۆکی ئەو پێناسەیەمانە بۆ دەردەکەوێت. بەڵام لە ڕێگای کۆمەڵناسییەکی مێژوویی و ناسینەوەی لە دڵی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگادا، دەتوانین ڕاڤەیەکی کارا و وردمان لەسەر پێناسەی ژنان لە کۆمەڵگادا هەبێت. هەروا کە وتوومانە پێناسە کاریگەریی لە بنەمای ئەندیشەی نوێ وەرگرتووە کە ئەو بنەمایە، بەو هۆیەوە کە باسمان لەسەر کردوون زۆرتر پێناسەیەکی پیاوانە بووە.

لە شی کردنەوەی بڕوا و ڕای خاوەن بیرەکانی سەردەمی ڕۆشنگەری وەکوو

کانت، دێکارت، مونتێسکیۆ، ژان ژاک ڕۆسۆ و هابز و ژان لاک، دەگەینە ئەو ئاکامە کە: سووژەی خۆبنیاد، «پیاوێکی سپی پێستی سەردەمی ڕۆشنبیری»، سەرەڕای ڕابواردنیان لە مێتافیزیک و هەژمۆنیی کلیسا، سووژەیەکی نێری خاوەن ناسنامەی ئەورووپی و سپی پێست و مەسیحییە. واتە هەموو ڕۆشنبیران و فەیلەسووفەکانی سەردەمی ڕۆشنگەری، بە شێوەی ڕوون سووژەی ئیستێلاییەکەیان Transcendental بەم شێوەیە ناساندووە. هەروەها لە کۆ کردنەوە و دەستەهاتی ڕوانگەی ئەوان سەبارەت بە کۆمەڵگا، سووژەی پێناسە و جێگای کەس لە نێو کۆمەڵگادا وا دێتە بەر چاو.

ڕەنگە دوور لە ڕاستی نەبێت ئەگەر بگوترێ ئەم تێگەیشتنە لە هاووڵاتی بوون، بە بێ هیچ گۆڕانکارییەک لە ڕۆژاوای جیهانەوە هاتە نێو کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکان. ئەو مانایە لە هاووڵاتی بوون و بایەخ نەدان بە ژن و جێگیر بوونەوەی یەک هۆز یان ڕەگەز، لە پێناسەی سووژە لەم وڵاتانە و بە تایبەت ئێران و تورکیاش جێگیر بووە.

بۆ وێنە سووژە لە ئێراندا کە ئەو ڕاڤەیە بە تۆزێک تێڕامانەوە هەتا ئەمڕۆ گەیشتووەتەوە دەستمان، بەردەوام پیاوی/فارس/شیعەیە. هەروا کە لە تورکیادا سووژەی تەواو) هەمان هاووڵاتی) پیاو/تورک/سوننەیە. هەرچەند کە لە سەردەمگەلێکدا، سەردەمی هاوچەرخی ئەم کۆمەڵگایانە، دەوری ئایین و مەزهەب لە ڕاڤە کردنی سووژەدا کەم و زیاد بووەتەوە، بەڵام بەردەوام ئەم قاڵبە بە شێوەی فۆرم و پێکهاتەی ئیستعلایی، لەسەر پێناسەی سووژەی ئێرانی و تورکی دەبینرێت.

لێرەدا دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگرێن کە پیاو بوون، تەنیا جنسیەت و ڕەگەز نییە. واتە ژنانێک کە تەنیا لە بواری جنسییەوە دەوری بایۆلۆژیکی ژنانەیان هەیە، بەڵام لە شیکردنەوەی دیسکۆرسیدا وەکوو پیاوان چالاکییان هەیە و بۆ مەبەستی بەدیهێنانی بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی پیاو هەوڵ دەدەن. ژنانی پارلمانتار لە ئێران، نموونەیەکی تەواون بۆ ئەم پێناسەیە: جەستەیەکی ژنانە و مێشکێکی کە ڕێک وەکوو پیاو بیر دەکاتەوە و مافی کۆمەڵایەتیی پیاوان لەبەرچاو دەگرێت. دەبێ هەر ئەو ڕوانگەیە بۆ فارس بوونیش لەبەرچاو بگیردرێت. لێرەوە مەبەست لە فارس بوون پێناسە کردنی وشەی هاووڵاتی لە کۆمەڵگای ئێراندا، تەنیا خاوەن ژێنێتیکی فارس بوون و ئەوەی کە زمانی زگماکیی فارسی بێت نییە، بەڵکوو لێرەدا بە شێوەی بەرچاو، ڕاڤەکردنمان لە فارس بوون سەقامگیربوونی فۆرمێکی سیاسی- زمانی-ئایینییە کە بەرهەمی سیاسیی سەردەمی پاشاکانی پەهلەوییە لە ئێران کە بۆ نەتەوەپەرەستی و یەکڕەنگ کردنی کۆمەڵگای فرەچەشنی ئێرانی بەدی هاتووە و بەم مانایە تاکێک کە بە ڕەگەز کورد یان تورک یان عەرەبیش بێت، لە دوای ئالوودەبوونی بە ئاسیمیلاسیۆن ئیتر فارس دێتە ئەژمار، چونکە بۆ بەرژەوەندیی نەتەوەی فارس هەوڵ دەدات.

ئەگەر هێرەمی هاووڵاتی بوون لە ئێران شی بکەینەوە، دەگەینە ئەم ڕاستییە کە لووتکەی هێرەمەکە لە لایەن «پیاو/فارس/ شیعە»وە داگیر کراوە و بە پێچەوانەوە بنی هێرەمەکە «ژن/نافارس/ناشیعە»یە. واتە ژنی کورد ـ هەرچەند بەشێک لە ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەر بە ئایینەکانی ترن ـ لە پێناسەی دیسکۆرسی مۆدێرنی ئێرانی، وەکوو هاووڵاتی لەبەرچاو نەگیراوە و زیاترین ڕێژەی دووچاوەکیی کۆمەڵایەتی تەجروبە دەکات.

بەم پێناسەیەوە، بە لێکدانەوەی ئەم

بارودۆخە، ژنی کورد بە ناچار دەیهەوێت چی بکات؟ ڕێگای ڕزگار بوونی دەبێ چی بێت؟ دەبێ چ پێناسەیەکی لە خۆی هەبێت و بە چ ڕوانینێک لە بنی ئەو هێرەمە خۆی دەرباز بکات. فێمێنیزم بە شێوەی جۆراوجۆر لە ڕادیکاڵ هەتا ئۆرتۆدۆکسترین ڕەوتی خۆی، هەوڵی داوە بۆ پێناسەکردن و شوناسی ژنان لە کۆمەڵگادا. بەڵام هەروا کە لە پێناسە و لێکدانەوەی سووژەی مۆدێرن و نوێی ئێرانی بۆمان دەرکەوتووە، تەنانەت ئەگەر یەک ژنی کوردیش بتوانێت لە قۆناغی دیل بوون لە دۆخی سووژەی ئێرانی تێپەڕێت، بێگومان دوو دیاردەی دیکە لە سەرکەوتنی لە هێرەمی کۆمەڵگا بەرەو قۆناغە بەرزەکانی هاووڵاتی ڕێگرن. لە ڕاستیدا هیچکام لە فێمێنزمە ئێرانییەکان نەیانتوانیوە دۆخی کۆمەڵگا بگۆڕن و هەلومەرجێکی نوێ و سەرکەوتنانە بۆ ژنان بسەلمێننە سەر کۆمەڵگای پیاوسالار و، ئاپراتوس و دەزگای سووژەیی کۆمەڵگای خۆیان کە هەتا ئێستا بە شێوەی دۆگماتیک پێناسە کراوە، هەڵوەشێننەوە. ڕوانینی فێمێنیزمی ئێرانی بە شێوەی تەواو میکانیکی و بەبێ هیچ چەشنە لێکدانەوەیەکی جنسیەتی لە پرسی ژنان خراوەتە بەر باس کە کەلێنی زۆری تێدا دەبینرێت. لە حاڵێکدا کە بەشەکان و ماناکانی دەزگای سووژەیی، ڕەخنەی زۆریان لەسەرە و دوو هۆکاری سەرەکی دەخەنە پەراوێزەوە. لێرەدا دەتوانین ئەم ڕاستییە بدرکێنین کە :بۆ ڕووخاندنی پرسی سووژەی ئێرانی، ڕەخنەگرتن لە یەک بەشی کەمە. ئێمە چ فێمێنیست بین و چ لە دۆخێکی مەدەنی و هاووڵاتیدا بژین، ناچارین بۆ هەڵوەشاندنەوە و چاکسازیی دووبارەی سوژەیی/هاووڵاتی بوون، مۆنۆپۆلی و تاکی چەند بەشی پێناسەکراوی بەرتەسک، لە پێناسەی ئەم فۆڕمە هەڵوەشێنینەوە. سەنتێزی وەها دۆخێک، تەنیا لە ئەستۆی فێمێنیزم نییە لەبەر ئەوەی ئێمە لە دۆخێکی چەندلایانەداین کە نەتەنیا ژنان، بەڵکوو کرێکار و پیاو و بازاڕی و هتدیش لە خۆ دەگرێت. پرسی ئەمڕۆکەی ژنانی کورد لە هەر شوێنێکی کوردستان، زیاتر لەوەی کە وەکوو پرسێکی سەرکۆتکردنی جنسی ژنان پێناسە بکرێت، بە وتووێژێکی دوولایەنە و چەندبەرەکی لێک دەدرێتەوە. شوناس، دیاردە و پێکهاتەیەکی ڕوون و ئاشکرا نییە کە بتوانێت بە شێوەی یەکلایانە لێک بدرێتەوە. شوناس بە پێی پێویست، مانایەکی کۆمەڵایەتیی نییە کە مرۆڤ بەو پێوەرە خۆی پێناسە بکات. شوناس بە شێوەی ئاڵۆز و چەند لایەنە، بڕێک جار پێدانی بە تاکە، بڕێک جار لە تاک وەردەگیرێت و هێندێک جاریش تەنیا بە شێوەی فۆرمالیتە پێی دەسپێردرێت.

گرینگترین هەڵوێست بۆ ناسین و لێکدانەوەی کۆمەڵایەتیی ژنان، تێپەڕبوون لە کلێشە شێکاری و شورشگێرانە و مەدەنییەکانە کە لە ژێر ناوی فێمێنیزمدایە و دەتوانێ لە پێکهاتەیەکی بە ڕواڵەت ڕادیکاڵ و ڕەخنەگیرانەدا دەرکەوێت، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە هێشتا پێیان لە قوڕی پێکهاتە هێژمۆنییەکان چەقیوە، ناتوانن ڕێگای ڕزگاری بپێون. ئەمڕۆکە شوناسی ژنانی کورد چیتر تەنیا پرسی ئازادیی لەش و خوازیاری بەرانبەریی جنسیەتی نییە و بەڵکوو بووەتە هەوێنێک بۆ دەرکەوتنی توانایی ژنان و هێز و دەسەڵاتیان لە ئافراندنی کۆمەڵگایەکی نوێ. ئەمە بەو واتایەیە کە مێژوو دووبارە سەرهەڵدەدات و ژن جێگای ئیلاهەبوونی خۆی بە دەست دێنێتەوە. واتە مێژوو وەکوو میلی کاتژمێر کە لە سووڕاندایە، دیسانەوە ژن دەباتەوە جێگەی خۆی، واتە پێش لە کۆیلەبوون بە دەست پیاوان.

# ژنانی پەراوێزخراوی نێو خەباتی نەتەوەیی–دێموکڕاتیک

ئاگری ئیسماعیل نژاد

بەوەی کە شۆڕش تەنیا لەسەر شانی کەسانێک یان بەشێک لە کۆمەڵگا بێت، مەترسیی ئەوەی هەیە شۆڕش تووشی دیاردەی «پیر بوون» بێت. لەو دیاردەیەدا بەرەیەک لە نەتەوەیەک کە شۆڕش دەست پێ دەکەن، بە هۆی درێژخایەن بوونی ئەو شۆڕشە و بە ئامانج نەگەیشتنییەوە، وردە وردە درێژبوونەوەی کات و تەمەن سەری شۆڕشەکە دەخوا و لە گۆڕی دەنێت. ئیتر شۆڕشەکە لەنێو بەرەکانی ئەو نەتەوەیەدا دەستاودەست ناکرێت، یان زۆربەی بەرەی نوێ، لەگەڵ شۆڕشەکە نەبان دەبێت، بە کورتی مەترسیی ئەوە هەیە شۆڕشەکە پچرپچڕ بێت.

## پوختە
پێناسەکردنی پێگەی چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگا لە بزووتنەوەی نەتەوەییدا لە دوو ڕەهەندەوە گرینگیی هەیە، یەکەم ڕەهەندی ئەوەیە دەرفەتی ئەوە دەخولقێت کە بزووتنەوە زیاتر شۆڕ دەبێتەوە نێو کۆمەڵگا و دووهەم دەبێتە پشتیوانەیەک بۆ ئەوەی لە دوارۆژی سەرکەوتندا، بزووتنەوەکە، لەدەست چین و توێژێکی تایبەتدا قۆرغ نەکرێت، واتە لە ڕەهەندی دیموکراتیزەکردنی شۆڕش و دەستکەوتەکانی شۆڕشدا گرینگیی هەیە.

لەو وتارەدا هەوڵم داوە پێگەی بەشێک لە ژنانی کورد لە بزووتنەوەی نەتەوەیی-دیموکراتیکی کوردستاندا پێناسە بکەم کە بەلای منەوە پەراوێزخراوترین چینی بەشدار لە شۆڕشن. ئەو کەسانە بریتین لە دایک، ژن و منداڵی پێشمەرگە و کەم ئەندامانی سەنگەر

## وشە سەرەکییەکان
بزووتنەوەی کوردستان، ژن، ژنی پێشمەرگە، بنەماڵەی پێشمەرگە، پێشمەرگەی ژن، خەباتی نەتەوەیی-دیموکراتیک

## سەرەتا
ماوەیەک لەمەوبەر لەگەڵ هاوڕێیەکم پیاسەم دەکرد. باسی پووری کرد. بە زمانێکی نیوەتەوس گوتی: «پوورم زۆر خۆی بە کورد دەزانێ و هەموو جارێک دەڵێ: من جانبازی کوردستانم (مەبەستی کەم ئەندامی سەنگەر بوو) منیش بە نیوە سەرسوڕمانێکەوە گوتم: بۆ پێشمەرگە بووە؟! گوتی: «کورە نا! ئەوە ماڵیان لە گوندێکی ناوچەی تیلەکۆ بووە،[١] هەموو جارێک پێشمەرگە ئاردیان داوەتێ و ئەویش بۆی کردوون بە نان؛ جارێک پاسدار پێی دەزانن، دەچنە سەر ماڵەکەیان یەک گوللە لە دەستی ڕاستی دەدەن فەقیرە لەو کاتەوە دەستی هیچ ناگرێت».

ئەو قسەیە بیری قسەیەکی پوور خەزێمی سلامەتی[٢] خستمەوە کە چەند ساڵ لەمەوبەر میلەکانی (ئەو ئامێرانەی کڵاو و دەستکێشی پێ دەچندرێت) نێو دەستی نیشان دام و گوتی: میرزا گیان بەو میلانە سەد دەستم زەنگاڵ، سەرکڵاوە و دەستکێش بۆ پێشمەرگە چنیوە!![٣]

کۆی ئەو باسە کاتێ زیاتر هەژاندمی کە لە خۆبردوویی باجە کولسووم، خێزانی فەرماندەی بەتوانا جەنابی، مامۆستا مەلا حەسەن شیوەسەڵیم دیت، هەڵبەت کەم نین ئەو ژنانەی کە هاوژینی پێشمەرگەی کەمئەندامن.

لەو کاتەوە تا ئێستا پرسیارێک لام دروست بووە باشە ئایا پوورخەزێم، باجی کولسووم، حاجیژنە دولبەر[٤] و میمکە قەدری[٥] و دەیان و دەیانی تر، شۆڕشگێڕن یانی ڕوونتر باسی بکەین، پێگەی ئەو ژنانە لە کوێی شۆڕشدا هاتووە و پێناسەیان چییە؟

لێرە دەبێ سەرەتا بگەڕێینەوە بۆ پێناسەی شۆڕشی کوردستان و ئامانجەکەی!! لە پێناسەی یەک ڕەستەییی شۆڕش بە پێی نووسراوەکانی نێو بەرەی شۆڕشدا، دەتوانین بڵێین: «خەبات لە پێناو مافی دیاری کردنی چارەنووس، پێناسەی شۆڕشی نەتەوەیی-دیموکراتیکی کوردستانە».

«مافی دیاری کردنی چارەنوس» مافێکی فرەڕەهەندییە، بە پێی ئەو مافە، تاک چ لە ئاستی تاکەکەسی و چ لە ئاستی کۆمەڵگادا دەبێ، مافی ژیانی هاوشانی ئابووری، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، ئەمنی

و سیاسیی بۆ دابین بکرێت.

دوکتور قاسملوو بەوە دەڵێت: «مافی خۆش ژیان»،[*] خۆش ژیان بەو واتایەی کە تاک و کۆمەڵگا هەموو ڕەهەندەکانی ژیانیان کە دەبێتە هۆ و هۆکاری گەشە و دەستەبەرکردنی ژیانێکی سەرفەرازانە، دابین بکرێت. زاراوەی «خۆش ژیان»، لە ڕاستییدا پێداگرییە لەسەر چەند ڕەهەندی بوونی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگا و کارتێکەریی جیاواز و جیای ئەو ڕەهەندانە لەسەر ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگا لەبەر چاویەتی. بەو واتایەی کە مرۆڤ و کۆمەڵگای بەختەوەر، کۆمەڵگا و مرۆڤێکە کە هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی، ڕەهەندی ئابوری، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، ئەمنی و سیاسی و ... دابین بکرێت و سەقامگیر بێت.

خەباتێک بنەماکانی لەسەر ئەو بنەما چەند ڕەهەندییە دامەزرابێت، بە پێچەوانەی خەباتە چینایەتییەکان یان خەبات بۆ مافی زایەندی، هەر تاکێکی کۆمەڵگا دەتوانێت ڕاستەخۆ خۆی تێدا ببینێتەوە، چون لە خەباتی چینایەتی و زایەندیدا، ڕەنگە بەشێک لە کۆمەڵگا ئەو خەباتە بە دژی خۆیان بزانن و بەشێکی تریش ناڕاستەوخۆ کارتێکەرییەکانی لە سەر ژیانیان هەڵسەنگێنن، بەڵام لە خەبات بۆ مافی دیاری کردنی چارەنووسدا، هەموو کۆمەڵگا بەدەر لە چین و توێژەکەی، دەتوانێ خۆی تێدا ببینێتەوە.

پاش ئەو پێناسەیە، دەبێ بچینە سەر جۆر و شێوەی بەشداری لە خەباتدا. سەرەکیترین ڕوانگەی گشتیی نێو شۆڕش و کۆمەڵگاش لەسەر شێوەی بەشداری لە شۆڕشی ڕزگاریخوازیی کورد ، ئەندام بوونی ڕاستەخۆ لە حیزبەکانی هەڵگری ئەو گوتارەیە، کە من ناوم ناوە «شۆڕشگێریی تەواو کات» یان «شۆڕشگێریی پیشەیی»، بەو واتایەی کە تەنیا ئەو کەسانە بە خەباتکار و شۆڕشگێڕ دادەندرێن کە بە شێوەی تەواو کات لە چوارچێوەی حیزبێکدا خەبات بکەن.

ئەو ڕوانگەیە لەسەر شۆڕشگێڕ بوون چوار کۆسپی گەورە دەخاتە بەر دەم شۆڕشەوە:

۱ شۆڕش لە ئەرکێکی گشتییەوە دەبێتە ئەرکێکی تەواوکەر(کەفایی) بەو مانایەی ئەگەر کەسانێک هەبن کە شۆڕش بکەن، پێویست ناکات هەموو تاکێک لەو شۆڕشەدا بەشدار بێت، لە کاتێدا کە زاتی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان، لەگەڵ ئەو باسە لە دژایەتیدایە و شۆڕش هەتا بەرینتر و بەربڵاوتر بێت، ئەگەری سەرکەوتنی زیاترە.

۲ بەوەی کە شۆڕش تەنیا لەسەر شانی کەسانێک یان بەشێک لە کۆمەڵگا بێت، مەترسیی ئەوەی هەیە شۆڕش تووشی دیاردەی «پیر بوون» بێت. لەو دیاردەیەدا بەرەیەک لە نەتەوەیەک کە شۆڕش دەستی پێ دەکەن، بە هۆی درێژخایەن بوونی ئەو شۆڕشە و بە ئامانج نەگەیشتنییەوە، وردە وردە درێژبوونەوەی کات و تەمەن سەری شۆڕشەکە دەخوا و لە گۆڕی دەنێت. ئیتر شۆڕشەکە لەنێو بەرەکانی ئەو نەتەوەیەدا دەستاودەست ناکرێت، یان زۆربەی بەرەی نوێ، لەگەڵ شۆڕشەکە نەبان دەبێت، بە کورتی مەترسیی ئەوە هەیە شۆڕشەکە پچڕپچڕ بێت.

۳ «شۆڕشگێری تەواو کات» تەنیا لە بواری ئەخلاقییەوە لە بەرانبەر دابەش کردنی دەسکەوتی شۆڕشدا بەرپرسە، ئەگەر بمانەوێت ڕوونتر بڵێین ، کاتێک شۆڕش سەردەکەوێت و بەرهەمی دەبێت، بەو واتایەی کە شۆڕشگێر

دەچێتە حکوومەتەوە و دەبێ بنەماکانی شۆڕش دابین بکات و بیانهێنێتە دی، تەنیا ئەخلاقە کە ئەو پێمل دەکات کە حکوومەتی دواى شۆڕش، بنەماکانی خودی شۆڕشەکە دابین بکات. ئەوەش مەترسییەکی گەورەیە بۆ ئەوەی شۆڕش، لە بنەماکانی خۆی دوورکەوێتەوە و دواخر ئامانجی خۆی نەپێکیت.

ئەگەر باشووری کوردستان سەیر بکەین، دەبینین هاووڵاتیی کورد بۆ ئەوەی لە لایەن حکوومەتی کوردیی ئەو پارچەیەوە، مافێکی بۆ دابین بکرێت، زۆر جار بە درۆ دەڵێت: «من پێشمەرگە بووم»، یان کەسانێک بۆ ئەوەی مافێک بۆ خۆیان پاشقول بدەن، هەر ئەو قسەیە دەکەن، کە وایە چەمکی هاووڵاتی-حکوومەت هەتا چەمکی شەرکەر-غەنیمە دێتە خوارێ و شۆڕشگێرێک کە بڕیارە مافی دابین کردنی چارەنووس بۆ نەتەوەکەی بێنێتەدی، دەرفەتی دامەزرانی حکوومەتی کوردی وەک غەنیمەیەک سەیر دەکات کە تەنیا بەشی خۆیەتی و ئەگەر خۆی تێر بێت جا بەشی ئەوانیتر کە «ناشۆڕشگێرن» دەدات. چون چەمکی شۆڕشگێری، لە کۆمەڵگای ئێمە چەمکێکی پیرۆزکراوە، بێ‌گومان لە قۆناغی دەستکەوتدا چەمکی «ناشۆڕشگێر»ی سەرهەڵدەدات بۆ ئەوەی چینێک وەک میراتگری شۆڕش سەیر بکرێن و چینێک لە میراتی شۆڕشەکە دوور کرێنەوە.

ئەو بیرۆکەیە ڕێک هەمان بیرۆکەیە کە بەسەر فتوحاتی ئیسلامی و دواتر مۆغۆل و تورکاندا زاڵ بوو و هانی دەدان بۆ ئەوەی زیاتر و زیاتر شەڕ بکەن.

**٤** ئەو هەوڵانەی لە دەرەوەی ڕێکخراوە شۆڕشگێڕییەکان دەدرێت، بە ڕوونی دوو چارەنووسیان دەبێت:

ئا: هیچ پێناسەیەکیان نابێ و لەبەرچاوناگیرێن، تەنانەت ئەگەر زۆر بە بایەخیش بن، بۆیە ئەگەری زۆرە درێژەیان نەبێت یان سەرەرای بەبایەخ بوونیان، کارتێکەرییان لەسەر ڕای گشتی کەم بێت.

بێ: ئەو کەسانەی خۆیان لە دەرەوەی حیزبەکان دادەنێن، خۆیان لە بەرانبەر چارەنووسی نەتەوەکەیان بە ئەرکدار نازانن و بە ئاسانی دەتوانن ئەگبەتییەکانی نەتەوەکەیان بخەنە ملی شۆڕشگێرە شکستخواردووەکان یان ئەو شۆڕشگێرانەی بە ئامانج نەگەیشتوون وەک چۆن ئێستا لە کوردستانی ڕۆژهەڵات وادەکەن. زۆر جار دەبینین بزووتنەوەی کوردستان مەحکووم دەکرێت بەوەی شەرخواز بووە و بیانووی داوەتە دەست ڕێژیمی تازە پێداکەوتووی تاران لە پاش شۆڕشی گەلانی ئێراندا.

بابەتەکە کاتێک ئاڵۆز دەبێت کە شێوازی سەرەکیی شۆڕشی ڕزگاریخوازیی کورد، بژاردەی چەکداریی بەسەردا دەسەپێت. ڕوونە لە ئەو بژاردەیەدا کەسی شۆڕشگێر کەسێکە کە تواناییی شەری زیاتر هەبێت؛ کە وایە ئێمە بۆ ئەوەی شۆڕشگێرتر بین، هەم دەبێ حەتمەن لە چوارچێوەی ڕێکخراوی حیزبێکدا بین و هەم دەبێت توانای زۆر بەرزی سەربازیمان هەبێت، هەر بە پێی ئەو ڕوانگەیەش، ئەو ژنان و پیاوانەی ئەندامی حیزبەکان نەبوون بە شۆڕشگێر نازانین و هاوکات بۆ ئەوەی ژنیش ببێ بە بەشێک لە شۆڕش، تەنیا دەبێ تواناییی بەرزی سەربازیی هەبێت؛ واتە دەبێت ژن لە ڕۆڵی ژن بوونی خۆی لە کۆمەڵگای کوردی داماڵێن و بیکەینە پێشمەرگەی ژن، ئەو کات دەتوانێ شۆڕشگێر بێت.

ئەگەر ژنێک توانای سەربازیی نەبێت،

یان خوازیاری کاری پێشمەرگایەتی نەبێت، ئەدی ئەوان چی؟ ئەو ژنانەی کە ساڵانێکە لەگەڵ شۆڕش قۆناغ و قۆناغیان کردووە و مێردەکانیان پێشمەرگە بوون و ئەوان پارێزەری بنەماڵەی ئەو پێشمەرگانە بوون و ئەرکی بەڕێوەبردنی بنەماڵەکەیان لە ئەستۆ بووە ئەوان چی؟ ئەو دایکانەی کە کوڕی پێشمەرگەیان پەروەردە کردووە و سەرەڕای ئەوەی منداڵەکەیان لەبەرەی شۆڕشدا بووە، خۆشیان تووشی دوورخستنەوە و تەنگ و چەڵمەی تربوون و کەمتری ئەوە بووە کە لە دیداری عەزیزترین کەسەکانیان بێبەش بوون، ئەوان چی؟ ئەو منداڵانەی کە لە دۆخی دەستکورت و بێدەرەتانی بنکەکانی شۆڕشدا گەورە بوون؛ ئەوان چی؟ ئەوان چ پێگەیەکیان هەیە؟ ژنی ئەو کەمئەندامانەی کە بەشدارییان لە شۆڕشدا بووەتە هۆکاری کەمئەندام بوونیان، ئەوان چی؟

کەوایە مەترسییەکە کاتێ قووڵتر دەبێتەوە کە لەگەڵ دیاردەی، بنەماڵەی پێشمەرگە و ژنی پێشمەرگە بەرەوروو دەبین، ئێمە لە نێو شۆڕشدا هەم پێشمەرگەی ژنمان هەیە و هەم ژنی پێشمەرگە. واتە کەسێک کە بە هۆی بنەماڵەکەیەوە بەشداریی لە شۆڕش کردووە و ڕەنگە خۆی ڕاستەوخۆ بەشدار نەبووبێ.

ژنی پێشمەرگە، دیاردەی بزووتنەوەی نەتەوەیی-دێموکراتیکی کوردستانە، چون وەک لەسەرێدا باسی لێ کرا، ئەو بزووتنەوەیە بەدەر لە چینێکی تایبەت بوونی هەیە و هەموو چینەکان لەخۆ دەگرێت. ژنی پێشمەرگە، لە هەموو پرسەکانی شۆڕشدا بەشدارە و تەنانەت خەم و چەرمەسەرییەکانی نێو شۆڕشیش دەیگرێتەوە، بەڵام لە شانازییەکانی شۆڕشدا یان باسی ناکرێت، یان بە شێوەی زۆر پەراوێز باسەکەی دێتە گۆڕێ.

لێرە ئێمە زوڵمێکی گەورەمان لە پوور خەزێم، باجی کولسووم، حاجیژنە دولبەر و میمکە قەدری و دەیان و دەیان کەسی تر کردووە. لەگەڵ ئەوەی ئەوان، ئەوەی لە دەستیان دەهات و لە دەستیان دێت بۆ شۆڕشیان کردووە و لەگەڵ شۆڕش بوون و یارمەتیدەری شۆڕش بوون، بەڵام لە بەرانبەردا ئێمە پێگەیەکمان بۆ ئەوان لە شۆڕشدا دیاری نەکردووە، تەنانەت ئەگەر بە زمانیش ئەو قسەیە نەکەین، بە کردەوە بە بیری ئەوەی ئەوان هێمای شۆڕشگێری بن، لامان بیرێکی ئاڵۆز و تراویلکەیە، ئەوە لە کاتێکدایە کە ئەوان پارێزەری بناغەکانی نێو ڕیزەکانی شۆڕش بوون و مافی خۆیانەوە وەک شۆڕشگێڕ و هێمای شۆڕشگێری پێناسە بکرێن.

هەڵبەت خەساری ئەو خەمسارد ییە لێرەدا کۆتایی نایە کە کۆمەڵێک لە ژنانی بەقیمەتی نێو شۆڕش پەراوێز خراون، بەڵکوو هاوکات لەگەڵ ئەو غەدرەی کە لە ئەندامانی شۆڕشی دەکەین، بەو کردەوەیە ئەگەری ئەوە هەیە فێرکاری و پەروەردەی نێو بنەماڵەکان کە بنەمای دەستاودەست کردنی هەموو شۆڕشێکی درێژخایەنە، تووشی مەترسی بکەین. ئەگەر ئێمە وەک ئێستا بڕوانینە پرسی ژنی شۆڕشگێڕ، ئەرک و ڕۆڵی ژنی پێشمەرگە، ڕۆڵی دایک و ژنانی دەرەوەی ئەندامانی ڕێکخراوەکان لە پرۆسەی شۆڕشدا پەراوێز دەخرێت. بە پێی ئەو پێگەیەی دایک لە بنیاتی بنەماڵەی کوردستاندا هەیەتی، ئەوە مەترسیی ئەوەی لێ دەکەوێتەوە کە چیتر دایکان لە نێو بنەماڵەکانیاندا منداڵان فێری ئەرکداری دەرهەق بە خەباتی ڕزگاریخوازیی کوردستان نەکەن، لە

کاتێکدا بە هۆی گرینگیی ڕۆڵی بنەماڵە لە کۆمەڵگای کوردیدا و هەر وەها گرینگیی ڕۆڵی پەروەردەی بنەماڵەیی لەسەر ژیانی تاک و بە هۆی نەبوون و کەم بوونی دەرەتان بۆ پەروەردەی تاکی کورد لەلایەن شۆڕشەوە ، ئەگەر ڕۆژێک هەر شۆڕشێک بەو تایبەتمەندییە کە شۆڕشی ڕزگاریخوازیی کورد هەیەتی، تووشی قەیرانی پەروەردەی بنەماڵە بۆ ئامانجی شۆڕش بێت، ئەو شۆڕشە بێگومان بەرەو هەڵدێر دەڕوا.

دیاریکردنی پێگە بۆ ژنانی نێو شۆڕش چ ئەو ژنانەی کە وەک ژنی پێشمەرگە بەشدار بوون و چ ئەو ژنانەی بەدەر لە ئەندامێتیی ڕێکخراوەیەکی سیاسی، یارمەتیی شۆڕشیان داوە و چ ئەو دایکانەی کە منداڵەکانیان بەشدارییان لە شۆڕشدا کردووە، دەتوانێ سەرەتایەک بێت بۆ چەمکی فرەڕەهەندی ژن و شۆڕش و، پشتکردن لەو پرسە، بە مانای قەتیس کردنەوەی بزووتنەوەی کوردستان، لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا دەبێت لێکبدرێتەوە.

بێگومان گرینگیدان بە ڕۆڵی ژنی پێشمەرگە، ڕیزەکانی نێوخۆی شۆڕش پتەوتر دەکات و هاوکات ڕوونکردنەوەی پێگەی هەموو چینەکانی نێو بزووتنەوەی نەتەوەیی-دێموکراتیک دەتوانێ کارئاسانیی زۆری لەسەر بەرێوەبەریی ئەو بزووتنەوەیە هەبێت.

## کۆتایی

شۆڕکردنەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی-دێموکراتیکی کوردستان بۆ نێو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا کە لەسەر بنەمای مافی دیاری کردنی چارەنووس دامەزراوە، ڕاستەوخۆ کارتێکەریی لەسەر پرۆسەی شۆڕش و ئاکامی شۆڕش دەبێت، ئێمە چ بنەمای نەتەوەیی و چ بنەمای دێموکراسیی بزووتنەوەی کوردستان لەبەرچاو بگرین، ناچارین کە ئەو بزووتنەوەیە بۆ نێو هەموو چینەکان شۆڕ بکەینەوە و هەر کامەش پێگەی دیاری خۆیان هەبێت؛ بەو شێوەیە هەم بزووتنەکەوەکە فرەڕەهەندی کراوە و هەم ئاکامی بزووتنەوەکە لە پاوانخوازی و قەتیس مانەوە پارێزراوە. بۆیەش پێویستە کە پێناسەی نوێ و زاراوەی تازە لەنێو بزووتنەوەی کوردستانی ڕۆژهەڵات دیاری بکرێت کە یەکێ لەو پێناسە نوێیانە «ژنی پێشمەرگە»یە وەک چینێک کە بەشداری شۆڕش بوون و هەن و بەشێک لە شۆڕش لەسەر شانی ئەوانە. هەڵبەت پێناسەی نوێ بە مانای دیاریکردنی پێگەی ئەوان لە بزووتنەوەکەش دێت و مافی ئەوەیان دەداتێ کە کۆمەڵگا و ڕێکخراوە سیاسییەکان، وەک شۆڕشگێڕ پێناسەیان بکەن.

## پەراوێزەکان

١. ناوچەیەکی کوردستانە، دەکەوێتە نێوان سەقز و دیواندەرە

٢. گوندێکی ناوچەی گەورکایەتیی موکریانە و دەکەوێتە نێوان بۆکان و سەردەشت و سەر بە بۆکانە

٣. پورە خەزێم، ژنێکی دەست ڕەنگین و هونەرمەند بوو کە سەرەڕای ئەوەی هونەری دەستچن وەک تەونکردن و چنینی جلووبەرگی دەزانی زۆربەی بەیت و حەیرانی کوردیی لە ناوچەی موکریانی لەبەر بوو و بە دەنگ دەیگوت، بەرێزیان ساڵی ٢٠١٧ کۆچی دوایی کرد.

٤. دایکی شەهیدێکی بزوتنەوەی نەتەوەیی-دێموکراتیکی کوردستانە وەک نمونە لێرەدا باسی لێ کراوە

٥. زیاتر لە ٤٢ ساڵە کە لەگەڵ هاوسەرەکەی لە بنکەکانی حیزب دەژی و منداڵەکانی لەو بنکانەدا پەروەردە کردووە،ناوی بەرێزیشیان وەک نموونەیەکی ژنانی ناو شۆڕش هاتووە.

*. عەبدولرەحمان قاسملوو، شیکردنەوەیەک لەسەر کورتە باس، نادیار

# خاتوونی ئاسنین

**کەیهان یووسفی**

لەم نووســــــــینەدا تێدەکۆشین هەڵسەنگاندنێکی مارگاریێت تاچر وەکوو ڕێبەرێک یان وردتر ژنێکی ڕێبەر و قارەمانی جیهانی لیبراڵ بکەین، کەسێک کە ژن بوون لە بەرانبەر پێشکەوتن وسەرکەوتنی لە جیهانی پیاواندا لەمپەر نەبوو. لێرەدا تێدەکۆشین لە دووتوێی ڕووداوەکاندا و بەکەڵک وەرگرتن لە فاکتۆرەکانی ڕێبەری، سەرنج بخەینە سەر پێگە و کەسایەتیی تاچر وەکوو ڕێبەرێکی بەناوبانگ و کاریگەر. ئەو سەلماندی کە ژن بوون، تەنیا بیانوویە و نەریتی پیاوسالاری لە بەرانبەریدا چۆکی دادا.

## بەرایی

مارگارێت تاچر، یەکێک لە بەناوبانگترین ڕێبەرانی جیهانی ئازاد لە سەردەمی شەڕی سارده. سێکوچکەی تاچر، ڕەیگان و ژان پۆلی دووهەم، وەکوو سێکوچکەی ڕووخێنەری کۆمۆنیزم و یەکێتیی سۆڤیەت ناودەبرێت. دوای وینستۆن چرچیل، بەناوبانگترین سەرۆکوەزیری وڵاتی بریتانیایە. ئەو یەکەمین ژن بوو کە بوو بە سەرۆکوەزیری بریتانیا و لە سەدەی بیستدا تاقە سەرۆکوەزیرێکە توانیویەتی بۆ سێ خول ئەم پۆستە بەدەست بهێنێ. قارەمانی شەڕی فۆکلەند دژی ئارژانتینە. کاتێک باسی کەرتی تایبەت و نیۆلیبراڵیزم دەکرێت، بێگومان ناوی تاچر و تاچریزمیش دەهێنرێت. سۆڤیەتەکان پێیان دەوت خاتوونی ئاسنین.

لەم نووسینەدا تێدەکۆشین هەڵسەنگاندنێکی مارگارێت تاچر وەکوو ڕێبەرێک یان وردتر ژنێکی ڕێبەر و قارەمانی جیهانی لیبراڵ بکەین، کەسێک کە ژن بوون لە بەرانبەر پێشکەوتن وسەرکەوتنی لە جیهانی پیاواندا لەمپەر نەبوو. لێرەدا تێدەکۆشین لە دووتوێی ڕووداوەکاندا و بەکەڵک وەرگرتن لە فاکتۆرەکانی ڕێبەری، سەرنج بخەینە سەر پێگە و کەسایەتیی تاچر وەکوو ڕێبەرێکی بەناوبانگ و کاریگەر. ئەو سەلماندی کە ژن بوون، تەنیا بیانوویە و نەریتی پیاوسالاری لە بەرانبەریدا چۆکی دادا.

## بیۆگرافی

مارگارێت تاچر(١٣ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٥ ـ ٨ ی ئاپریلی ٢٠١٣)، لە شاری گرانتهام، شارێکی چکۆلە لە ١٥٠ کیلۆمەتریی لەندەن و لە بنەماڵەیەکی چینی مامناوەند لە دایک بوو. باوکی خاوەنی سوپێرمارکێتێکی چکۆلە بوو. تاچر یەکەمین سەرۆک وەزیری ژنی بریتانیا لە ساڵی ١٩٧٩ تا ١٩٩٠ و سەرۆکی پارتی کۆنەپارێزی بریتانیا لە ساڵی ١٩٧٥ تا ١٩٩٠ی زایینی بوو. تاچر ساڵی ١٩٤٣ ز لە گەرمەی شەڕی دووهەمی جیهانیدا لە زانستگەی ئەکسفۆرد و لە بەشی کیمیا وەردەگیردرێت. لەوێ دەبێتە ئەندامی ڕێکخراوی یەکێتیی کۆنەپارێزانی زانستگەی ئاکسفۆرد و لە ساڵی ١٩٤٦ دەبێتە سەرۆکی ئەم ڕێکخراوەیە. دوای تەواو کردنی خوێندن وەکوو لێکۆڵەری بواری کیمیا کار دەکات. بەڵام حەزی ڕاستەقینەی لای سیاسەت بوو.

ساڵی ١٩٥٠ لە ناوچەی دارفۆرد کە لە ژێر کۆنترۆڵی پارتی کرێکاردا بوو، خۆی بۆ پارلمان بەربژێر دەکات. ئەو بە دروشمی «دەنگ بدەن بۆ مانەوەی ئەوەی هەمانە» دێتە مەیدان، بەڵام لەو ساڵە و ساڵی دواتریش ١٩٥١ ناتوانێت سەرکەوتن وەدەست بێنیت، بەڵام ڕێژەی دەنگەکانی لە بەربژێرە پێشووەکانی پارتی کۆنەپارێز زیاتربوو.

لە دیسەمبیری ١٩٥١ لەگەڵ دێنیس تاچر کە تاجرێکی دەوڵەمەند بوو ژیانی هاوبەش پێک دەهێنێت. دوو ساڵ دواتر دوو منداڵی(دووانە) دەبێت، کارۆل و مارک. بەو حاڵەش ئەو لە ئەزموونی ماف و پارێزەری، خۆی تاقی دەکاتەوە و لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٤ قەبوول دەبێت. چەن ساڵێک کاری پارێزەری دەکات و دوایی لە ساڵی ١٩٥٩ بۆ یەکەمین جار لەو ناوچەیەی کە کۆنەپارێزەکان دەسەڵاتیان هەبوو، واتا فینچلی Finchley دەنگی پێویست بۆ چوونە پارلمان بە دەست دەهێنێت.

یەکەمین گەڵاڵەی بۆ پارلمان، مافی بەشداریکردنی ڕاگەیاندنەکان لە کۆبوونەوە لۆکاڵییەکانی حکوومەت بوو کە پەسەند کرا. ئامانجی ئەو لەم گەڵاڵەیە ئازادیی ڕاگەیاندن نەبوو بەڵکوو کەمکردنەوەی تێچووەکانی حکوومەت بوو، بابەتێک کە لە ژیانی سیاسیی خۆیدا هەمیشە جەختی لەسەر دەکردەوە.

ساڵی ١٩٦١ تاچر پێشنیاری پۆستی جێگری پارلمان لە وەزارەتی بیمەی نەتەوەیی و خانەنشینیی قەبووڵ کرد. ئەو دوایی

بـــوو بە وەزیـــری خوێندن و زانســـت کاتێک کۆنەپارێزەکان دەســـەڵاتیان لەســـاڵی ١٩٧٠ گرتـــە دەســـت. ســـاڵی دواتر ئەو لـــە لایەن پارتـــی کرێکار، پارتـــی ئۆپۆزیســـیۆنەوە بە « تاچری شـــیردز» نـــاو نرا. ئەمـــەش بە هۆی ئـــەوەوە بوو کـــە تاچر پرۆگرامی شـــیری بێ بەرانبەر بـــۆ قوتابییە منداڵەکانی تەمەن نێوان ٧ تا ١١ ســـاڵی داخست. ســـەرەرای ئەمە ئەو پۆستەکەی خۆی پاراست. ساڵی ١٩٧٥ پارتی کۆنەپارێز دەســـەڵات لە دەست دەدات. تاچر سەرۆکوەزیری پێشوو، ئیدوارد هێس شکست دەدات و دەبێتە سەرۆکی پارتی کۆنەپارێز.

تاچـــر یەکێک لە بەهێزترین ژنانی جیهان لـــەو رۆژانـــەدا بـــوو. ئـــەو تیۆرییەکانی جۆن مەینـــارد کینز، کە لایەنگـــری کەمکردنەوەی تێچووەکانی کەمبوونی بوودجە لە قۆناغەکانی بەرزبوونی رێژەی بێکاریدا بوو، رەت کردەوە و لە بەرانبەردا لایەنگری تیۆرییەکانی ئابووریزانی قوتابخانـــەی شـــیکاگۆ، میلتـــۆن فریدمـــەن بوو(تیۆریی پارەگرایی).

تاچر لە یەکەمیـــن لێدوانی خۆی، پارتی کرێکاری بە هۆی سیاسەتە ئابوورییەکانییەوە لۆمە کرد و وتی: «مافی هەر تاکێکە بەو جۆرەی کە حـــەزی لێیەتی کار بکات، ئـــەو پارەیەی بەدەســـتی دەهێنێ خەرجی بـــکات، خاوەنی مڵک بێـــت، حکوومەت وەکـــوو خزمەتکاری خـــۆی بزانێت نەک ئاغـــاوەت و ئەمە میراتی بریتانیایە.»

ماوەیەکـــی کـــەم دوای ئـــەم لێدوانـــەی ،هێرشـــێکی تونـــدی کـــردە ســـەر یەکێتیی ســـۆڤیەت کە دەیەویست دەســـەڵاتی خۆی بە ســـەر جیهاندا بســـەپێنێ. رۆژنامەی سپای سووری یەکێتیی سۆڤیەت، لە وتارێکدا نازناوی « خاتوونی ئاسنین»ی بە تاچر دا.

کۆنەپارێـــزەکان بـــە یارمەتیی «زســـتانی نارەزایەتـــی» کـــە یەکێتییـــە پیشـــەیی و کرێکارییـــەکان وەرێیـــان خســـتبوو، لـــە هەڵبژاردنەکانی ســـاڵی ١٩٧٩دا ســـەرکەوتن. تاچر بوو بە سەرۆکوەزیران.

لـــە خولـــی یەکەمـــی ســـەرۆکوەزیراندا، حکوومەت ماڵیاتی راســـتەوخۆی کەم کردەوە و ماڵیـــات لـــە ســـەر تێچووی بردە ســـەرێ، خانووە گشتییەکانی فرۆشت و ریفۆرمگەلێکی دیکەشـــی کرد. بێکاری و ئاوسان لەم رۆژانەدا بوونە هۆی دابەزینی خۆشەویستیی تاچر.

شـــەڕی فۆکلەند لە ساڵی ١٩٨٢ کە دواتر باســـی دەکەین و هەروەها گەشەی ئابووری، توانی خۆشەویســـتییەکەی دووبارە زیاتر بکات و بـــۆ جارێکی دیکـــە لە ســـاڵی١٩٨٣ ببێتە ســـەرۆکوەزیر. لەم خولـــەدا حکوومەتی تاچر یەکێتییە کرێکارییەکانی خستە ژێر دەسەڵاتی خـــۆی و داوای لێیان کرد کـــە پێش لە هەر چەشنە راگرتنی کار و مانگرتنێک، کۆبوونەوە و دەنگدانێکـــی نهێنی لە نێـــو خۆیاندا بەرێوە ببەن. ئەو حازر نەبوو هیچ چەشنە ئیمتیازێک بە کرێکارانی کانگە کە بۆ ماوەی یەک ســـاڵ مانیـــان گرتبوو، بدات. تاچر هەروەها تێلکۆمی بریتانیا، بریتیش گاز، هێڵی ئاسمانیی بریتانیا، رولزرۆیـــس و ژمارەیەکـــی زۆری کۆمپانیـــا حکوومەتییەکانـــی رادەســـتی کەرتی تایبەت کرد و ئەمـــەش وەکوو میراتـــی تاچر مایەوە. تاچـــر هەندێـــک کـــردەوەی دژوازی هەبوو، لە ئاســـیا وتووێژی کرد تـــا هۆنگ کۆنگ کە کۆلۆنیـــی بریتانیا بوو، دەســـەڵاتی بگەرێتەوە بـــۆ چینییەکان، لە زیمباوە کارئاســـانیی کرد کە دەسەڵاتی کەمینەی ســـپی پێست زووتر تـــەواو بێت و لە هەمان حاڵیشـــدا گەمارۆکان دژی دەسەڵاتی ئاپارتایدی ئەفریقای باشووری پەسەند نەکرد.

لە ســـاڵی ١٩٨٧ بۆ جاری سێهەم بوو بە سەرۆک کۆمار، حکوومەتەکەی نرخی ماڵیات لە ســـەر داهاتی بۆ خوارترین ئاست لە دوای شـــەڕی دووهەمی جیهانی کەم کردەوە. ئەمە نارەزایەتییەکی سەرانســـەریی لێ کەوتەوە. لە رێکەوتی ١٤ی نوامبێری ساڵی ١٩٩٠ وەزیری پێشووی بەرگری لە مەڕ جیاوازیی تێروانین بۆ

یەکێتیی ئۆرووپا تاچری بە پێکۆڵ کێشا. تاچر لە یەکەمین خولی دەنگدان، توانی ڕێژەی نزیک لە سەرکەوتن بە دەست بێنێت، بەڵام چەند دەنگێکی کەم بوو. ئەندامانی کابینەکەی یەک یەک لەگەڵی چاوپێکەوتنیان کرد و خوازیاری دەست لە کارکێشانەوەی بوون. لە ٢٨ی نوامبێر ئەو دەستی لە کار وەکوو سەرۆکوزیر کێشایەوە. تا ساڵی ١٩٩٢ هەر ئەندامی پارلمان بوو و دوایی بووە ئەندامی پارلمانی لۆردەکان کە پارلمانێکی تەشریفاتییە. تاچر لە ٨ی ئاپریلی ٢٠١٣ و لە تەمەنی ٨٨ ساڵیدا کۆچی دواییی کرد.

## ڕێبەریی تاچر
## تاچر و ئیمپراتۆری سۆڤیەت

تاچر ڕێبەری جیهانی ئازاد لەسەردەمی شەڕی سارد بوو. تاچر لە گەڵ ڕۆناڵد ڕەیگان سەرۆککۆماری ئەوکاتی ئەمریکا و پۆپ ژان پۆلی دووهەم وەکوو سێ کوچکەی ڕێبەرایەتیی جیهانی ئازاد و سێ قارەمانی دەیەی هەشتای زایینی دژی ئایدۆلۆژیی کۆمۆنیزم و یەکێتیی سۆڤیەت بە ئەژمار دێن. ئەوان بە شێوەیەکی نافەرمی پێکەوە هاوئاهەنگییان هەبوو.

سۆڤیەتییەکان تاچریان بە یەکێک لە ڕێبەرە سەرسەختە دژبەرەکانی خۆیان دەزانی و نازناوی ژنی ئاسنینیان پێ بەخشیبوو. ڕەنگە ئەوان لە سەرەتاوە پێیان وا نەبوو کە ژنێک، یەکێک لە ڕووخێنەرانی خەونەکانیان بێت. دیپلۆماسیی دەرەوەی بریتانیا لە دوای چرچیل و بە تایبەتی دوای شەڕی کەناڵی سوئێز و شکست لە میسر زۆر خراپ بوو. تاچر پەیوەندییەکی گەرموگوڕی لە گەڵ ڕەیگان پێکهێنا و هاوپەیمانیی ئانگلۆ ـ ئەمریکەن هیچ کات تا ئەم ڕادەیە بەهێز نەبوو. ئەوان بە نیسبەت هەموو بابەتە نێونەتەوەییەکانەوە لە گەڵ یەک هاوئاهەنگ بوون. ڕۆڵی تاچر لە گەڵ ڕەیگان و پۆپ لە ڕووخاندنی ئیمپراتۆریی سۆڤیەت زۆر گرنگ بوو. ئەوان قارەمانی وڵات و خاکی خۆیان بوون و دوایی ڕۆڵێکی جیهانییان گێڕا. ئامانجی هاوبەش، پێکهێنانی هاوئاهەنگی و پەیوەندیی نێوان ئەوان بوو. ئەم ئامانجە هاوبەشە، دوژمنێک بوو کە ئەگەر لەناو نەدەچوو، هەموویانی لەناودەبرد. تاچر بزووتنەوەیەکی جیهانیی بۆ کەمکردنەوەی کەرتی گشتی یان بە وتەیەکی دیکە ڕادەست کردنی کەرتی تایبەت و ڕووخانی یەکێتییە کرێکارییە کێشەخولقێنەکان وەڕێ خست و دیسانەوە سیستەمی کاپیتاڵیستیی لە جیهان بووژاندەوە. ئەم پرۆگرامە واتا ڕادەست کردنی کەرتی تایبەت، لەو میراتە شڵەژاوە کە بە ئەو وەکوو سەرۆکوەزیر گەیشتبوو، باڵای کرد و کامڵ بوو. تاچر ڕاکێشانە ئایدۆلۆژییەکانی بینی و تیۆریزەی کرد. هەر بۆیە ئەم پرۆگرامەی سەرەنجی بیرمەندانی جیهانی ئازادی لە سەرانسەری دونیا بۆ لای خۆی ڕاکێشا و زیاتر لە پەنجا وڵاتی جیهان ئەم پرۆگرامەیان کۆپی کرد و بەڕێوەبرد. تاچریزم بوو بە خۆشەویستترین هەناردەی فیکریی بریتانیا لە کاتی کینزگەراییەوە و لەواقعدا بوو بە جێگرەوەی کینزگەرایی. سەرکەوتنی تاچریزم وەکوو هێزێکی جیهانی بۆ بەرەی کاپیتاڵیستیش سەرکەوتن بوو. پۆل جەنسۆن، نووسەر و مێژوونووسی بە ناوبانگی بریتانیایی دەڵێت: ئەمە واتا تاچریزم، بەشی سەرەکیی ڕۆڵی تاچرە لە ڕووخاندنی ئیمپراتۆریی سۆڤیەت. تاچر خۆشی لە فێمێنیزم نەدەهات، بەڵام هەڵسوکەوتی ژنانەی خۆی قەت لە بیر نەدەکرد. ئەو ژن بوونی خۆی پاراست گەرچی ڕێبەرێکی گەورە و کۆڵەکەیەکی بەهێزی جیهانی کاپیتاڵیستی بوو. تاچر لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانییەوە تەنیا ڕێبەری بریتانیا بوو کە کاریگەرییەکی بەرچاوی لە سەر واقیعەکانی جیهان هەبوو، چ بە شێوەی ڕاستەوخۆ و چ لە ڕێگەی هاوپەیمانیی واشنگتۆنەوە.

## شەڕی فۆکلەند و ڕۆڵی تاچروەکوو ڕێبەرێک

شـــەڕی فۆکلەنـــد ناوبانگی تاچـــری جیهانی کـــرد و ســـەرنجی جیهانی بـــۆ لای ئەم ژنە سەرســـەختە ڕاکێشا و لە ئاستی نێونەتەوەیی، لە ڕێگـــەی تاچـــرەوە شـــکۆ و گەورەییی بۆ بریتانیا گەڕاندنەوە. لێرە بە وردی هەڵوێســـت وبڕیاردانـــی تاچر لەو دۆخـــە تاریکەدا وەکوو ڕێبەرێک تاوتوێ دەکەین:

تاچر لەو ڕۆژە ســـەختانەی کە تێیدا دەژیا ئەمەی وت: «کاتێک لە شـــەڕدای، نابێت ئیزن بدەیت کێشـــە و گرفتەکان زاڵ بن لە ســـەر بیرکردنەوەتـــدا، تـــۆ دەبێت بـــە ئیرادەیەکی پۆڵایین ڕێکیان بخەیت و زاڵ بیت بەسەریاندا».

لە ســـاڵی ١٩٨٢ز دەســـەڵاتی سەربازیی ئارژانتین هێـــرش دەکەنە ســـەر دوورگەکانی فۆکلەند لە باشووری ئۆقیانووسی ئەتلانتیک و داگیری دەکەن. ئەم دوورگانە کۆلۆنیی بریتانیا بـــوون و هەردوو وڵاتـــی ئارژانتیـــن وبریتانیا ئیدیعای سەرووەریی ئەوانیان دەکرد.

ئـــەم دوورگانە لە ســـاڵی ١٧٦٩ وە خاکی بریتانیا بوون، ئارژانتین دوای ســـەربەخۆیی لە ئیسپانیا لە ســـاڵی ١٨٢٤ ئیدیعای سەرووەری دەکات و ساڵی ١٨٢٩ داگیریان دەکات بەڵام بریتانیایەکان ســـاڵی ١٨٣٣ وەری دەگرنەوە. ئـــەم دوورگانە لـــە ســـاڵی ١٩٨٢ تەنیا ١٨٠٠ کەس حەشـــیمەتیان هەبـــوو. ٨٠٠٠ مایل لە بریتانیـــا دوور بوون و ٣٠٠ مایل لە ئارژانتین. تەنیا ٨٠ ســـەربازی بریتانیاییان لێ بوو. بەڵام بە هۆی بەندەرەکانییەوە ونزیکی لە ئامریکای لاتیـــن و کەناڵـــی پاناما، خـــاوەن پێگەیەکی گرنگی سیاسی و ئابووری بوون.

لـــە ســـاڵی ١٩٧٦وە ئارژانتیـــن بوونـــی ســـەربازیی لە باشـــووری تولـــە و دوورگەکانی ساندوویجی باشوور دەبینێـــت. حکوومەتی پارتی کرێـــکاری ئەوکاتی بریتانیـــا هیچ هەوڵێک بۆ ســـڕینەوەی بوونی ســـەربازیی ئارژانتین لەو شـــوێنانە نادات و تەناتەت پەرلمانی بریتانیا تا دیسەمبری ساڵی ١٩٧٨ ئاگای لەم مەسەلەیە نابێت. ســـاڵی ١٩٨١ دەســـەڵات لە ئارژانتین دەگۆڕدرێـــت و ژێنـــراڵ گالتیـــری دەبێتـــە ســـەرۆککۆمار. دەســـەڵاتی نوێی سەربازی بۆ چەندیـــن مانگ لە نیۆیۆرک لەگەڵ بریتانیا بۆ گەڕاندنەوەی دوورگەکانی فۆکلەند بۆ ئارژانتین، وتویـــژ دەکەن. بەڵام لە نـــاکاو و لە ڕێکەوتی دووی ئاپریلی ســـاڵی ١٩٨٢ ئارژانتینییەکان هێرش دەکەنە ســـەر ئەم دوورگانە و داگیریان دەکەن. ڕووداوێک کە هیچ کەس لە بریتانیا و تەنانەت تاچریش چاوەڕوانیی نەدەکرد.

ئارژانتینیەکان لە دیسەمبری ساڵی ١٩٨١ دوورگەکانی جۆرجیای باشـــوور داگیر دەکەن، بریتانیـــا ســـکاڵا دەکات و بـــەڵام حکوومەتی ئارژانتین دەڵێـــت ئێمە ئاگامان لێ نییە. تاچر دەڵێـــت: «لـــە ڕێکەوتی ٣ی مانگی مارســـی ١٩٨٢ی ز، تلیگرامێک لە بوئینس ئایرســـەوە لە مـــەڕ جموجۆڵی ســـەربازیی ئارژانتین پێم گەیشت، ئێمە پلانی خۆمان بۆ هەر ئەگەرێک ئامـــادە کردبوو، بەڵام ســـەرەڕای خەمباری و نیگەرانیی مـــن، چاوەڕوانی هێرشـــێکی وەها سەرانســـەریمان نەدەکرد، ئاخریـــن ئانالیزی زانیاریی ئێمە لە ســـەر ئارژانتین، چاوەڕوانیی وەهـــا هێرشـــێکی نەدەکرد. لـــە ٢٠ی مارچ بە ئێمەیـــان گوت کە لە باشـــووری جۆرجیا چەکوچـــۆڵ و . . . جێگیـــر کـــراوە، ئێمە بە ئارژانتینییەکانمان گوت بەڵام ئەوان دیسانەوە حاشـــایان لێ کرد. ئێمە هەوڵمان ئەوە بوو لە ڕێگـــەی وتووێژەوە لەگـــەڵ ئارژانتینیەکان بە ئەنجامێک بگەین و پێش لە شەڕ بگرین.»

ئارژانتیـــن دوورگەکانـــی داگیـــر کردبوو. وەزیری بەرگریی بریتانیا، جۆن نۆت هۆشداری دەداتە تاچر و دەڵێت ئەگەر ئەو دوورگانە داگیر بکرێن، ناتوانین وەریان بگرینەوە.

تاچر لە وەڵامدا دەڵێت: «ئەمە کارەســـاتە، ئەگـــەر ئەوان داگیـــری بکەن ئێمـــە دەبێت وەریان بگرینەوە.»

تاچر خۆی دواتر لە زمانی ڕووســـەکانەوە دەیگێڕیتەوە کە: «ســـۆڤیەتەکان پێیان وا بوو

که لە ئەگەری داگیرکاریی ئەو دورگانەدا، تاچر وەکوو سەرۆکوەزیر و ژنێک، ناوێرێت شەڕ بکات، ئەگەریش بریتانیا شەڕ بکات، دەیدۆڕێنێ.»

تاچر وەکوو سەرۆکوەزیر لە دۆخێکی سەختدا بوو، ئەو دەبێت بەرگری لە غروری بریتانیا بکا. هەروەها لە ڕوانگەی ئەوەوە خەڵکی فۆکلەند وەکوو بەشێک لە بریتانیا مافی ئەوەیان هەیە لە ئاشتیدا و چۆنیان پێ باشە بژین و ئەم دورگانەش لە بواری ئابووری و سیاسییەوە خاوەن پێگەیەکی گرنگ بوون.

بۆ خاتوونی ئاسنین زۆر ئەستەم بوو کە لە داگیرکەر و دیکتاتۆرێک شکست بخوات و تاچر دەیگوت ئەم شەڕە شەڕی نێوان دیکتاتۆری و دیمۆکراسییە.

بەڵام شەڕ و ئەستاندنەوەی دورگەکان زۆر ئەستەم بوو، فۆکلەند ٨٠٠٠ مایل لە بریتانیا دوور بوو. هیچ وشکانییەک بۆ شەڕ لە ئارادا نەبوو. ئارژانتین خاوەن هێزی ئاسمانی و زەریاییی بەهێز بوو. باهۆزی زەریا و دۆخی خراپی کەشوهەوا لەئارادا بوو. لە پارلمان و کابینەی حکوومەت ژمارەی ئەو کەسانەی کە هیچ هیوایەکیان بە گەڕانەوەی ئەم دورگانە نەبوو، ئێجگار زۆر بوو. بێجگە لە خەڵکی فۆکلەند نزیکەی ٧٠٠ شارۆمەندی بریتانیایی لە ئارژانتین بوو. داوای پشتیوانی لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتیی ئۆرووپا و وڵاتانی بەرژەوندیی هاوبەش زۆر دژوار بوو. ئامریکا نەیدەویست لە نێوان بریتانیا و ئارژانتین یەکیان هەڵبژێرێت. ئارژانتین هاوپەیمانی ئامریکا لە سپەری دژەکۆمۆنیزم واتا دژە کووبا و سۆڤیەت لە ئامریکای لاتین بوو. هەروەها مەترسیی دەستێوەردانی یەکێتیی سۆڤیەتیش لە ئارادا بوو و ئەگەری ئەوە هەبوو کە ئارژانتینییەکان یارمەتیی سۆڤیەتەکان قەبووڵ بکەن.

تاچر دەڵێت: «من پرسیارم لە فەرماندەری هێزە ئاوییەکان، هێنری لیچ کرد و گوتم چ بکەین؟ هێنری گوتی من دەتوانم هێزێکی تایبەت لە ناڤ شێکێن، ناڤ و کەشتی هێرشبەر و پشتیوانی ڕێک بخەم. ئەو بڕوای وا بوو بەم هێزە دەتوانێت دورگەکان وەربگرێتەوە. تەنیا ئیزنی منی بۆ ئەم کارە دەویست و منیش ئیزنم پێ دا.»

تەواوی هەوڵەکانی تاچر ئەوە بوو کە ئارژانتینییەکان بگەڕێنێتەوە بۆ سەر مێزی وتووێژ، بەڵام ئەوان هیچ باوەڕێکیان بە وتووێژ نەبوو.

تاچر دەڵێت: «ئێمە سەرەتا دەبوا هەموو شتێکمان بکردبایەت تا پێش لە ڕوودانی هەر چەشنە کارەساتێک بگرین. تەنیا هیوای ئێمە ئامریکاییەکان، دۆستان و هاوپەیمانەکانمان بوون. ئێمە نامەیەکی خێرامان بۆ سەرۆک کۆماری ئەمریکا ڕەیگان نارد و داوامان لێ کرد گوشار بخاتە سەر ژێنراڵ گالتێری بۆ کشانەوەی هێزەکانیان. ڕەیگان داواکەمانی قەبووڵ کرد.»

تاچر بۆ وەرگرتنەوەی ئەم دورگانە دوو فاکتەری لە بەردەستدا بوو و پێداگریی لەسەر هەردووویان دەکرد: فاکتەرەکانی دیپلۆماسی و سەربازی.

ئەو دەیگێڕێتەوە کە لە سەرەتای ئاپریل ئێمە بابەتێکی کورتماوە و چەندین بابەتی درێژخایەنی دیپلۆماسیمان لە بەردەستدا بوو. لە کورتماوەدا پێویست بوو ئێمە لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دژی ئارژانتین سەرکەوتن وەدەست بێنین. لە درێژماوەدا ئێمە دەمانزانی دەبێت هەوڵەکانمان لە دەرەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان چڕ کەینەوە. دووهەمین دیپلۆماسیی درێژماوەمان ئەوە بوو کە دڵنیا بین زۆرترین پیشتیوانیی هاوپەیمانەکانمان وەدەست بێنین، بە تایبەتی ئەمریکا، ئەندامانی یەکێتیی ئۆرووپا و وڵاتانی بەرژەوندیی هاوبەش و وڵاتە گرنگە ڕۆژئاواییەکان.»

ئەنجومەنی ئاسایش داوا لە هەر دوو لا

دەکات دان بەخۆدا بگرن، وڵامی بریتانیا ئەرێنی دەبێت بەڵام ئارژانتین هیچ وڵامێک ناداتەوە.
تاچر لە لەگەڵ فرانسوا میتران، سەرۆککۆماری فەرەنسا پەیوەندی دەگرێت و لە نەتەوە یەکگرتووەکان فەرەنسا پشتیوانی لە بریتانیا دەکات. هەر وەها پەیوەندی لەگەڵ شاحسێن، پاشای ئۆردۆن دەگرێت و داوا دەکات یارمەتییان بکات بۆ پێشگرتن لە هەر چەشنە ڤیتۆیەکی یەکێتیی سۆڤیەت دژی ئەوان.
لە پەرلمانی بریتانیا، هەندێک ئەندام پەرلمان داگیرکاریی ئارژانتین دەخەنە ئەستۆی حکوومەتەکەی تاچر. تاچر دەڵێت: «لەم کاتەدا من دەبوایە بەرگریم لە حکوومەت بکردایە و لە هەمان حاڵیشدا ئەوانم دڵنیا بکردبایە کە وەڵامێکی شیاو و کاریگەر بە ئارژانتین دەدەین.»
ئەو پێیان دەڵێت: «فۆکلەند خاکی بریتانیا دەمێنێتەوە، نە داگیرکاری و نە پەلاماردان ناتوانێت ئەمە بگۆڕدرێت. ئەمە ئەرکی حکوومەتە کە دورگەکان بگەڕێنێتەوە بۆ باوەشی بریتانیا و بە زوویی ئەمە دەکەین. ئێمە دەمانهەوێت ئارژانتین بگەڕێتەوە بۆ سەر مێزی وتوویژ، بەڵام دڵنیام ئارژانتین بێ شەڕ ئەو دوورگانە بە جێ ناهێڵێت.»
تاچر ڕێبەرە و دەبێت هیوا و کۆڵەکەی خەڵکەکەی بێت، دەبێت هیوایان بێت، ئیرادەی پۆڵایینێک بێت کە ئەوان پشتی پێ ببەستن، دەبێت باوەڕی بەو شتەی کە دەیڵێت هەبێت تا غووری خەڵکەکەی نەشکێنێت و کەرامەتی نەتەوەکەی بپارێزێت. ئەو بەم وتانە خۆی وەکوو ڕێبەرێکی باوەڕمەندی خاوەن ئیرادە کە دەیهەوێت شکۆی نەتەوە و وڵاتەکەی بپارێزی دەردەخات.
گرنگیی ئەم قسانە لێرەدا دەردەکەوێت کە لەو کاتەدا لە نێوخۆی بریتانیا هیچ هیوایەک بۆ وەرگرتنەوەی دورگەکان نەبوو. بەڵام تاچر هەم هیوای هەبوو و هەمیش باوەڕ. کاتێک پیاوەکانی حکوومەت، یەک لە دوای یەک دەستیان لە کار دەکێشایەوە، ئەو بیری لەسەرکەوتن دەکردەوە.
پیتر کارینگتۆن، وەزیری کاروباری دەرەوە لەگەڵ دوو بەرپرسی باڵای ئەم وەزارەتە دەست لە کاردەکێشنەوە. وەزیری بەرگری داوای دەست لە کارکێشانەوە دەکات، بەڵام تاچر قەبووڵی ناکات.
تاچر لەو دۆخە نالەبارەی کابینەکەیدا دەڵێت:» تەنیا شتێک کە پێویستە ئێمە بیری لێ بکەینەوە، سەرکەوتنە.»
تاچر فرانسیس پایم وەکوو وەزیری کاروباری دەرەوە دەست نیشان دەکات. کابینەی شەڕ پێک دەهێنێت و لە ڕێکەوتی ٦ی ئاپریل نامە بۆ ڕێبەرانی یەکێتی ئۆرووپا، ئامریکا، ژاپۆن، کەنادا، ئۆستڕالیا و نیوزلەند دەنێرێت و داوای پشتگیری دژی ئارژانتینیان لێ دەکات کە ئابلۆقەی چەک و چۆڵ بخەنە سەر ئەم وڵاتە.
دۆخەکە بە گشتی بە قازانجی بریتانیا نەبوو، لە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆچوونی دژەکۆلۆنیالیستی بەهێز بوو و هەروەها یەکێتیی سۆڤیەت گەمارۆکانی دژی ئارژانتینی ڤیتۆ کرد. ئیتالیا پەیوەندییەکی گەرموگوڕی لە گەڵ ئارژانتین هەبوو. ئیسپانیا پشتیوانی لە ئارژانتین دەکرد. ئاڵمانی ڕۆژئاوا پشتیوانیی لە بریتانا کرد. یەکێتیی ئۆرووپا ئابلۆقەیەکی یەک مانگە دەخەنە سەر ئارژانتین.
بەڵام تاچر هەر لە سەرەتاوە دەیزانی کە تەنیا هێزی سەربازی دەتوانێت ئارژانتین ناچار بە چۆڵ کردنی دورگەکان بکات.
ڕێکارە دیپلۆماتیکەکان، گوشارەکانی ئامریکا و ئابلۆقەکان نەیانتوانی ئارژانتین ناچار بە پاشەکشە بکەن.
تاچر لەو دۆخە ئاڵۆزەی نێوخۆی بریتانیا، کابینە و پارلمان و لەو دۆخە مەترسیدارەی دونیای دەرەوەشدا، بڕیارێک دەدات کە لە ئەگەری سەرنەکەوتندا، دەتوانێت کارنامەی سیاسیی ئەو بۆ هەمیشە بنێتە چاڵ و

کورسیی سەرۆکوەزیریش بە جێ بهێڵێت و شکۆ و غرووری نەتەوەکەشی لە مێژوودا بشکێنێ. بەڵام ئەو سووره لە سەر ئەوەی دەیلێ و ئەنجامی دەدات، ئەو دەڵێت من بە سۆڤیەتەکانم نیشان دا کە هەم شەڕمان کرد و هەمیش سەرکەوتین.

بریتانیا لە شەڕێکی دوو مانگەدا بە ڕێبەریی تاچر شکست بە ئارژانتینەکان دەهێنێت. دوڕگەکان وەردەگرنەوە. دوای ئەم شەڕە پێگە و جێگەی بریتانیا لە هاوکێشە نێونەتەوەییەکاندا دەگۆڕدرێت و ئەو شکۆیەی تاچر دەیویست بۆ بریتانیا دەگەڕێتەوە. دەسەڵاتی سەربازیی ئارژانتین شکست دەخوات و ژێنراڵ گالتێری بە هۆی دۆڕان لە شەڕدا دەستبەسەر و زیندانی دەکرێت.

٦٣٥ سەربازی ئارژانتینی و ٢٥٥ سەربازی بریتانیایی دەکوژرێن. تاچر بە پلانێکی تۆکمە و هیوا بەسەرکەوتن و ریسک کردن، هەروەها کەڵکوەرگرتن لە پەیوەندییەکانی و ئەو هێز و ئیمکاناتەی لە بەردەستیدا بوو، شەڕەکە دەباتەوە تا ببێتە قارەمانی ئەو کاتی بریتانیاییەکان و خۆشەویستیی لە دڵی خەڵکەکەیدا زۆرتر بێت.

پۆڵ جۆنسۆنی بریتانیایی، ٥ فاکتەر وەکوو تایبەتمەندییەکانی ڕێبەری بۆ ڕێبەران دەستنیشان دەکات و دەڵێت هەر ڕێبەرێکی دیمۆکرات دەتوانێت هەڵگری سێ یان چوار خاڵ لەم تایبەتمەندییانە بێت:

١ ئایدیا و باوەڕ
٢ ئیرادە
٣ پێداگری
٤ توانایی پەیوەندی
٥ گەورەیی ڕۆح

لێرەدا شیکاریی ئەم تایبەتمەندییانە ناکەین بەڵام بە ئانالیزی هەڵسوکەوتی مارگاریت تاچر بۆمان دەردەکەوێت کە تاچر چ لە سیاسەتی نێوخۆیی و بووژاندنەوەی ئابووری و... چ لە سیاسەتی دەرەوە لە شەڕی فۆکلەند و بەرەنگاربوونەوەی سۆڤیەت، هەم ئایدیای هەبوو و هەمیش باوەڕی بەو ئایدیایانە هەبوو.

ئەو خاوەن ئیرادە بوو، سۆڤیەتیەکان نازناوی خاتوونی ئاسنینان لێ نابوو و هەروەها لە شەڕیش سەلماندی کە ئەو ڕێبەرێکی خاوەن ئیرادەیە. تا ئەو ڕۆژەی سەرۆکوەزیر بوو لە سەر بۆچوونەکانی پێداگر بوو، لە شەڕ وێڕای هەموو دژبەرە ناوخۆیی و دەرەکییەکان ئەو پێداگر بوو لەسەر ئەستاندنەوەی فۆکلەند لە ئارژانتینییەکان.

ئەو لە ڕێگەی هەڵسوکەوت، ئیرادە و باوەڕەکانییەوە، پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ خەڵک و جیهانی دەرەوە دروست کرد.

ئەو کاتێک ڕۆیشتە پارلمان، ڕێژەیەکی زۆر کەم ژنی ئەندام پارلمان هەبوون و تەنانەت سەردەمانێک لە پارلمان باو بوو کە دەیانگوت «ژنان خۆش نەهاتن بۆ ئێرە».

ئەو گشت ئەم بەربەستانەی تێپەڕاند و سەلماندی کە لە جەهەندەمی پیاوسالارییشدا، ژنێک دەتوانێت بالاترین پێگەی سیاسی وەدەست بێنێت و تەنانەت ببێتە هێرۆ و قارەمانێکی نەک نەتەوەیی بەڵکوو جیهانییش.

## سەرچاوەکان


"Heroes: What Great Statesmen Have to Teach Us" - Paul Johnson
"The heroic trinity who tamed the bear: Reagan, Thatcher and John pa. " Paul Johnson
Margarert Thatcher's Revolution – Edited by Subroto Roy
Margaret Thatcher – The downing years
- https://www. history. com/news/-١٠things-you-may-not-know-about-margaret-thatcher
- https://www. history. com/news/margaret-thatcher-falklands-war
- https://www. magzter. com/article/Education/All-About-History/Hero-Or-Villian-Margaret-Thatcher
- https://www. bbc. com/persi an/world//١٢/٢٠١٢ ١٢١٢٢٨_١٠٣_falkland_thatcher
-h ttps://jangaavaran. ir/%D٨ %AC%D%٨٦%٩D A%AF-%D%٨١%٩D%٨A%٧ D٨٤%٩ %DA%A٩ %D%٨٤ %٩ D٩ %D%٨AF/
-

# فێمێنیسم یان دژایەتیکردنی پیاو

**ئالین ڕۆژهەڵات**

شتێکی ڕوون و ئاشکرایە لە بزووتنەوە فێمێنیستیەکاندا بە گشتی پیاوەکان دەوری کارا و شوێندانەریان هەبووە و کەم نین ئەو پیاوە مەزنانەی کوردیش کە لەدژی چەوساندنەوە و ژێردەستەیی ژنان وەستاون و بەرەنگاری ئەو ستەمە بوونەتەوە کە لە ژن کراوە و دەکرێ. سەردەمێک کە هێشتا تەنانەت ناوی بزووتنەوەی فێمێنیسم بۆ وڵاتی ئێمە نامۆ بوو، گەورەشاعیرانی کوردی وەک مامۆستا قانع بە چەکی پێنووسیان لەو نایەکسانی و هەڵاواردنەی نێوان ژن و پیاو ڕاساون و لە بەرهەمەکانیاندا بەرەوڕووی ئەو ستەمە بوونەتەوە کە لە ژن دەکرێ.

زۆر جار ئەگەر سەرنج بدەینە کۆمەڵگا و دەوروبەرمان، جا چ لە نێو چینی خوێندەوار و بڕێجار کەم خوێندەواریش، تووشی کەسانێک دەبین کە بە نێوی فێمێنیسم و کەوتنەگەڵ بزووتنەوی فێمێنیستی، دژی پیاو و ڕەگەزی نێر دەوەستنەوە و ڕەگەزی نێر بە تاوانباری سەرەکیی چەوسانەوە و ژێردەستەیی خۆیان دەزانن و بەمجۆرە بەرەیەکی پەرش و بڵاو و بێسەروبەرە و تەواو دژی پیاو بەدیهاتووە کە هیچ بنەمایەکی زانستیی لەپشت نییە و هەڵبەت کاریگەریی نەرێنیی لە سەر بزوتنەوەی فێمێنیستیی ڕۆژهەڵات داناوە و ئەگەر ڕوونکردنەوەی لەسەر نەکرێ پەک بە ڕەوتی تازەپێڕەوکەبووی فێمێنیسمی کوردی دەخا.

بە داخەوە لە کوردەوارییش لەو ساڵانەی دواییدا ئەو بابەتە تۆختر بووەتەوە و زۆرێک لەو ژنانەی لە ڕەوشی خۆیان لە کۆمەڵگادا نارازین، ڕوو دەکەنە ئەو هەڵسوکەوتە و خەریکە پرسی سەرەکی کاڵ دەبێتەوە و پشتگوێ دەخرێ.

لەحاڵێکدا ئەو بابەتە ئاشکرا و ڕوونە کە کێشەی ژن لە وڵاتی ئێمە پیاو نییە و بەڵکوو ئەوە دیاردەی هەڵاواردنی ڕەگەزی و پیاوسالارییە بە ڕەهەندی جۆربەجۆرییەوە کە نووکەڕمبی نەک هەر ڕووی لە ژنە، بەڵکوو ژن و پیاو و خێزان بەگشتی دەپێکێ. بێگومان ئەو دیاردە نەگریسە، ئەگەر بەردەوام بێ و خەسارناسی و لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکرێ و بۆ چارەسەرکردنی لە بناغەوە و بە شێوەی زانستییانە هەنگاو هەڵنەگیرێ، نەک هەر کۆمەڵگای لێ دەرباز نابێ، بێگومان نەوەی دوارۆژیش بە هەمان شێوەی ڕابردوو، دەبنە قوربانیی ئەو دۆخە ناحەز و ماڵوێرانکەرە.

شکی تێدا نییە کە کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی پیاوسالارە بەڵام دیارە کەلتووری سەقەت و نەریتە ژنگاوییەکان و خڵتەی فکری خێڵایەتی، ئەو باڵادەستییەیان ڕادەستی پیاو کردووە و ناکرێ لەونێوەدا هەر پیاو تۆمەتبار بکرێ.

شتێکی ڕوون و ئاشکرایە لە بزووتنەوە فێمێنیستیەکاندا بە گشتی پیاوەکان دەوری کارا و شوێندانەریان هەبووە و کەم نین ئەو پیاوە مەزنانەی کوردیش کە لەدژی چەوساندنەوە و ژێردەستەییی ژنان وەستاون و بەرەنگاری ئەو ستەمە بوونەتەوە کە لە ژن کراوە و دەکرێ. سەردەمێک کە هێشتا تەنانەت ناوی بزووتنەوەی فێمێنیسم بۆ وڵاتی ئێمە نامۆ بوو، گەورەشاعیرانی کوردی وەک مامۆستا قانع بە چەکی پێنووسیان لەو نایەکسانی و هەڵاواردنەی نێوان ژن و پیاو ڕاساون و لە بەرهەمەکانیاندا بەرەورووی ئەو ستەمە بوونەتەوە کە لە ژن دەکرێ.

مامۆستا هێمن پێی ستەم وغەدرە ژن بەس تەنیا لە سوچی ماڵ دانیشێ، تەشی بڕێسێ و لە دژی بێبەشکردنی ژن لە خوێندن و زانست و بەشداری لە کۆمەڵگادا دەوەستێ و ئاوات و خولیای پێشکەوتن و گەشەی ژنی کورد مێشکی دەتەنێ.

زۆر جار ئێسک و پروسکی فەرامۆشکراوی ئەو ژنانەی لە ئاگری نەریتی باب و باپیرانیاندا بوونە خۆڵەمێش، بە باڵۆرەی گریان و شینگێڕیی شیعری شێرکۆ لە خەوی مەرگ ڕاچەنیون. شێرکۆ ئەو پیاوەیە چرای شیعری هەڵدەگرێ و ڕوو دەکاتە ئەو کۆڵانە تاریکانەی بای خوداش نایانگرێتەوە و تەنها مێ بە ژانەکانیان ئەزانێ. ئیمپراتۆری شیعری جیهان لە بەشی زۆری دیوانە شیعرییەکانیدا لە ڕێی لزگەکانی ملوانکەی شیعریەوە دەنک دەنک دەچێتە قوڵاییی خەمی ژنانی وڵات و بە نمەنمەی فرمێسکی چاوانی، ژانەکانیان دەنووسێتەوە.

ئەو پیاوە بوێرانەش جێی ڕێزن کە شەق لە قاقای ڕەوشی مێشکە بۆگەنەکان هەڵدەدەن و لە وڵامی بێ ڕێزی و

سوکایەتی بە جلوبەرگی ژنانی ولاتەکەیان، بە شانازییەوە جلوبەرگەکە دەکەنە بەریان و دێنە پێش ئەو چاوانەی تانەی گەمژەیی، ساڵەهایە بەری ڕووناکیی ئاوەزی لێ گرتوون و سوکایەتی بە جلوبەرگی دایک و خوشکەکانیان دەکەن.

دیارە پیاوسالاری وەک لوویەکی شێرپەنجە وایە کە ئەگەر چارەسەر نەکرێ هەموو خانەکانی کۆمەڵگا دەخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە و هەرەس بە پێشکەوت و تەنانەت بزووتنەوەکان دێنێ. حاشا کردن لەمافی ژن وەک گرینگترین چینی کۆمەڵگا بەرەو هەڵدێر بردنی کۆمەڵگایە.

لەباربردنی پتانسیەل و توانستی ئەو چینەی سەلماندویەتی دەتوانێ لووتکەکانی زانست و هونەر و ئەدەبیات بگرێتەوە و تەنانەت چەک لەشان کا و سەرکەوتووانە شەڕی دوژمنانی گەل ونیشتمان بکا، نەک هەر هەڵەیە، بەڵکوو خەیانەتێکی پاساو هەڵنەگرە لە حاند نیشتمان.

مخابن ولاتی ئێمە هێشتاش لە بواری ئامار و ڕێژەی خۆکوژیی توند وتیژانە و ژن کوژیدا لە پلەکانی یەکەمی جیهاندایە .هێشتاش ژن بۆ کوژاندنەوەی خوێن و مەسلەت دەدرێ و ژن بەژن و گەورەبەچوکی پێدەکرێ و حیسابی مرۆڤێکی بۆ ناکرێ.

لە ڕاستیدا هیچ نێرینەیەک کە دێتە سەر دونیا، نە دژی ژنە و نە جێنی دژەژنی پێیە و نە بە چەکی پیاوسالاریی و چەوساندنەوەی ژن تەیارە. ئەو منداڵە هەر لە سەرەتاوە وانەی ژیان و هەڵسوکەوتی لە خێزان و کۆمەڵگا وەردەگرێ. بە جاران هەموو دیتوومانە پێش باوک، ئەوە دایکەکانن پاروو لە زاری کچەکە دەگێرنەوە بۆ کوڕەکە، چون نێرینەیە. دایک ڕێزگرتن لە برا فێری کچ دەکا بەڵام پێچەوانەکەی نا، خوشک دەبێ پرس بە برا بکا بۆ هەڵبژاردنی هاوسەر و هاوبەشی ژیانی بەڵام برا پێویست نییە پرس بە خوشکی بکا. خوشک دڵداری بکا، برا و باب پێی سەرنەوی دەبن، بەڵام کوڕەکە بۆی هەیە دڵداری بکا و لێی عەیب نییە. لە پەیوەندیی سێکسیدا ئەتک بە ژن دەکرێ بە پیاو نا. ژن نامووسی پیاوە، موڵکی پیاوە، بەڵام پیاو موڵکی خۆیەتی و نامووسی کەس نییە. ژن زەعیفەیە پیاو نا. بێگومان تا کاتێک ئەوانە یاسای نەنوسراوە و کەلتووری کۆمەڵگا بن، ژن و ڕەگەزی مێ زەعیفەی لێ سازدەبێ و بەڕاستیش زەعیفە.

بوونی ئەندامی نێرینە لەپیاودا بووەتە هۆی ئەوەی ژن هەست بە نوقسانی بکا لەبەر نەبوونی ئەو ئەندامە، چون نەریت ئەوەی لە مێشکی ئاخنیوە کە ئەندامی نێرینە هێمای ئاوەز و هێزمەندیە تا ئەو جێگەی جگە لە بالادەست بوونی لە سێکس و زاوزێ و خستنەوەی تۆرەمە و ڕاگرتنی وەجاخدا، ڕێی بردووەتە ئەدەبیاتی زارەکیشەوە و لەوێشدا بالادەستیی بۆ پیاو بەدیاری دێنێ و چەکێکە بۆ جوێندان و تەنانەت دایک لە ئەندامی نێرینەی برا و باب و کوڕەکەی بۆ جوێندان کەڵک وەردەگرێ.

بەڵام بوونی ئەندامی مێیینە شەرمە و هۆی شەرمەزارییە. ژن خەتەنە دەکرێ لە بەر ئەوەی مافی چێژ بردن لە سێکس و پەیوەندیی ژن و مێردایەتیی نییە وپێی سەرنەوی دەبێ. بوونی ئەندامی مێیینە شەرمە و هۆی شەرمەزارییە و بە شەرمیش ناوی دەهێنرێ و تەنانەت جلوبەرگی ژێرەوەشی شەرمە دیار بێ و دەبێ لە چاوان ون کرێ. ژن بۆ پەسن دانەوەی ئازایەتییەکانی و داوێنپاکییەکەی، خۆی بە نێوی پیاو دەرازێنێتەوە و بە شانازیەوە دەڵێ وەک پیاو وایە و زۆر مەردە.

بەڵام کێ ئەو ڕێبازە بەردەوام دەکا و کێ ئەو کەلتوور و نەریتە سەقەتانە بەرهەم دێنێتەوە؟ پیاو یا ژن خۆی؟ ئەگەر هەردووکیان تاوانبارن، بێ شک



تاوانی ژن لــە پەروەردەکردنـی زەعیفە و کۆمەڵگای نێرســالاردا ئەگەر قورستر نەبێ ســووکتر نییە. بــۆ یەکــەم و گەورەترین هەنگاو، ئەگــەر دایکانـی وڵات، دادوەرانە ســۆز و خۆشەوێســتی و ژیانی ئینسانی لە نێو کــوڕ و کچەکانیانا دابەش کەن، ئەگەر وەک دوو مرۆڤی یەکســان تەماشــای کوڕ و کچەکەیــان بکەن و ئەگەر بەگشــتی لە چوارچێــوەی ئیمپراتۆریەتــی دایکایەتی و پەروەردەدا، دادوەرانە بجووڵێنەوە، بێگومان دوونیایەکی گەلێک تەندروست و ساغتر بۆ هەردوو ڕەگەز دەخەملێنن کە لەویدا هیچ پێویستییەک بە بزووتنەوەی فێمێنیستی و شــیر و تیخ ســوونی ژن و پیاو لە یەکتر نییــە و بنەماڵە کە جێــی حەوانەوەی ڕۆح و ئارامیــی مرۆڤەکانــە، نابێتــە دۆزەخێک کــە ئەندامەکانــی، لەبــاری دەروونییەوە ناجێگیــرن و لەجیاتی بەســتێنێکی پڕ لە ســۆز و خۆشەویستییان بۆ دەخەملێنن کە بەختەوەریی تێدا مسۆگەر دەبێ.

بۆ دوا وتە، فێمێنیسم لە بنەڕەتدا نە لە دژی پیاوە و نە بە دوای لێکهەڵوەشانەوەی خێزانەوەیە و ئامانجی سەرەکیی فێمێنیسم، بەرەنگاربوونــەوەی هەمــوو جۆرەکانــی هەڵاواردن و نایەکســانی و خەبات لە پێناو هاتنــە دی مافە ئینســانییەکانی ئافرەتانە، بەڵام لەبەر ئەوەی داڕشتە کۆمەڵایەتییەکانی زاڵ بەســەر کۆمەڵگا ئینسانییەکاندا، لە ژێر زاڵیەتیی پیاودا و پیاوسالارانە پێناسە کراون، فێمێنیســم ناچار بە خەباتێکە بۆ گۆڕینی ئەو داڕشــتە نەخۆشــانە و ئاراستە کردنی پێناســەیەکی نوێ و ئینسانی، بە جۆرێک کە ژنیش وەک مرۆڤێکی یەکســان لەگەڵ پیاو خۆی تێدا ببینێتەوە.

# فێمێنیسم و ناسیۆنالیسم؛ لێکتێگەیشتنی دووقۆڵی

زانیار سنە

ئەم وتارە هەوڵی ئەوە ئەدا کە بارودۆخی ژنانی کورد و جیهان و هەروەها بە پێی نزیکایەتیی جوگرافیاییی ژنانی کورد لەگەڵ ژنانی ئێرانی هەلومەرجی ژنانی ئێرانی بخاتە بەر باس و لە لایەکی دیکەوە پەیوەندیی خەباتی ژنانی کورد لەگەڵ یەک سەدە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا بەتایبەت لە ڕۆژهەڵات بنرخێنێ.

«خۆکوژیـــی کچێکی تەمەن ١٢ ســاڵان لە ئیلام»، «ژنێکی تەمەن ٣١ ســاڵان لە شاری سنە بەدەست دوو براکەی کوژرا»، «کوشـــتنی کچێکی ١٨ ساڵانی مەریوانی لــە لایــەن بنەماڵەکەیــەوە»، «کچێکی دیواندەرەیی بە هۆی گوشــاری بنەماڵەوە کۆتاییی بــە ژیانی خۆی هێنــا» ئەمە و دەیان مانشــێتی لەم جۆرە شــایەتحاڵی بارودۆخی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانن کە لەم ســەدەی بیســت و یەکەمەدا لە کاتێکدا لە هێندێک وڵاتی دیموکراتیکی ڕۆژئاوایی تا ڕادەیــەک مافەکانیان دابین کــراوە و ئیــدی ژنان نــەک دڵەراوکێی سەرەتاییترین مافی ژیان و ترسی کوشتن و بڕینان نییە، بەڵکوو هەوڵ بۆ یەکســانی و بەرانبــەری لە زۆربەی بوارەکاندا ئەدەن و نموونەشیان زۆرە کە توانیویانە لە بواری سیاســەت، ئابــووری و ... ڕۆڵی بەرچاو و چالاکانەیــان ببێت. ئەتوانین وا بڵێین کە ئەمڕۆ چالاکیی ژنان و ژنانی فێمێنیست، کەوتووەتــە قۆناغێکی دیکــەوە بەڵام ئەم بەرەوپێشــچوونە لــە بەشــێکی دیکەی دونیا وەک وڵاتانی ئاســیایی، ئەفریقایی و ئەمریکای لاتین، بەم شــێوەیە نییە. بۆیە پێم وایە ناتوانین کێشە و گرفتەکانی ژنان لە یەک کانتێکستدا بخوێنینەوە و جۆری کێشــەکان جیاوازن. بۆ نموونە کێشــەی خەتەنەی ژنان لە وڵات تا وڵات و نەتەوە بە نەتــەوە جیاوازە و ئــەم حاڵەتە لە ناو هەموو نەتەوە و ئایینەکاندا نییە.

کورد وەک ئەوەی «دیشــنێر» دەڵێت نەتەوەیەکــی بــێ دەوڵەتە کە تا ئێســتا نەتوانیوە کیانێکی ســەربەخۆی هەبێت و هێشــتا خەریکە خەباتی بۆ ئەکات، بەڵام ســەرەڕای ئەمانەش زۆرن ئەو ژنانەی لە پەنای خەبات بۆ یەکســانی، ژیانی خۆیان بۆ ڕزگاریــی نەتەوەیی تەرخان کردووە و ناویان لە مێژوودا تۆمار بووە. بزووتنەوەی نەتەوەییی کورد هێندێک ئەزموونی چاک و خراپی لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پرسی ژناندا هەبــووە. چالاکانی بواری ژنان و بە تایبەت فێمێنیستە کوردەکانیش ڕەخنەی توندیان لە کارنامەی بزووتنەوەی کوردی و شێوازی دارشتنی پیاوسالارانەی هەیە و پێچەوانەکەشی بەرەی نەتەوەیی، هێندێک ڕەخنەیان لە هەڵسوکەوتی چالاکانی ژنان هەیە. ئێستا پرســی سەرەکی ئەوەیە ئەم ڕووبەڕووبوونــەوە و دووجەمســەرییەی نەتەوەخــوازی و فێمێنیســم لە قازانجی کێیە و ئایا یەکرێزیی ئەم دوو بزووتنەوەیە ئەتوانــێ مافەکانــی هەردوولا مســۆگەر بــکات؟ دوو بزووتنەوەیەک کە لە لایەک ئازادیی ژنان ئەتوانێ پوتانســیەلی نیوەی کۆمەڵگا بۆ خەباتی نەتەوەیی ئاوەڵا بکات و لــە لایەکی دیکەشــەوە ســەرکەوتنی بزووتنــەوەی نەتەوەیــی دیموکراتیکیش دەتوانێ وەک دەســەڵاتێکی مەشرووعی سیاسی و یاســاتەوەر دۆخی ژنان بگۆڕێ و ئاســتەنگەکانی بەردەم چالاکییەکانیان کەمتر بکاتەوە.

ئــەم وتــارە هەوڵــی ئەوە ئــەدا کە بارووددۆخی ژنانی کورد و جیهان و هەروەها بــە پێی نزیکایەتیــی جوگرافیاییی ژنانی کــورد لەگەڵ ژنانی ئێرانــی هەلومەرجی ژنانــی ئێرانی بخاتە بەر باس و لە لایەکی دیکــەوە پەیوەندیی خەباتــی ژنانی کورد لەگەڵ یەک سەدە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا بەتایبەت لە ڕۆژهەڵات بنرخێنێ.

## دۆخی ژنان لە مێژووی جیهاندا

ڕەنگە ئەم وتەیــەی «مارکس» کە دەڵێت «کەڵەکەبوونی سامان» یەکەم هەنگاوە بۆ داگیرکاریی مرۆڤ و دەســراگرتن بەسەر سەرجەم وزە و سامانەکان و ڕێگەیەکە بۆ چەوســاندنەوەی مرۆڤ بە دەستی مرۆڤ و هەروەها ســەرەتایەکە بۆ دروستکردنی

کۆمەڵگای چینایەتی.

ڕۆڵی ئابووری لە ڕاگرتنی هێز و باڵانس لە هەموو بوارەکاندا لە کۆمەڵگەدا بەرچاوە. هەر وەک دەگوترێ ژنان چەندە لە باری ئابووریدا بەشدار بن لە بڕیارەکانیشدا بەشدارن. بۆیە مرۆڤ هەوڵ بۆ وەدەسختنی دەسەڵات و داسەپاندنی ئەو دەسەڵاتە بەسەر هەموو بوونەوەر و سەرجەم سامان و سەرمایەی گۆی زەویندا ئەدات. بێگومان ژنانیش وەک بەشێکی کاریگەر لە کۆمەڵگا، بەسەرهاتی تراژێدیای داگیرکاری و چەوساندنەوە و بەکۆیلەکردنیان وەک نیوەی کۆمەڵگا، بە درێژایی مێژوو لە ئارادا بووە؛ واتە لەم سۆنگەیەوە مێژوو لە هەموو چاخەکاندا پڕە لەم کاولکاری و یەخسیرکردنە و بێگومان سێ چینی منداڵ، بەساڵاچوو و هەروەتر ژنان بەتایبەت لە کاتی شەڕ و ململانێکاندا زەرەمەند و یەکەم قوربانیی زێدەخوازیی مرۆڤی باڵادەست بوون و لەم ڕووەوە کۆیلەکردنی ژنان گرینگیی ئەوتۆی هەیە.

«ئیولین ڕید» یەکێ لە بیرمەندانی فێمێنیست کە لێکۆڵینەوەی زۆری لەسەر بنەما مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکانی ستەم بەرانبەر بە ژن کردووە لەو باوەڕەدایە کە لە چاخێکی دێریندا، سەردەمێک کە ژنسالاری بووە، ژنان ڕۆڵی سەرەکییان لە بەرهەمهێنان و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا گێڕاوە کە دواتر بە هۆی پێکهێنانی بنەماڵە، خاوەندارێتیی کەسەکی، سەرهەڵدانی بنەماڵەی ناوەند تەوەر، ستراکتۆری کۆمەڵگا تووشی گۆڕان بووە و ژنان لە گۆڕەپانی ئابووری و کۆمەڵایەتی وەلا نراون.( ڕید، اولین،١٣٨٣.صفحه ۵)

چالاکانی بواری فێمێنیستی بەردەوام ڕەخنە لە دابەشکردنی کار و ئاستەنگەکانی بەردەم سەربەخۆیی ئابووریی ژنان چ لە سەردەمی هاوچەرخ و تەنانەت چ پێش مۆدێرنیشدا دەگرن و پێیان وایە دابەشکردنی پیشە بە پێی توانایی جێندەری، هەوڵێکی دیکە بووە لە پێناو چەوساندنەوەی ژنان. ئەگەر چی ئێستا بەشێک لە ژنان لە زۆر بوار و پیشەدا هەلی کاریان بۆ ڕەخساوە، بەشێکیان تا ڕادەیەک سەربەخۆیی ئابوورییان هەیە، بەڵام هێشتا هەر توندوتیژی لە کۆمەڵگادا هەیە و هێشتا دابونەریتە کۆنەکان بەسەر ژیانی نوێدا زاڵن و ئەم ڕاستییانە ئەوە دەر دەخەن کە کار کردن لەسەر بیر و باوەڕی کۆمەڵگا بە نیسبەت ژنەوە وەک مرۆڤ نەک جنسێکی لاواز، گرینگترە لە هەموو هەوڵێک.

بەو هەموو چالاکییانەی ژنان لەسەردەمی نوێدا، نە گۆڕینی شێوازی ژیان، نە بەشداریی ئابووری و دەسەڵاتی ئابووری، نەیانتوانی شێوە ڕوانینی سەقەتی پیاوسالاری نێو کۆمەڵگا بگۆڕن و ئامرازەکانی نوێی سەردەمی مۆدێرنیتەش بە ڕێکاری نوێ و شێوازی نوێوە لە خزمەت کۆیلەتیی ژناندا بوون، بۆیە دەربازبوونی ژنان لە هەڵاواردنی ڕەگەزی شۆڕشێکی هزریی پێویستە و بردنەسەرەوەی ئاستی خوێندنی ژنان و گۆڕینی پارادایمی فیکری، هەم لە لایەن ژنانەوە کە جێندەرەی دووهەم نین و هەم کاریگەریی لەسەر پیاوان، لەڕێگەی پەیوەندیی بەردەوام و لێک تێگەیشتن، نەک خۆ خستنە ناو دوو بەرەی لێکدژی ژن و پیاو، مسۆگەر ئەبێت. بڕێجار بە شێوازی مەدەنی ئیمکانی ئەوە هەیە کە لە ڕێگەی گوشار خستنەسەر بنکەکانی دەسەڵات و هەروەها سیستەمی پەروەردەوە (وەک زۆر وڵاتی پێشکەوتوو کە تارادەیەک سەرکەوتوو بوون)، هەر لە قوتابخانەوە فێری چۆن هەڵسووکەوت کردنی دوو جێندەری جیاواز لەگەڵ

یەکدی و پرۆڤەکردنی ئەو پارادایمە فیکرییە بین کە لە واقیعدا مرۆڤ دابەش ناکرێتە سەر دوو باڵی ژێر دەست و باڵا دەست و ئێمە تەنها لەگەڵ یەک جێندەردا ڕووبەڕووین ئەویش مرۆڤێکە بە سەرجەم خەسڵەتەکانییەوە و ئەگەر جیاوازییەکیش هەیە تەنها لە ڕووی جەستەییە و ئەگینا تواناییەکان بەرانبەرن. سەرەڕای ئەمەش و لەباسی پەروەدەدا ئەگەر گەڕین بۆ بەرانبەری ژنان و پیاوان لەسەرجەم بوارەکاندا و نەهێشتنی هەڵاواردن و ماف و دەرفەتی بەرانبەر، ژنان پێویستیان بە خەباتێکی بەرفراوانی سیاسی-مەدەنی بۆ مسۆگەرکردنی سەرجەم ماف و داخوازییەکانیاندا هەیە.

بێگومان باسی ژنان لە وڵاتە دیموکراتیکەکانیشدا هێشتا چارەسەر نەکراوە و نایەکسانی و نادادپەروەریی هەیە، تەنانەت لە وڵاتێکی وەک فینلاند کە سەرۆکوەزیران و چەند وەزیری لە ژنان پێکهاتووە، ناتوانین بڵێین کە هەڵاواردنی ڕەگەزی سەدا سەد بنبڕ بووە؛ گۆڕینی سیمای سیاسی ناتوانێ کولتووری هەڵاواردن بەرانبەر بە ژنان بگۆڕێ و هێشتا ژنان بۆ گۆڕانکاریی بنەڕەتی و دەستەبەرکردنی مافەکانیان، چالاکی ئەکەن.

بە پێی لێکۆڵینەوەی بانکی جیهانی سەبارەت بە یەکسانیی مافی ژن و پیاو لە ١٨٧ وڵاتدا، تەنها ٦ وڵات بە شێوەی یاسایی، مافی بەرانبەر بۆ ژنان دابین ئەکەن. سوید، دانمارک، فەرانسە، بێلژیک، لێتۆنی و لۆکزامبۆرگ، توانیویانە یاسا بکەنە زامنی پاراستنی مافی ژنان و سەرکەوتوو بن. لەم لێکۆڵینەوەیەدا باسی ئابووری و ڕێژەی بڕیاردانی ژنان لەسەر پیشە و چالاکییەکانیان لەبەرچاو گیراوە. پێوەرگەلێک وەک ئەوەی ژنان چەندە لە سەر شوێنی ژیانیان بڕیارەدەرن یان ئایا لە شوێنی کار و چالاکییەکانیاندا یاسایەک دژ بە ئازاری جنسی لەبەر چاو گیراوە؟ ئەگەرچی ئەم پێوەرانە بۆ ژنان لە وڵاتە دواکەوتووەکان کە هێشتا لە سەرتاییترن مافەکانیان بێبەشن چ بگاتە ئەوەی کە بتوانن لە باری ئابووری، سیاسی و کولتووری چالاک بن، مسۆگەر نەبووە. بۆ نموونە لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئێران لە ڕیزبەندی دوایین وڵاتاندا کە زۆرترین هەڵاواردنی ڕەگەزیی تێدایە، ناوبراوە.( سەرچاوە، دۆیچەوێلێ)

کەڵکەڵە و کێشمەکێشی ژنان لە وڵاتە پێشکەوتوو و دواکەوتووەکانی جیهان ناکرێ وەک یەک لەبەرچاو بگرین. لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا بە پێی ئەو هەنگاوانەی بۆ دیموکراسیەت و یەکسانی دراوە، دیارە هەلومەرجی ژنان چەندین پلە لە ژنانی وڵاتانی نادیموکرات لەبەرەوەن؛ وڵاتە پێشکەوتووەکان کە ژنان زۆرتر لە بوارەکانی ئابووری، سیاسی و کولتووری، بەشداری دراون، ژنان بۆ یەکسانی لە پلە و پایەی سیاسی و بەشداری لە پرۆژە سیاسییەکان، باری ئابووری، یەکسانی لە مووچەی لەگەڵ پیاوان و لە ڕووی کولتوور و زانستەوە، هەوڵ بۆ کاندیداتۆریی ژنان بۆ پلە زانستییەکان و هەڵی بەرانبەر بۆ وەرگرتنی کورسیی زانستگاکان و ... ئەدەن، ئەگەرچی بەمانەشەوە هێشتا ژنانی ڕۆژئاوا زۆریان ماوە بە مافە ڕەواکانی خۆیان بگەن. لە لایەکی دیکەوە گرفتەکانی ژنان لە وڵاتە دواکەوتوو و نادیموکراتەکاندا جیاوازان لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی؛ هێشتا ژنان سەرەتاییترین مافی هاتنە دەرەوەیان لێ زەوت کراوە، وەرگرتنی میرات، بەردباران، شێوە جل پۆشین، لێخوڕین و دەیان شتی لەو جۆرە و ڕۆژانەش هەزاران حاڵەتی لێدان و توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان تۆمار

ئەکرێ و بە پێچەوانەی وڵاتانی ڕۆژئاواش کە برێکی زۆر لەو هەڵاواردنانە لە لایەن چینە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگاوە دەکرێ و لێرەدا دەوڵەت وەک مەرجەعێکی یاسایی پشتیوانی لە تاوانباران ئەکات.

حاشاهەڵنەگرە کە لە یەک سەدەی ڕابردوودا، بزووتنەوەی فێمێنیستی بۆ سڕینەوەی ئەم هەڵاواردنانە هەوڵی زۆری داوە و ڕۆڵێکی بەرچاوی لە وشیارکردنەوەی ژناندا هەبووە، بەڵام زۆربەی چالاکییەکانی ژنان، ناکرێ بخرێتە خانەی فێمێنیسمەوە و زۆر چالاکی ژنمان هەیە کە خەریکی خەباتکردن بوون کەچی خۆیان بە فێمێنیست لە قەڵەم نادەن. ئەمەش ئاساییە و بەپێی توێژینەوەکان کە لە ئەمریکا و ئەورووپا ئەنجامدراوە، لە هەر ٥ ژنی گەنج تەنها یەک کەسیان خۆی بە فێمێنیست ئەزانێ. «کریستینا شارۆف» مامۆستای زانکۆی کینگز کالێجی لەندەن لەو باوەڕەدایە کە ئەگەرچی هەوڵی ژنان و تەنانەت پیاوان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەڵاواردنی ڕەگەزیی ڕوو لە هەڵکشانە و بەشێکی زۆری کۆمەڵگا لەگەڵ یەکسانیی ڕەگەزیدا هاوڕان، بەڵام لایەنگری لە چەمکی فێمێنیسم و پەیوەندی گرتنی ژنان لەگەڵ ئەم زاراوەیە زیادی نەکردووە و ئەمەش تەنها قەبووڵ نەکردنی چەمکی فێمێنیسمە، نەک دژایەتییان لەگەڵ بەرانبەریی جێندەری. لێکۆڵینەوەکان نیشانیان داوە کە فێمێنیسم بۆ چینی کرێکار و خوارەوەی کۆمەڵگا سەرنجڕاکێش نییە و زۆرتر کەسانێکی سەر بە چینی سەرەوە و مامناوەندیی کۆمەڵگا خۆیان بە فێمێنیست دەزانن. لە هەموو ئەو توێژینەوانەدا فاکتەری «نەتەوە- نەژاد» ڕۆڵی بەرچاوی لە پەرەسەندنی بیری فێمێنیستیدا هەبووە و ژنانی ڕەش پێست، لاتین و ئاسیایی، پێیان وایە کە فێمێنیسم توانیویەتی لە دابینکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتیدا یارمەتیدەریان بێت.

## ژنانی ئێرانی لە سەردەمی سەفەوییەکان بەملاوە

یەکەم وێنە لە ژنانی سەردەمی سەفەوییەکان، قاجارەکان و... کە هەر تاکێکی ئێرانی دێتە بەرچاوی باسی حەرەمسەرا و بوونی دەیان و سەدان ژن وەک هاوسەری پاشا بووە و بڕێجاریش وەک چیرۆکێکی کۆمێدی باسی کراوە، کەچی ئەوە تەنها وێنەیەکی سەرەتایی و ڕووکەشییە لە دۆخی ژنان و مێژوو تا توانیویەتی بێڕەحمانە خۆی لە ئازار و قاتوقڕی و کۆیلەبوونی ژنانی ئەو کاتە و بگرە ئێستاش گێل کردووە.

ئەوەی تا ئێستا لە سەر دۆخی ژنان لە مێژوودا تۆمار کراوە، تا دەگاتە سەردەمی هاوچەرخ لە سەفەوییەکان و قەجەرەکانەوە تا پەهلەوییەکان، زۆرتر باسی ژنانی ناوەند و ژنانی ناو کۆشکی پاشاکان بووە و کەمترین باسێک لە ژیانی ژنانی ئاسایی کراوە و ئەو بەشەی نێو تەلار و بارەگاکانیش حاڵ و وەزعێکی وایان نەبووە، وەک کۆیلە و میراتی سوڵتان کە بە زۆرەملێ داگیرکراون و ئەوەی سوڵتان پێی خۆش بووە پێیانی کردووە؛ لە دەستدرێژیی زۆرەملێی سێکسییەوە بگرە تا کوشتن و سەربڕین و تەنانەت سووتاندن کە ئەوەی ئاخریان زۆرتر لە سەردەمی شاعەباسی دووهەم باو بووە و وەک کولتوورێک ماوەتەوە کە ژنان بە سووتاندن سزا دەدران.

ئەگەرچی بەشێک لەسەرچاوەکان باس لە گۆڕانکاریی ستراکتۆر و ڕێکخراوەکانی ئێران لە سەردەمی قەجەرییەکان دەکەن و بیچم گرتنی گۆڕانکاریی فیکریی بەشێک لە ژنانی کۆمەڵگا و هێندێک ئاڵوگۆڕ لە

هەلومەرج و پێگەی ژنان و هەروەها دابونەریتەکان دەکەن. ئەم گۆڕانکارییانەش بۆ ئاشنابوونی کۆمەڵگای ئێران لەگەڵ جیهانی ڕۆژئاوا و ئاڵوگۆڕی هزری و کولتوریی ئەوکات ئەگەڕێتەوە کە بووەتە هۆی سەرهەڵدان و هەستانەوەی بیری ئایینی و میللی لە پێناو مسۆگەرکردنی داخوازییەکانیان کە ژنانیش بەشێک لەو بزووتنەوەیە بوون. بەڵام «میرزا ئاغای کرمانی»، ڕەخنە لە دۆخی خراپی ژنان لە سەردەمی قەجەرەکان دەگرێ و دۆخی تاریکی ژنان بەمجۆرە وەسف ئەکات:
« ژنانی ئێرانی نەک تەنها لە چاوی کۆمەڵگاوە بە سووکی و بێڕێزییەوە چاو لێ ئەکرێن و وەک کۆیلەن، بەڵکوو لە خوێندن بێبەهرەن و لە فەخری زانست دوور خراونەتەوە و بێ ئاگا لە هەموو جیهان، لە هەموو هونەرەکان بێبەهرە کەوتوون و پێوەندییان لەگەڵ کۆمەڵگا نییە و لە قوژبنی ماڵە وێرانەکانیان، جاڵجاڵۆکەئاسا لە ناو خەیاڵی ژنانەی خۆیاندا ئەژین و بە پێی سروشتی خۆیان ئەیچنن. شەو لەسەر شەو بە دەیان فێڵ و درۆ بەڵکوو بتوانن لە دەست مێردێکی ناپیاوی نەمرووودرەفتار خۆیان دەرباز بکەن.»(میرزا ئاغای کرمانی. لاپەڕەی ٢٠).

سەردەمی مەشرووتە لە ئێران کە زۆرتر هەوڵێک بووە بۆ مسۆگەر کردنی ئازادی، تەسککردنەوەی دەسەڵاتی پاشایەتی و هەروەها سەروەریی یاسا و پێکهێنانی دوڵەتی یاسا، کاریگەریی زۆری لەسەر جومگەکانی کۆمەڵگا داناوە. ژنان لە بزووتنەوەی مەشرووتەخوازیدا توانیان ڕۆڵ بگێڕن و هەوڵی بە ڕێکخراوەیی کردنی کێشەی ژنان درا، ئەگەرچی ئەو هەوڵانە لە ئەنجامدا دەنگدانەوەیەکی لە یاسای مەشرووتەدا نەبوو و هیچ ئازادییەکی وای بۆ ژنان مسۆگەر نەکرد، تەنانەت مافی دەنگدانیشیان پێ نەدرا. هێندێک هەوڵ بۆ پەروەردە و خوێندنی ژنان درا و چەند مەکتەب و قوتابخانەی ژنان کە زۆرتریان لە تاران بوون دامەرزان، بەڵام ئەم هەوڵانە ئەوەندە کەم بوون کە لە ئاست داخوازی و ئەو چاوەڕوانییەی کە لە بزووتنەوەی مەشرووتەخوازی ئەکرا، نەبوون. ئەتوانین بڵێین مەشرووتەش ژنانی لەو هەڵاواردنە ڕزگار نەکرد بەڵام چالاکیی ژنان، بەتایبەت ژنانی ڕۆشنبیر کە توانبوویان چەند گۆڤار و چاپەمەنیی تایبەت بە خۆیان دابمەرزێنن، درێژەی هەبوو.

## ژنان و بزووتنەوەی کورد

سەرجەم ئەو کتێبانەی لەسەر مێژووی چەند سەدەی ڕابردووی کورد نووسراون پیاوسالارانە بوونە و کەمتر ئاوڕ لە ژنان و دۆخی ژیانیان دراوەتەوە. ئەوەی لە هەموویاندا هاوبەشە و وەک گوزارە و ڕستەیەک هاتووە کوشتن و برینی هۆقانەی ژنان و منداڵانی بێتاوان لە کاتی هێرشکردنی وڵاتانی داگیرکەر بووە کە لە قوناغە جیاجیاکاندا و سەرهەڵدانی شەڕ و بەرگریی کورد لەگەڵ دەوڵەتە ستەمکار و داگیرکەرەکاندا، ئەو چینە تەنها وەک قوربانیی سەرەکی ناویان لێ براوە. ئەتوانین ئەم گوزارەیە وا پشتراست کەینەوە کە بەداخەوە ژنانی کوردەواری، هەم لە لایەن وڵاتی داگیرکارەوە بوونەتە گۆشتی قوربانی و هەمیش لەملاوە لە کۆمەڵگای کوردیدا بە هۆی دابونەریتی باو، زۆرترین ستەمیان لێ کراوە و چەوسێندراونەوە و کۆمەڵگای نەریتخواز ڕێگەی نەداوە ڕۆڵێکی ئەوتۆیان لە چارەنووسیاندا هەبێت و بڕیاردەر بن و ئەگەرچی ئەمەش لەگەڵ ژنانی نەتەوەکانی دیکە لە یەک زەمەندا بەراورد بکەین، حاڵ و ڕۆژی ئەوانیش هیچ لە ژنانی کورد باشتر نەبووە و بگرە

خراپتریش بووە.

بە گشتی لە کوردستاندا سێ جۆرە خوێندنەوە لەسەر گوتاری ژنان زاڵ بووە: یەکەم ڕەوتی بناژۆخوازان کە زۆرتر لە کەسانی ئایینی و هەروەها سوننەتگەرا پێکهاتووە کە هەر لە بنەڕەتدا لەگەڵ یەکسانی و مافی ژنان هاوڕا نین و باوەڕیان پێی نییە. بەرەیەکی دیکە کە سەر بە پارادیمی ناسیونالیسمی بنەڕەتخوازن و پرسی نەتەوەیی و کورد زۆر ڕۆمانسی چاو لێ ئەکەن و پێیان وایە مێژووی کۆمەڵگای کوردی نیشانی داوە کە پارێزەری مافی کەمینەکانی ناو کۆمەڵگای خۆی بووە و بۆ سەلماندنی ئەو گوتارە پەنا بۆ مێژوو و دەیان حەکایەتی دیکە دەبەن، لە واقیعدا پێیان وایە کورد بێ کێشە و گرفت و نەتەوەیەکی پاقژە بووە. ڕوانگەی بەرانبەر و خوێندنەوەی سێهەم کە خوێندنەوەیەکی فێمێنیستییانەی لە ژنان هەیە باسی ناسیۆنالیستی بە دواکەوتووانە ئەبینێ و پێی وایە کە پرسی نەتەوایەتی نەک کێشەکانی ژنان چارەسەر ناکات بەڵکوو ڕێگریشە لەبەردەم چالاکی و مافی ژنان و زۆر ڕەشبینانە لە بزووتنەوەی کوردی ئەڕوانن. ئەم ڕەهەندەش وەک ڕەوتە جیهانییەکەی نەیتوانی خۆی لەگەڵ چینی خوارەوەی کۆمەڵگا، کە بەشێکی هەرە زۆری ژنانی کوردی پێکئەهێنا، ڕێکبخات و زۆرتر پێکهاتەکەی بریتی لە ژنانی چینی مامناوەندەی بەرەو سەری شاری بوو.

زۆربەی کوردناسە بیانییەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە ژنانی کورد بە نیسبەت ژنانی نەتەوەکانی دیکەی دراوسێ وەک تورک، عەرەب و فارس ئازادییان زۆرتر بووە و ڕۆڵێکی بەرچاویان لە کۆمەڵگای کوردەواریدا گێڕاوە. «کلۆدیۆس جەیمز ڕیچ» گەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناسی بریتانی لە سەفەرنامەکەیدا کە ١٨٢٠ .ز نووسراوە زۆربەی ناوچە و بەشەکانی کوردستان گەڕاوە، پێی وایە کە ژنانی کورد لەچاو ژنانی تورک و عەرەب لە ڕووی هەڵسوکەوت و حیجاب و ... ئازادترن. ڕیچ دەڵێت: «پیاوان (مەبەست پیاوی کورد) بە شێوەیەکی یەکسان و هاوتا لەگەڵ ژنان هەڵسوکەوت ئەکەن. ژنانی کورد، بە گاڵتەوە چاو لە ژنە تورکەکان ئەکەن کە لە بەرانبەر مێردەکانیان وەک کۆیلە ئەبینرێن. لە کوردستاندا جۆرێک سەربەخۆیی بنەماڵەیی ئەبینرێ و کە ئەم دیاردەیە لە ڕوانگەی عوسمانییەکانەوە هەڵە و نادروست بووە.» (جەیمز ڕیچ، کلۆدیۆ،١٣٩٦ لاپەڕەی ٢٤٤)

> **بێگومان ژنانیش وەک بەشێکی کاریگەر لە کۆمەڵگا، بەسەرهاتی تراژێدیای داگیرکاری و چەوساندنەوە و بەکۆیلەکردنیان وەک نیوەی کۆمەڵگا، بە درێژایی مێژوو لە ئارادا بووە؛ واتە لەم سۆنگەیەوە مێژوو لە هەموو چاخەکاندا پڕە لەم کاولکاری و یەخسیرکردنە**

بەڵام سەرەڕای ئەمانەش ستەمی سەرکردەی عەشیرەت و خان و خانزادەکان لە ئیمارەتەکانی خۆیان بەرانبەر بە ژنان کە چۆن لەخۆڕا ژنەکانیان تەڵاق ئەدا و بەزۆرەملێ لەگەڵ کچێکی بنەماڵەیەکی هەژار، بەبێ ڕەزامەندیی بنەماڵەی کچەکە و خودی کچەکە، هاوسەرگیرییان ئەکرد، ئەمانە و زۆر شتی دیکەش لە چاوی گەڕیدە و مێژوونووسانیش دوور نەبووە و دەیان حاڵەتی وا تۆمار کراوە.

«ویلیام ئیگڵتون» بەم جۆرە باسی ژنانی مهاباد ئەکات و ئەڵێ: «ژنانی نەجیب و ناودار کەمتر پێش دێت لە ماڵ بێنە دەر

و ئەگەریش بە پێی پێویســت بیانهەوێ لە ماڵ بێنــە دەر لەگــەڵ چەند ژنێکی بەســاڵاچوودا دێنــە دەر و خۆیان لە ژێر دونیایەک چارشێو و عەگاڵدا دائەپۆشن و بەمجۆر ڕەسەنایەتیی خۆیان دەپارێزن.»( ئیگلتون، ویلیام ١٩٦٣. صفحە ٥٦)

«سی لە سەدی ئەو پەنابەرانەی ئاوارە و ســەرگەردان ئەبن و دێنــە ناو خاکی ئێران، ژنانن» (دشنر، گونتر ٢٠١١. صفحە ٣٠٤)

«لە باشوور لەگەڵ دابونەریتێکی سەیر ڕووبەڕوو بووم کە باس لە مافی گەنجانی دێهاتێــک بەســەر کچانــی ئەو دێهاتــەوە ئەکات، ئەگەر ئەو کچە لەگــەڵ گەنجێکی دێهاتێک یان شوێنێکی دیکە هاوسەرگیری بکات، بنەماڵەی زاوا دەبێ باجێک بە گەنجانی ئــەو گوندەی کە بووک تێیدا دەژی، بدات.»( برویین ســن، مارتیــن وان ١٩٤٦. صفحە ٥٦)

ئەوانــەی ســەرەوە چەن دیمەن لە دەیان و ســەدان دیمەنــی ژنانــی کــورد لە کتێبــە مێژوویەکاندایــە و دەیان حاڵەتــی جۆراوجۆری لەمجــۆرەی ژنانی ســتەملێکراوی کورد تۆمار کراوە.

هەلومەرجــی جواگرافیــای هــەر هەرێمێــک کاریگەریــی لەســەر ڕۆڵی ژنــان لەو کۆمەڵگایەدا بــووە، ڕۆڵی ژنانی شوێنە شــاخاوی و چیاکان لەگەڵ ژنانی شــوێنەکانی دیکە جیاواز بووە، ئەوەش بۆ ئاستی بەشــدارییان لە کاروباری ڕۆژانە و تەنانەت ئابووریی بنەماڵــەدا ئەگەڕێتەوە. تەنانەت ئــەم جیاوازییە بــۆ ژنانی لادێ و ژنانــی شــار و دیوانســالارەکان بەدی دەکرێت، ســەردەمانێک کــە ژنان لەبەر دابونەریــت و یاســای ئــەو کۆمەڵگایــە نەیانتوانیوە نــەک ئازادانە هاتوچوو بکەن بەڵکوو مافی تەنانەت هاتنەدەرەوەیشــان لــێ زەوت کرابــوو، هەر ئــەوکات ژنانی لادێ بە پێی زەروورەتی ژیان و شــێوازی ژیوارکردنیــان، دەبووا شــان بە شــانی پیاوان لە کاتی کشــتوکاڵ یان ئاژەڵداری، یارمەتیــی بنەماڵەیان بــدەن، ئەگەرچی لەبــاری ئابوورییەوە هیچ دەســکەوتێکی بۆیــان نەبوو و تەنانەت لــە میراتی ماڵی باوکیشــیان هیچیان بــەر نەدەکەوت چ بگاتــە ماڵــی مێردەکەیان، بــەلام لانیکەم ئــەو هەلەی بۆیــان ئەرەخساند کــە لە ماڵەوە نەمێنن و پەیوەندییان بەنیســبەت ژنانــی دیکــە لەگــەڵ کۆمەڵــگا نەبچڕێ. ســەرەڕای ئەمانــە بەڵام ئەوە بەشــداریکردنەی ژنــان لە ئابووریــی بنەماڵەکەیانــدا هیچــی لــە موعادیلەکــە نەگۆڕی و هیچ پارسەنگیەکی دروســت نەکرد و ژن هێشتا وەک بوونەوەرێکی ســووک ســەیر ئەکــرا و هەلاوەردنی ڕەگــەزی هەر لــە جێگەی خۆی مابووەوە.

**چالاکانی بواری فێمێنیستی بەردەوام ڕەخنە لە دابەشکردنی کار و ئاستەنگەکانی بەردەم سەربەخۆیی ئابووریی ژنان چ لە سەردەمی هاوچەرخ و تەنانەت چ پێش مۆدێرنیشدا، هەوڵێکی دیکە بووە لە پێناو چەوساندنەوەی ژنان**

هەر وەک چۆن لە مەشرووتە بەملاوە ژنــان هەوڵیــان دا کــە مافەکانیــان لە ڕێگەی دامــەزراوە مەدەنییەکانەوە پەیرەو بکەن، لە کوردســتانی ڕۆژهەلاتیش ئەو جموجووڵانەش دەســتی پێکرد. ناکرێت باس لــە بزووتنەوەی ژنانــی ڕۆژهەلاتی کوردســتان بکەین و باســی پێکهێنانی «یەکیەتیــی ژنانی کوردســتان» نەکەین. ڕێکخراوەیــەک کە بەرهەم و لەدایکبووی کۆماری کوردســتانە و لە سەردەمی قازی

محەممەددا سەری هەڵدا. ئەگەرچی ئەو ڕێکخراوەیە لە سەر باڵی بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی دروست بوو و تا ڕادەیەک بەشداریکردنی ژنان لە کۆمەڵگا و چالاکییەکان درێژەدەر و لە خزمەت سیاسەتی پیاوان و سەرخستنی دەوڵەتی کوردیدا بوو. بەڵام بۆخۆی لە چەند ڕووەوە سەرنجڕاکێش بوو. یەکەم ئەوەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا و دەوڵەتانی دەوروبەر، شتێکی بێ وێنە بوو کە سەرۆککۆمارێک (پێشەوا قازی) بە ڕاشکاوی و ئاشکرا داوا لە ژنان بکات کە لە کۆمەڵگادا چالاک بن و ڕۆڵیان هەبێ (کەچی لە مەشرووتە دەسەڵات خۆی ڕێگر بوو) و داوا بکات کە ژنان دەست بە خوێندن بکەن و کچەکانیان بۆ قوتابخانە بنێرن و هەر لە سەردەمی قازیدا بوو کە چەند قوتابخانە دامەزران. دووهەم ئەوەی کە لە سەردەمی کۆماردا، ژنانی کورد هێندێک ئازادییان پێ درا کە ژنانی دیکەی ئێران و ناوچەکە لێیان بێبەش بوون. لەوانە خوێندن، هاتنە دەرەو لە ماڵ و... سەرەڕای ئەمانەش ئەو هەڵسوکەوتە ئەرێنییانەی سەردەمی کۆمار بوو بە کولتوورێک کە تا ئێستاش لە ناو حیزبەنەتەوەییەکاندا پێشکەوتووانەتر پەیرەو ئەکرێ.

ڕاستە پێش کۆمار و سەردەمی مەشرووتە ژنان تا ڕادەیەک توانیان چالاکی بکەن و هێندێک ڕێکخراوە و گۆڤاریش دابمەرزێنن بەڵام بە گشتی ئەنجامێکی ئەوتۆی بۆ ژنان نەبوو و هەروەها لە لایەن مەشرووتەخوازانیشەوە هیچ سیاسەتێکی فەرمی بۆ پشتیوانی لە ژنان کە لە بەرەوپێشچوونی مەشرووتەدا ڕۆڵیان هەبووە لە ئارادا نەبوو. ئەگەر بڕگەی ۵۱ی یاسای مەشرووتە لەگەڵ دۆخی کۆماردا بەراورد بکەین، ئەبینن کە لە مەشرووتە ژنان و ئازادییەکانیان لەبەر چاو نەگیراوە، کەچی یاساکانی کۆمار پێشکەوتووتر و بە پێی بەڵگەکان ژنان تا ڕادەیەک ڕزگارتر بوون. ئەمەش ئەتوانین وەک نموونەیەکی ئەرێنی بۆ کۆماری کوردستان لەبەرچاو بگرین.

هەرێمی کوردستان وەک ئەزموونی زیندووی دەسەڵاتداری لە ئێستای کورددا کە نیمچە حوکمڕانییەکە و هێشتا وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی نییە، ئەتوانین لەبەرچاو بگرین. لە هەرێمدا ڕاستە هێشتا توندوتیژی و هەواڵی کوشتنی ناموسی کە لە لایەن بەشێکی گەورەی کۆمەڵگا پشتیوانی ئەکرێن، بوونی هەیە، بەڵام سەرەڕای ئەمانەش ناتوانین کە هێندێک خاڵی ئەرێنییش لەبەرچاو نەگرین بۆ نموونە لە بەشداریی سیاسیی ژناندا بە پێچەوانەی ژنانی دراوسێ ڕێژەی ژنانی وەزیر و بەرپرس لە ئاستێکی بەرزە و تەنانەت سەرۆکی ئێستای پەرلەمانی هەرێمی کوردستان دراوەتە ژنێک و ئەمەش نیشانەی متمانە و هەلی بەرانبەر بۆ ژنانە، ئەگەرچی نابێ تەنها بە ڕێژەی بەشداریی ژنان لە پۆست و پلە و پایەدا وەک نۆرمێک و هەنگاوێک بۆ هەڵاواردنی ڕەگەزی بڕوانین و چونکە بڕێک جار ئەو ژنانە وەک نوێنەری بیری پیاوسالاری هەڵسوکەوت ئەکەن.

یەکێ لە ڕەخنە و نیگەرانییەکانی ژنان لە پرسی نەتەوەیی ئەوەیە کە ئەگەرچی ژنان لە خەباتی میللیدا بەشداری ئەدرێن و لە زۆر ڕووەوە سیمایەکی پاڵەوان ئاسا بە ژنان ئەدەن، بەڵام دواتر کە شۆڕش سەردەکەوێ ژنان دووبارە هەناردەی ناو ماڵ و سەرقاڵی ئیشی ناو ماڵ و منداڵداری ئەکرێن، وەک ئەوەی وڵاتی هیندووستان کە بزووتنەوەی سەرانسەری و نەتەوەیی دژ بە داگیرکەر کەوتە ڕێ کە ژنانیش تێیدا بەشدار بوون و سەرکەوتن، بەڵام دواتر وەلا

نران و پەراوێز کەوتن یان ئەوەی ژنانی ڕۆژئاوا لە کاتی شەڕی یەکەمی جیهانی، ژنان لە زۆر شت بەشداری دران و پاش کووژانەوەی شەڕ بۆ چالاکیی سیاسی و ئابووری، ڕێگرییان لێ کرا کە دواتر بووە سەرهەڵدانی بزووتنەوەی بەرفراوانی ژنان لە جیهاندا.

لە شۆڕشی یەک سەدەی ڕابردووی بزووتنەوەی کوردی بە تایبەت ئەم دواییانە، ژنان هەوڵیان دا کە لە تەنیشت پیاواندا خەبات بکەن. پێش شۆڕشی ٥٧ و سەردەمی پاشایەتی، ژنان بە شێوەی نهێنی لە ڕێکخراوە بەتایبەت چەپەکاندا چالاکییان دەکرد بەڵام پاش دامەزرانی کۆماری ئیسلامی، خەباتی ژنان قۆناغێکی نوێی بڕی و ژنان بە پەیوەست بوون بە هێزە کوردییەکان وەک هێزێکی سیاسی- نیزامی ڕۆڵی بەرچاویان گێڕا و نموونەی ئەوانەی کە شان بە شانی پیاوان حەماسەیان خولقاند زۆرن. ئەم دۆخە لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش زۆرن و وەک ئەوەی لە ژنانی شۆڕشگێڕی کوردی ڕۆژئاوا بینیمان کە زۆر بوێرانە لە سەنگەری خەباتدا چالاکییان نواند بە جۆرێک کە سەرنجی جیهانیان بەرەو لای خۆیان ڕاکێشا و ئەتوانین بێژین خاڵێکی وەرچەرخان لە بزووتنەوەی تەنانەت ژنانی جیهان و ڕوانینی موحافیزەکارانە بە نیسبەت ژنان دێتە ئەژمار و بووە هۆی بەرزبوونەوەی ورەی ژنان.

دەبێ خەباتی ژنان بە دوو ئاراستەدا دابەش بکەین یەکەم خەباتی سیاسی- چەکداری و دووهەم خەباتی مەدەنی. خەباتی چەکداریی ژنان کە زۆرتر لە قەوارەی حیزبە کوردییەکاندا بووە و ژنان بە پەیوەست بوون بە هێزە کوردییەکان چالاکییەکانیان لە دووسەنگەردا و دژ بە ڕێژیمێکی دیکتاتۆر و هەروەها کۆمەڵگای پیاوسالار و نەریتخواز دەستی پێ کرد.

هەروەها خەباتی مەدەنی کە لە ڕۆژهەڵات و پاش شۆڕشی ئیسلامی دەستی پێ کرد، مێژوویەکی پڕ هەوراز و نشێوی هەیە کە ئەم چالاکییانە کە بە کرانەوەی زانکۆکان و هەوڵی ژنان بۆ خوێندن لە زانکۆکان، ڕێکخستنی ڕێکخراوە مەدەنییەکان، ڕێکخراوە نهێنییەکان، چاپەمەنی و ماڵپەڕەکان و سازکردنی دەیان کەمپەینی جۆراوجۆر، توانیان بە دەرخستنی کەڵکەڵە و گرفتەکانیان، دژ بە هەڵاواردنی ڕەگەزی چالاکی بکەن، بێگومان زۆربەی ئەو ژنانەش لە ژێر بیری چەپ و فێمێنیستیدا وەک ژنانی پێشڕەو لە وشیارکردنی کۆمەڵگا و بە تایبەت ژناندا ڕۆڵیان گێڕا و ئەم چالاکی و پێشڕەو بوونە وای کرد کە ژنانی ڕۆژهەڵات توانییان سەرەنجی ژنانی ئازدیخوازی ئێران بەرەولای خۆیان ڕابکێشن، بەجۆرێک کە ئەتوانین بڵێین پێشەنگی ژنانی مافخواز و ستەملێکراو بوون و هێندێک لەو چالاکییانەش بوون بە سیمبولی خەباتی ژنانی ئێرانی. لەوانەیە هەر لە سەرەتای کۆماری ئیسلامییەوە و بەشداریی ژنانی کورد لە حەرەکەتی مەدەنیانەی خەڵکی سنە بۆ پشتیوانیی خەڵکی مەریوان و ڕێپێوان، شان بە شانی پیاوان، بە نیشانەی نارەزایەتی تا بەرێوەبردنی یادی ٨ی مارس و بەشداری لە خۆپیشاندان و کەمپەینی یەک میلیۆن واژۆ هەتا پایسکیلسواریی بە کۆمەڵی ژنانی مەریوانی و دەیان چالاکیی لەمجۆرە وای کردووە کە ژنانی ڕۆژهەڵات، وەک پێشەنگی بزووتنەوەی ژنان لە ئێراندا چاویان لێ بکرێ.

یەکێ لە خەسارەکانی چالاکیی مەدەنیی ژنان کە لە سەرەوەش باسمان کرد ئەوەیە کە وەک زۆربەی ژنانی جیهان چینی مامناوەندی بەرەو سەر

تێدا بەشـــدار بوون و لە ماوەی ئەو هەموو ســاڵانەدا ژنانی چینی خوارەوەی کۆمەڵگا کە زۆربەشـــیان لە خوێندن بێبەری بوون و زۆرتـــر لـــە دێهاتەکان یـــان پەراوێزی شارەکاندا دەژیان، ئاگایان لەو چالاکییانە نەبـــوو و ئەگەریش ئـــاگادار بوایەن لەبەر دۆخـــی زۆر دژواری ئـــەم چینـــە و زاڵ بوونی پیاوان بەســـەر ژناندا، نەیانئەتوانی بەشدار بن یان هاوڕایی بکەن و سەرەڕای ئەمـــەش ژنانـــی فێمێنیســـت و چالاکی کوردەواری، کەمتر ئاوڕیان لەم بەشـــەی کۆمەڵـــگا داوەتەوە و ئەمـــەش بەردەوام وەک بۆشـــاییيەک لەبەردەم بزووتنەوەی ژنان لە ڕۆژهەڵاتدا بووەتە هۆی نیگەرانی، تارادەیەک کە ئێســـتا کەلکەڵەی بەشێک لەو چالاکـــە فێمێنیســـتە کوردانە وەک ئەکتێکی ســـانتیمانتاڵی لێهاتووە و دیارە ژنانی بەشی خوارەوەی کۆمەڵگا کە هێشتا لە ســـەرەتاییترن مافەکانیـــان بێبەرین، کەڵکەڵەگەلێکـــی وەک پایسکیلســـواری، سێکســـی ئازادانە و … دەیان شـــتی وا بە هی خۆیان نازانن.

پـــاش شۆڕشـــی ٥٧ لـــە ئێرانـــدا و هاتنە ســـەرکاری تاریکپەرستانی بەرەی کۆماری ئیســـلامی و بالادەســـت بوونی ئایین و مەزهەبی شـــیعە بەســـەر یاسادا و هاتنە ســـەرکاری دەوڵەتە فاشیســـت و دواکەوتووەکان بە جێگەی دەوڵەتی یاسا، وای کـــرد هەڵاوردنەکان نـــەک تەنانەت لە ڕێژیمی پاشـــایەتی زیاتر بـــوو بەڵکوو هێندێک دابونەریتـــی دڕندانە دژ بە ژنان وەک بەردبـــاران، چەنـــد ژن هێنـــان و… زیندوو بکرێتەوە.

بـــە پێی ئەوەی ژنانی کورد بەشـــێک بوون لە ژنانی ئێرانی و لە ژێر حوکمڕانیی فارســـەکاندا ژیـــاون و دەبوایە ئەو یاســـا و ڕێســـایانە کـــە لە سەرانســـەری وڵاتدا هەبـــوو ئەوانیش پەیڕەویی بکـــەن، بۆیە حیجابی زۆرەملێی ســـەردەمی خومەینی و لابردنـــی حیجابی ســـەردەمی ڕەزاخان کە هەردووکیان وەک پێشـــلکردنی مافی مـــرۆڤ ئەژمار ئەکرێ، مافـــی دەنگدان و خۆپالاوتن و دەیان شتی دیکە کە یاسای فەرمـــی پشـــتیوانیی لێ کـــردووە، ژنانی کوردیش بوونەتە قوربانیی یاســـادانەران و کۆنەپەرەســـتانی تاران و بەو پێیەش کە سیاســـەتوانانی کـــورد چ پێـــش کۆماری ئیســـلامی و چ پاش کۆماری ئیســـلامی لە دەسەڵاتدا بەشـــداری نەدراون و هیچ ڕۆڵێکیان لە دانانی یاسادا نەبووە، ناتوانین قەزاوەتێکی وا لەسەریان بکەین و ئاستی کاریگەرییان لەســـەر یاســـای بنەڕەتیی ئێرانـــدا بخەینە بەرباس. بـــەڵام ئەتوانین بێژیـــن هێـــزە کوردییەکانی ســـەرەتای شۆڕشی ٥٧ یەکەم هێز لە ئێراندا بوون کە دژ بە یاســـای بنەڕەتی لە ئێراندا وەستان. ئەگەرچی کورد لە یاسای بنەڕەتیدا هیچ ڕۆڵی نەبووە، بەڵام لەبەر ئەوەی یاســـای ئێران لەســـەر ئەساسی ئیسلامی سیاسی و مەزهەبی شـــیعە دامـــەزراوە و بە پێی نزیکاتیی جوگرافیایی، ئایینی و کولتووری بەشێک لەو یاســـا کۆنەپەرەستانەیەی ناو یاسای بنەڕەتی وەک هاوسەرگیریی ژنان لە تەمەنی خوارەو یان منداڵهاوســـەری، حیســـابکردنی ژن وەک نیـــوەی پیاو لە میـــرات وەرگرتن و شـــاهیدی دان، مافی یەکلایەنی تەڵاق بە پیاوان و… کۆمەڵگای ســـوننەتیی کوردیش زۆر کێشەی لەگەڵ ئەو یاســـایانە نەبووە و وەک دابونەریتێکی باو ڕەچاوی کردووە.

چالاکیی ژنان و ڕەوتی فێمێنیســـتیی کـــورد تا ڕادەیەک جیاوازیی لەگەڵ ژنانی دیکەی جیهان هەیە لەبەر ئەوەی کە ژنی کورد دەبێ لە دوو ســـەنگەردا شەڕ بکات، واتە سەرەڕای ئەوەی ژنانی کورد زوڵمیان لێ کـــراوە و دەبێ خەباتـــی بۆ بکەن، لە

کۆمەڵگایەکیشدا دەژین کە لە قەوارەیەکی گەورەتردا نەتەوەکەیشی ستەملێکراوە و بێگومان ژنیش کە نیوەی ئەو کۆمەڵگایە پێکدێنێ، لەرووی نەتەوەییشەوە ستەمی لێ کراوە و تەنها پەیوەندیی بە پیاوانەوە نییە، بۆیە لەم لایەشەوە خەباتی بۆ ئەکات هەر وەک لە ماوەی یەک سەدەی رابردوودا ئەنجامی داوە.

## فێمێنیسم و ناسیۆنالیسم

دوو بزووتنەوەی فێمێنیستی و ناسیۆنالیستی ستەملێکراو، هەر دووک کەڵکەڵەی ئینسانییان بە نیسبەت کۆمەڵگاوە هەیە، بەو جیاوازییەوە کە فێمێنیسم وەک کەمینە هەوڵی چارەسەرکردنی نیوەی کۆمەڵگا واتە ژنان دەدات و ناسیۆنالیسم، خەباتێکی بەرفراوانتر بۆ گەلانی ستەملێکراو، چ ژن چ پیاو، دەکات.

کورد لە سەدەی بیستەمدا رووبەرووی هێندێک پرسی چارەنووسساز وەک مۆدێرنیتە، پێشکەوتن و ناسیۆنالیسم بووەوە و بە وتەی «عەبدوڵلا جەودەت» کە لەساڵی ١٩١٣ ئەوکات کە باکوور لەژێر دەسەڵاتی عوسمانیەکاندا دەبێت، دەڵێ: «ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین کە بریار لەسەر چارەنووسی نەتەوەکان دەدرێ و بە فەرمی دەناسرێن» (کلاین، جانیت. لاپەرەی ١١٠) و بۆیە کورد وەک نەتەوەیەکی بندەست و داگیرکراو لەو دۆخەدا دەبوایە وەک زۆربەی نەتەوەکانی دونیا هەوڵ بۆ وەرگرتنی مافی سەربەخۆیی و رزگاری لەژێر دەسەڵاتی داگیرکەراندا بدات. لەو نەزمە نوێیە جیهانییە و بە سەرهەڵدانی ناسیونالیسم لە ناو زۆربەی نەتەوەکاندا، زۆربەیان بوون بە دەوڵەت یان بە مافی خۆیان گەیشتن، کەچی مەخابن کورد پاش زیاتر لەسەدەیەک خەبات، هێشتا بە قەولی گونتر دێشنێر نەتەوەی بێ دەوڵەتە.

خاڵی گرینگ ئەوەیە کە ناسیونالیسمی کوردی بە پێی ئەوەی زۆرترین هەوڵی بۆ وەدەست خستنی مافی نەتەوایەتی و دەسەڵاتی کوردی تەرخان کردبوو و لە زۆربەی قۆناغەکاندا هەوڵی بۆ هەلێکی شیاو بۆ ژنانی کورد لە رووی خوێندن و پەروەردەوە دا و کەچی ئەو هەوڵانە بەشێکیان لە پێناو سەرخستنی بیری نەتەوایەتی و شیاریی نەتەوایەتیدا بووە نەک وشیاریی رەگەزی و چاوەروانی ئەوەیان ئەکرد کە ژنان، ئەرکی قورسی پەروەردەکردنی مندالانێکی شوناسخواز و نەتەوەیی لە ئەستۆ بێ کە ئەم خوێندنەوە و چاوەروانییەش زۆرتر لە خوێندنەوە و گوتاری ئیدیئاڵیستی نزیک بوو وەک چۆن کەسە ئایینییەکان دەڵێن کە لە پشت هەر پیاوێکەوە ژنێکی باش هەیە و بەهەشت لە ژێر پێی دایکانە و ... زۆرتر رۆڵی ژن لە پەروەردەکردنی مندالانی چالاک و وشیار لە پێناو عەقڵی باوی کۆمەڵگا یان کۆڵەکەی سەرەکیی پتەوکردنی بنەماڵەیە؛ واتە ژن بۆ ویست و داخوازییەکانی ئەویدی بژیت و خەبات بکات و خۆی و داخوازییەکانی پشتگوێ ئەخرێ.

فێمێنیستەکان بەردەوام بە رەشبینییەوە چاو لە ناسیۆنالیسم ئەکەن و پێیان وایە کە ناسیۆنالیسم نەک تەنها رێگرە لەبەردەم مافەکانیان بەڵکوو خۆی بەشێکە لەو هەلاواردنە و تەنها لەسەر زێدەخوازیی پیاوان بۆ گرتنی هێزی سیاسییە.

«جانیت کلاین» سەرهەڵدانی «کێشەی ژن» لە ناو ئاخێوی سیاسیی کورددا بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم و رۆشنبیرانی کوردی عوسمانی لە ساڵی ١٩١٣ دەگەرێنێتەوە کە هاوکات بووە

لەگەڵ سەرهەڵدانی کۆمەڵێک کێشە و ئەکتەری نوێدا و بەم جۆرە باس لە کێشەی ژنان و هاوکات بوونی لەگەڵ پەرەسەندنی بیری نەتەوایەتیدا ئەکات: «بە نیسبەت کوردەوە؛ هەروەک گەلێ لە بزووتنەوە ناسیۆنالیستەکانی دیکەی هاوچەرخ «کێشەی ژن» و تەنانەت خودی ژنیش دەوری زۆر گرینگی نەبوو؛ بەڵکوو بابەتێک بوو کە زۆرتر پیاوان بڕیاریان لە گرنگییەکەی دەدا و سیمبولی مەسەلەکانی دیکە بوو؛ واتا گۆڕەپانێک بوو بۆ خەبات لە پێناو کۆمەڵێک پرسی بەرفراوانتر.( کلاین، جانیت. لاپەڕەی ١٠١)

کلاین لە شوێنێکیدیکەدا وا باس ئەکات کە ئەگەرچی قەڵەم بە دەستان و ڕۆشنبیرانی کوردی سەردەمی عوسمانی پەرەسەندنی پێگەی ژنان لە کۆمەڵگەدا وەک هەنگاوێکی شارستانییەت لەقەڵەم ئەدەن، بەڵام بەهەرحاڵ کێشەی ژن یەکێ لەو کێشە بچووکترانە بوو کە ڕۆشنبیرانی کورد لە چوارچێوەی هەوڵە بەرفراوانەکانیاندا هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکرد.

لە کاتێکدا کە ڕوونە کوردە ناسیۆنالیستەکان دانیان بە گرنگبوونی پەروەردەی ژنان بۆ مان و بەختەوەریی نەتەوەی کورددا دەنا، پێداگریشیان لەسەر دەوری زۆر بنەڕەتیی ژنی کورد هەم لە بواری هوشیاریی نەتەوەیی و هەم لە بواری ژیانی نەتەوایەتیدا بە گشتی وەک مامۆستایەک دەکرد.( هەمان، لاپەڕەی ١١٥)

جیاوازبووون یان هەوڵی جیاوازبوون لەگەڵ نەتەوەکانی تر، هێندێک تایبەتمەندیی بۆ ناسیۆنالیسمی کوردی دروست کرد، ئەم جیاوازییەش بۆ نەتوانەوە لە ناو نەتەوەکانی دیکەی داگیرکەری تورک و عەرەب و فارس دەگەڕایەوە کە کوردیان وەک شوناسێکی جیاواز لەقەڵەم نەدەدا، لەم ڕووەوە ناسیۆنالیستە کوردەکان جۆری ڕوانینیان بە ژنان و مەسەلەی ژنیان جیاواز لێکدەدایەوە و پێیان وابوو ژنانی کورد لەچاو ژنانی دیکەی وڵاتانی دەراوسێی ئازادترن و تەنانەت ئیسلامیش وەک ئایینی زاڵی ناوچەکە، نەیتوانیوە ئەو ئازادییانە بەرتەسک بکاتەوە و لە ڕووی پەروەردە، حیجاب و زۆر شتی تر، کورد هەم ئاوەڵاتر بووە و هەم یەک لە پێشمەرجە سەرەکییەکانی سەرکەوتنی کوردیش لەقەڵەم ئەدرێ.

سەبارەت بە پەیوەندیی فێمێنیسم و ناسیۆنالیسم، تێرمێکی نوێش هاتووەتە ناو ئەدەبیاتی فێمێنیستەکانەوە کە پێی دەڵێن «فیمۆناسیۆنالیسم». ئەم چەمکە بەم جۆرە باس کرواە کە باسێکی نوێیە لە بواری توێژینەوەی ژنان و جێندەر کە دەوڵەتانی نیۆلیبراڵیستی ڕۆژئاوا بە خراپ کەڵک وەرگرتن لە کێشەی ژنان بەرواڵەت وا نیشان ئەدەن پشتیوانی لە مافی ژنان ئەکەن کەچی وەک پاشەڕۆکی ناسیۆنالیسمن کە باسی ژنان بۆ خزمەتی سەرهەڵدان و بەرهەمهێنانی نەتەوە دێننە گۆڕێ و بەمجۆرە لە جەستە سێکسواڵیتەی ژن کەڵک وەرئەگرن. ئەم بزووتنەوەیە پێ وایە کە دەوڵەتە نەتەوەخوازەکان لە ژنان وەک کەرەسەیەک بۆ مۆدێرن کردنەوە و هاوکاتیش گۆڕانی بایەخە جێندەرییەکان، بە مەبەستی ڕاگرتنی ستراکتۆری چینایەتیی دەسەڵات لە نێوان دوو ڕەگەزەکەدا، کەڵک وەرئەگرن.( صادقی پویا، مهدیس، صفحە ١٤)

### ئەنجام

تەنانەت ئەگەر میترا دایکی خواکان و سیمبولی زاوزێ و ئاوەدانی سەر بە نەتەوەی کورد بێت، یان «زیغە خاتوون»

حوکمرانی گەورە شاری حەلَب و «حەمیدە خانی ئەردەڵان» حاکمی ڕەوانسەر و ... لە سەردەمی خۆیاندا حوکمڕانییان کردووە و ڕۆڵیان لە سیاسەتدا بوویێت، ئەمانە یان ئەوەندە کەم بووە و کەم ڕوویداوە یان بە هەر هۆکارێکی دیکە و هەر چی بێت نەیتوانیوە سیمای پیاوسالارانەی کۆمەڵگەی کوردی بگۆڕێ.

باس کردن لەسەر فێمێنیسم و ڕەهەندەکانی و پەیوەندیی لەگەڵ بوارگەلی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هەروەتر، پەیوەندیی بزووتنەوەی ژنان لەگەڵ بزووتنەوەی ناسیونالیستی پێویستی بە لێکۆڵینەوە لەو بەشە جۆراوجۆرانە و وردەکاریی زۆرترە و کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ئەم دوو بزووتنەوەیە و ناسینی هەرکامیان، توێژینەوەی ئاکادیمیانەی ئەوێ.

یەکەم دوژمنی بزووتنەوەی ژنانی ڕۆژهەڵات، هێزی پاوانخوازی کۆماری ئیسلامییە کە بە شێوەی سیستەماتیک بەرانبەر بە ژنان توندوتیژی ئەکات. بێگومان بۆ بنبڕکردنی هەڵاواردنی ڕەگەزی دەبێ هەوڵ بۆ ڕووخاندنی ئەو ڕێژیمە بدرێ؛ بۆیە بۆ سەرخستنی ئەم پلانە، پێویستە لەگەڵ هێزە کوردییەکان و بزووتنەوەی نەتەوەیی هاوکارییان هەبێت و بۆ ڕووخاندنی دووژمنی هاوبەش، یەکریز بن و هاوکاریی هاوبەشیان هەبێت.

ئەگەرچی دەوڵەت زامن و گەرەنتیی بەختەوەریی مرۆڤەکان و هەروەها کێشەی ژنان نییە و زۆربەی ئەو دەوڵەتانەی کە نموونەیان لە ڕۆژهەڵاتی ناقێندا زۆرە، خۆیان یەکەم کەسن کە مافی ژنان نەک مسۆگەر ناکەن بەڵکوو بە شێوەی سیستەماتیک هەوڵ بۆ نایەکسانی و توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان ئەدەن. لە واقیعدا ئەتوانین بڵێین کە ئەم دەوڵەتانە، لەسەر ئیرادە و ویستی نەتەوەکان دروست نەبوون و زۆرتر وەک دەبینین بە شەڕ و زۆرەملێ یان لەسەر ویست و بەرژەوەندیی وڵاتانی کۆلۆنیالیستی دامەزراون و برێ جاریش بە پێی تێکنەدانی ئەو شتەی پێی دەڵێین ئاژینی جیهانی و بێگومان ئەوەش هەر لە بەرژەوەندیی وڵاتانی زلهێزدایە؛ بۆیە ئەو دەوڵەتانە کە بە شێوەی نادیموکراتییانە بەڕێوە دەچن و یاسا سەروەر نییە، بوونیشیان ناتوانێ مافی زۆربەی چینەکانی کۆمەڵگا، یەک لەوانەش ژنان، دەستەبەر بکات.

پرۆسەی پێشکەوتن و مۆدێرنیتە لە لایەکەوە و چارەسەرکردنی کێشەی ژن لە کۆمەڵگادا لە لایەکی دیکەوە و هەروەها چینی ڕۆشنبیر و ئێلیت لە ڕێگەی نووسین و خوێندنەوەی سەردەمیانە لە کێشەکان و کردنیان بە پرسی ڕۆژی ناو کۆمەڵگاوە، دەتوانن هەنگاوەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەرچەشنە توندوتیژییەک بەرانبەر بە ژنان شلگیرانەتر بکەن.

## ژێدەر


- ريد، اولين،١٣٨٣. فمنيسم و جنبش كارگرى، ترجمه مسعود صابرى، نشر طلايه پرستو
- ميرزا ئاغاى كرمانى، پەرتووكى سێ نووسراوە
- جەيمز ڕيچ، كلۆديۆ ١٣٩٦. سەفەرنامەى كلۆديۆس جەيمز ڕيچ، دوكتور حەسەن جاف، وەشانخانەى ايران‌شناسى
- ايگلتون، ويليام ١٩٦٣. جمهورى ١٩٤٦ كردستان، ترجمه سيد محمد صمدى، انتشارات آكسفورد
- دشنر، گونتر ٢٠١١. كرد ملت بى دولت، ترجمه كمال الدين محمدى، انشارات آراس
- بروينين سن، مارتين وان ١٩٤٦. جامعه‌شناسى مردم كرد،ترجمه ابراهيم يونسى، انتشارات پانيذ ١٣٧٨
- كلاين، جانيت، ڕۆشنبيران و كێشەى ژن، وەرگێڕ وريا ڕەحمانى ٢٠١٢، وەشانخانەى سەردەم
- صادقى پويا، مهديس. مقاله فيموناسيوناليسم: همبستگى فمينيسم و ناسيوناليسم نوليبرالى

# هاوپەیوەندیی نێوان بزووتنەوەی کوردستان و بزووتنەوەی ژنانی ئێران

**ئەوین مستەفازادە**

”

بێگومان هەموو بزووتنەوە فێمێنیستییەکان لە دونیادا، وێڕای ئەو شەپۆلانەی کە لە قۆناغە جیاوازەکاندا تێپەڕیان کردووە و سەرەڕای جیاوازییان، لە یەک خاڵدا هاوبەشن کە ئەویش گەیشتن بە بەرابەریی ڕەگەزیی نێوان مرۆڤەکانە؛ بەڵام ئەوەی بووەتە جێگەی گرنگیپێدانی بەشێک لە فێمێنیستەکان، بەتایبەتی فێمێنیستی سەر بە نەتەوە و کەمینە جیاوازەکان لە وڵاتێکدا، بارودۆخی ژنان لەڕووی تایبەتمەندییە جیاوازەکانیان و چۆنیەتیی بەهرەمەندبوونیان لە مافە مەدەنی، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان و ڕێگەی گەیشتن بەو بەرابەرییەیە.

“

بۆ ئاوڕدانەوە لە هەرباسێکی بزووتنەوەی ژنان لە ئێران، ئەوەی سەرەتا ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، تایبەتمەندیی فرەنەتەوەیی ئەو وڵاتەدایە؛ فرەنەتەوەییەک کە خۆی لە جیاوازیی نەتەوەیی، ئایینی، فەرهەنگی، زمانی وهتدی نێوان نەتەوەکان دەبینێتەوە؛ هەروەها ئەگەر هەرکام لەو نەتەوانە بەهۆی ئەو جیاوازی و تایبەتمەندییانە، لەلایەن نەتەوەی باڵادەستەوە ڕووبەڕووی هەڵاواردن و بێبەشبوون ببنەوە، باسەکە ئاڵۆزتر دەبێت و مەسەلەی مافە مەدەنی، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان و بێبەشکران لێیان و کاریگەریی درێژخایەن لەسەریان لەڕووی بەدواکەوتوویی هێشتنەوە و گەشەنەسەندن و پەراوێزخراوی، دێتە ئاراوە.

هەروەها هەرکام لەو نەتەوانەش بەپێی تایبەتمەندی و جیاوازییەکانیان، وێڕای خاڵی هاوبەش، خاوەنی مێژوو و شوناسی جیاواز و جۆر و چییەتیی جیاواز لە بزووتنەوەکان، شۆڕشەکان، خواستەکان و ئامانجەکانیان؛ بزووتنەوەی ژنانیش لە ئێراندا، یەکێکە لەو بزووتنەوانەی کە هەڵگری ئەو خسڵەتەیە.

بێگومان هەموو بزووتنەوە فێمێنیستییەکان لە دونیادا، وێڕای ئەو شەپۆلانەی کە لە قۆناغە جیاوازەکاندا تێپەڕیان کردووە و سەرەڕای جیاوازییان، لە یەک خاڵدا هاوبەشن کە ئەویش گەیشتن بە بەرابەریی ڕەگەزیی نێوان مرۆڤەکانە؛ بەڵام ئەوەی بووەتە جێگەی گرنگیپێدانی بەشێک لە فێمێنیستەکان، بەتایبەتی فێمێنیستی سەر بە نەتەوە و کەمینە جیاوازەکان لە وڵاتێکدا، بارودۆخی ژنان لەڕووی تایبەتمەندییە جیاوازەکانیان و چۆنیەتیی بەهرەمەندبوونیان لە مافە مەدەنی، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان و ڕێگەی گەیشتن بەو بەرابەرییە.

بێ ئاوڕدانەوە لە ١٠٠ساڵی ڕابردووی خەباتی ژنانی ئێران، لە ئێستادا ژنان لە چاوی دەسەڵات وەکوو مرۆڤ و بەمافی یەکسان لەگەڵ پیاو چاویان لێ ناکرێت و وەکوو ئینسانی پلەدوو بەهەژمار دێن؛ بەجۆرێک کە نەتەنیا لە یاساکان و سیستەمەکانی وڵاتدا لە زۆر مافی سەرەتایی بێبەشن، بەڵکوو لە ڕێگەی یاسا و ڕێساکانیشەوە، کۆتوبەندیان بۆ دانراوە و ئەمەش بووەتە هۆی هەڵاواردن و کەلێنی گەورەی ڕەگەزی و بێبەشی و پەراوێزخرانی ژنان لە ئیمکانات و پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگا بە گشتی. لە ئێراندا ژنان بە گشتی بە پێی یاسا لە مافە سەرەتاییەکانی وەکوو مافی جیابوونەوە، وەرگرتنی منداڵ، پاسپۆرت و سەفەرکردن بێڕەزامەندیی پیاو تا «تمکین»ی پیاو و ... بێبەشن لەگەڵ حیجابی زۆرەملێ بەرەوڕوونە؛ بەڵام ئەمە تەواوی مەسەلە و کێشەکە نییە، ئەگەرچی هەوڵێکی زۆر هەیە تاکوو کێشە ئاڵۆز و زۆرەکانی ژنانی ئێران پێکەوە بە هەموو جۆراوجۆرییەکانییەوە بەو حاڵەتانە کورت بکرێتەوە.

وێڕای سیاسەتی کۆنترۆڵی هەمەلایەنەی ژنان لەلایەن حکوومەتەوە، پیاوان، وەکوو بەشێکی کاریگەر و کارتێکەر لە فەرهەنگی مێژوویی پیاوسالاری، لایەنێکی ئەو کۆنترۆڵ و باڵادەستییەن، بەڵام ململانێیەکانی بزووتنەوەی ژنان و چالاکانی ژن لە ئێستادا تەنیا ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ سیستەمی سیاسی و کەلتووریی پیاوسالار نییە. بەڵکوو جیاوازیی نێوان بۆچوون و شێوازی ژنانی سێکۆلار و غەیرەسێکۆلار، بەرژەوەندی و خواستی ژنانی چین و توێژی جیاوازی کۆمەڵایەتی و ڕوانگەی قەومتەوەری چالاکان و بزووتنەوەی ژنانی فارس (ناوەند)، لە ململانێیەکانی دیکەی بزووتنەوەی ژنان لە ئێران بووە و هەیە.

لە ڕەوتی خەباتی ژنان، چ لە قۆناغی تاکتیک و چ لەکاتی کرداردا، ژنانی لادێ و شار هاوئاراستە نین. ژنانی سەر بە چینی کۆمەڵایەتیی باڵا و بەهرەمەند لە هەوڵی بەدەستهێنانی مافی خوێندنی باڵا، کار، هەڵبژاردنی ئازادانەی شوێنی ژیان، سەفەر، بەشداری لە تیمە وەرزشییەکان و کەڵکوەرگرتن لە ئیمکاناتی خۆشگوزەرانی و

بەرابەری لەگەڵ پیاوانی کۆمەڵگان؛ بەڵام ژنانی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگا، ژنانی کرێکارو لادێ و شوێنە بێبەشەکان لە دەستڕاگەیشتن بە ئیمکاناتی سەرەتاییی ژیان، لە هەوڵی دەستڕاگەیشتن بە سەرەکیترین مافەکانی هەر مرۆڤێک وەکوو دەستڕاگەیشتن بە ئاوی خاوێن، تەندروستی، دەرمان، مافی خوێندن و مانەوە لە ژیانن.

ئەوەی چالاکانی ژن(فارس) کەمتر گرنگییان پێ داوە و چاوپۆشیی لێ کراوە، ململانێی نێوان چالاکانی ژنی ناوەند و دەرەوەی ناوەندە. چالاکانی ژنی ناوەند(فارس)، روانینێکی قەومتەوەریان بەرانبەر ژنانی نەتەوە کەمینەکان هەیە و توانای تێگەیشتنی پێداویستییە تایبەتییەکانی ئەوانیان نییە و کاتێکیش ڕووبەڕووی خواستە تایبەتییەکانی ئەو ژنانە دەبنەوە، کارتێکەر بە روانینی قەومتەوەر و باوەڕی ناسیۆنالیستییان، ئامادەی قەبووڵکردن و هاورێیی لەگەڵ ژنانی نەتەوەغەیرە فارسەکان و ژنانی دەرەوەی ناوەند نین. وەک چۆن مەسەلەی زمان و کەلتووری ژنانی نەتەوەکەمینەکان کە لە لایان زۆر گرنگە و بەشێکی تایبەت لە شوناسیانە، لە لایەن چالاکانی فێمێنیست/ناسیۆنالیستەوە، وەکوو هەڕەشەیەک بۆ ئایندەی ئێران چاوی لێ دەکرێت و لەو خاڵەی ناسیۆنالیستی ئێرانی و فێمێنیستی ناوەند بەیەک دەگەن، ژنانی نەتەوەکەمینەکان نەک هەر وەک هاورەگەز کە جگە لە کێشە گشتییەکانی ژنانی ئێران، کێشەی تایبەتی و ئاڵۆزی خۆشیانیان هەیە؛ بەڵکوو وەکوو هەڕەشەیەک کە باشترە چاپۆشییان لێ بکرێت، هەڵدەسەنگێندرێن.

هەربۆیە بۆ چوونەسەر باسی پەیوەندی و هاوپەیوەندیی نێوان بزووتنەوەی ژنانی کوردستان و بزووتنەوەی ژنانی ئێران، وێڕای ئەوەی چەند پرسیارێک دێتە ئاراوە، وەکوو:

- ئایا پەیوەندی لە نێوان ئەو دوو بزووتنەوەیەدا هەیە و جۆری ئەو پەیوەندییە چۆنە؟
- روانینی ئەو بزووتنەوانە بەرانبەر یەکتری چۆنە و لەکوێوە سەرچاوە دەگرێت؟
- ئایا پێویستە ئەو دوو بزووتنەوەیە پەیوەندییان هەبێ و هاوپەیوەندییەکانیان لەکوێ بە یەک دەگەن؟
- جۆر و چییەتیی پەیوەندییەکان دەبێ چۆن بێت و کێ دیاریی دەکات؟
- بۆ پەیوەندی و هاوپەیوەندی پێویستە چی بکرێت؟

کۆمەڵێک بابەت و مەسەلەی پەیوەندیداریش هەیە کە پێویستە بیانخەینە ڕوو، بۆ ئەوەی هەم وڵامی پرسیارەکان تا رادەیەک وەرگرین، هەمیش مەسەلە و خواستی خۆمان و ئەوان و پێویستیی بزووتنەوەی ژنان، لامان ڕوون بێتەوە، وەکوو:

- پێکهاتەی بزووتنەوەی ژنانی ئێران
- کورتکردنەوەی مەسەلەی توندوتیژیی ژنانی نەتەوە کەمینەکان بە کێشەی فەرهەنگی
- گوتاری بزووتنەوە
- تیۆریی چەندلایەنەی هەڵاواردن (ئینتێرسکشنالیتی)
- فێمێنیست، روانینی جیهانی و ڕێکاری خۆجێیی(محلی)

## پێکهاتەی بزووتنەوەی ژنانی ئێران

بزووتنەوەی ژنانی ئێران وەکوو بزووتنەوەکانی دیکەی مەیدانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێران، پێکهاتەیەکی ناوەندگەرای هەیە و قەوارەکەی بە گشتی لە هێزی نەتەوە و مەزهەبی باڵادەست (فارس-شیعە) پێکدێت. ئەو خواستانەشی کە لەلایەن ئەو گرووپەوە (وەکوو ژنی ئێرانی) دێتە بەرباس و بەدواداچوونی بۆ دەکرێت، بە گشتی بێ لەبەرچاو گرتنی زۆرینە و جیاوزییە نەتەوەیی، ئایینی، زمانی و فەرهەنگییەکانی کۆمەڵگای ئێرانە کە کاریگەریی ڕاستەوخۆ و چارەنووسسازی لەسەر ژیانی ژنانی گرێدراو بە هەریەک لەو کەمینانە هەیە. ستەمی چەندقات کە ژنێکی کوردی سوننەمەزهەب لە سیستەمی یاسایی و فەرهەنگیی ئێراندا پێوەی دەناڵێنیت،

نەتەنیا لەلایەن فێمینیستە ئیرانییەکانەوە بەرسمی نەناسراوە و کەمتەرخەمن بەرانبەری، بەڵکوو هەوڵ بۆ کەمڕەنگ کردنەوەی شوناسە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان و زەقکردنەوەی ستەمی ڕەگەزی بەتەنیا دەدرێت.

هەر بزووتنەوەیەک بەدواداچوون بۆ خواستی گرووپێک و ئەو ستەم و هەڵاواردنانەی کە بەرانبەری دەکرێت، دەکات؛ ئامانجی نەمانی ئەو ستەمانە و گەیشتن بە بەرابەرییە. سەبارەت بە ئێمەی کورد، خەباتی بزووتنەوەی ژنان بۆ بەرابەریی ڕەگەزی و خەباتی بزووتنەوەی نەتەوەیی بۆ بەرابەریی نەتەوەیی، لەڕاستیدا ڕێگەیەکی هاوبەشی هەیە، ستەمێکی هاوبەش ئەزموون دەکەین و ئامانجێکی هاوبەشیش هەیە، ئەویش بەرابەرییە؛ بەڵام گەیشتن بە هەرکامیان بێ ڕەچاوکردنی شوناسە جیاوازەکانی مرۆڤێک، بە بەرابەری و کۆمەڵگایەکی بەرابەر ناگات، بۆ نموونە چۆن دەتوانین قسە لە مرۆڤێکی ئازاد و بەرابەر بکەین، ئەگەر ژنێکی تورکی بەهایی، لە بواری نەتەوەیی و مەزهەبی بە بەرابەری نەگەیشتبێت.

هەربۆیە دەبێ ڕوانگەکان بگۆڕدرێن و جووڵەی ئەو بزووتنەوانە و پەیوەندی و کارکردنیان پێکەوە، لەپاڵ یەکتری بێت. ئەمەش وێڕای ئەوەی هەلی کەڵک وەگرتن لە دەرفەتەکان و کەسانی هاوبەش لە هەر بزووتنەوەیەک دەخاتە بەردەستی کەسانی دیکەش، پێویستییەکە بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی بەرابەر کە هەرکام لەو بزووتنەوانە بەشێکن لە هێزی گۆڕان.

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە ئایا بزووتنەوەی ژنانی ئێران(فارس) مەیلی بۆ ئەو جۆرە لە پەیوەندی هەیە؟

ئەوەی کە دەبینرێت تائێستا چالاکانی ژنی فارس بە گشتی، وەڵامێکی ڕوونیان بەو پرسیارە نەداوەتەوە. ئەمەش چەندین هۆکاری هەیە:

یەکەم؛ بە چاوێکی توندی «ئەمنیەتی» چاو لە بزووتنەوە نەتەوەییەکان لە ئێران دەکرێت و ژنانی چالاکی ئێران(فارس) نایانهەوێت ئەو گوشارەی کە بە هۆی چالاکیی ژنانە لەسەریانە، بەهۆی پەیوەندی لەگەڵ چالاکانی نەتەوەیی و بزووتنەوە سیاسییەکان زیاتر بێت و هەزینەی زیاتری بۆ بدەن، ئەم خۆبەدوورگرتنە تەنانەت بۆ چالاکێکی هەردوو بواری نەتەوەیی و ژنانیش دەبینرێت. تەنانەت لە کاتی سەرکوتی چەندقاتیشدا، بۆ نموونە لەکاتی گیرانی ژنێکی کورد لەسەر هەر دوو بواری ڕەگەزی و نەتەوەیی، وەکوو «زارا محەممەدی»، ئامادە نییە بە شێوەی پێویست ئاوڕی لێ بداتەوە. بۆیە دەبینین هیچکات ژنێکی کورد یا عەرەب یان تورک، نابێتە هێمای یەکگرتنی دوو بزووتنەوە، بۆ نموونە سیاسی و ژنانە؛ چونکە وەکوو پێویست ئاوڕی لێ ناداتەوە، تا بیکات بە هێما.

دووەم؛ جۆری ڕوانگەی ژنی چالاکی ناوەندنشینی گرێدراو بە نەتەوە و ئایین و زمانی ڕەسمیی باڵادەست بەرانبەر ژنی پەراوێزخراوی گرێدراو بە نەتەوە، ئایین و زمانی ناڕەسمیی ژێردەست و کاریگەریی ڕاستەخۆی ئەو ڕوانینە لەسەر پەیوەندیی نێوان بزووتنەوەی ژنان و بزووتنەوەی گرووپە نەتەوەییەکانی دیکەی ئێران، ڕوانگەیەکی وەک ڕوانگەی ژنانی سپییێستی ئامریکا بەرانبەر ژنانی ڕەشپێست یان پەنابەرە. ڕوانینێکی لەسەرەوە بۆ خوارەوە، بێ لەبەرچاوگرتنی شوناسە غەیرەڕەگەزییەکان و خۆ بەناوەند و نوخبە زانین و گەڵاڵەدارێژی و ئەولەوییەتبەندی بۆ خواستی ژنانی ئێران، بەبێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازییە نەتەوەیی، زمانی، ئایینی و فەرهەنگییەکانی کۆمەڵگای ئێران کە کاریگەریی زۆری لەسەر بارودۆخی یاسایی و نەریتیی ژیانی ژنانی گرێدراو بە هەرکام لەو شوناس و کەمینانە داناوە. بۆ نموونە کاتێک ژنانی ئێران(فارس)، گۆڕینی یاسای میراتیان وەکوو یەکێک لە خواستەکان لە کەمپەینی ١میلیۆن ئیمزا هێنایە ئاراوە، لە ڕاستیدا چاویان تەنیا لە یاسایەک بوو کە بەرانبەر بە ژنی شیعە جێبەجێ دەکرا نە وەک ژنێکی سوننە کە بە پێی یاسای باری کەسی، دەتوانێ لەو بەشە

میراتـــەی کە دەدرێت بە ژنی شـــیعە، بێبەش بێت.

بە گشـــتی کاتێک ئێمە، باس لە نکۆڵی لێ کرانی شوناسمان وەکوو ژنێکی کورد دەکەین، وێڕای ئەو خواست و مەسەلانەی لەگەڵی دێتە بەرباس، ئەوان باس لەوە دەکەن کاریان لەسەر خۆکوژی و کوشـــتنی ناموســـی لەو ناوچانەدا کـــردووە. هەروەها کاتێک باس لە پێویســـتی و دەرکـــی بزووتنەوەکەمـــان و پەیوەندیـــی بزووتنەوەی نەتەوەیـــی و ژنان دەکەین، ئەوان باس لەوە دەکـــەن کە هێنانەئارای خواســـتی بزووتنـــەوەی ژنـــان و بزووتنـــەوەی نەتەوەیی پێکـــەوە دەبێتـــە هۆی قەیران و شـــەڕ. وەکوو ئەو باســـەی کە فێمێنیستە سپییەکانی ئامریکا دەیانکرد کە ئەگەر ژنانی ڕەشپێست مەسەلەی نەژادی بێننە گۆڕێ، باســـی ڕەگەزی دەکەوێتە ژێـــر کاریگـــەری و بەلارێـــدا دەبرێـــت. ئەوە لەکاتێکدابوو کە لـــە دەیەی ١٩٢٠، گرنگترین هاوپەیمانـــی بزووتنەوەی مافـــی دەنگی ژنان لـــە ئامریـــکا، بزووتنـــەوەی دژی کۆیلایەتیی ڕەشپێستەکان بوو.

تێنەگیشـــتن لەو واتایە کـــە مرۆڤەکان و شوناســـیان لە یەکتری جیا ناکرێتەوە، ناتوانرێ یەکیان ببینرێ و یەکیـــان نا، یەکیان قەبووڵ بکەیـــن و یەکیـــان نا و تەنانـــەت ئەولەوییەت بدەین بە یەکیان و ئەویتری دوابخەین؛ دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو بزووتنەوانەی کە پۆتانســـیەلی هاوبەشیشـــیان هەیـــە، نەتوانـــن لەگەڵ یەک بکـــەون و هاوکاریـــی یەکتری بکـــەن، چونکە لەکۆتاییدا ناتوانرێ شوناســـی هەموو مرۆڤەکان وەک یەکی لێ بکرێت.

ئینتێرسکشـــنالیتی، کـــە باســـی ڕۆژی فێمێنیســـتەکان لـــە شـــوێنە ئاکادیمـــی و ئەکتیویستییەکانە؛ دان بەو شوناس و هەلاواردنە چەندقاتـــەدا دەنێت. بۆ نموونە ژنێکی کورد کە نیگەرانیی مەسەلە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی هەیە و دیهەوێـــت ڕێگەیەک بگرێتەبەر، گرنگە یەکەمجـــار بـــۆ گرووپـــی ژنان ڕادەکێشـــرێت یان گرووپـــی نەتەوەیی، چونکە هـــەرکام لەو بزووتنەوانـــە هەوڵدەدەن کە شوناســـی خۆیان زەقبکەنەوە لە پێناو گوتاریاندا، هەندێکجاریش وەک بزووتنـــەوەی ژنانـــی ئێران(فـــارس) بە مەترسیداری دەزانن بۆ ڕووبەڕوونەبوونە لەگەڵ ئاکامە ئەمنییەتییەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی. ئەو ململانێیە لەناو بزووتنەوەی نەتەوەییش بە شێوەیەکی تر دەبینرێت؛ لەناو حیزبە سیاسییە کوردییەکان، تا سالانێک زۆر هەوڵ دەدرا ژنان لـــە پێنـــاو بەرژەوەندیی نەتەوەییـــدا پەروەردە بکرێن، بـــەلام دواتر و بەتایبـــەت لەناو حیزبە چەپەکان خودی ژنان بە چوونەســـەری ئاگایی لەو بەستێنە سیاسی و کۆمەڵایەتییە، گرنگیان بە باسی ژنی کورد دا.

جگـــە لـــەو ململانێیـــە، لە شـــوێنێکەوە ڕوبەڕووبوونـــەوەی ئـــەو بزووتنەوانـــە لەگـــەڵ یەکتری دێتەئاراوە. لە شـــوێنێک کە هەســـت بکرێت خواســـتی بزووتنەوەیـــەک، نەک هەر بەرانبـــەر بزووتنەوەیەکی دیکەیـــە، بەڵکوو بە زیانی بەرژەوەندیی میللی و یەکپارچەییی خاکە. شـــوێنێک کە چالاکێکی ژن(فارس) خواســـتە نەتەوەییەکان بەدژی بونیادی ولات دەزانێت، ڕوانگەی ناسیۆنالیستی لێرەدا ڕێگرە لە دانپێنان بـــە مافی بەرانبەر هەرچەندە دەزانێت لەســـەر حەقیشە.

بەلام مەســـەلەیەک کە لەم نێوانەدا بوونی هەیە، ئەوەیە؛ کە بزووتنـــەوەی بەرابەریخوازی ژنان(فـــارس) لە ئێرانـــی هاوچەرخدا، جگە لە بزووتنەوە بەرابەریخـــواز و مەدەنییە نەتەوەیی، زمانی و ئایینییەکان و ... لەگەڵ جۆرێکی دیکە لە بزووتنەوەی نەتەوەییدا بەرەوروون کە خۆی لە چوارچێوەی «جوداییخوازی»دا پێناسە دەکات. ئەو ئامانجـــەش کە ئەو بزووتنەوانـــە دیارییان کـــردووە تەنیا «بەرابـــەری و نەمانی هەلاواردن لەیاســـا»دا نییە؛ بەڵکوو خوازیـــاری پێکهێنانی وڵاتێکی تاک نەتەوەیین. هەربۆیە بزووتنەوەی ژنان لـــە ئێران(فـــارس) ناچارە لەنێـــوان دوو ڕوانگەی «جوداییخـــوازی» و «بەرابەریخوازی»دا

جیاوازی دانێت و هاوپەیمانی خۆی دیاری بکات.

لەگەڵ گەشەی گوتاری شوناسخوازی لە چەندساڵی رابردوودا لەلایەن گرووپە نەتەوەییە جیاوازەکانەوە، ترسی ناسیۆنالیستە ئێرانییەکانیش زیاتر بووە. ناسیۆنالیستێک کە تایبەت بە گرووپ و حیزبێکی دیاریکراو نییە و تەنانەت لەناو بزووتنەوەی ژنانی ئێران(فارس)دا دەبینرێت. دانپێدانان بە گەشەی شوناسخوازی و ترس لە جیاییخوازی لەلایەک و دانپێدانان بە پۆتانسیەلی ژنانی نەتەوە جیاوازە غەیرەفارسەکان لە لایەکی ترەوە؛ لە وتاری «نوشین ئەحمەد خۆراسانی»، فێمێنیستی فارس لە بابەتی «جنبشهای قومیتی و مطالبات زنان» بە روونی دەردەکەوێت، وەک دەڵێت: «ئەگەر بەشی غەیرەنەتەوەییی بزووتنەوەی ژنان نەتوانێت پەیوەندیی خۆی لەگەڵ ژنانی «قەومییەتەکان» بە دروستی دیاری بکات و پەیوەندییەکی لۆژیکی و بەرابەری لەگەڵ دروست بکات، دەبێتە هۆی بێبەشبوونی ئێستا و داهاتووی بزووتنەوەی ژنان لە پۆتانسیەلەکانیان ».

نموونەیەکی دیکەی ئەو پۆتانسیەلە، بەشداریی ژنانی نەتەوە جیاوازەکان لە زۆرێک لە گفتوگۆی ستراتێژی و دانیشتەکانی پەیوەندیدار بە تێپەرینی کۆمەڵگای ئێران بەرە و دیموکراسییە، بەتایبەت لە دیاسپۆرادا. هەرچەندە لە ناوخۆ ئەو مەسەلەیە بە پێچەوانەیە، چونکە بەهۆی بارودۆخی داخراو، ئیمکانی چالاکیی ژنانی نەتەوە جیاوازەکان زۆرکەمترە لە چالاکانی ژنی غەیرەنەتەوەیی.

ئەو راستییە لە نووسینی کەسانێکی وەک «نوشین ئەحمەد خۆراسانی»دا دەبینرێت کە بۆ خواستەکانی بزووتنەوە نەتەوەییەکان سنوور دیاری دەکات و تا ئەو جێگەیە ئامادەی بایەخدان بەو خواستانە و پەیوەندیگرتنە کە لە چوارچێوەی یاسادا بتوانن دیفاع لە خۆیان بکەن و سەرووتر لە یاسا بیر لە جیایی نەتەوەیی نەکەنەوە. تەنانەت ئەو ئەدەبیاتەش بەکاری هێناوە، ئەدەبیاتێکی سووکانە و بەتاوانبارکردنی نەتەوەکانە. هەر ئەو روانینەشە کە نەتەنیا بێمتمانەیی قووڵتر دەکاتەوە، بەڵکوو دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانەوەی کلێشەی نەرێنی دژی گرووپە نەتەوەییەکان. وەک ئەوکاتەی کە فێمێنیستە رەشپێستەکان لە ئامریکا، داوایان کرد لەکاتی خستنەرووی ئاماری تایبەت بە توندوتیژیی دژی ژنان لەناو رەشپێستەکاندا، بەجۆرێک هەڵسوکەوت نەکەن کە روانگەی نەژادپەرەستانە بەهێزبکات لە بەتوندوتیژزانینی کۆمەڵگای رەشپێشتەکان لە ئامریکادا. ئەمەش وەک روانینی چالاکانی ژنی ناوەند(فارس) بە خەسارەکانی خۆسووتاندن و کوشتنی ناموسی لە کوردستان و خووزستان و شێوازی بڵاوکردنەوەیان لە راگەیاندنەکانە بەجۆرێک کە لەبارەی ئەم گرووپانە، کلێشەی توندوتیژیخوازی بەهێز بکات. خراپتر لەوەش؛ ئەو خەسارانە وەکوو بەشێک لە فەرهەنگی نەتەوەکان دەناسێنن و بزووتنەوەی نەتەوەییش وەکوو گومانلێکراوێک کە هەوڵی پاراستنی ئەو کەلتوورە دەدات(وەک بەشێک لە شوناسی نەتەوەیی)، دەبینن. ئیدعاییەک کە بە روونی لە وتاری «فهیمە تفسیری» لەژێر ناوی « ژنانی کورد و جیایی لە ئێران»دا دەبینرێت و دەڵێت: «جێگەی ژنانی کورد لە شوناسی نەتەوەییان لە کوێیە؟ ئایا وا بریارە ئەوان وەک هێمای بەردەوامی نەتەوەکەیان، سوننەتە نەتەوەییەکانی وەک خەتەنە، کوشتنی نامووسی، گوێڕایەڵیی بێ ئەملاوئەولای پیاوان بخەنە سەرشانی خۆیان و نەمانی هەڵاواردن و ستەم بە ئایدیاو دروشمی جودایی لە سەرچاوەی سەرکوت، دەتوانێ بە ئاواتە رۆمانتیکەکانیان بگەیێنێت؟».

هەروەها دەڵێت: «لەهەموو دونیادا سەلمێنراوە کە بزووتنەوە نەتەوەییە توندڕەوەکان لە کۆمەڵگاکانی جیهانی سێیەم هەروەک چۆن بەرە و گۆشەگیری و جودایی لە جیهان رۆیشتوون و سەربەخۆییی نەتەوەییان لە سنووری زۆر پڕڕەنگ لەگەڵ دونیای

ڕۆژئاوا (کە بە هۆکاری بەدبەختییەکانیشانی دەزانن) پێناسە کردووە؛ خۆیان لە کۆتاییدا بەرهەمهێنەرەوەی خراپترین جۆری سەرکوت و باڵادەستی دەبن و ئەمەش لە ڕێگەی سەرکوتی ژنانی کۆمەڵگا و شوناسخوازیی نەتەوەییان لە ڕێگەی دەسەڵات بەسەر جەستەی ژن دابین دەکەن. ژنانی کورد، ئەگەر بەو وێنە ئارمانجخوازە و وەکوو ئایدیایەکی بێ وێنە لە هەڵاواردن و ستەم، بیر لە جیایی لە ئێران بکەنەوە، دواتر ئەگەری هەیە تووشی دڵساردیی زۆر ببنەوە، چونکە ئەزموونی زۆرێک لە وڵاتان نیشانی داوە کە ئەو ڕوانگانەی پێداگری لەسەر شوناسە نەتەوەییەکان بە شێوەیەکی دەرمارگژانە دەکەنەوە دەتوانن وەکوو شوناسە نەتەوەییە دەرمارگرژەکان، بە ئاسانی فەرمانڕەوایی بەسەر جەستەی ژنەوە بکەن و سوننەتە دواکەتووەکان بە دژی ژنان زیاتر لە پێشوو بەرهەم بێننەوە و ژنان لە هەرچی «شوناسی نەتەوەیی» و «شوناسی قەومی»یە بێزار بکەن و وایان لێ بکەن تۆبە بکەن.»

هەروەها لەو وتارەدا، «خەتەنە»، «کوشتنی ناموسی» و «ملکەچیی بێئەملاوئەولای پیاو(تمکین)» وەکوو سوننەتی «قەومی»ی کوردەکان ناسێندراوە و هەوڵ دراوە بیخاتە ناو مێشکی ژنی کوردەوە کە ئەو کێشانە بە هۆی کوردبوونەوەن؛ وەک ئەوەی ژنانی ناوەندی ئێران توندوتیژیی ناموسی، چەندهاوسەری و «تمکین» لە پیاو ئەزموون نەکەن و ئەو دیاردانە تایبەت بن بە کوردستانێک کە خاوەنی بزووتنەوە نەتەوەییە ڕزگاریخوازەکانە کە ئەوان لە ئەدەبیات و بیری خۆیاندا وەکوو گرووپی قەومی و توندڕە و دەیانناسێنن و لە هەوڵی جێگیرکردنیان وەکوو هێمای دیاری نەتەوەیی بن. «فەهیمە تەفسیری» و زۆرێک لە ژنانی چالاکی ناوەندنشین کە دەست لەسەر بابەتەکانی وەک توندوتیژیی ناموسی، کوشتن و خۆسووتاندنی ژنان لە دەرەوەی ناوەندی ئێران دادەنێن، لە هەوڵی خستنەڕوویان وەکوو تایبەتمەندیی فەرهەنگی، قەومی و نەتەوەیین؛ تەنانەت ئامادەی تاوتوێکردنی هەمەلایەنەی هۆکاری بوون یان بەردەوام بوونی ئەو خەسارە کۆمەڵایەتییانە لەو ناوچانە نین، ئەوەی کە هەژاری و گەشەنەسەندنی پیشەیی لەو ناوچانە، بوونی کەشی «ئەمنیەتی» و «نیزامی» لە سەردەمی جیاواز، نەبوونی خوێندەواری بە زمانی ئەو خەڵکە و ڕاگرتنیان لە پەراوێزخراویی سیاسیی کۆمەڵگا، بە هەموو بێبەشییە ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ...کان تا چ ڕادەیەک دەتوانێت هۆکاری سەرهەڵدانی ئەو خەسارانە لە ناو بەشێک لە خەڵک و نەک هەموو ئەو نەتەوەیەدا بێت.

کۆی هەموو ئەو هۆکارانە، لە ترسە ئەمنییەتییەکانەوە بگرە، تا ناوەندگەرایی و ڕوانگەی ئێلیتیانە و کارتێکەریی بیرە ناسیۆنالیستییەکان و ترس لە نەمانی یەکپارچەیی ئێران و ... بەربەستێکی جیدیین بۆ هاوکاری و هاوڕاییی بزووتنەوەی ژنان لەگەڵ بزووتنەوەی نەتەوەغەیرەفارسەکان لە ئێراندا.

وێڕای بەربەستەکانی وەک ڕوانگەی پیاوسالارانە و بە جددی وەرنەگرتنی خواستەکانی ژنان و لە ئەولەوییەت دانەنانیان؛ هەنگاوی یەکەم دەبێت بەڕەسمی ناسینی شێوە جیاوازەکان و هەڵوردنی چەندقات بێت بۆ پێکهێنانی بەستێنێکی باش بۆ هاوکاریی بزووتنەوەی ژنان و بزووتنەوەی گرووپە نەتەوەییەکان، لەڕاستای ئەو بەڕەسمی ناسینەیە کە ژنی کورد یان تورک دەتوانێت وەکوو ئەڵقەی پەیوەندیی نێوان دوو بزووتنەوە، ڕۆڵێکی زیاتر لە پێکهێنانی متمانە و پێویستیی یەکگرتن ئەنجام بدات.

## کورتکردنەوەی مەسەلەی توندوتیژیی ژنانی نەتەوەی کەمینەکان بە کێشەی فەرهەنگی

دیاردەی ژن کوشتن بە بیانووی «ناموس»، دیاردەیەکی جیهانییە و تایبەت بە جوگرافیا

و ســـنوورێکی دیاریکراو نییـــە، بەجۆرێک کە ئامارە جیهانییەکان باس لە کوشـــتنی ٥٠٠٠ ژن لە ســـاڵدا دەکەن. لەگەڵ ئەو ڕاستییەشدا، بارودۆخی سیاســـی، ئابـــووری، کۆمەڵایەتی و ڕوانگەی دەوڵەت، یاسا و سیستەمی دەسەلات، ڕۆڵێکی گرنگی لە زیاد و کەم بوونی ئەو ئامارەدا هەیە.

لەگـــەڵ ئەوەشـــدا ئێمە لە ئێـــران لەگەڵ ڕوانگەیـــەک بەرەوڕوویـــن کـــە مەیلـــی هەیە ژنکوشـــتن بـــە «قەومـــی» بـــکات و وێـــڕای جۆراوجۆریـــی نەتەوەیـــی، مەزهەبـــی و زمانی لە ئێراندا، ژنکوشـــتن بەزۆری دەبەســـترێتەوە بـــە کورد و عەرەبـــەکان. بەڵێ ناکرێت حاشـــا لە ژنکوشـــتن لەناو ئەو گرووپانە بکرێت، بەڵام ســـەرەڕای ئەوەی کە هەموو کورد و عەرەبێک ژنکوژ نییە، ئەم باســـە هەموو ڕاســـتییەکەش نییە؛ ئەمەش نەتەنیا بوونی دیاردەی ژنکوشتن لە سەراســـەری ئێران ناشـــارێتەوە، بەڵکوو بە شـــێوەیەکی جەوهەری و سروشتی ژنکوشتن، کورت دەکاتەوە بە کورد و عەرەب.

بە واتایەکی ســـادە، بە پێـــی ئەو ڕوانگەیە، کوشتنی ناموسی بەســـتراوەتەوە بە فەرهەنگی نەتەوەیـــی، بەبێ ڕەچاوکردنـــی پێکهاتەی ئەو کۆمەڵگایـــە؛ چونکە تاوتوێکردنـــی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی پێویستی بە لەبەرچاوگرتنی هۆکارە جیـــاواز و کاریگەرەکان بەو مەســـەلەیە هەیە، وەکـــوو بێبەشـــییە ئابووری-کۆمەڵایەتییەکان، ســـەرکوتی سیاســـی، یاســـاکان، بارهێنـــان و پەروەردە و ...

هەروەک چۆن فاتمە کەریمی، کۆمەڵناس، لە گفتوگۆکانی لەبارەی «توندوتیژی و کوشتنی ناموسی» باسی ئەوە دەکات بەنەتەوەیی کردنی ژنکوشتن دوو ئاسەواری دەبێت:

یەکەم؛ گرێدان و بەستنەوەی ژنکوشتن بەو گرووپانە، دەبێتە هۆی زەینییەتێک کە ژنکوژی وەکوو تایبەتمەندیی سروشتیی خۆیان چاو لێ بکـــەن؛ ئەم ڕوانگەیە تەنانەت لەناو هەندێک لە چالاکانی ژنان و مەدەنیش دەبینرێت کە جگە لە چاوپۆشی لە بارودۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریـــی کوردســـتان و خووزســـتان، ئـــەو خەسارانە وەک بابەتێکی سروشتیی ئەو نەتەوانە چاو لێ دەکەن.

دووەم؛ سڕینەوەی ڕۆڵ و پێگەی دەسەلات لە کەمکردنەوە و بەرەنگار بوونەوەی ئەو دیاردەیە؛ دەســـەلاتێک کە خـــۆی دژەژنـــە و توندتیژی بەرانبـــەر بە ژنـــان دەنوێنێت و بەشـــێوەیەکی ئاگایانـــە و یاســـاییش کەڵـــک لـــەو بابەتانـــە وەردەگرێت و ژنکوشـــتن وەکوو تایبەتمەندیی گرووپە نەتەوەیییەکان چاو لێ دەکات و دەڵێت ناوەندەکانی حکوومـــەت لەمبارەیەوە هیچیان لە دەســـت نایەت. بەکارهێنانـــی ئەم ئامرازە بۆ حکوومەتێکی دژەژن، هەل و ئیمکانی سەرکوتی زیاتری ژنان دەرەخســـێنێت و لە ڕۆڵی پێکهاتە یەکتربڕەکانی (بێبەشیی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاســـی و ...) کـــە بەســـتێنێکی بەردەوامی ژنکوشتنن، چاوپۆشی دەکات.

هەر ئـــەم دوو ئاســـەوارەش بوونەتە هۆی ئـــەوەی کـــە ئەگـــەر حالەتێکی ژنکـــوژی یان خۆســـووتاندنی ژنـــان بەڕاگەیانـــدن بکرێ، بە ڕوانگەی ئەوەی ئەمە تایبەتمەندیی نەتەوەیی و کەلتووریـــی ئەم گرووپانەیە چاوی لێ بکرێت و چاپۆشـــی لە ڕۆڵی هەلاواردنە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بکەن و ئەمەش کلێشـــەی «فەرهەنگی توندوتیژی»ی تایبەت بەو گرووپانە، بەهێـــز دەکات. بۆیە جێگـــەی نیگەرانیی ئەو گرووپانـــە و تەنانەت حیزبە سیاسییەکانیشـــە کە ئەمـــە وەکوو تایبەتمەندییەکـــی نەتەوەیی بناســـرێت و زۆر خۆ لەو باســـە نەدەن، مەگەر لـــەو حاڵەتانەی کە مەســـەلەکە پەیوەندیی بە هۆکارێکی دەرەکییەوە هەبێت، وەک خوکوژیی «فەریناز خوســـرەوانی»کە لە ئەنجامی گوشاری کەسێکی سەر بە حکوومەتدا خۆکوژیی کرد.

پێویســـتە بگوترێت، کە مەســـەلەکانی وەک نەبوونی ڕێکاری یاسایی و پشتیوانیی بنەمایی لە ژنان و یاســـا دژەژنەکان، توندوتیژیی دژی ژنانی کـــوردی بەهۆی ئەزموونـــی هاوکاتی هەلاواردنە

ڕەگــەزی و نەتەوەییەکان چەندقــات کردووە؛ تەنانــەت زۆرێک لــە ژنانی کورد، شانســێکی ئەوتۆیــان بۆ گۆڕان و باشــترکردنی بارودۆخیان نییە و چارەنووســێکی تراژێدییان هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا بڵاوکردنەوەی بارودۆخیان و هەواڵەکانی پەیوەندیدار پێیان، ڕێگەیەکە بۆ هەستیارکردن و ئاگاییی ناو کۆمەڵگا لەم بارەیەوە. لە ئێستادا تابۆی باسکردن لەو هەواڵانە تەنانەت لەناو خۆپارێزترین چالاکانی سیاسی و مەدەنیشدا شکاوە.

هەربۆیــەش پێویســتە ئــەو بابەتە وەک ئەوەی کە هەیە باســی لــێ بکرێت بە هەموو لایەن و پێکهاتە کارتێکەر و کاریگەرەکانییەوە. بۆیە ئێمە چاپۆشی ناکەین کە ئەو توندوتیژییە ناموسییانە لە کوردســتان هەن، بەڵام نابێت تاکلایەنــە لێــی بڕوانین کــە تەنیــا و تەنیا تایبەتمەندییەکــی فەرهەنگــی نەتەوەییــی ئێمەیە، بەڵکوو دەیان ساڵ سەرکوتی سیاسی، بێبەشــیی ئابووری و کۆمەڵایەتی و، ئەمنیەتی چاولێکردنی هەر بابەتێکی ئەو ناوچەیە لەلایەن حکوومەتەوە، بــە دڵنیاییەوە توندوتیژیی دژی ژنانی زیاد کردووە. لەوەش گرنگتر دەســەڵات نــەک هیــچ بەرنامەیەکی بــۆ کەمکردنەوەی ئەو خەســارانە نەبووە، بەڵکــوو ڕێگریش بووە لــە هەوڵی چالاکانی مەدەنــی و ژنان، ئەمەش نیشاندەری کەڵکوەرگرتنی سیاسیی حکوومەت لەم بابەتەیە.

لــە لایەکــی دیکــەوە، ئــەو ڕوانگەیەی کــە هەمــوو بەســتێنەکانی توندوتیژیــی دژی ژنــان دەگەڕێنێتــەوە بــۆ سیســتەمی پیاوسالاری کۆمەڵگای کوردستان، هەڵاواردنی سیســتەماتیکی بەرنجامی دەوڵەت-نەتەوە کە نەتەوەکانی دیکەی پەراوێز و بێبەش کردووە و بووەتە هۆی بەهێزکردنی پیاوسالاری لەربەرچاو ناگرێــت. ڕوانگەیەک کــە ئیمکانــی بینینی دەسەڵاتی ناوەندە-دەرەوە(پەراوێز) لەباردەبات و تەنیا فەرهەنگی ئەو کۆمەڵگایە دەکاتە ئامانج؛ لە کاتێکدا فەرهەنگ بابەتێکی نەگۆڕ و هەمیشەیی نییە و دەتوانێ بەپێی کات و بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتــی گۆڕانی بەســەربێت. هەروەک چۆن دەبینین بە هەوڵی بڵاوکردنەوەی ئاگاییی چالاکانی مەدەنی، «خەتەنە» لە کوردستان زۆر کەم بووەتەوە و تابۆی باسکردن لە توندوتیژییە ناموسییەکان شــکاوە و تەنانەت جیابوونەوەش وەک مافێک چاو لێ دەکرێت؛ هەموو ئەمانەش بێ ئەوەی حکوومەت لەوبوارەدا بەرنامەیەکی بۆ ئەو ناوچانە هەبووبێت، دەستەبەر بوون.

هەربۆیە بەڕاســت زانین و گشتیگیرکردنی ئەو ڕوانگەیە کە کوشــتنی ناموسی و خەتەنە، تایبەتمەندییەکــی نەتەوەییــە نــەک تەنیــا بــۆ کوردســتان، بەڵکــوو بۆ هیچ گــرووپ و کۆمەڵگایەک ڕاست نییە.

ڕوانگەیەکی لە ســەرەوە بۆ خوارەوە کە بە ناســاندنی نەتەوەکانی دیکە وەک «قەوم» پاساو بۆ سیاســەتە پاوانخــواز و ســەرکوتکەرەکانی حکوومەت دێنێتەوە و ناسیۆنالیسم و نەتەوەی ئێرانیــش تەنیا وەکوو نەتەوە و ناســیۆنالیزم و زمانی فارســی دەخەنــەڕوو؛ بــە جۆرێک کە فارســەکان مۆدێرنــن و نەتەوەکانــی دیکەش پێشــمۆدێرن. کاتێکیــش وەک تایبەتمەندیی نەتەوەیــی چاو لەو باســە دەکــەن، خۆیّ لێ بێبــەری دەکــەن و دیمەنی ژنــی کوردیش، هەمیشــە وەک قوربانیی ئەو خەســارانە، نەک چالاک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان، نیشــان دەدەن و بەرهەمی دەهێننەوە.

بە گشــتی لە ئێران ژنــان وەکوو یەکتری هەڵاواردن ئەزمــوون ناکەن و وەک یەکتریش ڕووبەڕووی توندوتیژی نابنەوە. بەڵکوو سیاسەتی دوڵەت-نەتــەوە، نابەرابەریــی لەنێوان ناوەندە-پەراوێز چڕ کردووەتەوە کە ئەمەش کاریگەریی لەســەر زیاتربوونی توندوتیژی هەیە؛ هەروەک چۆن ژنی عەرەب و کــورد لەئێران تەنیا لەژێر ستەمی ڕەگەزیدا نین و ســتەمی نەتەوەیی و کەمینەییشیان بەرانبەر دەکرێت.

## گوتاری بزووتنەوە

هێزی سیاســی لــە ئێران، هەر لە ســەرەتای

دامەزراندنـــی دەوڵەتـــی مۆدێرنـــەوە، لەهەوڵی یەکدەستکردن و تواندنەوەی کەمینە نەتەوەیی و مەزهەبییـــەکان لـــە سیســـتەمی نەتەوەیی ناوەندیدا بووە کە لەژێر ناوی شوناســـی میللی، پێناســـەی کردووە. بە چاولێکردنێکی سەرەکی لـــە بارودۆخی فەرهەنگی، سیاســـی و ئابووریی کورد، بەلووچ، عەرەب، تورک، تورکمان، بەهایی، یارســـان، کاکەیی و ... لە ئابووری و فەرهەنگی میللی، ئەو ڕاستییە بە تەواوی ئاشکرا دەکات.

قەبووڵکردنی جیاوازیـــی گرووپە نەتەوەیی و ئایینییەکانی ئێران، پێویســـتی بە تێگەیشتن لە گرنگایەتییان و بەرەســـمی ناســـینیانە لە بەســـتێنی سیاســـی و کۆمەڵایەتیـــدا، وەکوو گرووپگەلێـــک کـــە هەرکامیـــان خاوەنـــی تایبەتمەندیی تایبـــەت بە خۆیانن لەلایەن ئەو ئێرانییانـــەی کـــە چەندکەلتووری و ڕاســـتیی کۆمەڵگای چەندنەتەوەیی، وەکوو هەڕەشەیەکی گەوەرە و مەترســـیدار بۆ ســـەر یەکپارچەییی خاکی ئێـــران چاو لێ دەکەن. ئـــەوان بەهۆی تێگەیشتنی هەڵە لەو جیاوازییانە و ئاکامەکانی، لەســـەر ئەو بڕوایـــەن کە هێنانەبەرباســـی ئەو جیاوازییانە، دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی هەستی جودایی‌خوازی و گۆڕانی ســـنوورەکانی ئێستای ئێران.

هەربۆیـــە، چالاکانی ژنـــی ناوەند(فارس)، هاوتا لەگەڵ ئـــەو ڕوانگەیە، بە چاوپۆشـــی لە جیاوازیی نەتەوەیی، ئایینی و چینایەتیی ژنانی کۆمەڵگای ئێران (کە بە گشتی وەکوو کەلتووری ئێرانـــی دەیهێننـــە ئەژمار) ڕۆڵـــی دیاریکەری پیاوســـالاریان لە بەرهەمهێنانەوەی شۆڤێنیزم لە بزووتنەوەی ژناندا لەئەستۆ گرتووە؛ بەجۆرێک کە بـــە ڕوانینێکی قەومتەوەرانە، داواکانی ژنانی ئێرانیان لە چوارچێوەی گوتاری فێمێنیســـتیی ناوەندیدا پێناســـە کـــردووە و خواســـتەکانیان لـــە چوارچێوەیەکی ناوەندتەوەردا خســـتووەتە ڕوو. ژمارەیەکیـــش چالاکـــی فێمێنیســـتی نەتەوەکان، تەســـلیمی ئەو ڕوانینـــە بوونە و گوتار و ڕواڵەتبەندیی فێمێنیســـتیی ناوەندیان بۆ خواســـتەکانی ژنان وەکـــوو چوارچێوەیەکی دانپێدانراوی ئەو بزووتنەوەیە بەرەسمی دەناسن و بەرهەمی دەهێننەوە. ئەو ژمارەیە لە چالاکانی فێمێنیست پێیان وایە چالاکترین و بەهێزترین دەنگ بـــۆ کێشـــەکانی ژنانی ئێـــران، دەنگی چالاکانـــی نشـــتەجێی ناوەنـــدە و هەربۆیەش باوەڕیان وایە چالاکانی ژنی غەیرەفارس، دەبێت لە تەنیشتیان ڕابوەستن و لە ئەزموون و شێوە و ڕوانگەیان بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان کەڵک وەرگرن.

هەربۆیـــەش ئـــەو ژنانـــە توانای ناســـینی جیاوازیی نێـــوان ئەزموونی ژیانی ژنانی ناوەندە و نەتەوەکەمینەکان و ئەو ستەم و ناعەداڵەتییە تایبەتانەی ئەزموونی دەکەنیان، نییە و ئەمەش ئەو کەلێنە گەورەیەی بەهێز کردووە کە بووەتە هۆی بـــێ متمانەییـــی ژنانی کەمینـــەکان بە ناوەنـــد و لێکدابڕانی ژنانـــی ناوەند و دەرەوەی ناوەند. لەکۆتاییشدا ئەمە کەمکردنەوەی دەردی ژنان و دروســـتکردنی کۆمەڵگایەکی بەرابەر بۆ هەمووان وەدوا دەخات و ئەمەش تەنیا تایبەت بە چالاکانی ناوخۆی ئێران نییە و ژنانی چالاکی ئێران(فارس) لە دەرەوەی ئێرانیشی گرتووەتەوە.

چالاکانی فێمێنیســـتی نەتەوە کەمینەکان کە ســـەرنجی خۆیان خستووەتەســـەر کێشـــە تایبەتەکانـــی ژنانـــی دەرەوەی ناوەنـــد و کەمینەکان، پێداگری لەســـەر جیاوازیی نێوان خواست و ئەولەوییەتی فێمێنیستەکانی ناوەند و گرووپە نەتەوەییەکان دەکەن. بۆ نموونە ئەو چالاکانە دەڵێن کاتێک چالاکانی گوتاری نزیک بە ناوەند بۆ ڕۆیشـــتنی ژنان بۆ ستادیۆم خەبات دەکـــەن، ژنێکی فێمێنیســـتی کورد، عەرەب و بەلووچ، بۆ نەمانی ســـوننەتی تێســـتی بکارەت خەبات دەکات.

هەربۆیـــە وەک ئەزمـــوون نیشـــانی داوە، ئەســـتەمە خەباتی ژنانی نەتەوە جیاوازەکان بۆ ئەم جۆرە مافانە بۆ ژنی ناوەند ســـەرنجڕاکیش بێت. ژنانی ناوەند بە گشـــتی ئەو کێشانەیان بۆ یەکلابووەتەوە و بۆیـــەش خەبات بۆ لەناوبردنی

ئەو سوننەتە بۆ ئەوان گرنگیی نییە. چونکە ئەوان وەکوو مەسەلەیەکی فەرهەنگی چاو لەو کێشانە دەکەن، نەک سیاسی، لە کاتێکیشدا کە حکوومەت ئەنجامدانی ئازمایشی تێستی بکارتی ناچاری نەکردووە، هەروەها ئەو فەرهەنگەش کە ئەوان پێیان خۆش نییە پێیەوە بناسرێنەوە؛ چونکە باسکردنی ئەو کێشانە لەلایەن ژنانی ناوەندەوە لە ڕاستای ئەو وێنەیە نییە کە دەیهەوێت وەکوو ژنی ئێرانی نیشانی دونیای بدات، وێنەیەک کە دەیهەوێت تەنیا ئەوە بێت کە وێڕای بوونی حکوومەتێکی دژەژنی ئیدیۆلۆژی، کۆمەڵگای ئێران مۆدێرن و ئەمرۆییە.

لە لادێ و هەندێک شارەکانی کوردستان ئاماری خۆسووتاندنی ژنان لە سەرەوەیە؛ خۆسووتاندنێک کە ئەنجامی پیاوسالاری، هەژاری، نایەکسانی و هەموو ئەو توندوتیژییانەیە کە جوغرافیای سیاسیی ژیان بەسەریدا سەپاندوون و وەکوو نارەزایەتییەک پەنا بۆ خۆسووتاندن دەبەن، بەڵام فێمێنیستی ناوەند ئەوە بە کێشە و نیگەرانیی خۆی نازانێت.

یەکێک لە هۆکارەکانی زۆربوونی سەرکوت و ستەم دژی ژنانی نەتەوە جیاوازەکان، کەڵەکەبوون و ئاڵۆزبوونی نابەرابەرییە ئێتنیکییەکان، سەرکوتە سیاسییەکان، کێشە ئابوورییەکان و هەڵاواردنە ڕەگەزییەکانە. فێمێنیستی ناوەند بە گشتی سەرنجی خستووەتە سەر نابەرابەریی ڕەگەزی؛ بۆ نموونە نیگەرانی یەکدەستکردنی فەرهەنگی و بێبەشبوون لە مافی خوێندن بە زمانی دایکی نییە.

هەرچەندە زۆرێک لە چالاکانی مافی ژنانی نەتەوەجیاوازەکان لە ئێران باوەڕیان وایە کە نایەکسانییەکان، ژیانی بۆ هەموو ژنانی ئێران سەخت کردووە، بەڵام پێداگریش دەکەن کە بەتەنیا سەرنجدان بە خواست و نیگەرانیی ژنانی ناوەند، دەبێتە هۆی کەمتەرخەمی و چاوپۆشی لە کێشە و خواستی میلیۆنان ژنی کەمینەکان کە لە دەرەوەی ناوەند دەژین و دەنگ و خواستیان لەناو بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ناوەندتەوەردا، چاوپۆشیی لێ کراوە.

هەربۆیە تا کاتێک کە فێمێنیستی ناوەند لە ئێران نەتوانێت خەباتی خۆی لەژێر گوتاری «قەومتەوەر» بێنێتە دەرێ، ناتوانێت لەگەڵ ژنانی نەتەوە جیاوازەکان بەشێوەیەکی کاریگەر و ڕزگاریدەر هاوپەیمان بێت؛ هاوپەیمانییەک کە بەبێ بوونی خەباتی ژنان لە ئێران دژی هەڵاواردن و نابەرابەری، شانسی سەرکەوتنی نییە.

## تیۆریی چەندلایەنەی هەڵاواردن (ئینتێرسکشنالتی)

هێنانەئارای هەر تیۆرییەک بۆ ئەوەیە کە باس لە کێشەیەک بکرێ کە نادیارە و وەکوو مەسەلەی سەرەکی نەخراوەتە ڕوو و دانیشی پێدا نەنراوە؛ چونکە باسکردن لەسەر هەر مەسەلەیەک، سەرەتا پێویستی بە پێناسەیەکی ڕوونە و دواتریش باسەکانی تاوتوێکردنی ئەو کۆمەڵگایە، بارودۆخ و یاساکان و سیاسەتدارێژی بۆ چارەسەری دێتە ئاراوە.

تیۆریی چەندلایەنەی هەڵاواردن لەسەر بنەمای ئەو گرنگییە، بۆ یەکەمجار ٣٠ساڵ لەمەوبەر لە لایەن «کیمبرکی کرنشا»، فێمێنیستی ئافریقایی-ئامریکایی هاتە ئاراوە؛ کرنشا چەمکی «یەکتربڕ»ی (intersectionality) بۆ وەسفی هەڵاواردنی چەندلایەنە دژی ژنانی کەمینە لە کۆمەڵگای ئامریکا بەکارهێنا، لەڕاستیدا ئەو یەکەمین کەس بوو کە ئەو ناوەی لەو دیاردەیە نا. کرنشا دەڵێت : «بۆ چارەسەری کێشە، دەبێت ئەو کێشەیە پێناسە بکرێت و بۆ ئەوەی بتوانرێ پێناسە بکرێت، دەبێت ناوی لێ بنرێت، کێشە تا ناوی نەبێت ناتوانرێ چارەسەر بکرێت.»

کرنشا بە باسکردنی تیۆریی «یەکتربڕ» و ناولێنان لە ستەمی چەندلایەنە دژی ژنانی کەمینە لە ئامریکا، واتە ژنانی ڕەشپێستی ئافریقایی- ئامریکایی، قسەی نوێی بۆ بزووتنەوەی ژنانی ئامریکا و جیهان پێ بوو.

بە پێی تیۆریی «یەکتربڕ» ژنانی کەمینە، لە سێ لایەنی سەرەکی، ڕەگەز، نەژاد و چینی کۆمەڵایەتی کە دواتر لایەنەکانی مەیلی جنسی و بێتوانایی جەستەییشی پێوە زیادبوو، ڕووبەڕووی هەڵاواردن دەبنەوە، ئەو لایەنانە لە شوێنێک دەگەن بە یەکتری و ژنانی کەمینە، ڕووبەڕووی یەکتربڕی ئەو هەڵاواردنە چەندلایەنەیە دەکەنەوە.

کرنشا، مافناس بوو و ئەو باسەی لەبنەڕەتدا بۆ ناسینی چەندلایەنیی هەڵاواردن دژی ژنانی ڕەشپێست لە بازاڕی کار بەکارهێنا. ئەو ژنانە نەتەنیا بەهۆی ژن بوون، بەڵکوو بەهۆی نەژادیشیان ڕووبەڕووی هەڵاواردن دەبوونەوە. ئەوان دەیانزانی چونکە هەم ژنن و هەم ڕەشپێست، هەڵاواردنیان بەرانبەر دەکرێت، لەکاتێکدا بەپێی یاسا نەدەبوایە بۆ هیچکامیان ڕووبەڕووی هەڵاواردن ببنەوە. بێتوانایی ئەو ژنانە لە وەسفی هەڵاواردن، بووە هۆی ئەوەی زۆرێک لە ژنانی ڕەشپێست و هەروەها ژنانی کەمینەکانی تری وەک پەنابەر و غەیرە ئینگلیسی زمان، بەهۆی هەڵاواردنی چەندقاتی «نەژادی و ڕەگەزی» لە بەشداریی سووری ئابووری بێبەش بن و مەحکووم بە مانەوە لە چینی ژێردەستدا بن.

لەراستیدا لەبەرچاو نەگرتنی بارودۆخی ئەو ژنانە، نیشاندەری بوونی هەڵاواردنی یەکتربڕ لە نێوان «بزووتنەوەی مافی مەدەنی» و «بزووتنەوەی فێمێنیستی» لە ئامریکادا بوو.

ئەو کێشانەی کە ژنانی ڕەشپێست لە ئامریکادا لەگەڵی بەرەوڕوو ببوونەوە، وێکچوونێکی زۆری لەگەڵ بارودۆخی خەباتی ژنانی کەمینەکان لە ئێراندا هەیە. ئەو ئەزموونەی کە ژنانی کورد، عەرەب، بەلووچ، تورک، تورکەمەن، گیلەک و لوڕ، ڕۆژانە وەکوو هەڵاواردنێکی یەکتربڕی هاوبەش لەگەڵی بەرەوڕوون و تەنانەت ئەگەر ناوەکەی نەزانن ڕۆژانە هەستی پێ دەکەن و هەموو لایەنەکانی ژیانیانی خستووەتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە.

ئەو ژنانە، نەتەنیا لە ڕووی جوغرافیا، بەڵکوو لە بواری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگییەوە پەراوێز خراون و لەبەرانبەر ناوەندێکدان کە تەنانەت شارەدار و پارێزگار و فەرماندارێشیان لە لایەن ناوەندەوە دەست نیشان دەکرێت.

ڕوانگەی ژنی ناوەند بەرانبەر دەرەوەی ناوەندە بەزۆری لەو ڕوانگەیە دەچێت کە ژنی سپی پێست بەرانبەر ژنی ڕەشپێستی ئامریکایی هەیبوو و ئەگەریش دان بە ستەمی زاڵی چەندقات بەسەر ئەو نەتەوانەدا بنێین، وەکوو بەرهەمێکی ناوخۆیی ئەو کۆمەڵگایە دەیبینن و پێکهاتە و سیستەمی گشتیی هەڵاواردنی نەتەوەیی کە هۆکاری هەڵاواردنە چەندقاتەکانە لەبەرچاو ناگرن.

لە ئێران ژنێکی سەر بە نەتەوە جیاوازەکان، هەروەک ژنێکی ڕەشپێستی ئەمریکی ڕووبەڕووی یەکتربڕی ڕێگەکانی هەڵاواردن دەبێتەوە و جۆرە جیاوازەکانی هەڵاواردن لەسەر بنەمای زمان، ئایین، ڕەگەز و نەتەوە ئەزموون دەکات و ئەزموونی ژنێکی پەراوێزخراویش لەگەڵ ژنێکی ناوەند جیاوازیی هەیە.

کاتێک ژنانی دەرەوەی ناوەند، ناتوانن بە زمانی خۆیان بخوێنن، کار بکەن یان لە دادگاکان بەرگری لە مافی خۆیان بکەن و تەنانەت جلوبەرگی کەلتووریان هۆکارێکە بۆ سووکایەتی، حیجاب بۆ ئەوان ئەولەوییەتی نابێت و ناتوانن لەگەڵ کەمپەینێکی وەکوو «چوارشەنبەهای سفید» پەیوەندی بگرن، هەرچەندە پۆشینی زۆرەملێ ئەوانیش بگرێتەوە.

بزووتنەوە و ئەزموونی ژنانی ئێران لە ناوەند و دەرەوەی ناوەند بە تەواوی لێکتر جیایە و لێرەدا مەسەلەی چینە کۆمەڵایەتییەکانیش زیاتر زەق دەبێتەوە. ژنێک کە لە ناوەندە، بەپێی چینی کۆمەڵایەتی و شوێنی ژیانی، مەسەلەی ڕۆیشتن بۆ ستادیۆم و پۆشینی ئازاد دەبێتە چەقی خواستەکانی و لەو ڕەوتەشدا لە بارودۆخی ژنانی بوومەلەرزەلێدراوی کرماشان کە هەر وا لە

چاردا دەژین و لــە هەموو جۆرە ئیمکاناتێکی ســەرەتاییی ژیان بێبەشن، یان ژنانی بەلووچ و عەرەب کە نیگەرانیی ســەرەکییان دابینکردنی ئاوە و لەدوای هەر سێلاو و بوومەلەرزەیەکیش ژیانیان دەچێتەوە سەر سیفر، تەنها شتێک کە بۆیان گرنگ نییە پۆشینە.

ئەرگەرچــی هەمــوو دەســتکەوتەکانی بزووتنــەوە فێمێنیســتییەکان بەهەنگاوێکــی ئەرێنــی هەژماردەکرێت، بەڵام ســەرکەوتنی گرووپێکی تایبەت لــە ژنان کە لە پوەنی زیاتر بەراوەرد بــە ژنــی پەراوێزخــراوی دەرەوەی ناوەنــد بەهرەمەندە، بەس نییــە و لە وڵاتێکی وەکوو ئێرانیش کە بزووتنەوە فێمێنیســتەکەی پەیوەست بە بزووتنەوەی جیهانیی فێمێنیست نییــە و ژنانــی کەمینــەش لە پــەروەردەی پێویســت بۆ خستنەژێرپرســیاری بارودۆخیان بەهرەمەند نین، ئاســۆی گۆڕانی ئەو بارودۆخە و بەدەستهێنانی مافی ژنانی کەمینە، نارِوونە.

## فێمێنیســـت، ڕوانینی جیهانی و ڕێکاری ناوچەیی

ئە و باســە بەو پرسیارە دەســت پێ دەکەین، پێویســتی بوونی «بزووتنــەوەی ژنانی نەتەوە جیاوازەکان» لە کوێوە دێت؟

لە پەیوەندی لەگەڵ چالاکیی فێمێنیستی، پێویستە سەرەتا ئەوە ڕوون بکەینەوە کە بەپێی بیری شەپۆلی سێیەمی فێمێنیستی، سەرنجدان بــە هاوپەیوەندیــی ئابــووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیــی کۆمەڵگایــەک و ڕێکارەکان وەک یەک نین. بــە واتەیەکی تر، هەر کۆمەڵگایەک بەپێــی گەشــەی ئابــووری، کۆمەڵایەتــی و فەرهەنگیــی خۆی، ڕێــکاری تایبەت بە خۆی بــۆ بەرەوپێــش بردنی چالاکیی فێمێنیســتی دەگرێتە بەر.

چالاکیــی فێمێنیســتی لەگــەڵ ئەوەی پێویستە پشت بە ڕوانینێکی جیهانی بۆ فێمێنیزم ببەســتێت، لە هەمان کاتدا ڕێکارەکان بۆ هەر ناوچە و کۆمەڵگایەک دەبێ تایبەت بەو ناوچە و کۆمەڵگایە بێت. بۆ نموونە، ڕێکاری فێمێنیستیی کۆمەڵگای ســوید ناتوانێ ڕێکارێکی بەرەوپێش بۆ هاوپەیوەندیی کۆمەڵایەتیی پاکستان بێت و بە پێچەوانــەوە. لەناوخۆی ئێرانیش ڕێکارەکانی فێمێنیســتی بۆ ژنانی کورد، تــورک، عەرەب، بەلووچ و ... ناتوانێت بۆ فارســەکان فاکتۆرێکی بــاش بێــت. هەربۆیە چالاکی فێمێنیســت بۆ ڕێکار ناتوانێ پشــت بە گشتیبێژی ببەستێت و پێویستە فێمێنیستەکان جیهانی بیربکەوەنەوە و خۆجێیــی کردار بنوێنن و ڕێــکارو تاکتیک و تەکنیکەکانــی بەرەوپێــش بردنــی کاری فێمێنیســتی لە کۆمەڵگای خۆیان بەرنە پێش. بۆ نموونە کارێکی گرنگی فێمێنیستی بۆ ژنێکی کورد، بەرهەمهێنانی ئەدەبیاتێکی فێمێنیســتی بۆ ژنی کورد لەســەر ئــەو خاکەیە؛ کارێک کە کۆمەڵگای فارس لە ماوەی زیاتر لە ۸۰ ســاڵ دەسەڵاتداریی خۆیدا ئەنجامی داوە یان لانیکەم ئەلف وبێی ئەدەبیاتی فێمێنیستیی لەو ساڵانەدا جێگیر کردووە. هەربۆیە لەوانەیە ئەمە بۆ ژنێکی فارس کارێکی ئەساســی و ســەرەکی نەبێت، بــەڵام بۆ ژنێکی کورد، تورک یــان بلووچ، ئەو کارە بەتایبەت پشتبەســتوو بــە زمانی دایکی، کارێکــی بنەڕەتییــە. هەر لــەو ڕوانگەیەوەش دەردی جیــاوازی ئــەو کۆمەڵگایانــە تاکتیک و تەکنیکــی جیــاوازی بۆ بەرەوپێــش بردنی ئامانجەکان دەوێت و بۆ هەمووان یەک ڕێکاری گشتی ناگونجێت؛ بۆیە ئیمکانی هاوکاری هەیە، بەڵام دەروونیکردنەوەی هەموو ئەو بزووتنەوانە نا.

لەوانەیــە دروســتترین کار لــە بارودۆخی ئێســتادا ئەوەیە کە چالاکیی فێمێنیســتی بۆ هەر شــوێنێک بەجیا بێت و ئەوەش بە مانای جیاکردنەوە لــە چالاکیی ژنان بە گشــتی لە ئێــران نییــە، بەڵکوو بە پێچەوانــەوە بە مانای قووڵکردنەوەی چالاکییەکان لە نێوان هەموو ژنان و بــە زمانی خۆیانە. لەوە زیاتر ئەگەر چالاکییە فێمێنیســتییەکان لە ناوچە جیاوازەکانی ئێران شــێوە و شــکڵی چالاکییەکی دینامیک لەخۆ

بگرێت، هاوکاریی نێوان ئەو بزووتنەوانە بۆ بەرەوپێش بردنی چالاکیی فێمێنیستی، وەکوو پێویستییەکی حاشاهەڵنەگری لێ دێت. بە واتایەکی دیکە، فێمێنیسم دەبێتە پردی پەیوەندیی نێوان ژنانی سەر بە بزووتنەوە جیاوازەکانی ژنان؛ لەلایەکی دیکەوە ئەو شێوەیە لە چالاکیی فێمێنیستی، ناوەندگەرایی ئەو چالاکییە کەم دەکاتەوە و فێمێنیست بەزمانی ژنانی ناوچە جیاوازەکانی ئێران و زمانێکی ژنانە دەخاتە ڕوو و پانتایی ئاگایی فێمێنیستییش لەو شوێنانە بڵاو دەکاتەوە. هەربۆیە ئامانجی چالاکیی فێمێنیستی دەبێ پشت بە پێویستی ناوچە جیاوازەکان و گونجاو بەو شوێنە بێت.

لێرەدا تەنانەت ئەگەر بچینە سەر باسی فێمێنیستی سەروونەتەوەیش(فراملی) -هاوپەیمانی و پێکهێنانی پەیوەندیی سەروونەتەوەیی چەند نەتەوەیەک- کە خۆی لە بنەڕەتدا خوێندنەوەیەکە بۆ ئینێرسکشنالیتی، هەر دەگەڕێتەوە سەر باسی ئەوەی فێمێنیسم هەم جیهانییە هەم خۆجێیی(محلی). لە ڕاستیدا فێمینیزمی سەروونەتەوەیی یان ترانسنشناڵ، ڕوو تێ کردنێکی نوێیە بە چەمکێکی نوێ و هێندێک جاریش بەرانبەر بە فێمینیزمی نێونەتەوەیی دێتە بەرباس و وەک یەکتربڕێک چەمکەکانی، نەتەوە، نەژاد، ڕەگەز، مەیلی جنسی و ئابووری، بەیەکەوە گرێ دەدات. بۆ نموونە فێمێنیسمی ئافریقاییەکان نە وەکوو ژنێک یان ئافریقاییەک، بەڵکوو وەکوو چەمکێکی نوێ دەناسێنێت کە پێویستی بە باسی تایبەت بە خۆی هەیە، لە کاتێکدا فێمێنیسمی نێونەتەوەیی، تەنیا دەپەرژێتە سەر پێداویستیی ژنی سپی پێستی ئەورووپایی و ئامریکاییی چینی ناوەڕاست و هەوڵی گشتاندنی بەسەر هەموو ژنانی وڵاتان، بەبێ گرنگیدان بە پێداویستی و کێشە تایبەتییەکانیان دەدات.

لە ڕاستیدا «ترانسنشناڵ فێمێنیزم» گوتارێکی نزیک لە ئینتێرسکشنالیتیە و بەتایبەتی دوای کۆنفرانسی پەکینی ١٩٩٥ و بە بەشداریی فێمێنیستە جیاوازەکانی وڵاتانی ئاسیا و ئافریقا و وڵاتە ئیسلامییەکان، فرەییخوازی و ئەویتربینیی کردە باسی تایبەتی فێمێنیزمی جیهانی. لە دوای ئەویش ڕووداوەکانی ١١ی سێپتامبر و سەرهەڵدانی ڕەوتە توندڕەوەکانی وەک داعش و ڕووداوەکانی سووریە، عێراق، تورکیە، ئێران و بە گشتی ناوچەکە، بووە هۆی کۆچی زۆری خەڵکی ئەو ناوچە کێشەلەسەرانە بۆ ڕۆژئاوا و ساز بوونی بەستێنی «ترانسنشناڵ فێمێنیزم» لە دیاسپۆرادا.

ڕەوتێکی لە کۆچ، کە خاڵی ئەرێنیی ئەوە، لە ڕوانگەی نیکی کێدی، توێژەر و ڕۆژهەڵاتناسی ئەمریکی، «هاتنی بەشێکی زۆری ژنانی کۆچەری ڕۆژهەڵاتی بۆ ڕۆژئاوا بەتایبەت بۆ ناوەندە زانستییەکان، بووە هۆی ئەوەی ژنی ڕۆژهەڵات دەنگی خۆی بێت و ئیتر بە ناچاری ژنی ڕۆژئاوایی دەنگی ئەو نەبێت». چوونی ژنان بۆ ئەو ناوەندانە و پەیوەندی لەگەڵ ناوەندە نێودەوڵەتییەکان و چالاکان و کاناڵ و ناوەندە فێمێنیستییەکانی چەندین نەتەوە، بووە هۆی ئەوەی دووریی نێوان فێمێنیسمی خۆجێیی و فێمێنیسمی جیهانی کەمڕەنگ بێتەوە.

لە ڕۆژگاری ئاڵۆزی ئەمڕۆدا و لە ڕەوتی «بەجیهانی بوون»، یەکگرتوویی سەروونەتەوەیی فێمێنیستی، لە چەمکە سادە و سەرەتاییەکانی وەک خوشکانی جیهانی و گلۆبالی فێمێنیزم تێپەڕیوە و ئێستا بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانی و هاوپەیوەندیی فێمێنیسمی چەند نەتەوە، پێکهاتە و زمانێکی تر پێویستە و گرنگیدان بە تیۆریی ئینتێرسکشنالیتی، بۆ ئاسانکردنی ئەو ڕێگەیە هەرچەندە بەهێزە، بەڵام هێندێک جاریش بەربەست دروست دەکات. ئەو بەربەستانەش لەو بارودۆخانەی کە لایەنی ڕەگەزیی ئینتێرسکشنالیتی لەبەرچاو ناگیرێت، ڕوودەدات؛ بۆ ڕووبەڕووبەنەوەی ئەو چاوپۆشییە بەئەنقەستەش، ستراتێژیی داهێنەری زانست هاتووەتە کایەوە کە لەو کاتانەدا جەخت لەسەر چەمکی ئینترسکشنال فێمێنیزم دەکات.

خێرایـــی ڕووداوەکان لە جیهان و ناوچە و گۆڕانـــکاری لـــە هاوپەیوەندیـــی نەتەوەیی، ناوچەیی و ســـەروو میللییەکان، تێگەیشتنێکی نوێ و هەمەلایەنەی لە فێمێنیزمی سەرومیللی دروســـت کردووە. یەکگرتوویـــی فێمێنیزم لە هەر کات و شـــوێنێک و بەستێنێکی دیاریکراو، لەرێگەی گفتوگۆ، ڕێککەوتن، ئامانج و کرداری هاوبەش بەدەست دێت. چونکە فێمێنیزم هەم جیهانیە و هەمیـــش خۆجێیی، بەمەرجێکیش لە بەرانبەرێتـــی و پێکەوەیی نێـــوان هۆکارە خۆجێیی/ناوچەیی/نەتەوەیـــی یـــا هـــۆکارە سەروونەتەوەیی/ جیهانییەکان پێک بێت.

بـــۆ پێکهێنانـــی ئـــەو یەکگرتووییـــە سەروونەتەوەییەش پێویست ناکات خەبات لە ڕەسەنی ڕاســـتەقینەی خۆی جیابکەینەوە و بە زۆری لەگەڵ پێناســـە و پێـــوەرە جیهانییەکان بیگونجێنیـــن، هەروەهـــا پێویســـتیش ناکات خەبات لە داهێنانی خۆجێیی بەتاڵ بکەینەوە و وەکوو بەستەیەکی پاککراوە بیدەین بە جیهانی ئاڵـــۆزی نیئۆلیبرالیزم؛ بـــە پیچەوانەوە ئامراز و نەخشـــەرێگای خەباتێک دەبێـــت لە خزمەتی ژینگەناســـیی خەباتدا بێت و بە سەرنجدان بە ئامانجە دیاریکراوەکان، زەمینەی ڕاســـتەقینەی بابەتی هـــەر خەباتێک دیـــاری بکرێت. وەکوو هانا ئارێنت دەڵێـــت: «ئامرازەکان هەندێک جار دەتوانن زیاتر لە ئامانجەکان لەگەڵ چارەنووس و ئایندەی بزووتنەوە پەیوەندییان هەبێت».

لەکۆتاییدا و بە گشتی پرسی ژن پرسێکی جیهانییـــە، بـــەڵام لە هـــەر وڵاتێـــک بەپێی بارودۆخی ژنـــان و هەلومەرجی حکوومەتەکان و یاســـاکان، بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاڵۆز و ئاریشەدارە و خواست و چالاکاییەکانیش تایبەتمەندیی خۆیانیان هەیـــە. لەبارەی ژنانی کوردیشەوە مەســـەلەی هەڵاواردنی چەندقات لە گۆڕێدایە. واتە بەهۆی شوناســـی کوردبوون، ســـتەمی نەتەوەیی، بە هۆی شوناسی ژن بوون، ســـتەمی ڕەگەزی، بەهۆی شوناسی مەزهەبی، ســـتەمی ئایینی و هتدیان لێ دەکرێت؛ چونکە لـــە کۆمەڵـــگای ئێرانـــدا، کوردێک لـــە ڕەوتی بەکۆمەڵایەتـــی بوونـــی، ناچار بـــە دەرکەوتنی ڕەسمی وەکوو شارۆمەندێکی فارسە، هەربۆیەش هەڵاواردان بەرانبەری چەند قاتە.

لـــە لایەکـــی دیکەشـــەوە لـــە وڵاتانێکی فرەنەتـــەوەی وەکـــوو ئێـــران، هـــەر ڕەوتێک، ئـــەو ڕەنگدانەوەیـــە لەخۆ نەگرێـــت، ناتوانێت سەراســـەری و تەنانـــەت دێموکراتیکیش بێت. بۆیـــە بزووتنەوەی ژنان لە ئێـــران بەو جۆرەی کـــە هەیـــە سەراســـەری نییە و کـــەم تا زۆر نوێنەرایەتیی بزووتنـــەوەی ژنی فارس دەکات و ژنانی ســـەر بە نەتەوەکانـــی دیکەش کە لەو ڕێکخســـتنانەدا چالاکی دەکـــەن، وەکوو تاک بەشـــدارن و ناتوانن لـــەو چوارچێوەیەدا وەک ژنێکـــی نەتەوەی جیاواز کە لەگەڵ هەڵاواردنی چەندقـــات و ئەنجامـــە سیاســـی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانـــی بەرەوروویـــە، نوێنەرایەتیی ژنانی ئەو نەتەوەیە بکات.

هەربۆیـــەش دەبینین کێشـــەکانی ژنێکی نەتـــەوەی جیـــاواز وەک کـــورد، وەک چـــۆن ناتوانێـــت لە دادگایـــەک بەزمانی دایکی دیفاع لـــە خۆی بـــکات، تەنانـــەت بـــۆ دایکایەتی و پەروەردەی منداڵ دەبێ وەک فارســـێک ڕەفتار بکات و شوناســـی ژنێکی فـــارس بۆ چوونە ناو کۆمەڵگا، زانکـــۆکان، ئیدارەکان و قوتابخانەکان و ... وەربگرێـــت و ئەمەش کاریگەریی لەســـەر متمانەبەخۆبـــوون، شـــێوازی بیرکردنـــەوە و داهێنەری بـــە زمانی دایکی دادەنێت، هەروەها دەیان کێشەی دیکەش بە سەرپۆشی دەمێننەوە و ئاشـــکرا نابن و کەسیش لە بیری چارەسەری کێشەیەکی داخراو و شاراوەدا نییە.

گرنگـــی نـــەدان بـــە مەســـەلەی مافـــی دێموکراتیک-نەتەوەیی نەتـــەوە جیاوازەکانی ئێران لـــە ڕاســـتای دێموکراتیزەکردنی بە بێ مافەنەتەوەییەکان، دەبێتە هۆی دووریی نێوان ژنانـــی ناوەنـــد و ئەو ژنانەی کە هـــەم بۆ مافە نەتەوەییـــەکان و هەم ڕەگەزییـــەکان هەوڵ دەدەن.

سروشـــتییە کە بەرەســـمی ناســـینی مافە جیاوازەکانـــی ئەو نەتەوانـــە دەبێتە هۆی لێک نزیکبوونـــەوەی ڕێکخســـتنەکانی بزووتنەوەی ژنان لـــە ئێران، بـــەڵام کاتێک ژنانـــی ناوەند تێگەیشتنێکی دروســـتیان لە بارودۆخی ژنانی نەتەوە جیاوازەکان نییـــە و تەنانەت ڕاگەیاندنە فارسییەکان و وێبسایتەکان، گرنگی بە هەواڵی چالاکانی ژنـــی نەتەوەکانی تر و ســـەرکوتیان نادەن، لە کاتێکـــدا هەواڵی ژنانی ناوەند لەهەر بارودۆخێکـــدا بڵاو دەکەنـــەوە و هەواڵی ژنانی چالاکی کوردیش کە بۆ ماف و شوناسی خۆیان خەبـــات دەکەن، بایکۆت دەکرێ و خواســـت و خەســـار و گوتاریان باس ناکرێت، ڕوونە کە ئەو ڕەفتارانە بێمتمانەیی دروست دەکەن.

هەرچەندە ناکـــرێ کەمکاریی ژنانی نەتەوە جیاوزەکانیش باس نەکرێت کە بەو شـــێوەیەی کە پێوســـتە گوتاری خۆیانیان نەخستۆتە ڕوو؛ بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا بە شێوەیەکی گشتی و وەکوو ژنانی کورد بەتایبەتی، ساڵانێکی زۆرە لە چوارچێوەی ڕێکخراو و حیزبە سیاسییەکاندا بۆ هەر دوو ئامانجی ماف بەرابەریخوازە نەتەوەیی و ڕەگەزییەکان خەبات دەکەن و ئەمەش خاڵی جوداییی ژنی کورد و فارسە.

وەک کۆتا قســـەش، هەمیشە لە پەیوەندی لەگەڵ خەباتی ژنانی نەتـــەوە جیاوزەکان، ئەو مشتومڕە هەیە کە ئایا ئەولەوییەت لەو خەباتەدا بە مافی ڕەگەزییە یان نەتەوەیی؛ مشـــتومڕێک کـــە نە بۆ بزووتنەوەی ژنـــان و نە بزووتنەوەی نەتەوەیـــی هیـــچ قازانجێکی نییـــە و ئەو دوو بزووتنەوەیـــە دەبێت بە شـــێوەی هاوئاهەنگ و هاوتەریب و هاوشـــان بچنە پێشـــەوە و ئەگەر هەرکامیان دوا بکەوێـــت، کاریگەریی نەرێنی، هەردووکیـــان دەگرێتـــەوە. هـــەوەک چۆن لە هەڵاواردنـــی یەکتربـــڕ هـــەڵاواردن چەندقات دەبێت؛ ســـەرکەوتنی دوو بزووتنەوەش پێکەوە چەندقاتـــە و کاریگەریـــی ئەرێنیـــی هەر دوو بزووتنەوەی نەتەوەیـــی و ژنان دەگرێتەوە و بۆ زیندووڕاگرتنی هەردووکیشـــیان باشترین ڕێگا بردنەسەری ئاگایی و ســـەرمایەگوزاری لەسەر پەروەردە و فێرکارییە.

## سەرچاوەکان


• بیســـت و پنجمین کنفرانس بنیاد پژوهشـــهای زنان ایران تحت عنوان «زنان برای تغییر: همکاری و مشارکت سیاسی»
• https://shahrvand .com/archives/53285
• http://asoyroj.com /farsi//detail.aspx?=hewal&jmara=6657&Jor=7
• https://www.bbc. com/persian/blog -view-points-38200453
• سلســـله وبینارهای کمپین «علیه ناموس پرستی» درباره خشونت سیستماتیک دولتی علیه زنان در ایران
• https://digari.org/%D8% AA%D9%82%D9%84 %DB%8C%D9%84-%D8%AF%D8%A7 %D8%AF% D9%86-%D8%B2%D9%86-%DA%A9%D8%B4%DB%8C-%D8%A8%D9%87-%D9%82%D9%88%D9%85% DB%8C%D8%AA-%DB%8C%D8%A7-%D9%85%D9%84%DB%8C%D8%AA-%D8%AE%D8%A7%D8%B5%DB%8C%D8%8C/
• https://azdemokrasi.wordpress.com/2010 /04/07/mosahebe-mahsa-mehdili/
• https://farsi.alarabiya.net/fa/views/2019/03/09/%D8%B3%D8%AA%D9%85-%D9%85%D8%B6%D8%A7%D8%B9%D9%81-%D8%A8%D8%B1-%D8%AF%D9%88%D8%B4-%D8%B2%D9%86%D8%A7%D9%86-%D8%BA%DB%8C%D8%B1-%D8%AA%D9%87%D8%B1%D8%A7%D9%86%DB%8C-
• https://www.radio zamaneh.com/405816
• https://iranglobal.info/node/53185
• http://feministschool.com/spip.php?article1660
• http://feministschool.com/spip.php?article7366
• https://fa.wikipedia.org/wiki/%D9%86%DB%8C%DA%A9%DB%8C_%DA%A9%D8%AF%DB%8C
• https://fa.wikipedia.org/wiki/%D8%A7%DB%8C%D9%86%D8%AA%D8%B1%D8%B3%DA%A9%D8%B4%D9%86%D8%A7%D9%84%DB%8C%D8%AA%DB%8C

# جیاکاریی جێندەری و فێمێنیزم
# لە کۆمەڵگەی کوردیدا

خەندە حەمید

لەم وتارەدا هەوڵی شیکارکردنی جیاکاریی جێندەری و هۆکارەکانی لە هەرێمی کوردستان دەدەم، هەروەها فێمێنیزم وەک ئەڵتەرناتیڤێکی چارەسەری بۆ دەربازبوون لەو جیاکاری و نادادپەروەرییە جێندەرییەی لەم هەرێمەدا هەیە، دەخەمەڕوو.

## پێشەکی

جیاکاریی جێندەری یەکێکە لەو کێشە سەرەکییانەی لە زۆرینەی کۆمەڵگە و کولتوورەکاندا ڕووبەڕووی مرۆڤەکان و بەتایبەتی ژنان دەبێتەوە. بەدرێژایی مێژوو، ژنان هەڵاوێردراون و جیاکراونەتەوە و وەک نزمتر لە پیاوان سەیرکراون. لە زۆرینەی کۆمەڵگە و کولتوورەکاندا پیاوان و ژنان لەسەر بنەمای دوالیزمێتی سەروەر و کۆیلە، هۆشمەند و سۆزمەند، بەهێز و لاواز و هتد دابەش کراون و لە یەکدی جیاکراونەتەوە. وەک دەگوترێ ژن ناسکە، یەک پارچە سۆزە، جوانە، لاوازە؛ هاوکات پیاو ڕەقە، زبرە، توندە، بەهێزە! بۆیە پێویستە پیاوان و ژنان ئازاد بن لەوەی هەردووکیان هەستیار بن هەروەک چۆن بەهێزیش بن. لەبەرئەوە گەرەکە ئەم دابەشکردنانە هەڵبوەشێنرێنەوە.

جیاکاریی جێندەری لەوێوە دەست پێ دەکات، کاتێک مرۆڤێک تەنیا بە هۆی جێندەرەکەیەوە بە نایەکسانی و خراپ ڕەفتاری لەگەڵ دەکرێت. چونکە سەروەریی پیاو زاڵ کراوە بەسەر سەروەریی ژندا. لەبەرئەوە بەگشتی ژنان زیاتر ڕووبەڕووی جیاکاریی جێندەری دەبنەوە. هۆکارەکانی جیاکاریی جێندەری بریتین لە: سیستەمی پیاوسالاری، ئایین، خێڵ، سیاسەت، ئابووری، هەروەها خێزان یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکان.

گەر ئێمە باس لە جیاکاریی جێندەری بکەین دەبێت لە شتە بچووکەکانەوە دەست پێ بکەین و پەل بهاوین بۆ شتە گەورەکان. بە داخەوە ڕەنگە بە لای زۆرێکەوە شێواز و فۆرمەکانی جیاکاریی جێندەری، شتی هاکەزایی و شایانی قسە لەسەرکردن نەبن، هەربۆیە ئەم جیاکاری و نایەکسانییانە بەردەمی هەمووواندا ڕەت دەبن و هیچکەس ناوەستێنن، ئاخر لای هیچ کەس نابێتە پرسیار. گەرەکە هەموو مرۆڤێک لە خۆی بپرسێ بۆچی ئەم کێشە و جیاکارییە جێندەرییانە بەم شێوەیە ڕەگیان داکوتاوە؟! بۆچی بەبێ ئەوەی هەنگاوی چارەسەری بنێین، ئومێدی گۆڕانکاریمان لەدەست داوە؟ ئایا دەکرێ تاکەکانی کۆمەڵگەی ئێمە بەتایبەت ژنان ئازاد بن و ئاسوودە بژین، لە کاتێکدا ڕۆژانە کوشتاری ژنان لە زیادبووندایە؟ ڕەنگە زۆرێک بپرسن ئێمە لە کۆمەڵگەکەماندا خەمی زۆر گەورەترمان هەیە؛ من دەڵێم دەزانم کە هۆشیاریی جێندەری تەنیا خەمە گەورەکە نییە، بەڵکو یەکێ لە کێشە گەورەکانە و فەرامۆش کراوە.

لەم وتارەدا هەوڵی شیکارکردنی جیاکاریی جێندەری و هۆکارەکانی لە هەرێمی کوردستان دەدەم، هەروەها فێمێنیزم وەک ئەڵتەرناتیڤێکی چارەسەری بۆ دەربازبوون لەو جیاکاری و نادادپەروەرییە جێندەرییەی لەم هەرێمەدا هەیە، دەخەمەڕوو.

## جیاکاریی جێندەری

جیاکاریی جێندەری بریتییە لە ڕەفتارێکی زیانمەند کە تەنیا لەبەر جێندەرەکەی، بەرانبەر بە تاکێک یان گرووپێک دەکرێت؛ یاخود بریتییە لە هەڵوێستێک، ڕەفتار و کردارێک یان بڕیارێک، بەشێوەیەکی لایەندارانە لەسەر بنەمای جێندەر.

جیاکاریی جێندەری بە شێوەیەکی بایۆلۆژی بە هیچ کەس نەدراوە، بەڵکو کۆمەڵگە وەک نۆرم، بەها و کولتوور، بەسەر تاکەکانیدا دەیسەپێنێت. بە گشتی نایەکسانیی جێندەری و جیاکاری بەرانبەر ژنان بەکاردێت، لەبەرئەوەی ژنان وەک نزمتر و لاوازتر لە پیاوان سەیر دەکرێن. ئەم جیاکارییە لە نایەکسانیی ژنان و پیاوان لە ئابووری و داهاتدا، لە سیاسەت و دەوڵەتداریدا، لە ئیشدا، لە خاوەندارێتیدا، لە میراتدا، لە خوێندن و پەروەردەدا، لە توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەردا و لە توندوتیژیی خێزانی

بەرانبەر بە ژناندا دەردەکەوێت. هەروەها جیاکاریی جێندەری چەندین ڕووی هەیە بە فۆرمی جیاواز، وەک: هاوسەرگیریی پێشوەخت، توندوتیژیی خێزانی، دەرهێنانی کچ لە خوێندن، جیاوازی کردنی کچ و کوڕ لە خواردن و جلوبەرگ، بێڕێزی کردن بە کچان لە نێو کۆمەڵگە و خێزاندا، نەبوونی توانستی بڕیاردان و دەسەڵات، سەرووەریدان بە کوڕ، نادادیی کۆمەڵایەتی بەرانبەر بە ژنان. لە ڕاستیدا کێشەی بنەڕەتیی جیاکاریی جێندەری ئەوەیە بۆت دیاری دەکرێت ببی بەکێ، لە بری ئەوەی خۆت کێی! بۆیە لە کوێدا جیاکاری هەبێت، لەوێدا نادادی هەیە.

ئایینی ئیسلام ڕەوایەتییەکی زۆر دەدات بەم جیاکارییە لەبەرئەوەی چەندین کۆتوبەندی بۆ ژنان داناوە، چۆنیەتیی قسەکردن، لەبەرکردنی جلوبەرگ، چۆنیەتیی خواردن و ڕەفتار نواندن، جووڵە و بەرێگادا ڕۆیشتن و هتد. هەموو ئەمانە پیاوان ناگرێتەوە. هەربۆیە ئێمەی ژنان پێوستمان بە جۆرە یاخیبوونێکە بۆ لادان لە چاوەڕوانییەکانی ئایین و نەریتی ئایینی (یان کۆمەڵگا).

بە گشتی جەستەی پیاو لە سەروو جەستەی ژنان و منداڵانەوەیە. ئەمەش وەک شتێکی ئاسایی دەبینرێت، چونکە کوردستان کۆمەڵگەیەکی پیاوسالارییە، وەک زۆرینەی کۆمەڵگەکان پیرۆزکردنی پیاو بە جەستەشیەوە شتێکە قابیلی پرسیار و گومانکردن نییە. لەبەرئەوە زۆر ڕێگەیان داناوە وەک نەریتی ئایینی و کۆمەڵایەتی، پەیڕەوی دەکەن بۆ کۆنترۆڵکردن و دیسیپلینکردنی جەستەی ژنان، سەرەکیترینیان خەتەنەکردن و سەرپۆش(حیجاب)ـە. هەروەها خەتەنەکردن، توندوتیژییەکی فیزیکییە بەرانبەر بە کچان. جیاکاریی جێندەری لە خەتەنەکردنی کچان بەربەرییانەیە و زیانی تەندروستیی هەیە، ئەشکەنجە و ئازاری لەگەڵە، هۆکاری سەرەکی بۆ کۆنترۆڵکردنی سێکسوالیتی و چێژ و ئۆرگازمی ژنە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ دەسەڵاتی زاڵی پیاوانە.

خەتەنەکردن و حیجاب دوو دیاردەی کۆمەڵایەتی و ئایینین، لە ڕێگەی ئایینی ئیسلامەوە هێنراونەتە نێو کۆمەڵگەی کوردییەوە. تاکە پاساو بۆ ئەمە، داپۆشین و کۆنترۆڵکردنی سێکسوالیتیی ژنانە، هەروەها دیسیپلینکردنی جەستە و ژیانی کچان و ژنانی ئەو کۆمەڵگایانەیە کە زۆر داخراون. هەربۆیە لێرە ژنان بە ڕادەیەکی زۆر جەستەیان ئازار دەدرێت، ڕووبەڕووی توندوتیژیی جەستەیی و دەروونی دەبنەوە، هەروەها لە شەقامەکاندا گێچەڵی سێکسییان پێ دەکرێت بۆ هەموو ئەمانە هۆکار و فاکتەری زۆر هەن. هەندێکیان لەژێر کاریگەریی توندڕەویی ئایینی و نەریتی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا ئەنجام دەدرێن. لە ئایینی ئیسلام و بەتایبەت لە مەزهەبی شافیعیدا، کە زۆرینەی کورد پەیڕەوی ئەو مەزهەبە دەکات، وەک فەرز دادەنرێت و دەسەپێنرێت. هەروەها لە کوردستان، خێزان، بنەماڵە و کۆمەڵگا بۆ چاودێریی جەستەی کچەکانیان سەرپۆش یان حیجابیان پێ دەکەن. پێیان وایە دەبێت جەستەی کچان و ژنان داپۆشراو بێت، هەست و هەڵچوونەکانیان کپ بکرێنەوە، ئەوان بەو جۆرە لێکی دەدەنەوە کە کچەکانیان دەپارێزن! پرسیار ئەوەیە لە چی و لە کێ دەیانپارێزن؟ هەربۆیە تاکوو ئەو ئەقڵییەتە پیاوسالاری و خێڵەکی و ئایینییە نەگۆڕدرێ جیاکاری، توندوتیژی و گێچەڵی سێکسی بنەبڕ نابێت. لەبەرئەوەیە لێرە زۆرینەی کچان بە زۆر سەرپۆشیان پێ دەکرێت بۆ ئەوەی پارێزراو بن! ئەوانیش بە ناچاری دواتر وەک ڕاستییەک قەبوڵی دەکەن. هەموو ئەم ڕەفتارانەی بەرانبەر کچان دەکرێت تاکە هۆکار و پاساویان ئەوەیە کە بە پاکیزەیی بمێننەوە! کەوایە پاکیزەییش دیوێکی تری جیاکاریی جێندەرییە.

یەکێک لەو بوارانەی تر کە جیاکاریی

تێدا دەکرێت یاسایە، لە هەرێمی کوردستان یاساکان لەسەر بنەمای شەریعەتی ئیسلامی دادەڕێژرێن؛ یاسا شەرعییەکانیش لێکدانەوەی جیاوازیان بۆ دەکرێت. ئەمەش ڕێگە بەوە دەدات زیاتر لێکدانەوەی پیاوسالارانە بۆ بەند و بڕگە یاساییەکان بکرێت. هەروەها پیاوان و دادوەرە پیاوەکان زۆرینەی دادگاکان بەڕێوەدەبەن و پەرلەمانتار و یاسادانەرەکانیش زۆرینە پیاون، بۆیە زیاتر لێکدانەوە و ڕاڤەی یاساکان و دارشتنی یاساکان لە بەرژەوەندیی پیاواندایە و جیاکاریی تێدا دەکرێت.

لە هەرێمی کوردستاندا، لە ساڵی ٢٠١٤ لە ٢٥٠ دادوەر تەنیا ١٢ دادوەریان ژن بوون. هەروەها سەرەرای ئامادەیی ژن لە پەرلەمان و لە ئەنجومەنە خۆجێییەکان، ژمارەی ژن لە ناوەندەکانی بڕیار یەکجار کەمە، بۆ نموونە لە ٢١ وەزارەتی حکوومەتی هەرێم، تەنیا یەک وەزیری ژن هەیە. لەبەر ئەوە تاکوو بەرزتر بڕۆی لە هەر بوارێکدا ژنانی کەمتر دەبینی. هەروەها زۆرینەی ژنە ئەندام پەرلەمانەکان لە ڕێگەی بەرپرسە پیاوەکانی حیزبەکانیانەوە پاڵێوراون. ئەمەش وا دەکات کە ئەوان ناچار بن بە گوێرەی تێڕوانینی حیزبەکانیان لە کێشەی ژن بڕوانن. یان لە ڕێگەی سیستەمی کۆتاوە دەردەچن.

هەروەها لە ئابووریدا ژمارەیەکی کەمی ژن خاوەن ئیش و کۆمپانیان، ژنان لە ڕووی ئابوورییەوە سەربەخۆ نین و لە ژێر ڕکێفی پیاواندان. سەرۆک فەرمانگەکان، کۆمپانیا و خاوەن ئیشەکان زۆرینە پیاون، هەروەها زۆرینەیان سکرتێری کچ بۆ خۆیان دادەنێن. ئەم کچانە زۆر جار ڕووبەڕووی هەراسانکردنی سێکسی دەبنەوە. بۆیە بەشداریی ژنان لە سیاسەت، ئابووری و دەسەڵاتدا زۆر سنووردارە. بە هۆی زاڵبوونی ئایین و مێنتەڵێتی خێڵەکییەوە، بەشداری و ئیشی ژنان تەنیا لە ماڵداریکردن، خێزان و منداڵ بەخێوکردندا کورت کراوەتەوە.

کەوایە پراکتیک کردنی جیاکاریی جێندەری بەردەوامە و بەها جێندەرییەکان، تاکوو ئێستاش پیاوسالارانەن، توندوتیژی دژی ژنان بەردەوامە، بەشداریی ژنان لە کاری دەرەوە، ئابووری، ... هتد سنووردارە، زۆرینەی ژنان ڕێژەی خوێندەوارییان لە هی پیاوان کەمترە.

هەروەها لە زانکۆکانی هەرێم جیاکاریی جێندەری بوونی هەیە. بۆ نموونە مامۆستا هەیە جیاکاری لە نێوان کچ و کوڕ دەکات، نمرەی زیاتر بە کچێک دەدات ئەگەر داوای پەیوەندییەکەی قەبووڵ بکات. ڕێژەی زۆرینەی مامۆستایانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان پیاون. ڕێژەی زۆرینەی پرۆفیسۆرەکان پیاون. هەروەها ڕێژەی زۆرینەی سەرۆک بەشەکان، ڕاگرەکان و سەرۆکی زانکۆکان پیاون. تەنانەت یەک سەرۆک زانکۆی ژن نییە. ڕێژەی مامۆستا و پرۆفیسۆری ژن لە زانکۆکانی کوردستان زۆر کەمە. ڕەنگە هەندێک کەسی ئەکادیمی بڵێن بەرزکردنەوەی پلەی زانستی پرۆسەیە و کەسەکە دەبێت هەنگاوەکان ببڕێت بۆ ئەوەی پلەی بەرزبکرێتەوە؛ بەڵام لە ڕاستیدا تەنیا پلە بڕینی ئەکادیمی نییە، بەڵکوو ئاستەنگی زیاتر لەبەردەم ژنانە و لە بناغەوە زەمینەسازیی لەبار نەکراوە بۆ ژنانی نێو ئەکادیمیاکان تاکوو بگەنە پلە بەرزە زانستییەکان. لە لایەکی دیکەوە ڕێژەی نەخوێندەواری لەناو ژناندا زیاترە، لەبەرئەوەی جاران زوو کچان لە قوتابخانە دەردەهێنران، تا پۆلی شەشەمی سەرەتایی، سێیەمی ناوەندی یان شەشەمی ئامادەیی ڕێگەیان پێ دەدرا بخوێنن، ڕێژەیەکی زۆر کەم لە کچان دەیانتوانی بچنە زانکۆ، چونکە پێیان وا بوو کچ پێویست نییە بخوێنێت، بەڵکوو دەبێ خزمەتی ماڵ، دایک و باوک یان مێرد بکات!

جیاکاریی جێندەری لە هەر کۆمەڵگەیەکدا دەگۆڕێت. مەرج نییە ئاستی یەکسانیی جێندەریی وڵاتەکە لە لای هەموو تاکەکانی وڵاتەکە وەک یەک بێت. دەشێ

وڵاتێک وەک سەرجەم، یەکسانیی جێندەری تێیدا لە ئاستێکی بەرزدا بێت، بەڵام لە لایەن تاکەکانییەوە جیاکاریی جێندەری هەبێت، هەرچەندە ئەمە کاریگەرییەکەی کەمترە. تەنانەت لە وڵاتە پێشکەوتووەکان و ئەوانەی کە یەکسانیی جێندەری لە ئاستێکی بەرزدایە، بۆشایی و جیاکاریی نێوان جێندەرەکان تەنیا توانراوە کەم بکرێتەوە، نەک بە تەواوی بنەبڕبکرێت. بۆیە تاکوو ئێستاش یەکسانییەکی تەواو لە نێوان جێندەرەکاندا بوونی نییە.

یەکسانی واتای یەکایەتی(وەکیەکی) نییە، ئەوە نکۆڵی ناکرێ کچ و کوڕ لە ڕووی بایۆلۆژییەوە جیاوازن. ڕاستە پیاوان لە ڕووی فیزیکییەوە بەهێزترن، بەڵام ئێمە ئەمڕۆ لە جیهانێکی جیاوازتردا دەژین. ئەوەی سەرکردایەتی دەکات کەسێکی هێزدار نییە، بەڵکوو کەسێکی داهێنەر و زیرەکە. بۆیە دەشێ هەر دوو جێندەرەکە بە یەکسانی ئەم خەسڵەتانەیان هەبێت. ڕاستییەکی تاڵ ئەوەیە گێڕانەوەی چیرۆکەکانی جیاکاری ئاسانە، بەڵام ئیش کردن بۆ فرەیی و یەکسانیی ڕاستەقینە سەختە. چونکە یەکسانیی جێندەری تەنیا کێشەیەکی ژنانە نییە، بەڵکوو کێشەیەکی مرۆیانەیە و کاریگەریی لەسەر هەموومان هەیە.

## فێمینیزم وەک چارەسەر

کاتێک فێمینیستەکان باس لە یەکسانیی جێندەری دەکەن، ئارگومێنتی ئەوە ناکەن کە نێر و مێ یا ژن و پیاو بەتەواوی وەکوو یەکن و لە ڕەفتار، توانست و هەڵبژاردنەکانیاندا هیچ جیاوازییەک لە نێوانیاندا نییە. هەروەها ناڵێن دەبێ هەموو جیاوازییە جێندەرییەکان لەناو ببرێن. لە یەکسانیی جێندەریدا، ژن و پیاو، وەک بوونێکی یەکسان لە ڕووی بەها و پێگەوە سەیردەکرێن. هەروەها بڕیار بەسەر کەسێکدا دەدرێت لەسەر بنەمای شارەزایی و لێهاتوویەکەی نەک سەیرکردنی ژن و پیاو وەک سەروەر و کۆیلە، باڵاتر و نزمتر تەنیا لەبەر جێندەرەکەیان. مافی یەکسان بەس نییە، چونکە نایەکسانی و جیاکاریی جێندەری لەنێو هۆشماندا بوونی هەیە، بۆیە دەبێت ئەمە گۆڕانکاریی بەسەردا بێت. هەربۆیە فێمینستەکان ئیش لەسەر گۆڕانکاریی ئەو مێنتاڵێتییە دەکەن.

فێمینستەکان بیانووی بایۆلۆجی ڕەت دەکەنەوە و باوەڕیان بە هیچ جیاوازی و بەربەستێکی بایۆلۆجی و کۆمەڵایەتی بۆ ژن نییە. بۆیە کاری سەربازی و زۆر کاری تر کە بۆ ژنان بە نەشیاو و بقە دەزانرا، فێمینیستەکان پێچەوانەکەیان سەلماند. ئێمەش لە کوردستان نموونەیەکی زیندوو و بوێرانەمان هەیە. لە ڕۆژئاوای کوردستان کە ژنانی شەڕڤان، توانیان بەرانبەر دڕندەترین هێزی تاریک و توندڕەو بوەستنەوە و تێکیان بشکێنن.

گرنگە یەکسانیی جێندەری، دادپەروەری و یەکسانی و بەمرۆیی بوونی سەرجەم کایەکانی لەنێو خۆیدا هەڵگرتبێ. تاکوو ژنان بە بیر و هزر و توانستی خۆیان، یەک گوتاری هاوبەشیان نەبێت و لەهەوڵی بەرفراوانکردنی ڕێسا و ماف و گوتاری ژنانە نەبن، داوا کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ژنان جێبەجێ ناکرێ .تەنیا «ژنە پیاو» بەرهەم دێت!

پیاوسالاری ژنی هەڵاوردووە. زۆرینەی ژنی کورد تا ئێستا گوتار و هزری فێمێنستیی لە لا نەورووژاوە و هیچ ئاگاداری ئەم مێژووە نییە. تەنیا بیر و بۆچوون و جیهانبینیی پیاوسالاری (پاتریارکی) دەناسێ و پەیڕەوی دەکات.

فێمینیزم هەوڵ دەدات بۆ گۆڕینی ئەو ئەقڵیەت و کولتوورەی کە ژنی وەک گوناهبار نیشان داوە و بەردەوام سەرکوتی کردووە. بۆ دەرچوون لە چوارچێوەی ئەقڵیەتە ترادیسیۆنییەکان، پێویستمان بە هۆشیارییە، چونکە هۆشیاری، ئازادی دروست

دەکات. ئەوەی پێویستە بۆ چارەسەرکردنی جیاکاریی جێندەری، هەبوونی بزوتنەوەیەکی فمێنیستییە، کە پرۆژەی بۆ بەرەو پێشچوونی هۆشیاری و فکری ژنان هەبێت.

گەرچی سیستەمی پیاوسالاری بە ئاسانی دەسەبەرداری ئەو دەسەلات و سەروەرییە بالا و زەوتکەرەی خۆی نابێت، بەلام هەولی فێمینستەکان، تێکشکاندنی ئەم سەروەرییە زال و بالادەستەیە. هەربۆیە گەر بمانەوێ یەکسانییەکی جێندەری دروست بکەین، پێویستە لە کچ و کورەکانمانەوە دەست پێ بکەین و بە یەکسانی و جیاوازتر لەوەی هەبووە پەروەردەیان بکەین. پێویستە منداڵەکانمان بە شێوەیەک پەروەروەردە بکەین کە سەرنجیان لەسەر تواناکانیان بێت نەک ئەو پێگە جێندەرییەی هەیانە، لە کاتێکدا لە زۆرینەی خێزانەکاندا گرنگیی زیاتر بە کورەکان دەدرێ و جێگای شانازین، بە شێوەیەک پەروەردە دەکرێن کە نەترس و پیاوانە و توند و رەق بن، چونکە لە دواجاردا ئەوان دەتوانن کچەکان بپارێزن! بەلام ئەمە نەک روونادات، بەلکو دەبێتە هۆی ئەم هەموو توندوتیژییەی کە ئێستا لەنێو خێزان و کۆمەڵگەی کوردیدا هەیە.

هەروەها پێویستە ژنانی هۆشیار و چالاک بۆ نیوە چەوساوەکەی کۆمەڵگە خەمخۆربن و بیر لە رێگەچارەیەکی یەکلاییکەرەوە بکەنەوە. ژنان پێویستییان بەوەیە لە کۆت و بەندی ئایین و نەریتی کۆمەڵایەتی و پیاوسالاری ئازاد بکرێن، یەکێک لە رێگەکانی ئەم ئازادبوونەش تەنیا لە رێگەی یەکسانیی جێندەری لەنێو ژیاندا بەدی دێت. لەبەرئەوە دەکرێ فێمینیزم ئەو ئەلتەرناتیڤە بێت، کە خۆی یەکێ لە ئامانجە سەرەکییەکانی یەکسانیی جێندەری و هێنانەدی مافە زەوتکراوەکانی ژنانە. هەروەها هۆشیارییەکی دروست دەتوانێت خواست و گوتاری ژنانە پەرە پێ بدات، مافە زەوتکراوەکان بستێنێتەوە و یەکسانییەکی شیاو دەستەبەر بکات. لەبەر ئەوەی فێمینیست مرۆڤێکە باوەری بە پەیوەندییەکی نوێی کۆمەڵایەتی هەیە؛ باوەری بە یەکسانی و هۆشیارییەکی راستەقینە هەیە؛ کەسێکە خودی خۆی دەناسێ و گوزارشت لەو خودناسینەی خۆی دەکات. هەولی فێمنستەکان تێکشکاندنی سەروەریی زال و بالادەستیی پیاوسالارییە. پێویستە هیوا و ئومێدمان هەبێت بۆ گۆرینی ئەم بێدادییە، چونکە مرۆڤایەتی ئەو توانستەی هەیە کە ئەم دۆخە تێپەرێنێت و جیهانێکی جیاوازتر و دادوەرانەتر دروست بکات.

کاری جدی و کولتووری دەتوانێت ئەم دەمارگرژییە خێڵەکییە پیاوسالارانەیە کەم بکاتەوە و لەناوی بەرێت، ئەگەرچی کاریگەرییەکانی هێواش و لەسەرخۆش بن. ئێمە لە نێو کێشەکانی ئەو کۆمەڵگایەداین، هەربۆیە لەو کێشانە تێدەگەین و دەیانبینین کە لەنێو کۆمەڵگاکەماندا هەن، بە هەموومان دەتوانین تیشک بخەینە سەریان و راستیان بکەینەوە. پێویستە کاربکەین بۆ کۆمەڵگایەکی یەکسان و بلاوکردنەوەی هۆشیارییەکی جێندەری کە شایستەی ژیان و گوزەرانی هەموو تاکێک بێت، بەتایبەت ئەو کەسانەی کە گۆرانکاری خەمیانە و دەیانهەوێت لە ژیانێکی شایستەی یەکسان و گونجاودا بژین.

بەهۆی جیاکارییەوە بۆشاییی نێوان جێندەرەکان فراوانتر دەبێت، هەربۆیە پێویستە بەهاکانی ئەم دوو جێندەرە لەسەر بنەمایەکی یەکسان دیاری بکرێن. هەرچەندە ئەمە ئیش کردن و کاتی دەوێت، بەلام شتێکی مەحال نییە. فێمینیزم مرۆڤ و تاک هۆشیار دەکاتەوە. رەنگە هەندێک کەس، ئەمە بە مەترسی بۆ دەسەلاتی پیاوسالاری بزانن. فێمینیزم هەولی ئەوەیە بە جیهانبینییەکی ژنانەوە رەخنە لە گوتاری زالی پیاوانە و نێرسالارانە بگرێ. لەو روانگەیەوە دەروانێت کە گەیاندنی ژنان بە بارودۆخی باش و شایستە،

گەیاندنی سەرجەم کۆمەڵگایە بە بارودۆخی دروست و سروشتی. هەروەها فێمێنیزم ئیش دەکات بۆ سەربەخۆیی ژیان و جەستەی ژنان، لە دەستدرێژی و هەراسان کردنی سێکسی و توندوتیژیی خێزانی. هەوڵ دەدات بۆ دابین کردنی دەرفەتی یەکسان بۆ ژن و پیاو لە پەروەردە و ئیش کردندا، هەروەها کرێی یەکسان و مافی خاوەندارێتی. هەروەک چۆن پێویستە ئێمە لە هەموو بوارەکاندا (هونەری، ئەدەبی، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ...) هۆشیاریی تاک بەرزبکەینەوە، بە هەمان شێوە پێویستە ژنان بە ماف و توانستەکانی خۆیان بناسێنرێن و لە گۆڕانکارییەکاندا بەشداربن. کەوایە گرنگیی هۆشیاریی فێمێنیستی ئەوەیە کە دەتوانێت لە ڕوانگەیەکی فێمێنیستییەوە پرسیار لەسەر جیاکاری و نایەکسانییەکان دروست بکات. فێمێنست کەسێکە لە ڕووی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە باوەڕی بە یەکسانیی نێوان ڕەگەزەکان هەیە. هەروەک ژنە فێمێنستەت، بێل هوکس، لە کتێبی فێمێنیزم بۆ هەمووان دەڵێ؛ ئامانجی سیاسەتی فێمێنستی کۆتایی هێنانە بە زاڵبوون، بۆ ئەوەی ئێمە ئازاد بکات ببین بەوەی کە کێین، ژیانێک بژین کە دادمان خۆش بوێت و بتوانین بە ئاشتی تێیدا بژین، لەبەرئەوەیە فێمێنیزم بۆ هەمووانە. (Hooks, Bell 2000)

## دەرئەنجام

جیاکاریی جێندەری یەکێکە لە کێشە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەی کوردی، کە لە زۆرینەی بوارەکاندا جیاکاری لە نێوان ژنان و پیاواندا دەکرێت. ئەمەش بە هۆی سیستەمی پیاوسالاری، زاڵبوونی ئایینی ئیسلام و مێنتاڵیتیی خێڵەکی سەری هەڵداوە، ئەم جیاکاریانە بوونەتە هۆی ئەوەی کە ژنان نەتوانن توانست و کاراییەکانی خۆیان بۆ بەرەوپێش بردنی کۆمەڵگە بەکاربهێنن.

لەم وتارەدا سەرەتا جیاکاریی جێندەریمان خستەڕوو، پاشان نموونەی ئەم جیاکارییانە لە بوارە جیاوازەکان و هۆکارەکانی پشت ئەم جیاکارییانەمان باس کرد. لە کۆتاییدا، فێمێنیزممان وەک ئەڵتەرناتیڤی چارەسەری پێشنیار کرد.

## سەرچاوەکان


Gender Inequaity and Women Discrimination Andrey Shastri
IOSR Journal Of Humanities And Social Science (IOSR-JHSS) Volume 19, Issue 11, Ver. VII (Nov. 2014), PP 27-30

Hooks, Bell (2000) Feminism for Everybody: Passionate Politics, London: Pluto Press.

Margaret Wertheim (2016): The Sexism Problem [online] available here:
https://aeon.co/essays/why-is-scientific-sexism-so-intractably-resistant-to-reform. accessed 15/01/2019.

Beatrice Alba (2018) to achieve gender equality [online] available here:
https://theconversation.com/to-achieve-gender-equality-we-must-first-tackle-our-unconscious-biases-92848. accessed 17/01/2019.

Zeynep N. Kaya (2016) Women in post-conflict Iraqi Kurdistan [Online] available here:
https://www.opendemocracy.net/westminster/zeynep-n-kaya/women-in-post-conflict-iraqi-kurdistan. accessed 25/01/2019.

Brian Earp (2015) Boys and Girls alike [online] available here:
https://aeon.co/essays/are-male-and-female-circumcision-morally-equivalent. accessed 18/01/2019.

Khanda Hameed (2018) NGO's Cannot Raise Gender Equality And Body Awareness Among Women [Interview] interviewed by Scott Douglas Jacobsen. Available here: http://cultureproject.org.uk/2018/03/17/ngos-cannot-raise-gender-equality-and-body-awareness-among-women/. Accessed 22/01/2019.

خەندە حەمید (٢٠١٨) ترس لە فێمێنیزم لە هەرێمی کوردستان، گۆڤاری کولتور مەگەزین، ژمارە ۴.



# بنەماڵە؛ یەکەم مەتەرێزی فێمێنیسم

**ولات زاگرۆس**

بزووتنەوەی فێمێنیستییش لە سەرەتادا بە کەڵک وەرگرتن لە چەمک و ئایدیالەکانی لیبراڵی، خوازیاری مافی یەکسان لەگەڵ پیاوان و مافی دەنگدان و چاکسازی لە یاسا لە چوارچێوەی سیستەمدا بوون.»ئەگەر لیبراڵیسم وەک هەوڵێک دژ بە مافە تایبەتییەکانی ئاریستۆکراسی و دەسەڵاتی ڕەهای ئەوان و بۆ وەدەس هێنانی ئازادی و یەکسانی بۆ هەمووان لەبەرچاو بگرین، دەتوانین فێمێنیسم لە بنەڕەتدا وەک بەرهەمی لیبراڵیسم بزانین«

*«هەر شۆڕش و تێکۆشانێک ئازادیی ژن نەکاتە ناوەندی تێکۆشانەکەی و لەو بوارەدا زۆرترین مەودا نەبڕێت ئەوا چارەنووسەکەی هەرچی بێت هەر بن کەوتنە».*
*دوکتور سادق شەرەفکەندی*

مێژووی مرۆڤایەتی بە درێژایی تەمەنی خۆی، مێژووی هەڵاواردن و چەوساندنەوەی مرۆڤ بە دەستی مرۆڤ و خەباتی چینی ژێردەست لە پێناو نەهێشتنی ئەم هەڵاواردنەیە؛ ئەمە تەعبیری کارل مارکس لە مێژوو و توخمی بزوێنەری مێژووە. ئەم بۆچوونەی مارکس و فەلسەفەکەی بە درێژایی نزیک بە دوو سەدە، هەوێنی زۆرێک لە شۆڕشەکان و خەباتەکانی مرۆڤ لە سەرانسەری دونیادا بووە. ئەگەر مارکس و فەلسەفەکەی وەک بەرهەمی سەردەمی ڕۆشنگەری پێناسە بکەین، دەتوانین چەندین بزووتنەوە و قوتابخانەی هزریی تر ئاماژە پێ بدەین کە بە خوێندنەوەیەکی تر لە مێژوو، لەم سەردەمەدا هاتنە ئاراوە و هەوڵی نەهێشتنی چەوساندنەوەیان دا. فێمێنیسم وەک بەرهەمی ڕۆشنگەری، ئاماژە بە ڕێباز و بزووتنەوەیەکە کە جیهان لە دەلاقەی ڕوانینی ژنانەوە سەیر دەکا. ژن بە درێژایی مێژوو، ئەو دەستە و گرووپە بووە کە چەوساندنەوە و زۆرداری، بەشێکی جیانەکراوە لە ژیانی ڕۆژانەی بووە. هەندێک لە بیرمەندانی بواری فێمێنیسم پێیان وایە هەڵاواردنی ڕەگەزی، کۆنترین مۆدێلی هەڵاواردنە و هەر لە دێرزەمانەوە ژن وەکوو ڕەگەزی ژێردەست لەنێو جڤاک و بنماڵەدا چەوسێندراوەتەوە.

بە دەستپێکردنی سەردەمی ڕۆشنگەری و هاتنەئارای گۆڕانکاریی قووڵ لە هەموو ڕەهەندە فکری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، ژنانیش وەک نیوەی کۆمەڵگە و گرووپێک کە زیاترین ڕێژەی هەڵاواردنی لەسەرە، وەخۆ کەوتن و بیرمەندانی ئەم گرووپە لە قۆناغگەلی جیاوازدا توانیویانە بە پێکهێنان و پەرەپێدانی تیۆریی فێمێنیسم، ژنان وەک بزووتنەوەیەک بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان و لەنێوبردنی هەڵاواردنەکان، ڕێکبخەن. تیۆریی فێمێنیسم لە هەموو تەمەنی خۆی و قۆناغە جیاوازەکانیدا لە فەلسەفە و تیۆرییە سیاسییە جیاوازەکان بۆ دەوڵەمەندکردنی خۆی کەڵکی وەرگرتووە و ئەگەر فێمێنیزم وەک بەرهەمی سەردەمی ڕۆشنگەری و فەلسەفەی ڕۆشنگەری(واتە لیبرالیسم) بزانین، ئەوە دەتوانین بڵێین فێمێنیسم لە بنەڕەتدا بەرهەمی بیری لیبراڵی بۆ وەدەستهێنانی مافی بەرانبەر لەگەڵ پیاوان بووە. بەڵام دواتر و لە قۆناغگەلی جیاوازدا، هزری فێمێنیستی بە هەست کردن بەوەی کە لە چوارچێوەی دنیای لیبراڵی و بیری لیبراڵدا نەیتوانیوە مافەکانی دەستەبەر بکا، کەوتووەتە کەڵک وەرگرتن لە گوتارە شۆڕشگێڕ و دژە سیستەمەکانی سەردەمی خۆی و لە زۆر شوێندا بە دژی نەزمی لیبراڵ وەستاوەتەوە.

## پێناسەی فێمێنیسم

کارێکی زۆر دژوارە ئەگەر بمانهەوێ پێناسەیەکی کورت و پوخت لە فێمێنیسم کە هەموو فێمێنیستەکان لەسەری کۆک بن بەدەستەوە بدەین. لەڕاستیدا بیرۆکەی فێمێنسم، بەهۆی فرەچەشنی و جیاوازیگەلێک کە ئاوێتەیەتی، کەمتر وەک بیرۆکەیەکی یەکانگیر و یەکدەست دەچێت بەڵکوو زیاتر وەک دەمەقاڵەی بێ پایانی نێوان داڕێژەرانی ئەم بیرۆکەیە خۆی دەنوێنێت[1] لەنێو مێژووی دوور و درێژی بیرۆکەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ڕۆژئاوادا، ئەم چەمکە (واتە فێمینیسم) تا ڕادەیەک نوێیە و بەم مانایە چوارچێوە و دیمەنێکی نوێش پێشکەش دەکا. جیا لەمە، «پێناسەی ئەو، بە تێپەڕبوونی کات گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە و مانای چەندلایەنەی هەنووکەییەکەی، جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ پێناسەی لە دەیەی ١٨٩٠دا هەیە.[2]

دەتوانین وەک پێناسەیەکی گشتگیر

بۆ فێمێنیسم کە بتوانێت هەموو جیاوازییە زۆرەکانی ئەم بیرۆکەیە لە تەمەنی خۆیدا لەخۆ بگرێت، ئاماژە بەو خاڵانە بکەین: «بیرۆکەی فێمێنستی بەشێک لە کۆمەڵە لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی ژنانە کە بە شێوەی پاڵەکی (ضمنی)، یا فەرمی سیستەمێکی هزریی بەربڵاو و گشتی لەمەڕ تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئەزموونی تاکەکەسی لە گۆشەنیگای ژنێکەوە بونیات دەنێت».[٣]

لەلای فێمێنیستەکان بەگشتی بەنیسبەت بیرۆکەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی نەریتیی ڕۆژئاوا، ڕەخنە و تێبینیی بەرچاو هەیە و پێیان وایە پێگەی ژن لە هزری سیاسی و کۆمەڵایەتیی ڕۆژئاوادا زۆر لاوازە یا خود خاوەن هیچ پێگەیەک نییە. لەوانەیە بێرنادێت موسالای فێمێنیست پوختەی ئەم بۆچوونەی بەجوانی نیشان دابێت ئەو کاتەی لەمەڕ هەڵوێستی ئەوان دەربارەی ژنان دەڵێت: «ناهەقی و دەستدرێژی بەنیسبەت پیاوان تراژێدییە، ناهەقی کردن بەرانبەر بە ژنان نەریت».[٤] هەر بۆیە دەسپێکی سەردەمی ڕۆشنگەری و هاتنە ئارای پرسگەلێک وەک ماف، ئازادی، یەکسانی و بەرابەری، بەستەرێکی لەباریان پێکهێنا بۆ ئەوەی ژنانیش داوای مافەکانی خۆیان بکەن و بەرانبەر نایەکسانییەکانی کۆمەڵگە ڕاوەستن و لە ڕاستیدا خەبات و بزووتنەوەکەیان فورمولە بکەن. لە ڕوانگەیەکی دیکەوە هەمیشە جۆرە ڕوانگەیەکی فێمێنیستی، «بە واتای بەرەنگار بوونەوەی زوڵم»، بوونی هەبووە. لەهەر شوێنێک ژنان لەژێر گوشاردا بووبێتن-کە کەم و زۆر هەموو کات و لە هەموو شوێنێک بەو چەشنە بووە ـ ژنگەلێکیش هەبوون کە بەم ناهەقییەیان زانیوە و بە جۆرێک دژکردەوەیان بەرانبەری هەبووە.

لە جیهانی ڕۆژئاوا، مێژووی فەرمیی دەستپێکردنی فێمێنیسم، بەو چەشنەی هەنووکە لە ئارادایە، بە بەرهەمگەلێک کە وەک دژکردەوە بەنیسبەت دۆخی نالەباری ژنان بەرهەم هاتوون دەناسرێت. بێجگە لە چەن بابەتێک، ئەم جۆرە بەرهەمانە بۆ جاری یەکەم لە دەیەی ١٦٣٠ وەبەرچاو دەکەون[٥]. ئەم مێژووە بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی کە بۆ یەکەم جار مافی دەنگدانی ژنان لە ئامریکا لە ساڵی ١٩٢٠ وەدی هاتووە، نیشان لەوەیە کە کولتوور و بیری پیاوسالارانە زۆر بەهێز و ڕیشەدارتر لەوەیە تا بە ئاسانی و لە ماوەیەکی کورتدا بتوانین بە ئاواتی یەکسانی و نەمانی ستەمی جێندەری لە کۆمەڵگەدا بگەین.

## فێمێنیسم وەک بزووتنەوەیەکی سەربەخۆ

لە دەسپێکی سەردەمی ڕۆشنگەریدا بە پێچەوانەی ئەو بەڵێنانەی کە بۆ ئازادی و مافی بەرانبەر بۆ هەموو تاکێک لە لایەن ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەم دەدرا، لە واقیعدا مافی بەرانبەر و مافی دەنگدان تەنیا بۆ پیاوانی سپی پێستی موڵکدار بوو و بە نیسبەت ئەو مافانە بۆ باقیی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە خۆیان نەبان کردبوو. هەر ئەمە وای کرد ژنان و باقیی چینە مافخوراوەکان کە لە سەرەتادا بە ئاواتی گەیشتن بە ئەو بەڵێنانە لەگەڵ ڕەوتی سەرەکی و ڕەسمیی خەبات و هەروەها تیۆریی ئەوان کەوتبوون، وردە وردە بکەونە خۆ و هەم تیۆری و هزری نوێ بۆ وەدەسهێنانی مافەکانیان لەم سیستەمە نوێیەدا بەرهەم بهێنن و هەم سنوورەکانی کاری ڕێکخراوەییان لەگەڵ ئەوان ڕوونتر بکەن و بە چاوێکی واقیعبینانەتر بڕواننە گۆڕەپانی خەبات. فێمێنیسم بەپێی سەردەم و بۆ بەهێزتر کردنی بیرۆکەی خۆی لە تیۆری و قوتابخانە فکرییە جیاوازەکان کەڵکی وەرگرتووە، هەر بۆیە فێمێنسم دابەش دەبێت بەسەر دەستەگەلێکی جیاوازدا کە زۆرجار دەتوانین بێژین دژ بە یەکن. بەڵام هەر وەک چۆن لە سەرەتادا کۆمەڵگەی پیاوسالار ژنانی لە ڕیزی مرۆڤە خاوەن ماف و ئازادییەکان بە ئەژمار نەدەهێنا، لە کۆڕ و کۆبوونەوە ئاکادێمیک و ڕۆشنبیرییەکانیش بە هەمان شێوە دژوار بوو

کــە بتوانن لێکۆڵینەوە و دەســـکەوتە هزری و کولتوورییەکانی فێمێنیسم لەناو خۆیان قەبووڵ بکەن و وەبەرچاوی بگرن.

زانایانی فێمێنیستی ســەردەم، کۆمەڵێک بەرهەمــی هزریان پێشــکەش کــردووە کە گەشــەکردنێکی بەرچــاو، دەوڵەمەندییەکــی نــاوازە و پانتایەکی زۆر لەخــۆ دەگرن. ئەوان بزووتنەوەیەکــی بەرینی ڕۆشــنبیریان وەری خست کە لیســتێکی دوور و درێژ لە تیۆرییە جیاوازەکانی فێمێنیســم لەخۆ دەگرێ وەکوو: فێمێنیســمی ڕەشپێســتەکان، فێمێنیســمی دەروونشــیکارانە، فێمێنیســمی ڕادیــکاڵ، فێمێنیســمی مارکسیســتی، فێمێنیســمی سۆسیالیستی و زۆرێکی تر.[۶] ئەم فراوانییە زۆرە و ئەو هەوڵە شێلگیرانەیەی ژنان لە سەرانسەری دونیــادا، وای کــرد کــە لەبەرچاونەگرتنیان بــۆ کۆمەڵگــەی نەریتــی و پیاوســاالر نەک هــەر دژوار بەڵکــوو نامومکین بێــت. ئێمە بە لەبەرچاوگرتنــی ئــەو ڕەنگاوڕەنگییە فراوانەی کە لەنێو فێمێنیستەکاندا هەیە، هەوڵ دەدەین لێرەدا سێ چەشن لە گرنگترین خوێندنەوەکان بۆ فێمێنیســم کە تا ڕادەیەک دەتوانین بڵێین هەموو خوێندنەوەکانی تر بەجۆرێک ژێرشاخەی ئەمانن بخەینە بەرباس:

## لیبراڵ فێمێنیسم

فێمێنیسمی لیبراڵ ناسراوترین شێوەی هزری فێمێنســتییە و زیاتر ڕواڵەتی میانەڕەو یاخود ڕەســمیی فێمێنیسم نیشــان دەدات.[۷] بەڵام لە نێو ڕەوتەکانی هەنووکەیی فێمێنیســمدا، فێمێنسمی لیبراڵ زۆر لاوازە و لە کەمینەدایە.[۸]

لیبراڵیســم لە بنەڕەتدا بزووتنەوەیەک بوو بە دژی مافــە تایبەتییەکانی چینی زەویدار و ئاریســتۆکرات و بانگەشەیەک بوو بۆ یەکسانی و مافی یەکســان بۆ هەمووان. بەڵام نابێ ئەمە لەبەرچاو نەگرین کە بازنــەی ئەم «هەمووانە» لە دەســپێکدا زۆر بەرتەســک بوو و تەنیا ئەو کەسانەی دەگرتەوە کە بەهۆی ئاڵوگۆڕێک کە بەسەر پەیوەندییە ئابوورییەکاندا هاتبوو، چینێکی تایبەتیــان پێکهێنابوو، واتە چینی ماماناوەندی شــاریی ئوروپایی، کە ماف و ئازادییەکانی ئەم چینە نوێیە لە لایەن ئاریستۆکراسییەوە قەبووڵ نەدەکرا. «کەواتە گشتاندنی ئەم مافانە بۆ هەموو مرۆڤــەکان، تەنیا لەبەر ئــەوەی کە مرۆڤن، لە هزر و بــاوەڕی کەمتر کەســێک لــە لیبراڵە سەرەتاییەکاندا دەبیندرا».[۹]

بزووتنەوەی فێمێنیســتییش لە سەرەتادا بە کەڵک وەرگرتن لــە چەمک و ئایدیالەکانی لیبراڵی، خوازیاری مافی یەکسان لەگەڵ پیاوان و مافــی دەنگدان و چاکســازی لە یاســا لە چوارچێوەی سیستەمدا بوون.»ئەگەر لیبراڵیسم وەک هەوڵێــک دژ بــە مافــە تایبەتییەکانی ئاریستۆکراســی و دەســەڵاتی ڕەهــای ئەوان و بــۆ وەدەس هێنانی ئازادی و یەکســانی بۆ هەمووان لەبەرچاو بگرین، دەتوانین فێمێنیسم لــە بنەڕەتــدا وەک بەرهەمــی لیبراڵیســم بزانین».[۱۰] واتە دەکرێت بەهــا لیبراڵییەکانی ســەرەتای فێمێنیســتەکان، وەک بەهــای هەمیشــەیی و نەگۆڕی فێمێنیسم تا ئێستەش حیســاب بکەین بــەڵام ئەوەی کــە گۆڕانی بەســەر هاتووە، چۆنیەتی و مێکانیســمەکانی فێمێنیستەکانە بۆ دەســتەبەرکردنی ئەم بەها و مافانــە. قۆناغــی یەکەمی فێمێنیســم کە دەتوانین بڵێین بە تــەواوی لە ژێر کاریگەریی بیر و ئایدیالەکانی لیبراڵیسم و مێکانیسمەکانی جێ پەســەندی ئەو بووە، لــە دەیەی ۱۶۳۰ تا سەردەمی شۆڕشــی فەرانســەیە کە زیاتر بە نووســینی بەرهەمگەلێکی پەرتەوازە دەربارەی مافی بەرانبەر بۆ ژنان دەسنیشــان دەکرێت و کەمتر دەتوانین وەک بزووتنەوەیەکی گشتگیر، کە لە مەیدانی واقیعدا توانای ڕێکخستنی ژنانی هەبێت، حیســابی بۆ بکەین. لە کۆتاییەکانی ســەدەی ۱۸وە، بەرهەمە فێمێنیستییەکان و بزووتنەوەی فێمێنیسم، بە کاریگەری وەرگرتن لە شۆڕشی فەرانســە و سەربەخۆیی ئەمریکا،

بەگوڕوتینتر لە جاران دێنە مەیدانی خەبات و نووسین بۆ وەدەس هێنانی مافەکانیان. لیبراڵ-فێمێنیستەکانی سەدەی نۆزدە بە کۆکردنەوەی ئەزموونی زیاتر و خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە بۆ پێشینیانی خۆیان بەو ئەنجامە دەگەن کە تەنیا بە بەڵگەهێنانەوە و دیالۆگی لۆژیکی ناتوانن مافێک کە هەزاران ساڵە لێیان زەوت کراوە وەری بگرن، هیچ جیاوازییەکیش ناکات کە لایەنی بەرانبەر دەسەڵاتی ڕەهای پاشاکان و قەشەی کەنیسەکان بن یا خود ئەو لیبراڵە تازە بە دەسەڵات گەیشتووانەی کە هەموو قسەی ئەوەڵ و ئاخریان ئازادی و مافی بەرابەرە. گۆڕانی کۆمەڵگە پێویستی بە گۆڕینی هاوکێشەکانی هێز هەیە و ئەم کارەش جودا لە تیۆری و بیرۆکەی بەهێز پێویستی بە ڕێکخستن و نیشاندانی هێزی ماددی هەیە. نابێت ئەوە لە یاد بکەین کە لیبراڵیسم دژ بە سەرەڕۆییی پاشایەتی وەستایەوە کە هەزاران ساڵ تەمەنی بوو، هاوکات سیستەمی ئابووری و کۆمەڵایەتیی دارێژراو لەسەر مافی تایبەتی ئاریستۆکراتەکانی لەبەریەک هەڵوەشاند کە ئەمە لە کاتی خۆیدا لەوانەیە هێندەی بیرۆکەی مارکس دژ بە خاوەنداریەتیی تایبەت ڕادیکاڵ بووبێت. کەواتە هەر بەو جۆرەی کە لیبراڵە سەرەتاییەکان لە هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵات و ملهوڕیی ئاریستۆکراتەکان دوودڵ نەبوون و ئەمەیان دژ بە بنەماکانی لیبراڵیسم نەدەزانی، فێمێنیستەکانیش بە هەمان شێوە دژبەرایەتیی پیاوان وەک چینی سەردەست و هەوڵ بۆ تێکدانی بالادەستیی ئەوانیان دژ بە بنەماکانی لیبراڵیسم نەدەزانی. بەم پێیە دەتوانین بڵێین کە فێمێنیسمی لیبراڵ، فێمێنیسمێک نییە کە حەتمەن داواکارییەکانی سنووردار و بەرتەسک بن، بەڵکوو هەندێ جار وەسفی لیبراڵیسم بۆ ئەم تیۆرییە، ئاماژەیەکە بۆ ئەو بنەما شیکارییەی کە سەرچاوەگرتوو لە بیرۆکەی لیبراڵیسمە. کەوابوو فێمێنیسمی لیبراڵیش هەندێ جار دەتوانێ ڕادیکاڵ بێت و داوای گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە تەکووزیی کۆمەڵگەدا بکات، بەڵام ئەم گۆڕانکارییە بنەڕەتییانە ناتوانن بگەنە نکۆڵیکردن و سڕینەوەی ئەو بنەمایانە کە لە چوارچێوەی ئاکار و بایەخە بنەماییەکانی لیبراڵیسمدان: وەک ڕەسەنایەتی و لەسەرتریی وێکچوون بە نیسبەت جیاوازی، ئاشتی بە نیسبەت تێکهەڵچوون، تەکووزی بەنیسبەت بشێوی، یاسا بەنیسبەت شۆڕش و...[۱۱]. ئەم بەها و ئامانجە بنەماییانەی لیبراڵیسم ڕێک ئەو شوێنەن کە ژنان و فێمێنیستەکانی تر لە سەردەم و شوێنی جیاوازدا وا لێ دەکات کە ڕێگەی خۆیان لە لیبراڵ-فێمێنیسم جودا کەنەوە؛ ئایا هەموو ژنان وێکدەچن؟ ئایا پێگەی ژنی کرێکار و ژنی دەوڵەمەند، ژنی ڕەشپێست و سپی پێست، یا خود ژنی نەتەوەی بندەست و سەردەست وەک یەکە و بە قەد یەک ستەمیان لێ دەچێ؟ ئایا تەنیا ئەوەی کە ژنان مافی دەنگدانیان هەبێ و ڕێگەی کار لە بازاڕی کاریان بۆ بڕەخسێ ئیتر ستەم تەواو دەبێ؟ ئایا هەموو کات لە چوارچێوەی یاسادا دەکرێ ماف بسێندرێ؟

## ڕادیکاڵ فێمێنیسم

ئەو پرسیارانەی سەرەوە بوون بە هۆکار بۆ ئەوەی کە لە ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەوە، خوێندنەوە جیاوازەکان لە فێمێنیسم بێنە مەیدان و تا ڕادەیەکی زۆر لیبراڵ ـ فێمێنیستەکان بنە کەمینەی مەیدان. یەکێک لەم خوێندنەوانە فێمێنیسمی ڕادیکاڵە. تایبەتمەندیی زۆر بەرچاوی فێمێنیسمی ڕادیکاڵ، قایل بوونی بایەخی زۆر پۆزێتیو بەنیسبەت ژنان و تایبەتمەندیی ژنانە و هەوڵ بۆ دروستکردنی پێوەندیی دەستەخۆشکایەتی لەنێوان ئافرەتان و ڕق و بێزاریی زۆر قووڵ بە نیسبەت ستەمی پیاوانە دەرحەق بەوانە. «فێمێنیستە ڕادیکاڵەکان تایبەتمەندیی سەرەکی و گشتگیری کۆمەڵگە بە ستەمکاری دەزانن».[۱۲] ئەمەش وا دەکات کە ئەوان

هەمــوو فۆرماســیۆنە باوەکانــی کۆمەڵگە بە بیانــووی ئەوەی کــە زاڵێتی و ســتەمکاریی پیاوانــە بەرهەم دێننەوە ڕەت بکەنەوە، گرنگتر لــە هەمووشــیان فۆرمــی پێکهێنانــی ژیانی هاوبەش لــە چوارچێــوەی ژن و مێردایەتی، پێکهاتــەی بنەماڵە و جــار و باریش دەوڵەت. نابێت ئەمە لەبەرچاو نەگرین کە «فێمێنیسمی ڕادیکاڵ بەربڵاوترین شــێوەی فێمێنیسمە کە تاکوو ئێســتە لەگەڵی بــەرەوروو بووین»[۱۳] و هێنانــەوەی هەمــوو ڕەنگاوڕەنگییەکانــی ئەم خوێندنەوەیە لە فێمێنیسم، کارێکی زۆر دژوارە بــەڵام ئەو ئاماژانەی کە لەســەرەوە پێمان دا، گشتگیرترین تایبەتمەندییەکانی ئەم ڕەهەندە لە فێمێنیســمن. بە ئاشناییەکی کەم لەگەڵ مێژووی هزری ڕۆژئــاوادا، بۆمان دەردەکەوێ کە ڕیشــەی ئەم جۆرە بۆچوونانــە کە هەموو جۆرە پلەبەندی (سلسلەمراتب) و دەسەڵاتێک بــە بیانــووی دروســت کردنــی زاڵێتی ڕەت دەکەنەوە، دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەهەم و سەرهەڵدانی خوێندنگەی هزری ئانارشیسم، کە پەیدابوون و ســەرهەڵدانی کەم و زۆر هاوکاتە لەگەڵ دامەزران و پەرەســەندنی مارکسیسم. ئەوەی کە ئانارشیسم تا ڕادەیەک، کەم یا زۆر، کاریگەریی لەســەر هەموو ڕەوتە فەلســەفی، ئەدەبی، هونــەری و زۆری دیکە لە بوارەکاندا هەبووە، شتێکە حاشاهەڵنەگر، بەڵام نابێ ئەوە لە یاد بکەین کە ئانارشیسم هیچکات نەیتوانی ببێتە ڕێکخەری هیچ بزووتنەوە یا ئەزموونێکی ســەرکەوتووانە (بە پێچەوانەی مارکسیســم و ئەو کاریگەرییەی کە لەســەر شۆڕشەکانی دوو ســەدەدا هەیبوو). ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خوێندنــەوە تایبەتەی کە بۆ چەمکی ئازادی و پەیوەندیی ئازادی لەگەڵ پێکهاتەی دەسەڵات هەیانە. مرۆڤ بۆ ئازادی پێویستی بە دەسەڵات هەیە. دەســەڵاتیش بێ پێکهاتەی دەســەڵات دەســتەبەر نابــێ.[۱۴] پێوەرەکانــی واقیعبینی و مێــژووی مرۆڤایەتــی، پێمــان دەڵێــن کە ڕەتکردنەوەی پلەبەندی و دەســەڵات ناتوانێت هیــچ کۆمەڵگەیەک بــەرەو ئــازادی ببات و لەڕاستیدا ئەم بۆچوونە جۆرە ئاواتێکی ڕۆمانتیکە کە بۆ هەڵهاتن لــە دزێوییەکانی ئەمڕۆ پەنا بۆ ڕابردوویەکــی خەیاڵی دەبا (هــەروەک چۆن ئانارشیســم باس لە ڕابردوویەک دەکا کە هیچ دەسەڵات و پلەبەندییەک نەبووە و مرۆڤەکان بە شێوەی ئۆرگانیک و ئازاد لەپاڵ یەک گەشەیان کــردووە) و هیوادارە ئەو کۆمەڵگــە خەیاڵییە جارێکــی دیکە دابمەزرێنێتەوە. فێمێنیســمی ڕادیکاڵیش ســەرەڕای ئــەوەی کە کاریگەریی بەهێــزی لەســەر شــیکردنەوەی وردبینانەی پرســی ژنان و شــرۆڤەی جۆرەکانــی زاڵێتی هەبووە، بەڵام لە زۆر شوێندا ڕەخنەی جیددیی لەســەرە. «هەڵەی ئەوان ئەوەیــە کە زیادە لە حەد جەخت لەســەر پیاوسالاری دەکەن. ئەم پێداگرییــە توندڕەوانەیە بووەتــە هۆی ئەوەی کە ڕاســتییەکانی سیســتەمی کۆمەڵایەتی و نایەکسانیی کۆمەڵایەتی ساویلکانە لێکبدەنەوە و لەبارەی شێوازەکانی گۆڕانکاری بۆ چاکسازیی دۆخی ژنــان، بەراوردێکی دوور لــە واقیعیان هەبێ».[۱۵] هەروەها ئەوان بە بینینی جیاوازیی جێندەری لە کۆمەڵگە و بنەماڵەدا و ڕەچاوکردنی پلەبەندی لەسەر ئەساسی جێندەر، بە دروستی دژی ئەم تەکووزییە وەســتاونەتەوە بەڵام ئەم دژکردەوەیە لەجیاتــی ئەوەی کە هەوڵ بدات هاوکێشــەکانی ئەم تەکووزیە ســەرلەنوێ بە قازانجی خۆی (ژن) دابڕێژێتەوە، ڕاست خودی تەکووزیەکە و هەرجــۆرە پلەبەندییەکی پلان بۆ دارێژراو ڕەت دەکاتــەوە. لەحاڵێکدا هەموو ئەزموونەکانــی بەڕێوەبەری و ڕێکخســتن لە مێژوودا و زانســتی بەڕێوەبەری، پێمان دەڵێن کە پلەبەندی و پلاندارێژی پێویستی بێ ئەملا و ئەولای پێشکەوتن و گەشەیە. هیچ مەرجێک نییە کە پلەبەندی لە سیستەمی کۆمەڵایەتیدا لەڕووی پێــوەری جێندەرەوە بێت و لەلایەکی تریشــەوە مەرج نییە ئەو پلەبەندییانەی لەنێو کۆمەڵگەدا هەن حەتمــەن بگوازرێتەوە بۆ ناو بنەماڵە و لە ئەگەری پلەبەندییشدا، ئەگەر ئەو

پلەبەندییە لەسەر ئەساسی توانایی و لێهاتوویی تاکەکان بــێ، ئەوە لەجیاتــی زاڵیتی دەتوانێ هەست بە بەرپرسیارێتی و توانای کاری هاوبەش لەنێو تاکەکانــدا بەهێز بــکات. «ئاڵتێرناتیڤی ڕادیکاڵــەکان یان جیاکردنــەوەی تەواوی دوو ڕەگەزە کە بەرچاوترین کێشــەی ســڕانەوەی مرۆڤایەتییە، یاخود پەیوەندیی نێوان دوو ڕەگەز لە چوارچێوەیەکی جودا لە ژن و مێردایەتییە، کە ئەگەر ئەمە بە شــێوەی پەرتەوازە و تاک و تووک بێ، ئــەوە تەکووزی و بنەمای کۆمەڵگە دەکەوێتە مەترسییەوە و ئەگەریش گشتگیر و بە بەرنامە بێت، ئەوا هەر هەمان بەستراوەییەی کە هۆکاری ڕەتکردنەوەی ژن ومێردایەتی بوو بەرهەم دێتەوە؛ ناونیشانی ژن ومێردایەتی نییە کــە دەبێتە پێکهێنەری زاڵێتیی پیاوســالاری، تاکوو بۆ نموونە لە ژیانی بێ ژن و مێردایەتیدا یاخود لە سیســتەمی بنەماڵەیــی کۆمۆنی و تێکەڵاودا کێشــەکە چارەســەر بێ. کێشــەی ســەرەکی، هەمان ئایدیۆلۆژیــی بەرهەمهاتوو لە کەونارای پێوەندییــە نابەرانبەرەکانی هێزە، کە ڕێگەچــارەی ڕیفۆرمی هەنگاو بە هەنگاوی یاسا و کولتوورە. ئەزموونی مێژوویی، باشترین بەڵگەی ئەم بۆچوونەیە».[١٦]

## فێمێنیسمی سۆسیالیستی

فێمێنیسمی سۆسیالیستی، خوێندنەوەیەکی تر لە فێمێنیسمە کە هەرچەند لەژێر کاریگەریی مارکسیسم و بزووتنەوەی چەپی نوێدایە، بەڵام لەگەڵ فێمێنیســمی مارکسیســتی جیاوازیی هەیە. فێمێنیسمی سۆسیالیستی بە پێچەوانەی فێمێنیســمی مارکسیســتی و فێمێنیســمی ڕادیکاڵ کــە پێگەی ژنان تەنیــا لە دەلاقەی ستەمی چینایەتی یاخود ستەمی پیاوسالارییەوە هەڵدەسەنگێنن، بە خوێندنەوەیەکی بەربڵاوتر هــەوڵ دەدەن هەموو شــێوەکانی ســتەم و نابەرابــەری کــە دیاریکــەری پێگــەی ژنانن هەڵســەنگێنن و خوێندنــەوەی بــۆ بکــەن. ســەرەڕای ئەوەی کە وەک هەموو ڕەوتەکانی تری فێمێنیسم، سەرنجی ئەوان لە سەر ستەم بەرانبەر ژنانە بەڵام تیۆریسیەنانی سۆسیالیست هەموو جۆرە ئەزموونەکانی ســتەمکاری، چ لە لایــەن پیاوان و چ لە لایــەن ژنانەوە، تاوتوێ دەکــەن. ئەوان ئەوەش لەبەرچــاو دەگرن کە چۆن هەندێک لە ژنان، ســەرەڕای ژێردەستە بوون، دەتوانن لە ســتەم کردن نیســبەت بە ژنانــی دیکە بەشــداریی کارایــان هەبێت. بۆ میناک، ژنانی ســپی پێســتی ئەمریکایی کە ژنانی ڕەش پێستیان دەچەوساندەوە.[١٧] ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئــەو خوێندنەوە جیاوازانەی کە لەم وتارەدا ئاماژەیان پێ درا، بۆمان دەردەکەوێ کە جیاوازیی ســەرەکیی ئەم دەستەی ئاخر بە نیسبەت ئەوانی پێشوو، ئەوەیە کە جیاوازییەکان دەبینێ، و ئەمە تایبەتمەندییەکی زۆر گرنگ و جێگای سەرنج لە تیۆریی فێمێنیسم لە ساڵانی دواییدایە. لە چوارچێوەی تیۆریی فێمێنیسمدا، هۆگرییەکــی ڕووەوهەڵکشــان بەنیســبەت چەوســاندنەوەی ژنانی چین، نەژاد و کەمینە ئەتنیکییەکان بە دەســتی ژنانی چین، نەژاد و ئەتنیکەکانی دیکە، وە یا هەڵوێســتی جیهانیی ژنانی دیکە بەرانبەر ئەم جۆرە چەوساندنەوەیە بەدی دەکرێت. بەواتایەکی تر پرسیارێکی نوێ کە بۆ تیۆریســیەنەکانی فێمێنیســم هاتووەتە پێش ئەوەیــە: «دەربارەی جیاوازییەکانی نێوان ژنان چی دەزانین؟».[١٨]

هــەر لــە فێمێنیســمی لیبراڵــەوە هەتا فێمێنیسمی مارکسیستی، نیگایەکی گشتگیر و تــاک لایەنیان بەنیســبەت ژنــان هەیە و ڕێگەچــارە لــە هەڵگرتنی تەنیا یەک شــکڵ لە ســتەمدا دەدۆزنەوە. ئێمــە لەمەڕ ئیدعای لیبراڵــەکان، بــە ڕاشــکاوی دەبینیــن کە بە وەدەســت هێنانی مافی هەڵبــژاردن و دابین کردنی هەلی کار لە بازاڕدا، ســەرەڕای ئەوەی کە لە باشــتربوونی دۆخی ژناندا کاریگەر بووە، بەڵام ژن لــە کۆمەڵگــەی ڕۆژئاواییدا لەگەڵ کێشەی نوێ و زۆر ئاڵۆز چ لەنێو هاوکێشەکانی بــازاڕدا و چ لــە کولتــووری نوێــی جیهانیدا

بەرەورووە کە لەوانەیە چارەسەرکردنیان زەمەنێکی زۆری پێویست بێ. بەنیسبەت ئیدعای فێمێنیستە مارکسیستەکانیش هەرچەن ئەزموونێکی سەرکەوتوو کە بکرێت وەک نموونە هەڵیسەنگێنین لەبەردەست نییە، بەڵام لە سەردەمی ئێستەدا زۆر روونە کە دابەزاندنی مەسەلەی ژنان و کورتکردنەوەی تەنیا بۆ جیاوازیی چینایەتی، خوێندنەوەیەکی تەواو سەقەت و تاک لایەنەیە.

لەراستیدا هێڵی جیاکەرەوەی خوێندنەوە جۆراوجۆرەکانی فێمێنیسم لە زۆر بواردا ناروونە و لە هەندێ جێگەدا هەر لەناو دەچێ. ئێمە لە رەهەندە جۆراوجۆرەکاندا، لە هەندێ شوێن هەڵوێست و هەڵسانگاندنی هاوشێوە دەبینین و هەروەها پێناسەگەلێک وەک فێمێنیسمی سۆسیالیستیی رادیکاڵ یا تەنانەت لیبراڵی رادیکاڵ و شتی لەم شێوەیە دەبینین. ئەمە خۆی وڵامێکی بەجێیە بۆ ئەو کەسانەی کە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە فێمێنیسم نابێت وەک تیۆرییەک کە خاوەنی ئامانج و هەڵوێستی روونە سەیر بکرێ. لەراستیدا فێمێنیستەکان لەسەر ئەو بڕوایەن کە تیۆریی زانستی، خاوەن پێگەیەکی کۆمەڵایەتییە و باشترین رێگەچارە بۆ هەر پێگەیەکی کۆمەڵایەتی، گوێگرتنە لە هەموو ئەو کەسانەی لەو پێگەیەدا هاوبەشن. مێژووی خەباتی ژنان نیشانی داوە کە تا گەیشتن بە ئامانجی یەکسانی رێگەیەکی دووروودرێژ و دژوار لە پێشە. هەتا کاتێک گۆڕانکاریی قووڵ لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، کولتووری، ئابووریدا نەیەتە پێش، ناتوانین هیوادار بین کە کۆمەڵگەیەکی بەختەوەرمان چ بۆ ژنان و چ بۆ پیاوان هەیە. ژن لە کۆمەڵگەیەکدا کە لە قۆناغی خەباتی نەتەوەییدا بێت، بەرپرسیارەتیی زۆر قورستری لەسەر شانە چون هەم دەبێ لەگەڵ ئەو باوەڕە کولتوورییە دواکەوتووانەی کە بەهۆی گەشەنەکردوویی کۆمەڵگە سەقامگیرن بەشەڕ بێ و هەم وەک تاکێکی ئەو کۆمەڵگەیە خەباتی نەتەوەیی بکا.

## خەبات بۆ وەدەس هێنانی مافی ژنان لە کوردستانی خۆرهەڵات

ئەگەر بمانهەوێت بەپێی ئەو مێژووە کورتەی کە لەم وتارەدا باس کرا، خوێندنەوەیەکی بەراوردکارانە بۆ خەباتی ژنان لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە دەستەوە بدەین، دەتوانین دەسپێکی سەردەمی رۆشنگەری لە کوردستانی رۆژهەڵات بگەڕێنینەوە بۆ ساڵەکانی نزیک بە دەسپێکی کۆماری کوردستان. هەر لە سەردەمی کۆماریشدایە کە ژنان بە شێوەی فەرمی دێنە ناو گۆڕەپانی جڤاک و سیاسەتەوە و بە شێوازی رێکخراو و تاک، هەوڵ بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان ئەدەن. سەردەمی کۆماری کوردستان و یەکیەتیی ژنان وەک رێکخراوەی سەر بە ئافرەتان، هەنگاوێکی گەورە لە مێژووی خەباتی ژنانی کوردستانە کە هەرچەند تەمەنی کۆمار کورت بوو بەڵام کاریگەریی قووڵی لەسەر کۆمەڵگای پاش خۆی دانا. یەکێک لە هەوڵەکانی ئەو کات دەگەڕێتەوە بۆ خۆشکردنی رێگا بۆ خوێندنی کچان کە لەو سەردەمەدا وەک شۆڕشێکی کەلتووری دێتە پێش چاو و رێگەی بۆ هەنگاوەکانی دیکە لەبارتر دەکرد. لە پاش رووخانی کۆمار، تا سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران هەوڵی یەکگرتووانە و رێکخراوەیی لەم پێناوەدا بەدی ناکرێت (ئەمە بە واتای نەبوونی هەوڵی تاکەکەسیی ژنان نییە). پاش شۆڕش و سەرهەڵدانەوەی خەباتی ئاشکرای پارتە سیاسییەکان، لەم سەردەمەدا دیسانەوە خەباتی ژنان و بەشداریی ژنان لە جڤاکدا بە رادەیەکی بەرچاو گەشە دەکات. ئەم بەشدارییە بەرچاوەی ژنان لە کۆمەڵگە و لە خەباتدا، کاریگەریی زۆر بەرچاوی لە متمانەبەخۆییی ژنان و گۆڕانی نیگای نەرێتیی کۆمەڵگە بەرانبەر ژنان دەبێت کە دەکرێ وەک خاڵێکی زۆر پرشنگداری مێژووی خەباتی ژنان لەبەرچاوی بگرین. بەڵام ئەم خەباتە،

تەنیا خەباتێکی فێمێنیستی نییە بەڵکوو خۆی لــە چوارچێوەی بەرنامــە و جیهانبینیی پارتە سیاســییەکاندا دەبینــێ و هاوکاتیش خەبات بۆ وەدەســت هێنانــی مافی ژنــان دەکا. ئەم جۆرە فێمێنیســمە، ناتوانرێت بە پێناسەیەکی دیاریکــراو وەک ئەوجۆرانــەی کــە باس کرا دەسنیشان بکرێت و لەڕاستیدا تێکەڵەیەکە لە هەموو فێمێنیســمەکان، مەبەست ئەوەیە کە هەم فێمێنیستی ڕادیکاڵی تێدا دەبینرێ هەم سۆسیالیســتیی تێدا دەبینــدرێ هەم لیبراڵ.

ئەم ســەردەمە لە خەباتی ژنان تا ساڵی ٧٥ و کۆتایی هاتنی خەباتی چەکداری درێژەی هەیە و تا ئــەم کاتە، پارتە سیاســییەکان، زیاترین کاریگەرییان لەســەر هەموو بوارەکانی کۆمەڵگا و یــەک لەوان خەباتی ژنــان هەیە. پاش ئەم قۆناغە، بەرەبەرە و بە ماوەی نزیک بە بیســت ســاڵ کاریگەریی حیزبە سیاسییەکان کەم و کەمتر دەبێتــەوە و ئەم ڕەوتە کــە لە نیوەی دەیەی حەفتای هەتاوییەوە دەستی پێ کرد، تا هەنووکەش هەر بەردەوامە . پاش ساڵی حەفتا و پێنج و گەشــە کردنــی هێندێک ئازادی کە دەسەڵات لەبەر ئەو هەڕەشانەی لەسەری بوو بە جڤاکــی ئەدا و هەروەها پەرەگرتنی ڕاگەیاندنە گشــتییەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، هاتنە مەیدانــی ژنان گەشــەی بەرچاو بــە خۆیەوە ئەبینــێ. هەر لــەم ســەردەمەدا جۆرێک لە خەباتی جیا لە حیزب و ڕێکخراوەکان لە لایەن دەسەڵاتەوە بەسەر کۆمەڵگادا دەسەپێت و لەم ڕێڕەوەشــدا و بە هۆی ئەو ئازادیانەی کە دراوە ژنانیش هەوڵ بۆ دەســتەبەرکردنی مافەکانیان ئەدەن. لەم ســەردەمەدا ڕێژەی چوونی کچان بۆ زانســتگەکان و دەنگدانیان وەک ڕەگەزێکی تایبەت (مەبەســت لە مافی دەنگــدان نییە) کاریگەریی لەســەر هەڵبژاردنەکان دادەنێن و تەنانەت لە هەندێ شــار وەک نوێنەر و وەک ئەندامــی شــۆرای شــاریش هەڵدەبژێردێن و هەروەها هەندێ ئــازادی کەبەهۆی کراوەیی کولتووریی کۆمەڵگە پێکهاتــووە بۆ ژنان دێتە ئاراوە.

ئــەوەی کــە دیســان تایبەتمەندیی ئەم ســەردەمەیە و مەترســیدارە، ڕێــژەی زۆری تەڵاق و لێک هەڵوەشــانەوەی بنەماڵەکانە کە دەتوانیــن بێژین جگە لە زۆربوونی خەســارە کۆمەڵایەتییەکان وەک هەژاری و تووشبوون بە مادە ســڕکەرەکان و...، یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم تەڵاقانە دەگەڕێتەوە بــۆ ئەو جیهانبینییە نوێیە کە لەنێو ژنان و پیاوان هاتووەتە ئاراوە و ڕاســت بنەماکانی پێکهاتەی بنەماڵە دەپێکێت و لاوازی دەکات کــە هــەروەک لــەم وتارەدا ئاماژەمان پێ دا، ئەمە دەکرێت بە جۆریک وەک کاریگەریی فێمێنیســمی ڕادیکال لەسەر بیر و هزری کۆمەڵگە سەیری بکەین. لە هەمان کاتدا ژمارەی زۆری خۆکوژییەکان لە نێو ژناندا وەک دژکردەوەیەک لە هەمبەر چەوســاندنەوەکان و ئەو زوڵمەی لێیان دەکرێت، تایبەتمەندییەکی دیکــەی ئــەم ســەردەمە و تراژێدییەکی زۆر ترســناکی ئەم ســەردەمەیە کە بــاس لە بێ هیواییەکی قووڵ بــۆ داهاتوو و نەبوونی هیچ ئاسۆیەک دەکات و توێژینەوە و شیکردنەوەی، پێویســتی بە هــەوڵ و ماندووبوونی جیددی هەیە.

## هەوڵ بۆ فێمێنیسمی سەربەخۆی کوردی

هەروەک چــۆن زۆربەی ڕەوتــە هزرییەکانی بە گشــتی ڕۆژهەڵاتی دنیا، لاســایی کردنەوە و هەندێ جاریش کۆپییەکی ســەقەتی ڕەوتە فکرییەکانی ڕۆژئاوایە، ژنانی خۆرهەڵاتیش لەم ســەردەمەدا بێبەش لەم هەڵە کوشەندەیە نین و هزری فێمێنیســتی، زیاتر دەبێتە لاســایی کردنەوە نــەک گونجاندنی لەگــەڵ نەتەوە و نەریتی جڤاکی خۆیان. لەم سەردەمەدا زۆربەی هەوڵەکان و ئامانجەکان تاکەکەسین و کۆمەڵگا یان تەنانەت تــەواوی ژنانیــش ناگرێتەوە؛ بۆ نموونە هەوڵە بۆ هاتنە ناو کار و بازاڕەوە کە لەم سەردەمەدا وەک گەورەترین دەسکەوت پێناسە دەکرێ؛ خافڵ لەوەی کە تا کاتێک هاوسەنگیی

هێز لە بناغەوە نەگۆڕدرێت، هاتنە ناو بازاڕیش خۆی دەبێتە چەوساندنەوەیەکی زیاتر.

پاش راسانی رۆژهەڵات هەندێ لە هاوکێشەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە. هەرچەند هێشتا و بە رێژەی چاوەڕوانییەکان نییە بەڵام شیمانەی ئەوە دەکرێ کە بکرێ ژنان لە شێوازێکی رێکخراو یان بە هزرێکی تایبەت بە کۆمەڵگای زاگرۆس و روون لە هەمبەر کێشەکانی ژنان، هەوڵ بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانیان بدەن. بەڵام ژنی کورد نابێ ئەوە لەبە چاو نەگرێت کە ئەو ژنە لە کۆمەڵگایەکی ژێردەست و ئەندامی نەتەوەیەکی ژێر دەستە و لە هەمان کاتدا نابێ لە بیرمان بچێت کە یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی کۆمەڵگای رۆژئاواییش لەبەر یەک هەڵوەشانەوەی خێزانەکانە. (سەیری فیلمەکانی هالیوود بکەی، یەکێک لە پەیامە سەرەکییەکانیان کە لە زۆربەی فیلمەکاندا پێداگریی لەسەر دەکرێتەوە پاراستنی بنەماڵەیە). کە واتە دەبێ ژنی کورد ئەوەشی لەبەر چاو بێت کە ئەوان بەشێکن لەو نەتەوەیە و ئەگەرلە نەتەوەیەکیشدا بنەماڵە لەنێوچوو ئەوە هەمووان دەکەونە بەردەم هەڕەشەی لەنێوچوون و رازی سەرکەوتنی نەتەوەیش بنەماڵەیە. هەر بۆیە ئێمە دەبێ لە هەمان کاتدا کە شێلگیر بین بۆ وەدەست هێنانی مافەکانمان و هەوڵ بۆ لەناوبردنی هەرجۆرە چەوسانەوەیەک بە نیسبەت ژنان لە هەموو ئاستێکدا بدەین، هاوکات دەبێ پارێزەری بنەماڵە و نەتەوەکەمان بین و نابێت ئەو هەڵەیەی کە کۆمەڵگای رۆژئاوا لەو بوارەدا تووشی بووە (رێژەی زۆری هەڵوەشانەوەی بنەماڵەکان) ئێمە بیپێوینەوە.

## کۆتایی

خەباتی ژنان لە سەردەمی کۆماردا و پاشانیش تا ساڵی حەفتاوپێنج، خەباتێکی تەنیا ژنانە نییە بەڵکوو خەباتی رێکخراوەیی و تاکەکەسییە بە ژن و پیاوەوە بۆ دەستەبەرکردنی مافی ژن و لە پاش حەفتا وپێنجەوە ژن خەبات دەکا بۆ خۆی؛ هەرچەن هەندێ پیاو هەن کە تێکەڵی ئەم خەباتە دەبن بەڵام زۆرکات ژن و پیاو لەم پێناوەدا نابنە هاوکاری یەک، بەڵکوو دەبنە دژبەری یەک و هەوڵ بۆ سڕینەوەی یەکدی ئەدەن (یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی فێمێنیسمی رادیکاڵ). نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کە خەباتی ژنان تەنیا سیاسی، ئابووری یان کەلتووری نییە. بەرەوپێشچوون لە بواری سیاسی و ئابووریدا، تا ئەو کاتەی بەستێنی کەلتوور و نەریت بۆ ئەم خەباتە ئامادە نەکرێ، ئەستەمە بە ئاواتەکانی بگات هەر بۆیە بۆ دەستەبەرکردنی ئەم ئاواتانە یەکەم هەنگاو و لە هەمان کاتیشدا گرینگترین هەنگاو بنەماڵەیە و هەربۆیە تا کاتێک بنەماڵە نەگاتە ئەو ئاستەی کە مافی ژن و پیاو بە فەرمی بناسێ، هیچکات مافی ژن یان هیچ توێژێک دەستەبەر نابێ و وەک شەهیدی رێبەریش دەفەرمێ تا زیاترین مەودا بۆ ئازادیی ژنان نەبڕین هیچکات سەرناکەوین.

## سەرچاوەکان


١. ریتزر، جورج. نظریه جامعه‌شناسی در دوران معاصر. ترجمه محسن ثلاثی ـ تهران: علمی، ١٣٧٤ـ ص٤٩٥
٢ بیسلی، کریس. چیستی فمنیسم. ترجمه محمدرضا زمردی. تهران: ڕوشنگران و مطالعات زنان، ١٣٨٥- ص١٧
٣ ریتزر، جورج. نظریه جامعه‌شناسی در دوران معاصر، ص٤٥٩
٤ بیسلی، کریس. چیستی فمنیسم، ص٢٩
٥ ریتزر، جورج. نظریه جامعه‌شناسی در دوران معاصر، ص٤٦٤
٦ همان، ص٤٦٧
٧ بیسلی، کریس. چیستی فمنیسم، ص٨٥
٨ ریتزر، جورج. نظریه جامعه‌شناسی در دوران معاصر، ص٤٧٤
٩ پاک‌نیا، محبوبه ـ مردیها، مرتضی. سیطره جنس. تهران: نشر نی ١٣٨٨، ص٢٥
١٠ همان، ص٢٦
١١ همان، ص٥٢
١٢ ریتزر، جورج. نظریه جامعه‌شناسی در دوران معاصر، ص٤٨٨
١٣ همان، ص٤٩٠
١٤ کەریمی، ئەییووب. ئازادی و دەسەڵات. چاپەمەنی مانگ،١٣٩٤، ل٩١
١٥ ریتزر، جورج. نظریه جامعه‌شناسی در دوران معاصر، ص٤٩١
١٦ پاک‌نیا، محبوبه. سیطره جنس. ص١٨٩
١٧ ریتزر، جورج. نظریه جامعه‌شناسی در دوران معاصر، ص٤٩٢
١٨ همان، ص٤٩٥

# ڕزگاریی ژن لە دەلاقە جیاجیاکانەوە

سامال ڕۆژهەلات

”

هێندێک لە بیرمـــــــــــەندانی ئیکۆفێمێنیست (ژینگەخوازانی ژن تەوەر)، لایان وایە سروشت و ژن وەکوو یەک، سووژەگەلی ژێر دەسەڵاتی پیاوانن و لە ڕوانگەی ئەوانەوە فەرهەنگی دژە سروشت، هەمان فەرهەنگی دژە ژنە و ڕیشەی چەوساندنەوە و دەسەڵات سەپاندن بەسەر «ژن» و بەسەر «سروشت»دا دەگەڕێتەوە بۆ تێفکرینی ئامرازیکی پیاوانە.

“

لە فەلسەفەی سیاسیی هاوچەرخدا، پرسی سوبژکتیویتەی ژن و ڕۆڵی ژنان لە زیستی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، مشتومڕێکی زۆری لێ کەوتووەتەوە. بیرمەندانی ڕەوتە جۆراوجۆرەکان، هەر یەکەو لە گۆشەیە نیگای خۆیەوە بۆ ئەم پرسەیان ڕوانیوە و لەنگەریان لەسەر گرتووە، لەم نێوەدا ڕەوتە فکری و سیاسییەکانی ژن تەوەر(فێمێنیست)، جێگە و پێگەیەکی بەرچاویان بۆ خۆیان تەرخان کردووە و هەمووکات ئەم پرسیارە گرینگەیان ئاراستەی خۆیان و کۆمەڵگا کردووە کە چۆن دەکرێ ژنان هەلومەرجێکی بەرابەر دەگەڵ پیاوانیان بۆ برەخسێ؟

لە کاتێکدا کە تێفکرینی مۆدێرن، بەرابەری و یەکسانیی ژن و پیاوی، بە یەکێک لە بەرچاوترین شێوەبیرکردنەوەکانی خۆی دەبینێ، ئەوە تەنیا وەک زێست و فیگۆرێک چاوی لێ دەکرێ و لەم قۆناخەشدا ژن بە ڕێژەی بەشداریی پیاوان لە ئەرکە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا بوونیان نییە و بەربەستیان لە پێشە و بە کورتی لە بەستێنی گشتیدا، خراونەتە پەراوێزەوە و دەرووی بەستێنی گشتییان لێ قۆرغ و پاوان کراوە. لە کاتێکدا بۆ بەشداری لە بەستێنی گشتیدا ناچار کراون لە «شوناس»ی ژنانە بەتاڵ بکرێن. کەوابوو، ڕزگاربوون لە داپلۆسین و سەرکوت و وەدەستخستنی هەلومەرجی یەکسان دەگەڵ پیاوان و ڕەخساندنی دەرفەت بۆ بەشداریی تەواو لە گۆڕەپانی چالاکیی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بووەتە کەڵکەڵەی سەرەکیی ڕەوتە فکری و سیاسییە فێمێنیستییەکانی هاوچەرخ. ئەم ڕەوتانە، لەسەر بناخەی وڵامدانەوەیان بە پرسی سوبژێکتیویتەی ژن، دەتوانین بە چەندین دەستە دابەش بکەین:

ڕەوتێکی پاش پێکهاتەخوازی کە لە ژێر کاریگەریی «میشێل فۆکۆ»دان و خوازیاری بەرەنگاربوونەوەی ماکە پەراوێزخراوەکان بە تایبەتی ژنان لە بەرابەر گوتار و دەسەڵاتی زاڵی پیاوانەدا. بەپێی بۆچوونی فۆکۆ، لە هەر شوێنێ دەسەڵات هەبێ، بەرەنگارییش بوونی هەیە. لە ڕوانگەی ئەو فێمێنیستانەی لە ژێر کاریگەریی شێوە بیرکردنەوەی فۆکۆدان، لە ڕێگەی پەیوەندیی دەسەڵاتی نێوان ژن و پیاودا کە هاوڕێ دەگەڵ بەرەنگاربوونەوەیە، دەرووی ئازادی بە ڕووی ژندا دەکرێتەوە. بەم پێیە، باشترین ڕێگەچارە بۆ لەکزیدانی گوتارەکانی پیاوسالاری، دەستەمۆنەبوونی ژنان و زەقکردنەوەی جۆرەکانی جیایی، واتە «ئەویتربوونە».

لەولاشەوە، تاقمێکی تر لە بیرمەندانی پاش مۆدێرن، وەک «بودریار»، لایان وایە کە بەرگریکردنی ژنان لە بەرابەر کۆمەڵگای داپلۆسێنەردا، نە دەکرێ و نە ئاکامی ئەرێنیشی دەبێت و لایان وایە سووژە سەرکوتکراوەکان، بۆ درزتێخستنی حەقیقەتی خەیاڵیی سەرکوتکەر(پیاوان)، دەبێ بەشداری ناو گۆڕەپانە جیاجیاکان بن و بە ڕەفتارگەلی لۆژیکی، حەقیقەتی خەیاڵیی پیاوسالارانە، لە مانا بەتاڵ بکەنەوە و هەڵیتەکێنن. تا بەم شێوەیە شاهیدی مردنی «ناحەقیقەت»ەکان، لە پرۆسەیەکی مێژووییدا بن.

«ژاک دریدا»ش، لە ڕوانگەی پاش مۆدێرنیستییەوە دەڕوانێتە پرسی ژن و لەم بوارەدا بە بۆچوونی پێکهاتەشکێنی، سەرنجی بەشێکی زۆر لە فێمێنیستە هاوچەرخەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. دریدا پێی وایە، ئاوەزتەوەریی پیاوانەی حاکم بەسەر شارستانییەتی ڕۆژئاوادا،

هــۆکاری ســـەرەکیی غیابـــی ژنـــە لە گۆڕەپانە سیاســـی و کۆمەڵایەتییەکاندا. بە باوەڕی دریدا ڕێگای ڕزگاریی ژن، لە نوێ دارشتنەوەی دوانە لێکدژەکانە، بەم پێیە دەکرێ ئەوەی تا ئێســـتا سروشتی هاتووەتە بەرچاو، وەک باڵادەستیی پیاوان و ژێردەســـتیی ژنان، تێکبڕووخێندرێ و لە ئاکامدا بوونـــی ژنان لە پەراوێزەوە بگەڕێتەوە ناو ناوەندی ژیانی مرۆڤایەتی.

«گایاتـــری ســـی. ســـپیواک»، وەک فێمێنیســـتێکی دواکۆلۆنیالی، بۆچوونی پێکهاتەشکێنی و بونیاتنانەوەی دریدای بۆ ڕزگاریی ژنان لە جیهانی ســـێهەمدا بەکار بردووە. ڕێگەچارەی «ســـپیواک»، بـــۆ ڕزگاریی ژنانی جیهانی ســـێهەمی، سیاسەتی «زاتخوازیی ســـەلمێندراو»ە، کـــە لـــە ســـەرەتادا ژنـــان دەبـــێ لە جێگـــەی و پێگـــەی قـــورس و قایم و خاوەن هەلویســـتدابن و ئەوجار دۆخی کۆلۆنیالیســـتیی پیاوانە، بنەماشـــکێنی بکەن. لە ڕاستیدا «ســـپیواک» دەیزانی تێکۆشـــانی بۆ ســـەرلەنوێ دارشتنەوە، وەک ڕۆیشـــتن بەســـەر خەنجەرێکـــی دووســـەردایە، دەتوانێ تێکۆشـــانەکانی ژنان تووشـــی مەیین و ڕاوەستان بکات، هەربۆیە لای وابوو کە بۆ ڕزگاریی ژنان، ســـەرەتا دەبێ وردەشوناسی ناوچەییی ژنان بســـەلمێندرێ و لەســـەر بناخەی ئـــەو وردەشوناســـانە، بۆ وێنـــە نەتەوە، زمان و ...، گوتارە داسەپاوەکانی پیاوانە پێکهاتەشکێنی بکرێت.

یەکێکـــی تـــر لـــە بیرمەندانـــی دواکۆلۆنیالی کە سەرنجی بە پرسی ژنان داوە «هومی بهابها»یە، کە بە مێتۆدگەلی دەروونشـــیکارانە، ڕێگاچارەی ڕزگاریی ژنانـــی لە تەقلیدی کلتـــووری پیاوانەدا دۆزیوەتەوە و لای وایە تەقلید، ئەو هەلە بۆ ژنان دەرەخســـێنی تـــا لە پێکهاتەی زەینی - زمانیی سەرکوتکەردا بەشداری بکـــەن و بە پێـــی تێفکرینـــی خۆیان بیگۆڕن. بە سەرنجدان بەوەیکە تەقلید، کەموکوڕی تێدایـــە، کەوابوو لە ڕێگەی ڕووخســـاری کاریکاتۆرانە و گاڵتەجارانە ســـەیری دەســـەڵاتی پیاوانـــە کردن، دەتوانن لە هەناودا ئەو دەسەڵاتە بڕزێنن و لەرزۆکی بکەن.

فێمێنیســـتە ڕادیکاڵەکانیـــش ـ چ شەپۆلی یەکەم، چ شەپۆلی دووهەم و چ شەپۆلی سێهەم ـ ڕێگاچارەی جیاجیایان بۆ بەرپەرچدانەوەی، ســـەرکوتی پیاوانە لەبەرچاو گرتووە.

شـــــەپۆلی یەکـــەم، کەڵکەڵەی ســـەرەکییان مەفروزاتێکی لیبراڵییە، بۆ بەرابەریی مافی ژن و پیاو.

شـــەپۆلی دووهەم، لەســـەر بناخەی ئەســـڵی جیاوازی، لە دووی سیاسەتی جیایی دەگەڵ پیاوانن.

شەپۆلی ســـێهەمیش، لەبەر باوەڕ بە هۆکاری فرەچەشنی، تێکەڵاوێک بوون لە تێفکرینی ڕەخنەگرانە، هاورێ دەگەڵ پاش پێکهاتەخوازی و پاش مۆدێرنیسم.

بەشێوەی گشتی زۆربەی فێمێنیستە ڕادیکاڵـــەکان، بـــە تایبەتی شـــەپۆلی دووهـــەم، هێرشـــی ســـەرەکییان، ڕوو لە فەرهەنگی پیاوســـالارە، کە گشـــت بوارەکانی لەدەستی خۆیدا قۆرغ و پاوان کردووە.

لەم نێوەدا «ئیریس ماریۆن یانگ» کە ســـەر بە شەپۆلی سێهەمە، لای وایە کە پرسی سەرکوت، نەک هەر دیاردەیەکی تایبەت بە ژنان نییە، بگرە دەبێ وەکوو دیاردەیەکی گشـــتی سەیری بکرێ، کە دەســـتە و تاقمەکانی تری ناو کۆمەڵگا، وەک: پەراوێزنشـــینان، چەوســـاوەکان، کەم داهاتان و گشت ئەوانەی بەجۆرێ کەوتوونەتـــە بەر تەوژمی ســـەرکوت و

داپلۆسینەوە؛ لەخۆ دەگرێ، هەر بۆیە دەڵێ: ڕێگەی ڕزگاریی ژنان، بە داڵانی یەکگرتوویی دەگەڵ ئەواندا تێدەپەڕێ. بە هەر شێوەیەک سەیری دەکەین، فێمێنیستە ڕادیکاڵەکان، ڕێگای ڕزگاریی ژنان لە پابەندبوونیان بە جیاوازییەکانەوە دەبینن.

هەروەها بەشێکی زۆر لە فێمێنیستە پاش مارکسییەکانی وەک «سیلویا والبای»، هۆکاری سەرەکیی سەرکوتی ژنان لە پێکهاتەکانی چەوساندنەوەی سیستەمی کاپیتالیستیدا دەبینن و ڕێگەی ڕزگاریشیان پێ خەباتی چینایەتی و شۆڕشی سیاسییە. هەرچەند بیرمەندانی وەک «شانتال موفە»، بە کەڵکوەرگرتن لە بیری پاش مۆدێرنیستی، ڕزگارییان لە پراکسیس(کردەوەی کارا)ی ژنان و لە هەناوی پێکهاتەی فەرهەنگی، سیاسی و دیموکراسیی کارادا دەبینن، بە پێی بۆچوونی ناوبراو دیموکراسیی کارا، وەک جۆرێک لە ژیانی سیاسی - کۆمەڵایەتی، ئەو هەلەی بۆ ژنان دەرەخسێنێ، تا بەپێی شوناسی چەند دەنگی خۆیان، فەرهەنگی داسەپاوی پیاوانە بەرنە ژێر پرسیار.

هێندێک لە فێمێنیستە لیبراڵ هاوچەرخەکانیش، وەک «سۆزان مولێر ئۆکین» و «ڕیچارد فەلاسمەن»، لەسەر بناخەی «گەڕانەوە بۆ خۆ» و «ئاوەزمەندێتی»، مافی گەردوونی و دونیاپەسەندییان، بە تەنیا ڕێگەی ڕزگاریی ژنان زانیوە.

هەروەها، فەرهەنگخوازە فێمێنیستەکانیش بۆچوونگەلی جیایان لەسەر ڕزگاریی ژنان گەڵاڵە کردووە، بۆوێنە «ویل کیملیکا»، کە ماکی ژنانە بوون، دەگەڵ شوناسی فەرهەنگی - نەتەوەیی لێک گرێ دەدات و لای وایە لە ڕێگەی زیادکردنی مافی تاقمێکی تایبەت، لە نێو مافی گشتی تاکەکانی کۆمەڵگادا، دەتوانرێ قەرەبووی مافی پێشێلکراوی ژنانە بکرێتەوە، چونکە لە وەها هەلومەرجێکدا، ژن هەم خاوەن مافی «تایبەت» دەبێ و هەم خاوەن مافی «گشتی».

هێندێک لە بیرمەندانی ئیکۆفێمێنیست (ژینگەخوازانی ژن تەوەر)، لایان وایە سرووشت و ژن وەکوو یەک، سووژەگەلی ژێر دەسەڵاتی پیاوانن و لە ڕوانگەی ئەوانەوە فەرهەنگی دژە سرووشت، هەمان فەرهەنگی دژە ژنە و ڕیشەی چەوساندنەوە و دەسەڵات سەپاندن بەسەر «ژن» و بەسەر «سرووشت»دا دەگەڕێتەوە بۆ تێفکرینی ئامرازیی پیاوانە. (بۆ موتالای زیاتر پێشنیار دەکەین کتێب و بۆچوونەکانی موورای بوکچین، وەک ئانارشیستێکی سەوز بخوێندرێتەوە. بوکچین، بە وردی باس لە سیستەمێکی هیرارشی دەکات کە هەوەڵ سرووشت و دواتر ژنی کردووە بە ئامراز، تا بتوانێ لە ڕواڵەتدا بە مەرام و ویستەکانی بگات، بوکچین لەم دەلاقەوە بەگژ سیستەمی کاپیتالیستی ئامرازیکدا دەچێتەوە).

هەروەک بە کورتی لەسەرەوە ئاماژەمان پێ کرد، ڕێگەچارەی بیرمەندان، لەسەر سووبژێکتیویتەی ژن و ئیمکانی ڕزگاربوونیان لە کۆت و زنجیر و نابەرابەری هاتووەتە ئاراوە، هەروەها زۆر ڕێگەچارەی تر بوونیان هەیە و توانیویانە شەپۆلی گەورە ساز بکەن، یەکێک لەم ڕێگەچارانە لەسەر بیر و هزری «ژولیا کریستوا» ڕسکاوە و شکڵی گرتووە. لەسەر بۆچوونەکانی کریستوا خاوەنڕایان و ڕەخنەگرانێکی

زۆری جووڵانەوەی «فێمێنیستی»، لەنگەریان گرتووە و کەڵکیان لە ڕوانگە و بۆچوونەکانی وەرگرتووە.

کریستوا سێ خاڵی هەرە گرینگ، بە تایبەتی بۆ خاوەنرایانی جوڵانەوەی فێمێنیستی، لە فەلسەفەدا دەخاتە بەر چاو و ئاماژەی پێ دەکات:

١- تێکۆشان بۆ گەڕاندنەوەی «لەش»، (Body) بۆ ناو گوتارەکانی زانستی مرۆیی،

٢- لەنگەرگرتنی ناوبراو لەسەر بایەخی «دایکانە»ی، پێش ئودیپی لە پێکهاتەی زەینیدا،

٣- خوێندنەوەیەکی قووڵ بۆ بابەتی گڵاوبینی (Abjection)، لە پێناو سەرکوت و هەڵاواردندا.

بەلای «فێمێنیست»ەکانەوە، «لەش»، لەبەر هۆکاری مێژوویی لە زانستی مرۆییدا هەموو کات گرنگایەتیی پێ دراوە، ژن و ڕەگەزی مێیینە، وەکوو بابەتێکی لاواز، ناسروشتی، ناپاک و زەعیفە چاوی لێ کراوە. کریستوا لە سێ دەیەی ڕابردوودا کاری فیکریی لەسەر پەیوەندیی نێوان زەین و لەش، کلتوور و سروشت، ڕوح و لەش و ... کردووە و پێداگریی لەسەر پاڵنەرەکانی لەش، لە دووبارە خوێنشاندانەوەدا کردووە و ڕای وایە کە لۆژیکی دەلالەت لە لەشی دایکانەشدا خۆی دەبینێتەوە. کریستوا بە لەنگەر گرتن لەسەر دوو سیستەمی «نیشانە»یی و «هێما»یی، کە خولقێنەری دووجۆر زمانی «دایکانە» و «باوکانە»ن، ڕای وایە کە تەواوی دەلالەتە ماناییەکان لە هەناوی ئەم دوو چەمکەدا دەستەبەر دەبن. ئەمری نیشانەیی بە پاڵنەری «لەش» دەقەبڵێندرێ و خۆشی دەخاتە ناو هەناوی ماناکانەوە و دەگەڵ ڕیتم، ترپە، سۆزداری و جوولە لێک گرێ دراون و بەم پێیە و بە ناچاری تەواوی مرۆڤەکان بەم دەقەرەدا گوزەریان کردووە.

یەکێک لە هۆکارەکانی هەڵاواردنی ژن لە بازنەی مێژوو و لە گوتارە جیاجیاکانی پێکهێنەری کۆمەڵگا، دەگەڕێتەوە سەر ئەوەیکە، هەرێمی «دایکانە»، سەرنجێکی ئەوتۆی پێ نەدراوە و لە ڕاستیدا خراوەتە پەراوێزەوە.

پاژی «هێما»یی، دەلالەتی مانایی دەگەڵ ڕێزمان و پێکهاتەی مانایی لە پەیوەندی توندوتۆڵدایە و ئیرجاع بۆ شتەکان دەستەبەر دەکات. بۆ وێنە واژەگەل لەبەر هۆکاری پێکهاتەی هێمایی زمان، خاوەن ماناگەلی ئیرجاعین، لەولاشەوە وشەگەل لەبەر هۆکاری ئەمری نیشانەییان، مانای نائیرجاعی بە ژیان دەبەخشن. لە ڕاستیدا هەم سیستەمی «نیشانە»یی و هەم سیستەمی «هێما»یی، لە بەرهەم هێنانی مانا و ماناکانی دەلالەتیدا ڕۆڵگێڕن و خەمساردی سەبارەت بە یەکێکیان، ژیان تووشی بەستەڵەک و بێ هیوایی دەکات.

لە ڕوانگەی کریستواوە سوبژێکتیویتە، چاوەدێرە بەسەر پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و زمانەوە، زمانێک کە هەمووکات بواری ڕۆحی و لەشی پەیڤێنەر نیشان دەدات. لە نێوان «خود» و «سووژە»دا جیاوازی هەیە، زمان لەدەستی «خود»دا ئامرازی پەیوەندییە، کەچی «سووژە»، بەرەبەرە دەبێتە موریدی زمان و زمان لە شکڵ گرتنی ئەودا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێ. کریستوا ڕۆڵی سوبژێکتیویتە، واتە کارتێکردنی زمان بۆ سەر سووژە و پەیرەوی کردنی سووژە لە زمان، ئاوا دەبینێ کە لای وایە سووژە «بەرهەمی پرۆسەگەلی زمانییە». بە لای کریستواوە

سوبژێکتیویتە هیچکات شکڵێکی دیار و ڕوون بە خۆیەوە ناگرێ، چونکە پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و زمان هیچکات بە نەگۆڕی نامێنێتەوە و بەردەوام لە حاڵی گۆڕاندایە.

کریستوا لە ژێر کاریگەرێتیی «ملانی کلاین» و بە پێچەوانەی «زیگموند فرۆید» و «ژاک لاکان»، لای وایە کە بێچمگرتنی زەینییەتی مرۆڤ، لەسەر دەستی کلتور و زمانی «دایکانە»، پێکدێت، لە کاتێکدا بە ڕای فرۆید و لاکان، مناڵ لەبەر هەڕەشەکانی باوک، لەسەر سرکردن و خامۆشکردنی یەکجارەکیی ئەمری جینسی، دێتە ناو کۆمەڵگاوە. ئالێرەدا کریستوا پرسیار دەکات: ئەگەر تەنیا هانە بۆ هاتنەناو کۆمەڵگای مناڵ، ترسە، ئەی بۆچی زۆربەی مرۆڤەکان ڕەوانی نین؟ کریستوا لە «داستانی عیشقی»دا، بۆچوونەکانی فرۆید و لاکان لەهەمبەر هەڕەشەکانی باوکانە کە دەبێتە هۆی ئەوەی باوەشی ئەمنی دایکانە بەجێ بێڵێ، دەباتە ژێر پرسیار و ڕای وایە کە سەرەتای شکڵ گرتنی زەینییەتی مناڵ دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی پێش‌ئۆدیپی فرۆیدی و قۆناغی ئاوێنەی لاکانی.

کریستوا دەڵێ: «ڕێسای دایکانە بەر لە یاسای باوکانەیە» ناوبراو بەم بۆچوونە گەرەکییەتی گوتارێکی دایکانەی نوێ بێنێتەکایەوە و بایەخی دایک لە شکڵ گرتنی زەینییەتدا تەتەڵە بکات و بە بەڵگەی قایم ئەم بۆچوونە پشتئەستوور بکات. کریستوا بە پێداگری لەسەر ئەوەی «لەش»ی دایکانە، لە نێوان سروشت و فەرهەنگدا هەڵدەسووڕێ، گەرەکیەتی ئەو کلێشانەی دایک تا ئاستی «سروشت» دادەبەزێنن سربکات.

کریستوا، تیئۆریی زمانی خۆی بە یارمەتیی دەروونناسیی لاکان شی دەکاتەوە. لاکان لە پرۆسەی دروست بوونی سووژەدا دەڵێت سووژە ئافراوێکی ناتەواو و ناکامڵە کە بەردەوام هەوڵی ئەوە دەدات ببێ بە بوونەوەرێکی کامڵ. تیئۆریی سووژەی لاکان بە منداڵی دەست پێ دەکات، منداڵێک هێشتا ئاگای لە هیچ بەربەست و کێشەیەک نییە و لەگەڵ دایکی هەموو نیازەکانی «تەنانەت پێش ئەوە هەستی پێ بکات» جێبەجێ دەکرێ. منداڵ لە باوەشی دایکیدا هەست بە ئاسودەیی جەستەیی دەکات، هەر شتێک ئارامیی بداتێ بۆی ڕەخساوە، لە ڕاستیدا هەست بە کەماڵ و تەواو بوون دەکات، ئەم کەماڵ و تەواوییە تا ئەو کاتە بەردەوامە کە منداڵ لەگەڵ دایکی خۆی بە یەک دەزانێ و پەیوەندییان هیچ جۆرە درز و دوورییەکی تێ نەکەوتووە، لەو کاتەوە منداڵ لە دایکی جیا دەبێتەوە و دێتە ناو زمانەوە، هەستی نوقسانی و ناکامڵی دایدەگرێت و ئەو هەستە بە سەریدا زاڵ دەبێ. بە بڕوای لاکان سووژە بە دوای عیشقێکی بەردەوامدایە کە تەواو بوونی بۆ نییە. گەر سووژە ئەو عێشقە ونبووەی خۆی وەدەست بهێنێ، هەرگیز سەرکەوتوو نابێت و نابێتە سووژەیەکی وتەبێژ، واتە ئێمە زمان و کەرەسەکانی لە باتی ئەو شتانە بەکاردەهێنین کە لە دەستمان داون. زمان و لە دەستدان دوو دیوی یەک دۆخن و تەواوکەری یەکن. زمان، جێنشینی باوەشی دایکە. منداڵ کە لە دایک دەبێت و مەودا دەکەوێتە نێوانیان، لە مەیل و ئارەزووەکانی دادەبڕێ و تێکەڵ بە دونیای هێمایی دەبێت. لێرەدا منداڵ دەبێتە سووژە، بەڵام سووژەیەکی هەمیشە نوقسان و ناجێگیر. لاکان دەڵێت ئەو کاتەی منداڵ لە ئارەزووەکانی دادەبڕێ،

شوناسـه جیاوازەکانی لە لایەن گوتارە جیاوازەکانەوە بە سەریدا زاڵ دەبن و بە تەواوی ئەو شوناسە دەگرێتە خۆی کە سیستەمی هێمایی پێی دەبەخشێ. شوناسی سووژە ئیتر شوناسی خۆی نییە، شوناسی ئەویترە.

کریستوا بوچوونەکانی لاکانی قەبوولە، بەڵام ئەوەی لاکان دەڵێ منداڵ بە تەواوی لە مەیل و ئارەزووەکانی دادەبڕێ و شوناسی دەکەوێتە بندەستی سیستەمی هێماییەوە، لای کریستوا جێگای گومانە. کریستوا وای بۆ دەچێ کە لاکان بەسەر قۆناغێکی گرنگی گەشەی منداڵدا قەڵەمبازی کردووە کە قۆناغی نیشانەییە. کریستوا باوەڕی وایە مەیل و ئارەزووەکان، پێش قۆناغی هێماییش بوونیان هەبووە و کاریگەریی خۆیان لە سەر شوناس داناوە، ئەوە بە کاریگەرییەکانی قۆناغی «نیشانە»یی ناو دەبات لە سەر شوناس. ئەو دەڵێ سووژەی وتەبێژ لە نێوان دوو ئەرک و دەلالەتی زمانیدا دابەش دەبێ. بەسەرێک زمانی هێماییە کە زمانێکی عەقڵی، لۆژیکی، کۆمەڵایەتی، یەکانگیر و تەبایە لە ناو خۆیدا، بەسەرێکی تریش زمانی نیشانەکانە کە زمانێکی سۆزدارانە و ناکۆمەڵایەتی و پەرت لە ناو خۆیدایە. لێرەوە کریستوا باوەڕی بە بوونی دوو جۆری جیاواز لە سووژەی وتەبێژدا هەیە: سووژەیەک بۆ دەربڕینی دەلالەتە عەقڵییەکان بەکار دەبرێ، وەک لای فەیلەسووف و زانا و لۆژیکزانەکان دەیبینین، کە سووژەیەکە لە سایەی سیستەمی هێماییی لاکانیدا گەشەدەکات؛ سووژەیەکی تریش کە زمانێکی پەرتی ئیحساساتی و نالۆژیکییە کە شاعیران و مۆسیقازانان و نووسەران بەکاری دەهێنن. بەڵام بە بڕوای کریستوا، سووژەی نۆرماڵ، ئەو سووژەیەیە کە هەر دوو لقی ئەم زمانانە لە نێویدا تێکەڵن و پێکەوە دەژین و وەک ناکۆکیی دوو جەمسەری دەرناکەوێ. لەو کاتەدا کە زمانی هێمایی تەواوە لە قسە و دەربریندا، زمانی نیشانەیی یارمەتیی دەدات لە پەیقین و مانا بەخشیدا.

قۆناغی نیشانەیی یان قۆناغی پێش ئۆدیپی لای کریستوا ئەو قۆناغەیە کە دەسەڵاتی دایک بە سەریدا زاڵە، ئەو بایەخێکی گرینگ بەو ماوەیە دەدات و بە ماوەی «دایکانە» ناوی دەبات و بە بەشێکی دارێژەری سووژەی دەزانێ. بە بۆچوونی کریستوا، یاسای دایک پێش یاسای باوکە، کەواتە سووژە بە تەنیا بەرهەمی باوکسالاری نییە، بەڵکوو دایکیش ڕۆڵێکی گرینگ دەبینێ لە شێوە بەخشی بە سووژەدا، یەکێک لە کەموکۆرییەکانی تیئۆریی پێشینییەکان لە سەر شوناس، فەراموش کردنی قۆناغی پێش ئۆدیپییە بۆ ڕۆڵی دایک. لای کریستوا دەبێ دایک و دایکایەتی بەجۆرێکی نوێ پێناسە بکرێنەوە، دایک نە موقەددەسێکی ئەفسانەییە و نە ئەرکێکی بایۆلۆژیی ڕووتیشە وەک زانستی نوێ لە بارەی دەدوێ. دایکایەتی، زمان و یاسا و جیهانبینییە. سڕینەوەی قۆناغی دایکایەتی لە گەشەی مرۆڤدا، بە بەرزنرخاندنی قۆناغی هێمایی لەکزیی داوە، کە قۆناغێکی پیاو سالارانەیە. قۆناغی نیشانەیی یان پێش ئۆدیپی، بەوەدا لە ژێر دەسەڵاتی دایکدایە سروشتێکی ژنانە وەردەگرێ. کاتێ منداڵیش لە دایک دادەبڕێت و دەکەوێتە ناو سیستەمی هێماییەوە، وەک ئەوە پیشان دەدرێ و دەردەکەوێ کە ژن بوونی سەرکوت کرابێ. لای کریستوا ژن وەک ژن، بوونی نییە، بەڵام لە ناو سووژەدا هێزێکی نیشانەیی هەیە کە سروشتی ژنانەی هەیە.

کریستوا دەڵێ: «ژن وەک گوتارێکی فەلسەفی بوونی نییە» بەڵام وەک گوتارێکی سیاسی حزووری هەیە. «نیشانە» و «هێما» وەک ئاماژە بۆ «ژن بوون» و «پیاو بوون»، لە هەموو مرۆڤێکدا وەک یەک بوونیان هەیە، لە هەمووماندا لۆژیک و نالۆژیک، کۆمەڵ و دژەکۆمەڵ، یاخی و ملکەچ، بە یەک رادە بوونیان هەیە. واتە ژن بوون و پیاو بوون، بە هەمان پلە لە هەموو مرۆڤیکدا هەیە، کریستوا دەڵێ: باوەڕ بەو قسەیە کە بڵێین کەسێک بە تەواوی ژنە بە هەمان رادە گێلانەیە کە بە کەسێک بڵێین بە تەواوی پیاوە. لای کریستوا لە قۆناغی نیشانەیی یان پێش ئۆدیپیدا، منداڵ هێشتا شتێک لە سەر جنسیەتی خۆی نازانێت تا بیهەوێ لەشی خۆی لەگەڵ لەشی دایکیدا جیا بکاتەوە، بەڵام دوایی لەترسی خەسان، خۆی لە گوتاری باوک نزیک دەکاتەوە و لە دایک دوور دەکەوێتەوە، بۆ ئەوەی ئەو دوورکەوتنەوەیە بەباشی بەرێوەبچێ، دەبێ جۆرێک لە نەفرەت و کینە و بێزاری بەرابەر بە دایکی گەشە بستێنێ، ئیتر لەشی دایک بچووک و بێ نرخ دەکاتەوە و لەگەڵ باوکی هاوسۆزی دەکات. کریستوا ناوی ئەم دیاردەیەی ناوە گڵاوبینی یا ئەبجێکشێن.

کریستوا دەڵێ: رەگ و ریشەی نەفرەت و کینە، یان دروست بوونی بەرز و نزمی لە نێوان مرۆڤەکان، گرێدراوی گرێی خەسانە و رق و بێزاری لە منداڵدا سەوز دەکا. بە کورتی زمان، خۆی سروشتێکی دوو چەشنی هەیە، نەک دوو جەمسەری، بەڵام دوایی زمانی هێمایی (زمانی باوک)، زمانی نیشانەیی (زمانی دایک) سەرکوت دەکات و لەگەڵ ئەم دابەشبوونەشدا، دوالیزمەکان دروست دەبن. ئالێرە دەردەکەوێ کە پرسی فێمێنیستیکاڵی ژولیا کریستوا، چەندە قووڵ و پڕبایەخە و ئەگەر بەوردی بخوێندرێتەوە و کاری بۆ بکرێ، شێوە روانینی ئێمە بۆ دیاردەی بەرابەری و یەکسانی و مافی ژن و پیاو لە کۆمەڵگادا بەتەواوی ئاڵوگۆری بەسەردا دێت.



رۆلان بارت چەند جوان پێناسەی ژولیا کریستوای کردووە:

لە زانستی مرۆییدا و لەو شوێنانەی هەست دەکەی بە خاڵی کۆتایی گەیشتووی، ژوولیا کریستوا دێت و زۆر لۆژیکالانە، هەموو شتێک هەڵدەوەشێنێتەوە.

## ژێدەر


١- نقد و نظر؛ درآمدی جامع بر نظریه‌های فمینیستی، مترجم منیژه نجم عراقی، نشر نی، تهران ١٣٩١.
٢- ناخودآگاه؛ آنتونی ایستوپ، ترجمه شیوا رویگریان، نشر مرکز، تهران ١٣٨٢.
٣- نوئل مکافی؛ ژولیا کریستوا، ترجمه مهرداد پارسا. نشر مرکز، تهران ١٣٨٥.
٤- سرگشتگی نشانه‌ها؛ نمونه‌هایی از نقد پسا مدرن، مانی حقیقی، نشر مرکز، تهران ١٣٧٤.
٥- لاکان، دریدا. کریستوا؛ مایکل پین، ترجمه پیام یزدانجو، نشر مرکز، تهران ١٣٨٠.
٦- فردیت اشتراکی (شامل گفتگوهای ژولیا کریستوا) ترجمه مهرداد پارسا، نشر روزبهان، تهران ١٣٨٩.

# توندوتیژیی ڕیشەیی و سیستماتیک دژی کۆمەڵگا یا تەنها ژنان

**ڕۆژیندا بەیان، ژیلا موستەئجێر**

لەم نووسینەدا هەوڵ دەدەین باس لەوە بکەین کە کۆمەڵگای کوردستان بە هۆی داگیرکراوی لە هەموو جومگەکانی سیاسی، ئابوری و کلتووری و کۆمەڵایەتییەوە، چۆن دەکەوێتە ژێر کاریگەری و هاوکات لەگەڵ ئەوە ئەو توندوتیژییانەی کە لە ژینگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕوو دەدەن شەنوکەوی بکەین.

*«ئاگاداری خۆتان بن، مامۆستاکانتان عەقڵتان لێ نەستێنن و ئەوەی کە دەیانهەوێ پێتانی بسەلمێنن»*
*لە ئامۆژگارییەکانی برنارد شۆ بۆ قوتابییەکانی*

## دەستپێک

هـەر خەباتێک لـە کۆمەڵـگای ڕۆژهەڵاتی کوردســتان کاتێــک دەگاتــە ئەنجــام کە باوەڕێکی ڕادیکاڵی بە ئازادیی ژنان و هاوکاری و هاوخەباتیی ژنان هەبێت، لە ســەردەمێکدا دەژین کە پاراستنی هەمەچەشنیی ڕەگەزی بــۆ دابین بوونــی دێموکراســی، بنەمایەکی حاشاهەڵنەگرە و هیچ بزووتنەوەیەک ناتوانێ چاوپۆشی لەم بنەمایە بکات و لە هەمان کاتدا بتوانێــت بانگەوازی ڕزگاری بــۆ کۆمەڵان و دەنگە جیاوازەکان بکات.

لەم نووســینەدا هەوڵ دەدەین باس لەوە بکەین کــە کۆمەڵگای کوردســتان بە هۆی داگیرکراوی لە هەموو جومگەکانی سیاســی، ئابوری و کلتــووری و کۆمەڵایەتییەوە، چۆن دەکەوێتە ژێر کاریگــەری و هاوکات لەگەڵ ئــەوە ئــەو توندوتیژییانەی کە لــە ژینگەی کۆمەڵایەتــی و سیاســی بــە تایبەتــی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕوو دەدەن شەنوکەوی بکەین.

وتارەکــە ئاوڕێکــی کورت لەســەر ئەو باســەش دەبێت کــە سیســتەمی داگیرکار چۆن ڕێگری لە گەشەسەندنی کۆمەڵگا دەکا و چۆن ئەو جــۆرەی بیهەوێ ئەم کۆمەڵگایە بەرەو توندوتیژبوون دەبات و خەباتی مەدەنی بەرتەســک دەکاتــەوە و کەســانی چالاک گۆشەگیر و نامۆ دەکات.

باســەکە لە کۆتاییدا ســووکە لەنگەرێک لەسەر ئەو پرسە دەگرێت کە داگیرکەر چۆن بەســتێن بۆ خولقاندن و ســەرهەڵدانی هەر جۆرە دیاردەیەک ســاز دەکات و لە دوورەوە ســەیری ئــەم گێژاوە دەکات و هەڵــی بۆ دەرەخسێت کە ئەم نەتەوە بندەستە، وەحشی و بکــوژ و توندوتیژ نیشــان بــدات و خۆی وەکوو دەسەڵاتدار، لە ئاستی چارەسەری ئەم کێشەیە دەستەوەستان نمایش بکات.

ئێمــە لــەو باوەڕەداین کــە توندوتیژی مژارێک نییە کە لــە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی تر پێناســەکەی بگۆڕدرێت بەڵکوو چەمکێکی گشتی و جیهانییە.

بــەڵام لەگەڵ ئــەوەی کــەم نین ئەو ڕێکخــراوە و دەوڵەتانەی هەوڵ بۆ پێناســە کردنــی توندوتیژی دەدەن، ئــەو کاتەی باس لە چەمکی توندوتیژی دەکرێت، کێشەیەکی گــەورە دێتــە پێشــەوە ئەویــش ئەوەیە تا ئێســتا پێناســەیەکی کۆنکرێت و دیاریکراو لە توندوتیژی نەدراوە بە دەســتەوە. بەشێک لە کۆمەڵناســان و دەروونناســان لەوانە گیلز و ســتراوس توندوتیژی بە هەڵســوکەوتێکی مەبەستدار دەزانن کە خەساری جەستەیی و دەروونیی بۆ ســەر تاک هەیە.[1] لێرەدا لای ئەم دوو دەروونناســە خەســاری جەستەیی و دەروونــی وەک یــەک پێناســە دەکرێت و ڕەنگــە زیاتریــش گرینگی بە خەســاری دەروونی بدرێت. بێگومان خەساری دەروونیی هەر چەشــنە توندوتیژییەک لە ســەر تاک، کاریگەریی درێژخایەن و هەمەلایەنەی هەیە کە دەتوانێ ســەرەڕای تێوەگلانی دەوروبەر، تەنانــەت نەســڵی داهاتوویــش بخاتــە ژێر باندۆرێکی نەرێنیی خۆیەوە.

ئــەوەی ئەم باســە لە کوردســتان و بە تایبەتــی لــە ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان جیا دەکاتــەوە، هەبوونــی دیکتاتۆرییەتێکــی مەزهەبیــی توندوتیژخــوازە کــە دڵنیایــە خەســارەکانی هۆڤانەبوونــی بەرانبەر بە ئەم نەتەوەیــە، دەروونییە و بێ ئــەوەی بەخۆی بزانێ لە ئازارێکدا نوقم دەبێ. دووپاتبوونەوەی ئەو توندوتیژییە و ڕێگەنەدان بۆ چارەســەری توندوتیژییەکــە وا دەکات، ئێمە بێینە ســەر ئــەو بــاوەڕەی کــە کارتێکەریــی نەرێنیی

توندوتیژیی دەسەڵاتی سیاسیی لەسەر نەتەوەی کورد، ڕۆچووەتە نێو دەروونی هەر تاکێکی کوردستان و بەردەوام خۆی لە ژیانی مرۆڤەکاندا دەردەخاتەوە.

دەوڵەتی ئێران لە ڕێگای مکانیزم و ڕێگە و شوێنی تایبەتی داگیرکارانەوە، جیا لە بەردەوامیی تاڵانکردن و وێرانکردنی کوردستان، هەوڵی داوە بە ڕۆنان و پەرەپێدان بە هەڵواردنی ڕەگەزی و پەرەدان بە بیرۆکەی داگیرکاریی جەستەی ژن، بەشێک لە هێزی کۆمەڵگای نێوخۆیی و دەرەکیی کوردستان بەم دیاردەیەوە سەرقاڵ بکات و لەلایەکی دیکەشەوە بەردەوام کورد وەک نەتەوەیەکی توندوتیژیخواز و توندوتیژیکار پێناسە بکات.

ڕێگە نەدان بە هەر چەشنە چالاکییەک لەم بوارەدا و پەرتەوازەیی هێزی و یەکنەگرتوویی چالاکانی ژنان و سیاسییەکانی کوردستان و نەبوونی بزووتنەوەیەکی تایبەت بە ژنان و هەروەها ناشارەزابوونی زۆرێک لە چالاکان ئەم بوارە، بووەتە هۆی ئەوەی بەشێکی بەرچاو لە ڕووناکبیران بە سەرکوتی ناوخۆیی تاکی کورد، بانگەوازی هۆڤینی بوونی ئەم نەتەوەیە بکەن.

## ژن لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا

یەکێک لە فۆرمەکانی توندوتیژی دژی ژنان کە چالاکانی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵناسان باسی دەکەن و هەر لەم ڕێگایەوە هەموو جومگەکانی کۆمەڵگا دەخرێتە ژێر ڕکێف، توندوتیژیی یاسایی یان توندوتیژیی حکوومەتییە.

توندوتیژیی یاسایی بە فۆرمێک لە توندوتیژی دەوترێت کە بە پێی یاسا و بە هۆی ماددە یاساییەکانەوە لە سەر ژنان بە ڕەوا دەزانرێت؛ یاسا و حکوومەت پاڵپشت، هۆکار و پەرەپێدەری ئەو توندوتیژییەن و پشتیوانیی لێ دەکەن.

`لێرەدا یاسا جگە لەوەی پشتیوان و لایەنگری قوربانی نییە، بەڵکوو خۆی ڕێکخەری پێکهاتەیەکە کە قوربانییەکە زیاتر دەچەوسێنێتەوە و پەراوێزتری دەخات.

یەکێک لەو وڵاتانەی کە لە ۴ دەیەی ڕابردوودا، یاسا پشتیوان و پەرەپێدەری توندوتیژی دژی ژنان بووە و بە هەموو شێوەیەک دژی ژنان بووە، کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.

حکوومەتی کۆماری ئیسلامی، هەر لە سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنییەوە، بەشێکی زۆر لە توێژ و چینە کۆمەڵایەتی-سیاسییەکانی کردە ئامانج و هێرشی کردە سەریان و بۆ پتەوکردنی دەسەڵاتی ڕەشی خۆی دەستی کرد بە سەرکوتی ئەو توێژ و چینانە.

داخستنی زانکۆ و زانستگەکان بە ناوی شۆڕشی فەرهەنگییەوە، هێرش بۆ سەر کرێکاران و بزووتنەوە و یەکیەتییە کرێکارییەکان، داخستنی ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنە جیاوازەکان، هێرش بۆ سەر ژنان و بەرتەسک کردنەوەی ئازادییە تاکەکەسییەکانی ژنان. داسەپاندنی چارشێو و عەبا و لەچکە بە سەر ژناندا و حیجابی زۆرەملێ و دوورخستنەوەی ژنان لە بەشێکی زۆر لە چالاکییە مەدەنی-کۆمەڵایەتی – سیاسییەکان و هەوڵ بۆ مانەوەی ژنان لە چوارچێوەی ماڵدا و ڕێگەنەدان بۆ چالاک بوونی ژنان لە کەرتی ئابووریدا، هەم بە شێوەی یاسایی و هەم بە زەق کردنەوەی هێندێ کەلتوور لە ئاستی کۆمەڵگادا.

لە ڕاستیدا ژنان بە پێی یاسایەک، کە پشتی بە شەریعەتی ئیسلامی شیعە دەبەست، لە کۆمەڵگا خرانە پەراوێزەوە. هەرچەشنە دەنگ هەڵبڕینێکیان وەک تاوان ناو دەبرا.

بە پێی ئەو شۆڕشە کەلتوورییە ئیسلامییەی کە لە سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامییەوە دەستی پێ کرد، لە باری خوێندنەوە ژنان بۆیان نەبوو لە کۆمەڵێک بواری تایبەتدا بخوێنن، لەبەر

ئەوەی ئەو بوارانە وەک بوارێکی تایبەتی پیاوانە ناویان دەبرا. خوێندن لە هێندێک ڕشتەی ئەندازیاری بەتایبەت لە دوای کارناسیی باڵادا بۆ ژنان بە تەواوەتی قەدەغەدەیە، ساڵی ١٣٩١ی هەتاوییش، زانکۆکانی ئێران وەرگرتنی ژنانیان لە ٧٧ ڕشتەی خوێندن، وەکوو ژمێریاری، زانستی پەروەردەیی، ڕاوێژکاری، چاککردنەوەی بینا مێژووییەکان، شیمی مەحز، ئەدەبیاتی ئینگلیس و زانستی ئابووری قەدەغە کرد. [٢]

لە قوتابخانەکاندا منداڵان هەر لە پۆلی یەکەمی سەرەتاییەوە جیا کرانەوە و کچان لە پۆلی یەکەمەوە لە قوتابخانەکان مانتۆ و مەقنەعەیان بەسەردا کرا و داپۆشران.

سیستەمی خوێندن و پەروەردە کە لە هەموو وڵاتان بەردی بناغەی وڵاتی لە سەر دادەنرێت، لە ئێران سیستەمێکە لە سەر ئەساس و بنەمای جیاکاریی ڕەگەزی بونیاد نراوە. لەم سیستەمەدا ژنان پەراوێزخراون. هەر لە قارەمانەکانی ناو کتێبەکانەوە بگرە تا جۆری چیرۆکەکان. لەم کتێبانەدا ئەوەی پاڵەوان و قارەمانە پیاوە.

بۆ وێنە لە کتێبەکانی قوتابخانە «ریز عەلی»، «پێترۆس» و «حسەین فەهمیدە» کران بە قارەمان کە هەموویان پیاون. بە پێچەوانەوە «کوبرا» کچێکی فەرامۆشکارە، کتێبەکەی لە ژێر دارەکەدا لەبیر ئەچێت و کتێبەکەی تەڕ ئەبێت. کاری «کەوکەب خانم» ئەوەیە هێلکەوڕۆن دروست بکات و میوانداری لە میوانەکان بکات. بەڵام پیاوەکانی ناو کتێبەکان کاری دەرەوە دەکەن. دوکتۆرن، مامۆستان، ئەندازیارن، وەرزێرن و... وێنە و ڕەسمی ناو کتێبەکانیش بە هەمان شێوە دەرخەری ئەم جیاکارییەن.

لە سیستەمی پەروەردەی ئێراندا جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە کاری ژن ماڵداری و منداڵدارییە و کاری دەرەوە بە گشتی کاری پیاوانە.

کتێبی «حیرفە و فەن» نموونەیەکی بەرچاوی جیاکاریی ڕەگەزییە لە ئێران. کوڕان لەم کتێبەدا فێری دارتاشین، ئیشی کارەبا و... دەکران و کچان فێری جل دوورین و ماست دروست کردن و ... وڵاتێک کە سیستەمی پەروەردەکەی لە سەر ئەساسی جیاکاریی ڕەگەزی بونیادنرابێت، دیارە ئەوەی دەبێت بە دەرهاویشتەی ئەو سیستەمە، جیاکارییە ڕەگەزییەکەیە و برەوپێدانە بەو جیاکارییە ڕەگەزییە.

ژنان لە کۆماری ئیسلامیدا، لە بەشێکی زۆر لە چالاکییەکان دوور خراونەتەوە، ژن بۆی نییە ببێت بە دادوەر، ژن لە زۆر پیشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی تەنها و تەنها لەبەر ئەوەی ژنە دوور دەخرێتەوە. سەرۆک کۆمار لە ئێران ناتوانێت ژن بێت و تەنها «رجال سیاسی»، واتە پیاوە سیاسییەکان، ئەگەر شیعەی ١٢ ئیمامی بن و باوەڕیان بە ویلایەتی فەقیە هەبێت بۆیان هەیە ببن بە سەرکۆمار (ئەسڵی سەدوپانزەی یاسای بنەڕەتیی ئێران)

ژن لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، ناتوانێت بە بێ ئیزنی پیاوێک لە بنەماڵەکەی سەفەر بکات، بۆ سەفەر کردن پێویستی بە ئیزنی «مێرد»، «باوک»، «برا» و بە گشتی پیاوی سەرپەرەشتی بنەماڵە هەیە. یان دەبێت یەکێک لە پیاوانی بنەماڵە لەگەڵی بن بۆ سەفەر کردن. ئەمە لە حاڵێکدایە سەفەر کردن و ئازادیی سەفەر کردن، یەکێکە لە مافە سەرەتایی و بناغەییەکانی هەر تاکێک. (بەندی ٣ی مادەی ١٨ی یاسای پاسپۆرت دەڵێت بۆ دەرهێنانی پاسپۆرت پێویست بە ڕەزایەتی نوسراوەیی مێرد هەیە).

ژن لەم دەسەڵاتەدا لەبەر ئەوەی پاشکۆی پیاوە، بۆی نییە داوای مافی جیابوونەوە لە مێرد بکات. پیاو تەنها لەبەر ئەوەی پیاوە لە هەر پلەیەکی کۆمەڵایەتیدا بێت بۆی هەیە ٤ ژن بهێنێت، لەبەر ئەوەی یاساکە یاسایەکی ئیسلامییە. دەبێت ژن ملکەچی ئەو بێت.

مافی جیابوونەوە و تەڵاق بە پیاوە و ئەم مافە کە وەک مافێکی بنەڕەتی دەبیندرێت، لە ژنان زەوت کــراوە و ئەمە وای کردووە ئەگەر هات و ژنێــک بە هەر هۆکارێــک نەیتوانی لەگەڵ هاوسەرەکەی بژی و داوای جیابوونەوەی کرد، پیاو لە پێنــاو ڕازی بوون بە جیابوونەوە، ئەو لە بەشـــێکی زۆر لە مافەکانی خۆی بێبەری دەکات. لەوانــە سەرپەرەشـــتیی مناڵ، مافە داراییەکانی و...

منــاڵ بە پێــی یاســا، منالّــی باوکە و سەرپەرەشـــتیی منالّ بە باوکــە. دایک تەنها ئەتوانێت بەخێوکەری منالّ بێت. بەڵام کاتێک باسی سەرپەرەشتی و خاوەندارێتی دەکرێت، باوک خاونی منالّە. لە ئەگەری جیابوونەوەی ژن و مێرد، مەگەر پیاوەکە بە هەر بیانوویەک بێــت، ڕازی بێت بەوە سەرپەرەشـــتیی منالّ بدرێــت بە دایــک، ئەگینا دایــک بۆی نییە و ناتوانێت سەرپەرەشـــتی منــاڵ بێت و ئەو منالّەی کە جەرگیەتی لێی دوور دەخرێتەوە.

پیــاو تەنهــا لەبەر ئــەوەی کــە پیاوە و خاوەنی ئیمتیازێکی تایبەتە، خاوەنی ملّک و داراییە و بۆی هەیە بەو شـــێوەیەی کە حەز دەکات ئەم ملّــک و داراییە بەکار بهێنێت، بــە پێچەوانەوە ژنان بە پێی یاســا و بە پێی دابونەریتیش، خاوەنــی مافی ئابووری نین و ئەبێ چاولەدەستی پیاوان بن. تەنانەت بەشی زۆری ئەو ژنانەش کە لە دەرەوەی ماڵ ئیش ئەکەن و خاوەنی ئیشــی تایبەتــی خۆیانن، زۆربــەی کات بە هۆی دابونەریت و یاســای بــاوەوە، چاو لە دەســتی پیاوەکانیانن. ئەوان وا ناچــار دەکرێن و بار هێنراون داهاتەکەیان سەری مانگ بە سەری مانگ بدەن بە دەست پیاوانی بنەماڵە و چاوەڕێی کەرەمی پیاوانەی ئــەوان بن بەوەی پارەیان پێ بدەن بۆ ئەوەی پێویســـتییەکانی ڕۆژانــەی ژیانیــان بکرن و دابینی بکەن.

میدیــا و سیســـتەمی میدیایی لە هەموو وڵاتــان کاریگەریــی زۆریان هەیە، لەســەر پێکهێنــان و ڕێکخســـتنی بیری گشـــتی و ڕای گشـــتیی کۆمەڵـگا؛ میدیا لــە کۆماری ئیسلامیدا لەبەر ئەوەی دەرهاویشتەی هەمان بیرکردنــەوەی حکوومەتییە و بە بیســـتراو و بینراوەوە میدیای حکوومەتییە، میدیایەکە کە خزمەت بە پیاوســالاری دەکات و دژی ژن و مافەکانی ژنانە.

لەم میدیایــەدا ژن وەک بوونەوەرێکی شەیتانی نیشان دەدرێت. ژن فزوولی گەرەکە و ژن بشـــێوێنکەی بنەماڵەیە و هەر وەها لە میدیــای کۆماری ئیســلامیدا پڕۆپاگەندە بۆ چەند ژنە بوونی پیــاوان دەکرێ. پڕۆپاگەندە بۆ زوو بەمێرددانی کچان دەکرێت. پاراستنی شــەرەف و نامــووس و نامووس پەرەســـتی پڕۆپاگەندەیــان بــۆ دەکرێــت. سیســـتەمی میدیاییی کۆماری ئیسلامی، بە هەمان شێوەی سیستەمی پەروەردەکەی، لەبەر ئەوەی لە ژێر چاودێریی توندی حکوومەتییدایە و سەربەخۆ نییە و بەشـــێکن لە سیستەمی پەروەردەییی حکوومــەت، سیســـتەمێکی پیاوســەزن و پیاوسالارن و دژی ئازادییە تاکەکەسییەکانی ژنانن.

ئەمانــە بەشـــێکن لەو کێشــانەی کە بە هۆی دەســەڵاتی کۆماری ئیسلامییەوە، ژنان ڕووبەڕووی دەبنەوە. بەڵام بەمەشەوە ژنان لە ٤٢ ساڵی ڕابردوودا سەرەڕای هەموو بەربەستە یاســای و کۆمەڵایەتــی و کەلتوورییــەکان کــە بۆیان دروســـتکراوە. ســەرەڕای هەموو هەوڵەکانی حکوومەت کە هەوڵ دەدات ژنان دەستەوەســـتان بکات، بێدەنگ نەبوون و لە خەباتی خۆیان بەردەوامن. بەشـــێکی زۆر لە ژنان و کچانی ئێرانی، ســەرەڕای هەموو یاسا دژە ژنییەکانی وەک یاســای بەناو پاراستنی بنەماڵە و ... توانیویانە لە خوێندندا سەرکەوتوو بن. بە شێوەیەک کە زیاتر لە ٥٠٪ دەرچووانی زانکۆ ژنن.[٣]

بەڵام ئەگەر بمانهەوێت کۆی ئەو باســانە گرێدەینەوە بە پرســی ژنی کورد، زۆر کورت

دەتوانین بڵێین کێشەکانی بەردەم ژنی کورد لەم سیستەمەدا چەند قاتە. ژنی کورد جارێک وەک ژن، لە ژێر دەسەڵاتێکی پیاو سالاردا دەچەوسێتەوە. جارێک لە لایەن مێرد و باوک و برا و هتدەوە دەچەوسێتەوە، دەسەڵات و حکوومەت و ئایین و دابونەریتیش مەشرووعییەت بەو چەوسانەوەیە دەدەن. لەگەڵ ئەمەش ژنی کورد جارێکی تر تەنها بە تاوانی کوردبوون، لەبەر ئەوەی کوردە، وەک تاکی کورد دەچەوسێتەوە. ئەمەش ئەتوانین بڵێین سیانەیەکی گەورەی چەوسانەوەی ژنی کوردن و بێگومان هەوڵدان بۆ نەمانی ئەم چەوسانەوانە، گرێدراوی یەکترن و نەمانی کۆماری ئیسلامی، ئەتوانێت بەشێکی زۆر لە دەرگاکان بەرووی ژناندا بکاتەوە.

## توندوتیژی، بەرهەمهێنەرەوەی توندوتیژیە و بێدەنگی خولقێنەری دیکتاتۆریی توندوتیژیکارە

ئەگەر چاوێکی خێرا و گشتی بە کۆمەڵگەی کوردستاندا بخشێنین، دەبینین کە پلانی داگیرکار چەندە نەرم و بێدەنگ دزەی کردووە و بووەتە کلتوور و تاک بە تێکرایی وەکوو ئەرزشێکی پیرۆز دەیپارێزێت. گیران، دەستبەسەر کران، مانەوە و ئەشکەنجە لەلایەک و ئیزن دان بە کوشتن وحەپس کردنی ژنان لە ئاخێن و هەناوی بنەماڵە و کۆمەڵگا لەلایەکی دیکەوە، هەموو نۆرمەکانی کۆمەڵگای تێکداوە و وردە وردە ئەوەی بەرەو داڕووخان دەچێت، بایەخ و نرخی بنەماییی دروست کردنی کۆمەڵگایەکی تەندروستە.

ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو، وەک ماڵپەڕێک کە هەواڵ و ڕاپۆرتەکانی لەسەر پارێزگاکانی کوردستان و ئەو ناوچانە کە لە چوارچێوەی ئێراندا کوردی لێ نیشتەجێیە، بڵاو دەکاتەوە، دەتوانرێ وەکوو سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو پشتی پێ ببەسترێ. کە چاو لە بەشی ژنانی ئەم ڕێکخراوەیە دەکەی، هەواڵەکانی تەنها چوار پارێزگای کوردستانی لە خۆ دەگرێت و ئەو جۆرەی دیارە دەستی بە بەشەکانی دیکەی کوردستان لەسەر دۆخی ژنان ڕاناگات کە خودی ئەم بابەتە دەرخەری ئەوەیە کە ڕوانگەی کۆمەڵایەتی لەسەر بارودۆخی ژنان لە هێندێک ناوچە جیا لەوەی لە ژێر گاریگەریی دەسەڵاتدایە، لە رووی هەبوونی چالاکانی مافی ژنان و چالاکانی مەدەنییەوە لە ئاستێکی سەرەتایی و دڵخۆشکەردا نییە.

بەم حاڵەشەوە ئەگەر ئامار و ڕاپۆرتەکانی بەشی ژنان لە ڕێکخراوی هەنگاو بۆمان ڕیفرێنس بێت، ڕێژەی توندوتیژییەک کە داگیرکار هەوڵ دەدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەرەی پێ بدات و لە مێکانیزمی ئەمنییەتی کەڵک وەردەگرێت، لە جۆرەکانی دیکەی توندوتیژی هەم زیاترە هەمیش کاریگەرتر. بە دڵنیاییەوە لە بواری دەروونشیکارییەوە، هەڵکوتانی داگیرکار بۆ سەر ماڵ و حاڵی هەر هاووڵاتییەک، کاریگەرییەکی نەرێنی و بارودۆخێکی نەخوازراو لەسەر تاک و کۆمەڵگا دادەنێت کە ئەم شێوازە لە سەرەتاکانی هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە لەسەر کوردستان پیادە کراوە و بە شێوەی ڕاستەوخۆیش خودی ژنانیشی کردووەتە ئامانج. سەرەڕای گرتن و لەسێدارەدانی پیاوان، ژنانیش بوونەتە ئامانجی حەزف و ئامانجی توندوتیژیی سەربازی و بە دەیان ژن و کچی پێشمەرگە، ئەندام و چالاک و ئازادیخواز لە ڕیزی سەفەکانی سێدارە و تیرباران شەهید کراون و سەدانیش لە گرتووخانەکاندا لە ژێر ئەشکەنجەدا لە مافی هەبوونی داهاتوویەکی هێمن و گەش بێبەش کراون. هەموو ئەم کەسانە، بنەماڵە و دەوروبەریان و داهاتووی هەموویان، بە شێوەی ڕاستەوخۆ کراوەتە هەدەفی داگیرکار. لە کۆی ٢٢٧٠ کوردێک کە کۆماری ئیسلامی لە سێدارەی داون، ١٤٣ کەسیان ژن بوون، لەم ئامارە ١٥ ژنیان

پێشـــمەرگە و ئەنـــدام و هـــەواداری حیزبی دیموکـــرات بـــوون و ٤٣ ژن پێشـــمەرگە و ئەندامی کۆمەڵە، ٣٣ ژنی موجاهید و هەروەها ١٨ کەســـیان خەڵکی ئاســـایی و یا ئەندامی ئەحزابی دیکە بوونە.[٤]

لە ئێستاشـــدا هەر بە هەمان شـــێواز، داگیرکار هەوڵ دەدا بە گرتن و ئەشکەنجە و ڕاگیران لە بەندیخانەکاندا، کۆمەڵگا لە نێو ترس و تۆقاویدا ڕاگرێت و دوای سەرهەڵدانی هەر چەشـــنە چالاکییەک بە تایبەت ئەگەر ژنـــان تێیدا بەشـــدار بـــن، بە ســـەپاندنی پێناســـەیەکی ئەمنییەتی، ژنـــان بخزێنێتە ماڵەوە و ڕێگری بکات لە بەشدارییان لە هەر جۆرەفۆڕمێکی چالاکیی مەدەنی و سیاسی و تەنانەت ژنانەش. بە توندوتیژی و خزاندنی ژنان بۆ نێو فۆرمی دڵخوازی داگیرکار، پەرە بـــە فۆرمەکانـــی دیکـــەی توندوتیژیی نێو بنەماڵە و کۆمەڵگایش بە شێوەی ڕاستەوخۆ دەدەن.

بە پێی ئامارێک کە لـــە ناوەندی ئامار و بەڵگەکانـــی هەنگاو وەرمانگرتـــووە، لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا، ٢٧٩٧ پیاو لە کوردستان دەستبەسەر و ڕووبەری توندوتیژیی یاسایی و ئەمنییەتی کراون کە بەشێکی زۆریان حوکم دراون و تەنانەت سێدارە و لەم سەردەمەشدا تیرباران کراون.

لە بەرانبەریشـــدا ١٥٩ژن لە کوردستان دەستبەسەر و حوکمی بەندیخانەیان بەسەردا سەپێندراوە.[٥]

تـــەواوی ئـــەم حاڵەتانـــە کـــە بێگوومان بەشـــێکی بەرچاوی تۆمار ناکرێت، سەرەڕای ئـــەوەی ئامانجـــە کاتییەکانـــی داگیرکـــەر دەپێکێـــت، ئامرازێکـــە بـــۆ هەرچـــی زیاتر پەرەپێدانـــی توندوتیـــژی و بێبەهـــا کردنی بنەماکامی دیموکراســـی کە بـــۆ پێکهێنان و ڕۆنانی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو و بەتایبەت کۆمەڵگایەکـــی پێشـــکەوتووی تەندروســـت پێویستە.

## درێژەی بیرۆکەی هۆڤینی داگیرکار لە نێو هێزە سیاسییەکاندا

مێژووی خەباتی ژنان بۆ سڕینەوەی هەڵاواردنی ڕەگـــەزی، مێژوویەکی لەوانەیە پرشـــنگدار نەبێت بـــەڵام هەمـــوو کات لە ئـــارادا بووە، داکەوتن و هەستانەوە، تێوەگلان لە سیاسەتی پیاوســـالاری و هەروەها هەڵســـوورانگەلێکی سەقەتی بە خۆیەوە دیوە بەڵام کۆڵی نەداوە و خۆی بە داروديواری مانەوەدا کێشاوە و گیانی نەسپاردووە.

نەبوونی پەروەردە و بارهێنانێک لەســـەر بنەمای زانســـتی ســـەردەمی فێمێنیستی و بەتایبەت بۆشـــاییی نەبوونی فێمێنســـتێکی کوردانـــە، نەبوونـــی ڕاهێنانـــی بـــەدوور لە ئایدۆلـــۆژی، یەکێـــک لـــە خەســـارەکانی سەرنەکەوتنی بزووتنەوەی ژنان بووە. ئەوەی لێرە مەبەستمانە ئاماژەی پێ بدەین هەبوونی کێشـــەیەکی نەدیتراو و شاراوەی بەردەم هەر چەشنە گەشـــەیەکی هەوڵی ڕزگاریدەرانەی ژنانی کوردە کە لە ژێر گاریگەریی داگیرکاریی دەوڵەتی حاکمدا بەسەرماندا سەپاوە و نەبوون و بۆشـــاییی فاکتەرەکانی ســـەرەوە، پەرە بە ســـەرهەڵدان و جێگیرکردنـــی ئاریشـــەکان دەدات و بەردەوام بە دەوری خۆماندا و لە نێو بازنەیەکی هەڵەدا، خۆخۆری دەکەین.

## یەکسانیخوازانی پیاوسالار

پیاوســـالاری چەمکێکە بۆ ئەو دەسەڵاتانە کە یان بە شـــێوەی ڕەها، پیاوان بەرێوەی دەبەن و سیاســـەتەکانی دادەڕێژن یان ژنان بەشێکی کەم لەم دەسەڵاتە بەدەستیانەوەیە و بەشداریی ژنان لە پۆستە بەرێوەبەرییەکان، ڕێژەیەکی زۆر کەم تۆمار دەکات و لە ڕاستیدا ئەم بەشداری کردنە، خزمـــەت بە بەرژەوەندیـــی پیاوەکان دەکات، هەر بۆیە ژنان لەم جۆرە سیســـتەمەدا هیچ جـــۆرە ماف و بەرژەوەندییەکیان پارێزراو نییە.

دەتوانین بڵێین کە زۆربەی دەسەڵاتەکانی

جیهان پیاوسالار بوونە و دوای گواستنەوەی بزاڤی ژنان و هەوڵەکانیان لە بواری پەروەردە و بارهێنان، ئەمە ژنان خۆیان بە تێکۆشانیان، خۆیان لەم دەسەڵاتەدا جێ کردووەتەوە و سەلماندوویانە کە ناکرێت لە بەڕێوەبەریی هەر لە گروپێکی بچووکەوە بگرە تا دەسەڵاتداریی وڵاتێک، ژنان و هێزی ژنان لەبەر چاو نەگیرێن و بە گشتی نەریت و تابۆی بەشداریکردن و هەبوونی ژنان لە ئاستی سەرەوەی دەسەڵاتەکان و ناوەندەکانی بڕیاردان بشکێت.

بیری پیاوسالاری وەکوو زۆریەک لە هەڵسوکەوت و بیر و بۆچوونەکانی مرۆڤ، لە یەکەم و بچوکترین کۆمەڵگا واتا بنەماڵەدا، کە مرۆڤەکان تیایدا لەدایک دەبن و گەشە دەکەن، بیچم دەگرێ. بێگومان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەکووو بەردەستترین نموونە، پیاوسالاری بە هۆی تیئۆکراسی و تێکەڵاوبوونی شێوازی دەسەڵاتداری لەگەڵ ئایین (چون زۆربەیان دژە ژن و پیاوسالارن)، لە ڕێگەی پەروەردەی تایبەتەوە دەکرێتە سەرمەشقی بارهێنان و ئولگوو و ڕەفتارێکە ڕۆژانە بە ئاسایی دووپاتە دەکرێتەوە. ئایدۆلۆژیی پیاوسالارانە لە نێو پرۆسەی پەروەردە و بارهێنان بە دەستی دەوڵەتی حوکمران، لە هەموو جومگەکانی خوێندنگە، کار و نێو بازار، تی ڤی و ڕۆژنامە و ڕاگەیاندندا بونیاد دەنرێت و بە شێوەیەک کە هاووڵاتییان دەستەمۆ دەکرێن و بارهێنانەکان لە پەیوەندییەکانی خۆیان بەکار دهێنن و لە ڕاستیدا بە واتایەکی دیکە دەبنە ئەو بووکەڵەیەی کە داگیرکار پلانی سازکردنی بۆی هەبووە و لە ئاکامدا ئەم ڕەفتار و ئولگووی ڕەفتاریە توندوتیژیکارە، دەبێتە بەشێک لە بیر و باوەڕێک کە زۆر جار بەوپەڕی دەمارگرژییەوە بەرگریی لێ دەکرێ و بە دروست دادەنرێت و نەسڵ لە دوای نەسڵ، لە ئەگەری هەر چەشنە وشیارییەکی بچووکیشدا، هەر کاریگەرییە نەرێنییەکانی بە ڕوونی و ئاشکرایی دیار دەبن و ڕێگر دەبن لە جێگیربوونی هەر گۆڕانکارییەکی تەندروستی ڕەفتاری بە پێی سەردەم.

ژنانی کورد، هەر لە سەرەتای دەستپێکی ئەم خەباتە و بزاڤی یەکسانی و بەرابەری و بزووتنەوەی فمینیستی، دەبوایە لەگەڵ زۆر نۆرمی چەقبەستووی کۆمەڵگە بەشەربێن و ئەم خەباتە سەرەرای هاوتەریب بوون لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریدەری نەتەوەیی، لە گەیشتن بە دەرەنجامێکی حەقیقی بەنیسبەت خەباتی ژنانی ناوچەکانی دیکەی جیهان زیاتر درێژەی کێشاوە.

ژنانی کورد جیا لەوەی لەگەڵ ئایینی زاڵ و نۆرم و تابۆ دژ بە ژنەکان، دەبێت بەرەوروو ببنەوە، پێویستە لەگەڵ هەڵسوکەوتی ڕیشەداکوتراوی (نەهادینە) پیاوسالاریی خۆیان و پیاوانی یەکسانیخوازیش بەرەوروو ببنەوە. هەمان هەڵسوکەوتێک کە بە هۆی پەروەردەی دەسەڵاتی داگیرکار لە نێو دابونەریتی بنەماڵەدا سەقامگیر بووە و بووەتە هۆی ڕێگری لە سەرکەوتنی هەر هەنگاوێک کە بۆ خەباتی یەکسانیخوازی هەڵدەگیرێ و لە جێگای خۆی دەینیشێنێتەوە و ڕێگە لە بەرەوپێش چوونی بزاوتی ژنان دەگرێت.

ئەوەی کە پیاوانی یەکسانیخواز لەو باوەڕەدان هەموو بەستێنێک بۆ ئەوەی ژنان بتوانن خۆیان پێبگەیەنن و لە هەموو بەشەکانی دەسەڵات و کۆمەڵگە خۆیان بسەلمێنن ڕەخساوە، حەقیقەتی نییە و تەنیا پاکانەیەکی شووشەییە کە پیاوان بۆ خۆدەرباز کردن لە بەرپرسیاریەتی بەرانبەر یارمەتیدانی ژنان بۆ گەیشتن بەمافەکانیان دەیڵێنەوە.

پیاوان لەو باوەڕەدان ئەوە خودی ژنانن بە هۆی تایبەتمەندییە دەروونییەکانیانەوە ڕێگرن لە سەرکەوتنی خەباتی یەکسانیخوازییان، ئەوان بە گوێرەی بنەمای پەروەردەی هەڵە، بەردەوام ژنان بە کەم دادەنێن و دەڵێن هەموو هەلێک بۆ ژنان لەبەردەستە، ئەوە ژنان خۆیانن کە ناتوانن ئەم بەرپرسیارەتییە بگرنە ئەستۆ،

مەیدانی کار بۆ ژنان دەرەخسێنن بەڵام بەردەوام هەر لەو مەیدانەدا دەیانچەوسێننەوە و دەڵێن ئەمە یاسایە!! (نموونە: نارەزایەتیی بەردەوامی ژنان لە بەشداری پێ نەکردنیان لە بڕیارە سیاسییەکاندا بە تایبەت نەبوونی حزوری ژن لە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکان)

ئەمە هەمان باوەڕی دژە ژنە بەڵام لە فۆرمێکی بەناو ڕووناکبیری و شێوازێکی نوێدا، لە مەیدانی سیاسەتدا نمایش دەکرێن، بەڵام لە کاتی بڕیارداندا، ژنی سیاسەتزان و بەتوانا پەیدا نابێت.

ئەم حاڵەتە تایبەت نییە بە پیاوانی یەکسانیخواز، زۆرن ژنانێک کە بۆ پاساو هێنانەوەی کەمکاری یا لەبەر بەرژەوەندیی هەمان پیاوان، بەردەوام ڕەخنە لە خەباتی ژنان دەگرن و دەڵێن کە خودی ژنان بە هۆی کێبەرکێی (تەندروست یا ناتەندروست) ناتوانن بگەنە ئاکام، دەنا بەستێنەکانی سەرکەوتنی ئەم بزووتنەوەیە ئامادەیە.

لێرەدا دەردەکەوێ هێژمونیی بیرۆکەی داگیرکار لە سەر هۆڤینی کردنی کۆمەڵگا کاریگەریی درێژخایەنی داناوە و سەرەڕای گۆڕینی ژینگە و شێوازی بیرکردنەوە لەسەر سیاسەت و کۆمەڵگە بەڵام ناتوانین بە تەواوەتی ناخ و بیرمان لە بارهێنانی داگیرکار داماڵین و لە مەیدانی سیاسەتیشدا، ژنان وەکوو بەرانبەرێک دەبیندرێن و بە هۆی ئەوەی سەرتۆپی خەباتی حیزبەکان، خەبات بۆ ڕزگاریی گشتییە و پیاوان ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەکانیان لەسەر شان بووە، زۆر ئەستەم و بە هێواشی خەباتی ژنان پێدەگات.

لە نێو حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، زۆربەی ژنان و پیاوانێک کە بانگەوازی تێکۆشان بۆ یەکسانیی مافەکانی ژنان و پیاوان دەکەن، ئێستاش لەگەڵ هەڵسوکەوت و لێکەوتەکانی سەقامگیر لە بیر و هزری هەڵە و دژە ژندا دەستەملانن بە هۆی نەبوونی زانستێکی فمێنیستیی کوردانە، ناتوانن خۆیان لەگەڵ بابەتەکە یەکلا بکەنەوە.

بۆ نموونە ئایا پیاوان کێبەرکێ و ململانێیان نییە پێکەوە؟! ئایا لە شۆڕشگێڕانەترین حاڵەتدا زۆربەی پیاوان هەوڵی سڕینەوەی یەکترییان نەداوە؟! بۆچی تا ئەم ڕەفتارانە دەگاتە ژنان، ڕخنەکان ژنان دەکەنە ئامانج و بە هۆی کێبەرکێکانەوە گشتایەتیی خەباتی ژنان بەرەورووی شکست دەکەنەوە هۆی شکستی هەوڵەکانی خەباتی ژنان، ململانێکانیان نییە پێکەوە، ئەوە قەبووڵ نەکردنی هێز و توانای ژنانە لە نێو پیاوان و خودی ژنانیشەوە کە بە بڕوای ئێمە زۆربەی کۆمەڵگا بە شێوەی ناوشیارانە و ئەگەریش وشیارانەیە دەرەنجامی پەروەردەی ستەمکارە، پەرەی پێ دەدەین و کاتیەتی لەم وێستگەیەدا، زۆر قووڵتر بڕوانینە ئەم پرسە.

هەڵەیەکی گەورە دەکەین ئەگەر پێمان وابێت ئەم بابەتە ناچێتە خانەی توندوتیژییەوە. ئادرەسی توندوتیژی تەنها چاوێکی ڕەش بۆوە و قسە و ناتۆرەی نێو بنەماڵە و شەقام و هەروەها زوڵم و ستەمی ئاشکرای داگیرکار لە ڕێگای دەستبەسەرکردن و سێدارە و حوکمی نارەوای درێژماوە و کورتماوە نییە، بەڵکوو هێزی ئەو پەروەردە نەرمەیشە کە کاریگەرییە نەرێنییەکان، لە هەزاران کیلۆمەتر دوورتر لە ناوەندەوە، هەر لەسەرمان دەمێنێت.

لەگەڵ ئەوەیکە پێشەوا قازی محەممەد یەکەم کەس بووە کە هانی ژنانی بۆ بەشداری لە خەبات داوە، بەڵام دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو بوو کە بە شێوەیەکی سەردەمیانە و پشت ئەستور بە زانستی فێمێنیستی، هاوکاری ژنان بوو بۆ دەرکەوتن و بەشدارییان لە خەبات و هاندانیان بۆ تێکۆشانی زیاتر و پراکتیکتر.

دوکتور قاسملوو وەکوو یەکەم ڕێبەرێک کە هەر لەسەرەتای دەستپێکی خەباتی خۆی، ڕاشکاوانە باسی لە گرینگیی تێکۆشانی ژنان و هەبوون و حزووریان لە جومگەکانی

کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسیدا بۆ وەدەست خستنی مافی ژنان کردووە، لە زۆربەی وتار و ئاخاوتنەکانیدا هەمیشە باس لەوە دەکا دەبێ ژنان لە دوو بەرەدا خەبات بکەن، خەباتی نەتەوایەتی و خەبات بۆ گەیشتن بە یەکسانی...

دوکتور قاسملوو پێی وا بووە تەنها ژنانن کە ئاگاداری ماف و بەشە خوراوەکانیان نین، ئەو هیچ کات لە پرسەکانی تایبەت بە ژناندا باسی لەوە نەکردووە پیاوانیش وەکوو تاکی چەوساوە لە نەبوونی عەداڵەت و یەکسانی دەبێ لەم دوو بەرەیەدا هاوکات لە تێکۆشان بەردەوام بن، بەو زەروورەتە کە دوکتور قاسملوو هەستی پێ کردبوو کە دەبێ بە شێوەی پراکتیک هانی ژنان بۆ بەشداری لە خەبات بدا ئەم ڕخنەیە بەرەوروویان دەکەین کە دەبوو بناغەییتر بیر لە بونیاتنان و بەستێنسازیی بەشداریی ژنان بکەنەوە و ئەگەر بە پێی سەردەمیش بۆی بڕوانین دەبوو هەر ئەو کات زیاتر گرینگی بە ئامادەسازیی فکریەتیی پیاوان بەرانبەر بە ژنان، بەرانبەر بە هاوخەبات بوونی ژنان و هەروەها پەرەدان بە توانایی هاوبڕیاریی پیاوان لەگەڵ ژنان بدرێت.

ئێستا ئەگەر لە دوورەوە بڕوانینە بارودۆخی خەباتی ژنان لە نێو ئەحزابی ڕۆژهەڵاتیدا دەبینین بە زۆر هۆکار، یەک لەوان زاڵبوونی بیر و هزری داگیرکارانە لە سەر تاکەکان، بۆشاییی پەروەردەی فێمینیستی هەست پێ دەکرێت و لەم سەردەمەدا کە ژنان لە هەموو گۆشەیەکی جیهاندا سەرکەوتنی مەزن و هاوتەریب لەگەڵ بنەماکانی مافی مرۆڤ تۆمار دەکەن، دەبێت کورد بیر لە زانستێکی دژە داگیرکارانە بۆ برەودان بە خەباتی ژنان و خەباتی یەکسانیخوازانەی خۆی بکاتەوە.

گرینگتر لە هەموو شت، بەردەوامی و دووپات کردنەوەی ئەو پەروەردەیەیە کە تاک بە تایبەت تاکی شۆرشگێر و هەستیار بەو قەناعەتە دەگەیێنێت کە هەر جۆرە هەڵسوکەوتێکی



داگیرکار پلان بۆ دارێژراوە و دەبێت بە وریاییەوە بەرپەرچی بداتەوە و پێش لە کاریگەرییەکانی بۆ ئێستا و نەوەکانی داهاتوو بگرێت.

## سەرچاوەکان

۱. رابطه ویژگیهای شخصیت با رضایت زناشویی و مولفه‌های آن در زوجها، نوشته: علی خادمی، مریم ولی پور، لاله مرادزاده خراسانی، سیمین نیشابووری

2. https://www.dw.com/fa-ir/%D9%85%D8%AD%D8%B1%D9%88%D9%85%DB%8C%D8%AA-%D8%AF%D8%AE%D8%AA%D8%B1%D8%A7%D9%86-%D8%A7%DB%8C%D8%B1%D8%A7%D9%86%DB%8C-%D8%A7%D8%B2-%D8%AA%D8%AD%D8%B5%DB%8C%D9%84-%D8%AF%D8%B1-%DB%B7%DB%B7-%D8%B1%D8%B4%D8%AA%D9%87-%D8%AF%D8%A7%D9%86%D8%B4%DA%AF%D8%A7%D9%87%DB%8C/a-16147830

۳. فصلنامه علمی - گروه روانشناسی دانشکده علوم تربیتی و روانشناسی، سال ۸ شماره ۴ (۳۲) زمستان ۱۳۹۳، صفحه ۹۵-۱۰۹

۴. کتاب کشتار بی پایان، دکتر جواد دانش پژوه، فصل سوم، بررسی اعدامها و ترورها بر اساس جنسیت و گرایشهای سیاسی، صفحەی ۸۷

۵. ناوەندی ئامار و بەڵگەی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو

# تیۆرییەکانی فێمێنیزم

بابان ڕۆژهەلات

به‌ تێپەڕینی کات و گەشەسەندنی بیرۆکەی چەپ و دۆخی پێکهاتەیی کۆمەڵگا سۆسیالیستەکان، بە یارمەتیی پێشکەوتنە تێکنۆلۆژییەکانی ڕاگەیاندن و گرینگترین وێنە واتە «تەلەڤیزیۆن»، دەرفەتێکی بەربڵاو بۆ کۆمەڵگا بەدی هاتووە. هەر ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی زۆربەی چینەکانی کۆمەڵگای بلۆکی ڕۆژاوا لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگای بلۆکی ڕۆژهەلات بە تایبەت لە بواری مافی ژناندا ئاشنا بن. بوو بە هۆی داخوازیی یەکسانی لە لایەن کۆمەڵگای مەدەنییەوە.

زایفــە، دایکی منداڵــەکان، ژنەکــە و ... هەزاران وشــەی دیکە کە لە سەردەمی کۆیلەتیی ڕەگەزی بــە جێ ماون، زۆر زیاتر لــەوە بیری لێ بکەنەوە، بــە کار دەهێنرێن. ئەوەی ڕاســتی بێ ئەوەیە کە تەنانەت ئەو کەسانەی لە سەر ئەم مژارە دەنووسن و پێیان وایە پشتیوانی لە ژنان دەکەن، لە ڕاستیدا بە شێوەیەکی تر هەڵسوکەوت دەکەن.

من چی دەڵێم؟ دەمەوێ بەم شــێوەیە ڕاستی بۆ ئێوە ڕوون بکەمەوە. بەڵێ ڕاســتی. ئایا ڕاســتی ئەوە نییە کە سێبەری کۆنەپەرستی هێشتاکەش لە سەر کۆمەڵگاکانە. بۆچی ژن دەبێ ئیش بکات؟ ژن چۆن بە تەنیا دەبێ ژیان تێپەڕ بکات؟ کێ ماڵداری بکات؟ کێ دایکایەتی بکات؟

هەندێ پرسیاری پێکەنینی کە دۆخی ئەمڕۆی مرۆڤ، توانــای وڵامدانەوە بەوانەی هەیە؛ هەڵبەت ئەگەر ئۆلیگارشــیی میدیایی ئیزنی بیرکردنەوەی قووڵ و ڕاستی دابێت.

ئەم پرسە لێکدەدەینەوە کە چۆن و بۆچی ژن لــە ماف و ڕەگەزێک کە کەســێک دەتوانێ ببێتە خاوەنی، بووەتە ڕەگەز یان هاوڕەگەزێک کە شیاوی مافە و حەقیقەتی هەیە.

فێمێنیــزم چۆن و بۆچی بــەدی هات؟ و ئایا بە شــێوەی شیاو پێداویستیی ژنان بۆ گەیشتن بە یەکسانی و عەدالەتی لێکداوەتەوە؟

ئایا فێمێنیزم بە باشی توانیویەتی هاواری ژنان بۆ یەکســانی و عەدالەت هەڵبرێت؟ چ لەمپەرێک پێشــی بە گەیشــتن بەم مافانە گرتووە؟ ئایا بیر و هزرێکی نوێ بۆ گەیشــتن بە ئاکامی کۆتایی، واتا هاوسانی و عەدالەتی ڕەگەزی پێویستە؟

سوسیالیزم و کاپیتالیزم لە دەیەکانی پێشوودا چۆن بابەتی ئەم مافانەیان لێک داوەتەوە؟

ئایــا نێوان ژن و سروشــت وەکوو دوو دایکی هەمیشەییی زەوین، ویکچوونێک بۆ مەبەست یان ئامرازێک بۆ گەیشتن بەم مەبەستە هەیە؟

ئەم پرسیارانە و چەندین پرسیاری تریش هەن کــە ڕەنگە نەکرێت لە وتارێکــدا وڵامی هەموویان بدرێتەوە بەڵام هەرجار بە نووسراوەیەک دەتوانین بە ڕێگاکانی گەیشــتن بە ئامانــج نزیک و نزیکتر ببینەوە.

وا دیارە وشەی فێمێنیزم یەکەم جار لە ١٨٧١ زایینی لە دەقێکی پزیشکی بە زمانی فەڕەنسی بۆ توێکاریی جۆرێک ڕاوەســتان لە گەشەی ئەندامان و تایبەتمەندیــی جینســیی نەخۆشــە پیاوەکاندا نووســراوە، کە پێدەچوو لە تایبەتمەندیی ژنانەیی جەستەی خۆیان ئازار دەبینن.

یەک ســاڵ پاش ئەوە، نووسەرێکی فەڕەنسی ئەم وشــەیەی بۆ ئاماژە بــە ژنانێک بەکار هێنا کە پیاوانە هەڵسوکەوت دەکەن. هەرچەند لە وشەنامەی پزیشکیدا واتای فێمێنیزم وەرگرتنی تایبەتمەندیی پیاوانەی ژنان بوو، بەڵام، لە پێناسەی سیاسیدا ئەم وشــەیە ســەرەتا بۆ وەرگرتنی تایبەتمەندیی ژنانە بەکار دەهات. کەڵکوەرگرتن لەم وشەیە تا دەیەی ٦٠-٧٠ی زایینی بۆ ئامــاژە بە کۆمەڵەکانی ژنان، باو نەبوو و لە پەیوەندی لەگەڵ کێشەکانی تایبەت و گرووپەکانی تایبەتدا، بەکارهێنانی ســنووورداری هەبوو. نەمــازە لەم دواییانەدایە کە کەڵکوەرگرتن لەم وشــەیە بۆ هەموو گرووپەکانــی پەیوەندیدار لەگەڵ پرسی مافی ژنان فرەپات و گشتگیر بووە.

شەڕ لە مێژوو و شووناسی کۆمەڵگا مرۆڤییەکان هەمیشــە خاڵی هاوبەشــی پێکهاتنی گۆڕانی نوێ و جیاکــەرەوەی نەریتە کۆنــەکان بووە، بەتایبەت ئەگەر شەڕی گەرم و بەزەبر بووبێت.

پاش دوو شەڕی جیهانیی یەکەم و دووهەم کە کاریگەریی زۆریان لەســەر کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هەبوو و جوگرافیای سیاسی و فەرهەنگیی جیهان تووشــی گۆڕانکاری بوو، ئەم بۆشــاییە لە ئاستی سیاســەت و ئایدۆلۆژییەکان هاتــە ئاراوە کە زیاتر لە هەر باروودۆخێک کارتێکەریی نەرێنیی لە پرسی ڕەگەزی سەرچاوەی دەگرت.

توێژینەوەکانی ساڵانی پاش شەڕ بەتایبەت لە بواری کۆمەڵناسی و دەروونناسیدا نیشاندەری ئەوە بوون کە زۆرترین گرفتە بێدەنگ کراوەکان لەسەر کۆمەڵگەی ژنان بووە.

بەم پێیە توێژینەوە ســەرەتاییەکان لەلایەن کۆمەڵناســان و دەروونناسانی پیاوەوە لە پەیوەندی لەگەڵ دۆخی ژنان لە سەردەمی شەڕ و پاش شەڕ،

ئینسک

دەستی پێ کرد.

ئەم گۆڕانکارییانە لە کاتێکدا دەستیان پێ کرد کە سەرهەڵدانە سۆسیالیستییەکان، بە پشتیوانیی بلۆکی ڕۆژهەڵات یەک لە دوای یەک بەپێی خواستی کۆمەڵگەی مەدەنی یان لەژێر کاریگەریی گوتاری زاڵی دەوڵەتی بەهێزی سۆڤیەت لە خولقاندا بوون. لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا کە کۆمەڵگەی مەدەنی و بەتایبەت بوونی پیاوان بە ڕادەیەکی پێویست نەبوو، پەرەپێدانی ئایدۆلۆژی بە شێوازێک بوو کە ژنانیش لە ڕیزی بەردەنگانی ئەو ئایدۆلۆژییەدا بن.

لە لایەکی دیکەوە لە ڕێکخراوەی دەوڵەتە سۆسیالیستییەکان و بەتایبەت کۆماری سۆسیالیستیی یەکگرتووی سۆڤیەت، کارلێکی سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی، ڕاگەیاندن و... بە شێوازێک بەرنامەی بۆ دادەڕێژرا کە بەشداریی ژنان (تەنانەت بە سپاردنی کەمترین بەرپرسیارەتی) پێویست بێت، و ئەمە یەکەمین تروسکەکانی گۆڕانکاری لە پرسی بەشداریی ژن بەدەر لە چوارچێوەی «ماڵ» و بەرپرسیارەتییەکانی بنەماڵە بوو، گۆڕانی ئەو سەردەمە، پێشکەوتووترین گۆڕان بوو لە بواری فێمینیزمدا.

لەلایەکی دیکەشەوە بووە هۆی دەرکەوتنی کەلێنی زۆر لە سیستەمی بورژووازی لە پەیوەندی لەگەڵ ژناندا.

لەگەڵ تەواوبوونی شەڕی سارد، هەر دوو سیستەمی فکریی بورژوازی و سۆسیالیزم، یەکسانیی دەرفەت و ڕوانگەی دوور لە هەڵبواردنی کۆمەڵگەکانی بەتەواوەتی نەڕەواندەوە و پێناسەکردنەوەی ئازادیی ژنان لەلایەن بیری نیولیبرالیستییەوە بوو بە بەکاڵابوونی زیاتر و ڕوانگەیەکی بەکارهێنەرانەی ژنانی لێ کەوتەوە.

بە ئاشکرابوونی شکستی دوو بیری زاڵی سەدەی بیستەم لە بواری ژناندا، دارمانێکی هزری لە بیری «فێمینیزمدا» هاتە ئاراوە و ئەمە هاوکات بوو لەگەڵ بەجیهانی بوونی «قەیرانە ناوچەییەکان» و ورووژاندنی سەرنجی کۆمەڵگەی جیهانی بەرەو پرسی ڕزگارکردنی زەوی و گۆڕانی ڕوانگە بەرانبەر بە ژینگە.

لە مێژووەوە و بە پشتبەستن بە چاخی ئوستوورەکانی باستان و چاو لێخستن لە فاکتۆرەکانی ئوستوورەناسیی فەرهەنگە سەرەتاییەکانی مرۆڤ، بە یارمەتیی دەروونشیکاری و هەڵسەنگاندنی مێژوویی ڕووداوە ئوستورەییەکان هەموو کاتێک هۆشیاری سەبارەت بە پەیوەندیی قووڵی ژن و زەوی لە گەشەسەندندایە و داگیرکردنی ژن و زەویی لێ دەکەوێتەوە. لەم تیۆرییەدا دەتوانین بەردەوام ببینین کە کاریگەریی بیری چەپ، هەیە، لە لایەکی دیکەوە هەڵسوکەوتی لە ڕادەبەدەری هەردووک بیری سۆسیالیستی و سەرمایەداری لە کارکێشان لە زەوی و ژینگە بۆ بە دیهاتنی ئامانج و بەرنامە یەکلایەنەکان، بە جەختکردنەوە لەسەر تاکڕەویی پیاوانە لەم ڕوانگەیەوە زۆرتر ئاشکرا دەبێت، هەروەها کارکێشانەوە لە ژن پەیوەندییەکی نهێنی و برینی هاوبەشی لەگەڵ زەویدا هەیە کە لە مێژوو و بارودۆخی ئێستادا ڕوونی دەکاتەوە.

هاوکات لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانە ناکۆکییەکانی شەڕی سارد بەهێزتر بوو و گەشەسەندنی فەرهەنگی لە بلۆکی ڕۆژهەڵاتدا بە هۆی گوشارە ناپێویستەکان کەوتە بارودۆخێکەوە کە خێراتر کەلێنەکانی بواری ژنان ڕوون بکاتەوە، وەک وێنە ئامادەنەبوونی ژنان لە دەسەڵاتی سیاسی و هەروەها بەشەکانی یاسایی، دەزگای دادوەری، چاودێری، ئاسایش و ... تەنانەت ئەگەر ئیزنی ئامادە بوونی ژنانیش درابا، تایبەت بوو بە پلەوپایە نزم یان ناوەندییەکان. لە بواری مووچەکانیشدا هەروەها کێشەی سەرەکی هەبوو.

مووچەکان بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ پیاوان تەنانەت ئەوانەش کە پلە و پایەیان نزمتر بوو لە یەک ئاستدا نەبوون، هەڵبەت ئەبێ ئاستی کۆمەڵگاش لەبەرچاو بگرین. گەرچی کاریگەریی ئایینی بە توندی سنووردار کراوە بەڵام ئەخلاقی سەرچاوەگرتوو لە «سیستەم/ پێکهاتە»ی زەقی ئۆرتودۆکسی، لە هەڵسەنگاندنی ئەم گۆڕانکارییانە بە باشی دیارە.

لە لایەکی دیکەوە هەر ئەم پرسانە لە بلۆکی

ڕۆژاواشـــدا هەبوون بەڵام چون هەڵسەنگاندنەکان لە ئاســـتێکی ئازادتردا دەردەکەوتن و هیرارشـــیی دەوڵەتـــی کەم بوو، هێندێک لە کەلێنەکان دیاری کران و بۆ لەو ناو بردنی ئەوانە هەوڵ درا.

بەڵام زۆرێک لە بۆشاییەکان لە بوارەکانی تردا سەریان هەڵدا و دەرکەوتن. تەنانەت زۆرێک گیر و گرفتی نوێ لە بوارە جۆراجۆرەکاندا سەریان هەڵدا.

ئـەم کاتە، لێک گرێ درانی چارەنووســـی ژن و زەوی بـــوو و دەســـپێکی ســـەرهەڵدانی «ئێکۆ فێمێنیـــزم». لە زۆر لایەنەوە کە چاو لە ئێســـتا و رابـــردووی ژن و زەوی دەکەین، هاوبەشـــییەکی زۆرتر بۆ ئێمە ئاشکرا دەبێ.

بـــەڵام ئەو شـــتەی بۆمان روونـــە، ئەوەیە کە بۆشـــاییەک لەم تیۆرییەدا هەیـــە، هەرچەند ئەمە شتێکی ڕوون و ئاشکرایە بەڵام هۆکاری بێ‌هیوایی نییـــە و دەبێ قەبووڵـــی بکەین کـــە دیالێکتیکی مێژوویی، لە کەمتر لە ســـەدەیەکدا، دۆخی ژنانی گەیاندووەتە قۆناغێک کە ئێســـتا ژنـــان لە بواری بنەماکانی زانســـتی مرۆڤی، ئەندازیاری، ڕامیاری، ئابووری و ... بەشدارییەکی بێوێنەیان هەیە.

هەرچەنـــد تـــا ئێســـتاش لانیکـــەم ئامانجی یەکەمیـــن ژنانـــی پێشـــەنگ دەســـتەبەر نەبووە، بـــەڵام پەیوەندیـــی زەوی و ژن، نیشـــانەی چڕتر و قووڵتربوونـــی بابەتی ژنان لە ئاســـتی جیهانی و بنەڕەتی لە بـــواری بەربەرەکانێی جۆری مرۆڤ بۆ مانەوە بووە.

پرســـی گرینـــگ لیبرالیـــزم و ڕادیکاڵی ڕەوتی فێمێنیزمە کە لە بواری وەدیهاتنی ئامانجەکانیان، لە ڕێی زیدەڕۆییدا هەنگاویان هەڵێناوە و وەشوێن ڕوانگەیـــەک دەکەون کـــە هاوڕێیەتیـــی پیاو لە قەرەبووکردنەوەی هەڵەی مێژوویی خۆی، دەکاتە کاردانەوە و هەڵوێستگیری.

ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەوەی بزووتنەوەی ژنان بە دوایدا بوون، یەکسانی لە هەبوونی دەرفەتەکانی بواری فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و .... هـــاورا لەگەڵ ڕوانین، بەراوردی دوور لە ڕەگەز بوو.

پرســـێکی دیکە، دادوەریی هەڵنەســـەنگێنراو بە بنەمـــای قووڵ لە بیروبـــاوەڕی نەریتخوازییە کە گەیشتووەتە سەردەمی ئێستا و نۆژەنکردنەوەی هەڵەکانی قووڵی مێژوویی بە لاڕێدا دەبات. پرسێک کە پێویستە ژنان لەسەری سوور بن، شیکردنەوەی بنەمای سۆبژێکتیڤ(هزری) لە ڕوانگەی ژنانەیە کە هزری پیاوســـالاری بخاتە ژێر پرسیار و ڕێگەیەکی جیاواز و ئاسۆیەکی باشـــتر بۆ گۆڕانکاری بکاتەوە و ناکامیـــی بنەڕەتی بیـــری «پیاو تەنیـــا مرۆڤە»، چارەسەر بکات.

هاوکاتیش دەبێ ئەم بنەما تیۆرییانە بە شێوەی بەرچاو لە دۆخی کۆمەڵگاکان دابڕێژرێت کە زۆرتر گەشەی هزری بەهێز دەکەن.

گەرچی لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان و ئەوانەی لـــە پێشـــکەوتندان، ڕەنگە ئیدی بـــاس لە ڕامانی «مرۆڤ بەس پیاو» نەکرێـــت بەڵام ئەوەی کە زۆر ڕوون و بەرچاوە لە هەموو سیستەمەکانی ئێستادا، پەیتاپەیتا سیاسەت، دەسەڵات و لە ڕاستیدا پیاوانی سیاسەت و دەسەڵات بە چەکی بەزەبرتر هاتوونەتە گۆڕەپان و هێدی هێدی بیر و هزری کۆمەڵگاکان دەکەنە ئامراز بۆ گەیشتن بە مەبەستی خۆیان.

ئیدی ئەم ئامرازە دەتوانێ پشـــتیوانی لە مافی ژن بە ناوی فێمێنیزم یان هەر شتێکی تر بێت کە بتوانن دەست بە سەر دەسەڵاتدا بگرن و سیاسەتی خۆیان دابڕێژن.

بۆ ئەوەی کە چۆن بەرەنگاری ئەم سیستەمە و سیاسەتەکانی لە کۆمەڵگاکاندا ببینەوە، لە ڕاستیدا بە لەبەرچاو نەگرتنی ئەو شتانە، بزووتنەوەی ژنان و بـــە پێی ئەوەش کۆمەڵـــگای مرۆڤی دەچێتەوە سەر کۆنەپەرەســـتیی پێشـــووی خۆی؛ تەنانەت ئەگـــەر خۆی لـــە ڕەنـــگ و بۆنێکی جوانیشـــدا بنوێنێ. کەواتە گەشـــەی بیـــر و دارژاندنی بیری بەرەنگار بوونەوە لەگەڵ کۆنەپەرەســـتییەکی لەم چەشنە، پێشبارێتیی هەیە. بۆ ئەم بەرەنگاربوونەوە بزووتنـــەوەی ژنان دەبێ زۆرتر لـــە ڕابردوو ورياتر بێت تاکوو عەداڵەت و یەکسانیی ڕاستەقینە لەگەڵ ئەو شـــتەی کە بۆیانی دیاری دەکەن، نەگۆڕنەوە و حەقیقەتـــی کارەکە بکەن بـــە واقیعییەتێک کە بوونی هەیە.

# گذری بر موانع پیش روی زنان

رزگار بهاری

سوای موانعی که جامعه را از پیشرفت باز می‌دارد، دو مقولهٔ بارز «باورهای سنّتی» و «قوانین کشوری» در جغرافیای سیاسی کنونی ایران، مباَحثی هستند که سد راه پیشرفت زنان نسبتِ به مردان شده است یا به عبارتی دیگر، (عامل جنسیّت) زنان، متأثر از محدودِیت مضاعف دو گفتمانِ مورد اشاره (با توجه به مردان) قرار گرفته است.

بافت و ســاختار اجتماعی کُردها در رابطه با جایگاه زنان در مقایســه با ســایر ملت‌های خاورمیانه، این بخش از جامعــه را در جایگاهی متمایــز قرار داده که چنین ویژگی‌هایی، مشــخصاً در جایگاه و نقش آنــان در فرهنــگ و مبــارزات ملّی کُردهــا نمایان اســت. اگر زنان و دخترانِ برخــی اتنیک و ملّت‌ها بنا به یک ســری باورها و محدودیت‌های اجتماعی قادر نیســتند همراه با مردها در برخی مراســمات و جشــن‌ها شرکت داشته باشــند، اما زنان و دختران کُرد دوشــادوش مردان در مراسمات ملی و مبارزات مسلحانه شــرکت می‌کنند. بعنوان مثال طبق رسوم بجا مانده از نیاکان، این دختران جوان کُرد هســتند که ضمن پوشــیدن لباس‌های محلی با شــادترین رنگ‌ها، مشــعل‌های آتش را برافروخته و آتش را در مراســم ملی کُردها در نوروز مناطق اورامانات روشن می‌کننــد. زنان و دختران کُرد طبق رســوم دیرینهٔ جامعهٔ خود، در مراســم عروسی‌ها شرکت کرده و در کنار مردان به رقص و پایکوبی می‌پردازند. حاکمیتِ ایدئولوژیک مذهبیِ در دستِ دولت‌ملتِ غالب فارس که زبان و مذهب خود را تحمیل کرده، باورهای خود را با وجود تمام امکانات و مکانیســم‌ها برای بلعیدن فرهنگ و تمدن جغرافیای کُردســتان بکار گرفته و تا حدی توانســته بر فرهنگ غنی این جغرافیا تأثیر سلبی بگذارد.

زنــان کُــرد از دیرباز دوشــادوش مــردان، در جنگ‌های مســلحانه علیــه رژیم‌های اشــغال‌گر و تمامیت‌خــواه جنگیده‌انــد و نقش‌آفرینی در جنگ بــا پلیدترین گروه تروریســتی جهان یعنی داعش و ســایر گروه‌های تروریستیِ وابســته به رژیم ترکیه، واپســین مبارزات مســلحانه زنــان و دختران کورد اســت که هم‌اکنون نیز در جریان اســت. چه‌بسـا ممکن بود در صورت نوعی دیگر از شرایط اجتماعی و سیاســی به‌نوعی‌که کُردها، چرخ سیاسی به همراه ســایر اتنیک‌ها مدیریت می‌کردند، آن‌وقت ناچار به جنگ با دولت‌ملت‌ها نبودند و زنان نیز بجای شرکت در جنگ، راه کســب علم و دانش را می‌پیمودند اما اقتضای زمانی و ژئوپولتیک، چنین شــرایط متفاوتی را خلق کرده است.

با این وجود زنان کُرد در گذشــته شاهد رنج و مشقّت‌های بســیاری بوده‌اند و سوای امورِ منزل، در بیــرون نیز همچون مردها به کشــاورزی و دامداری پرداخته‌انــد امــا امروزه بــا پیشــرفت تکنولوژی و اتوماســیون، زنان نیز، وقت و امکانــات کافی برای رســیدن به اهداف و ارتقای خــود در اختیار دارند. طی ســال‌های اخیر زنــان و دختــران در مناطق کُردســتان با شرکت در انجمن‌های مدنی و سازمانی مردم‌نهاد، شــورای شهر و روســتاها و فعالیت‌های سیاســی، توانایی‌های خود را در بسیاری از زمینه‌ها نشــان داده‌اند چه بسا لازم اســت عرصهٔ فعالیت‌ها را گســترش دهند چراکه پیشــرفت جامعه متّکی و مســتلزم تلاش زنان است. آگاهی سیاسی و پرورش فرهنگی و مبارزاتی زنان کُرد در مقایسه با زنان سایر اتنیک‌ها نیز در نتیجه تفاوت پیشینه و خواست‌های سیاســی اســت که در پرورش جامعه کُردی نقش داشته است.

ســوای موانعی کــه جامعه را از پیشــرفت باز می‌دارد، دو مقولهٔ بارزِ «باورهای ســنّتی» و «قوانین کشــوری» در جغرافیــای سیاســی کنونــی ایران، مباحثی هســتند که سد راه پیشرفت زنان نسبتِ به مردان شده است یا به عبارتی دیگر، (عامل جنسیّت) زنان، متأثر از محدودیــت مضاعف دو گفتمانِ مورد اشــاره (با توجه به مردان) قرار گرفته اســت. گاهاً مردانی ســنت‌گرا نیز به سبب اعتقاداتی (تحت تأثیر دو مقولهٔ مزبور) از شــرکت زنان و دختران خانوادهٔ خود در اجتماعــات، مباحثِ روز، انجمن‌ها و حضور در میان مــردم ممانعت می‌ورزند و اجازهٔ خودنمایی را به آنان نمی‌دهند که نتیجهٔ آن چیزی نخواهد بود جز عقب‌ماندگی جامعه.

افزایش سطح دانش زنان و شرکت در تصمیمات اجتماعی، به رفع بسیاری از ناهنجاری‌ها، آسیب‌های اجتماعــی و اقتصادی می‌انجامد کــه همزمان از بار مسئولیت مردان نیز خواهد کاست. آنچنان که همراهی و همفکــری زنــان در امور خانــواده می‌تواند به رفع مشکلات و آرامش خانواده کمک کند، بهره جستن از توانایی‌های آنان در سطح جامعه نیز نتیجه‌ای مشابه به دنبال خواهد داشت. هستند بسیاری از سرپرستان

خانواده‌هایی که از افزایش سطح آگاهی زنان واهمه دارند و به بهانه‌هایی، از شرکت آنان در اجتماعات ممانعت می‌ورزند؛ لزوماً اعتقاد این دست از مردان شامل همهٔ زنان و دختران در جامعه نمی‌شود بدین‌منظور که این دست افراد مانعی نمی‌بینند سایر زنان و دختران در جامعه ایفای نقش کنند، اما با ایفای نقش اعضای خانوادهٔ خود مخالفت می‌ورزند و حتی از قوانین اعمال‌شده از جانب حاکمیت نیز در راستای محدود شدن زنان استقبال می‌کنند در حالی که با شرکت دادن زنان، این قشر که نصف جامعه را تشکیل می‌دهند، نیم دیگر نیروی انسانی آزاد خواهد شد و نقشِ مفید و مؤثری ایفا خواهند کرد. همزمان از مصرف‌کننده به تولید کننده تبدیل خواهند گشت و بجز پیشرفت فرهنگی و اجتماعی، جامعه از لحاظ اقتصادی نیز ترقی خواهد کرد. کشورهای مترقی غربی، مدیون شرکت زنان در تولید (بویژه از جنگ جهانی دوم به این سو) هستند.

هرگاه پس از دگرگونی‌های سیاسی در جامعه، نقش زنان کمرنگتر گشته، آن جامعه از بسیاری لحاظ همچون فرهنگی، هنری، شعور سیاسی و علم تنزل کرده است. نمونهٔ بارز آنرا پس از روی کار آمدن حاکمیت اسلامی در ایران در چهار دهه پیش مشاهده کردیم که بواسطهٔ تطبیق ایدئولوژی، زنان (لزوماً بطور نسبی) از ایفای نقش در جامعه بازماندند و بجای اینکه نقش آنان پررنگتر شود، تا حد زیادی ایفای نقش را از آنان سلب کرده و به حاشیه رانده شدند. البته این به معنی تأیید سیاستهای رژیم پیشین در ایران نیست اما زنان تا حدی از زمینه‌هایی همچون هنر از آزادی نسبی برخوردار بودند اما همچنان در خفقان سیاسی بسر می‌بردند. اگرچه این به تنهایی نمی‌تواند تنها عامل فروپاشی دستاوردهای اجتماعی یا ملّی باشد اما نقش ویژه‌ای در این زمینه خواهد داشت. تغییرات در بافت سیاسی کشور عراق پس از روی کار آمدن دولت جدید در سال ۲۰۰۵ و در ترکیه پس از قدرت‌گیری رجب طیب اردوغان نیز وضعیت‌های مشابهی به خود گرفته‌اند.

از طرفی، قوانین در ایران به‌گونه‌ای وضع شده‌اند که به منظور تحقیر زن در راستای ممانعت از مسئولیت‌پذیری، به زن همچون جنس ضعیف نگریسته و در بسیاری از امور محدود شده‌اند؛ بعنوان مثال طبق اصل ۱۱۵ قانون اساسی ایران که تبیین می‌کند «رییس جمهور باید از میان رجال مذهبی و سیاسی باشد»، زنان در ایران نمی‌توانند برای پُست ریاست جمهوری کاندید شوند کما این که در برخی کشورهای پیشرفته بالاترین مقامها در اختیار زنان است در این میان می‌توان به آنگلامرکل صدر اعظم آلمان اشاره داشت که ریاست یکی از قدرت‌های برتر اقتصادی، نظامی در اتحادیهٔ اروپا و جهان را بر عهده دارد و به نوعی وی قدرتمندترین زن جهان نیز می‌باشد. هرچند قوانین ایران بطور ضمنی و ظاهری از حقوق زنان در کنار مردان حمایت می‌کند اما در قوانین موضوعه، حمایت مراجع قضایی را مشروط بر رضایت شوهر دانسته و استقلال را تا حدی از زنان سلب کرده است.

اصل ۲۱ قانون اساسی ایران نکاتی را در حمایت از زنان در بر داشته و دولت را به حمایت از آنان موظف کرده است اما همچنان اجرای این اصول را بر موازین اسلامی و شایسته بودن زن مشروط دانسته است. طبق مواد ۱۱۱۷ قانون مدنی ایران و ۱۸ قانون حمایت از خانواده، مرد می‌تواند زن را از حرفه یا صنعتی که منافی مصالح خانواده یا حیثیّت خود باشد منع کند و در اصلاحیه‌ای، این اختیار به زنان نیز داده شد اما اینچنین آنرا مشروط بر این نکته دانسته: «چنانچه اخلالی در امر معیشت خانواده ایجاد نشود» که با توجه به عرفِ حاکم بر زندگی اکثریت جامعهٔ ایران، مردان تنها شاغل خانواده هستند و در صورتیکه زن از مرد به دلیل اشتغال در حرفه‌ای که با حیثیّت خانواده منافی دارد، شاکی باشد، دادگاه به نفع مرد رأی صادر خواهد کرد چراکه دادگاه تشخیص خواهد داد با بیکار شدن مرد، در امر معیشت خانواده اخلال ایجاد خواهد شد، هرچند که شغل مرد منافی مصالح یا حیثیّت خانواده باشد.

طبق بند ۳ مادهٔ ۱۸ قانون گذرنامه، زنان تنها با اجازهٔ کتبی شوهران و در مواردی استثناء با اجازهٔ دادستان می‌توانند به خارج از کشور مسافرت کنند و طبق مادهٔ ۱۹ همان قانون، مرد می‌تواند زن را

ممنوع‌الخروج کند. در مبحث طلاق، قانون‌گذاران به‌نحوی مفاد قانون را تدوین کرده‌اند که تقریباً اختیارات تام این موضوع نیز در دستان مرد گذاشته به همین دلیل زنانی که از طریق قانون نمی‌توانند از شوهر خود جدا شوند، گریبانگیر فشارهای اجتماعی، افسردگی شده که در بسیاری از موارد که تمام درها را بروی خود بسته می‌بینند، اقدام به خودکشی یا خودسوزی می‌کنند و یا اینکه چاره‌ای نمی‌بینند جز کنار آمدن با زندگی‌ای که تمایلی برای ماندن در آن ندارند.

حتی در مواردی که طبق یکی از اصول قانون اساسی، قانون مدنی یا قانون حمایت از خانواده مرد محکوم شناخته شود و به نفع زن رأی صادر گردد، احتمال می‌رود زن به سبب عدم حمایت خانوادهٔ پدری یا حفظ آبرو به همان زندگی پر از آشوب برگردد که از آن به دادگاه پناه برده است. همچنین طبق ذهنیّت مردسالارانه‌ای که بر دستگاه‌های دولتی سایه انداخته و در کنار آن قوانینی که با اسلام منطبق گشته، ترازوی عرف و رویّهٔ قضایی به زیان زنان سبکی می‌کند؛ قضات در مراجع قضایی کشور بر این مبنا رأی صادر می‌کنند که خود نوعی از نقض حقوق زنان است، آنهم توسط بزرگترین تشکیلات قضایی که می‌بایست مرجع دادخواهی باشد.

سن قانونی ازدواج در ایران برای دختران ۱۳ و برای پسران ۱۵ سال است که بنا به شرایط آب و هوایی، اجتماعی و محیطی، رسیدن شخصی در این سن به حد بلوغ جسمی و رشد (توانایی و درک تصرف در اموال خود) تقریباً غیر ممکن است و در این سن شخص غالباً تابع خانواده و طبق احساسات تصمیم‌گیری می‌کند لذا این سن قادر به تشخیص مصلحت خود نخواهد بود تا بزرگترین تصمیم زندگی‌اش را گرفته و ازدواج کند. از طرفی مطابق با مادهٔ واحدهٔ مصوب سال ۱۳۱۳ که تاکنون با آن کار می‌شود، اشخاص زیر ۱۸ سال تمام شمسی نمی‌توانند در دفاتر ثبت اسناد رسمی نسبت به معاملات و عقود اقدام به امضای اسناد رسمی کنند به استثنای نکاح و طلاق.

بنابراین طبق مواد فوق، قانون‌گذاران در ایران مانعی برای اقدام به ازدواج دختری ۱۳ ساله نمی‌بینند که زندگی و سرنوشت وی را تحت تأثیر قرار خواهد داد و دختری با این سن کم اجازه دارد عقد نکاح خود را به امضاء برساند اما همان دختر اجازه ندارد قبل از رسیدن به سن ۱۸سالگی در رابطه با انتقال یک مال کم‌ارزش (حتی دویست هزارتومانی)، در دفاتر ثبت اسناد یا ادارات دولتی اوراقی به امضاء برساند و بایستی ولی یا قیّم بجایش امضاء کنند. این دست از قوانینی که نقض حقوق زنان و دختران را در پی داشته در مفاد قانونی ایران بارها تکرار شده نیاز به دگرگونی‌ای بنیادی دارد تا زنان از این بیشتر مورد ظلم واقع نشوند.

اگر زنان احساس می‌کنند جامه‌ای که برایشان دوخته شده مناسب نیست و نقش آنان در جامعه نادیده گرفته می‌شود، محکومند به تلاش برای دریدن و سربرآوردن از آن و می‌توانند با حضور و ایفای نقش پُررنگ در مراکز تصمیم‌گیری نقش مؤثر داشته باشند. آن دسته از زنان که وابستهٔ برخی تعلّقات (زیور آلات، پارچه، مُدگرایی و تجمّل‌گرایی) هستند، شایسته است این وابستگی‌ها را که تنها در جوامع توسعه نیافته مخاطب دارد کنار گذاشته و از آن جامعهٔ زنانهٔ جزیره‌مانند که برای خود ساخته‌اند بیرون بیایند، منطقه‌ای و جهانی‌تر فکر کنند. بسیاری از زنان کُرد (به تبع فرهنگ سو گرفته اجتماعی و هنجارهای تحمیل‌شده)، اسیر چنین ناهنجاری‌هایی شده‌اند که آنان را از تفکر باز می‌دارد. مفهوم واقعی زن در جامعه و بویژه میان زنان، تغییر پیدا کرده و از آن موجودی ضعیف و مصرف‌گرا ساخته‌اند اما بایستی یک تعریف جدید را با توجه به شرایط فرهنگی و سیاسی جامعه تراشید.

هیچ دگرگونی‌ای فرهنگی یا سیاسی بدون نقش زنان میسّر نیست و در صورتیکه زنان و مردان دوشادوش یکدیگر مسئولیت‌ها را به دوش بکشند، جامعه را منقلب کرده و به الگویی برای سایر مردمان منطقه و جهان تبدیل شوند همانند آنچه که مشاهده کردیم زنان و مردان کُرد روژاوا در کنار یکدیگر بزرگترین گروه تروریستی منطقه را از پای در آورند.

# فێمێنیزم و وڵاتی سوید

**تاهیر عەلیار**

”

نایەکســـــــانیی بەینی ژن و پیاو و تاوانبارکردنی ژن و باڵادەست کردنی پیاو، ڕەنگە لەو کاتەوە بێ کە خواردنی میوەی قەدەغەکراو نەزەری ئێمەی سەبارەت بە ڕۆڵی ئەو دوو جنسەی نێو ماڵ و نێو کۆمەڵگا دارشتبێ. بە گوێرەی ئینجیل کردەوەی حەوا کە فریوی ماری خوارد و میوەی قەدەغەکراوی خوارد بووە هۆی ئەوەی ئەو دوو جنسەی لە بەرابەر یەکتردا ڕاگرت. بەڕاستی کەم تێکستی وا هەیە ئەوەندەی ئەو تێکستەی تەوڕات کە دەڵێ(پەکوو لەو پیاوەی کە ڕێگا بە خۆی دەدا فریوی قسەی ژنێک بخوا) بناغەدانەری بۆچوون و کردەوەی ستەمکارانەی پیاو بەرابەر بە ژن لە ڕەوتی مێژوویی خۆیدابووبێ.

“

## فێمێنیزم و وڵاتی سوید

فێمێنیزم کۆی ئەو جووڵانەوە و ئیدئۆلۆژییەیە کە داوا دەکا و ئیسباتی دەکا ژنەکان هەمان ماف و ئیمکانات و ئەرکیان هەیە کە پیاوان هەیانە و خۆی لەوتێکۆشانانەدا نیشان دەدا کە لە باری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە مافی ژنان دەسەلمێنێ.

ئەو ئیدئۆلۆژییە سیاسییە لە سەر بنەمای «هەموو ئینسانەکان یەک بایەخیان هەیە»، فورمووڵە کراوە و لە یاسای بنەڕەتیی وڵاتانی پێشکەوتوودا دانی پێداهێندراوە، بە شێوەیەک کە ئەرک و ماف بۆ شەخس بە بێ فەرق و جیاوازی دیاری کراوە، ئەو شەخسە دەتوانێ ژن یا پیاو بێ. لە یاسادا ئەرک و مافیان هیچ فەرقی نیە.

ئەو دیاردە مۆدێرنە بووەتە فەرهەنگێکی کۆمەڵایەتیی پێشکەوتوو بۆ پێکەوە ژیانی ئینسانەکان. لەو کۆمەڵگایانەدا بۆ هەموو کەس روون و ئاشکرایە کە ژن، وەک پیاو مافی کۆمەڵایەتی، یاسایی، سیاسی و ئابووریی هەیە. ئەوەش لە ڕەوتی خەباتێکی دوور و درێژدا دەستەبەر بووە کە ئێستاش درێژەی هەیە. ئەو خەباتە بۆیە دوور و درێژ بووە چونکە بە درێژاییی مێژوو، پیاو بە سەر ژندا زاڵ بووە و سەرکوتی کردووە؛ بەڵام ئەو سەرکوتە چۆن ناسێندراوە و پاساو دراوە و فێمێنیزم چۆن لە شۆڕشی فەرانسەوە تا ئەورۆ خۆی ڕێکخستووە و چۆن توانی بیسەر پەیدابکا بۆ ئەو ئیدە ڕادیکاڵە؟ و فێمێنیزم چۆن سەرکەوت بە سەر جنسی سەرکوتکەر و دەسەڵاتی غاڵبدا؟ و ئایا نەفرەت لە ژنان لە دنیای ئەورۆدا مەجالی هەیە دووبارە مەیدانداری بکا؟ هەرکامیان جێگای باس و ڕامانێکی وردە و بەشێکە لە مێژووی ئینسانی و شارستانییەتی ئەورۆ.

ئەوە ئەو فەرمایشەی تەورات و ئەو هەڵخلیسکانەی حەوا لە باغی عەدەن بوو کە بوو بە هۆی ئەوەی ژنە سوێدییەکان تا ساڵی ١٨٧٣ لە چوونە زانکۆ بێبەش کرابوون و تا ساڵی ١٩١٩ مافی دەنگدانیان نەبوو و تا ساڵی ١٩٢٧ دەبیرستانی کچانە نەبوو و تا ساڵی ١٩٥٨ حەقی دادوەرییان نەبوو. لە ساڵی ١٩٦٠ بەولاوە ئیزن بە ژنان درا لە دەرمان یا ئامێری پێشگیری لە دووگیان بوون کەڵک وەرگرن و پێشی منداڵداریی نەخوازراو بگرن. هەروەها مافی منداڵ لەباربردنیان وەرگرت. ساڵی ١٩٦٧ یاسای تازەی منداڵ لەباربردن پەسند کرا. بە گوێرەی ئەو یاسایە تا هەفتەی هەژدەهەمی دووگیانی ژن مافی هەیە منداڵ لەبار بەرێ بەڵام کە ئەو کاتە تێپەڕی، ئیدی ئەو مافەی لێ دەستێندرێتەوە و ناکرێ ئەو کارە بکا.

یاسای کەڵک وەرگرتن لە دەرمان و ئامێری پێشگرتن لە دووگیان بوون یا یاسای مافی منداڵ لەباربردن هەروەها یاسای مافی دەنگدان، هەموویان لە ڕێگای خەباتی فێمێنیستییەوە دەستەبەر کران و ئەگەر تێکۆشانی ژنانی کۆڵنەدەر نەبوایە، ئێستاش ئەو مافانە هەر وا پێشێل دەکران.

لە کۆنترین یاساکانی میسری باستان هەروەها لە یاسای حەمورابی لە بابل، هیچ ماف و جێ و ڕێیەک بۆ ژن لەبەرچاو نەگیراوە. یاساکان تەنیا بۆ پیاوەکان نووسراون و ژن و کۆیلە لە کۆمەڵگادا بەحیساب نەهاتوون. مادام بەحیساب نەهاتوون، مافیشیان نەبووە و بەشێک لە داراییی پیاوەکان بوون. ئەو سوننەتە نابەجێیە وا بە یاساکراوە و زیهنیەتی ژن و پیاوی بە هەزاران ساڵ وا داگرتووە، وەک واقعییەتێکی مێژوویی ئێستاش لە هێندێک ناوچەی دواکەوتووی ئەو دنیایە، جێ پێی هەر دیارە و بەرۆکی مروڤایەتیی بەرنەداوە. ئەڵبەتە لە وڵاتی سوید کۆمەڵگا ئەو مێژووە جەبرانەیەی تێپەڕاندووە. سوید ئێستا یەک لە ئالاهەڵگرانی یەکسانی و یەکڕەنگییە و لە هەموو بوارێکدا و لە هەموو ڕەدە و قۆناغێکدا یەکسانیی بەینی ژن و پیاو تەتبیق دەکرێ.

فێمێنیزم بە مانای مۆدێرنی ئەورۆییی خۆی بەرهەمی شۆڕشی گەورەی فەرانسەیە. زەحمەتە پیاو بتوانێ بڵێ کەنگێ جووڵانەوەی فێمێنیستی دەستی پێ کردووە، بەڵام لە نیوەڕاستەکانی سەدەی ١٨ەوە ئەو بیرۆکەیە پێشڤەچوونی گرینگی هەبوو. پێش ئەو ڕێکەوتە زۆر کەس

بــۆ دابین کردنــی مافی ژن تێکۆشــابوون بەڵام نەگەیشــتبوونە ئەو هەڵوێســتەی کە دەبێ ژن و پیاو مافی بەرابەریان هەبێ.
ئەگەر بڵێین ئەو جووڵانەوەیە لە ســەدەی ١٧وە دەســتی پێ کردووە و لە ڕێــگای جۆراوجۆرەوە گەشــەی کردووە، دەتوانین بەسەر سێ شەپۆلدا دابەشی کەین.

## شەپۆلی بەینی ساڵەکانی ١٧٠٠ تا ١٩٤٠

لەو ســەردەمەدا ئیدەی فێمێنیزم کە ڕیشــەی لە شۆڕشــی گــەورەی فەڕانســە و ســەردەمی ڕۆشنبیریدایە، دەســت بەوە کرا ئەو باسە بێتە گۆڕێ کە ئینســانەکان بایــەخ و مافی دەنگدانی وەکوو یەکیان هەیە. لە ڕاســتیدا تێگەیشــتن لە جووڵانەوەی ژنان لەو ســەردەمەوە دەســت پێ دەکا. جان ستوارت میل، فیلسووفێکی بەناوبانگی ئەو سەردەمە، بوو بە ئالاهەڵگری سەرەتای بیری فێمێنیســتی. پێشــاهەنگی بیری فێمێنیستی لە وڵاتی سویدیش نووسەرێک بوو بە ناوی «فردریکا برمر» کە لە سەدەی ١٨٠٠ دا دەژیا. لە ئاڵمان و بریتانیا لە سەدەی ١٨٠٠ و دەستپێکی ١٩٠٠دا جووڵانەوەی فێمێنیستی تین و گوڕێکی تایبەتی هەبوو و زۆر لەسەر مافی دەنگدانی ژنان پێداگریی دەکرد تا ئەو جێگایەی کەوتە نێو ئیدئۆلۆژییەکانی وەکوو کۆمۆنیزم و سۆسیالیزمەوە.

ســەرەڕای خەباتێکــی درێژخایــەن زۆری پێ چوو تا لە نیوەڕاســتەکانی ســەدەی نۆزدەدا، مافــی دەنگدانی ژنان لە هێندێــک وڵاتی دنیادا ســەرکەوتنی بەدەستهێنا. ســوید ئاخرین وڵاتی باکــووری ئورووپا بوو کە ددانــی بەو مافەدا هێنا و لە ساڵی ١٩٢١ مافی دەنگدانی ژنانی یاسامەند کرد. ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە فینلاند لە نێو وڵاتانی باکــووری ئورووپادا هەوەڵین وڵات بوو لە ســاڵی ١٩٠٦دا یاسای دەنگدانی ژنانی بەڕێوە بردبوو.

ئەو مافــی دەنگدانە بەرهەمی ئەو خەباتە بوو کە لە هەموو سەدەی ١٨ و ١٩ لە دنیای ڕۆژاوادا، هەمیشــە خۆپێشــاندان و خۆ دەرخستنی ژنان بەڕێوە چووە تا گەیشــتوونە ئەو سەرکەوتنەی کە بگەنە ئەو ئاســتەی لە یەک شوێن دەگەڵ پیاوان قسەی خۆیان بە مافی بەرابەرەوە بسەلمێنن. یەک لەو تێکۆشــەرە ناودارانەی لەو بــوارەدا لە دنیای ڕۆژاوادا هەوڵــی دا «ئێمیلین پانک هورســت»ە. ئەو ژنانەی لەو جووڵانەوانەدا بەشدارییان کرد لە بریتانیا و ئامریــکا هەوڵێکی زۆریان دا بۆ ئەوەی بتوانن کۆمەڵگایەکی یەکســانتر دروســت کەن. خەباتی بێوچان و بەردەوامی ئەوان بەشــێکە لەو بنەمایانەی کە جووڵانەوەی ئەوڕۆی فێمێنیستیی لە سەر داڕێژراوە. ئێستا هەموو وڵاتانی ئورووپا ئەو مافەیان لە یاسای بنەرەتیی خۆیاندا گونجاندووە و بەڕێوەی دەبەن. ئاخرین وڵات لیختن شتاین بوو کە ساڵی ١٩٨٤ ئەو مافەی بەیاسایی کرد.

## شەپۆلی بەینی ساڵەکانی ١٩٤٠ تا ١٩٩٠

پێــش شــەڕی جهانیــی هــەوەڵ، پەرەگرتنی پیشەســازی و بەرهەمهێنانــی بەکۆمەڵ، بۆوەی وڵامــدەرەوەی ویســتی بازاڕ بێ پێویســتیی بە هێزی کاری زیاتر هەبوو بە چەشنێک ئەو هەلەی ئامادەکــرد کە ژنان لە کونجــی ماڵێ بێنە دەر و وەکــوو هێزی کار بێنە بــازارەوە و وەکوو پیاوان بتوانــن لە کارخانە و دامــەزراوەی دەوڵەتیدا کار بکەن و دەوریان هەبێ و ئەوە کەلێنێکی گەورەی نایەکســانیی بەینی ژن و پیاوی پڕکردەوە. بەڵام شەڕی جهانیی هەوەڵ و ئەو کارکردانەی بەدوایدا هاتن، بۆ وێنــە دارمانی ئابــووری، بۆ ماوەیەکی کاتــی جووڵانەوەی فێمێنیســتیی لــە ڕەونەق خست بەڵام لە بەینی ساڵەکانی ١٩٥٠ تا ١٩٨٠ بووژانەوەیەکی بەهێزی فێمێنیستی سەری هەڵدا کە لەســەر ئاشکرا کردنی بایەخی ژن و نەبوونی یەکســانیی بەینی ژن و پیاو و شکڵی ناشایستی کۆمەڵگا لەو پەیوەندییەدا دەدوا و باسی یەکسانیی ژن و پیاو لــە نێو بنەماڵە، شــوێنی کار، ڕادەی خوێندن، توندوتیژی لە نێو بنەماڵەدا و هتدی دێنا گۆڕێ. مارکسیزم بە کەڵکوەرگرتن لەو پرسانە لە شۆڕشی ئازادیخوازانەی ئەو سەردەمەدا لەسەر ئەو زەمینەیە بوو بە ســەرهەڵدانێکی بالادەســت. لە ســاڵی ١٩٦٠ تا ١٩٧٠ جووڵانەوەی فێمێنیستی

هێـز و قەوامێکی دیکەی گرت و هەنگاوەکانی بۆ ئازاد کردنی ژن بە هێزتر کرد.

لە سـاڵی ١٩٦٠ را کە بەراستی دەستپێکی ئـەوە بوو کە ژن لە هەمـوو بوارێکدا وەکوو پیاو مافی یەکسـانی هەبـێ، کاتی ئـەوە هات زۆر پرسـیاری گرینگی دیکە تاوتوێ بکرێ؛ بۆ وێنە یەکسـانیی ئابووری و یەکسـانیی کۆمەڵایەتی. ژنەکان دەستیان بەوە کرد داوای مافی کارکردن و حەقدەسـتی وەکوو پیاوان بکەن کە هەرچەند لەوبارەیەوە پێشکەوتن زۆربووە دیسانیش هێندێک جیاوازی هەر هەیە.

## شەپۆلی سێهەم لە ١٩٩٠ وە تا ئێستا:

ئێسـتا ئێمـە خۆمـان لە شـەپۆلی سـێهەمی فێمێنیزمـدا دەبینینەوە کـە زۆر پان و بەرینە و زۆر بابەتی تازەی هێناوەتە گۆڕێ وەکوو پێشگرتن بە فێمێنیزمی سـپی[١]، خەبات بۆ لابردنی چینی جیـاوازی کۆمەڵایەتی، دژایەتی دەگەڵ باسـی نژادپەرەسـتی، چۆنیەتیی پەیوەندیی سێکسی و زۆر شتی دیکە.

وڵاتـی سـوید لـە ٢١ ی ژانویەی سـاڵی ٢٠١٩ وە کابینەیەکـی فێمێنیسـتی هەیە کە وەزارەتەکانی بەینی ژن و پیاو یەکسـان دابەش کـردووە و لە راسـتیدا فێمێنیزم و یەکسـانیی بە تـەواوی لێک گرێداوە و لـە بەرنامەی کاری دەوڵەتدا نووسـراوە دەمانهـەوێ کۆمەڵگایەکمان هەبێ کە لەوێدا هەموو ئینسانەکان بایەخی وەک یەکیان هەبێ، مافی وەک یەکیان هەبێ، ئیمکانی وەک یەکیان هەبێ و ئەرکی وەک یەکیان هەبێ و جنسـییەت بەربەسـت بۆ کەس دروست نەکا. بۆ وڵامدانەوە بەو پرسـانە، شەش خاڵی گرینگی دیاری کردووە کە لەو بوارەدا کاریان لەسەر دەکا:

١ دابەش کردنی یەکسانی دەسەڵات و نفووز یانی ژن و پیاو، ماف و ئیمکانی یەکسانیان هەبێ لە هەڵسـووڕانی کۆمەڵایەتی و چۆنیەتیی دابەش کردنی دەسەڵات و ئیمکانات لە هەموو ئیدارات و دامەزراوەکانی دەوڵەتی و نێو کۆمەڵگا بە شێوەی یەکسان و بەرابەر.

٢ یەکسانیی ئابووری
ژن و پیـاو بـۆ کاری یەکسـان، حەقدەسـتی یەکسانیان هەبێ و تواناییی بەخێو کردنی خۆیان و منداڵەکانیـان هەبێ و بتوانن بەرپرسـی ژیانی خۆیان بن.

٣ پەروەردەی یەکسان
مافـی وەک یەک بـۆ ژن و پیاو و کـچ و کوڕ، بـۆ خوێنـدن و هەڵبژاردنـی لقـی خوێندن و بەرنامەدانان بـۆ پێشـکەوتن و پەروەردەکردنی کەسایەتیی خۆیان.

٤ کار کردنی بێ حەقدەست وەکوو یەک
مەبەست کارکردنی نێو ماڵییە کە بۆ ئەوە پارەیەک وەرناگیرێ و ژن و پیاو یەکسـان و پێکەوە دەبێ ئەو ئەرکە راپەڕێنن کە چاوەدێری و گەورەکردنی منداڵیش دەگرێتەوە.

٥ یەکسانی لە ساغی و سلامەتیدا
مەبەست ئەوەیە ئیمکاناتی پێشگیری لە نەخۆشی و خزمەتگوزاریی چاک کردنەوەی نەخۆش و هەر پێداویستییەکی بۆ ژیانێکی سلامەت و سەرکەتوو لازمە، بە بێ فەرق و جیاوازی لە ئیختیاری گەورە و منداڵ، پیر و جحێڵ، کچ و کوڕ، ژن و پیاو، بە شێوەی یەکسـان، بە بێ فەرق و جیاوازی بەکار دەهێندرێ.

٦ توندوتیژیی پیاو بەرانبەر بە ژن دەبێ تەواو بێ ئەو خاڵە زۆر شـت دەگرێتەوە و تەنیا مەبەسـت لێـدان و کوتان نیـە، بۆ وێنە جنێو و قسـەی سـووک، تەوس و تەشەر، فشاری رۆحی خستنە سـەر ژن، فشـاری ماڵی و کار خستنە سەر ژن، تەنانەت کاری سکسـیش دەگـەڵ ژن کردن بە بێ مەیلی ژنەکە، ئەگەر ژن و مێردیش بن مەنع کراوە و بە تاوان دەژمێردرێ و نابێ رووبدات.

### ژێدەر

(١) فێمێنیزمـی سـپی : زیاتر مەسـایلی ژنانی سـپی پێسـتی کلاسـی نێونجیی کۆمەڵگا دەخاتە بەرچاو. هەوڵ دەدا ئەو هەنگاوە نێودەوڵەتییانەی بۆ دابینکردنی مافی یەکسـانی دەدرێ داپۆشـێ و بیانشـارێتەوە. هەوڵ دەدا مافی ژنانی چینی کرێکار لە پێش چاوان لابـا و نەدیدەیـان بگرێ. خەباتـی چینایەتیی ژنان و ئەو شـێوە سـەرکوت کردنەی لە وڵاتانی دواکەوتوو، ژنان بەرەورووی دەبنەوە هەروەها راسیزم بەهێند ناگرێ.

# ئاسمانی بێ ڕەگەز، ئاسمانێکی ئازادە!

شەهرام ڕەسووڵ

لە ئێپیستمە سەرەتاییەکان و لە سەرەتای مێژوو یا پیش مێژوو، ژن و باڵا دەستیی ژن، باڵی بەسەر شارستانی و ئابووری و خێزاندا کیشابوو. تەنانەت ژن جەنگ و ئاشتیی بەرپا دەکرد و زایندە و ژینەریش هەر خۆی بوو. ئەمەش لەو تێڕوانینەوە دەهات کە ژن و پیاو لە سیستەمە مەعریفییەکەی ئەوکات بۆ ئاسمان هەیانبوو.

هەمـــووان دەربـــارەی گرفتەکانی ژن و کێشـــەی فێمێنیـــزم ئاگاداریـــن. بابەتەکانی ئەم بزووتنەوەیە فرە ڕەنگ و جۆراوجۆرن. خۆیان لە سیاسەت و زمان و پێگـــە و ئازادی و چـــی و چی تردا دەبیننـــەوە بەڵام ئاخۆ بـــە دیاریکراوی ئـــەم کێشـــەیە چییە؟ کێشـــەی ژن، یان مێیینە، یا ئـــەوەی لەم درەنگانەدا قەوارەی بزووتنـــەوەی وەرگرت و ناوی لێ نرا بزووتنـــەوەی فێمێنیزم، چییە؟ ئایا تەنها کێشـــەیەک یـــا دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییـــە؟ ئایا گرفتەکانی ژن، لە نێـــوان ژن و ژنە؟ لە نێوان ژن و پیاوە؟ یان چی؟ ئایا ئەم گرفتە لەسەر بنەمای جیاوازییە دەروونییەکان دروست بووە؟ یا گرفتەکە جیاوازییە دەروونیەکانی لە نێـــوان ژن و پیاودا دروســـت کردووە؟ ڕیشەی کێشـــەکە دەگەڕێتەوە بۆ چی و بـــۆ کوێ؟ ئابـــووری و کار؟ بەهێزیی جەستەی پیاو؟ یان دڕندەیی سروشت بەرامبەر بـــە مێیینە؟ ئـــەوەی پیاو لە دژی ژن دەیکات، لە کوێوە هێناویەتی؟ هەڵکشان و داکشانەکانی پێگەی ژن لە ناو کۆمەڵگا لەم ســـەر زەوییە لە کوێوە هاتووە؟ بۆچی جارێ ســـەنەمە و جارێ تابۆ؟ جارێ حاکمە و جارێ مەحکوم؟

بێگومان حاشا لەوە ناکرێت کە ئەم کێشەیە پێیەکی لە ناو کایەی مەعریفەی سۆسیۆلۆژیدایە و پێیەکی دیکەشی لە ناو ئێپیستمۆلۆژیا. چۆنیەتیی بیرکردنەوەت لە جیهان و چۆنیەتیی بیرکردنەوەشتە لە خۆت و لە ئەوی تریش. لەم وتارەدا من دەمەوێت دەســـت بۆ بابەتێک ببەم کـــە بە بڕوای من کەم تا زۆر خوێنەری ئێمە لـــەم بارەیەوە بیری نەکردووەتەوە یا سەرنجی نەخستووەتە سەر، ئەویش پەیوەندیـــی ژن بە ئاســـمانەوەوە. یان بە واتایەکی تر، تێگەیشـــتنی مرۆڤ بۆ ئاســـمان و دواتریش ڕەنگدانەوەی ئەم تێگەیشـــتنە بۆ ئەدای مرۆڤ لە ژیانیدا، لەپەیوەندییەکانیدا، لـــە دەروونی و لە خەیاڵدانیـــدا. خۆ کەمیش نین ئەوانەی لـــە دژی ئەمەن. ئەوانـــەی پێیان وایە بە پێچەوانەوە مرۆڤ ســـتراکتەرەکانی خۆی لە ئاسمانەوە نەهێناوەتە خوارەوە و خۆی و تێگەیشـــتنی خۆی لەســـەر ئەو تێڕوانینە ئاســـمانیانە بونیاد نەناوە، بەڵکوو ئاســـمانی لەسەر زەوی و لەسەر نەزمە دونیاییەکان ڕام کردووە. وڵامە ڕاســـتییەکە هەر کامێکیان بێت، هیچ لە دووســـەرەیی بابەتەکـــە ناگۆڕێت. هیچ لـــەوە ناگۆڕێت کە لـــە نێوان ژن و ئاســـماندا و یاخود لە نێوان ئاســـمان و ژنـــدا، پەیوەندییەکی نەپســـاوە هەیە و کێشـــەکانی ژن و پێشـــکەوتنەکانی بزووتنـــەوەی فێمێنیزمیـــش، لـــەو پەیوەندییـــەدا بوونیـــان هەیـــە و ئێمە هـــەوڵ دەدەین چەنـــد دیمەنێک یان چەند ئێپیســـتمێکی مەعریفی لەو ڕۆڵە باس بکەین و بیگوازینەوە و شـــرۆڤەی بکەین.

بێگومان بێ ئاوردانەوە لە چەمکەکانی وەک ئێپیســـتمە مەعریفییـــەکان و ئێپیستمۆلۆژیا و دابڕانی ئێپیستمۆلۆژیا، ســـەخت دەبێت بەو باســـەدا تێپەڕین. (بەڵام ئێرە شـــوێنی بـــاس کردنی ئەم چەمکانـــە نییـــە و هیـــوادارم خوێنەر بتوانێت خۆی بەدوایاندا بچێت تا باشتر بە مەبەستی وتارەکە ئاشنا ببێت) ئەوە ناشـــاردرێتەوە کە مێژووی ئێمە (ئێمە وەک کۆی زەمین نشینەکان) چەندین قۆناغی شارستانی و مەعریفیی لە یەکتر جیاوازی تێپەڕاندووە و چەندانی لە خۆی دابڕاندووە. ئایا ئەم دابڕانانە دابڕانی خێرا و کتوپڕ بوون یاخود ناڕاستەوخۆ و هێواش هێواش، سیستەمە مەعریفییەکانی ئێمە

لە شێوە و فۆرمێکەوە بووە بە شێوە و فۆرمێکی تر؟ ئەمە خۆی کێشەیەکە کە تا ئێستا مشتومڕ لە نێوان بیریارانی ئەو بابەتەدا هەیە، بەڵام هیچ نکۆڵی لەوە ناکرێت ئەم دابڕانانە چ هێواش بن چ خێرا، ڕوویانداوە و ئێپیستمەی جیهانی ئەمڕۆی ئێمە لەگەڵ هی هەزاران ساڵ پێش ئێستای ئێمە جیاوازە. ئەم جیاوازییە لە کۆی کایەکانە و لە کۆی ڕەهەندەکانە، بێگومان ژنیش وەک سەرەکیترین دانەی ناو ئەو ئێپیستمانە گۆڕانکاریی بەسەرداهاتووە و لە شوێنێک نەوەستاوە و بە بەرزی و نزمی خۆیدا ڕۆیشتووە. فاکتەری ئەو دابڕانە ئێپیستمانەش یەک و دووان و سیان نین و هەر توێژەر و بیریارێک، کۆمەڵێ فاکتەر دیاری دەکات، هەیانە ماددە، هەیانە ئایدیا، هەیانە سروشت و گۆڕانکارییەکانی سروشت و هەشیانە لەو باوەڕەدایە کە ئێمە ناتوانین دابڕانە ئێپیستمۆلۆژییەکان دیاری بکەین و لەبارەیانەوە بدوێین! ئێمە لە بەشی خۆمان هیچ کام لە زانستەکان و لە لقەکانی فەلسەفە وەک مێتافیزیکا و زانست یان ماددە و ئایدیا دیاری ناکەین، بەڵکوو ئاسمان وەک یەکێک لە سەرەکیترین فاکتەرەکان دیاری دەکەین. ئاسمانێک کە دیار نییە، ماددەیە یا تەنها ئایدیایە، پێمان وایە ئاسمان و تێڕوانینی ئێمەی مرۆڤ بۆ ئاسمان لە بارەی دابڕانە ئێپیستمۆلۆژییەکانەوە گرنگترین لێکەوتەیان هەیە و لە ناویشیدا لەگەڵ ئەو جۆرە پەیوەندییە و ئێپیستمەیە، کیشەی ژنیش گۆڕانکاریی بەسەرداهاتووە و دوا یا پێش کەوتووە.

ئەوە بۆ هەمو لایەک ڕوونە کە لە ئێپیستمە سەرەتاییەکان و لە سەرەتای مێژوو یا پێش مێژوو، ژن و باڵا دەستیی ژن، باڵی بەسەر شارستانی و ئابووری و خێزاندا کیشابوو. تەنانەت ژن جەنگ و ئاشتیی بەرپا دەکرد و زایندە و ژینەریش هەر خۆی بوو. ئەمەش لەو تێڕوانینەوە دەهات کە ژن و پیاو لە سیستەمە مەعریفییەکەی ئەوکات بۆ ئاسمان هەیانبوو. ئاسمانێک کە تێیدا چەندەها خوداوەند هەن، خوداوەندانێک کە ژن تێیاندا پشکی شێری بەرکەوتبوو و ئەو خۆی بەڕێوەبەری باران و جوانی، ئاو و دەریا، با و چاندن بوو. بە خەیاڵی ئەوان ئاسمان هیچ نەبوو جگە لە شوێنێک بۆ ئەوەی خوداوەندە خانمەکان تێیدا بدرەوشێنەوە و دەست بە سەر دونیاد بگرن! هەر لەمەشەوەیە دەبینی خوداوەندی دایک، وەک یەکەمین سەنەم لەسەر زەمین، وەک نوێنەری ئاسمان دەست دەگرێت بەسەر هەمووواندا و هەمووان لەبەر دەمی ملکەچن و داوا و پاڕانەوە و نزای هەمووان، هەر بۆ دایک و بۆ ژن خۆی بوو!

ئەی چی بوو ئیتر ئەم سەنەمە شکا؟ ئیتر ئەم بتە ئاوا بوو؟ بێگومان دابڕانێکی ئێپیستمی بەسەر تێگەیشتنی ئێمە بۆ ئاسماندا دێت. ئیتر ئاسمان شوێنێک نامێنێت بۆ باڵادەستیی ژن. لە دوای ئەوەی ئایینە یەکتاپەرەستەکان دەست بەسەر تێڕوانینی ئێمە بۆ ئاسماندا دەگرن و ئیتر ئاسمان دەبێت بە نیشتیمانی تاکە خودایەک کە کەس نازانێ ڕەگەزی چییە و سەرجەم باڵوێزەکانی لەم سەر زەمینە پیاو و نێرینەن. خۆ ئەگەر خودا ڕەگەزیشی هەبێت بە دڵنیاییەوە مێینە نییە! خودایەک کە چی نوێنەری هەیە، چی نێردراوی هەیە، هەر یەکێک کە پەیوەندیی لەگەڵ هەیە و لە لای ئەووەوە دێت و دەچێت، نێرە. ئاسمانەکان بە دروستکراوە نێرینەکانی

ئەو داپۆشراون. خودایەک کە یەکەم مێینە لە یەکەم نێرینە دروست دەکات، ئیتر ئەو ئاسمانە نامێنێت کە ژن تێیدا باڵادەست بوو و ئاسمان لە ژێر دەستی ژن دەردەهێندرێت و دوای ئەمەش زەمین! ئیتر ژن دەبێت بە تەکنەلۆژیایەک، بە کەرەستەیەک، بە کەلوپەلێک کە بۆ سایە و پێویستیی پیاو هەیە و لەو پێناوەدا، ژن ئابووری و سیاسەت و ئیدارە و چی و چی لێ وەردەگیرێتەوە و جگە لە کێڵگەیەک کە لە لایەن پیاوەوە خاوەنداری دەکرێت، هیچی تری لێ نامێنێتەوە!

ئەم ئێپیستمەیە، ئەم باڵادەستیی پیاوە، بەردەوام دەبێت. دووبارە ئەم ئاسمانە دەڕوخێت و ئاسمانێکی تر جێگەی دەگرێتەوە. بەڵام ئاسمانێک کە چۆڵە و ئیتر بۆشاییە. ئاسمانێک کە نە نێر نە مێ، نە خودا نە نێردراوەکانی خودای لێ نییە. ئیتر ئەو ئاسمانە، لە بۆشاییەکی گەورە زیاتر، هیچی تر نییە. ئەم مەعریفەیە لەسەر زانست هەڵدەچنرێت و ئیتر دابڕانێک لە خۆی و ئێپیستمەکانی پێش خۆی دروست دەکات. ئێپیستمەیەک کە ئیتر لە بەرانبەریدا ژن و پیاو دەبێت وەک یەکتری بن. ئێپیستمەیەک تێدا نە پیاو سەنتەرە و نە ژن، نە زەوی و نە ئاسمان. ئیتر ئاسمان وەک سەنتەرێک نامێنێتەوە، ئیتر زەوی و خۆر سەنتەری هیچ شتێک نین. ئەی بۆ پیاو سەنتەر بێت و ژنیش مانگی بێت؟

ئەم تێڕوانینە بۆ ئاسمان تێڕوانینێکی نوێیە و لەوێوە دووبارە ژن ئازاد دەبێتەوە و ئەمیش لە دوای پیاو بە دوو ساڵ گەشت دەکات بۆ ئاسمان. بۆ نیشتمانەکەی خۆی و لەوێوە ئیتر لە دونیادا کێشەکانی ژن دەتەقنەوە و بزووتنەوەکانی فێمینیزم لە سەرانسەری دونیادا داوای مافەکانی ژن دەکەن و لە پێناویدا دەجەنگن و ڕۆژ بە ڕۆژ دەسەڵاتی پیاو دێننە خوارەوە و هی خۆیان دەبەنە پێشەوە. ئیتر دەردەکەوێت کە کێشەی ژن بەتەنها لەگەڵ پیاودا نەبووە، لەگەڵ کاردا نەبووە، لەگەڵ بەهێزی و لاوازیدا نەبووە، بەڵکوو بابەتەکە لەوە ئاڵۆزترە و تەنانەت ژن خۆشی لە گەڵ ژن کێشەی هەیە و هەبووە. لە ناو ئێپیستمە یەک لە دوای یەکەکانی تردا، ژن خۆشی باوەڕی بەو چیرۆکانە کردبوو و دەستبەرداری ئەو ئاسمانە بووبوو و لێشی بێ هیوا بووبوو. تا ئەوەی ئیتر خۆی چوو دڵنیابۆوە لەوەی ئاسمان بە تەنها هی پیاوەکان نییە، بەڵکوو هی کەس نییە، تەنانەت ژن ئێستاش لەگەڵ ئەو ژنانەدا کێشەی هەیە کە باوەڕیان بە بێلایەنیی ئاسمان نەکردووە. بێگومان ئەم تێڕوانین و پارادایمانە، ئەم ئێپیستمە و سەردەمانە، بێ کاریگەرییە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان نابن، بەڵام بە بڕوای ئێمە ئەمە سەرچاوەی کێشەکان نین، بەڵکوو لێکەوتەکانی ئێپیستمە و تێڕوانینەکان بۆ ئاسمانن کە ژن لە زاتێکی سەنەمەوە دەگۆڕن بۆ تابۆیەک و هەر ئەوەشە ئیتر ژن لە دەست پیرۆزی و نەفرەت دەردەهێنێت و ئازادی دەکات و شەڕ بۆ ئازادیی خۆی دەکات. بەڵام شەڕێک کە ئیتر ئاسمانێک لەو نێوەندەدا لە ئارادا نییە. شەڕێک کە ئیتر بووە بە شەڕی ئەو دیدە نەریتییانەی بۆ ئاسمان هەن. شەڕێک لە دژی ئەو پێگەیەی کە ئێستا پیاو هەیەتی و نایهەوێت وا بە ئاسانی دەستبەرداری بێت. شەڕێک کە ئاسمان یەکلایی نەکاتەوە، شەڕێکی دوور و درێژ دەبێت؛ شەڕێکی یەکلاکەرەوە نابێت !

# فێمێنیسم یا ناسیۆنالیزم:
# دژایەتی، هەڤڕایی یا دەستەوایی

سندووس ئەفشین، ئاویەر شێخی

”
پەرژانە سەر گەنگەشەکانی بەردەم ڕەوتی فێمێنیسم و چالاکی و خەبات بۆ مافە ڕەواکانی ژنان لە شوێنگەلێک کە هێشتا لەگەڵ ڕەوتی ناسیۆنالیزم و ئازادیی نەتەوە بەرەوڕوون و زۆربەی هەوڵەکانیان لە بازنەی چارەسەرکردنی پرسە نەتەوەییەکاندایە و هەروەها پەرژانە سەر بابەتێکی وەک لەسەربوونی ئاستی یەکێکیان لەوی تر و لەم نێوانەدا دۆخی ژنی کورد و هەروەها هەڵسوکەوت و چۆنییەتیی ڕووبەڕووبوونەوەی هێز و لایەنە سیاسییە کوردییەکان لەگەڵ پرس و پێگەی ژنان، تەوەرە سەرەکییەکانی ئەم بابەتەی بەردەستتان لە خۆدەگرێت.
هەروەها هەوڵ دراوە بە ئاوڕدانەوەیەک لە ڕابردوو و ئێستای ئەم پرسە، شێوەکانی کەڵک وەرگرتنی ئەم بزووتنەوانە لە ژنان و گۆڕینی دونیای پەنگخواردوو و نەناسراویان بۆ جیهانێکی کردەکی و نەناسراوتربخرێتە ڕوو و واتایەکی تر و یان لە بنەڕەتدا نیشاندانی ڕێگەیەکی نوێ بە مەبەستی خستنەڕووی پێناسەیەکی نوێ لە «ژنی نوێی کوردی» بدۆزرێتەوە.
“

*«خەبات بۆ ئەوەی ژن مافی خۆی وەربگرێت جودا نییە لە خەباتی میللەتەکەمان بۆ دێموکراسی و ئازادی. لە هەر جێگایەک دێموکراسی زیاتر پێشکەوتووە و میللەتان مافی خۆیان وەرگرتووە ژنانیش ئازادیی زیاتریان دەست کەوتووە. ئەو سێ خەباتە وەک یەکە، بەڵام ئایشارمەوە و دەمەوێ بۆ تاریخی بڵێم، کە خەبات بۆ مافی ژنان تەنانەت لە وەرگرتنی خودموختاریش درێژترە».*

*«دوکتور قاسملوو»*

سەرەتا بە پێویستی دەزانین بە مەبەستی چوونە ناو بابەتی دیاریکراو، ئامانجی نووسینی ئەم بابەتە بە پێناسەگەلێکی ئامادە و کورت لە دوو دەستەواژە دەست پێبکەین کە دەمانهەوێت بە پەیوەندیی نێوانیان بگەین.

## ناسیۆنالیزم

بە سەرنجدان بەوەی کە سەرچاوەی وشەی ناسیۆنالیزم بۆ زمانی لاتین دەگەڕێتەوە و پاشان هاتووەتە ناو زمانە مۆدێرنەکانی ئێستای ئەورووپا، دەبێت سەرەتا ڕەگ و چوارچێوەی بەکارهێنانی ئەم وشەیە بدۆزینەوە و ئەو گۆڕانکارییانەی کە بە درێژایی مێژوو و لە ئەنجامی چەند کەتوار و ڕووداوی مێژوویی بە سەریدا هاتووە بخەینە بەرباس، هەتاکوو مەبەستی سەرەکیی بابەتەکە و چوارچێوە فراوانەکەی ڕوون ببێتەوە.

لە سەدەی دوازدەی زایینیدا، نزیک لە ساڵەکانی ١١٦٠ دەستەواژەی ناسیۆن (nation) سەرچاوەگرتوو لە وشەی ناتوس (natus)ی یۆنانی بە واتای شوێنی دایکبوون یان ناوچەیەکی دیاریکراوی «قەومی» بەکارهێنراوە. لە سەرەتای دەستپێکی سەدەی‌شازدەیەمیشدا لەم ناوە هاوەڵناوی «ناسیۆنالیزم» دروست کرا.

لە کاتی هەڵگیرسانی شۆڕشی گەورەی فەرەنسە(١٧٨٩-١٧٩٥) یەکێک لە نوێنەران پێشنیاری ئەم ناوەی بۆ کۆمەڵێک لە نوێنەرانی خەڵک یا خود «چینی سێهەم» Assembee nationale کرد. ڕۆژنامەی «هاوڕێی خەڵک» Ami du people بە بەڕێوبەرایەتیی «مارا» شۆڕشگێری بەناوبانگ و نوێنەری پەرلەمان، هاوەڵکاری ناسیۆنالیزمی بە مەبەستی دەوڵەتی کردن بەکارهێناوە. دواتر لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەیەم ناوی چاوگی هاوەڵکاری ناوبراو، بە شێوەی «نەتەوەیی یا دەوڵەتیکردن» بەکارهێنرا. هەر لەو ساڵانەدا دەستەواژەی ناسیۆنالیزم لەلایەن فەرانسەوییەکانەوە کە گومان دەکرێت لە زمانی ئینگلیزی وەریانگرتبێت، بە شێوەیەکی گشتی لە جێگای «نەتەوەپەروەری یان ئەویندارای نەتەوەبوون» بەکار هێنرا. ئەم گۆڕانە هیوابەخشە. بەو واتایەی ئەوانەی کە خۆیان بە نەتەوەپەروەر (patriote) ناو دەبرد، لە پێناو خۆشەویستییان بۆ خاکەکەیان ستایشی کەسانێکی شۆڕشگێڕ یان هەمان «گەل»یان کرد و ئەوانیان خستە سەر دەسەڵات و لەسەر کورسیی حکومرانی دایانیشاندن، بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین ناسیۆنالیزم (nationalism) جۆرێک ئاگاییی کۆمەڵە، واتە ئاگایی لە هەمبەر خاوەندارێتیی گەل، کە وەک «ئاگاییی نەتەوە»ییش ناو دەبرێت. ئاگاییی نەتەوەیی، زۆربەی کات دەبێتە هۆی پێکهاتنی هەستگەلێکی وەک وەفاداری، خۆشەویستی و هۆگربوونی مرۆڤ بە چوارچێوەگەلی پێکهێنەری نەتەوە ( نەژاد، زمان، نەریت و کلتوور، ئەرزشە کۆمەڵایەتیی و ئەخلاقییەکان و بەشێوەیەکی گشتی فەرهەنگ) هەندێکجاریش زێدەڕۆیی لەم هەستەدا دەکرێت و دەبێتە هۆی سازبوونی

بەرواى زاڵ بوونی نەتەوەیەک بەسەر نەتەوەیەکی تردا.[١]

## فێمێنیسم

فێمێنیسم هەوڵ و خەباتێکی بێوچانە لە ڕێگای گەیشتن بە هاوسانیی نێوان ژن و پیاو و بنبڕکردنی چەوساندنەوە ڕەگەزییەکان. ڕوونە کە ئەم پێناسە گشتیی و بە ڕواڵەت سانایە، لەگەڵ هەموو لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی تاک و کۆمەڵ و هەروەها زۆر و کەم لەگەڵ هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، پەیوەندی چێ دەکات. لە ڕاستیدا وشەی فێمێنیست لە لایەکەوە مامەڵە لەگەڵ فەلسەفە، ماف، فەرهەنگ، دابونەریت، خوڵقیات و کولتوور، بیری تاک و کۆمەڵ و لە لایەکی تریشەوە مامەڵە لەگەڵ سیاسەت و ئابووری و هتد... دا دەکات.

ئەم جووڵانەوەیە، لەگەڵ هەر هەنگاوێکی کە هەڵیهێناوە، کۆمەڵێک کەندوکۆسپ و دژواری و دژایەتیی جۆراوجۆر و بەردەوامی توندی هەندێک لە نەریت و عادەتەکان، ڕووبەڕووی دەبوونەوە. لەگەڵ هەموو هەوڵ و تێکۆشانی بەردەوامی جووڵانەوەی فێمێنیستی بۆ گەیشتن بە مافی یەکسانی و پێکهێنانی گۆڕانکاریی یاسایی لەم بوارەدا، دژوارترین ئاستەنگ لە بەردەمیدا، ڕووبەڕووبوونە و پێکهێنانی گۆڕانکاری لە بیر و نەریتە دواکەوتوو و کۆنەکاندا بووە.[٢]

هەروا کە کریس بیسلی لە یەکێک لە کتێبەکانی خۆیدا بە ناوی «چییەتیی فێمێنیسم» دەڵێت؛ فێمێنیسم دەستەواژەیەکی پڕ دەردەسەرە، ئەو کەلێنە گەورەیەی کە تێیدا هەیە لە ئاکامی زانیاریی سنووردار یاخود هەڵەگەلێکی بەرچاوتەنگانەوە نییە. فێمێنیسم لەو دەستەواژانەیە کە بە پێداگرییەوە ڕوونکردنەوە ساناکان دەخاتە بەر پرسیار. هەروەها ئاڵۆزی و فرەجۆر بوونی فێمێنیسم، بەربەستێک لەبەردەم ئەو کەسانەدا ساز دەکات کە خولیای فێربوون و تێگەیشتنێکی پێملکەرانەیان لە فێمێنیسم هەیە. ئەم پێکهاتە سەرنجڕاکێش و بەهێزە، لە بنەڕەتدا لە چوارچێوەی پێناسەیەکی کورت و سانادا کورت ناکرێتەوە، بەڵکوو بە شێوەیەکی بەردەوام بۆ بەشێکی سەلمێندراوی دیسکۆرسی کۆمەڵایەتی و سیاسیی باو دەگۆڕدرێت؛ تەنانەت ئەو کاتانەش کە لە گۆشەنیگای جیاوازەوە لێی ڕابمێنین.

بە شێوەیەکی گشتی فێمێنیسم بەتەواوی کێشە و گرفتەکانی کە هەیەتی، یەک ئامانجی ساکار و ڕوونی هەیە، ئەویش کۆتایی هێنانە بە سیستەمی پیاوسەروەری. تیۆریی فێمێنیسمیش ئامانجێکی گشتگیرتری هەیە کە پێکهاتووە لە ناسین، شیکردنەوە و بە پرسیار کێشانی دەسەڵات و سیستەمی پیاوسەروەری، کە لە کۆتاییهێنان بەو دەسەڵاتەدا، کاریگەر و یارمەتیدەرە. دەوترێت، لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا هۆگریی ژنان بە جووڵانەوە فێمینستییەکان بە هەمان ئەندازە شیاوی ڕێزە کە هۆگریت بە هەرکام لە حیزبە سیاسییەکانی وڵاتی ئامریکا هەبێت. بەپێی لێکۆڵینەوەیەک کە لە ساڵی ١٩٨٩ کراوە و تێیدا بیروبۆچوونی هەموو خەڵکی ئامریکا وەرگیراوە، دەردەکەوێت بە نزیکەی یەک لەسەر سێی ژنان لە وەڵامی پرسیاری «ئایا خۆتان بە فێمینیست دەزانن؟» وەڵامی «بەڵێ» داوەتەوە و تەنیا کەمێک زۆرتر لەم ڕێژەیە وەڵامی پۆزەتیڤیان بەرامبەر بە پرسیارەکانی «ئایا خۆتان بە کۆماریخواز دەزانن؟» و «ئایا خۆتان بە دیموکرات دەزانن؟» داوەتەوە.[٣]

## بزووتنەوەی ژنانی کورد

باس کردن لەبارەی سیمای جیاواز و کەلێنی بزووتنەوەکانی ژنانی کورد لەگەڵ جووڵانەوەکانی ژنان لە سەرتاسەری جیهاندا، بابەتی سەرەکی و دەروازەی چوونە ناو ئەم بابەتیە، چونکە ئەم جووڵانەوەیە ژێرکۆمەڵەی بزووتنەوە و جووڵانەوەی نەتەوەی بێ دەوڵەت یاخود کەمینەی ژێر دەسەڵاتداری زۆرینەیە. بەم هۆیەشەوە لایەنی تایبەت بە خۆی هەیە. هەرچەندە هەروەک دلوز دەڵێت «کەمینە» بوون بە واتای «ئەندام بوون لە گرووپێک کە ئەندامی کەمتری هەبێت نییە». بەڵکوو کەمینە بوون دەتوانێت لە شێوەی گرووپێکدا بێت کە ئەندامەکانی لەلایەن کەسانێکی ترەوە بچەوسێنرێنەوە. بەم پێیە ژن دەتوانێت نموونەیەکی دیار و بەرچاوی «کەمینەیەکی سیاسی» بێت. هەر بەپێی هەمان بنەما، هەموو ژنان کە هەرچەندە دەکرێت لە ڕووی هەژمارەوە ژمارەیان لە پیاوان زیدەتر بێت، بەڵام بە هۆی ئەوەوە کە مافێکی نزمتر و ناهاوسانیان لە بەرانبەر پیاودا هەیە بە بەشێک لە کەمینە بێنە ئەژمار.

بزووتنەوەکانی ژنانی کورد، بەهۆی گرێدراوییان بە چەند گرووپێکی کەمینەیی (زمانی، نەتەوەیی، دینی، ڕەگەزی و...) تایبەتمەندیی تایبەت بەخۆیانیان هەیە. هەروەک پێشتر باسمان کرد جووڵانەوەیەکە لە ژێر سێبەری جووڵانەوەی نەتەوەیەکی بێدەوڵەتدا. شیاوی ئاماژەیە کە هەبوونی دەوڵەت بە واتای تەواو بوونی جووڵانەوەکانی ژنان نایەت. هەر وەک چۆن زۆربەی دەوڵەتانی جیهان ڕۆڵی پاسەوانی نیزامی پیاوسەروەری دەبینن و یاساگەلێک لە ئاراستەی هەڵاواردنی ژنان و چەوساندنەوەیان پەسەند دەکەن و دەیخەنە بواری جێبەجێکردنەوە. چەند نموونەیەکی کەمی دەوڵەتان لە جیهاندا هەن کە ڕۆڵی کاریگەر و بەرچاویان لە بواری چاکسازی و گەیشتن بە مافی یەکسانیی ژنان داوە و بە شێوەی یاسایی لە پلانی کاری خۆیاندا و لە دەستووری وڵاتەکەیاندا گرینگییان بەم پرسە داوە و یاسای گونجاویان بۆ پەسەند کردووە. (نموونە: یاساکانی وڵاتانی پێشکەوتووی سکاندیناوی)

جیاوازییەکی سەرەکی کە لە نێوان بزووتنەوەکانی ژنان لە کوردستان و جووڵانەوەکانی ژنانی دراوسێ و تەنانەت وڵاتانی ڕۆژئاوایی هەیە، ئەوەیە کە لەو وڵاتانە، کێشەی ناسیۆنالیزم چارەسەرکراوە و سەرکەوتووبوونە کە ئەوە خۆی بەشێکە لە «دیموکراسییەتی ڕۆژئاوایی».

لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەدا ناسیۆنالیزمی ڕۆژئاوایی دەسەڵاتی حکومەتی گرتە دەست و گەل، دەوڵەت-نەتەوەی خۆی سازکرد. هەتا پێش ئەم مێژووە ژنان لە هیچ شوێنێکدا وەک «هاووڵاتی»ی دەرەجە یەک بە ئەژمار نەدەهاتن. بەڵام پێکهاتنی دەوڵەت نەبووە هۆی ئەوەی کە ژنان یەکسەر مافی هاووڵاتیبوونی خۆیان وەربگرن. بەڵکو پێویستی بە یەک سەدە خەباتی فێمینیستی هەبوو. دوای ئەو خەبات و تێکۆشانانە، ژنان توانیان چەند مافێکی سەرەتایی وەک مافی دەنگدان بەدەست بێنن و وەک هاووڵاتییەکی دەرەجە یەک بێنە ئەژمار. ژنان لە ڕێگەی خەباتی سیاسیی ڕێکخراو و ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی سیستماتیکی بەرفراوان و تیۆریک لەگەڵ نیزامی پیاوسەروەری و ناسیۆنالیزمی پیاوسەروەر، توانیویانە یەکسانیی یاسایی لە زۆرێک لە وڵاتانی دێموکراتیکی ڕۆژئاوادا بەدەست بێنن. لە وڵاتانی دراوسێشدا دەبینین هێشتا ناکۆکی لە نێوان ناسیۆنالیزم و فێمینیسمدا بوونی هەیە.

ناسیۆنالیزمی تورک، عەرەب و فارسیش کە لە دوای جەنگی جیهانیی یەکەمەوە دەسەلاتیان گرتووەتە دەست، هیچ کاتێک بەرابەری و یەکسانیی نێوان ژن و پیاویان نەخستووەتە ناو دەستوور و بەرنامەی کاریانەوە و بەشێوەی ئاشکرا و نهێنی، ناهەماهەنگی و دژایەتی و ناکۆکییەکانی خۆیان لەگەڵ مافی یەکسانیی نێوان ژن و پیاو و فێمێنیسمیان، بەشێوەیەکی گشتی نیشان داوە. پێشینەی ئەوانیش لە هەڵسوکەوت لەگەڵ پرسی بەرابەری و یەکسانی و پەیوەندیی نێوان دوو رەگەز بە هیچ شێوەیەک باشتر لە هاوشانە رۆژئاواییەکانیان نییە. ئەوەیکە مێژووی ناسیۆنالیزمی کورد و ئامانجەکەی بە ئێمەی نیشان دەدات، ئەمەیە کە ئامانجی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستانیش، ئەگەرچی ئاوڕی لە پرسی ژن داوەتەوە، بەلام ئەوەیکە ئێستا دەیبینین کەموکووریی یەکجار زۆرە و وەک پێویست نەیتوانیوە پرۆبلماتیزەی بکاتەوە. لە راستیدا ناسیۆنالیزمی کوردییش نەیتوانیوە لە ئاراستەکانی ناسیۆنالیزم کە لە رۆژاوا دەستی پێ کردبوو لابدات و شێوازی نوێ و خۆماڵیتر(واقیعگەراتر) بەرهەم بهێنێت.

## ژنی کورد لە نێوان جووڵانەوەی رزگاریی نەتەوەیی و جووڵانەوەی فێمینیستیدا

ئێستا بە پێویستی دەزانین بپەرژێینە سەر پەیوەندیی ژنی کورد لەگەڵ جووڵانەوەی رزگاریی نەتەوەیی و هەروەها جووڵانەوە فێمینیستییەکان کە ئامانجیان بەدەسهێنانی مافی یەکسانی و لەنێوبردنی کلێشە باوە رەگەزییەکانە.

سەرەرای ئەوەی کە کوردەکان گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتن لە جیهاندا، بەلام مێژوویەکی درێژی حوکمرانی لەسەر نیشتمانی خۆیانیان هەیە. لە سەدەی بیستەمدا دامەزراندنی دەوڵەت، پاڵنەر و ئامانجی زۆربەی هەرە زۆری جووڵانەوەی ناسیۆنالیستیی کوردەکان بوو. کوردانی رۆژهەلاتی کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦، کۆماری کوردستانیان کە جیاوازییەکی بنەرەتیی لەگەڵ دەوڵەتە پێش مۆدێرنەکانی خۆیدا هەبوو بە رێبەریی پێشەوا قازی محەممەد، دامەزراند. کۆماری کوردستان کە تەنیا یازدە مانگ تەمەنی هەبوو، لەم ماوە کەمەدا چەندین هەوڵی لە ئاراستەی بەشداریکردنی ژنان لە چالاکییە کۆمەلایەتییەکاندا داوە.

سەرۆک کۆماری کوردستان بە ئاشکرا خوازیاری بەشداریی ژنان لە بیاڤە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا بوو. ژنانی بۆ بەشداریکردن لە چالاکییە کۆمەلایەتییەکان هان دەدا. هەرچەندە ئازادیی ژنان و مافی یەکسان لە دەستووری کاری کۆماری کوردستاندا هەبوو. بەلام هاوکاتیش دەبینین کە بەدەستەوە گرتنی چارەنووسی نەتەوە، سیاسەتێکی پیاوانە بووە و ژنان وەک چالاکانی بزووتنەوەی ژنان، یاخود کادر و چالاکی حیزبی یا رێبەری لە ماڵ نەهاتبوونە دەر و تێکەڵی خەبات نەبووبوون بەڵکوو بۆ پشتیوانی لە کار و ئامانجێکی نەتەوەیی بوو. ژنان ئەرکیان ئەوە بوو لە ئامانجە ناسیۆنالیستییەکاندا یارمەتیی پیاوان بدەن. لەو سەردەمەدا رێکخراوێکی ژنان بە ناوی «یەکیەتیی ژنانی کوردستان» دادەمەزرێت. ئەم رێکخراوەیە لقێک بووە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان و بەڵگە مێژووییەکان ئەوە نیشان دەدەن کە ئەندامانی ئەم رێکخراوەیە هیچ ئاگاییەکی فێمینیستییان نەبووە و کەڵکەڵەکانیان گەیشتن بە بناغە سەرەتاییەکانی بەرابەری و یەکسانیی رەگەزی نەبووە.

ئەم ڕێکخراوەیەی ژنان، بە هیچ شێوەیەک لە ئەنجامی بیرێکی فێمینیستیدا دانەمەزرابوو بەڵکوو لەلایەن حیزبێکی سیاسییەوە دامەزرا، کە پیاوان ڕێبەریان دەکرد و ڕووی سەرەکیان پێک دەهێنا. تەنانەت کادرەکانی ڕێکخراوی ژنان، بەناوی هاوسەرەکانییانەوە دەناسران، بە پێی بەڵگەگەلێک کە لە ڕۆژنامەی کوردستاندا هەیە، ژنانی ئەندامی ئەو ڕێکخراوەیە، نە تەنیا ئاگاییی فێمینیستییان نەبووە بەڵکو خۆشیان بەجۆرێک لە جۆرەکان لە قسە و وتارەکانیاندا پشتگیریان لە نیزامی پیاوسەرەوەری و چەوساندنەوە ڕەگەزییەکان کردووە. ژنانی خوێندەوار، باوەڕیان بە خوێندەوارکردنی ژنان و بەرابەریی فەرمی لەگەڵ پیاواندا هەبوو، بەڵام تەنانەت ئەوانیش بە شێوەیەکی شێلگیرانە، سیستەمی ئەوکات و جیاوازی و نابەرابەرییەکانی نێوان دوو ڕەگەزییان نەدەخستە ژێر پرسیار. ڕادیکاڵترین ڕەخنە لەلایەن کوبرا عەزیمییەوە گیرا، کە ئەویش لەگەڵ نارەزایەتیی ژناندا بەرەوڕوو بوویەوە. ئەم نووسینەی خوارەوە وتەی یەکێک لە مامۆستایانە کە بۆ ژنان قسە دەکات، بە وردە تێرامانێک لە قووڵیی نائاگاییی فێمینیستی دەگەین:

«هەموو ڕۆژێک پێش ئەوەی هاوسەرەکانتان بڕوات بۆ بازاڕ دەبێت لێی بپرسن، «کە ئایا فەرمایشتێکیان نییە؟» ژنی باش و جێگای باوەڕ تاجی سەری هاوسەرەکەیەتی. ئەگەر هاوسەرەکەتان هەڵسووکەوتێکی ئێوەی بەدڵ نییە، ئێوەش نابێت بەدڵتان بێت و دەبێت واز لەو هەڵسووکەوتە بێنن. باسی هیچ پیاوێکی غەریبە بە باشە نەکەن، دەنا هاوسەرەکانتان لێتان بەشک دەکەون.

تەنانەن ئەگەر زۆر نارەحەتیش بن، دەبێت کاتێک هاوسەرەکەتان دەگەڕێتە ماڵەوە ڕووتان خۆش بێت.»

لە حەز و ئارەزووەکانی هاوسەرەکەتان تێبگەن و بەوپێیە هەڵسوکەوت و ڕەفتار بکەن.»[۴]

ئەڵبەت ئەم ڕێکخراوەیە، یەکەمین ڕێکخراوی ژنانی کورد نەبوو، بەڵکو یەکەمین ڕێکخراو لە ساڵی ١٩١٩ لەلایەن ئەندامانی ئێلیتە ناسیۆنالیستە دوورخراوەکان لە ئەستەمبوڵ دامەزرا. دواتر لە ساڵی ١٩٢٠دا لە سەردەمی حکوومەتی خودموختاری شێخ مەحموودا، یەکێک لە ئەندامانی ئاریستۆکراسی خاوەن موڵک بەناوی «حەفسە خانم»، ڕێکخراوێکی تایبەت بە ژنانی دامەزراند. ئەڵبەت لە کار و چالاکییەکانی حەفسە خانمیش نیشانەیەک لە وشیاریی فێمینیستی نابینرێت و تەنیا بۆ یارمەتی و پشتیوانیکردنی ئامانجی نەتەوەیی بووە.

## بەرایەتیدانی ناسیۆنالیزم بەسەر فێمینیست لە کوردستاندا

زۆربەی حیزب و و سیاسییەکانی کورد(جگە لە چەند نموونەیەک وەک پێشەوا قازی محەممەد و د.عەبدولرەحمان قاسملوو کە ئاماژەمان پێ کردن) چ بە شێوەیەکی فەرمی یاخود نافەرمی لە باسکردنی چەوسانەوە ڕەگەزییەکاندا پاساوی ئەوە دەهێننەوە، کە مەسەلەی نەتەوەیی لە بەرایەتیی باسی فێمینیستییە، یان بە دەربڕینێکی تر باس لەوە دەکەن لە هەوڵی ئەوەدان کە زەمینەیەکی گونجاو و لەبار بۆ جێگیرکردنی بەرابەریی ڕەگەزی بخوڵقێنن. ئەمەش ئەو ڕاستییە دەخاتە بەردەستمان، کە پیاوسەرەوەری، مێژوویەکی قووڵی هەیە و هەموو لایەنەکانی گرتووەتەوە؛ بە شێوەیەک کە پیاوان و ڕێبەرانی بزووتنەوەکان کە زۆربەی پیاوانن، ئەو ماف و ڕەواییە بەخۆیان دەدەن کە بڕیار

لەسەر بەرایەتییەکان بدەن و بە بیری ژنان بهێننەوە کە تا کاتێک کێشە و پرسی نەتەوەیی چارەسەر نەبێت، پەرژانە سەر پرسی ژن و هەوڵدان بۆ گۆڕینی دۆخی ژنان کارێکی بێسوود و کات بەفیڕۆدەرە. بەڵام سەرەڕای ئەم بڕیار و لێکدانەوە بێڕەحمانەیە کە چ بە ئاگایییەوە درابێت یاخود بە نائاگاییەوە، ئێمە بینیومانە و گەواهیدەری بەشداریی بەهێزی ژنان لە بوارەکانی زانستی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و تەنانەت لە مەیدانی جەنگیشدا بووین. بەڵگەش بۆ قسەکانمان ئامارەکانن کە دەریدەخەن؛ ڕێژەی ژنانی خوێندەوار و خاوەن کار لە پیشە جیاوازەکاندا چووەتەسەر. چوونەسەری ئاستی ئاگاییی ژنان لە دۆخی خۆیان و بە تایبەتیتریش کاتێک هزر و بیرکردنەوەکانیان دەنووسن، بووەتە هۆی ئەوەی کە فێمێنیسمی کوردی پەیدابێت و بە هاوکاریی کەسانی شارەزا و کارناس بتوانن بابەتە پێوەندیدارەکان تیۆریزە بکەن و وڵامی پرسیارە ناڕوونەکان بدەنەوە. ئەوەی کە لەم بابەتەدا پێویستە باس بکرێت، دەبێت ئەمە بێت کە دەبێت ژنانی چالاک لەم بوارە، هەوڵەکانی خۆیان بۆ پوچەڵکردنەوەی دژایەتییە سەرەتاییەکان لەگەڵ دەستەواژەی فێمێنیسم و هەوڵەکان بۆ بەدەستهێنانی مافی یەکسانی، پێداچوونەوە و شیکردنەوەی ورد و زانستی بە دروشمەکانی حیزبە کوردییەکان و شرۆڤەی دیسکۆرسە پێوەندیدارەکان بەم پرسە توندتربکەنەوە، هەروەها پێشگیری بکەن لە کەڵک وەرگرتنی کاڵایی لە ژن و ڕەگەزەکەیان لەلایەن بزووتنەوە سیاسییە پێوەندیدارەکانەوە، بە بردنە سەری ئاستی ئاگاییی ژنانی بەهێز و کاریگەر لەم بوارەدا و بە ئەزموون وەرگرتن لە خەبات و هەوڵەکانی ڕابردوو، ڕێگایەکی نوێ بۆ خەبات لەبەردەم هەموو ژنانی کورددا بدۆزنەوە.

تەنانەت ئەگەر بۆ مێژوویەکی نزیک بگەڕێینەوە، واتا ساڵەکانی دەیەی حەفتای زایینی و دامەزرانی حیزبە چەپ و پێشەنگە کوردییەکان، چ پێش ڕاگەیاندنی کار و سیاسەت و چالاکییەکانیان و چ دوای ڕاگەیاندنی بەرنامە سیاسییەکانیان، هەرچەندە هەڵگری دروشمی یەکسانی و بەرابەریی ڕەگەزییش بوون، بەشداریی ژنان بە شێوەیەکی بەردەوام وەک تەواوکەری گەیشتن بە ئارمانگەڵێکی لە پێشدا دیاریکراوی پیاوانە، چینایەتی و نەتەوەییانەی ڕێکخراوەکان کەڵکی لێ وەرگیراوە. ئەوەی کە جێگای تێڕامان و ئاوڕدانەوە بێت، جلوبەرگی ژنانی ئەندام لەم گرووپە سیاسییانەدایە کە لە جلوبەرگ و ئەرکە سەربازییەکاندا هاوشانی پیاوان بوون و هیچ جیاوازییەک لە نێوانیاندا نەبووە بەڵام لە پاڵیشیدا، هیچ کار و هەنگاوێکی بەرچاویان لە ئاراستەی بردنە سەری ئاگاییی فێمینیستی هەڵنەهێناوە و بزووتنەوەی ژنان یان باشترە بڵێین جووڵانەوەی ژنان، ئاراستەی خەبات و تێکۆشانیان بەرەو ڕووی خەباتێکی تایبەت بە کێشەکانی ژنان نەچووە و لە ئاستی هەمان دروشم و «بێچمە وێنەییەدا» ماوەتەوە. بەڵام ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە چ لە کاتی کۆماری کوردستان و چ لە پێش و دوای ئەو سەردەمەش جووڵانەوەیەکی فێمینیستی بوونی نەبووە یان ئەگەریش هەبووە، زۆرتر ئیلهامی لە جووڵانەوە نەتەوەیییەکان وەرگرتووە. بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین بزووتنەوە و خەباتی نەتەوەیی، باڵی بەسەر جووڵانەوەی فێمینیستیدا کێشاوە و خستوویەتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. بە دەربڕینێکی تر جووڵانەوەی فێمینیستی زۆر لە دوای جووڵانەوەی نەتەوەیییە.

قوربانی بوونی داواکاری و خواستە

فێمینیستییەکان لە پێناو ئامانجی ڕزگاریی نەتەوەییدا، تەنیا تایبەت بە کوردستان نییە. ئەگەر چاوێک بە مێژووی جووڵانەوە ناسیۆنالیستییەکانی جیهاندا بخشێنینەوە، ئەم ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت. بۆ نموونە لە وڵاتانی *غەیرە عەرەبی* و کۆلۆنیالی یان پاش کۆلۆنیالیستی، دەبینین کە چۆن بەشێوەیەکی باو داوا و خواستە فێمینستییەکان بوونەتە قوربانیی ئارمانەکانی ئازادیی نەتەوە و خستنەبەرباسی پرسی ژنیان وەک هەڕەشەیەکی گەورە بۆ سەر یەکگرتوویی و یەکدەنگیی گەل لەبەرانبەر «دوژمن»، «بێگانە»، «کۆلۆنیالیست» و «ئیمپریالیستەکان» زانیوە، ئەندامانی جووڵانەوەکانی ژنانیان بە ستونی پێنجەمی ئیمپریالیزم یاخود سیخورانی لۆکاڵی ناودێر کردووە. دوای ئازادییش دەوڵەتە نەتەوەییەکانی پاش کۆلۆنیالیست، بەبێ هیچ گوێدانێک بە بەشداریی ژنان لە بزووتنەوە دژە ئیمپریالیستییەکان لە ڕەوتی سازکرانی نەتەوە و گەیشتن بە ئازادیدا، لە دەوڵەتی نوێدا بە پێدانی چەند ڕۆڵێکی دواکەوتوو وەک ئەوەی لە پێشتردا هەبووە، وەک لە بوارەکانی تایبەت بە بنەماڵە یان پەسەند کردنی چەند یاسایەکی کەم و بچوک لە ئاراستەی کەمکردنەوەی هەڵاوردنە ڕەگەزییەکان، دووبارە ژنانیان پەراوێزخستووەتەوە و هیچ هەوڵێکی شێلگیرانەیان لە ئاراستەی پێکهێنانی گۆڕانکاری لە ناوەندە کۆمەڵایەتییەکان یاخود لەناوبردنی هەڵاواردنە ڕەگەزییەکان و لاوازکردنی سیستەمی پیاوسالاری لە دابونەریت و فەرهەنگ و کولتووردا نەداوە.

ئەمە لەکاتێکدایە کە سەردەمی شۆڕش و پێش وەدیهێنانی ئازادیی نەتەوەیی و گەیشتن بە هێز ودەسەڵات، جووڵانەوە ناسیۆنالیستییەکان لە خەبات بۆ ئازادیی نەتەوەدا ژنانیان بە هاوبەشی ئەو خەباتە زانیوە.

بە ئاوڕدانەوەیەک لە مێژووی شەڕەکان دەبینین لەو کاتانەی کە حکومەت یا هێزە شۆڕشگێڕەکان لە قەیراندان، کلێشە ڕەگەزییەکان دەشکێنن و ژنان لەناکاو بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی نەتەوەیی دەبنە خاوەن ڕۆڵگەلێک کە بە شێوەیەکی ئاشکرا دژایەتی لەگەڵ ڕەواڵی نەریتی و سیاسەتی ئاسایی ڕەگەزیی دەوڵەتەکان یا هێزە ناسیۆنالیستەکان دەکات. ژنان لە کەسایەتییەکی لاوازەوە دەبنە کەسایەتیگەلێکی بەهێز و هاوشانی پیاوان، تەنانەت زۆرجاریش کەڵکاژۆیی لە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانیان دەکەن و وێنگەلێک لە ژنان بڵاودەکەنەوە کە بە دەستێکیانەوە چەک و بە دەستێکی تریانەوە کۆرپەکانیان هەڵگرتووە. هەتا بەو شێوەیە ڕایبگەیێنن کە ژنانیش بارتەقای پیاوان ئەرکی پاراستنی نیشتمانیان لەسەر شانە. لە دوای کۆتاییهاتنی شۆڕش و سەرکەوتن هەر ئەم ژنانە کە سیمای سەرەکیی ڕاگەیاندنەکانی شۆڕشیان پێک دەهێنا، داوایان لێ دەکەن بگەڕێنەوە چوارچێوەی ئەو هاووڵاتییە گوێڕایەڵ و ژێردەستانە و وەک هاووڵاتییەکی پلە دوو بمێننەوە.

ژنان لە ڕێگا جیاوازەکانی وەک بەرهەمهێنانەوەی جیل، بەرهەمهێنانەوەی کلتووری، بەرهەمهێنانەوەی شوناسی و بەرهەمهێنانەوەی شارۆمەندی و لە نەتەوەسازی و پێکهێنانی شوناسی نەتەوەدا، ڕۆڵێکی گرینگ دەبینن بەڵام هەتا پێش سەدەی بیستەم وڵاتانێکی کەم هەبوون کە مافی هاووڵاتی بوون بە ژنان بدەن.

ئێستا پرسیارە گرینگەکە لێرەدایە کە لە نێوان نەتەوەخوازی و جووڵانەوەی ڕەوای ژنان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان چ پەیوەندییەک هەیە؟ ئەوەی ڕاستییە وڵامێکی سانا و ڕێکوپێک بۆ ئەم پرسیارە

لەبەردەستدا نییە. بەڵام دەتوانێ بگوترێت بە گوێرەی مێژوو لە ڕۆژئاوا، یەکگرتوویی ژنان پێش دامرکانی یەکەمین شەپۆلەکانی گرووتینی نەتەخوازی سەری هەڵداوە. بۆ یەکەمجار جووڵانەوە فێمینیستییەکان، پرسەکانی بەدەستهێنانی مافی دەنگدان، خوێندن و دەستڕاگەیشتن بە ناوەندەکانی پەروەردە، مافی کۆنترۆڵکردنی جەستەی خۆیان و حەزی سێکسییان خستووەتە بەرباس و لەلایەن ئەوانەوە سەریهەڵداوە نەک جووڵانەوە ناسیۆنالیستییەکان.

| تووڕەیی | = | دەسکەوتەکان | + | | + | مرۆڤ | + | فەرهەنگ | + | پێکهاتە | + | ستراتیژی |
| بێبایەخی | = | | + | کەرەسە | + | مرۆڤ | + | فەرهەنگ | + | پێکهاتە | + | ستراتیژی |
| گەشە و گۆڕان | = | دەسکەوتەکان | + | کەرەسە | + | مرۆڤ | + | فەرهەنگ | + | پێکهاتە | + | ستراتیژی |

**مودیلی کنۆستر بۆ گۆڕانکاری؛ و: سەلاح مەجیدپوور**

بەشدارێکی پرۆسەی سیاسی ببینێ، خۆی هەست بە رعیەت بوون لە پرۆسە سیاسیدا دەکات.

**٣** فەرهەنگی سیاسیی بەشداریکردن، کە لەودا هاووڵاتی باوەڕی بەوە هەیە کە جێگای لە پرۆسەی سیاسیدا دیارە و دەتوانێ کاریگەریی هەبێ. سیستەمە دیموکراتیکەکان، تێکەڵاوێکن لە هەر سێ توێ.

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێبەرییە لە سیستەمکی سیاسیی خاوەن هاوسەنگی و کەلتووری بەشداریی گشتی. فەرهەنگی زاڵ بەسەر نیزامە سیاسییەکانی ئەو ناوچەیەدا، کەلتووری دەوڵەتە ئۆتۆریتارەکانە (اقتدارگرا). بۆ ئەو دەوڵەتانە، کەلتووری سیاسی و دینامیکی گۆڕانی کەلتووری، دیاردەیەکی ناسراو نییە، ئەوان زۆرتر خەریکی ڕاگرتنی فەرهەنگی هەنووکەی زاڵ بە سەر پرۆسە سیاسییەکاندان و تێدەکۆشن کە کۆمەڵانی خەڵک لە بەشداری لە دەوڵەت و پرۆسە سیاسییەکاندا دوور بخەنەوە.

ناسیونالیزم و دین دوو ڕەگەی کەلتووری سیاسین کە سیاسەتوانە ئۆتۆریترەکان لە پاراستنی دەسەڵات و ڕێکخستنی دانیشتووانی وڵاتدا کەڵکیان لێ وەردەگرن.

ژینگەی سەرهەڵدان و حاوانەوەی هەموو ڕێکخستنە کوردییەکانیش، شوێنی ژیانی دەسەڵاتە ئۆتۆریتۆرەکانە. سەرجەمی ڕێکخستنە کوردییەکان خۆیان لە دژایەتی دەگەڵ ئەو سیستەمە سەرەڕۆیانەدا پێناسە دەکەن.

لەگەڵ ئەوەی کە ئەوان خۆیان وەک قوتبی دژ بە دەوڵاتانی ناوچە پێناسە دەکەن، بەڵام ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و قەواعیدی زاڵ بە سەر کۆمەڵگادا، کاریگەریی زۆری لە سەر فۆرم دانی فەرهەنگی ناوخۆیی ڕیکخستنەکان هەیە؛ کە لەودا نەک نەیانتوانیوە فەرهەنگێکی سیاسیی نوێ جێگیر بکەن، بەڵکوو بوون بە بەشێک لە پارێزەرانی فەرهەنگی سیاسیی سەردەست.

هەربۆ ئەو مەبەستە ڕووی ئەو وتارە لە کەلتووری زاڵ بە سەر ڕێکخستنەکانە کە زۆرتر یاریدەدەرە لە زیندوو ڕاگرتنی باسەکە.

ڕێکخستنە کوردییەکانی سەردەم، خاوەنی پێکهاتەی لێکئاڵاو و پرپێچوپەنان کە لەودا، کۆمەڵێک چەمک و دیاردەی دژ بە یەکتریان لە خۆیاندا حەشارداوە. نزیک بە تەواوی پێکهاتەکان، خاوەنی لقێکی چەکدارین کە کەلتووری تایبەت بە خۆی هەیە و مۆرکێکی بێ بەدیلی لە فەرهەنگی ڕێکخستنی داوە.

هەر بەو پێیە هەموو ئەندامانی ناسراو و ڕێبەرانی ئەو سازمانانە بە پێشمەرگە یان گەریلا پێناسە کراون، ئەو ناسناوە هەنگاوی یەکەمە بۆ پەرەپێدانی کەلتوری گەورە و بچووکی سەربازی، هەڵگرانی ئەو فەرهەنگەش لە هەمان کاتدا کادری بڵاوکردنەوە و تەبلیغی ئەهدافی سیاسیی ڕێکخستنەکەیانن.

بەرەوپێش بردنی سەرکەوتووانەی پرۆسە سیاسیەکان بە میکانیزم و فەرهەنگی سەربازی، کارێکی چەتوون و تاقەتپرووکێنە. مێژوی هەڵسووڕانی ڕێکخستنە کوردییەکان نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە ڕەواجی ئەو فەرهەنگە لە وەدی نەهاتنی ئامانجەکانیاندا کاریگەر نەبووە.

## فەرهەنگی بەڕێوەبردەنی جەزیرەیی

بە موتاڵا کردنی شێوازی سازماندان و دابەشکردنی دەسەڵات لە ڕێکخستنە کوردییەکاندا، زۆر بەرچاوە کە ناوەندگەراییەکی زۆر بەهێز بەسەریاندا زاڵە. ناوەندی دەسەڵاتیش پێکهاتووە لە ئاڵقەی بچووکی بەهێز کە زۆر جار گرێدراوی ڕێبەری خاوەن دەستەڵاتن. ئەو ئاڵقانە لە درێژخایەندا لە بۆشاییی نەمانی ڕێبەرانی بەهێزدا، دەبنە خاوەنی دەسەڵات و لە ئاکامدا ڕێکخستنەکان بە سەر تاقمی جیاوازدا دابەش دەبن.

ناوچەگەرایی، چنۆکیی سیاسی، نەبوونی



هەستی پێکەوەکارکردنی، بەرژەوەندیخوازیی تاکەکەسی یان دەستەیەک، خۆخوازی (ئگۆیزم)، روانین لە دەلاقەی بەرتەسکی دەستە و تاقمییەوە، بەشێک لە بەردی بناخەی دابەشکردنی رێکخستنەکانە بە یەکەی جیاوازی دوور لە یەگدیی. لە ئاکامدا ناوەندی هێزی جیاواز، بە شێوەی جەزیرەیی دەروێن و لە دەرفەتی پێویستدا جەزیرە فیکرییەکان دەبنە ناوەندێکی دەسەڵاتی سەربەخۆ.

فەرهەنگی جەزیرەیی لە ئاکامدا هۆی سەرەکیی تێکدانی یەکپارچەییی رێکخستنییە. مێژووی سازمانە کوردییەکان تەژییە لە لەت بوون و دابران کە بەرهەمی کاریگەریی فەرهەنگی جەزیرەیییە. ئەو فەرهەنگە هەنووکەش لە ژینگەی رێکخستنی کوردیدا زۆر بەتوانا درێژە بە ژیانی خۆی دەدەات.

## مرۆڤ (سەرمایەی ئینسانی)

ئەو سەرمایەیە بریتییە لە خەزێنەیەک کە تەژی لە زانست، ئەزموون و لێهاتوویی شەخسی و کۆمەڵایەتییە؛ هاوری دەگەڵ توانایەکی مەزن بۆ خولقاندن. مەیدانی کاری هەر رێکخستنێک، کۆمەڵگایە و کاریگەری دانانە لە سەر ئەندامانی کۆمەڵگا کە مرۆڤەکانن. لە جیهانی ئەمڕۆدا کە تێکنۆلۆژی، فاکتەری بەهێزە لە پرۆسەی دانوستانی کۆمەڵایەتیدا، لە هەمان کات دا رۆڵی بێ بەدیلی ئینسان نابێ لەبیر بکرێت.

هەر بۆیە توانای مرۆڤ وەک سەرمایەیەک تەماشا دەکرێت. لە وڵاتانی کار و سەرمایە میحوردا، دەزگای جیاواز هەن کە بێ پسانەوە خەریکی لێکۆڵینەوە لەسەر تواناکانی مرۆڤن. لە بچووکترین یەکەی کاریشدا هەبوونی بەشی مودیرییەتی سەرچاوە ئینسانییەکان زۆر ئاساییە.

بۆ رێکخستنی سیاسییش، سەرمایەی ئینسانی خاوەنی شوێنێکی گەلێک بەهێزە لە گەیاندنی پەیامی رێکخراوەکان بە کۆمەڵگا. هاوکاریی نێوان رێکخستنەکان و ئەندامان لەسەر بناخەیەکی خۆبەخشی و بە دڵخواز



دامەزراوە. سەرمایەی ئینسانی لە ڕێکخستنی کوردیدا لەگەڵ گرینگ بوونی، بەڵام جێگایەکی ئەوتۆی لە بەرنامەی ڕێکخستنیدا نییە، میکانیزمەکانی تەنزیمی پەیوندییە نێوخۆییەکان لە خزمەت بەهێزکردنی دەسەڵاتی ناوەندیدایە.

لە بەرنامە و ئەساسنامەی ڕێکخستنیدا ئەرک و وەزیفەکانی ئەندامان دیاری کراون، بەڵام مافەکانی ئەندامان تەقریبەن سیفرە. هەڵبەت ئەوەی کە لە بەرنامەی ڕێکخستنەکاندا باس کراوە ماف نین، بەڵکوو زۆرتر وەک ئیجازەی کەڵکوەرگرتن لە کۆمەڵک ئیمکان. ئەو مافەنەی کە لە بەرنامەی سازمانەکاندا باس کراون، پڕن لە ئەگەر و ئەمما. لە هەمان کاتدا بە زاڵ بوونی جەوی سەربازی، بەشێکی زۆر لە خەتی تەبلیغیی ڕێکخستنەکان بۆ هێنانی هێزی ئینسانی بۆ بەتواناکردنی دەزگا سەربازییەکانە.

ئەم چەشنە سازماندانە لە درێژخایەندا لایەنی سەربازی و ئەمنی بەهێز دەکات و لە ئاکامدا سەرجەم ڕێکخستنەکە لە خۆیدا دەتوێنێتەوە. مرۆڤ لە پرۆسەکەدا کەرەسەیەکی کاتییە کە لەش و ڕەوانی لە ماوەیەکی زۆر کەمدا دەکەوێتە بەر ئیمتحانی زۆر سەخت کە زۆر جاران لە دەستدانی گیان، خاڵی کۆتایی لە ژیانی ڕێکخستنیدا دەبێت. پرۆسەی تەسفیە و لادانی مرۆڤەکان زۆر هاسانە. کەسێکی کە تا چەند ڕۆژ لەمەوبەر بەشێک لە ڕێکخستنەکە بوو، زۆر بە هاسانی دەردەکرێت و هەتا بێبەری دەکرێ، بە شێوەیەک کە هاوڕێیانی چەند ڕۆژ لەمەوبەری پشتی تێ دەکەن. ئەو چەند نموونەیە پێشاندەری نەبوونی سیاسەتی تایبەت بە سەرمایەی ئینسانییە، هەر بۆیە مودیرییەتی هێزی ئینسانی، نیگایەکی سەبازیی کورتخایەنی بە سەردا زاڵە کە ڕووی لە سەرمایەسازیی درێژخایەن نییە.

لە هاوکێشەی ڕێکخستنی ڕوو لە داهاتوودا، «گۆڕانکاری» لایەنی سابیتە. سەرمایەی ئینسانی و فەرهەنگیی ڕێکخستن، ئەو ئاڵقە گرینگانن کە پێویستە ڕادەی هەستیارییان لە سەرەوە بێت بۆ ئەوەی کە بتوانن لە گەڕی گۆڕانکارییەکان بەجێ نەمێنن.

هەڵسوکەوت لەگەڵ سەرمایەی ئینسانی، وەک تاشینی بەردی ئەڵماس وایە، ئەگەر بە زانست و وەستایی ئەو کارە نەکرێ، بەردەکە نەزمی ناوخۆی تێکدەچێ و لە بایەخ دەکەوێ.

## فەرهەنگ و سەرمایەی ئینسانیی ڕوو لە داهاتوو

جگە لەوەی پێویستە ڕیبەریی ڕێکخستنەکان، سەرمایەی ئینسانی و فەرهەنگیی ناوخۆ وەک حیسابێکی کەسری بینین کە خاوەنی سوورەت و مەخرەجە، هەردو بەشی کەسرەکە بوونیان گرینگە بۆ بەهێزبوون وبەرەوپێشچوون.

کامڕۆن و کویین دوو بوعدی زۆر گرینگی بۆ سازماندانی ڕێکخستنکی کاریگەر دۆزیوەتەوە.

بەو پێیە فەرهەنگی ڕێکخستن، بە سەر




چوار شێوازدا دەبەش دەکرێت کە بریتین لە:

- ئینسانگەرا
- نوێخوازیخواز
- نەتیجەگەرا
- پارێزەری وەزعی ئارایی

لە هەلومەرجی ئەورۆدا، ڕێکخستنەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی، لە هەڵبژاردنی شێوازی کاردا قەتیس مانەوە لە ڕابردوویان زۆر پێوە دیارە و بەپێچەوانەی میسیونی و مەوزووعی کاریان کە دانانی کاریگەری لە سەر جیهانی دەرەوەی ڕێکخستنە، ئەوان زۆرتر دەگەڵ ناوخۆی خۆیان خەریکن. هەر بۆیە کە لە بەشی خوارەوەی جەغزەکەدا ماونەتەوە.

لە جیهانی داهاتوودا هەر ڕێکخستنێکی بەشدارلە سیستەمی کۆمەڵایەتیدا، بۆ ئەوەی سەرکەوتن بە دەست بهێنێت یان بەر بە توانەوەی خۆی بگرێ، پێویستە لایەنی نوێخوازیخوازی لە خۆیاندا بە هێز بکەن. شەرتی سەرەکی بۆ سەرکەوتن لەو سیستەمە فەرهەنگییەدا، شرۆڤەی دەقیق و ڕۆژانەی جیهانی دەورانپشتی ڕێکخستنە. لایەنێکی تری گرینگ، ڕەچاوکردنی فەرهەنگی ئینسانگەراییە کە پێویستە بەسەر ڕوانگە و سیاسەتەکانی سەبارەت بە سەرمایەی ئینسانیدا زاڵ بێت.

مانەوە لە سیستەمی مودیریەتی پاراستنی ڕابردوودا، ویرووسێکی کوشندەیە بۆ گۆڕان و گەشەپێدانی ڕێکخستن. مانەوە لە ڕابردوودا، لە خۆباییبوونی بێجێ و دروێین بەهێز دەکات، لە ئاکامدا ڕۆحی ڕێکخستن نەخۆش و جەستەکە بێ خاسییەتی دەکات. هیواداڕین کە ئەو بەشە لە باسەکە دەلاقەیەکی کردبێتەوە بۆ باس کردن لە فەرهەنگی نوێخوازی، نەتیجەگەرایی و باوەڕ بە سەرمایەی ئینسانی.

# " وتووێژ "

# وتووێژ لەگەڵ
# فرمێسک مستەفا

فرمێسک مستەفا، لەدایک بووی ١٩٦٦ لە شاری سلێمانییە. قۆناخەکانی خوێندن، تا دوا ئامادەیی لە سلێمانی بووە، دواجار بۆ خوێندنی شانۆ چووەتە بەغدا و لە زانکۆی بەغدا، کۆلێژی هونەرە جوانەکانی تەواو کردووە.

دوای تەواو کردنی خوێندنی شانۆ، دەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی و وەک مامۆستای هونەر و شانۆ لە پەیمانگەی پێگەیاندنی مامۆستایان، پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی، ئامادەیی خانزادی کچان، دوا ناوەندیی فریشتەی کچان، ناوەندی نەورۆزی کچان، ئامادەیی سلێمانی کچان، دەستبەکار دەبێ. لە چەندین کاری شانۆیی و درامای تیڤیدا نواندنی کردووە. لە گرووپە شانۆییەکانی سالار، کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان و نواندنی سلێمانی، بەشداریی چالاکیە هونەرییەکانی کردوون.

هەروەها بۆ ماوەیەک سکرتێری تیپی شانۆی ئەحمەد سالار بووە. لە ساڵی ١٩٩٣ کوردستان بەجێدەهێڵێت و لە ئەڵمانیا خێزان پێک دێنێت و دەبێتە خاوەنی سێ جگەرگۆشە. ماوەی هەشت ساڵ وەک دایک ژیانی تەنیا بۆ خێزان و پەروەردەی کوڕەکانی تەرخان دەکات، بەڵام لە بواری چالاکیی مەدەنی و ڕێکخراوی کلتوریی شاری شتوتگارت کاردەکات. هەروەها وەک نووسەر لە ڕۆژنامەی پەیامی کورد لە شاری بۆن، وتار و کورتە چیرۆکی بڵاو کردووەتەوە. لە ساڵی ٢٠٠١ دەست دەکاتەوە بە بەشداریە شانۆییەکانی لە ئەڵمانیا و کوردستان. لە ساڵی ٢٠١٠ دەگەڕێتەوە کوردستان و وەک مامۆستای ڕاهێنەر بۆ ماوەی شەش مانگ بە خۆبەخش لە زانکۆی سەلاحەدین، لە کۆلێژی هونەرەجوانەکان، وانەی پراکتیکی نواندن و دەنگ دەڵێتەوە، دوایی بەگرێبەست بۆ دوو ساڵ دەستبەکار دەبێ.

وەک سەرپەرشتیاری بەشی درامای ڕادیۆ و سیناریست لە ڕادیۆی هێلین کاردەکات، هەروەها وەک نووسەر لە ڕۆژنامەکانی هەولێر و وشە گۆشە دەنووسێت. بابەتەکانی دیکەی لە گۆڤاری ڕامان بڵاو دەکاتەوە و دەستەی بەڕێوەبەری گۆڤاری ڕاز دەبێ لە سلێمانی.

هەروەها بێجگە لە بەشداریی نواندن لە شانۆ و دراmadا، وەک چالاکی مەدەنی بەشداریی چەندین چالاکیی کردووە. دواجار لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و وەرزش و لاوان دەبیتە فەرمانبەر. لە ساڵی ٢٠١٦وە تا ئیستە لەسەر سەکۆی شانۆی ئەڵمانیا وەک ئەکتەر ڕۆڵ دەبینێت. هەروەها وەک چالاکوانی بواری جێندەری کاردەکات و لە ئەنجومەنی هەردوو پارێزگای فێلباخ و شتوتگارت، لە بوارەکانی یەکسانی و سیاسەتی ئینتگراسیۆندا کاری خۆبەخش دەکات.

ڕێکخەر و بەڕێوەبەری دیداری خانمانی شانۆیە.

ئەندامی شانۆی کوردیی ئەڵمانییە لە شاری بۆن بە ناوی Nexsus

هەروەها ئەکتەری میوانە لە هەردوو ماڵی شانۆیی Tri Bühne, Theaterhaus لە شاری شتوتگارت.

*بە تێپەڕینی مەودایەکی زۆر لە نێوان دەستپێکی هونەری شانۆ لە کوردستان و قۆناغە جیاوازەکانی هونەر بە گشتی، زۆربەی هونەرمەندان و مامۆستایانی بواری هونەری شانۆ و نواندن، بوونی بنەمایەکی تیۆری لە هونەری کوردیدا بە پێویست دەزانن و دەشڵێن ئەو بنەما تیۆریە پێویستی بە ڕۆشنبیریی گشتی هەیە لە بواری نواندنیشدا بەتایبەتی. پێتانوایە ئێستا کورد خاوەنی بنەمای تیۆرییە لە شانۆگەریدا؟*



ڕۆشنبیریی گشتی، بۆ هەموو مرۆڤێک وەک ئەو ئۆکسجینەیە بۆ مێشک دەچێت و بە هۆیەوە چالاکییەکانی بەدەنی و زیهنی گەشەدەکات. بۆ شانۆکار دووجار ئەمە گرنگە، جارێک بۆ خزمەتی خۆی وەک مرۆڤ، جارێکیش وەک شانۆکار بۆ خزمەتی ئەو ڕۆڵەی پێی هەڵدەستێ وەک نواندن، بەهەمان شت بۆ دەرهێنەر و نووسەری درامیش.

تێگەیەشتن لە ژیان دەرئەنجامی رۆشنبیرییە.

هەموو زانستێ لە تیۆرییەکەوە سەرچاوە دەگرێ، دوایی پراکتیزە دەکرێت. لە زانستی گەشەکردنی قۆناخەکانی شانۆ، دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی فەیلەسووفەکان و لەگەڵ سەدەکاندا هاوتەریبی تیۆرییە فەلسەفییەکان وەرچەرخانی بەخۆیەوە بینیووە. بۆ نموونە لە سەرهەڵدانی فەلسەفەی بوونگەرایی، فەلسەفەی داداییەکان، فەلسەفەی سوقرات لە یۆنان، فەلسەفەی مارکیسزم و هتد، چەندین رێچکەی بۆ نووسەرانی شانۆ خوڵقاند و بوونە خاوەنی قوتابخانەی تایبەت بەخۆیان و هێنانە ناوەوەی میتودی جیاواز لە شانۆدا و بەمەیش بواری پراکتیزەی شانۆ بەرفراوانتر بوو. لە شانۆ لە کڵێساکاندا و بۆنەی ئایینیی لە گریکی کۆن، لەسەر دەستی ئەسخیلۆس و یۆربیدس و سۆفۆکلیسدا، گواستنەوەی بۆ قوتابخانەی مەلحەمی بریخت، قوتابخانەی پێشڕەوی بێکێت و جان جینێ و یونسکۆ و ئادامۆڤ. بێ لە چەندین نووسەری جیهانیی دیکە کە شانۆنامەکانیان لەسەر بنەما فەلسەفییەکانی قۆناخە جیاوازەکان نووسیووە، وەک سارتر، نیتچە، کلاسیک لای شکسپیر و زۆر نموونەی تریش هەن .

لە هەمان کاتدا ئەمە بۆ دەرهێنەرەکانیش هەمان شت بووە، کە خاوەنی میتۆدی تیۆریی خۆیان بوون و دواجار پراکتیزەیان کردووە، وەک زاناکانی کارەبا و ماتماتیک و فیزیا و کیمیا بوون. نموونەش مایرهۆڵد لە تەکنیکی جەستە، بریخت لە لابردنی دیواری چوارەم و دارشتنی تێکستی شیعری شانۆیی. شانۆی هەژاری بۆئال، ئەزمونگەری، ئاهەنگسازی و موزیک، شانۆی وێنە، شانۆی کلاسیک، کۆمیدی دیلارتی، شانۆی سیاسی، تەکنیکی نواندن لای ستانیسلافیسکی و چێخۆف و ئۆگستین و چەندینی تریش کە پێشڕەو بوون لە بەرفراوانکردنی پانتاییی تیۆریی زانستی شانۆ و پراکتیزەی ئەو زانستە بە شێوازێکی ئەکادیمیی پتەو. کە شانۆیەکی ڕەسەن بۆ نەوەکان پێکبێت و قوتابییان و ئەماتۆرەکانی شانۆ لەو سەرچاوە تیۆرییانەوە پەرە بە خۆیان بدەن و خۆیان لە شانۆدا بناسن، بەپێی توانا و بەهرە خۆرسکە بایۆلۆجییەکەیان، ڕێگەی خۆیان بدۆزنەوە و بیردۆزی خۆیان لە شانۆدا دەستنیشان بکەن و نمایشەکانیان هەڵبژێرن.

*ئایا کورد توانیویەتی ببێتە خاوەن شانۆیەک بە تایبەتمەندیی کوردییەوە، یان زیاتر هەوڵی دووبارەکردنەوەی ئەزموونی نەتەوەکانی دیکەی داوە ؟*



شانۆ دەکرێ شناسێک بێت بۆ گەلەکەی خۆی، وەک ئەوەی لە یۆنان، ئیتالیا، نەرویج، سوید و ئەڵمانیا، فەرەنسا، رووسیا، ژاپۆن، پۆلۆنیا، بەریتانیا و دواجاریش ئەمریکا هەبووە. لەسەر دەستی نووسەرانی شانۆی هەریەکێک لەم وڵاتانەدا و دروست بوونی شانۆ تێیاندا گرێدراوە بە ڕەوڕەوەی رووداوە مێژووییەکان و، پێشکەوتنی سیاسی و فەلسەفیی هەر یەکێک لەم وڵاتانە، دۆخێکی بۆ نووسەران ودەرهێنەران و ئەکتەرەکانیان خوڵقاند کە شانۆکەیان شناسی خۆی هەبێ و بەجیهاندا بڵاو ببێتەوە و لە چوارچێوەی ئەکادیمیدا پەیرەو بکرێ.

شانۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بەگشتی میراتگری ئەو قوتابخانانەی شانۆن لە وڵامی پرسیاری یەکەمدا ئاماژەم پێ داون. شانۆی کوردییش یەکێکە لەو میراتگرانەی شانۆی دەرەوەی خۆی. تاکی کورد هەمیشە لە گەڕاندابووە بۆ شناسی خۆی، لە شانۆشدا بە هەمان شێوە ئەمە دووبارە بۆتەوە.

*پێتان وایە شانۆی کوردی توانیویە لەگەڵ نوێبوونەوەی چەمکە هونەرییەکان، بڕەو بە بواری مۆدێرنیتە و نوێبوونەوەی هونەر بدات یان بە هۆی بەردەوامیی دووبارەبوونەوەی لە چوارچێوەی کلتوور و مێژوویەکی دیاریکراودا، ئەو قۆناغەی پشتگوێ خستووە؟*



شانۆی کوردی بە پێی هەلومەرجی سیاسیی ناوچەکە، گۆڕانی بەخۆیەوە بینیووە. دواجار شانۆی کوردی لەچوارچێوەی سیستماتیکی جێبەجێ نەکراوە، هەر بەو شێوە ستراتیجییە تەقلیدییەی لەوەتەی هەیە کار دەکات، کار و پرۆگرامی گرووپە شانۆییەکان و میکانیزمی بەڕێوەبەرایەتی و دەزگا کلتورییەکانیش بە هەمان شێوەن. ڕاستە لەهەر قۆناخێکدا کۆمەڵێک نووسەر و دەرهێنەر و ئەکتەری بە توانا دەردەکەون و خاوەنی میتۆدی تایبەت بە خۆیانن و لە پێناو گۆڕینی ئەو باوە چەندین ساڵەیەی لە شانۆی کوردیدا هەبووە ماندوو بوون. (بێگومان مەبەستم کوردستانی باشوورە، چونکە ئاگاداری ڕەوشی شانۆی بەشەکانی دیکە نیم) بەڵام واقعی ژیانی کورد هێندە سەخت و پەرتەوازەیە، نەیتوانیوە هەنگاوێک یان گۆڕانکاریی گەورە بەخۆیەوە ببینێت. تا میکانیزمی تەکنیکی ئیداری لە شانۆی کوردیدا نەگۆڕێت، ئەستەمە بتوانێ خۆی لە دووبارەبوونەوە دەرباز بکات.

گرنگ نییە شانۆی خۆماڵیی سوننەتیمان هەبێ بڵێین سەربە شانۆی کوردیین. ئەو شانۆیەش سەرچاوەکەی لە تیۆرییەکی جیهانییەوە سەری هەڵداوە، لە شانۆی دیکەی جیهانییشدا هەر وایە. گرێدانی ئێستا و ئێرەیە بەو تێکست و میتۆدانەی لە خودی زانستی فەلسەفەی شانۆدا هەیە، ناوی شانۆی سەردەم یان ئەمڕۆکەیە.

ئەوەی بۆ من وەک شانۆکار گرنگە، کورد بەڕێوەبردنێکی سەردەمیانەی شانۆی هەبێ. ئەوی دیکە لە ژێر چارۆکەی ئەو میکانزم و سستەمەدا، قۆناخێکی نوێی سەردەمیانە دەخوڵقێ.

*ئێوە یەکەم بەشداریتان لە شانۆ، لە ساڵی ١٩٨٣ بووە، سەردەمێک کە زەحمەتە بۆ ژن کە بتوانێت لەو کەشوهەوا نامۆ بە ژن و کلتورە سەپێندراوەی کۆمەڵگای کوردیدا بەو شێوەیە لە بوارێکی هونەری وەک نواندن و شانۆدا دەربکەوێت، لەو کاتەوە تا ئێستا چ جیاوازییەک لە نێو گۆڕانکارییەکاندا دەبینین لە کوردستان بۆ پێگەی ژن لە هونەری کوردیدا؟*



لەچاو ڕۆڵی ژن لە بوار و کایەکانی تری ئەمڕۆ کە لە کۆمەڵگەی کوردیدا دەبینرێت، پێگەی ژن لە شانۆی کوردیدا، پێگەیەکی پاسیڤە. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونە تەقلیدییەکەی کە لە بەڕێوەبردنی خودی شانۆدا دەبینرێت لە لایەک، لە لایەکی دیکەش خودی ئەو ژنانەی دێنە بوارەکەوە، حەوسەڵەی پەروەردەی خۆیانیان لەو بوارەدا نییە. بەداخەوە دەتوانی بە پەنجەی دەست بژمێریت کە چەند ژنی جدییمان هەیە لە شانۆدا و چەندی ئەکادیمیمان هەیە!! دەرهێنەر، نووسەر، ڕەخنەگر، تەکنیککاری شانۆ، دیزاینەر، دراماتۆگ، ئەم پسپۆڕانە بۆ پیاوەکانیش کەمن، ئەوە بۆ ژنەکان هەر زۆر دەگمەنە. لە ئەورووپادا بە شێوەیەکی بەرفراوان ژنان لە شانۆدا لە پیاوان چالاکترن. لەسەدا شەستی ماڵە شانۆییەکان ژنان بەڕێوەی دەبەن. لە کوردستان کاری بەڕێوەبەرایەتی، بەگشتی نەک هەرلە شانۆدا، لە دامودەزگاکانی تریشدا، بەزۆری تەنیا بۆ پیاوەکانە. دوو گرووپ هەن بەڕێوەبەریان ژنن. گرووپی شانۆی با و شانۆی هاوڕێیانی گەزیزە. لەناو ئەو هەموو گرووپانەی هەن یان بەڕێوەبەرایەتیە کلتورییەکان و پەیمانگە و کۆلێژە هونەرییەکانیش هەر بۆ پیاو دانراون و ژن تێیدا فیگۆرێکی پاسیڤی وەلاخراوە.

*پێتان وایە قۆناغەکانی شانۆ پەیوەستە بە ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان لە کۆمەڵگای کوردیدا یان شانۆ و سیاسەت دوو ئاراستەی جیاوازن لە یەکتر؟*



سیاسەتی شانۆ، سیاسەت کردنە.. بەڵام چۆن؟ بە چ شێوازێک لەسەر شانۆ و لە نمایشێکدا بەرجەستەی دەکەیت؟ ڕەخنەگرتن، تەنز، شرۆڤەیە لە

چوارچێوەی تێکست یان بێ بوونی تێکستیش، لە ڕێی تەکنیکەکانی تری شانۆوە دەکرێ ئەنجام بدرێ. گرنگ تۆ ئامانجت چییە؟ ئێمە تا ڕادیەک بە هەڵە لە سیاسەت لەشانۆدا گەیشتووین، وا دەزانین گوتنی شیعاراتە. هەندێ کات باسکردن لە خێزانێک لە ئەمڕۆدا سیاسەتە، نورای ئەپسن شانۆیەکی سیاسییە. بەڵام دایکە ئازاکە بە قەولی برێخت خۆی سیاسی نییە. یان نایەوێ بیکاتە ئەو قاڵبەوە کە ئێمە لامان شانۆنامەیەکی سیاسییە. من وەک ئەکتەر لە دوو شانۆنامەدا لە ئەڵمانیا ڕۆڵ دەبینم، دوو شانۆنامەی سیاسین، یەکێکیان واقعی ناو کارگەیەکی چنینە. ئەوی دیکەیان واقعی ژیانی ژن و کۆمەڵگەیە، ڕووداوەکانیان یەکێکیان لە کارگەیەکە و ئەویتریان لە حەمامێکی ژناندایە. هەروەها بەشداریم لە سێ بۆ چوار کاری پێرفۆرمانس هەیە، کە هەموویان سەرچاوەیەکی سیاسییان هەیە. شانۆیەک باس لە ئێستە و ئەوڕۆی کوردبکات سیاسییە.

*ئێوە لە دەرەوەی کوردستان ئەزموونتان لە بواری شانۆدا هەیە و لەوێش لەگەڵ هونەری هونەرمەندانی شانۆکاردا تێکەڵاوییەکتان هەبووە، پێتان وایە ئەو ئەزموونە چییە لە شانۆی وڵاتانی ئەورووپیدا کە پێویستە کورد کەڵکی لێ وەربگرێت؟*



جیاوازییەکان زۆر زۆرن. هەر لە سەرەتای پرۆسە شانۆییەکە، یاخود شێوازی بەڕێوەبردن و سیستەمی شانۆ، جیاوازی هەیە. کە باسکردن لێی زۆر بەرفراوانە.. بەراوەردی بکەین، دەگەینە ئەو ئەنجامەی ئێمە خاوەنی شانۆ نین. تەنیا خۆمان پێوە سەرقاڵ کردووە. بە داخێکی زۆرەوە ئەمە ئەڵێم دوای تەمەنێکی زۆری سی و شەش ساڵم لەشانۆی کوردیدا و پێنج ساڵی کارکردنم وەک ئەکتەر لە شانۆی ئەڵمانیدا، جیاوازی لەهەموو سوچێکدا دەبینرێ. لەخودی تێگەیشتن لە شانۆوە تا دەگاتە شێوازی فرۆشتنی بلیت کە سادەترین شتە. ئەو ئەزموونەش تەنیا گۆڕینی سستەمی چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی شانۆیە.

*ئەمەوێ بەراوردێکمان هەبێت لە نێوان ئەزموونی ژنی کورد لە بواری شانۆ لە کوردستان و لە دەرەوەی کوردستان، ئێوە چۆن پێناسەی ئەم دوو ئەزموونە دەکەن؟*



کاتێ شانۆ لە نێوان ئەوروپا و کوردستان جیاوازیی نێوان ئەرز و ئاسمانی هەبێ، دەبێ لە شانۆکارییشدا هەروابێ، من هەڵبەتە مەبەستم لە توانا و بەهرە نییە، ، ژنی شانۆکاری کورد هیچی کەمتر نییە لە ژنە شانۆکارێکی ئەورووپی. ژنە شانۆکارە ئەورووپییەکە بەهۆی کارکردنی بەردەوامی لەسەر ستەیج، تواناکانی خۆی دەناسێت و خودێکی ئازادی هەیە. زۆربەی ژنە شانۆکارە کوردەکان، بە هۆی ئەوەی بواریان بۆ نەڕەخساوە، توانای تەواوی خۆیان تا ئێستە نەناسیووە. هەربۆیە سەرەتاش ئاماژەم بەوە دا کە ڕۆڵێکی پاسیڤیان دراوەتێ بۆ نموونە ئایا دەتوانێ سەما بکات؟ چ جۆرە سەمایەک دەزانێت؟ جەستەی وەک ژن و ئەوسا وەک شانۆکار دەناسێت؟ لە چەند خول و ڕاهێناندا پەروەدەی دەنگی خۆی کردووە؟ ڕۆژانەی خۆی لەدەروەی شانۆ بەچییەوە سەرقاڵە؟ لەچ بوارێکی دیکەی داهێناندا کاردەکات؟ چالاکییە مرۆڤایەتییەکانی چین؟ مەعریفەی شانۆ و ژیان و ڕۆشنبیریی تا چ ئاستێکە؟ ئەمە شانۆکاری پیاوی کوردیش دەگرێتەوە. شانۆکاری ژنی ئەورووپی ئەمانە دەزانێت، بە حوکمی ستراتیژیی کارکردن لەشانۆدا، بێ لە پەروەردە ی کۆمەڵایەتی و فێرکردن و پەروردەکردنی لە فێرگە جیاوازەکانی قۆناخی ژیانیدا. وە تێڕوانینی کۆمەڵگە بۆ ژنی شانۆکار، کە هێشتا ژنی شانۆکاری کورد بەمانە نەگەیشتووە. دەنا توانا و بەهرەیەکی باشی هەیە بەداخەوە لە چوارچێوەیەکی سستدا زیندانی کراوە.

*پرسیار: لە بیرکردنەوەی فرمێسک مستەفا، ژن چ پێگەیەکی لە دەقی شانۆکاندا بووە. ئایا هەوڵت داوە نوێنەرایەتیی ژنی کورد بکەی و ئازار و مەینەتی و بێ مافیی ژنان بنوێنی؟*



ماوەی چەند ساڵێک گۆشەیەکم هەبوو لە ڕۆژنامەی هەولێر بە ناوی ( ئەفرۆدیت) لەو وتارانەدا هەوڵم دابوو کە باس لە کەسایەتییەکی ژن بکەم لە یەکێک لە تێکستە شانۆییەکاندا و شرۆڤەی ڕۆڵی ئەو کەسایەتییە و گرێدانی به ئێستەوە و بەتایبەتی لە کۆمەڵگەی کوردیدا تا چەند ئەو کەسایەتیە نزیکە لە ژنی کوردەوە. بۆ نمونە نورای ئەپسن، گەر نورا بێتە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی، چۆن هەڵسوکەوت دەکات؟ و بڕیاری کۆتایی چۆن دەبێ؟

بۆ یەکەمین جار کە ئەم نمایشە لە نەرویژەوە هاتە ئەوروپا، لە وڵاتی ئەڵمانیا نمایش کرا. نوراماڵەکەی جێنەهێشت بەڵکوو مایەوە. واتە هەڵبژاردنی ژنەکان بە پێی کۆمەڵگەکە بەرجەستەکردنەکەی دەگۆڕێت. گەرچی لە ئەوروپادا گوترا، دەنگی داخستنی دەرگاکەی نورا گەیشتە ئەوروپا. جا گەر ئەم بابەتە بگوازرێتەوە بۆ کوردستان، نورا لە مێردەکەی خۆش دەبێ و بەهۆی منداڵەکانییەوە بە بوکەڵەییی خۆی ڕازی دەبێ. هەروەها شانۆنامەی زریانی ئەستۆفیسکی لە ڕوسیا. لە کۆتاییی سەدەی هەژدە، ئەم دەقە نوسراوە کە باس لە پەیوەندیی کوڕ و دایک و بوک دەکات. ژن ژن دەچەوسێنێتەوە و دایک سالاری لە چوارچێوەی ماڵێکدا پەیڕەو دەکرێ.

شانۆنامەکانم بە تایبەتی ئەوانەی لە ئەڵمانیا بە ئەنجامم گەیاندن، دەسپێکێک بوو بۆ فرمێسکی ژن، چۆن بگەڕێ بە دووی ئەو ڕۆڵانەدا کە گوزارشت لە پێگەی ژن بکەن. بۆ نموونە چەندین کاری پیرفۆرمانسیم کردووە، لەسەر تاوانی ژن کوشتن، یەکێک لەوانە چیرۆکی مەرگی ئەرخەوانیی مەهاباد قەرەداخی بوو، کە بۆ هەفتەی بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژیی دژ بەژنان، لە چەندین شارۆچکە لە کوردستان پێشکەشم کرد، پێرفۆرمانسی سەرشەقام لە هەشتی مارسدا لە سلێمانی و ڕانیە و خانەقین و کەلار پێشکەشمان کرد، کە بۆ سنوور کرا و باسمان لە کارەساتی ژن کوشتن و چەوساندنەوەی کرد. دەقی شیعری مەهاباد قەرەداخی بوو، مۆنۆلۆگێکم بۆ دوعا نووسی و دەمودەست دوای بەردباران کردنەکەی بوو، لە شاری شتوتگارت نمایشم کرد. بێ لەو هەموو دەقانەی کە وەک خودی ئەکتەری ژن ڕۆڵم بینیوو.

هەروەها گوزارشت لە ژنی ئەنفال، لە سەرگوزشتەی دەفێک. مۆنۆدرامای تارماییی ژنێک کەخۆم کاری دەرهێنان و نواندنم بۆ کرد. لەم تەمەنە و دوای ئەو ئەزموونەی لە شانۆدا هەمە، ئارەزووی تەنیا ئەوە دەکەم دەنگی ژن بم لەسەر سەکۆ، چ وەک فرمێسکی ژن دەست لە شانۆ هەڵنەگرم و بتوانم بەرگری لە مرۆڤایەتی بکەم لەسەر سەکۆ، چ وەک فرمێسکی شانۆکار، ئەو لێپرسراوێتییە و وەسێتەی باوکم کردییە سەرشانم لەیەکەم هەنگاوم بۆ چوونە ناو دونیای خوێندنی شانۆ، کە پێی گوتم: ئیدی تۆ سەربازی ناو جەنگی، کەی هێرش کرا، دەبێ تۆ ئامادە و پڕچەک بیت. ئەمە بووە فەلسەفە و موتیڤی کارم لەشانۆدا. ساڵی ٢٠١٣ دیداری خانمانی شانۆم ڕێکخست، سێ ڕۆژی خایاند، کە بە چالاکیی جۆراوجۆر و گۆڕینەوەی ڕا و گفتوگۆ لەسەر ئەوەی ئاریشەکانی بەردەم ژنی شانۆکاری کوردان چین و چۆن چارەسەر بکرێن؟ یادداشتمان نووسی بۆ چەندین لایەنی پەیوەندیدار، ئەوە بوو بەداخەوە جەنگی ڕەشی داعش یەخەی گرتین و نەمانتوانی هەنگاوی تر هەڵبهێنین. بەڵام دڵنیام دیدار زیندوو دەبێتەوە و ژنانی شانۆکار، یادداشتەکان جارێکی دیکە دادەڕێژنەوە و تەمەن بوار بدات، هەردەبێ بۆ ژنانی شانۆکاری کورد، هەموو هەوڵ و توانام بۆ ماف و ڕۆڵی حەقیقیی ئەوان، بخەمە گەڕ.

”

# وتووێژ لەگەڵ
# نیگار حەسیب قەرەداغی

“

نیـگار حەسـیب قەرەداغی لـە دایکبووی سلێمانی ١٩٦٦

١٩٨٨ دەرچـووی ئەکادیمیـای هونەرە جوانەکان لە شاری بەغداد

١٩٨٨-١٩٩١ مامۆسـتای شـانۆ لـە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی

لە ساڵی ١٩٨٤ تاکوو ئەمڕۆ بێ داپچڕاندن کاری شانۆ دەکات

لە کۆتایی ١٩٩١ەوە لە ڤییەنا نیشتەجێیە ساڵی ٢٠٠٠ بڕوانامەی ماستەر و لە ساڵی ٢٠٠٦ بڕوانامەی دکتۆرای لە کۆلێژی زانستی شـانۆ و کۆلێژی سۆسیۆکولتوورئەنترۆپۆلۆژی لە زانکۆی ڤییەنا بەدەست هێناوە

دامەزراندنی لابۆری شانۆی لالەش لەتەک شـەماڵ ئەمین لە ساڵی ١٩٩٨ و کردنەوە و بەڕێوەبردنی هۆڵی تایبەت بە کاری خۆیان لە ساڵی ٢٠٠٠ لە شاری ڤییەنا.

بەشـداریکردن لە چەندەها فێستیڤاڵ و کۆنفرانسـی نێودەوڵەتی لە زۆرینەی وڵاتانی ئەورووپا و وڵاتانی عەرەبی و ژاپۆن و بێگومان لە هەرێمی کوردسـتانیش، بـە پێرفۆرمانس و وۆرکشـۆپ و لابۆر بەڕێوەبـردن. یەکێک لەو فێسـتیڤاڵە گەورانە، فێسـتیڤاڵی ساڵی گرۆتۆفسکی بوو لە پۆلۆنیا کە لابۆری شانۆی لالەش لەتەک پیتەر بـروک و ئێجینۆ بەربا و ڕیچارد شـێخنە و تاداشی سوزوکی و پینا بـاوش، پـرۆژەی خۆیان بە سـەرکەوتوویی نمایشت کرد.

وتنـەوەی وانە لـە بوارەکانی شـانۆ لە چەندەها زانکۆی جیهانیدا.

لە ساڵی ٢٠١٢ەوە نیگار و شەماڵ لێکتۆری میوانن لە زانکۆی ئینسـبروک لە نەمسـا لە کۆلێـژی Peace and conflict studies و لە ساڵی ٢٠١٨ لێکتۆری میوانن لە ئەکادیمیای Forum Civil Peace لە شاری بۆن/ئەڵمانیا

ئاڵوگۆڕی میتـۆدی و پراکتیکی لەتەک چەندەها گـرووپ و هونەرمەندانی جیهانی، لەوانـە ئویجینۆ بەربا، بە بەشـداریکردن لە دیداری شـانۆی ئەنترۆپۆلـۆژی و هەروەها سـەنتەری گرۆتۆڤسـکی و تۆماس ڕیچارد. هەروەها ئاڵوگۆڕ لەتەک شـانۆی نوێی ژاپۆنی لە تۆکیۆ و بوتۆ دانسی کازووۆ ئۆنۆ لە یۆکۆهاما. چەندەها خەڵاتی پێ بەخشـراوە لەسەر ئاستی جیهانی.

*حـەز دەکـەم بـۆ سـەرەتای چالاکیی ئێوە بگەڕێمەوە، هەست دەکەم لـە سـەرەتاوە بیرۆکـەی دامەزراندنی «تاقیگـەی شـانۆی لالەش» بـۆ یەرژی گرۆتۆفسکی بگەڕێتەوە. ئایا داماڵینی شتە زێدەکان لە شانۆ و تەنیا هێشتنی شانۆکار لە بەرانبـەر بینەراندا لـە بەرهەمەکانی ئێوەدا ڕەنگی داوەتەوە؟*



بە دڵنیاییەوە دیدی گرۆتۆڤسکی کاریگەرییەکی بەرفراوانی بۆ سەر دیدی گرووپـە ئەزموونکارەکان و ئەڵتەرناتیڤەکانـی جیهان هەبـووە، بێگومان ئێمەش بەشـێکین لەو چالاکییە جیهانییانە. بەڵام بیرۆکەی دامەزراندنی تاقیگەی شانۆی لالەش بۆ گرۆتۆڤسکی ناگەڕێتەوە.

کارکردنـی ئێمـە لەتـەک میتـۆدی پێرفۆرمانسـیدا جەخـت دەخاتـە سـەر «پێرفۆرمێـر» وەکوو مرۆڤ، نەک تەنها وەکوو نمایشـتکارێک، هەروەها گرنگە سـەرنجی ئـەوە بدەین کـە پێرفۆرمێر، لـە پرۆژەکانی ئێمـەدا بەرجەسـتە و نوێنەرایەتیـی هیچ ڕۆڵ و فیگورێـک نـاکات. واتـە پرۆسـەی ترانسفۆرمەیشن لە مانا ناسراوەکەیدا لە کاری ئێمەدا بوونی نییە.

پێرفۆرمێـر لای ئێمە وەکـوو خودێکی تـەواو، وەکـوو کائینێکـی یەکگرتـوو لـە خۆبەئەنجامگەیاندنـدا، بـە پرۆسـەی ترانسفۆرمەیشـن دەگات و لـە چەقـی پێرفۆمانسـەکانماندایە. ئـەم ئامادەگییەش وا دەکات کـە کەسـی پێرفۆرمێـر بە تەنیا

ببێتە خولقێنەری پانتایی و ئەتمۆسفێر و کۆمەنیکەیشن.

*ڕەنگە بەردەنگەکانی ئێمە «پیتر برۆک» زیاتر بە فیلمەکانیەوە بناسنەوە. بەڵام دەزانین برۆک دەستێکی باڵای لە شانۆی مۆدێرنی بریتانیدا هەیە و زیاتریش بەوە ناسراوە کە هەوڵ دەدا بۆ هەندێک ئێلیمان (توخم) بگەڕێتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا (بۆ نموونە لە شانۆی ئۆرگاست لە پێرسپۆلیس) حەز دەکەین لەم دەروازەیەوە زیاتر ئاگاداری بیرۆکەکانی ئێوە بین.*



کاری لابۆراتۆری ئێمە پشت بە پرۆسەی بەکاربردنی دەنگ و ئەکسیۆنی گۆرانیئامێز دەبەستێت. (دەنگ وەکوو سەرچاوە): خوازیاریەتی دەنگ بکاتە بینراو، هەروەها گەڕان بە دوای فیزیکالی و تەقسییەتی دەنگدا، واتە لەم پرۆسەیەدا ئێمە لە هەوڵی ئەوەدا نین مانای وشەکان و ناوەڕۆکی تێکستەکان بەرجەستە بکەین. هەر لێرەشدا بە پێویستی دەزانم سەرنجتان بۆ ئەوە ڕابکێشم کە سەرجەمی ئەکسیۆنە دەنگی و گۆرانیئامێزەکان، میلۆدیی خۆمانن. سەرەڕای ئەمەش هەندێک جار ڕوویداوە کە گۆرانییەک یاخود تەکنیکێکی دەنگیمان لە کولتوورێکی دیکەوە هێناوە، کە ڕەهەندی زۆر تایبەت و سەرنجڕاکێشی لەخۆگرتووە، بەڵام ئێمە هەوڵمان نەداوە وەکوو خۆی بەکاری بهێنینەوە، بەڵکو کاری زۆرمان لەسەر کردوون تا بتوانین ئەکسیۆنێکی دەنگی و جەستەیی بیانخەینەکار.

ئەمڕۆ لە سەردەمێکدا دەژین کە کولتوورەکان زیاد لە هەموو سەردەمێکی تر تێکەڵ بە یەکن و نزیکن لەیەکەوە و ئاڵوگۆڕ و بەرکەوتەی ڕاستەوخۆ لە نێوانیاندا هەیە، ئێمەی کوردیش خاوەنی مێژوویەکی دوور و درێژ و قووڵین و بەرکەوتەمان هەیە لەگەڵ چەندەها کولتووری دراوسێ و ناوچەکەماندا، و ئەمانە هەمووی بوونەتە سەرچاوەی بیر و هەست و خەیاڵی کەسایەتیمان، بەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە کە چۆن ئەم کولتوور و بەیەکگەیشتن و ئاڵوگۆڕە بە شێوەیەکی داهێنەرانە بەرهەم دەهێنینەوە.

من خۆم بە تایبەتی زیاد لە بیست ساڵە بە شێوەیەکی چڕوپڕ کار لەسەر تەکنیکی دەنگی (لارینکس/ لەرینەوی قورگ) دەکەم، لەم بوارەشدا زۆر سوودم لە تەکنیکی گۆرانیی سیاچەمانە و هۆرەی کوردی وەرگرتووە. ئەم تەکنیکە دەنگی و گۆرانیئامێزەش کۆنترین شێوازی گۆرانییە لە زۆرتین کولتوورەکانی جیهاندا و هەر کولتوورێکیش بە شێوازی تایبەتی خۆی ئەم تەکنیکە دەنگییەی ڕاڤە دەکات. بەڵام کاتێک من ئەم تەکنیکە دەنگی و گۆرانییانە لە کاری پێرفۆرمانسیدا بەکاردەهێنم، ئەوا هەموو ئەو کەسانەی کە شارەزاییان لەم بوارەدا هەیە پێم دەڵێن: «ڕاستە تۆ سەرچاوەت هەیە، بەڵام ئەمە خۆتیت، ئەمە ڕاڤەی تایبەتی داهێنانی نیگار حەسیبە». ئەمەش ئەوەمان پێ دەڵێت هەر سەرچاوەیەک کە من سوودی لێ وەردەگرم و هەر تەکنیکێکی دەنگی و گۆرانیئامێز کە خۆم بەرهەمی دەهێنم، ئەوا لە کۆنتێکستێکی نوێ و ئینۆڤاتیڤدا دەیخەمەکار.

ئاوردانەوەی ئێمە لە کولتووری ڕۆژهەڵاتی بەگشتی و کولتووری کوردیی خۆمان بە تایبەتی، پرۆسەیەکی هونەرییە و لەسەر ئاستێکی باڵا دەخرێتە کار.

*تاقیگەی شانۆی لالەش بە دەستپێشخەری و هاوکارییەکی درێژخایەنی دوو هونەرمەند «نیگار حەسیب» و «شەماڵ ئەمین» دامەزراوە و ناسراوە. دەکرێ زیاتر لەسەر ئەم هاوکارییە بۆمان بنووسن؟*



شەماڵ ئەمین و من هەردووکمان دەرچووی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی شاری بەغدادین لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، هەر ئەو ساتەش شەماڵ لەتەک چەند شانۆکارێکی تر تیپی شانۆی ئەزموونگەری کوردیان لە شاری سلێمانی دامەزراند و منیش هەر لەسەرەتای دامەزراندنی ئەم گرووپەوە بەردەوام کارم کردووە و چەندەها نومایشتی سەرکەتوومان لە کوردستان پێشکەش کردووە و تا ئەمڕۆکەش ئەو ئەزموونانە باس دەکرێن.

لە کۆتاییی ساڵی نەوەدا گەیشتینە وڵاتی نەمسا و پاش سێ مانگ یەکەم نومایشتمان لە شاری ڤییەنا پێشکەش کرد و بەردەوام بووین لە کاری شانۆییی خۆمان و دەستمان کرد بە خوێندن لە کۆلێژی زانستی شانۆ و کۆلێژی سۆسیۆ کولتوور ئەنترۆپۆلۆژی لە زانکۆی ڤییەنا و بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرامان بەدەست هێناوە.

دامەزراندنی لابۆری شانۆی لالەش لە ساڵی ١٩٩٨، پێداویستییەکی گرنگی پرۆسەی کارکردنمان بوو لە بواری دەنگ و جەستەی ئامادە و مەبەستمان لە کاری لابۆری، قووڵبوونەوە و توێژینەوەی بەردەوام و پراوپری ئەم پرۆسەیەیە. لە ساڵی دووهەزاریشەوە هۆڵی شانۆییی تایبەت بە خۆمانمان کردووەتەوە لە شاری ڤییەنا، بە پشتگیریی دەزگای هونەر و کولتووری شاری ڤییەنا و وەزارەتی هونەر و کولتووری وڵاتی نەمسا.

*ڤییەنا وەک یەکێک لە پێتەختە گرنگەکانی هونەر لە دنیادا ناسراوە. دەرکەوتن و پێشکەشکردنی بەرهەمی هونەری لەم شارە لەگەڵ ئەوەدا دەرفەتی بۆ دەرەخسێ، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئاستی بەرزی کارە هاوشێوەکان ڕەنگە بەربەستێک بن کە دوو هونەرمەندی کورد بتوانن درێژە بە چالاکییەکانیان بدەن. ئێوە چۆن توانیوتانە شانۆ و پێرفۆرمانسەکانتان نیشان بدەن کە ببێتە جێی سەرنجی بینەران؟*



هەر لەسەرەتاوە شێوەی تایبەتی و جیاوازی کارکردنی لابۆری شانۆی لالەش لە بواری پیرفۆرمانسدا، جێی سەرنج و گرنگی پێدانی شانۆکاران و ڕەخنەگران و بیرکارانی شانۆ و ئەنترۆپۆلۆژی و دامودەزگا هونەری و ڕۆشنبیرییەکانی وڵاتی نەمسا بوو، گەر تۆ خاوەنی کۆنسێپتێکی نوێی کارکردن بیت، ئەوا بە ئەنجام گەیاندنی پرۆژەکانت لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانەدا بێت، مەحاڵ نییە. بێگومان ئەمەش کارێکی هەروا ئاسان نەبووە، شەونخوونیمان بەدیار ئەم پرۆژەیەوە کێشاوە و ماندوو و شەکەت بووین، بەڵام بەختەوەرین کە گەیشتووینەتە ئەم ئامانجەی کە خۆتان دەرکی پێ دەکەن. ئێمە نەک تەنها لە نەمسا، بەڵکوو لە زۆربەی وڵاتەکانی جیهاندا پرۆژەکانمان بە سەرکەوتوویی بە ئەنجام گەیاندووە.

*هەندێک بابەتی بەرهەمەکانی ئێوە بوونەتە جۆرێک لە پێناسەی تایبەت بۆ شانۆگەریی لالەش. بۆ نموونە بەکارهێنانی چەندین زمانی ڕەنگە دوور لە یەک (ئینگلیزی، کوردی، ئاڵمانی و عەرەبی). خۆتان دەزانن کە بەکارهێنانی زمان یەکێک لە ئامرازەکانی پەیوەندیی شانۆکارە لەگەڵ بینەرەکان. ئێوە چۆن توانیوتانە لەمپەری چەندین زمانی جیا بکەنە کەرەسەی سەرکەوتن؟*



وەکوو باسم لێوەکرد، بناغەی کاری ئێمە دەنگە.

دەنگ سەرچاوەی کردارە فیزیکاڵییەکانە و ئەتمۆسفێر و پانتایی و چیرۆکەکان دەخولقێنێت.

زمانیش یەکەیەکی دەنگییە و هەموو زمانێک ڕیتم و ڕەنینی تایبەتی خۆی هەیە و بێگومان گرنگە کە کاریگەریی جوگرافی و کولتووریی سەرهەڵدانی زمانەکان پەیڕەوی بکرێت.

لە پێرفۆرمانسەکانماندا زۆر جار زمانی جیاجیای وەکوو زمانە ناسراوەکانی ئینگلیزی و ئەڵمانی و ئیسپانی و کوردی و عەرەبی و فارسی بەکاردەهێنین. ئەوا بە مەبەستەوە ئاوڕیش لە زمانە کۆنەکان دەدەینەوە، کە ئەمڕۆکە بەکارناهێرێن و یاخود کۆمەڵێک کەسانی کەم لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بەکاریان دەهێنن، وەکوو زمانی کوردیی کۆنی سەردەمی زەردەشت، زمانی قوپطی لە وڵاتی میسر، زمانی کێلتەکان لە ئیرلەندا و زمانی سۆمەری-ئەکەدی. ئەمەش لە بواری هەڵبژاردنێکی دانسقەی تێکستە ڕیتمییەکان ڕوودەدات کە خۆم میلۆدییان بۆ دادەنێم و هەندێکیان ئیندیڤیدوێلیی و هەندیکی تریشیان لەتەک گرووپە نێونەتەوەییەکەماندا کاری لەسەر دەکەم. هەروەها شەماڵیش زۆربەی تێکستەکان بە شێوەیەکی ڕیتمی و میلۆدیی جیاواز بەکاردەخات.

هەردووکمان هەوڵی ئەوە دەدەین کە سەرچاوە ئەرخایی و کۆنەکان لە پانتاییەکی ئێستایدا بخەینە کار، کە چیدی ئێکسۆتیک نین، بەڵکوو ئێمەین لە ئێستا و لێرەدا..

بەدەر لەم زمانانەش ئەوا گرنگترین زمان کە ئێمە لە پێرفۆرمانسەکانماندا بەکاری دەهێنین هەڵبەتە ئەو زمانە هونەرییەیە کە خۆمان دەیخولقێنین. ئەم زمانەش بەدەرە لە زمانێکی لینگویستیکی ناسراو.

ئەم زمانە هونەرییە بریتی نییە لە یاریکردنی سەربەست بە فۆکاڵەکان، بەڵکوو وەکوو هەموو زمانێکی تر کۆنتێکستی زمانی خۆی هەیە.

تا ئەم ساتەش هەموو بینەران لەهەر شوێنیکی ئەم جیهانەدا کە ئێمە پڕۆژەکانمان بە ئەنجام گەیاندووە، لەو باوەڕەدا نەبوون کە ئەمە زمانێکی نا-لینگویستی تایبەت بە داهێنەرانەی خۆمان بێت، بۆیە هەمیشە پرسیاری ئەوەمان لێ کراوە کە ئەمە چ زمانێکە ئێمە بەکاری دەهێنین.

لێرەدا بە گرنگی دەزانم ئاماژەی ئەوەش بکەم کە سەرجەمی پڕۆسەی کارکردنمان لەسەر ئەکسیۆنە دەنگی و گۆرانیئامێزەکان، بە زمانی هونەریی خۆمان لە پیرفۆرمانسێکەوە بۆ پێرفۆرمانسێکی تر لە گۆڕان و توێژینەوەی ئەزموونکاریی بەردەوامدایە.

من لێرەدا حەزدەکەم پرسیارێک بووروژێنم: ئایا ئەم زمانە هونەرییە نا-لینگویستیکییە و بەکارهێنانی زمانە کۆنەکان، توانای خوڵقاندنی پڕۆسەی کۆمەنیکەیشنیان هەیە لە پێرفۆرمانسدا؟

لە وەڵامدا دەڵێم: گرنگ نیە من چی دەڵێم، بەڵکو گرنگ ئەوەیە چۆن دەیڵێم.

*گواستنەوەی تایبەتمەندییەکانی چەندین کولتوور لە لایەکەوە و تێکەڵکردنی لەگەڵ ریتواڵە ئایینییەکان و تەنانەت دەنس و مۆسیقای جاز، چۆن دەتوانیێ وەک مارکەی شانۆگەریی لالەش سەیر بکریێ؟*



ڕاستە ئێمە بۆ پێناسەی میتۆدی کارکردنمان، چەمکی ڕیتواڵ زۆر بەکاردەهێنین، بەڵام هەرگیز ڕیتواڵی نەتەوەیەکمان نەهێناوە تاوەکوو لە پێرفۆرمانسێکدا بەکاری بهێنین، چونکە ئەوە کارێکی مەحاڵە.

هەموو ڕیتواڵێک شوێن و زەمەن و بەشداربووان و ئامانجی قووڵی خۆی هەیە و تەنها بۆ نەتەوەیەک یاخود بۆ گرووپێک لە خەڵک کاریگەری و مانا و بەهای خۆی هەیە. کە لەو شوێن و زەمەن و بەشداربووانە داپچڕینرا، ئەوا کاریگەری و بەهای خۆی ون دەکات و

دەبێتە هەر شوێەکی ئاسایی تر، بۆیە دەبینین ساتێک هەندێک ڕێتواڵ کە بە مەبەستی موتعە بۆ گەشتیاران بەڕێوە دەبرێت، هیچ کاریگەرییەکی قووڵیان نییە و تەنها بۆ چێژی چاو وەکوو ڕووکەش قابیل بە سەیرکردنن.
ئێمە کە باس لە ڕێتواڵ دەکەین، دەگەڕێینەوە سەر ڕەگەزە ڕێتواڵییەکان کە بۆ کاری ئێمە زۆر سوودبەخشن، بە تایبەتی ئەو سێ هەنگاوە گرنگەی کە لە هەموو ڕێتواڵێکدا پیایدا تێدەپەڕین، هەنگاوی ئامادەکردنی پانتایی و ئەتموٚسفێر و بەشداربووەکان، هەنگاوی بەڕێوەبردنی ڕێتواڵەکە و پاشانیش هەنگاوی گەڕانەوە بۆ ژیانی ئاسایی.
هەروەها چەند ڕەگەزێکی گرنگی تری ڕێتواڵ، وەکوو پێکەوەیی، ئەتفوٚسفێر، ئاڵوگۆڕی ئەنێرجی، نانخواردن و خواردنەوەی پێکەوەیی و هەموو ڕەگەزەکانی تری وەکوو گۆرانی و سەما و ڕیتم، بەهەمان شێوە لە پێرفۆرمانسەکانماندا گرنگیی خۆیان هەیە.
میوزیکی جاز پرۆژەیەکی جیایە لە پیرفۆرمانسەکانمان، ئێمە ساڵانێکە لەتەک «گروپی ڕیفۆرم ئارت ئۆرکێسترا» کار دەکەین، ئەم گرووپە لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو لەسەر دەستی کۆمەڵێک میوزیشەنی جاز لە ڤییەنا دامەزراوە و سەرقاڵی ڕێگەیەکی نوێی جازن، بە تایبەتی لە ئەمەریکا ناوبانگیان دەرکردووە، ئەمان کار لەسەر ئیمپرۆڤیزەیشن دەکەن، من و شەماڵیش بە دەنگ ئیمپرۆڤیزەیشن دەکەین لەگەڵیاندا و چەندەها سیدیمان پێکەوە دەرکردووە و چەندەها کۆنسێرتمان لە شانۆکەی خۆمان و لە سەنتەری موزیکی جاز لە ڤییەنا پێشکەش کردووە، کە بەیەکگەیشتنی دەنگ و ڕیتمی ڕۆژهەڵاتی و کوردیی ئێمەیە لەگەڵ میوزکی جازی ڕۆژئاوایی.
لە دوای هەموو کۆنسێرتێک زۆربەی بینەرانی نێونەتەوەیی، سەریان لەوە دەسوڕمێت کە کەس لەم گرووپە نۆتە بەکارناهێنێت و پرۆڤەی پێکەوەیی ناکەین و هیچ ڕێککەوتنێکی پێشوەختەش نییە لە نێوانماندا. ئەمەیە پرۆژەکەمان لەتەک ڕیفۆرم ئارت ئۆرکێسترا کە بە پۆست ئیمپرۆ جاز ناسراوە.

*ئێوە هاوکات لەگەڵ شانۆ و پێرفۆرمانسەکانتاندا چالاکییەکی بەرچاوتان لە بواری فێرکاری لە ناوەند و زانکۆکان هەبووە. دەکرێ بڵێین شانۆگەریی لالەش بووەتە باڵوێزی کوردستان لە نەمسا؟ یا ڕەنگە بگوتری تەنانەت لە ئاستێکی نێودەوڵەتیدا توانیوتانە کولتووری فرە ڕەهەندی پێشکەش بکەن؟*


لابۆری شانۆی لالەش وا زیاد لە بیست ساڵە لەسەر ئاستێکی بەرزی نێودەوڵەتیدا خۆی سەلماندووە و جێ دەستی دیارە و لە چەندەها فێستیڤاڵ و کۆنفراسی نیودەوڵەتی و نێونەتەوەیی پێرفۆرمانسەکانمان پێشکەش کردووە و لە چەندەها کۆلێژی جیاجیا لە زانکۆی وڵاتانی جیاواز، وۆرکشۆپ و سیمینار و لابۆری کراوەمان بەڕێوەبردووە و لە هەموو ئەو وڵاتانەش وەکوو دوو خودی کوردی ناسراوین، هەرچەندە ئێمە بە ناوی نەمساوە لەو فێستیڤاڵ و کۆنفرانسانەدا بەشدار دەبین، چونکە وڵاتی نەمسا پشتگیریی هۆڵە شانۆییەکە و پرۆژەکانمان دەکات و هەروەها ئێمە بەشێکین لە ژیانی کولتووریی نەمسا. لە چەندەها فێستیڤاڵی نێونەتەوییشدا خەڵاتی باشترین پێرفۆرمانس و خەڵاتی فەخریمان پێ دراوە.
من هەردەم دەڵێم: ئێمە دوو شانۆکاری جیهانین، بە ڕەچەڵەک کورد و بە پاسپۆرت نەمساوین، هەروەها شەماڵ دەڵێت: شانۆکەمان ڕووبارێکە، بە هەموو جیهاندا ڕەو دەکات

بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:
www.lalishtheater.org

# «وەرگێڕان»

# تاقیکردنەوەی ناسیۆنالیزمی کورد بە فێمینیزم*

مستەفا زەنگین

و: سیپان ڕۆژهەلات

تێگەیشـــتنێکی ڕواڵەتی و بـــە کەمگرتن لەوەی کـــە ناســـیۆنالیزم تاکـــە هۆکاری بـــەدی نەهاتنی یەکســـانیی ژن وپیاوە لە کۆمەڵگـــەی کوردیدا، هەر لە ســـەرەتاوە بووە هۆی ئەوەی کە ڕۆڵی ناســـیۆنالیزم لە پێشاندان و بەرجەســـتەکردنی ناسنامەی ژن لاواز پێشـــان بدات. ئەگەر سیاســـەتی ئەو ئیدیۆلۆژییانەی کە ناســـیۆنالیزم وەکوو بنەما بۆ خۆیان بەکاردینن بەڵام دژایەتیی ئازادی و مافی ژنان و یەکسانییان دەکەن، لەســـەر ناســـیۆنالیزم حیســـاب بکرێـــت، ئەو تێگەیشـــتنە دەبێتە هـــۆی ئەوەی کە گرنگیدانی ناســـیۆنالیزم بـــە ئازادیی ژنان نەبینرێت و بە نارەوا پێشانی بدات.

دیارە کە لـــەم ســـاڵانەی دواییدا ئەو پەرتووک و بابەتانەی لەسەر پەیوەندیی نێوان فێمێنیزم و ناسیۆنالیزم نووسراون، ڕووی لە زیادبوون کردووە. بـــەڵام لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا ئەو بابەتە ڕەنگدانەوەیەکی کەمی هەبووە بە شـــێوەیەک کە دەتوانین بڵێین هەر نەبـــووە. من لەو بڕوایەدام کە یەکێک لە هـــۆکارە ســـەرەکییەکانی ئـــەم بابەتە، یـــەک نەبـــوون و ناســـازبوونی فێمێنیزم وناســـیۆنالیزمە، لە بەر ئەوەی ناسیۆنالیزم وەک ڕێگرییـــەک بۆ یەکســـانیی ڕەگەزی ومافی ژنان ناســـێنراوە. هەرچەندە ناتوانین سەرجەم ئەوشـــتانەی لەســـەر ئەم مژارە وتـــراون و نووســـراون ڕەت بکەینـــەوە و خۆمـــان بە مافدار پێشـــان بدەین و بڵێین ئەوان هیچ بەڵگەیەکیـــان نییە. دەمەوێت لەم نووسینەدا پێشان بدەم کە نابێ لەسەر بنەمای ئەم تێگەیشتنە کە ناسیۆنالیزم تاکە هۆکاری نایەکسانیی ڕەگەزییە، ناسیۆنالیزم وەکو ئیدیولۆژییەکی موتڵەقی پیاوسالارانە قەبووڵ بکەین و فێمێنیزم بە شـــێوەیەکی ڕادیـــکاڵ ڕەت بکەینەوە. ئەوە دەبێتە هۆی لاوازکردنی ڕۆڵی ناســـیۆنالیزم لە پاراستنی مافی ژناندا. ئەو بابەتە لەلایەن «بزووتنەوەی ژنانـــی کـــورد» لەنێو کۆمەڵگـــەدا قەبووڵ کراوە و بـــەردەوام دووبارە دەکریتەوە. لەم نووسینەدا لە چوارچێوەی ڕەخنە گرتن لەو بزووتنەوە سیاســـییەی کە باسمان کرد و بەرگریکردنیان لەو تێگەیشـــتنە، باس لەوە دەکەیـــن کـــە ناســـیۆنالیزم چ کارێکی لە بەرژەوەندیی دۆزینەوەی ناسنامە و ئازادیی ژناندا کردووە.

## ڕەخنـــەی بزووتنەوەی ژنانی کورد لە ناسیۆنالیزم

لێرەدا کە باس لە «بزووتنەوەی ژنانی کورد-حەرەکەتا ژنێن کورد» دەکەین مەبەستمان ئـــەو بزووتنەوەیەیـــە کە لەســـەر بنەمای تیۆرییەکانـــی عەبدوڵـــڵا ئۆجەلان ڕێبەری پ ک ک و بە شـــێوەیەکی ڕەوا(لێگاڵ) لە چوارچێوەی پارتـــی دیموکراتیکی گەلان (HDP و پارتـــی هەرێمـــە دیموکراتەکان DBP و ڕێکخراوەکانی نزیک لەو دووپارتە جـــێ دەگرن. بەڵام دەبێ ئـــەوە بڵێین کە هیچ ڕێکخراو یان گرووپێکی فەرمی نییە بە نـــاوی بزووتنەوەی ژنانی کورد، بەڵام لەبەر ئەوەی کە زۆربەی هەڵســـوڕاو و ئەندامانی ئـــەو بزووتنەوەیە ژنانی کـــوردن، بەو ناوە دەناسرێت. بۆیە ئەو ڕێکخراوانەی ژنان کە لە نێو ئەو بزووتنەوەیەدا باســـیان دەکەین، دوای هەڵوەشـــاندنەوەی بزووتنـــەوەی دیموکراتیکـــی ژنانی ئازاد، لە ژێر ناوەکانی بزووتنـــەوەی ژنانی ئازاد-تەڤگەرا ژنێن ئازاد TJA و کۆنگرەی ژنانی ئازاد KJA، دریژەیان بە کارکـــردن داوە. بزووتنەوی ژنانی کورد کە لە دوای ســـاڵانی ١٩٩٠ لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی و سەربازیدا گەشەی خێرای بە خۆیەوە بینیوە، ئەم پێشکەوتنەی کۆمەڵەکان کە شـــێوازێکی ڕێکخســـتنە، وەکوو بەرەوپێشچوونێکی گرنگ دەبینێت. بە دەســـتپێکردنی قۆناغـــی نوێبوونەوە و دەستپێکردنی شۆرشی گەلان کە ئەنجامی

بەدیهێنانی ئازادیی تاکەکەسی و کۆمەڵگە و برایەتی و یەکسانی بۆ نەتەوە بوو، ژن وەکوو بنەمای سەرەکیی پێکهێنانی نەتەوە دادەنرێ. ئەوەی کە لێرەدا بە گرنگی باسی لێوە دەکرێت، نەتەوە یا میللەتە کە توانی خۆی لە پرۆسەی نەتەوەییبوونی سروشتیدا پێشان بدات. بەڵام بە بڕوای بزووتنەوەی ژنانی کورد، نەتەوە لە لایەن چینی بورژوا کە دەستیان بە سەر قۆناغی شۆڕشدا گرتووە، لە ڕێڕەوی دروستی خۆی دوورخراوەتەوە، تێکدراوە و بە لاڕێدا براوە.

ئەو بزووتنەوەیە لەو بڕوایەدایە کە بە شێوەیەکی سروشتی، پێکهاتەی کۆمەڵگەی پێشکەوتوو لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە بە لاڕێدا دەبرێت و بە ناوی هەموو کۆمەڵگەکانەوە شەڕی خوێناوی ڕوودەدات، کە بۆ خودی ژنانیش دەبێتە هۆی پێشهاتنی ئالنگارییەکی گەورە. بزووتنەوەی ژنانی کورد لەو بڕوایەدایە کە مژاری نەتەوە کە لە لایەن دەسەڵاتداران و بورژوازەکانەوە لە جەوهەری سەرەکیی خۆی دوورخراوە و بە لاڕێدا براوە، بووەتە هۆی بەدەستهێنانی ئەنجامی قووڵ بۆ ژنان و کۆمەڵگە. )فادیلە یلدرم -٢٠٢١٢( لەم خاڵەدا ڕەخنەی بزووتنەوەی ژنانی کورد لە ناسیۆنالیزم دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە. وەکوو لە سەرەوە باسم کرد بزووتنەوی ژنانی کورد لەسەر بنەمای پارادیگمای عەبدوڵلا ئۆجالان بۆ کۆمینال (اشتراکی) دیموکراسی، ژینگەیی و ڕەگەزی خۆی دەناسێنێت و شێوەیەکی ڕەخنەی لەسەر بنەمای ڕەتکردنەوەی گشتیی ناسیۆنالیزم پەسەند دەکات. ئەمەش لەسەر بنەمای ڕوانینی ئۆجەلانە کە ناسیۆنالیزم وەکوو نەخۆشیی سەردەم پێناسە دەکات و ناسیۆنالیزم وەکوو یەکێک لە ئیدیولۆژییەکانی هێز و دەسەڵات وەسف دەکات کە لەسەر بنەمای جیاوازیی ڕەگەزی گەشەی پێ دەدرێت.

بزووتنەوەکە دەڵێت ناسیونالیزمی گەشەسەندوو و بە دەسەڵات گەیشتوو، بە سوود وەرگرتن لە نەتەوە، دەسەڵاتی بە پیاو داوە(پیاوسالاریی وەدی هێناوە) و ژنانی داپلۆسیوە و لە کایەکانی کۆمەڵگە وەدەری ناون. بە زمانێکی توند ناسیۆنالیزم بە (شوناسی پیاوسالاری) پێناسە دەکات.

چینی بورژوا لە نەتەوەی پیاوسالارانە هەوڵ دەدات ژن وەلاوە بنێت لە کاتێکدا کە ژن جەوهەری سەرەکیی پێشاژۆی ناسیۆنالیزم بووە و چینی بورژوا لە سەر بنەمای تیۆریی نەتەوە —دەوڵەت، ژن بۆ پرۆپاگەندەکردن بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی بەکار دێنێت. ناسیۆنالیزم کە بە هۆکاری قووڵبوونی کێشە ڕەگەزییەکان لەنێو کۆمەڵگەدا دادەنرێت، ڕێگە نادات لە کاتی بونیادنانی نەتەوەدا، ئیرادەی ژنان بە شێوەیەکی واقیعییانە، لە بەدەستهێنانی یەکسانی و ئازادیدا بەشدار بێ. بزووتنەوەی ژنانی کورد، ناسیۆنالیزمی نەتەوە — دەوڵەت و سێکۆلار-لائیک لەسەر بنەمای تێگەیشتنەکانی ئۆجالان قەبووڵ دەکات و لەو بڕوایەدایە کە نەتەوە-دەوڵەت، توندترین شێوازی نوێنەرایەتیکردنی دەسەڵاتی پیاوسالارانە و ئیستیسمارییە و ڕەخنەی لێ دەگرێ. نەتەوە-دەوڵەت وەکوو دوایین ڕێڕەوی مێژوویی، دەسەڵاتداری پێناسە دەکات کە ڕۆڵی ژنان بە نادیدە دەگرێت، وەکوو تەقینەوەی ئیمپراتۆرییەتی پیاو پێناسە کراوە ( عایشە گۆککان ٢٠١۶). بزووتنەوەکە لەو بڕوایەدایە کە پرۆژەی نەتەوەی دیموکرات کە وەکوو جێگرەوەی نەتەوە-دەوڵەت دادەنرێت، تەنیا کاتێک دەتوانێت سەرکەوتوو بێت کە ژن وەکوو ئەکتی سەرەکیی کۆمەڵایەتیبوون، «نەتەوە» پەسەند بکات. (یلدرم ٢٠١٢) دژایەتیکردنی بزووتنەوەی ژنانی کورد لە گەڵ ناسینالیزم لەسەر ئەو بنەمایەیە کە

ناسیونالیزم ئیدیۆلۆژییەکی پیاوسالارانەیە و لە بەر ئەوە ناسنامەی ژنان دەسڕێتەوە و وەکوو ئامانجێک درێژە بە چەوساندنەوەی ژنان دەدات.

## ڕەخنەی بەرانبەر: ناسنامەی ژنان هۆکارێک بۆ شاردنەوەی ناسنامەی کورد

بێ دوودڵی دەتوانین بڵێین بزووتنەوی ژنانی کورد بێتاوان نین لە دوورکەوتنەوە لە ناسیۆنالیزم، لە بەر ئەوەی بۆچوونێک هەیە کە دەڵێت ئەو بزووتنەوەیە بە هێنانە پێشی ناسنامەی ژنان دەیەوێت ناسنامەی ناسیونالیستی بشارێتەوە. لەو بزووتنەوەیەدا ناسنامەی ژنان کە خۆی لە ناسنامەی کورد جیا دەکاتەوە و پێگەی سەرەکیی خۆی بەدەست دەهێنێت، لە خەباتی نەتەوەییشدا گەیشتووەتە ئەو بڕوایەی کە «بەر لە هەر شتێک، خەبات بۆ ئازادکردنی ئەو نەتەوەیە بکرێت کە لە لایەن چینی پیاوسالارەوە داگیر کراوە». یلدرم ٢٠١٢

گوڵتەن کشاناک لەو بڕوایەدایە کە لە خەباتی نەتەوەییی کورددا، وەکوو هێزێکی لاوەکی مامەڵە لەگەڵ ژنان کراوە، بەڵام ئەوان بە تێگەیشتن لە ناسنامەی ژن بوون، خۆیان لەو کێشەیە ڕزگار کردووە. هەروەها لە سەرجەم نووسینەکانیدا لە پەرتووکی «ڕەنگی مۆری- وەنەوشەییی سیاسەتی کورد»، گوڵتەن کشاناک بۆچوونە سیاسییەکانی خۆی لەسەر بنەما و بەرجەستەکردنی ناسنامەی ژن بوون بەیان دەکات، گوایە ئەو کار و توندوتیژییەی بەرانبەریان کراوە، تەنیا بە هۆی ژن بوونیان بووە. هەرچەندە قسەکردن لەسەر ئەوەی کە ئەمە بە ئەنقەست کراوە یان نە بابەتێکی جیاوازە، بەڵام لە سەرجەم نووسین و لێدوانی ئەو کەسایەتی و ڕێکخراوانەی سەر بە بزووتنەوەکە کە لە ئاژانسی ژن نیوز و گۆڤاری ژنۆلۆژیدا بڵاوکراونەوە، هیچ هۆکارێک نییە وا پێشان بدات کە ئەم کارە بە نەزانین کراوە. دوورکەوتنەوە لە ناسیۆنالیزم و پێشاندانی ئەوەی کە ناسیۆنالیزم تاکە هۆکاری زۆرێک لە واتە خراپەکانی نێو کۆمەڵگە بە تایبەتی جیاوازیی ڕەگەزییە، لە خودی خۆیدا دژایەتی کردنی ناسیۆنالیزمە. زیادە لە پارێزگاریکردن لە ڕێکخراوێکی فێمێنیستیی سەربەخۆ کە خەباتی نەتەوەیی ناکات، بە بچووک کردنی خەباتی نەتەوەی کورد بۆ خەباتی ناسنامەی ژن بە دروشمی «ژنی ئازاد کۆمەڵگەی ئازاد»، دەیەوێت فێمێنیزم بکاتە جێگرەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی.

بزووتنەوەی ژنانی کورد ئامانجی لەپێشینەی چالاکییە سیاسییەکانی خۆی لەجیاتی خەباتی نەتەوەیی، خەبات بۆ ئازادیی ناسنامەی ژنان دادەنێت. وەک نموونەیەکی نادیدەگرتنی ناسنامەی نەتەوەی کورد لە بەرژەوەندیی ناسنامەی ژنان و دانانی ناسنامەی نەتەوەیی لە پێگەی دووەم لە دوای ناسنامەی ژن بوون، دەتوانین ئاماژە بە مەقالەیەکی مەلیکە گول دەمیر بکەین کە لە ماڵپەڕی ژن نیوزدا بڵاوکراوەتەوە و لە ژێر ناوی»هەموو کاتێک خەباتکردن لە دژی ئەو سیاسەتانەی کە ژنان بە ئامانج دەگرن»، نووسەر لە بابەتەکەدا ئاماژە بە شەڕی خەندەقەکان (شەڕی نیوان پەکەکە و سوپای تورکیا) لە شارەکانی نسێبین، جزیر و سوور دەکات کە بە پارێزگا کوردییەکان ناویان دەبات و دەڵێت لەو ڕووداوانەی کە لە شەڕی خەندەقەکان ڕوویانداوە، ژنانی کورد تەنیا لە بەر ئەوەی ژن بوون ئەشکەنجە دراون و کوژراون.

نووسەر دەڵێت لاشەی ئەو ژنانە کە لە شەڕی شارە کوردییەکاندا بریندار

کراون  یان خود ژیانیان لەدەستداوە، بووە مەیدانێک بۆ سەرکەوتنی پیاوە یونیفۆرم لەبەرکان (سەربازەکان) و شەڕەکە وەکوو شەڕی نیوان دوو ڕەگەزی ژن و پیاو پێناسە دەکات، بەڵام نووسەر هیچ ئاماژەیەکی بە ناسنامەی کوردبوونی ئەو ژنانە ناکات، بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە کە بە ئامانجگرتنی ئەو ژنانە لەو شەڕانەدا، لەبەر ئەوە نییە کە ئەوان تەنیا ژنن، بەڵکۆ لەبەر ئەوە بووە کە ئەوان ژنانی کوردن.

گۆڵتەن کشاناک لە دیباچەی کتێبەکەیدا بە ناوی ڕەنگی وەنەوشەی سیاسەتی ژنان لە ژێر ناوی «هەنگاو بە هەنگاو گەشەکردنی خەباتی ئازادیخوازیی ژنان»، باس لە کاردانەوەکانی دوای سوێندخواردنی لەیلا زانا، ژنە پەرلەمانتەری کورد، لە ساڵی ١٩٩١ لە پەرلەمانی تورکیا دەکات و دەڵێت لە هەموو بوارەکاندا دەست بە تێشکاندنی ژنان کرا، بەڵام کشاناک وا پێشان دەدات کە ئەمانە بە هۆی قەبووڵنەکردنی ناسنامەی ژنان و هەوڵدان بۆ لاوازکردنی خەباتی ئازادیخوازیی ژنان بووە، لەکاتێکدا نارەزایەتی دەربڕین لە کاتی سوێندخواردنی لەیلا زانا بە هۆی ئەوە بوو کە گوتی «ئەم سوێند بۆ برایەتیی گەلی کورد و تورک» دەخۆم و هەموو لایەک هاوڕایە، کە بە هۆی هاتنی وشەی کورد لە بەر ئەوەی ئەو سوێندە بە کوردی بوو کاردانەوەی لێ کەوتەوە. پێشاندانی ئەو بابەتە لە لایەن کشاناکەوە وەکوو دژایەتیکردنی ناسنامەی ژنان و چەوساندنەوەیان، هەوڵێکە بۆ نادیدە گرتن و شاردنەوەی زمان و ناسنامەی کوردبوون. لە ڕاستیدا هیچ تێگەیشتنێک نییە لەسەر ئەوەی کە کشاناک خۆی وەکوو کەسێک کە سەختیی زۆری بە هۆی ناسنامەی نەتەوەییەوە بینیوە و زۆرجار ڕووبەڕووی دەردەسەری و گوشار بووە، بەڵام باس لە ناسنامەی کوردبوون ناکات و ناسنامەی ژن بوون دەخاتە پێشەوە.

ئەوە خەیاڵ و هەڵخەڵەتاندنە کە بزووتنەوەی ژنان دەستکەوتەکانی نەتەوەی کورد وا پێشان بدات کە تەنیا بە هۆی خەبای ژنان و ناسنامەی ژنانەوە بە دەست هاتوون وەکوو ئەوەی لە ساڵانی ١٩٩٩ و ٢٠٠٤ لە هەڵبژاردنە خۆجییەکان لە ناوچەی (دۆغۆ بەیازیدی ئاگری) ڕوویدا و موقەدەسە کوبیلای سەرکەوتنی بەدەستهێنا

کوبیلای بابەتێکی لە پرتووکی ڕەنگی وەنەوشەیی سیاسەتی ژنانی کورددا لە ژێر ناوی (سەرۆک، چیدی ناتوانین هیچ شتێک بە ژنان بڵێین( نووسیوە و باس لە کاندیدبوون بۆ سەرۆکی شارەوانی و ئەو سەرکەوتنانە دەکات لەو بەروارەی ئاماژەمان پێکرد بەدەستیهێناوە، ئەو سەرکەوتنە بەوە دەبەستێتەوە کە بە هۆی پشتگیری بزووتنەوەی ژنان و ناسنامەی ژنبوونییەوە بووە. دەکرێت بە ڕێژەیەکی کەم لە ژنان بە هۆی ناسنامەی ژنبوونەوە پشتگیریان لە کوبیلای کردبێت، بەڵام هەم بە هۆی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی (سوسیولۆژی) دۆغۆبەیازید و هەم کاندیدبوونی کوبیلای لە لایەن پارتەکانی هادەپ و دەهاپ، بەڵگەی ئەوەیە کە ناکرێت ئەو سەرکەوتنە تەنیا لە ناسنامەی ژنبووندا قەتیسبکرێت. لە بەر ئەوەی ئەو ڕاستییە هەیە کە لەو سەردەمە و ئێستاش لە دۆغۆبەیازید پێکهاتەیەکی باوکسالارانە هەیە لەوە گرنگتریش ئەوەیەکە هەردوو پارتی هادەپ و دەهاپ لە لایەن کوردەکان بۆ گەیاندی داواکارییە نەتەوەییەکان دامەزراون و وەکوو دوو پارتی ناسیونالیستی کورد قەبووڵکراوەن.

سارا ئاکتاش کە یەکێک لە چالاکڤانانی بزووتنەوەی ژنانی کوردە لە ساڵی ٢٠١٧ بە بنەماگرتنی ژنان ئەوەندە زیادەڕۆیی

کـــردووە کە دەڵێت بزووتنـــەوەی ڕزگاری کورد کە مەبەســـتی پ، ک، کە یە زیادە لە کۆلۆنیالیزم، فئودالیزم، عەشـــیرەگەری و دژەدیـــن بوون، گرنگی بـــە ئازادی ژنان داوە و وەکـــوو یەکەم ئامانجی خۆی داناوە. بە هەمان شـــێوە ئاکتـــاش کە جۆرئەت لە ڕەخنەکانـــی پ. ک. ک لە ســـەر بابەتی ڕەگەزیـــی کۆمەگە وەردەگرێـــت دەڵێت، «مێـــژووی بزووتنەوەی کـــورد. . مێژووی دروســـتکردنی ژنانی ئازادیخوازە کە سەر لە نوێ ژنبوونی خۆیان پێناســـە دەکەن و پیاوان، پیاوەتی خۆیان دەکوژن»

ئەو دەڵێت «سەرکەوتنی شۆرشگێرانی ژنی کورد و شۆرشـــی ڕۆژئاوا»دا مەترسی لەســـەر زیهنییەتـــی پیاوســـالاری کورد دروســـتکردووە نـــەک کۆلۆنیالیزمـــی کوردستان.

ئەم گوتانەی ئاکتاش هەموو شـــتێکی ئاشکرا کردووە کە ناوی دیکەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بـــوووە بە ژن، واتە لە سەرووی بزووتنەوەی کورد بابەتیکی دیکە هەیە کـــە ئەویش خەباتی ژنانە کە دەبێت شرۆڤەی بۆ هەموو بابەت و مژارێک هەبێت

بە پێی بەیاننامـــە و لێدوانی ئەندامانی ئـــەو بزووتنەوەیە، دانانی قەیووم لە ســـەر شـــارەوانییەکان و پێشـــاندان و گیرانـــی لاشـــەی ڕووتی کوژراوانی شەڕی خەندق لە نێو شارەوکان کە ژنیشیان لە تێدا بووە لە لەیـــەن فەرمانبەرانـــی جێبەجێکردنی یاسا وهەڵکوتانە سەر شوێنەکان و گرتنی چالاکوانـــان وەکو ئەوەی لە مەراســـیمی کۆچـــی دوایـــی دایکی ئایســـەل توگلۆک ڕوویدا و هێرش کرایە ســـەر مەراســـیمی جەنازە و ناشـــتنی تەرمی دایکی ئایسەل توگلۆک، تەنیا وەکوو دژایەتی دەســـەلاتی پیاوسالارانە بەرامبەر ئیرادەی ژنان پێشان دەدرێت، مەبەســـتی ســـەرەکیش ئەوەیە کە دەیەوێت ناســـنامەی کوردبوون نادیدە بگرێت.

دەتوانین بلێین دیتنی کارەکانی دەوڵەتە کۆلۆنیالسیتەکان(داگیرکەرانی) کوردستان و توندوتیژییەکەیـــان بەرامبەر ناســـنامەی کورد وەکـــوو توندوتیژی پیاوســـالارانە و بە ســـەنتەرگرتنی ژن بۆ هەموو شـــتێک لە لایـــەن بزووتنەوەی ژنانـــی کورد و لە ورانگەی ژنبوونەوە هەموو شـــتێک ببینی وەکوو وەسواسێکی لێهاتووە.

بزووتنـــەوە ئەوەنـــدە بـــەرەو پێـــش ڕوویشـــتووە کە خۆی لەگەڵ ڕەخنەکانی لە بزووتنەوەی ناسیونالیســـتی و دەسەلات دژیەکییەکی گـــەورەی پەیدا، کە گوایا لە ناســـیونالیزمی ژنانە و دەســـەلاتی ژنانە لە (تیوری ژنانە)دا جێگیر دەکات.

## ناســـیۆنالیزمی پاریزەری فێمێنیست یان فێـــمێنیزمی ناسیۆنالیست

بە پێی قسەکانی جۆزێفین دۆنوڤان ٢٠١٤، ئەبیگێـــل ئادامز لە ســـەردەمی شۆرشـــی ئەمریکا دا، کاتێک جۆنی هاوســـەری یاسا نوێیەکان ئامادە بۆ دامەزراندنی نەتەوەیەک ئامـــادە دەکات دەڵێت پێویســـتە دەنگێک و نوێنەرێکی ژنانیـــش هەبێت، دەتوانین بڵێیـــن ئـــەو جۆرئەتـــەی کە لـــە خۆیدا دۆزییـــەوە بـــۆ بەیانکردنی ئەم قســـەیە، نیشـــانەیەکی مۆدێرنبوونە کـــە لە نەوەتە سەرچاوە دەگرێت، لە ڕاستیدا ئەم قسەیە لەســـەر بنەمای تیوری ڕانجۆ سادۆ هەری Ranjoo Seodu Herr›in (٢٠٠٣) لە بارەی یەکســـانی ئەندامانی نەتەوە کە ژنانیش لە خۆ دەگرێت کراوە. لە ســـەردەمی نوێدا، بەشداری ژنان لە پێشکەوتنی ژیان وەکوو پێداویســـتییەکی نەتەوەیەکـــی مۆدێـــرن وەســـفکراوە کە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ژنان بەرێگەی بەشـــداربوون لە هەوڵەکانی نەتـــەوەی (ناسیۆنالیســـتی) پێگەیەکـــی تایبەتیـــان بەدەســـتهێنا Tanıl Bora,)

2017), ژنـــان بە بەشـــداربوون لە پرۆژەی ناسیۆنالیســـتی و ڕزگاربوون لەوەی کە لە نێوخۆیاندا داخراوبن، لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا پێگەیەکیـــان پەیدا کرد (Cynthia Enloe, 2013).

لە ڕاستیدا ناسـیۆنالیزم، دروستکردنی زەمینـــە و ناوەندێکی هاوبەشـــە لە نێوان هاووڵاتیان(نەتـــەوە)دا، کـــە بتوانـــن بـــە مەبەســـتی گەیشـــتن بە ژیانێکی ئاسوودە بـــە یەکسانی پێکەوە کار بکـــەن. لە زۆر بارودۆخدا ژنان بە دەستی خۆیان زەمینەی نەتەوەبوونیان دروســـتکردووە، هەرچەندە نوخبەی ناسیونالیســـت کە بەدەســـەڵات دەگەیشـــتن، هەندێک جـــار درێژەیان بە سیستەمە کۆنەکەیان دەدا لە دژی ژنان و ئەوانیان وەلا دەنا بەڵام ژنان بەگشـــتی بە فیمێنیستەکانیشەوە، پشتگیرییان لە مافی دەنگدان، بەشـــداریکردن لـــە بەڕێوەبردنی دەوڵـــەت، کە یەکێـــک لـــە هۆکارەکانی فراوانکردنی سیاســـەت بـــوو، دەکرد و زۆر جار خەباتیان دەبووە بەشـــێک لە خەباتی ناسیۆنالیستی (Elif Ekin Akşit, 2010).

ئاکســـوو بۆرا لە ســـاڵی ٢٠١٠ لەگەڵ باســـکردنی ڕەخنەگرتنی ناسیۆنالیســـت لە فێمێنیســـت، ئامـــاژە بـــەو ڕێککەوتنە نەنووســـراوە دەکات کە ناسیۆنالیزم لەگەڵ فێمێنیزم هەیەتی. لە مەقالەیەک بە ناوی «مۆدێرنیزەبوون لە جوگرافیای ئیســـلامی و بزووتنەوەکانی ژنـــان»دا دەڵێت کە ژنان لـــە چوارچێـــوەی نەتـــەوەی مۆدێرن کە لە ناوەڕاستی ســـەدەی نۆزدە دەستی پێ کرد و ســـەرجەم کۆمەڵگەکانی گرتەوە، لە گۆڕانـــی کۆمەڵایەتـــی و ئابووریدا ڕۆڵێکی چالاکیـــان هەبووە. بـــۆرا هەروەها، پێدانی ئەرکـــی نـــوێ بە ژنـــان و دابیـــن کردنی دەرفەتی نوێی بەشداربوونیان لە کایەکاندا، وەکـــوو خاڵێک باس دەکات کە ناکرێت لە ناســـیۆنالیزمی نوێ جیـــا بکرێتەوە. لۆیس ویســـت لـــە پێشـــەکیی بەرهەمێکـــدا بە ناوی ناســـیۆنالیزمی فێمێنیستی لە ساڵی ١٩٩٧ بانگەواز بۆ فێمێنیزمێکی ناسیۆنال دەکات و دەڵێـــت هەروەکـــوو چۆن ژنان لە کۆتاییی ســـەدەی ١٩ و ســـەرەتاکانی ســـەدەی ٢٠دا بەشـــداربوون لـــە خەباتی دژی ئیســـتعمارگەری، ئەمڕۆش بە هەمان شـێوە یەکێک لە پێکهاتە سەرەکییەکانی بزووتنەوە ئێتنیکییەکان پێکدەهێنن.

بـــە ڕاســـتی نەتەوەپەروەریی پۆســـت کۆلۆنیالیـــزم، ڕەوایەتـــی بـــە خەباتـــی کۆمەڵایەتـــی ژنـــان دەدات، کـــە ئەمەش میراتێکـــی ناســـیۆنالیزمە کە بەشـــداریی ژنـــان لە سیاســـەت لـــە وڵاتانی پۆســـت کۆلۆنیالیزمدا ئاســـانترە تاوەکوو لە وڵاتانی مێتروپۆلیتان(کەلان شەهر) (Ania Loom-ba, 2000).

«قومـــری ژاياوەردەنـــە»، ئامـــاژە بەوە دەکات کـــە لـــە کۆتاییی ســـەدەی ١٩ و سەرەتای ســـەدەی ٢٠دا، فێمێنیستەکان لە ســـێیەمین بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیدا بە مەبەستی بەدەســـتهێنانی ئازادیی ژنان ڕۆڵێکـــی چالاکانەیان هەبـــوو. بزووتنەوە نەتەوەیییـــەکان ڕۆڵێکـــی کاریگەریان لە کۆکردنـــەوەی چالاکڤانە فێمێنیســـتەکان بـــە دەوری یەکتردا هەبـــووە و دەڵێت کە خەباتـــی ڕزگاریـــی ژنان لـــە چوارچێوەی خەباتی نەتەوەییدا بەڕێوە چووە.

بە بـــڕوای ژاياوارەدەنـــە، بزووتنەوەی ژنان بە مەبەســـتی سەربەخۆیی سیاسی، لە خەباتە نەتەوەییەکاندا ڕۆڵێکی چالاکی هەبـــووە و بۆ بەدەســـتهێنانی ناســـنامەی نەتەوەیی و کۆمەڵگەیەکی ســـەردەمیانەی مۆدێرن هەوڵیـــان داوە. لەوە زیاتر خەباتی ئازادیخوازانـــەی ژنـــان، بووە بە بەشـــێکی سەرەکی و جیا نەکراوەی خەباتی نەتەوەیی (akt. Sylvia Walby, 2015).

لە کاتی سەرهەڵدانی شەپۆلی دووەمی

فێمێنیزم لە ساڵانی ١٩٧٠-٨٠ لە زۆر کۆڕ و کۆبوونەوەی نێودەوڵەتیدا، شرۆڤە لەبارەی نەبوونـــی دیالۆگ لە نێـــوان ژنانی جیهانی یەکەم و ســـێیەم کـــراوە کـــە یەکێکیان رزگاریـــی ژنـــان وەکـــوو تاکـــە ئامانجی فێمێنیـــزم دادەنێت، بەڵام لایەنی بەرانبەر دەڵێت تاوەکوو نەتەوەکەیان رزگار نەکرێت باسکردنی ئازادیی ژنان بێ واتایە. (Nora Yuval-Davis, 2007).

لـــە ڕێگـــەی ئەزموونـــی مێژوویی لە چەنـــد وڵاتی جیهـــان دەتوانیـــن ببینین کە ناســـیۆنالیزم، لەبارەی بەدەســـتهێنانی مافەکانی ژنان، ئیدیۆلۆژییەکی سیاســـیی وا نییـــە کـــە نەتوانێت لەگـــەڵ فێمێنیزم بگونجێت. دەتوانین وڵاتانی وەکوو تورکیە، ئێران، هندســـتان، فیلیپین، ئەفغانستان و میســـر وەکوو نموونەیەک باس بکەین کە لە ساڵانی کۆتاییی سەدەی ١٩ و سەرەتای سەدەی ٢٠دا، ناســـیۆنالیزم بە تەواوەتی چووەتە قۆناغێکی نوێوە.

ســـەرجەمیان یەکســـانیی ڕەگەزی و ئازادیی ژنیان وەکوو بەشـــێک لە پرۆژەی نوێکردنەوەی نەتەوەی ســـەربەخۆ قەبووڵ کردووە. تێگەیشتنی نەتەوەیی لەو وڵاتانە، مافـــی دەنگـــدان وهەڵبـــژاردن، مۆڵەتی منداڵبـــوون، ڕێگـــەدان بـــە خزمەتەکانی بەخێوکردنـــی منـــداڵ و گرنگیـــدان بـــە خێزان بە پێـــی بەها کلتورییەکانی خۆیان و هاوژینی لەســـەر بنەمای خۆشەویستی و تـــاک هاوســـەری و مافی قســـەکردنی ژنانیان پاراســـتووە. ناسیۆنالیســـتەکان لە چەند وڵاتێکـــی ئانتی کۆلۆنیالیســـت، بە ئاماژەیەکی ئەفسانەیی بە ڕابردووی خۆیان، ئیدعـــای ئەوە دەکەن کە یەکســـانیی ژن و پیاو لـــە تایبەتمەندییەکانـــی نەتەوەی ئەوانە. بنەمای ئەو یەکســـانییەی باس کرا، بەو واتەیەی کە بە بڕوای یەشـــیم ئارات، لـــە ســـاڵی ١٩٩٩ لەگەڵ ئـــەوەی دەبێتە هـــۆی بەهێزبوونی ناســـیۆنالیزم، ئەنجام و زەرورەتێکـــی ناســـیۆنالیزمی مۆدێرنە. لە لایەکی دیکەوە بەشداریی چالاکانەی ژنان لە پرۆسەی ناسیۆنالیستی و سەربەخۆبوونی نەتەوەکەیان لەخۆیدا دەرخەری پەیوەندی لە نێوان فێمێنیزم و ناسیۆنالیزمدایە.

وەکـــوو نموونەیەک کـــە تانیل بۆرا لە ساڵی ٢٠١٧ باسی لێوە دەکات و بە بڕوای فێمێنیستەکانی عوســـمانی، بەشداربوونی دڵخوازانـــەی ژنان لە خەباتـــی نەتەوەیی، دەرچەیەک بوو بۆ دروستکردنی هێزێک بۆ دەستەبەرکردنی مافی ژنان و هەمیش بووە هۆی ئەوەی کە لە ڕیزی ڕۆشـــنبیرەکاندا لە نێو پرۆســـەی بە نەتەوەبووندا جێگەیان هەبێـــت. هەروەهـــا لە میســـریش کە لە سەرەتاکانی سەدەی ١٩ وەکوو دەوڵەتێکی نەتەوەییی ســـەردەمیانە گەشەی دەکرد، بزووتنەوەی فێمێنیســـتی هاتـــە مەیدان و ڕۆڵێکـــی دیـــار و چالاکیان لـــە خەباتی نەتەوەییدا هەبووە. ژنانی میسر، لە شۆڕشی ســـاڵی ١٩١٩ لە دژی ئیستعماری بریتانیا کە بەرهەمـــی خەباتـــی ناسیۆنالیســـتی بووە، بـــە ئازادانە لـــە مەیدانەکانی قاهیرە میتینگیان ساز دەکرد و بیروڕای خۆیانیان بە ئاشـــکرا دەردەبـــڕی. بەشـــداریی ژنان بە وەها شـــێوەیەکی چالاکانـــە لە خەباتی نەتەوەییـــدا، لە وڵاتانی وەکـــوو جەزایر و فەلەستین لە خەباتی ئازادیخوازی و دژی کۆلۆنیالیـــزم چووە قۆناغـــی توندوتیژی و شەڕ، ژنان لە ســـەرجەم بوارەکاندا ژیان و ئازادیی خۆیانیان خستە مەترسییەوە و بە شێوەیەکی چالاکانە بەشدارییان لە شەڕی خەباتی ئازادیخوازیی نەتەوەکەیاندا کردووە. لە کۆتاییدا ناســـیۆنالیزم، وەکوو ئەوە نییە کە بزووتنەوەی ژنانی کورد باسی دەکات و دەڵێت بەهۆی شوناسی پیاوسالاری، ژنانی وەلاوە نـــاوە، بە پێچەوانـــەوە دەرفەتی بە ژنـــان داوە کە بە شـــێوەیەکی چالاکانە لە

چالاکییەکانی سۆسیۆپۆلیتیک (سیاسەتی کۆمەڵایەتی- ڕووداوەکانی کۆمەڵگە)دا بەشدار بن.

وەکوو ئەوەی ئەلیف ئەکین ئاکشت دەڵێت: کە چاو لە مێژووی گەشەکردنی ناسیۆنالیزم و فێمینیزم بکەین ناتوانین بە ئاسانی لێکیان جیابکەینەوە، هەروەها ناسیۆنالیزم کە بووە ڕۆژەڤی سەدساڵی دواییی جیهان، بەر لەوەی کە تەنیا وەکوو پرۆسەیەک ببینرێت کە تەنیا لە پیاوان پێکهاتووە، زیاتر تیشکی خستووەتە سەر کیشەکانی فێمینیزم.

## ئامانجی کۆتایی

ئەو بیرۆکەیەی تێگەیشتنی تێکشکێنەر کە ناسیۆنالیزم وەکوو تاکە هۆکاری نایەکسانیی ڕەگەزی لە کۆمەڵگەدا دادەنێت، هەر لە سەرەتاوە ئەو هەوڵانەی ناسیۆنالیزم نادیدە دەگرێت کە بە مەبەستی ئاشکرا کردن و گرنگیدان بە ناسنامەی ژنان داویەتی. ئەو ئیدیۆلۆژییانە، ئەوە دەدەنە پاڵ ناسیۆنالیزم کە تیوری و هێزێکی دژی ئازادیی ژنان و یەکسانیی ڕەگەزییە. ئەم ڕوانینە دەبێتە هۆی ئەوەی کە تێگەیشتنی ناسیۆنالیزم بە ناوەرۆکی ئازادیی ژنان نەبینرێت و تەنانەت بە خراپ پێشان بدرێت. وەکوو نموونەیەکی مێژوویی دەتوانین باس لە ناسیۆنالیزمی لیبراڵ و ناسیۆنالیزمی موحافزەکار بکەین کە لە وڵاتانی عەرەب هەبوو و لە بارەی ئازادیی ژنان، ڕووانینی دژبەیەکیان هەبووە. بە قسەی دەنیز کاندیوتی-٢٠١٣، ئازادیی ژنان دەبێتە یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی خەباتی ناسیۆنالیستیی لیبراڵ، بەڵام لە بەرانبەردا ناسیۆنالیستی موحافزەکار پشتگیری لە بیروڕا ئایینییەکان دەکات کە ژنان وەکوو پلە دوو قەبووڵ دەکات». لێرەدا ئەگەر ڕوانینی ناسیۆنالیستیی موحافزەکار لە بارەی یەکسانیی ڕەگەزی کە لە بیروڕا و ئارگۆمێنتی ڕێکخستنە دینییەکان سەرچاوە دەگرێت لەسەر ناسیۆنالیزم بە گشتی حیساب بکرێت، تووشی هەڵەیەکی گەورەی بەڕێوەبردن دەبین. وەکوو ئەوەی لێرەدا دیارە دانانی ژنان لە پێگەی دووەم، ناسیۆنالیزم نییە بەڵکوو ئەو ڕیکخستنە دینییانەن کە لە لایەن کۆمەڵگەوە قەبووڵ کراون. هەمان حاڵەت لە بارەی مافەکانی ژنان کە لە ژێر گۆشاردان بۆ وڵاتانی وەکوو پاکستان، بەنگلادیش، ئێران، ئەفغانستان و لە ساڵانی دواییدا تورکیا، ڕاستە. لەبەر ئەوەی لەو ڕژێمانەش بۆ ملکەچکردنی ژنان، دین بەکارهاتووە نەک ناسیۆنالیزم (Loomba, 2007).

هەڵسەنگاندنی ئەوەی کە ناسیۆنالیزم لە دژی مافی ژنان و یەکسانیی ڕەگەزییە، خۆدزینەوەیەکی ئاسانە لە چارەسەرکردنی ئەو بابەتە. بۆ قەبووڵکردنی ئەوەی کە ناسیۆنالیزم لە زاتی خۆیدا یەکسانیی ڕەگەزی ڕەت دەکاتەوە، یان دەبێ لە هاوکاریی نێوان ناسیۆنالیزم و فێمینیزم بێ ئاگا بین یان بە مەبەست خۆمانی لێ وەلابدەین. من وەکوو خۆم لەو بڕوایەدام کە بژاردەی دووەم هەڵبژێردراوە.

لەبەر ئەوەی ئامانجی سەرەکیی سەرجەم ئەو لێکدانەوە و شرۆڤانەی کراون، لە جیاتی شیکردنەوەی سەرجەم لایەنەکانی ئەو کێشەیە، زیاتر ڕەوایەتی بە بەرگریکردن لەو بیرۆکەیە دەدات کە باسکرا. بەڵام ئەگەر تەماشای بزووتنەوەی ژنانی کورد (کە مژاری ئێمەیە) بکەین، دەتوانین زۆر هۆکار بێنین کە تاکوو گەیشتووە بەم قۆناغە، زۆر قەرزداری بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیی کوردە. لەبەر ئەوە پێویست ناکات کە خەسارناسیی ناسیۆنالیزم بە هۆی فێمینیزمەوە بکرێت. بەڵکوو دەبێت بە ڕێگەی بە سەنتەرگرتنی

ناسنامەی کوردبوون بێت و ناسنامەیەکی کوردی بە بزووتنەوەی ژنانی کورد بدرێت. وەکوو ئەوەی ڕانژوو شەئدۆ هەرری، لە شرۆڤەکانی لە ساڵی ٢٠١٣دا دەڵێت، پێویستە هەوڵ بدرێت بۆ بەدەستهێنانی ناسنامەی فێمێنیزمی ناسیۆنالیست. لە بەر ئەوەی ناسیۆنالیزم، بە قەبووڵ کردنی ژن وەکوو بەشیک لە ناسنامە نەتەوەییەکەی، بە ئیدیۆلۆژییەکی یەکسانخواز، ڕێگە لە بەردەم ژنان دەکاتەوە کە بتوانن داوا و خواستەکانیان لە ئاستێکی بەرزدا بەدەست بێنن. سەرەڕای ئەوەی کە وەکوو هەندێک کەس دەڵێن، ناسیۆنالیزم هەندێکجار بووەتە هۆی بەرهەمهێنان و سەرلەنوێ دروستکردنی نایەکسانیی ڕەگەزی، بەڵام ناکرێت بەو ڕوانینە توندەی کە بزووتنەوەی ژنانی کورد هەیانە و وەکوو پیاوسالاری وەسفی دەکەن، باس لە ناسیۆنالیزم بکرێت. بۆ ئەوەی کە نەکەوینە ئەم هەڵە جەوهەرییەوە، پێویستە واز لە تاوانبارکردنی ناسیۆنالیزم وەکوو ئیدیۆلۆژییەکی بێ ئەنجام و بێ کەڵک ومەترسیدار بۆفێمێنیزم بێنین. لە بەر ئەوەی بە بڵاوکردنەوەی ئەم قسانە، دەبینن کە جگە لە ڕێگریکردن لە بەشداربوون ژنانی کورد لە خەباتی نەتەوەییدا، هیچ ئەنجامێکی دیکەی لێ ناکەوێتەوە.

*.https://www.gazeteduvar. com.tr/fo-rum/2019/02/07/kurt-milliyetciliginin-kurt-kadin-hareketi-ile-imtihani

## سەرچاوەکان


Aksu Bora, Hatırlananlar ve Unutulanlar: İslam Coğrafyasında Modernleşme ve Kadın Hareketleri, Bilig Dergisi, Sayı: 53, Bahar 2010, s. 51-66.

Aktaş, Sara (2017), Alternatif Modelde Kadın Özgürlüğünün Merkeziliği, içinde: «Kapitalist Moderniteye Meydan Okumak II», İstanbul, Amara Yayınları

Arat, Yeşim (1999), Türkiye›de Modernleşme Projesi ve Kadınlar, içinde: «Türkiye›de Modernleşme ve Ulusal Kimlik», ed. Sibel Bozdoğan ve Reşat Kasaba, çev. Nurettin Elhüseyni, İstanbul, Türk Vakfı Yurt Yayınları.

Ayşe Gökkan, Özgür Yaşam İçin Bir Sistem Önermesi: Demokratik Özerklik, Jineolojî Dergisi, Sayı: 3, 2016.

Bora, Tanıl (2017), Cereyanlar, İstanbul, İletişim Yayınları.

Donovan, Josephine (2014), Feminist Teori, çev. Aksu Bora, M. A. Gevrek ve Fevziye Sayılan, İstanbul, İletişim Yayınları.

Elif Ekin Akşit, Hanimlara Mahsus Milliyetçilik: Fatma Aliye Ve Erken Milliyetçi Stratejiler, Kebikeç Dergisi, Sayı: 30, 2010, s. 57-74.

Enloe, Cynthia (2013), Feminizm, Milliyetçilik, Militarizm, çev. Ayşe Gül Altınay ve Tansel Güney, içinde: «Vatan, Millet, Kadınlar», der. Ayşe Gül Altınay, Istanbul, İletişim Yayınları.

Fadile Yıldırım, Kadın Mücadelesi, Ulus-devlet ve Demokratik Ulus, Demokratik Modernite Dergisi, Sayı: 2, Eylül-Ekim 2012, s. 84-88.

Kandiyoti, Deniz (2013), Cariyeler, Bacılar, Yurttaşlar, çev. A. Bora, F. Sayılan, Ş. Tekeli, H. Tapınç ve F. Özbay, İstanbul, Metis Yayınları.

Kışanak, Gültan (2018), Adım Adım Yükselen Kadın Özgürlük Mücadelesi, içinde: “Kürt Siyasetinin Mor Rengi», Ankara, Dipnot Yayınları.

Kubilay, Mukaddes (2018), Başkan, Artık Kadınlara Birşey Diyemiyoruz, içinde: “Kürt Siyasetinin Mor Rengi», Ankara, Dipnot Yayınları.

Loomba, Ania (2000), Kolonyalizm Postkolonyalizm, çev. Mehmet Küçük, İstanbul, Ayrıntı Yayınları.

https://www. gazeteduvar. com. tr/ forum/2019/02/07/ku rt-milliyetciligini n-kurt-kadin-ha reketi-ile-imtihani

# گێڕانەوەکانی تاراوگەنشینان
# لەمەڕ ئاسیمیلە کردن و بەرخۆدان*

بەرزوو ئەلیاسی
و: کەماڵ حەسەنپوور

بەدوای هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریی فرە ئەتنیکی و فرەئایینی عوسمانی، کۆماری تورکیە لە ١٩٢٣ دامەزرا. لە دەسپێکەوە، دەوڵەتی تورک هەوڵی داوە بە تۆبزی کوردان ئاسیمیلە بکا. تورک بوون ڕێزی لێ دەگیرا و وەک پێناسەی سەرەکیی ئەو کۆمارە نوێیە، لە ڕێگای حاشا کردن لە بوونی هاووڵاتیانی غەیری تورک، کە بە درێژایی مێژوو لەو جوگرافیا سیاسییەدا هەبوون، جەختی لەسەر دەکرا. لە ماوەی دەیان ساڵدا، دەوڵەتی تورک و میدیای باو بە ئانقەست پێشیان بە کوردان گرتووە تا بە ئامرازێکی سیاسی وەک شارۆمەندی سەربەخۆ نوێنەرایەتیی خۆیان بکەن. بە نێودێر کردنی داواکاریی سیاسیی کوردان وەک نیشانەی «فیۆدالیزم»، «درندانە» و «دواکەوتووانە»، دەوڵەتی تورک هەوڵی داوە پێش بە کورد بگرێ تا وەک شوناسێکی سیاسی-ئەتنیکی دانی پێدا بنرێ یان بتوانێ وەک کۆمەڵگای دووهەمی زمانی، دوای تورکان، خۆی بسەلمێنێ.[١] دوای ١٩٨٠، دەوڵەتی تورک و میدیا بەردەوام نارەزایەتیی سیاسی و چەکداریی کورد بە ڕێبەریی پارتی کرێکارانی کوردستان(پەکەکە)یان وەک «تیرۆریزم» ناو بردووە.[٢]

بۆ دروست کردنی قەوارەیەکی هاوچەشن، دەوڵەتی تورک، جێبەجێ کردنی سیاسەتێکی حەشیمەتی و ئەندازیاریی کۆمەڵایەتیی وەک تەکنیکێکی نەتەوەسازی لە ناو غەیرە تورکەکاندا دەست پێ کرد. ئەو ناوچانەی زۆرینەی دانیشتووانی کورد بوون، وەک «ناوچەی بێ پیت»ی کۆماری تورکیە باسی لێوە دەکرا کە پێویست بوو بە پرۆسەیەکی بە تورک کردن دەستەمۆ و شارستانییانە بکرێن. بە پەیڕەو کردنی دیسکۆرسێکی کۆلۆنیالیستی، کورد وەک «سوورپێستی» ئەمریکی سەیر کران کە گریمانە دەکرا لە ڕوانگەی کولتووری و ئابوورییەوە بۆ دنیای مۆدێرن گونجاو نەبن و یان دەبێ وردەوردە ئاسیمیلە بکرێن یان لەناو بچن.[٣] بە گوێرەی ئەو بۆچوونە، ناسنامەی کوردی بێنرخ کرا چونکە هێچ شوێنێکی لە دنیای مودێرندا نەبوو و داوای لێ کرا خۆی بخاتە ژێر ڕکێفی ناسنامەی گەردوونیی تورکی کە نە تەنیا بانگەشەی دەکرد کە پێناسەی گشتگیری تورکیەیە بەڵکوو ڕیشەی «سەرجەم شارستانییەت و زمانەکانی دنیایە».[۴]

ئەگەرچی سیاسەتی ئاسیمیلە کردنی تورکیە تا ڕادەیەک سەرکەوتوو بووە، کورد هێشتا هێزی سەرەکیی یەکانگیر کردنی پێناسەی سەربەخۆی تورکە و دەیهەوێ پرەنسیپە سیاسییەکانی هاوبەش کردن لە تورکیە داڕێژێتەوە.[۵] بەکورتی، سیاسەتی ئاسیمیلە کردنی زۆرە ملی، ڕاگواستن، ڕووخاندنی گوندەکانی کوردان، توندوتیژی و حاشا کردن، ئاکامی سیاسەتی تورکیە دژی دانیشتووانی کورد بووە.[۶] لە ئاکامی هەژاری و پێکدادانی سەربازی لە نێوان پەکەکە و دەوڵەتی تورکیەدا، چەند میلیۆن کورد ماڵەکانیان بەرەو شارەکانی خۆرئاوای تورکیە جێهێشتووە. هەزاران گوند وێران کراون و زیاتر لە ٢.۵ میلیارد هێکتار دارستان لە لایەن دەوڵەتی تورکەوە سووتێنراوە.[٧] ئەو گواستنەوە زۆرەملێیە، هاندەرەکەی ئابووری بووبێ یان سیاسی، بووەتە هۆی پێکهاتنی تاراوگەنشینانی خۆرئاوای تورکیە. تاراوگەنشینانی کورد لە شارەکانی خۆرئاوای تورکیە وەک «داگیرکاریی کورد» سەیر کراوە، کە بە گوێرەی ئەو ڕوانگەیە لە ئاخاوتنە فەرمی و جەماوەرییەکاندا، کورد وەک ڕەگەزێکی نزمتر[٨] و لە ڕوانگەی کولتوورییەوە ناتەبا لەگەڵ ژیانی شارنشینیی سەردەمیانە باسی لێوە دەکرێ و وەک دواکەوتوو، تاوانکار، خوێنرێژ و جیاییخواز دێتە ناو ڕۆژەڤ.[٩] زۆر کورد ئەو وێنە نەرێنییانەیان قەبووڵ کردووە

و کــورد بوون بە هاوتای تێنەگەیشـــتوویی، دواکەوتوویـــی و خـــاوەن هۆگـــری بوون بۆ ناســـنامەی بـــە رواڵەت ناوچەیـــی دادەنێن.[١٠] ئامانجـــی ئـــەو ئاخاوتنـــە خۆرهەڵاتییە دژی کوردان، دروســـت کردنی سیستەمێکی سیاسیی هیرارشـــی و چەسپاندنی بیرۆکەی ناسنامەی تورکی وەک ناسنامەی باڵادەستە کە کـــوردەکان بۆ چوونە ناو سیســـتەمێکی کۆمەڵایەتیـــی شارســـتانییانە، پێویســـتە پێشـــوازیی لێ بکەن. لـــە کاتێکدا کە بوونی ناســـنامەیەکی ئەتنیکی-سیاســـیی کوردی لە لایـــەن دەوڵەتـــی تورکەوە حاشـــای لێ دەکرێ، کپ دەکرێ و ســـزا دەدرێ؛ تورکی ئاســـایی، ددان بە کـــورد وەک ئەتنیکێکی جیـــاواز دادەنێن و ڕەوایی بە دیسکۆرســـی جیاکەرەوانـــە بـــە لەبەرچاوگرتنی جیاوازییە ڕاستەقینە و بانگەشە بۆ کراوەکانیان دەدەن، ئەوە دوو دیـــاردەی لەگەڵ یەک ناکۆکن. لە لێدوانە جەماوەرییەکانی تورکیەدا، کورد وەک تێکدەری ئاسایش و هەروەها وەک مڵە سەیر دەکرێ.[١١] دوای لێدوانە نەرێنییە مێدیایی و سیاســـییەکان کە کورد یان وەک گیروگرفت پێناســـە دەکەن یان هەر حاشـــا لە بوونیان دەکەن، تاراوگە نشـــینانی کورد لەو شـــارە تورکانـــە هەم وەک تورک بـــە خۆگونجاندن و ئاســـیمیلە بوون لە ناســـنامەی تورکیدا لە شوناسی خۆیان جیا دەبنەوە، یا بە پێداگریی لەسەر شوناســـی خۆیان وەک کورد جۆرێک لـــە بەرگریی دژی ئاسیمیلاســـیۆن نیشـــان دەدەن.[١٢]

لە ١٩٧٠ بەولاوە، لە ئاکامی ســـەرکوتی سیاســـی، توندوتیژیی و هـــەژاری لە ئێران، عێـــراق، ســـووریە و تورکیە، ســـەدان هەزار کـــورد بەرەو خۆرئـــاوای ئەورووپـــا، بۆ مافی سیاســـی، کولتـــووری، ئابووری و ئاســـایش کۆچیـــان کـــردووە. ئـــەوە لـــە چوارچێوەی سیاســـەتی لیبراڵ دێموکراسی و گونجاندنی فرە کولتووریـــی خۆرئـــاوای ئەوروپایی، لە پاڵ پرۆســـەی بە جیهانیی بوون و تەشـــەنە کردنی تەکنەلۆجیـــای زانیارییە کە کوردی تاراوگەنشـــینی، فرە تێکەڵاوی سیاســـەت، ســـەری هەڵداوە. بـــۆ ژمارەیەکـــی زۆر لەو کوردە کۆچبەرانەی لـــە تورکیە ڕایانکردووە و هەوڵیـــان داوە ناســـنامەی زۆرەملێـــی تورکـــی لەخۆیان داماڵن و/یان شـــێوەی خۆ پێناســـەکردن بە دەوڵەتـــی تورکەوە بگۆڕن، کۆچکـــردن ئەزموونێکـــی ئاڵوگـــۆڕ خوڵقێن بووە. بـــە لەبەرچاو گرتنی ئەو پێشـــینەیە و بە گوێـــرەی لێکۆڵینەوەیەکی چۆنایەتییانە و وتووێژ لەگەڵ ٣٠ کۆچبەری کورد لە سوید و بریتانیا، لەو بەشە لە سیاسەتی گرێدراوی لە نێو کوردەکانی تورکیەدا، لەگەڵ شـــێوەکانی ئەزموونکراوی سیاســـەتی ئاسیمیلاســـیۆنی تورکیـــە دەکۆڵینـــەوە و ئـــەو ئەزموونانە لە چوارچێوەی تاراوگەدا مانا دەکەینەوە.

جگـــە لەوە، لەو بەشـــە لە سیاســـەت و ســـنوورەکانی بەرخۆدان بۆ پێچەوانە کردنی دیسکۆرســـی ئاسیمیلاســـیۆنی تورکـــی و ئەســـتاندنەوەی کوردبوون لـــە چوارچێوەی توندوتیژی لە تورکیە، دەکۆڵینەوە.

## دروست کردنی هاوشێوەیی نەتەوەیی لە ڕێگای ئاسیمیلاسیۆنەوە

باشترین شـــێوە بۆ تێگەیشـــتن لە چەمکی ئاسیمیلاســـیۆن، لە چوارچێوەی مۆدێرنیتە و دەوڵەت-نەتەوەدایـــە. لە ڕێـــگای دیزاین، دەســـتێوەردان، بەڕێوەبـــەری و ئەندازیاری، مۆدێرنیتە بەتەما بوو سیســـتەمێک بەســـەر کۆمەڵـــگادا بســـەپێنێ و ئـــەو دووداڵییـــە بڕەوێنێتـــەوە کـــە بـــە هـــۆی جیاوازییـــە ئەتنیکییەکان دروســـت دەبێ.[١٣] مۆدێرنیتە نە تەنیا پێویســـتیی دانپێدانان وەک شتێکی گرینگ لە ژیانی مرۆڤدا سەیر دەکا، بەڵکوو بە هەمان شێوە ئەو دۆخانەشی دروست کردوون کە لەواندا زۆر جار دانپێدانان سەرپێچیی لێ دەکرێ.[١٤] چەمکی ئاسیمیلاســـیۆن، کە بە

واتای هاوشێوە یان وەک یەکە، یەکەمجار لە بایۆلۆجیدا کەڵکی لێ وەرگیرا. یەکەم جار کە کەڵکی لێ وەرگیراوە دەگەڕێتەوە بۆ ١٥٧٨ و ئاسیمیلاسیۆن وەک «کردەوەی گرتنە خۆ و یەک گرتن کە زیندەوەر دەیکەن، هاتووە. بێگومان، «ئاسیمیلاسیۆن» بە مانای گۆڕین بوو نەوەک ئاڵوگۆڕێک کە خۆت جێبەجێی دەکەی؛ ئەوە کردەوەی بوونەوەرێکی زیندوو لە ژینگەی خۆیدایە. ئەوە بە واتای «گۆڕین بۆ شتێک وەک سروشتی خۆی بوو». یەکەمجار لە ١٨٣٧ بوو کە چەمکی ئاسیمیلاسیۆن گشتێندرا و بە هۆی تەشەنە کردنی ناسیۆنالیزمەوە بوو بە دراوی باو. باومەن شی دەکاتەوە کە ئەوەی بوو بە هۆی سەرنجراکێش بوونی ئاسیمیلاسیۆن بۆ لایەنگرانی، لاسەنگیی ئاسیمیلاسیۆن وەک نەریتێکی کۆمەڵایەتی و یەکلایەنەبوونی ئاشکرای پرۆسەکەیەتی. بۆیە تاقمە کولتوورییە ژێردەستەکان پێویستییان بە ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی بوو بۆ ئەوەی خۆیان بگۆڕن تا زۆرتر وەک شوناسی خاوەن دەسەڵات بن کە وەک پێوەر سەیر دەکرێ. خولیای دەستەبەرکردنی یەکچەشنی کولتووری و زمانی لە چوارچێوەی دەوڵەت-نەتەوە دا پێویستی بە شالاوێکی بەربەرینی کولتووری و هەڵنەکەری لە بەرانبەر جیاوازییدا بوو. دەوڵەت-نەتەوەی مودێرن وەک دەسەڵاتێکی داڕێژەر دەور دەگێڕێ کە هاندەری وێکچوون و یەک چەشنی لە ڕێگای دەسنیشانکردنی ڕێکوپێکی و پشێوی، جیاکردنەوەی شیاو لە نەشیاو و ڕەواییدان بە شێوەیەک لە ژیان وەک باشتر لەوانی دیکەیە. بۆ دەستەبەر کردنی ئەو ئامانجە سیاسییانە، دەوڵەت-نەتەوە پەنای بۆ سیاسەتی ئاسیمیلە کردن برد.[١٦] ئاسیمیلە کردن بەو شێوەیە بوو بە ڕاگەیاندنی شەڕ دژی دوودڵی و ئەوانەی کە وەک «بێگانە بوون یان بە ڕێژەی پێویست خۆوڵاتی نەبوون».[١٧] ئەوە پرۆژەیەکی بە نەتەوەیی کردنی پێویست بوو تا ئەوانی شیاو و هاووڵاتیی شایستە لەوانی نەشیاو و ناهاووڵاتیی بێ بایەخ جیا بکاتەوە. ئەوە لەو چوارچێوەیەدایە کە ئەندامان/هاووڵاتیانی تۆخ لە ژێر دەستەکانی دەوڵەت-نەتەوە کە مۆرکی کولتووری و زمانییان لێ درابوو و بەدناوکرابوون، لێک جیا کرانەوە.

ئەو ڕوانگە سیاسییە کە ئاسیمیلە کردن، نوێنەرایەتیی دەکرد، تاکی خاوەن کولتووری جیاواز و قوربانی بەو بیرۆکەیە فریو دەدا تا بکەوێتە داوی گومانداری کە ئەو وەک ژێردەستەیەکی مۆرک لێدراو دەتوانێ بڵێتی چوونە ژووری «دنیایەکی پێ بدرێ کە لەوێدا لە بەدناوی و ئەوی دیکە بوون ڕزگاری دەبێ».[١٨] ئەوە دەخوازێ کە تاقمە کەم بایەخکراوەکان، نیشانەکانی جیاواز بوون لەخۆیان داماڵن تا بتوانن مەرجەکانی دیاریکراو لە لایەن دەرکەوانەکانی تاقمی دەسەڵاتدارەوە جێبەجێ بکەن. ئەو دۆخە لە نێو تاقمە کەم بایەخکراوەکاندا کە بە ئۆبژە کراون، بە وردی لە لایەن تاقمی دەسەڵاتدارەوە کە بڕیاردەری واتای هەڵسوکەوتی ئەوان، شەنوکەو کراون، دەتوانێ ببێتە هۆی دڵە ڕاوکێ. کاتێک تاقمێکی کەم بایەخکراو داوای چوونە نێو تاقمی خاوەن دەسەڵات، لە ڕێگای خۆ گونجاندن لەگەڵ بایەخەکانی تاقمی دەسەڵاتدار دەکا، ئەو بە شێوەی کاریگەر پلەی «دەسەڵاتی یەکلاکەرەوە، هێزێک کە دەتوانێ تاقیکەرەوە و دیاریکەری شێوەی هەڵسوکەوت بێ» دەبەخشێتە تاقمی دەسەڵاتدار.[١٩] پرۆژەی ئاسیمیلە کردن و کارکردەکەی دەکرێ وەک پرۆژەیەکی بە نەتەوەییکردن کورت بکرێتەوە کە دەیهەوێ یەکگرتوویی یاسایی، زمانی، کولتووری و ئایدیۆلۆژیکی لە چوارچێوەی سنوورە خاکییەکانی دەوڵەت-نەتەوەدا، دروست بکات. بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ فرەلایەنیی کولتووری، دەوڵەت-نەتەوە زۆر جار بە شالاوی

کولتووری، بێســـەبری، هەڵنەکەری دژی ئەو جیاوازییانە کە گوایە هەڕەشە لە تەواویەتیی نەتەوەیی و سیاســیی دەوڵەت دەکەن، وڵام دەداتەوە. چونکە دەوڵەتان بە نەتەوەیی کراون و نەتەوەکان هێنراونەتە ژێر ڕکێفی دەوڵەتان، ئەوە دەوڵەتە کــە مەرجەکانی هاووڵاتیبوون لە ڕێگای ئەمەگداریی سیاسی، جێی متمانە بوون و دڵسوزی بۆ یەک چەشنیی کولتووری دیــاری دەکا. ئەوە دەبێتە هــۆی پەیوەندی لــە نێــوان هاووڵاتــی بــوون و وێکچوونی کولتووری.[٢٠]

ستراتێژیی سەرەکیی تورکیە بۆ ئاسیمیلە کردنــی کوردان لە ڕێگای زمانــەوە بووە. بۆ دامەزرێنەری کۆماری تورکیە، مستەفا کەماڵ ئاتاتورک، کەسێک کە داوای کردبا ئەندامێکی نەتــەوەی تورکە، بــێ چەندوچــۆن دەبوو زمانی تورکی بزانێ. ئەگەرچی ناســیۆنالیزم و ڕەگەزپەرســتی دەکرێ بە شێوەی جیاواز، بە گوێرەی چوارچێوەی تایبەتی سیاســی و مێژوویی، فۆرموڵە بکرێن، ئەوان بە هاســانی بۆ دروســت کردنی کۆمەڵگەیەکی سیاسیی جیاکــەرەوە، هاوکاریی یەکتــر دەکەن.[٢١] بڕوانە چۆن یەکەم سەرۆک وەزیرانی تورکیە، عیسمەت ئینونو، باســی لە بیرۆکەی خۆی لەمەڕ پرۆسەی بە تورک کردنی ناتورکەکان کــردووە: «ناســیۆنالیزم تاکــە فاکتــەری یەکگرتووییمانــە ... لــە بەرانبــەر زۆرینەی تورکــدا، توخمەکانــی دیکــە هیــچ جۆرە دەستڕۆیشــتوویییەکیان نییــە. ئێمە دەبێ دانیشتووانی وڵاتەکەمان بە هەر نرخێک بێ بکەینە تورک و ئێمە هەر کەس دژی تورکان بوەستێتەوە لەناو دەبەین.»[٢٢]

ئاکامی ئەو ڕوانینە ئەوە بووە کە کەسێکی کورد کە دواتر بەهۆی ڕێکارەکانی تواندنەوەی زۆرەملــی بووەتە تــورک، لــە چوارچێوەی ســنوورەکانی دەوڵەتی تورکیــە و ئەوپەڕی سنووری نەتەوەیی و تاراوگەدا، بووەتە خاوەنی خۆیەتییەکی بریندار. تاراوگە هەم شوێنێکە و هەم جێگایەکی کۆمەڵایەتییە کە کوردەکان لەوێ تێگەیشــتنی خۆیان لەبــارەی واتای ئاسیمیلاسیۆن، بۆ ئەوان وەک کورد لە تورکیە، دادەڕێژن و ژیانی ئێستای ئەوان لە تاراوگە چ واتایەکی هەیە و چۆن دەتوانن هەڵسوکەوت بکــەن و دژی دەســەڵاتی ئاسیمیلاســیۆن لە ســەر خۆیەتیــی خۆیان بوەســتنەوە. بە پێچەوانــەی تاراوگەنشــینانی پەیوەندیــدار بــە دەوڵەتی تورکیەوە کە زۆر جار لەســەر دەســەڵاتی تورکی و پلەی باڵادەستی زمان و ناســنامەی تورکی پێداگرن، تاراوگەنشینە بێ دەوڵەتەکانی کــورد پەیتا پەیتا ئالنگاری بۆ دەوڵەتی تورکیە دروست دەکەن و هەوڵ دەدەن میرایەتــی تورک بەراوەژوو بکەنەوە و سیستەمە هیرارشییەکەی کە حاشا لە مافی غەیرە تورکان بۆ بوون بە شارۆمەندی ڕەوای کۆمەڵگا دەکا، بگۆڕن.

لــە خــوارەوە، مــن باســی گێڕانەوەی ئەو کەســانە دەکەم کــە وتووێژیان لەگەڵدا کراوە تا نیشــان بدەم چۆن ئاسیمیلاسیۆن، کەســایەتیی کوردانی لە سەردەمی منداڵی و گەورەســاڵیدا دروست کردووە و ئەوان چۆن وەک تاراوگەنشینانی کورد لە سوید و بریتانیا وڵامی ئاســەوارە شێلگیر و خوو پێگرتوەکانی سیاسەتی ئاسیمیلە کردنی تورکیان داوەتەوە.

## یاساغ کردن و لە مرۆڤایەتی داماڵینی ناسنامەی کورد

ستراتێژیی سەرەکیی دەوڵەتی تورک لەسەر شــەڕی کولتووری، شانبەشــانی توندتیژیی ســەربازی دامەزراوە تا ژیاننامەی کوردان لە تورکیە بسڕنەوە. کورد هەم نەریتی ئاسیمیلە کردنیان پەســەند کردووە و هەم بە توندی دژی ئــەو بەرەنگارییــان کــردووە، کــە بە شێوەی جۆراجۆر کاریگەریی لەسەر دروست بوونی ناســنامەی کوردی هەبــووە. ئەوە بەو مانایەیــە کە ژیان بــۆ کوردێک لە دەوڵەت-نەتــەوەی تورکیــەدا دژوار بووە و هێشــتا

دژواره و هێندێک جار گەلێک مەترسیدارە. ئاسیمیلەبوونی کورد لە ناسنامەی تورکیدا سەفەرێکی ساکار نەبووە چونکە ئەوە بە گوێرەی ڕێکاری زۆرەملێ و توندوتیژانە بووە.[٢٣] لەو کاتەوە دەوڵەت بڕیار دەدا کێ بکەری ئاسیمیلە کردنە و کێ ئاسیمیلە دەکرێ، هیرارشییەک لە نێو ئەندامە جیاوازەکانی دەوڵەت-نەتەوەکەدا دروست بووە.[٢٤] مەمۆ، کە پێش کۆچکردن بۆ سوید مامۆستا بووە، باسی دژوارییەکانی کورد بوون لە تورکیەی کرد و باسی ڕووداو و ئەزموونەکانی لە دەوڵەت و توندوتیژیی جەماوەریی دژی کوردانی کرد. ئەو جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە چۆن تورک بوون بە مانای یاساغ بوونی ناسنامەی کوردی بووە:

لە نیشتمانی من کوردستان، من بێگانە بووم. لە نیشتمانی خۆم، ناوی من قەدەغە بوو، زمانی من قەدەغە بوو، ئاڵای من قەدەغە بوو، ناولێنان لە نیشتمان و مناڵەکانمان قەدەغە بوو، ئێمە خەڵکێکی قەدەغەکراو بووین (مەمۆ، پیاوێکی تەمەن ٥٠ ساڵ، سوید).

بەسەرهاتی سەرەوە لەگەڵ شێکاریی باومەن یەک دەگرێتەوە کە ئاسیمیلاسیۆن بە مانای شەڕ دژی ناسنامە و زمانی ئەو کەسانەیە کە وەک هەڕەشە بۆ سەر کۆمەڵگای نەتەوەیی و وێکچوونی نەتەوەیی سەیر دەکرێن.[٢٥] پێویستە بە ئاماژەیە کە کورد و تاقمە غەیرە تورکەکانی دیکە لەو ناوچانە بێگانە نەبوون بەڵکوو لە ڕێگای نواندنە ڕەخنەگرەکانی تورک کە هەوڵی دەدا لە ئاستی ناوچەییدا کولتوور، ئایین و خەڵکی غەیرە تورک بسڕێتەوە، غەوارە کران. لەیلا گێڕایەوە کە باوکی لە کوردستانەوە بۆ بورسا کۆچی کرد و باسی شێوەی هەڕەشە لێکرانی لە لایەن بنەماڵەیەکی تورکی کرد کە جیرانی تازەیان بوو:

لە حەفتاکان کاتێک باوکم لە بورسا دەژیا، بە تورکێکی گوت کە ئەو کوردە. تورکەکە پێی گوت: «کورد تورکان دەخۆن؟» ئەوان لەوە دەترسان کە بنەماڵەی ئێمە کاتێک ئەوان خەوتوون، سەریان ببڕن. ئێمە ماوەی ٣ ساڵ جیرانیان بووین و کاتێک لەوێ ڕۆیشتین، ئەو گەلێک دڵگران بوو و لە بۆچوونی پێشووی لەمەڕ کوردان گەلێک پەژیوان بوو. ئەو گوتی مێشکی شۆردرابووە و فێر کرابوو کە کوردان وەک مرۆڤ سەیر نەکا (لەیلا، ژنێکی تەمەن ٥٣ ساڵ، بریتانیا).

ئەو بەسەرهاتە ئاشکرای دەکا چۆن یەک شێوە دیتن و مۆرک لێدان، ڕوانگەی زاڵی تورکان بەرانبەر بە کوردان، نە تەنیا لە ڕابردوودا بەڵکوو لە سەردەمی ئێستادا دروست دەکا، کە کورد وەک ئارێشەی ئەمنییەتی بە هۆی خستنە مەترسیی مانەوەی دەوڵەتی تورک و دیسکۆرسی هاوشێوەی ئەتنیکییەکەی سەیر دەکا. جگە لەوە، ئەو ئەزموونە دوولایەنەی سەرەوە هەم هێزی یەک شێوە دیتن و لە مرۆڤایەتی داماڵینی کوردان و هەروەها ئەو ئاڵوگۆڕە ئافرێنەرە و ئەرێنییە لە پەیوەندیی نێوان ئەندامانی تاقمی دەسەڵاتداری تورک و کوردە بە کەمینە کراوەکان، ئاشکرا دەکا. لە چوارچێوەیەکی هاوشێوەدا، ئەوین، کە لە لوبنان لە دایک بووە بەڵام لە ئەزمیر گەورە بووە، باسی ئەزموونی ئەوی دیکە بوون، وەک کورد، لەو شارەی کرد:

لە بیرمە بقە بوو لە قوتابخانە بڵێی من کوردم یان بە کوردی قسە بکەی چونکە تورکی یاسا بوو. لە قوتابخانە هەموو دەیانزانی کە من کوردم. لە کاتی وانەیەکی ژیمناستیک بوو کە مامۆستایەک پرسیاری لێ کردم مانای نێوەکەم چییە. ئەو گوتی ئەو نێوە ناتوانێ تورکی بێ و من گوتم نێوەکە کوردییە. ئەو وشەی کوردیی پێخۆش نەبوو. هەموو قوتابییەکان لە وانەی ژیمناستیک نمرەی باشیان وەرگرت جگە لە من. گاڵتەجارییەکە ئەوە بوو کە لە پۆلی خۆمدا، من لە وەرزش

لێهاتووترین بووم. جارێکیان جیرانێکمان له ئەزمیر پێی گوتین: «هیوادارم زەرگەتەیەک به زمانتانەوەدا تا هەرگیز نەتوانن وشەیەکی کوردی بڵێن.» (ئەوین، ژنێکی تەمەن ٣٩ ساڵ، سوید).

ئەوه بەو مانایەیه که زۆر جار هاڵاواردنی به دامەزراوەیی کراو هاوکاریی هەڵاواردنی جەماوەری و ڕۆژانه له دژی ناسنامەی کوردیی کردووه. بەو هۆی ئەو بەرەوڕوو بوونەوه به دامەزراوەییکراوه و ڕۆژانەیه و ئەو ئەزموونانه که ئەوین له سەرەوه ئاماژەی پێ کردن، کورد ناچار کران کورد بوونی خۆیان به کەم بگرن تا ببنه کەسێک، یان شێوەیەک له تێگەیشتنی ئاسایی له ڕوانگەی تاقمی دەسەڵاتداری تورک وەدەست بێنن. له چوارچێوەی دروستکردنی ناسنامه و ژێردەسته کردنی پاشکۆلۆنیال، ڕاداکریشنان پێداگره که بۆ ناسنامەکان گرینگه که له لایەن خۆیانەوه و هەر وەها له لایەن ئەوانی دیکەوه ڕەواییان پێ بدرێ. دەنا «ئەوان ناچارن له نێو بەسەرهاتەکانی کەم بایەخ بوونیاندا، به بێ پەیوەندیی پلەوپایەی سەربەخۆی خۆیان بەرانبەر به پلەوپایەی سەربەخۆی ناسنامەکانی دیکە، بتوێنەوە».[٢٦] ئەو بەسەرهاتانەی بەکەمگرتنه، کاتێک وتووێژ لەگەڵدا کراوەکان باسی ئەزموونەکانیان و بیرەوەرییەکان لەبارەی ناسنامه حاشا لێکراوەکەیان له چوارچێوەی سیستەمی یاسایی تورکیه دەکەن، زۆرتر هەستی پێ دەکرێ، وەک چۆن بەشی داهاتوو نیشانی دەدا.

## سڕوشتی کردنی ملکەچییەتیی کورد و باڵادەستیی تورک

کاتێک له بارەی گەورە بوون له تورکیه وەک منداڵێکی کورد پرسیار کرا، ئارمان ئاماژەی بەوه کرد که پێداگری له سەر ناسنامەی کوردی وەک ئەوه بوو که خۆت له بەندیخانه هاوێی و له بەرانبەر هاووڵاتیی تورکیه بووندا، سەرهەڵدان بکەی. ئەوه هۆی ملکەچ بوونی ژمارەیەکی زۆر له کوردان بۆ دەوڵەتی تورک بوو تا بتوانن بژیوی خۆیان دابین بکەن. جگه لەوه، ئەو شتەی کردەوه که پێداگریی له سەر کوردبوونی خۆت به مانای «خائین» بوون بوو که یان دەبوو تورکیه جێ بهێڵی یان دەست له سامانەکانی کۆمەڵگا له تورکیه بشۆری. ئەوه ئاشکرای دەکا چۆن ملکەچ بوون بۆ سیاسەتی ئاسیمیله کردن بەشێکی دەگەڕاوه بۆ هۆی پراگماتیکی. بەڵام، ئەوه تەنیا بەشێک له مەسەلەکەیه چونکه مۆرک لێدانی کولتووری و ژێردەسته کردن بەردی بناغەی دروست کردنی ناسنامەی ژێردەسته کراوی کوردی بوون. هێزی دەوڵەت کەڵک له دامەزراوه کۆمەڵایەتییه جیاوازەکان بۆ دروست کردنی تاقمێک به «سەپاندنی پەرنسیپی هاوبەشی تێڕوانین و دابڕان به سەریدا و بەو شێوەیه تێڕوانینێکی تاقانەی ناسنامەکەی و تێڕوانینێکی دەقاودەق له یەکیەتی»، وەر دەگرێ.[٢٧] به دروستکردنی ئەو تێڕوانینه دەقاودەقه له یەکیەتی، دەوڵەتی تورکیه توانی ناسنامەی کوردی ڕاگوێزێ و لەخۆی بێگانەی بکا. بۆ بوون به هاووڵاتیی تورکیه، کورد داوایان لێ کرا بیسەلمێنن که ژیاننامه کوردییەکانی خۆیان سڕیوەتەوه و له ژیانی فەرمی و ڕۆژانەی خۆیاندا بێکەڵکیان کردووه. ئارام بەسەرهاتێک له بارەی هەوڵی باوکی بۆ بەتورک بوون و تێکۆشانی ناوبراو بۆ گەیشتن به پلەی «هاووڵاتییەکی خاوەن شارستانییەت» دەگێڕێتەوه، ئەزموونێک که بیرهێنەرەوەی دۆخی کۆلۆنیال بوونه:

ئێمه دووکانێکمان هەبوو که من وەک بەرگدروو تێیدا کارم دەکرد و له بنکەیەکی پۆلیس نزیک بوو. ژمارەیەک له مشتەرییەکانم ئەفسەری پۆلیس بوون. کاتێک ئەو ئەفسەره پۆلیسانه دەهاتنه دووکانەکەمان، باوکم داوای لێ دەکردین به کوردی قسه نەکەین بەڵکوو

تەنیـا بە تورکــی بدوێین. ئەو لــە ئاخاوتن بە کوردی شــەرمی دەکرد و دەیهەویست لە لای ئەفســەرە پۆلیســەکان خۆی وەک تورک و پێشــکەوتوو نیشــان بدا. بە تورکی ئاخاوتن وەک شارســتانی بوون سەیر دەکرا. تۆ ئەو هەڵوێســتەت لە ناو لاوان و هەر وەها بەســاڵاچووانی کوردیشــدا دەدیت (ئارام، پیاوێکی تەمەن ۴۸ ساڵ، سوید).

ئەوە ئاشــکرای دەکا کە لــە کاتێکدا کە ناســنامەی کــوردی یــان زمان نیشــانەی دواکەوتوویــی بوون، تورک بــوون هاوواتای شارســتانییەت و پێشــکەوتوویی بوو. ئەوە هەســتێکی نزمتــر بوونــی کۆمەڵایەتیی لە مێشــکدا دەچەســپاند کــە دەوڵەتی تورک بڕیــاردەری بوو. ئەوە پرســی ئەزموونی تاکە کەســی نییە، بەڵکوو مانای بەربڵاوتری هەیە کە بۆ چەند جیل تەشــەنە دەکا. حەســەن، کە کوردێکی عەلەوییە، بە ژانەوە ژێردەســتە بوونــی خۆی بە هۆی ئەتنیک و پێشــینەی ئایینیی خۆی دێتەوە یاد:

کاتێــک تەمەنم ۵ ســاڵ بــوو چوومە قوتابخانــە. تــۆ وەک منداڵێک بیر لەو شــتە ناکەیــەوە تا دەچی بــۆ قوتابخانە کە هەموو شــتێک بە تورکییە. کاتێک ئێمە بە کوردی قســەمان دەکــرد، مامۆســتاکانمان لێیان دەدایــن. ئەوە لــە حەفتاکانــی زایینی بوو. مەبەستم ئەوەیە کە تۆ دەچی بۆ قوتابخانە و مامۆستا شتێکت بە زمانێک لێ دەپرسی کە تۆ لێی تێ ناگەی و پاشان تێت دەسرەوێنن چونکــە تۆ لە تورکــی یان لە پرســیارەکە تێناگەی. وردە وردە، تورکییەکەی تۆ باشــتر دەبێ و تۆ زمانــە کوردییەکەی خۆتت لەبیر دەچێتەوە. ئەوە گەلێک بەژانە کە تۆ کوردی و ناتوانی بە زمانی خۆت قســە بکەی. زمانی تورکی لە هەموو شــوێنێک بوو، لە شــەقام، لــە وێژە، رادیۆ و تەلەفزیــۆن. زۆر کەس لە گونــدی من دەڵێن تورکن چونکە حاشــا لە ناســنامەی کوردیی خۆیان دەکەن. دەوڵەتی تورک هەر ئێستا کارێکی وەهای کردووە کە ئەو خەڵکە ناسنامەی کوردیی خۆیان لەکیس بدەن. کوردەکان خەریکە شەرم لە ناسنامەی کوردیی خۆیان بکەن و پێیان وایە ناسنامەی تورکی باشــترە. لە بیرمە کاتێک ئێمە منداڵ بووین و کەســێک تورکییەکی باشتری قسە دەکرد، ئەو وەک کەسێکی باشــتر ســەیر دەکرا. ئێمە کاتێک بە باشــی تورکیمان قسە نەکردبا، بەردەوام لە لایەن مامۆستاکانمانەوە لێمان دەدرا. کاتێک تەمەنم ۱۰ ســاڵ بوو و گواســتمانەوە بۆ ئیستەمبوڵ، شەرمم دەکرد کە بە باشــی تورکی قســە ناکــەم چونکە ســەرجەم هەڤاڵەکانم تورک بوون و لەسەر شێوەی ئەدا کردنی وشــەکان گاڵتەیان پێ دەکــردم. بــەڵام فێر بــووم تورکییەکی بێ خەوش قســە بکەم. سیســتەمی فێرکردنی تورکیە زەختت بۆ دێنێ تاکوو تا ئەو جێیەی دەکرێ ببی بــە تورک بۆ ئەوەی گونجاو بی (حەسەن، پیاوێکی تەمەن ۵۳، بریتانیا).

ئەزموونەکانی حەسەن ئاشکرای دەکەن ئاسـیمیلە کردن چــۆن بەڕێــوە دەچێ و چۆن ناســنامەی تورکی بە هۆی هەژمۆنی پشــتگیریکراو لە لایەن دەوڵەتــەوە، غەیرە تورکەکان ســزا دەدا و مێشــک و جەستەی غەیرە تورکەکان داگیر دەکا. حەسەن هەوڵ دەدا چوارچێوەیەک شــی بکاتــەوە تا تێبگا چۆن ناســنامەی تورکی لــە کۆمەڵگایەکی بەربڵاوتر وەک ناســنامەی خاوەن دەسەڵات کە دامەزراوەکان دروســت دەکا، جیاوازییان هەڵدەســەنگێنێ و هیرارشی دروست دەکا، هەژمۆنی وەدەست دێنێ و هەروەها خۆیەتیی تاکی کــورد دادەڕێژێ و داگیــری دەکا. لە چوارچێوەی پرۆســە چــڕ و زۆرەملێیەکانی بە تورک کردنی ناســنامە و شــوێنە غەیرە تورکەکان، کورد پێویســتیان بوو «خەبات بۆ جێکردنــەوە لە دنیایەک بکەن، کە بۆ ئەوانی دیکە دروست کراوە».[۲۸]

لێهاتوویــی و زانیــاری لە ســەر زمانی

خاوەن دەسەڵات، بەڵگەنامەی گەیشتن بە ئیمتیازی جۆراجۆر و ددان پێدانان لە سەر حیسابی ئەو تاکە کۆلۆنیکراوانەی کە نەیانتوانیوە بگۆڕدرێن و پێمل بوونی خۆیان، لە ڕێگای فێربوون و بوونە نوێنگەی کولتوور و زمانی شوناسی خاوەن دەسەڵات، نیشان بدەن، بە تاکە کۆلۆنیکراوەکان دەبەخشێ.[٢٩] بە گوێرەی بۆردیۆ، دەوڵەتان کەڵک لە پەروەردە و فێرکردن بۆ دروست کردن، ڕەواییدان و سەپاندنی زمان بۆ وێکچوونی نەتەوەیی، هۆشیاری و پێکهاتەی دەروونی وەردەگرن.[٣٠] ئارام چوارچێوەیەک نیشان دەدا کە چۆن لەوێدا هێزی هێمای تورک بوون، لە ڕێگای پەروەردە و فێرکردنەوە، کاریگەریی دەکاتە سەر کوردان:

لە قوتابخانە، ئێمە هەموو ڕۆژێک سووکایەتیمان پێ دەکرا. سووکایەتی کردنەکە شتێکی ئاسایی بوو چونکە ئێمە منداڵانی کورد دەبوو ڕامانگەیاندبا کە تورکین و ئامادەین گیانی خۆمان بۆ نەتەوە و دەوڵەتی تورک بەخت بکەین. وەک کورد، تۆ هەست دەکەی کە لە لایەن دەوڵەتی تورکەوە بە شێوەی دەروونی لاقە کراوی. ئەوە شێوەیەکی لە ڕادەبەدەری سووکایەتی بوو. ئەگەر تۆ لە زمانی تورکیدا بە شێوەیەکی باش لێهاتوو نەبووبای، تووشی هەڵسوکەوتی نەرێنی لە لایەن مامۆستاوە دەبووی، هەروەها بەرەورووی مەترسیی وەرگرتنی نمرەی نزمیش دەبوویەوە. ئەگەر نەتتوانیبا مەبەستی خۆت بە تورکییەکی باش دەربڕی، تووشی سزدان دەبووی، کە زۆر منداڵی کورد نەیاندەتوانی چونکە دایک و باوکی ئەوان تورکییان زۆر باش نەدەزانی. مامۆستاکان لە کورد و تورک پێکهاتبوون. ڕێژەیەکی زۆر کەم مامۆستای کورد هەبوون کە ئاگاداری ناسنامەی کوردیی خۆیان بوون. زۆر مامۆستای کورد بەرانبەر بە قوتابیانی کورد بە زەبر و زەنگتر بوون، چونکە ئەوان دەیانهەویست بیسەلمێنن کە بە نەتەوە و دەوڵەتی تورک وەفادارن (ئارام، پیاوێکی تەمەن ٤٨ساڵ، سوید).

لە سەرەوە ئارام لە زمانێکی سێکس لێدراو بۆ شیکردنەوەی کارتێکەریی زمان و ناسنامەی تورکی لە سەر هۆش و جەستەی منالی کورد و ئەو سووکایەتییە کە ئەوان هەموو ڕۆژێک تووشی دەبوون، کەڵک وەردەگرێ. لە لێکدانەوەی نووسەری پاشکۆلۆنیال ئێدوارد گلیسانت، بریتۆن شێ دەکاتەوە کە زمان دەتوانێ وەک ئامرازێک بۆ فەرمانڕەوایی و کونترۆڵ کردن کەڵکی لێ وەرگیرێت. لە کاتێکدا کە تاکی کۆلۆنیکراو لەوانەیە زمان بکاتە ئامرازێکی سیاسی بۆ خەبات و سەکۆیەکی سیاسی بۆ وروژاندن دژی داگیرکەر، ئەوەش ڕاستە کە ئێلیتی خوێندەواری نێو تاقمی داگیرکراو، بە هۆی هەستی نزمتر بوون، کەڵک لە زمانی داگیرکەر وەک پێوانەیەک بۆ بەرز بوونەوەی پلەی کۆمەڵایەتی و جووڵە و هەروەها زاڵ بوون بەسەر ژێردەستەبوونی داگیرکەردا وەرگری.[٣١] بۆ مامۆستای کورد لە گێڕانەوەکانی ئارامدا، یەکێک لە ڕێکارەکانی دانپێدانان لە لایەن مامۆستا تورکەکانەوە ئەوە بووە کە وەک سوپەر تورک خۆی وەک پارێزەری لێهاتوویی لە زمانی تورکی دا نیشان بدا. ئەوە ئەو دۆخەیە کە شێ دەکاتەوە چۆن تاقمی دەسەڵاتدار پلەی «دەسەڵاتی بڕیادەر، هێزێک کە مافی تاقیکردنەوە و دەستنیشان کردنی لێهاتووییە» دەستەبەر دەکا.[٣٢]

ئارام ئاماژەی بەوە کرد کە سەرەڕای هەوڵی ئەو مامۆستا کوردانە، ئەوان نەیاندەتوانی ناسنامەی کوردیی خۆیان لە کاتی ئاخاوتن بە زمانی تورکی بشارنەوە، چونکە بە شێوەی ئاخاوتنەکەیان ڕا دیار بوو کە کوردن. دوودڵی باڵ بەسەر دروست بوونی ناسنامەی کوردیدا دەکێشێ. ئەگەر ئەوان بە گوێرەی تێڕوانینی سیاسیی پێشکەش کراو بۆ ئاسیمیلە بوون، بیانگوتبا تورکن، تا لەو

ڕێگایەوە بڵێتی نەتەوەیی بۆ ناسنامەی خاوەن ئیمتیازی تورکی وەرگرن، بە هۆی شێوەی ئاخاوتن و ئەو جیاوازییانە کە کورد بوونی ئەوانی ئاشکرا دەکرد، نەیاندەتوانی ڕەوایی وەرگرن و ببنە ئەندامی تۆخی کۆمەڵگای تورکی. جگە لەوە، ئەگەر ئەوان پێداگرییان لەسەر جیاوازییەکانیان کردبا و داوای مافەکانیان، دانپێدانانی فەرمی و قەبووڵکرانی ناسنامە کوردی و زمانەکەیانیان لە ژیانی ڕۆژانە و دامەزراوەییدا کردبا، ئەوە بە مانای جیا کردنەوەی زیاتر، تووش بوونی هەر جۆرە توندوتیژییەک و بەند کرانیان بوو.

ئەو کەسانەی لەسەرەوە وتووێژیان لەگەڵدا کراوە باسی تاکی کوردیان کردووە کە کەوتوونەتە ژێر کرداری ئاسیمیلەکردن کە پێناسە کردنی خۆیان و ئەوانی دیکە بە توندی کەوتووەتە ژێر کاریگەریی ئەوەوە. بۆ پەرە گرتن، جووڵانەوە کوردییەکان کە لە کاتی جیاجیادا دژی دەوڵەتی تورک سەریان هەڵداوە، نەیانتوانیوە خۆیان لە دەسەڵاتی زمانی تورکی ڕزگار بکەن، تەنانەت کاتێک کە مودێلێکی سیاسی بۆ ڕزگاریی کوردانیان دارشتووە. ئارام، کە لە هەشتاکانی زایینیدا ئەندامی حیزبی ئاڵای ڕزگاری بووە، باسی پێچەوانەیی و قووڵایی ئاسیمیلە کردنی تورکی کرد:

تەنانەت حیزبە سیاسییەکەمان کە شۆڕشگێڕ بوو و دەیهەویست کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆ دروست بکا، پەیوەندی و دیالۆگەکانی بە زمانی تورکی بڵاو دەکردەوە. ژمارەیەکی زۆر لە هەڤاڵانمان نەیاندەتوانی بە کوردی قسە بکەن یان کوردییەکەیان گەلێک سنووردار بوو و نەیاندەتوانی بە شێوەی گونجاو مەبەستی خۆیان دەربڕن. ئێمە بە زمانی تورکی سیاسەتمان دەنووسی، دەخوێندەوە و شرۆڤە دەکرد. ئێمە تا ئەو جێیەی بمانتوانیبا بە تورکی قسەمان دەکرد. زمانی تورکی ڕۆچووبووە ناو شادەماری تیغەرەی پشتمان و مێشکمان بە چڕی لە لایەن دەوڵەتی تورکەوە شۆردرابووەوە. هێندێک جار لە نێو حیزبەکەماندا، یەکێک پێشنیاری دەکرد بە کوردی بدوێین، بەڵام ئەو کەسە دەستبەجێ مۆرکی شۆڤینی و نەتەوەپەرستبوونی لێ دەدرا. ئەوە زۆر دژی یەکە، چونکە تۆ بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ دەجەنگی و ویستی قسە کردن بە کوردیت نییە. کاتێک خەڵکەکەت بە تورکی قسە دەکەن، بۆ پێویستیت بە کوردستانێکی سەربەخۆیە؟ (ئارام، پیاوێکی تەمەن ٤٨ ساڵ، سوید).

لە پەیوەندی لەگەڵ نایەکسانیی کولتووریدا، قسە کردن بە زمانێکی سەرکوت کراو وەک زمانی کوردی بە شوناسێکی تێکدەرانە دەلکێندرێ کە لە بەناو هاوپشتیی نێوان شارۆمەندە جیاوازەکان کە زمانی تورکی بەڵێنی داوە، سەرپێچی دەکا. ڕوانگەیەکی وەها ڕۆمانتیک لە زمانی تورکی وەک سروشتی و ئامرازێکی پەیوەندی لە چوارچێوەیەکی فرەزمانییدا، توندوتیژیی مێژوویی و هەنووکەیی دەشارێتەوە کە بناخەی دروستکردنی نەتەوەی تورکی لەسەر دامەزراوە. لە چوارچێوەیەکی هاوشێوەدا، هاقین، کە دایک و باوکی لە شاری قونیە لە دایک بوون، باسی بنەماڵەیەکی کوردی کرد کە پتر لە سەت ساڵ لەوەپێش بۆ ئەوێ کۆچیان کردووە تا کۆمەڵگای جیاوازی کوردی لەوێ دامەزرێنن و هەڵوێستی کولتووریی جیاوازیان لە پەیوەندی لەگەڵ ناسنامەی تورکی کە سیاسەت وەک پێوەر و جێگای پەسەند بریاری بۆ داوە، هەبێت. هاقین باسی گوندێکی کوردیی دیکەی نزیک هەمان شاری کرد کە بە پێچەوانەی گوندی ئەوان، هەوڵی دابوو شوناسی تورک بوون بە ئاماژە بە گوندی هاقین وەک «جووتیاری دواکەوتوو» پەسەند بکەن. لە کاتێکدا کە دانیشتووانی هەردوو گوندەکە خزمی یەکتر بوون، هەڵوێستی

ئەوان لە پەیوەندی لەگەڵ شوناسی کوردیدا جیاوازە، چونکە ئەندامانی گوندەکەی دیکە تەنیا بە تورکی قسە دەکەن و هەوڵ دەدەن بە دروست کردنی کەشوهەوایەکی تورکی لە ماڵەکانیاندا خۆیان پێشکەوتووتر بنوێنن. هاڤین، کە هەڵوێستێکی سیاسیی بەهێزی دژی دەوڵەتی تورکیە گرتووە، باسی سەردانەکەی بۆ شاری ئامێد(دیاربەکر)، کە زۆرینەی دانیشتووانی کوردن و پرسی زمان بۆ حیزبی لایەنگری کوردان حیزبی ئاشتی و دێموکراسی (بەدەپە) کە ئێستا نەماوە و حیزبی دێموکراسیی گەل (هەدەپە) جێگای گرتووەتەوە، دەکا:

کاتێک لە ئامێد بووم، وەگ گاڵتە پێیان گوتم، «ئەگەر دەخوازی فێری تورکی بی، دەبێ بچی بۆ لای بەدەپە». ئەوە جۆکێک بوو کە لە ئامێد لە نێو ئەندامانی بەدەپەدا لەسەر زاران بوو. ئەوان کەڵکیان لە تەوس وەردەگرت تا دەسەڵاتی زمانی تورکی، تەنانەت لە نێو حیزبێکی کوردیدا باس بکەن (هاڤین، ژنێکی تەمەن ۲۷ ساڵ، سوید).

ئەوە دەمانگەیێنێتە پرسی سەرکوتی ڕەگەزیی خوو پێ گرتوو، کە لە تیۆریدا دەوری ڕوانگەیەکی گونجاو دەگێڕێ بۆ تێگەیشتن لە کاریگەرییە دەروونی و ماددییەکانی خووگرتن بە لاوازیی کورد و بەهێزیی تورک. خووگرتن بە بەهێزیی تورک لە ناو کورداندا یارمەتی بە باڵادەستیی ماددی، دەروونی و کولتووریی و زێدەمافی تاکی تورک دەکا.[۳۳] دەبێ دووپات بکرێتەوە کە بە جەخت کردن لەسەر خووپێگرتوویی بە بەهێزیی تورک، ئامانجی من ئەوە نییە کە کوردان تاوانبار بکەم، کە قوربانیی سەرەکیی پێکهاتەکانی نایەکسانیی ئەتنیکین کە سوود بە ناسنامەی تورکی دەگەیەنن. پایک شی دەکاتەوە کە سیستەمی سەرکوت خۆی بە ناچار کردن و چەوساندنەوەی شاراوە لەگەڵ ڕازیکردنی تاقمی سەرکوتکراو پشتڕاست دەکاتەوە. بە گوێرەی بیرۆکەی گرامشی لەمەڕ هەژمونی، ناسنامەی تورکی پلەی ئێستای خۆی نە تەنیا بە توندوتیژی بەڵکوو بە کۆنترۆڵی چۆنیەتیی دروستکردنی ڕاستی و ئەم شێوەیە لە ئایدۆلۆجیا و زانیاری کە لە بارەی بە نەتەوەبوون بەرهەمی هێناوە، دەستەبەر کردووە. زانیاری و ناسنامەی تاقمی دەسەڵاتدار زۆر جار بە کۆمەڵگادا دەخولێتەوە و ژیانی ڕۆژانە، ژیانی دامەزراوەیی، ڕێکارەکانی ڕێکخستن و بیرۆکراتی دادەڕێژێ.[۳۴] ئەو گشتگیر کردنی ناسنامەی تورکییە خۆی وەک ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندییەکانی ئەتنیکە ژێرچەپۆک کراوەکان و تاقمە ئایینییەکان لە تورکیە دەنوێنێ. لەو ساتەوە کوردەکان خۆیان لەگەڵ تاقمی دەسەڵاتدار، دامەزراوەکانی و ویژەی هەژمونیکی نەتەوەییی ئەو، پێناسە دەکەن، ئەوان دەچنە نێو ڕێککەوتنێکی سەرکوتکەری بە دامەزراوییکراو کە ئەوان ژێر دەستە دەهێڵێتەوە و بەردەوامیی ملکەچ بوونی ئەوان دەپارێزێ. ئەوە لە پەیوەندی لەگەڵ ئاسیمیلە کردن لە چوارچێوەی دەوڵەت-نەتەوەدا دەبێتە هۆی بەرخۆدان، بەڵام لە چوارچێوەکانی تاراوگەشدا دەرفەتی نوێ بۆ کوردانی تاراوگە دەڕەخسێنێ تا بیرۆکەی ناسنامەی تورک کە بە ڕواڵەت لە کۆمەڵگایەکی فرەچەشن بەڵام لێک دابڕاودا، هێزی یەکخەرەوەیە، داڕێژنەوە و بیگۆڕن.

## سنوورەکان و دەرفەتەکانی بەرخۆدانی تاراوگە

لە تورکیە، بە گوێرەی ڕێچکەی زاڵی سیاسیی دەوڵەتی تورک، کورد بەردەوام دەکەونە ژێر توندوتیژیی سیاسی و شێواندنی ڕاستییەکان کە خەباتی سیاسیی کوردان تا ئاستی پرسی «تێرۆر» دادەبەزێنێ. هەر وەک لەسەرەوە باسم کردووە، خوو گرتن بە سەرکوت لە ناو کورداندا هۆی سەرەکیی پاراستنی چنگی دەوڵەتی تورک لە قورگی دانیشتووانی

کــورد وەک ژێردەســـتە و خوارووتر لەوانی دیکە بوونە. بەڵام، ئــەوە بەو مانایە نییە کە بڵێین کورد، بێخوست ملکەچی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی ســـەرکوتکەر دەبــێ. زانیاریی ئەزموونی ئاشکرای دەکەن کە ڕەگەز، ئایین و پەروەردە و فێــر کردن دەوری گرینگ لە قەبووڵکردن و دارشـــتنی ئەزمـــوون، ڕوانگە و گێرانـــەوەی جیـــاواز لەبـــارەی چۆنیەتیی ئافراندنـــی کورد بوون، بە پێمـــل بوون یان بەرێوە بردنـــی بەرخۆدان و هاوکاریی لەگەڵ دەسەڵات، دەگێڕێ.

پایک جەخت دەکاتەوە کە یەکانگیرییەکی تیۆریک لەمەڕ بەرخـــۆدان هەیە کە زۆرجار ئەو زانایانە کە بـــەدوای ڕزگار کردنی تاقمی ژێردەستەوەن، لەبەر چاوی دەگرن. ئەگەرچی ئەو قەبووڵ دەکا کە نیشاندانی تاقمێک تەنیا وەک بێدەســـەڵات و قوربانی کێشەخوڵقێنە، پێگەی ئەو ناتوانێ ببێتە هۆی ئەوە کە ئێمە بۆ تیشک خستنەسەر ناکاریگەریی دەسەڵات و خۆڕاگریی تاقمە ژێردەســـتەکان، لە هەموو شوێنێک بەرخۆدان ببینین. تاک و تاقمەکان زۆر جار چەند شـــێوە ســـتراتێژی لەبەرچاو دەگرن وەک هاوکاری، ئاسانکاری و خزمەت کـــردن و بەرهەمهێنانەوەی دەســـەڵات.[٣٥] بۆ وێنە ئەگەر ئێمـــە لەمەڕ پلە و بەربڵاویی بەرخۆدانی کورد دژی دەســـەڵاتداریی تورک زێدەڕۆیی بکەین، مەترســـیی ئەوە هەیە کە پێکهاتـــەی ســـەرکوتکەری دەوڵەتی تورک بنکۆڵ بکەین کە زۆر جـــار بناخەی خودی دەسەڵات سنووردار دەکا. ئەوە بۆیە نییە کە بڵێین کـــورد توانای بەرخۆدانیـــان نییە یان ناتوانن جوابی ئەو پەیوەندییە ناهاوسەنگانەی دەسەڵات بدەنەوە کە ئەزموونی دەکەن.

وەک لـــە ژێرەوە دەر دەکـــەوێ، دۆخی گەلێک جیاواز هەن کـــە لەوێدا تاکی کورد دەتوانـــێ هەڵبژێرێ دژی ئاســـیمیلە کردنی تورک هاوکاریی بکا یـــان بەرخۆدان بکا. لە چوارچێـــوەی بـــاوی سیاســـی و کولتووریی ئیسلامی سوننی وەک ئاڵقەی یەکگرتوویی نەتەوەی تورک، حەسەن باسی بەسەرهاتێک لە بارەی ستراتێژییەکانی کوردانی عەلەوی بۆ پەسەند کران وەک موسڵمانی سوننیی «باش»ی کرد:

ئەگەر عەلەوی بی، پێویســـت ناکا بچی بۆ مزگـــەوت. ئەگـــەر نەچی بـــۆ مزگەوت، خەڵـــک گومانـــی ئـــەوەت لێ دەکـــەن کە تـــۆ عەلەویـــت، کەواتە هێندێـــک عەلەوی ســـەردانی مزگەوت دەکەن، تەنیا بۆ ئەوەی خۆیان لـــە هـــەڵاواردن بپارێـــزن. لە کاتی ڕەمـــەزان، بنەماڵە عەلەوییـــەکان دەرەنگانی شـــەو هەڵدەســـتن و چـــراکان هەڵدەکەن تەنیا بۆ ئـــەوەی کە خەڵک پێیـــان وابێ بۆ نزا کـــردن و بەرۆژوو بوون هەســـتاونەوە. تۆ خـــۆت و خەڵکی دەوروبـــەرت فریو دەدەی. سیســـتەمی تورکیە هەرگیـــز پارێزگاریی لە مافە شـــارۆمەندییەکانی عەلەوییەکان نەکرد چونکە هەرگیز عەلەوییەکانی وەک تاقمێکی ئایینی بە فەرمی نەناســـی. بەشـــێکی زۆر لە عەلەوییەکان پێیان وابوو کۆماری تورکیە لە ئیمپراتۆریی عوسمانی بۆیان باشتر بێ، بەڵام کۆماری تورکیە لە ساڵەکانی ١٩٣٠خراپترین کارەســـاتی بەسەر عەلەوییان هێنا (حەسەن، پیاوێکی تەمەن ٥٣ ساڵ، بریتانیا).

عەلەوییەکان سەر بە کۆمەڵگای موسڵمانی شیعە و مەزنترین کەمینەی ئایینیی تورکیەن. ئەگەرچـــی عەلەوییەکان بە شـــیعە دادەنێن بەڵام ئـــەوان لێکدانـــەوەی تایبەتی خۆیان لەسەر ئیســـلامی شـــیعە هەیە کە نە تەنیا لە لایەن موسڵمانانی ســـوننییەوە بەڵکوو لە لایەن کۆمەڵگاکانی دیکەی شیعەشەوە ڕەت دەکرێتەوە. ئەزموونی حەســـەن، لە سەرەوە، پەیوەندیی نزیکی نێوان ئیســـلامی ســـوننی و تورک بوون لە دروســـتکردنی هیرارشـــیی ئایینی و گرێدراویی ئەتنیکی نیشان دەدا.

ئەزموونی ئەوەی دیکە بوون و هەڵاواردن کە حەسەن جەختی لەسەر کردوە، لانەش

کــە وتوویــژی لەگەڵدا کراوە هەســتی پێ کــردووە و تەریکخراوەیی و قەبووڵ نەکرانی بنەماڵە عەلەوییەکەی خۆی (خەڵکی مالاتیە) لــە کاتی ژیان لــە ئەســتەمبولی ئەزموون کــردووە. بنەماڵــەی لانــە لــە لای جیرانە موســڵمانە تورکەکانیان ئاشــکرایان کرد کە عەلــەوی و کــوردن، بنەماڵەیەکی عەلەویی تورکیش کــە لە هەمان خانوو دا دەژیان، لە ترسی هەڵاواردن و تەریکخستن، نەیانوێرابوو ناسنامەی ئایینیی خۆیان ئاشکرا بکەن. لانە ئامــاژەی بەوە کرد کــە دایکی لە تورکیە لە ڕوانگەی سیاســییەوە گەلێک هۆشیار بوو و نەیدەویست پلەی ئەوی دیکەبوون کە بەسەر کوردە عەلەوییەکاندا ســەپا بوو، قەبووڵ بکا. ئەو وریاییە سیاســییە لانەشی گرتووەتەوە کــە ڕەخنە لەو کوردە عەلەوییانە دەگرێ کە لایەنگری لە ئایدیۆلۆجیای کەمالیســتی، کە بە پێناسە و بە کردەوە دژی کوردە، دەکەن:

مــن زۆر لە هێندێــک خەڵکی عەلەوی شەرم دەکەم چونکە ئەوان هێشتا بڕوایان بە ئایدیۆلۆجیای کەمالیستی هەیە و زۆر لەوان دەنگ بە جەهەپــە (حیزبی گەلی کۆماری) دەدەن. لە بیریان چۆتەوە کێ کۆکوژییەکانی دژی عەلەوییــان بەڕێــوە برد؟ مــن لێیان تێناگــەم و هەرگیز تێناگــەم چۆن عەلەوی دەتوانن دەنگ بــەو حیزبە بدەن. ئەوان بڕوا بــە بکوژەکانیــان دەکەن و ســووکایەتی بە منی عەلەوی دەکەن. مــن لەو بارەیەوە ئەو دەمەقاڵەیەم لە گەڵ هەڤاڵە عەلەوییەکانم و خزمە دوورەکانم لە تورکیە هەیە. بەشێک لە عەلەوییەکان لە موسڵمانی سوننی ترسناکترن چونکە ئەوان دەتوانن لە هەموو کەسی دیکە کەمالیســتتر بن. بۆ دەنگ بە بەدەپە [ئێستا هەدەپەیــە] نادەی کە ســێکولارە و گەلێک لایەنگری ژنانە (لانە، ژنێکی تەمەن ٣٢ ساڵ، بریتانیا).

ئەوە ئاشــکرای دەکا کە چۆن ئەندامانی هەمان بازنەی هەڵبژاردن لە بەرانبەر کۆماری تورکیــەدا هەڵوێســت دەگرن، ســەرەرای ئەزموون کردنی ئازار چێشــتنی هاوبەش بە هۆی ناســنامەی ئەتنیکی و ئایینییەوە. هەر چۆنێک بێ، ئــەوە ئاشکراشــی دەکا کە لە کاتێکدا کە لانە، ئیسلامیسم و ناسیۆنالیزمی تورکی وەک هەڕەشــە دژی کوردی عەلەوی و ژنــان دەبینــێ، زۆر کــوردی عەلەوی بۆ دوورســت کردنی بەربەست و بەرخۆدان دژی ئیســلامیزم، دەنــگ بە جەهەپــە دەدەن و ناســنامەی کوردی ئەگەر بە تەواوی ڕەتیش نەکەنــەوە، کەمڕەنگی دەکەن. بەڵام، لە هەر دوو دۆخدا، ئەوان هەڵوێستی سیاسیی خۆیان وەک بەرخۆدان دژی ئایدیۆلۆجیای سیاسی و ئایینی کە هەڕەشەی مان و نەمان لە عەلەوی و کوردان دەکەن، دەبینــن. کاریگەرییەکی گریمانەیی ئەو ڕێبازە جیاوازە سیاســییانە لێکدابــڕان و لاوازتر بوونی هاوپشــتی لە ناو کوردانــی عەلەوییــە. لە کاتی قســە کردن لەگــەڵ لانــەدا، ئــەو گوتــی جووڵانەوەی سیاسیی پەکەکە ماڵێکی پێ داوە کە دەوری بنکەیەکی بەرخــۆدان، بۆ بیــر کردنەوە لە ناسنامەی خۆی و جێگای ئەو لە دنیادا وەک ژن و وەک کوردێکــی عەلــەوی، دەگێڕێ. لانە ڕەخنەی توند لــەو کوردانە دەگرێ کە ئاسانکاری بۆ ئاسایی بوونی ناسنامەی تورکی دەگێڕن و ناســنامەی کوردی وەک هەڕەشە و شــتێکی خراپ دەنوێنن. لە خوارەوە، ئێمە دوو نموونــە لە بارەی ڕوانگەی ئەو لە بارەی ترسناک بوونی ئاسیمیلە کردن بۆ کوردستان وهەروەها بۆ تاراوگە نشینان باس دەکەین:

مــن خۆم لــە چــوون بۆ بەشــێک لە چێشــتخانەکانی باکووری لەنــدەن دەبوێرم چونکە ئەوان کوردن و بە چێشتخانەکان یان خواردنەکان دەڵێن تورکی. من پێیانم گوتووە ئەو تورکییە وەلا نێن و بنووســن چێشتخانە یان خواردنــی مەدیتەرانەیی. چونکە ناکرێ هەمــوو خواردنەکان تورکی بــن. هێندێک لــەوان دەبێ کوردی بن یــان کاریگەرییان

له خواردنی کوردی وەرگرتبێ. من هەست دەکەم کوردستانیم و کاتێک دەچم بۆ ئەوێندەرێ، له هەموو کات زیاتر هەست بە کورد بوون دەکەم. ساڵی ڕابردوو لەگەڵ هەڤاڵێکم له دیاربەکر بووم. من ئەویندارى دیاربەکرم و هەست دەکەم هی ئەو شارەم. ئێمه دەگەڕاین و سەردانی ئەو شوێنانەمان دەکرد کە دیتبوومانن. ئێمه له بینایەکی گەلێک مێژوویی بە ناوی «حەسەن پاشا هانی» لاماندا که ئێستا لەبەر خواردنەکەی و مێژوویی بوونی بە ناوبانگە. کاتێک لەوێ بووین، چاومان گێڕا و گوتمان له کوردستانین، وا نییه؟ ئەو کوتی وایه. بەڵام، من گوتم خەڵک به تورکی قسە دەکەن. ئێمه وەرسووڕاین و چاومان به ئاڵای تورک کەوت. ئێمه گوتمان ئێرە تەنیا له دڵی ئێمەدا کوردستانە و ئەگەر بمانهەوێ بیگۆڕین، دەبێ بە خێرایی بیگۆڕین. دەنا ئەو داگیرکارییه کۆتایی پێ نایه. ئەوە شتێک نییه که به چەقەنەیەک بگۆڕدرێ. جووڵانەوەی کوردی (پەکەکە) سەرکەوتووە. ئێستا له تورکیه، کورد دەتوانێ بڵێ کوردە. خەڵک دەتوانێ داوای مافی خوێندن بە زمانی خۆی بکا. خەڵک دەتوانێ گوێ له مۆسیقای کوردی ڕابگرێ. ئەوە ڕەنگدانەوەی جووڵانەوەی کوردە. بە شەوێک دەستەبەر نەبوو. گەلێک خەڵک گیانی خۆیان بەخت کرد، ماڵەکانیان و منداڵەکانیان لەبۆ خەباتی کوردان لەکیس دان (لانه، ژنێکی تەمەن ٣٢ ساڵ، بریتانیا).

له گێڕانەوەی لانه له سەرەوە، تورک بوون له ڕێگای زمان، خواردن و شوێنانەوە پەل داوێتە نێو مێشکی کوردان. لانه یەکەم کەس لەوانەی وتووێژیان لەگەڵدا کرا نەبوو که به شێوەی نەرێنی دژی ئەو کوردانە هەڵوێستیان گرت که نێوی تورکی له چێشتخانەکانیان دەنێن. دوو هۆی مەزن بۆ هەڵبژاردنی نێوی تورکی له لایەن ئەوانەوە هەیه. یەکەم هۆ، پەیوەندیی بە سەرکەوتوویی ناسنامەی تورکییەوە هەیه که خۆی دەرخا و ڕەوایی سیاسی وەک ناسنامەی دەسەڵاتداریی دەوڵەت-نەتەوە، واته تورکیه، دەستەبەر بکا. هۆی دووهەم بۆ هەڵبژاردنی ئەو نێو لێنانه دەگەڕێتەوە بۆ ترسی خاوەن چێشتخانەکان که مشتەریی تورک، عەرەب و فارس لەوانەیه له چوون بۆ ئەوێ لەبەر بوونی «نێوی سیاسی» خۆ ببوێرن. به واتایەکی دیکە، له کاتێکدا ناوی سەر به نەتەوە باڵادەستەکان گریمانەی ئەوەیان لێ دەکرێ که دروستکەری یەکیەتی و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی بن، ناوی کوردی مەترسیی ئەوەی هەیه که له لایەن تاراوگە نشینانی تورک و تا ڕادەیەکی کەمتر عێراقی و ئێرانییەوە، وەک «دابڕێنەر»، «ناوچەیی» و «جیاییخواز» سەیر بکرێن. ئەو ستراتێژییەی ناولێنانە له لایەن خاوەنانی کوردەوە هەر وەها دەگەڕێتەوە بۆ پراگماتیسمی ئابووری، هەڵوێستێک که به توندی له لایەن بەشێک له وتووێژ لەگەڵ کراوەکانەوە وەک «بیانوویەکی خراپ» له لایەن «ئەو کوردانە که ناسنامەی خۆیان بۆ پارەی تورک دەفرۆشن» ڕەت کرایەوە. ناولێنانی دووکانێک یان شوێنێک به هەمان شێوە، ڕاگەیاندنی داواکارییەکی گشتییه. هەڵبژاردنی ناوی تورکی بۆ دووکانان زۆرتر له نێو کوردانی تورکیەدا باوە تا بۆ وێنە کوردانی عێراق که خاوەنی ناوچەیەکی نیمچە سەربەخۆن که لەوێ ناسنامەی کورد سزا نادرێ، بەڵکوو به ئاشکرا پشتگیریی لێ دەکرێ و کەڵکی لێ وەردەگیرێت. ئەوە نموونەیەکی باش له بارەی کاریگەرییه نێونەتەوەییەکانی ئاسیمیلە کردن لەسەر ئەو خەڵکەیه که ناسنامەی کولتووری و زمانییان وەک هەڕەشە سەیر کراوە.

بۆ لانه، پەکەکە ئەو جووڵانەوە سیاسییەیە که هاوڕایی له نێو تاکی کورددا دروست کردووە که بووەتە ئالنگاری بۆ دەسەڵاتی ناسنامەی تورک و کەسایەتییەکی«خۆڕاگری» له ناو کورداندا دروست کردووە. ئەگەرچی

هاڤین جەخت لەسەر گرینگیی پەکەکە و هەدەپە بۆ ناسنامەی کوردی دەکاتەوە، تێناگا بۆ زاڵ بوون بەسەر زمانی کوردیدا لە ناو خەڵکێک کە خۆیان بە کورد دەزانی و بۆ کوردستان خەباتیان دەکرد هێندە لاواز بوو:

من ئەندامی پەکەکە یان بەدەپە (ئێستا هەدەپە) نیم، بەڵام من ڕەخنەم لە سیاسەتی زمانیی ئەوان هەیە. من زۆر جار چاوم بە خەڵکی ئەوتۆ دەکەوێ کە لایەنگری پەکەکە و بەدەپەن، بەڵام بە کوردییەکی باش قسە ناکەن. من دەڵێم تەنانەت ئەگەر بچی بۆ چیا، شەڕ بکەی و بۆ دۆزی کورد شەهید بی، من لە تۆ کوردترم چونکە تا ئەو کاتەی بە کوردی قسە دەکەم، جیاوازیی خۆم لەگەڵ ناسنامەی تورکی کە هەوڵی داوە [زمانی من] لە نێو بەرێ، دەپارێزم. دەزانم ئەو قسانە ڕەق و زۆر ورووژێنەرن. من بۆیە ئەوە ناڵێم کە ڕێزم بۆ شەهیدان نەبێ. ئەگەر شتێک هەبێ کە باوەڕم پێی هەبێ، ئەوە زمانی کوردیی ئێمەیە. من پێم سەیرە کاتێک سیاسەتوانانی کورد لە پارلمانی تورکیە لایەنگەری لە پرسی کورد دەکەن، بەڵام زۆر بە کەمی کوردی دەزانن یا هەر هیچ کوردییەک نازانن. من هێندە بە هۆی ئەو خەڵکەوە هەست بە شەرمەزاری دەکەم. ئەوان دەبوو دەست بکەن بە فێر بوونی کوردی، ئەوسا داواکانیان ڕەواتر دەبێ. کاتێک تۆ ناتهەوێ فێری زمانی کوردی بی، قەبووڵت کردووە کە تورکی و کورد نی، ئەگەرچی تۆ بۆ دۆزی کورد خەبات دەکەی (هاڤین، ژنێکی تەمەن ٢٧ ساڵ، سوید).

هاڤین بە بەڵگە هێنانەوە، هیرارشییەک لە نێوان شێوە جیاوازەکانی خەبات کە کوردان هەڵیانبژاردووە دروست دەکا. جێگای سەرسوڕمان نییە کە هاڤین زمانی کوردی وەک مەزنترین گۆڕەپانی خەبات بە هۆی ئەوە کە ئامانجی سەرەکیی دەوڵەتی تورکیە بووە، هەڵدەبژێرێ. ئەوەی لەوانەیە دژی هەڵوێستی هاڤین بێ، ئەو ڕاستییەیە کە سەرەڕای زاڵ نەبوون بەسەر زمانی کوردیدا، ئەو بەناو کوردانە دەسبەرداری گرێدراویی خۆیان بە ناسنامەی کوردەوە نەبوون کە هێشتا لە ژیانی دامەزراوەیی و ڕۆژانەدا ناپاساییە و سزای بۆ دیاری کراوە. جگە لەوە، لە کاتێکدا کە گەلێک لە وتووێژلەگەڵکراوان باسی هەستی شەرمەزار بوونیان لە منداڵی و گەورەساڵیدا، بە هۆی نەزانینی زمانی تورکییەوە کردووە، هاڤین باسی بێمەیلیی خۆی بەرانبەر ئەو کوردانە کرد کە بە کوردی نادوێن. ئەوە ئاراستەی پێچەوانەی ئەو پێناسە کوردییەیە بە شێوەیەک کە باڵادەستیی تورک قەبووڵ ناکا و لەو کوردانە خۆش نابێ کە لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بە تورکی دەدوێن. ئەگەرچی هاڤین ڕاستەوخۆ پەکەکە تاوانبار دەکا کە پشتگیری لە گرینگیدان بە زمانی کوردی ناکا، جێگای ئاماژەیە کە ئەوە زۆرتر بە هۆی چالاکیی تاراوگە نشینان و کردارە نێونەتەوەییەکانی لایەنگرانی پەکەکەوە بوو کە یەکەم کاناڵی ساتەلایتی (مەد-تیڤی) لە ١٩٩٥ دەستی بە وەشان کرد. مەد تیڤی دواتر بە هۆی هەوڵەکانی بۆ بەشداری پێکردنی لایەنە جۆراجۆرەکانی کورد بوون لە ڕوانگەی کولتوور، موسیقا، مێژوو، زمان و زاراوەکان، وەک وێستگەی تەلەفزیۆنی نەتەوەیی سەیر دەکرا.

لە کاتێکدا کە تاراوگە شوێنێکی مەترسیدارە بۆ ئەو لایەنانەی کە خەبات بۆ مافە کولتوورییەکان و مانەوەیان لە وڵاتی بنەچەکەیان دەکەن، ژمارەیەکی زۆر لە کوردانی تاراوگە پاراستنی زمانی کوردی لە تاراوگە وەک سەرکەوتنێک دژی دەوڵەتانی سەرکوتکەر لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست سەیر دەکەن. ئەو بیرۆکەیە لایەنگری گەلێک زۆری لە نێو تاراوگە نشینانی کورد لە سوید، بە تایبەتی ئەکتەری کۆمێدیی سەرپێیی سویدی-کورد، ئۆز نووژەن، هەیە

کە دەڵێ کورد بۆیە لە تورکیە ڕایاننەکرد کە بێنە سوید و ببنە سویدی، بەڵکوو بۆ ئەوە بتوانن درێژە بە کورد بوون بدەن ئەو کارەیان کرد. بەڵام ئەوە دەتوانێ، لە لایەن هێزە نەتەوەپەرستەکانەوە لە سوید وەک گومانداریی کورد بۆ خۆگونجاندن یان ئاسیمیلە بوون لە نێو کۆمەڵگای سوید سەیر بکرێ و هەوڵ بۆ پەراوێزبوونی کولتووری بدەن. سەرەڕای جیاوازیی بەرچاو لە نێوان تورکیە و وڵاتێکی لیبراڵ دێموکراتی وەک سوید و بریتانیا، کورد وەک تاقمێک کە لە ڕوانگەی کولتوورییەوە هەرەشە لێکراون، بەرەورووی زەختی ئاسیمیلە بوون لە وڵاتانی بنەچەکەی خۆیان و لە چوارچێوەی تاراوگەدا دەبنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، کۆچکردن دەتوانێ هێزێکی وەرسووڕێنەر لە چوارچێوەی لیبەراڵ دێموکراسییاندا بێ کە شێوەیەک لە گۆڕەپان بۆ دانپێدانانی کولتووری بۆ کەمینە ئەتنیکییەکان دەستەبەر دەکا. بڕوانە چۆن شڤان باسی ئەو وەرسووڕانە بە دوای کۆچ بۆ سوید و ئەو چاوپێکەوتنە بەرهەمدارانە لەگەڵ کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان کە بە کوردی دەدوێن دەکا:

پارێزەرێکی تورک کە بۆ ڕێکخراوێکی مافەکانی مرۆڤ کاری دەکرد، سەردانی سویدی کرد و ئێمە لەوێ بووین تا بزانین چۆن باسی دۆخی کوردان لە تورکیە لە نەوەدەکانی زایینیدا دەکا. کوردێکی زۆر لە بەشە جیاجیاکانی کوردستان لەوێ بوون. من چەند پرسیارم نووسین کە دەمهەویست ئاراستەی ئەو پارێزەرە تورکەیان بکەم. نزیکەی ۱۰۰ کەس گوێگری وتاری ناوبراو بوون. ئەو بە تورکی قسەی دەکرد و وەرگێری تورک و کورد لەوێ بوون. کوردی باشووری کوردستان (عێراق)، ڕۆژئاوای کوردستان (سووریە) و ڕۆژهەڵاتی کوردستان (ئێران) پرسیارەکانیان بە کوردی دەکرد و وەرگێڕەکان پرسیارەکانیان دەکردەوە تورکی. من پرسیارەکانم بە تورکی نووسیبوون و شەرمم دەکرد کە وەک کورد پرسیارەکانم بە تورکی دەکەم. پرسیارم لە خۆم کرد، بۆ ناتوانم پرسیارەکان لە بارەی کورداندا بە کوردی بکەم؟ هێندە تووڕە و دڵگران بووم، هەستم بە تاوانباری کرد چونکە نەمدەتوانی بە زمانی کوردیی خۆم بدوێم. بۆ ناتوانم هەستەکانم، بڕیارەکانم و، وشەکانم بە کوردی دەربڕم؟ من ئەو کاغەزەی پرسیارەکانم بە تورکی لەسەر نووسیبوونم لەتوپەت کرد و فڕێم دا. بەخۆمم گوت، هیچ پرسیارێک ناکەم. ئەوسا سوێندم خوارد: بە خودا، بە خودا، بە خودا، من لە زووترین کاتدا دەست دەکەم بە فێربوونی کوردی و ناهێڵم زمانی داگیرکەرێک ژیانی من زەوت بکا و زمانم کونترۆڵ بکا. دەمهەویست ببمە کوردێک کە بتوانێ هەستی خۆی بە کوردی دەربڕێ. من هێندە تووڕە و ژاندار بووم، ڕۆژی دواتر، چوومە کتێبخانەیەک و لە ماوەی شەش مانگدا، لە کاتژمێر ۱۰ تا ۳ لەوێ بووم و بۆخۆم کوردیم دەخوێند. من سەرجەم کتێبە کوردییەکانی کتێبخانەکەم خوێندنەوە. دوای شەش مانگ، بوومە مرۆڤێکی دیکە. من زمانی خۆم وەدەست هێنا و تەنیا ئەوە نەبوو، تەنانەت بوومە مامۆستای زمانی کوردی و لە سوید وانە بە منداڵانی کورد دەڵێمەوە. ئەگەر بە ڕاستی بتهەوێ فێری کوردی بی، فێری دەبی بەڵام هەستێکی بەهێزی کورد بوونت پێویستە (شڤان، پیاوێکی تەمەن ۵۰ ساڵ، سوید).

هەستی سیاسی وەک هێزێکی کۆمەڵایەتی دەوری سەرەکیی بۆ دروست کردن و بەهێز کردنی ناسنامەی کوردی دەگێڕێ، بە تایبەتی لە کاتی قەیران و هەرەشەی مان و نەمان کە دەوڵەتان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئاراستەی کوردانی دەکەن. ئەوە ڕوونکەرەوەیە کە چۆن هەست بە تاوانباری، شەرمەزاری و ژان وەک هێزی کۆمەڵایەتیی

وەرسووڕێنەر لە چوارچێوەی تاراوگە نشینیدا، دەچێتە نێو سیاسەتی ناسنامەی کوردییەوە، وەک شـوان، لە نەزانینـی زمانی کوردی تا فێر بوون و وانە گوتنەوەی کوردی بە منداڵی کورد لە سـوید، نیشانی دا. شڤان بە هەمان شـێوە ئاماژە بەوە دەکا کـە چۆن نوێنەرانی جووڵانـەوەی گولەن لـە ٢٠١٢ پێوندییان پێوە کردووە کە بە تەما بوون قوتابخانەیەک بکەنەوە و ئـەو وەک مامۆسـتا دامەزرێنن. شڤان دەڵێ لە کاتی چاوپێکەوتنەکەدا، ئەوان خۆیان وەک نوێنەرانی رۆشـنبیران ناسـاند و باسـی پشـتیوانیی خۆیان بـۆ قوتابییانی تورک لە سوید ڕاگەیاند. شڤان ئەوانی وەک پشتگیرانی تورکبوون هاتە بەرچاو و لە بارەی ئامانجە سیاسـییەکانی ئەوان پرسـیاری لێ کردن. نوێنەرەکان گوتیان ئەوان دەیانهەوێ خزمـەت بە خودا و ئیسـلام بکەن. کاتێک شـڤان لەبارەی زمانی وانە گوتنەوە و کەڵک وەرگرتـن لە کام ئاڵا پرسـیاری لێ کردن، ئـەوان جوابیان دایەوە زمانی تورکی و ئاڵای تورکیە. بەڵام شـڤان گوتی ئـەو ناتوانێ لە ژێـر ئاڵای تـورک دا کار بـکا. نوێنەرەکان سـکاڵایان کرد و گوتیان «ئـاڵای تورکیە بە چ شێوەیەک دەتوانێ زەرەری هەبێ»؟ شڤان پرسیارێکی ئاراستە کردن: «بە چ شێوەیەک زمانی کوردی و ئاڵای کورد زەرەر بە هەستە تورکییەکانی ئێوە دەگەیەنێ، نە هەر ئێسـتا بەڵکوو بۆ نزیکەی سـەدەیەک»؟ بە گوتەی شـڤان، ئەو جووڵانەوەیە دەیهەوێ ئیسـلام لەگەڵ تورک بوون تێکەڵ بکا.

«مەهمـەت کـورت» پێـی وایـە کـە دەوڵەتداریی ئیسلامی لە ناوچە کوردییەکانی تورکیە و دەسـەڵاتی کۆلۆنیالی، شانبەشانی یەکتـر هەوڵ بـۆ ڕەواییدان بە دەسـەڵاتی دەوڵـەت دەدەن، بـەڵام بە هەمان شـێوە، هـەوڵ بۆ کپ کردنـی داواکانـی کورد بۆ دادپـەروەری، نوێنەرایەتی و یەکسـانییش دەدەن. لێدوانە زاڵە تورکییـەکان توانیویانە لە تورکیە دیسکۆرسـێک لەبارەی «کوردی خراپ»، کە پشـتگیری لە پەکەکە و هەدەپە دەکەن و «کوردی باش» کە دژی پەکەکەن و پشتیوانی لە حیزبی دەسەڵاتدار، واتە حیزبی دادپەروەری و گەشەکردن (ئاکەپە) دەکەن، بەرهەم بێنن. بۆ گەیشـتن بە پلەی «کوردی باش» و دەرباز بـوون لە مۆرکی کورد بوون، ڕێژەیەکـی زۆر لە تاکی کـورد خۆیان وەک کوردی موسـڵمان دەناسێنن کە بە جەخت کـردن لەسـەر دژایەتی لەگـەڵ پەکەکە و جووڵانـەوەی کورد، پشـتگیری لە برایەتیی موسـڵمانان و یەکیەتی دەکەن. لە کاتێکدا کـە کوردبوون لە نێـو ئاکەپـەدا نادیارە و مۆرکێکی کۆمەڵایەتیـی لێدراوە، ئەو حیزبە توانیویەتی کوردان بەسـەر باشی (دڵخواز) و خراپی (نادڵخواز) لە ڕێگای دیسکۆرسـێکی ئیسـلامییەوە کە باڵادەسـتی تورک بوون دەپارێزێ و جەختی لەسەر دەکاتەوە، دابەش بـکا و لەو کارەدا سـەرکەوتوو بـووە. هۆی یەکـەم، پەیوەندیی بە هەڵاواردن و هەژاریی دەیان سـاڵەیەوە هەیە کە کوردان هەستیان پێ کردووە و سـتراتێژیی زیندوو مانەوە کە ئەوان لەبەر چاویـان گرتووە تا بتوان وەک «هاووڵاتیی باش و وەفادار»ی دەوڵەتی تورک «پەسەند» بکرێن. هۆی دووهەم بۆ پشتیوانی لە دیسکۆرسی ئاسیمیلەکردن کە لە چەمکە ئایینییەکانـدا شـاردراوەتەوە، پەیوەندیی بە ئایینـداری و کۆنەپارێزیـی کۆمەڵایەتییەوە هەیـە کـە لـە ناوچـە کوردییەکانـدا بەرچـاوە.[٣٦] بە هەمان شـێوە، گورسـەس پێداگرە کە دەوری ئیسـلامی تورکی وەک ئافرێنەری ئاشـتی لە تورکیـە زێدەرۆییە؛ چونکە بـە لەبەر چاو گرتنی ئەو ڕاسـتییە کە ڕوانگـەی جووڵانەوە ئیسـلامییەکان لە تورکیە، لە بارەی مافەکانی کوردان، بە چڕی نەتەوەپەرسـتیی تورکییان پێوە دیارە. بۆیە، ئیسلام لە تورکیە نە تەنیا جێگرەوەی نەتەوە پەرسـتیی تورک و دەوڵەت-نەتەوەی تورک

وەک قاڵبێکی سیاسی نییە، بەڵکوو بە هەمان شێوە وەک ئامرازێکی سیاسی بۆ بنکۆڵ کردنی ئۆپۆزیسیۆنی کورد و مافەکانیان لە ژێر ناوی گەردوونی بوونی فریودەرانە، کار دەکا.[٣٧]

ئەوە تەنیا کوردانی بەشەکانی دیکەی کوردستان (ئێران، عێراق و سووریە) نین کە بە تاوانبار کردنی کوردانی تورکیە لەبارەی نەزانینی زمانی کوردی یان تەرخان نەکردنی کات و وزە بۆ فێر بوونی زمانی کوردی، سەرنج نادەنە سەدەیەک سیاسەتی ئاسیمیلە کردن و یاساغ کردنی ناسنامەی کوردی لە تورکیە. هەر چۆنێک بێ، ئەو ڕەخنەیە لە لایەن بەشێک لە کوردانی تورکیەشەوە ئاراستە کرا، کە پێیان وابوو ئاسیمیلە بوون «خیانەت» کردنە بە کوردایەتی و نیشانەی «کۆیلەتیی فکری»یە. بە ڕاستی، ئەو کەرتبوونەش دەستەی وەک «کوردی باش» کە دەستبەرداری ناسنامە و زمانی خۆی نابێ و «کوردی خراپ» کە گیرۆدەی «زمانی دوژمن» یان «زمانی داگیرکەر» بووە، دروست دەکا. سەرنج بدەن چۆن هەڤاڵ، ڕوانگە و هەڵوێستی خۆی بەرانبەر بە زمانی تورکی، کاتێک وەک زمانی سەرەکی لە ناو کوردانی تورکیەدا کەڵکی لێ وەردەگیرێت، شی دەکاتەوە:

کاتێک سەردانی تورکیە و کوردستان دەکەین، خزمانی ئێمە لە شارە تورکەکان زۆرتر بە تورکی قسە دەکەن و من نامهەوێ منداڵەکانم کایەیان لەگەڵدا بکەن چونکە هێندە لەو دایک و باوکانە تووڕە دەبم کە نەیانتوانیوە منداڵەکانیان فێری کوردی بکەن، بەڵام لەو گوندەی کوردستان (ماردین) کە دایک و باوکم خەڵکی ئەوێندەرێن، بە کوردی دەدوێن. خزمەکانم پێیان وایە ئەگەر بە کوردی بدوێن، ئەوان ناتوانن تێکەڵاوی کۆمەڵگای تورکی بن، ئەوە دەقاودەق هەڵوێستی کۆچبەران لە سویدە، کە لەوێ بە سویدی دەدوێن تا لەگەڵ کۆمەڵگای سوید بگونجێن. بەڵام جیاوازییەکی مەزن هەیە، سوید ڕێگا دەدا و تەنانەت مافی خوێندن، لانیکەم ئێستا، بە زمانی دایکت پێ دەدا. ئێمە بۆیە لە تورکیە ڕامانکرد چونکە نەماندەتوانی ناسنامەی کوردیمان هەبێ و بە کوردی قسە بکەین. من کێشەم لەگەڵ ئاخاوتن بە تورکی نییە، بەڵام کێشەم لەگەڵ ئەو دایک و باوکانە هەیە کە تەنیا بە تورکی لەگەڵ منداڵەکانیان دەدوێن، کاتێک بۆ وێنە خەریکی چێشت لێنانن. دایک و باوکی من هەمیشە بە کوردی منیان دواندووە. ئەو هاوینە لەگەڵ بچووکترین کوڕەکەم، کە تەمەنی پێنج ساڵە، بە سەفەر چوومە تورکیە. بە تەمەنترین ئامۆزام کە تەمەنی نزیکەی ٤٠ ساڵە لە گەڵ من و کوڕەکەم دەستیکرد بە قسە کردن بە تورکی و من پێیم گوت، هەست بە شەرمەزاری دەکەم کاتێک دەبینم کوڕە بچووکەکەم بە کوردی قسە دەکا و تۆ بە تورکی لەگەڵم دەدوێی. ئەو تێگەیشت کە چەندە هەڵەیە. من پێیم گوت، شەرمەزار بی، تۆ کوردی، بە کوردی بدوێ! زمان بۆ ئێمەی کورد ئێجگار زۆر گرینگە. بە ئامۆزاکەمم گوت، ئەگەر جاری داهاتوو لەگەڵ من بە تورکی قسە بکا سەردانی ناکەمەوە. ئەو قەبووڵی کرد بە کوردی بدوێ (هەڤاڵ، پیاوێکی تەمەن ٣٠ ساڵ، سوید).

لە کاتێکدا کە لەپێشدا هاقین هێرشی کردە سەر سیاسەتوانە کوردەکان و جووڵانەوەی کوردی، لە بەر بێ هەڵوێستی بەرانبەر بە زمانی کوردی، هەڤاڵ ڕەخنەی توند ئاراستەی ئەو تاکە کوردانە و دایک و باوکانە دەکا کە بە کوردی نادوێن و بەو شێوەیە لە گواستنەوەی زمان بو منداڵەکانیان شکست دێنن. جگە لەوە، هەڤاڵ گێڕانەوەیەکی سەرنجڕاکیش لە بارەی چۆنیەتیی دارشتنی خۆ گونجاندن لە کۆنتێکستی دەوڵەت-نەتەوە و پێوەندییەکانی زۆرینە-کەمینە پێشکەش

دەکا. خۆگونجاندن لە هەردوو شێوازی تورکیە و سوید، ئەگەرچی بە شێوەی جیاواز بەڕێوە دەچن، هیرارشییە ئەتنیکییەکانی بەردەست هەڵناوەشێنن بەڵکوو هیرارشیی گرێدراوی بە پێوانی ڕێژەی گوێڕایەڵیی تاقمە کەمینەکان بۆ بایەخەکانی کولتووری دەسەڵاتدار، دروست دەکەن.[٣٨] لەگەڵدا بوونی کۆمەڵگای نەتەوەیی لـە لایەن کولتـوور، زمان و نووسـینەوەی مێژووی خاوەن دەسەڵاتەوە دیاریی دەکرێ. لەگـەڵ ئەوەشـدا، دەوڵەتی سـوید زۆرتر لە دەوڵەتــی تورکیە کــە کەمینەکان وەک هەڕەشــە بۆ ســەر یەکگرتوویی سیاسی و هەرێمیی نەتــەوەی تورک ســەیر دەکات، خوازیاری دەســتەبەر کردنی فرەچەشــنیی ئەتنیکییە. لە سوید، منداڵانی کورد دەرەتانی خوێندنــی یەک کاتژمێر زمانــی کوردی لە حەوتوودا تا کۆتایی قوتابخانەی دواناوەندییان هەیە. بەسەرهاتی هەڤاڵ، ئاشکرای دەکا کە دانیشتووانی تاراوگە دەتوانن بە جەختکردنەوە لەسەر پێشترێتیی زمانی کوردی بۆ پاراستنی ناسنامەی کوردی، زەخت و کاریگەری بخەنە سەر هەڵوێستی ملکەچانەی ئەو کوردانە کە لە شــارەکانی تورکیە و کوردســتان دەژین. ئەوە دەربڕینی سیاســەتی شوناســە، بەڵام سیاســەتێکی شــوناس کە لە چوارچێوەی حاشــا کردن و ژێردەســتەبووندا دەقەومێ. هەڤاڵ نەتەنیا مێژوو و کولتوور لە تورکیە بە شێوەیەکی دیکە وەردەگێڕێ کە کوردبوونی کەم نرخ کردووە، بەڵکوو بەهەمان شێوە هەوڵ دەدا شــێوەی خۆپێناسەکردنی هەنووکەییی کوردان کە دەوڵەتی تورکیە بنیاتنەری بووە، بگۆڕێ و دایڕێژێتەوە. لە کاتێکدا کە دەکرێ کوردان لە چوارچێوەی سنوورە خاکییەکانی دەوڵەت-نەتەوەوەکانی تورکیە، ئێران، عێراق و سووریەدا ڕاگرن، تاراوگە دەرفەتێکی تاقانەی هەوڵدان بۆ دروســت کردنی ســنوورگەلێک دەســتەبەر دەکا کە لەوێدا جەخت لەســەر پەیوەندییــە کۆمەڵایەتییەکانــی کــوردان وەک نەتەوەیەکی ســەرکوتکراو دەســتەبەر دەکا. ئــەوە بە هۆی پەرە ئەســتاندنی کاناڵە ساتەلایتییە کوردییەکان و سۆشیال مێدیاوە مووەکین بووە و هەلی بۆ ڕەخســاوە. ئەوە لە کۆنتێکتســی تاراوگەدایە کە کورد لە بەشە جیاوازەکانی کوردســتانەوە دەتوانن لەســەر لایەنە هاوبــەش و جیاوازییەکانیان بدوێن و وتوویژ بکەن.

دەوڵەتی تورکیە، بە لاســایی کردنەوەی دەوڵەتانی داگیرکەر، لەوە تێگەیشــتووە کە منداڵی کورد و بەتایبەتی کچان و ژنانی کورد پێویستە ئامانجی سەرەکیی ئاسیمیلە کردنی کولتووری لــە ڕێگای خوێندن و پەروەردەوە بن. ئەوە، بێگومان، پەیوەندیی بەو بیرۆکەیەوە هەیە کە زۆر جار ژن وەک بەرهەمهێنەرەوەی بایۆلۆجیکی و کولتووریی سنوورەکانی نەتەوە و هێما کولتوورییەکان دەناســێ.[٣٩] ئەوە لە چوارچێوەی پــەروەردە و فێرکردندا بوو کە شارۆمەندی ســەربەز و وەفاداری تورکیە لە ناوچە کوردییەکانی تورکیە بەرهەم دەهێنران. ئارام باسی هەڵسوکەتی باوکی لەگەڵ دایکی بە هۆی «زاڵ نەبوون»ی بە سەر زمانی توکیدا کــرد کە بۆ براکەی لە شــاری دیاربەکر، کە زۆر جار وەک پایتەختی کوردستانی تورکیە سەیر دەکرێ، گواستراوەتەوە:

ئەو مێشک شــۆردنەوەی پیاوان و ژنانی کورد جیاواز بوو چونکە ژنانی کورد زۆرتر لە ماڵێ بوون و کاتێک لە ماڵێی زۆرتر بە کوردی قسە دەکەی. ئاسیمیلە کردنی ژنانی کورد بە دریی ئاســیمیلە کردنی پیاوان نەبوو. پیاوانی کــورد لەدەرەوە لە شــوێنی گشــتی بوون، کاریان دەکرد، دەیانخوێند و لە قاوەخانەکان دادەنیشــتن و زۆرتر ملکەچی زمانی تورکی دەبوون. بەڵام ئەو کوردییەی ئێمە قســەمان پــێ دەکرد گەلێک ســنووردار بــوو چونکە ئێمە مافی گەشــە پێدانی زمانی کوردیمان لە قوتابخانەدا نەبــوو. ئەو کوردییەک بوو بۆ دەمەتەقــەی ڕۆژانە بە بــێ قووڵایی. بەڵام

ئەوە لە سایە سەری دایکانەوەیە کە بەشێک بە کوردی دەدوێن. هێندێک ژنی کورد لە لایەن مێردە کوردەکانیانەوە گێچەڵیان پێ دەفرۆشرا چونکە تورکی قسەیان نەدەکرد. باوکی من بە دایکمی دەگوت: «تۆ هەموو ژیانت لە تورکیە و دیاربەکر ژیاوی بەڵام هێشتا بە تورکی قسە ناکەی». برا گەورەکەم هێشتا بەو شێوەیە دەجووڵێتەوە. هاوینی رابردوو (٢٠١٣)، کاتێک لە کوردستان بووم ئەو بە هاوسەرەکەی گوت: «لە کاتێکدا کە ٥٠ ساڵ لە دیاربەکر ژیاوی، بۆ بە تورکییەکی باش قسە ناکەی؟» کەسێک بە تورکی نەدوێ وەک کەسێکی جیاواز سەیر دەکرێ. براکەم ناپرسێ بۆ کورد بە کوردییەکی باش قسە ناکەن بەڵام ئەو کوردانە دێنێتە ژێر پرسیار کە بەسەر زمانی تورکیدا زاڵ نین. بە براکەمم گوت کە هاوسەری ناوبراو زۆر لەوی ئاساییترە چونکە لە شارێکی کورد کە زۆرینەی دانیشتووانی کوردن بە کوردی دەدوێ. کاتێک ئەوەم گوت ئەو هەستی بە شەرمەزاری کرد چونکە هەرگیز، هیچ کەس ئەوەی پێ نەگوتبوو. ئەو ئێستا زۆرتر هەست بەو شتە دەکا (ئارام، پیاوێکی تەمەن ٤٨ ساڵ، سوید).

دیاربەکر لە روانگەی پێکهاتەی سەرکوتکەری دەوڵەتی تورک، جێگایەکی تایبەتی لە مێژووی کورداندا هەیە. کورد بوون لە گۆڕەپانە فەرمییەکاندا وەک قوتابخانە نە تەنیا یاساغ بوو و مۆرکی لێ درابوو، بەڵکوو لە بەندیخانەکانی تورکیەشدا ئاخاوتن بە زمانی کوردی بە توندترین شێوە سزا دەدرا. تابلۆیەکی مەزن لە بەندیخانەی دیاربەکر، کە کوردی تێدا بەند کرابوون، لەسەری نووسرابوو: «تورکی قسە بکە، زۆر بدوێ».[٤٠] سونگون ئاماژە بەوە دەکا کە دەوڵەتی تورکیە بۆ بەرهەمهێنانەوەی دیسکۆرسێکی ڕەگەزپەرستانەی کولتووری، کە کورد بوونی کەم نرخ دەهێنایە ئەژمار و تورک بوونی وەک ناسنامەیەکی باڵادەست بەرز دەنرخاند، ژنانی کوردی کردە ئامانج. بۆیە، دەوڵەتی تورک زمانی تورکیی کردە ئامرازی «بە شارستانیکردن»ی ژنی کورد لە تورکیە. بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، دامەزراوە تورکییەکان پشتگیریان لە جیا کردنەوەی ژنی کورد لە بە ڕواڵەت زمان و شوناسی «دواکەوتوو» و «ساکار»ی کوردی دەکرد. ژنی کورد نە تەنیا هان دەدرا کە تورک بوون بۆ منداڵەکانی بگوێزێتەوە، بەڵکوو لە چوونی منداڵەکانی بۆ ناو پەکەکە و هەڵگرتنی چەک دژی دەوڵەتی تورکیە پێشگیری بکا و پەژیوانیان بکاتەوە. ژنانی کورد کە دەچوونە نێو دامەزراوەکانی تورکەوە و لەوێدا خزمەتیان دەکرد، وەک پارێزەرانی نەتەوەپەرستیی تورکی دەناسێندران.[٤١] ترسی تورک لە ژنانی کورد بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە پەکەکە هەزاران ژنی لاوی کوردی بۆ نێو ڕیزەکانی خۆی ڕاکێشاوە کە هەم دژی پێکهاتە پیاوسالارەکانی کۆمەڵگای کوردەواری و هەروەها توندوتیژیی دەوڵەتی تورک دژی کورد بە گشتی دەجەنگن، هێشتا دەنگ دەداتەوە.

ئەگەرچی ئەوە لەدەروەی چوارچێوە و خاڵی جێگای سەرنجی ئەو بەشەیە؛ ئەوە گرینگە ئاماژەی پێ بکەین کە چەند کەس وتووێژ لەگەڵدا کراوەکان باسی تووڕەیی و دژایەتیی تورکانی تاراوگەنشینیان، لە کاتی بەرەوروو بوونەوە لەگەڵ کوردانی پێداگر لە سەر ناسنامەی کوردی و زمانەکەیان، کرد. لە کاتێکدا کە ئەوان لە تورکیە، مافی کەڵکوەرگرتن لە ئازادی بۆ پشتگیری و بەکارهێنانی ناسنامەی کوردی و زمانەکەیانیان نەبووە، کوردانی تاراوگە، سوید و بریتانیا وەک شوێنی گرینگ بۆ دارشتنی بەرخۆدان دژی دەوڵەتی تورکیە و پشتگیریی کردنی زمانی کوردی سەیر دەکەن. بۆ وێنە، حەسەن باسی خۆی کرد کە لەسەر فەیسبووک چالاکە

و هەواڵ لە بارەی بێ بەزەییەکانی تورکیە دژی کوردان بڵاو دەکاتەوە. کاتێک هەڤاڵێکی تورکی ناوبراو ئەوی لە فەیسبووکدا دیتەوە و داوای هاورێیەتیی لێ کرد، زۆری پێ نەچوو کە هەڤاڵە تورکەکەی پەیامێکی بۆ نارد کە لەوێدا جەختی لەسەر تێرۆر، کورد و پەکەکە کردبوو و لە هاورێیەتی دەریهاویشتبوو. یەکێک لەو کاتانە کە لە بەرانبەر ناوزەد کران وەک تورک یان قسە کردن بە تورکی خۆڕاگرییان کردبوو، کاتێک بوو کە سەردانی تورکیەیان کردبوو و لە فرۆکەخانەکانی تورکیە ڕایانگرتبوون. چەند کەس لە وتووێژ لەگەڵدا کراوەکان تەنیا بە ئینگلیزی قسەیان کردبوو و یان وایان نواندبوو کە هیچ تورکی نازانن و خۆیان لە ئاخاوتن بە زمانی تورکی بواردبوو، کە کاربەدەستانی تورک لە فرۆکەخانەیان توورە کردبوو و لە جوابدا ئەوانیان ئەزیەت کردبوو و سووکایەتییان بە شارۆمەندە کوردەکانی سوید و بریتانیا کردبوو. هەڤال بەسەرهاتێک لەبارەی چۆنیەتیی ڕووداوێکی ئەوتۆ باس دەکا:

کاتێک تەمەنم ١٦ ساڵ بوو سەردانی تورکیەم کرد. لە پاسپۆرتە سویدییەکەم دا شوێنی لە دایکبوونم نووسرابوو. ئەوێ بەشێک لە کوردستانی تورکیەیە. ئەوان دەستیان کرد بە دواندنی من بە تورکی، بەڵام من بە ئینگلیزی قسەم لەگەڵدا کردن. من پێم گوتن من کوردم و ئەگەر کوردی دەزانن دەتوانم بە کوردی قسەیان لەگەڵ بکەم. باوکم لە پێداگریی من ترسا چونکە ئەو ئەزموونی لێدران لە لایەن ژاندارمەکانی تورکی هەبوو. کارمەندە تورکەکە پێی گوتم من تورکم و دەبێ بە تورکی قسە بکەم. ئەو تفی لە ڕوخسارم کرد و پێی گوتم خائین. دەمتوانی چی بکەم؟ هیچ (هەڤال، پیاوێکی تەمەن ٣٠ ساڵ، سوید).

ئەگەرچی هەڤال لەبارەی بێدەسەڵاتیی خۆی لە وڵامدانەوە بەو سووکایەتییە و کردارە توندوتیژانەکەی کارمەندی تورک لەبەر تف لێکرانەکەی دەدوێ، ئەو لەگەڵ ئەوەشدا شێوەیەک لە بەرخۆدانی دژی دوڵەتی تورک، بەو کردارە تاکەکەسییەی خۆی لەمەڕ خۆڕاگری لە بەرانبەر قسە کردن بە زمانی دەسەڵات نیشان داوە و وەبیر تاقمی دەسەڵاتداری هێناوەتەوە کە زمانی ژێردەستەکراوی کوردی هێشتا زیندووە و دەجەنگێ، سەرەڕای دەیان ساڵ سەرکوت و قاچاغ کران. ئەگەرچی زۆر بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ کۆچبەرانی تورک دەبووە هۆی کێشە و هێندێک جار سووکایەتییان دەکرد و دژوار بوو، هێندێک لایەنی تورکیش هەبوون کە ترس و نیگەرانییان لەمەڕ لاواز بوونی ناسنامەی تورکی لە ناو کوردانی تورکیەدا دەردەبڕی:

لە ٢٠١٣، لە گەڵ تورکێکی ئەستەمبوڵ کە لە ستۆکهۆڵم چاوم پێی کەوت قسەم دەکرد. ئێمە باسی کوردان، پەکەکە و کێشەی نێوان کوردان و دەوڵەتی تورکیەمان دەکرد. ئەو گوتی کاتێک لاوتر بووە، دۆخەکە گەلێک باشتر بووە. باوکی ژێنراڵێک بووە کە لە ناوچەی کوردی جێگیر کرابوو. وەک منداڵ، ناوچەی کوردی دیتبوو. ئەو گوتی کاتێک لاوتر بووە شتێک بە نێوی تورک و کورد نەبووە و ئێمە دەمانتوانی بە یەکەوە قسە بکەین و کایە بکەین. من پێم گوت گیروگرفتی سەرەکیی دەقاودەق لێرەدایە کە تۆ دان بە هیچ شتێکی دیکە جگە لە تورکی دانانێی و ئەو خەڵکەی تۆ قسەت لەگەڵدا دەکردن کورد بوون بەڵام تۆ جیاوازیی ئەوانت قەبووڵ نەدەکرد، کەوابوو ئەوان دەبوو ببنە تورک. من پێیم گوت بۆ ئەوەی تۆ هەبی، دەبوو ملکەچی ناسنامەی تورکی بی. بۆیە هیچ جیاوازییەک نەبوو. ئەمرۆ ناتوانی درێژە بە حاشا کردنەکەت بدەی. پێیم گوت کە ئێمە درێژە بە قسە کردن لەگەڵ یەکتر دەدەین، بەڵام من ئەمجار وەک کوردێک

قسەت لەگەڵدا دەکەم نەوەک تورک. ئەو تێنەدەگەیشت بۆ ئێمە دەمانهەوێ کورد بین و نامانهەوێ تەنیا تورک بین (دیلار، پیاوێکی تەمەن ٢٨ ساڵ، سوید).

ئەوە نیشانی دەدا چۆن گشتگیر بوونی تورکی وەک هاوشێوە بوونی کولتووری و زمانی لێکدەدرێتەوە کە لەویدا یەکسانی و جیاوازی بۆ دروست کردنی ناسنامەی یەکسان لە کۆمەڵگایەکی فرە ئەتنیکی وەک تورکیەدا وەک شتێکی ناسازگار سەیر دەکرێ. لە کۆمەڵگایەکدا کە لەسەر دەسەڵاتداریی زمان، بایەخە کولتوورییەکان و نووسینەوەی مێژووی تورکان دامەزراوە، مرۆڤ لێی تێناگا کە چۆن یەکسانی بەبێ هەڵوەشاندنەوەی فەرمانڕەوایی باڵادەستیی تورک و هەستی پارێزراوی و زێدەمافی دەستەبەر دەبێ. ئەوە ئەو هەستی پارانۆیا (گومانداریی لەڕادەبەدەر) لە ناو شارۆمەندانی تورک و مەترسیی کەم بوونەوەی زێدەمافییە ئەتنیکییەکەیەتی، کە ناسیۆنالیزمی تورک و ڕق و قینی ئەوانی بەرانبەر بە کوردان وەک «دوژمنی ناوخۆیی» کە گوایە ئامانجی زەرەر گەیاندن بە نەتەوەی ناسکی تورکە، بەهێزتر کردووەتەوە. لە ئاکامی ئەو دیسکۆرسەدا، تاقمی دەسەڵاتداری تورک خۆی وەک قوربانی دەنوێنێ تا مافەکانی کەمینەی کە کورد هەوڵ دەدا پێیان بگا لە مەترسی بهاوێ. ئەوە بە هەمان شێوە شی دەکاتەوە کە بۆ دەوڵەتی تورک وەها بە هاسانی پشتیوانیی جەماوەریی بۆ بەڕێوە بردنی شەڕی سەربازی و کولتووری دژی کوردان لە ناوخۆ و دەرەوەی سنوورەکانی تورکیە دەستە بەر دەکا.

## ئاکامگیریی

ئەو بەشە لە ژێر ئاکامگیریی چڕی کاری زیگمۆنت باومەند لە بارەی ڕوانگەی سیاسیی ئاسیمیلە کردندایە کە وەک شەڕێکی بەردەوامە دژی جیاوازییە کولتووری و ئایینیەکان کە وەک هەڕەشە دژی یەکگرتوویی نەتەویی و ئاسایشی نەتەوەییی دەوڵەت و دەسەڵاتدارەکانی سەیر دەکرێ. ئەوە زۆرتر لە ڕێگای بە هەڕەشە دانان و بە ئەمنییەتی کردنی ئەوی دیکەیە کە گوایە ئاسایشی نەتەوەی دەسەڵاتدار دەپارێزرێ. دەوڵەتی تورک زۆر جار کەڵک لە دیسکۆرسی مەترسی بۆ ڕەواییدان بە توندوتیژیی سیاسی، کولتووری و سەربازیی دژی کوردان وەردەگرێ. دەوڵەت-نەتەوە بە دابەش کردن و پۆلێن کردنی هاووڵاتییان بە سەر ئەوانی مۆرک لێ نەدراو و خۆمانە کە گوایە نوێنەری ماکە و شوناسی نەتەوەن، بە پێچەوانەی هاووڵاتییە مۆرک لێدراوەکان، واتە ئەوانی دیکەی وڵات کە گوایە بۆ بەردەوامی و دەسەڵاتداریی هاووڵاتیانی فەرمانڕەوا، کە گوایە گشتگیر و ناسنامەی دەوڵەتن، هەڕەشەن، هیرارشیی ئەتنیکی دروست دەکا. لە ئاکامدا، دەوڵەت ژێردەستە بوونێکی دارێژراو و بە دامەزراوەییکراو بە سەر تاقمە ژێردەستەکەدا دەسەپێنن و پێش بە گەیشتنی ئەوان بە دەسەڵاتی کاریگەری سیاسی، کولتووری و ماددی لە کۆمەڵگادا دەگرن. هەر وەک باومەن، نەیگڵ، ئاسیمیلە کردن وەک پرۆسەیەک دەبینێ کە بە گوێرەی ئەو پرۆسەیە، دەوڵەت-نەتەوە هاوشێوەبوون بەرهەم دێنێتەوە و تێگەیشتنی «ئێمە کێین» و کێ لە ڕوانگەی کولتووری ئەتنیکی و ڕەگەزیی «لە ناو ئێمەدا» بێگانەن، بەرهەم دێنێ.[٤٢]

ئەو بەشە لە قووڵاییی ئاسیمیلە کردنی تورک، بە هۆی سیلەگرتن لە دەروون و مێشکی کوردان و چەقاندنی هەستێکی کەمبایەخ بوونی کولتووری لە ناویاندا، کۆڵیوەتەوە. فێر کردن و پەروەردە و زمان، ئامرازی سەرەکیی دەوڵەتی تورکن بۆ بەرهەمهێنانی هاوشێوەیی نەتەوەیی

بوون و بێگانە کردنی هاووڵاتیانی کورد وەک غەوارەی زمانیی دەوڵەت-نەتەوەی تورک. چونکە کورد لە ماوەی دەیان ساڵدا ئاسیمیلە کراون، جووڵانەوەی کوردی تووشی ئالنگارییەکی دووانە بووە. ئەوان لە پێشدا پێویستە بزووتنەوەیەکی هەرەوەزی دژی ئاسیمیلاسیۆن وەڕێ بخەن، کە دژگۆیانە و لانیکەم لە سەرەتادا دەبێ کەڵک لە زمانی داگیرکەر وەرگرێ تا پەیامیان بگاتە کوردە ئاسیمیلە کراوەکان و لە ڕێگای خەباتێکی زمانییەوە ئاسیمیلە بوونەکە پێچەوانە بکەنەوە. پێویستە بۆ دەستەبەر کردنی سەرکەوتنی ڕێژەیی لە پێشگرتن بە لێک هەڵوەشانی ناسنامە و زمانی کوردی، ئەو دوو کارە هاوتەریب بەڕێوە بچن.

داوای کوردان بۆ دانپێدانان بە ناسنامە و زمانیان ناکرێ بە پێداگری لە سەر بێخەوشیی ڕەگەزی دەستەبەر بکرێ. کورد هیچ ڕێگایەکی بۆ ڕزگاری و گەڕاندنەوەی بێخەوشییەک کە گوایە بە هۆی سەرکوتی سیاسیی دەوڵەتانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست لە کیسی داوە، نییە. داواکاریی کورد دەتوانێ کاریگەریی سیاسیی گرینگیشی وەک «ئێمە و ئەوان لە دەستنیشان کردن و دژایەتیکردندا هەبێ. داوا بنچینەییەکان دەبێ هەمیشە لە چوارچێوەی تایبەتی خۆیاندا و ستراتێژیی تایبەتیدا بێنە ئاراوە، وەک خەبات دژی ژێردەستە کردن، لە جیاتی سەیر کردنی ئەو وەک شتێکی نادیار».[٤٣]

بەهۆی ناسکیی سیاسیی کوردان و بەردەوامیی ئەو توندوتیژییەی بەرەورووی دەبنەوە و لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست هەستی پێ دەکەن، داواکاریی دژە-بنچینەیی لەمەڕ ناسنامەی کوردی لە لایەن زۆر لە تاراوگە نشینانی کورد وەک شتێکی مەترسیدار سەیر دەکرێ، چونکە لەوانەیە ئەوان پەرتەوازە بوونی ناسنامەی کوردی خراپتر بکەن و بە قازانجی ئاجێندای سیاسیی ئەو دەوڵەتانە کە داواکاریی کوردان بۆ ئازادیی سیاسی و پێگەی یەکسان لە کۆمەڵگادا ڕەت دەکەنەوە، تەواو بێ.

بۆ نیشاندانی دووڕوویی دەوڵەتی تورکیە لە پەیوەندیی لەگەڵ ئەوە کە کام تاقم بە کەڵکی ئاسیمیلە بوون دێن و کێ ڕەوایی هەبوونی مافەکانی یاسای بنەڕەتی دژی ئاسیمیلە بوونی کولتووری و سڕینەوەی هەیە، گونجاوە سەیری ڕێژیمی هەنووکەیی ئەتنۆکرات و ئیسلامی بە ڕێبەریی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان بکەین. لە ٢٠٠٨، کاتێک وتاری پێشکەشی ٢٠٠٠٠ تورکی تاراوگە نشین، کە لە کۆلۆن کۆ ببوونەوە دەکرد، ئەردۆغان داوای لە هاووڵاتییە تاراوگە نشینەکانی کرد کە دژی ئاسیمیلە بوون لە ئاڵمان بوەستنەوە و ئەوەشی زیاد کرد کە هیچ کەس نابێ چاوەڕوان بێ ئەوان ئاسیمیلە بن چونکە تورک لە ئەورووپا دەبێ «ئەندامانی پێکهێنەری کۆمەڵگا بن نەوەک تەنیا میوان» و «ئاسیمیلە کردن تاوانی دژی مرۆڤایەتییە».[٤٤] جێگای پرسیارە ئاخۆ کورد قەت لە چوارچێوەی مرۆڤایەتیدا لە نوێنەرایەتیی ناسیۆنالیسمی تورکیە و لە خەیاڵەکاندا، لە هەردوو چوارچێوەی سێکولار یان ئایینی، جێگایەکیان پێ دەدرێت. حاشا کردن و سڕینەوەی ناسنامە، زمان و کولتووری کورد، هێشتا ئامرازی بنەڕەتیی پاراستنی زێدەمافییەکانی تورک و سەرکوتی کوردان لە سەرانسەری سنوورە نەتەوەییەکاندایە.

*.https://www.researchgate.net/publication/342917942_Diasporic_Narratives_of_Assimilation_and_Resistance

## پەراوێزەکان

١. مەسعود یەغەن، «دیسکۆرسی دەوڵەتی تورک و دەرهاویشتنی پێناسەی کوردی»، لێکۆڵینەوەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، ٣، ژمارە ٢ (١٩٩٦): ٢١٦

٢. ئیپەک دەمیر، «خاکەڕا کردنی تورک بوون: بادانەوە لە

ستراتیژییەکانی دەرهاویشتن و هاوبەش کردنی هاوچەرخیی تورک»، گۆڤاری کۆمەڵناسیی مێژوویی، ٢٧، ژمارە ٣، (٢٠١٤): ٣٨٦

٣. ئوگور ئومیت ئونگور، «دروست کردنی تورکیەی مودێرن: نەتەوە و دەوڵــەت لە خۆرهەڵاتــی ئاناتۆلیا، ١٩٥٠-١٩١٣ (وەشــانخانەی زانستگەی ئاکسفۆرد، ٢٠١١).

٤. ئیپــەک دەمیــر، «خاکــڕا کردنی تــورک بــوون: بادانەوە لە ستراتیژییەکانی دەرهاویشتن و هاوبەش کردنی هاوچەرخیی تورک»، گۆڤاری کۆمەڵناسیی مێژوویی، ٢٧، ژمارە ٣، (٢٠١٤): ٣٨٨

٥. مورات ئەرگین، «بە ڕەگەزیکردنی پێناسەی کوردی لە تورکیە.»

٦. بەرزوو ئەلیاســی، ئالنگاریی ناسنامەی کوردی لە سوێد: گەڕان بــەدوای گرێــداوی [بە نەتەویەکــەوە] لە ناو لاوانــی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست (نیویۆرک: پالگرایڤ مەکمیلان، ٢٠١٣).

٧. کریســتۆفەر هیوستۆن، « هۆشــتیژیی ناپیرۆز: تاراوگەنشینانی کورد لە شاری تورکان.»

٨. مورات ئەرگین، «بە ڕەگەزیکردنی پێناسەی کوردی لە تورکیە.»

٩. جەنــک ســەراجئۆغلو، «›دانپیادانانی هەڵبژێــردراو‹: ڕەهەندە نوێیەکانی پرســی ئەتنیکی و ناســیۆنالیزم لە تورکیە»، لێکۆڵینەوە ئەتنیکی و ڕەگەزییەکان، ٣٢، ژمارە ٤ (٢٠٠٩):٦٤٥.

١٠. کریســتۆفەر هیوستۆن «هۆشــتیژیی ناپیرۆز: تاراوگەنشینانی کورد لە شاری تورکان.»

١١. جەنک ســەراجئۆغلو، «گۆڕانی ناوبانگی کوردان لە شــارەکانی تورکان: تێگەیشــتنەکانی چینی ماناوەند لەمەڕ کۆچبەرانی کورد لە ئەزمیر»، شێوەکانی پێشداوەریی، ٤٤، ژمارە ٣ (٢٠١٠): ٢٣٩.

١٢. کریســتۆفەر هیوستۆن «هۆشــتیژیی ناپیرۆز: تاراوگەنشینانی کورد لە شاری تورکان.»

١٣. زیگمونــت باومەن، مۆدێرنیتەیتە و دوودڵی (کەمبریج، پۆلیتی پرێس، ١٩٩١)

١٤. پاچەن مارکڵ، بەستراوە بە دانپێدانان (پرینستۆن، نیو جێرزی: وەشانخانەی زانستگەی پرینستۆن، ٢٠٠٣).

١٥. زیگمونت باومەن، مۆدێرنیتەیتە و دوودڵیی (کەمبریج، پۆلیتی پرێس، ١٩٩١)

١٦. هەمان سەرچاوە

١٧. هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ١٠٥.

١٨. هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ١٠٢.

١٩. هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ١٠٦.

٢٠. هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ١٤٢-١٤١.

٢١. بولەنت گۆکای و تونج ئایبەک، «ناســنامە، ڕەگەز و ناسیۆنالیزم لە تورکیە – پێشــەکیی ژمارەی تایبەتی»، گۆڤاری لێکۆڵینەوەکانی بالکان و خۆرهەڵاتی نزیک، ١٨، ژمارە ٢ (٢٠١٦)

٢٢. هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ١٠٨.

٢٣. کریســتۆفەر هیوستۆن «هۆشــتیژیی ناپیرۆز: تاراوگەنشینانی کورد لە شاری تورکان.»

٢٤. زیگمونت باومەن، مۆدێرنیتە و دوودڵیی

٢٥. هەمان سەرچاوە

٢٦. ر. ڕاداکریشــنان، بیرۆکەی لە دنیایەکی لاسەنگدا. (ئاکسفۆرد، وەشانخانەی بلاکویڵ، ٢٠٠٣): ١٩.

٢٧. پییــەر بۆردیۆ، هێزی زمان و هێما، (کەمبریج، وەشــانخانەی پۆلیتی، ١٩٩٢): ٢٢٤.

٢٨. ئەمەل تریچەر، «لە بارەی ژێردەستەبوونی پاش کۆلۆلیالدا»:٥٠

٢٩. هەمان سەرچاوە.

٣٠. پییەر بۆردیۆ، هێزی زمان و هێما.

٣١. ســیلیا م. بریتۆن، ئێدوار گلیســارد و تیۆری پاشــکۆلۆنیال. ستراتێژییەکانی زمان و بەرخۆدان.

٣٢. زیگمونت باومەن، مۆدێرنیتەیتە و دوودڵیی: ١٠٦

٣٣. کارەن پایــک، «ســەرکوتی ڕەگەزیــی خوو پێگرتــوو چییە و بۆ لێکۆڵینەوەی لەســەر ناکەیــن؟ دانپێدانانی برینە شــاراوەکانی ڕەگەزپەرستی»، سۆجیۆلۆجیکا پەرپەسکتیڤ، ٥٣، ژمارە ٤ (٢٠١٠).

٣٤. هەمان سەرچاوە.

٣٥. هەمان سەرچاوە.

٣٦. مەهمەت کورت، «›برای موسڵمانی کورد›: دەسەڵاتی کۆلۆنیال و دەوڵەتداریی ئیسلامیستی لە ناوچە کوردییەکانی تورکیە»: ١٠

٣٧. مەهمەت گورسەس، «ئاخۆ ئیسلام دەرمانی کێشەی ئەتنیکییە؟ بەڵگە لە تورکیەوە»، پۆلیتیکس ئەند ڕێلیجن، ٨ (٢٠١٥).

٣٨. زیگمونت باومەن، مۆدێرنیتەیتە و دوودڵیی: ١٠٦

٣٩. نایرا یوڤال دەیڤیس، ڕەگەز و نەتەوە، (لەندەن، سەیج، ١٩٩٧).

٤٠. ئەبرو ســونگون، «زمان وەک ئامرازی ‹بە شارستانیکردنی› ژنی کورد لە تورکیە»، لە بارەی نایەکســانیی کۆمەڵایەتی و سیاســەتی نوێنەرایەتیکردن، ئی دی ئێس. ســێلین-ماری پاســکال (لەندەن، سایج، ٢٠١٣):٢٣٤

٤١. هەمان سەرچاوە.

٤٢. کارۆلین ڕ. نەیگڵ، «پێداچوونەوە بە جوگرافیای ئاسیمیلاسیۆن»، پرۆفێشناڵ جیۆگرافەر، ٦١، ژمارە ٣ (٢٠٠٩): ٤٠٣

٤٣. ئانا ماری ســمیت، «ڕاســتافاری وەک بەرخۆدان و دووماناییی بنچینەگەرایی»، لە بارەی دروســت کردنی ناســنامەی سیاسی، ئی دی. ئەرنێستۆ لاکلاو (لەندەن: ڤەرسۆ، ١٩٩٤): ١٧٤-١٧٣

٤٤. ئیلیزابێت پرێس، «ســەرۆک وەزیرانی تورکیە دڵێ ‹ئاسیملە کردن تاوان دژی مرۆڤایەتییە› لۆکاڵ، فێبریواری ١١، ٢٠٠٨، https://www.thelocal.de/20080211/10293

# وەدەستهێنانەوەی ناسنامەی نەتەوایەتی

## لە کتێبە دەرسییەکانی قۆناخی سەرەتایی قوتابخانە کوردییەکاندا*

ئۆفرا بەنگیۆ

و: ئیبراهیم سالحراد

ئەم وتارە لێکۆڵینەوەیەکی چۆنیەتی-بەراوردکاری (Qualaitativ and comparative)یــە کــە سەبارەت بە کتێبە دەرســییەکانی قوتابخانە کوردییــەکان لــە ناوچەخودموختارەکانــی کوردستانی ســووریە و هەرێمی کوردستانی عێراق، ئەنجام دراوە. ئەو جیاوازییە رووکەشی و ئیدئۆلۆژیکییانــەی لە نێوان ئەو دووکۆمەڵە کتێبــەدا بەرچاودەکــەون، بــۆ هەلومەرجە مێژوویــی و هێــزە سیاســییەکانی تایبەت بــە هەرکام لــەو دوو ناوچانــە دەگەڕێنەوە. بەوحاڵەش، ســەرەڕای دژایەتیی ئاشــکرای ڕێبەرایەتیــی ڕۆژاوا لەگــەڵ ناســیۆنالیزم و بەڵێنــی حکوومەتــی هەرێمی کوردســتانی عێراق بۆ ڕێزگرتنــی دەوڵەتەکانی ناوچەکە، نێوەرۆکی هەردووکی ئەو دوو کۆمەڵە کتێبە ئەوە نیشان دەدەن کە حیزبە فەرمانڕەواکانی هەرکام لــەو دوو ناوچانــە، جۆرێکی جیاواز لە ناســیۆنالیزمی کــوردی دەبەنە پێش، کە مەبەستی هەردووکیان بریتییە لە پەرەپێدانی ناسنامەی نەتەوایەتیی کوردی (Pan Kurdish Identity).

ســیســتەمەکانی پــەروەردە و فێرکرن بە گشــتی و کتێبــە دەرســییەکان بەتایبەتی، بایــەخ و گرینگییەکــی لەرادەبەدەریــان لەســەر بڵاوکردنەوەی زانیاری و پەروەردە و فێرکردنــی منداڵان لە ســەر بنەما فکری و سیاسییەکانی هەر جۆرە حکوومەتێک هەیە. ئەو پەیامە ســەرەکییەی کــە ڕێژیمەکان لە دەوڵەت-نەتەوەکاندا، هەوڵ بۆ بڵاوکردنەوەی دەدەن، بریتییە لە پەرەپێدانی ناســیۆنالیزم، بەکارهێنانــی کتێبــە دەرســییەکان وەک پلاتفۆرمێــک بۆ گۆشــکردن وهەڵخراندن و مۆبیلیزە کردنی سیاســی و بۆ چاندنی تۆوی ئینتیمای نیشــتمانی و وەفاداری بەرانبەر بە دەوڵەت و بە کاربەدەســتان یا فەرمانڕەوایانی وڵات.[١] لەبەر ئەوەی نەتەوەی کورد لە ئاستی نێونەتەوەییــدا هەرگیز خاوەنــی دەوڵەتێکی ڕەســمیی تایبەت بەخۆی نەبووە، کوردەکان پەیڕەوییان لە سیستەمی پەروەردە و فێرکردنی ڕەسمی و دەوڵەتیی ئەو ڕێژیمانە کردووە کە لە ژێر دەســەڵاتیاندا ژیاون. لە بەشــی هەرە زۆری چەرخی بیســتەمدا، کــوردەکان قەت ڕێگای ئەوەیان پێ نەدراوە کە سیســتەمێکی پەروەردەییــی تایبــەت بە خۆیــان پەرە پێ بدەن، چ بگا بەوەی کە بتوانن لەو ســیمبول و هێمایانــە کە لە زمان و کولتووری کوردیدا بە نیشــانە و ڕەمزی ناســنامەی نەتەوەییی جیاوازی خۆیان دادەنرێــن، کەڵک وەرگرن. وەک بەشێک لە سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆن و حاشــاکردن لە مەوجوودییەتی کورد لەلایەن حکوومەتەکانــی تورکیە، ئێران، ســووریە و عێراقەوە کە لە ڕوانگەی کوردەکانەوە بەسەر کوردستانی گەورەدا زاڵن، منداڵانی کورد ناچار بــوون لەو کتێبە دەرســییانە کەڵک وەرگرن کە ئیدئۆلۆژیی ناسیۆنالیســتی و سیاســەتی ناوەندگەرایانــەی حکوومەتــە ناوبراوەکان لە نێویاندا ڕەنگی داوەتەوە. بەهۆی قەدەغەبوونی بەکارهێنانی زمانی کوردی چ لە قوتابخانە و چ لە شێوەی گشتیی خۆیدا، کوردەکان ناچاربوون کە تەسلیمی سیاسەتەکانی تەعریب، تەفریس و بە تورک کردن بن. سەرەڕای هەموو ئەوانە، لەو چەند دەیەی دواییدا کوردەکان لە عێراق و ســووریە، توانیویانە یەکەی سیاسیی ئەوتۆ دامەزرێنن، کە دەرفەتیان بۆ دروســتکردنی سیستەمێکی پەروەردەییی کوردی پێکهێناوە کە بۆ وەدەستهێنانەوەی ناسنامەی نەتەوەییی ئەوان تێبکۆشی.

ئــەو وتــارە لێکۆڵینەوەیەکی چۆنیەتی-بەراوردکارییە سەبارەت بە کۆمەڵێک لەو کتێبە دەرسییانە کە لە قۆناخی سەرەتاییی قوتابخانە کوردییــەکان، لــە ناوچــەی خودموختاری باکووری ســووریە واتــە ڕۆژاوا و لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا کەڵکیان لێ وەردەگیرێ. وتارەکە بە مەبەســتی دەستنیشانکردنی ئەو هەوڵانەی کــە پاش دامەزرانی خودموختاری لــەو ناوچانەدا لــە ڕێگای ئــەو کتێبانەوە بۆ

دروستکرنی ناسنامەیەکی کوردی، جیاواز لە ناسنامە عەرەبی-سووری یا عەرەبی-عێراقی هاتوونە ئاراوە، نێوەرۆکی ئەو کتێبە دەرسییانە دەخاتــە بەرباس و لێکۆڵینەوە. لە کاتێکدا کە پێشتر لێکۆڵینەوەی لەو چەشنە لەسەر کتێبە دەرســییەکانی هەرێمی کوردســتانی عێراق بەتایبەتــی لەلایــەن شــێرکۆ کرمانجەوە[۲] ئەنجام دراون، هێشــتا لێکۆڵینەوەیەکی لەو جۆرە لەســەر کتێبە دەرســییەکانی ڕۆژاوا، نەکــراوە. وتارەکە تێدەکۆشــێ لــە ڕێگای شیکردنەوە و هەڵســەنگاندنی نێوەرۆکی ئەو کتێبە دەرســییانەی کە لە ناوچەی ڕۆژاوای کوردســتاندا دەخوێندرێن ، ئەو بۆ شــاییە پڕکاتەوە. هەر بۆیە ئەو لێکۆڵینەوەیە کە کتێبە دەرسییەکان لەو دوو ناوچانەدا بۆ مەبەستێکی لەو چەشــنە لەگــەڵ یەک هەڵدەســەنگێنێ و شــی دەکاتــەوە، بــە لێکۆڵینەوەیەکی بێ وێنــە لە قەڵەم دەدرێ. هــەر بەو جۆرە ، لە ڕێگای بەراوردکردنی کتێبەدەرســییەکان لە هەردووکی ئەو ناوچانــەدا، ئەو لێکۆڵینەوەیە لــەو بارەیەشــەوە بێ وێنەیە کــە نەک هەر تێدەکۆشــێ جیاوازی و لێکچونەکانی نێوان ئەو پەیامانە دەرخات کە ئەو کتێبە دەرسییانە دەیانهەوێ بیانگەیەننە نــەوەی تازە، بەڵکوو ئەو ئەو جیاوازییە سیاسی و ئیدئۆلۆژییانەش دەستنیشــان دەکات کە ئیلیــت و نوخبەی فەرمانــڕەوا لــەو دوو ناوچەیەدا لــەو چەند دەیەی دواییدا ویستوویانە بیانبەنە پێش.[۳]

ئەو وتارە ئەوە نیشان دەدات کە سەرەڕای جیاوازییەکانی نێوان ئەو کتێبە دەرســییانە لەگــەڵ یەکتــر و هەروەهــا ئــەو ناکۆکییە ئیدیۆلۆژی و ناتەباییانەی کە لە نێوان قازانج و بەرژەوەندییــە سیاســییەکانی هەردوو لادا دەبینرێ، ناســیۆنالیزمی کوردی و هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی ناسنامەی نەتەوایەتیی کوردی، بەســەر نێوەرۆکی هەردوو جۆری ئەو کتێبە دەرســییانەدا زاڵە. لە لێکۆڵینەوەکەمدا ئەوە دەردەخەم کە نێوەرۆکی کتێبەدرەسییەکان، ئــەو ناتەباییانە نیشــان دەدەن کە کورد لە پرۆســەی نەتەوەســازیی خۆیــدا لەگەڵیان دەستەویەخەیە. ئەو ناتەباییانە لە ئاکامی ئەو وەزعە ناسازگار و سەخت و دژوارەدا سەریان هەڵداوە کە نەتەوەی کورد لە نێویاندا دەژی. لە هەمان کاتدا کە بە بەشێک لە دەوڵەتە غەیرە کوردییەکانی ئەو ناوچەیە بە حیســاب دێ، وەک کوردستانی گەورەش دەخرێتە زەینەوە و ســەیر دەکرێ. لە لایەکی دیکەشەوە، ئەوە ئاکامی ئەوەیە کە ئیلیتی سیاســیی کورد لە پەیوەندی دەگەڵ بزووتنــەوەی نەتەوایەتیی کــورددا، خاوەنــی ئیدیۆلۆژییەکــی ڕوون و ئامانج و پەیامێکی سیاسیی هاوبەش و ئاشکرا نییە و لەگەڵ هێندێک ناتەبایی سیاســی و کەموکووڕی بەرەوڕوویە، کە هەمووی ئەوان بە جۆرێک لە نێوەرۆکی ئەو کتێبە دەرسییانەدا، ڕەنگیان داوەتەوە.

## ئەودیــوی «فێریان بکەن ببنە عەرەب» (TEACHING THEM TO ARABIZE)

ئەفســەرێکی وەزارەتــی دیفاعــی ســووریە بەناوی محەمەد تالیب هیلال، ساڵی ١٩٦٣ی زایینی، بەڵگەنامەیەکی سیاسیی بڵاوکردەوە. ناوبراو لەوێدا ترسی خۆی لە «مەترسی»یەک دەردەبڕێ کە وەک هەڕەشە لەسەر ئوستانی جەزیرەی ســووریە بەحیســاب دێــت. ئەو مەترســییە لە ڕوانگەی ئــەوەوە لە هەبوونی کورد لەو ناوچەیەدا ســەرچاوەدەگرێ. (دواتر ناوی جەزیرە بوو بە حەســەکە و ئێســتاش وەک بەشــێک لەو ناوچەیــە دادەنرێ کە بە ڕۆژاوا دەناســرێ). ئــەو بەڵگەنامەیە داوا لە دەوڵەتی ئەوکاتی ســووریە دەکا کە نەخشە و گەڵاڵەیەکــی ڕوون بــۆ «بنبڕکردن»ی ئەو «پێکهاتــە بیانییانــە» ئامادە بــکات کە لەو ناوچەیەدان.[۴] بە وتەی هیلال، ســێ هۆکار لەگۆڕێدان کە ڕەنگە ببنە هۆی دروست بوونی کوردســتان هەر بەوجۆرەی کە یەهوودستان (واتە ئیســرائیل) دروســت بووە. ئەو ســێ

هۆکاره بە گوێرەی باسەکەی ناوبراو بریتین لە ئیمپریالیزمی ڕۆژاوا، شۆڕشی ئەوەدەمی کوردستانی عێراق و ئەو هەستی نەتەوایەتییە کە لە نێو لاوانی کوردی سووریەدا هەیە. ناوبراو ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە حکوومەتەکانی پێشووی سووریە، هەوڵیان داوە «لە ڕێگای خوێندن و فێربوونەوە کوردەکان بکەنە عەرەب». بەڵام سەرەنجام «ئەو خوێندن و فێربوونە، بە ئیزافەی ئەو چەکە ڕاستەقینەیەی کە بە شێوەیەکی زیندوو پێیانە، لە دەستی ئەواندا بووەتە یەکەمین چەکی فکری و ئیدیۆلۆژیک». لێرەدا ناوبراو دەڵێ کە «ئێستا ئەو نەوە خوێندەوار»ە بۆخۆی بووەتە سەرچاوەی سەرەکیی مەترسی.[۶]

لەئاکامدا، هیلال بردنەپێشی هەرچی زیاتری سیاسەتی بەعەرەبکردن، بە شێوەیەکی پڕ لە توندوتیژی و پەلامار، وەک پلانێکی ورد بۆ لەنێوبردنی ئەو مەترسییە پێشنیار دەکات. بێبەشکردنی کوردەکان لە دەستڕاگەیشتن بە دەرفەتەکانی کار، وەڕێخستنی کەمپەینێکی تەبلیغاتیی «گەورە» و» توند»بە دژی کوردەکان لە نێوعەرەبەکاندا، تەشویق و هاندانی وەدەرنانی کوردەکان لە ناوچەکە و نیشتەجێکردنی عەرەبەکان لە شوێنی ئەوان و سەرەنجام چاندنی تۆوی دووبەرەکی و ئاژاوە لەنێو کوردەکاندا، بەشێک بوون لە نێوەڕۆکی ئەو پلانە.[۷] بەڵام جەوهەری ئەو پلانە، ئەو سیاسەتە بوو کە حکوومەت دواتر لە پەیوەندی دەگەڵ سیستەمی پەروەردە و فێرکردن لە ناوچە کوردییەکاندا گرتییەپێش. واتە سیاسەتی پشتگوێخستنی (السیاسه التجهیل) منداڵانی کورد و بێبەش کردنیان لە خوێندن، لە ڕێگای خۆبواردن لە دروستکردنی قوتابخانە و کردنەوەی ناوەندەکانی دیکەی خوێندن و فێربوون لە ناوچەکەدا. هیلال لە پەیوەندی دەگەڵ پاکانەکردن بۆ ئەو پلانەی خۆیدا دەڵێ: «نەوەی نوێی کورد لەباری ئیدیۆلۆژییەوە پڕئەنگیزە و بیروباوەڕە، ئینتیمای نیشتمانی و وڵاتپارێزیی تێدایە و ئامادەی ئەنجامدانی هەر چەشنە کارێکە لە پێناو ئەو ئامانجەدا». ئەو لەوەش زیاتر دەڕواتە پێش و دەڵێ سیاسەتی حکوومەت بۆ «فێرکردن و بەعەرەبکردن» ی ئەوان نیشانی داوە کە سەرکەوتوو نەبووە. لێرەدایە کە ناوبراو لەسەر پێویستیی بێبەشکردنی تێکڕای منداڵانی کورد لە خوێندن و فێربوون پێ دادەگرێ.[۸]

پاش دەستپێکردنی شەڕی نێوخۆ لە سووریە لە ساڵی ۲۰۱۸دا و دوای بڵاوبوونەوەی ژمارەیەکی زۆر بەڵگەنامە کە لەئاکامی کشانەوەی حکوومەت لە ناوچەکانی باکووری سووریەدا کەوتنە بەردەست، دەرکەوت کە حکوومەت لە ئاستێکی بەریندا، ئەو ڕاسپاردانەی هیلالی وەک سیاسەتێکی ڕەسمی بەڕیوە بردووە. ئەو بەڵگەنامانە ڕادەی ئەو سەرکوت و چەوسانەوەیان ئاشکراکرد کە کوردەکان هەر لە سەرەتای ساڵەکانی ۱۹۶۰ەوە دەگەڵی بەرەوڕوو بوون. لە پەیوەندی دەگەڵ ڕەنگدانەوەی ڕاسپاردەکانی هیلال لە سیاسەتەکانی حکوومەتدا، یەکێک لە بەڵگەنامەکان هەرچەشنە تەعبیر کردن و نیشاندانێکی فەرهەنگ و کولتووری کوردی بە «خیانەت» لەقەڵەم دەدا، ئەوە لە کاتێکدایە کە لە بەڵگەنامەیەکی دیکەدا، هەموو چالاکییەکی «نەتەوایەتی»ی کوردی وەک تاوان بە حیساب دێنێ. ساسەتی ڕەسمیی حکوومەت بۆ تەعریبی ناوچە کوردییەکان، لەو بەڵگەنامانەشدا دەکەوێتە بەرچاو کە لەواندا حکوومەت داوا لە شارەدارییەکان دەکات پێش لە کڕین و فرۆشتنی ملک و زەویوزار لەلایەن کوردەکانەوە بگرن. لەوەش زیاتر لەو بەڵگەنامەنەدا داوا دەکرێ کە بەمەبەستی «کەمکردنەوە»ی ڕێژەی کوردەکان، عەشیرەتە عەرەبەکان هان بدرێن بۆ نیشتەجێبوون، ڕوو لەو ناوچانە بکەن کە ڕێژەیەکی زۆریان کورد تێدایە.[۹] مامۆستایەک

له ڕۆژاوا لەساڵی ٢٠١٥دا، بەو جۆرە ئەزموونی خۆی لە سیاسەتی تەعریبکردن لە قوتابخانە حکومییەکانی سووریەدا دەگێڕێتەوە و دەڵێ: «ڕەوتی تەعریب لـــە چەند قۆناخدا جێبەجێ کرا. ئەگەر کەسێک بە کوردی لە قوتابخانەدا قسـەی کردبا، بۆ هەر وشەیەکی کوردی کە لــە دەمی دەهاتە دەر دەبوایـــە چەند لیرەی سـووری جەریمە بــدات».[١٠] بـــە گوێرەی ڕاپۆرتەکانـــی ڕێکخراوی چاوەدێری مافەکانی مرۆڤ، ڕێژیمی بەعس نەیدەهێشت منداڵانی کـــورد فێری کوردی بن، نـــاوی کوردی لەو منداڵانــە بنـــێن کە لـــە دایک دەبـــوون یا کتێب و نوســـراوەی دیکە ب ەزمانی کوردی چـــاپ و بڵاو بکرێنـــەوە.[١١] ئەو سیاســـەتی تەعریبە، جیا لەهێندێـــک ئاڵوگۆڕی ناوبەناو، تا دەســـتپێکردنی ڕاپەڕین لە ســـەرەتاکانی ســـاڵی ٢٠١١دا، درێژەی هەبـــوو کە کۆتایی بە دەسەڵاتداریەتیی حکوومەت بەسەر ناوچە کوردییەکاندا هێنا.[١٢]

بەهۆی یاسای ژمارە٧٤ی ساڵی١٩٣١ی زایینییـــەوە، کـــە لەلایـــەن حکوومەتـــی پاشـــایەتییەوە لە عێراق ســـەبارەت بە زمانە ناوچەییـــەکان پەســـندکرابوو، لەبـــاری تیۆرییـــەوە، وەزعـــی خوێندنی کـــوردی لە عێراق لەچاو سووریە باشـــتربوو. بە گوێرەی ئەو یاســـایە زمانی کوردی شـــان بەشـــانی زمانی عەرەبـــی لەو جێگایانـــەدا کە ئەوەدەم پێیان دەگوترا ویلایەتەکانی موســـڵ، ئەربیل و کەرکووک وەک زمانێکی ڕەسمی ناسرابوو. ئەو ویلایەتانـــە هەموو ئەو ناوچانە دەگرنە خۆ کە ئەمڕۆ بە ناوچەی هەریمی کوردستان و ناوچە هاوســـێکانی دەورووبەری دەژمێردرێن.[١٣] بە گوێرەی ئەو قانوونە، زمانی کوردی دەبوایە لەو ناوچانەدا، بۆ خوێندن و فێربوون، بەڕێوەچوونی کاروبـــاری ئیـــداری و دادگاکان، کەڵکی لێ وەرگیرابـــا. بەوحاڵەش لە کـــردەوەدا زۆربەی حکوومەتە یەک لـــە دوای یەکەکانی عێراق خۆیان لە وەبەرچاوگرتنی ئەو یاسایە دەبوارد.

لە ســـاڵی ١٩٦٨دا، پاش ئەوەی حکوومەتی بەعس، دەســـەڵاتی خـــۆی جێگیرکـــرد، بۆ کۆتایی هێنان بەو ڕاپەڕینە کە لەساڵی ١٩٦٠ وە لەئـــارادا بـــوو، ڕێککەوتننامەیەکی لەگەڵ پارتـــی دێموکراتی کوردســـتان مۆرکرد. ئەو ڕێکەوتننامەیە، ئۆتۆنۆمیی بۆ کوردســـتان لە هێندێک بەشـــی باکووری عێراقدا بەڕەسمی ناســـی. لەوەش زیاتـــر مەوقعییەتـــی زمانی کوردیشـــی وەک زمانی یەکەم لەو ناوچانەدا کە زۆربـــەی حەشـــیمەتەکەیان کـــوردە و وەک زمانی دووهەم لـــە ناوچەکانی دیکەدا، دەســـتەبەر کـــرد. کەچی پاش تێکشـــکانی ڕاپەرینێکـــی دیکـــەی کوردەکان لە ســـاڵی ١٩٧٥دا، حکوومەتـــی بەغدا بە شـــێوەیەکی زۆر تونـــد و پەلامارده‌رانە، دەســـتی کرد بە پیادەکردنی سیاســـەتی تەعریب و بەبەعسی کردنی ناوچەکە. ئەگەرچی لەباری نەزەرییەوە حکوومەتـــی بەعس ڕێگای دەدا کە منداڵانی کـــورد لە قوتابخانـــە کوردییەکانـــی هەولێر، دهۆک و سلێمانیدا دەرس بخوێنن، بەڵام لە کردەوەدا لە ڕێگای بەکارهێنانی ئیمتیازات و سەرکوت و زەبروزەنگەوە، دایک و باوکەکانی هان دەدان کە منداڵەکانیان لەو قوتابخانانەدا کە خوێندن و فێربوون بە زمانی عەرەبی بوو، وەبەرخوێندن بنێن. لەهەمان کاتدا، خوێندنی کوردی لە ناوچەکانی ســـەر بـــە پارێزگاکانی کەرکوک (کـــە دواتر ناوی نرا تەئمیم) دیالە، ســـەلاحەدین و موســـڵ(نەینەوا)دا لە ساڵی ١٩٧٦ وەو تا ساڵی ٢٠٠٦ی زایینی بەتەواوی قەدەغە کرا. مامۆســـتایەک لە هەولێر لەساڵی ٢٠٠٥دا، بەو شـــێوەیە باس لـــەو بارودۆخە دژوارە دەکات کە ناوبراو لەسەردەمی ڕێژیمی بەعســـدا، بەتایبەت لەسەردەمی شەڕی ئێران و عێراق، لە ماوەی نێوان ســـاڵەکانی ١٩٨٠ تـــا ١٩٨٨دا تێیـــدا ژیاوە. پۆلـــەکان پڕبوون. هەر کلاســـەی زیاتر لە پەنجا قوتابیی لەخۆ دەگرت کە ڕۆژانە لە ســـێ تا چوار شـــیفتدا دەوامیان دەکـــرد. لەو قوتابخانەیـــەدا وا ئەو

کاری دەکرد، خوێندن بە کوردی قەدەغە بوو. هێزە ئەمنییەتییەکان، قوتابییە عەرەبەکانیان بۆ جاسوسی و خەبەرچینی بەکار دەهێنا. پۆلەکانیان کردبوو بە « قەفەسی مامۆستایان». قوتابییانی پۆلی هەشتەم لە قوتابخانەدا دەمانچەیان پێ بوو. بەجۆرێک کە «پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە قوتابخانەکاندا، جیا لە هەوڵی مامۆستاکان بۆ ڕازی کردنی ئەو گانگستەرانە، شتێکی دیکە نەبوو». ئەو وەزعە پاش دەستپێکردنی شەڕی خەلیج لەساڵی ١٩٩١دا، کاتێک سەرۆک سەددام حسێن ناچاربوو سوپا و دامودەزگا ئیدارییەکانی حکوومەت لەو ناوچانەدا، کە لەباری نەزەرییەوە بە ناوچەی ئۆتۆنۆمی دەزانران، بکێشێتەوە، ئاڵوگۆڕی بەسەرداهات. لە ئاکامدا کوردەکان توانییان ئیدارەیەکی ڕاستەقینە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچەکانی خۆیان پێک بێنن کە ئەمڕۆ وەک ناوچەی هەرێمی کوردستان ناسروە.

## ڕۆژاوا و حیزبی کرێکارانی کوردستان

مولازم موحەمەد تالیب هیلال، لە کتێبەکەی خۆیدا کە لە ساڵی ١٩٦٣دا بلاو کرابووەوە و پێشتر باسمان کرد، ئەو بیرۆکەیە دێنێتە گۆڕێ کە دامەزرانی دەسەڵاتی کوردی لە عێراق، دەبێتە هۆی ئەوەی کاردانەوەی لەسەر کوردەکانی سووریەش هەبێ و بۆ شۆڕش و ڕاپەڕین هانیان بدات. هەر بۆیە ناوبراو لە کتێبەکەیدا پێشنیار بە حکوومەتی سووریە دەکات کە لە ڕێگای نیشتەجێکردنی عەرەبەکانەوە، «پشتێندەیەکی عەرەبی» بە درێژایی ناوچە سنوورییەکانی باکووری سووریە، بکێشێ تا پێش بە نفوز و کاریگەریی ڕووداوەکانی ئەودیوی سنور لەسەر وەزعی ناوخۆی ئەو ناوچانە بگرێ.[١٥] بە هاتنەسەرکاری حافز ئەسەد و قایم بوونی شوێن پێی دەسەڵاتدارییەتیی حیزبی بەعس، سیاسەتی سووریە بوو بە پاڵ پێوەنانی کۆمەڵگای تا ڕادەیەک بچووکتری کورد لەو وڵاتە، بۆباوەشی«براگەورەکان»ی واتە کۆمەڵگای گەورەتری کوردی لە عێراق و تورکیەدا.[١٦]

حافز ئەسەد بۆ بەربەرەکانێ دەگەڵ باڵەکەی دیکەی بزووتنەوەی بەعس، کە لە لایەن نەیارەکانییەوە ڕێبەرایەتی دەکرا، پشتیوانیی لە شۆڕشی کورد لە کوردستانی عێراق بە ڕێبەرایەتیی مەلا مستەفا بارزانی و حیزبەکەی، واتە پارتی دێموکراتی کوردستان(Kdp) کرد. پاش شکانی شۆڕشی کورد لەساڵی ١٩٧٥دا، سووریە نەک هەر پەنای دا بە پارتی دێموکراتی کوردستان، بەڵکوو ڕەقیب و نەیارە تازە دامەزراوەکەی پارتیش واتە(PUK) یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانیشی پەنادا. سیاسەتەکانی حافز ئەسەد واتە ڕێگادان بە چالاکی و تێکۆشانی حیزبە کوردییەکان، بوو بە هۆی ئەوەی کە کوردەکانی سووریە ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر بکەونە ژێر نفووز و کاریگەری و ئیدیۆلۆژیی ئەو بزووتنەوانەی کە لەودیوی سنورەکانەوە سەرچاوەیان دەگرت.

لەساڵەکانی ١٩٨٠دا دەرکەوت کە نفووز و کاریگەریی بزووتنەوەی کورد لە تورکیە لەسەر کوردەکانی سووریە، لەچاو نفوز و کاریگەریی ڕەقیبەکانیان لە عێراق، زۆر زیاترە. لە سەرەتای دەیەی هەشتاوە، حیزبی کرێکارانی کوردستان لە تورکیە، ڕاپەڕینێکی بە دژی کۆماری تورکیە دەست پێ کرد کەئەوە بۆ چەند دەیە دەچێ بەردەوامە. لە ساڵی ١٩٨٠دا، حافز ئەسەد لە سووریە پێشوازیی لە دامەزرێنەری PKK، عەبدوڵڵا ئۆجەلان و دامودەزگا و بارەگاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان کرد. لەوەش زیاتر ئەسەد کوردەکانی سووریەی هان دا کە نەک هەر پشتیوانی لە PKK بکەن، بەڵکوو بچنە ناو ڕیزەکانیشیەوە. سووریە لە بردنە پێشی ئەو ستراتیژییەدا بە دوای دوو ئامانجەوە

بوو. یەکەم ئەوە کە سەرنجی کوردەکانی سووریە لەسەر مەسەلە نێوخۆییەکانی ئەو وڵاتە، بەتایبەت مەسەلەی کوردەکانی ئەوێ دوور بخاتەوە. هەروەها پاڵپێوەنان و هاندانیان بۆ شەڕ بە دژی تورکیە، کە ئەودەم وەک نەیاری سووریە چاوی لێ دەکرا.[١٧] بەو جۆرە پارتی کرێکارانی کوردستان بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ حزوورێکی پڕەنگی لە سووریەدا هەبوو تا سەرەنجام لە ساڵی ١٩٩٨دا لەگەڵ ڕێبەرەکەی ئۆجەلان لەو وڵاتە وەدەرنران. بە وتەی سەرچاوەیەکی تورک و بە نەقڵ لە یەکێک لەفەرماندەکانی PKK، لەو ماوەیەدا کە PKK لە سووریە بووە، نزیکەی ٨٠٠٠ تا ١٠٠٠٠ «لایەنگری چەکدار»ی لەوێ هەبووە.[١٨] ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە پارتی کرێکارانی کوردستان، کاریگەرییەکی زۆر و درێژخایەنی لەسەر کوردەکانی سووریە هەبێ. بەو جۆرە، ئەوە لەچاو پارتی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتیی نیشتمانی کە پێشتر لەوێ بنکە و بارەگایان هەبوو، بۆخۆی بۆ PKK وەک ئیمتیازێکی گەورە بە حیساب دەهات. بەتایبەت کاتێک کە ئەو دوو هێزە لە ساڵی ١٩٩١دا ئیدی ناچاربوون ناوەندی کار و چالاکی و بنکە و بارەگاکانیان بۆ عێراق بگوێزنەوە.[١٩]

کاتێک PKK لە سووریە لە ساڵی ٢٠٠٣دا پارتی یەکیەتیی دێموکراتی واتە PYDی وەک لقێکی خۆی دامەزراند، نفوز و دەسەڵاتی هێندەی دیکەش پەرەی ئەستاند. بەرەبەرە PYD دەستی کرد بە دروستکردنی ڕایەڵەیەکی کۆمەڵایەتی لەو ناوچەیەدا کە ئەمڕۆ پێی دەگوترێ ڕۆژاوا. لە ساڵی ٢٠١١ وە کە دەسەڵاتی حکوومەتی بەشار ئەسەد بەسەر ناوچە کوردییەکاندا بەرەو لاوازی ڕۆیشتوە، ململانێ و شەڕی دەسەڵات لەو ناوچەیەدا لە نێوان پارتی کرێکارانی کوردستان و پارتی دێموکراتی کوردستاندا، لەڕێگای حیزبە کوردییەکانی «لایەنگر»ی خۆیانەوە لە سووریەدا، واتە پارتی یەکیەتیی دێموکراتی و ئەنجومەنی نەتەوایەتیی کورد، بەردەوام لە ئارادابووە. لە هاوینی ساڵی ٢٠١٢ وە بەرەبەرە PYD لەو ناوچەیەدا دەستێکی باڵاتری پەیداکرد. ئەمەش هەلومەرجی ئەوەی بۆ ڕەخساند کە بتوانێ ئۆتۆنۆمی لەو ناوچەیەدا دامەزرێنێ و سەرەنجام سیستەمێکی جیاواز بۆ خوێندن و فێربوون دروست بکات کە دوور بێ لەو سیاسەتی تەعریبەی کە لە لایەن حکوومەتی ناوەندی لە دیمەشقەوە ئاراستە دەکرا. کتێبە دەرسییەکان لە ڕۆژاوا جیاوازییەکی زەق و بەرچاویان لەگەڵ کتێبە دەرسییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراقدا هەیە. هەرکام لەوان ئەزموونە مێژووییە تایبەتییەکانی هەریەک لەو ناوچانە دەردەخەن. لەوەش زیاتر ململانێ و ناکۆکییەکانی نێوان هێزە سیاسییەکانی زاڵ لەو ناوچانە و ڕوانگە و ئیدیۆلۆژی و دونیابینیی جیاوازی ئەوان نیشان دەدەن.

## دامەزرانی سیستەمەکانی خوێندن و فێربوونی کوردی

دامەزرانی سیتەمی نوێی خوێندن، گۆڕینی زمان و کتێبە دەرسییەکان، لە کاتی خۆیدا بۆڕێبەرایەتیی کورد لە عێراق و سووریە، کارێکی هێندە ئاسان نەبوو. کاتێک ڕێژیمی بەعس دەسەڵاتی خۆی لەساڵی ١٩٩١دا، بەسەر کوردستانی عێراقدا لەدەست دا، حکوومەتی تازە دامەزراوی هەرێمی کوردستان، پرۆسەی گۆڕینی کتێبە دەرسییەکانی سەردەمی بەعس و پەرەپێدان و بردنەپێشی خوێندنی کوردیی لە قوتابخانەکاندا دەست پێ کرد. لەوبارەیەوە هەنگاوی یەکەم لەلایەن چالاکانی کوردەوە لە دیاسپۆرا هەڵێنرایەوە. ئەوان ئەو کتێبە دەرسییە کوردییانەیان، کە لە سوید بۆ فێرکردنی خوێندن و نووسین بە زمانی دایک بە منداڵانی کورد، کەڵکیان لێ

وەردەگیرا، بە قاچاخی بۆ ناوچەی ئۆتۆنۆمی تازە دامەزراو گواستەوە. لەوەش زیاتر ئەوان نەخشەی کوردستانی گەورەشیان، کە هەموو پارچەکانی کوردستانی بەسەر یەکەوە نیشان دەدا، لە ژمارەیەکی زۆردا گەیاندە ئەو ناوچەیە کە لەگەڵ پێشوازییەکی گەرم بەرەورووبوو. دواتر، چالاکانی کورد لە فەڕانسە، کتێبە دەرسییەکانی سەردەمی ڕێژیمی بەعسیان، پاش دەستکاری و لابردنی ئەو بەشە لە نێوەرۆکی کتێبەکان کە لە خزمەت بردنەپێشی تەعریب و سیاسەتەکانی بەعسدا بوون، سەرلەنوێ چاپ دەکردنەوە و بۆ خوێندن و کەڵک لێ وەرگرتن، ڕەوانەی هەرێمی کوردستانیان دەکردن. ئەو ئەرکە لەلایەن ڕێکخراوەکانی فرانس لیبێرتی، ئەنستیتۆی کورد لە پاریس و یونسکۆ(UNESCO)وە سەرپەرشتی و جێبەجێ دەکرا.[٢٠] حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پاش جێگیرکردنی دەسەڵاتی خۆی، دەستی کرد بە کۆنترۆڵی نێوەرۆکی کتێبە دەرسییەکان، ئامادە و چاپکردنی ئەوان و هەروەها بە وەخت، لە هەموو ئەو ناوچەیەدا کە بە گوێرەی قانوون دەکەوتە ژێر حاکمییەتی حکوومەتی هەرێم(jurisdiction) خوێندنی کوردیی جێگیرکرد. لەو پەیوەندییەدا ئاڵوگۆڕێکی دیکەی گرینگ بریتی بوو لە پەسندکرانی قانوونی ئەساسی، واتە دەستووری نوێی عێراق لەساڵی ٢٠٠٥دا کە زمانی کوردیی وەک هاوشانی زمانی عەرەبی بە ڕەسمی ناسی و» مافی عێراقییەکانی بۆ پەروەردە و فێرکردنی منداڵەکانیان بە زمانی زکماکی خۆیان» دەستەبەرکرد.[٢١] دواتر وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، کە ئیدی ئێستا لە لایەن حکوومەتی فیدراڵی عێراقەوە بەڕەسمی ناسرابوو، لە ئاستێکی بەریندا چاپی کتێبە دەرسییەکوردییەکانی، کە لە لایەن پسپۆڕانی کوردەوە دەنوسران، دەست پێ کرد.[٢٢]

سیستەمی خوێندنی کوردی لە ڕۆژاوا، چەندین ساڵ دواتر دەستی پێ کرد. سەرەڕای ئەوەی کە بەکارهێنانی زمانی کوردی لە سووریە قەدەغەبوو، لەساڵی ٢٠٠٥دا، ١٠٠ مامۆستای کورد بە نهێنی بۆ دامەزرانی ئەنستیتۆی خوێندنی کوردی کۆ بوونەوە. ژمارەیەکی زۆر لەوان دواتر گیران. بەو جۆرە تا دەست پێ کردنی ڕاپەڕینی ساڵی ٢٠١١، قوتابیانی کورد دەبوایە بە عەرەبی بخوێنن. لەوەش زیاتر ئەوان قسەکردن بە زمانی کوردییان، تەنانەت لە نێوخۆشیاندا، لێ قەدەغە کرابوو. بۆیە ئەگەر بە کوردی دوابان سزا دەدران. لە ئاکامدا زمانی کوردی بە نهێنی لەنێو ماڵەکان و لە گوندەکاندا دەخوێندرا.[٢٣] بە دەست پێ کردنی ڕاپەڕین، ئاستی ویست و داخوازی( ambition) بۆ دامەزراندنی سیستەمیکی خوێندنی کوردی هێندە لە سەرێ بوو، کە وەک چەند ساڵ دواتر چالاکێکی کورد باسی دەکات، لە سووریەش تێدەپەری.»ئێمە دەمانهەویست سیستەمێکی خوێندنی کوردی بۆ هەرچوار پارچەی کوردستان دامەزرێنین»[٢٤] بەو جۆرە چالاکانی کورد نەک هەر دەیانهەویست زمانی خوێندن بگۆڕن، بەڵکوو دەیانهەویست ئاڵوگۆڕ لە پێداگۆگی و فەزا وتەنانەت چوارچێوە و سترەکتۆری سیستەمی خوێندن و فێربوونیشدا پێک بێنن. سیستەمێک کە حکوومەتی سووریە لە پەیوەندی دەگەڵ خوێندن و فێربووندا دەیبردە پێش و دەیپاراست، دووگم و وشک بوو. مامۆستاکان لە قوتابییەکانیان دەدا و سوکایەتییان پێ دەکردن. بەڵام چالاکانی کورد خوازیاری گۆڕینی ئەو سیستەمە بە سیستەمێکی کراوە بوون کە لەوێدا ڕێز لە قوتابی بگیرێ و هاوڕێیانە ڕەفتاری دەگەڵ بکرێ. شایانی باسە نێوەرۆکی کتێبە دەرسییەکانیش، بە لەخۆگرتنی باس و بابەتەکانی پەیوەندیدار بە مێژوو وجوغرافیای کوردستان، ئاڵوگۆڕی

بنەڕەتییـــان بەســـەردا هات. بە دەســـت پێ کردنی ســـاڵی ٢٠١٦، ئـــەو ئاڵوگۆڕانە هەموو قۆناخەکانـــی خوێندنیـــان، هەر لـــە قۆناخی ســـەرەتاییەوە تـــا دەگاتە زانســـتگای تازە دامەزراوی قامیشلی لە ڕۆژاوا، گرتەوە.[٢٥]

## ناسنامەی نەتەوایەتی لە کتێبە دەرسییە کوردییەکاندا

ئەگەرچی دەست پێ کردن لە سەرتاوە بۆخۆی دەرفەتێک بوو، بـــەڵام ئەوە بەو مانایەش بوو کە دەبوایە مامۆســـتایان ڕاهێنرابان، بەرنامە و پرۆگرامـــی تازەی خوێنـــدن و فێربوون و قوتابخانـــە و پۆلی تـــازە بۆخوێندن و دەرس گوتنەوە ئامادەکرابان. لەو نێوەدا ئامادەکردنی کتێبە دەرســـییەکان کارێکـــی پڕ زەحمەت بوو. نوســـخە ســـەرەتاییەکانی هێندێک لەو کتێبە دەرسییانە لەساڵی ١٩٩٩دا لەدەرەوەی ڕۆژاوا ئامادە و چـــاپ کرابوون و بە قاچاخی هێنرابوونە ناو ئیدارەی دەسەڵاتی کوردییەوە. هێندێکی دیکە لەو کتێبانە پاش ساڵی ٢٠١١ لە تورکیە، پێش ئەوەی کە نوسخە تازەکانیان لە ڕۆژاوادا ئامادە بکرێن، ســـەرلەنوێ لەچاپ درابوونەوە.[٢٦] تا ساڵی ٢٠١٥، ئەوەی ئەودەم پێی دەگوتـــرا حکوومەتـــی کاتیـــی ڕۆژاوا، توانیبووی ٤٠٠٠٠ کتێبی دەرسی بە کوردی چاپ و بڵاوبکاتەوە و ٢٦٠٠ مامۆستا بۆ دەرس گوتنەوە لە شار و ناوچە جیاجیاکانی ڕۆژاوادا ئامادە و پەروەردە بکات. لە سەرەتادا دەرسی زمانی کوردی تەنیا لە پۆلە ســـەرتاییەکانی یەکـــەم، دووەم وســـێهەمدا دەگوترایـــەوە. دژکردەوەی حکوومەتی ســـووریە ئەوەبوو کە لـــە ناوچەکانـــی ژێر دەســـەڵاتی خۆیدا، ٣٠ قوتابخانەی داخســـت کە زمانـــی کوردییان تێدا دەوترایەوە. لەبەرانبـــەر ئەو کردەوەیەی حکوومەتدا، حکوومەتی کاتیی ڕۆژاوا ڕایگەیاند کـــە ئامادەیە کار بە هەموو ئەو مامۆســـتایانە بـــدات کە بێکارکـــراون.[٢٧] دواتر حکوومەتی سووریە بودجەی هەموو وەزارەتی پەروەردە و فێرکردنی لە ناوچە کوردییەکاندا بڕی. ئاکامی ئەو کارە بوو بە هۆی خێراتربوونی پرۆســـەی جێگرتنەوەی کتێبە دەرســـییە عەرەبییەکان لەلایـــەن کتێبـــە دەرســـییە کوردییەکانەوە.[٢٨] بە دەســـت پێ کردنی ســـاڵی خوێندنی ٢٠١٦-٢٠١٧، کتێبە دەرسی و پێداویستییە ماددییەکانـــی دیکەی هەمـــوو قۆناخەکانی خوێندن بەکوردی و تەنانـــەت بە عەرەبی و ئاسووریش ئامادەکران. بەو جۆرە تەوای کتێبە دەرسییەکانی ســـەردەمی حکوومەتی بەعس گۆڕان و ئەو کتێبانە جێی ئەوانیان گرتەوە.[٢٩]

## پەروەردەی نەتەوەیی و ناسیۆنالیستی لە کتێبە دەرسییەکانی ڕۆژاوادا

ســـاڵی ٢٠١١ کوردەکان لە ڕۆژاوا شۆڕشێکی سیاسی و کۆمەڵایەتییان دەست پێ کرد. لەو نێوەدا، بە هۆی ئەو شـــوێنەوارە گرنگەی کە ئاڵوگـــۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن لەســـەر داهاتووی کۆمەڵگا هەیانبێت، دەتوانین بڵێین کە لایەنی کۆمەڵایەتیی ئەو شۆڕشـــە لەچاو لایەنە سیاســـییەکەی زۆر قووڵتر و بەرچاوتر بوو. بەردی بناخەی ئـــەو ئاڵوگۆڕە گەورەیە، ئەو سیســـتەمی پەروەردە و فێرکردنە بوو کە تازە لە حاڵی دامەزراندندا بوو. ئەو سیستەمە، جگە لەوەی بەرەنگاری میراتی پەنجاســـاڵەی تەعریب و بەبەعســـیکردن دەبـــوەوە، نەوەی نوێـــی کوردیشـــی بە ڕۆحێکـــی نەتەوەیی و ناســـنامەیەکی کوردیـــی پـــڕ لە شـــانازی و بە ڕیوایەتێکـــی کوردی، پـــەروەردە دەکرد. کتێبـــە کوردییـــە دەرســـییەکانی ڕۆژاوا، لە چەند بواری ســـەرەکیدا، ناسنامە و هەویەتی کوردیان لە قوتابیانی کوردی ئەو مەڵبەندەدا پـــەروەردە دەکرد. دارشـــتنەوەی جوغرافیای کوردســـتان، زمانـــی کـــوردی، کولتـــوور و فەرهەنگی نەتەوایەتی، ڕەمز و سیمبۆڵەکانی نێـــو ئەدەبیاتی کـــوردی، سۆســـیالیزم، نرخ و بایەخـــە کۆمەڵایەتییـــەکان، ســـیکۆلاریزم و بەرانبەریـــی نێـــوان ژن و پیـــاو. وەک

هەرجێگایەکی دیکە، لەو نێوەدا، لە پەیوەندی دەگـەڵ پەروەردەکردنی منداڵانــی کورددا، دارشــتن و دروســتکردنی جوغرافیایەکــی نەتەوەیی لــە ڕۆژاوا ئەرکی هەرە کلیلی بوو. لە کتێبە دەرســییەکان و نەخشە و خەریتە جوغرافییەکاندا، کوردستانی گەورە بە جۆرێک نیشان دەدرا، کە هەر چوار بەشی کوردستان واتــە ڕۆژاوا(ســووریە)، باکوور(تورکیــە)، ڕۆژهەڵات(ئێــران) و باشــوور(عێراق) وەک یــەک واحیــدی جوغرافیایــی ببینرێن.[٣٠] لەوەش زیاتر هێندێک لەو نەخشانە نەک هەر ئەو شوێنە وشکاییە کە ناوچە کوردییەکانی تێداهەڵکەوتوون، بەڵکوو خاکی کوردستانیان دەبردەوە ســەر لێوارەکانی دەریای ســپیی نێوەڕاست.

سەرەڕای ئەوەی کە ئەو نەخشە و کتێبە دەرسییانە، ئەو سنوورە دەوڵەتییانە ناناسن کە کوردســتانیان دابەش کردووە، شوێن و جێگا جۆراوجۆرەکانیش، بەنــاوە کوردییەکانیانەوە دەناســێنن.[٣١] بۆ نموونە هێندێک شــوێنی وەک دێرســیم لە تورکیە کە حکوومەتەکان، بە مەستی تواندنەوەیان لەڕاستای بردنەپێشی سیاســەتی ئاسیمیلاســیۆنی خۆیاندا، ناوی دیکەیان بۆ داناون.[٣٢] ئەو ڕوانگە کوردیتەوەرە، ئەودەم باشــتر دەردەکەوێ، کە دەبینین لەو نەخشە و کتێبە دەرســییانەدە، ئەو وڵاتانەی ئێســتا کوردیان تێدا دەژی، وەک دراوسێی کوردســتان دادەنرێن. بۆ نموونــە ڕەنگە لەو نەخشانەدا، سووریە لەسەر نەخشە دەرکەوێ، بــەڵام وەک وڵاتێکــی دراوســێی ڕۆژاوای کوردســتان.[٣٣] لە هێندێک لەو نەخشــانەدا سنووری نێوان بەشە جیاجیاکانی کوردستان بەتەوای ســڕاوەتەوە.[٣٤] زاراوەی کوردستان بەردەوام لەو کتێب و نەخشانەدا، بە مانا و لە چوارچێوەیەکی نەتەوەییدا دووبارە و چەندبارە دەبێتــەوە. بــۆ نموونە لە کتێبــی خوێندنی زمانی کوردی بۆ پۆلی یەکەمی ســەرەتاییدا، شیعرێکی جگەرخوێن، شــاعیری گەورەی کــورد لە چەرخی بیســتەمدا بەناوی «وڵاتی من کوردستان» دەبینرێ. (جگەرخوێن ناوی شێخمووس حەســەنە، لە ڕۆژهەڵاتی تورکیە لە دایک بووە، زۆر کەس ناوبراو بە شاعیرێکی میللیی کورد دەناســن)[٣٥] شــیعرێکی دیکە کــە لە کتێبی پۆلی ســێهەمی ســەرەتاییدا چاپ کراوە بە درووشــمی «بژی کوردستان، بژی کوردســتان» دەســت پــێ دەکات.[٣٦] هەر لەو کتێبەی دواییدا، شــیعرێکی تێدایە کە بەراورد لە نێــوان کچێکی کورد بە ناوی ســۆزان، دەگەڵ دەستە خوشکەکانی دیکەی لە ســپانیا و ژاپۆندا دەکات کــە هەرکامیان خاوەنی «نیشــتمان»ی تایبەت بە خۆیانن.[٣٧] بەکارهێنانی بەردەوام و چڕوپڕی وشــەکانی نیشتمان و وڵات، لەو کتێبە دەرسییانەدا ئەوە دەردەخا کە کاربەدەســتان چۆن دەیانهەوێ ئێنتیمای نیشتمانی و هەستی وڵاتپارێزی لە هــۆش و بیر و زەینی نــەوەی نوێی کورددا بچێنن و جێگیری کەن.

بەوجــۆرە دەردەکــەوێ کە لــە ڕۆژاوادا بــە شــێوەیەکی زۆر ڕوون و ئاشــکرا ڕۆحی پانکوردیــزم و ناســیۆنالیزمی کوردی لەگەڵ نێوەرۆکی تێکســت و کتێبە دەرســییەکاندا تێکهەڵکێــش دەکــرێ. بۆ نموونــە هەر لەو کتێبەدا کە بە مەبەســتی فێربوونی کوردی بۆ پۆلی ســێهەمی ســەرەتایی ئامادە کراوە، هۆنراوەیەکی سەبارەت بە کۆماری کوردستان تێدایە. کۆماری کوردســتان ساڵی ١٩۴٦ لە مهاباد دامەزرا و توانی بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە ئێران بۆ ماوەی ١١ مانگ کاروباری ناوچە کوردییەکان بەڕێوەبــەرێ. (ناوەندی کۆماری کوردســتان شــاری مهاباد بــوو هەربۆیەش زۆر جار وەک کۆماری مهاباد ئیشــارەی پێ دەکــرێ). ناونیشــانی هۆنراوەکــە بریتیە لە «Komara Kurdistanê ya Mehabadê» هۆنراوەکە لە ڕوانگەی شــارێکەوە دەدوێ کە پایتەختی وڵاتێکە. «من شــارێکی شــیرینم، گەلێک کوڕ و کچی شۆخ وشەنگ لە پێناوی

مندا گیانیــان بەخت کردووە، من بە خوێنی ئەوان نەخشــاوم و شــانازییان پێوە دەکەم».

شیعرەکە ناوی ســەرۆک کۆماری کوردستان قازی محەممەد و مەیدانــی چوارچرا دێنی. ئــەو شــوێنەی کۆمــاری کوردســتانی لێ ڕاگەیەنرا و هەر ئەو شــوێنەش کە قازی تێدا لە ســێدارە درا. هێمن موکریانی بە شاعیری میللیی کۆماری کوردســتان ناسراوە. کۆماری کوردســتان ئاڵای «ڕەنگاوڕەنــگ»ی تایبەتی خــۆی و ســروودی نەتەوایەتیــی تایبــەت بەخۆی بــە ناوی «ئــەی ڕەقیــب» هەبووە، سروودێک کە ئێســتاش هەر وەک سروودی نەتەوایەتیــی کورد لە هەرێمی کوردســتانی عێراقدا بەڕەســمی دەناسرێ.[٣٨] نموونەیەکی دیکــە لە هەســتی نەتەوایەتی وپێشــاندانی هاوپەیوەندیی نەتەوەیی لەو کتێبانەدا بریتییە لە یاد کردنــەوەی کارەســاتی هەڵەبجە کە لە ١٦ی مانگی مارســی ١٩٨٨دا ڕوویدا.[٣٩] لــە دوا ڕۆژەکانی شــەڕی ئێــران و عێراقدا، فڕۆکەکانی ڕێژیمی عێراق، شاری کوردنیشنی هەڵەبجەیان بە چەکی شیمیایی بۆمباران کرد و لە ئاکامدا ٣٠٠٠ تا ٥٠٠٠ کەس لە خەڵکی ئەو شارە ژینۆســاید کران.[٤٠] دەبێ بگوترێ کە ئەو کتێبە دەرســییانەی کە بۆ پۆلەکانی خوێندنی قۆناخی سەرەتایی ئامادەکراون، زۆر ناوی هەڵەبجە و مهاباد دووبارەوە دەکەنەوە بە بێ ئەوەی سەبارەت بەوان ڕوونکردنەوە بدەن. وێدەچێ چاوەڕانییان لە مامۆســتاکان بێ کە لەوبارەیەوە زانیاریی پێویســت و ڕوونکردنەوە بدەنە قوتابییەکان یان بۆخۆیان هەڵبژێرن کە لەو دەرسانە بۆ فێرکردنی قوتابییانی بەتەمەن گەورەتر کەڵک وەرگرن.

شــێوازێکی دیکە کە لــەو کتێبانەدا بۆ بڵاوکردنــەوەی پانکوردیزم و ناســیۆنالیزمی کوردی کەڵکی لــێ وەردەگیرێ، بریتییە لە بەکارهێنانی تێکست و دەقە نموونەییەکان. بــۆ نموونە لــە کتێبــی قۆناخــی یەکەمی ســەرەتاییدا کە بۆ خوێندنــی زمانی کوردی بەکاردەبرێ، چاومان بە نامەیەک دەکەوێ کە کچێکی کوردی خەڵکی کۆبانی، بۆ هاوڕێکەی لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردســتان لــە عێراقی دەنێرێ.[٤١] لەو دەق و تێکســتە نموونەییانەدا ناوی منداڵەکان هەمیشە ناوێکی کوردیی ئەوتۆیە کــە مانای تایبەتی کوردیی هەیــە یا بە جۆرێک دەلالەت لە ناســنامەی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزمی کوردی دەکا. وەک ئێریڤــان، لالەش، ئێزینــگ، ئێریش و هتد. هیــچ گومانێکی تێدا نییــە کە ئەوە جۆرێک دژکردەوەیە بەو قەدەغەیەی کە لەســەر ناوە کوردییەکان هەبووە، یان بەرانبەر ئەو فشــار و پاڵەپەســتۆیەی کە لایەن حکوومەتەکانی سووریە و تورکیەوە دەخرایە سەر کوردەکان تا نــاوی عەرەبی و تورکی لــە منداڵەکانیان بنێن. هەر بــەو جۆرە، بەکارهێنانی ئەو ناوانە لەگەڵ جیهانبینیی سیکۆلاری PKK و PYDش دێتەوە، کە نایانهەوێ تەنانەت لە شــێوە کوردییەکەی ناوە مێژووییە ئیســلامییەکانی وەک میهمەد(محەمــەد)، ئەلــی (علــی) و ئۆمەر(عمر) یش کەڵک وەرگرن.

لــە ڕاســتیدا لــەو کتێبە دەرســییانەدا کە من چــاوم پێدا گێڕاون و لە ســاڵەکانی سەرەتای دەستپێکردنی خوێندنی کوردی لەو ناوچەیەدا ئامادە کراون، زۆر بە دەگمەن توشی تێکستێک دەبین کە بە جۆرێک دەلالەت لە ئیســلام یا هەر دینێکی دیکە بکات. لە بری ئەوە لەو کتێبانەدا زۆر بەزەقی و بە شێوەیەکی بەرچاو باس لە شــتێک دەکرێ کە من پێی دەڵێــم پیرۆزکردنــی «نەورۆز». نــەورۆز واتە ڕۆژێکی نوێ، بــە ڕۆژی نەتەوەیی دادەنرێ. هەموو ساڵێ لە ڕۆژی ٢١ مارسدا کوردەکان جەژنی نەورۆز دەگرن. نەورۆز ڕۆژی یەکەمی دەستپێکردنی سەری ســاڵی کوردییە. دیارە لــە ئێران و لەو فەرهەنگانەدا کە بە پێرشــیا ناسراون، ڕێورەسمی لە چەشنی نەورۆز هەموو ســاڵێ بەڕێوە دەچن، بەڵام نەورۆز بۆ کوردان مانا و بایەخێکــی زۆر گرینگ و تایبەتیتری

هەیە، بە تایبەتی لە تورکیە، کە بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ بەڕێوەبردن و پیرۆزکردنی نەورۆز قەدەغەی لەسەر بووە.[۴۲] کتێبی خوێندنی پۆلی یەکەمی سەرەتایی، هەڵبەستێکی جگەرخوێنی سەبارەت بە نەورۆز تێدایە.[۴۳] بەشێک لە کتێبی پەروەردەی کۆمەڵایەتیی پۆلی دووهەمی سەرەتایی، باسی بایەخ و گرینگیی نەورۆز دەکات. ئەو باسە ڕیشەی نەورۆز بۆ ئەفسانەیەکی سەردەمی میدیاکان و سەرکەوتنی پاشایەکی کورد بە ناوی کاوەی ئاسنگەر بەسەر زوحاکی زاڵم لە ۲۱ی مارسی ساڵی ۶۱۲ی پێش لەدایک بوونی مەسیحدا، دەگێڕێتەوە.[۴۴] لە باری مێژووییەوە ئەو ڕووداوە دەگەڵ ئەوساڵە دێتەوە کە کەیخوسرەوی یەکەم ، پاشای مادەکان، نەینەوا فەتح دەکات و لە ئاکامدا ئیمپراتۆری ئاشووری نوێ دەرووخێ. بابیلیۆن بە سەر مێزۆپۆتامیادا زاڵ دەبێ و ئیمپراتۆری ماد دەسەڵاتی خۆی بەسەر ناوچەکەدا پەرەپێدەدا، سەردەمێک کە کوردە ناسیۆنالیستەکان وەک چاخی زێڕینی دەسەڵاتداریەتیی نەتەوەییی کوردی تەماشای دەکەن.[۴۵] هەر ئەو کتێبە، لە ستایشی نەورۆزدا دەچێتە پێشتر و دەڵێ: «لەو ڕۆژەدا گەلی ئیمە ئازادی و ئاشتیی بۆ هەموو گەلانی ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاست بە دیاری هێنا». لەوەش زۆرتر دەڕواتە پێش و دەڵێ: «نەورۆز بریتییە لە ئازادی، دێموکراسی و عەداڵەت»[۴۶] مەبەست لەو جۆرە تەفسیر و لێکدانەوەیە لە نەورۆز ئەوەیە کە مێژووی کورد بۆ پێش ئیسلام بگێڕێتەوە و لە لایەکی دیکەشەوە خزمەتی کوردەکان بە گەلانی ناوچە بە تورک و عەرەب و کریستیانەکانەوە وەبیر بێنێتەوە.

بۆ لێکگرێدانی نەورۆزی دێرین لەگەڵ سەردەمی نوێدا، هەر هەمان کتێب، ناوی مەزلوم دۆگان دێنێ و بە کاوەی سەردەمی نوێ و ڕەمز و نیشانەی بەربەرەکانێ و بەرخۆدان و تێکۆشانی کوردان بەرانبەر زوڵم و ستەمی لە قەڵەم دەدا.[۴۷] دووگان کوردێکی عەلەوی بوو لە تورکیە، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کرێکارانی کوردستان بوو. ناوبراو لە ساڵی ۱۹۷۹ لە دیاربەکر گیرا و خرایە زیندانەوە. لە نەورۆزی ساڵی ۱۹۸۲دا، بە نیشانەی نارەزایەتی بەرانبەر بە سیاسەتەکانی حکوومەتی تورکیە، ئاگری بەردایە سلوولەکەی خۆی و لە زینداندا خۆی هەڵواسی و سوتا. لەو دەمەوە ئیدی لە لایەن کوردەکانەوە وەک قارەمانی میللی تەماشا دەکرێ.[۴۸]

بێجگە لە نەورۆز، لە کتێبە دەرسییەکاندا، زۆر ڕۆژی دیکەش کە بە نوختەگۆڕان و ڕۆژی گرینگ لە مێژووی تازەی ڕۆژاوادا دادەنرێن، یادیان دەکرێتەوە و بە بایەخەوە باسیان دەکرێ. بۆ نموونە ۱۹ی ژوئیە، کە وەک ڕۆژی دامەزرانی دەسەڵاتی دێموکراتیکی ئۆتۆنۆمی لە ڕۆژاوا، لە ساڵی ۲۰۱۲دا، بە حیساب دێت. لە کتێبی خوێندنی زمان بۆ پۆلی دووهەمی سەرەتاییدا، کە باس لە گرینگیی ڕۆژی ۱۹ی ژوئیە دەکات، ئەو ڕووداوە وەک شۆڕش لە ڕۆژاوادا لە قەڵەم دەدا و لە زمانی مامۆستایەکەوە ڕوو لە قوتابییەکان دەڵێ: «ئەو ڕۆژە، ئەو ڕووداوە بۆ ئێمە پیرۆز و موقەددەسە. چونکە پاش ژیان لە ژێرچەپۆکی و ژێردەستی بۆ ساڵانێکی زۆر، گەلی کورد لەو ڕۆژەدا ئازادیی خۆی وەدەست هێنا. ۱۹ی ژوئیە، دیارییە بۆ هەموو منداڵان، چونکە ئامانجی شەهیدان ئەوە بوو کە پاشەڕۆژ و داهاتوومان بریتی بێت لە ئازادی و بەرانبەری و یەکسانی»[۴۹] ڕۆژێکی دیکە کە لە کتێبە دەرسییەکاندا یادی لێ دەکرێتەوە و بە بایەخەوە سەیر دەکرێ، بریتییە لە ۲۵ی ژانویەی ساڵی ۲۰۱۵، کە بریتییە لە ساڵڕۆژی ئازادبوونی کۆبانی لە دەسەڵاتی داعش، یا دەوڵەتی بە ناو ئیسلامی. کتێبی پەروەردەی کۆمەڵایەتیی پۆلی دووهەمی سەرەتایی، وێنەی بەڕێوەچوونی ڕێورەسمێکی تێدایە کە

لەویدا خەڵک بەرگی کوردییان پۆشیوە و ئاڵا بەرزدەکەنەوە و چالاکیی دیکەی فەرهەنگی و کولتووری بەڕیوەدەبەن. بەشێک لەو ڕێورەسمە بریتیە لە یادکردنەوەی» شـــەهیدانی شۆڕشی ڕۆژاوا» کە وێنەکەیان دیواری ساڵۆنی شوێنی بەڕێوەچوونی ڕێورەســـمەکەی نەخشاندوە[٥٠] کتێبەکــە تەنیا یــەک جار باســی جەژنی ڕەمەزان دەکات کە لە لایەن کوردەکانەوە لە کۆتاییی مانگی ڕەمەزانــدا بەڕیوەدەچێ. ئەو ڕێورەسمەش وەک فیستیڤاڵیکی ئایینی باسی لێوەدەکرێ، نەک وەک جەژنێکی تایبەت بە موسوڵمانان.[٥١]

شێوازێکی دیکە کە ئەو کتێبە دەرسییانە بــۆ ئاشــنا کردنی منــداڵان بــە فەرهەنگ، کولتـــوور و مێـــژووی کورد بــەکاری دێنن بریتیە لە ڕۆژئەژمێر(kalender). هەرچەند لەو کتێبە دەرسییانەدا ناوی مانگەکان بەگوێرەی ســاڵنامەی زایینــی و بە ڕێنوســی کوردی بەکاردێن، بەڵام قوتابیان لە ڕێگای ساڵنامەی هەتاوییـــەوە فێری مێـــژووی کورد دەبن، کە هەموو ســـاڵێ بە نەورۆز دەســـت پێ دەکات ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دێرینی دەورانی ماد دەکان. بەو جۆرە ساڵێ یەکەمی ســاڵنامەی کوردی بریتیە لە ســاڵی ٦١٢ی پێش لە دایک بوونی مەسیح. بۆیە ساڵنامەی کوردی هەزار ســاڵ لــە ڕۆژئەژمێری کۆچی و شەشســـەد لە ســاڵنامەی زایینی قەدیمی تــرە.[٥٢] گێڕانەوەی مێژووی کورد بۆ ســـەر ماددەکان وخوڵقاندنی ئەفســانەی مێژوویی ســەبارەت بە تاریخی ئەوان، بەو مەبەستەیە کــە کورد، کە بــۆ ســاڵانێکی زۆر لە لایەن گەلانــی دیکەی ناوچەکەوە بە کەم یا نادیدە گیــراوە، وەک نەتەوەیکی دێرین و ڕەســەن نیشان بدرێ. وەک لەنێو زۆربەی نەتەوەکاندا وایە، ئــەو کتێبــە دەرســییانەش، زمان بە کۆڵەکەیەکی گرینگی ناســنامەی نەتەوەیی دادەنێن. لە کتێبی پەروەردەی کۆمەڵایەتیی پۆلی سێهەمی سەرەتاییدا، لە زمانی عەبدوڵڵا ئۆجــەلان، دامەزرێنەری پارتــی کرێکارانی کوردســـتانەوە، دەگوترێ کە نەتەوەی کورد «زمانێکی مێزۆپۆتامیایی زۆر لە مێژینە»ی هەیــە و مێژووی کـــورد بەرانبـــەرە لەگەڵ مێـــژووی ژیـــان و کۆمــەڵ و فەرهەنگ.[٥٣] کتێبێکی خوێندنی کوردیـــی پۆلی یەکەمی ســەرەتایی کە پڕە لە شـــیعر و هەڵبەست و پەخشـــان، زمانـــی کـــوردی وەک «زمانێکی شـــیرین و جوان» و وەک «ئەســـتێرەیەک لە دونیا»دا پێناســە دەکات[٥٤] کتێبی خوێندنی کوردیی پۆلی سێهەمی ســـەرەتایی، لەوەش زۆرتـــر دەڕواتە پێش و دەڵێ ئەو کەســـەی گیانی خـــۆی لە پێنـــاوی پەرەپێدانی زمانی کوردیـــدا بەخـــت دەکات، وەک شـــەهید تەماشای دەکرێت.[٥٥] ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەو جۆرە دەربڕینانە بە زیادەڕۆیی ناژمێردرێن. ئاخر لە سەرتاســـەری چەرخی بیســـتەمدا تا ئێســـتا، کوردەکان مافی ئەوەیـــان نەبووە بە زمانی خۆیان قســـەبکەن.[٥٦] بۆیە بۆ کوردان ئازادیی قسەکردن بە زمانی کوردی، بەرانبەرە لە گەڵ ئازادیی ڕاستەقینەی سیاسی.

عیشـــق و خۆشەویســـتی بۆ نیشـــتمان و وڵاتی کـــوردان، گیانبـــازی و فیداکاری و شـــەهیدبوون لە پێناوی گەل و نیشتمان، لە سەرتاسەری ئەو شـــیعر و چیرۆک و سروود و پەخشـــان و داســـتانانەدا ڕەنـــگ دەداتەوە کە نیورۆکـــی ئەو کتێبە دەرســـییانە پێک دێنــن. لە کتێبی فێربوونـــی زمانی کوردیدا، کە بۆ پۆلی سێهەمی ســـەرتایی ئامادەکراوە، داستانێکی تێدایە لە ژێر ناوی «شانازیی ئێمە» یا (Rûmetên me - Our honor) ئەو داستانە باسی دایکێک دەکات کە لە نێو منداڵەکانیدا دانیشـــتووە و قســـەیان بـــۆ دەکات. یەکێک لە منداڵــەکان وێنەیەکی مەزڵـــووم دۆغانی پێیە. منداڵەکان تەماشـــای وێنەکە دەکەن و دەپرسن کە بۆچی ئەو لە وێنەدا وا بە قووڵی بیر دەکاتەوە، بۆچـــی هێندە ئێش و ئازار بە رووخسارییەوە دیارە. لە وڵامدا دایکەکە باسی

«خەبات لە پێناوی ئازدیی کوردستان» دەکا. لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ لەو خەباتەدا بە هەزاران گەریلا برینـدار بوون یان گیانی خۆیان فیداکردووە و لە پێناوی ئازادیی کوردستاندا شەهید بوونە.[٥٧] لە کتێبی پەروەردەی کۆمەڵایەتی بۆ پۆلی سێهەمی سەرەتاییدا، باس لە ١٨ی مانگی مای وەک رۆژی شەهیدان دەکرێ و لەوێدا شەهید بوون لە پێناو گەل و نیشتماندا بە کارێکی پیرۆز و موقەددەس دەژمێردرێ. لەوەش زیاتر دەڵێ: «ئەو کەسەی شەهید دەبێ، نامرێ. شەهیدانی ئێمە نامرن»[٥٨] ژمارەیەکی زۆر لە قوتابخانە و ناوەند و ئەنستیتۆکانی خوێندن، بە ناوی ئەوکەسانەوە کراون کە لە خەباتدا گیانیان لە دەست داوە. ئەوەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە شەهید بوون لە پێناو گەل و نیشتماندا، وەک کارێکی پڕ لە شانازی لە سیستەمی خوێندنی رۆژاوادا زۆر پێی لەسەر دادەگیرێ.[٥٩]

لە کتێبی خوێندنی زمانی کوردی بۆ پۆلی سێهەمی سەرەتاییدا، چیرۆکێکی تێدایە کە قووڵایی عیشق و خۆشەویستی بەرانبەر نیشتمان دەردەخات. ناونیشانی ئەو چیرۆکە بریتیە لە «هاواری کوردستان» واتە (Nalîna Kurdistanê-The lament of Kurdistan). ئەو چیرۆکە حەکایەتی کورێکی کورد دەگێرێتەوە کە خەو دەبینێ. لە خەودا بەسەر شاخ و دەشت و دەر و مێرگ و باغ و بێستاندا دەفرێ. لە پڕ گوێی لە دەنگێک دەبێت کە بە حوزن و دڵێکی پڕ لە خەمەوە دەگری. دەپرسێ ئەوە دەنگی کێیە؟ کوردستان وڵام دەداتەوە «ئەوە منم». منداڵە کە دەپرسێ بۆ ئەو شاخ و دەشت و دەرە دەگریێ و دەناڵێنێ لە کاتێکدا هەمووشتێکی هەیە. کوردستان لە وڵامدا دەڵێ: «سەدان ساڵە ئێوە لەسەر خاکی من دەژین، ئەمن هێشتاش هەر وا لە ژێر پێی بێگاناندام .... من هەموو شتێکم بۆ ئێوە کردووە تا بەختەوەر و شاد بن. بەڵام ئێوە لە بەرانبەردا چیتان بۆ من کردووە؟» لە پڕ کورەکە لە خەو رادەچڵەکێ و لەبەر ئارەقە هەڵدێ و ئەو پەیامە وەردەگرێ کە پێویستە کوردستان لە دەستی داگیرکەر و بێگانان ئازاد بکرێ. هەر بۆیە شۆڕش و خەبات و بەرخۆدان لە پێناو بەرگری لە وڵات و گەل و نیشتمان، کارێکی گرینگ و پڕ بایەخە.[٦٠]

لەو کتێبە دەرسییانەدا، عیشق و خۆشەویستی بۆ کوردستان دەگەڵ عیشق و خۆشەویستی بۆ قوتابخانە وخوێندن و فێربوون ئاوێتە بووە. هەر لەو کتێبەدا کە باسمان کرد شیعرێکی تێدایە کە قوتابییەک دەیخوێنێتەوە. «من قوتابخانەم خۆش دەوێ، لە خزمەتی کوردستاندا، من بە زمانی خۆم دەخوێنم، تا دەگەڵ گەلی خۆم ئاشنا بم و بیناسم. ئامانجی من شەڕ نییە بەڵکوو ئاشتییە، ئامانج ئەوەیە نیشتمان رزگار بێ»[٦١] هەر بەو جۆرە، کتێبەکە شیعرێکی جگەرخوێنی تێدایە کە منداڵان هان دەدا کە «لە پێناو نەتەوەی کورد و نیشتمان»دا باش بخوێنن. دواتر شیعرەکە داوا لە کوردان دەکات کە لە «خەوی قووڵ» راپەڕن «چوونکە سەردەمی موعجیزە داهاتووە».[٦٢] لە رێگای شیعر و هەڵبەست و چیرۆکەوە منداڵان زانست و زانیاری سەبارەت بە شاعیران و هەڵبەستوانانی کورد وەدەست دێنن. جگە لە جگەرخوێن، شاعیرێکی دیکەی ناوداری کورد کە لەو کتێبە دەرسییەدا ناوی دێ، بریتیە لە ئەحمەدی خانی کە لە سەدەی ١٧ و ١٨دا ژیاوە. ناوبراو بە هۆی نوسین و دارشتنی چیرۆکی بەناوبانگی «مەم و زین» بە شێوەی شیعر، بە باوکی ناسیۆنالیزمی کوردی دادەنرێت. مەم و زین، چیرۆکی ژیانی پڕ لە نەهامەتیی دوو کەسی عاشق، واتە کاکەمەم و خاتووزین دەگێرێتەوە کە بە هۆی ئەوەی سەر بە دوو عەشیرەتی نەیار و رەقیب دەبن، بە یەک ناگەن. کوردەکان ئەو چیرۆکە بە سیمبولی ژیانی پڕ لە تراژیدیی نەتەوەی

کورد لێکدەدەنەوە کە لێک دابەش کراون و لە نێوان ئیمپراتۆرییەکان و دەوڵەتەکاندا دابەش بوون. هەرچەند کتێبەکە بە وردی باسی ژیانی ئەحمەدی خانی ناکات، بەڵام چیرۆکێکی تێدایە کە خانی سێ کیژۆڵە و سێ کوڕ بۆ ماڵی خۆی بانگهێشت دەکات و باسی کوردستانیان بۆ دەکا و دەڵێ: «منداڵە خۆشەویستەکان! من خۆشحاڵ و شادمانم کە دەگەڵ ئێوەم. دەمهەوێ ئێوەش شاد و خۆشحاڵ بن کە دەگەڵ منن بۆ ئەوەی نیشتمان و وڵاتمان هەمیشە شاد و خۆشحاڵ بێت.....»[۶۳]

## ڕووی دووهەمی ئەو سکەیە ئیدیۆلۆژیی عەبدوڵڵا ئۆجەلان

لە کاتێکدا کە لە هیچ جێگایەکی کتێبە دەرسییەکانی ڕۆژاوادا ناوێک لە پارتی کرێکارانی کوردستان، یان کورتکراوەکەی (PKK) نەهاتووە، کەچی ئەوەی لەو کتێبانەدا بە زەقی و بەشێوەیەکی بەرچاو لە دووتوێی کتێبەکاندا خۆی نیشان دەدا، بریتییە لە ئیدیۆلۆژیی پارتی کرێکارانی کوردستان کە لە لایەن دامەزرێنەرەکەیەوە واتە عەبدوڵڵا ئۆجەلان، داڕێژراوە. تەنیا جارجار بە شێوەی ئاشکرا ئیشارەیەک بە ناوی ئۆجەلان دەکرێ، وەک لە کتێبی پەروەردەی کۆمەڵایەتیی پۆلی سێهەمی سەرەتاییدا هاتووە و پێشتر باسمان کرد. لە جێگایەکی دیکەشدا وەک«ڕێبەری گەلی کورد» باسی دەکرێ.[۶۴] لە هێندێک جێگای دیکە زۆر بە شێوەیەکی زەقتر باسی لێ دەکرێ. بۆ نموونە لە کتێبی دەرسیی فێربوونی زماندا کە بۆ پۆلی سێهەمی سەرەتایی ئامادەکراوە، شیعرێکی تێدایە بە ناوی فێوریەی ڕەش یا شوباتی ڕەش. (Sibata reş-Black February)

کە باس لە هەلومەرجێک دەکات کە پەیوەندیی بە ژیان و خەباتی ئەوەوە هەیە. ئەو تێکستە باس لە فێوریەی ساڵی ۱۹۹۹ دەکات. کاتێک کە کاربەدەستانی تورکیە عەبدوڵڵا ئۆجەلانیان لە کینیا دەستگیر کرد و دواتر زیندانی ئەبەدیان بەسەردا سەپاند. شیعرەکە ئەو ڕووداوە وەک بوومەلەرزە دەچوێنێ. بە هۆی ئەو «خیانەتە گەورە»یەوە، هەموو شتێک، لە گوڵ و دار و دەوەن و باڵندەوە بگرە تا دەگاتە خەڵک، تووشی لەرزین و جووڵە بوون. شیعرەکە دەڵێ لە مانگی فێوریەدا، «گوڵ و گیاش ژاکاون، خوێنی کوڕ و کچانی کورد لە ڕەگەکانیاندا قەتیس ماوە». شیعرەکە درێژە دەدا و دەڵێ وەختێک سەرۆک (ئۆجەلان) گیرا و ئازادیی خۆی لەدەست دا، خەڵک ڕاپەڕین بەو هیوایەوە کە ناوبراو ڕۆژی خۆشی لە پێشدا بێ.[۶۵] بە شێوەیەکی گشتی، بیری ئازادی و ئازادیخوازی، بەردەوام دووبارە و چەندبارە دەبێتەوە، هەروەک لە کتێبی پەروەردەی کۆمەڵایەتیی پۆلی دووهەمی سەرەتاییدا دەیبینین. لەوێدا ئەو وتانە هاتوون: «ئازادی لە منداڵییەوە دەست پێ دەکات» یا «ئازادیی پیاوان، منداڵان، کۆمەڵ، وڵات و نیشتمان، لە دەستی دایکاندایە» یا «هیچ شتێک لە ئازدی بەنرختر و پرشانازیتر نییە»[۶۶]

جگە لە بەرجەستە کردن و پەسنی کەسایەتیی ئۆجەلان، کتێبە دەرسییەکان پڕن لە ئەو باس و بابەتانەی کە بە توخمە سەرەکییەکانی ئیدیۆلۆژیی ئۆجەلان دەناسرێن، بەتایبەتی پشتیوانی لە فێمێنیزم و ڕاهێزان و تەوانبەخشی بە ژنان (empowerment).[۶۷] لە ڕاستیدا پشتیوانیی ئۆجەلان لە فێمێنیزم، بووەتە هۆی پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ لە ڕۆڵ و نەخشی ژنان لە کۆمەڵگای کوردیدا. ڕەنگە ئەو ئاڵوگۆڕە بەرچاوترین و دیارترین لایەنی شۆڕش و ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو چەند دەیەی دوایی بێت کە لە کۆمەڵگای کوردی لە تورکیە و سووریەدا ڕوویداوە. لە ئاکامی ئەو گۆڕانکارییانەدایە کە دەبینین هەر کام لە بزووتنەوە جۆراوجۆرەکانی

کـورد لەو دوو وڵاتـەدا، چ پارتی کرێکارانی کوردسـتان، یا پارتـی دیمەکراتیکی گەلان بێ کە بە شـێوەیەکی بەربڵاو حزووری هەیە لە تورکیەدا، یا پارتی یەکێتیی دیموکراتیک (pyd) بێـت لـە ڕۆژاوادا، بەرانبەریی ژن و پیاویـان لە هەموو ئاسـتەکانی ڕێبەریدا، بە شێوەی هاوشانی و هاوبەرپرسایەتی، نەهادینە و جێگیر کردوە ( Cochair).[٦٨] هەر لەسـەر ئەو بنەمایە، لە تەواوی کتێبە دەرسییەکاندا، کـچ و کور، چ لە وێنەکان و چ لە تێکسـت و دەقە جۆراوجۆرەکاندا، هەر بەوجۆرە شـان بەشـانی یەک و هاوبایەخ و هاوکوفی یەکتر دەردەکـەون. لـەوەش زیاتر مامۆسـتاکان تەشـویق دەکرێـن کە کچان و کـوران، بە جۆرێک پەروەردەکەن کە پێکەوە ڕێبەرایەتیی ڕاپەڕاندنـی کاروباری پـۆل و قوتابخانەکان وەئەسـتۆ بگـرن. بـۆ نموونـە لـە کتێبی پـەروەردەی کۆمەڵایەتیی پۆلـی دووهەمی سەرتاییدا هاتووە کە هەر پۆلێک پێویستە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانە، کچێک و کوڕێک وەک سەردار یا چاودێری پۆل هەڵبژێرێ.[٦٩] هەڵبژاردنی وشەی «سـەردار» کە لە دەستە نیزامـی و چەکدارییەکانی سـەر بە (pyd)دا بە مانای فەرماندە دێ، نیشانەی ئەو ڕۆحییە نیزامیگەرییەیـە کە بەسـەر ڕۆژاوادا زاڵە و نیشانەی ئەوەیە کە قوتابخانەکان تێدەکۆشن منداڵـەکان وا باربێنـن کـە لـە دواڕۆژدا ئامادەییـی ئەوەیان تێدابێ ئەگەر پێویسـت بێ بڕۆنە مەیدانی شەڕ و بەرخۆدان. یەکێکی دیکـە لەو ڕۆژە گرینگ و پڕبایەخانەی کە لە کتێبە دەرسییەکاندا ناوی دێ، بریتیە لە ٨ی مـارس، ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان. لە کتێبی پۆلی سێهەمی سەرەتایی بۆ خوێندنی زماندا، گفتوگۆیـەک لە نێوان کـچ و کوڕێکدا دێتە ئاراوە. لەوێدا کچەکە سـەبارەت بە پێشینەی مێژوویی ئەو ڕۆژە دەدوێ و باس لە بایەخی ئەو ڕووداوە دەکات و دەڵێ: «خەباتی ئێمە لە پێناو ئازادیدا هـەروا بەردەوامە»[٧٠] هەر لەو پەیوەندییەدا کتێبی پەروەردەی کۆمەڵایەتی بۆ پۆلی دووهەمی سـەرەتایی، لەوەش زیاتر دەڕواتە پێش و دەڵـێ: «ئازادیی ژن ئازادیی کۆمەڵە». لە کتێبە دەرسییەکاندا باسی ژنانی قارەمان و شـەهید و سەرمەشـق لە هەموو پارچەکانـی کوردسـتان دەکـرێ. بەڵام بە شـێوەیەکی ئاسـایی کتێبەکان تەنیا ناویان دێنن و بەس. وا دێتە بەر چاو کە مامۆسـتا دەبێ لەو بارەیـەوە زانیاری و ڕوونکردنەوەی زۆرتر سـەبارەت بەو ناوانە بداتە قوتابییەکان. یەکێک لەو ژنانەی کە وەک ڕەمز و سیمبولی ژنانی خەباتکار ناوی دەبرێ، بریتیە لە «زەریفە خانم». ئەو بە سەرمەشقی ئەو ژنانە بە حیساب دێ، کە لە دەسـتە چەکدارییەکانی تایبەت بەژناندا کە لایەنگری (pyd)ن و لەلایەن ئەوە ڕێکخراوەیەوە ڕێکخراون (YPJ, Yekîneyên Parastina Jin)، خەریکـی کارو تێکۆشـانن. شـەریفەخانم هاوسـەری نەجیبزادەیەکـی کوردی عەلەوی بووە کە لە ساڵەکانی ١٩٢٠ و ١٩٣٠دا بـە دژی زوڵـم و زۆری سـوپا و دەوڵەتی تورک، دەسـتی داوەتـە چەک.[٧٢] یەکێکی دیکە لەو ژنە قارەمانانەی کە لە کتێبی پـەروەردەی کۆمەڵایەتیی پۆلـی دووهەمی سەرتاییدا ناوی دێ بریتیە لە « شەهید ئارین میرکان». ناوبراو خەڵکی عەفرین لە ڕۆژاوایە.[٧٣] ئـەو کە فەرماندەیەکی ٢٠سـاڵە بوو، لە ساڵی ٢٠١٤دا، لە کاتی بەربەرەکانی بە دژی چەکدارەکانی داعش واتە دەوڵەتی ئیسلامیدا، دوای ئەوەی کە فیشەکی لێ تەواو دەبێ، لە عەمەلیاتێکی حەماسـی و گیانبازانەدا، خۆی دەتەقێنێتـەوە و ژمارەیەک لە چەکدارەکانی داعش لەنێودەبات.[٧٤]

کتێبـە دەرسـییەکان، لەتەمەنێکی زۆر زووەوە، منـداڵان دەگەڵ لایەنـە گرینگەکانی ئیدیۆلۆژیی ئۆجەلان ئاشنا دەکەن. بیروباوەڕی چەپگەرایانـەی ئۆجـەلان لـە بانگـەواز بۆ ڕێزگرتن لە ڕۆژی یەکەمی مانگی مای، ڕۆژی جیهانیی کرێکاراندا خۆی نیشـان دەدا. ئەو

ڕۆژە ڕووداوی قەتڵوعامی کرێکاران لە ساڵی ١٨٨٦، لە (Haymarket Square) لەشاری شیکاگۆدا وەبیردێنێتەوە. دواتر ئەو کارەساتە بە ڕۆژی نێونەتەوەیی کرێکاران ناسرا و لە یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوو و وڵاتانی دیکەی کۆمۆنیستیدا، وەک پشووی ڕەسمی ڕاگەیەندرا. لە کتێبی پەروەردەی کۆمەڵایەتی بۆ پۆلی دووهەمی سەرەتاییدا، لە پێناسەی ڕۆژی یەکەمی مانگی مایدا کتێبەکە دەڵێ ژمارەیەکی زۆر کرێکار لە «خەبات لە پێناو ژیانێکی ئازاد و بەرانبەر و شایستەدا» شەهید بوون.[٧٥] بەو جۆرە لە کاتێکدا کە ئێدی ئێستا ڕۆژی یەکەمی مانگی مای لە زۆربەی وڵاتانی دونیادا یاد ناکرێتەوە، لە ڕۆژاوادا هەروا یادی دەکرێتەوە و لە کتێبە دەرسییەکان و لە نێو منداڵاندا زیندوو ڕادەگیرێ. لایەنێکی دیکەی ئیدیۆلۆژیی ئۆجەلان کە لە کتێبە دەرسییەکانی ڕۆژاوادا منداڵەکانی لەسەر پەروەردە دەکرێ و بە شێوەیەکی زۆر زەق کاری لەسەر دەکرێ، بریتییە لە دەستەواژەی «خۆسەریی دێموکراتیک» بە واتایەکی دیکە democratic autonomy-xweseriya) (demokratîk.[٧٦]

لە کتێبی «لە پێناو بەرگری لە گەل»دا کە لە ساڵی ٢٠٠٤دا، لە زیندان نوسیویەتی، ئۆجەلان ئەو بیرۆکەیە دادەهێنێ. ئەوەش دەبێتە سەرەتای پێکهاتنی گۆڕانکاری لە ئیدیۆلۆژی و بەرنامەی سیاسیی پارتی کرێکارانی کوردستان و پارتی یەکگرتووی دێمۆکراتیکدا. بەوجۆرە لەکاتێکدا کە پێشتر داوای دەوڵەتی نەتەوەییان دەکرد، دوای ئەو ئاڵوگۆڕە بە توندی کەوتنە دژایەتیی بیرۆکەی دەوڵەت نەتەوە. عەبدوڵڵا ئۆجەلان کە لە زینداندا لەگەڵ نوسراوەکانی نووسەری ئانارشیستی ئەمریکایی واتە «Murray Bookchin» ئاشنا دەبێت، دەوڵەت-نەتەوە وەک «پرمەترسیترین ئامراز لە مێژوودا» دەناسێنێ.[٧٧] بەو جۆرە ئۆجەلان لەجیاتی سیستەمی دەوڵەت-نەتەوە، سیستەمێکی ئۆتۆپیایی دیکە بۆ گەلانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێشنیار دەکات. ئەو سیستەمە لەسەر بنەمای پێکەوەژیانی ئاشتیخوازانەی هەموو گەلانی ناوچەکە، لە کۆنفیدراسیۆنێکدا کە لە ناوچە و هەرێمە خودموختار و ئۆتۆنۆمەکان پێکدێ، لەسەر ئەساسی دێموکراسییەکی ڕاستەخۆ ئیدارە دەکرێ، بەرانبەریی نێوان ژن و پیاو دابین دەکرێ و خاوەنی ئابوورییەکی سۆسیالیستی دەبێ، دادەمەزرێ. لەبەر ئەوەی سیستەمی ڕۆژاوا لەسەر ئەو بناخە فکرییانەی ئۆجەلان دامەزراوە، تێدەکۆشێ لە هەموو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا، نوێنەرایەتیی هەموو پێکهاتە جۆراوجۆرەکان بکات؛ جا ئەوە کوردبن، ئاسووری یا عەرەب، هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ. ئەو ڕاستییە بە ڕوونی لە نامیلکەیەکدا ڕوون کراوەتەوە کە لەساڵی ٢٠١٤دا بڵاوبووەتەوە.

ڕێگاچارەی کوردی بریتیە لە ڕێگای سێهەم (ڕێگای نێوان حکوومەت و ئۆپۆزیسیۆن). ئەو ڕێگایە بەدوای دۆزینەوەی چارەسەرێکی نیوخۆییدا لە نێو هەموو پێکهاتەکانی خەڵکی ناوچەکەدا دەگەڕێ. هەر بۆیە پێکهێنانی ئیدارەی ڕۆژاوا هیچ ئامانجێکی جیاوازیخوازانەی لە پشت نییە. ئامانجی ئەو بریتیە لە ناردنی پەیامی ئاشتی بۆ دەوروبەری خۆی و پێکهاتە نێوخۆییەکانی ناوچەکە. وەک مۆدێلێکی دێموکراتیک و پلۆرالیستیک و فرە کولتوور و هەمەڕەنگ، دەکرێ ببێتە جەوهەری بنەڕەتیی ئەو ڕێگاچارەیەی کە دەتوانرێ بۆ ئیدارەکردنی هەموو سووریە کەڵکی لێ وەگیرێ.[٧٨]

لە کتێبە دەرسییەکاندا منداڵان لە ڕێگای شیکردنەوە و شەرحدانی ئەنستیتیۆی(the people's council-meclisa gel) (ئەنجومەنی گەل) لەگەڵ ئەو سیستەمە ئاشنا دەبن. کتێبی پەروەردەی کۆمەڵایەتی بۆ پۆلی دووهەم، بە وردی ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە چۆن گوند و شار

و شـــارۆچکە و ناوچەکانی دیکەی دەوروبەر، لە ڕێـــگای هەڵبژاردنــی نوێنەرانی خۆیانەوە لــە نێو هاووڵاتیانــدا، کاروبــاری ناوچەکانی خۆیان بەڕێوەدەبەن و گیروگرفتەکانی خۆیان چارەســەر دەکەن.[٧٩] لە شوێنەکانی دیکەدا، کتێبەکە بە شــێوەی جۆراوجۆر پێ لەســەر ئەوە دادەگرێ کە ئەو سیســـتەمە، نەک هەر سیســـتەمێکی دیموکراتیک و پلۆرالیستییە، بەڵکوو بە باشترین شێوە، نوێنەرایەتیی گەل و پێکهاتەکانی خەڵک دەکات. منداڵان لەسەر ئەو بنەمایــە پەروەردە دەکرێــن کە هەموو هاووڵاتیانــی ڕۆژاوا، ئەگــەر تەمەنیان بگاتە هەژدەســاڵ مافی ئەوەیان هەیە دەنگ بدەن و خۆیــان کاندیــد واتە بەربژێــر بکەن. هەر ئــەو کتێبە لە چەند جێــی دیکە بانگەواز لە قوتابیــان دەکات و هانیان دەدات کە ئەرکی سەرشــانیانە، بۆ بەرگری لە گەل و نیشتمان، دڵخوازانــە بەرانبــەر پەلامــاری دووژمنــان ڕاوەستن.[٨٠]

دەبــێ بگوتــرێ ئــەو دیموکراســیە ئیدەئالیســتییە، لە لایــەن باقیی ئەو حیزب و ڕێکخــراوە کوردییانەوە کە ڕێگای چالاکیی سیاســی و نیزامییــان پــێ نــادرێ و لــە پەراوێزخراون، بەتوندی ڕەخنەی لێ دەگیرێ. ئەوان PYD بە قۆرخکردن و مۆنۆپۆلیزەکردنی دەســەڵات و بــەرەو دیکتاتــۆری بردنــی سیســتەمی سیاســیی ڕۆژاوا تاوانبار دەکەن. لەوەش زیاتر ئەوان ئــەو حیزبە بەوە تاوانبار دەکــەن کە کتێبە دەرســییەکانی خوێندنی لە ڕادەبەدەر سیاســی کــردوون، منداڵان بە ئیدئۆلۆژیی ئۆجەلان پەروەردە و تەڵقین دەکا، شتێک کە شوێنەواری چارەنوسسازی لەسەر سیســتەمی پەروەردە و فێرکــردن دەبێ.[٨١] بێگومان ئەو ناتەباییە ڕەنگدانەوەی ململانێ و ناکۆکییەکانــی نێــوان پارتــی کرێکارانی کوردســتان لە تورکیە و پارتــی دیموکراتی کوردســتان لە عێراقە، کە لەســەر وەدەست هێنانی مەشروعییەت ململانێ دەگەڵ یەکتر دەکەن و وەک لە ســەرەوە باسمان کرد، بە دووهێزی سەرەکیی نێو گۆڕەپانی سیاسەتی کوردی دەژمێردرێن.

### کتێبە دەرســـییەکانی ڕۆژاوا و هەرێمی کوردستانی عێراق: زۆر جیاواز، زۆریش وێکچوو

جیاوازیی سەرەکیی نێوان کتێبە دەرسییەکانی قۆناخــی ســەرەتایی لــە ڕۆژاوا و هەرێمی کوردســتانی عێراق ئەوەیە کــە کتێبەکانی ڕۆژاوا بە پێچەوانەی ئەوانەی هەرێــم نەک بە پیتــی عەرەبی، بەڵکوو بــە پیتی لاتینی نوســراون. ئەو مەســەلەیە لەوبارەوە گرنگیی هەیە کە بزانیــن قوتابیانی ئەو دوو ناوچەیە، بەبێ فێربوون و ڕاهێنانی ئیزافی، ناتوانن بابەت و باســەکانی یەکتر تێبگەن یــا بخوێننەوە. ئەوە ڕەنگدانەوەی ئەو ڕاســتییەیە کە زمانی کــوردی بە هــەردوو جۆرە پیتــی ئارامی و ڕۆمانی دەنوســرێ. ئــەوە ئەو ڕاســتییەش نیشــان دەدات کە زمانی کوردی بەسەر دوو دیالێکتی ســەرەکیدا دابەش دەبێت، سۆرانی کە بە پیتی عەرەبی دەنووســرێ و کرمانجی کە بــە ئەلف و بێی ڕۆمانی دەنووســرێ.[٨٢] لە لایەکی دیکەشــەوە حکوومەتی هەرێمی کوردســتانی عێــراق، هــەر لە ســەرەتای دامەزرانی ئیــدارەی ئۆتۆنۆمی لەو ناوچەیەدا لە سەرەتاکانی ١٩٩٠ی زایینییەوە، کۆنترۆڵی بەسەر نووسین و ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی کتێبــە دەرســییەکاندا هەبووە. لــە ڕۆژاوادا هەردوو سیستەمی سیاســی و پەروەردەیی، دیســانترالیزەن و لــە حاڵــی شــکڵگرتن و دروســتبووندان. ئەوە بەو مانایەیە کە کتێبە دەرسییەکان لەوێ لە ستانداردێکی هاوبەش پەیڕەوی ناکەن و ســەرچاوەی جۆراوجۆریان هەیە. لە باری زەمانیشەوە جیاوازی لە نێوان کتێبە دەرسییەکانی ئەو دوو هەرێمەدا هەیە. ئەوکتێبانەی کە ســاڵی ٢٠١٣ یان پێشــتر ئامادە و چاپ کراون، لەگەڵ ئەوانەی کە ساڵی

٢٠١٩ بڵاوکراونەتەوە؛ هەردووکی ئەوان ئەو ئەزموونی سیاسی و نیزامییە نیشان دەدەن کە هەرکام لەو ناوچانە بە نێویدا تێپەڕیون.[٨٣] جیهانبینیی چەپ، شۆڕشگێڕانە و سیکۆلاری زاڵ بەسەر نێوەرۆکی کتێبە دەرسییەکانی ڕۆژاوادا، ناتەبایی تەواوی دەگەڵ نێوەرۆکی کتێبە دەرسییەکانی ناوچەی هەرێمی کوردستاندا هەیە کە زۆرتر بیروباوەڕی سوننەتی و نەتەوایەتی لە نێویاندا ڕەنگ دەداتەوە. بۆ نموونە کتێبە دەرسییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق، بە شانازییەوە باسی سەرۆک عەشیرەتەکانی وەک شێخ محمودی بەرزنجی و شێخ ئەحمەدی بارزانی دەکەن کە ڕێبەرایەتیی ڕاپەرینەکانیان بەدژی دەوڵەتی عێراق کردووە. یا هەر بەو جۆرە باس لە شێخ سەعیدی پیران دەکەن کە ڕێبەرایەتیی ڕاپەرینی بە دژی دەوڵەتی تورکیە کردوە.[٨٤] ئەوە لە کاتێکدایە ئەو کەسانە لە کتێبە دەرسییەکانی ڕۆژاوادا هیچ باسێکیان لێوە ناکرێ.[٨٥] لە پەیوەندی دەگەڵ قارەمانی میللیی هەرە گەورەش لە نێوان کتێبە دەرسییەکانی ڕۆژاوا و هەریمی کوردستانی عیراقدا جیاوازی هەیە. لە کاتێکدا لە کتێبە دەرسییەکانی ڕۆژاوادا پێگە و مەوقعییەتێکی تایبەتی بە عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەدرێ، لە کتێبە دەرسییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراقدا، مەلامستەفا بارزانی تا ئاستی کەسێکی جێگای ستایش و تەنانەت پەرستنیش بەرزدەکرێتەوە و هێندێکجار بە (نەمر) دادەنرێ.[٨٦] جیاوازییەکی دیکە ئەو شوێنەیە کە لە کتێبە دەرسییەکانی هەرێمی کوردستاندا بۆ ئیسلام تەرخان کراوە. بۆنموونە ئەو کتێبانە لە زۆر شوێندا ڕووداوە مێژووییەکانی ئیسلام دەگێرنەوە، بە وردەکارییەوە باسی جەژن و ڕێورەسمە ئیسلامییەکان دەکەن، ڕۆژئەژمێری هیجری بەکار دەبەن یا وێنەی زیارەتگا و شوێنە پیرۆزەکانی وەک مەککە نیشان دەدەن.[٨٧] تەنانەت بەو شێوە جلوبەرگ لەبەرکردنە کۆن و سوننەتی و تەقلیدییەی کە لە کتێبە دەرسییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراقدا نیشان دەدرێ، دەردەکەوێ کە لەواندا نۆرمە عەشیرەتییەکان پتر زاڵن. لەوکتێبانەدا ژنان بە ڕووسەری و باڵاپۆشەوە دەردەکەون و پیاوانیش جلوبەرگی سوننەتیی کوردی لەبەر دەکەن.[٨٨] جارجار منداڵانیش، بەتایبەتی لە کاتی بەڕێوەبردنی جەژنی نەورۆزدا، بە جلوبەرگی کوردیی سوننەتییەوە نیشان دەدەرێن.[٨٩]

جیاوازییەکی زەقی دیکە کە لە نێوان ئەواندا هەیە ئەوەیە کە لە کتێبە دەرسییەکانی ڕۆژاوادا سووریە یا نابینرێ، یا وەک وڵاتێکی دراوسێ دەردەکەوێ.کەچی کتێبە دەرسییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق ،هەرێمی کوردستان، وەک بەشێک لە عێراق دەستنیشان دەکەن. ئەگەرچی جارجار وەک بەشێک لە کوردستانی گەورەش ناوی دەبەن.[٩٠] هەر بەو جۆرە کتێبە دەرسییەکانی هەرێم، هێندێک لە ڕاستی و ڕووداوە هاوبەشە مێژووییەکان بە دەوڵەتی عێراق و مێژووی عێراقەوە گرێدەدەن و باسیان دەکەن. تەنز ئەوەیە کە ئەوە هەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان بووە کە لەو چەند ساڵانەی دواییدا،[٩١] مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستانی هێناوەتەگۆڕێ و دیفاعی لێ کردوە، لە کاتێکدا ڕێبەرایەتیی ڕۆژاوا بە خودموختاریی دێموکراتیک لە نێوخۆی سووریەدا پابەند بووە و دژایەتیی بیرۆکەی دەوڵەت-نەتەوەی کردوە.

کتێبە دەرسییەکان لە هەردوو ناوچەدا بە شێوەیەکی جیاواز لە یەکتر باسی مێژووی ئەو دواییانە دەکەن. لە کاتێکدا کتێبە دەرسییەکانی ڕۆژاوا لە ڕووداوەکانی دوای ٢٠١١ دەدوێن، کتێبە دەرسییەکانی هەرێم ئیشارە بە ڕووداوەکانی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی تا ئێرە دەکەن. بەو حاڵەش،

کتێبە دەرسییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق زۆرتر ڕووداوەکانی ئەو دواییانە وەک ڕێکەوتننامەی ئۆتۆنۆمی لە گەڵ ڕێژیمی بەعس لە ساڵی ١٩٧٠، کارەساتی هەڵەبجە لە ساڵی ١٩٨٨، ئەنفال و قەتلوعامی گەورە و ڕاپەڕینی ١٩٩١، کە بوو بەهۆی دامەزرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، زەق دەکەنەوە و بایەخی زۆرتریان پێ دەدەن.[٩٢] بە شێوەیەکی گشتی کتێبە دەرسییەکانی هەرێم، زانیاریی ورد سەبارەت بە کارەسات و تاوانبارەکان بەدەستەوە نادەن و نایانهەوێ فەزایەکی زۆر بۆ ڕێژیمی بەعس یا سەددام حسێن تەرخان بکەن. یەکێک لە هۆکارەکانی ئەو جۆرە هەڵوێستە ئەوەیە کە حکوومەتی هەرێم لەهەولێی ئەوەدایە کە دەگەڵ بەغدا بگاتە سازانێکی سیاسی (political reconciliation). هۆکارێکی دیکەش ڕەنگە ئەوە بێ کە نووسەرانی ئەو کتێبە دەرسییانە نەیانهەوێت هەستی تۆڵەو ڕق و قین و دوژمنایەتی لە نێو منداڵەکاندا بڵاوکەنەوە.

سەرەڕای ئەو جیاوازییانەی کە لە نێوان کتێبە دەرسییەکان و سیستەمی خوێندنی ڕۆژاوا و هەرێمی کوردستانی عێراقدا بەرچاو دەکەون، لە بوارەکانی فەرهەنگی، نەتەوایەتی و سیاسیدا گەلێک خاڵی هاوبەش و وێکچوونیان لە نێواندا هەن. هەروەک ڕۆژاوا، کتێبە دەرسییەکانی هەرێمی کوردستانیش، زۆر لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی، ئەفسانەی ڕابردووی مادەکان، زمانی کوردی و بیروٚکەی کوردستانی گەورە پێ دادەگرن . هەرچەند ئەوە لە نەخشە و خەریتەکاندا کەمتر بەرچاو دەکەوێ و زۆرتر وەک میتافۆر نیشان دەدرێت. لە هەموو کتێبە دەرسییەکانی پۆلی یەکەم تا شەشەمی سەرەتاییدا، جەژنی نەتەوایەتیی نەورۆز، جێگایەکی تایبەتی بۆ تەرخان کراوە. لە کتێبی پۆلی یەکەمی سەرەتاییدا، شیعرێکی درێژی سەبارەت بەنەورۆز تێدایە. لەوێدا نەورۆز وەک سەرەتای دەست پێ کردنی ساڵی تازەی کوردی ناودەبرێ و ئاگریش وەک ڕەمزی سەرکەوتنی کوردان لە قەڵەم دەدرێ.( نیشاندانی ڕێوڕەسمی بازدان بە سەر گڕ و بڵێسەی ئاگر لە نەورۆزدا، کە ڕیشەی ئەو دابە دەگەڕێتەوە بۆ سوننەت و نەریتی زەردەشتی). شیعرەکە بەو جۆرە کۆتاییی پێ دێت: «بژی ژیان، خۆشەویستی بۆ دامەزرانی کوردستان»[٩٣] لە لایەکی دیکەوە کتێبە دەرسییەکانی هەرێمی کوردستان، لە ڕێگای گێڕانەوەی ڕیشەی کورد بۆسەر مێژووی دێرینی مادەکان و دەسکەوتە سیاسی و فەرهەنگییەکانی ئەوان، دەیانهەوێ ڕابردووی پڕشنگداری نەتەوەی کورد بەرجەستە کەن. شایانی باسە لە هەردوو سیستەمی خوێندنی ڕۆژاوا و هەرێمدا، مێژووی هاوچەرخی کورد هاوبەشە. کتێبێکی دەرسیی پۆلی شەشەمی سەرەتایی، بە شێوەیەکی بەرچاو باسی داستانی کۆماری کوردستان لە مهاباد دەکا، وێنەی قازی محەممەد و مەیدانی چوارچرا نیشان دەدا، دیارە باسی بەشداریی مەلا مستەفای بارزانییش لەو کارە پڕ لە شانازییەدا دەکات.[٩٤]

هەر بەوجۆرە کە لە کتێبە دەرسییەکانی ڕۆژاوادا دەبینرێ، کتێبە دەرسییەکانی هەرێمیش تێدەکۆشن، هەستی نیشتمانپەروەری و خۆشەویستی بۆ کوردستان لە قوتابییەکاندا بەهێز و پەروەردە بکەن. گۆشکردنی منداڵەکان بە کوردایەتی و هەستی نەتەوایەتی، هەر لە ساڵەکانی سەرەتای تەمەنەوە دەست پێ دەکات. بۆ نموونە کتێبێکی دەرسیی پۆلی یەکەم کە لەساڵی ٢٠١٤دا چاپ کراوە، بە شێوەیەکی بەرچاو جەختت لەسەر ئەوە دەکات کە ناسنامەی نەتەوایەتیی کورد بپێننەیە. هەر لەو کتێبەدا چەند لاپەڕە دواتر شیعرێکی تێدایە سەبارەت بە بەهاری کوردستان، لەوێدا وێنەی منداڵێک دەبینرێ کە بە خۆشحاڵی و شادمانییەوە، ئاڵای کوردستانی

بەرز کردووەتەوە. هەر بە دوای ئەوەدا وێنەی «هێلیکۆپتێرێکی کورد» دەبینرێ کە یارمەتی دەگەیەنێتە ئەو کەسانەی پێویستییان بەو یارمەتییانەیە. لە کۆتاییی کتێبەکەدا، شیعرێک لەگەڵ وێنەی کوڕێک و کیژۆڵەیەک چاپ کراون کە دروشمی بژی کوردستانیان کە بە پیتی عەرەبی نوسراوە، بەرزکردووەتەوە. وێنەیەکی تر منداڵێک نیشان دەدا کە لە کاتێکدا خەودەبینێ هەمان دروشمی بژی کوردستان دەڵێتەوە.[٩٥]

ویکچوونێکی دیکەی کتێبە دەرسییەکانی هەرێم دەگەڵ ئەوانەی ڕۆژاوا لەوەدایە کە کتێبە دەرسییەکان و نەخشەکان، ناوی ئەو شوێنە مێژووییانەی کوردستان دێنن کە دەکەونە دەرەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی منداڵەکانەوە. سەرەڕای ئەو ڕاستییەی کە مێژووی کۆماری مهاباد تا پۆلی شەشەمی سەرەتایی ناخوێنرێت و لە هیچکام لە کتێبە دەرسییەکاندا باسی میرنشینە کوردەکانی سەدەی نۆزدە و پێشتر ناکرێ. شار و شوێنەکانی وەک مهاباد و ئەردەڵان لە ئێران، بۆتان لە سووریە و هەکاری لە تورکیە، لە کتێبی پۆلی یەکەمی سەرتاییدا ناویان هاتووە. باس کردن و گونجاندنی ئەو شوێنانە کە وەک بەشێک لە جوغرافیای کوردستان، تەنانەت ئەگەر ڕوونکردنەوەشیان لەگەڵ نەبێ، بە مانای هەوڵدانە بۆ جێگیرکردن و چاپ کردنی ئەو ناوانە لەسەر زەین و بیر و مێنتاڵیتەی منداڵەکان. لەو شارانەی دیکەش کە هەر بەوجۆرە ناویان هاتووە دەتوانین «عەفرین» و «ئامۆدا» لە سووریە، بەتایبەتی کە لەو کتێبەدا دەگوترێ کە لە ڕۆژاوای کوردستاندا هەڵکەوتوون، ناوبەرین.[٩٦]

کتێبی خوێندنەوەی پۆلی یەکەمی سەرەتایی کە ساڵی ٢٠١٦ چاپ کراوە، لە پەیوەندی دەگەڵ هێنانەگۆڕی باس و بابەتی نیشتمانی و وڵاتپارێزیدا لە نوسخەکانی پێش خۆی زیاتر دەڕواتە پێش. ئەو کتێبە بە شیعرێک سەبارەت بە گرینگیی زمانی کوردی، خەنجەرەکەی مەلا مستەفا بارزانی لە دەستەکانی پێشمەرگەدا دەست پێدەکات.( لە باری زمانەوانی و ئەدەبییەوە پێشمەرگە بە هەموو تێکۆشەرانی خەباتگێری کورد دەگوترێ. ئەو ناوە ئێستا بۆ سوپای هەمیشەییی هەرێمی کوردستانی عێراق بەکاردێ). پاشان لەو وێنانەدا کە لە کتێبەکەدا هاتوون، ئاڵای کوردستان لە یاریگا و گۆڕەپانی قوتابخانەدا، لە کاتی چوونە ناو پۆلەکاندا و لەکاتی بەڕیوەبردنی جەژن و مەراسمەکاندا بەرچاو دەکەوێ[٩٧]. دەبێ بگوترێ کە ئەلفوبێی زمانی کوردییش کە بە پیتی عەرەبی دەنووسرێ، بۆخۆی بە نەوعێک دەلالەت لە ناسنامەی نەتەوایەتیی کورد دەکا. پیتی ئەلف لەگەڵ ئاڵا ، پیتی ز دەگەڵ دواپیتی وشەی نەورۆز، کاف لەگەڵ کەرکوک دێنەوە. کەرکوک شارێکە کە نەوتی زۆری تێدایە و حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی ناوەندی، کێشەیان لەسەری هەیە. لە تەنیشت ئەو وێنانەی کە باسمان کرد لەسەرەوە، ڕستەیەک دەخوێنینەوە کە بەوجۆرەیە «کەرکوک شارێکی کوردستانە، کەرکوک دڵی کوردستانە»[٩٨]

هەر بەو جۆرە کە لە کتێبە دەرسییەکانی ڕۆژاوادا دەبینرێ، لە کتێبە دەرسییەکانی هەرێمی کوردستانیشدا، ئەو کوڕ و کچانەی کە وەک نموونە لە دەرسەکاندا باسیان دەکرێ، لە بری ئەو ناوە هاوبەشانەی لە وڵاتانی ئیسلامیدا بەکاردەبرێن، ناوی کوردییان هەیە. هێندێک لەو ناوانە دەلالەتی مێژووییان هەیە وەک شێرکۆ. (شێرکۆ بە مانای شێر دێت. بەڵام ناوی فەرماندەیەکی بەناوبانگی کوردیشە کە لە سەدەی دوازدەهەمدا لە میسر لە دروستکردنی دەوڵەتی ئەیووبییەکاندا ڕۆڵی هەبووە. ئەو بەوە ناسراوە کە خاڵی سەلاحەددینی ئەیوبی و جێگرەوەی ناوبراو بووە). هێندێکی دیکە لەو ناوانە ئیلهامبەخشن

وەک کوردستان، وڵات یا ئازاد و هی دیکە.
هەرچەنـــد خوێندنەوەی کاربەدەســـتانی هەرێم ســـەبارەت بە فێمێنیـــزم لەگەڵ هی کاربەدەســـتانی ئیدارەی ڕۆژاوادا کە ئیلهام لە ئۆجەلان وەردەگرن، جیـــاوازە، بەڵام هەموو کتێبە دەرســـییەکانی هەرێمیش، کچ و کوڕ شانبەشـــانی یەک نیشـــان دەدەن. بۆ نموونە لە ســـەر بەرگی زۆربەی کتێبە دەرسییەکانی هەرێمـــدا وێنەی کیژان و کـــوڕان دەبینرێن کـــە خەریکی خوێنـــدن و فێربوون و پێکەوە یـــاری کردنـــن و زۆرجاریش دەســـتیان لە دەســـتی یەکدایـــە. ( بـــە پێچەوانـــەی ئەو ســـوننەت و دابونەریتانەی کە لە زۆربەی ئەو وڵاتانە دەبینرێن کە زۆربەی حەشیمەتەکان موسوڵمانن). کتێبە دەرسییەکانی هەرێم ئەو جیاوازییـــە ئیدئۆلۆژیکییەی کـــە لەوبارەیەوە لە نێـــوان ڕۆژاواو هەرێمدا هەیـــە بە ڕوونی نیشـــان دەدەن. لە کتێبەکانی هەرێمدا باس لە دابەشـــکردنی ئەرکەکان بە شـــێوەیەکی یەکســـان و بەرانبـــەر لە نێـــوان ژن و پیاودا ناکرێ. هێنـــدەش باس لـــە عەدالەت وەک ئیدەئـــال ناکرێـــت. کتێبـــە دەرســـییەکانی هەرێم زۆر جار ڕاســـتەوخۆ بانگەواز لە کچان دەکـــەن و هانیان دەدەن لە جیاتی ئەوەی لە کۆمەڵدا ڕۆڵ و نەخشـــە سوننەتی و باوەکان بەڕیوەبەرن، هـــەوڵ بدەن ئەرکی ڕێبەرایەتی و خەباتکارانە وەئەســـتۆی خۆیـــان بگرن. بۆ نموونە لـــە کتێی خوێندنـــەوەی کوردیی پۆلـــی شەشـــەمدا، شـــیعرێکی جگەرخوێن چـــاپ کراوە بە ناوی کچی کورد واتە (Keça Kurd-A Kurdish girl). شاعیر لەو شیعرەدا داوا لـــە کچانی کورد دەکا بخوێنن، تا بتوانن ئازاد بن و بە ئازادی بژین و دروشـــمی «بژی کوردســـتان» بڵێنەوە و ببنە ســـەرکردەیەکی ژن.[٩٩] کتێبە دەرسییەکانی هەرێم ژنێک لە مێژووی هاوچەرخی کورددا وەک قارەمانێکی میللی دەنرخێنن. ئەو ژنە کەس نییە جیا لە لەیلا قاسم، خوێندکارێکی کورد کە لەلایەن ڕژێمی بەعســـەوە، لە تەمەنی ١٨ساڵیدا لە ســـاڵی ١٩٧٤دا ئێعدام کرا. ئەو کە لە کاتی ئێعدام کردندا وتی» شانازی دەکەم کە ژیانم لە پێناوی کوردســـتاندا بەخت دەکەم»[١٠٠]، هەرگیز لە یاد ناچێتەوە.
لەبەر ئـــەوەی کوردەکان بۆ ســـاڵانێکی زۆر لە ژێر شـــوێنەوار و کاریگەریی نەرێنیی سیستەمە سیاسی و پەروەردەییە سەرەڕۆ و دیکتاتۆرییەکاندا ژیاون، گەلێک خاڵی نەرێنی و نێگەتیڤی هەوبەشـــیش لە هەردووکی ئەو کتێبە دەرســـییانەدا دەبینیـــن کە لە هەرێم و ڕۆژاوادا بـــۆ خوێنـــدن و فێربـــوون بەکار دەبرێن. ئـــەو کتێبانەدا، لە هەردوو بەشـــی ڕۆژاوا و هەرێمدا لەوەدا ســـەرکەوتوو نین کە منـــداڵان هان بدەن تا فێـــری بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بن. لە جیاتی ئەوە، پرۆگرامەکانی خوێنـــدن لە هـــەردوو لا، تەنانەت لە قۆناخە سەرەتاییەکانیشدا، پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە قوتابی فێری لەبەرکردن memorization بێ، بە سیاســـی بکرێ politicization یا بیر و زەینـــی قوتابی دەخرێتە ژێـــر پەروەردەی ئیدیۆلۆژیـــک indoctrination. بۆ نموونە لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە لە دوو زانکۆی هەرێمدا ئەنجـــام دراوە، هەشـــتا لەســـەدی ئەوانەی بەشداربوونە، لەسەر ئەو بڕوایەن کە قوتابخانە حکوومییەکان نەیانتوانیوە قوتابیان بە جۆرێک پـــەروەردە بکەن کـــە ببنە کەســـایەتییەکی خاوەن بیرکردنـــەوەی ڕەخنەگرانە. critical thinker.[١٠١] لە ڕۆژاوادا نەک هەر هێزەکانی ئۆپۆزیســـیۆن، بەردەوام گلەیی و ســـکاڵایان لـــەوە هەیە کـــە قوتابخانەکان سروشـــتێکی ئیدیۆلۆژیـــک بەســـەریاندا زاڵـــە، بەڵکـــوو هێندێک بەڵگە لەبەردەســـتدان کە تەنانەت مامۆستاکانیش هەر هەمان بۆچوونیان هەیە. بـــۆ نموونە لە کتێبێک کە لەســـاڵی ٢٠١٩دا چاپ کراوە، لە زمان مامۆستایەکی مێژووەوە دەگوترێ کە کتێبە دەرســـی و پرۆگرامەکانی خوێندن لەسەر بناخەی خەتە بنەڕەتییەکانی

ئیدیۆلۆژیی ئاپۆ داڕێژراون و زۆربەی مامۆستاکانیش لە ڕاستیدا وەک ئەندامی PYD ناسراون.[١٠٢] ئەگەرچی ئەو لاوازییە لە ڕۆژاوا دەکرێ بەهۆی ئەو وەزعە ناجێگیر و دژوارەوە لێک بدرێتەوە کە لەوێدا هەیە، بەڵام لاوازییەکی لەو چەشنە لە ناوچەی هەرێمی کوردستاندا، کە سێ دەیە بەسەر دامەزرانیدا تێدەپەڕێ، بەهیچ جۆر پاکانەی بۆ ناکرێ. سەرەڕای ئەو هەموو سەرمایەگوزارییە ماڵییە و ڕیفۆرم و چاکسازییەکی زۆر کە لەو ناوچەیەدا کراون، ڕەخنەگرەکانی دەڵێن هێشتاش سیستەمی پەروەردە و فێرکردن لەو ناوچەیەدا، بەدەست بەسیاسیکردن، ناوەندگەرایی و سانترالیزاسیۆن و کۆنترۆڵی لە ڕادەبەدەر، ستانداردێکی نزم و بۆرۆکراسییەکی لە حەد زیاترەوە دەناڵێنێ. هێندێک لە ڕەخنەگرەکان لەوەش پتر دەچنە پێش و دەڵێن ئەو سیستەمە، درێژەی هەمان سیستەمی پەروەردە و فێرکردنی سەردەمی ڕێژیمی بەعسە، زۆرتر وەک سیستەمی پەروەردەی ڕێژیمە ئیستبدادییەکان دەچێ تا سیستەمە دیموکراسییەکان.[١٠٣] بەو حاڵەش ئەگەر بە ئینسافەوە قسە بکەین دەبێ بڵێین کە بە گوێرەی لێکۆڵینەوەیەکی بانکی جیهانی، تا پێش سەرهەڵدانی دەوڵەتی ئیسلامی لە ساڵی ٢٠١٤دا و ئەو قەیرانانەی کە لەو ڕووداوە سەرچاوەیان گرت، حکوومەتی هەرێم، بە بەراورد دەگەڵ وڵاتانی دراوسێی خۆی، لە هەموو بوارەکانی پەروەردە و فێرکردندا پێشکەوتنی زۆر بەرچاوی وەدەست هێناوە»[١٠۴]

## ئاکام

تێپەڕینی سەد ساڵ بە سەر جودایی لە نێوان هەرچوار پارچەی کوردستان و دابەش بوونی کوردستانی گەورەدا، هەروەها ژیان لە ژێر سێبەری سیستەمی کۆمەڵایەتی-سیاسیی جیاوازدا، شوێنەواری جیاوازی لەسەر هەرکام لەو بەشانە داناوە. ئەو جیاوازییانە لە کتێبە دەرسییەکانی ناوچە ئۆتۆنۆمییەکانی ڕۆژاوا لە سووریە و هەرێمی کوردستانی عێراقدا ڕەنگیان داوەتەوە. بەراوردکردنی هەردووجۆری ئەو کتێبە دەرسییانە لەگەڵ یەک، ئەوەمان بۆ دەردەخا کە کوردەکانی هەرکام لەو پارچانە تا چ ڕادەیەک لە ژێر شوێنەواری ئەزموونی بێ وێنە و مێژووی خۆیاندان. منداڵان لە ڕۆژاوا و لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، لەسەر بنەمای دوو کۆمەڵە جیهانبینی، ئیدیۆلۆژی، بیروباوەری سیاسی، پرەنسیپی کۆمەڵایەتی و بیرۆکەی وڵاتپارێزی و نیشتمانیی جیاواز دەگەڵ یەک، پەروەردە دەکرێن. بۆ نموونە جیهانبینیی چەپ، شۆڕشگێڕانە و سیکۆلار کە بەسەر کتێبە دەرسییەکانی ڕۆژاوادا زاڵە، لەگەڵ ئەو نرخ و بایەخە سوننەتی و تەقلیدییانەدا کە لە کتێبە دەرسییەکانی هەرێمی کوردستاندا دەبینرێن، لە ناتەباییی تەواودایە.

بەشێک لەو جیاوازییانە لەوەدا دەردەکەون کە هەرکام لەو دوو کۆمەڵە کتێبە، کەسانی جیاواز وەک ڕێبەری مێژوویی دەناسێنن. لە ڕۆژاوا منداڵان فێر دەکرێن عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێبەری زیندانی و دامەزرێنەری پارتی کرێکارانی کوردستان، نەک هەر ستایش، بەڵکوو بپەرەستن. بەڵام منداڵان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا لەگەڵ کار و کردەوەکانی ڕێبەری نەتەوەیی، مەلامستەفا بارزانی، کە ئۆتۆریتەکەی خۆی لە سەرۆک عەشیرەت بوونەوە وەردەگرت، ئاشنا دەبن. جیاوازییەکانی دیکە دامەزراوەیین institutional. سیستەمی پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، سیستەمێکی تەواو سەربەخۆیە لە دەسەڵاتی بەغدا. ئاخر پتر لە پازدە ساڵە ئەو ناوچەیە بە پێی دەستوور و لەلایەن کۆمەڵگای نێونەتەوەییەوە بەڕەسمی ناسراوە. لەوەش زیاتر ئەزموونی پتر لە سێ ساڵ خۆبەڕێوەبەریی هەیە. هەروەها پێشینەی

دامەزراندنی سیستەمی خوێندنی کوردی لەو ناوچەیە بۆ چەند دەیەی پێشتریش دەگەڕێتەوە. کەچی خوێندنی کوردی لە ڕۆژاوادا لە وەزعێکی زۆر ناسکدایە. چونکە لە لایەک دیسانترالیزەیە. لەو دواییانەدا لە لایەن چالاکڤانانەوە ڕێکوپێک کراوە. لە لایەکی دیکەشەوە ئەو ناوچەیە وەک ئۆتۆنۆمییەکی بەرەسمی نەناسراو، بەردەوام لە هەڕەشەی ناسەقامگیری و ئاڵوگۆڕە ژیۆپۆلیتیکییەکانی ناوچە و دەوروبەردایە. بۆ نموونە دوای ئەوەی کە تورکیە لە ساڵی ٢٠١٨دا کانتۆنی عەفرینی لە ڕۆژاوا داگیرکرد، دەستی کرد بە بەئیسلامیکردن و بە تورکی کردنی slamization and Turkification کتێبە دەرسییەکان لەو ناوچەیە.[١٠٥]

سەرەڕای ئەو هەموو جیاوازییانە، زۆر لێکچوونیش لە نێوان ئەو کۆمەڵە کتێبە دەرسییانەدا بەرچاو دەکەون. سەرەڕای ئەوەی کە ئیدارەی ڕۆژاوا، لەباری ئیدیۆلۆژییەوە دژی ناسیۆنالیزمە، کتێبە دەرسییەکانی ئەوێ هەموو ئەو کۆڵەکە و بنەما بنەڕەتییانەیان تێدایە کە لە پەیوەندی دەگەڵ ناسیۆنالیزمی کوردی لە کتێبەکانی ناوچەی هەرێمی کوردستانی عێراقدا هەن. وەک گێڕانەوەی ڕیشە و ڕەچەڵەکی کورد بۆ مادەکان، ڕێزگرتن لە قارەمانە ئەفسانەییەکانی وەک کاوەی ئاسنگەر و بەکارهێنانی ساڵنامەی کوردی کە بە نەورۆز دەست پێ دەکات. لە لایەکی دیکەشەوە، گرینگیی خەبات لە پێناو زمانی کوردی و ئازادیی گەلی کوردا، لە هەردووکی ئەو کۆمەڵە کتێبە دەرسییانەدا، هەستی پێ دەکرێ و بە زەقی بەرچاو دەکەوێ. سەرەنجام سەرەڕای ئەوەی کە حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق پەیوەندیی دەگەڵ ئەو دەوڵەتانە هەیە کە حکوومەت بەسەر کوردستانی گەورەدا دەکەن، هەم کتێبە دەرسییەکانی ئەوێ و هەم ئەوانەی ڕۆژاوا، ناوی ئەو شوێن و مەڵبەندانە دێنن کە دەکەونە دەرەوەی ناوچەکانی خۆیان، ئیشارە بە شوێن و ڕووداوە مێژووییەکان و ڕێبەرانی کورد لە جێگاکانی دیکە دەکەن، لەو ڕێگایەوە نیشتمانپەرستییەکی بەرزەفڕانە سەبارەت بە وڵاتی کوردان دەبەنە پێش.

بایەخ و گرینگیی ئەو ڕاستییە دژ بە یەکانە لە چیدایە؟ ناسیۆنالیزمی کوردی و پانکوردیزم، بە دووهێزی سەرکی دادەنرێن کە پێگە و ڕیشەیان لە ئاستی جەماوەر و کۆمەڵانی بەرینی خەڵکدا هەیە. ئەوە ڕاستییەکە کە نووسەرانی ئەو کتێبە دەرسییانە لێی ئاگادارن و لە کتێبەکانی خۆیاندا بەیانیان کردووە. ئەو کەیسە هەر بەوجۆرەش دەمێنێتەوە. جا ڕێبەرایەتیی سیاسی لە ناوچەکەدا، دژایەتیی بیرۆکەی دەوڵەت نەتەوە بکات، وەک لە ڕۆژاوادا هەیە، یان بە شێوەیەکی دیپلۆماتیک، پابەندبوونی بە ڕێوبەریی ناوچەکانی نێو سنوورەکانی خۆی نیشان بدات، وەک ئەوەی لە حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقدا هەیە، هیچ لە ڕاستییەکە ناگۆڕێ. لە ئاکامدا منداڵان لە هەردووکی ئەو ناوچە خودموختارانەدا، لەسەر بنەماکانی نیشتمانپەرستیی کوردیی ناوچەیی و ناسیۆنالیزمی پانکوردیزم، کە هێندێک جار بە تەواوکەری یەکتر و هەندێ جاری دیکەش ناتەبا دەگەڵ یەکتر دەردەکەون، پەروەردە و فێردەکرێن.

*. https://www.researchgate.ne t/publication/ 345224 288_Reclaiming_National_Identity_in_Kurdish_ School_Textbooks ?enrichId=rgreq -a1b83a2c03c9e01dade9043b7c3ec67f-XXX&enrichSource=Y292ZXJQ YWdlOz M0NTIyNDI4ODtB Uzo5N TM 2NzA3NDEwMjA2N zVAMTYwNDM4 NDIzMTY0NA%3D%3D&el=1_x_3&_ esc=public ationCoverPdf

## سەرچاوەکان


1. For the role of education in societies, in the Middle East and generally, see Elie Po-

deh and Samira Alayan (eds.), Multiple Alterities: Views of Others in Textbooks of the Middle East (Cham, Switzerland: Palgrave Macmillan, 2018); Joseph Zajda, Globalisation and National Identity in History Textbooks: The Russian Federation (Dordrecht, Netherlands: Springer, 2017); Rizia Begum Laskar, "Nation-Building and the Child: Role of Textbooks and Literature," Academia.edu (September 29, 2013), www.academia.edu/7568273; Hay Eytan Cohen Yanarocak, "The Indoctrination and Socialization of Atatürkism in Turkish Education System and the School Textbooks, 1980–2002" (PhD dissertation, Tel Aviv University, 2016).

2. See his article "Kurdish History Textbooks: Building a Nation-State within a Nation-State," The Middle East Journal 68, no. 3 (Summer 2014): 367–84. https://doi.org/10.3751/68.3.12. For more, see the article's adaption and expansion into a book chapter, "National Identity, Self-Images and Picturing Others in History School Textbooks in the Kurdistan Regional Government," in Multiple Alterities, ed. Podeh and Alayan, 307–32. See also Jordi Tejel, "The Potential of History Textbooks and Curriculum Reform in Iraqi Kurdistan within a Conflict Transformation Frame: Dealing with the Past from a Processual and Dynamic Perspective," Ethnic and Racial Studies, 38, no. 14 (2015): 2,569–83. https://doi.org/10.1080/01419870.2015.1061134. 3. The discussion on KRI textbooks complements Achim Rohde, "Change and Continuity in Arab Iraqi Education: Sunni and Shi'i Discourses in Iraqi Textbooks before and after 2003," Comparative Education Review 57, no. 4 (Nov. 2013): 711–34. https://doi.org/10.1086/671561. 4. Muhammad Talab Hilal, "دراسة عن محافظة الجزيرة: من النواحي القومية، الاجتماعية، السياسية" ["A Study on Al-Jazeera Province form (sic) Ethnic, Social and Political Aspects"] in السياسة الاستعمارية لحزب البعث السوري في غرب كردستان [The Colonial Policy of the Syrian Baath Party in Western Kurdistan] (London: WKA, Palingswick House, 2004), 54.

5. Hilal, دراسة عن محافظة الجزيرة ["A Study on Al-Jazeera Province"], 77, 92. 6. Hilal, دراسة عن محافظة الجزيرة ["A Study on Al-Jazeera Province"], 93. 7. Hilal, دراسة عن محافظة الجزيرة ["A Study on Al-Jazeera Province"], 98–100. 8. Hilal, دراسة عن محافظة الجزيرة ["A Study on Al-Jazeera Province"], 94, 99. 9. Syria Justice and Accountability Centre, "Walls Have Ears: An Analysis of Classified Syrian Security Sector Documents" (April 2019): 23. 10. Quoted in Zanyar Omrani, "The History of Kurdish Language in Rojava," The Kurdish Project, May 20, 2016, https://thekurdishproject.org/history-kurdish-language-rojava/. 11. Hisham Arafat, "Syrian Kurds Develop New School Programs in Rojava," Kurdistan 24, August 31, 2017, www.kurdistan24.net/en/news/56bcfeace0a9-4e1d-99b3-ba4170ff34b1. 12. "The Rojava Revolution Favours New Education System," ANF News, May 16, 2018, https:// 13. Amir Hassanpour, Nationalism and Language in Kurdistan, 1918–1985 (San Francisco: Mellen Research University Press, 1992), 111. For text of the law, see the page on the Republic of Iraq Supreme Judicial Council website at http://iraqld.hjc.iq/LoadLawBook.aspx?SC=200920055250592. 14. Tahir Taeb Ahmed, "Education in Kurdistan: Past, Present and Tuture," KRG Cabinet website, February 18, 2005, http://previous.cabinet.gov.krd/a/d.aspx?a=1188&l=12&r=113&s=010000. 15. Hilal, دراسة عن محافظة الجزيرة ["A Study on Al-Jazeera Province"], 72, 76, 98–100 anfenglish.com/rojava-northern-syria/the-rojava-revolution-favours-new-education-system-26700.

16. According to the Kurdish Institute, there were between 36 and 46 million Kurds worldwide in 2016, ranging due to the lack of official data and contending conceptions of Kurdish-ness. Of this number, 3.0–3.6 million lived in Syria, as compared to 15–20 million in Turkey, 10–12 million in Iran, 8–8.5 million in Iraq, and 1.6–2.0 million in the diaspora. See "The Kurdish Population," January 12, 2017, www.institutkurde.org/en/info/the-kurdish-population-1232551004. 17. Michael M. Gunter, Out of Nowhere: The Kurds of Syria in Peace and War (London: Hurst, 2014), 3, 40–41. 18. Ismet G. Imset, The PKK: A Report on Separatist Violence in Turkey (1973–1992) (Ankara: Turkish Daily News Publications, 1992), 179. 19. Gunter, Out of Nowhere, 40–45.

20. E-mail to the author from mission participant Akil Marceau, May 28, 2019. 21. Kurdish Human Rights Project, "Culture and Languages Rights: Mother-Tongue Education in the Kurdish Regions," KHRP Briefing Paper (July 2011): 10. 22. Kirmanj, "National Identity, Self-Images and Picturing Others," 311–12. 23. Omrani, "The History of Kurdish Language in Rojava." 24. "Building the Education System in Afrin,-Part I," ANF

facts about Dersim, part 4"], Haber Güncel, May 2, 2012, https://haberguncel.blogspot. com/2012/05/dersim-yalanlari-ve-gercekleri-4-sinan.html. 33. DAA, Zimanê Kurdî: Seretayî 1 [Kurdish language: First grade], 34. 34. DAA, Civak û Jiyan: Seretayî 2 [Society and life: Second grade] (Jazira Canton: Desteya Perwede û Ferkirinê, n.d.), 41. 35. DAA, Zimanê Kurdî: Seretayî 1 [Kurdish language: First grade], 107. 36. Zimanê Kurdî : Seretayî 3 [The Kurdish language: Third grade] (Istanbul: Gün Matbaacılık, 2013), 7. 37. Zimanê Kurdî: Seretayî 3 [Kurdish language: Third grade], 13.

38. Zimanê Kurdî: Seretayî 3 [Kurdish language: Third grade], 103. 39. This anniversary makes its first appearance in the Rojava curriculum in the first-grade language textbook as an important date in the month of March without explanation of the event. DAA, Zimanê Kurdî: Seretayî 1 [Kurdish language: First grade], 138. The historical events surrounding it, including the larger Anfal genocide campaign, are included in a third-grade history book, see Dîrok Navîn 3 [Intermediate history 3] (n.p., 2019), 115. 40. Ofra Bengio, Saddam's Word: Political Discourse in Iraq (New York: Oxford University Press, 1988), 190. 41. DAA, Zimanê Kurdî: Seretayî 2 [The Kurdish language: Second grade] (Jazira Canton: Desteya Perwerde û Fêrkirinê, 2013), 52. 42. The Turkish government lifted the ban on the celebration of Newroz in 2005, though it reinstituted a prohibition in the territories it occupied in Rojava after 2018. "Turkey Bans Newroz Celebrations for Syrian Kurds in Afrin," The New Arab, March 17, 2019. www.alaraby.co.uk/english/ News/2019/3/17/Turkey-bans-Kurdish-Newroz-celebrations-in-Afrin. 43. DAA, Zimanê Kurdî: Seretayî 1 [Kurdish language: First grade], 100. 44. DAA, Civak û Jiyan: Seretayî 2 [Society and life: Second grade], 69. These figures are analogous to Kaveh and Zahak from Persian mythology, all having their roots in ancient Zoroastrian literature.

45. Cengiz Gunes, The Kurds in a New Middle East: The Changing Geopolitics of a Regional Conflict (London: Palgrave Macmillan, 2019), 4. In harkening back to a golden age in antiquity, the Kurdish national movement resembles others around the world. 46. DAA, Civak û Jiyan: Seretayî 2 [Society and life: Second grade], 69. 47. DAA, Civak û Jiyan: Seretayî 2 [Society and life: Second grade], 69. 48. Aliza Marcus, Blood News, March 6, 2019, https://anfenglishmobile.com/rojava-northern-syria/building-the-education-system-in-afrin-part-i-33395. 25. "Building the Education System in Afrin, Part II," ANF News, March 7, 2019, https://anfenglish.com/rojava-northern-syria/building-the-education-system-in-afrin-part-ii-33422.

26. According to one report, most of the books used in Rojava were edited and published by the Kurdish Language Institute in Istanbul. Omrani, "The History of Kurdish Language in Rojava." 27. Mohamed Al Hussein, "Regime Shuts Schools over Teaching in Kurdish North Syria," trans. Yusra Ahmed, Zaman Al Wasl, September 29, 2015, https://en.zamanalwsl.net/news/article/11744/. 28. Sardar Mlla Drwish, "The Kurdish School Curriculum in Syria: A Step towards Self-Rule?" Atlantic Council, SyriaSource (blog), December 20, 2017, www.atlanticcouncil.org/blogs/syriasource/the-kurdish-school-curriculum-in-syria-a-step-towards-self-rule/. 29. Ahmed Shiwesh, "Rojava Administration Launches New Curriculum in Kurdish, Arabic and Assyrian," ARA News, October 7, 2016, available on the Internet Archive Wayback Machine at https:// web.archive.org/web/20200902022851/https://aranews.net/files/2016/10/rojava-administrationlaunches-new-education-system-kurdish-arabic-assyrian-2/ (September 2, 2020); "The Rojava Revolution Favours New Education System," ANF News. 30. For example, see Zimanê Kurdî: Seretayî 5 [The Kurdish language: Fifth grade] (n.p., 2019), 63.

31. Democratic Autonomous Administration, Zimanê Kurdî: Seretayî 1 [The Kurdish language: First grade] (Jazira Canton.: Desteya Perwerde û Fêrkirinê, n.d.), 82; DAA, Civak û Jiyan: Seretayî 3 [Society and life: Third grade] (Jazira Canton: Desteya Perwerde û Fêrkirinê, 2013), 114. 32. Turkey had changed the name of the city of Dersim to Tunceli in 1935 in order to "Turkify" its Kurdish and Zaza population. The name change has stuck in Turkey as part of an attempt to obscure memories of the anti-government revolt there in 1937/38, which resulted in a large-scale massacre, casualty estimates of which range from 13,000 to 100,000. For more, see Senem Aslan, NationBuilding in Turkey and Morocco: Governing Kurdish and Berber Dissent (Camrbidge: Cambridge University Press, 2015), 51–52; Sinan Meydan, "Dersim Yalanları ve Gerçekleri — 4" ["Fabrications and

ond grade], 70. 73. DAA, Civak û Jiyan: Seretayî 2 [Society and life: Second grade], 14. 74. "Kurdish Female Suicide Bomber Revealed to Be Mother of Two," Al Arabiya, October 7, 2014, https://ara.tv/zxemz.

75. DAA, Civak û Jiyan: Seretayî 2 [Society and life: Second grade], 71. 76. DAA, Civak û Jiyan: Seretayî 2 [Society and life: Second grade], 28. For more on Öcalan's development of this idea, see Michiel Leezenberg, "The Ambiguities of Democratic Autonomy: The Kurdish Movement in Turkey and Rojava," Southeast European and Black Sea Studies 16, no. 4 (2016): 671–90. https://doi.org/10.1080/14683857.2016.1246529 . 77. Quoted in Claus Ludwig, "Democratic Autonomy or Socialism? A Marxist View of Abdullah Öcalan's Political Theory," posted by user "senan," Socialistworld.net, August 29, 2015, www.socialistworld.net/2015/08/29/kurdistan-democratic-autonomy-or-socialism/. 78. Kurdistan National Congress, "A People's Quest for Freedom and Democratic Autonomy: Information Dossier about Rojava-Kurdistan (Syria-Kurdistan)" (Mar. 2014): 8. 79. DAA, Civak û Jiyan: Seretayî 2 [Society and life: Second grade], 44-45

80. DAA, Civak û Jiyan: Seretayî 2 [Society and life: Second grade], 62 . 81. Elizabeth Tsurkov, "U.S. Withdrawal from Syria Threatens Revival of Kurdish Language, Too," Haaretz, April 23, 2019, www.haaretz.com/1.7159846; Drwish, "Kurdish School Curriculum in Syria." 82. To make matters more complicated, there is also a small but long-standing diaspora community in Armenia that uses a Cyrillic alphabet. Meanwhile, there exists a dispute among Kurds and linguists about whether the dialects of Zaza communities, who live in eastern Turkey and generally write in a Latin script, should be counted as Kurdish. 83. For example, unlike the 2013 edition of the third-grade social studies book cited previously, which does not mention religion, the 2019 edition gives some space to discussions of Islam, Christianity, and Yezidism. Civak û Jiyan: Seretayî 3 [Society and life: Third grade] (n.p., 2019), 92–100. 84. KRG, General Directorate of Curriculum and Printings (K-GDCP), بابەتێن کۆمەڵایەتی بۆ پۆلا شەشێ بنەرەت [Social studies for the sixth grade] (Erbil: Ministry of Education, 2016), 103, 112, 115,117.

85. One recent Rojava textbook does emphasize the shaykhs' important role in modern Kurdish and Belief: The PKK and the Kurdish Fight for independence (New York: NYU Press, 2009), 67. 49. DAA, Zimanê Kurdî: Seretayî 2 [The Kurdish language: Second grade], 92. 50. DAA, Civak û Jiyan: Seretayî 2 [Society and life: Second grade], 28–29. 51. DAA, Civak û Jiyan: Seretayî 2 [Society and life: Second grade], 28.

52. DAA, Civak û Jiyan: Seretayî 2 [Society and life: Second grade], 69. 53. DAA, Civak û Jiyan: Seretayî 3 [Society and life: Third grade], 70 54. DAA, Zimanê Kurdî: Seretayî 1 [Kurdish language: First grade], 106, 99. 55. Zimanê Kurdî: Seretayî 3 [Kurdish language: Third grade], 70. 56. For a recent case of persecution against the teaching of Kurdish, see Wladimir van Wilgenburg, "Kurdish Teacher Sentenced to 10 Years in Prison in Iran," Kurdistan 24, July 15, 2020, www.kurdistan24.net/en/news/0c003000-e114-4fa6-8f4f-c28a586ddf1e. 57. Zimanê Kurdî: Seretayî 3 [Kurdish language: Third grade], 28. 58. DAA, Civak û Jiyan: Seretayî 3 [Society and life: Third grade], 73. 59. "Building the Education System in Afrin,-Part I," ANF News. 60. Zimanê Kurdî: Seretayî 3 [Kurdish language: Third grade], 77.

61. Zimanê Kurdî: Seretayî 3 [Kurdish language: Third grade], 80. 62. Zimanê Kurdî: Seretayî 3 [Kurdish language: Third grade], 117. 63. Zimanê Kurdî: Seretayî 3 [Kurdish language: Third grade], 93. 64. Zimanê Kurdî: Seretayî 3 [Kurdish language: Third grade], 70. 65. Zimanê Kurdî: Seretayî 3 [Kurdish language: Third grade], 31. 66. DAA, Civak û Jiyan: Seretayî 2 [Society and life: Second grade] 2, 31, 52, 70

67. Indeed, a cochair of the education department in Rojava's Jazira Canton stated explicitly that the curriculum would be based on Öcalan's philosophy. See Harriet Allsopp and Wladimir van Wilgenburg, The Kurds of Northern Syria: Governance, Diversity and Conflicts (London: I. B. Tauris, 2019), 110. 68. For a discussion of the revolution in women's role in Kurdish society, see Ofra Bengio, "Game Changers: Kurdish Women in Peace and War," The Middle East Journal 70, no. 1 (Winter 2016): 30–46. https://doi.org/10.3751/70.1.12. 69. DAA, Civak û Jiyan: Seretayî 2 [Society and life: Second grade], 17–18. 70. Zimanê Kurdî: Seretayî 3 [Kurdish language: Third grade], 68. 71. DAA, Civak û Jiyan: Seretayî 2 [Society and life: Second grade], 30. 72. DAA, Zimanê Kurdî: Seretayî 2 [Kurdish language: Sec-

ish history, see Dîrok Navîn 3 [Intermediate history 3], 68–95. 86. K-GDCP, خواندن و ڕیزمانا کوردی بۆ پۆلا شەشێ بنەڕەت [Kurdish reading and grammar for the sixth grade] (Erbil: Ministry of Education, 2016), 65–67; K-GDCP, بابەتێن کۆمەڵایەتی بۆ پۆلا شەشێ بنەڕەت [Social studies for the sixth grade], 117. 87. K-GDCP, بابەتە کۆمەڵایاتییەکان بۆ پۆلی چوارەمی بنەڕەتی [Social studies for the fourth grade], (Erbil: Ministry of Education, 2017), 52–53; K-GDCP, بابەتێن کۆمەڵایەتی بۆ پۆلا شەشێ بنەڕەت [Social studies for the sixth grade], 153. 88. K-GDCP, بابەتێن کۆمەڵایەتی بۆ پۆلا شەشێ بنەڕەت [Social studies for the sixth grade], 100, 139, 169, 171; K-GDCP, خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتی [Kurdish reading for the second grade] (Erbil: Ministry of Education, 2016), 31. 89. For examples, see K-GDCP, خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی سێیەمی بنەڕەتی [Kurdish reading for the third grade] (Erbil: Ministry of Education, 2016), 9, 18, 42, 49; K-GDCP, خوێندنی کوردی: پۆلی یەکەمی بنەڕەتی، وەرزی یەکەم[Kurdish reading: First grade, first quarter] (Erbil: Ministry of Education, 2015), 51. 90. K-GDCP, بابەتێن کۆمەڵایەتی بۆ پۆلا شەشێ بنەڕەت [Social studies for the sixth grade], 4. Nonetheless, in one of the KRG textbooks, there is still a map of Greater Kurdistan with the four regions labeled by cardinal direction rather than country. This duality reflects the contradictory visions of Kurdistan among Kurdish educators. See K-GDCP, بابەتە کۆمەڵایەتییەکان: پۆلی پێنجەمی بنەرەتی [Social studies: Fifth grade] (Erbil: Ministry of Education, 2017), 7. 91. In September 2017, the KRG conducted a referendum of KRI residents on the question of independence, which passed with an overwhelming majority amid high turnout. The Iraqi government and the international community, save Israel, refused to recognize the plebiscite's legitimacy. For more, see Ofra Bengio, "The Kurdistan Region of Iraq: The Dream of Independence Meets Reality," trans. Matan Uberman, Tel Aviv Notes 13, no. 6 (November 10, 2019), https://dayan.org/content/kurdistanregion-iraq-dream-independence-meets-reality.

92. K-GDCP, بابەتێن کۆمەڵایەتی بۆ پۆلا شەشێ بنەڕەت [Social studies for the sixth grade], 147–49. 93. K-GDCP, خوێندنی کوردی: پۆلی یەکەمی بنەڕەتی [Kurdish reading: First grade], 63. 94. K-GDCP, بابەتێن کۆمەڵایەتی بۆ پۆلا شەشێ بنەڕەت [Social studies for the sixth grade], 120–28. It should be noted that a recent Rojava textbook does highlight Barzani's role in the struggle for the Mahabad republic, see Dîrok Navîn 3 [Intermediate history 3], 102–4. 95. K-GDCP, خوێندنی کوردی: پۆلی یەکەمی بنەڕەتی [Kurdish reading: First grade], 3, 13, 20, 100. 96. K-GDCP, خوێندنی کوردی: پۆلی یەکەمی بنەڕەتی [Kurdish reading: First grade], 31, 34, 36, 45, 47, 51.

97. K-GDCP, خوێندنی کوردی: پۆلی یەکەمی بنەڕەتی [Kurdish reading: First grade], 5, 11, 13, 17, 63–66, 145. 98. K-GDCP, خوێندنی کوردی: پۆلی یەکەمی بنەڕەتی [Kurdish reading: First grade], 133. The KRG briefly controlled Kirkuk after the Pershmerga took control over it in 2014, but what many Kurds saw as a dream come true unravelled when the central government retook it in October 2017, one month after the referendum on KRI independence. For more, see Bengio, "The Kurdistan Region of Iraq." 99. K-GDCP, خواندن و ڕیزمانا کوردی بۆ پۆلا شەشێ بنەڕەت [Kurdish reading and grammar for the sixth grade], 75. 100. K-GDCP, خواندن و ڕیزمانا کوردی بۆ پۆلا شەشێ بنەڕەت [Kurdish reading and grammar for the sixth grade], 97–98. It should be noted though that the more recent Rojava history textbook that mentions Barzani's role in the Mahabad republic also gives a place of honor to Leyla Qasim alongside other Kurdish heroines. Dîrok Navîn 3 [Intermediate history 3], 133–39. For more on Qasim, see Leyla Pekoz Caliskan, "Leyla Qasim: Symbol of Freedom, and Independence," Kurdistan Tribune, March 8, 2014, https://kurdistantribune.com/leyla-qasim-symbol-of-freedom-independence/.

101. Mewan Ahmed M. Mustafa, "The Role of the Education System in Consolidating Democracy in the Kurdistan Region of Iraq: 2003–2015," (BA dissertation, University of Kurdistan– Hewler, June 10, 2015), 21. 102. Allsopp and van Wilgenburg, The Kurds of Northern Syria, 111. 103. Abdurrahman Wahab, "The Futility of Market-Based Reform in Education: The Case of the Iraqi Kurdistan Region," in Confronting Educational Policy in Neoliberal Times: International Perspectives, ed. Stephanie Chitpin and John P. Portelli (London: Routledge, 2019), 132–38. 104. Sibel Kulaksiz et al., "The Kurdistan Region of Iraq: Assessing the Economic and Social Impact of the Syrian Conflict and ISIS," World Bank Group report no. 95808 (April 16, 2015): 58.

105. Rawa Barwari, "Turkey Trains 'Syrian' Teachers at Islamic School in Afrin, Turkifies Curriculum," Kurdistan 24, February 3, 2019, www.kurdistan24.net/en/news/d4f063fb-d139-42ee-b80433aac81aa0e9.

# مانیفێستی ڕێدستۆکینکز

## بزووتنەوەی ئازادیی ژنان*

و: کەیوان فاتحی

۱ پاش چەندین سەدە خەباتی تاکە کەسی و ســـەرەتاییی سیاسی، سەرئەنجام ژنان بۆ رزگار بوون و کۆتایی هێنان بە  بالادەستیی پیاوان، یەکگرتوو دەبن. رێدســـتۆکینکز بۆ پێکهێنانی ئەم یەکگرتووییە و بەدستهێنانی ئازادییەکانی ئێمە هاتووەتە بوون.

۲ ژنـــان تویژێکـــی ســـتەم لێ کـــراون. ســـتەمەکان لە ســـەر ئێمـــە بەرفراوانن و کاریگەرییان لە ســـەر هەمـــوو جمگەکانی ژیانمـــان دانـــاوە. ئێمە وەکـــوو کالایەکی جنســـی، خســـتنەوەی وەچە، خزمەتکاری نـــاو ماڵ و هێزی کار بە داهاتێکی کەمەوە، هەڵســـوکەوتمان لەگەڵ دەکرێ. ئێمە تەنیا بە مەبەســـتی  بەرزکردنەوە شکۆی پیاوان وەکـــوو بوونەوەرێکی ئاســـت نزم(پلە دوو) لەقەڵـــەم دەدرێین. بوونی ئێمە پشـــتگوێ خراوە. رەفتار وهەڵسوکەوتە داسەپاوەکان بە ســـەر ئێمەدا لە رێی هەرەشە و توندوتیژیی فیزیکییەوە بەرێوە چووە.

لەبەر ئەوەی ئـــێمە لەگەڵ چەوسێنەرانی خۆمان زۆر لـــە نێزیکەوە ژیاوین، لە یەکتر تەریـــک کەوتووینەتـــەوە و ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ئێمە بە بەردەوامی رەنج و ئازارە تاکەکەســـییەکانمان وەکـــوو بارودۆخێکی سیاســـیی ببینیـــن. ئەمـــە ئـــەو وێنایەی پێکهێنهـــاوە کـــە پەیوەندیـــی ژن لە گەڵ هاوسەرەکەی بابەتێکی دژبەیەکی نێوان دوو شوناســـی بێ هاوتایە و دەکرێ بە شێوەی تاکەکەسی چارەسەر بکرێ. لەراستیدا، هەر پەیوەندییەکی لەم چەشنە، پەیوەندییەکی دەســـتەبەندی کراوە و کێشمەکێشی نێوان ژنان و پیاوان کێشمەکێشـــێکی سیاســـییە کە تەنیا بە شـــێوەی دەستەجەمعی قابیلی چارەسەر کردنە.

۳ ئێمـــە هۆکارەکانـــی چەوســـانەوەی خۆمان لە پیاواندا دەبینینەوە. بالادەســـتیی نێرینـــە کۆنتریـــن و بنەرتیتریـــن فۆرمی فەرمانرەوایـــی کردنە. هەمـــوو فۆرمەکانی دیکەی ســـتەملێکردن و بەکارهێنان وەکوو «رەگەزپەرەستی، کاپیتالیسم ، ئیمپریالیزم» و تا دوایی، پەرەی بە بالا دەستیی پیاوان داوە: پیاوان بە ســـەر ژناندا زاڵن و چەند پیاوێک بە سەر هەمووان‌دا زاڵن. هەموو پێکهاتەکانی دەســـەلات بە درێژاییی مێژوو، نێرسالاری و نێرانـــە بوونـــە. پیاوان هەمـــوو دامەزراوە سیاســـی، ئابووری و فەرهەنگییەکانیان لە پاواندا بـــووە وئەم کۆنتـــرۆڵ کردنە هێزی رەق(فیزیکی)ی لە پشـــتەوە بـــووە. ئەوان هێز و دەسەلاتی خۆیانیان بۆ راگرتنی ژنان لە ئاســـت و پلەیەکی نزمتردا بەکارهێناوە. هەموو پیاوان لە بالادەســـتیی نێرینەبووندا لە بوارەکانی ئابووری، جنســـی و دەروونیدا سوودمەند بوون. هەموو پیاوان ستەمیان لە ژنان کردووە.

۴ هەوڵ دراوە کە باری بەرپرسیارێتییەکە لەسەر شـــانی پیاوان هەڵبگیرێ و بخرێتە ســـەر دامـــەزراوەکان یـــان خـــودی ژنان. ئێمە ئـــەم ئارگیۆمنتانە وەکـــوو بیانوویەک بـــۆ خۆدەربازکـــردن، رەد دەکەینـــەوە. دامـــەزراوەکان بـــە خودی خۆیان ســـتەم ناکەن؛ ئەوان تەنیا کەرســـتەی بەردەستی ســـتەمکارانن.  خەتابارکردنی دامەزراوەکان بەو مانایـــە کە ژنان و پیاوان بە شـــێوەی هاوســـان قوربانین، ئەمەش ئەو راســـتییە دەشارێتەوە کە پیاوان سوود لە گوێرایەڵیی ژنان دەبیـــن و بووەتە بیانوویەک بۆ ئەوەی پیاوان لە رووی ناچارییەوە ببنە ستەمکار. بە پێچەوانەوە، هەر پیاوێک سەربەستە لەوەی چاوپۆشـــی لە زاڵبوونی پێگەی خۆی بکات بەو مەرجەی کە رازی بێ کە پیاوانی دیکە وەکوو ژنێک هەڵسوکەوتی لە گەڵدا بکەن. ئێمەهەروەهـــا  ئەو بیرۆکەیـــە کەپێی وایە ژنان بەم ستەمە رازین یان ئەوەی هەڵەکە لە ئەســـتۆی خۆیانـــە، رەد دەکەینەوە. خۆ بەدەستەوەدانی ژنان بەرئەنجامی شۆردنەوەی مێشک، گێلیەتی یان نەخۆشیی رەوانی نییە،




بەڵکوو سەرچاوەکەی زەختی بەردەوامی ڕۆژانەی پیاوانە. ئێمە پێویستمان بەوە نییە کە خۆمان بگۆڕین، بەڵکوو دەبێ پیاوەکان بگۆڕین. لە هەموو نابەجێتر هێنانەوەی ئەو بیانووانەیە کە ژنان دەتوانن ستەم لە پیاوان بکەن. بنەمای ئەم تێگەیشتنە سەقەتە تەریک خستنەوەی پەیوەندیی تاکەکەسییە لەگەڵ بەکگراوەندی سیاسیی ئەواندا و ڕوانینی پیاوانە بۆ بینینی هەر جۆرە داخوازییەکی ڕەوا، کە باڵادەستیی ئەوان دەخاتە مەترسییەوە.

**٥** ئێمە ئەزموون و نیگەرانییەکانی خۆمان لەبارەی ئەو ڕابردوو(ئەزموون)ە، وەکوو بنەمایەک بۆشرۆڤە و لێکدانەوەی بارودۆخی هاوبەشی خۆمان لەبەرچاو دەگرین. ئێمە ناتوانین متمانە بەو ئایدۆلۆژییانە بکەین کە لە ئارادان، لەبەر ئەوە هەموو ئەو ئایدۆلۆژییانە بەرهەمی فەرهەنگی باڵادەستیی نێرینە(پیاوان) یان لەخۆگرتووە. ئێمە ئەوە بە تەواوی دەخەینە ژێر پرسیارەوە و هیچکام لەوانە پەسند ناکەین کە لەگەڵ ئەزموونی ئێمەدا یەکانگیر نابێ.

هەنووکە ئەرکی سەرەکیی ئێمە پەرەپێدان و بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاریی ژنانە لە ڕێگەی بڵاو کردنەوەی ئەزموونەکان و ڕۆشنگەریی کۆمەڵایەتییەوە لە سەر بنەمای ڕەگەزی لە هەموو دامەزراوەکانماندا. بەرزبوونەوەی ئاستی وشیاری «بە مانای سارێژێک» بۆ چارەسەرکردنی کێشەی تاکەکەسی نییە و ئەو پێشفەرزەش هەڵەیە کە پەیوەندیی نێوان ژن و پیاو بە بابەتێکی تەواو شەخسی لەقەڵەم دەدات، بەڵام تاکە میتۆدێکە کە دەتوانین دڵنیا بینەوە کە نەخشەڕێگای ئازادبوونی ئێمە، لە سەر بنەمای بارودۆخی ڕاستەقینەی ژیانمان دامەزراوە.

هەنگاوی یەکەم بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاری، ڕاستگۆیی لە ناو خۆمان و لە ناو خەڵکدا،




له گەڵ خۆمان ولە گەڵ ژنانی دیکەشدایە.

٦ ئێمە هەموو ژنان بە هاوچارەنووسی خۆمان دەزانین. ئێمە خۆمان وەکوو هەژارترین ژن کە زۆر بێبەزەییانە دەچەوسێنرێتەوە، پێناسە دەکەین. ئێمە هەموو ئەو ئیمتیازە ئابووری، ڕەگەزی، پەروەردەییانە یان بارودۆخێک کە ئێمە لە ژنانی دیکە جیا بکاتەوە، ڕەد دەکەینەوە. ئێمە پێداگرین لەسەر ئەوە کە هەرچەشنە دەمارگرژییەک کە لەوانەیە ئێمە لەدژی ژنانی دیکە بکات، دەسنیشان دەکەین وبە تەواوی دەیانسڕینەوە. ئێمە پێبەندین بە دابین کردنی دێمۆکراسیی ناوخۆییەوە. هەر شتێک پێویست بێت ئێمە ئەنجامی دەدەین بۆ ئەوەی لە ناو بزوتنەوەکەماندا دڵنیایی بدەین بە هەموو ژنێک کە دەرفەتی هاوسانی(بەرانبەر)یان لەبەر دەمە بۆ بەشداری کردن، وەئەستۆگرتنی بەرپرسیاریەتی و گەشەی پتانسیەلی سیاسیی تاکە کەسیی خۆی.

٧ ئێمە داوا لە هەموو خوشکانی خۆمان دەکەین، لەم خەباتەدا لەگەڵ ئێمە یەکگرتوو بن.

ئێمە داوا لە پیاوان دەکەین بۆ بەرژەوەندیی مرۆڤایەتی وسوودی خۆشیان، دەستبەرداری باڵادەستیی خۆیان بن و پشتیوانی لە ئازادیی ژنان بکەن.

لەم کێشمەکێشەدا بۆ ئازادیی خۆمان، ئێمە هەمووکات لە بەرەی ژنانداین لە دژی ستەمکاران. ئێمە ناپرسین چ شتێک «شۆڕشگێرییە» یان «ڕیفۆرمیستی»؟ پرسەکە ئەوەیە چ شتێک بۆ ژنان سوود بەخشە.

سەردەمی دەرگیریی تاکە کەسی تێپەڕیوە.

ئێمە ئەم جارە هەموو ڕێگەکە دەبڕین.

*. https://pages.uoregon.edu/eherman/teaching/texts/Redstockings%20Manifesto.pdf

# بنیاتنانی ڕەگەزی دووەم لە کۆمەڵگە*

جۆ فریمەن
و: ژینۆ ڕۆژبەیان

ئەم وتارە لە پاییزی ١٩٦٨ وەک پەرتووکێکی بچووک بۆ خولێکی دەروونناسیی کۆمەڵایەتی نووسراوە و سەرەتا لە ژێر ناوی «کچانە گەورە بوون» بە بێ بەڵگەهێنانەوە و تێبینی لە «مامەڵەکردن» لە مانگی ١٩٧٠/١٢/١١ لاپەرەی ٣٦-٤٤ بڵاو بوویەوە و دواتر لە «رۆڵی ژنان: خوێندنەوەیەک بەرەو ئازادیی ژنان»، چاپ بوویەوە کە میشێل گارسکۆڤ سەرنووسەری بوو، لە بێلمۆنت، کالیفۆرنیا: برووکس/کۆل، ١٩٧١، لاپەرەی ١٢٣-٤١. بۆ چەندین ساڵ و بە زۆری لە چەندین پەرتووکی خوێندندا چاپ کرایەوە.

«ملکەچ بوون کە رەوشێکی دیاری «ژن»ە، تایبەتمەندییەکە کە لە سەرەتاییترین ساڵەکانی تەمەنی، لەودا دروست بووە. بەڵام گەر وا دابنێین کە فاکتەرێکی بایۆلۆژی لەو بابەتە کاریگەریی هەیە، ئەوا هەڵەین؛ لە راستیدا ئەوە چارەنووسێکە کە مامۆستاکانی و کۆمەڵگەکەی بەسەریدا سەپاندوویانە.» (سیمۆن دوبوار)

لەم سی ساڵەی رابردوودا زانستی کۆمەڵایەتی سەرنجێکی بێوێنەی بە ژنان داوە و توێژینەوەکانی بۆ بابەتی مرۆڤ لەسەر پیاوان کەم کردووەتەوە. توێژینەوەکان بە شێوەیەکی گشتی کلێشە و ئەفسانەکانی بەربلاوی کۆمەڵگەیان دووپات دەکردەوە کە ژن زیاتر بەخێوکەر/دەربڕ/ملکەچ و پیاو ئامرازی/چالاک/شەرانییە. زانایانی کۆمەڵناسی زیاتر هەوڵیان داوە پاساوی ئەم کلێشانە بدەنەوە تاکو ئەوەی شیکاری لەسەر سەرچاوەیان، بەهایان یان کاریگەرییان بکەن.

ئەمە خۆی تا رادەیەک لەبەر دووڵی و بە گشتی خۆ دوورخستنەوەیە لە پرسیار کردن سەبارەت بەم سەردەمەی، نهێنییە ژنانییەکان لە زانستی کۆمەڵناسی تایبەتمەند کراون و بەشێک لەمە، لەبەر بەربڵاو بوونی بیرۆکەی شیکاریی دەروونناسی لە سەرانسەری ئەمریکایە.١ دەرەنجامە کۆمەڵناسییەکە کە لە جیاتی ئەوەی پرسێکی کۆمەڵایەتی بێت بووەتە شێوازێکی کۆنترۆڵی کۆمەڵگە. لە جیاتی ئەوەی لێکۆڵینەوە لە هۆکار بکات، شرۆڤەی شتەکە دەکات. لە جیاتی ئەوەی لێکۆڵینەوە لەوە بکرێت کە ژن و پیاو چۆن بوون بەوەی کە هەن، دۆخەکەیان وەک بارێکی نەگۆر قەبووڵ کراوە و هەوڵ دراوە لەسەر بنەمای جیاوازییە بایۆلۆژییەکەیان پاساوی بۆ بێننەوە. هەر چەندە ئەو بڕوایەی کە دەروونناسیی بایۆلۆژی لە خۆ دەگرێت خەریکە کۆتاییی پێ دێت.

ماستێرز و جەیسۆن ئەفسانەی سستیی سێکسیی سروشتیی ژنیان تێکشکاند کە سستیی دەروونیی ژنان لەسەر ئەوە دانرابوو. توێژینەوە لەسەر بابەتەکانی دیکە تازە دەستی پێ کردووە. تەنانەت بە بێ ئەم توێژینەوە نوێیانە، لێکدانەوەی نوێ لەسەر زانیارییە کۆنەکان لە ئارادان. ئەم لێکدانەوە تازانە دەڵێن ژنان ئاوان چونکە وا پەروەردە کراون. هەروا کە بێمز دەڵێت: «ئێمە ئەم راستییە پشتگوێ دەخەین کە ئەو کۆمەڵگایەی لە بیست ساڵی سەرەتای ژیانی ژنان بیر و دەنگی ئەوان دروست دەکات، هیچی بۆ لەدەستدان نییە ئەو کاتەی ژنان دەبنە بیست و یەک ساڵ و بە رەوایەت مافی هەڵبژاردنیان هەیە. چونکە کۆمەڵگە نەک بڕیارەکانی ئەوانیان کۆنترۆڵ کردووە بەڵکو ئاراستەی هەڵبژادنیشیانی وا کۆنترۆڵ کردووە کە یەکێک لەو بڕیاردانە هەڵبژێرن کە کۆمەڵگا بۆی داناون.»٢

ئەم ئەنگیزەیە لە پرۆسەی جڤاکی بووندا کۆنترۆڵ دەکرێت. ژنان وا پەروەردە دەکرێن کە بیانهەوێت ئەو رۆڵانە وەرگرن کە کۆمەڵگا پێویستی پێیانە. وا فێر دەکرێن کە خۆیان وەک ئەو نموونە قەبووڵکراوانە

دەربێنن و لە ئاستی ئەو چاوەڕوانییانەدا بن کە لە ژنان وەک گرووپێک داوا دەکرێت. هەر بۆیە بۆ ئەوەی تێبگەین زۆرینەی ژنان چۆن جڤاکی دەبن، دەبێت سەرەتا بزانین چۆن خۆیان دەبینن و چۆن دەبینرێن. چەندین توێژینەوە لەسەر ئەم بابەتە کراوە. مەک کلیلاند گوتوویەتی: «وێنەی ئافرەت بەم سیفەتانە تایبەتمەند کراوە: بچووک، لاواز، نەرم و سووک. لە ئەمریکایش ئاوا وەسف کراون: گێل، ئارام، لەسەرخۆ، سارد، پێگەیشتوو، سست و خاو.»[٣] توێژینەوەیەکی تەواوتر کە لە ژنان و پیاوان داوا دەکات لە لیستێکی سیفەتەکان ئەوانە هەڵبژێرن کە باشترین پێناسەی خۆیان بێت. ژنان زۆرتر خۆیان ئاوا پێناسە کرد: بەگومان، نیگەران، شڵەژاو، سەرشێت، کەمتەرخەم، ترسنۆک، گێل، منداڵانە، هەژار، پەشیمان، شەرمن، بێدەست و پێ، گەمژە، دەبەنگ و کارەکەر. لە وەسفە باشترەکە ژنان خۆیان ئاوا پێناسە کرد: تێگەیشتوو، دڵناسک، بەرەحم، بیگەرد، بەخشندە، دلۆڤان، ئەڤیندار، بەڕەوشت، میهرەبان، سوپاسگوزار و سەبوور.[٤]

ئەم خۆ وێنا کردنە زۆر باش نییە بەڵام لەگەڵ ئەو ئەفسانانەی لە کۆمەڵگادا لەسەر ژنان هەیە یەک دەگرێتەوە. ئەم وێنەیە هێندێک ڕووی باشی هەیە بەڵام ئەو کوالیتییانەی تێدا نییە کە بۆ بەرزترین ئاستەکانی سەرکەوتن لە کۆمەڵگادا پێویستە. هەرچەندە ڕەنگە کەسێک پرسیار لە بیرۆکەی سەرکەوتن و کوالیتیی پێویست بۆ ئەوە بکات، بەڵام ئێرە جێی ئەو پرسیارە نییە و لە جیاتی ئەوە ئامانجەکە لێرەدا سەرنجدانە بە پرۆسەی جڤاکی بوون وەک شێوازێک کە دەبێتە هۆی ئەوەی ژنان نەتوانن بگەن بەو ستاندەردانەی کە پێیان دەگوترێت نییانە. هەروەها پێویستە شیکاری بکەین بۆ ئەو چاوەڕوانییانەی کۆمەڵگا لە ژنێکی سەرکەوتوو هەیەتی (نەک کەسێکی سەرکەوتوو) چونکە ئەوان بە ناچاری بە پرۆسەی جڤاکی بوون پەیوەست کراون. هەموو کەسێک جڤاکی بووە بۆ بەدیهێنانی ئەو چاوەڕوانییانەی کۆمەڵگە لێی هەیە و تەنیا ئەو کاتەی ئەم پرۆسەیە سەرکەوتوو نابێت (هەروا کە لە چەند بوارێکدا خەریکە ڕوو ئەدات) پرسیاری لەسەر دروست دەبێت.

با کاریگەریی ئەم بابەتە بە شێوەیەکی وردتر لەسەر ئەو ژنانەی لە گرووپە کەمینەکاندان شی بکەینەوە. لێرەدا هاوتەریبێکی سەرنجڕاکێش سەرهەڵدەدات، بەڵام لە ڕێ لادانی زۆریشی تێدایە. کاتێک سەیری جڤاکی بوونی مێینە دەکەین دەبینین ئەو شتەی کۆمەڵگە وەک بنیاتی کەسایەتیی «مێیینەی نموونەیی»، ناوی لێ دەنێت یان پەسندی دەکاتل، زۆر هاوشێوەی کەسایەتیی ئەو کەسانەیە کە لەو وڵاتە یان شوێنی دیکە چەوسێندراونەتەوە.

لە توێژینەوەیەکی کلاسیکی ئاڵپۆرت کە لەسەر سروشتی پێشداوەری کردوویەتی، یەک بەشی تەرخان کردووە بۆ «تایبەتمەندییەکانی قوربانی بوون». لەم بەشەدا ئەو تایبەتمەندییانە ئاوا هاتوون: هەستیاری، خۆبەدەستەوەدان، خولیای دەسەڵات، حەز کردن بە پارێزراوی، ناراستەوخۆیی، خۆ شیرین کردن، تۆڵە و تێکدانی شیرین، هاوسۆزی، ئەوپەڕی نەفرەت لە خۆ یان گرووپ و ئەوپەڕی شکۆداری بۆ خۆ یان گرووپ، دەرخستنی هێماکانی پلەی بەرز و درەوشاوە، دڵڕەحمی بۆ ژێردەستەکان، هاوتایی کردن لەگەڵ پێوەرەکانی گرووپە باڵادەستەکان و سستی.[٥] ئاڵپۆرت زیاتر خەریکی جووەکان و نیگرۆکان بوو بەڵام تایبەتمەندکردنەکەی لەگەڵ بۆچوونی تیرمەن و تایلێر لەناو نووسراوەکەیاندا هەڵسەنگێنن کە لەسەر

جیاوازیـــی رەگـــەزەکان لە نێـــو منداڵان نووســـراوە. بۆ کچـــان تایبەتمەندییەکان ئاوا هاتـــوون: هەســـتیاری، خۆگونجاندن لەگـــەڵ تەوژمی کۆمەڵگـــە، وڵامدانەوە بە ژینگە، ئاســـان کۆنترۆڵ کردنی کۆمەڵگە، خۆشـــیرین کردن، هاوسـۆزی، نزم بوونی ئاستی ئاواتەکان، دڵرەحمی بۆ ژێردەستان و بێتاقەتـــی. ئەوان بۆیـــان دەرکەوت کە کچـــان بە بـــەراورد لەگەڵ کـــوڕان زۆرتر شـــڵەژاو، ناجێگیر، دەمارگیر، ناسەربەخۆ و خۆ بەدەســـتەوەدەر بوون و متمانەیان بە خۆیان کەمتر بوو، خۆیان و کچان بە گشتی بە کـــەم دەزانی و شـــەرمنتر، بەرەحمتر، جێبەجێکارتر، ترسنۆکتر و سستتر بوون.٦ تێگەیشتنی کچان لە خۆیان شێواوتر بوو. لەگەڵ ئـــەوەی کچان بە گشـــتی نمرەی دەرســـەکانیان لە بنەڕەتـــی تاکو ئامادەیی بە بەردەوامی باشـــترە لە کوڕان، بەڵام خۆ بەکەم زانینی کچان لەگەڵ گەورەبوونیان خراپتر و تێڕوانینیان بە نیسبەت کوڕان و توانای کوڕان باشـــتر دەبێت. بەڵام کوڕان لەگەڵ گـــەورە بوونیان خۆیان بە باشـــتر دەبینن و ڕایان بە نســـبەت کچان خراپتر دەبێت.٧

ئەم شـــێوانە ئەوەندە خراپ دەبێت کە بە وتـــەی گۆڵدبێرگ، لـــەو کاتەی کچان دەچنـــە زانکۆ، پێشـــداوەریان دژ بە ژنان بۆ دروســـت بووە. ئەو چەند دەســـتەیەک وتاری دا بە کچانی زانکۆ، کە شەش وتاری پرفێشـــناڵ بوو لەسەر بابەتە نەریتییەکانی پیاوان، ژنان و بێلایەن (بێ پەیوەســـت بە ڕەگەز) و هەموویان یەک شت بوون تەنیا ناوی نووسەرەکان یەکێک نەبوو. بۆ نموونە وتارێک لە دەســـتەیەکدا بـــە ناو جۆن تی مەککەی و لە دەســـتەیەکی دیکە هەمان وتار بە ناوی جوان تـــی مەککەی هاتبوو. هەر دەســـتەیەک بریتی بوو لە سێ وتاری نووســـراو بە دەســـت ژنان و ســـێ وتاری نووسراو بە دەست پیاوان. لە کۆتاییی هەر وتارێکدا پرســـیار لە قوتابیـــان کرابوو کە وتارەکە لەسەر بنەمای بەهای قایلکەربوونی و قووڵیـــی ماناکـــەی و نووســـەرەکەیش لەسەر بنەمای شـــێواز و توانای نووسینی هەڵســـەنگێنن. پیاوان لە هەموو بوارەکاندا باشتر هەڵســـەنگاندنیان بۆ کرابوو تەنانەت لەو بوارە «مێیینانە» وەک مێژووی هونەر و خۆراکزانی. گۆڵدبێـــرگ ئەنجامەکەی وا دەردێنێت کە «ژنان دژ بە ژنە شـــارەزاکان پێشـــداوەرییان هەیە و بە بێ گەڕانەوە بۆ دەسکەوتی ڕاستەقینەی ئەو شارەزایەتییە بە سەرسەختی ڕەتی دەکەنەوە کە ئەو ژنانە بەرابەر بگرن لەگەڵ هاوتا پیاوەکانیان.»٨

تێکەڵاویـــی ئەم لە خـــۆ بێزاربوونە بە کۆمەڵ و سەرلێشـــێواوی لە تێگەیشـــتن، پاســـاوێکە بۆ ئەوەی کە لە خۆ بێزاربوونی بەکۆمـــەڵ، ڕێـــک تایبەتمەندیەکـــی نموونەییە لە «بنیاتی تایبەتمەندیی گرووپە کەمینەکان.»٩ ئەم تێبینییە بە بەردەوامی دەگوترێـــت. دەرئەنجامـــی دۆزینـــەوەی کلارکـــس لـــەم نموونەیە لە نـــاو منداڵە نێگرۆکان (ڕەشپێستەکان) کە لە قوتابخانە جیاکراوەکان دەیانخوێند، یارمەتیدەرێکی باش بوو بۆ بڕیـــاری ١٩٥٤ی دادگای باڵا کە ئەو قوتابخانانەی بە نایاسایی ناساند. ئەم تایبەتمەندییانـــە و هەروەها ئەوانەی وەک نموونەیەکی باو لـــە «مێیینە» لە کۆمەڵگە ناســـراون، لە هیندییەکانی ژێر دەسەڵاتی بەریتانییـــەکان١٠، ئەلجەزیرەییەکانی ژێر دەسەڵاتی فەرەنسییەکان١١ و ئەمریکییە ڕەشپێســـتەکان١٢ دیتـــراوە. وا دیـــارە پەیوەندییەک هەیە لە نێوان «مێیینە» بوون و لە پلە و پایە بێبەش بوون.

ئـــەم شـــێوازە تەنانـــەت لـــە نێـــوان کەلتورەکانیشدا هەیە. لە TAT کە درا بە ژنە گوندنشـــینەکانی ژاپۆنی، دوقاس بۆی دەرکەوت کە ژنانی گوندەکانی ڕاوچییانی

ماسی کە پلە و جێگەیان بەرزترە، لە ژنانی گونـدە کانی جووتیـاران بەزەبرتر بوون و ئەوەندە هەستیان بە گوناە نەدەکرد و زیاتر نەریتەکانی هاوسـەرگیری بە ڕێکەوتنیان لە پێناو هاوسـەرگیری بە خۆشەویسـتی پشتگوێ دەخست.١٣

لە توێژینەوە بە ناوبانگە ٥٠ ساڵەکەی تێرمـەن لەسـەر بەهرەمەنـدەکان، ئەو پیاوانـەی بەڵێنی خۆیان بەجـێ هێنا بە بەراورد لەگەڵ ئەوانەی بە ئاشکرا نەیانتوانی بەڵێنی خۆیـان بەجێ بێنـن، متمانەیان بـە خۆیان زیاتـر بـوو و کەمئەندامی لە پشـتخانیان کەمتر بوو و کەمتر شـڵەژاو بوون و لە باری سـۆزەوە ئەوەندە ناجێگیر نەبوون. بەڵام ئاوا گەیشتنە ئەنجام کە «ئەو خاڵە لاوازانەی کە لە کەسانی خاوەن پێگە و جێگەی نزم لە ماڵ و کۆمەڵگەدا هەبوون، لە کەمئەندامە دیارەکانیشدا هەبوون.١٤

ئەوە ڕاستییە کە ژنان لە بەراورد لەگەڵ پیاوان پێگەیەکـی نزمتریان لە کۆمەڵگەدا هەیـە و هەر دوو ڕەگەز زیاتر بەها بە پیاو دەدەن و چالاکـی و تایبەتمەندیەکانـی پیاو شـتێکە کـە لە لایەن بەرپرسـانەوە سەرنجی پێ دراوە١٥ بەڵام ئەوەی ئەنجام نـەدراوە دروسـتکردنی پەیوەندیی نێوان ئەم پێگەیەیە لەگەڵ ئەو تایبەتمەندیانەی لەگەڵ خۆی دەیهێنێت.

ئـەو ڕاسـتییەی کـە توێژینـەوەی تێروتەسـەل لەسـەر هۆکار و کاردانەوەی پێگـەی نزم لـە کۆمەڵگەدا نەکـراوە، بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش پەیوەندیدارە بە ئەو هەموو هەوڵـەی دراوە بۆ دیاریکردنی جیاوازییە دەروونییەکانی نێوان ژن و پیاو، وەکوو هۆکارێـک بۆ جیاوازییە زۆرەکانیان لـە بەرهـەم و داهێنانـی کۆمەڵایەتـی. توێژینەوەکانـی گۆڵدبێـرگ دەریدەخەن کە تەنانەت گەر ژنان دەسکەوتەکانیان لە ئاستی دەسـکەوتەکانی پیاواندا بێت، زۆر سەرنجی نادرێتێ و بۆ ئەوەی وەک پیاوان دەستخۆشـییان لێ بکرێـت و کارەکانیان وەک هی پیـاوان بە هەنـد وەربگیرێت، پێویسـتە کوالیتیـی کارەکـە زۆر بەرزتر بێت لـە کاری پیاوان. بەڵام ئەم حاڵەتە و ئەم پێناسـە نێرینەیە لە دەسکەوت، خۆی بە تەنیا هۆکاری کـەم بوون یان نەبوونی بەرهەمی کۆمەڵایەتی نییە، بۆیە توێژینەوە هاتە ناو جیاوازییەکانی ژنان/پیاوان.

زۆرینەی ئەم توێژینەوانە، لە شـێوازی نەریتی فرۆیدی، تیشـکیان خسـتووەتە سـەر دۆزینەوەی جیاوازییە گەشـەیی و دەروونییەکان کە دەگوترێت بە شێوازێکی زگماکی لە سروشـت و کارکـردی ژناندا هەیە. لەگەڵ هەموو ئەم هەوڵانەی دراون، دۆزینـەوەکان بـە گشـتی دەریدەخەن: ١. جیاوازیـی تاکە کەسـی زۆر زیاترە لە جیاوازیی ڕەگەزی، بە واتایەکی دیکە ڕەگەز تەنیا یەکێکە لەو هەموو تایبەتمەندییانەی مـرۆڤ پێناسـە دەکات. ٢. زۆرینـەی جیاوازییەکانی توانایی لە بوارەکاندا، تا ئەو کاتەی منداڵ دەگاتە تەمەنی ڕۆیشـتن بۆ قوتابخانەی بنەڕەتی دەرناکەون. «جیاوازیی ڕەگـەزی لەگـەڵ زۆرتر خوێنـدن زیاتر دەردەکەوێت تەنانـەت ئەگەر قوتابخانەکە تێکەڵاویش بێت.»١٦

کە سـەیری ئەو نووسـراوانە دەکەیت کە لەسـەر جیاوازیی ڕۆشـنبیریی نێوان ڕەگـەزەکان نووسـراوە، ئۆلگوویەکـی سـەرنجڕاکێش دەردەکەوێـت. یەکـەم ئـەوەی کە خـۆی ئامـارەکان هەندێک ڕیکوپێکییـان پێـوە دیـارە. زۆرتری ئەو دەرەنجامانەی لەسەر ڕەگەزێکی نموونەیی دەرهاتوون، لەسـەر کارکردی دوو لەسەر سـێی کەیسـەکان بوون. بـۆ نموونە دوو لەسەر سێی هەموو کوران لە تاقیکردنەوەی بۆردی کۆلێژەکەیان لە بیرکاری باشتر بوون تاکوو بابەتە زمانەوانییەکان و دوو لەسـەر

سێی کچان لە بابەتە زمانەوانییەکان باشتر بوون تاکوو بیرکاری. دۆزینەوەکانی بالێز دابەشکردنێکی هاوشێوە نیشان دەدا کە لە گرووپە بچووکەکاندا پیاوان رابەریان زیاتر لەسەر ئەنجامدانی کارە و ژنان لەسەر بابەتی سۆزەکی و جڤاکی.١٧ ئەنجامی هەموو تاقیکردنەوەکان ئەم جیاوازییە دوو لەسەر سێیە نییە بەڵام ناوەنجی دەرەنجامی زۆرینەی تاقیکردنەوەکان لەسەر توانای کەسەکان، ئەمە بووە. رەگەز پێوەرێکی زۆر دیارە کە تاقی دەکرێتەوە و دەکرێت لەسەری بگەینە دەرئەنجام، بەڵام روونکردنەوە لەسەر ئەو یەک لەسەر سێیەی دیکە نادات کە لەم چوارچێوەیەدا ناگونجێن. جگە لە توێکاریی لەشیان، تەنیا شتێک کە لە هەموو ژناندا یەکسانە پێگەی کۆمەڵایەتیی نزمیانە.

دووەم ئەوەی کە کچان لە سەرەتادا زۆر باش دەست پێ دەکەن. زووتر دەست بە قسەکردن، خوێندنەوە و بژاردن دەکەن. زۆر روونتر و جوانتر قسە دەکەن و وشەکان زووتر دەکەن بە رستە. کێشەی خوێندنەوە و گرفتی زمانیان کەمترە. تەنانەت لە ساڵەکانی سەرەتای قوتابخانە لە بیرکاری باشترن. تا تەمەنی ئامادەیی، ئەو جیاوازیی رەگەزییە کە لە قازانجی کوراندایە سەر هەڵدەدات.١٨ لێرەدا ئۆلگوویەکی دیکە دروست دەبێت.

لە ئامادەییدا نەتیجەی کارکردی کچان لە تاقیکردنەوەکانی توانا کەم دەبنەوە و هەندێکجار زۆر بە خێرایی کەم دەبنەوە. هەرچەندە زیاتر لە نیوەی دەرچووانی ئامادەیی کچن، زۆر کەمتر لە نیوەی قوتابیانی زانکۆ کچن. ئەمە بەو مانایەیە کە رێژەیەکی زیاتر لە قوتابییە ژنە باشترەکان دەچنە خوێندنی باڵا بەڵام کارکردیان لە بەراورد لەگەڵ کوران بەردەوام خراپتر دەبێت.

کچان باشتر دەست پێ دەکەن بەڵام لە کۆتاییدا خراپتر دەبن. ئەم گۆرانە لە رێژەی کارکردیان لە کاتێکی زۆر ئاڵۆزدا رووەدات، لەو دەمەدا کە پێگەیان دەگۆردرێت، یان باشترە بڵێین لەو دەمەی تێدەگەن کە وەک کەسێکی گەورە چ پێگەیەک چاوەڕییان دەکات. لە کاتی هەرزەکارییە کە زەختی هاو گرووپییەکان بۆ «ژنانی» یان «پیاوانە» بوون زیاد دەکات و چەمکی «ژنانی» و «پیاوانە» بچووکتر دەبێتەوە.١٩ هەروەها لەم کاتەدایە کە مەیلی کەسی بۆ گونجاندنت هەیە.٢٠

یەکێک لە پێوەرەکانی کەلتوورمان کە کچان خۆیان لەگەڵی دەگونجێنن، ئەوەیە کە تەنیا پیاوانن کە دەبنە باشترین. ئەمە لە توێژینەوەکانی لیپینسکی بە ناوی «پێکدادانی رۆڵ-رەگەز و ئەنگیزەی دەسکەوت لە ژنانی زانکۆ» کە دەریخست کە ئەو وێنانەی، پیاوان وەک ناوەندی کەسایەتییەکان وێنا دەکەن، بە شێوازێکی بەرچاو زیاتر وێنەی دەسکەوتیان دەردەخست تاکوو وێنەی ژنان.٢١ تەنیا پێویستە تاقیکردنەوەکەی «ئەش» وەبیرمان بێنینەوە کە چۆن زەختی هاوگرووپییەکان کە تەنیا بیری سەختی ئێمە لەسەر «ژنانی» و «پیاوانە» بوون، دەتوانێت کارکردی کچان کەم بکاتەوە. ئەش بۆی دەرکەوت کە نزیکەی لە سەدا ٣٣ی کەسەکان بە پێچەوانەی ئەو شتە بیر بکەنەوە کە هەستیان لەسەر شتێکی زۆر هەستپێکراو وەک بەراوردی درێژیی دوو هێڵ پێیان دەڵێت، لە کاتێکدا کە بڕیاریان لەگەڵ ئەندامانی دیکەی گرووپەکە جیاواز بوو.٢٢ ئەو بەشەی دیکەی لە سەدا ٦٧ تووشی ترۆما بوونەوە کاتێک هەوڵیان دەدا لەسەر بیرۆکەی دروستی خۆیان بمێنن. کاتێک دەچینە سەر بابەتێکی هەست پێ نەکراو، وەک هەڵسوکەوتی رەگەز، رۆڵ

و سزای کۆمەڵگە کە زۆر گەورەترە لە نارەزایی هێندێک داروودەستەی نەناسراو لە تاقیکردنەوەیەکدا، بیرۆکەیەکمان بۆ دەخوڵقێت لەسەر رێژەی هەناسەبڕ بوونی چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگە. جێی سەرسوورمان نییە کە پێوەرە کەلتوورییەکانمان وا دەکەن کچێک زۆر زیرەک دەرنەچێت یان لە شتێکدا پێش کوڕ نەکەوێت، یا ئەو زەختانەی کە لەسەر هەرزەکارەکان زۆر زاڵە، وا بکات کچان پێیان وابێت گەشەی هزرییان تەنیا ئاکامی نەرێنیی هەیە. ئەو کورت بوونەی قەدری خۆ گرتنە و بە خراپ زانینی رەگەزی خۆ کە لە لایەن سمیت٢٣ و گۆڵدبێرگ٢٤ تێبینی کرابوو، دەرهاویشتەیەکی مەنتیقییە. ئەم پاڵەپەستۆیانە کاردانەوەی تەنانەت لەسەر IQ هەیە کە دەگوترێت ناگۆردرێت. هاوئاهەنگ لەگەڵ حەز بە قبووڵ کران لە کۆمەڵگەدا، لە ئامادەیی IQ کچان دێتە خوار IQ کوران و گەر بچن بۆ زانکۆ هەندێک نمرەی IQیان دێتەوە سەر و گەر بۆ درێژخایەن ببن بە ژنی ماڵ ئەو نمرەیە دەچێتەوە پرۆسەیەک کە بە نەرمی و بەردەوام روو لە کەم بوونەوە دەکات.٢٥

ئەمانە تەنیا دەرهاویشتە نین. بیرۆکەی نەرێنی لەسەر خۆ دەبێتە هۆی کاردانەوەی نەرێنی و بە شێوازێک کە بەس دەتوانین پێی بڵێین پێشبینییەک کە لەبەر چاوەڕوانییەکان، دێتە دی. ئەوان ئەنگیزەکانیان دەخنکێنن و وزەیان دەخەنە ئەو ئاراستەیە کە ئەگەری زۆرترە لە لایەن کۆمەڵگەوە بە باشی پاداشت وەرگرن. دواتر ئەوانەی ئامانجی ئەم زەختانەن لۆمە دەکرێن کە بۆچی هەوڵیان نەداوە بگەن بە بەرزترین ئاستی پاداشت کە کۆمەڵگە پێشکەشی دەکات.

باشترین نموونە بۆ ئەم بەسەرانەوە دووانەیە هەر ئەوەیە کە دەروونناسەکان پێی دەڵێن «پێویستی بە دەسکەوت». لەسەر ئەنگیزەی دەسکەوت لە قوتابییانی پیاوی ساڵی دووی زانکۆ، بە تێر و تەسەلی لێکۆڵینەوە کراوە. لە ژناندا زۆر بە دەگمەن چاوی لێ کراوە؛ ژنان لەو مۆدێلەی زانایانی کۆمەڵناس بۆ لێکدانەوەی دەسکەوت لە ناو پیاوان دایاننابوو نەگونجان. لە تاقیکردنەوەی دەسکەوتدا کچان وەک کوران ئەو پەیوەندییەی نێوان نمرە و دەسکەوت ناخەنە روو. بۆ نموونە ستیڤەر دەریخست کە ئەو کچانەی «بۆ زانکۆ ئەنگیزەیان نەبوو» لە بەراورد لەگەڵ ئەوانەی «ئەنگیزەی باشیان هەبوو بۆ زانکۆ»، لە تاقیکردنەوەی ئەنگیزە بۆ دەسکەوت نمرەیان بەرزتر بوو.٢٦ لەسەر هۆکاری ئەمەیش زۆر بە کەمی لێکۆڵینەوە کراوە. سیاسەتی گشتیی توێژەرەکان ئەمە بوو کە گەر کچان نەگونجان لێیان گەرێن. هەر چەندە کە هەندێک تیۆری پێشنیار کران.

پێیرس، وای دانا کە بەشێک لەو شێواوییە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە بۆ کچان هەر ئەو پێوەرانە بەکار هێنران کە بۆ دەسکەوتی کوران لە قوتابخانە بەکار دەهاتن. بۆیە ئەو، توێژینەوەیەکی لە سەر ژیانی هاوسەرگیری لە بەرانبەر ژیانی کاری لە ناو قوتابییانی کچی ئامادەیی ئەنجام دا کە تا رادەیەکی کەم پەیوەندییەکی بەردەوامی لە نێوان نمرەی زۆر لە ئەنگیزەی دەسکەوت و ئاراستەی ژیانی هاوسەرگیری دەرخست.٢٧ لە ساڵی ١٩٦١ توێژینەوەیەکی دیکەی ئەنجام دا کە پەیوەندییەکی زۆر بەهێزی لە نێوان نمرەی بەرز لە دەسکەوت و دەسکەوتی راستەقینە لە ژیانی هاوسەرگیری کە یەک ساڵ دوای دەرچوون لە ئامادەیی پێکهاتبوو نیشاندا. ئەوانەی چوون بۆ زانکۆ و/یان ژیانی هاوسەرگیرییان پێکهێنا نمرەیان لە خوارتر بوو.٢٨

هەرچەند کە بە داخەوە روونکردنەوەی لەسەر سەرچاوەی کلاسەکە و تایبەتمەندییەکانی دیکەی توێژینەوەکەی نەدا بەڵام ئاشکرایە کە واقیعی حاڵ وا نییە کە ژنان ئەنگیزەی دەسکەوتیان نەبێت، بەڵکوو ئەو ئەنگیزەیەی لە ژناندا هەیە، لەگەڵ هی پیاوان جیاوازە. لە راستیدا ئاراستەی دەسکەوتی هەر دوو رەگەز بۆ ئەو شتانەیە کە کۆمەڵگە دەستنیشانیان دەکات - بۆ کوران دەسکەوتی خوێندن و بۆ کچان دەسکەوتی ژیانی هاوبەشی. پیێرس ئاماژەی کرد کە «ئەنگیزەی دەسکەوت لە کچان خۆی بە کارکردی ئەکادیمی نابەستێتەوە بەڵکوو زیاتر پەیوەستە بە دەسکەوتی خێرا بە پێگەی کەسێکی گەورە. ئەم بیرۆکەیە مەنتیقییە کە لە ژناندا دەسکەوتی ئەکادیمی لە پێگەی دەسکەوت گرنگیی کەمترە تاکو لە پیاواندا.»٢٩

هەروەها دەڵێت کە «کچان وادەزانن بۆ ئەوەی بگەن بە ژیانی ژنێکی پێگەیشتوو، پێویستە رێگەیەکی نائەکادیمی بگرنەبەر، سەرنجی کۆمەڵگە بەدەست بهێنن، جوانیی کەسی و جلوبەرگیان هەبێت، پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی پەسەندکراویان هەبێت و لەگەڵ پیاوێکی گونجاو ژیانی هاوسەرگیری پێک بێنن. ئەمەیە ژنێکی سەرکەوتووی پێگەیشتوو ... ئەنگیزەکانی دەسکەوتیان ئاراستە کراون بەرەو دانانی ئامانجی تایبەتیان بە پەیوەندیگرتن لەگەڵ پیاوان ... ئەو کچانەی رەوتی ئاساییی گەشە کردنیان گرتۆتە بەر، زۆرتر لە رێگەی پێکهێنانی ژیانی هاوسەرگیری لە تەمەنی خوارەوەدا پێگەیەکی گەورەساڵی بەدەست بهێنن.»٣٠

دەسکەوت بۆ ژنان پێگەیەکی گەورانەیە لە ناو ژیانی هاوبەشدا نەک سەرکەوتن بە مانای وشەکە. کەسێک لەوانەیە وا بڵێت کە هەر دوو جۆرە سەرکەتنەکە دەشێن، بە تایبەت بۆ ئەو خانمانەی زۆر ئاراستەی ژیانیان لەسەر دەسکەوتە. بەڵام لە راستیدا ئەو دووە زۆر جار وەکوو دوو شتی ناکۆک دەردەکەون، سەرکەوتن لە یەکێکیان دەبێتە سەرنەکەوتن لەوی دیکە.

هۆرنێر لە زانکۆی میشیگان توێژینەوەیەکی ئەنجامدا کە دەریخست بەربەستێکی دەروونی لە ژناندا پێش بە گەیشتن بە دەسکەوت دەگرێت. ئەو تاقیکردنەوەی TATی ئەنجام دا بۆ قوتابیانی بەکالۆریۆس لەسەر چەند وشەیەک کە دەڵێت «دوای ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی کۆتاییی تیرمی یەکەم، ئانا بوو بە یەکەم لە ئاستی کلاسەکەی لە زانکۆی پزیشکی.» TATی هاوشێوەیش درا بە گرووپێکی پیاوانە بە ناوێکی پیاوانەوە. دەرەنجامەکە وێنای ترس لە دەسکەوت هەڵدەسەنگێنێت و هۆرنێر بۆی دەرکەوت کە ٦٥٪ی ژنان و تەنیا ١٠٪ پیاوان بە ئاشکرا «ئەنگیزەی دووریگرتن لە سەرکەوتن»یان تێدا بوو. ئەو ئەنجامەکان وا لێکدەداتەوە کە چاوەڕوانیی سەرکەوتن یان بارودۆخێک کە سەرکەوتن یان شکست ئەگەری روودانیان هەبێت، وا پێدەچێت و هەر لە راستیشدا بۆ ژنان دەرهاویشتەی نەرێنیی دەبێت. سەرکەوتن بە مانای ئاسایییەکەی بۆ ژنان مەترسیدارە. توێژینەوەی زیاتر سەلماندی کە ترس لە پەسەند نەبوون لە لایەن کۆمەڵگە و ناکۆکیی رۆڵەکان بۆتە هۆکاری سەرهەڵدانی «ئەنگیزەی دووریگرتن کە سەرکەوتن.»٣١

جیاوازیی توانا، پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە لەگەڵ جیاوازیی حەز٣٢ و ژنان زۆر حەزیان لە دووریگرتنە لە سەرکەوتن کە لەبەر زەختی هاورەگەزەکانیان و کەلتوور ئەوە زەقتر دەبێت. هەرچەندە زۆرێک لە جیاوازییە رەگەزییەکان لە تەمەنێکی خوارەوەدا سەرهەڵدەدەن و

زەختــی هاوەڕەگەزەکانیــان کاریگەریــی وای لەســەریان نییــە و پەیوەندیــی بە ڕۆڵــە ڕەگەزییەکانەوە نییــە. یەکێک لەم جیاوازییە ڕەگەزییانە توانای تێگەیشــتنی کەلێنییــە، یان توانای پێــش چاو هێنانی شــتەکان لە دەرەوەی چوارچێوەیەک کە تێیدان. لەم تاقیکردنەوەیەدا کوڕان باشترن بەڵام جیاوازییەکەی تا تەمەنی چەند ساڵی یەکەمی قوتابخانــە دەرناکەوێت.٣٣ باقیی تاقیکردنەوەکانیــش ئــەوە دەردەخەن کە کوڕان شیکاری (شــیکارانە) بیردەکەنەوە، لــە کاتێکدا کچان بە شــێوازی ناوەڕۆکی (ناوەڕۆکانــە). ئــەم توانایەی «پەیوەســت نەبــوون بــە مەیدان» تا ســاڵی چوارەم و پێنجەم دەرناکەوێت.٣٤

بــە پێــی بۆچوونــی مەککۆبــی ئەم شــێوازی وەرگرتنــە ناوەڕۆکییە کە لە ناو ژناندا باوە، بە زەرەری بەرهەمی زانستییە. «بە شــێوازێکی ناونجی، کچان ڕێگایەکی جیاواز بۆخۆیان دادەنێن بۆ وەرگرتنی ئەو زانیارییانەی پێیان دەگات — بیرکردنەوەیان زۆر شــیکارییانە نییە و زیاتر گشتاندنە و پارێزکارانەیە — ئەم شــێوازە بیرکردنەوەیە ڕەنگــە بۆ زۆرێک لە کارەکان ســوودمەند بێت بەڵام ئەو بیرکردنەوەیە نییە کە ببێتە ئاســتێکی بەرزی بەرهەمهێنانی زیرەکانە، بە تایبەت لە زانستدا.»٣٥

چەندین کۆمەڵناس وایان لێکداوەتەوە کە ســەرەکیترین تایبەتمەندیی گەشەی بیرکردنەوەی شیکاریانە، هەر ئەوەیە کە پێی دەگوترێت «ڕاهێنانی ســەربەخۆ و لێهاتوو» یــان «چەندە زوو منداڵێــک هان دەدرێت دەستپێشخەر بێت و بەرپرسیارێتیی خۆی هەڵبگرێت و کێشــەکانی خۆی چارەسەر بــکات، تاکوو ئــەوەی کە بۆ ئاراســتەی چالاکییەکانی پشــت بە کەســانی دیکە ببەســتێت.»٣٦ بە گوتەیەکــی دیکە، ئەو منداڵانەی بە شــێوازێکی شیکارییانە هان دەدرێن هەر دەبنە ئەوانەی کە بڕۆنفێنبرێنێر دەڵێــت کــە «زیاد لە حــەد جقاکی»٣٧ نەبــوون و بەڵگەی ناڕاســتەوخۆ هەیە کە ئەم وتەیە ڕاســتە. لێڤی تێبینیی کردووە کە ئــەو کوڕانەی «زیاد لە حەد پارێزراون» ئاســتی زیرەکییان وەک کچان دەبێت.٣٨ بینــگ دەریخســت کە ئــەو کچانەی لە کارە فەزا و شــوێنییەکاندا (مکان) باشن، دایکیان لێیان گەڕاون خۆیان کێشەکانیان چارەســەر کەن، لە کاتێکدا ئەو دایکانەی کچەکانیان مەیلیان لە دوان و زمانەوانییە، هەوڵیــان داوە لــە چارەســەرکردنی کێشــەکانیان یارمەتییــان بــدەن.٣٩ بە هەمــان شــێوە، ویتکین دەریخســت کە دایکی منداڵە لێکۆڵــەرەکان هانیان داون دەستپێشــخەر بن لە کاتێکدا دایکی ئەو منداڵانــەی لێکۆڵەریان نەدەکرد، هانییان دەدان پێبەند بن و دووریان دەخســتنەوە لە خاوەنبیر بوون.٤٠ نووســەرێک لەسەر ئەم توێژینەوانە تێبینیی نووسی کە «ئەمە دوور لە چاوەڕوانی نییە، چونکە منداڵێکی ســەربەخۆ ئەگەری کەمە شــتێکی هەروا قەبووڵ کات بە بێ ئەوەی لێکۆڵینەوەی لێ بکات، لە کاتێکدا منداڵێکی پشتبەســتوو، دەترسێت خۆی بەدواداچوون بکات و بەبێ پرســیار کردن شــتەکان قەبووڵ دەکات. بە گوتەیەکی دیکە، منداڵە ســەربەخۆکە نەتەنیا چالاکبوونی جەستەیی و دەروونیی زۆرە و بــە جەســتە چالاکــە، بەڵکوو بە شێوازێکی سروشــتی ئەزموونی جووڵەییی زۆرتــرە و پەیوەندیی زیاتر لەگەڵ ژینگەی خۆی دەبەستێت.»٤١

ئــەو تایبەتمەندییانەی پەیوەســتن بە ڕاهێنانــی ســەربەخۆییەوە، کاردانەوەیان لەسەر IQ هەیە. سۆنتاگ توێژینەوەیەکی درێژەڕۆیــی کرد کە ئــەو منداڵانەی IQ یــان لەگەڵ ســەرکەوتنی تەمەنیان باش ببوو، لەگەڵ ئەوانــە بەراوەرد کرد کە IQ

یان لەگەڵ سەرکەوتنی تەمەنیان هاتبووە خوارەوە و بۆی دەرکەوت کە ئەو منداڵەی IQی سەر دەکەوت، ئامادەی پێشبڕکێ بوو، خاوەن بیری خۆیەتی، سەربەخۆیە و لە پێکداچوون لەگەڵ منداڵانی دیکە زاڵە. ئەو منداڵانەی IQیان دەهاتە خوار سست، شەرمن و پشتبەستوو بوون.۴۲

مەککۆبی لەسەر ئەم توێژینەوەیە تێبینی نووسیوە کە «ئەو تایبەتمەندییانەی پەیوەندییان بە زۆربوونی IQوە هەیە، زۆر ژنانی نین . کاتێک کە لە یەکێک لەوانە پرسیار کرا کە چ جۆرە مێژوویەکی گەشەیی دەبێتە هۆی ئەوەی کچێک زیرەک بێت، وڵامی دایەوە: سادەترین ڕێگە بۆ گوتنی ئەمەیە کە ئەو کچە دەبێ لە منداڵیدا هەندێک کوڕانی بێت.»۴۳

بە هەمان شێوە، کاگەن و مۆس گوتوویانە کە «ژنانێک کە لەو بابەتانەی پێویستییان بە بەهرەی لێکۆڵینەوە و بیرکردنەوەی ئاڵۆز هەیە کارکردیان باشە، ئەو پێناسە مێیینەییە نەریتیانە ڕەد دەکەنەوە.»۴۴ هەروەها بۆیان دەرکەوت کە لەو منداڵانەی لە توێژینەوەی فێل بەشدار بوون، «پارێزگاری لە کچان لە منداڵی و گەورەییدا، پەیوەست بوو بە هەڵبژاردنی حەز و زەوقی ژنانی. پارێزگاریی دایکانە هەم کچان و هەم کوڕانی ژنانی دەکرد.»۴۵ هەرچەندە بەهرەی شێکارییانە تەنیا بەهرەیەک نییە کە لە کۆمەڵگەدا بەهای پێ دەدرێت. لەگەڵ ئەوەشدا کە بیرۆکەی ناوەڕۆکی و لە ئاراستەی کەسەکانیش بەهرەی بە بەهان بۆ زۆرێک لە بابەتەکان، ژنان لەو بابەتانەیش کەم دەبینرێن. ئەو تایبەتمەندییانە لە هونەر و هەندێک زانستی کۆمەڵناسی گرنگن. هەرچەندە ژنان لەم بابەتانە سەرکەوتووترن، تاکوو لە زانست، هێشتا دەسکەوتیان بەرابەر نییە لەگەڵ هی پیاوان. یەک ڕوونکردنەوە ئەوەیە کە هۆرنێر باسی «ئەنگیزەی دووری گرتن لە سەرکەوتن»ی کردووە، بەڵام گەر زۆرتر توێژینەوەی لەسەر بکەین، دەبینین کە هۆکارەکەی بۆ کاتێکی زووتر دەگەڕێتەوە.

هەر ئەو ڕاهێنانی لێهاتوویی و سەربەخۆییە کە کاردانەوەی باشی لەسەر بیرکردنەوەی لێکۆڵەرانە هەیە، ئاستی مەیلی ئەو کەسە بۆ دەسکەوت دیاری دەکات.۴۶

هەرچەندە توێژینەوەی تێروتەسەل بۆ بەراوەرد کردنی هەڵسوکەوتی دایک و باوکان لەگەڵ کچان و کوڕان نییە، ئەوانەی کە ئەنجام دراون دەریدەخەن کە ئەو نەریتانەی بەسەر کچاندا سەپێندراون، زۆر جیاوازن لەگەڵ ئەوانەی بەسەر کوڕاندا سەپێندراون. کچان سۆزی زیاتر، پارێزگاریی زۆرتر، کۆنترۆڵی زۆرتر و بەستنەوەی زیاتر وەردەگرن. کوڕان زیاتر بەر داواکاری بۆ دەسکەوت و چاوەڕوانیی زیاتر دەکەون.۴۷ بە کورتی، لە کاتێکدا کچان هەمووکات لە خۆیانەوە هان نادرێن کە پشتبەستوو بن، بە هەمان شێوەیش هان نادرێن کە سەربەخۆ و بە جەستە چالاک بن. «ئەم زانیارییانە دەریدەخەن کە هەڵسوکەوتی جیاواز لەگەڵ دوو ڕەگەزەکە تا ڕادەیەک لە جیاوازیی ئامانجەوە سەرچاوە دەگرێت. بۆ کوڕان جڤاکی بوون وەک ئامانجێکی سەرەکییە بۆ دروست کردن و بنیاتنانی کاریگەریی کوڕان لە ژینگەدا. ئامانجی سەرەکی بۆ کچان پاراستنیانە لە کاردانەوەی ژینگە. کوڕ ئامادە دەکرێت دنیا لە شێوەی خۆی بکات و کچ بۆ ئەوەی شێوەی دنیا بگرێت.»۴۸ بڕۆنفێنبرێنێر دەڵێت ئەم شێوەیە لە کچاندا نموونەییە ومەترسیی «زیاد لە حەد جڤاکی بوون» لە خۆ دەگرێت.

ئەو لەسەر کاردانەوە نەرێنییەکانی ئەم «زیاد لە حەد جڤاکی بوونە» لە سەر کچان ڕوونکردنەوە نادات، بەڵام نیگەرانیی

خۆی دەردەبڕێت بۆ ئەوەی کە چ بەسەر «کوالیتیی سەبەخۆیی، دەسپێشخەر بوون و خۆ بژێوی»ی کوڕان دێت ئەگەر ئاوا ڕاهێنانێک بەوان بکرابایە. «لە کاتێکدا کە چوارچێوەیەکی سۆزەکی بۆ جڤاکی بوونی کوڕان گرنگە، دەبێت لەگەڵ تەربیەتی دایک و باوکی بگونجێت، بە پێچەوانەوە کورەکە خۆی لە هەمان دۆخی ئەو کچەدا دەبینێت کە لەبەر ئەوەی سۆزێکی زۆرتری وەرگرتووە، بە نیسبەت وەرنەگرتنی سۆز هەستیارترە، و لە ئاکامدا هێندێک تەربیەت، نەتیجەی زۆرترە و ئەمر کردن بە جێگەی ئەوەی دروستکەر بێت دەبەستێتەوە.»٤٩

توێژینەوەکانی شاکتێر لەسەر منداڵانی یەکەم و ئەوانەی دواتر لەدایک دەبن، پشتگیریی ئەمە دەکات کە دەرهاویشتەی جیاوازی لە جڤاکی بوون، جیاوازی لە کەسایەتییە. منداڵانی یەکەمی خانەوادە وەکوو کچان جڤاکیترن بەڵام شڵەژاوتر و پشتبەستووترن، لە کاتێکدا منداڵانی دووەم وەک کوڕان متمانەیان بە خۆیان زیاترە و توندوتیژترن.٥٠

برۆنفێنبرێنێر وا هەڵیدێنجێت کە گۆڕاوی چارەنووسساز جیاوازیی هەڵسوکەوتی باوکە و «لە ڕاستیدا، ئەمە باوکە کە لەوانەیە لەگەڵ دوو ڕەگەزەکە جیاواز هەڵسوکەوت بکات.» ئەوپەڕی سۆز دەربڕینی باوک یان ئەمر کردنی، هەر دووی هەر زیانبەخشە. زیاد نەرم بوون و پارێزگاری کردن لە کچان دەبێتە هۆی «زیاد لە حەد جڤاکی بوون»، بەڵام بوونی وزەیەکی بەهێزی باوکانە بە تایبەت لاوازی دەکات. بە کورتی، کوڕان لە چوارچێوەیەکی باوک ساڵارانەدا دەگەشێنەوە و کچان لە چوارچێوەیەکی دایک ساڵارانەدا.»٥١

تێبینیەکانی لە لایەن دووڤان پشتگیریی لێ کرا کە گوتوویەتی «کاری نیوە وەختی دایکان لەسەر منداڵانی هەرزەکار کاریگەریی ئەرێنیی هەیە، بە تایبەت منداڵانی کچ. ئەمە وا دەریدەخات کە هەرزەکاران ڕەنگی دایکایەتی زۆر لە حەد وەرگرن.»٥٢

گرنگیی دایک و دایکایەتی کردن لە لایەن کاگەن و مۆس تێبینی کرا. بە چاو لێ کردن لەو باشترین نموونەیەی دایکان دەیخەنە بەردەستی کچەکانیان کە خەریکی گەشە کردنن، بۆیان دەرکەوت کە ئەو ژنانەی بە ناژنانی سەیر دەکرێن، کچەکانیان بە شێوازێکی زیرەکانە دەسکەوتیان هەیە. ئەم دایکانە «توندوتیژن و ئامادەی پێشبڕکێ کردنن و بەرانبەر کچەکانیان ڕەخنەگرن و خۆیان لای کچەکانیان وەک پێشبڕکێکارێکی زیرەک و مۆدێلە نموونەیییەکی توندوتیژ نیشان داوە. مەنتیقییە کە وا دابنێین کە کچەکان خۆیان هاوتای ئەم ژنانە دیوە و بەهایان بە هەڵسوکەوتی لێهاتوو داوە.»٥٣

وا پێدەچێت کە ڕەگەزەکان بە شێوازی جیاواز، بە پەروەردەیەکی جیاواز و بۆ ئامانجی جیاواز و بە ئاکامی جیاواز، جڤاکی کراون. ئەگەر بۆچوونی مەککلیلەند لەسەر تەواوی ئەو پەیوەندییانەی لە نێوان شێوەکانی پەروەردەکردنی منداڵ(بە تایبەت لەبواری سەربەخۆیی و لێهاتوویی)، نمرەی ئەنگیزەی گەشەکردنی ئەو تاکانەی لە تاقیکردنەوەکەدا بوون، سەرکەوتنی ڕاستەقینەی تاکەکان و لەڕاستیدا گەشە کردنی ئابووریی کۆمەڵگەکان دەیاندۆزێتەوە، ڕاست بێت،٥٤ ئیتر پرسیارێک لەسەر ئەوە نامێنێتەوە کە بۆچی دەسکەوتی مێژوویی ژنان ئەوەندە کەمن. لە ڕاستیدا، ئەو پەروەردەی پشتبەستوو بوونەی لە سەرەتای ژیانیان وەریدەگرن ئەو پرسیارە دروست دەکات کە چۆن ئەو هێندە دەسکەوتەشیان هەبووە.

بەڵام ئەمە هەمووی چیرۆکەکە نییە.

مەککۆبی لە باسێک لەسەر پەیوەندیی پەروەردەی سەربەخۆبوون لەگەڵ توانای شیکاریدا دەڵێت کە ئەو کچەی تەسلیمی زیاد لە حەد پارێزراوی نابێت و کەسایەتی و ڕەوشتێکی گونجاوی ڕەگەزەکەی دروست دەکات، بەهایەکی زۆر دەبێ بدات: بەهای شڵەژاو بوون. یان وەک ئەو ڕەخنەگرانەی دیکە گوتوویانە: «دنیای هەڵسوکەوتی شیاوی پیاو و ژن لە سەرەتای گەشەکردنیان دروست دەبێت و بۆ منداڵ ئەستەمە ئەم سنوورە کەلتوورییانەی بەسەریدا سەپاوە بە بێ کێشە و ململانێ ببەزێنێت.»٥٥

کەمێک لە دڵەڕاوکێ بۆ بیرکردنەوەی داهێنەرانە باشە، بەڵام دڵەڕاوکێی زۆر یان بەردەوام زەرەر دەگەیێنێت، «چونکە هەوڵی چارەسەر کردن کەم دەکات، دەستپێوەردان لە وەرگرتنی پشوو دەکات و وەرگرتنی پێکهاتەکانی بیرکردنەوە ڕادەگرێت.»٥٦ ئەم جۆرە لە دڵەڕاوکێ بە تایبەت لە ژنانێکدا کە دەچنە زانکۆ هەیە٥٧ و بە دڵنیاییەوە ئەوان لە نێوان چالاکیە ڕۆشنبیرانەکانی ئێستایان و چاوەڕوانیی هەڵسوکەوتکردنیان لە پیشەی ڕۆشنبیرانەیان لە داهاتوودا، هەست بە زیاترین گرژی دەکەن.

مەککۆبی هەست دەکات «ئەم دڵەڕاوکێیەیە کە دەبێتە هۆی نەبوونی بەرهەم لە ناو ئەو ژنانەی کە پیشەی زیرەکانەیان هەیە.» تێکەڵاوی زەختی کۆمەڵگە، چاوەڕوانیی ڕۆڵگێری و پەروەردەی دایباوان دەکاتە «چیرۆکێکی ترسناک کە تەنانەت لەو کاتەی کە ڕۆشنبیر بوون و میزاجێکی باشیان هەیە و خوویان گرتووە بە بەکار هێنانی ئەم بەشە لە ڕۆشنبیرییەوە، خۆی دەردەخات و دەبێت زۆر بەهێز بێت بۆ ئەوەی دڵخۆش و سەلامەت بمێنێتەوە و بەردەوام بێت لە ڕۆشنبیر بوون.»٥٨

هۆکاری ئەم چیرۆکە ترسناکە دەبێ ئێستا ئاشکرا بێت. بە پێی نەریتەکان، ژنان وەک بوونەوەرێکی سست لە سێکس و بە جەستە و بە دەروون پێناسە کراون. ڕۆڵ گێڕانیان بە ڕۆڵی سست و پشتبەستوو و یارمەتیدەر سنووردار کراوە و لەو کاتەی لەدایک دەبن پەروەردە دەکرێن لەم ڕۆڵانەدا بگونجێن. هەرچەندە ئەو تایبەتمەندییانەی کەسێک پێی سەرکەوتوو دەبێت لە کۆمەڵگەدا، تایبەتمەندیگەلێکی چالاکن. حەز بە دەسکەوت کردن، ڕۆشنبیری و توانای شیکاری بە ڕێژەیەکی زۆر پێویستن.

تا ئەو کاتەی ژنان لەو قەناعەتەدا بوون کە ئەم تایبەتمەندییانە سەرووی توانای ئەوان بووە و ئەوان بن دەستن و تا ئەو کاتەی بە مانەوە لەو پێگەیەدا دڵخۆش بوون، بە بێدەنگی لەژێر کاریگەریی سیستەمی باوکسالارانەی شارستانیەتی ڕۆژئاوا مانەوە. باوکسالاری سیستەمیکی ژیانی پێش پشەسازی بوو و قورساییەکەی لەگەڵ شۆرشی پیشەسازی تا ڕادەیەک کەم بووەوە.٥٩ بەم شل بوونەوەی پلەی کۆمەڵایەتییە، بەهرەی ژنان دەرکەوت.

لە سەدەی ١٨ بڕوا وا بوو کە هیچ ژنێک جگە لە سافۆ، تا ئەو کاتە لە ویژەدا بەرهەمێکی گرنگی نەبووە. بەڵام لە نیوەی یەکەمی سەدەی ١٩ژنانی نووسەری زیرەک بە لێشاو هاتنە گۆرەپانی ویژەوە.٦٠ تا کۆتاییی سەدەی ١٩ ژنانی زانستیی دیار دەرنەکەوتن و دواتریش ژنانی فەیلەسوف سەریانهەڵدا.

تەنیا دوای ئەوەی شۆرشی پیشەسازی پلەی کۆمەڵایەتیی شڵەژاند، ژنان توانییان هەندێک لە نەریتەکانی کۆمەڵگە بشکێنن. لە کۆمەڵگەی پێش شۆرشی پیشەسازیدا بنەماڵە یەکەی بنەماییی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان بوو و ژنان ڕۆڵێکی گرنگیان تێدا دەدیت. بەرز بوونی ڕێژەی مردن و لەدایک بوون لەو کاتەدا

لەگەڵ ئەم بابەتە دەرفەتێکی باشی بە ژنان دا کـــە کاری خۆیان لە ناو ماڵدا بکەن کە ناوەندی بەرهەمهێنـــان بوو و ژنان توانیان هاوکات لە ماڵ و لە هەموو دنیا دەرکەون. بەڵام شۆڕشی پیشەســـازی لەگەڵ هاتنە خوارەوەی ڕێژەی مردنی منداڵانی ســـاوا، زۆرتـــر بوونی هیـــوای ژیان و گـــۆڕان لە ڕیکخراوە ئابوورییـــەکان، بنەماڵەیان وەک یەکەیەکی ئابووری تێکشکاند. پێشکەوتنی تەکنەلـــۆژی، ژنی لە مـــاڵ هێنا دەرەوە و ئـــەو کارانەی پێشـــتر بـــە ژنانـــی دادەنرا جێگرەوەی بۆ هـــات.٦١ بۆ یەکەم جار لە مێـــژووی مرۆڤ، ژنان خۆیـــان بە تەواوی تەرخـــان کرد بۆ ئەوەی بە پێی پێویســـت دایکایەتی بکەن.٦٢ چەمکی کۆمەڵگەیش گۆڕدرا. سەردەمێک پلەبەندیی باڵادەستی نۆرم بوو و باوکســـالاری دەرهاویشـــتەی تیرۆانینـــی باڵادەســـتیی کۆمەڵایەتـــی بوو. لە کاتێکـــدا ئەســـتەمە توێژینەوە لە کۆمەڵگەی فیئۆدالیســـتی بکرێت، دەزانین کە ڕێژیمی دیکتاتۆری وەک تایبەتمەندی، پەیوەندیی بەهێـــزی هەیە لەگەڵ چەمکە توندەکانی ڕۆڵی سێکسی و لەگەڵ ڕێژیمی نەژادگەرادا.٦٣ لە زانیارییە نەژادزانییەکاندا بۆمان دەرکەوتـــووە کە «هاوتەرییبییەک لە نێوان پەیوەندیـــی بنەماڵەیی و پلەبەندییە گەورەترەکانـــی کۆمەڵگەدا هەیە. کۆمەڵگە ئۆتۆکراتیکەکان، بنەماڵـــەی ئۆتۆکراتییان هەیـــە، چونکـــە پاشـــا حوکمڕانـــی بـــە ژێردەســـتەکانی دەکات و خانەدانەکانیش ملکەچیـــی دەکـــەن و ژێردەســـتەکانیان دەچەوســـێننەوە و پیاوەکانیـــش خۆیـــان بەسەر ژنەکانیاندا زاڵ دەکەن و باوکەکان بەسەر کوڕەکانیاندا.»٦٤

بە پێی گوتـــەی داندرەید، «گۆڕاوێکی دیکە کە کاریگەریی لەســـەر دابەشکردنی دەســـەڵات هەیـــە و دوو ڕەگەزەکـــە جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە پیاوان چەند زیاتر لە ژنان کۆنترۆڵیان بەســـەر ملکەوە هەیە.»٦٥ ئەو، زانیاریی خستەڕوو کە لە نێوان ڕێژەی باوکانە بوونی بەشـــی زگماکی، سەرکەوتن و ڕوو لـــە کەم بوونی ئەندامێتی لەگەڵ بن دەست بوونی ژناندا، پەیوەندیی ڕاستەوخۆی دەردەخست.

تەنانەت ئێستایش یەکسانیی ڕەگەزەکان لە ناو بنەماڵەدا دەرهاویشـــتەی یەکسانیی ئابووریی هاوســـەرەکانە. لە نموونەیەک لە دیترۆیـــت، بلۆد و وۆڵف دەریانخســـت کە گـــەر ژن کار نەکات دەســـەڵاتی ڕێژەییی کەمە و بـــە پێی ڕێژەی هاوکاریی ئابووری بـــۆ بنەماڵە ســـەردەکەوێت.٦٦ کار کردنی ژنان بە یەکسانکردنی سەرچاوەکانی ژن و مێرد، کاریگەریی هەیە لەســـەر پێکهاتەی دەســـەڵاتی خێزان. مێردی ژنێک کە کار دەکات باشـــتر گوێی بـــۆ دەگرێت و خۆی ژنەکەیش باشـــتر گوێ بۆ خۆی دەگرێت. ئەو باشـــتر خـــۆی دەردەبڕێت و بیرۆکەی زیاتری هەیە. بـــە جێگەی ئەوەی کە چاو لە مێردەکەی بکات و ئەو ســـتایش بکات، خۆی دەهێنێتە ئاستی ئەو و ڕێگەچارە بۆ کێشەکان دەبینێتەوە. بۆیە دەسەڵاتی زۆرتر دەبێت و ئەگەر ڕێژەیی هەڵیســـەنگێنین، دەسەڵاتی مێردەکە کەم دەبێتەوە.٦٧

گوودیش ئەم ئۆلگووەی تێبینی کردبوو بەڵام دەیگوت کە ئەو ڕێژەیە بە پێچەوانەی ئاســـتی پلەی کۆمەڵایەتـــی دەگۆڕێت.٦٨ هیـــڵ ئەووندە هاتە پێش کـــە بڵێت «پارە ســـەرچاوەی دەســـەڵاتە کە باڵادەســـتیی پیـــاوان لە ناو خێزان دەپارێزن ... پارە هی ئەو پیاوەیە کـــە پەیدای دەکات نەک هی ئەو ژنەی کە خەرجی دەکات، چونکە ئەو پیاوە دەتوانێت ئەو سەرچاوەیە ببڕێت.»٦٩ هاڵێنبێک پێی وایە کە زیاتر لە سەرچاوەی دارایی لەم بابەتە کاریگەریی هەیە، بەڵام وا دەڵێت کە لە هەر بنەماڵەیەکدا باڵانســـێک لە دەســـەڵات هەیە کە کاریگەری لەسەر

«هەمــوو ڕەهەندەکانــی دیکــەی ژیانی هاوسەرگیری – کەرتی کار، ڕێژەی سازان لەگەڵ هاوســەر، شــێوازی چارەســەری کێشــەکان و هتد دادەنێت.» ٧٠ بلۆد پێی وایە دۆخــی ئابــووری، کاریگەریی هەیە لەسەر هەموو پێکهاتەکانی خێزان.

«کچــی ئــەو دایکانــەی کار دەکەن ســەربەخۆترن، زیاتر پشــت بــە خۆیان ئەبەســتن، توندوتیژترن، زاڵترن و کەمتر گــوێ دەگــرن. ئــەو کچانە چــی دیکە لاواز، ئــارام، گوێگر و ژنانی نین وەک ئەو «خاتوونە وردیلانەی» کە دەبێ ببن. ئەوان زبر و قایمن و بە چالاکی بیرۆکەی خۆیان دەردەبــڕن و هیچ شــتێک لە هیچ کەس قەبووڵ ناکەن ... چونکــە دایکیان نموونە بــوون بۆیــان و کچەکانیشــیان بوێریان دەست کەوتووە کە خۆیان پارە پەیدا کەن. ئەو کچانە زۆرتر کاری نیوە وەخت دەکەن دوای قوتابخانە و لە پشووی هاویناندا.» ٧١

بــەری، بەیکن و چایڵد شــیکارییەکی نەژاد-مێژوونووســییان کرد کە بینینێکی زیاتر دەدات لەســەر سەرچاوەی زاڵبوونی پیــاو. دوای توێژینــەوە لــە ڕاپۆرتــە نەژادنووسییەکانی ١١٠ کەلتوور بەو ئاکامە گەیشــتن کە ئــەو جیاوازییــە ڕەگەزییە گەورەیە و باڵادەســتیی پیاو، لە ئێســتادا هەیــە و لە «ئابوورییەکــدا ڕوو ئەدات کە تیشکێکی زۆر دەخاتە سەر هێزی باڵادەست و گەشــەکردنی باشتری شارەزاییی جووڵە کە پێویســتی بە هێزە و تایبەتمەندییەکی پیاوانەیە.» ٧٢ ئەو کۆمەڵگەیانەی کە هێزی جەستەییی زۆر و جووڵە بۆ زیندوو مانەوە پێویســتە، ڕەگەزی بەهێزتر و بەجووڵەتر زاڵ دەبێت. ئەم بیرۆکەیە، بە توێژینەوەی سپیرۆ لەســەر ڕۆڵی ڕەگەزی لەناو کێڵگە هەرەوەزییەکان لە ئیسراییل پشتگیریی لێ کرا. لەوێ ئابووری بە شــێوەیەکی بەرچاو مێکانیزە نەکرابوو و هێزی باڵادەستی پیاو لە زۆرینەی کارەکاندا پێویســت بوو. بۆیە لەگەڵ ئەو هەوڵە هۆشــیارانەیەی ئەدرا بۆ شکاندنی نەریتی ڕۆڵە ڕەگەزییەکان، ژنان بۆ ئەو کارانە دادەنران کە کەمتر سەختییان تێدا بوو. ٧٣

هەرچەنــدە هەندێــک کار هــەن کە ئەکرێ بڵێین هەمــوو کۆمەڵگەیەک تەنیا بە پیاوان یان ژنانی دەســپێرن، بەشێکی زۆری پیشــەکان بۆ هەر دوو ڕەگەز دەبن. لەڕاســتیدا تەنانــەت لــە کۆمەڵگــە زۆر سەرەتاییەکانیش هەموو کارەکان هەم بە پیاو دەکرێن و هــەم بە ژن. بە ڕێژەیەکی یەکســان لە گرنگی، ڕەنگە ئەو کارەی لە کۆمەڵگەیــەک پیاوانەیە، لە کۆمەڵگەیەکی دیکە ژنانە بێــت. ٧٤ هەرچەندە، هۆکاری کەرت کردنــی کار بەســەر ڕەگەزەکاندا ســنووردار بوونــی توانا جەســتەییەکان نییە، ئــەوەی لە کۆمەڵگەیــەک بە کاری ژنانی بزانرێــت، زۆر بە دەگمەن لە لایەن پیاوانەوە دەکرێت و بە پێچەوانەشــەوە. وا پێدەچێت ئەوەی لەبەر زەرووڕەتی زیندوو مانەوە کارەکانی دابەش کرد بە زۆر بابەتی دیکەیش ڕێگەی پەیــا کردووە و بەرگەی گرتــووە؛ تەنانەت تا دوای ئــەو کاتەیش بەهــای کۆمەڵگەیــی نەماوەتــەوە. لــەو جێگەیەدا هێز و جووڵە پێویســت بووە بۆ زیندوو مانەوە، باڵادەســتی و زاڵبوونی پیاو لە هەمووی زەقترە. باڵادەســتیی پیاو هاتە ناو پێکهاتە بەهاییەکان و هەروا مایەوە.

بۆیە لەگەڵ کۆتاییهاتن بە پێویســتی بە هێزی پیوان، باڵادەستییان کۆتاییی پێ نەهات. هەروا کە گوود ئاماژەی پێ کردووە، یەک فاکتەر بەردەوام کاریگەریی لەســەر دابەشکردنی کارەکان بەسەر ڕەگەزەکاندا، تەنانــەت لە کۆمەڵگە سەردەمییەکانیشــدا هەبــووە: «هــەر چەنــدە کارە پیاوانەکان زەحمەتتر بن زیاتر شانازییان پێوە دەکرێت ... کاری کۆنتــڕۆڵ کــردن، بەڕێوەبردن،

بڕیاردان لە لایەن خوداکانەوە پەسەند بووە. بە کورتی، ئەو کارە پلە بەرزترانەی پێویستی بە هێز و خێرایی یان دوور بوونەوە لە ماڵ هەبێت، پیاوانەن.٧٥

هەروەها دەڵێت «ئەم فاکتەرە وا دەکات دابەشکردنی کار بەسەر ڕەگەز لە ناو بنەماڵە و کۆمەڵگەدا بە شێوەیەکی مەترسیدار نزیک بێت لە بەربەستە تیرە و نەژادییەکان لە هێندێک لە وڵاتە مۆدێرنەکاندا. واتە نەژاد، تیرە یان ڕەگەزی ژێردەست وا دەناسرێن کە ناتوانن هەندێک کاری پایەدار و بەرز بکەن و ئەگەریش ئەو کارانە بکەن بە نەشیاو دەزانرێت. ئەگەر ژنان بەڕاستی توانای ئەنجامی کارە پیاوانەکانیان نییە، پێویستیش ناکات بە ڕێگریی ئەخلاقییەوە پێشیان پێ بگیرێت.»٧٦

سەرچاوەی ڕۆڵە ڕەگەزییەکان پێویستیی ئابوورییە بەڵام ئەو بەهایەی پێوەی ماوە بووەتە بەشێک لە خودی ڕەگەزەکە. تەنانەت لە کەلتوورە جیاوازەکانیشدا ئەم ڕۆڵانە و شێوازی تێڕوانین بۆ ئەوانە جێگیرە. بەری، بەیکن و چایڵد، بۆیان دەرکەوت کە «زەخت لەسەر تەربیەت، گوێگر بوون و بەرپرسیار بوون، زیاتر لەسەر کچانە لەکاتێکدا زەختی سەرکەوتن و پشت بە خۆ بەستن لەسەر کوڕانە.»٧٧ ئەم جڤاکی بوونە لە کۆنەوە لە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکاندا هەبووە. هەروا کە توێژینەوەی بەری، بەیکن و چایڵد پیشان دەدات، ئەم جڤاکی بوونە منداڵان ئامادە دەکات کە لە گەورەساڵیدا ژن لە ماڵ بمێنێتەوە و پیاو بچێتە دەرەوەی ماڵ و سەرکەوتوو بێت. هەر چەندە کۆمەڵگە زیاتر توانای جەستە زەق بکاتەوە، جیاوازیی ڕۆڵی ڕەگەزی و ڕەگەزەکان لە جڤاکی بووندا زیاتر دەبێت.

ڕەنگە ئەم جیاوازییانەی ڕۆڵی ڕەگەزی، سەردەمێک لە خزمەت کارێکی سروشتیدا بووبێتن، بەڵام لەوەی کە هێشتا پێویست بن گومان هەیە. ئەو تایبەتمەندییانەی ئێستا لە ژن و پیاو دەبینرێن، ئاکامی ئەو جڤاکی بوونەیە کە بۆ زیندوو مانەوەی کۆمەڵگەیەکی سەرەتایی پەرەی سەندووە. پێکهاتەی بەهای باڵادەست بوونی پیاو، ئاکامی بەها و ئاراستە سەرەتاییەکانە. بەڵام لەو سەردەمەوە تا ئێستا، دۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری زۆر گۆڕاوە. تەکنەلۆژی گرنگیی هێزی ماسولکەی هێناوەتە ئاستێکی نزیک بە سفر. لە ڕاستیدا ئەو تێڕوانینە شەڕەنگێزەی کە هێزی جەستە و زاڵ بوون دەکاتە نموونەیی، وێرانکەرە. بنەماڵەی گەورەیش بەهای نەماوە، ئێستا ئێمە نیگەرانی زیادبوونی بێ وێنەی ژمارەی دانیشتووانین و پێمان باشترە کۆمەڵگە گرینگی بە باش بوونی منداڵان بدات نەک زۆر بوونیان. دەرەنجامی ئەم هەموو گۆڕانە ئەوەیە کە ڕۆڵی ڕەگەزی و بنەمای نەریتیی خێزان کارکردی لەدەست داوە.

ئۆلگووی بارهێنانی منداڵیش تا ڕادەیەک گۆڕاوە. برۆنفێنبرێنێر دەڵێت کە لانیکەم دایباوکانی چینی ناوەندی «پەیوەندییەکی پەسەندتر و یەکسانخوازانەتریان لەگەڵ منداڵەکانیان» دروست کردووە.٧٨ لەگەڵ ڕوو لە زۆرتر بوونی پێگەی کۆمەڵایەتیی خێزان، ئۆلگووی هەڵسوکەوتی دایباوکان شێوەیان لەیەک نزیک دەبێتەوە.٧٩ ئەو هەروەها تێبینیی کرد کە دیاردەیەک لەلای دایباوکانی چینە خوارەکان دروست بووە و هەڵسوکەوتی یەکسانی، بە نەرمی ڕێگەی خۆی بەرەو چینە خوارەوەکان ئەگرێتە بەر.

ئەم گۆڕانانە لە ئۆلگووی بارهێنانی منداڵان پەیوەندی لەگەڵ گۆڕانی پەیوەندییە ناو خێزانییەکان هەیە. هەر دوو بەرەو شێوازی ژیانی کەمتر پلەبەندی کراو و زۆرتر یەکسانخواز بوون دەڕۆن. هەروا کە بلۆد گوتی: «لە ئێستادا ڕەنگە لە

لێواری قۆناغێکی نــوێ لە مێژووی خێزانی ئەمریکی بین، کاتێک کە خێزانی دەســتە بــرا و دەســتە خوشــک ســەرهەڵدەدات. تایبەتمەندیــی جیاوازکــەری ئــەم خێزانە ئەوەیە کە هەم ژن و هەم مێرد کار دەکەن ... کار کردنــی ژنان، ئەوان لە چەوســانەوە بــە دەســت مێردەکانیانــەوە دەپارێزێت و کچەکانیان لە بندەست بوون دێنێتە ئاستی براکانیــان ... کاتێک کە هەر دوو ڕەگەز لە گەورەساڵیدا و لە بازاڕی کاردا یەک ڕۆڵ دەبینن، جیاوازیی کلاســیکی نێوان ژنانی و پیاوانە بــوون کاڵ دەبێتەوە ... ڕۆڵی پیاوان و ژنان هەم لە تەمەنــی خوارەوە و هەم لە تەمەنی سەرەوە لە یەک نزیک دەبێتەوە. لە ئاکامیدا خێزان لە ناوەوە ئەوەندە جیاوازکراو نابێــت، کەمتر لەســەر بنەمــای تەمەن و جیاوازیی ڕەگەزی چینبەندی دەکرێت. لەو هاوجێ بوونە خێزانییەدا، زاڵبوونی پیاوانە و خزمەتکاریی ژنانە جێگەی خۆی دەدات بە هاوجێبوونی نوێ.» ٨٠

هەمــوو ئــەم زانیاریانــە دەریدەخەن کــە ئاقــارەکان لە یــەک کاتــدا لە یەک نزیــک دەبنــەوە. بنەمــای بەهاکانمان لە دیکتاتۆرییەوە بەرەو دیمۆکراســی دەڕوات، هەر چەندە پێکهاتەی کۆمەڵگەمان هێشــتا نەگەیشــتووەتە ئــەو ئاســتە. هەڵوێســتی کۆمەڵایەتی لــە ناو خێزانەوە دەســت پێ دەکات؛ تەنیــا خێزانــە دیمۆکراتیکــەکان دەتوانــن منداڵانێــک پێبگەیێنــن کە لە کۆمەڵگەیەکی دیمۆکراتیکدا ببن بە هاووڵاتی. ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانیش کە ژنانیان لە ماڵ ڕادەگرت، هەر بەو شــێوەیە گــۆڕاون. چیدیکە ماڵ ناوەنــدی کۆمەڵگە نەمــاوە. ئەو کارکردنــە بنچینەییانەی ژن و پیــاو لە ماڵدا، چیدیکە پێویســت نین و هیچ هۆکارێک نەمــاوە بۆ ئەوەی جیاوازیی ڕۆڵی ڕەگــەزی بمێنێتەوە. ئەو بەهایەی کە بە هێزی جەستە دەدرا و دەبوو بە هۆکاری زاڵبوونــی پیاو و ئەو دۆخەی باڵادەســتیی پیاوان کە دەرهاویشتەی ئەمە بوو، چیدیکە کارکردی نەماوە. ئەوە مێشــک و جەستەیە کە ئێســتا دەبێت باوبێت و مێشــکی ژنان یەکسان بێت لەگەڵ مێشکی پیاوان. «دەنکە دەرمان» (مەبەســت دەرمانی ڕێگری کردن لــە منداڵبوونە. وەرگێڕ) ژنــی لە دوودڵیی منداڵبــوون و پەیوەســت بوون بــە پیاو بۆ پشــتگیریی ئابــووری ڕزگار کــرد. بــەڵام هەڵوێستمان بەرانبەر بە ژن و خێزان هاوکات لەگــەڵ پێشــکەوتەکانی دیکــە نەگۆڕاوە. «دواکەوتنێکــی کەلتــووری» لەئارادایــە. پێناســەی خێزان، چەمکی ژن و بیرۆکەی کارکردی کۆمەڵایەتی لەو ســەردەمە بەجێ ماوە کە بۆ مانەوەی کۆمەڵگە پێویست بوون و لەو کاتەوە تا ســەردەمێک کە لەبار نییە بەردەوام ماوە. دەرەنجامەکەی تەنیا ئەوپەڕی ناکارکردی بوونی ڕۆڵی ژنانە.

حەســانەوە لەم ناکارکردییە پێویســتی بــە گــۆڕان لــە ڕێکخــراوە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی ناو کۆمەڵگە و ئەو تیۆرانینەیە کە ڕێگە بە ژن بدات بە تەواوی و یەکســان لەگەڵ پیاوان لە پلەبەندیی کۆمەڵگەدا ڕۆڵ ببینن. لەگەڵ ئەمەیشدا پێویستە خێزانیش بگۆڕێت تاکوو هەم ژن و پیاو یەکســان بن و هــەم بتوانن لە کەشــێکی دیمۆکراتیکدا منــداڵ گەورە بکــەن. ئــەم گۆڕانکارییانە بە ئاســانی ناکرێــن و لە ڕێگــەی گۆڕانی سادەی ئاقارەکانی کۆمەڵگەوە بەدی نایەن. ئاقــارەکان هەموویــان بە یەک ئاراســتە و بە یــەک خێرایی ناڕۆن. بــەو ڕادەیەی کە ئەگەر گۆڕانەکان لەگەڵ یەکتر ناکارکرد بن، کێشە ســاز دەکات و پێویستە ئەم کێشانە نەک بە پشــتگوێ خستن بەڵکوو بە مرۆڤی هۆشیار چارەسەر بکرێن. تەنیا لەم ڕێگەیەوە دەتوانین لــە داهاتوو و ژیانماندا قســەمان هەبێت بۆ گوتن.

# فێمینیزمی سۆسیالیستی: ستراتیژییەک بۆ بزووتنەوەی ژنان*

لە لایەن «هاید پارک چاپتێر»، «یەکیەتیی ڕزگاریی ژنانی شیکاگۆ»
«هیزر بووز»، «دەی کریمێر»، «سوزان دەیڤید»، « دێب دۆبین»، «ڕۆبین کوفمەن»، «تۆبی کلاس»
و: ڕەزا فەتحوڵڵانژاد

## پێشەکی

ئەم وتارە بەمەبەستی دەربڕینی ئایدیاکانی پەیوەندیدار بە ستراتێژیی نوێ بۆ بزووتنەوەی ژنان و هاوبەشکردنی ئەو ئایدیایانە لەگەڵ ژنانی دیکە نووسراوە. لە ئێستادا دوو جەمسەری ئایدیۆلۆژیک لە ئارادان کە نوێنەرایەتیی مەیلە زاڵەکانی نێو بزووتنەوەکە دەکەن. یەکێکیان ئاراستەیەکە بەرەو شێوەی ژیانێکی نوێ لە نێو کولتوورێکی ژنانەدا کە پێداگرە لەسەر ئازادیی تاکەکەسی و گەشەکردن و پەیوەندیی ژنان لەگەڵ ژناندا. بەپێی پێویستیمان بە دابڕان لە ڕێوشوێنە کۆنەکان ـ لە باری کۆمەڵایەتی، سایکۆلۆژیایی و ئابوورییەوە ـ و هەروەها بەپێی ئەو پێویستییەی بۆ کۆمەڵگای پاش شۆڕش هەیە، ئێمە لەم مەیلە تێدەگەین، پشتیوانیی لێ دەکەین و پێی دڵخۆشین. لە هەمان کاتدا، ئەگەر پێداگریمان تەنیا لەسەر ئەمە بێت، ئەوا دەبینین کە زیاتر بەرەو جۆرێک خۆپارێزیی بێ فورم دەچین تا وەزعییەتێک کە تێیدا دەتوانین بۆ ژیانی خودی خۆمان شەڕ بکەین و بەسەریدا سەرکەوین.

ئاراستەکەی دیکە ئەوەیە کە پێداگری لەسەر شیکاریی پێکهاتەیی کۆمەڵگاکەمان و بنەما ئابوورییەکانی دەکات. ئەم ئاراستەیە تەرکیز لەسەر ڕێگەگەلێک دەکاتەوە کە تێیاندا پەیوەندیی بەرهەمهێنەرانە سەرکوتمان دەکات. ئەم شیکارییەش دروستە، بەڵام ستراتێژییەکەی، ئەگەر بەتەنێ حەسێبی بۆ بکرێت، بە ئاسانی دەتوانێ بە جۆرێک هەستیاری لە بەرانبەر ژیانی گشتیی ژناندا لەدەست بدات.

وەکوو فێمێنیستە سۆسیالیستەکان، ئێمە هەم شیکاریی تاکەکەسی و هەم شیکاریی پێکهاتەییمان قەبووڵە. ئێمە تیکەڵاوێک لە هەردووکیان بە پێویست دەزانین ئەگەر بمانهەوێ ببینە بزووتنەوەیەکی خۆڕاگر. لەو باوەڕەداین کە گرینگە خۆمان وەکوو فێمێنیستی سۆسیالیستی پێناسە بکەین و بە شێوەیەکی خودئاگایانە دەست بکەین بە ڕێکخستنی خۆمان لەسەر بنەمای ئەم ستراتێژییە. ئێمە ئێستا گەیشتووینەتە خاڵێکی ژینەکی لە مێژووماندا.

لە لایەکی ترەوە، بەهێزبوونی بزووتنەوەکەمان دیارە: بووەتە هێزێکی گرینگی ئەم سەردەمە و لە دابینکردنی خزمەتگوزاری و پشتیوانی بۆ پێویستییە هەرەهەنووکەیییەکانی بەشێک لە ژنان سەرکەوتوو بووە. هەزاران ژن خۆیان وەکوو بەشێک لە بزووتنەوەکە دەبینن، پێناسەیەکی ڕوون و ناڕوونی «خودئاگاییی ژنان» بە شێوەیەکی بەرین جێی خۆی لە نێو گرووپە ڕەپەکان، خۆپیشاندانەکان، پرۆژە کردارییەکان، چالاکییە دژە دامەزراوەیییەکان و لەنێو میدیا گشتییەکاندا کردووەتەوە. ژنانی نێو بزووتنەوەکە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر لە سەرکوتی گشتی و پێویستیی ڕووکردنە چارەسەری پێکەوەیی تێدەگەن. بە سەرنجدان بەوەی کە ئەوەی وەکوو کێشە تاکەکەسییەکان بینیمان لە ڕاستیدا کێشەی کۆمەڵایەتی بوون، ئێمە گەیشتووینە ئەو تێگەیشتنە کە چارەسەرەکان پێویستە کۆمەڵایەتی بن. بە سەرنجدان بەوەی کە ژنان کۆنترۆڵیان بەسەر ژیانیانەوە نییە، گەیشتووینەتە سەر ئەو باوەڕە کە تەنیا کاتێک کۆنترۆڵمان دەبێت کە پێکەوە بجووڵێینەوە. باوەڕمان بە پێویستییە تایبەتییەکانی گرووپی جۆراوجۆری ژنان و هەروەها ئەوە کە گرووپی جیاوازی ژنان ڕێگەی جیاوازیان بۆ خەباتکردن لە پێناو بەدەستهێنانی کۆنترۆڵی ژیانی خۆیان هەیە، هێناوە.

هەر لەو کاتەدا، بزووتنەوەی ژنان لە ئێستادا دابەش بووە. لە زۆربەی شوێنەکاندا، دابەش بوون بەسەر گرووپی چووکە چووکە کە ئەمەش دۆزینەوەیان، پەیوەستبوون پێیان و تێگەیشتن لێیان لە باری سیاسییەوە دژوار کردووە. هاوکات، کارخولقێنە کۆنەپارێز بەڵام

لە باری دامەزراوەییەوە زیرەکەکان خەریکن خۆیان بە بزووتنەوەکە هەڵدەواسن و خەریکن سیاسەتی ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵک دیاری دەکەن. ئەگـەر بمانـەوێ بزووتنەوەکەمان زینـدوو بمێنێت، با لـەوە بگەڕێین بمانەوێ گەشـە بکات، ئێسـتا کاتیەتی کە دەسـت بە ڕێکخسـتن لـە پێناو بەدەسـتەوەگرتنی دەسـەڵات بکەین. ئێمە پێویستە خودئاگایی بگۆڕین بە کردەوە، دیاری بکەین کە چیمان بۆ خەباتەکەمان پێ باشترە و سەربکەوین. بۆ ئەم مەبەستە، پێویستمان بە ستراتێژییەکە.

سـتراتێژیی بزووتنەوەکەمـان دەبێ لە تێگەیشتنی دینامیکەکانی دەسەڵاتەوە گەشە بکات بـۆ تێگەیشـتن لەوەی کـە ئەوانەی کـە دەسـەڵاتیان هەیـە بەرژەوەندییەکی ڕاستەقینەیان لە پاراستنی ئەو بەرژەوەندییە و هەروەها ئـەو دامەزراوانەیدا کە دەیپارێزن، هەیـە. ئەگەر بمانهـەوێ ئازادیی ژنان بگاتە ئامانجەکانی، پێویستە تەرکیزی هەوڵەکەمان لەسـەر کۆنترۆڵی بەزۆری ئـەو دامەزراوانە بێت کـە هەنووکـە سـەرکوتمان دەکەن. بەمەبەسـتی ڕاکێشـانی سـەرنجی زۆربەی ژنان، پێویستە پێویستییە ڕاستەقینەکانیان و بەرژەوەندییەکانیان ڕەچاو بکرێن.

لـەم کاتەدا، ئێمـە لـەو بڕوایەداین کە گرینگـە بـۆ سـتراتێژییەک ئارگۆمێنـت بهێنرێتەوە کە بەم سێ شتە بگات: ١) دەبێ ببێتە خاوەنی ئەو ڕیفۆرمەی کە بە شـێوەی ئۆبژەکتیڤانـە ژیانـی ژنان باشـتر بکات، ٢) پێویستە هەستی دەسەڵاتی خود ببەخشێتە ژنان، جا هەم بە شـێوەی هێزەکی و هەم لە ڕووی ڕاسـتەقینەیدا، ٣) پێویستە پەیوەندیی هەنووکەییـی دەسـەڵات بگۆڕدرێـت. ئێمە لێـرە خەریکیـن ئارگۆمێنت بـۆ دامەزراوە فێمێنیستە سۆسیالیسـتییەکان دەهێنینەوە. ئێمـە لێـرە ئارگۆمێنت بـۆ دامەزراوەیەکی تایبـەت ناهێنینـەوە، بەڵکوو بۆ گەشـەی سـەرکەوتووانەی دامـەزراوەکان ئارگۆمێنت دەهێنینـەوە بە جۆرێک کە ڕەنگە بتوانین لە ئەزموونەکانمان فێـر بین و هێزی هێزەکیی بزووتنەوەکەمان وەگەڕ بخەین.

ئـەم لاپەڕانە لە پێناو ئـەم ئارگۆمێنتەدا نووسراون. وەک لە خوارەوە دێت واژۆ کراوە:

**١** فێمێنیسـمی سۆسیالیسـت ـ چەمکەکە و ئەوەی لە هەر نەریتێکی سـەرچاوەوە لێی دەردەهاوژرێت.

**٢** هێز ـ بنەمای هێز لەم کۆمەڵگایەدا و هێزی هێزەکیمان وەک ژنان بۆ بەدەسـتەوەگرتنی دەسـەڵات. نموونەیەکـی بەکارهێنەرانـەی ستراتێژییەکەمان.

**٣** خودئاگایـی ـ گرینگیـی خودئاگایی بۆ گەشـەی بزووتنەوەی ژنان، بەربەسـتەکانی و جێگەوپێگەی لە ئایدۆلۆژیی فێمێنیسـتی سۆسیالیستیدا.

**٤** ئەو پرس و کێشە هەنووکەییانەی ڕووبەڕووی بزووتنەوەکەمـان بوونەتـەوە ـ هەبوونـی تێڕوانینێکی فێمێنیسـت سۆسیالیسـتی بۆ وڵامدانـەوە پێیـان و پەرەپێدانی دەقێک بۆ بەرنامە و نیگەرانییەکان.

**٥** دامـەزراوە ـ گرینگیـی دامەزرانـی دامـەزراوەکان بۆ بزووتنەوەی ئازادیی ژنان و هێندێک بۆچوون لەمەڕ فۆرمی دامەزراوەیی.

ئەم ئایدیایەی کـە خەریکین دەیخەینە ڕوو، ڕەنگـە بیروبۆچوونی زۆرێـک لە ژنانی بزووتنەوەکـەش بێـت، بەڵام تا ئێسـتا ئەم ئایدیایانە لە ئاستێکی نەتەوەییدا دەرنەبڕاون و نەناسراون. ئێمە بەشێکی لەبەر ئەوەی ڕێکخراو نین چونکـە نەرمیمـان نوانـدووە بەرانبەر لێڕوانینـی جیـاواز کـە ئایدیۆلۆژییەکەمان بانگەشـەی بـۆ دەکات و ئەمـەش بووەتـە هۆی دژوارییـی هێنانەئارای ئایدیۆلۆژیی نوێ یـان گرتنی هەڵوێسـتێکی دژ. پتر لەمەش، هێندێک هۆکاری تایبەتی لە بزووتنەوەکەمان بە دژی هەر جـۆرە دامەزراوەیەکە. ترس لە بژاردەخـوازی، پێداگری لەسـەر جێگرەوە و هێزە تاکەکەسیەکان، ترس لە شکستخواردن،

باوەڕنەبوون بە ئەگەری براوەبوون و تەنانەت ترس لە بردنەوە، هەموویان لەم دوودڵییەماندا ڕۆڵیان گێڕاوە.

ئێمە ئێستا ڕووی ئەم نووسینە لەو ژنانە دەکەین کە لە ئایدیای فێمێنیستی سۆسیالیستیدا لەگەڵمان هاوڕان، جا ئەو ژنانە بن کە لە بزووتنەوەکەدا کار دەکەن، ئەو ژنانەی کە هیچکات چالاک نەبوون، ئەو ژنانەی کە لە بزووتنەوەکە وەدەرنراون یان ئەو ژنانەی لە دامەزراوە ئاوێتەکاندا کار دەکەن. هیوادارین کە ئەمە بتوانێ زمانێکی هاوبەش دابین بکات کە بە هۆیەوە ئێمە بتوانین دەست بە وتووێژ بکەین، هەلومەرجێک کە تێیدا دەتوانین تێیدا کۆ بینەوە و بەرنامەڕێژی بۆ چۆنییەتیی جووڵاندنمان بکەین.

## ١ ـ فێمێنیزمی سۆسیالیستی

ئێمە بەو قەناعەتە گەیشتین کە شوناسی خۆمان بە هۆی میرات و داهاتووی فێمێنیزم و سۆسیالیزمەوە لە خەباتمان بۆ شۆڕش پێناسە بکەین. لە فێمێنیزمەوە فێری پڕیی هێزی هێزەکی خۆمان وەکوو ژنان و هێزی ژنان بووین. ئێمە بەرژەوەندیی هاوبەشی خۆمان لەگەڵ ژنانی دیکە و سەرکوتی هاوبەشمان بینیوە. بە تێگەیشتن لەم پەیوەندییە ڕاستەقینەیە وەکوو ژنان، ئێمە تێدەگەین کە دەتوانین لە خەباتمان بۆ ئازادی پشت بە یەکتر ببەستین. فێمێنیزم بووەتە هۆی ئەوەی بە شێوەیەکی ڕاستەوراست ببینین کە ئەو خەڵکەی کە بارۆدۆخی کۆمەڵگا شکڵیان پێ دەدا، بارۆدۆخگەلێک کە لە کۆنترۆڵی خۆیاندا نییە، دەبن بە چی. ئێمە خۆشەویستی و ڕقی خۆمان بە تەرکیزکراوی لەسەر فێمێنیزمەکەمان دەدۆزینەوە، خۆشەویستی بۆ ژنانێک کە بە هۆی بارودۆخی هاوبەشەوە پێکەوە بەستراونەتەوە، ڕق لەو سەرکوتەی کە پێکمان دەبەستێتەوە. هێزێکی مەزن کە ئێمە لە فێمێنیزمدا دەیدۆزینەوە، پێداگریکردنی دووبارەیە لەسەر بەها مرۆییەکان و ئیدەئالەکانی خۆشکایەتی: بەدەم خەڵکەوە بوون و هەستیاربوون بەرانبەر پێویستییەکان و هێزە هێزەکییە لەحاڵی پەرەسەندنەکانی خەڵک.

ئێمە بە هۆی فێمێنیزمەوە لە سیستەمی بەدامەزراوەییکراوی سەرکوت لەسەر بنەمای زاڵبوونی پیاوان بەسەر ژنان، واتە سێکسیزم، تێگەیشتووین. دژبەرییەکانی لەسەر بنەمای ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە دەمارگرژانەیەیە کە بە هۆی ئەم زاڵبوونەوە هاتوونەتە کایەوە. ئاستی ئەم دوژمنکارییە دەکرێ بە هۆی کولتوور و نەرمیهەڵگربوونی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانەوە دابەزێت، بە جۆرێک کە لە هێندێک شوێن و زەمەندا وا پێدەچێت بووبێتە پەیوەندییەکی سەقامگیر. بەڵام دژبەریگەرایی ناسڕێتەوە و تا ئەو کاتەی سیستەمی زاڵبوون نەمێنێت، هەر سەرهەڵدەداتەوە.

بەڵام ئێمە چەمکێکی تایبەتی فێمێنیزممان هەیە کە سۆسیالیستییە. ئەوە هەمانە کە تەرکیز دەکاتە سەر ئەوەی چۆن دەسەڵات، ژنانی لەبەر پێگەی چینایەتییان پەراوێز خستووە. ئێمە سەرمایەداری بە فۆرمێکی بەدامەزراوەییکراوی سەرکوت لەسەر بنەمای قازانج بۆ ئەو خاوەندارانەی کە بە شێوەی گشتی بۆ داهاتیان کار دەکەن، دەبینین. سەرمایەداری دەبێتە هۆی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی توندوتیژانە لە نێو چینەکاندا. ئەو چینانەش پەیوەندییەکیان هەیە کە کاریگەریی کولتوورەکە و دامەزراوەکانی لەسەرە. هەر بۆیە، لە نێوان و لە نێو چینەکاندا یەکیەتی و دابەشکاری خۆدەنوێنێت کە هێندێک جار دەبێتە هۆی ناڕوونبوونی ئاستی دژبەرییەکان و هێندێک جار دەبێتە هۆی ڕوونبوونەوەی زیاتری. بەڵام سروشتی بنەمایی توندوتیژانەی پەیوەندییە چینایەتییەکان، هەمیشە ئامادە دەبێت، مەگەر

وای لێ بێت کە ئیدی کەمینەیەکمان نەبێت کە خاوەنی سەرچاوەکانی بەرهەمهێنان بن و بە هۆی کارکردنی کرێکاری مووچەدار یان بێمووچەوە، دەوڵەمەند بن.

ئێمە بیرۆکەیەکی سۆسیالیستیی جیهانێکی مرۆییمان هەیە کە بە هۆی دابەشکردنەوەی داهات و کۆتاییهێنان بە جیاکاری لە نێوان چینی دەسەڵاتدار و ئەوانەی دەسەڵاتیان بەسەرەوە دەکرێت، دەلوێ.

بەو ئاکامە گەیشتووین کە ئێمە تەنیا لە ڕێگەی وڵامێکی پێکەوەیی ڕێکخراووەوە دژی وەها سیستەمێک خەبات بکەین.

هەر بۆیە، خۆشکایەتی مانای تێکۆشان بۆ دەسەڵاتێکی ڕاستەقینە بەسەر ژیانی خۆمانەوە و ژیانی خوشکەکانمانەوەی هەیە. پەیوەندیی تاکەکەسیی خۆمان و خەباتی سیاسیمان پێکەوە ئاوێتە دەکەین و هەستی فێمێنیزمی ئێمە بەرهەم دەهێنن. لە ڕێگەی چەمکی خۆشکایەتییەوە، ژنان هەوڵیان داوە بەرانبەر بە پێویستییەکانی هەموو ژنان و نەک ژمارەیەکی کەم خۆیان بە بەرپرسیار بزانن و هەروەها پشتیوانی لە ژنانی تر بکەن، ڕەخنەیان لێ بگرن و هانیان بدەن نەک ئەوەی ڕکەبەرایەتییان لەگەڵ بکەن.

## ڕوانینمان ـ فێمێنیزمی سۆسیالیستی دڵچەسپە و لە نێو سیستەمی هەبوودا ئەگەری نییە

ئەمە دواتر دێت ئەو شتانەن کە ئێمە لە سیستەمی نوێدا وێنایان دەکەین، وەکوو بەشێک لە ژیانی ڕۆژانە بۆ هەموو خەڵک:

- خزمەتگوزاریی دەرمانی بە خۆرایی، بە شێوەی مرۆیی و شایستە بە پێداگری لەسەر دەرمانی پێشگیرانە، لە ژێر خزمەتگوزاریی دامەزراوە جەماوەرییەکاندا.
- کونترۆڵی خەڵک لەسەر جەستەی خۆیانەوە ـ بۆ نموونە، دەستپێڕاگەیشتن بە کونترۆڵی منداڵبوون بە شێوەی سەلامەت و خۆرایی، لەباربردنی منداڵ، دەستڕاگەیشتن بە مادەی دژەهەوکردن، ئازادبوون لە خۆسەپاندن یان شەرمە کۆمەڵایەتییەکان
- ئیمکانی ژیان لە خانووی سەرنجڕاکێش و ئاسوودە کە بە ژیانی تایبەتی و هاوبەش دیزاین کرابێت
- خۆراکی جۆراوجۆر، موغەززی و زۆر.
- ڕێزگرتنی کۆمەڵایەتی لەو کارەی خەڵک دەیکەن، تێگەیشتن لەوەی کە هەموو پیشەکان دەکرێت لە باری کۆمەڵایەتییەوە پێویست و گرینگ بن.
- شووڕا دیموکراتیکەکان کە بە هۆیانەوە هەموو خەڵک ئەو بڕیارانە کونترۆڵ بکەن کە بە شێوەی ڕاستەوخۆ، کاریگەری لەسەر ژیانیان، کارەکەیان، ماڵەکەیان و کۆمەڵگاکەیان، دادەنێن.
- سەرچاوە زانستییەکان بە ئاراستەی باشتربوونی ژیانی هەمووان بەکار بهێنرێن نەک بە ئاراستەی داگیرکاری و دارمان لە ڕێگەی توندوتیژیی سەربازی و پۆلیسییەوە.
- بەرهەمی جۆراوجۆر بە کوالێتیی باڵا بە مەبەستی وڵامدانەوە بە پێویستییەکانمان و کۆتاییهێنان بە کاری ماڵ وەکوو کرێکاریی تایبەتی و بێمووچە.
- سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی پیشەکان لەگەڵ بارهێنانی بەجێ بۆ ئامادەکردنی خەڵک بۆ ئەو پیشانەی حەزیان لێیە، هەروەها گۆڕینەوەی پیشەکان بەمەبەستی وڵامدانەوە بە پێویستییەکانی چەرخی ژیانی چ ئەوانەی کاریان تێدا دەکەن و چ ئەوانەی وەرگری خزمەتگوزارییەکانن.
- ئازادییە سیاسی و مەدەنییەکان کە هاندەری بەشداریی هەموو خەڵک لە ژیانی سیاسیی وڵاتەکەدا بن.
- چەککردنی پۆلیس و وەدەستەوەگرتنی کونترۆڵی پۆلیس لە لایەن کۆمەڵگاوە.
- بەرپرسیارەتیی کۆمەڵایەتی لەهەمبەر

گەورەکردنی منداڵ و هەبوونی خزمەتگوزاریی ڕاگرتنی بیست و چوار کاتژمێریی خۆراییی منداڵ بە شێوەیەک کە مشتەریی کونترۆڵکەری هەبێت و لەسەر بنەمای وڵامدانەوە بە پێویستییەکانی ئەوانە بێت کە بەکاری دەهێنن و کاری تێدا دەکەن.

■ پەروەردەکردنی خۆرایی و گشتی و خاوەن کوالێتی کە لەگەڵ کار و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵک لە هەر تەمەنێکدا بگونجێت.

■ ئازادیی پێناسەکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ڕەگەزییەکان.

■ کولتوورێکی گشتی کە ڕێزگرتن لە خود و ڕێزگرتن لە کەسانی دیکە بەهێز دەکات نەک لاواز.

■ پشتیوانی لە گەشەی نێوخۆیی وڵاتان لەسەرانسەری جیهان و هەوڵدان بۆ ئەوەی بڕیاری چارەنووسی خۆیان بە دەست خۆیانەوە بێت.

ئێمە ئەم ڕوانگەیەمان بەمەبەستی ئەوە خستە ڕوو کە زیاتر ڕوون بێت کۆمەڵگایەکی فێمێنیستی سۆسیالیستی چییە یان هەوڵ بۆ چی دەدرێت. ئەم ڕوانگەیە بۆ کۆمەڵگا، دژایەتیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئەوەی ئێستا هەیە کە لەسەر بنەمای زاڵبوونی ژمارەیەکی کەم بەسەر زۆرێک لە خەڵک لە ڕێگەی جنس، نەژاد یان چیندا ڕۆ نراوە. لە کاتێکدا ئەمەی هەنووکە زاڵە، ڕەنگە پاشەکشەگەلێک بکات، بەڵام ناتوانێ بە هیچ جۆرێک لەگەڵ ئەم کۆمەڵگا خەڵکسەروەرەی کە لە سەرەوە وێنامان کرد، بگونجێت.

## دژبەرییەکان ـ جێگرەوەیەک پێویستە

فێمێنیزمی سۆسیالیستی نەتەنیا چێژبەخشە، بەڵکوو پێویستیشە چونکە سیستەمی کاپیتالیستی ئێستا سەقامگیر نییە و ناتوانێ لە شکڵی هەنووکەیدا بمێنێتەوە. سەرەڕای ئەمەش، ئەمە بەو مانایە نییە کە کۆمەڵگا دواجار هەر دەبێتە سۆسیالیستی. فۆرمێکی فاشیستی یان بەربەرییش دەتوانێ جێگرەوە بێت. ئەو سیستەمەی کە دەبێتە جێگرەوەی کاپیتالیسم، بە هۆی مەیل و دەسەڵاتی ئەو گرووپانەی خەباتی بۆ دەکەن، دیاری دەکرێت. هەر بۆیە، ئێمە پێویستە لە خەباتدا بین بەمەبەستی وەدیهاتنی ئەو ڕوانگەی فێمێنیزمی سۆسیالیستییە.

دژبەرییەکان ئەو دیاردانەن کە بۆ ڕاگرتنی سیستەمەکە پێویستن. بەڵام هەر بە لۆژیکی نێوخۆیی خۆیەوە هێزگەلێک بەرهەم دێنن کە دارمێنەری خودی سیستەمەکەیە. تێگەیشتن لێیان یارمەتیمان دەکات کە لە پشێویی دەوروبەرمان تێبگەین بەو مەرجەی دۆخێکی سەقامگیر هەبێت کە بە هۆیەوە لەو پرۆسە بە شێوەی مێژوویی لە حاڵی گۆڕانانەی تێیداداین، تێبگەین. وەها تێگەیشتنێک یارمەتیشمان دەکات کە خاڵە لاوازەکانی پرۆسەکە، خاڵە جێی داکۆکیکردنەکان و ئەوانەی بۆ هێرشکردنەسەر دەبن، دیاری بکەین. نموونەکانی ئەم جۆرە دژبەرییانە بە دەرەجەی جۆراوجۆر لە دەورووبەرماندان. سێکسیزم و کاپیتالیزم یەکتر بەهێزتر دەکەن، بە یەکتر شکڵ دەبەخشن و شکڵیان بە ئێمە بەخشیوە.

## دژبەرییەکانی نێو دەسەڵاتمان

هەر جۆرە شیکارییەکی دژبەرییەکانی دەسەڵات و کاریگەرییەکەیان لەسەر دامەزراوەکانی کۆمەڵگا، پێویستە ڕەچاوی دۆخی مێژوویی سەرکوتکردنمان بکات. سەرکوتکردنی ئێستای ئێمە لەگەڵ ئەوەی خوشکانمان لە سەرەتای سەدەدا تووشی بوون جیاوازە، ئەو خوشکانەمان کە هیچ جۆرە مافێکی یاساییان نەبوو، لە ماڵەوە بەسترابوونەوە و هەر لە سەرەتای باڵاکردنیانەوە تا مردنیان خەریکی منداڵبوون بوون. هەر بۆیە، ئەوەی لە سەردەمێکدا ئازادی دەهێنێت، ڕەنگە لە

سـەردەمێکی تردا ببێتە هۆکاری سەرکوت. بۆ نموونـە، خودی جنسـیيەتی ژنان لەبەر هەڵسـوکەوتی کۆمەڵایەتی حاشای لێ کرا، کونترۆڵی منداڵبوون وەکوو پێویسـت نەبوو، سـەرپەنای بنەماڵە نەبوو، ڕۆڵی تاکەکەسیی ژنان لە ئابووریدا حاشـای لێ کرا و هەروەها نەبوونی زانیاری لە بارەی جەستەی خۆیانەوە. پەرەسەندنی تەکنۆلۆژیای پێشکەوتووتر (حەب و مەکینـەکان) و پەروەردە بە شـێوەیەکی ئۆبژەکتیڤانـە ئازادیـی پتر بۆ خوشـکانمان دابین کرد. هەر لەو کاتەدا، ئەم پێشکەوتنانە ئەگەری فۆرمی نوێی سـەرکوتکردنی ژنانی هێنایەئاراوە و پەرەی بە بەکەرەسـتەبینینی ژنان و توندوتیژیی دژی ژنان دا.

لە بیاڤی ژنان و کاردا، ئەو یاسایانەی کە ژنانی دەپاراست ،قازانجی زۆری بۆ سووککردنی قورسـاییی سەرشـانیان هەبوو. سـەرەڕای ئەمەش، هەنووکە لە ژێر ناوی سـووککردنی بـاری سەرشـانمان، وەهـا یاسـاگەلێک بەمەبەسـتی درێخیکردنی دەرەتانی یەکسان بۆ ژنـان بەکار دەهێنرێـن. هەڵبەت، ژنان و هەمـوو خەڵک مافی بارودۆخی سـلامەت و باشیی پیشەیان هەیە، بەڵام ئەمانە پێویستە بۆ هەموو کرێکارەکان وەک یەک بن.

تێگەیشتن لە مێژووی لە حاڵی گۆڕانمان یارمەتیمان دەکات خۆمان لـە لەقاڵبگرتنی دژبەرییەکەمـان یـان لەقاڵبگرتنـی ئەوەی ڕزگاریمان مانای چیـە، لابدەین. پەرەپێدان بە سـتراتێژییەک دەبێتە هۆی ڕوونبوونەوەی ئـەوەی کـە پێشـکەوتنە تەکنۆلۆژیکەکان، گۆڕانکارییـە یاسـاییەکان و پەرەسـەندنە پەروەدەییـەکان خۆیان لـە خۆیاندا خراپ یان بـاش نین. کاتێک ئەو دۆخەی کە تێیدا گۆڕانکارییەکی تایبەتی ڕوو دەدا، دەناسـین، ئەو کات دەتوانین دادوەریی خۆمان لەسـەر بەهای ئـەو گۆڕانکارییە بـۆ ئامانجەکانمان بکەین.

ئێمـە لـە مێـژوو فێـر دەبیـن کە لە ڕاسـتیدا ئەوەی بۆ سیستەمەکەی بە گشتی پێشـکەوتنخوازانەیە تۆوی دارمانیشیەتی. بۆ نموونـە، زیاتربوونی کار بۆ ژنـان و هاندانی ژنانی بەتوانـا بۆ چوونە نێو هێـزی کارەوە، یارمەتیی خاوەن کارەکان دەدات و کاپیتالیزم بەهێـز دەکات، بـەڵام هەر لـەو کاتەدا ئەو دەرەتانە بە ژنان دەبەخشـێت کە بە شێوەی فیزیکی پێکەوە کۆببنـەوە و وەکوو هێزێکی جەمـاوەری بۆ گـۆڕان یەک بگـرن. ژنانی دیکەش بە بینینی ئەمـە چاوەڕوانییەکان و داواکارییەکانیان لە سیستەمەکە بۆ هەبوونی دەرەتان چوونە سـەر بە پەیژەی سەرکەوتندا زیـاد دەکات، بە جۆرێک کە سیسـتەمەکە ناتوانێ ئەمە بۆ هەموو ژنان دابین بکات.

بـە زانینی ئـەوەی کە ئـەم دژبەرییانە ڕاسـتییەکن کە تێیدا دەژین، پێویستە دژی ئەو شـتەی کە بە تاپـۆی کونترۆڵە، لە خاڵە لاوازەکانییـەوە بوەسـتینەوە و خۆمانی پێ بەهێز بکەین. ئەگەر شـیکارییەکەمان ڕاست بێت، ئەوا ژنان و خەڵکانی بێدەسەڵاتی دیکە، لەسـەر بنەمای ئەم دژبەرییانـە، بنچینەی بەرچاو بـۆ یەکیەتی لە پێنـاو خەباتیان بۆ بەرژەوەندییەکانـی خۆیـان دەدۆزنـەوە. لە ئێسـتادا، ئێمـە دژبەریی تونـد و ئەگەری خەبـات بـۆ گۆڕانکاریی پێکهاتەیی لەسـەر پرسگەلێکی وەک منداڵپارێزی (بۆ پاراستنی بەجێ و کونترۆڵی کۆمەڵگایی)، بەشـداریدان لە سیستەمی سیاسی، پیشەکان، دۆخی کار بۆ کونترۆڵی کرێکاران و هتد دەبینین.

## دژبەرییە چەندئاستییەکان

زۆر شـیکاری، دامـەزراوەی جۆراوجۆریـان (بـۆ نموونـە، بنەماڵـە یـان پەیوەندییـە جینسییەکان) وەکوو دژبەری هەرە سەرەکیی سێکسیزم پێناسـە کردووە. هەر لەو کاتەدا، ئـەم دژبەرییانـە ڕەنگدانـەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگایەکی سێکسیستە، یان ئەو دامەزراوانەی کە تێیاندا سێکسیزم ڕوو

دەدات. سڕینەوەی ئەم «هۆکارە بنەڕەتییانە» نە سێکسیزم دەسڕێتەوە نە بە شێوەی بێئەملاوئەولا جێگرەوەی پشتیوانیکەرانە بۆ ژنان بەدی دەهێنێت. وەک چۆن کارگە ڕەنگە شوێنی چەوسانەوەی کاپیتالیستی بێت، ئەوە بنەمای چەوسانەوەکە نییە. خاوەنداریی تایبەتی و سوود، بنەماکەن کە دەبنە هۆی پەیوەندییە چینایەتییەکان. هەر بەو شێوەیە، بنەماڵە شوێنێکی هەرەسەرەکیی سەرکوتی جینسییە بەڵام بنەمای چەوسانەوەکە نییە. کونترۆڵی پیاوان بەسەر ژنانەوە و دابەزینی ژنان بۆ ڕۆڵی دوویەمینانە، بنەمای سێکسیزمە کە دەبێتە هۆی کۆمەڵگایەکی جنسگەرا.

ئێمە ئەو هاوارە بەردەوامەی کە داوا دەکات پێش لەوەی خۆمان ڕێک بخەین پێویستە تیۆرییەکی تەواوی سروشتی سەرکوتکردنمان، یان دژبەرییە سەرەکییەکانی سەرکوتکردنمان بدۆزینەوە (دەڵێی تەنیا یەک دژبەری لەئارادایە)، بە یارمەتیدەر نازانین. هێندێک شیکاری ، بە هۆی نەبوونی وێنەیەکی تەواو لە مەسەلە، لە ڕاستیدا تەنیا بەرەو پاسیڤبوونی زیاترڕاکێشمان دەکەن.

هەر دامەزراوەیەک سەرکوتکەری ژنانە تا کاتێک کۆمەڵگا لەسەر بنەمای سەرکوتکردنی ژنان بێت. خەباتمان بە دژی سێکسیزم بە دژی ئەو دامەزراوانە، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانە و بۆچوونانەیە کە ژنان دابەش دەکەن و ئەوان لە بێدەسەڵاتی و بندەستیی پیاواندا دەهێڵنەوە. لە هێندێک قۆناخدا، دەکرێ سەرکوتکردنمان زیاتر بێت لە قۆناخێکی تر، ڕاستییەک کە دەبێ ڕێنیشاندەری خەباتەکەمان بێت.

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا ـ دامەزراوەکانی، کولتوورەکەی و ئایدیۆلۆژییەکەی ـ لە دڵی ئەم سیستەمەدا پەرەدەستێنن. بەڵام ئەم بۆچوونانە بۆ خۆیان سەربەخۆن و ئیدی بەستراوە بە بنەمای ئابووری نین و ئیدی بۆ بنەمای ئابوورییش پێویست نین. لە ڕاستیدا، ئەوان دەکرێ بە دژی بنەماکە پەرەبستێنن. هەر بۆیە، بۆ نموونە، نەژادپەرستی یان سێکسیزم، زیاتر خزمەت بە کارکردی ئابووری دەکەن تا ئەوەی بەرتەسکی بکەنەوە. کەوابوو، ئەوەی گرینگە تەنیا هەمدیسان دابەشکردنی کاڵا نییە، بەڵکوو گۆڕانێکە لە دەسەڵاتداری، کونترۆڵ و بۆچوونەکاندا. بە ڕوونی دیارە کە هەموو ماکەکانی کۆمەڵگایەکی چینایەتی ڕەنگدانەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان نین، سەرەرای ئەمەش، لە دوایین ساتدا (لەو خاڵەیدا کە دژبەرییەکان ڕەهەندی شۆڕشگێڕانە بە خۆیانەوە دەگرن)، پەیوەندییە ئابوورییەکان دەبنە پەیوەندیدەری چارەنووسساز.

دژبەرییەکانی نێو هەر ئاستێکی کۆمەڵگا، کاریگەری لەسەر یەکتر دادەنێن و لە نێو هەر ئاستێکدا (ئابووری، کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژیکی) ڕەنگدانەوەیان دەبێت و دیاری دەکرێن. هەر بۆیە، ڕادەی خێراییی ئەوەی کە چۆن دژبەرییەکان پەرەدەستێنن ئاڵۆزە، هێندێک جار یەکتر بەهێزتر و هێندێک جار یەکتر لاوازتر دەکەن. هەر بۆیە، بەرنامەڕێژییەکی درێژخایەن و ستراتێژییەکی زۆر کاربۆکراو بۆ وەڵامدانەوەی بەردەوام بە ئاڵۆزیی دژبەرییەکان لە کۆمەڵگای ئەمریکیدا پێویستن. بەڵام ئێمە لە تیۆرییەکەماندا پێمان وایە دژبەرییەکان بوونیان هەیە و سیستەمێکی جێگرەوە ١) دڵخوازە بەڵام ئێستا لواو نییە، و ٢) پێویستە بۆ کۆتاییهێنانی ڕاستەقینە بە دوژمنکارییەکان (لە نێوان چینەکان، جنسەکان، نەژادەکان و نەتەوەکاندا).

ئێمە پێمان وایە ئارگۆمێنت هێنانەوە بۆ ئەوەی لە نێوان کاپیتالیزم و سێکسیزمدا کامیان بنەماییترن، بێکەڵکە. ئێمە سەرکوتکراوی دەستی هەردووکیانین. لەوێرا کە ئەوان سیستەمگەلێکن کە دژی بەرژەوەندییەکانمان یەکگرتوون، کەواتە خەباتمان دژی هەر دووکیانە. ئەم تێگەیشتنە

زیاتر لــە ئەنجومەنەکانی هەڵبژاردنی ژنان لە دامەزراوەیەکــی بزووتنەوەکــەدا دەخوازێت. ئەوەی ئێمەی فێمێنیســتی سۆسیالیســتی پێویســتمان پێیەتــی، دامەزراوەگەلێکە کە دەتوانن بۆ ڕوانگــەی تایبەتی و بەرژەوەندیی خــودی ئێمە بــەکار بێن، بــە جۆرێک کە گەرەنتیکەری خەباتی لێکگرێدراومان بە دژی سێکسیزم و کاپیتالیزم دەبن. ئەمە هێندێک جار بــە مانای دامــەزراوە ســەربەخۆکانە و هێندێک جار بە مانای چالاکییەکی هاوبەشە کە دڵان بە بارودۆخە گشتییەکاندا دەنێت.

## بەستێنی ئەمریکیی دژبەرییەکان

ئــەو فۆرمــی ســەرکوتکارییەکەی کە ئێمە ڕووبەڕوویــن، کاریگەریی بارودۆخی تایبەتی ئەمریکای لەســەرە. ئێمە چینی کرێکارێکی زۆر نایەکدەستمان هەیە کە زیاتر لە وڵاتانی تر بە هۆی پێشــینەی ئێتنیکــی، نەژاد یان پێگەی پیشــەییەوە لە یەکتر جیاوازن. ئەمە هاوکات هەم زۆر هێزمان پێ دەبەخشــێت و هــەم زۆر ناکۆکیی نێوخۆییمــان بۆ بەرهەم دەهێنێــت. هەروەهــا، ئێمــە مێژوویەکــی کۆیلــەداری بــە حەشــیمەتێکی کەمینە و ڕەشپێستی سەرکوتکراومان هەیە. ئەمە ئێستا بە قەدەر سێکســیزم بۆ کۆمەڵگا بنەماییە و پەیوەندیی پێیەوە هەیە.

هەروەها، دەســەڵاتی چینی دەســەڵات بەدەســت بەربەرینە و لە نێو هەموو ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکاندا بــڵاو دەبێتەوە. ئەمەش وا دەکات ڕووبــەڕووی دوژمنێکی دژوار بینەوە کە وەپەراوێزخســتنی، تەرکیزکردنە ســەر ڕیشــەی و بە بەرپرسیارزانینی دژوار بێت، لە کاتێکدا هــاوکات بیرۆکەکانی ڕۆ دەچنە نێو زەینەکانەوە. خەباتمان لە ئاســتی نەتەوەییدا پێویستە پەیوەندیگەلێکی ستراتێژیک ڕەچاو بکات کــە خەباتمان بەوانەی سەرانســەری جیهانــەوە گــرێ بــدات، چونکــە جڵەوی دەسەڵات بەدەست دەسەڵاتی ئیمپریالیستیی جیهانییەوەیە. هەروەها، ئێمە لە کۆمەڵگایەکدا دەژین کە تا ڕادەیەک ئاســوودەییی ماددیی تێدایە. ئەمە بەو مانایەیە کە ئەوەی کە ئێمە پێویســتە بیخەینەڕوو، نابێ تەنیا چارەسەری ئابووری بێت. پرسی کوالیتیی ژیان، نەتەنیا بۆ هێنانەبەرباس دەبێت، بەڵکوو بیرۆکەی نەزمی کۆمەڵایەتیی نوێیشە.

ئێمــە هەروەهــا لەوەتــەی چــەپ لە پەنجاکانــدا داتەپــی، لە مێــژووی خەباتی چەپمــان دابراویــن. ئەمــەش بووەتە هۆی ئەوەی کە هێندێک جار هەســتی خەبات و گەشەی ســتراتێژیکی درێژماوەمان لەدەست بدەین. یەکێک لە بەرپرسیارەتییە زاڵەکانمان لەم قۆناخە مێژووییە تایبەتییەدا، پەرەپێدانی ســتراتێژییەکە کە هاوکات هەم دروســتیی پەیوەندییــە ئابــووری و کۆمەڵایەتییەکانی هەنووکــە بخاتــە ژێــر پرســیارەوە و هەم فێمێنیزمی سۆسیالیســتی بکاتە ئەگەرێکی مانادار. ئەمــەش ڕوو نــادات مەگەر ئەوەی خەڵکی زیاتر ئەو ئەزموونە سیاسییە بەدەست بێنن کە بۆ پەرەپێدانی تێگەیشــتنێکی تەواو و ڕوون لە دروستیی ڕوانگەی ئێمە، پێویستە.

## ڕۆڵــی ئایدیۆلــۆژی لــە پەرەپێدانی ستراتێژی

بەشی پێشوو چوارچێوەی ئایدیۆلۆژییەکەمان واتــا فێمێنیزمــی سۆسیالیســتیی خســتە ڕوو. ئەمە ئەم ئایدیۆلۆژییەیە کە ئاراســتەی پەرەپێدانــی ســتراتێژی و تاکتیکەکانمــان دیاری دەکات، ئەولەوییەتەکانمان دەخاتە ڕوو و تەرکیزێکی گشــتی بۆ کارەکەمان دروست دەکات. تێگەیشــتنی ئایدیۆلۆژیکی سەرەکی ئەوەیــە کە هەموو کێشــەکان سیاســین و لەســەر بنەمــای هێز ڕۆ نــراون و هەر بۆیە کردەوەکانمان لێکەوتەی سیاسییان هەیە.

ئێمــە ئــەم ئایدیۆلۆژییە، هــەم بە هۆی بەکردەوەییکــردن و هەم بە هۆی خوێندنەوە و باســکردنەوە پەرەپێدەدەیــن ـ تیۆرییەکی

گونجاو بۆ جیهانی ڕاســـتەقینە. ئایدیۆلۆژی، تا ڕادەیـــەک، ڕۆڵی خودئاگایـــی دەگێڕێت، وێنەیەکی ڕوونی ڕاســـتییەکانە کە تواناییمان بۆ پەیوەندیی گشتی و ئارگۆمێنت هێنانەوە بۆ هەڵوێستمان بەهێز دەکات. ئایدیۆلۆژییەکی کە بە ڕوونی دەربڕابێت، یارمەتیدەری دابینکردنی لێکگرێدەر بۆ ژنان دەبێت، ئەمەش لە بینینی ئەوەی کە چۆن خەباتێک پەیوەندیی بەوانی ترەوە هەیە. کەســـانێک کە ئاگاداری زۆرێک لە دژبەرییـــە کۆمەڵایەتییەکانن، ڕەنگە جۆرە بازدانێکـــی فیکرییان هەبێت ـ تێگەیشـــتن لـــە بەشـــەکان وەکوو گشـــتیەتێک بە هۆی ئایدیۆلۆژیی فێمێنیزمی سۆسیالیستی.

زۆربەی خەڵک بە ئایدیۆلۆژییەک ڕێنمایی دەکرێـــن. پەیوەندیی تایبەتـــی خودی ئێمە لەگـــەڵ ئایدیۆلـــۆژی، دوو کارکردی تایبەتی هەیە. یەکـــەم، دابینکەری بیرۆکەگەلێکە کە ڕێنماییمان دەکات و چوارچێوە و هۆکارەکانی پشـــت کردارەکانمان دیاری دەکات. دووهەم، ڕوانگەمـــان بۆ جیهان بە شـــێوەیەکی ڕوون دیـــاری دەکات، بەمـــەش سیســـتەمێکی شـــیکاری دابین دەبێت کە بـــە هۆیەوە ژنان دەتوانن لە فێمێنیزمی سۆسیالیســـتی وەکوو جیهانبینییەک تێبگەن.

لێـــرەدا بنەمـــا ئایدیۆلۆژیکییـــەکان بـــۆ ســـتراتێژییەکی فێمێنیســـتی سۆسیالیستی، قامکیان وەســـەر نراوە و لـــە وتارەکەدا دەبێ ڕوون بن. بەڵام ئەم نووســـینە لە پێشـــدا بۆ پێشـــنیارکردنی ســـتراتێژییەک دارێـــژراوە. ئەمە هەم لە ئایدیۆلۆژییەکەمانەوە ســـەرچاوە دەگرێت و هەم دەبێ لـــە داهاتوودا تەنانەت باشـــتریش لە دیاریکردنی ئایدیۆلۆژییەکەمان یارمەتیدەرمان بێت، بەڵام ئەوە ئیشێکی ترە و دیـــاری دەکات کە لە ئێســـتادا دەبێ چی بکەین.

ئەمـــە یەکێک لـــەو هۆکارانەیە کە ئێمە لـــە پێناســـەی ســـتراتێژییەکدا هەســـت بە متمانەبەخۆبوون دەکەین کاتێک بەرنامەیەکی کاری تەواومان بۆ چۆنیەتیی ڕوودانی شۆڕش نییـــە. کاتێک یەکێکیان بە تـــەواوی پەرەی نەســـەندووە، ئەگەری ئەوی تریـــان لەئارادا دەبێت.

هـــەر لـــەو کاتـــەدا، ئەمـــە هەوڵێک بۆ ستراتێژییەکی گشتی نییە. ستراتێژیی گشتی یارمەتیمان دەکات تا ڕێگەی گرتنەدەســـتی دەســـەڵاتی حکوومـــەت و خۆجیاکردنەوە لە ڕابـــردوو ببینین، دامـــەزراوەی نوێ و نەزمی نوێی کۆمەڵایەتی لەســـەر بنەمای یەکسانیی خەڵـــک و دابەشـــکردنەوەی ســـەروەت و سەرچاوەکان پەرەپێبدەین. ئێمە تەنیا کاتێک دەتوانین تێبگەین کـــە ئەمە دەقیقەن چۆن ڕوو دەدات کـــە لە ڕۆنانـــی بزووتنەوەکەماندا ئەزموونمان بەدەســـت هێنابێت. ڕۆیشـــتنی بەردەوام لە کاری سیاســـی بـــۆ پەرەپێدانی زیاتـــری تیۆریکـــی و گەڕانـــەوە بـــۆ کاری سیاسی، پێویســـتە. شۆڕش چەندین قۆناخی هەیە و گرینگە تێگەیشـــتنێکمان لەو قۆناخە مێژووییەی کە تێیداین هەبێت.

هـــەر بۆیـــە، بـــە لەبەرچاوگرتنـــی ئەم ئایدیۆلۆژییـــەی لێـــرە خرایـــەڕوو، ئەمە ئەم ئەولەوییەتانەمـــان بـــۆ ئەم خاڵە لـــە مێژوو پەرەپێداوە:

١ پێویســـتە لە زۆربەی ژنان نزیک ببینەوە. پێویستە بە ئاراستەی ڕۆنانی بزووتنەوەیەکی زۆرینـــە کار بکەین. شـــیکارییەکەمان پێمان دەڵێ ئەمە لواوە ئەگەر بە ڕێگەی دروســـتدا بڕۆین.

٢ پێویستە بەمەبەستی نیشاندانی گرینگی و ئەگەری ڕێکخســـتن، ئامانجی مام ناونجیمان هەبێت کە هەم وەدی بهێنرێن و هەم دڵخواز بن.

٣ پێویســـتە پەرە بە کـــردەوەی جەماوەری بدرێت.

ئێســـتا، پێویســـتی ژینەکی، لاوازکردنی دەســـەڵاتی چینی دەسەڵاتدار، دانی هەستی دەســـەڵات بە ژنان و باشـــترکردنی ژیانمانە

بە شێوەیەک کە نیشانی بدات ئێمە وەکوو هێزێک کە پێکەوە خەبات دەکەین، پێکەوە گرێ دراوین. ئەم پرسانە بنەمای ستراتێژیی فێمێنیزمی سۆسیالیستین کە لە بەشەکانی تردا چوارچێوەکەیمان خستەڕوو.

## ٢ ـ دەسەڵات و خۆشکایەتی

وەکوو فێمێنیستە سۆسیالیستەکان، ئێمە شیکارییەکمان هەیە بۆ ئەوەی کێ دەسەڵاتی هەیە و کێ نییەتی، بنەمای ئەو دەسەڵاتە و هێزی هێزەکیمان وەکوو ژنان بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات. خۆشکایەتی لە ژیانی تاکەکەسیماندا، لە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ژنانی دیکە، لە دابینکردنی وزەی تاکەکەسی و ڕاگرتنی گەرمی و ئەڤیندا بەهێزە. بەڵام خۆشکایەتی شۆڕشگێڕانەیە چونکە دەتوانێ بنەمایەک دابین بکات کە بە هۆیەوە دەتوانین یەک بگرین لە پێناو گرتنەدەستی دەسەڵات.

تەرکیزکردنە سەر دەسەڵات تەرکیزکردنێکی دامەزراوەییە، تەرکیزکردنێکە کە پێکهاتەی دامەزراوە هەنووکەییەکان تاقی دەکاتەوە و دیاری دەکات کێ بەتایبەتی دەسەڵاتی هەیە و چۆن ئەو دەسەڵاتە بۆ سەرکوتکردنی ژنان بەکار دەهێنرێت. ئەمە تێگەیشتن لە کارلێککردنی نێوان بەشی ئابووری و ئەو دامەزراوە کۆمەڵایەتییانەی کە کۆنترۆڵی چینی دەسەڵاتدار بەهێزتر دەکەن، لەخۆ دەگرێت. بنەماڵە، کەنیسە، قوتابخانەکان و ئەولەوییەتە دەوڵەتییەکان کە سەرکوتمان دەکەن ڕەنگدانەوە و بەهێزکەری ئەم کۆنترۆڵەن. ئەمە لە ئایدیۆلۆژیی زاڵدا ڕەنگ دەداتەوە و لە هۆی ئەو ئایدۆلۆژییەوە بەهێزتر دەبێت، واتە زاڵبوونێکی کولتووری کە کۆنترۆڵی ژیانی تایبەتی ڕۆژانە دەکات.

لە ئەمریکادا، کولتوورەکەمان بە جۆرێک ڕەنگدەرەوەی بیروبۆچوونی ئەوانەیە کە دەسەڵاتدارن کە زۆر جار دژوارە بگوترێ دوژمنەکە کێیە. ئۆپۆزیسیۆنەکە وا دیارە دەوریان گیراوە و لە هەموو شوێنێکیش هەن، بە جۆرێک کە دژوارە قامک لەسەر ڕیشە و بنەمایان دابنرێت. چینی دەسەڵاتدار، ئەوەندە بەهێز کراوە کە زۆر جار وا دەردەکەوێ کە کۆنترۆڵی تاپۆ کردبێت. سەرەڕای ئەمەش، وەکوو فێمێنیست و وەکوو سۆسیالیست، ئێمە دەتوانین پێکهاتە بنەماییەکانی کۆمەڵگا و ئەوەی چۆن ئەمانە بۆ سەرکوتکردنی ژنان بەکار دەهێنرێن، شیکاری بکەین. ئەم تەرکیزکردنە سەر دەسەڵاتە چوارچێوەیەک بۆ شیکاریی ئەوەی چۆن پەیوەندییەکانی دەسەڵات دەکرێ بگۆڕدرێن، دەخاتە ڕوو.

لەم بەشەدا، ئێمە بە تەرکیزکردنە سەر ئەو پەیوەندییەی لە نێوان ڕیفۆرمەکان و دەسەڵاتدا دەیبینین، لەسەر ستراتێژییەک بۆ پەرەپێدانی دامەزراوە گشتییەکانی ژنان تەرکیز دەکەین. سێ پرسیار بۆ تێگەیشتن لەم پەیوەندییە زۆرگرینگن: ١) ئایا ڕیفۆرم لە باری ماددییەوە ژیانی ژنان باشتر دەکات؟ ٢) ئایا ڕیفۆرم هەستێکی دەسەڵات بە ژنان دەبەخشێت؟ ٣) ئایا ڕیفۆرم پەیوەندیی هەنووکەیی دەسەڵات دەگۆڕێت؟

## بەرژەوەندیی خودی ژنان

ژنان ڕزگار دەبن؛ نەتەنیا لەبەر هۆکارگەلی ئەبستراک و هەستێکی ئەوەی بۆ ژنان «بەرهەست»ە یان لەبەر «شەپۆلی داهاتوو». سەرنجی ژنان ڕاکێشراوە چونکە ئێمە وێنەیەکی ڕاستییەکانمان خستووەتە ڕوو کە ئەوانیش دەیناسن و ڕوانگەیەکیان هەیە کە خوازیاری هاوبەشکردنین. بەڵام تەنیا قسەکردن لەسەر ئەم ڕاستییە بەس نییە. ئەگەر بمانهەوێ ببینە بزووتنەوەیەکی هەموو ژنان، ئەوا پێویستە بتوانین خزمەتی بەرژەوەندییەکانی خۆمان بکەین. ئێمە کە ناتوانین خۆمان جێگرەوەیەکی کامڵ بۆ ژنان بخەینەڕوو، دەبێ بتوانین بە هۆی ئەو

خەباتەوە کە دەتوانین براوە بین، ئاڵاهەڵگری بەڵێنیی ڕاستبینانە بۆ هەبوونی بەشێک لەم جێگرەوانە بین.

ئێمە پێداگری لەسەر بەرژەوەندیی خودی دەکەینەوە چونکە هەست دەکەین لەم دواییانەدا بزووتنەوەکە زۆر مەودای لە بیرکردنەوە لەم بارەیەوە یان لە بارەی ئەوەی چی ژنان بەرەو کردەوە پاڵ پێوەدەنێت، یان چی ناچار بە جووڵاندنمان دەکات، گرتووە. ئایدیالیزم لە ئێستادا بە شێوەی ئەبستراک ڕێنوێنیمان دەکات. ئارگۆمێنتی بۆ دەهێنینەوە، ژیانی لەگەڵ دەکەین و دەیبینین. بەڵام ناتوانین هەمیشە پشتی پێ ببەستین. ئێمە بەمەبەستی دڵنیابوون لەوەی کە بەڕاستی باس لە پێویستییەکانی ژنان دەکەین، پرسی بەرژەوەندییەکانی خود دەورووژێنین.

سەرەڕای ئەمەش، لە ڕەهەندێکی بەرتەسکەوە پێداگری لەسەر بەرژەوەندیی خود ناکەینەوە. بەرژەوەندیی خود تەنیا کۆکراوەی هەموو پێویستییە فیزیکی و کۆنکرێتەکان نییە. ئێمە دەزانین کە ژنان تەنیا پێویستیان بە نان نییە بەڵکوو بە شێوەیەکی قووڵ بۆ خۆیان و بۆ کەسانی دیکە خوازیاری چێژبردن لە کولتوور و پەیوەندیگەلێکن کە دەربڕی ئاوات و دەستکەوتەکانیانە. بەرژەوەندیی خودی بەرژەوەندیی خوشکان و چینەکەمانە. بە مانای هێنانە بوون و ناسینی خودئاگایی، کولتوور و کۆنترۆڵی کۆمەڵگاکەمانە.

ئێمە پێویستە پەرە بە ڕێگەگەلی گواستنەوەی بەرژەوەندییە هەنووکە هەستپێکراوەکان بۆ سەر ڕوانگەی خۆمان بدەین. خوشکایەتیی ڕاستەقینە نیگەرانیی پێویستییە تاکەکەسییەکان دەگۆڕێت بە نیگەرانیی گرووپیی کەسەکە و پێویستییە دامەزراوەیی و چینایەتییەکەی. ژنان، لە ڕێگەی ستراتێژی و خەبات بۆ ئامانجە کورتخایەنەکانیان، دەتوانن لە بەرژەوەندیی خود لە درێژخایەندا تێبگەن. لە بەرنامەکەدا، ئامانجە کۆمەڵایەتییە ئەبستراکەکان پێناسە کراون وفۆرمی ڕوونیان پێ بەخشراوە. ئێمە پێویستە بۆ کەمپەینی کرداریی ڕاستەوخۆمان پرسگەلێک هەڵبژێرین کە ژنان یەکگرتوو و براوە دەکات و بە هۆیەوە بۆچوونیان لە بارەی ئەوەی کە چی بە قازانجیانە دەگۆڕدرێت.

بۆ نموونە، لە کاتێکدا دارماندنی ڕاسیسزم یەکێک لە پرسە گرینگەکانمانە، ئێمە ناچین ژنانی سپیپێست لە دەوری نەژادپەرستی وەکوو پرسێک ڕێک بخەین. هەر بۆیە، ئەوە ئەوەندە ڕوون نییە کە کارێک لە بارەیەوە بکەین و بۆ زۆربەی ژنانی سپیپێست پرسێکی دەرهەست و ڕوون نییە. سەرەڕای ئەمەش، یەکخستنی گرووپە سپی و ڕەشەکان لە دەورەی نیگەرانییە هاوبەشەکان، دەبێتە ڕێگەیەکی دیار بۆ ئەوەی بە شێوەی ئۆبژێکتیڤانە دژی نەژادپەرستی خەبات بکەین. هەروەها دەتوانین ئامرازگەلێک بۆ باسکردن و بەرچاوخستنی ئەم بۆچوونە پەرە پێبدەین. بەڵام کردەوەی ڕاستەوخۆ بۆ ڕیفۆرمی بەرهەست وا دەکات ئایدیۆلۆژییەکەمان ناوەرۆکی ڕاستەقینەی هەبێت.

## براوەبوون

ئەگەر بمانەوێ لەگەڵ زۆربەی ژنان قسە بکەین، دەبێ لە بارەی براوەبوونەوە ڕژد و جیددی بین. ژنان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ دۆڕاو بوون. ژنان تەنیا کاتێک لە پشت بیرۆکەی ئازادییەوە ریز دەبەستن کە بزانن ئەوە یارمەتیی ئەوان و کەسانی دیکە دەکات براوە بن و شتێک بەدەست بێنن کە بۆ خۆیان و خوشکەکانیان و کەسانی دیکە دەیانهەوێت. ئەمە ئێمە لە زۆرێک لە گرووپەکانی دیکە وەک «پی.ئێل» و «ئای. ئێس» و ئەو فیرقە ویست خاوێنانەی کە زیاتر خۆیان بە دروستبوون یان دروستنەبوونی ڕێسا سیاسییەکانەوە سەرقاڵ دەکەن تا

بەکارهێنانی بیرۆکەیەکی سادە و راستەقینە وەکوو ئامرازی بردنەوەی شتەیەک کە خەڵکی تێدا بەشدارە، جیا دەکاتەوە.

ئێمە لە ئێستادا خوازیاری ژیانی باشتر بۆ خۆمان و کەسانی دیکەین. ئێمە خوازیاری سەرکەوتن بۆ کەسانێک بە نرخی دۆڕانی کەسانی دیکە نین بەڵکوو دەمانهەوێ بۆ سەرکەوتن خەبات بکەین. بە هۆی لێپرسراویمان بەرانبەر خوشکانمان، بیرکردنەوەی خۆمان، هەستمان بە لاوازی و بێتواناییمان بۆ بەرەوپێشچوونمان بە چالێش کێشاوە، هەر بۆیە ئێمە ڕەنگە ئەو دەستکەوتانەی بزووتنەوەکەمان خەریکە بەدەستیان دەهێنێ یەک بخەین و بەرەو دەستکەوتی زیاتر هەنگاو هەڵگرین.

ئێمە ئاگاداری ئەم ڕشتەی ترسەمان لە سەرکەوتنین (زۆرجار گەورەترە لە ترسمان لە شکست). «ئەگەر براوە بیت، ئایا بەڕاستی دەیدۆڕێنیت؟»، ژنان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ دۆڕاو بوون، ئێمە زۆرجار بەرانبەر بە گۆڕانکاری لە سەرکەوتنە ماددییەکاندا خۆڕاگری لە خۆمان نیشان دەدەین. گرینگە ئەوە لەبەرچاو بگرین کە چۆن سەرکەوتنەکان لە پێناو خۆ لادان لە هاریکاریکردن پێناسە بکەن. ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ڕیۆشوێنە بنچینەییەکانمان لە ستراتێژییەکەمان. ئێمە بۆ ڕیفۆرمگەلێک خەبات دەکەین کە ژیانی ژنان باشتر دەکات بەڵام ئەولەوییەت دەدا بە پەرەپێدانی خەباتکردنێک کە هەستێکی خۆدەسەڵاتداریش بە ژنان دەبەخشێت و دەسەڵاتی سەپێنەری ئەوانەش کە کونترۆڵیان بە دەستەوەیە، کەم دەکاتەوە.

لەو باوەڕەدا نین کە ڕیفۆرمێک کە لەسەر ڕیفۆرم ڕۆ بنرێت لە کۆتاییدا بە سۆسیالیزم یان ڕزگاریی ژنان کۆتاییی دێت. ئێمە پێشبینیی بۆشاییەکی بەرین لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان یان زۆر لێکدابڕانی هاوشێوە پێش لە پەیوەندییە کامڵەکان لە دەسەڵاتدا دەکەین. بەڵام لەو باوەڕەداین کە داخوازیی هەڵکشاو بۆ قازانجە ڕاستەقینەکان کە ئەم ستراتێژییە هێناویەتییە ئاراوە، دژبەرییەکان دەگەیەنێتە لووتکەی خۆیان و بۆ خەبات بە ئاراستەی هەڵدێرەکە ئامادەمان دەکات. سروشتی ئەم شۆڕشە و داهاتووەکەی بە هۆی ئەو خەباتەوە کە وەدیهێنەری دەبێت، باشتر پێناسە دەکرێت.

تا کاتێک کە ئێمە شوێندانەر نەبین، براوە نەبین و هەست بە هێزمان نەکەین، هێندێک جار مەترسیی ڕقهەبوون بەرانبەر ئەو خوشکانەمان کە بۆ نموونە دەڵێن «بۆچی ئەوان شتەکە نابینن و پێمان پەیوەست نابن؟»، لە ئارادا دەبێت. ئەمە تا کاتێک کە ئێمە شوێندار نەبین، تا ڕادەیەک ڕوو دەدات. باری سەرەکیی هێنانەکایەی چالاکییەک کە ژنان تێیدا بەشدار بن لەسەر شانی ئێمەیە. ئەگەر ژنان پێمان پەیوەست نەبن، یەکەم جار دەبێت وا بیر بکەینەوە کە: ئەوەی ئەنجامی دەدەین وەکوو پێویست ڕوون نییە، بە ئەندازەی پێویست پەیوەندیی بەو کێشە تایبەتییانەوە نییە کە ژنان ڕووبەڕوویانن. دیارە هۆکار زۆرە بۆ ئەوەی ڕەنگە ژنان لە قۆناخگەلێکی تایبەتیدا پێمان پەیوەست نەبن، بۆ نموونە، هەڕەشەی مێردەکانیان، ترس لە ناسێندرانی کۆمەڵایەتی، نەبوونی منداڵبەخێوکەر یان ناکۆکیی ڕاستەقینە لە بۆچوونەکاندا. ئەرکی ئێمە دۆزینەوەی ڕێگەگەلێک بۆ پەرەپێدان و بەهێزکردنی خۆمان وەکوو بزووتنەوەیەکە. بۆ ئەم مەبەستە ئەم ستراتێژییە پێشنیار دەکەین.

## دەسەڵات و ڕیفۆرم

ئامانجی ستراتێژیی فێمێنیزمی سۆسیالیستی، ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی دسەڵات لە ڕێگەی پرۆسەی ڕۆنانی بنەمایەکی دەسەڵات بۆ ژنان بە هۆی بزووتنەوەیەکی یەکگرتوو لە دەوری خەبات بۆ بەرژەوەندیمانە. ئامانجمان

ڕۆنانــی ئــەم بزووتنەوەیەیە. ئێمــە بە دژی هەڵوێســتی یۆتۆپیایین کە تێیدا ئارگۆمێنت بــە دژی هەر جۆرە گۆڕانێــک دەهێنرێتەوە تا ئەو کاتەی چارەســەرێکی تەواو دەلوێ. لە لایەکی دیکەوە، ئێمە لەگەڵ کارکردن لەسەر هیچ جــۆرە کردەوەیەکی ڕیفۆرمیســتی کە بۆ خۆی بێتە ئاراوە، نین. ســتراتێژییەکەمان ڕێگەمــان پــێ دەدات ئەولەوییەتەکانمان و کاتبەندییەکانمان بۆ چارەسەری پرسەکان لە بارودۆخی تایبەتیدا دیاری بکەین.

بڕیاردان لەســەر ئەوەی دەبێ خەبات بۆ چ ڕیفۆرمێک بکرێت و چۆن پێویستە لەسەر بنەمای ئەم ڕێوشێنانە بێت:

**١** ئایا ڕیفۆرمەکــە لە باری ماددییەوە ژیانی ژنان باشــتر دەکات؟ ژیانــی ئێمەی ژنان لە زۆر بارەوە ســەرکوت کراوە، هەر بۆیە، ئێمە دەمانهــەوێ کار بۆ باشــترکردنی ژیانمان لە ئێستادا بکەین. بەدەر لەوەی ئەولەوییەتەکانمان چی بن، پێویســتە تەرکیز لەســەر گەیشتن بە پێداویســتییە هەنووکەییەکانمان بکەین. کاتێــک نیشــانی بدەیــن کــە دەتوانین بە پێداویستییە هەنووکەییەکانمان بگەین، ژنان پێمان پەیوەست دەبن. کاتێک لەو باوەڕەداین کە کاپیتالیزمی سێکسیســت، ناتوانێ هەموو ئەو ڕیفۆرمانەی کــە دەمانهەوێ بێنێتە دی، ئەودەم ئەگەری ئەوە هەیە کە یاســای خۆی بە دژی خــۆی بەکار بێنێت. بەم جۆرەیە کە دەتوانیــن گۆڕانکاری لە ڕێگەی گوشــارەوە بسەپێنین. کەوابوو، ستراتێژییەکەمان لەوەی داخوازییە ئەوپەڕگەراییەکان (ماکسیمالیستی) کە لە ئێســتادا لە زیادبوونــدان، تا ڕادەیەک جیــاوازە. لە ئەوپەڕگەراییــدا، داخوازییەکان شــتگەلێکن کە لە کاپیتالیتزمدا وەدی نایەن تەنیا لەبەر ئەوەی بســەلمێنرێت کاپیتالیزم خراپە. زۆر ڕیفۆرم هەیە کە بە ڕاستی بۆ ئێمە بەقازانجە و متمانەبەخۆبوونمان زیاتر دەکات. ســەرەڕای ئەمەش، ڕیفۆرم بۆ خــۆی تەنیا ئامانجمان نییە. ئێمە بە هۆی ئەوەی بەڕاستی و بە شێوەیەکی هەستپێکراو دەسەڵاتمان نییە تا کۆنترۆڵی ڕیفۆرم بکەین، سەرکوت کراوین.

**٢** ئایا خەبات بۆ ڕیفۆرم هەســتی دەسەڵات بە ژنــان دەبەخشــێت؟ ئێمە پێویســتە لە دەوری ئاریشــەگەلێک خەبــات بکەیــن کە ســەرکەوتن، بە ڕوونی ســەرکەوتنی خۆمان بێت نەک ئــەوەی هەدیەیەک بێت لە لایەن ئەوانــەی لەدەســەڵاتدان. خەباتمان لە پێناو ڕیفۆرمدا دەبێ شــکڵ بــە بزووتنەوەکەمان ببەخشــێت. هێزی بزووتنەوەکەمان تەنیا بە هــۆی دامەزراوەکانەوە دەتوانــێ درێژخایەن بێت. بــە هۆی دامەزراوەکانەوە، ژنان دەتوانن بە شــێوەی پێکەوەیی هەستێکی دەسەڵاتی خۆیان هەبێت. گەر وا نەبێت، تەنانەت کاتێک براوە بین، پێی نازانین و ناتوانین بانگەشــەی بکەین. (کێ پاشەکشەی هێزە سەربازییەکان لە «ئیندۆچینا»ی ســەپاند، سەرۆککۆمار یان بزووتنەوەکە؟ کێ ڕیفۆرم لە یاسای لەباربردنی منداڵی لە نیویۆرک ســەپاند ـ یاسادانەرانی ئەیالەتەکە یــان بزووتنەوەی ژنان؟) بە هۆی دامەزراوەکانەوە، ســەرکەوتنێک دەبێتە هۆی سەرکەوتنێکی دیکە. تەمەنی دامەزراوەکان لە بەشداریی تاکەکەسەکان زیاترە و هێزەکەشی لە بەشە بەشدارەکان زیاترە.

**٣** ئایــا ڕیفــۆرم پەیوەندیــی هەنووکەییی دەســەڵات دەگۆڕێــت؟ ژنان لــە کۆمەڵگای ئەمریکیــدا کۆنترۆڵــی کەمیــان بەســەر ڕەهەندەکانی ژیانیانەوە هەیــە. ئێمە نەتەنیا باشتربوونی دەرهەست بەڵکوو مافی بڕیاردان لەسەر ئەو باشــتربوون و ئەولەوییەتانەشمان دەوێت. ئێمە دەمانهەوێ پێکهاتەی دەسەڵات ســەرلەنوێ دابڕێژرێتــەوە، ســامان دابەش بکرێتــەوە و کۆتایی بە چەوســاندنەوە بێت. ئەوانــەی زیاتر لە هەمــووان کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی دامەزراوەکانــەوە، مافی بڕیاردان لەســەر ئەوەی ئەو دامەزراوانە چی بکەنیان هەیــە. (دامەزراوەگەلێــک وەک شــووورای کرێکاران، بەکارهێنەرانی خزمەتگوزارییەکانی

دامەزراوەیـــەک، دایکوباوکان لە ســـەنتەری مندالْ ڕاگرتن و هتد).

زۆربەی ئەو پڕۆژانـــەی بەهای زۆریان بۆ بزووتنەوەکەمان هەیە، لە ئێســـتادا تەنیا کار لەسەر یەک یان دوو خاڵی ئەوەی لە سەرەوە ئاماژەی پێ دراوە، دەکەن. ســـێیەمین خاڵ دژوارتریـــن و کەمترپەرەپێدراوتریـــن خاڵی بزووتنەوەکەمانە. شـــەرە تایبەتییەکان ڕەنگە براوە نەبن یان تەنانـــەت هەوڵ بۆ کارکردن لەســـەر هەموو ئەم ئاســـتانە نەکـــەن. بەڵام ســـەرکەوتنی درێژخایەنمان بەســـتراوەتەوە بە پەیوەندیی دووســـەرەی ســـێ خاڵ لە نێو پرۆژەکانەوە هەیە.

## پێکەوەهەڵکردن و ئەولەوییەتەکان

ئێمە پێداگری لەسەر پێویستیی لیبرالیزمێکی چەندرەهەنـــد بـــۆ ڕزگاریی ژنـــان دەکەین. بـــە وەهـــا لیبرالیزمێک دەتوانیـــن خۆمان لە هێندێک داوی فیرقەگەرایی دوگماتیســـتی لە بارەی دروســـتبوون یان دروســـتنەبوونی کێشـــە یان بەرنامەیەکی تایبـــەت لا بدەین. ئێمە دەبێ کراوە بیـــن و هانی جێگرەوەکان بدەین. هەرچی پێداگری لەسەر پێویستیمان بـــە ســـتراتێژییەکی گونجاو کـــە لەخۆگری پـــەروەردە، خزمەتگـــوزاری و کـــردەوە بێت بەڵام بە شێوەیەکی ئاگایانە پێکەوە ئاوێتەیان بـــکات، هـــەر کەمـــە. کاتگەلێـــک هەیە کە پرســـێک گەیشـــتووە و کاتگەلێک هەیە کە گرینگە بەڵام ژنان ناجوولێنێت، ناتوانێ ببێتە هۆی براوە بوون و پەیوەندیی بە پێویســـتییە چەپگەراییەکانی ژنانەوە نییە.

بەڵام ئێمـــە ناتوانین خۆمان تا ئاســـتی پلۆرالیزمێکـــی ناڕوون کە دەڵێ هەر هەوڵێک ئەوەنـــدەی هـــەر هەوڵێکـــی دیکە باشـــە، دابەزێنیـــن. ئێمە دەتوانیـــن دژەفیرقەگەرا بیـــن، هانـــی ڕەنگاوڕەنگیـــی لیبرالیزمـــەکان بدەیـــن و بزانین کە بۆ گەیشـــتن بە زۆرێک لـــە ڕەهەندەکانـــی ژیانمـــان وەکـــوو ژنان پێویستە بەرەو هەبوونی زۆر لیبرالیزمەکان بڕۆین. هەر لەم کاتـــەدا، دەتوانین ســـتراتێژییەکی گونجاومان بۆ دیاریکردنی ئەولەوییەتەکانمان بۆ کاری هەنووکەیی کـــە پێمانوایە گرینگن، هەبێـــت. گومانی تێـــدا نییە کـــە تاقیکاریی پێکەوەهەڵکـــردن و فیرقەگەرایی، پێی لە نێو ڕاســـتیدایە. ئێمە دەبێ بزانیـــن چۆن لێمان حاڵی دەبیـــن، چـــۆن وەردەگیرێین و چۆن گەشە دەکەین. ڕاستی دەرمانێکی باشە.

## ڕەچاوکردنی سێ ڕێوشوێن

ئێمە تا ڕادەیەک پێشوازی لە هەر چالاکییەک دەکەین کـــە کار بۆ ژنان بکات. ســـەرەڕای ئەمـــەش، لـــەم کاتـــەدا، ئـــاوات دەخوازین کـــە پێداگری لەســـەر گرینگیی هەر ســـێ ڕێوشـــوێنی ئاماژەپێدراو بکەین: باشترکردنی ژیانی ژنان، بەخشـــینی هەستی دەسەڵات بە ژنان و گۆڕینی پەیوەندییەکانی دەســـەڵات. ئەم سێ ڕێوشوێنە دەبێ بۆ هەر چالاکییەکی پێشنیارکراو ڕەچاو بکرێن.

بۆ نموونە، لە پرســـی لەباربردنی منداڵدا، لیبرالیزمی فێمێنیســـتی سۆسیالیســـتی لەو لیبرالیزمانە جیایە کە تەنیا ئاڵوگۆڕی یاساییان لە ڕێگەی کارکردن لەسەر کاناڵە داخراوەکان و ڕاگرتنی مافی ئەوانەی لە دەســـەڵاتدان و یاســـاکان دادەڕێژن، دەوێت. سەرکەوتنەکان لەمەڕ لەباربردنی منداڵ دەبێ تەنیا لە لایەن ئەو ژنانـــەی خەبات بـــۆ مافەکانیان دەکەن دەستەبەر بن. گرینگە لە خەباتەکەدا تەرکیز بکرێتە سەر ئەوەی کە کێ بڕیاردان لە بارەی لەباربردنی لەدەستدایە و کاریگەریی لەسەری هەیـــە و ئەو تاک و دامەزراوانە بۆ ژنان ڕوون بکرێنەوە.

ئـــەم لیبرالیزمانـــە لـــە کەمپەینـــی «بـــۆ ســـێناتۆرەکەتان نامە بنووســـن» بەرینترە. بۆ نموونە، بە مانـــای دۆزینەوە و بڵاوکردنەوەی ناوی ئەو گرووپانەی ســـەر بە کەنیسەیە کە بە دژی لەباربردنی منداڵ لابیگەری دەکەن،

به مانای بەچالێشکێشــانی بێبەریبوونیان لە ماڵیاتدانــە کە بۆ لابیگەری بــەکاری دێنن. هەروەها مانای زانینی ئەوەیە کە بەرپرســی چ کۆمپانیایەک ناوی لە لیســتی بەرپرســان و وەرێخەرانــی کــرداری بەکارهێنــەر دژی لایەنگرانی لەباربردنە و کاروکاسبیی بەرپرسی چ کۆمپانیایــەک بــۆ پشــتیوانی لــە لابیی کەنیسەیە. هەر کەمپەینێک کە کەوتبێتە ژێر کاری ئەوانەوە، پێویستە وەها لێکگرێدراوییەک بناســێنێت. ئێمە پێویســتە ژنان لە دەوری کردەوەی راســتەوخۆی سیاســی بۆ گۆرینی وەهــا رێوشــوێنگەلێکی ســەرکوتکەرانە لە چەشــنی یاســای لەباربردن رێک بخەین و هاوکات تەرکیز بکەینە سەر پەیوەندییەکانی ســەڵات لەو کایەیەدا. ســەرکەوتن دەکرێ بەدەســت بێت و کەمپەینەکانمــان ئەوەندە تایبەتییە کە دەتوانین رادەی ســەرکەوتن و شکستمان دیاری بکەین.

کــردەوەی ئەرێنــی رەنگــە لەخۆگری چەندین چالاکیی جۆراوجۆر بێت، لەوانە:

- رووبەرووبوونــەوە لەگــەڵ داخوازیگەلێکی تایبەتی
- وتوویژ
- سەپاندنی کێشەیەک بەسەر موناقشەیەکی گشتی
- گوشــاری شــەرمەزارکردن، بــۆ نموونە داخستنی رێگەکان بە مانگرتن
- خۆ دەرخستنی گشتی لە چاپەمەنییەکان و لە دادگاییەکدا
- کۆبوونەوەی جەماوەری نارەزایەتیی گشتی
- کۆبوونــەوەی جەماوەریــی گرێــدراو بە کەمپەینێکی تایبەتی
- چالاکیــی گەریلایــی و نمایشــی (وەکوو «WATCH» و هتد)
- کردەوەی یاســایی تێکدەرانە ـ بۆ نموونە مانگرتنەکان، بایکۆتکردنــەکان، کۆبوونەوەی خاوەن بەشەکان
- ســەرپێچیی مەدەنی لە یاسا ـ ئەمە رەنگە هێندێک جار بەکەڵک بێت، بەڵام ئێمە پێم وا نییە زۆربەی کاتەکان زۆر شێوەی کاریگەرتر، کەمتــر دوژمنکارانە، خاوەن هێزی هێزەکیی زیاتــری هاوپەیمانگرتن و کــەم تێچووتر لە ئارادان.

خاڵی سەرەکی ئەمەیە کە ئەو چالاکییەی کــە هەڵدەبژێردرێت دەبێــت پەیوەندیی بە ســتراتێژییەکی گشــتی لەمەر کێشەیەکی تایبەتییــەوە هەبێت و بــە دیاریکراوی روون بێــت کە چــی ریفۆرمی لــێ دەکەوێتەوە و بزووتنەوەکەی لەسەر رۆ دەنرێت.

ئــەم لێروانینــەی کــردەوەی سیاســی کە لە ســەرەوە باس کرا، لــە زۆر چالاکیی گرووپگەلێکی وەکوو «مۆراتۆریۆم» کە کردەوەی راســتەخۆی بەبێ هەبوونی چوارچێوەیەکی دامەزراوەیەکــی گشــتی رێک دەخســت، جیاوازە. وەها گرووپگەلێک جەماوەرێکی ژنان لە کارێکی بــەردەوام و درێژماوەدا بەشــدار ناکەن و تەرکیز ناکەنە سەر ئامانجگەلێک کە هەم دەتوانن ببنە هۆی ســەرکەوتنی ریفۆرم و هەم گۆرانێک لە پەیوەندییەکانی دەسەڵات بهێننە ئــاراوە. خۆپیشــاندانە بەرینەکان بۆ تەرکیزکردنی سەرنجەکان لەسەر کێشەیەکی ئەبستراکی پرەنســیپێکی بەگشتیکراو باشن (وەکوو لەباربردنی ئازادانەی داواکراو، نەبوونی ئیســتێریلیزەکردنی ناچــاری، لەئارادابوونی منداڵ بەخێوکردنی بیست و چوار کاتژمێریی کۆنترۆڵکراو لە لایەن دایکوباوکەکانەوە، هتد). ســەرەرای ئەمەش، بۆ بردنــەوەی هەر دوو لایەنی ئاماژەپێکراو لە سەرەوە، داواکارییەکە دەبێــت رووی لە هێندێک تاکەکەســی نێو دامەزراوەگەلێک بێت کە داواکاریی وڵامەکە رووی لەوانە و لە کردەوەدا دەســەڵاتی وەها وڵامدانەوەیەکیان هەیە.

گرووپگەلێــک وەک «SWP-YSA» دادان بە گرینگیی ئەم داواکارییە لە دەســەڵات لە خەباتــە جەماوەرییەکاندا دانانێن. ئەوان هیچ جۆرە ستراتێژییەکی ماملاوەندییان بۆ رۆیشتن

لە ڕیفۆرمەوە بۆ شۆڕش وەک ئەو ستراتێژییەی کــە کونترۆڵی کرێکاران یــان بەکارهێنەران دەبێتەهــۆی، نییە. لە ئاکامدا، ئەوان لە نێوان داخوازییە لەرادەبەدەرەکان کە بەرپرسیارەتیی بردنەوەیان لەگەڵ نییە (منداڵ بەخێوکردنی بیســت و چوار کاتژمێریــی کونترۆڵکراو لە لایەن دایکوباوکەکانەوە) و داواکاریی ڕیفۆرمی لانیکەم (هەبوونی مافی بڵاوکردنەوە بڵاقۆکە بۆ نموونە) هەر سەروخوار دەکەن و بەم جۆرە ناتوانن کێشە بۆ پەیوەندییە هەنووکەییەکانی دەسەڵات دروست بکەن.

## پرسگەلێک کە پێوســـتە زیاتر ڕەچاو بکرێن

هیچ ستراتێژییەک نییە کە بەبێ کێشە یان بۆ هەموو بارودۆخێک گونجاو بێت. ئێمە پێمان وایە ئەم ستراتێژییە بۆ سەرکەوتنی مەزن لە بارودۆخی هەنووکەدا بەکەڵکترینە. پێوســـتە ئــەم بیروبۆچوونانە زیاتر پەرە پێ بدەین و لە کردەوەکانمان فێر بین بە جۆرێک کە نەتەنیا بــراوە بین، بەڵکوو براوەی ئەو شــتە بین کە دەمانهەوێت. لــە ڕەوتی ئــەم پەرەپێدانەدا، پێویستە پرسگەلێک وەک ئەوەی لە خوارەوە دێن، لەبەرچاو بگرین:

- ئەمــە ســتراتێژییەکی مــام ناوەندییــە. پێویستە کارەکەمان دیسان هەڵبسەنگێنینەوە تــا دڵنیابین لــەوەی کە بە ئاراســتەیەکی شۆڕشگێڕانەدا هەنگاو دەنێین.
- پێویســتە ڕێگەکەلێــک بخەینــە ڕوو کە بە هۆیــەوە خەڵــک بتوانن لە تێگەیشــتن لە پرســێکی تایبەتییەوە بۆ تێگەیشــتن لە پەرچەکــردارە کۆمەڵایەتییە لێکگرێدراوەکان بڕۆن.
- پێویستە هەم دوا داخوازی و هەم داخوازییە مام ناونجییەکانمان لەبەرچاو بێت. پێویســتە ئــاگاداری ڕێگەگەلێک بین کــە بە هۆیانەوە ئایدیۆلۆژییەکەمــان لە خەباتگەلێکی تایبەتی پێناســە و بەکار دەهێنرێت. بۆ ئەم مەبەستە، پێویســـتە پێویســـتییەکان و هێزی تاکەکان و تێگەیشــتنیان لەوەی کە چــی لواوە و لە سروشتی دژبەرییەکە لەبەرچاو بگرین.

بۆ ئەنجامدانی هەموو ئەمانە، پێویستمان بە گرووپی ســەرچاوە هەیە کە بتوانن هەوڵە دامەزراوەییەکانمــان بخەنــە نێو بەســتێنی خۆیانەوە. وەهــا گرووپگەلێک یارمەتیدەرمان دەبن تا ئەولوییەتــەکان لە نێوان خەبات و پەرەپێدانی ستراتێژی بۆ خەباتی شۆڕشگێڕانە هەڵبژێرین.

## ڕۆڵی دژەدامەزراوەکان

ڕەوتێکی ســەرەکی لە بزووتنەوەی ئێستای ژناندا، ڕێکخستنی پرۆژە دژەدامەزراوەییەکان بــە مەبەســتی وەدیهاتنی پێویســتییەکانی ژنان بە شــێوەی ڕاســتەوخۆیە. ئەم کارە بۆ بزووتنەوەی ژنان گرینگە بەڵام پێویســتە لە بەستێنی بزووتنەوەیەکدا کە خاڵی سەرنجی دیکەشی هەیە، ڕوو بدات.

دژەدامەزراوەییــەکان دەتوانــن چەندین شــتمان بۆ بکــەن. دەتوانــن یارمەتیدەری بردنەسەرەوەی ئاستی چاوەڕوانییەکانی ژنان کە ئــەو دامەزراوانە بــەکار دەهێنن و پڕیان دەکەنەوە بەنیسبەت ئەوەی چی لواوە و چی لواو نییە، بن. دەتوانــن خزمەتگوزاریگەلێک دابین بکەن کە وەڵامدەری پێویســتییەکانی ژنان لە ئێستادا بن. دەتوانن نیشانی بدەن کە ئەو کێشــانەی کە باس دەکرێن لە سروشتی خۆیاندا و لە چارەسەریشــیاندا کۆمەڵایەتین. ئەوانە ئەو پەیامە بۆ بیاڤــە هەڵبژاردنییەکان دەنێرن کــە ئێمــە دەمانهــەوێ بڵێین کە پرۆگرامــی ئەرێنیمــان بۆ چارەســەری ئەو کێشــانە هەیــە و دەمانهەوێ ســەرنجەکان بۆ لایان ڕابکێشــین و ئەوەش کــە ئێمە لە مەیلەکانمانــدا نەرێنی نین. لە بەرانبەر بردنە ســەرەوەی وشــیاریدا، وەها بەرنامەگەلێک ترس لە کێشــە بێکۆتاییەکان بەبێ هەبوونی چارەسەرێکی ڕوون، دەسڕنەوە.

بۆ نموونە، سەنتەرێکی لەشساخیی پشتیوانیکراو لە لایەن فێمێنیسمەوە خزمەتگوزارییەکی پێویست دابین دەکات کە لە باری مادییەوە بارودۆخی ئێستامان باشتر دەکات. وەها سەنتەرێک نیشان دەدات کە ژنانێک کە پێکەوە هەنگاو دەنێن، دەتوانن بەشێک لە بارودۆخی خۆیان بگۆڕن. دەتوانێ ببێتە هۆی دروستبوونی بنەمایەکی ڕێکخراوی هێز لە نێوان ئەو ژنانەی کە بۆی ئامادەی خەباتن و بنەمایەکیش بۆ مافەکانیان.

سەرەڕای ئەمەش، دژە دامەزراوەکان هێندێک کەموکورتیشیان هەیە. ڕەنگە بە هۆی نیشاندانی ئەوەی کە کێشەکان دەکرێ لە نێو بۆشاییەکانی نێو دامەزراوە هەنووکەییەکاندا چارەسەر بن، ببنە هۆی گەشبینییەکی ناڕاستەقینە بەرانبەر گۆڕان. وەها بەرنامەگەلێک دەتوانن کاتی تەواوی هەموو ئەوانەمان کە لە بزووتنەوەکەدا بەشدارین بگرن، بەبێ ئەوەی داواکارییەکانمان قەت وەدی بێن. وەها چالاکیگەلێک ناتوانن پەیوەندییەکانی دەسەڵات بگۆڕن ئەگەر هیچ داواکارییەک ڕووبەڕووی ئەوانەی دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە، نەکەن.

ئێمە ئارگۆمێنت بۆ گرینگیی ئاوێتەکردنی کردەوە دژە دامەزراوەییەکان لەگەڵ کردەوەی ڕاستەوخۆی ڕێکخراو بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکان لەسەر بنەمای توانایی یەکتر دەهێنینەوە. وەها تەرکیزگەلێکی ڕێکخراو ڕووی لە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانە و بەمەش دژایەتی دەکات لەگەڵ ئەو بەرەنجامگیرییەی کە دەڵێ کۆمەڵگا ناگۆڕدرێت. هەروەها دژایەتی دەکات لەگەڵ گەشبینیی لەرادەبەدەر لە بارەی هێزە هێزەکییەکانی خودیارمەتیکردن لە پێناو گۆڕینی ژیانی ژنان، بە پێداگری لەسەر ئەم خاڵە کە گۆڕانکاریی بەرچاو تەنیا لە ڕێگەی گۆڕانکاریی کاریگەر لە پەیوەندییەکانی دەسەڵاتدا وەدی دێت. بەکەڵکترین ڕۆڵی پڕۆژە دژە دامەزراوەییەکان، دابینکردنی ڕوانگەیەک بۆ جێگرەوەیەک و هاوکات نیشاندانی پێویستیی گۆڕانی داواکراو لە کەسانی خاوەن دەسەڵاتە.

## چۆن دەسەڵات بەدەست دەهێنین؟ (یان ڕۆنان و پاراستنی خوشکایەتیی ڕاستەقینە)

ئێمە چۆن، بە هۆی تەرکیزکردنی تایبەتی لەسەر کردەوەی سیاسی و ڕاستەوخۆ، ئەم لێروانینە لەگەڵ بزووتنەوەکەمان ئاوێتە دەکەین؟ لەو باوەڕەداین کە ئەگەر ئێمە پێکهاتە و چالاکیگەلێکمان هەبوایە کە ژنان لە پێناو خەباتیان بۆ کێشەگەلی دەرهەست تێیدا بەشدار بووبان، ئەو ژنانە پێمان پەیوەست دەبوون. ئێمە پێویستمان بە گۆشەنیگایەکە کە ئیزمان پێ بدات هەم خەباتی درێژخایەن و هەم خەباتی کورتخایەن بکەین و هەروەها کەمپەینگەلێکمان هەبێت کە تەرکیزیان لەسەر براوەبوون بێت. ئەمەی لە خوارەوە دێت، کورتکراوەیەکی تایبەتی ئەو خاڵانەن کە هەست دەکەین دەبێ لە هەڵبژاردن و پلانڕێژی بۆ کردەوەی ڕاستەوخۆ لەبەرچاویان بگرین:

ئامانجەمانی بزووتنەوەکە دەبێ ئەو ئامانجانە بن کە بتوانن:

- پەیوەندییان بە زۆر ڕەهەندی ژیانی ژنان هەبێت و بەرینتریان بکەن.
- ڕوانگەیەک بگۆڕن بە چالاکییەکی تایبەتی.
- یارمەتیی ژنان بکەن تا ڕێزگرتن لە خود بەدەست بێنن.
- ژنان یەکگرتوو بکەن و دامەزراوەیەکی جەماوەری دروست بکەن چونکە تەرکیز دەکاتە سەر پێویستییەکانی ژنان.
- ئەو پێویستییە هەستپێکراوانە بناسێنن کە ژنان بەرەو خەبات بۆ چارەسەریی کێشەکانیان پاڵ پێوە دەنێن.

پڕۆژەیەک دەبێ هەڵبژێردرێت کە:

■ ژنان بەرەو کردەوەی ڕاستەوخۆ و گرووپگەلێک کە تێیاندا دەتوانن هەوڵەکانیان هەڵسەنگێنن، پاڵ پێوەبنێت (بۆ نموونە، دامەزراوەکانی هەنووکە)

■ بتوانێ بە شێوەیەکی تایبەتی دیاری بکات کە چ دامەزراوەگەلێک و کێ لە نێو ئەو دامەزراوەگەلەدا کۆنترۆڵی بەسەر پرسەکانەوە هەیە و دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کە لە ژێر گوشاردا ڕیفۆرم بکات.

■ دیاری بکات کە سەرکەوتن چی دەبێت.

پرۆژەکە دەبێ:

■ قۆناخبەندی کرابێت و وەکوو ڕیفۆرمگەلێک کە بە شێوەیەکی دەرهەست، بکرێ بەدی بهێنرێت، خەباتی بۆ بکرێت.

■ چالاکیی هەنگاو بە هەنگاو بۆ تاکەکان دیاری بکات.

خستنەگەڕی ستراتێژییەکە: نموونەیەک

لە ڕەوتی پەرەپێدانی ستراتێژییەکی دەرهەست، گرینگە پلان بۆ کەمپەینگەلی تەواو کە فرەڕەهەندن و پرسێکی گشتی دەخەنە قاڵبی بەرنامەیەکی شایانی جێبەجێکردنەوە، دابنرێت. لێرەدا نموونەیەک دەهێنینەوە لەوەی کە چۆن ژمارەیەک لە ئێمە پرۆژەیەکمان پەرەپێداوە لە بواری خەبات بۆ بەخێوکردنی منداڵ لەگەڵ کۆمیتەی کردەوەی بەخێوکردنی بەجێی منداڵ. ئێمە پرۆژەکەمان لەسەر بنەمای ئەو بۆچوونانەی لەم نووسینەدا خرانەڕوو، دارشت.

ئایدیۆلۆژی: بڕیارمان دا کە خەبات بۆ سیستەمێکی بەخێوکردنی منداڵ کە ئازاد، بیست و چوار کاتژمێری بێت و لە لایەن دایکوباوکانەوە کۆنتڕۆڵ بکرێت لەگەڵ ڕێوشوێنە ئایدیۆلۆژییەکانمان دەگونجێت. سەرەڕای ئەمەش، ئەم هەڵوێستەمان، وەکوو دەربڕینێکی سەرەتایی ئامانجەکانمان، لاوازییەکی تێدابوو. بەرزکردنەوەی ئاستی داخوازییەکەمان پێش لەوەی دامەزراوەیەکمان هەبێت، ئێمەی لەو ژنانەی کە دواتر بوونە بەهێزترین هاوپەیمانمان، بێگانە کرد. ڕوانگەمان زۆر لە ڕاستیی بارودۆخی هەنووکە بەدوور بوو بە جۆرێک کە بە تەواوی ناواقعبینانە دەهاتە بەرچاو. کاتێک چەندین داخوازیمان جێبەجێ بوو و تێیاندا براوە بووین، ئەودەم بردنەسەرەوەی ئاستی ئیدەئالەکانمان عەقڵانیتر و جێی پەسندتر بوو چونکە ئەگەری ڕوودانی ڕاستەقینە بوو و ژنان لە بەرەبەری خاوەنداریەتیی هەستێکی دەسەڵاتی خۆیان بوون.

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە ئێمە بڕیاری وەڕێخستنی دامەزراوەیەکی جەماوەریمان دابوو. ئێمە خەریکی هەوڵدان بۆ نزیکبوونەوە لە گرووپی دیکەی ژنان بووین، دامەزراوەیەکی فێمێنیستی دژەسەرمایەداری کە جیاواز بوو لەوانەی ئەودەم لە «یەکیەتیی ڕزگاریی ژنانی شیکاگۆ»دا بوون. هەستمان کرد کە ئەو ژنانەی کە لە «کۆمیتەی کردەوەی بەخێوکردنی بەجێی منداڵ»دا چالاک بوون، بە شێوەیەک مەیلیان بە لای پەیوەستبوون بە «CWLU» هەیە. وەها ژنگەلێک ڕەنگ بوو هیچکات بە دامەزراوەیەکی ڕزگاریی ژنان پەیوەست نەبووبان کە هێندێک جێگرەوەی مامنێونجی نەبا. بەڵام بەدەر لەوەی کە ئەوان پەیوەستی «CWLU» دەبن یان نا، بیرۆکەکانی بزووتنەوەکە و هێزەکەی بە هۆی ئەم شکڵە جەماوەرییەوە گەشە دەکەن.

ئەمە بەو مانایە نییە کە بڵێین گرینگە پێش لەوەی بکرێ دامەزراوەیەکی جەماوەریتر دابمەزرێت، پێویستە دامەزراوەیەک هەبێت. بەڵکوو، لە هەر شارێکدا بە جیا، ژنان پێویستە دیاری بکەن دەیانهەوێ لە کێ نزیک ببنەوە و بەستێنی سیاسیی بارودۆخی خۆیان چۆنە.

ئێمە دژی بەرزکردنەوەی ئاستی ڕوانگەمان وەکوو داواکارییەک نین، لە ڕاستیدا، هێندێک حاڵەت هەن کە ڕەنگە تێیاندا زۆر گرینگ بێت. سەرەڕای ئەمەش، بە هۆی ئەزموونمانەوە فێر بووین کە چەندە

گرینگە بە تەواوی بزانین دەنگدەرانی بیاڤێکی هەڵبژاردن کێن و ئەوە چیە کە دامەزراوەکە لە هەوڵی جێبەجێکردنیدایە.

کێشـــەی دووهەم کە رووبەرووی بووین لە تێگەیشـــتنمان لە سەرکوتکردنمان وەکوو ژنان بوو. دەمانزانـــی کە بەخێوکردنی منداڵ کێشـــەیەک بوو بـــۆ زۆرێک لە ژنـــان، بەڵام نەمانتوانـــی ئەو کێشـــانەی وەهـــا ژنگەلێک رووبەڕوویانـــن، لەبەرچاو بگریـــن. ڕێک ئەو ژنانـــەی کە ئێمە هیوادار بووین بەشـــدار بن (ئەوانەی منداڵی چووکەیان هەبوو) لە نێو ئەو کەســـانەدا بوون کە کەمترین ئەگەری هەبوو لە هەر جـــۆرە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیدا بەشـــداری بکـــەن. هۆکارەکـــەی ئاســـانە، ئـــەوان کاتیان نییە (چونکـــە خزمەتگوزاریی بەخێوکردنـــی منداڵیان بۆ دابیـــن نەکراوە)، کەمتر دەجووڵن و خۆیان بە ئەندامی چالاکی کۆمەڵگا نازانن. ئەو بانگەشـــە زاڵەی کە دەڵێ ژنان پاش ئـــەوەی منداڵەکانیـــان دەچن بۆ قوتابخانە، پێویستە شتێک بکەن دەبێتە هۆی ئەوەی ئەگەری ئـــەوەی ئەو ژنانە مەیلیان بە بەشداربوون هەبێت، دابەزێت.

پەرەپێدانی ســـتراتێژییەک: ئێمە ســـێ مانگی تەواو بە کۆکردنەوەی زانیاری لە باری هەر ڕەهەندێکی پرسی منداڵ بەخێوکردن و بیرکردنەوە لـــە جێگرەوەکانی حەزی زۆر بۆ دەســـەڵاتەوە خەریک بوویـــن. پاش قۆناخی ســـەرەتایی، گـــەران و بیرکردنەوەکانمـــان خرایە خزمەت کردەووە. ئێمە دەســـتبەجێ ئاســـتی فیدراڵمان لە کارەکانماندا ســـڕییەوە چونکـــە بەبـــێ هەبوونـــی دامەزراوەیەک لە ئاستی نەتەوەییدا لە پێناو سەپاندنی ئاڵوگۆڕ، هێرشکردن لە ئاستی فیدراڵدا زۆر دوورمەودا دەهاتەبەرچاو. سەرەڕای ئەمەش، لەو کاتانەی کـــە بەڕێوەبەرایەتییە لۆکاڵییەکان بەراســـتی دەسەڵاتیان هەیە، ئەوە ڕەنگە ئامانجگەلێکی دروســـت بـــن. وا دەردەکەوت کە ئاژانســـە دەوڵەتی و لۆکاڵییـــەکان (و ڕەنگە هێندێک لە شـــاخە فیدراڵـــەکان کە بەرپرســـیارەتیی خســـتنەرووی ڕێوشـــوێنەکان و چاودێـــری بەســـەر بەرنامە دەوڵەتـــی و لۆکاڵییەکانیان هەبوو) ئامانجگەلێکی ئاسانتر و سەرکەوتووتر بـــن. بە هۆی ئـــەوەی لە ئاســـتی دەوڵەتیدا کۆماریخـــوازەکان و لـــە ئاســـتی لۆکاڵیـــدا دیموکراتـــەکان زاڵـــن (زۆربەی جـــار وایە)، بیرمان لە ڕێگەگەلێک بـــۆ بەکارهێنانیان لە دژی یەکتر کردەوە.

لە گەران و هەوڵەکانمانـــدا، هەوڵمان دا سەرچاوە ڕاستەقینەکانی دەسەڵات لە بەرانبەر دەســـەڵاتە رووکەشـــەکان و کارکردەکانـــی پەیوەندییـــە جەماوەرییـــەکان دیاری بکەین. خزمەتگوزاریـــی منداڵ بەخێوکـــردن وەکوو کێشـــەیەک لە ئارادایە چونکە بەڕاستی هیچ بودجەیەکی بـــۆ دیاری نەکـــراوە. هەر بۆیە، دەسەڵاتی ڕاستەقینەی کەمتر لەوە هەیە کە بکرێ شـــەڕی بۆ بکەیت. ئەوەی کە بگوترێ خزمەتگوزاریـــی منداڵ بەخێوکـــردن ببێتە ئەولەوییەت (کـــە پێدانی بودجە پێی دەکاتە پێویســـتییەک) لەوەی کە خوازیاری گۆڕینی ئاراستەی بودجەی لەئارادابوو، زۆرکردنی یان کۆنترۆڵکردنی بین، زۆر بەرزەفڕانەترە.

تەرکیزی تایبەتی کارە سەرەتاییەکەمان، ڕەچاوکردنی ئەم خاڵانـــەی خوارەوەی لەخۆ دەگرت:

١ ئەوە کێشەی کێیە؟ کێین ئەوانەی ئەگەری هەیە دەنگدەری بیاڤی هەڵبژاردنمان بن؟ ئەوان چۆن پرســـەکە دەبینن؟ هەموو ڕەهەندەکان دەبوو ڕەچاو بکرێن و بۆ هەرکامیان کردەوەی و ویســـتی تایبەت لەبەرچاو گیرا. بۆ نموونە، ئەو ژنانەی کە پێویســـتیان بە خزمەتگوزاری منداڵ بەخێوکردن هەیە، ئەوانەن کە:

١.١ ـ بە ڕۆژ یان بە شەو کار دەکەن.

٢.١ ـ لـــە قوتابخانـــەکان یـــان بەرنامـــە ڕاهێنانییەکان .

٣.١ ـ ناتوانـــن پارەی خزمەتگوزاریی هەرزان یان مامنێونجیی بەخێوکردنی منداڵ بدەن.

٤.١ ـ تۆمەتـــی تووندوتیـــژی دژی منداڵیان لێ دەدرێت یان لە بەرنامەکانی ســـەرلەنوێ خۆگونجاندن لەگەڵ کۆمەڵگادا بەشدارن (بۆ نموونە، بەرنامەکانـــی بەرکارهێنانی ماددەی هۆشـــبەری زۆربـــەی جار بودجـــەی زۆریان هەیە)

٥.١ ـ نایانهـــەوێ ســـەر بـــە خزمەتگوزاریی باشگوزەرانی بمێننەوە یان پاڵیان پێوەدەنێن.

٦.١ـ دەیانهەوێ شـــوێندانەری لەسەر جۆری ئـــەو خزمەتگوزاریـــی بەخێوکردنـــی منداڵە دابنێن کە بـــۆ منداڵەکانیان لەئارادایە (لەوانە بەکارهێنانـــی قوتابخانـــە نیوەوەختەکانـــی باخچەی ســـاوایان کـــە زۆرجـــار خۆیان بە تەواوی جیا لـــە بەکارهێنەرانی تەواووەختی خزمەتگوزاریی بەخێوکردنی منداڵ دەبینن).

٧.١ـ بۆ بازاڕکردن یان بەڕێوەبردنی ئەرکێکی دیکەی ماڵەوە پێویستییان بەم خزمەتگوزارییە هەیە.

٨.١ـ بۆ کاروباری خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی یان بەرپرسایەتییە مەدەنییەکان پێویستییان بـــەم خزمەتگوزارییـــە هەیـــە (بـــۆ نموونە، کەنیسەکان، نەخۆشخانەکان و سەنتەرەکانی بازاڕکـــردن دەکرێ بەرانبەر بـــە دەنگدەرانی دەڤەری هەڵبژاردنیان، پشـــتیوانیکەرانیان و ئەوانەی یارمەتییان دەکەن کە بەردەوام بن، بە بەرپرسیار بزانرێن).

٩.١ ـ دایـــک و باوکی جیابووەوەی تەنیان و دەبێ کار بکەن.

١٠.١ـ دەیانهـــەوێ چەنـــد کاتژمێرێـــک لە منداڵەکانیان دوور بن.

١١.١ـ تەنیـــا حەزیان لە کارکـــردن لەگەڵ منداڵانە.

١٢.١ـ خاوەنـــی ســـەنتەری بەخێوکردنـــی ڕۆژانـــەی منداڵن و بە هۆی بەرزیی نرخەکان و پێویســـتییە تووندوتۆڵەکانـــەوە ناتوانـــن سەنتەرەکانیان بەڕێوە ببەن.

١٣.١. وەکوو کەســـانێک کـــە ماڵیات دەدەن دەیانهـــەوێ پارەکەیان بە قازانجی ژنان بەکار بهێنرێت.

٢ سەرچاوەکانی کێشەکە چیە؟

ئەمە توێژینەوە لـــە بەرژەوەندییە جۆراوجۆرە گشتی و تایبەتییەکانی لەخۆ گرت، وەکوو، لە ئاستی دەوڵەتیدا:

- بەڕێوەبەرایەتیـــی خزمەتگوزارییەکانـــی منداڵان و بنەماڵەکان.
- خزمەتگوزاریی هاریکاریـــی کۆمەڵایەتیی بەخێوکردنی منداڵ.
- بەڕێوەبەرایەتیی یارمەتیی دەوڵەتی
- یاسادانەری دەوڵەتی

لە ئاستی لۆکاڵیدا:

- بەڕێوەبەرایەتیی سەرچاوە مرۆییەکان.
- شۆڕای شار .
- بەڕێوەبەرایەتییەکانی شار بە بەرپرسیارەتیی ئیزندان.

بەشە تایبەتییەکانی وەک:

- پیشەسازی
- نەخۆشخانەکان
- زانکۆکان
- فرۆشگا گەورەکان
- کەنیسەکان
- سەنتەرەکانی بازاڕکردن
- یەکیەتییەکان
- پەیمانکارەکانـــی بەشـــی بیناســـازی (هەورەها ڕێوشـــوێنەکانی ئاســـتی فیدراڵ بۆ پەیمانکارەکان، بۆ نموونە کۆدەکانی «HUD»)

٣ کێ لە بارەی پرسەکەوە زانیاریی هەیە؟

لێـــرەدا ئێمە لەگەڵ زۆر بوروکـــرات، توێژەر، گرووپی لابیگەری، ئاژانســـی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتـــی، دامـــەزراوەی کۆمەڵایەتی لە ئاســـتی لۆکاڵ، گرووپەکانـــی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتـــی و ئـــەو گرووپانـــەی ژنـــان کە لەگەڵ ســـەنتەرە ئاوەڵەکانی خزمەتگوزاریی بەخێوکردنـــی منداڵ کار دەکەن، قســـەمان کرد.

وەگەڕخستنی ستراتیژییە سەرەتاییەکە: ئێمە ئامانجـــە دامەزراوەییەکانمان لەبەرچاو

گــرت، وەک: لــە زانکۆکانــدا قوتابییــان و کارمەنــدان، لــە کەنیســەکاندا قەشــەکان و کۆمەڵــگا لۆکاڵییــەکان، لە پیشەســازیدا کارمەنــدان. هەرکامیان وەکــوو پرۆژەیەکی ســەرەتایی بەرتەســکیگەلی خۆیان هەبوو. بــۆ زانکــۆکان، ئەمــە زیاتر لــە خەباتێکی زیاتــر بەلۆکاڵیکــراو دەچوو کــە تێیدا ئێمە پێویستمان بە ڕێکخستن لە نێو خەوتنگەکان هەر لە ســەرەتاوە هەبوو، واتە لەو شــوێنەی کــە پێگەیەکــی ســەرەتاییمان نەبــوو. بۆ کەنیســەکان، ئەمە هێندێک سەرنجراکێش بوو بەڵام لــە زۆربەی حاڵەتەکاندا بەرەوپێش نەدەچــوو، لەبــەر یاســاکانی ئێزنــدان لە شــاردا. بۆ پیشەســازی، ئێمــە تەرکیزمان لەســەر پەرەپێدانــی پەیوەندیگرتــن لە نێو کارخانە خــاوەن یەکیەتییەکان کرد، چونکە یەکیەتییەکــە نوێنەرایەتیــی کارمەندەکان دەکات و هیــچ هۆکارێکــی نەبــوو پێــش لەوەی ئێمە دامەزراوەیەکی ڕاســتەقینەمان هەبێــت، متمانەمان پێ بکات. ئێمە هەروەها خزمەتگوزاریی بژێوی ژیانیشــمان لەبەرچاو گــرت، بــەڵام لێرەشــدا ئێمــە بنچینــەی سەرەتاییمان بۆ پرۆژەکەمان نەبوو.

پاش ئــەوەی هــەر کام لــە بیاڤەکانی ســەرەوەمان بە پرســیاری بەردەوام لەسەر ئــەوەی کە دەتوانین چــی بکەین بۆ ئەوەی پێویستییە ڕاستەقینەکانی ژنان وەدی بێنین و هەســتێکی دەســەڵاتیان پێ ببەخشــین و پەیوەندییەکانــی دەســەڵات بگۆڕیــن، تاوتوێ کرد، بڕیارمان لەســەر ســتراتێژییە ســەرەتاییەکەمان دا. بەپێــی بارودۆخــی بودجەکەمان، تەرکیزمان کردە ســەر بواری ئێزنی کاردان کە بەقەدەر ئەوانی تر پرسێکی گرینگە و هاوکات ئەگــەری جێبەجێکردنی زیاتر بوو. یاســاکانی پێدانی ئێزنی کار پێشی بە کردنەوەی سەنتەری نوێ دەگرت.

ژنان لەبەر پێویستییان بە خزمەتگوزاریی بەخێوکردنی منــداڵ، تێیدا بەشــدار بوون.

کارمەندانی بەشــی بەخێوکردنــی ڕۆژانەی منداڵ پێمان پەیوەســت بــوون چونکە ئێمە دەمانتوانی خزمەتگوزارییان پێشکەش بکەین، پەیوەندییان بۆ ڕێک بخەین و کێشــەکانیان لەگــەڵ بەرێوەبەرانــی شــارەکە لــە پێناو هێنانەئــارای ئاڵوگۆڕی ڕاســتەقینە بخەینە بەرباس. ئەمە بــەو مانایە بوو کــە کاتێک بەقەدەر پێویست کارمەند بەشدار دەبوو، ئەوان مەترســیی تۆڵەکردنەوە لە لایەن شارەوەیان (هەر سەنتەرێک دەکرێ بە هۆی بەکارهێنانی یاســا ســەپێنەرانەکانی پێدانــی ئێزنی کار بە دژیــان دابخرێت) لەســەر بــوو و ئیدی جیاکردنەوەی تاکەکان دژوار دەبوو. ئەوانەی خەســارهەڵگر بوون دایکوباوکیان لەپشتیان بــوون (بە هۆی کۆبوونــەوە جەماوەرییەکان، وەرێخســتنی دیدار بــۆ چاپەمەنییەکان لەو ســەنتەرە جوانانەی کە خەریک بوون لەبەر نەبوونی گوشاری سیاسی دابخرێن).

ڕەهەندێکــی گرینگیــی دیکــەی ئــەم پرســە، نیگەرانیی ژنان وەکوو ماڵیاتدەرە کە پێیان وایــە ماڵیاتەکانیــان خەریکە بە دژی بەرژەوەندییەکانیان بەکار دەهێنرێن. ئەمەش بوو بــە هــۆی بەرینبوونــەوەی بازنەی ئەو کەسانەی پێمان پەیوەست بوون، ژنانێک کە دایک نەبوون بەڵام پرسی ژنانیان بۆ گرینگ بوو و وەکوو ماڵیاتدەر هەستیان دەکرد مافی دەنگهەڵبڕینیان هەیە.

ئەگەرچــی لــە ســەرەتادا پێمانوابوو کە دەنگدەرانــی دەڤــەری هەڵبژاردنەکەمــان هەمووی سپێپێســت دەبن (ئەمــە بنەمای کارمان لە سەرەتادا بوو)، دواتر دامەزراوەیەکی ڕەشپێســت و سپێپێستمان لەسەر بنچینەی بەرژەوەندیی بە شــێوەیەکی ســەرکەوتووانە خودی پەرەپێدا. لە دەڤەرێکی ڕەشپێستەکاندا، ژنــان خوازیــاری دامەزرانی ســەنتەرەکانی خزمەتگوزاریــی منــداڵ بەخێوکــردن بوون چونکە هــەر هیچی لێ نەبوو. لە ناوچەیەکی سپیپێســتی تەنیشــتی، ئەو ژمــارە کەمەی

سەنتەری خزمەتگوزاریی بەخێوکردنی منداڵ کە هەبوو، دانەخرێن. کاتێک ئەمانە یەکیان گرت، پرسگەلێکی هاوبەشی دیکە هاتنەبەرباس.

زانیمان کە چەند سەرکەوتنێکی سەرەتایی بۆ متمانەبەخۆبەخشین زۆر گرنگن. ئەو ناوبانگەی کە ئێوە دەتوانن براوە بن دەبێتە هۆی پەیوەستبوونی کەسانی دیکە پێتانەوە. لە ساڵێکدا، کۆمیتەی کردەوەی منداڵ بەخێوکردنی شایان، ئەم کارانەی خوارەوەی کرد:

**١** شارەکەی ناچار بە پێداچوونەوە بە پرۆسەکانی پێدانی ئیزنی کار بکات.

**٢** بەڕێوەبەرایەتیی سەرچاوە مرۆییەکانی ناچار بە کۆتاییهێنان بە کۆبوونەوەکانی لە پشتی درگای داخراوەوە لەسەر پرسی بەخێوکردنی منداڵ کرد.

**٣** پشتیوانیی ماڵیی یەکەمین کۆبوونەوەی گشتیی بەڕێوەبەرایەتیی سەرچاوە مرۆییەکانی لە ئاگۆستی ١٩٧١ لەسەر کێشەکانی پێدانی ئیزنی کار بە خزمەتگوزاریی ڕۆژانەی بەخێوکردنی منداڵ کرد.

**٤** شارەکەی ناچار بە پێکهێنانی کۆمیتەیەک (نیوەی ئەندامانی کۆمیتەکە سەر بە «ACDC» بوون) لە پێناو پێداچوونەوە بە پێدانی ئیزنی کار کرد، کۆمیتەکە لە لایەن «مولێر سایلێر»، بەڕێوەبەری خزمەتگوزارییەکانی بەخێوکردنی منداڵ لە بەڕێوەبەرایەتیی شارەداریدا بەڕێوەبەری دەکرا.

**٥** شیکارییەکی کۆدە هەنووکەییەکانی لەگەڵ پێشنیار بۆ گۆڕینی نووسی کە وەکوو بنەمایەک بۆ کۆدە نوێیەکانی پێدانی ئیزنی کار بەکار هێنرا.

**٦** پشتیوانیی ماڵیی زنجیرەیەک کۆبوونەوە لە دەڤەرەکە لە پارکی «هاید»، بەشی باشووری ڕۆژئاوا و بەشی باکوور کرد کە تێیاندا نوێنەرانی ئەیالەتی، سیناتۆرەکان و ئەندامانی ئەنجومەنی شار بانگهێشت کرابوون تا هەڵوێستی خۆیان لەسەر پرسەکە دەرببڕن و پشتیوانی لە پێشنیارە تایبەتەکان بکەن.

**٧** یەکەم هەنگاوەکانی بەرەو کونترۆڵی ئەنجومەنی شار بەسەر خزمەتگوزاریی بەخێوکردنی منداڵەوە نا.

**٨** بوو بە هۆی ئەوەی ئەو گرووپانەی پەیوەندیدار بە خزمەتگوزاریی بەخێوکردنی منداڵ کە لەئارادابوون، لە گوشارهێنانیان بۆ هێنانەئارای گۆڕانکاریی زیاتر چالاک بن.

خەباتی دواترمان لە پێناو بردنەوەی گۆڕانکارییەکی دامەزراوە بە دامەزراوەیە لە کاتێکدا خەباتەکانی تر بۆ بڕیاردەربوونی ژنان لەسەر پێدانی ئیزنی کار و بودجە لە لایەن شارەوەیە (کە ئێمە سەرکەوتنی ڕێژەییمان تێیاندا بەدەست هێناوە).

دامەزراوە: کاری سەرەتاییمان تەرکیزی لەسەر ئەوە بوو کە چۆن دامەزراوەیەک ڕۆ بنرێت کە بتوانێ ستراتێژییەکەمان وەگەڕ بخات. باشترین جێگرەوە وێدەچوو ئەو گرووپە کۆمەڵایەتییە لۆکاڵییانە بن کە هەم لەسەر پرسە لۆکاڵییەکانی خۆیان و هەم لەسەر ئەم نیگەرانییانەی کە پێوستییان بە کردەوەگەلێک لە ئاستی شاردا بوو کار دەکەن. وەها گرووپگەلێک بەتایبەتی ئەو کاتە گرینگن کە کاتێک لەگەڵ گرووپێک لە ژنان کار دەکەین کە زۆر چالاک نین و هاوکات گرینگن بۆ بردنەسەرەوەی ستانداردی دێموکراسیی دامەزراوەکە و دابینکردنی هەلی پەرەپێدانی تواناییەکان لە نێوان ژنانی بەشداردا. ئێمە هەروەها پەرەپێدانی پێکهاتەی جۆراوجۆر بۆ زۆر ڕۆڵی جیاواز کە ژنان دەیانویست و دەیانتوانی یاری بکەن، وەکوو بەشە لۆکاڵییەکان، فۆرۆمەکان، شۆڕاکانی خزمەتگوزاریی ڕۆژانەی بەخێوکردنی منداڵ و هەروەها کۆمیتەیەکی پێشڕەو بۆ هاریکاری و بڕیاردان لە دامەزراوەکەدا بە پێویست زانی.

ئەزموون ئێمەی هێناوەتە سەر ئەو باوەڕە کە گرینگە بە شێوەی بەردەوام هەڵسەنگاندن

بۆ ئـەوە بکرێت کـە چـۆن چالاکییەکانی دامەزراوەکـە بنچینـە و دەسـەڵاتی خۆی دادەمەزرێنێـت. هەمـوو کـردەوەکان دەبێ روویـان لە ڕۆنانی دامەزراوەکـە و گرینگیی پرسـەکە بێـت. کاتێـک بڕیارێک لەسـەر کردەوەیـەک دەدرێت لەبـەر گرینگییەکەی لـە بـاری ئەبسـتراکییەوە، ئەوا پێویسـتە ڕێگەگەلێک بۆ پەرەپێدانـی دامەزراوەکە، لە باری سەرچاوەکان، لە باری ماڵییەوە، دەقەری نوێـی هەڵبژاردنەوە، لە باری پرێسـتیژەوە و هەروەها لە باری بڵاوکردنەوەوە (کە دواتر بە خەباتەکەمان زیاد دەبن) بدۆزرێنەوە.

هەروەها بەو قەناعەتەش گەیشـتین کە هەبوونی ڕێکخەرانی تەواووەخت بۆ چالاکیی درێژمـاوە و بـەردەوام زۆر گرینگە. بودجەی سـەرەتاییش بۆ دڵنیابوون لـە بەردەوامیی کاروباری ڕۆژانـەی دامەزراوەکە پێویسـتە. دامەزراوەیەک، کاتێک پێی گرتبێت، دەتوانێ بودجەی خۆی لە لایەن خەڵکەوە دابین بکات بـەڵام قۆناخی سـەرەتایی دژوارترین قۆناخە. کۆمیتـەی کردەوە بە هۆی نەبوونی بودجەوە ناچار بە ڕاگرتنی کاروباری بووە.

## ٣ـ وشیاری

بردنەسـەرەوەی ئاستی وشیاری، پرۆسەیەکە کە بە هۆیەوە ژنان لە سروشـتی ڕاستییەکان تێدەگەن، بە شـێوەیەک کە ڕەنگە بیانگۆڕن. خودئاگاییی کەسێک، پەیوەندیی بە ئەزموونەکانی سۆبژەکتیڤییەوە هەیە. لەم بەشـەدا پێداگری لەسەر کارلێکردنێکی ورد لە نێوان خودئاگایی و ئەزموونی سۆبژەکتیڤیدا دەکەین.

خودئاگایی یان وشـیاری، وشەیەکە کە بە شـێوەیەکی ناڕوون بەکار هاتووە و مانای زۆر شتی داوە: پەرەپێدانی وێنەیەکی ئەرێنی لە خـود، گۆڕین و گەشـەی تاکەکەسـی، پەیوەندیگەلی نوێی هەسـتەکی و جینسـی لەگەڵ ژنانی دیکە یان هەر کام لەمانە لەگەڵ بیرۆکەیەکـی گشـتیی کولتـووری ژنانەوە.

هەروەها مانای تێگەیشـتنێک لە چۆنیەتیی کارکـردی دەسـەڵات لـە کۆمەڵـگادا و ئەزموونکردنی گۆڕینی ئەو کۆمەڵگایە، هەیە.

تێگەیشـتن لـە بەرزکردنەوەی ئاسـتی وشیاری، تا ڕادەیەکی زۆر بەرچاو کاریگەریی لەسەر بزووتنەوەی ژنان داناوە. تەواوی ئیدەی پشتیوانی و خۆشکایەتی وەکوو بەرەنجامێکی هاتنەدیی ڕۆڵ و هەڵسوکەوتی پێشنیارکراوی ژنان بەرانبەر یەکتر هاتووەتە بەرباسەوە. ژنان هەم ئەو هەسـتەیان بۆ دروسـت بووە کە بە هۆی بەرزبونەوەی ئاستی وشیارییەوە کەمتر پەراوێزن و هەم فێر بـوون کە پەراوێزبوونی ژنـان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییـە. ئێمە لەو کێشـانەی کە باوەڕکردن پێیان ئەستەمە و ژنان لە ژیانـی ڕۆژانەی خۆیانـدا لەگەڵیان دەسـتەویەخەن، زیاتـر تێگەیشـتووین و ڕێـزی زیاترمان بۆ ئەو چارەسـەرییانە هەیە کـە لە پێناو مانـەوەدا سـەپاندوومانن. هەر بەم هۆیانەوە، وشـیاری هەم سەرچاوەیەکی هێـز بۆ ژنان بـووە و هەم سـەرچاوەیەکی شـیکاریی تاکەکەسـی بووە. بـۆ نموونە، لە هێندێـک ڕەهەندی ئەوەی کە دەسـەڵات چۆن بەکار دەهێنرێت تێگەیشتووین، چونکە دەتوانیـن ببینیـن کارکری لـە پەیوەندییە تاکەکەسییەکاندا چۆنە.

## وشیاری و ئەزموونی سۆبژەکتیڤەکان

خودئاگایی، وشـیاریی کەسـێکە بەنیسبەت نیگەرانییەکانـی لەمەڕ ئەزموونـی خۆیەوە و ئەوەی کـە چۆن جیهـان بەڕێوەدەچێت. ئـەوەی بەنیسـبەت خودئاگاییـی ڕزگاریی ژنانەوە جێی خۆشـحاڵیمانە ئەوەیە کە ئێمە لـەو باوەڕەداین کە ئەوە بۆ ژنان بەکەڵکترین پێناسەی ڕاستیی هەنووکەیە. ئەمە ماکەیەکی زۆر سەرەکییە بۆ تێگەیشتنێکی فێمێنیستی سۆسیالیسـتی لە وشـیاری. لەو باوەڕەداین کە ئێمە ڕاسـتییەکی بنەمایـی دەبینین و ئەوە ئەمە وێنەیەکی ڕاستەقینەیە لەوەی کە

شتەکان چۆنن و چۆن وایان لێ هاتووە کە دەبێ لە سەرەتادا بیخەینەڕوو. ئێمە خەریکی پێشنیارکردنی یەکێک لەو زۆر ڕێگەگەلە نین کە شتەکان لە ئێستادا وان، ئێمە پێناسەیەک لە پەیوەندییە دیاریکراوەکان دەخەینەڕوو. وەها تێگەیشتنێک شوێندانەرترمان دەکات. ئەمە بۆ ژنان گرینگە چونکە بەو شێوەیە دەتوانن کردەوەیان هەبێت و ئەوەی لێی تێدەگەن، بگۆڕن. وشیاریی فێمێنیستی سۆسیالیستی، وەها بەهایەکی هەیە چونکە بەکەڵکە و ڕاستییە.

دیارە لێک کارکردنێکی زۆر لە نێوان بارودۆخە ئۆبژەکتیڤەکان (جێگە و ڕێگە ماددی و کۆمەڵایەتییەکانی ژیانمان) و وشیاریدا هەیە. تاکێک بە هۆی گۆڕانکارییە مادییەکانەوە وەک منداڵان، هاوسەر و خانووبەرەوە، زۆر جار زیاتر بەپارێزتر دەبێت چونکە وەها کەسێک پێویستە بتوانێ شتی پێویست بۆ کەسانی دیکە دابین بکات (بە هۆی گوشاری یاسایی و کۆمەڵایەتییەوە). یان، خوشکێک بە شێوەیەکی دادپەروەرانە مامەڵەی لەگەڵ ناکرێت (جا لە کارەکەی، لە قوتابخانە یان بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکاندا) یان ئەو مافانەی کە چاوەڕێیانی کردبوو، لێی بێبەش دەکرێت و بەم جۆرە لە ناکاو بزووتنەوەی ژنان ئیدی لەوە دەردەچێت کە تەنیا هی «ئەوان» بێت. لە زۆر ڕێگەی ڕۆژانەوە، بارودۆخە دەرهەستەکان کاریگەری لەسەر زەینەکان دادەنێن.

گۆڕانکاری دەشکرێت بە هۆی وەرگرتنی زانیارییەوە کە شوێن لەسەر بەها زۆرپربایەخەکانمان (بەهاگەلێک کە ڕەنگە بە شێوەی ئاسایی بۆ ڕاگرتنمان لەو شوێنەی کە هەن کارکردیان هەبێت) دادەنێن و دەمانوروژێنن، بێتەدی. ڕەنگە گۆڕانکاری لە ئاکامی مردنی ژنان بە هۆی لەباربردنی نایاساییی منداڵەوە یان بە هۆی پەرچەکردار بە کۆمەڵکوژیی «مای لای»ەوە بێیتە ئاراوە. زانیاری لە ڕێگەی دانانی ژیانیان لە نێو بەستێنێکی نوێوە، وشیاریمان دەگۆڕن (بە جۆرێک پێش لە بارودۆخمان کاریگەریی هەیە). ئێمە زۆربەی جار لەو بڕوایەداین کە ئەم گۆڕانە لە ڕێگەگەلێکی گرێدراو بە ڕابردووەوە ڕوو دەدات تا ئەوەی بە هۆی دابڕانێکی تەواو و لە ناکاو لەو ڕابردووەوە ڕوو بدات.

زۆربەی جار، گۆڕانێک لە بارودۆخی تایبەتی و وشیاریدا وێکڕا ڕوو دەدەن و بەشێکن لە پرۆسەیەک کە چەندین مانگ دەخایەنێت ئەگەر نەڵێین بە درێژاییی ژیان ڕوو دەدات. ژیانی مادیمان دەگۆڕێت و بیرکردنەوەمان لە بارەیەوە دەگۆڕێت و خۆشمان دەگۆڕێین. (بەو جۆرەی کە بیرۆکە بەناوبانگەکەی «فرۆید» هەموو ڕووداوەکان دەبەستێتەوە بە سەردەمی منداڵیمانەوە چونکە ڕوونە ئێمە هەمان ئەو کەسانەین یان هەمان ئەو «خود»ەی ڕابردووین). ڕەنگە بارودۆخێک یان زنجیرە بارودۆخێک کاتالیزۆرێک بێت بۆ وەرگرتنێکی نوێی ڕاستییەکان، بەڵام ئەمە زۆربەی جار کۆکراوەی ڕووداوەکانی ترە.

لەو باوەڕەداین کە گرینگە لە بزووتنەوەکەماندا پێداگری لەسەر ڕوونبوونی پرسی وشیاری بکەینەوە. هەموومان خودئاگاییمان هەیە. هەموومان لە «ئاست» یان «ئاستەکان»ی وشیاریی خۆماندا پێکدژیگەلێکمان هەیە. هێندێک فاکتۆری ژیانمان ڕەنگە بەو مانایە بێت کە ئێمە پێداگری لەسەر شتگەلێکی تایبەتی دەکەین کە بە ڕاستیان دەزانین و چاوپۆشی، یان حاشا لەوانی تر دەکەین یان تەنیا ئامادە دەبین لەگەڵ ئەو شتانەی تر کە بە ڕاستیان نازانین بژین. بزووتنەوەکەمان پێویستە جێگرەوەگەلێک کە ئەگەری جێبەجێکردنیان هەیە بۆ ژنان بخاتە ڕوو. ئەم جێگرەوە نوێیانە، دەتوانێ یارمەتیدەریان بێت ئەو پێکدژییانەی لەگەڵی دەژین نەهێڵن (ئەمە بۆ خۆشمان

وەڕاست دەگەڕێت).
لێرەدا گرینگە کە ئەوەی دەیخەینەڕوو، ڕوانگەیەک لە ڕاستی بێت. بۆ نموونە، ژنان زۆرجار ناتوانن بزانن دوژمنیان کێیە چونکە ئەو دوژمنە بە ئاسانی ناکەوێتە بەرچاو. هەر بۆیە، زۆرجار خەڵک تووڕەیی خۆیان بەسەر کارراپەڕێنەرێکی تا ڕادەیەک بێدەسەڵات (بۆ نموونە، پێشخزمەتێک لە ڕێستورانتێکدا) کە خواستی کەسانی تر جێبەجێ دەکات بەتاڵ دەکەنەوە، یان بەسەر کەسێکیدا بەتاڵ دەکەن کە ناتوانێ بە باشی کارەکانی لەو بارودۆخەی تێی کەوتووە، جێبەجێ بکات و هاوکات دەسەڵاتی گۆڕانکاریکردنی (بەتەنیای) نییە (بۆ نموونە مامۆستای قوتابخانە یان دایک). ئەوەی بیرۆکەمان سەرنجراکێش دەکات ئەوەیە کە ئێمە بنج و بناوانی شتەکان دەبینین. ئەمەیە مانای وشەی «ڕادیکاڵ».

## وشیاریمان چیی پێیە بۆ خستەڕوو

کەواتە تێگەیشتنمان لە وشیاری چیی هەیە بۆ خستەڕوو؟ ئەو ئیزنە بە ژنان دەدات کە لە بارودۆخ یان زنجیرە بارودۆخە تایبەتییەکاندا پێکهاتەی ئۆلگووەکان ببینن. ئەمە دەبێتە هۆی بەرهەمهاتنی وێنەیەک لە ڕاستی کە ئیزن بدات باشتر کارەکانیان جێبەجێ بکەن چونکە تیکەکان لەگەڵ یەکتر دەگونجێن. بەڵام ئێمە دەتوانین پتر لە ئۆلگووی پێکهاتەیەک بخەینە ڕوو: ئێمە دەتوانین هۆکارەکانی پشت ڕووداوەکان بخەینەڕوو. تەنیا کاتێک ئەم هۆکارانە دەناسین دەزانین چۆن ئەم ڕووداوانە بگۆڕین (نەک ئەوەی دووپاتیان بکەینەوە یان بە هۆیانەوە دەستەوەستان بین). ئەمە ڕێگەیەکی سیستەماتیک بۆ پەرەپێدانی بیرۆکەکانمان لە ئایدیۆلۆژییەوە بۆ ستراتیژی، بەرنامەڕێژی و تاکتیک، چونکە ئەوەی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان گرینگە دەناسین.
ئێمە دەبێ لە پرسی بەرزکردنەوەی وشیاری لە پەیوەندی لەگەڵ بارودۆخە ئۆبژەکتیڤەکاندا تێبگەین. ژنان ناتوانن لە ڕێگەی هەوڵی ماندوونەناسانەوە «وشیاریی بەرزتر»یان هەبێت. ژنان بەربەستی ڕاستەقینەیان لەپێشە. تەنیا خستنەڕووی جێگرەوەکان زۆرجار نایانکاتە جێگرەوەی بەجێ یان ڕاستەقینە بۆ ژنان. ئێمە پێویستە هەمیشە شتەکان بە ژیانی ژنانەوە بە شێوەیەکی دەرهەست ببەستینەوە.
سەرنجراکێشترین شتێک کە گرووپێکی بەرزکردنەوەی وشیاری ئەنجامی دەدا ئەوەیە کە یارمەتیمان دەکات ئەو کێشە کۆمەڵایەتییانە ببینین کە جاران پێمان وا بوو تاکەکەسین. ئێمە پێویستە بەردەوام چاومان لەسەر ئەو ڕاستییە بێت کە چۆن ئێمە لەگەڵ زۆربەی ژنان جیاوازییەکی ئەوتۆمان نییە. ئێمەش بەرانبەر زۆر بارودۆخی بە شێوەی هاوشێوە ئۆبژەکتیڤ، پەرچەکردار دەنوێنین (هەر لە حەبی پێشگرتن بە دووگیانی بگرە تا کەمبوونی پیشەی ئابووری، زۆربوونی کورەلاوەکان لە زانکۆکاندا و هتد). ئەمە یارمەتیدەرمانە بە دروستی دادوەری لەسەر پرسەکان بکەین. بۆ نموونە، ئەوە ڕزگاریی ژنان نییە کە خەریکە کێشە بۆ بنەماڵەی ناوکی (و: تەنیا پێکهاتوو لە دایک و باوک و منداڵەکان) ساز دەکا. بە جۆرێک، ئێمە بەرهەمی زۆرێک لە کێشەکانی بەرهەمهاتووی ئەو دۆخەین. بە جۆرێک، ئێمە کاریگەریمان لەسەر داهاتووی ئەو کێشە و جێگرەوە پێشکەشکراوەکان هەیە. هەر بۆیە، لێک کارکردنی بەردەوام لە نێوان هێزە ئۆبژەکتیڤ و سۆبژەکتیڤەکاندا لە ئارادایە. وشیاری بەنیسبەت ڕزگاریی ژنان کە پەسنی جەماوەری لەگەڵە، خۆی لە خۆیدا ئەو شتە نییە (وەک هەموومان دەزانین) کە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی بەرهەم بێت.

## دەرەنجامەکانی وشیاریی فێمێنیستی سۆسیالیستی

ئێمە نووسینەکەمان بە ڕێنوێنییەکی سێ

خاڵی بۆ ستراتیژی دەست پێ کرد: ١) بردنەوەی ریفۆرمی دەرهەست و ڕاستەقینە کە پێویستییەکانی ژنان دابین بکات، ٢) دانی هەستی دەسەڵاتی خود بە ژنان، ٣) گۆڕینی پەیوەندییەکانی دەسەڵات. تێگەیشتن لە وشیاری، ڕێگەمان پێ دەدا لە پێویستییە ڕاستەقینەکانی ژنان و ئەو ڕێگەگەلە تێبگەین کە بێدەسەڵاتیمان، کاریگەریمان لەسەر دادەنێت و ویستیی گۆڕینی پەیوەندییەکانی دەسەڵاتمان تێدا دروست دەکات.

ئەمە قسە و کردەوە پێکەوە بە بەردەوامی گرێ دەدات و شوێنێک پێناسە دەکات کە بە هۆیەوە پێداگری لەسەر هەر دوولایەنە بکرێت. یارمەتیمان دەکات ئەولەوییەتەکانمان لە پەیوەندی لەگەڵ بارودۆخێکی دەرهەست دیاری بکەین. (بەم جۆرە ئێمە لە پرسگەلێکی بە تەواوی ئەبستراک تێدەپەڕین و هەر پرسێک لە بارودۆخی تایبەتی خۆیدا دەبینین، وەکوو پرسێک کە ئەگەری هەیە سەرنجمان ڕابکێشێت یان نەکێشێت، ئەویش بەستراوەتەوە بەوەی کە چۆن پەیوەندی بە ژیانی ئەو ژنانەوە کە دەتوانین ڕوویان تێبکەین و مەسەلە پەیوەندیدارە ستراتیژییەکانی دیکەوە هەیە).

ئەوە هەروەها دەبێتە هۆی ئەوەی ئێمە لەگەڵ هەر بڕاردەیەک کە ژنان بۆ ژیانی خۆیان هەڵیدەبژێرن، تا ڕادەیەک باشتر هەڵبکەین چونکە دەبینین کە بڕیارە خودئاگاکان چۆن بە توندی بەستراونەتەوە بە بارودۆخە هەنووکەییەکانەوە. ئێمە بڕوای تەواومان بە تارادەیەک کاملبوونی خەڵک هەیە (بە سەرنجدان بە گۆڕانکارییەکان لە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان و گۆڕانە یەک لەدوای یەکەکانی خودئاگایی). هاوکات ئێمە لە بارەی ڕادەی کاملبوونی تاکەکەسی بەپارێزین. ئێمە دەزانین لەم کۆمەڵگایەدا هیچ کەسێک ڕزگاری نابێت بەدەر لەوەی ئاستی وشیارییەکەی چەند بێت. ئێمە بە هۆی کۆمەڵێک بەربەستیی تایبەتی و هەنووکەیی کە کاریگەری لەسەر هەموو ژیانمان دادەنێن، بەستراوینەتەوە.

هەر بۆیە، خودئاگایی یان وشیاری، ئەبستراکت نییە (ئەگەرچی ڕەنگە بە جۆرێک ناڕوون بێت). وشیاری لە زەینی تاکەکەسێکەوە سەرچاوە ناگرێت (ئەگەرچی تەرکیزی ڕۆشنبیرانە پەرەی پێ دەدا). وشیاری وەکوو پێویست لە هەموو کردەوە تاکەکەسییەکانی تاکەکەسێکدا ڕەنگی نەداوەتەوە، بەڵام لە کردەوە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕەنگی داوەتەوە. وشیارییەکی فێمێنیستی سۆسیالیستی بە دڵنیاییەوە پرۆسەیەکی سروشتی یان خودبەخودی نییە بە جۆرێک کە پێمان وا بێت هەر کات ژنان لە دەوری یەکتر کۆ ببنەوە، هەمیشە ڕوو بدات. هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە ڕووداوەکان بە خێرایی بۆ ڕوونکردنەوەی هێزە کۆمەڵایەتییەکان دەچینە پێش (وەکوو ڕاگەیاندنی شەڕ، دەستبەسەرکردنەکان، ئەستەم بوونی ئابووری، ئاستی لەحاڵی بەرزبوونەوەی جیابوونەوەی ژن و مێرد و هتد زۆرجار ڕووداوەکان دەبنە پێش)، وشیاریمان ڕوونتر دەبێتەوە. وشیاری بۆ گەیشتن بە دەسەڵات زۆر گرینگە، نە تەنیا لە ژیانی تاکەکەسیماندا بەڵکوو وەکوو هێزێکی کۆمەڵایەتی کە خەریکە خۆی دەدۆزێتەوە و لە پێناو خۆیدا کار دەکات.

زۆر شت بوونەتە هۆی ئەوەی بڕوامان بە ڕزگاریی ژنان بێت. بە هۆی لێدوانمان لەگەڵ ژنانی دیکە، بە هۆی تێگەیشتن لە سروشتی گەورەکردنمان و ژیانمان وەکوو ژنان، چۆنییەتیی سەرکوتی خۆمانمان ناسیوە. سەرەڕای ئەمەش، ئەو گۆڕانکارییانەی کە پێمان وایە بۆ ئێمە بەردەوامتر دەبن ئەوانەن کە بە هۆی بەشداریکردن لە چەندین چالاکیی جۆراوجۆردا هاتبنە ئاراوە، گۆڕانکاریگەلێک کە بە هۆی بەشداریمان ئێمە بەرەو تێگەیشتن و گۆڕانی زیاتر دەبەن. لە پرۆسەی

خەباتمان لە پێناو گۆڕینی سەرکوتکردنمان، دەست دەکەین بە تێگەیشتنی هەم شکڵە تایبەتییەکانی سەرکوت و هەم ئەوەی چۆن پەیوەندییان لەگەڵ یەکتر هەیە.

ئێمە لەو بڕوایەداین کە ئایدیۆلۆژییەک کە تەنیا بە هۆی بەرپەرچدانەوە و وتووێژەوە ڕێنمایی کرابێت، لە ڕاستیی ڕووداوەکان دادەبڕێت و لە لایەن زۆربەی ژنانیشەوە پەسندکراو نابێت. پتر لەمەش، ئەگەر بمانەوێ بزووتنەوەکەمان بەردەوام بێت لە پەرەگرتن و ڕۆیشتن بەرەو گۆڕینی سەرکوتکردنمان وەکوو ژنان، ئەوا پێویستە لە زۆر چالاکیی جۆراوجۆرماندا کە بنەمای دەسەڵاتمان ڕۆ دەنێن، یەکگرتوو بین. ئەمەش بە نۆرەی خۆی پەرە بە ئایدیۆلۆژییەکەمان و تێگەیشتنمان لە سەرکوتی ژنان دەدات.

## گرووپە ڕەپەکان

ئەو شێوازی بەرزکردنەوەی وشیارییەی کە بە زۆری لە بزووتنەوەی ژنان بەکار هاتووە، گرووپە ڕەپەکان بوون. ڕاستیی بەشداریی گرووپی، لە گۆڕینی هەستی پەراوێزخراوی و تاکەکەسبوونی ژناندا زۆر گرینگ بووە. ئەوەش تێگەیشتن لە بەکۆمەڵبوونی بەرژەوەندی لە نێوان هەموو ژنان و لەوەی کە چی بۆ گۆڕانکاری پێویستەی، ئاسانتر کردووە. گرووپە ڕەپەکە ئەو بەستێنەیە کە تێیدا هەر کەسێک دەتوانێ شوێندانەریی خۆی تێدا هەبێت. ژنان دەتوانن بە هۆی تێگەیشتن لە ئەزموونی یەکتر و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو هەستانەی کە ئەزموون خولقاندوونی، پەرە بە تواناییەکانیان بدەن. بەڵام لەبەر ئەوەی وشیاری و بارودۆخەکان لێک گرێدراون، گرووپە ڕەپەکان بۆ خۆیان ڕەنگە بگەنە بۆنبەستێک.

ئەوان دەکرێ ببنە هۆی تەرکیزکردن لەسەر باشترکردنی بیرۆکەکان یان خودی تاکەکەسێک بەبێ ئەوەی بیر لە کردووە بکرێتەوە. نابێ خالیسبوونی پاڵاوتن و سەرلەنوێ پێناسەکردنی بێکۆتایی لەگەڵ سەرکەوتن بەهەڵە بگیردرێت. شیکارییەکی باش هاوتای کردەوە نییە. وشیاری نابێت لە خۆیدا ببێتە ئامانجەکە و پێش لە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات بگرێت. ئێمە داکۆکی لە گۆڕینی ناگرینگیی زەین یان کەمتەرخەمیی بەختەوەرانە بەرانبەر هەموو کێشەکان جگە لە کێشە زۆربەرتەسکەکان بۆ هەمووان ناکەین. ئێمە پێمانوایە کە ئایدیۆلۆژی دەبێ لە نێو ژیانی لەحاڵی بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەکەدا بگونجێندرێت و ئەوە کە ئەمەش کاتێک بە باشترین شێوە ئەنجام دەدرێت کە بە هۆی گۆڕانکارییە دەرهەستەکانییەوە ئاکامی کردەوەکانەوە تاقی بکرێتەوە.

بەستێنی گرووپی ڕەپ ڕەنگە بەربەستێکی دیکە بخاتە بەردەم پەرەپێدانی تەواوی بزووتنەوەکە. زانین بە نموونەی زیاتر و زیاتری کاریگەرییەکانی سەرکوتکردنی ژیانی تاکەکەسی دەتوانێ ئەرکی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و تاکەکەسی نەلواو بنوێنێت. دژوار نییە بگەینە شوێنێک کە لەودا هەر هەوڵێک بۆ ڕزگاری، مانای خۆی لەدەست بدات چونکە ناکرێ بە یەک جار هەڵسوکەوتە بەکۆمەڵایەتییە سەرەتاییەکان بگۆڕدرێن. کردەوەی ڕاستەوخۆ، گرووپە ڕەپەکان کامڵ دەکات. ئەم کردەوانە دەبنە هۆی دابین بوونی دەرەتان بۆ پەرەپێدان و بەکارهێنانی توانایی نوێ و هاوکات هێنانەئارای گۆڕانکاری. لەم بەستێنەدا، هەم گرووپە ڕەپەکان و هەم پەرەپێدانی شیکاریی فێمێنیستی سۆسیالیستی، دەتوانن بەبێ مەترسیی خالیسبوون یان هیوابڕاوییەوە بچنە پێش.

پەرەپێدانی تەواوی تواناییەکانی ژنان دەکرێ بە هۆی خودی ئەو شتانەی لە بەرزکردنەوەی هوشیاریدان تووشی بەربەست ببێت، شتێک کە لە سەرەتادا وا دیارە

دەبێتـــە هـــۆی هاندانی گەشـــەکردن. ژنان لەســـەر بنەمای لاوازیی هاوبەش و کێشـــە هاوبەشـــەکانیان یەک دەگـــرن. کاتێک ژنان بەهێزتـــر دەبن، ڕەنگە بۆ خۆیـــان لەو دۆخە نوێیە بترسن، هێندێک جار بەهێزیی یەکێک ڕەنگـــە ببێتە هۆی دوورکەوتنـــەوەی ئەوانی تر لێی. هەر بۆیە ڕەنگـــە کاتێک بەهێزبوون بێتەدی، خۆشکایەتی نەمێنێت.

## ٤ـ کێشەکان

بـــۆ ڕوونکردنـــەوەی زیاتـــری ئـــەوەی کـــە مەبەستمان لە فێمێنیستی سۆسیالیستی چیە، لەم بەشەدا باسی چەند کێشە کە بزووتنەوەی ژنان لـــە ئێســـتادا ڕووبەڕوویانـــە، دەکەین. بـــۆ هەر کام لەم کێشـــانە، جـــۆرە وێنەیەک لەوەی کە ئێمە مەبەســـتمان لە بەستێنێکی فێمێنیستی سۆسیالیستی چیە، دەخەینە ڕوو. پرســـەکان بریتین لە جیابوونەوەی دامەزراوە ســـەربەخۆکانی ژنان، ڕێکخستنی چینایەتی، دژەکولتوور، لێسبیەنیزم و پێشڕەوان.

## دامەزراوە سەربەخۆکانی ژنان

لەگەڵ پەڕاوێزبوون و بارودۆخی ڕێکنەخراوی بزووتنەوەی ژنان لە ژمارەیەک ناوچەی وڵاتدا، زۆرێـــک لەو ژنانەی کە ڕەنگ بوو لەگەڵ ئەو بیرۆکانەی لێرە خرانەڕوو، هاوڕا بن، لە ئێستادا وەکوو بەشـــێک لە بزووتنەوەی سەربەخۆی ژنـــان تێکۆشـــانیان نییـــە. زۆرێک لـــە ژنان خۆیان خزاندووەتەوە نێو دامەزراوە ئاوێتەکان یان بزووتنـــەوەی ژنانیان بەجێ هێشـــتووە چونکە هەستیان کردووە تواناییەکانیان ڕەت دەکرێتەوە.

زۆرێک لە ژنان لـــە دامەزراوە ئاوێتەکاندا کاتێـــک پێیـــان دەزانرێ کە ئـــەوان کار بۆ ڕزگاریـــی ژنـــان دەکەن، یان ئەوە هەســـتی گوناهبارییان بۆ دروســـت دەبێت یان ئەوەتا هەستی دوژمنکارانەیان بەرانبەر بزووتنەوەی ســـەربەخۆی ژنان دەبێت (چونکە هەســـت دەکەن بزووتنەوەکـــە لەبەر هەڵبژاردنەکەیان شـــەرمەزاریان دەکات). لـــەو بڕوادایـــن کە زۆرێک لـــە ژنانی دامـــەزراوە ئاوێتەکان لەم بارەوە هاوڕامانـــن. هیوادارین کە پێداگریمان لەســـەر بزووتنـــەوەی ســـەربەخۆی ژنـــان، یارمەتیـــی پەرەپێدانـــی ڕێگەگەلێکیـــش بۆ کارکردن لەگـــەڵ ژنان و پیاوان لە دامەزراوە ئاوێتەکاندا بکات.

ئێمـــە ئارگۆمێنـــت بـــۆ پەرەپێدانـــی دامـــەزراوەکان و هەبوونـــی شـــانازیی دامەزراوەیـــی دەکەیـــن. ئەمـــە خاڵێکە کە زۆر کـــەس وا دەنوێنـــن کە بەســـەریدا زاڵ بووین. ئێمە داکۆکی لـــەو ڕێبەر و ڕێکخەرە پەرەپێدەرانە دەکەین کە بەرپرســـیاری وەها دامەزراوەگەلێکـــن و لە ڕێگەی ئەوانیشـــەوە داکۆکی لـــە بزووتنەوەکەمان دەکەین. چەند ساڵ لەمەوبەر، داکۆکی لە ڕێکخەران جێگای پەسند نەبوو. ئێستا ڕێبەرەکان لە «دەرەوە»ی بازنەکـــەدان. ئێمە داکۆکی لـــە ڕێبەرییەک دەکەین کە بۆ هەموو بەرپرســـیار و بەکەڵکن (دیســـان دووپاتی دەکەینـــەوە کە هێندێک کەس بە تـــەواوی ددان بەمەدا دانانێن). زۆر خاڵی دیکـــەش هەن، بـــەڵام ئەمانەی باس دەکران دەتوانن ئەوەندەی پێویســـت، خاڵی جێگای موناقشە و باسکردن دابین بکەن.

چارەنووسی هەموو ژنان بەستراوەتەوە بە چارەنووسی بزووتنەوەی ســـەربەخۆی ژنان. پێشـــکەوتنەکانی بزووتنەوەکە بە شێوەیەکی دەرهەســـت کاریگەری لەســـەر ژیانی هەموو ژنانی دیکـــە دادەنێـــن. هەر بەو چەشـــنە، پێشکەوتن و شکستە تاکەکەسییەکانی ژنان، کاتێک پێکەوە لەبەرچـــاو بگیرێن، یارمەتیی شکڵ بەخشین بە بزووتنەوەکە دەکەن.

## ژنان

بۆ پێویســـتیی کارکردنی ژنـــان لەگەڵ ژنان زۆرجار هـــۆکاری دیکـــەش هێنراوەتەوە کە هەنووکـــەش ڕاســـتن. لایەنگـــری لـــە هەر

گرووپێک کە بەرژەوەندیی هاوبەشمان لەگەڵی هەیە، کاتێک ئەم بەرژەوەندییانە بناسێندرێت، دەبێتە هۆی هاوبەشیی زیاتر و بەمەش ڕوانگەیەکی هاوبەش دەکرێ بە شێوەیەکی ئامادەتر پەرەپێبدرێت. ڕەچاوکردنی ئەجێندای خۆمان ئاسانترە. (لانیکەم ئەگەری لەبیرکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆمان کە زۆرجار لە دامەزراوە و بنیاتەکانی دیکەدا لەبیر دەکرێن، کەم دەکاتەوە). هەڵبەت ڕوونە کە بارودۆخگەلێک هەیە کە تێیاندا کێشە دامەزراوەییەکان لە نێو ژناندا پەرە پەیدا دەکات. ئێمە پێمانوایە کارکردن لەگەڵ ژنان ئاسانترە تا پیاوان.

بەڵام بنچینەییترین ئارگۆمێنت بۆ بزووتنەوە و دامەزراوەی سەربەخۆی ژنان ئەمەیە کە پەیوەندیی دەسەڵات لە نێوان ژن و پیاودا نادادپەروەرانەیە. تا کاتێک ئەمە ڕاستییەکە بێت، پیاوان کونترۆڵی خۆیان دەپارێزن و ئێمە نابینە خاوەن دامەزراوەی سەربەخۆ کە پێویستی و هێزی ژنان دیاری بکات. نابرابەرەکان، کاتێک بە شێوەی ڕووکەش بە یەکسان لەگەڵیان بجووڵێنەوە، هەر بە نایەکسان دەمێننەوە. ئەمە تا کاتێک ژنان لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە خود و ئامانج و دامەزراوەی سەربەخۆ لە دەوری یەک کۆ نەبنەوە، هەر وا دەبێت.

ئەمە تا ڕادەیەک داکۆکی لە پاراستنی هەمیشەییی دامەزراوە ئاوێتە دیموکراتیک و شوێندانەرەکان دەکەین. ژنان پێوستە لە پێناو کارکردن لەسەر بەرنامەی خۆمان یەک بگرن (هەم لە ئامانجەکانیان و هەم لە گرووپی جیای ژنان). گەر ئەمە نەبێت، ئەوا بە هۆی هەستکردن بە ناشوێندانەریمانەوە، تەنیا تەرکیز لەسەر هێرشکردنە سەر شۆڤینیزم لە دامەزراوەکان، ئەویش لە شکڵێکی زیاتر و زیاتر تاکەکەسیدا، دەکەین. بەبێ ئامانجێکی بەهێز کە بە هۆیەوە ژنان بتوانن بەهێز بن، ژنان بەدەست (بۆ نموونە) ئەوەوە دەناڵن کە پێیان بگوترێ کە «سیاسی» نین و بەم جۆرە خواستەکانیان بۆ خەبات لە پێناو نیگەرانییەکانی ژنان بدەن بە دەستەوە. دامەزراوەکانیش بە هۆی ناچاربوون بە ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەی نێوخۆی شۆڤینیزمەوە لە هەر هەنگاوێکیاندا، خەسار دەبینن و ناتوانن بەرەوپێش بچن. وای لێ دێت کە هەر ناتوانن کێشەی شۆڤینیزم چارەسەربکەن.

وەکوو فێمێنیستە سۆسیالیستەکان، ئێمە داکۆکی لە کەڵکوەرگرتن لە پرەنسیپەکانی دەسەڵات کە ڕاستیگەلێکن کە ئێمە بەرەو دیموکراسی لە نێو دامەزراوەکە ڕێنوێنی دەکەن، دەکەین. ژنان، لە دامەزراوە ئاوێتەکاندا، لە پێناو ئەو بەرنامانەی کە دەیانویست و دەزانن براوەی دەبوون، خەبات دەکەن و براوە دەبن. ئەمەش دەبێتە دەسپێکی ئەوەی پەیوەندییەکانی دەسەڵات بە شێوەی پێکهاتەیی لە نێو دامەزراوە ئاوێتەکاندا بە هۆی خەباتی هاوبەشی لەئارادابوودا بگۆڕدرێن. هەر لەو کاتەدا، دەبێ لە بیرمان بێت کە گەورەترین دوژمنەکانمان ئەو کەسانەن کە بەشێکن لە چینی دەسەڵاتدار یان خزمەتیان پێ دەکەن.

## کارکردن لەگەڵ پیاوان

گەر لە باری ئۆبژەکتیڤەوە بۆی بڕوانین، دەبینین کە پیاوان وەکوو گرووپێک بەرژەوەندیگەلێکی تایبەتیان هەیە کە دژی ئەوانەی ژنان وەکوو گرووپێکە.

ئێمە، بۆ نموونە، بەشێک لە پیشەکانیان دەگرین، لەسەر پێگەی ئاسوودەییان لە نێو بنەماڵەدا چالێشیان بۆ پێکدێنین و دەسەڵاتی تاکەکەسییان لێ دەستێنینەوە. لە کورتخایەندا و لە هێندێک بارەوە، پیاوان دوژمنێکمانن.

هەر لە بنەڕەتدا چ پێویستییەک بە کارکردن لەگەڵ پیاوان هەیە؟ لە زۆر بارەوە،

بەرژەوەندییەکانمان لەگەڵ بەرژەوەندیی پیاوان هاوبەشە. ئێمە، هەر دوو لایەن، یەکین کاتێک دێتە سەر پێگەی چینایەتی لە بەرانبەر خزمەتگوزاریی نالەباری سەلامەتی، نەبوونی کار بە ئەندازەی پێویست، درێژیی ماوەی کار و بێدەسەڵاتییەک لە هەمبەر کاریگەریدانان لەسەر بڕیارە گرینگەکانی کۆمەڵگاکەماندا هەیە. هەروەها، لە هێندێک بارەوە، سێکسیزم سەرکوتکەری پیاویشە. لەم بارەیەوە، ئێمە دەتوانین لە خەباتی هاوبەشماندا پێکەوە پەیوەست بین (بۆ نموونە، ئەوان فێر کراون بکوژن و بکوژرێن، ڕقێکیان هەبێت کە لە ناخیان دێتە دەرەوە). سەرەڕای ئەمەش، ئێمە پێویستە بتوانین بە شێوەی سەربەخۆیانە خۆمان ڕێک بخەین بە جۆرێک کە ڕەنگە دواتر یەک بگرین.

پتر لەمەش، ژنان گرێدراوی مێژوویی و هەستەکییان لەگەڵ پیاوان هەیە. کاتێک ژن و پیاو یەک بگرن، ئەودەم ئەوە دەچێتە دەرەی بازنەی هێزەکانی ڕاستیی کۆمەڵایەتییەوە. ئەو بەستراوەییە کۆمەڵایەتییانە تەنیا بە هۆی ئارگۆمێنتی ئایدیۆلۆژیکەوە لەنێو ناچن، بەڵکوو تەنیا کاتێک لەنێو دەچن کە ئەو ڕاستیی کۆمەڵایەتییە بگۆڕدرێت. لە زۆر حاڵەتدا، ژنان هیچ بژاردەیەکی ڕاستەقینەیان جگە لە هاوسەرگیری بەمەبەستی زیندوومانەوە، ڕێزگرتن لە خۆیان و گەرمیی ئەڤین نییە. ئێمە پێویستە بە گریمانەی کەمترەوە چاو لە ژیانی زۆربەی ژنان بکەین و بزانین جێگرەوە ڕاستەقینەکان بۆ ئەوان چین و بەختەوەرییان لە چیدایە. ڕوانگەمان بۆ خەباتەکەمان نابێ حاشا لەو سەرچاوانەی پشتیوانی بکات کە ژنان لە ڕابردوودا دۆزیویانەتەوە (ڕەنگە بە هۆی پیاو و منداڵەوە بێت).

هێندێک جار جۆرە لاوازکردنێکی ئەو تواناییانەی کە پیاوان دەبێ بە بزووتنەوەکەی ببەخشن، لە ئارادا بووە، ئەویش لە ڕێگەی شەرمەزارکردنی لەڕادەبەدەرەوە کاتێک بە پیاوان گوتراوە واز لە شۆڤێنیزمەکەیان بێنن. دیارە ڕاستە کە خەبات دژی شۆڤێنیزم خەباتێکی بەردەوامە. بەڵام شۆڤێنیزم بە تەواوی دەوری داوین و بە بەردەوامی شوێندانەریمان لەسەر دادەنێت و کاتێک بە شێوەیەکی زۆر کاریگەر بەسەریدا زاڵ دەبین کە هێرش بکرێتە سەر ڕیشە دامەزراوەییەکانی و ژنان بە دژی، یەک بگرن. گریمانەمان ئەوەیە کە پیاوان (و ئێمەش) ڕەنگدەرەوەی شۆڤێنیزمن. زۆر جار و زیاتر لەوەی پێویستە، کردەوەکان دژ بەو زانینەمانە کە لە بنەڕەتدا خەڵکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای پێکەوە بەستەوە. ناکری بە چارەسەری تاکەکەسی بەسەر پرسە کۆمەڵایەتییەکاندا زاڵ بین. هەر بۆیە، «هەڵوێستەیەک» لەمەڕ پیاوان دەبێ تاکتیکی بێت: بەپێی جۆراوجۆری بارودۆخەکان دەگۆڕێت. هەڵوێست لەسەر پیاوان بەرنامەی ئێمە نییە. ئەوە سێکسیزمە کە دوژمنمانە نەک پیاوان.

### جیاییخوازی (Separatism)

جیاییخوازی لە ئێستادا دوو مانای لە بزووتنەوەکەدا هەیە. یەکێکیان هەڵوێستێکی ئایدیۆلۆژیکییە کە داکۆکی لە پەرەپێدانی جیاییی پیاوان و ژنان، ئەوەندەی کە بکرێ بە شێوەی تەواوی دەکات. ئەوی تریان هەڵوێستێکی تاکتیکییە کە داکۆکی لە دامەزراوەی جیا یان جێگرەوە هەمیشەییەکان دەکەن. ئێمەش داکۆکی لە دامەزراوە جیاکان لە پێناو بڕیارێکی تاکتیکی دەکەین. سەرەڕای ئەمەش، ئێمە دژی هەڵوێستێکی ئایدیۆلۆژیکی جیاییخوازیین.

ئاسانە ببینین کە چۆن داکۆکی لە بزووتنەوەی سەربەخۆی ژنان ڕەنگە ببێتە هۆی داکۆکییەکی ئایدیۆلۆژیکی لە جیاییخوازی (یان ئەو دوو ئارگۆمێنتە چ پەیوەندییەکیان پێکەوە هەیە). ئێمە لە مۆدێلە جیاییخوازەکاندا هێز دەبینین. ئەم مۆدێلانە

پێمان نیشان دەدەن کە ئێمە دەتوانین چەندە لە یەکتر وەکوو ژنان بەدەستــت بێنین. بەڵام لەبەر ئــەو هۆکارانەی کە پێشــتر ئاماژەمان پــێ کردن، لەو بڕوایەدا نین کە جیاییخوازی کێشــەکانمان چارەســەر دەکات. هەروەها، لەبەر ئەوەی جیاییخوازیی ئایدیۆلۆژیکی، ئەو بنەمــا کۆمەڵایەتییەی بۆ ئەوەی بۆ زۆرینەی ژنان ســەرنجڕاکێش بێت، نییە، تەنیا بووەتە هــۆی خەبات لە نێو خــودی بزووتنەوەکەدا. وەها جیاییخوازییەک ئێمە زیاتر و زیاتر بەرەو خالیســبوون پەلکێــش دەکات و لە جیاتی ئــەوەی ببێتە هــۆی یەکگرتوویمان لەگەڵ هاوپەیمانەکانمــان لەســەر خاڵــی هاوبەش و پەرەدان بە بەســتێنی هاوبەشــی نوێ کە بە هۆیەوە یەکگرتــوو دەبین، ئێمە لە یەکتر دادەبڕێت.

ســەیر لەوەدایە کە ئەمە تا ڕادەیەکی زۆر هەمان ئەو بارودۆخەیە کە ژنان لە دامەزراوە ئاوێتەکاندا، لەو شــوێنانەی کــە ئەنجومەنی بەهێــزی هەڵبژاردنیان نییــە، خۆیانی تێدا دەبیننەوە. (هەر ئەوەیە کە خەباتەکەیان ڕوو دەکەنــە یەکتر و دژی شــۆڤێنیزم، نەک لە پێناو بەرنامەیەک خەبات دەکەن).

ئەگەر بە شێوەیەکی بنەمایی بۆی بڕۆین، دەردەکــەوێ کە لــە هێندێــک بارودۆخی تایبەتدا، کارکردن لەگەڵ پیاوان لواو، دڵخواز و پێویســتە بۆ گەیشــتن بــەوەی چاومان لەسەریەتی. جیاییخوازی وەکوو کردەوەیەکی تاکەکەســی جۆرە هەڵبژاردنێکی تاکەکانە و وەکوو هەڵوێستێکی سیاسی شتێکی وەهمییە.

## بە ناوی سۆسیالیسمەوە

بە ناوی سۆسیالیسمەوە، ئارگۆمێنت بە دژی ئەو بزووتنەوەی ســەربەخۆییی ژنانە کە نە بۆ فێمێنیزم و نە بۆ سۆسیالیسم بەکەڵک هاتن، هێنراوەتــەوە. وەها ئارگۆمێنتگەلێک زۆر جار بەشــێک لە هەوڵێک بوون بــۆ پەرەپێدان بە شیکارییەکی چینایەتیی کۆمەڵگای ئەمریکایی و ڕزگاریی ژنانی بە ڕێگەیەک بۆ هێنانی ژنان بۆ نێو «بزووتنەوەکــە» دەزانی. زۆرێک لە نێو بزووتنەوەی ژناندا بە شێوەیەکی نەرێنی وڵامی ئەو جۆرە کەڵئاژۆوەرگرتنە لە ڕزگاریی ژنانیان داوەتەوە. ئەگەرچی ئێســتا ئیدی بە گشتی قەبووڵ کــراوە کە خەبات دژی سێکســیزم ئامانجێکی ســەرەکییە، هێشــتا کاتگەلێک هەیە کە ڕەوایی ڕوانگەی ڕزگاریی ژنان لەم بارەیەوە بە چالێش دەکێشرێت.

هێندێک جار چالێشەکان لە شکڵگەلێکدا دەردەکەون کــە نیشــان دەدەدەن خەباتی سەرەتاییمان پێویستە دژی نەژادپەرستی بێت. لەوێڕا کە بزووتنەوەی ژنان لە پلەی یەکەمدا سپیپێستە، ئەمە بەو مانایە کە ئێمە پێویستە خەباتەکەمان بگۆڕین. هاتنەئارای پێویستیی خەبات دژی نەژادپەرســتی بە شــێوەیەکی ئەبســتراکت تەنیــا «خالیســی»ی ئەوانەی دەیهێننە ئاراوە، دیســان دەســەلمێنێتەوە. پێمانوایە خەبات دژی نەژادپەرســتی لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەشی خود لە نێوان گرووپە ڕەش و سپیپێستەکاندا مانادار دەبێت.

ڕەنگە لەســەر زۆر کێشە، ڕەشپێستەکان و سپیپێســتەکان نەتوانــن یەکگرتــوو بن چونکە پەیوەندییەکانی دەسەڵاتیان یەکسان نییــە. ســەرەڕای ئەمــەش، کاتێــک هێزە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگەگەلێکەوە هەستمان بە شــێوەی هاوبــەش دەبزوێنــن، دەتوانین بەرنامەگەلێک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی لێکدابڕانە کۆمەڵایەتییــەکان بخەینــەڕوو. ئێمە نابێت گاڵتەمان بەو پشتیوانییەی هەمانە بێت تەنیا لەبــەر ئەوەی کە لــە ئێســتادا هەموو ژنان ناگرنەوە.

هێندێــک جــــار، ئارگۆمێنــت بــۆ «بەدەســتەوەدانی ئیمتیاز» دەکرێت. ئەمەش تا ڕادەیەک خالســگەراییەکی ئەبســتراکتە. گرینگتر لەمەش، ئەمــە نە ئەو وێنەیەیە کە دەمانهــەوێ بیخەینەڕوو و نە ســەرکەوتوو دەبێت. ژنان پێمان پەیوەســت دەبن چونکە

مافەکانیان بۆ بەدەست دەهێنین. کەس پێمان پەیوەست نابێت بۆ ئەوەی شتێک کە پێویستیی پێیەتی لەدەستی بدات. مافەکان کاتێک خەباتیان بۆ بکرێت و بەدەست بهێنرێن، دەستەبەر دەبن نەک کاتێک ئەوانەی ئیمتیاز و دەسەڵاتیان هەیە بە هەدیە بیدەن.

چالێشی سێهەم کە ڕووبەڕووی ڕزگاریی ژنانە بەم شێوەیە خراوەتە ڕوو کە تەنیا ژنانی بەرهەمهێنەر و کرێکاری حەقدەست وەرگر (بە شێوەیەکی بەرتەسکتر، ژنانی کرێکاری پیشەسازی) هێزی شۆڕشن. هێندێک وڵامی سەرنجڕاکێش و هاوکات بەرگریکارانە هەبووە کە دەڵێن کاری نێو ماڵ بەرهەمهێنەرە. بەڵام ئێمە وا هەست دەکەین کە ئارگۆمێنتەکە و بەرگرییەک زۆر بەرتەسک بوون. لە کۆمەڵگادا، زۆر دژبەری لەئارادایە. زۆر هەوڵی جۆراوجۆر کە ئامانجی زۆر جیاوازیان مەبەستە ژمارەیەکی زۆر زیاتری ژنانی لە بزووتنەوەکەمان لەخۆ گرتووە. هەڵبەت دیارە، تەنیا کرێکارە دامەزراوەکان دەتوانن پێش بەو پێویستیی کرێکارەی کۆمپانیاکان بۆ بەردەوامبوون پێویستیانە، بگرن. بەڵام مانگرتنی گشتی کاتێک لەگەڵ ڕێکخستنی سیاسیی جەماوەریی هەموو چینە چەوساوەکان ئاوێتە نەبووبێت، هیچ سەرکەوتنێکی بەدەست نەهێناوە. دامەزراوەکانی ژنان و کۆمەڵگای کرێکاری بێحەقدەست کە هەوڵەکانیان ڕێک دەخەن، خەریکی دروستکردنی هێزێکی کۆمەڵایەتین کە بۆ شۆڕش و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە شۆڕشگێڕەکانی داهاتوو پێویستمانە.

## دژەکولتوور

بزووتنەوەی ژنان کولتوورێکی ژنانی بە پەرەپێدانی شیعری ژنان، مۆسیقای ژنان، هونەری ژنان، مێژووی ژنان، سەنتەرەکانی ژنان لە بواری کولتوورییەوە و بە شێوەیەکی کردەکیتر تواناییە ئاراستەکراوەکانی وەکوو چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل و کاراتە، هێناوەتە ئاراوە. ئەم کولتوورە گۆڕەپانێکی بۆ دەربڕینی داهێنەریمان خوڵقاندووە و توانایی هەبوونی سەربەخۆیی و متمانەبەخۆییی زیاتری لە مەیدانگەلێک کە لە ڕابردوودا لێیان بەری کرابووین و دەرەتانی دەربڕینیان تێدا لێسەندبووین، هێناوەتە ئاراوە.

پتر لەمەش، یارمەتیی گۆڕانکاری لە ژیانی زۆر ژنی کردووە. کولتووری ژنان، بە دابینکردنی نموونەیەکی دوورەدیمەنەکەمان، یارمەتیی پەرەپێدانی وشیاری بەنیسبەت ئەوەی شتەکان دەکرا چۆن بن و دەبێ چۆن بن (کە یارمەتیمان دەکات لەوە تێبگەین کە چۆن لە ئێستادا سەرکوت دەکرێین) داوە.

هاوکات، هەستکردن بە دەستەوەستانی و پەراوێزبوون لە نێوان شتەکانی دیکەدا پاڵی بە زۆر ژنەوە ناوە تەنیا بەدوای جێگرەوەی کولتوورییەوە بن، واتە شێوەی ژیانی ڕزگاریخوازانەی تاکەکەسی. زۆرێک لە ژنان پابەندبوونی تەواوی خۆیان بە دژەکولتووری و دوورەپەرێزی لە هەر کردەوەیەک یان دامەزراوەیەک هەڵبژاردووە و بە بەردەوامی لە شارەوە ڕوو لە دێهات دەکەن. کاتێک دێتە سەر بەکەڵکبوونی تاکەکەسیی ئەم کارە، ئێمە دژی ئەوانەی دەتوانن ئەم کارە بکەن، ناوەستینەوە. بەڵام بە هۆی بەرتەسکییەکەی، ئەم کارە بە بەرنامەیەکی سیاسی نازانین و بە چالێشی دەکێشین.

## لێزبییەنیزم

لەگەڵ پەرەسەندنی بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی هاوڕەگەزخوازەکانیش پەرەی سەندووە. بزووتنەوەی هاوڕەگەزخوازەکان پرسی جنسی بە شێکارییەکی ئەو سەرکوتەی لەسەر خەڵکی هاوڕەگەزخوازی کۆمەڵگاکەماندایە، بە شێوەیەکی بەهێزتر هێناوەتە نێو گۆڕەپانی سیاسییەوە. لەبەر ڕق

هەبوون لەو بارودۆخانەی کە تێیدا بە جێگای شەرمەزاریمان دەزانن و لەبەر خۆشەویستی بۆ ئەو ژنانەی کە لەگەڵیان هێزی نوێ و ژووری نوێ بۆ لاوازبوون دەدۆزینەوە، زۆرێک لە ئێمە دەچینە نێو پەیوەندیی هاوڕەگەزخوازییەوە. بزووتنەوەی هاوڕەگەزخوازی، لە پێناو کۆتاییهێنان بەو سەرکوتە، خەڵکی بە کۆمەڵ لە دەوری یەکتر کۆ کردووەتەوە. ژیانی هاوڕەگەزخوازانە و ژیانی ئاسایی لەو بارەیەوە لێک گرێدراون کە ئەم خەباتانە کاریگەریی لەسەرمان وەکوو ژنان دادەنێن.

ژنانی هاوڕەگەزخواز کە لەبەر هەنگاونانیان لە دەرەوەی بازنەی ئەو ڕۆڵانەی بۆ ژنان دیاری کراوە، کۆمەڵگا دووریان دەخاتەوە، دەمێکە خەریکن ئازار دەبینن. لە خەباتی ژنانی هاوڕەگەزخواز دژی سێکسیزمدا، هەموو ژنان دەستکەوتیان دەبێت. هەر بە هەمان شێوە، لەوێڕا کە لێزبییەنەکان ژنن، لێزبییەنیزم لە خەباتی فێمێنیستەکاندا دەستکەوتیان دەبێت. ئێمە پێویستە یەک بگرین چونکە بەرژەوەندییەکانمان لێک بەستراونەتەوە.

ئەمە بە مانای حاشاکردن لە پێویستیی هەبوونی گرووپ یان ئەنجومەنی هەڵبژاردنی سەربەخۆی ژنانی هاوڕەگەزخواز نییە. لاگیریی دژەڕەگەزگەرایانە ئەوەندە بەهێزە کە خۆی ڕادەگرێت مەگەر ئەوەی ژنانی هاوڕەگەزخواز بە شێوەیەکی سەربەخۆیانە لە پێناو داکۆکی لە ڕوانگەیەکی لێزبییەنانەدا یەک بخرێن. شکڵی دامەزراوەکە دەکرێ ئەنجومەنی هەڵبژاردن یان گرووپگەلێکی بە تەواوی سەربەخۆ بێت بەڵام لەو شوێنەیدا کە بەرژەوەندییەکەمان دواجار هەر یەکە، پێویستە پێکەوە خەبات بکەین، چونکە بەو جۆرە دەتوانین بەهێزتر بین و دەسەڵاتی زیاتر بەدەست بهێنین.

لە هێندێک شوێندا، وا دەردەکەوێت کە بۆ ئەوەی ببیتە ئەندامی بزووتنەوەی ژنان، پێویستە هاوڕەگەزخواز بیت. هێندێک جاریش لە ڕاستیدا وا دەگوترێت کە ژنانی هاوڕەگەزخواز دەبێ ببنە پێشڕەوی بزووتنەوەی ژنان. ئێمە لەو بڕوایەدا نین کە دەسەڵات بۆ ژنان (بۆ گشتیەتیی بزووتنەوەکە) بە هۆی تەرکیزی سەرەتایی لەسەر هاوڕەگەزخوازبوون بەدەست دێت. لەو باوەڕەدا نین کە هەر جۆرە تەرکیزێکی بنەمایی لەسەر دژبەریی تایبەت دەبێتە هۆی شۆڕش.

## پێشڕەوان

پێشڕەو دوو مانای هەیە. یەکیان مانای هێزێکی کۆمەڵایەتی لە ڕیزی پێشەوەی خەباتی سیاسییە. ئەوی تریان، ڕێبەرییەکی خودئاگایانەیە وەک ئەوەی حیزبێکی سیاسی بۆ بزووتنەوەیەکی تایبەت دابینی دەکات. لە کاتگەلێکی جیاوازدا، هێزە بەهێزەکانی نێو بزووتنەوەکە لەو بڕوایەدا بوون کە گرووپگەلێکی تایبەت پێویستە پێشڕەو بن (ڕەشپێستەکان، کرێکاران، هاوڕەگەزخوازەکان و هتد). زۆرێک لەم ئارگۆمێنتانە هێندە سەرکوتکەرانە بوون کە هێندێک لە ژنان بە دژی هەر جۆرە بیرۆکەیەکی پێشڕەوی دژکردەوەیان لە خۆیان نواندووە.

سەرەڕای ئەمەش، هەر دووک کارکردی پێشڕەوەکان لە هێندێک خاڵی زەمەنیدا گرینگن. لەم کاتەدا، بزووتنەوەکەمان ڕەنگە بتوانێ لە پێشڕەوێک، لە هێزێکی ڕێبەریکەر و پێکەوەگرێدەر کەڵک وەربگرێت و پێویستیشی پێی دەبێت. پێشڕەوێک بە هۆی ئەم ڕێزەی لە ئاکامی ڕابردووی ڕێبەرییەکەی لە خەباتەکاندا بەدەستی هێناوە، دەتوانێ وزەکانی بزووتنەوەیەک وەسەریەک بنێت و یارمەتیدەری تەرکیزکردنە سەری بێت.

پێشڕەوێکی ڕێبەریی وشیارانە و بەرپرسیارانە دەتوانێ یارمەتیدەرمان بێت لە پەرەپێدانی باشترین جۆری کەڵکوەرگرتن لەو سەرچاوە و بەرژەوەندییە جۆراوجۆرانەی کە بەرەو لای خۆمان ڕاکێشیان دەکەین.

ئەو پێشڕەوە نابێتە هۆی ئەوەی هێڵێکی بە تەواوی خالیس کە بە هۆیەوە ژنی کەمتر و کەمتر پێمان پەیوەست دەبن، هەرچی زیاتر دەربکەوێت. تەنیا بە هۆی ناساندنی خۆی وەکوو ڕێبەرێک، ڕێزی کەس بەدەست ناهێنێت. زۆر هەوڵی پێشوو بۆ ڕێبەری پێشڕەوانە شکستیان خواردووە، ئەویش لە ئاکامی شەرمەزاری، حەماسیبوون و خۆسەپاندنەوە.

کاتێک ئێمە بەراستی ئەوەندەی پێویستە بەهێز بین و بتوانین بەرنامەکانمان بۆ بەشە سەربەخۆکان پەرەپێبدەین ـ بە هێڵەکانی ژنان، هاورەگەزخوازەکان، ڕەشپێستەکان، دەرمانییەکان، پەروەردەییەکان لەگەڵ هێڵە جیۆگرافی و پیشەییەکاندا، بە جۆرێک کە مەیدانەکان لێک گرێ بدرێن و هەروەها مەیدانی ئاوەڵەش بهێڵینەوە ـ ئەوەدەم ئێمە بە تایبەتی پێویستمان بە هێزێکی لێکگرێدەر، حیزبێکی سیاسی هەیە. وەها حیزبێک ئەولەوییەتە فێمێنیستی سۆسیالیستییەکانمان لە بەرنامەکانیدا دەگونجێت و هەر لەسەر بنەمای ئەوانەش ڕۆ دەنرێت، چونکە ئێمە ئەوەدەم وەها پێشڕەوێکی بزووتنەوەی ڕزگاریی خەڵکمان پێک هێناوە.

## ٥ ـ پێویستییە دامەزراوەییەکان

بەمەبەستی وەگەڕخستنی ئەو ستراتیژییەی لەم نووسینەدا چوارچێوەی دارێژرا، دامەزراوەگەلی ڕزگاریی ژنان پێویستن. بە هۆی خەباتی دامەزراوەکانەوە، دەسەڵات دەتوانێ بەدەست بێت و ئەو ژنانەی کە تێیاندا بەشدارن دەتوانن بە جۆرێک هەست بکەن دەسەڵات بە خۆیانە، بە شێوەیەکی نوێ ڕێزگرتن لە خۆیان هەبێت و شکڵێک لە دڵنیابوون لە بەردەوامیی بزووتنەوەکەمان بەدەست بێنن. تەنیا دامەزراوەکان دەتوانن ببنە هۆی سەرکەوتن و گەشانەوەی سەرکەوتنەکانی ڕابردوو.

بە دڵنیاییەوە، بزووتنەوەی ڕزگاریی ژنان لە زۆر شوێندا بەسەر گرووپی چووکە چووکەدا دابەش دەبێت و هەر بۆیە دۆزینەوەیان و پەیوەستبوون پێیان زەحمەتە. ڕزگاریی ژنان تەنانەت بۆ ئەو کەمە سەرکەوتنانەی کە تا ئیستا بەدەستی هێناوە، ددانی پێدانەنراوە چونکە هیچ شکڵێکی دامەزراو بۆ دەربڕینی سەرکەوتنەکانمان لە ئارادا نییە. ڕزگاریی ژنان لە ڕێگەی دامەزراوەکانەوە دەتوانێ لەگەڵ گرووپەکانی دیکەدا لە مەیدانەکەدا بێت و بۆ سەرکەوتنی خودی خۆمان خەبات بکات.

لەم نووسینەدا، ئێمە داکۆکی لە هیچ دامەزراوەیەکی تایبەت ناکەین، ئەگەرچی لە داهاتوودا ئێمە هیواداریین دامەزراوەیەکی فێمێنیستی سۆسیالیستی ببێتە ئەگەرێکی لواو. بگرە ئێمە ئارگۆمێنت بۆ تێگەیشتنێکی دامەزراوەیی دەهێنینەوە کە فۆرمێک بێت بۆ کارکردن لەسەر ئەو کێشە جۆراوجۆرانەی ژنان لەگەڵیان ڕووبەڕوون ـ وەکوو لەباربردنی منداڵ، بەخێوکردنی منداڵ، سەلامەتی، جیاوازیدانانی پیشەیی و هەروەها ئەو کێشانەی کە وەکوو ژنان کاریگەری لەسەرمان دادەنێت وەک ماڵیات، خانووبەرە، شەڕ، باشگوزەرانی و هتد. کاتێک ئەم کێشانە کاریگەریمان لەسەر دادەنێن، ئێمە پێویستە فۆرمگەلێکمان هەبێت کە هی ئێمە بن و بە هۆیانەوە دەتوانین وڵامی یەکتر بدەینەوە و بە یەکتر پەیوەست بین و لەوە دڵنیا بین کە ئەو چارەسەرانەی کە سەرکەوتن بەدەست دەهێنن بەرژەوەندیی ئێمەیان تێدایە.

ئەم جۆرە دامەزراوەی کە ئێمە پێشنیاری دەکەین ڕەنگدەرەوەی متمانەمانە بە ستراتیژییەکەمان کە بە هۆیەوە، لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش و دەسەڵاتی یەکسان لە نێوان گرووپەکاندا هاوپەیمانی پێک دەهێنین. زۆرجار لە هاوپەیمانیگەلێکدا بەشداریمان کردووە تەنیا لەبەر هەستی

شــەرممان یان لەبەر ئــەوەی ئێمە خاوەنی کاری خۆمان نەبووین. زۆر جار لە بزووتنەوەی ژنانــدا رووبــەڕووی داوای بەشــداریمان لە بەرنامەکانی هەر لایەنێکی دیکە دەبینەوە. لە دامەزراوەیەکی فێمێنیســتی سۆسیالیستیدا، وەهــا هاوپەیمانیگەلێک تەنیــا کاتێک پێک دێن کە لەگەڵ ستراتێژییەکەماندا بگونجێن.

## پێکهاتەگەلی گونجاو بۆ ئامانج و دەنگدەرانمان

وەکوو ژنان، زۆر ئەزموونی خراپمان لەگەڵ ئەو دامەزراوانە هەبووە کە پێشیان بە پێشکەوتنی سیاســی و گەشەی تاکەکەســیمان گرتووە. زۆرێک لە ژنان لە پەرچەکرداریان بەنیسبەت ئەو جۆرەی لە وەها پێکهاتەگەلێکدا سەرکوت کراون، هەر جۆرە پێکهاتەیەکی ئاشکرا ڕەت دەکەنــەوە. بــەو قەناعەتە گەیشــتووین کە ئەمە ناواقیعبینانەیە چونکــە پێکهاتەکان بە شێوەیەکی نائاشکرا دەمێنن و بەردەوام دەبن لەســەر کاریگەریدانان لەسەرمان لە کاتێکدا ئێمە هــەوڵ دەدەین خۆمانیــان لێ بەدوور بگرین یان لەو مەیدانانەدا بژین کە ڕێگەمان پێ دراوە.

فۆرم و پێکهاتەی دامەزراوە بەپێی جۆری ئــەو گرووپەی کە خەریکە شــکڵ دەدرێت، جیــاوازن. بۆ دامەزراوە گــەورە و مەزنەکان، پێکهاتەی زیاتر پێویستە ئەویش بەمەبەستی ئــەوەی بتوانــن ئەندامــی نــوێ لەخۆیان بگرن و ئاســتی جۆراوجۆری بەرپرســیارەتی دابیــن بکەن بــە جۆرێک کــە ئەوانەش کە کاتــی کەمتریان هەیە، هــەر بتوانن تێیاندا بەشــدار بــن. وەهــا دامەزراوەگەلێــک کە بەمەبەســتی بەدەســتهێنانی ئامانجگەلێکی تایبەت دامەزراون، بە مەبەســتی ئاسانکاری بۆ پەرەپێدانی ســتراتێژی و وەگەرخســتنی بڕیارەکانیش، پێویســتیان بــە پێکهاتەکان هەیە.

هۆکارێکی پێویستیی چەماوەهەڵگربوون لە فۆرمــە دامەزراوەییەکاندا ئەوەیە کە ژنانی خاوەن ســتایلی جۆراوجۆر بە ئاسانی خۆیان لەگەڵ بارودۆخــە جیاوازەکاندا دەگونجێنن. بــۆ نموونە، ڕەنگــە ئــەوەی ئەزموونێکی لە زانکۆکان هەیە هەســت بکەن پێویســتی بە باســی فەلســەفیی زیاتر هەیە. کەســانێکی تر کــە کاریان هەیــە، بنەماڵەیــان هەیە و کاروبــاری تریان هەیە ڕەنگە هەســت بکەن کە باشترین کار دەستپێکردن و کۆتاییهێنان بە کۆبوونەوەکان لە کاتی خۆیدایە. هێندێک جــار، بڕیارەکــە ڕەنگە وەک بــاری ناچاری شتێک بێت کە زیاتر بۆ هەموو کەس مایەی خۆگونجاندنــی تێــدا بێت و کەمتــر وەکوو کەشــوهەوایەکی بە تــەواوی گونجاو بۆ هەر کەسێک بێت.

لــەم بەســتێنەدا، چەندیــن بیرۆکەی دامەزراوەییی تایبەت هەن کە پێمان وایە بۆ ڕۆنانی دامەزراوەگەلێک کە خزمەتمان بکەن، گرینگن. ئێمە پێویســتمان بە فۆرمگەلێکی بــە تەواوی دیار هەیە کە بــە هۆیانەوە ژنان بتوانن بزانــن پەیوەندییــەکان چۆناوچۆنن، چــۆن پەرەیان پێ بــدەن و وایان لێ بکەن کە بە قازانجیان بــن. لە خوارەوە، کۆمەڵێک ماکی پێکهاتەیی هاتــوون کە پێمان وایە بۆ پەرەپێدانی دامەزراوەی جەماوەری پێویستن:

١ پێکهاتەی ئاشــکرا و میکانیزمی ئاشکرای بڕیاردان.

٢ ڕێگەگەلی کورتی بەشــداری کە ڕێگە بە ژنان دەدات بەپێــی بەرژەوەندی و/یان کاتی خۆیان، پابەندیگەلێکی کەم تا زۆریان هەبێت.

٣ جیاکردنەوەی هێزی کار کە بە شێوەیەکی سیستەماتیک پێداچوونەوەی بەسەردا بکرێت و بە جۆرێک بێت کە یارمەتیی ژنان کەم توانا بدات بۆ ئەوەی توانامەندی بەدەست بێنن.

٤ ڕێبەرییەکی وەڵامدەر بە دامەزراوەکە.

٥ کار و بەشداریکردنێک کە پەیوەندیگەلێکیان لەگەڵ بڕیاردان هەبێت.

٦ بڵاوکردنــەوەی زانیــاری لــە ڕێگــەی دامەزراوەکەوە.

## ڕێبەری، بژاردەگەرایی و دیموکراسی

لە بزووتنەوەی ژناندا، زۆر باسی ئیلیتیزم (بژاردەگەرایی) و ڕێبەری کراوە. ئێمە داهێنەر بووین و لەو تاقیکارییانەی لە بەشە جیاوازەکانی ولات کراون، فێر بووین. پرەنسیپی «گەر نازانی، فێر بە، گەر دەزانی، فێر کە» یارمەتیدەری زۆرمان بووە تا بزووتنەوەکەمان پەرە پێ بدەین.

سەرەڕای ئەمەش، ئۆلگووی پێکهاتەیی ڕێبەریی جۆراوجۆریشمان بینیوە کە لە هەر بارودۆخێکدا سەرهەڵدەدەن. ڕێگەچارەکە لەنێوبردنی ڕێبەری نییە. بەڵکوو، ئێمە پێویستە کارێک بکەین ڕێبەرەکان خۆیان بەرانبەر دامەزراوەکە و ئەندامەکانی بە بەرپرسیار بزانن. پتر لەمەش، ڕێبەری دەتوانێت کاتالیزۆرێکی کاریگەر بێت، خێراکەرێک کە بزووتنەوەکە بەرەوپێش ببات. بژاردەگەرایی تەنیا کاتێک بەردەوام دەبێت کە ئێمە یەکتر بەو شتەی کە دەزانین ڕانەهێنین.

ئێمە باوەڕمان بە ئاڵوگۆڕی بیروڕای سیاسی و دەنگدان وەکوو ڕێگەیەک بۆ جیاکردنەوەی جێگرەوەکان لە بڕیاردان لەسەر ئەوەی چۆن بەرەوپێش بچین، هەیە. کارکردن لەسەر بنەمای کۆدەنگی وەکوو پێویست بەو مانایەیە کە ئێمە ناتوانین داواکارییەکانمان پتر لەوە بێت وا ڕێککەوتنمان لەسەر کردووە. بزووتنەوەکەمان، ئەگەر ئێمە بەڕاستی وەدووی کۆدەنگی لە کۆمەڵگای ئەمریکادا باین، هیچکات بوونی نەدەبوو. پتر لەمەش، کۆدەنگی زۆرجار ناکۆکییە ڕاستەقینەکان دەشارێتەوە چونکە ڕێگەیەکی پێکهاتەیی بۆ دژبەرەکان کە دەنگی خۆیان هەبێت وەک لە دەنگداندا هەیانە، لەگۆڕێدا نییە. هەروەها، ئەو ژنانەی لە پرسێکی تایبەتدا لە کەمینەدا بن، دەکرێ بە هۆی لێروانینی کۆدەنگییەوە سەرکوت بکرێن چونکە بیروبۆچوونەکانیان ناکرێ وەکوو هەڵوێستێک یان گۆڕینێکی جیاواز و ڕوون ببینرێن. وەها هەڵوێستێکی کەمینە ڕەنگە ناچار بێت لەگەڵ زۆرینە خۆی ڕێک بخات.

لەو باوەڕدایین کە ئاڵوگۆڕی بیروڕا بۆ مانەوەی بزووتنەوەکەمان چارەنووسسازە. ئێمە دەتوانین بەبێ ئەوەی هەستی بەهێزی خوشکایەتیمان بەرانبەر یەکتر بخەینە مەترسییەوە، ئاڵوگۆڕی بیروڕای سیاسیمان هەبێت. هێندێک جار براوە دەبین و هێندێک جار دۆڕاو، بەڵام بیروڕاگۆڕینەوەی سیاسی و خەبات دنەدەر دەبن و ئەمریکا لە پێناو پەرەپێدان بە بیروبۆچوون و هەڵوێستەکانمان بە چالێش دەکێشێت.

لە ڕاستیدا ڕوانگە پێکدژەکان لە هەر دامەزراوەیەکدا بە شتێکی سڵامەت دادەنرێن و نابێ لەبەر ترسمان لە جیاوازی، بخنکێندرێن. بەڵام بۆ ئەوەی بیروڕاگۆڕینەوەکان بایەخی خۆیان هەبێت، پێویستە بەسترابێتنەوە بە کارکردی ڕوون لە نێو دامەزراوەکەدا. لەو کاتەدا کە بە ئاڵوگۆڕی بیروڕاوە خەریکین، پێویستە لە ناسینی ئەو دوژمنە ڕاستەقینەیەدا کە خەریکی خەبات لە دژیداین، ڕوون بین. ئێمە دەتوانین ئاڵوگۆڕی بیروڕا لە نێو دامەزراوەکە بە شێوەیەک کە یارمەتیمان بکات فێر بین و ڕێک بخەین؛ بەڵام ئەوە تەنیا کارکردنمان نییە.

## دەرەنجام

ئێمە ئارگۆمێنتمان بۆ ستراتێژییەک لە پێناو ڕۆنانی سۆسیالیزم و فیمێنیزم لە زەمەنێکی تایبەتی لە مێژوو کە لە هەستی بەرپرسیارەتیمان بەرانبەر ژنان بەهێزین و لە بارودۆخە جیاکانماندا لاوازین، هێنایەوە. ئەم ستراتێژییە وا گریمانە دەکات کە ئێمە دەمانهەوێ زۆربەی ژنان لە دەوری خۆمان کۆ بکەینەوە و بۆ ئەم مەبەستەش ئێمە دەبێ لە بەرژەوەندییە خودییە ڕاستەقینەکانیان تێبگەین و لەسەر ئەو بنەمایە کار بکەین. ئێمە پێویستە پەرە بە بەرنامەگەلێک بدەین

کە براوە دەبن و لە ئێستادا پێداگری لەسەر کردەوەی ڕاستەوخۆ بکەین. ئێمە لە هەر بەشێک لەم نووسینەدا، داکۆکیمان لەسەر سێ خاڵ کرد کە ستراتیژییەکانمان دیاری دەکات: ١) ڕیفۆرمی براوە کە بەڕاستی ژیانی ژنان باشتر دەکەن، ٢) پێدانی هەستێکی دەسەڵات بە ژنان لە ڕێگەی دامەزراوەوە ٣،) گۆڕینی پەیوەندییەکانی دەسەڵات.

لە ئێستادا پرسی دروستکردن و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات گرینگترین پرسمانە لە بارودۆخی ڕاستەقینەدا. وشیاریمان بەنیسبەت ڕاستییەکان و ڕوانگەمان بەنیسبەت ئەوەی کە حەز دەکەین چ پەیوەندیگەلێک لە نێوان خەڵکدا هەبێت ڕێنوێنیی هەوڵەکانمان دەکات، خەڵک بەرەو لامان ڕادەکێشێت و یارمەتیمان دەکات مەبەستمان لە براوەبوون، پێناسە بکەین. ئەمانەی باس کران، زۆریان ڕوونن و ڕەنگە زۆر کەس بپرسن «دەی چی نوێ هەیە؟» بۆ ئەمە، دوو جۆرە وەڵاممان هەیە. وەڵامێکی ئەمەیە کە ڕێک لەبەر ئەوەی پێمان وایە ڕوونن، ئەمەمان نووسی. بە تەواوی لەو بڕوایەداین، وەک وتمان، کە ئێمە زۆرینەی بزووتنەوەکەین و ئەوەش کە چونکە ستراتیژییەکەمان ڕەنگدەرەوەی ڕاستییەکانە، ئێمە (لە کاتی خۆیدا) زۆرینەیەک لە ژنان بەرەو لای هەڵوێستەکان ڕاکێش دەکەین. ئەوەی کە ئێستایش ئەو شتانەی کە ڕوون دەیڵێینەوە، ڕوونی دەکاتەوە کە ئێمە لە کوێداین، لە کوێوە هاتووین و چەندمان ماوە بگەین. بەبێ تێگەیشتنێکی ستراتیژیکی، بزووتنەوەی ژنان لە مەئموورییەت و ویستی ئاگرینیدا کەمتر ڕوون بووە. ئێمە هیوادارین لە ناسینی ئەوەی کە جاران بە هەستێکی هاوبەشمان دەزانی (پێش لەوەی زۆر جیابوونەوە و لێکدابڕان هەستی هاوبەشی پەیوەندیمان بە پێویستییەکانی ژنانەوە بگۆڕێت)، یارمەتیدەری یەکتر بین.

بەڵام وەڵامێکی دیکە بە هەستی هاوبەشی ئەوەی کە چیمان کردووە، لە ئارادایە. هەستی هاوبەش هەمیشە زۆر هاوبەش نییە. سەرنجتان بۆ چەند خاڵێکی گرینگ ڕادەکێشین. هیوادارین لە داهاتوودا تەنیا ئەوە نەبێت بیرۆکە ناحەزەکان پەسند بکرێن یان ڕەت بکرێنەوە؛ بەڵکوو بخرێنە گەنگەشەوە لەسەر ئەوەی چۆن ئەو بیرۆکە ناحەزانە کردەوەی هاوبەشمانی لە ڕابردوودا بە چالێش کێشاوە. ئێمە ئارگۆمێنت بۆ لەپێشبوونی بەرژەوەندیی خود دەهێنینەوە کە زۆرجار لە گەنگەشەی ئایدیۆلۆژیکیدا ون بووە. ئایدیۆلۆژییەکەمان پێویستە ڕێنوێنمان بێت، بەڵام هاوکات پێویستە بۆ ئەو ڕاستییانەی کە ژیانمان شکڵ دەبەخشن، ئاراستە بکرێت.

لە چەند ساڵی ڕابردوودا زۆر شت فێر بووین، بەڵام لەبەر ئەوەی هیچ پێکهاتەیەکمان نەبوو کە لەسەری بنیات بنێین، لەو شوێنانەی کە دەمانتوانی ئەزموون و دەسەڵات بەدەست بێنین، شکستمان خواردووە. ئەم نووسینە هەم ڕەنگدەرەوەی ماندووبوونمانە و هەم ڕەنگدەرەوەی پابەندبوونمانە بە پەرەپێدانی بزووتنەوەیەکی ژنانە کە لە پێناو وەدیهێنانی دوورەدیمەنێکی فێمێنیستی سۆسیالیستیدا خەبات دەکات. ئەم نووسینەمان لە پێناو ئەوەیە کە ئەو خۆشکانەی کە هاوباوەڕمانن، ڕەنگە بێنە پێشەوە و پێمان پەیوەست بن.

ئێمە، لە پلەی یەکەمدا، داکۆکی لە ڕوانگەیەکی هێرشبەرانە و ئازایانە دەکەین. ئەوە ئەو ڕوانگەیەیە کە لە دەستپێکی بزووتنەوەکەماندا هەمانبوو، ئەو کاتەی کە پێمان وابوو کە ئێمە نوێترین و گەرمترین کاڵای مەیدانەکەین. ئێستا، ئێمە ڕیشەکانمان دۆزیوەتەوە. پێویستمان بە ستراتیژی، دامەزراوە و زۆر هەنگاوی دیکە لەو ڕاستایەدایە. بەڵام ڕەنگە دیسان ڕوانگەی هێرشبەرانەمان هەبێت و ئەم جارە، خەباتێکی درێژخایەن بایەخی دەبێت چونکە لەو بڕواداین دەتوانین سەرکەوین.

*. http://www.historyisaweapon.org/defcon1/chisocfem.html

# بنەماکانی
# فەلسەفەی فێمێنیزمی ڕادیکاڵ

مورتەزا مەردیها
و: تەوار سنە

## پوختە

بەشـێ لە بزاڤی داکۆکی لـە مافی ژنان، لە ناوەڕاسـتی سـەدەی بیسـتەم بە دواوە، بە خواستێکی ڕادیکاڵانەوە دەستی کردە ڕخنەی بنەڕەتی لەو گۆتارە زاڵە وا بە سەرچاوە و هۆی سەرەکیی بندەستیی ژنانی ناوزەد دەکرد. لە ڕوانگەی ئەوانەوە ئەم هۆکارە هەمان بنچینەی پیاوسـالارانە بوو وا بناغەکەی دەگەیشـتەوە سـەر پەیوەندیی نێوان ژن و پیاو لە نێو ماڵدا و لێرەش دەگەیشـتەوە بـە پەیوەندییەکانی دەسەڵات لە دونیای ئابووری و سیاسەتدا.

فێمێنیستە ڕادیکاڵەکان لەم هەڵوێستەیاندا لە ژێر کارتێکەریی ئەو گوتارە باوە فەلسەفی-سیاسـییەی ناوەڕاستی سەدەی بیستەم، واتا مارکسـیزمی نـوێ و فرۆیدیزمی نوێ بوون. ئـەم ڕێبازانە بە جەخت کردنە سـەر ماکی فەرهەنگ بـە جێی ئابووری، بـێ لایەنی و ڕاسـتی نوێنیی زانست و بایەخی دابونەریتی باویان خستە ژێر پرسیارەوە و هەروەها لەبەر ئەوەی فریوکاری(اغفال)یان لە تایبەتمەندییە گرینگەکانی بنچینەی سـەرمایەداری ناوزەد دەکـرد، بوونە سەرمەشـق بـۆ فێمێنیزمی ڕادیکاڵ.

ئـەم وتارە بـەدوای بووژاندنـەوەی ئەم گریمانەیەیە کە: هەر بـەو جۆرە وا ڕوانگەی بنەماشـکێنانەی کەسـانێ وەک بنیامین و مارکـۆزە بە تایبەت لە بواری سیاسـەتدا، بە هۆی چییەتیی وێرانگەریان کەمترین بەختیان هەبـوو لە بەدیهاتنـدا و بـە زووترین کات جێی خۆیان دا بـە چاکەخوازیی حەفتاکان، فێمێنیزمی ڕادیکاڵیش بـە تایبەت بە هۆی هێنانە ئارای پەیوەندیی نێوان پێناسەی ئەمری سیاسی و دۆخی ژنان، ناتوانێ چارەنووسێکی جیاواز بۆ خۆی دەستەبەر بکات.

## سەروشەکان

فێمێنیـزم، فێمێنیزمی ڕادیکاڵ، سیاسـەت، ئایدۆلۆژی، دەسەڵات

## پێشەکی

فێمێنیـزم زیاتر وەکوو بزاڤێکی کۆمەڵایەتی ـ فەرهەنگـی ناسـراوە. ڕاسـتییەکەش هەر ئەمـە بـووە، چونکە لـە کۆتاییی سـەدەی هەژدەیەمـدا کـە باس لە یەکسـانیی مافی دوو ڕەگەز سـەری هەڵدا، تاکوو سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، کۆمەڵێ گرووپی جۆربەجۆر بە نـاوی بزووتنەوەی مافـی ژنانەوە چالاک بوون. بیردۆزی و داواکارییەکانیان لە بازنەی بزاڤێکی کۆمەڵایەتی یان سیستەمێکی فکری ـ سیاسـیی جێگیر تێنەدەپـەڕی. تەنانەت هەوڵەکان بۆ دەستەبەر کردنی مافی دەنگدان بۆ ماوەیـەک، لـە کاتـی گۆڕانکارییەکانی سەدەی بیستدا، بوو بە گرینگترین کەڵکەڵە و داخوازیی بزووتنەوەی ژنان.

ئەمەش پتر لە داواکاریی یەکێک لە مافە کۆمەڵایەتییەکان لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی دیموکراسـیی لیبراڵ تێنەدەپەڕی. بەڵام لە ناوەڕاستی سـەدەی بیستەمدا بزاڤی داکۆکی لە مافی ژنـان کۆمەڵێک داخوازیی ڕادیکاڵی لە خۆی پێشـان دا کەوا هەلومەرجەکەی لە جووڵانەوەیەک کە لە ناو دامەزراوەی سیاسی ـ کۆمەڵایەتیدا هەبوو، کـرد بە جووڵەیەکی دژبەری کە لەگەڵ بنەماکانیشـی ناکۆک بوو. لێرەدا شوناسـی سیاسـیی بزاڤی فێمێنیزم بەهێزتـر بوو چونکە بە پشـت بەسـتن بە هەندێ بیرۆکە و ئایدۆلۆژیی سیاسی، نکۆڵی لە چوارچێوەی دیموکڕاسیی لیبراڵ دەکرد.

فێمێنیزمی ڕادیـکاڵ، لە ژێر کاریگەریی مارکسیزمی نوێ و فرۆیدیزمی نوێ و هەروەها پاش پێکهاتەخوازیدا بوو، ئەمەش گوتاری زاڵی ئەو سـەردەمە بوو. بە هۆی کارتێکراویی ئەم بیرۆکە بنەماخوازانەیە بوو کەوا ئاشتەوایی لە گەڵ سیستەمی سەرمایەداری و دیموکراسیی لیبراڵـی وەک جۆرێ لە فریـودان لەقەڵەم دابوو. بۆیـە تیۆری داڕێژەرانـی بزاڤی ژنانی بـەرەو لایەنێـک هان دا کە بـە لێکۆڵینەوە لە بنەڕەتی سیسـتەمی سیاسیی بەردەست

و گرێدانی بە پیاوسـالارییەوە، ڕێگە چارەی کێشـەی ژنانی لە گۆڕانکاریـی بنەڕەتی لە سیاسەتدا دەزانی. ئەمەش بە ناچار وای کرد جووڵانەوەکە سیاسیتر لە جاران بێ. گەرچی ڕێگەی بزاڤـی فێمێنیزمی ڕادیکاڵ پێچەوانە بوو، ئەمەش مانای ئەوە دەگەیێنێ سیاسەتی دەسـەڵات لە ناو سیسـتەمی بەردەستی، نە وەک هۆکرد، بەڵکوو وەک هۆکاری دەسەڵات لە ناو پەیوەندیی خێزانی و دوو ڕەگەزەکە لە قەڵەم دەدا. بەڵام خاڵی بەڵگەنەویسـت ئەوە بوو، سیاسـەتی دەسـەڵات چ لە ناو بنەماڵە بێت یان لە ناو کارگە و لە گۆڕەپانی جەنگ، ڕەگ و ڕیشـەیەکی هاوبەشی بووە و ئەمەش لە بنەماڵە و خێزانەوە دەسـتی پێ دەکرد و پەرەی دەسـەند. دواتر فێمێنیـزم ناچار کرا زیاتر خۆی لەگەڵ سیاسەت بگونجێنێت.

## کاریگـەری وەرگرتن لە فەلسـەفەی شۆڕشگێڕانەی دەیەی شەست

سـەر لە نـوێ خوێندنەوەی مارکسـیزم و پێشکەش کردنی شرۆڤەیەکی کەمتر جەبری – ئابـووری و زیاتر کولتـووری – مرۆیی لە مارکسـیزم، کەوا ڕۆڵی ویست و تێگەیشتنی ئاڵـۆزی زەقتر کردەوە، بە دۆزینەوەی کتێبی «دەسنووسـە ئابووری و فەلسـەفی»یەکانی مارکس لە ساڵی ١٩٣٢دا دەستی پێ کرد و بە سەرلەنوێ خوێندنەوەی فێرگەی ڕەخنەیی لە ئێکۆنۆمیزم و پرۆلتاریانیزمی مارکسـیزم و ڕەتدانەوەی جەبرخوازی، درێژەی پێ درا.

چەپی نوێ بە گومـان کردن لە ئایدیای سـەرەکیی مارکسـیزم واتـە ئاوردانەوە لە کرێکارانـی پیشەسـازی، وەکـوو پاڵنەری سەرەکیی گۆڕانکاریی شۆڕشگێڕانە هاتە ئاراوە. سـەرهەڵدانی جۆرەکانی شۆڕشی نەتەوەیی و گۆڕانکارییە شۆڕشـگێڕانەکان کەوا لە لایەن گرووپە جیا لە پرۆلتاریاکانەوە هاتبوونە ئاراوە، قەناعەتی بـە فرە کەس هێنـا گرووپەکانی وەکوو خوێنـدکار، ژنان، ڕەشـەکان و هتد، دەتوان ببنە هۆکاری چالاکییەکانی شـۆڕش و گۆڕانکاریگەلی گرینگ ساز بکەن. لووتکەی ئـەم بیرۆکەیە لە شۆڕشـەکانی مانگی مەی ١٩٦٨ لە پاریس دەبینرێ. بەڵام هۆکاری ڕوون نەبوونی چەپی نوێ تا ڕادەیەک دەگەڕایەوە بۆ ناڕوونیی ئارمانج و داخوازییەکانیان. بەشـێک لـەم داخوازییانـە دەگەڕایەوە بـۆ ئازادییە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو پەیوەندیی جنسی، ڕاکردن لـە کۆتوبەندی بنەماڵە و هتد. بەڵام کەیسـە سیاسـی و گەورەترەکەی بە وردی ڕوون نەبوو چییە؟ گرینگترین تایبەتمەندیی ئەم بزووتنەوەیە، هەندێ لایەنی دژەباو بوو و فێمێنیزمی ڕادیکاڵیـش لەم ڕێگەیەوە خۆی خسـتە پاڵ ئەوان. لەبەر ئـەوەی دۆخێکی خوڵقاندبوو کە پشـتیوانیی لە دژایەتیکردنی نۆرمگەلێکی وەک بەرپرسیارێتیی بە هاوسەر و منداڵ، دژایەتیکردنی سیسـتەمی سەپاندنی دەسـەڵات لە ناو بنەماڵە و کۆمەڵگادا دەکرد کە ئەمەش لە لایەن فێمێنیزمە ڕادیکاڵەکانەوە پاڵپشتیی لێ دەکرا.

فێمێنیزمی ڕادیکاڵ، لە ئایدیای شـێلگیر و گرینگتـری مارکسـیزمی revisionism پێداچوونەوەخـواز کاریگەریـی وەرگرتبـوو. تیۆدۆر ئادۆرنۆ، هاوشێوەی ئەندامەکانی تری قوتابخانەی فرانکفۆرت، بە گومانەوە سـەیری زانسـتی دەکرد. لـەم ڕوانگەیەوە زانسـتی پۆزێتیـڤ کە بانگەشـەی ڕاسـتبێژییەکی بـێ لایانـەی دەکـرد، ڕوانگەیەکە لەتەک ڕەهەندەکانی تری سیستەمی کولتوریی زاڵ، خۆ دەگونجێنێـت. تەنانەت ئەگەر مرۆڤەکان هۆشـیار و خاوەن بیرکردنـەوەش بن، هەر کۆیلـەی ئـەو سیسـتەمەن. ئەوان شـێوە سـنووردارکراوەکانی بیرکردنەوە و کردەیان هەیە کە لە لایـەن دۆخە کۆمەڵایەتییەکانی بەردەستی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییەوە بە سەریاندا داسەپاوە.

خەریکە دونیا بـۆ بەندیخانەیەکی ئاوەڵا دەگۆڕدرێت و خەڵکیـش لە باتی ئەوەی کە

دژی بوەستنەوە گوێرایەڵی دەبن. کتێبە بە ناوبانگەکەی ئادۆرنۆ بەناوی «دیالێکتیکی نەرێنی»، لەم بابەتانە دەکۆڵێتەوە کەوا خۆیان لە هەر چەشنە سەلماندنێک بپارێزن و بە تەواوەتی هەڵگری کۆمەڵێک گوزارەی نەرێنی بن، کەواتە پاڵنەری لایەنگیریکردنی ئادۆرنۆ لە هونەری دژەباو، تامەزرۆیی ئەوە بۆ بینینی دژایەتیی بەرهەمە ئاوانگاردەکان لە کارتێکراویی یەکسانسازیی بازرگانی و بە شت بوونی(شیءوارگی) هونەرە کەوا سووژەی هونەری بۆ ئۆبژەی تاکەکەسی دادەبەزێنێت. بە بۆچوونی ئەو، ستراتیژیی پێشەنگ، بنەڕەتی خۆڕاگرییە دژ بە تواندنەوە لە ناو ستەمی بازاڕدا.

لە ساڵەکانی دەیەی شەستدا، بەرهەمەکانی هێربێرت مارکۆزە لەناو خوێندکارەکاندا ڕێزی تایبەتی لێ گیرا، بەتایبەتی باسی «دژایەتی لەگەڵ سەرکوت» لایەنگرییەکی فرەی بوو. تیۆرییەکانی ئەو هیچ کات چاوپۆشیی لە بیرکردنەوەی تاک نەدەکرد، بەڵکوو هەوڵی دەدا لە کۆمەڵگەی بە شت کراو(شیئی انگار)دا، کەشێک بخوڵقێنێت، تاکەکەس بتوانێ لەو کەشوهەوایەدا بەسەر نامۆبوونی خۆیدا زاڵ بێت. مارکۆزە ئەم ستراتیژییەی بە «بەرپەرچدانەوەی مەزن» ناودێر دەکرد، ئەم بۆچوونە، بێهیواکان و ڕۆشنبیرە ڕەخنەگرەکانی چەپی نوێی لە پاڵ یەکتری دادەنا.

بە دەربڕینی ئەو، «بیرکردنەوەی ڕەخنەیی، لە هەمبەر ئەو مرۆڤانەی کەوا بێهیوایانە، تەواوی ژیانیان بۆ شۆڕش و بەرپەرچدانەوە و نکۆڵی تەرخان کردووە و تەرخانی دەکەن، وەفادارە». دژایەتی لەگەڵ سەرکوت بۆ فێمینیزم واتایەکی ستراتیژیکی هەبوو. لەلای گەنجە نەیارەکانی سەرکوتەوە، دەرباز بوون لە کۆتوبەندی دواکەوتوویی ناوەوە و سەرکوتی دەرەوە، پێش هەموو ئارمانجەکان دەکەوت. بەشێک لە فێمینیستەکان کەوا شۆڕشیان وەکوو بابەتێکی پیاوانە لە قەڵەم دابوو و لە بزووتنەوەی دەیەی شەست جیا بوونەوە، ئەم بۆچوونانەیان بۆ پووچەڵ کردنەوەی دامەزراوە نەریتییەکان دەکاردەکرد کەوا پێناسەیەکی تایبەتیان لە سەر خۆشەویستی هەبوو و لایان وابوو ئەوانە دەبنە هۆی دواکەوتوویی ژنان، بۆیە بایەخی زیاتریان بە بۆچوونەکانی مارکۆزە دا. لایەنگریی بنیامین لە سووررێئالیزم بە هۆی تایبەتمەندیی شۆڕشگێڕانە و ڕۆمانتیک و سەربەستخوازانەکەی بوو. ئەو دەنووسێ: «ئارمانجی سووررێئالیزم لە تەواوی کتێبەکان و هەنگاوەکانی، دەستەبەرکردنی هێز و گوڕوتینی پێویست بۆ شۆڕشە».

ئەم دوو بیرمەندە جگە لەوەی کە لایەنگری پووچەڵکردنەوەی ڕەهای ڕێکخستنی کۆمەڵایەتین، خوازیاری شۆڕشێکی ڕادیکاڵیشن و پێداویستییەکانی گرووپە چەوساوەکان لە ڕێگەی بە کارهێنانی توند و تیژی دژ بە ستەمکاران بە فەرمی دەناسن.

بنیامین و مارکوزە و سارتر لە لایەکەوە بە جەخت کردنەسەر ڕووخاندنی سەرمایەداری و فێڵەکانی، لەلایەکی تر بە جەخت کردنەسەر ویستی گۆڕانخوازیی مرۆڤەوە، جۆرێک لە ئانارشیستی توندیان پەرەپێدا. ئەمەش لە باتی هەڵگیرسانی شۆڕش بۆ ئەوەی ڕێکخستنێکی نوێ جێگیر بکەن، نەفسی تێکدانی ڕێکخستنی بەردەستیان بە گرینگ دەزانی. بەم جۆرە بوو وا دەیەی شەست بوو بە دەیەی گۆڕانکاریی ڕادیکاڵی شۆڕشگێڕانە کەوا پتر لەوەی باس لە قازانجەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیی جێگروە بکات، پێویستیی ئازادیخوازی و بەربەرەکانێی توندوتیژانە دژ بەدەسەڵاتی درۆیان بە باش دەزانی. مەبەست لە دەسەڵاتدارێتیی درۆ، دەسەڵاتداریی سیستەمێکە کە بە ڕواڵەت وا نیشان دەدا هەموو شت سروشتی و خاس و ڕێسامەندە، بەڵام جۆرە فریوێک بووە بە پاڵنەری ئەم

باوەڕە. ئەم ئایدیایە بوو بە باشترین مۆدێل بۆ فێمێنیزمی ڕادیکاڵ بۆ ئەوەی بنەمای هەمووی ئەم درۆ و ساختەکارییانەی پەیوەندییەکان، بە ڕواڵەت سروشتی و دادپەروەرانە بەڵام لە ناخدا تێکەڵ بە دەسەڵاتی نایەکسانی نێوان ژن و پیاو یا هەمان نێرسالاری لە قەڵەم بدات.

فێمێنیزمی ڕادیکاڵ بە پشت بەستن بە مارکسیستە نوێیە پێکهاتەخوازەکان بڕوای وا بوو کە بنەڕەتی کۆمەڵگەی هاوچەرخ لە بواری ئابووری و کولتوور و ڕەهەندەکانی تریدا، بە شێوەیەکە پێویست بەوە ناکا جیاکردنەوەی ئاگامەندانە و پشت ئەستوور بە بندەستیی ژنان بخاتە ئاراوە. بۆیە هەندێک لە ژنە تیئۆری داڕێژەرەکان هەوڵیان دا شرۆڤەی دادپەروەری وەکوو یەکسانی بسڕنەوە. ئەلیزابت گراس، لای وابوو بە هۆی ئەوەی کە ژنان پێویستە بۆ پێناسە کردنەوەی ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان سەربەست بن، باشتر وایە ئارمانجیان وەک سیاسەتی «سەربەخۆیی لە پیاوان» فام بکەن نەک سیاسەتی «بەرابەری لەتەک پیاودا». لوویی ئاڵتوسێر و ئانتۆنیۆ گرامشی، تیۆری داڕێژەرانی تری نەریتی مارکسیستی، بۆ دابین کردنی هزری فەلسەفی – سیاسیی زاڵ لە دەیەکانی ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا کاریگەرییان بووە. ئەم دوو بیرمەندە، جەختیان کردە سەر کاریگەریی ئایدۆلۆژی لەسەر بەرهەمهێنانەوەی هێژموونی یان ئۆتوریتەی بە فەرمی ناسراو. ئاڵتوسێر هەوڵی دا لێکی بداتەوە کە پەیوەندییەکانی کۆمەڵگەی بورژوایی چۆناوچۆن بەرهەم دێتەوە. بە ڕای ئەو، ئایدۆلۆژی میکانیزمێکە بورژوازی پشتی پێ دەبەستێ بۆ ئەوەی زاڵ بوونی چینایەتیی خۆی بەرهەم بێنێتەوە. مرۆڤ نەوە بە نەوە لە ڕێگای ئایدۆلۆژییەوە درێژەی داوە بە یەکخستنەوەی خۆی لە تەک دۆخی بەردەستدا. لە ڕوانگەی ئەوەوە «ئایدۆلۆژیی تاکەکان وەکوو سووژەکانی سیستەم، یان دەیانسڕێتەوە، یان پێیاندا هەڵدەڵێ، یان ئەوەی کە شوناسی پێویستیان پێ دەبەخشێ بۆ درێژەدان بە کارکردی ئێستاکە».

ڕوونە مەبەست لە ئایدۆلۆژی لێرەدا سیستەمی کولتوری و بروکراسیی ئێستاکە لە سەرمایەداری ڕۆژئاوایە، لێ فێمێنیستەکان ڕاست کردنەوەی ئەم ئایدۆلۆژییەیان داوەتە پاڵ سیستەمی نێرسالارییەوە. بە بۆچوونی گرامشی، دەوڵەتی سەرمایەداری لە ڕێگەی تێکەڵ کردنی دەسەڵات (کەوا هەمان تێکدانی یەکگرتوویییە) لە تەک ڕەزامەندیی جەماوەریدا (کە لە ڕێگای ئایدۆلوژییەوە بە هاوکاریی دەروونناسیی کۆمەڵایەتی و میتۆدەکانی یەک خستنەوە دەستەبەر دەبێ)، هەوڵ دەدا چینی کرێکار بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. لەم جۆرە هێژموونییەدا کارگە لە کۆمەڵگە جیا نابێتەوە. هێز لە کارگە لە تەک سیستەمی چەقبەستوو لە ئایدۆلۆژی و ڕەوشت، ئاوێتە دەبن و مۆدێلێ لە ژیان پێکدێنن. کەواتە ئاوایە وا (نوخبەگەلی زاڵ، بە پێی ئەو شتە وا بە دڵی خۆیانە، فۆرم بە جهانبینیی حەز و ئارەزووی زۆرینە دەبەخشن. لەم دۆخەدا چینە باڵادەستەکان زیاتر لە سەرۆک و ڕێبەر دەچن تاکوو سەرکوتکار، چونکە قەناعەتیان بە زۆرینە هێناوە کە پاشکۆیان بن. بە بۆچوونی گرامشی زاڵ بوون، لە تایبەتمەندییەکانی کومەڵگەی پاش فیئۆدالی، بە تایبەت بورژواکان و هەروەها هێمای سەرکەوتنی کۆمەڵگەی لەم جۆرەی دوایی بوو).

## فێمێنیزمی ڕادیکاڵ و شۆڕشی کۆمەڵایەتی

فێمێنیزمی ڕادیکاڵ بە کەڵکوەرگرتن لەم چەشنە بیرۆکانە، سەرهەڵدانی کۆمەڵایەتیی وەکوو ئارمانجی بزووتنەوەی ژنان هێنایە ئاراوە. «ژنان لە خودی خۆیاندا بندەست نەبوونە، بەڵکوو ئەم بندەستییە بەرهەمی پرۆسەی کارای بنچینەی دەسەڵات بووە». بە

پێی ئەم بنەمایە چ ڕێگایەک جگە لە تێکەڵ کردنی جۆرە شۆڕشـێکی سیاسـی لە تەک شۆڕشی کۆمەڵایەتی بۆ گۆڕانکاری نامێنێتەوە. لەبەرئـەوەی تیۆریداڕێژەرانی چەپی نوێ لە سەرهەڵدانی سیاسـی (بۆ نموونە لە١٩٦٨ ) بێهیوا بوون، فێمێنیزمی ڕادیکاڵ، پشتی بە سەرهەڵدانی کۆمەڵایەتی بەستووە.

لە دەسـتپێکی بیـری فێمێنیسـتیدا، بۆچوونی زۆرینەی فێمێنیسـتەکان، بە پێی بندەسـتی و دەستەمۆیی ژنانە، لە بەستێنی پەیوەندیگەکی ئابووری، فەرهەنگی و سیاسیدا لە دایک بووە و گەشەی کردووە. ئەمە هەمان جیـا کردنەوە بەناوبانگەکـەی دوو دەربڕینی لێک نزیکی نێوان، «ڕەگەز» و «ڕەگەزێتی»یە؛ بـە پێی ئەم بنەمایە زۆربەی باس کردنەکانی ژنانـە و پیاوانـە، شـرۆڤەی ڕەگەزێتییە لە ڕاستییەتی ڕەگەزی کە بووەتە پێناسەکردنی دەوری جۆراوجـۆر بۆ ژنان و پیاوان و دانانی سنوور و بێ بەشی.

بـە کەڵکوەرگرتن لە دژە پۆزیتیڤیسـم بوونـی ڕێبـازی ڕخنەیی، «بێتـی فریدان» وتی: کێشـە ئەوەیە کە زانسـتی بەردەست، زانستی پۆزیتیڤیستی، پیاوانەیە و گشت ئەم چەمکانە پیاوان دایانهێناون، واتە لە مێشـک و ئاگامەندی و هەسـتی ئەواندا کە بە ناچار پیاوانەیە و تێگەیشتن لە تایبەتمەندییە زەینی و سـۆزدارییەکانی ژنان و بەرژەوەندیی ئەوان لە چاوی خۆیاندا وا لەوێ بێبەشـە، سـەری هەڵـداوە. ئەو هەنـدێ خاڵی دەستنیشـان کـرد کـەوا یارمەتیدەری پێشـکەوتنی ئەم تیۆرییە ڕادیکاڵیە کە دەڵێ ئەو زانستە وا لە کۆمەڵگەی نێرسالاردا گشتگیرە و ڕەواییی پێ دراوە، زانسـتی پیاوانە. ئەنجامەکەشی ئەوەیە کێشـەی ژنان نەک هەر ون و نامۆیە، بەڵکوو چ بەشـێ لە زانسـتی برواپێکراوی سەردەم، پەیوەندیی بـە ئەزموونی ژنانـەوە نییە. بەم جۆرەیە وا کێشـەی بێ ناونیشانی و نادیاریی ژیان و ئەزموون و فام و تێگەیشـتنی ژنانە، بووەتـە یەکێک لە کۆڵەکە سـەرەکییەکانی بیری فێمێنیزمی ڕادیکاڵ.

سەرەڕای گشت ئەو کەڵکە وا فێمێنیزمی ڕادیـکاڵ لـە بیر کردنـەوەی فەلسـەفی-سیاسـیی ڕادیکاڵ وەریگرت، ڕێگای خۆی بە شێوازی بنەڕەتی لێ جیا کردەوە. بەم شێوەیە بانگەشـەی ئەوەی کرد شۆڕش دژ بەم باوک سەروەرییە بنەمای تەواوی خەباتەکانە.

«ڕەکسان دانبار» ڕاشکاوانە جەختی لەوە کردەوە کە» دەبێ فێمێنیزم لە لایەن ژنانەوە وەکوو بنەمایەک بۆ گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیی شۆڕشگێڕانە بێتە ئاراوە».

خاڵی جێی سـەرنج لێـرەدا ئەوەیە کە فێمێنیزمی ڕادیکاڵ، شۆڕشـی فێمێنیستیی نەک وەکوو کەرەسـتە بـۆ گۆڕانکاریی جێی سـەرنجی ژنانـە، بەڵکوو وەکـوو بنەمایەک بـۆ گشـت گۆڕانکارییـە کۆمەڵایەتییەکان دینێتە ئاراوە. واتە بانگەشـەی ئەوە دەکا ئەو گۆڕانکارییانەی مارکۆزە و بنیامین و سـارتر و ئادۆرنۆ مەبەسـتیان بوو، دەبێ لە بەشـی پەیوەندییەکانی نێوان ژن/پیاوادا دەسـت پێ بکات و دواتر بۆ بەشەکانی تر وەکوو کرێکار/ سـەرمایەدار یان ڕەش/سپی و هاوشێوەکانی بگوازرێتـەوە. داگیرکاریـی پیاوانە و گۆڕینی ژنـان بۆ کۆیلە، بنەمای سـەرەکی و مۆدێلی تەواوی سـتەمە کۆمەڵایەتییەکانە بۆیە باشتر وایە گۆڕانکارییەکان لە بنچینەوە بن.

ناونیشانی وتارە بەناوبانگەکەی دانبار لەم بارەیەوە ڕوونە: «سـەربەخۆیی بزووتنەوەی مێیینە وەکوو بنەمای شۆڕشی کۆمەڵایەتی».

ئەو لـەم نووسـراوەیەدا جەختـی لەوە کـرد «هەمـووی خەڵـک لە ژێر گوشـاری سیسـتەمی چینایەتیی نێونەتەوەییدا دەژین کە لە سـەرووی هەموویان چینی سیاسـیی نێرینەی سپی پێسـتی ڕۆژئاوایی جێگربووە و لە خوارترین لایەنەکانی ئەو سیسـتەمەدا، مێینەی غەیرە سپی پێستی غەیرە ڕۆژئاوایی».

بە بۆچوونـی «باربارابووریـس»، تەنیا بە

گەڕاندنەوەی کولتووری فەوتاو و گاڵتە پێ کراوی ژنان و بنەمای مێینەییە کەوا کۆمەڵگەی مرۆیی ڕاستەقینە بەرهەم دێت. جۆرێک لە ئەنتەرناسیۆنالیزمی ژنانە بووەتە بنەمای شۆڕشی جیهانی.

بووریس دەڵێ: «ئێمە پشتگیریی گشت ئەو ژنانە دەکەین کە لە هەر نەتەوە و چین و وڵاتێک لە سەرانسەری ئەم جیهانەدا بن».

## فمینزمی ڕادیکاڵ و پێناسەکرنەوەی سیاسەت

بە پێی ئەم بنەمایە بوو کەوا ئایدیا یان بیرۆکەی تا ڕادەیەک ناروون و پرشروڤە و پڕ ململانێ و بەناوبانگی فێمێنیزمی ڕادیکاڵ، پێکهاتبوو لەوەی کە «بابەتی تاکەکەس، بابەتی سیاسییە». گەر بنچینەی گشت ستەمەکان بە تایبەت ستەمی سیاسی بگەڕێتەوە بۆ پەیوەندیی نێوان ژن و پیاو، کەواتە هەمووشت تەنانەت سیاسەت و داگیرکاریی سیاسی، هۆکردی پەیوەندیگەلی تاکەکەسی، بە تایبەت پەیوەندیی نێوان ژن و پیاوە. لە ژێر کاریگەریی بیرۆکەگەلی پێکهاتەخواز و پاش پێکهاتەخوازی بوو کەوا، فرەیەک لە تیۆریداڕێژەرانی فێمێنیزمی ڕادیکاڵ، بەو باوەرە گەیشتن پێناسەی باو لە سیاسەت، بۆ خۆیشی بابەتێکی سیاسییە واتە بەرهەمی پەیوەندییەکانی دەسەڵاتە.

بەو واتایەی ئێستا باوە، سیاسەت تەنیا بازرگانیی حکومەت لە ڕێگای حزبەکان، هەڵبژاردن و ڕێکاری حکومەتی نییە، بەڵکوو پەیوەندییەکانی هێز لە ناو ژیانی خەڵکی لە دوو توێی بنەماڵە، قەومیەت، ڕەگەز، ڕەگەزێتی، چین و هاوشێوەکانیشیەتی. لایەنگرانی ئەم پێناسەیە جەخت دەکەنە سەر بەشداری کردنی ژنان لە سیاسەتی گشتیدا بۆئەوەی لێکی بدەنەوە ژنان چۆناوچۆن کاریگەری لە سەر دابەشکردنی سەرچاوەگەلی دەسەڵات دادەنێن و هەروەها چۆنیش دەچنە ژێر کاریگەرییەوە.

بەشداریی سیاسی، هەوڵێک بۆ گۆڕینی تاکەکان و کردە و ئارمانجەکانی حکوومەت نییە بەڵکوو کارتێکراوی کارلێک(همکنشی، تعامل)ی سیاسی لە کۆمەڵگە، لە لێژنە و لە بنەماڵەش دەگرێتەوە. بێت و لە سەر داگیرکاریی ئاشکرای پیاوانە لە کەرتی تایبەتی و نیمچە تایبەتیدا نەکۆڵرێتەوە، ئەوا داگیرکاریی شاراوەی باوکسالاری لە بنچینەی دەوڵەت، ئاسایشی تەواوی دەبێ. بۆیە بۆ دوورەپەرێزی لە بەرهەمهێنانەوەی باوکسالاری، باشتر وایە بەشداریی سیاسی وەها پێناسە بکرێتەوە لە باتی وەسفە نەریتییەکانی وەکوو: لایەنگری، بەرژەوەندی تەوەری، نێرینە سالاری، وەسفە نوێیەکانی وەکوو ڕخنەیی، بەهاتەوەری، ئەوپەڕ ڕەگەزێتیشی تێدا ڕەچاو کرابێ.

بە بۆچوونی فێمێنیستە ڕادیکاڵەکان، هەروا کە باوکسالاری سیستەمێکی گشتی و پەرگیرە، بەرەنگاربوونەوەش دەبێ گشتگیر بێ و سەرتر بێ لە تێکدانی پەیوەندییەکانی داگیرکاری لە گشت ڕیکخراوەکان، لەناوچوون یان گۆڕینی شێواز و ناواخنی هەموو دامودەزگاکانیش بگرێتەوە کەوا ئەم سیستەمەیان بەرهەم هێناوەتەوە و بە لەناوبردنی ئەم سیستەمەیە وا مرۆڤایەتیی ڕاستەقینە سەرهەڵدەدات و یۆتوپیای فێمێنیستیش پێکدێت.

لە ڕوانگەی هەندێ لە توێژەرانەوە، ڕزگار بوون لە دۆخی باوکسەروەری کاتێک جێبەجێ دەبێ کە ململانەگەلێ کە لە ناخی ژیانی تایبەتی ژناندا تێدەپەڕێ، وەک بابەتی سیاسی ڕەچاو بکرێت، چونکە ئەمە هەل بۆ ژنان دەڕەخسێنێ سەرهەڵدان، شۆڕش و چاکسازی و هەر چەشنە ئاڵوگۆڕێ لە سیاسەتدا بە ڕەوا بزانن؛ هەروەها لە بەشەکانی پەیوەندییە تایبەتی و بنەماڵەییەکانیشدا کەوا ژنان بوونەتە قوربانیی نەزم و تەکووزیی

داسەپێنراو، ڕێگەپێدراو بێت. دوئالیزمی ناوبراو، ڕێگەخۆشکەری مانەوەی پەیوەندییە نادادپەروەرانە ڕەگەزێتییەکان بووە لە پانتای بنەماڵەدا. ڕەت دانەوە ئەم دوئالیزمە، داوەری و بە یاسایی کردنی دوو ڕەگەز لە نێو ماڵدایە وا وەکوو بابەتێکی تاکەکەسی لە پانتای چاودێری، داوەری، ململانێ و دادخوازی لە دەرەوە بووە.

جەختی نەریتیی کۆمەڵناسی لە سەر ئەوەی کە سەرچاوە سەرەکییەکانی ستەم لە لایەن دەوڵەت و ئابووری و دامەزراوە جەماوەرییەکانیترەوە دەستنیشان دەکات، کێشەی دەسەڵات و داگیرکاری لە ناو دامەزراوە «تایبەتییەکانی» وەکوو بنەماڵە، هەروەها پەیوەندییە تاکەکەسییەکان لە هەردوو بەشی گشتی و تایبەتی پشتگوێ دەخات. تێکڕا کاروبارە تاکەکەسییەکان سیاسین، واتا بنەماڵە، پەیوەندییە تاکەکەسییەکان و ژیانی سۆزدارانەی وەکوو خاوەندارێتیی سیاسەت، بە پێی بنەمای پەیوەندیی سیستماتیکی هێز و نایەکسانی پێکدێت. سیاسەت لە بەشی گشتیدا سنووردار ناکرێتەوە بەڵکوو لە وردترین بەشەکانی ژیانی مرۆیش بە هۆی بوونی پەیوەندییەکانی دەسەڵاتەوە ئامادەیە. لەم شرۆڤەیەدا بابەتی تاکەکەسی، خاوەنی دژە بەهای بابەتی سیاسییە. لە ڕێگەی ئەم دروشمەوە، پێداگری لەم خاڵە دەکرێ کە ئاریشەی ئەو ژنانە وا ناتوانن خۆیان دەگەڵ چاوەڕوانییە ڕەگەزێتییەکان لە ژنان بگونجێنن و نایانەوێ پلەدووهەمی وەکوو تایبەتمەندییەک بۆ خۆیان پەسەند بکەن، بابەتێکی تاکەکەسی نییە، بەڵکوو ئەمە بەشێکە لە پەیوەندیی ململانێ لە گەڵ پیاوان یا لەگەڵ سیستەمی پیاوسەنتەردا. کەواتە نارەزایەتیی ژنان دەتوانێ نارەزایەتییەکی سیاسییش بێ. ڕزگار بوون لەم دۆخەدا، خۆڕاگرییە لە هەمبەر ناوەکی کردنەوەی بەها ڕەگەزێتییەکان، واتا ئەو ڕۆڵ یان دەورانە وا بە شێوەی باو لە ژنان چاوەڕوان دەکرێ؛ ئەوەش بە زیاد کردنی ئاگامەندی دەستەبەر دەبێ. لە ڕێگای ئەم هوشیار بوونەوەیەوە، ژنان تێدەگەن کێشەکانیان سەرچاوە گرتوو لە «سیستەمێکی سیاسیی پشتئەستوور بە ڕەگەزێتی» یە. لەم شرۆڤەیەدا بابەتی تاکەکەسی و بابەتی سیاسی، هیچیان بەهاکانیان زیاتر لەوی تر نیە. نەک تەنیا بابەتێکی تاکەکەسی سەربەخۆ نییە، سروشتی و ئاساییش نییە، بەڵکوو پشت بە بابەتی سیاسی دەبەستێت، کەوا باشترکردنی لە ڕێگای گۆڕانکارییەوە مسۆگەر دەبێ.

خاڵی جێی سەرنج لەم بوارەدا ئەوەیە کە مۆدێلەکانی هەڵسوکەوت لە بنەماڵەدا بەو ڕادەیە لە مۆدێلی هەڵسوکەوتی سیاسییەوە کاریگەری وەردەگرن و بەپێچەوانەوەش. هەڵسوکەوتی سیاسی، ئابووری، کەلتووری، دەرکەوتە جیاوازەکانی ئەو هەڵسوکەوتانەن وا لە مرۆڤەکان لە گوتارێکی پیاوسەروەری لە پیاواندا، دەوەشێتەوە، هەڵسوکەوت لە بنەماڵەشدا شتێکی جیا لەمانە نیە.

«من»، هەمبەر «ئەوی تر»ی دەرەوەی ماڵ نیە، بەڵکوو ئەم منە، لەهەمبەر ئەوی تری ناو ماڵدایە. دەربڕینی پیاوسەروەری و ئەو ڕۆڵەی دەیگێڕێ وەکوو هۆی بنەڕەتیی گرفتی ژنان بانگەشەی ئەوە دەکا لە دەسپێکدا بنچینەی سیاسی، مۆدێلی خۆی لە پیاوسالاریی بنەماڵەوە وەردەگرێ، دواتریش دەوڵەت لە ڕێگای وردەسیستەمەکانی وەکوو پەروەردە، وەزارەتی خوێندنی باڵا، یاسا و دادگاوە، مۆدێلی داگیرکاریی پیاوانەیی بەرهەم دێنێتەوە. بەڵام تەنانەت زۆربەی فەیلەسووف و کۆمەڵناسە پێکهاتەخوازەکان لە گەڵ ئەم لێکدانەوە فێمێنیستییە لە کێشەی بنەڕەتیی کۆمەڵگەی هاوچەرخ کۆک نین. «پییر بۆردیۆ» لە کتێبەکەیدا بە ناوی «داگیرکاریی نێرینەیی» ڕوونی دەکاتەوە کە: «بنچینەی هەمیشەیی بوونی پەیوەندی، هێزی فیزیکی

و هێـــزی هێماییی نێـــوان دوو ڕەگەز لە ناو یەکێک لە بەرچاوترین شوێنەکانی واتا بنەماڵە نییە، کەوا هەندێ لە گوتارە فێمێنیستییەکان هەمـــوو ڕەخنەکانیان بـــەرەوڕوو کردووەتەوە، بەڵکوو ئەمـــە لە ناو ناوەندگەلێ وەکوو فێرگە و دەوڵەتدایـــە، واتا شـــوێنی بەرهەمهێنان و داســـەپاندنی بنەمـــای داگیرکارییەکە کەوا تەنانەت لە ناو نهێنیترین بەشەکانی جیهانی ئێمەدا داســـەپاوە. ئـــەم گۆڕەپانـــە گرینگە کردەیەکە بۆ خەباتە فێمێنیستییەکان».

هەرچەندە فێمێنیزمی ڕادیکاڵ دابەزاندن یان کـــەم کردنەوەی داگیرکاریی پیاوانەی بۆ داگیرکاریی دەوڵەت پەسەند نەکرد و هەروەها پێداگریی لەســـەر داگیرکاریی پیاوسەروەری کـــرد کە لە زنجیـــرەی سیاســـی و ئابووری و بنەماڵەییـــدا وەکـــوو هۆکاری ســـەرەکیی بندەســـتیی ژنان دەرکەوتبوو، بەڵام ڕوانگەی ئاشت نەبوونەوەیان بۆ بەرەوڕووبوونەوە لە تەک دەوڵەت پەســـەند کرد و لە باتی هەوڵدان بۆ دەکارکردنی پانتای سیاسی بۆ پێش خستنی ئارمانجەکانیان، ڕوویان کردە ڕەخنەی بنەڕەتی لە دەوڵـــەت وەکوو دەرکەوتەی ســـەرەکیی پیاوسالاری.

دیارە تێگەیشـــتنی فێمێنیزمی ڕادیکاڵ لە دێموکراســـیی ڕاســـتەقینە، هاوشـــێوەی فەلسەفەی سیاسیی زاڵی دەیەی شەست، واتا هەمان ئانارشیزمە کەوا هەرچەشنە داسەپاوی و زنجیرە پلـــەی بە پووچـــەڵ کردنەوە یان ڕەدکردنەوەی سەربەستی لە قەڵەم داوە.

لایەنگرانـــی ئەم شـــێوازە لایـــان وا بوو «بەها ســـەربەخۆکان» لە باتی «بەرژەوەندییە کەرســـتەییەکان» دابنێـــن. گرینگایەتیـــی بەهـــا مەعنەوییەکان، بە تایبـــەت بە فەرمی ناساندنی ڕاســـتەقینەی یەکسانیی مرۆڤەکان و پاراســـتنی شـــکۆ و کەرامەتیـــان بـــە بێ ڕەچاوگرتنـــی بەرژەوەندییـــە مادییەکەی، لە ژینگەی سیاســـیدا لە لایەن تیۆری دارێژەرە ڕەخنەگرەکان لـــەم دەیەگەلـــەی دواییدا بە لێشاو پێداگریی لە سەر کراوە.

## ڕخنە و ئەنجام

هەوڵەکانی فێمێنیزمی ئاشـــتیخواز، بە هەر ویســـت و چالاکییەکەوە بێ، ڕاســـت بێ یان هەڵە، تەنانەت دەرەنجامی ئەرێنیشی لە ناو نەیارەکانیـــدا بووە. تەنانـــەت کولتورگەلێ وا لەتەک زۆربەی هەڵوێستە فێمێنیستییەکان، بـــە شـــێوەی بنەڕەتـــی دژ بوونـــە، بە هۆی شەپۆلی بیرکردنەوەی فێمێنیزمەوە توانیویانە، لانکەیـــەک بـــۆ کەمکردنەوەی بندەســـتیی ژنـــان لە کولتـــوری خۆیاندا ڕەچـــاو بکەن و گێڕانەوەیەکی ناوچەیی/خۆماڵیی لێ بەدەست بێنـــن و بەهێزی بکەنەوە. بەم جۆرە، زۆربەی ئەو شـــتانەی بە ســـتەمی ڕەگەزێتی ناوزەد دەکرێ، کەم بوونەتەوە. بەڵام ئایا فێمێنیزمی ڕادیـــکاڵ بـــەو گەڵاڵەگەلی بنەماشـــکێنانە توانیویەتی ئـــەم جووڵەیە خێراتـــر بکاتەوە؟ وەڵامەکە نەرێنییە.

بێگومـــان هەندێـــک لـــە وردبینییەکانی فێمێنیزمـــی ڕادیکاڵ، هاوشـــێوەی هەندێ لە وردەکارییەکانی ڕێبـــازەکان و تیۆریگەلی ســـەرچاوەی لە دەیەی شەســـت و حەفتادا، لـــە ڕوانگـــەی گـــەران بـــە دوای هـــۆکارە دوورەکانییانـــەوە، جێی تێرامانـــە. بۆ نموونە ئەوەی کـــە هەندێ لە گـــرێ پوچکەکان لە کێشـــەکانی پەیوەندیدار بە مافی یەکســـانی و ئەگـــەری گەشـــەی ژنـــان، دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتەگەلی بنچینەیی کەوا بە ئاســـانی بە گۆڕینی چەند یاســـایەک چارە ســـەر ناکرێ. یـــان ئەوەی کـــە پەیوەندییەکانـــی ئۆتوریتە و دەستبەســـەرداگرتن، ئاغا/نۆکـــەر یـــان حکومت/خەڵـــک لانیکـــەم بەشـــێکی، لە ناو بنەماڵـــە و پەیوەندیـــی نێـــوان ژن و پیاوەوە پێکدێ و ڕاهێنانیشـــی پـــێ دەکرێ و دواتر لـــە ناو جەماوەردا تەشـــەنە دەکا. لەوە ناچێ فێمێنیزمی ڕادیکاڵ بە گێڕانەوەکانی «میلت و فایرستۆن، هێنیش»، چارەنووسێکی جیاوازی

لەو فەلسەفەگەلە هەبێ وا کاتی خۆی چوونە ژێر کاریگەرییانەوە، وەکوو مارکسیزمی نوێ، فرۆیدیسمی نوێ و پاش پێکهاتەخوازی. ئەم ڕێبازانە سەرەڕای هێنانە ئارای هەندێ خاڵی فرەچەشن، مێشـــکیان بەرەو بنەمای ئاڵۆز و نادیاری هەندێ کێشــە ڕێنوێنی کرد. بەڵام کێشــەکە لێرەدایە، گەر ئەو دیاریکردنانە لە هەندێ خاڵدا بە دوور لە ڕاســتەقینەکانیش نەبن، ئەگەری چارەســەرکردن بەو شێوازەی ئەوان گەرەکیانە لە ئارادا نییە.

دیــارە ئەزمـــوون وامــان پێمدەگەیێنێ لــەم جیهانــەدا کێشــەکان بــە چەشــنی بنەڕەتــی چارەســەر ناکرێــن، تەنانــەت گریمان لێکدانەوە بنەڕەتییەکان دروســتیش بــن. هــەر چارەســەرییەک کە لــە بنەما فیزیۆلۆژیکەکانی تــاک و پێکهاتەی ناچاریی کۆمەڵایەتیــی پەیوەندیی نێــوان تاکەکان، کە لە پێداویســتییەکانی زنجیرەپلەی هێز و دەسەڵات و سیاسەتدایە، پشتگوێ بخات یان ئەوەی کە شــرۆڤەیەکی لێ پێشکەش بکات کەوا بۆ چاکســازی و باشتر بوونی، پێویست بە گۆڕانکاری لەم بنەمایانە بێ، لەوانەیە ئەو کێشانەی چارەسەریان دەکا زیاتر لەو کێشانە نەبێ وا دروستیان دەکات.

فێمێنیزمــی ڕادیــکاڵ گەرەکــی بوو بە پشتبەســتن بە فەیلەسووفە بنەماشکێنەکان، بەتایبەتی لە ڕێگەی شــرۆڤەی نوێی بابەتی سیاســییەوە، کێشــەی ژنان لە چوارچێوەی گۆڕانکارییە بنەڕەتییــەکان لە ناو جۆرەکانی پەیوەندیی مرۆیی، وەکوو بنەماڵە و پەیوەندیی زنجیرەپلەیی و ڕێکخســتنی سیاسی بێنێتە دی، بە چەشــنێ کە دەوڵەت لە ســەنتەردا بێ. چونکــە لای وابــوو هــەر چالاکییەک وا لــە چوارچێوەی سیســتەمی زانســتی و گوتاری بەردەســتی ئێستادا بێ، دەگاتەوە بە بەرهەمهێناوەی هەمان پەیوەندیی پێشـــووی دەستبەســەرداگرتن. ئەم بانگەشەیەی میلت کە لە هەموو هەلومەرجێکدا کاتێک گرووپێک

بە سەر گرووپێکی تردا زاڵ دەبێ و ڕێبەرایەتی لە ئەستۆ دەگرێ، پەیوەندیی نێوانیان سیاسی دەبێتــەوە و کاتێک پەیوەندی لەم چەشــنە لە باری زەمەنییــەوە درێژەی پێ بدرێ، ئەوا ئایدۆلۆژییەک دادەڕژێتەوە، قسەیەکی ڕاستە. هەروەها ئەوەی کە ســەرەڕای فرەچەشنیی ئایدۆلۆژیاگەلــی جۆربەجۆر، تەواوی کەلتور و شارســتانیەتەکان، بە درێژایی مێژوو باوک سەروەر بوونە و ئایدۆلۆژیای بنەڕەتیی گشتیان نێرینەزاڵــی بــووە، ئەمەش دەتوانێ ڕاســت بــێ. لێ، گرینگ ئەوەیــە لەمە چ ئەنجامێک دەبێتەوە؟ یەکەم ئەوەی کە ئەم ئایدۆلۆژیایە تەنانــەت بۆ چینی بن دەســت، لێرەدا ژنان، بە تەواوەتی زەرەری نەبووە، لەوانەیە بەشــی ژنان لە شارســتانیەتی مێژوویی سیستەمی پیاوســالاریدا دادپەروەرانــە نەبووبــێ، بەڵام واتــای زاڵبوونی ئــەم سیســتەمە، زیانێکی ڕەها بۆ ژنان نەبووە. هەروەها کە سیســتەمی مێژوویی پشتئەستوور بە سەرتر بوونی چینی بەگزادە [ئاریســتۆکرات]، پیشەســازی یان فیئۆدال، دادپەروەرانە نەبووە، بەڵام جەماوەر، بەگشــتی لە ناو چینی کرێکار و وەرزێریش لێی بێبەری نەبوون. دووەم ئەوە کە پێشکەش کردنی هەر چەشــنە پێشنیارێک بۆ ژێروژوور کردنی ئایدۆلۆژییەک کەوا ڕەگ و ڕیشــەی لــە مێژوودایــە، ئەگــەری زۆرە هیوایەکــی بەدینەهاتوو بێ.

ئەم وتەیەی فایرســتۆن کە سیستەمی زنجیرەپلەییی دەســەڵات هەر ئەو شتەیە وا دەبێ لە ناو بچێت و سیستەمی دێموکراتیک و نازنجیرەپلەیــی جێگای بگرێتەوە، پشــت بە بۆچوونێکی ئانارشیســتی لــە دەوڵەت و دێموکراســی دەبەســتێ کە هەر چەشــنە دەستبەســەرداگرتن و زنجیرەپلەیەک دژ بە ئازادی دەزانێت. ئەمە لە کاتێکدایە کە نەزمی سیاســی، تەنانەت لە کەشــی دێموکراتیکدا، جۆرێــک لــە ناوەندگەراییــی پێــوە دیارە. ڕێکخستن، دابەشــکردنی کار، دابەشکردنی

بەرپرسیاری، پلاندارێژی، ژماردن و... ئەو بابەتانەن وا بەردەوام بۆ جێبەجێ کردنی کارە گرینگەکان بە ناچاری لەبەرچاویان گرتووە و جێبەجێکردنی نموونەکانی سەرەوە، تەنانەت بە ڕەچاوکردنی لایەنی تەواو دیمۆکراتیکییەکەی، بە تەواوەتی گرێدراوە بە ناوەندێتی، زنجیرپلە، سەرۆکایەتی/گوێڕایەڵی و سیستەمی پاداش و سزاوە. چونکە لە ڕوانگەی زۆربەی خاوەنبیرە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانەوە، ئۆتۆریتە و ستەمکاری لێک جیاوازن. ئەوەی سیستەمێکی سیاسی لە ڕەوایی بە تاڵ دەکاتەوە، تایبەتمەندییە نادیمۆکراتیک و داسەپێنەرانەکەیەتی، بەڵام سڕینەوەی هەرچەشنە هێزی بەکارهێنانی دەستێوەردان(اعمال نفوذ)یش لەکارکەوتنی لێ دەکەوێتەوە. لە سەر ئەم بنەمایە، ئۆتۆریتەی دێموکراتیک وەکوو سەنتزێک لەقەڵەم دراوە کەوا بەکارهاتوویی و ڕەوایی، بە باشی ئاوێتەی یەکتری دەکات. بەڵام بەشێک لە بزووتنەوەی ژنان، بە پشت بەستن بە زۆربەی بزووتنەوە نوێیە کۆمەڵایەتییەکان، پێکهاتەی ئۆتۆریتەی دێموکراتیکیان وەک چەمکێکی نایەکگرتوو لە قەڵەمداوە و گرینگتر لە هەموو ئەمانە، لە بنەڕەتەوە ناوەندێتی، زنجیرەپلە، سەرۆکایەتی/گوێڕایەڵی و سیستەمی سزا و پاداشیان وەکوو دەرکەوتەگەلێکی نەرێنی بە ئەژمار هێناوە؛ واتا بۆ دووربوونەوە لە مەترسییەکانی سیستەمی باوکسەروەری، پێویستە دوورەپەرێزی لێ بکرێت و بنچینەی هەڵسوکەوتی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە سەر بنەمایەک دابنرێت کەوا ئۆتۆریتە و ڕێکخستنی زنجیرەپلەی لێ داماڵرێت. ئەوە زیاتر لە هیوایەکی ڕۆمانتیک دەچێ کە لەتەک پێوەرگەلی ڕاستبینانە و بەکارهاتوو لە ڕێکخراوەگەلی سیاسی و تەنانەت چالاکییە کۆمەڵایەتییەکاندا نەساز و نەگونجاوە و تەنانەت لە تاکە ئەزموونێکیشدا سەرکەوتنی دەستەبەر نەکردووە.

سەبارەت بە واتای بابەتی سیاسی، ئەم خاڵە کە زاڵبوونی سیاسی دەتوانێ، تا ڕادەیەک و لە ڕوانگەیەکەوە، بنچینەی خۆی لە پەیوەندیی زاڵبوونی ناو ماڵ یان هەمان زاڵبونی پیاو بە سەر ژندا بدۆزێتەوە، سەرنجراکێشە. لێ ڕەتدانەوەی بنەماڵە بە مەبەستی ڕەتدانەوەی دەوڵەت، جگە لەوەی کە بنەما شکێنانەیە، تەنانەت وێنای تێچووەکەشی تۆقێنەرە، لەگەڵ ئەوەشدا نەلواوە. جیهان بە بێ دەوڵەت بەرەو دۆخی سروشتی دەگەڕێتەوە. ئانارشیزم پێکهاتووە لە جۆرە گەشبینییەکی زێدەڕۆیانە لەسەر جەوهەری مرۆڤ و ئەمەش بە تەواوەتی گومانی لە سەرە. مرۆڤەکان لە نەبوونی دەوڵەت و لە نەبوونی هەرچەشنە دەسەڵاتداریی زنجیرەپلەییی، بەختی زیاتریان بۆ جێبەجێ کردن و سازدانی پەیوەندی هەیە کەوا ستەم، بە تایبەتی ستەمی نێرینە/مێینە بەشی دانەبڕاوێتی. هەروەها ئانارشیزم پشتی بەستووە بە ڕوانگەیەکی تەواو ڕەشبینانەوە لەهەمبەر دەوڵەت و دەسەڵاتدارێتی، کەوا زیاتر لە کەشێکی تەواو هەڵاوساوی وەکوو نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەیەم لە ئەورووپادا بەهێند وەرگیرا. لە لایەکی ترەوە ڕەنگە شرۆڤەی دەروونشیکارانەی — فەلسەفی بۆ ئەو چارەسازتر بێ لە شیکاریی سیاسی-کۆمەڵناسانە.

دەوڵەت دامەزراوەیەکی گەلێک بەهێز و دەوڵەمەندە و بە تەواوەتی بەهرەی ئەوەی هەیە لە لایەن خەڵکانێکەوە ئیرەییان پێ ببرێت چونکە لایان وایە ناتەواوییەکانی خۆیان بە هۆی کەڵەکەبوونی لەم چەشنەیە و پێیان وایە بە داگیرکردنییەوە کێشەکانیان چارەسەر دەبێت. فرەیەک لە ڕووناکبیرە دژە دەوڵەتەکان، بە تایبەتی زۆربەی فێمێنیستە ڕادیکاڵەکان، پشتیان بەستووە بە تایبەتمەندیی حەزی داگیرکردنی زۆرینەی خەڵک و بیردۆزییە ڕادیکاڵەکانیان سەبارەت بە دەوڵەت، جار وایە گۆڕیوە بۆ بزووتنەوە. ئەمە لە کاتێکدایە، بە ڕاشکاوییەوە دیارە لە هەر هەلومەرجێکدا

بوونی دەوڵەت پێویستە و باشییەکانی لە خراپییەکانی زیاترە. بنەماڵە و دەوڵەت، هەردووکیان دوو سوژەگەلی چاکسازیی پەیتاپەیتای پەیوەندین نەک تێکدان. ئەگەر پەیوەندیی نایەکسان و پشتبەستوو بە زاڵبوون، سەرچاوەی پەیوەندییەکانی داگیرکاریی سیاسییە، ئەمەش زیاتر پاڵنەری چاکسازیی سیاسییە تا ئەوەی کە شۆڕش بێت و زیاتریش سەلمێنەری پێویستیی چاکسازیی دەوڵەت و دەسەڵاتدارییە تا ئەوەی کە پێویستی تێکدان و ڕەتدانەوەی بەتەواوەتیی دەوڵەت بێت. چونکە لە ڕێگەی چاکسازی لە ناو بنەماڵەدا کە تا ڕادەیەک لە ڕێگەی فێرکاری و پەروەردەوە دەستەبەر دەبێ و بە ئەزموون کردنەوە ئەمەی ڕوون کردووەتەوە کە دەوڵەت و داگیرکاریی سیاسیش، بە هۆی ویکچوونیان لە تەک پەیوەندیی بنەماڵەوە، بە ناچار تۆزێ بەختیان هەیە بۆ چاکسازی.

فەیلەسووف و کۆمەڵناسگەلێ وەک هێربێرت مارکۆزە و میشێل فۆکۆ، گەرچی خاوەن وردبینیگەلی پەسەندکراو بوون، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە لە پێویستییەکانی جێبەجێکردنی پلانەکانیان، پێکهێنانی مرۆڤ و جیهانی نوێ بوو، جگە لەوەی کە کاری گەورەی لەم شێوەیە دەرەنجامی نەبوو، بە هۆی ئەم بەرزەفڕییە نەلواوانە بوو وا گەیشتن بە خۆپارێزی و بێکردەیی ڕەها. چارەنووسی فێمێنیزمی ڕادیکاڵ لە دەیەی شەست و حەفتاکانیش وا پشتیان بەم مودێلە بەستبوو، جگە لەمە نەبوو. وتەکانی مێلت و فایەستۆن لە بارەی زیانەکانی سەرچاوەگرتوو لە گیرۆدەیی ژنان، هەڵگری کۆمەڵێک خاڵی جێی تێڕامانە و لەوانەیە تەنانەت بەشێک لەم گیرۆدەییە، لە پەروەردەی جەماوەریی بنەماڵەوە دەست پێ بکات، بەڵام ئایا چارەسەری کێشەکە ڕەتدانەوەی بنەماڵە و ڕەتدانەوەی ئۆتۆریتە و زنجیرەپلەی بەڕێوەبەری و سیاسییە؟ ئەی جێگرەوەکەی چییە؟ ئەزموون وامان پێ

دەڵێ گرووپە فێمێنیستییەکان گەرەکیان بوو لە ڕێگەی پەیوەندیی دۆستانە و یەکسان و بەرابەر و بە بێ فەرمان و لێپێچینەوە، درێژە بە چالاکییەکانیان بدەن و دەستبەجێ لە ناچالاک بوون ماندوو بوون و تێکچوون.

کێشەی سەرەکیی هەمان ئایدۆلۆژی، دەگەڕێتەوە بۆ کۆن بوونی پەیوەندییەکانی هێزی نایەکسان و چارەسەرییەکەی لە چاکسازیی پەیتاپەیتای یاسا و کولتووردایە. ئەزموونی مێژوویی باشترین بەڵگەیە بۆ سەلماندنی ئەم بانگەشەیە.

هیچ یۆتۆپیا[شاری خەیاڵی]یەک لەم شێوەیە، سا بە پێشنیاری ماری ئەستل، یان پێشنیاری فایرستۆن، یان لووس ئیرگاری، قەت ئاوڕی لێ نەدرایەوە و بەدییش نایە. هەرچەندە جێبەجێ بوونی گریمانەیی نموونەی لەم چەشنانە، فێمێنیستە توورەکانی نەدەگەیاندە ئارمانجەکانیان. لانیکەم بە هۆی ئەوەی کە پەیوەندیی زاڵبوون لە کۆمەڵگەدا بە بێ پیاو، زۆر بە سادەیی لە لایەن بەشێک لە ژنانەوە دژ بە بەشێکی تر دەست پێ دەکات. بانگەشەی ئەوەی کە ژنان لە توندوتیژی و ململانێ و داگیرکاری بێزارن، نەسەلمێندراوە. ڕەنگە ئەمە هاوشێوەی هەڵەیەک بێت وا مارکس لە بارەی کرێکارانەوە تووشی بوو و لای وا بوو کۆمەڵگەی کرێکاری، شوێن داگیرکاری ناکەوێت. تێگەیشتن لە پووچەڵ بوونی ئەم باوەڕە ڕۆمانتیکییە لە ژێر تیشکی عەقڵ و ئەزمووندا، هێندە زەحمەت نییە. بۆیە شۆڕشی ڕەگەزێتی نەیتوانی سەرکەوتوو بێت و فێمێنیزمی ڕادیکاڵیش، وەکوو زۆربەی بزاڤە بەپرتاو و تێکدەرە ئەدەبی و هونەرییەکان و ... تووشی دارمان بوو. ئەگەر ڕێگەیەک بۆ هاوسەنگ کردنی کێشەی پەیوەندیی نایەکسان لە ناو کرێکار و کاربەدەست و لە ناو ژنان و پیاوان و ... لە ئارادا بێت، ئەوا بزاڤێکی بەردەوامە کە لانیکەم ڕێسا و بنچینەکانی تێدا بپارێزرێت.

# داهاتووی دایکایەتیکردن:

## تێکنۆلۆژیی منداڵبوون (reproductive) و تیۆریی فێمێنیستی*

ئان دانشن
و: زریان ڕۆژهەڵات

گەرانێک بە (یەکــەم) ڕوانگە جێگرەوەکاندا بۆ داهێنانەکانــی ئەم دواییانە لەبواری تێکنۆلۆژیی منداڵبووندا: پشــتگیری لــە تێکنیکگەلی نوێ لەسۆنگەی جۆرێک لە داهاتووی فێمێنیستییەوە کە ئاراســتەی دەکــەن؛ دژایەتیی بێســنوور ســەرەرای قازانجە دەرمانییــەکان بۆ تاکەکانی ژن؛ یان دژایەتیی سنووردار کە بەستراوەتەوە بە هەرەشەگەلی تایبەت لەسەر بەرژەوەندیی ژنان و، (دووەهەم) پەیوەندییەکانی نێوان ئەم ڕوانینانە و ئــەو بایەخانەی کە لە ئاکاری دایکایەتی جیا ناکرێنەوە.

پەرســتارەکە وتی دەبوو پیشــانی تۆی بدەم، بەڵام تۆ دەمودەست گەیشــتیتە مەمکم. خێرا شــیرت لێ خــوارد. لەبیرمە چــۆن بە دەمی بچووکی کۆ بووەوەت مەمکمت گرت و شــیرت لێ دەرهێنا، چەند شــیرین بوو. کەســێک کە هەرگیز نۆ مانگ منداڵێکی بەو قورســییە لەژێر دڵیدا هەڵنەگرتبێت، کە هەرگیز منداڵێکی لەناو ئازار و خوێنــدا نەهێنابێتە دنیــا، کە هەرگیز شیری بە منداڵێک نەدابێت و... چۆن دەتوانێت بزانێــت دایک چ مانایەکی هەیە. ئەوان چی لە دایکبوون دەزانن ؟

کانی ڕامۆس، دایکێکی سەردەمی ئێمە.

ئەوە بەشێک لە شۆرشی دووروودرێژی ژنان بوو. کاتێک ئێمە خەریک بووین هەموو پلەبەندییە (hierarchy) کۆنەکانمان دەشکاند. لەکۆتاییدا یەک شــت هەبوو کە ئێمەیش دەبوو ڕادەستی بکەیــن، تەنیا دەســەڵاتێک کە لەســەردەمی [داخوازی] ئەوەی کەس دەســەڵاتی زۆرتری نەبێــت، بوومــان. بەرهەمهێنانی ســەرەکی: هێزی منــداڵ هێنانەدنیا. چونکــە تا کاتێک لەباری بیۆلۆژیکییەوە نەبەسترێینەوە، هیچکات یەکســان نابین و نێرینەکان هیچکات نابن بە مرۆڤیکی خاوەن خۆشەویستی و دڵسۆزی. بۆیە هەموومــان بووین بە دایــک. هەموو منداڵێک ســێ دانەی هەیــە. بۆ شــکاندنی گرێدراوییە ناوەکییەکە.

لووســیێنت، دایکێــک لــە داهاتوویەکی ئەگەردا.

وتووێژی نێوان کانی و لووسیێنت لەناو عەردێکی خەیاڵیدا و لە گەرانی مارژ پیێرســی لە کتێبی ژن لــە لێــواری زەمەنــدا(١٠٦،١٩٧٦-١٠٥) ڕوو دەدات. ئــەوەی ئــەو کۆمەڵگایەکــی فەرهەنگیــی دووڕەگەزیــە لەســەر بنەمــای بایەخــە فێمێنیســتییەکان، کە لــە پەراوێزی پێبەندبــوون بە لەناوبردنی هەمــوو جیاکارییە سیستەماتیکەکانی ڕۆڵگەلە(role) ڕەگەزییەکان و ســرینەوەی منداڵبوونی بیۆلۆژیکی لە لایەن مێیینەکانەوە، ڕێکخــراوە. لە جیاتیی ئەوە، ئەو مــادە ژێنێتیکییــەی کە لە مرۆڤــی نێرینە و مێیینەوە وەردەگیرێت، لەناو کرگەدا (brooder) هەڵدەگیرێــت. واتا ئەو شــوێنەی کــە تێیدا دەئاوسێندرێت (fertilize) و ئاولەمەکە تا کاتی هاتنە دنیاوە تێیدا گەورە دەبێت. بەستراوەییی نێــوان ژێنــەکان (genes) و فەرهەنــگ بــە ئەنقەست دەشــکێندرێت. زانیاریی سەرچاوەی ژێنێتیک دەسردرێتەوە. هێشتا شارۆمەندەکانی جیهانی لووســیێنت لەسەر ئەوەی دەستکاریی ژێنێتیکــی بکرێــت [یان نــە] یەکدەنگ نین. ئەوان ئاگاداری نوقســانە ســکوزاییەکان و ئەو ژێنانەی شیانی (susceptibility) ئەوەیان هەیە هەڵگــری نەخۆشــین بن هەن، بــەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا لەسەر تایبەتمەندییە هەڵبژێردراوەکان منداڵیان نابێت. لەناو ئەوانــدا «بیچمدەرەکان» (shapers) لایەنگری منداڵبوونی هەڵبژێردراون؛ تێکەڵکارەکان (mixers) پێیان وایە کە خەڵک بە چەشنێکی بەرهەست (objectively) نازانن کە خۆیان دەبێت ببن بە چی. ئەوان پێشنیاری بیچمدەرەکان وەک « شەپۆلی دەسەڵاتخوازی » دەبینن (پیێرسی ١٩٧٦، ٢٢٦).

شــێوازەکانی منداڵبــوون لــە کۆمەڵگای خەونستانی (utopia) پیێرسیدا لەیەکچوونێکی بەرچــاوی لەگــەڵ ئــەو ڕێکخســتنانەی منداڵبووندا هەیــە کــە لــە مۆتەکستانی (dystopia) ئالــدۆس هاکســلی [لــە] دنیای نوێــی بوێــر (١٩٣٢)دا بەدامــەزراوە کراون،

ئەگەرچی لەم داهاتووە خەیاڵییەدا، نەک تەنیا چاککردنی تۆرەمە(eugenics)، بەڵکوو گەندەڵکردنی تۆرەمەیش(dysgenics) بە جۆرێکی سیستەماتیک بەڕێوە دەچێت. ئەوان لە تاقیگەکانیاندا بەپێی پێڤاژۆی بۆکانۆسکی، ئاولەمە باشترەکان لەباری بیۆلۆژیکییەوە و بە ژمارەیەکی زۆرتریشەوە ئاولەمە خراپترەکان هەڵدەگرن ( ٩٦دوانەی هاوتا لە تاکە یەک هێلکە ) و پێش لە لەدایکبوون ژەهریان پێدا دەکرێت. ئەوانە لەکاتێکدا تێدادەبرێن بەئاستەم لە مرۆڤ ئەچن، بەڵام لە بەڕێوەبردنی کاری بەبێشارەزاییدا بەکەڵکن و، بە گونجاندنی باش، دەکرێت بۆ بەڕێوەبردنی ڕێکوپێکی ڕاسپاردەکانی سەرەوەی خۆیان، متمانەیان پێ بکرێت. لەدایکبوونەکان بەتەواوەتی بە کۆنترۆڵی دەوڵەت بەڕێوە چوون.

لەکاتی دەرکەوتنی بیرۆکەکانی مۆتەکستانی هاکسلییەوە، شیانی وەها دنیایەک زۆرتر لە ئێمەوە نزیک دەبێتەوە. توێژەران لە هەردوو [بواری] توێژینەوەی ژێنێتیک و تێکنۆلۆژییەکانی لەدایکبووندا هەنگاوی بنەڕەتییان هەڵگرتووە. ئاوسکردنی(insemination) دەستکرد بووە بە ڕووداوێکی ئاسایی. ئەگەرچی ئاوساندنی ناو شووشە (in vitro) و گواستنەوەی هێلکە، کەم سەردەکەوێت بەڵام بە بەربڵاوی بەڕێوە دەچێت. ژنانی لەباری ئابوورییەوە بێبەش، لەپێشدا لەبەردەستن بۆ ئەوەی لەبری پێدانێکی کەم وەک دایکی جێگرەوە بەکار ببرێن. کاتێک پێڤاژۆی منداڵبوون لەدەرەوەی منداڵدان دەبێت بە باو، ئیتر ئەوانیش دابەش دەکرێن. پێشتر گەیاندنی ئۆکسیژێن بۆ توێکڵەی (membrane) دەرەوەی لەش (خۆگونجاندنی مەکینەی دڵ ـ سییەکان) بە سەرکەوتووییەوە لە منداڵانی سووکتر لە ١ کیلۆگرامیشدا بەکار هێندراوە (بارتلێت ١٩٨۴). بۆ جارێک ئەرکی (function) ئاولەمەی دوانە بەسەرکەوتوویی لاسایی کراوەتەوە، گەیشتن لە هەڵکردن لەناو شووشەدا، بۆ توانای درێژەدان بە ژیان (گەشەی چنەی جەنین لەناو لوولەی تاقیگەدا) ڕەوتی بیۆلۆژیکیی سکپڕبوون لەباری تێکنیکییەوە هەڵدەوەشێنێتەوە. ئەگەرچی ئەو واقعە ڕووتەی کە شیانی تێکنۆلۆژیکی ڕەنگە ببێت بەهۆی پەرەسەندن لە هەرکام لە چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکانی پێیرسی یان هاکسلیدا، [بەڵام] دەسکەوتی دواتر لە کۆنترۆڵی سیاسیی کاریگەریی دانیشتوانی، تەنانەت گەورەتر و پەرشوبڵاوتر لەوەی هاکسلی لە بیریدا بوو، تەنیا ڕوانین بۆ داهاتووە ناپیرۆزەکە زەقتر دەکاتەوە. ئەگەر منداڵبوون لە دەرەوەی منداڵدان لەبەردەست بێت، ونهێزی(potential) کۆبوونەوەی دەسەڵاتی سیاسی بە جۆرێکی پێوانەنەکراو زۆرتر دەبێت. ئەوانەی کە ئامرازەکانی دەسەڵات کۆنترۆڵ دەکەن، دەتوانن بڕیاری دروستکردنی داهاتوویش بدەن.

ئەگەر بەرژەوەندییە درێژخایەنەکانی ژنان بەستراوەتەوە بە دیاریکردنی ڕێچکەی داهاتووی تێکنۆلۆژیی منداڵبوونەوە، ژنان پێویستیان دەبێت بەکۆمەڵ بەشداری بکەن لە بیچمدان بە سیاسەتی گشتیدا. بەداخەوە، لەناو ژناندا زۆر بە کەمی باس لە بابەخە بناژۆییە لەمەترسی کەوتووەکان دەکرێت، یان ئەو ئامانجە کۆمەڵایەتییانەی کە بە باشی بڕەو بە بەختەوەریی ژنان دەدەن. ئەگەرچی زۆرێک لە نووسەرە فێمێنیستەکان بە ئەزموون وەرگرتن لە ڕابردوو بەخەمبوونی خۆیان لە پەیوەندی لەگەڵ زاڵبوونی زۆرتری تێکنۆلۆژییە پزیشکییەکانی منداڵبوونی کۆنترۆڵکراو دەربڕیوە و هێندێک ئاماژەیان بە ئاراستەیەک داوە کە تییدا بەرژەوەندییە زاڵبووەکان جێگا بە تێکنۆلۆژیی منداڵبوون لەق دەکەن، ئەم باسوخواستە لە پەراوێزی نادیاری هەردوو بەستێنی گشتیی تیۆریسازیی فێمێنیستی و بواری تیۆریی کۆمەڵایەتی کە تیۆریی فێمێنیستی گرێچن کراوە لەگەڵیدا، ڕوویداوە. ئێستا پێویستە خەمەکانی فێمێنیستە بناژۆییەکان لەپەیوەندی لەگەڵ منداڵبوونی کۆنترۆڵکراوی پزیشکیدا لەگەڵ هەوڵەکانی

تیۆریسیەنە فێمێنیستەکاندا بۆ سەرلەنوێ دروستکردنەوەی چوارچێوەی کۆمەڵایەتیی ڕابردووی بەکۆمەڵی ژنان بخرێنە سەریەک و گرێدراوییەکانی بە داهاتووە فێمێنیستییەکانەوە هەڵێنجرێن. ئێمە پێویستە بەکۆمەڵ بیر لە جۆری سیاسەتی کۆمەڵایەتی بکەینەوە کە بەباشترین جۆر بتوانێت بناژۆییترین بەرژەوەندییەکانی ژنان دابین بکات: ئەگەرچی توانایی منداڵ هێنانە دنیا، بایەخێکی ئەوەندە گەورەیە کە هیچ ئامانجێکی کۆمەڵایەتی کە لە هەر داهاتوویەکی تێکنۆلۆژیکیشدا بکرێت پێی بگەین، ناتوانێت بنبڕی بکات؛ ئەگەرچی هەموو داهێنانە تێکنۆلۆژییەکان لە ئاکاری منداڵبووندا سەرەڕای قازانجە دەرمانییەکانی بۆ هێندێک تاکی ژن دەبێت بسەپێندرێن؛ یان پێشکەوتنێکی تێکنۆلۆژیکیی تایبەت دەبێت هەنگاو بە هەنگاو پشتگیری بکرێت تا ئەو کاتەی کە کاریگەرییە کۆمەڵایەتییە خراپەکانی بە ڕوونی دەرکەون.

لە لاپەڕەکانی داهاتوودا دەمەوێت چوارچێوەیەک وێنا بکەم کە تێیدا وتووێژێکی فێمێنیستیی وەها ئەتوانێت بچێتە پێش. لەپێشدا، دەبێت بە کورتی باس لە بەکاربردنی تێکنۆلۆژییەکانی منداڵبوون لەناو بەستێنی کۆمەڵایەتیی ئێستادا بکەم، دواتر ئەو تێگەیشتنە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییە بنەماییانە باس بکەم کە پەیوەستن بە دەرکەوتنی تێکنۆلۆژییەکانی منداڵبوونەوە و بایەخە کۆمەڵایەتییەکان و جێگرەوەکانی سیاسەت لەهەر تێگەیشتنێکدا بەناڕاستەوخۆ تێدەگەن و هەوڵ دەدەن پاشهاتەکانی ئەم پەرەسەندنانە بەلای بەرژەوەندییەکانی ژناندا بشکێننەوە. دواتر، لە لایەکەوە بە سەرنجدان بە باسوخواستەکانی تیۆریسییەنە فێمێنیستەکان کە لە جۆری شرۆڤەی خەونستانی شولمایس فایێرستۆن جیا کراونەتەوە و لەلایەکی ترەوە بەهۆی ئەو شرۆڤەکارە فێمێنیستانە کە هاودەنگن لەگەڵ پێشزانیارییە مۆتەکەستانییەکانی هاکسلی لەپەیوەندی لەگەڵ داهاتوویەکدا کە تێیدا پەیوەندیی نێوان سکپڕبوون و زاوزێ دابڕاوە، هێندێک پرسیاری چەمکی و تیۆری لەسەر هەر ئەو بیرۆکەیەی داهاتووی فێمێنیستیی خەونەشاری دەورووژێنم: لە کۆتاییدا، تێگەیشتنەکانیان لە بەرانبەر فێمێنیستە خەونەشارییەکاندا دادەنێم، بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی باشتر لە بنەمای کاردانەوەی فێمێنیستیی ئێستا بە داهێنانەکانی منداڵبوون ببێت. ئەگەرچی ئەوە لە بنەڕەتەوە لە تێبینی لەسەر سروشتی دەستێوەردانی تێکنۆلۆژی بۆخۆی، یان ترس لە پاشهاتە نزیکەکانی داهاتوویەکی تێکنۆلۆژیکیی وەهاوە سەرچاوە دەگرێت. من بە هێندێک تێبینی لەسەر ئەو پێشگریمانانە، کۆتایی پێ دێنم کە جیاوازییە تیۆرییەکان لە نێوان فێمێنیستەکاندا دەستنیشان دەکەن و جۆری کاتیی بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ دۆخی ئێستادا دەخەنە بەردەست.

## بەستێنی کۆمەڵایەتیی ئێستا

ئەگەرچی بریتانیا و ئۆسترالیا، کۆمیسیۆنی نەتەوەییان بۆ لێکۆڵینەوە لە چەمکە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکانی تێکنۆلۆژییە نوێکانی منداڵبوون دامەزراندووە و سیاسەتی کۆمەڵایەتیی پەیوەندیدار دادەڕێژن، لە دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئامریکادا پەرەسەندن و بەکارهێنانی داهێنانەکانی منداڵبوون بەجێ هێڵراوە بۆ لێکدانەوەی تاکەکان بۆخۆیان و پزیشکەکان. ئەگەرچی لە ئاستی فیدراڵدا هێندێک تێبینی لەسەر بابەتە ئەخلاقییەکانی ئاوسکردنی ناو شووشە و گواستنەوەی ئاولەمە بووە، [بەڵام] تاقمی ڕاوێژکاری ئەخلاقی کە ئەم کارەی لەئەستۆ گرت، دوای خستنەبەردەستی ڕاپۆرتی سەرەتایی خۆی لە ساڵی ١٩٧٩ دا هەڵوەشایەوە. ئەگەرچی توێژینەوەکان لەسەر ئەم پێڤاژۆگەلە کە لە ئاستی فیدراڵدا پشتگیری دەکرێن ناتوانن بەبێ دانپێدانانی کۆمیتە هەڵوەشاوەکە بەرەوپێش بڕۆن، هەردوو

هەوڵەکانی توێژینەوەی تاکەکەسی و بازاڕدۆزیی (marketing) بازرگانی بۆ تێکنیکە نوێکانی منداڵبوون، کەم و زۆر، بەبێ ئاستەنگی ئەخلاقی بەرەوپێش دەچن، جیا لەوە مەگەر توێژەرێک خۆی ئەو ئاستەنگانە بسەپێنێت بەسەر خۆیدا. ئەو تاکەکەسانەی بە دوای ئەوەدا دەڕۆن کە لە بەرهەمی توێژینەوەکانی منداڵبوون کەڵک وەربگرن، ڕێگەپێدراون بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو پزیشکانەدا کە تەنیا بە ویژدانی تاکەکەسی و سەرچاوە ئابوورییەکانەوە بەستراونەتەوە، وتووێژ بکەن. لە وێنەکانی ئاوسکردنی دەستکرددا ، پیشەسازییەکی کۆتاژی ئاست خوار، [و] ئاستەنگی پزیشکی و ئابووری کەم و زۆر دروست دەبێت و هەڵبژاردنی تاکەکەسی بەتەنیایی دیاریکەر دەبێت. لەگەڵ ئەمەیشدا لەگەڵ زانیارییە بەردەستەکان کە بەجۆرێکی بنەڕەتی پەیوەندیدارن بە کۆنترۆڵکردنی دیاریدەرەوە (donors) (ڕاسترەکەی فرۆشیاری سپێرم، چونکە لە زۆربەی کاتدا بۆ بەرهەمەکەیان پووڵ وەردەگرن) دیسان هەڵبژاردنەکانی وەرگر سنووردارە. بەهۆی بەرپرسیاریەتییە قانوونییەکانەوە زۆربەی کات بێناونیشانبوونەکەیان دەپارێزرێت. ئەگەرچی زۆربەی وەرگرەکان پێیان باشە کە لە ئەو دیاریدەرانە سپێرم وەربگرن کە لەباری ژێنێتیکەوە چاودێری کراون، [بەڵام] بەردەوام داخوازیی دەستڕاگەیشتنیان بە زانیاریی لەوجۆرە ڕەت دەکرێتەوە. لەو شوێنەدا کە ژنان هەوڵ دەدەن کە سپێرم لە دیاریدەرە ناسراوەکان و لەڕێگای کاناڵە نا-پزیشکییەکاندا وەربگرن، مەترسیی ئەوە هەیە کە ڕەنگە دواتر دیاریدەرەکە بانگەشەی باوکایەتی بکات.

بەم جۆرە هێندێک کۆنترۆڵ پێویستە، هەم لە ڕوانگەی ئەوانەی کە پێیان باشە بەر بە بڵاوبوونەوەی تێکنۆلۆژییەکانی منداڵبوون بەگشتی بگیرێت و هەم لە بەرژەوەندیی ژنانی شوونەکردوو و نەزۆکیشدا کە هیوادارن لە داهێنانەکانی منداڵبوون بەهرەمەند ببن.

کەوابوو، بابەتی سەرەکی، لەدەوری سروشتی ئەم کۆنترۆڵانە و ئەو ئامانجانەی کە ئاراستە دەکرێن، دەسووڕێتەوە. بەرژەوەندیی ژنان بە درێژەدان بە ئەم ڕەوتە هەوسارپچڕاوەی ئێستا باشتر دابین دەبێت کە ئازادیی منداڵبوون زۆرتر دەکات؟ کە تەنیا سنووردار کراوە بە توانای دۆزینەوەی پزیشکێکی یارمەتیدەر و توانای نەخۆشەکە بۆ پێدانی تێچووی خزمەتگوزارییەکەوە. یان دەبێت بژاردە بەردەستەکان سنووردار بکرێن بە هەڵبژاردنی سنووردار، لە هەردوو ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و پێڤاژۆی پەرەسەندنی زۆرتری توێژینەوە؟

هەردوو ئەم تێگەیشتنانە لەلایەن لایەنگرانیانەوە وەک بژاردەیەک بۆ بەردەوامبوونی نەریتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بەرگریان لێ دەکرێت. یەکێک پێ لەسەر ئازادیی تاکەکەسی دادەگرێت؛ کەسێکی تر قورسایی دەدات بە مۆدێلە نەریتییەکانی منداڵبوون و باوکایەتی و دایکایەتی کردن. لەگەڵ ئەمەیشدا، پێداگران لەسەر بایەخە تاکەکەسییەکان بەرەوڵای داهێنانە تێکنۆلۆژییەکان دایدەشکێنێتەوە. سەرنجدان بە ڕۆڵی ناوەندیی بنەماڵەی بیۆلۆژیکی لە ڕێکخراوی کۆمەڵایەتیدا، بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکان دەبەستێتەوە و ئەتوانێت بەر بە پەرەسەندنی هەوسارپچڕاوی تێکنۆلۆژی بگرێت.

کاردانەوەی کۆمەڵایەتی بە ئاکارە داهێنەرانەکانی منداڵبوون لەجێدا دابەش دەبێت بۆسەر سێ دەستە: لایەنگرانی دەستێوەرنەدان، کە لەسەر قازانجی هەر ئاکارێک کە پەیوەندیی بە ڕێگا سروشتییەکانی ئەنجامدانی شتەکان یان دامەزراوە کۆمەڵایەتییە نەریتییەکانەوە هەبێت، پرسیار دەکەن؛ لایەنگرانی دەستێوەردانی ناوەندگیرانە، کە پێشەنگایەتی بە ئازادیی [جۆری] منداڵبوون دەدات لەکاتێکدا کە پێی وایە دەبێت هەروەها هێندێک قورسایی بە بایەخەکانی تریش بدرێت؛ لایەنگرانی بناژۆخوازی دەستێوەردان، کە بۆ دوو بەشی

جیـــاواز دابەش دەبن: ئەوانـــەی کە بەهۆکاری تاکەکەســـیی خۆیـــان و بەبێ ســـەرنجدان بە بەکارهێنانـــە تێکنۆلۆژیکییـــە بەردەســـتەکان، پشتگیری لە پێشڤەچوونەکان لەبواری زانیاری لەسەر پێڤاژۆگەلی مندالبووندا دەکەن و ئەوانەی کـــە بە هۆی ئـــەو داهاتـــووە تێکنۆلۆژیکییەوە کـــە توێژینـــەوە لەســـەر منداڵبـــوون دابینی دەکات، بایـــەخ بە ئـــەم توێژینەوەگەلە دەدەن. داکۆکیکارانـــی بەشـــی یەکەمی تێگەیشـــتنی بناژۆخـــواز لـــە بنەڕەتەوە لەناو توێـــژەرەکان و هێندێک فەیلەسووفدا دەدۆزرێنەوە کە باس لەوە دەکەن کە ئێمە دەبێت ســـنوورەکانی زانیاری پاڵ پێوە بنێین بۆ ئەولاتری ئێســـتامان و تەنیا کاتێک کە پێویســـت بێت لەخەمی بەکارهێنانە نەخوازراوەکانـــدا بین. دیارترینـــی لایەنگرانی بەشی دووهەم کە مارژ پیێرسی و مۆدێلەکەی، شـــوولمایس فایێرستۆن بە نووسراوەکەی ساڵی ١٩٧٠ی: دیالێکتیکی ڕەگەز: بابەتی شۆڕشـــی فێمێنیستی لەخۆ دەگرێت، سەرەتا سەرنجیان خســـتە ســـەر گرینگیی سیاســـیی بیۆلۆژیی منداڵبـــوون. هەروەهـــا خەیاڵەکانی ئورســـولا لوگوین: دەســـتی بەجێماوی تاریکی (١٩٧٦) و نێرینەی مێیینـــە (١٩٧٥)ی ژوانا ڕاس پش بابەتە ناوەندییەکەیان لە بیرۆکەی فایێرستۆنەوە بەقـــەرز وەردەگـــرن. هەموویان بە باشـــی لە داهێنانەکانی منداڵبـــوون دەڕوانن بەو هۆیەوە کـــە ژنان لە ڕۆڵی بیۆلۆژیکیـــی نەریتیان ئازاد دەکات.

## لایەنگرانی دەستێوەرنەدان

پۆل ڕەمزی خواناسی پرۆتێستان لە ڕوونبێژترین و باشبێژترینەکانی لایەنگرانی دەستێوەرنەدانە، کە لـــە ڕاوێژەکانی تاقمی ڕاوێـــژی ئەخلاقیی پێشترئاماژەپێکراودا، بەشداریی دەکرد. ئەو لەپاڵ هەڵســـوکەوتە پزیشکی و نەشـــتەرگەرییەکانی نەزۆکیدا بـــە هەموو بیچمەکانـــی داهێنان لە منداڵبوونیشـــدا نارازی بوو (ڕەمزی ١٩٧٢). لە پاڵپشتیی ئەم تێگەیشتنەدا ئەو سێ باس پێشنیار دەکات. **١** ئـــەوەی مرۆڤێـــک بخەیتە بەردەم هەر جۆرە مەترســـییەکی ناپێویســـتەوە لادانە لە پێوەرە دانپێدانراوەکانی ئەخلاقی پزیشـــکی. ئەگەر تەنیا یەک مـــرۆڤ نەتوانێت ڕازی ببێت بەوەوە، هیچ بیانوویەکی ئەخلاقی نییە بۆ ئەوەی بەختەوەریـــی داهاتووی بخرێتە مەترســـییەوە. **٢** ڕۆڵی شـــیاوی پزیشـــکی ڕاســـتکردنەوەی «هەلومەرجە پزیشـــکییەکانی» وەک نەزۆکییە. لەگەڵ ئەمەیشـــدا، ئەگەر دەرمانێک بۆ خودی هەلومەرجـــە فیزیکییەکە نییە، ئیتر دروســـت نییـــە دەســـتێوەردانی زۆرتـــر بکرێـــت. **٣** بۆ مرۆڤەکان، زاوزێ و باوکایەتی/دایکایەتی کردن ڕێوشـــوێنی کردەوەی شـــیاون کـــە ڕوانگەی «لەخواترسانی سروشـــتی» لە پەیوەندی لەگەڵ بوونگەلی سروشـــتیی وەک ئەواندا دەگونجێت. ئـــەوان ناتوانن بەبێ لادان، لەیەک جیابکرێنەوە و دیســـان پێکەوە بلکێندرێـــن. لەجیاتی ئەوە ئێمـــە دەبێت بەگوێرەی ئـــەو ئەرکانەی کە لە کـــۆی پیوادنگی(order) سروشـــتیدا بەکردەوە دەبن و ئێمەیش بەشـــێکین لـــەو، کار بکەین. دەسرۆیشـــتوویی زیاتـــر بەســـەر سروشـــتدا دەبێتەهۆی دەســـەڵاتی زۆرتر بەسەر مرۆڤدا و تەنانەت مەترسیی دەستدرێژی بۆ سەری.

هـــەرکام لـــە باسوخواســـتەکانی ڕەمزی، کۆمەڵێـــک گریمانـــەی دژبەیـــەک دەخاتـــە ســـەریەک: **١** ئەوەی کە پێوەرەکانی ئەخلاقی پزیشـــکی دەکرێت تەنیا بـــۆ مرۆڤەکان پەرەی پـــێ بدرێـــت و **٢** ئەوەی کە ئەرکی شـــیاوی پزیشـــکی هەڵگەڕاندنەوەی دۆخێکی فیزیکییە. زۆرێک لە کەموکوڕییە فیزیکییەکان ناتوانرێت هەڵبگەڕێندرێنـــەوە، بـــەڵام لە شـــوێنێکدا کە ئەرکەکـــە بایەخـــی زۆری هەیـــە، ڕێگەکان بۆ تێپەڕین لـــە نوقســـانییەکان دەدۆزرێنەوە، بۆ وێنە ئەندامی لەشـــی دەسکرد و جێگرەوە، یان چاویلکە و تادوایی.

زۆرێـــک لـــە ژنـــان نوقوســـتانیی نەزۆکی ئەزموون دەکەن. ئەوان لە منداڵییەوە فێر بوون کە ژنبوون گرێ بدەنەوە بە ســـککردنەوە. ئەوان

نەزۆکییەکەیان وەک ناتەواوییەک دەبینن. تامەزرۆبوونی بەرچاوی زۆرێک لە ژنان بۆ هەڵگرتنی ئێش و ئازارێکی زۆر لەسەر دەستی بژاردەکانی تێکنۆلۆژی و لە هەوڵێکی بەزۆری بێئاکامدا بۆ سکپڕبوون، جیا لەم بەستێنە کۆمەڵایەتییە گەورەتردا ناکرێت لێی تێبگەین. ژنانی تر بە تەواوەتی خوازیارن منداڵیان ببێت، بەڵام قوربانیی تێکنۆلۆژییەکانی «بەرنامەدارشتنی بنەماڵە»، یان پیسکەرەکانی ژینگەن کە خەسار لە توانای منداڵبوونیان دەدەن. پێبەندبوونی کۆمەڵایەتی بە ژنگەلی وەها ناتوانرێت بە بیانووی ئەوەی کە خواستی نەخۆشەکە هۆکاری گونجاو نییە بۆ دەستێوەردانی پزیشکی، لەبەرچاو نەگیرێت. ئەو باسوخواستە ناتوانێت لە تایبەتمەندییە ئەخلاقییەکانی پەیوەندیدار بە دۆخەکەوە بدوێت.

باسوخواستی کۆتایی ڕەمزی ئاڵۆزە و گریمانەکان لە پەیوەندی لەگەڵ جێگای مرۆڤ لە سروشتدا و حەزە سروشتییەکانی مرۆڤ تێکەڵ دەکات. لێرەدا نارِوونیی جددی هەن کە شایانی ئەوە هەن بە وریایی تاقی بکرێنەوە. دیار نییە بۆچی ئەو واقیعە ڕوونە کە هێندێک شت سروشتین، ئەبێت ئەوەندە قورسایی ئەخلاقییان پێ بدرێت. بۆچی هێزی ئەخلاقی بە دیاریکراوی پەیوەندی دەدرێت بە زاوزێی ئاساییەوە لە کاتێکدا دەستێوەردانی مرۆیی، بۆوێنە، لە بەکارهێنانی مەکینەی هەناسەی دەسکرد بۆ منداڵە پێنەگەیوەکاندا بەدڵنیاییەوە پشتگیری دەکرێت و دەبێتە هۆی بەدواداچوونی زۆرتر. بۆ ڕاوەستان لەسەر وەها دەستەوداوێنبوونێکی سروشت، ڕەنگە پێویست بێت لەسەر بوارێکی ترەوە بۆی بڕوانین، بۆ وێنە ترس لە ئەوە کە دەسڕۆیشتنی مرۆڤ بەتایبەتی بەسەر منداڵبووندا، دەبێت بەهۆی دەستدرێژیی جددی.

سەرەڕای بەشبەشبوونیان، باسوخواسەکانی ڕەمزی ئاماژە دەدەن بە چەند خەمی بە زۆری هاوبەش لەپەیوەندی لەگەڵ ئەو ئاراستەیەی کە داهێنانەکانی منداڵبوون تێیدا کۆمەڵگا پێشکەوتووە تێکنۆلۆژیکەکان بەرهەم دەهێنن. ئاماژەی ئەو بۆ پەیوەندیی نێوان دەسڕۆیشتن بەسەر سروشتدا و دەسڕۆیشتن بەسەر مرۆڤدا، بەتایبەتی، ئەو بابەتانەی کە بە زۆری لەلایەن ڕەخنە فێمێنیستەکانەوە لەسەر داهێنانە تێکنۆلۆژییەکان هاتوونەتە بەرباس لەخۆ دەگرێت، بابەتێک کە دواتر دەبێ هەڵبگەڕێمەوە بۆی و بە وردەکارییەوە لە ناو بەستێنی ڕەخنەی فێمێنیستیدا تاقیی بکەمەوە.

هەروەها لیۆن کاس، پزیشک و نووسەری بەناوبانگ لەسەر بابەتە پزیشکییە ئەخلاقییەکان، لە بۆچوونێکی نەریتییەوە باس لە دژایەتیی بنەڕەتیی خۆی لەگەڵ داهێنانەکانی منداڵبووندا دەکات، بەڵام بە پێچەوانەی ڕەمزی کە مەترسیی سەرەکی لە لادان لە «سروشت»دا دەبینێت، کاس پێ لەسەر ئەو بایەخانە دادەگرێت کە بوون بە بەشێک لە ڕێزی(کەرامەتی) مرۆڤ. هەرجۆرێک بێت، تێگەیشتنی ئەو لە «ڕێز» لەخۆیدا ئاماژەیەک لە بنەمایەکی زۆر بەستراوە بە چەمکی «سروشت» ی ڕەمزییەوە هەڵدەگرێت. ئەگەرچی ئەو بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەوەی لە مەترسیدایە بیرۆکەی مرۆڤانەبوونی ژیانی مرۆڤ و مانای دەرکەوتنی(embodiement) مرۆڤە، ئەم چەمکگەلە، وا دەردەکەوێت کە ماناکانیان لە بەستراوەییان بە ئەو ئاکارە کۆمەڵایەتییانەوە بە قەرز وەرگرتبێت کە وادەزانرێت زیاتر لەوەی دەرهاویشتەی کۆمەڵایەتی بن، بە سروشتی هاتوون.

لەسەر بنەمای ئەم گریمانەگەلە، کاس لایەنگری لە دەستێوەردانی قانوونی بۆ ڕێکخستنەوەی مەترسییەکانی ئاوساندنی ناو شووشە و گواستنەوەی ئاولەمە دەکات، کە ئەو پێی وایە «باوەڕ، بایەخ، دامەزراوە و ئاکارە بناژۆییەکان دەفەوتێنێت»(کاس ١٩٧٩). ئەو پێشنیار دەکات کە بەکارهێنانی گواستنەوەی ئاولەمە تەنیا ببەسترێتەوە بە ئەو ژنومێردانەوە کە ئاولەمە لە ئەوانەوە و بەمەبەستی هێشتنەوەی

پەیوەندییە نەریتییەکانی نێوان ڕەگەزەکان، خۆشەویستی و زاوزێ هەڵدەگیرێت.

کاس وەک ڕەمزی، پێشنیار دەکات توێژینەوەی زۆرتر ببەسترێتەوە بە چارەسەرکردنی نەزۆکی یان ئەو پێوانانەی ترەوە کە پشتگیریی خواستی خاوەندارێتیی منداڵ لە خۆ دەکەن ( بەوگریمانەیەی لە نێوان خواستە ڕەواکان و خواستە نەشیاوەکاندا جیاوازی هەیە).

ئەو هاوڕا نییە لەگەڵ بەکاربردنی ئاولەمە لە توێژینەوە لێکۆڵەرەکاندا، دیاریدان [ی سپێرم] بە جووتەکانی تر، یان مامەڵە بازرگانییەکان (وەک ڕێوشوێنەکانی دایکی جێگرەوە) و بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەو ئاکارانە لادانە لە هەستی نەریتیی مرۆڤ بۆ سروشتی ڕەگەزیمان و ئەزموونی بەستراوەییمان بە پێشینیان و پاشینیانمانەوە. ئەو، هەروەها، دەترسێت لە کۆبوونەوەی ئەو دەسەڵاتەی کە وەها پەرەسەندنێکی تێکنۆلۆژیکی دەیخاتە کۆنترۆڵی توێژەرەکان و هێندێک بەرژەوەندیی تایبەتەوە، بەڵام ترسەکەی، بە پێچەوانەی ترسەکەی ڕەمزییەوە، لەجیاتی سروشت، دەستبەداوێنی ئاکارە فەرهەنگییەکان دەبێت. بەڵام بەگشتی، چونکە ڕێکخستنە فەرهەنگییەکانی ئەو وا دیارە دەسەڵاتەکەیان قەرزداری ئەو شتەن کە پێی دەڵێن «سروشتی»، جیاوازییەکانی نێوانیان ئەوەندە گەورە نین، وەک ئەوەی لەسەرەتاوە دەردەکەوێت. ئەگەرچی کاس بێگومان لە تێڕوانینی بۆ ئەو ئاکارە داهێنەرانە دیاریکراواندا کە بڵاو دەبوونەوە، ڕاستە، [بەڵام] دەتوانن هەڕەشە بن لەسەر تێگەیشتنەکانی ئێستا لە گرێدراویی مێژویی، دیار نییە کە ئەو داهێنانگەلە بە بەربڵاوی بەکار دەبرێن، یان نۆرمە زاڵبووەکان لە هەموو ئەوانەی ڕەنگە جێگای پڕبکەنەوە خوازراوترە. هەروەها، نەریتی بەباشی دامەزراوی تریش بوونیان هەیە کە بایەخی سەرەکی دەدەن بە بڕیاردانی سەربەخۆیانەی تاکەکەسی لەسەر بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییە بەکۆمەڵەکان و ئەو نەریتانەی بە زۆری خوازراو بووە لەلای بەرگریکارانی ئاکارەکانی منداڵبوونی داهێنەرانە.

## لایەنگرانی دەستێوەردانی ناوەندگیرانە

مافی زاوزێکردن بە تەواوی لە نەریتی لیبراڵی ڕۆژئاوادا چەسپاوە. بە هەر جۆرێک بێت، خواستی خاوەندارێتیی منداڵێک لەخۆ، تەنیا خواستی ژن و مێردەکان نییە، بەڵکوو کاس پێی وایە ڕەنگە یەک بە یەک بۆ تاکەکانیش پەرە بسێنێت. نوێل کین (١٩٨١)، بەرگریکارێک کە لە [پرسی] ڕێگەخۆشکردن بۆ ڕێکخستنەکانی دایکایەتیی جێگرەوەدا تێکەڵ بووبوو، چیرۆکی مافناسێکی تەمەن ٥٩ ساڵ دەگێڕێتەوە کە هات بۆ دەفتەرەکەی. خۆی و ژنە تەمەن ٦١ ساڵەکەی منداڵیان نەبوو. ژنەکە لە دەستپێکی شووکردنیەوە نەزۆک بووە. مێردەکە لەبیری ئەوەدا بووە کە ماڵ و مڵکەکەی بدات بە منداڵانی خوشک و برای خۆی، بەڵام دواتر تووشی ڕاڕایی بووە کە ڕەنگە ئەگەری ئەوە هەر بێت کە ئەو بێت بە خاوەنی منداڵی خۆی. ئەو داوای کرد لە کین تاوەکوو ژن و مێردێکی بۆ بدۆزێتەوە بۆئەوەی یارمەتیی بدەن. بۆ ئەوەی ژنەکە بتوانێت بە دەستکرد بە تووی ئەو ئاوس بێت و منداڵی ئەو لە سکیدا هەڵبگرێت. ئەو ئەتوانێت ئاسانکارییە ماڵییەکان بۆ منداڵەکە و بۆ پەروەردەکردنی دابین بکات. کین بەدوای داخوازەکەی ئەودا چوو و ئاسانکاریی پێویستی کرد. ئەو هەروەها ئاژانسێکی دایکایەتیی جێگرەوەی دامەزراندبوو و خەریکی لابی کردن بۆ چاکسازیی قانوونی بوو بۆ ئەوەی ئاسانکاری بکرێت بۆ جێبەجێکردنی قانوونیی گرێبەستەکانی [دایکایەتی]جێگرەوە. بڕیارەکان چ بۆ پشتگیریی ئاکارگەلی تاکەکەسییانەی وەها بەجۆری قانوونی یان دڵساردکردنەوەی ئەم جۆرە بژاردەگەلە، کاریگەرییەکی گرینگیان لەسەر دیاریکردنی سیاسەتە کۆمەڵایەتییەکانی داهاتوو دەبێت، سنووری نێوان ڕێوشوێنە ڕێگەپێدراوەکانی خواستی کەسی و بیاڤی بەرژەوەندیی کۆمەڵایەتیی گشتی دیاری دەکات.

ئەگەرچی خواستی بەخشینی دیاریی ژێنێتیکی وادیارە بەزۆری حەزی پیاوان بێت، ڕەنگە بکرێت بەرژەوەندیی ژنانیش لە منداڵبوون و ڕاهێنانی منداڵدا لەدەرەوەی دامەزراوەی ژنومێردایەتیدا بەهۆی سیاسەتێکی کۆمەڵایەتییەوە کە دەرفەت بە هەرێمی ئازادی تاکەکەسەکان بدات کە ڕێکخستنەکانی جێگرەوەی پەروەردەی منداڵ دروست بکەن، دابین ببێت. هەرجۆرێک بێت، ئەو خاڵە باشە قانوونییانەی کە لە ئێستادا لەبەردەستی ژنومێردەکانە، بەو جۆرەی کین دەیناسێنێت، بەو ئاسانییە ناکرێت پەرەی پێ بدرێت بۆ ئەو ڕەبەنانەی کە دەیانەوێت بە خواستە هاوچەشنەکانیان بگەن.

دوایین بڕیارە دادوەرییەکان لانیکەم لە ژنومێردیدا بەردەوام «ماف» ی تاکەکانیان سەلماندووە، بۆ ئەوەی چالاکییەکانی منداڵبوونی خۆیان کۆنترۆڵ بکەن. ئەم ئازادییە لە مافی ژیانی تایبەتەوە وەرگیراوە، بۆ بیاڤێک کە بەڵکوو تاکەکان تێیدا بتوانن بە لانیکەمی دەستێوەردانی کۆمەڵایەتییەوە، بە دوای بەرنامەکانی ژیانی خۆیاندا بڕۆن. لایەنگرانی تێکنۆلۆژییەکانی منداڵبوونی داهێنەرانە بەشێوەیەکی پەنامەکی بەرگری دەکەن لە بەکارهێنانی ئەم نۆرمە تاکەکەسییانە لە بابەتگەلی بەربڵاوتردا. ئاستی بەربڵاویی ئازادیی منداڵبوون بۆ چێژوەرگرتن لە حەزی باوکایەتی/ دایکایەتی (چ بیۆلۆژیکی بێت یان کۆمەڵایەتی) لەڕێگای دەستێوەردانی تێکنۆلۆژیکییەوە زۆر ئاڵۆزە. ئەو ڕێوشوێنە قانوونییانە کە پشتگیری لە ئازادیی منداڵبوون دەکەن، لەبنەڕەتەوە پشتیان بە مافی دەستێوەرنەدان و ئازادبوون لەوەی نەتەوێت زاوزێ بکەیت، بەستووە. بەهەرجۆرێک بێت، ئەوەی لێرەدا جێگەی باسە، پشتگیریی قانوونییە لەو خزمەتگوزارییانەی لایەنەکانی تر داوای دەکەن. لە وەها وێنەگەلێکدا، بەکاربردنی تێکنۆلۆژییە داهێنەرانەکان ڕەنگە مافی دەستێوەرنەدانی (سەربەخۆیی) کەسانی تر و بایەخە کۆمەڵایەتییەکانی تر پێشێل بکات، هێندێک شت پێشمەرجن بۆ سەربەخۆیی تاکەکەسی و هێندێکی تر قورساییەکی بەرچاویان لە پێودانگی کۆمەڵایەتیدا هەیە.

جۆرج ئاناس، لە دانپێدانانەکانیدا لە ماڵی نوێنەرانی دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئامریکادا بۆ کۆمیتەی زانست و تێکنۆلۆژی (د.ی ١٩٨٥)، بەم دواییانە ئاماژەی دا بەوە کە بۆ ئەو منداڵانەی کە بەرهەمی تێکنیکگەلی وەک گواستنەوەی ئاولەمەی جێگرەوە ( بۆ ژنێک کە جیایە لە دیاریدەری هێلکەکە) و بەکارهێنانی ئاولەمەی سەهۆڵبەستوون (فریزکراو)، پێویستی هەیە بە وردی بپارێزرێن، [بۆیە] حکوومەت ناچار دەبێت دەست بخاتە بواری منداڵبوونی مرۆڤ. ئەو باس لەوە دەکات، کە سەرنەکەوتن لە ڕێکخستنی ڕێککەوتنە گرێبەستییە تایبەتەکاندا، یەکگرتوویی بنەماڵە دەخاتە مەترسییەوە و هەڕەشە لە بەرژەوەندییەکانی منداڵان دەکات. ئەو پێی وایە بانگەشەی هێندێک لە ژنومێردە نزۆکەکان، بە بەرژەوەندییەکانی منداڵە دەرنەکەوتووەکان(potential) گرینگتر دەبێت. بە هۆی پاراستنی ئەم بەرژەوەندییانەوە، ئەو پشتگیری لە هەوڵە قانوونییەکان دەکات: ١- لە کاتی لەدایکبوونی منداڵدا باوکایەتی و دایکایەتی پێناسە بکرێن، گریمانە قانوونییەکانی ئێستا بپارێزرێن کە دایکی دووگیان بە دایکی قانوونی دەزانێت و بۆیە تایبەت دەبێت و بە ڕێککەوتنە گرێبەستییە تایبەتەکان بەتاڵ نابێتەوە و ٢- بە کورتکردنەوەی ئازادیی بەکارهێنانی ئاولەمەی سەهۆڵبەستوو تەنیا بۆ ئاستی ئامانجی دیاریکراوی، دیاریدەرەکە و ئاولەمەی مرۆڤ لە بەکارهێنانی بازرگانی بپارێزرێت (ئاناس ١٩٨٤). ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی وارناک (warnock) تێبینیگەلی بەرچاو دەخاتەسەر یەک.

بە هەرجۆرێک بێت، هێندێک کەس دژی خاکەڕابوونی ئەو ڕاسپاردە چاودێرییانەن، بەتایبەتی ئەو لایەنگرانەی دەستێوەرنەدان کە باسوخواستەکانی ڕەمزی و کاس لەلایان پەسەندە و بەرگری لە ئاولەمە سەرەتاییەکان و

تێگەیشتنی نەریتی بۆ بنەماڵە دەکەن. هێندێک لە فێمێنیستەکانیش ئەگەرچی هۆکارەکانیان جیاوازە بەڵام هەر بەو ئاکامە دەگەن. ئەوان ترسی ئەوەیان هەیە ئەگەر تێکنۆلۆژییەکانی منداڵبوون ڕێگایان پێ بدرێت بەئازادی بڵاو ببنەوە، زۆرتر دەسەڵاتی بڕیاردانی ژنان بفەوتێت.

## لایەنگرە بناژۆخوازەکانی دەستێوەردان

کەڵکوەرگرتن لە هزر ـ ئەزموونی مارژ پییێرسی لە پەیوەندی لەگەڵ تێگەیشتنی لە بڕاردە سیاسییەکان بۆ داهاتوویەکی دەمودەستتر، دەبێت پاڵمان پێوە بنێت بۆ ئەوەی بە پارێزەوە بیر لە بواری ڕاڕابوونمان بۆ پشتگیری کردنی داهێنانەکانی منداڵبوون بکەینەوە، ئەوەی جێگای باسە، سروشتی چالاکی بۆخۆی، یان ترس لەو پاشهاتانەیە کە ڕەنگە بەدوایدا بێت. دنیا فێمێنیستییە خەونستانییەکەی لووسیێنت، کە پێش پییێرسی لە ماتاپۆیستێتەوە هاتبوو، لەپێشدا ئاگاداریی دەدا کە دامەزراندنی ڕێکخستنگەلی نوێی منداڵبوونی ئەوان، پێویستی بەوە هەیە کە ژنان چاوپۆشی لە هێزی منداڵ هێنانە دنیا بکەن. بە هەرجۆرێک بێت، ئەوان وای هەڵدەسەنگێنن کە ئەو دەسکەوتە دەهێنێت قوربانیی بۆ بدرێت، چونکە هەموو پەیوەندییەکانی دەسەڵات بەباشی هەڵوەشاونەتەوە. لە بەستێنێکی کۆمەڵایەتیی وەهادا، بڕاردەکە عاقڵانە دێنە پێش چاو.

چ وەها چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی جێی متمانە بێت و یان تەنانەت عاقڵانە بێت، هۆکار بۆ سەرسوڕمان هەیە؟ جیا لە زۆر ئاستەمبوونی تێگەیشتن لە کۆمەڵێک هەلومەرجی کۆمەڵایەتی کە تێیدا ئەوانەی لەباری سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە خێریان لێ دیوە ڕێکدەکەون کە چاو لە دەسەڵات بپۆشن، بەتەواوەتی ڕوونە کە تەنانەت دەتوانین مانای ڕۆڵگەلی بەتەواوەتی نوێ کە بۆ وەها کۆمەڵگایەک پێشبینی کراون تێبگەین. هەموو خوێنەرەکانی کانی ڕامۆس، کە [خۆی] بەکەسایەتیی مارژ پییێرسی سەرسامە، سەریان لەوە سوڕدەمێنێت کە وشەی « دایک »، جیا لە واقیعەکانی دایکایەتیی بیۆلۆژیک و کۆمەڵێک لەو چاوەڕوانیانەی کە تێکەڵ بە ئاکارە دایکایەتییە نەریتییەکان بوون، دەتوانێت چ مانایەکی تری بێت. لەناو نەریتێکی کۆمەڵایەتیدا کە جیا لە ڕۆڵی دایکایەتییەکە بەدڵخوازی خۆی پێگە و چێژی کەم دەبەخشێت بە ژنان، بنەمایەکی پتەو نییە بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی بە تەواوەتی نوێ جێگای خۆی بکاتەوە. کانی بە ناساندنی ئەو کۆمەڵە واقیعە لەپەیوەندی لەگەڵ پێکهاتە کۆمەڵایەتییە جێگرەوەکاندا، خەریکە نەزانێت ئەوانە چۆن هەڵبسەنگێنێت. کێشەکەی ئەو کاردانەوەی زۆرێک لە فێمێنیستەکان بە پرسی شۆڕشی فێمێنیستیی: دیالێکتیکی ڕەگەزی شولامیس فاییرستۆن پیشان دەدات. پێشنیاری فاییرستۆن بۆ «سڕینەوەی هەموو دەستەبەندییە فەرهەنگییەکان» (١٩٧٠:١١) و ئاڵوگۆڕی زاوزێ، بەو مانایە کە جیاوازییە زاوزێیەکانی نێوان ڕەگەزەکان ئیتر مانایەکی فەرهەنگی لەخۆ ناگرن، ئەو تێگەیشتنە دەخولقێنێت؛ کە ئێمە بەبێ ناوەنجیگەریی کۆمەڵێک لە ڕۆڵگەل و چاوەڕوانییە فەرهەنگییەکان نازانین ئەزموونەکانمان چۆن هەڵبسەنگێنین.

ئەگەرچی فاییرستۆن بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی فێمێنیستەکان، بەرگری لە منداڵبوونی تێکنۆلۆژیکی دەکات، بەڵام لەسەر ئەو بنەما تێگەیشتنیانە ڕادەوەستێت کە شتی هاوبەشیان زۆرە لەگەڵ گریمانەی توێژەرەکان و ئەو سیاسەتدارێژەراندا کە ڕەنگ بێت بەدوای ئامانجی جیاواز لە ئامانجی ئەودا بڕۆن و ڕەنگە بەهۆی ئەو پاوانی دەسەڵاتەوە کە ئەو دروستی دەکات، پشتگیری لە دەستێوەردانی تێکنۆلۆژیکی بکەن. هەردوو جۆرە بەرژەوەندییەکە تێکنۆلۆژی وەک «سەرکەوتن بەسەر سروشتدا» دەبینن. ئەوان نەک هەر تێکنۆلۆژیی منداڵبوون بەڵکوو ئاڵوگۆڕی تێکنۆلۆژیکیی بەرهەم و سڕینەوەی هێزی

کاریشیان پێ باشە. هەردووکیان بیۆلۆژیی مرۆڤ وەک سنوورێک دەبینن کە دەبێت بەسەریدا زاڵ ببیت – لە ڕوانگەی فایێرستۆنەوە، چونکە پەیوەندییەکانی منداڵبوون بە بنەمای کۆمەڵگا و سەرچاوەی ستەم لە ژنان دەزانێت؛ لە ڕوانگەی ئەوانیشەوە کە پشتگیری دەکەن لە «دنیایەکی نوێی بوێر»، چونکە دابەشبوونی دەسەڵات لەنێوان ژنان و بنەماڵەکاندا بە هەڕەشەیە بۆسەر دەسترۆیشتوویی (hegemony) دەسەڵاتەکەی خۆیان دەبینن.

## کاردانەوەی فێمێنیستی

لەم بەشەدا هەوڵ دەدەم گرینگترین پرسەکانی ئەو بیرمەندە فێمێنیستانە جیا بکەمەوە، کە پێشکەوتن لە تێکنۆلۆژییەکانی منداڵبووندا وەک دەستدرێژیی زۆرتر بۆ سەر پێگەی کۆمەڵایەتیی ژنان دەبینن. هێندێک لە ئەم پرسگەلە پەیوەندییان هەیە بە ژێرخانە تیۆریکییەکانی تیۆریی فایێرستۆن و بە پەنامەکییش پەیوەندییان هەیە بە لێکدانەوە هاوچەشنەکان بۆ هۆکارەکانی بەستراوەییی فەرهەنگیی ژنان و لابردنی ئەو بەستراوەییانە. ئەوانی تر بەجێگای ئەوە سەرنج دەخەنە سەر پاشهاتە نزیکترەکانی ئاڵوگۆڕە تێکنۆلۆژیکییەکان لەناو بەستێنێکی کۆمەڵایەتیی وەهادا کە هێشتا پێکهاتەکانی دەسەڵاتی پیاو بەسەریاندا زاڵە. لە زۆربەی شرۆڤە فێمێنیستییەکاندا هەردوو ئەم پرسگەلە تێکچنراون. بەهەرجۆرێک بێت، لێرەدا من هەوڵ دەدەم لە یەکتریان جیا بکەمەوە، بەجۆرێک کە هەرکام لە بانگەشە جیاوازەکان بتوانرێت بەتەنیایی و بەگوێرەی قورساییی خۆی لێکبدرێتەوە.

لەسەرەتادا سەرنج دەخەمە سەر بابەتێک کە بە بایەخەوە دەڕواتە ناو باسکردنی ئەم پرسگەلە: بێلایەنبوونی گریمانەییی تێکنۆلۆژی بۆ ئاکارە کۆمەڵایەتییەکانی تایبەت بە جێندێر(gender). دواتر بە کورتی ئاماژە دەدەم بە بابەتی گرینگی دووهەم: ئەگەری ئەوەی چەندە بتوانرێت جیاوازییەکی مانادار دابنرێت لە نێوان ئەوەی بیۆلۆژی دەیبەخشێت و ئەوەی بە فەرهەنگ وەرگیراوە. لەکۆتاییشدا ڕاڤەیەکی تاقیکارانە لەسەر گرینگیی ڕاوراوێژەکانی(debate) دایکایەتی بۆ تیۆریی فێمێنیستی پێشکەش دەکەم، کە بە لێدوان لەسەر هەلومەرجەکانی بەشداریکردنی تیۆریسیەنە فێمێنیستەکان لە بیچمدان بە سیاسەتەکانی منداڵبووندا کۆتایی دێت.

کاریگەریی فایێرستۆن لەسەر فێمێنیستەکانی دواتر، بەتایبەتی بە سەرنجدان بە بانگەشە بنەڕەتییەکانی جێگای مشتومڕە: ئەوەی کە دایکایەتی زیاتر لەوەی ئامراز بێت، ئاستەنگە لەسەر ڕێی گەشەی ژنان و ئەوەی کە دایکایەتیی بیۆلۆژیک، لەناو دڵی ستەم لە ژناندا شاردراوەتەوە. هێستر ئایزێنشتاین، لەدوایین نووسراوەیدا، «هزری فێمێنیستیی سەردەم»(١٩٨٣)، بایەخ بە فایێرستۆن دەدات بەوەی کە کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر تیۆریسیەنە دواترەکانی فێمێنیسم بووە، بەتایبەتی لە سەرەتاکانی ١٩٧٠ کاندا کە فێمینیزم و دایکایەتی بە تەواوەتی لە بەرانبەر یەکتردا ڕاگیرابوون. ئەو لەگەڵ دەربڕینی هاوسۆزیی خۆی لەگەڵ ڕوانگەکانی فایێرستۆن دا، دژایەتیی خۆی لەگەڵ بەرگریکردنی ئالیس ڕاسی (١٩٧٧) لە ڕۆڵی بەخێوکردن بۆ ژنان (ڕوانگەیەک کە تێیدا هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان، هاوتا لەگەڵ بیۆلۆژی، بیچم بە تواناکانی بەخێوکردن دەدەن) دەردەبڕێت. بەهەرجۆرێک بێت، ئالیسۆن جاگار لە [کتێبی] «سیاسەتە فێمێنیستییەکان و سروشتی مرۆڤ» (١٩٨٣) دا ئاماژە دەدات بەوەی کە لەنێوان فێمێنیستە ڕیشەدارەکاندا (grass-root) حەزێک بۆ فایێرستۆن نییە. ئەو پێی وایە، ئەوە ڕەنگە بەهۆی گومانێکی قوول لە تێکنۆلۆژییە پێشکەوتووەکان، یان تێبینیکردنی ئەوە بێت کە تێکنۆلۆژی بە زۆری بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی پیاوان بەکار هێنراوە. بەمجۆرە ئەم فێمێنیستانە

ئەوە لەبەرچاو ناگرن کە چۆن ژنان بتوانن تێکنۆلۆژی کۆنترۆڵ بکەن و بۆ ئامانجی خۆیان بەکاری بێنن. ئەم ڕوانگەیەی دوایی بە زۆری لەلایەن عەزیزە ئەلحبری یەوە بەرگریی لێ دەکرێت کە باس لەوە دەکات:

منداڵبوونی تێکنۆلۆژیکی پێکهاتەی دەسەڵاتی منداڵبوونی سروشتی یەکسان ناکاتەوە بەڵکوو هەڵیدەگەڕێنێتەوە. ئەمە دەسەڵاتی منداڵبوون لە ژنان وەردەگرێت و دەیخاتە ناو دەستی پیاوانێک کە ئێستا ئیتر هەم سپێرم و هەم تێکنۆلۆژیی منداڵبوونیان لەدەستدا هەیە و ئەتوانن بیکەن بە شتێکی بەبێ چارەسەر...ئەمە بەئامانجی بڵاوکردنەوە، ئەوان لە بەستراوەییە پرسووکایەتییەکەیان بە ژنان ئازاد دەکات. (٢٦٦، ١٩٨٤)

هەروەها ئەو باسی ئەوە دەکات کە بە پێشکەوتنی تێکنیکەکانی دروستکردنی هاوچەشنەکانیش (cloning techniques)، پیاوان لەکۆتاییدا دەتوانن ئازاد بن لەوەی پێویستیان ببێت کە ژنەکانیان لەگەڵ ژناندا پارڤە بکەن.

باسوخواستەکانی ئەو، ئاریشە دەخاتە سەر هەردوو بانگەشەی ئەوەی کە ئەوە ئەرکی بیۆلۆژیکیی ژنانە کە لە ڕیشەی ستەمەکەی ئەواندا شاردراوەتەوە و لەو تێگەیشتنە هەڵێنجراوە کە [گوایە] چاکسازیی تێکنۆلۆژیک ئەتوانێت ئاکارە کۆمەڵایەتییە ستەمکارانەکان بسڕێتەوە. ئەو لەسەر لێکدانەوەیەکی تەواو جیاواز لە بنەمای دەسرۆیشتوویی پیاوان ڕادەوەستێت. ئەو گریمانەیەی کە ئێرەیی بردن بە تواناییەکانی منداڵبوونی ژنان و ترس لە دەسەڵاتەکانیان، ئەو پێویستییە لە پیاواندا دروست دەکات کە ژنان کۆنترۆڵ بکەن و سنوور بۆ بەکارهێنانی تەواوی ئەو دەسەڵاتانە دابنێن. هێندێک تایبەتمەندیی هەلومەرجی ئێستا، لێکدانەوەیەکی جێگرەوەی وەها دەسەلمێنن. ئەگەر ڕۆڵی بیۆلۆژیکیی ژنان ڕیشەی ستەمەکەیانە، کەوابوو خۆڕاگریی زۆری پیاوان لەبەردەم بەتێکنۆلۆژیکیکردنی زاوزێدا چاوەڕوانکراوە؛ هەر هەنگاوێک بەرەو پێشکەوتنی زیاتری، دەتوانێت زۆرتر هەڕەشە بێت بۆ دەسەڵاتی پیاوان. بەهەرجۆرێک بێت، پێچوانەکەی ئەمەیە: دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی ژێردەسەڵاتی پیاوان بنەمای سەرەکیی پاڵپشتی لە ئاڵوگۆڕە تێکنۆلۆژیکییەکانی ئاکارەکانی منداڵبوون ئاراستە دەکەن. هەروەها، لێکدانەوەکەی ئەلحبری لەگەڵ ئاکامەکانی ژمارەیەکی زۆر لە تیۆرییەنە فێمێنیستەکاندا یەکدەگرێتەوە. ئەگەرچی هێندێکیان، وەک ماری ئۆبریان (١٩٨١)، لە خاڵێکی دەسپێکی هاوشێوەوە دەدوێن، هێندێکی تر وەک نانسی چوودۆرۆ (١٩٨٧) و دۆرۆسی دینێرشتاین (١٩٧٦)، بە ڕێگای زۆر جیاوازدا و بەیارمەتی وەرگرتن لە بوارە جیاوازەکانی وەک لێکدانەوەی دەروونی و مرۆڤناسی، بە هەمان ئاکام دەگەن.

دوایین ڕەخنەکان لە تێگەیشتنی فایێرستۆن بەتەنیا سەرنجیان نەخستوەتە سەر لێکدانەوەکەی ئەو بۆ سەرچاوەکانی بەستراوەبوونی کۆمەڵایەتیی ژنان، بەڵکوو هەروەها دەپەرژێتە سەر چارەسەرەکانیش. بەدڵنیاییەوە، پێشاندانی لاوازییەکان لە باسوخواستدا بەهۆی بنەمای بیۆلۆژیکیی توێژکارییە (stratification) کۆمەڵایەتییەکانەوە، خۆی دەتوانێت پاڵپشتی لە ڕێگەچارەکەی فایێرستۆن لاواز بکات. بەڵام چارەسەرەکەیش لەبوارەکانی تردا جێگای گومانە. بۆ وێنە، کارۆل مەک میلان (١٩٨٢)، وتوویەتی کە تیۆریی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی فایێرستۆن لەسەر ئەو گریمانەیە دەرواتە پێش کە پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکان و کۆمەڵگا ئەرکی تایبەتیان هەیە. فایێرستۆن هەموو ئاستەنگەکان بۆ دەستڕاگەیشتن بە ئامانجە خوازراوەکان بە گرفتی تێکنیکی دەبینێت، پێی وایە ئامانجەکان بەڕوونی دەکرێت بناسرێن و تەنیا پێویستمان بەوە هەیە کە کاریگەرترین ڕێگا

تێکنیکییەکان بۆ گەیشتن بەوە دەستنیشان بکەین. مەک میلان، پێیوایە لەوشوێنەدا کە ئامرازەکانی گەیشتن بە ئامانجێکی خوازراو جیاواز لە بایەخە ئامرازییەکەیان مانایەکیان لە خۆیاندا هەڵنەگرتووە، ئەم پێشگریمانەیە لە ئەو گریمانەیەوە سەرچاوە دەگرێت کە منداڵبوون هاوشێوەی بەرهەمهێنان و دروستکردنی شتومەکە( مەک میلان ١٩٨٢، ٧٧). لە کاتێکدا کە شارەزایی بۆ جێبەجێکردنی باشتری ئامانج لەبەردەستدایە، دەکرێت بەبێ ونکردنی بایەخ، شێوازە سەرەتاییترەکانی پێشوو لاببەین.

خوێندنەوەی وردی فایێرستۆن ئەم ڕاڤەیە دەسەلمێنێت. ئەو پەرەسەندنی منداڵبوونی دەستکرد لەگەڵ داهاتووی سایبێرنێتیکدا هەڵدەسەنگێنێت و پێی وایە کە هەر ئەو دابینکارییە بنەماییە شاراوانە، لە پەیوەندی لەگەڵ باشییەکانی منداڵبوونی دەستکرددا دەچنە ناو تێهزرینی ئێمە بۆ جیهانێکی کاری کە تێیدا بیرکردنەوەی مەکینە و چارەسەری پرسەکان، جێگای هەوڵی مرۆیی دەگرێتەوە. ئەو هۆکاری ئەم شاراوەبوونە (بێدەنگییە) دەگەڕێنێتەوە بۆ دابەشکرانی زاڵی دەسەلات لە ئەم سەردەمەدا؛ کە ڕووبەڕووبوونەوەی هەرکام لە ئەگەرەکان، «لە ناو دەستی دەسەلاتەکانی ئەم سەردەمەدا وەک ڕووبەڕووبوونەوەی مۆتەکەیە» (فایێرستۆن ١٩٧٠، ٩٠). بەڵام لە سیستەمەکانی پاش شۆڕشدا، تێکنۆلۆژیی منداڵبوون و سایبێرنێتیک، هەردوو ئازاد دەبن بۆ ئەوەی ڕۆڵێکی بەتەواوەتی جیاواز لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا بنوێنن. بەمجۆرە، لەناو چوارچێوەی تێگەیشتنی فایێرستۆن دا تێکنۆلۆژی ڕۆڵێکی ئامرازیی دووهێندە دەنوێنێت، یەکەم لە ڕێگای ئاڵوگۆڕی ئامرازەکانی دەستپێگەیشتن بە ئامانجە خوازراوە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەبێ ئەوەی خۆی کاریگەریی لەسەر تایبەتمەندیی ئامانجەکە ببێت و دووهەم، بە دابین کردنی بێلایەنانەی بەرژەوەندییەکانی هەر لایەنێک کە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و منداڵبوون کەوتە دەستی.

مەک میلان هاودەنگە لەگەڵ زاڵبوونی بەربڵاوی هەردوو ژنانی فێمێنیست و نافێمێنیستدا کە لەئێستادا لێکدانەوەیەکی بەرادەیەکی بەرچاو جیاوازیان لە ئەو چالاکیانەی مرۆڤ هەیە کە تێکەڵ بە ئاکارەکانی منداڵبوون و ڕاهێنان بووە. بە پێچەوانەی فایێرستۆن و فێمێنیستە خەونستانییەکان کە پێیانوایە ئەو بایەخانەی کە لکاون بە دایکایەتییەوە دەکرێت جیابکرێنەوە، هەڵبگیرێن و سەرلەنوێ بۆ کۆمەڵێک لە ئاکارە کۆمەڵایەتییە بەتەواوەتی جیاوازەکان دیاری بکرێنەوە، ئەوان منداڵبوون و گەشەپێدانەکەی بە تەواوکەری ئەو بایەخانە دەبینن کە دایکایەتییان پێ دەناسرێتەوە. بۆ وێنە، ڕابین ڕۆلەند دەڵێت:

لەناو بزووتنەوەکەدا هەستانەوەی ژنان دەستی کردووە بە سەرلەنوێ نرخاندنی نرخی دایکایەتیی بیۆلۆژیک. لە کاردانەوە بە دژی ئەو هەستەدا کە بزووتنەوەی ژنان ناچاریان دەکات دەست لە خاوەنداریەتیی منداڵ هەڵگرن، زۆرێک لە فێمێنیستەکان خەریکن تێدەکۆشن کە ئەزموونی دایکایەتی و بنەماڵە، بەرێگایەکی بەکارنەهێنەرانەدا دروست بکەن. (ڕۆلەند ١٩٨٤، ٣٥٨)

ئەو ئاماژە دەدات بە ڕاوراوێژی ئادریان ڕیش کە پێی وایە گرفتی دایکایەتی بۆخۆی نییە بەڵکوو بەدامەزراوەکردنی باوکسالارانەی دایکایەتییە (ڕیش ١٩٧٦، ٣٦٩) و باس لەوە دەکات کە سەرچاوەی ستەمی ژنان لە سروشتی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکاندا خۆی حەشار داوە کە لەناو ئەواندا زۆرتر لەوەی لە خودی دایکایەتیدا ئەزموون کراوە، دایکایەتی ئەزموون دەکرێت کە لەناویدا تۆڕێک لە بایەخە دانپێدانراوەکان بیچم دەگرن کە ژنان نابێت پشتگوێیان بخەن. ئەو و زۆرێک لە نووسەرە ژنەکان کە ئەو ناویان دەبات، هەموویان کۆنترۆڵی تێکنۆلۆژیکی ئەم ئاکارانە وەک داگیرکردن و لێسەندنەوەی کۆمەڵێک لە بایەخەکان دەبینن کە ناوەندێکن

بـــۆ بەرژەوەندییـــە بناژۆییەکانـــی ژنـــان. ئەو باسوخواســـتەکانی لێئـــۆن کاس (١٩٧٩) لـــە بەرژەوەندیـــی ئامانجەکانی خۆیدا بەکار دەبات، ئـــاگاداری دەدات کـــە « هێندێک لـــە پیاوان ڕەنگ بێت بۆ ئـــەوە دانرابێتن کە ڕۆڵی خوایی بنووێنن، بۆ ئەوەی پیاوانی تر لە جۆری خۆیان بخولقێننەوە، »بۆ زاڵبوون بەســـەر ترســـەکەی خۆیدا کە تێکنۆلۆژییـــە نوێکانی منداڵبوون لە کۆتاییدا بۆ بەرژەوەندیی پیاوان و بە زیانی ژنان بەکار ببرێن (ڕۆلەند ١٩٨٤، ٣٥٦).

جانیـــس ڕەیمۆند، لـــە نووســـینی هەمان بەرگدا (١٩٨٤) نەک هەر خراپەی ئەو داهاتووە تێکنۆلۆژیکییـــە دەڵێت کە شـــێوازە نوێیەکانی منداڵبوون دەیســـەپێنن بەســـەر ژناندا، بەڵکوو ئەو بەســـتێنە کۆمەڵایەتییەی ئێستایش بەباش نازانێـــت کە « تێیـــدا ژنان بەبـــێ بیرکردنەوە، ڕێوشوێنە لاوازەکان هەڵدەبژێرن، »وەک ئەوەی لە ئاوساندنی ناو شووشە و گواستنەوەی ئاولەمە هەیـــە». ئەو پێـــی وایـــە، تێکنۆلۆژیگەلی وەها، تەنیا پاڵپشـــتیی زانســـتی و دەرمانی دەدەن بە ژنان بۆ خۆســـازاندنیان لەگـــەڵ ئیدیۆلۆژییەکی پیاوسالارانەدا کە پێی وایە منداڵبوون بەرهەمی سەرەکیی ژنانە و لەڕێگایەوە ستەمی ژنان قووڵتر دەکات. ئەو، هەروەها، ئەو ترســـانەی کە یەکەم جـــار لەلایـــەن لایەنگرانی دەســـتێوەرنەدانەوە وترانـــەوە دووپات دەکاتەوە، وەک پۆل ڕەمزی و لێئۆن کاس، کە [پێیان وایە] خۆبەدەستەوەدان بـــۆ تەنانەت شـــێوازە بەتازەیـــی دامەزراوەکانی دەستێوەردانی تێکنۆلۆژیکی، ژنان لە مرۆڤایەتی بەتاڵ دەکاتـــەوە، ئەو بژاردەگەلەیان بەســـەردا دەســـەپێنێت کە خۆیان دروســـتیان نەکردووە و ناچاریـــان دەکات کـــە بـــۆ تێکنۆلۆژییـــەک خۆ بەدەســـتەوە بـــدەن کـــە پەرەپێدەرەکانی لەکۆتاییـــدا بـــەدوای ئـــەوەدا دەڕۆن کە ڕۆڵی دایکایەتیی بەســـەرچووی خۆیان جێگیر بکەن. باسوخواســـتەکانی ڕۆلەنـــد و ڕەیمۆند هەردوو بابەتەکە بەیەکەوە دەکێشـــنەوە: کـــە توانایییە کۆمەڵایەتـــی و مێژووییەکانی ژنان کە تێکەڵ کراون لەگەڵ ئاکارەکانی منداڵداری و ڕاهێنانی منداڵدا، خاوەن بایەخی سەربەخۆن کە بە تەواوی جیاوازە لە بەستێنە باوکسالارانەکانیان و ئەوەی کە دەســـتێوەردانی تێکنۆلۆژیکی لە منداڵبووندا تەنیا دەرفەتی ژنان بۆ پەرەپێدانی ئەم تواناییانە لەژێر دەمامکی پاراســـتنی بەرژەوەندییەکانیاندا لەناو دەبات. بەم تێگەیشتنەوە، ژنان پێویستیان بەوە هەیە کە هاوئاراستە لەگەڵ بایەخە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکاندا کە وادەکات هەست بکەن ژیانیان باشە، بەرژەوەندییەکانی خۆیشیان باس بکەن. بە پێچەوانەی لایەنگرانی دەستێوەرنەدان، ڕوانینـــی کۆنسێرڤاتیســـتیی ڕەمزی یان ڕەخنە فیمێنیســـتییەکان وەک کارۆل مـــەک میلان، هـــەوڵ دەدەن خۆبپارێـــزن لـــە بەدواداچوونی ئەرکی سروشتیی ژنان. بە شاراوەیی دژایەتیيان لەگەڵ گریمانـــەی بەناسروشـــتیزانینی بیچمە جێگرەوەکانـــی منداڵبووندا نەکـــردووە، بەڵکوو ســـەرنجیان خستووەتە ســـەر هەستێکی قووڵی هەســـتنەکردن بـــە ڕەحەتی، کە لـــە ترس لە چەســـپاندنی زۆرتری پێکهاتەکانی دەسەڵاتەوە ســـەرچاوە دەگرێـــت کـــە دەیەوێت بـــۆ ژنان بدوێـــت لەکاتێکدا کە هـــاوکات کۆنترۆڵی ژنان بەســـەر چالاکییەکانـــی منداڵبوونـــی خۆیاندا دەســـڕێتەوە. لەگەڵ ئەمەیشدا، سەرەڕای هەوڵە ئەنقەســـتەکانیان بۆ ئەوەی بابەتەکان لەســـەر بنەمـــای بەدواداچوونی ڕاســـتەوخۆ بۆ لێدوانی ژنان لـــە بەرژەوەندییەکانی خۆیان دابمەزرێنن، باسوخواستەکانیان وادیارە کە بەستراونەتەوە بە جیاوازیدانانێکی تیۆریک کە زۆر لەوە دەچێت کە ئادریەن ڕیش لە لێکدانەوەی دایکایەتییەکەیدا بەکاری بردووە. ئەو نووسی:

مـــن هەوڵم دا جیاوازی دابنێم لەنێوان دوو مانای دایکایەتیدا، یەکێکیان سوار بەسەر ئەوی تـــردا: پەیوەندیی دەرنەکەوتـــووی (potential) هەر ژنێک لەگەڵ هێزی منداڵبوونیدا و لەگەڵ منداڵان؛ و دامەزراوەیـــەک کە ئامانجی ئەوەیە دڵنیا بێت لەئەوەی کە ئەو ونهێزە (potential) ـ و هەموو ژنان ـ دەبێت لەژێر کۆنترۆڵی پیاواندا

بمێننەوە. (ریش ١٩٧٦، ١٣)
ئەگەر بتوانرێت دامەزراوەی دایکایەتی ـ ئەو دروستکراوە هێماییەی کە لە کۆنترۆڵی پیاوەوە سەرچاوە دەگرێت ـ هەڵبگیرێت، ڕەنگ بێت ئەزموونی دایکایەتی بتوانێت لە سروشتی ڕاستی خۆیدا دەرکەوێت، کە ریش پێی وایە ڕیشەی لە بیۆلۆژیی ژناندا هەیە.
لە باسکردن لەوەدا کە بەهیچ جۆرێک تا ئێستا سەرچاوەی بیۆلۆژیکیی خۆمان، [و] پەرجوو و پێکدژیی لەشی ژن و مانا ڕۆحی و سیاسییەکانیمان نەدۆزیوەتەوە یان لێی تێنەگەیشتووین، من بەراستی بەشوێن ئەوەدا دەگەڕێم کە ژنان ناتوانن لانیکەم دەست پێ بکەن بە هزرین لە ڕێگای لەشیانەوە، بۆ بەسترانەوە بە ئەو شتەوە کە بە دڵڕەقییەوە لە یەک دابڕاوە: تواناییە بیرمەندییە گەورەکانمان، بەئاستەم بەکارهاتوو؛ هەستی زۆر پەرەسەندووی لێکەوتنمان (tactile)؛ توانامان بۆ تێبینیکردن لە نزیکەوە؛ لەشی ئاڵۆزی فرەچێژی ئێشهەڵگرمان. (ریش ١٩٧٦،٢٤)
ریش، وەک ئەوەی فایێرستۆن، لە باسوخواستەکانیدا پێی وایە کە ئەتوانین بە تێگەیشتنەوە تێپەڕین لە ئەو ئەزموونانەی دایکایەتی کە لە بەستێنە کۆمەڵایەتییەکەیان جیا کراونەتەوە و ئەتوانن بەبێ پێکهاتە دامەزراوەییەکان هەڵبگیرێن و بۆ چاولێکردن بکرێنەوە. ئەو هەروەها وای دادەنێت، کە ئێمە ئەتوانین بەرودوا ئەوان لەناو بەستێنێکی بەتەواوی جیاوازدا بێنینە بەرچاومان، کە لەناویاندا بایەخە دانپێدانراوەکانی لکاو بە دایکایەتییەوە دەتوانن لەو بەستراوەییە نەرێنییانە کە بەشێکن لە ڕێکخستنەکانی دایکایەتیی سەردەم، ئازاد ببن.
دامەزراندنی ئەم گریمانەگەلە، پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زۆرتر هەیە. سەرەرای ڕەخنە سەرنجڕاکێشەکەی [واتا] «دوالیزمی دروستکراوی پیاو»، وادەردەکەوێت کارەکەی ئەو لەسەرەتاوە دوالیزمگەلی هاوچەشن بناسێنێتەوە، کە هەروەک وا بووە، ئێستایش بەستراوەتەوە بە توانای جیابوونەوەی سەرچاوەکانی ئەزموونی ژنانەوە، بە ئەو گریمانەیەی کە دەتوانین لە بیۆلۆژیی ژناندا بۆ سەرچاوەی هێندێک ئەزموونی تایبەت بگەڕێین و ئەوەی کە ئەوانی تر سەرچاوەکەیان قەرزداری دامەزراوە باوکسالارانەکانن. ئەگەرچی بە وردبوونەوەیەکی وەها لە مەنتقی کارەکەی ئەو، ڕەنگە وا دەربکەوێت کە ئاکامە ڕوونەکەی لەبەرچاو ناگرێت: بۆ ئەوەی کە هەلومەرجێک دروست بکات کە تێیدا دایکایەتی وەک سەرچاوەیەکی خوازراوترین ئەزموونی ژنان پیرۆز بکات، من دڵنیا نیم کە ئەم ئاکامە پاڵپشتییەکی دڵنیا لەسەر ئەم بنەمایە وەربگرێت. وادەزانم کە بەنێکی هاوبەش تێگەیشتنی ڕۆلەند، ڕەیمۆند و ریش بەیەکەوە دەبەستێتەوە و ئێستا ئەگەر ئەو بەنە هەمووی ئەوان بەیەکەوە ببەستێتەوە، بە دوالیزمی سروشت/فەرهەنگەوە یان نا، ئەوان گریمانەی دەروونناسانەی تایبەتی هاوبەشیان هەیە کە هەموویان لەپاڵ یەکتردا دادەنێت و لە فایێرستۆن و هاوبیرانی جیایان دەکاتەوە.
ئەوان وەک زۆرێکی تر لە فێمێنیستە هاوچەرخەکان، پەیوەندیی نێوان دایک و منداڵ لە بنەڕەتەوە بە شتێکی ئەرێنی دەبینن و چاو لە ئەم پەیوەندییە دەکەن بۆ ئەوەی وێنەیەک لە ئەوە بدۆزنەوە کە کام پەیوەندیی نێوان ژن و ژن، یەکجاری دەتوانێت ژنان ئازاد بکات بۆ ئەوەی لە بایەخەکانی خۆیان بدوێن و بیچم بدەن بە ئەو دامەزراوە کۆمەڵایەتییانەی کە ڕێگە دەدەن بە بێبەربەست دوانی ئەوان. ڕوانینی ئەوان بە ڕوونی دژ بە تێگەیشتنی فایێرستۆن و فێمێنیستە هاونەسڵەکانیانە کە بۆ ئەو مۆدێلانەی کە لەسەریان هەستی یەکیەتی و یەکگرتوویی ژنان دروست دەکرێت، بۆ سەرچاوەکانی دەرەوەی پەیوەندییەکانی دایک-منداڵ دەیانڕوانی.
لە بابەتێکی ڕەخنەیی لە تێگەیشتنی ریش بەم دواییانە، جەنێت سایێرز (١٩٨٤) باسی لەوە کردووە کە هەر هەوڵێک بۆ

دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان ژنان لە وێنەی پەیوەندییەکانی دایک-منداڵدا، لەسەر خەیاڵێک دەوەستێت، کە لە ڕاستیدا ئەم پەیوەندییە، بەهەردوو بنەما ئەرێنی و نەرێنییەکەیەوە بە پێکدژییەوە دیار دەبێت. ئەو ئەنووسێت:

تا ئەو کاتەی فێمینیزم مەبەست بێت، بایەخی کارەکەی مێلانی کلەین لە ئەو خاڵەدایە کە بایەخ دەدات بە ئەو ڕێگایەی کە ئێمە لە ڕێگای مێکانیزمەکانی بەرگریی لە لەتبوونەوە، بەزۆری پێکدژی لە پەیوەندییە تاکەکەسییەکاندای پێ ڕەد دەکەینەوە و بایەخ دەدات بە ڕق و خۆشەویستی کە لە پەیوەندییە سەرەتاییەکانی منداڵ-دایکدا دروست دەبێت. ڕاڕاییبوونێک کە نە تەنیا لە نووسینە فێمینیستیەکاندا کە ئەم پەیوەندییە وەک بنەمای یەکگرتوویی ڕەگەزیی ژنان پیرۆز دەکەن، بەڵکوو هەروەها لەو نووسراوانەیشدا پشتگوێ دەخرێت کە بەپێچەوانەوە لە ئەم پەیوەندییەدا هەمان سەرچاوەی ستەم و لەخۆدابڕانی (alienation) ژنان دەبینن.

ئەو ئەگەرچی دەیتوانی بگەڕێتەوە بۆ زۆرێک لە فێمینیستەکانی تر، لەوانە فایێرستۆن، بە هێنانەوەی وێنە دەڵێت کە لووس ئیریگارای ڕوونکەرەوەی ئەم ڕوانینەی دوایییە. ئەگەرچی بەستراوەیی بە ڕوانگەی کلەین ەوە ڕەنگە جێگای پرسیار بێت، بەڵام ئاگادارکردنەوەکانی نابێت پشتگوێ بخرێت. هەردوو ڕوانینەکە بۆ پەیوەندیی دایک-منداڵ، بەزۆری لە نووسراوە فێمینیستییەکاندا ناسێندراوە. هیچکام لەوانە ناتوانن بانگەشە بکەن کە پێناسەی ڕاستی فێمینیزمیان هەڵگرتووە. سەرسوڕمانەکەی کلەین هەوڵێکە بۆ ئەوەی هەردوو تێگەیشتنەکە لەناو چوارچێوەیەکی گشتگیردا کۆبکاتەوە. پەرەسەندنی وەها چوارچێوەیەک، زۆرێک کاری تیۆریک بەجێ دەهێڵێت کە دەبێت جێبەجێ بکرێن بەڵام پێویستیی کردەوەی فێمینیستی ناتوانرێت دوابخرێت تا ئەو کاتەی ئێمە تیۆرییەکی تەواوبووی پەیوەندییەکانی نێوان نەسڵەکان دەخەینە بەردەست.

بۆ ئێستا،[بۆ] جێگای بەتاڵی هەر تیۆرییەکی فێمینیستی کە بتوانێت ئاراستەیەکی ڕوون بخاتە بەردەست بۆ ڕێنوێنیکردنی پەرەسەندنی تێکنۆلۆژییەکانی منداڵبوون، ئەم بژاردەگەلە لەبەردەستماندا هەن: ١ ئێمە ڕەنگە بەبێ پرسیار خۆمان ببەستینەوە بە تێگەیشتنەکانی لایەنگرانی ڕیش، هاوڕا بین لەگەڵ لێکدانەوەی ڕەیمۆند و ڕۆلەند لەسەر پاشهاتەکانی داهێنان لە منداڵبووندا و سەرەڕای باشییە کورتماوەکانی بۆ هێندێک تاکی ژنان، دژایەتیی هەموو بەکارهێنانێکی تێکنۆلۆژیی منداڵبوون بکەین؛ ٢ دەتوانین هێزمان لەگەڵ میراتگرانی شولامیس فایێرستۆن بخەینە سەر یەک، ئەگەرچی بە سەرنجدان بەوەی کە بەرژەوەندییە بەهێزە دامەزراوەیی و بازرگانییەکان، ئەم تێکنۆلۆژیگەلە کۆنترۆڵ دەکەن، بە هیچ جۆرێک دیار نییە کە ئەمە دەتوانێت چ پاشهاتێکی بۆ سیاسەتی کۆمەڵایەتیی ئێستا ببێت، یان ٣ دەتوانین کار بکەین بۆئەوەی فرەییی تێگەیشتنە فێمینیستییەکان لەناو سیاسەتێکی کاتیدا یەک بخەین، خۆمان ببەستینەوە بە وتووێژی چڕوپڕ و هەوڵ بدەین کاریگەریمان لەسەر ئاراستەی ئێستای داهێنانەکانی منداڵبوون ببێت کە کەموکورت بە هەمان شێوازە پراگماتیستییەکانەوە، فێمینیستەکانی ئێستا بەشداری لە بیچمدان بە سیاسەتە ئابوورییەکاندا دەکەن. کەوابوو بەدواداچوونی بژاردەی سێهەم ڕەنگە یەکگرتوویی کۆمەڵی فێمینیستی بخاتە بەردەم ئاستەمترین تاقیکارییەوە. هەڵبژاردنی هەرکام لە بژاردە بەجێماوەکان دەتوانێت کەلێنێک دروست بکات کە پڕ نەکرێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە یان شەپۆلی ئێستای بزووتنەوەی فێمینیستی، هێزی خۆی لەدەست دەدات و بڵاوە دەکات یان فێمینیزم تێکەڵ بە هێزێکی زۆر بەهێزتر و یەکگرتووتر دەبێت بۆ ئاڵوگۆڕێکی کۆمەڵایەتی کە پێشتر لە مێژوویدا نەبووە.

*. https://www.jstor.org/stable/3809900

# "هەڵسەنگاندن"

# «تاهیر حامیدی، خەزێنەی زمانێکی پاراو و ڕەنجێکی بەلێشاو»

## سەرنجێک لەسەر کۆمەڵە چیرۆکی «هاواڵدوانە»

زانا گەرمیانی



## ئاماژە

ڕەنجـــی مرۆڤی داگیرکراوی کـــورد هەر لە هەوەڵ ڕۆمانە کوردییەکانەوە بووەتە پرســـە ســـەرەکیی ئەدەبی گێڕانەوەیی کوردی. لە عەرەب شەمۆ و لە ڕۆمانی شڤانی کورمانجاوە بگرە کە بە باوکی ڕۆمانی کوردی دەناسرێت، هەتا ڕۆمانی پێشـــمەرگەی ڕەحیمی سەیفی قـــازی و هەتـــا ژانی گەلی برایـــم ئەحمەد، ئازارەکانـــی نەتـــەوەی بێدەوڵەتی کوردیان گێڕاوەتەوە. لەم دواییانەشدا لە دەیەی نەوەد بـــەم لاوە، ئـــەوەی لە درێژایی مێـــژوودا لە لایەن داگیرکەرانیەوە بەســـەر مرۆڤی کورد (وەک کۆلۆنیایەکـــی نێودەوڵەتی) هاتووە، لە ڕۆمانەکانی بەرەیەکی دیکە لە ڕۆماننووساندا نوێندراوەتەوە. ئەگەر تاوانەکانی ڕێژیمی بەعس بۆ سڕینەوەی بیری مرۆڤی کورد لە باشووردا لە ڕۆمانەکانی هونەر سەلیم و بەختیار عەلی و شێرزاد حەسەن و کێ و کێی دیکەدا باس کراوە و ئەگەر ســـەلیم بەرەکات (ئەگەر چی بە زمانی عەرەبی) و جان دۆســـت و حەلیم یوسف ئازارەکانی مرۆڤی ڕۆژئاوای کوردستان بە جیهان دەناسێنن و ئەگەر محەمەد ئۆزۆن ژیانی ڕەنجاویـــی مرۆڤی کوردمان لە باکوور بۆ دەگێڕێتەوە، ئەوا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پرســـی کوردبوون و ئەو ڕەنـــج و ئازارانەی نەتەوەی سەردەست بەسەریدا هێناویەتی، لە ڕۆمانەکانی کەســـانێکی وەک عەتا نەهایی و ئاڤا هۆما لە ڕۆمانی کچانی دووکەڵ و ئاگر[١] و مەنســـوور تەیفووری لە ڕۆمانی ژیانەوە بە کاتی سیروان[٢] و چەندین نووسەری دیکەدا پیشان دراوە. کۆمەڵە چیرۆکی هاواڵدوانەیش بە قەڵەمی تاهیر حامیدی (کەمنووس بەڵام پڕنـــووس) نوێندنەوەی بەســـەرهاتی مرۆڤی کوردی ڕۆژهەڵاتییە کە لە ژێر سیســـتەمی داپڵۆسێنەری سەردەستدا، بۆتە کۆلۆنیایەکی ناوەکـــی. ئەم نووســـینە بە گشـــتی هەوڵ دەدات ڕەنجی مرۆڤی کـــوردی ڕۆژهەڵاتی، وەکـــوو کۆلۆنیایەکی ناوەکی لـــەم کۆمەڵە چیرۆکەدا شیکاری بکات. هەڵبەت لەو لایەنە دڵخۆشکەرە زمانییە غافڵ نابین کە لە زمانی پـــاراوی تاهیر حامیدی بـــۆ «ماڵی بوون»ی مرۆڤی کورد ساز کراوە و داڵغەیەکە بۆ بەرگی نەمرێنـــی و ڕزگاریی زمانی لە سیاســـەتی زمانی ئـــەوی دیکەی کۆلۆنیکـــەردا. کەوایە خوێنەر لـــەم کۆمەڵە چیرۆکـــەدا بەردەوام هەســـت بە جێگۆرکێی بزە و پەژارە دەکات. بزە لە زمانێکی پاراو و ڕەســـەنی کوردانەی ئەو گێڕانەوانە کە هەستی ڕزگارییەکی زمانی و ســـابجێکتیو دەدات بە خوێنەر و پەژارە و نارەحەتـــی و خەمی بێبڕانـــەوە لەو دەرد و ڕەنجانـــەی بەســـەر نەتەوەی بێدەســـەڵاتی کورددا هاتووە. ئەگەر لە ڕۆمانی پێشمەرگەدا ڕەحیمی سەیفی قازی هەوڵ هەنگاوەکانی داگیرکەران و هاوکاریـــی دەرەبەگێکی زاڵم و خائین لەگەڵ ئەوان بۆ کوشـــتنی مامەند وەک باوکێکـــی هەژاری کـــورد و هەروەها خەباتی کـــوردەکان بۆ وەدەســـەت هێنانی مافـــە نەتەوەییەکەیان بـــاس دەکات، ئەوا لـــە هاواڵدوانەدا جیا لەو کوشـــتن و بڕینەی کە سیستەمی دەســـەڵاتگەر بەسەر کوردی هێناوە، هەروەها هەنگاوێکی دیکەی داگیرکەر لە ئاسیمیلەکردنی نەتەوەی کورد لە ڕێگای ئاپاراتووســـە ئایدیۆلۆژیکەکان وەک دەزگای پـــەروەردە دەبینین و لـــە بەرامبەریدا ڕۆڵی مامۆستایەکی نەتەوەخواز بۆ گەشەپێدان بە بیری نەتەوەیی و پشتیوانی لە مافە ڕەواکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان وێنا دەکرێـــت. باس لـــە زمانێکـــی ڕزگاریدەری کوردی و شیکاریی ڕەنجی مرۆڤی کورد لەم ناوچەیەی کوردستاندا، دوو خاڵی سەرەکین کە پێکهاتەی ئەم نووســـراوەیە پێکدەهێنن. بە گشـــتی ئەم نووســـینە بـــە ڕەچاوکردنی تیۆریـــی «کۆلۆنیالیســـمی ناوەکـــی» ئامرازە تیۆرێکییەکانـــی پاش کۆلۆنیالیســـتیش بۆ خوێندنـــەوەی ئەم کۆمەڵـــە چیرۆکە ڕەچاو دەکات.

*«هەر لە دوور و بە بزەوە دەیکوت: «خەبەر خۆشە!» ئامە دەگەشاوە و شەکری بزە گنج و لۆچی نێو چاوی دەسڕییەوە».*
*(حامیدی، هاواڵدوانە، لاپەڕەی: ٦٩)*

*«ئەو هاوارە ڕزگار ئەکەم هەتا لە دەشت و دەردا دەنگ بداتەوە: «هاواڵدوانەی گیانم، بەجێم مەهێڵە. مەودای ڕێگای بێ تۆیی ئەستەم و پڕ لە سەخڵەتە. بە ئێشی زامی سەرسینگم قەسەم وا دیلیی ڕۆیشتنی تۆ کردوویەتە جیرانی دڵم، سوێندت دەدەم! بێ من مەڕۆ. خۆت لە بیرتە بڕیاری ڕۆیشتنی دوو قۆڵیمان دابوو؟»*
*(هەمان، ل: ١٠٢و ١٠٣)*

*«تۆ شێت و هار دەبی کاتێ ببینی سپای دوژمن لە پێچەڵاو پووچی عەقڵی پاڵەوانێکی بەلەباریکەی باڵابەرزەوە، خۆیان لە ناو دڵی ئەسپێکی دارینەوە خزاندۆتە ناو نیشتمانتان! تۆ هەر چەندە بە تیرێکی ژەهراوی پاژنەی پاڵەوانی کەوڵ ئاسنین دەنگێوی و ورەی سوپایان لە کار دەخەی، بەڵام ویرانەیەکت لەپێشدایە و وڵاتێکی خاپوور! هیچ ڕەهۆڵەیەکی نهێنی تۆ دەرباز ناکات و دەمێنیتەوە، تاسەی دوور و دەمانێک و فرمێسکێکی قەتیس ماو!»*
*(هەمان، ل: ١٩١)*

بە خوێندنەوەی کۆمەڵەچیرۆکی هاواڵدوانە، دوو هەستی دژبەیەک بەرۆکی خوێنەر دەگرێت. ئەو دوو هەستە یەکناکۆکە لەو ڕستانەی کە لە سەرەوە بۆ نموونە ئاماژەم پێ داون ڕەنگ دەداتەوە. لەلایەک هەستێکی شادی و خۆشحاڵی دەمانگرێت و هەواڵێکی خۆش دەبیستین، دەگەشینەوە و شەکری بزە گنج و لۆچی نێو چاوانمان دەسڕێتەوە. لە لایەکی دیکەوە نارەحەت دەبین لەبەر ئەو هەمووە ڕەنجە لەمێژینەی وەکوو نەتەوەی بندەست لەسەرمان بار کراوە. دەبا بزانین ئەو هەستی شادی و خۆشحاڵیە لە چییەوە دێت و ئەو نارەحەتی و ڕەنجە لە چییەوە سەرچاوە دەگرێت؟ چی لەم چیرۆکانەدایە وا گرێ و لۆچی غەم و نارەحەتییەکانمان ڕادەماڵێ و هەناسەیەک لە ئازادی، شەکری شادی دەکاتە میوانی لێومان و چی تێدایە وا ڕەنجی چەندین ساڵەمان بۆ ڕیوایەت دەکات. ویدەچێت ئەو شادییە لەوەوە بێت کە گەلی کورد وا کە زمان و ڕەوان و هەست و نەستی لە ژێر چەپۆکی نەتەوە باڵادەستەکاندا دیل بووە و کۆلۆنی کراوە و نەزۆک بووە، ئەو شتەی پێی دەگوترێت ناهۆشیاری کۆلۆنیکراو، لێرەدا زمانی ئازاد و ڕزگاری خۆی بینیوەتەوە. ئەو گەلە بە هۆی ئەوەی بە تایبەت لە ژێر سایەی سیاسەتێکی زمانیی سەپێندراودا پەروەردە کراوە، زمان و هۆشیارییەکەی دوو فاقی[٣] بووەتەوە. هەم فارسی و عەرەبی و تورکی لەسەر زمان و هۆشیاریی ئەودا زاڵە و ئامادەییی زۆر توند و تیژیان هەیە، هەم هەستی و بوونێکی کوردی لە زمانیدا ئامادەیی هەیە و هەم زمان و بیر و ئەندێشە و ڕوانگەی بە ژیان، هەستی و جوانی لە ژێر کاریگەریی ئەو نەتەوە سەردەستانەدایە و هەناسەکێشانی لێ سەندراوەتەوە. ئەو زمانەی کە لە پرۆسەیەکی بە تەواوی سیاسیدا پەراوێز خراوە و جێگەی خۆی داوە بە زمانی نەتەوە باڵادەستەکان، ئەگەر بیر دەکاتەوە چونکە بە فارسی یان عەرەبی یان تورکی پەروەردە کراوە، بیرکردنەوەکانی ڕەسەن نین و لە ڕێگەی بوونی زمانێکی دیکە و نامۆوە لە خۆی و جیهان و ژیان دەڕوانێت. بە کورتی لە پرۆسەیەکدا کە ناوی دەنرێت «کۆلۆنیالیسمی ناوەکی[٤]»ی فەرهەنگی، زمانی نەتەوەیەک بەسەر نەتەوەیەک یان نەتەوەکانی دیکەدا زاڵ دەکرێت و لێکەوتەی ئەو پرۆسەیە ئەوەیە زمان، هۆشیاری، ئاکار

و تەنانەت پێوەرە جوانیناسانەکانی نەتەوەی بندەست پەراوێز دەخرێت و بگرە ئاخێوەرانی بندەستیش جیا لە قسەی ڕۆژانەیان، ناتوانن وەک مرۆڤێک بیر بکەنەوە چونکە زمانیان کە «خانووی بوونی» ئەوانە، تێکدراوە و کاتێک بوونی نەتەوەیەک تێکبدرێت، ئیدی ئەو نەتەوەیە هەتا هەتایە هەر دیل و داگیرکراو و دەستەمۆی نەتەوەی زاڵ دەبێت. نە دەتوانێت بیر لە خۆی و جیهانی دەوروبەری بکاتەوە و نە دەتوانێت زانست بەرهەم بێنێت و نە تەنانەت دەتوانێت هەستی عاشقانەی بەرانبەر بەوی دیکە دەربڕێت. ئەوەیە کە دەبێتە نەتەوەیەکی کۆلۆنیکراوی دوو یان چەندفاقیکراو. بەڵام بیرمەندانی ناو ئەو نەتەوە کۆلۆنیکراوانە جاری وایە وەخۆیان دەکەون و بگرە ئەگەر نەتوانن پێکهاتەی سیاسیی نەتەوەی زاڵ لەسەر خۆیان لابەرن، بە شێوازگەلێکی جۆراوجۆر لەهەمبەر ئەو کۆلۆنیالیسمەدا بەرخودان دەکەن و دالغە و پەناگایەک بۆ بوونی خۆیان و بۆ دەربڕینی هەست و نەستیان پەیدا دەکەن. لە ناو نەتەوە کۆلۆنیکراوەکاندا، ئەدەبیات دالغەیەکی چاکە کە لەودا ئەو نەتەوانە، خۆیان لە کۆلۆنیالیسم و ئیمپریالیزمی فەرهەنگی- زمانی ڕزگار بکەن. لە خوێندنەوە پاشکۆلۆنیالیستییەکاندا[5] کە بە خوێندنەوە و دووبارەخوێندنەوەی ئاسەواری ئەدەبی و فەرهەنگیی کۆلۆنیالییەوە سەرقاڵە، دەیهەوێت سەرنجی خوێنەران بۆ لای لێکەوتە قووڵ و ناچارییەکانی کۆلۆنیالیسم ڕابکێشێت و هەروەها گوتاری ئایدیۆلۆژیکی کۆلۆنیکەرانیش تێک بشکێنێت. (Ash-croft, 1998: 192) دیارە پرسی زمان لە جێگەی ڕێسایەکی بنەڕەتی لە بیچمگرتن و سەرهەڵدانی تیۆریی پاش کۆلۆنیالیستی، پێگەیەکی یەکجار گرینگی هەیە. گوتاری پاش‌کۆلۆنیالیستی، بەستێنێک مسۆگەر دەکات کە لە ناو هەناویدا حەقیقەت شکڵ بگرێت و هەروەها زمان وەکوو ماکی سەرەکیی شوناس و فەرهەنگی نەتەوە ژێر چەپۆکەکان دەتوانرێت جگە لەوەی لە ڕووی بوونناسانەوە تەماشای بکرێت، ببێتە ئامرازی بەرگری لە مافی یەک نەتەوە لە بەرانبەر داگیرکەرانیدا. زمان لە کۆمەڵگا پاش کۆلۆنیالیستیەکاندا دەتوانێت حەقیقەتی کۆمەڵگا و دەسەڵات و ئیستعماری سەپێنراو بەسەر ئەو کۆمەڵگایەدا نمایش بکات. (موزەفەری، ۱۳۹۶: ۲۰)

لێرەدا و لە دوای ئەوەی کە لە پرۆسەی کۆلۆنیالیزمی ناوەکیدا، زمانی کوردی پەراوێز خراوە و لە خشتە براوە، زۆر گرینگە کە بزانین زمانی ئەم کۆمەڵەچیرۆکە چۆن لەگەڵ ئەو کۆلۆنیالیزمە ناوەکییەدا مامەڵەی کردووە. بە خوێندنەوەی کۆمەڵە چیرۆکی هاواڵدوانە هەستێکی خۆشی و شادی و سەرخۆشییەکی تایبەتی و شیرین، دەست دەدات بە خوێنەر. بۆیە ئەو ڕستەیەم لە هەوەڵەوە هێنا تا بڵێم بە خوێندنەوەی ئەو چیرۆکانە، بوونی مرۆڤی کورد لە زمانێکی پاراودا مانا پەیدا دەکات. کاتێک لەگەڵ ئەو زمانە ڕەسەنە تایبەتییەی «تاهیر حامیدی» هاوڕێ دەبیت، هەستێکی شادی و خۆشحاڵی داتدەگرێت. لەوەی کە هەست دەکەی خانووی خۆتت کە داگیر کراوە لە داگیرکەر ستاندووەتەوە. شوناسی خۆتت دیوەتەوە، هەست دەکەی بوونی خۆتت دۆزیوەتە. شاد و سەرمەستیت لەوەی زمانێکی ئاوا پاراو بە پێشینەیەکی زۆری خوێندنەوەی ئەدەبی کوردی کە کەرەستەی ئەو خانوویەی پێکهێناوە، بووەتەی دالغە و پەناگایەک کە من و تۆ دەتوانین لەوێدا خانووی بوونی خۆمان ببینینەوە. ئەو زمانەی کە خۆی دەرباز کردووە لە ڕەنگ و بۆی نەتەوە زاڵەکان. لە کاتی خوێندنەوەی ئەو چیرۆکانە هەست دەکەی ماڵێکە بە گەورەیی زمانی نەتەوەیەکی داگیرکراو کە ڕاوچی و داگیرکەری لەوێدا وەدەر ناوە و مامۆستا ئاوات وتەنی «خاوەنی ئەو

خاسەکەوەیش هەر دەڵێ/ ڕاوچی دەبێ لەم کەژ و کێوە هەڵێ»، خاوەنی ئەو چیرۆکانە، ڕاوچییە زمانییەکانی وەدەرناوە و هەناسەی سەربەستی و ئازادی و ڕزگاری، لە جەستەی زمانێکی بە تەواوی کوردیدا هەڵدەمژێت. گێڕانەوەی تاهیر حامیدی لە هەر هەمووی ئەو چیرۆکانەدا نیشانکەردی ڕزگاریی زمان و هۆشیاریی مرۆڤی کوردە و هەروەها نیشانەی ئاگایی و زاڵیەتییەکی مێژوویی بەسەر زمانی کوردیدا. خوێنەر بە شێوەیەک لە شێوەکان ئەو هۆشیارییە زمانییە لە هەمبەر زمانی سەردەستدا لە هەر هەموو چیرۆکەکاندا دەبینێت.

داڕێژان و تێمی تەواوی چیرۆکەکان لە ڕووداوە ئاساییەکانی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤی کورد بە تایبەت کوردی ڕۆژهەڵاتی وەرگیراوە، وەکوو (لە چیرۆکی خوێندن بە کاتی جەهەندەم)دا دەیبینین، هەتا تراژێدیای کوشتن و برینی مرۆڤی کورد (لە چیرۆکی هاواڵدوانە) و تاراندن و دەرکردنی مرۆڤی کورد لەسەر باوەڕ بە کوردبوون و هەوڵدان بۆ ڕزگاری و کێشانی زەجر و هەژاری و دەرکردن و تاراندن لەسەر ئەو بیروڕا نەتەوەخوازییە (لە چیرۆکی خانوو)، هەر هەموویان خانوویەکە کە تێیدا زمانی کوردی بەوپەڕی پاراوی و ڕەوانبێژییەوە بووەتە مەکۆی هەناسەی ئازادی. فۆرمی زمان ئەوندە سەربەست و ئازادە، تۆ هەست دەکەی مرۆڤێکە و لە بەند و زیندان ڕزگاری هەتاهەتاییی هاتووە و شەقەی باڵی سەربەستی لێدەدات. وێنەسازی بە ئیماژگەلێکی یەکسەر کوردانە ماڵی بوونی کوردانەی ئەوندەی دیکە ڕازاندووەتەوە. بۆ وێنە ئەو کاتەی لە زمانی گێڕەرەوەدا لە چیرۆکی «هاواڵدوانە» کە کەسایەتییە سەرەکییەکان لفەوجووتن و لە زکی دایکیاندان و دایکیان بێزووی بە بەفری کوێستان گرتووە، دەبیستین کە بابی بە سواری قاتر بردوویەتی بۆ ئەو کوێستانە بەرزانە، ئینجا ببینن ئەوپەڕی وێنەسازی لەم ڕستانەدا «دایکم هەر هەوەڵ قوم لە بەفر و دۆشاوەکەی خوارد، ئۆخژنێ لە گیانی گەڕا. هێورییەکی سپی سپی سپی. فێنکاییەکەی دای لە بنی دڵمان. ئێستا جوان هەستی پێ دەکەم، سەیر داچڵەکاین، سەرمان لە کۆشی یەکدا بوو کە بە هێز و قەوەت لە خۆمان نەوی هەستینە سەرپێ. دایکم یەک بە خۆی بەو کوێستانەدا هاواری کرد: ‹ئەوە شێرەکۆڕەکانم دەیانەوێ هەستنە سەر پێ.›» وەسف و وێنەسازییەک بەوپەڕی جوانییەوە. ئەو شێرە کوڕانەی وا لفەوجووتن و بە بەفری کوێستانی کوردستان هەڵساونەتە سەر پێ، دوواتر هەر دووکیان لە ڕێگەی نەتەوەکەیاندا شەهید دەکرێن. بە بەفری کوێستانی پاک و خاوێن بێزوویان کردووە، سەر بۆ داگیرکەری پیس دانانەوێنن. دەبێ بیخوێنیتەوە ئەو چیرۆکە تا بزانیت شەپۆلی زەین و سیلەنیگای گێڕەرەوە چۆن ناوەرۆکێکی بە هێزوپێز لە فۆرمێکی ئەدەبیی شاز و کەموێنەدا وێنا دەکات و دەیگێڕێتەوە، بە جۆرێک کە یەک چرکەسات حەز ناکەی لەو چیرۆکە دابڕیت تاوەکوو بزانیت بە چ ئەنجامێک کۆتاییی دێت.

یەکێک لەو پتە بنەڕەتییانەی کە ڕووی باڵادەستیی ناوەرۆکی لە هەمووی ئەم کۆمەڵە چیرۆکەدا هەیە، ماکی بیرێکی نەتەوەخوازانەیە (بە ڕەنگ و بۆی دژە کۆلۆنیالیستییەوە) کە بە شێوازی جۆراوجۆر لە کۆدەقەکانی ئەم گێڕانەوەیەدا ڕەنگی داوەتەوە. دیارە شیکاری و لێکۆڵینەوەی چەمکگەلێکی وەک (من/ ئەوی دیکە) یان (ناوەند/ پەراوێز) لە خوێندنەوە پاش کۆلۆنیالیستیەکاندا گرینگییەکی تایبەتیان هەیە. لەم کۆمەڵە چیرۆکەیشدا و لە چەند جێگەدا ئەو سنووردانانی نێوان من و ئەوی دیکە یان ئێمە و ئەوانی

دیکە دەبیندرێت. بۆ وێنە لە چیرۆکی «خانوو»دا کاتێک ئەو مامۆستایە لەسەر بیری ناسیۆنالیستی لە کار دەردەکرێت و بۆ بەدەستهێنانی بژێوی ژیانی ڕوو لە تاران دەکات، ئاوا هەستی نامۆیی و سنووردارانی خۆی لەگەڵ نەتەوەی باڵادەست و ناوەندی، کە لێرەدا فارس بێت، دەردەبڕێت: «حەیف نەبێت خاک و نیشتمانی خۆت بەجێ بهێڵێت و بێی پاشاخوری ئەم غەوارانە بڕێژی؟... لە خۆوە نەیانکوتووە «بەرد لە جێی خۆی قورسە». هەر لە شوێن و شاری خۆت بترازێی ئیتر ئەوە نیت وا هەیت. ئەوە نابی وا بووی. ئەوانەی وا تۆ دەیزانی و بەوانەوە بە گەورەیی و ناسیاوی گەیشتووی بە کاری خەڵکی ئەوێ نایێ، قەت ئەوان زانستەکانی تۆیان ناوێ...»(هاواڵدوانە: ٤٦) وشەکان لەم کۆرستەیەدا بە باشی سنووری نێوان ئێمەی کورد و ئەوانی دیکەی تارانی- فارسی نیشان دەدەن، خاک و نیشتمانی خۆت لە بەرانبەر ئەوانی دیکەی غەوارە و بێگانەدا. زانینی تۆ و زانینی ئەوان و زۆر شتی دیکە کە سنووری نێوان ڕۆژهەڵاتییەکی داگیرکراو و پەراوێزخراو لەگەڵ ئەوانی دیکەی ناوەند، کە تاران هێمایە بۆ ئەو داگیرکارییە، دەنوێنێتەوە.

هەروەها کە ئاماژەی پێ کرا بیری ناسیۆنالیستی، موتیڤی باڵادەستی هەیە لە زۆرینەی چیرۆکەکاندا، بۆ وێنە کاتێک دەقاوێزان دەکات لەگەڵ ئەو شاعیرە کلاسیکییانە، بە تایبەت «حاجی قادر» و «مەلای گەورە» بانگەشە دەکات. حاجی کە لە دوای «خانی» بە یەکێک لە کوچکە بنەڕەتییەکانی بیری ناسیۆنالیستی لە ئەژمار دەدرێت، بە پێشوازی ئەو ماڵە کوردانەوە دێت کە «مەحوی» و «مەولەوی تاوەگۆزی»یش لێرەدا بانگەشە کراون. ئەو کاتە کە شێعرێکی عەبدوولڵا پەشێو لە چیرۆکی «ماڵاوایی لە خولەکی ئاخردا» نەقڵ دەکات و لە زمانی پەشێوەوە بانگی حاجی قادر و مەلای گەورە[٦] دەکات:

*بنوو، هاورێم!/ لە هیچ مەپرسە! / ڕەشانگ و تاپۆیەکانی ئەو دیو پەنجەرە/ ئەو دار و درەختانەن کە حاجی قادر لە سێبەریان سەرخەوی دەشکاند/ و ئەو ژاوەژاو و دەنگە دەنگانەش/ ئارێبابە[٧]ی فەقێکانی مەلای گەورەن...*

*(هەمان، ل: ٢٠)*

لێرەدا حاجی قادرێک بانگەشە دەکرێت کە لە نەریتی ئەدەبی کوردیدا سەر بە قوتابخانەی تەنویرە و بیری نەتەوەخوازی لە ماکە سەرەکییەکانی ئەو ڕۆشنگەرییەیە. حاجی لە ماڵێکی کوردانە لەم چیرۆکانەدا بانگەشە کراوە کە نەک هەر دەتوانێت سەرخەوی بشکێنێت و ماندووی بحەسێتەوە، بەڵکوو بە دەنگێکی بڵیند و بەوپەڕی هۆشیارییەوە تەنانەت لە مەدحی خودادا بڵێت: «مەعلوومە بۆچی حاجی مەدحت دەکا بە کوردی/ تا کەس نەڵێ بە کوردی نەکراوە مەدحی باری». حاجییش بە پێشوازی ئەو ماڵە کوردانەیەوە دەچێت کە لە ئیمپریالیزمی زمانی ئازاد کراوە. بە دیتنی ئەو ماڵە کوردانەیە بۆ بوونی مرۆڤی کورد کە ڕەنگ و بۆی بیانیی داگیرکەری تێدا نەماوە، ئیتر کەس ناڵێت «جێم نییە تیا بسرەوەم خاکم بەسەر بێ لانە خۆم» ئەوا خانوویەک و جێگەیەک ساز کراوە تا لەوێدا بەبێ هەژموونی زمانی نەتەوەی باڵادەست، خۆت بیت و خۆت، تەنیا لەگەڵ گێڕانەوەی ڕەنجەکانت.

لەلایەکی دیکەوە یاساغ بوونی بیری ناسیۆنالیستی بە شێوەیەکی کەم وێنە لە کۆرستەیەکدا لە چیرۆکی «خوێندن بە کاتی جەهەندەم» دا نمایش کراوە. «بە خەتێکی پان و ناخۆش لەسەر دیواری بەرانبەر بە

تەختەی پۆلەکەی خۆتان نووســرابوو بژی نیشتمان... ئەو شەوە تا درەنگان نەخەوتبوو و نیشـــتمانەکەی سڕیبۆوە. خاڵی نوونەکانی ئەمســـەر و ئەوسەری نیشـــتمانەکەت وەک چاوێکی ڕێژراو کێشـــابۆوە... ناســـر بە دەم پـــاک کردنەوە و ڕەنگ‌کردنـــی دیوارەکەوە پێدەکەنـــی و دەیکوت: «زوو پاکی نەکەمەوە ســـبحەینێ نیشـــتمان چاو لە قوتابییەکان دادەگرێـــت!» (هەمـــان، ل: ١٣١) لـــەو چەن ڕســـتەیەدا ئیماژی نیشتمان و یاساغ بوونی بەدەس داگیرکەر، بە شێوازێکی زۆر ئەدیبانە لە گێڕانەوەیەکی زۆر وەستایانەدا نواندراوەتە. ئەمســـەر و ئەوســـەری نیشـــتمان هێمایە بۆ نیشـــتمانێکی گـــەورەی لەت‌نەکراو کە بەکرێگیراوەکانی سیســـتەم دەیانهەوێت لە مێشـــک و زەیندا پاکی بکەنەوە، بەڵام سەد مەخابن، نیشـــتمان ئەو خۆشەویستەیە کە کەس ناتوانێت خۆشەویستیی ئەو لە مێشک و زەینی خەڵک بسڕێتەوە و نەهێڵێت چاوی خۆشەویســـتی لە خەڵک داگرێت. «ناسر» و کەسانێکی وەک ئەو کە هێمایە بۆ هاوکاری کۆلۆنیالیزم و کەســـایەتیی «قرە» لە ڕۆمانی ســـێیانەکانی[٨] ئەلجەزایری محەمەد دیب و بە تایبـــەت ڕۆمانی ئاگرمان بیر دەخاتەوە کە شەوانە بە دزییەوە مەزرای خەڵکی ئاگر تێ بەردەدا تا بیانوو بدات بە دەســـتی هێزە داگیرکەرەکانەوە بۆ تێکشـــکانی مان‌گرتنی مەدەنیـــی جووتیارانی ئەو ناوچەیە. (باغجری، ١٣٩٩: ٩٠) دیارە کۆلۆنیالیزم بەردەوام بەشێک لە خەڵک بە هێـــزی زێڕ و زۆر و تەزویر بۆ تێکشکاندنی هەر چەشـــنە جووڵانەوەیەکی ئـــەو خەڵکە بە کـــرێ دەگرێت و لە خۆیان بۆ ســـەرکوتی خۆیان کەڵـــک وەردەگرێت. لێرەیشدا ناســـر ئەو ڕۆڵە دەنوێنێت و کاری سڕینەوەی هێمای نیشتمانە.

دەبینیـــن لـــەو کورســـتەیەدا چلـــۆن فۆرمێکـــی زمانـــی بـــە میتافۆرگەلێکـــی واتادار لە دیالێکتیـــک، لەگەڵ ناوەرۆکێکی واتـــادار و واتـــادەر بە ژیانی خەڵـــک، واتە نیشـــتمانپەروەری کۆ دەبنـــەوە تا دەقێکی وەها بخولقێنن. کاتێ کە نیشـــتمان دەبێت بە مەعشـــووق، دەتوانێت ببێت بەو شتەی شێخی نوورسی ناوی دەنێت «ناسیۆنالیزمی ئەرێنی». لە ناســـیۆنالیزمی ئەرێنیدا مرۆڤ کە نیشـــتمان و وڵاتی وەک خۆشەویســـتی خۆی خۆش دەوێت، لە دەردی خۆپەرەستی و خێڵ‌پەرەســـتی هەرزە و سەرچڵ ڕزگاری دەبێت و پاکژی و بەرزەجێییی ئاکاری پەیدا دەکات.

کەرەســـتەی بنەڕەتیی ئـــەو خانووە بۆ ڕۆحی مرۆڤی کورد، زمانێکـــی دەربازبوو و ئازادکراو لـــە بەند و دیلییە. ئەگەر نەتەوەی باڵادەســـت زمانی خۆی دەسەپێنێت و ئەمە یەکێک لە ماکەکانی کۆلۆنیالیزمی ناوەکییە، ئەوا بەرگری لـــە زمان و ڕۆنانی خانوویەکی زمانـــی کوردانـــە دەبێت بە کـــردەی ئانتی کۆلۆنیالیزم، کە «تاهیر حامیدی» بە زمانێکی کوردانە، بەشدارییی لەم بەگژاچوونەدا کردووە. تۆ دەڵێیت وەیشوومەی تۆقێنەری سێبەری زمانی فارسی بە گشتی وەلانراوە و بۆ خۆتی و خانوویەکی بە کەرەستەی زمانێکی پاراو و ڕەوان کـــە لەویادا خۆت، جیهان، ڕەنج، هێز و هەر وەها کەمایەســـییەکانت دەبینییەوە. فۆرمی زمان لە لێکچوواندنە کەموێنەکانیدا کە زۆر جار زمانێکی میتافۆریکە بیر و مێشک ڕادەکێشێت و ناتوانیت نەڵێیت کە زمانێکی تەواو کوردانە بە ڕەوانبێژییەکی پرۆفێشناڵ گەمارۆی نەداوم، بۆ وێنە کاتێک ماندوویی خـــۆی لە بوروکراســـی و ئەمـــلاو ئەولا پێ کردنیان بۆ خانووســـازکردن وەسف دەکات دەڵێت: «دوو مانگ من کارم دیواودیو کردن و هەڵاتن لەم بەش بۆ ئەو بەش بوو... وەکوو گای گەرچەکخواردوویـــان لـــێ کردبووم.» (هاوالدوانـــە: ٥٠) یان کاتێـــک حاڵی «ئامە»ی بەتەنیاکەوتوو لە چیرۆکی «تەشەنادا» وەسف دەکات ئاوا دەنووسێت: «ئامە شەوانێکی زۆر

پشتەوقەفار هەناسەی هەڵدەدایە نێو دیوی تەنیاییـیـان و بیری لـەو ڕۆژە دەکردەوە وا کاکەمەمی خۆشـراوێژ، هەناسە بە تینەکانی خۆی تێکەڵی وشـکەڵانی ماڵەکەی ئەمان بکردایێ» (هەمان: ٦٧) یان «ئامەی هەورگەر، لە مەودای هەڵهاتنی قـوری تەنوورەکانیدا بووکە قورینەی یادی بەشـوێنداهاتنەوەی مەمۆی بەسـەر تاق و ڕەفحەکانەوە دەپێژا». (هەمـان: ٧٣) یـان کاتێـک لـە چیرۆکی هاواڵدوانـە، گێڕەرەوە دەپرسـێت: «ئێمە بۆ ئەونە دەنگی ئاومان خۆش دەویسـت؟ بۆ وا هۆگری خورەی ئاوی چۆمەکەی بەر مووچە و مەزراکـەی خۆمان بووین؟ تازە تێدەگەم کـە بەفراو ئێمەی گەورە کـردووە.» دایکی بێزووی بە بەفراو کردووە، جا ئینجا وەسفی دەکات کـە چۆن بابی، دایکـی بەو هاوینە دەبات بۆ کوێسـتانەکانی پشـتی ناودێ و «لەمەودای ڕۆیشتنیاندا وەک سەرەتی لاوی و دڵدارییان، تیر پێکەوە قسەیان کردبوو و...» یان لە درێژەدا کە دایکی بوخچەی دڵی لەو کوێسـتانەدا بۆ باوکی دەکاتەوە. (هەمان: ٨١ و٨٢) ئیتـر دەبێ پاشـماوەی دەقەکە خۆت بیخوێنیتەوە تا چێژێکی کوردانە و عاشقانە دەروونت دایبسـێنێت. زمانی ئالیگۆریک و زۆر جاران میتافۆریک لە وەسـفی حاڵەتی کەسـایەتییەکاندا و هەروەهـا لە وەسـفی ڕووداوەکانـدا، هێزێکی هونەریـی تایبەتی بەخشیوە بە زمانی گێڕانەوەی ئەم چیرۆکانە.

هەروەها کە دەزانیـن لە بەرانبەر هەر هەژمۆنی، ئانتی هەژمۆنی و لە بەرانبەر هەر داگیرکەرییەکدا کە تێکەڵ بە سـووکایەتی و بەکەمزانین و پەراوێز خسـتن و تاراندن بێـت، هێزێکـی بەرگـری و بەرخۆدانیش دێتە گۆڕێ. بەو شـێوەیەی کـە ئاماژەمان پێ کرد، لـە بەرانبـەر داگیرکەریی زمانی فارسـی و عەربی و تورکیدا، داکۆکی لەسەر مافـی زمانی وەکـوو ئانتـی هەژمۆنی لە لایەن نەتەوەی کـوردەوە هاتووەتە مەیدان و بەتایبـەت ئەو بەرگرییە لە ڕۆژهەڵات زۆر بەهێزتـر وەگەڕ کەوتووە. دیارە هەروەها کە هانا ئارێنت ئاماژەی پێ داوە: «کاتێک وەک جوولەکە هێرشـت دەکرێتە سەر، پێویستە وەک جوولەکەیەکیـش داکۆکـی لە خۆت بکەیـت، نەک وەکـوو ئەڵمانییـەک، یان وەکوو هاووڵاتییەکی گەردوونی، یان وەکوو داکۆکیکـەری مافەکانی مرۆڤ». جاری وایە لەهەمبەر سووکایەتی کردنی ئەوی دیکەدا بەتایبەت نەتەوەی سەردەسـتی نازیستیانە، چیتـر زمانـی دێموکراسـی کاریگەریـی نامێنێـت، دەبێـت وەک ئـەو وێنەیـەی کـە گێڕەرەوە لـە چیرۆکـی «ماڵئاوایی لە خولەکی ئاخردا» دەیخاتە بەردەست، لەگەڵ ئەویترەکـە مامەڵـە بکەیت، ئـەو کاتەی داگیرکەر ئیهانەتت پێ دەکات و بە بچوکت دەزانێـت، لە وێنـەی کەللـەسەرەکەی زێنۆدیـن زەیدانـی یاریزانی فەرانسـەوی ڕەنگ دەداتەوە کە لە سەر سینگی یاریزانی ئیتالیایی نیشـت. «یاریزانە مەزنەکە بە هێز و قەوەتی خـۆی ڕازایەوە و هەتا هێزی بوو سەرێکی سـرەوانده تەختی سینگی ئەوی دیکـە و وەکوو مەیتێکـی بێکەس، تخێلی عەرزی کردا! سـەری داخسـت و ئارەقەی نێوچاوانی بە قامکە کەڵەی دەسـتی سری، خۆی ساز کرد بۆ بینینی ئەو کارتە سوورەی ناوبژیکەرەکان کە بە بێ زمانی خۆیان پێیان دەکووت: نزیک بـە دوو دەیە خۆت ڕاگرت و نەتتوانی کەمتـر لە چەند چرکە بەرگەی ئەو تۆمەتە بگری؟! یاریزانی مەزن، بێئاگا لە چاوە دەرپەڕیوەکان، مەیدانی بەجێ هێشت، ئاوری نەدایەوە، خۆی گێل کرد، بە نێو کەف و کوڵـی فیکە و هەڵچوونـدا ڕێی بۆ خۆی کردەوە و خۆی وەدەرنـا...» (هەمان: ١٦) جا کە داگیرکەری فاشیست کە ڕەگەزی خۆی لە تۆ بە گەورەتر و پاکتر و هەزار توڕڕەهاتی سـاختەیی وا بزانێـت، تـۆ چـۆن دەبێت بەرگری لە خۆت بکەیت. ئاخر دێموکڕاسی

بۆ کەسێکە ڕاڤەی بۆ دێمۆس بەرابەرخوازانە بێت نەک فاشیستیانە و هەر بۆ ڕەگەزی خۆی، دیارە پەرچەکردار بەو هەمووە سووکایەتییە و داشکاندنی ئەوی دیکە، ئەوەیە وەک ئەو یاریزانە مەزنە لە دوایین ساتەکانی ژیانیشدا بێت، ئیتر بە کەللەی سەر لە عەرزت دەدەن و دوای ئەوە هەرچی ڕوو بدات ئیدی لە دەستی تۆ و ئاپاراتووس و کاسەلێسەکانی تۆ دەردەچێت و زەویی یاری دەکەوێتە دەستی ئەوی دیکەی داگیرکراو.

بە گشتی و هەروەها کە لە ڕستەی دەسپێکی نووسینەکەدا ئاماژەم پێ داوە، کاتێک ئەم کۆمەڵە چیرۆکەی تاهیر حامیدی دەخوێنیتەوە، هەر لە دوورەوە و بە بزەوە دەڵێیت: خەبەر خۆشە! خوێنەر دەگەشێتەوە و شەکری بزە گنج و لۆچی نێو چاوی دەسڕێتەوە. شەکری بزەی ئەو شتەی، هایدگێر ناوی دەنێت «ماڵی بووون» کە زمانێکی کوردانەیە و لەم چیرۆکانەدا بە جوانی ڕازاوەتەوە و خۆت لەو ماڵەدا دەبینی کە ساڵەهای ساڵ داگیرکراوە. جا چۆن هەر وەک ئەوەی خاوەن ماڵێک کە ماڵەکەی داگیر کراوە و لێی زەوت کراوە، بە هەوڵ و تێکۆشانی تاقەتپڕووکێنەوە[٩]، ئەو ماڵەی دەستێنێتەوە و هەستێکی شادمانی دایدەگرێت و ڕۆحی ئۆقرە دەگرێت، ئاوەهایش لەم کۆمەڵە چیرۆکەدا خانوویەک «بۆ بوونی مرۆڤی کورد» بنیات نراوە کە کاتێک دەچینە ناو ئەو خانووە، هەست دەکەین ماڵی خۆمانە و بە دڵی خۆمان سازمان کردووە. تا ئەو جێگەیەی کە هەست دەکرێت ڕزگار بووین، هۆشیاریمان بۆ خۆمانە و لە خزمەتی ئەوی دیکەدا ناکەوێتە گەڕ. دیارە جەختکردن لەسەر سازدانی ماڵی بوونی کوردی بە واتای ئەوە نییە لە ماڵی عەقڵ و دێموکراسیی گەلانی دیکە کەڵک وەرناگرین، بەڵام تا کاتێک ماڵمان داگیر کراوە و بوون و زمانمان پەراوێزخراوە قسە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوی دیکە تا ئاستێکی زۆر بێواتایە. بە وتەی «ئەمیلکار کابراڵ» کە دەڵێت: «بەر لە پێکەوەژیان، دەبێت بوونمان هەبێت»، ئەم کارە ڕاست ئەو شتەیە وا هەوڵ و تەقەلای بۆ دەدەین. کابراڵ لەگەڵ نەتەوەخوازی هاودەنگە و لە فەرهەنگە مۆدێرنەکان و فەرهەگەکانی پێش لە ئێستعمار، ئەو شتەی بەکەڵک و ڕزگارکەرە هەڵیدەبژێرێت و بە چەشنێکی داهێنەرانە لێکیان دەهاڵێنێت. زۆر بە سادەیی پێمان دەڵێ: ماڵوێران تۆ کە ماڵت نییە، زۆر شتی دیکەی مرۆڤایەتییشت نییە، کەرامەتت نییە و ئەسڵەن تۆ مرۆڤ نیت و لە ئاستی مندا نیت تا دانوستانت لەگەڵ بکەم. بۆیە لەم چیرۆکانەدا ئیماژی ماڵی کوردی بە باشی وێنا دەکرێت و زمانێکی سەربەخۆ و ئاگاییەکی سەربەخۆ پەلکێشمان دەکات بۆ سەربەخۆ بوون لە زۆرێک لە بوارەکانی دیکەدا. ئەم خانووە کوردییەی کە بە زمانێکی پاراو و ڕەوان نەخشێنراوە، بانگەشەمان دەکات بۆ یەکەم هەنگاو، ئەویش ڕزگاری و ئازادیی زمانی کە بەرگرییەکی زۆر بنەڕەتییە لەهەمبەر ئەوی دیکەدا و تاهیر حامیدی زۆر وەستایانە بە خەزێنەی زمانێکەوە بە کاری هێناوە کە جودا لە زەوقێکی زمانیی تایبەت، داهاتی ساڵەهای ساڵ خوێندنەوە و کەڵەکەبوونی ئەو گەنجانەیە کە بۆ خۆی دۆزیویەتەوە و لە خەزێنەی زمانی وەستایانەی خۆیدا دەیخاتە بەردەستی خوێنەر. کەوایە لێرەدا دەتوانین بڵێین یەک نەتەوە، یەک زمان[١٠]، یەک چیرۆک و یەک زمان، یەک زمان و یەک جیهان و یەک جیهان و یەک بوون.

بەڵام دیوی ئەودیوی ئەو شادمانی و سەرخۆشییەی کە خوێنەر لە ڕووبەڕووبوونەوەی زمانێکی کوردانە و ڕەسەن کە ڕەنگی داگیرکراوی پێوە نەماوە، دایدەگرێت، لەو ڕستەی دووهەمەدا کە لە چیرۆکی هاواڵدوانە وەرگیراوە نیشان

دەدرێت: «ئەو هاوارە رزگار ئەکەم هەتا لە دەشت و دەردا دەنگ بداتەوە: «هاواڵدوانەی گیانم، بەجێم مەهێڵە. مەودای ڕێگای بێ تۆیی ئەستەم و پڕ لە سەخڵەتە. بە ئێشی زامی سەرسینگم قەسەم وا دیلیی ڕۆیشتنی تۆ کردوویەتە جیرانی دڵم، سوێندت دەدەم! بێ من مەڕۆ. خۆت لە بیرتە بڕیاری ڕۆیشتنی دوو قۆڵیمان دابوو!» لەم ڕستەیەدا، لەگەڵ هاوار لە دەرد و ڕەنجێکی نەبڕاوە ڕووبەڕووین. بە ڕای من تاهیر حامیدی بە دروستی سەرناوی ئەو چیرۆکەی هەڵبژاردووە بۆ کۆی چیرۆکەکانی. هەم لە باری فۆرمی ئەدەبییەوە و هەم لە بواری نواندنەوەی بیرێکی قووڵ کە دەربڕی ڕەنجێکی بەلێشاو و لەرادەبەدەر لەسەر مرۆڤی کوردە. ئەم چیرۆکە بە پێوەرەکانی جوانیناسانە لە لووتکەی جوانیدایە. ئەگەر بمهەوێت لەم بەشەدا لە چەمکێکی تیۆریک بۆ خوێندنەوەیەکی پێکهاتەخوازانە لەم کۆمەڵە چیرۆکە کەڵک وەرگرم، ئەوا چەمکی دوانە دژبەرەکان[١١]ی پێکهاتەخوازەکان دەهێنمە ئاراوە. ئەوان پێیان وایە پێکهاتەی هەر دەقێک، دوانەی دژبەرێک چێی دەکات کە تەواوی سیستەمی ئەو دەقە بە شێوەیەک گرێ دراوەتەوە بەو دوانە دژبەرە. ئەگەر بمانهەوێت ئەو دوانە دژبەرە بۆ نزیکبوونەوە لە پێکهاتەی ئەم چیرۆکانە بخەینە بەر دەست، لێرەشدا دوانەی داگیرکەر و داگیرکراو یان کۆلۆنیکەر و کۆلۆنیاکراو، دەتوانێت نزیکمان بکاتەوە لە ناوەرۆکی بنەڕەتیی ئەم کۆمەڵە چیرۆکە. لایەنێک لەو دوانە دژبەرە، داگیرکەرێکی نائاشکرایە کە چی بەڵایە بەسەر مرۆڤی داگیرکراوی دەهێنێت، دەیکوژێت، دەری دەکات، دەیتارێنێت، دامودەزگای میلیتاری[١٢] نەوەک لە پانتای گشتیدا بەڵکوو لە دەزگای پەروەردەشدا زۆر بەربڵاو و بە زەبروزەنگی بەرفراوانەوە دادەمەزرێنێت و یان وەک زیندانیی سەرانسەربین، بەردەوام دەزگای ئەمنی و چاودێرییەکان لێپرسینەوەی لێ دەکەن و بەو شێوەیە، کۆنترۆڵی دەکەن و ئازادیی لێ زەوت دەکەن. لایەنەکەی دیکە داگیرکراوێکی زەنجیر لە ملە کە چی بەڵایە بەسەری دێت و هەر هەوڵیەتی ئەو لیباسی نەنگینی ئیستعمار و داگیرکراوییە لە خۆی دامالێت. دەرد و ڕەنجی مرۆڤی داگیرکراو لە ژێر پێستی هەموو چیرۆکەکاندا ئاه و ناڵەی ناوەرۆکێکی ڕەنجاوی لێ دەبیتەوە. ئەڵقەی واتاییی پەیوەندیدار بەو ڕەنجە بەلێشاوە کە لە هەموو چیرۆکەکاندا ڕەنگ دەداتەوە، هەژاری و فەقیری و بگرە تا دەرکردن لە کار و ئیشی مامۆستایان، تا کەوتنە بەر ئەشکەنجە و ئازاری دامەزراوە ئەمنی و میلیتارییەکان، تا شەهید بوونی یەکێک لە هاواڵدوانەکان لە شەڕ لەگەڵ داگیرکەردا و هەر وەها نەخۆش کەوتن و دواتر شەهیدبوونی ئەوی دیکە کە بەرپرسێکی ئەمنیی داگیرکەر سەندەڵییەک دەداتە بە پەراسوویدا و بە مست و لەقە تێی بەردەبێت، ئەو شکاندنەی پەراسووەی هەمان و لە دوای ئازاد بوون لە زیندان، مەرگی لە ئەسەر ئەو زامە و پەیوەست بوون بە برا شەهیدەکەی هەمان. ئەگەر خوێنەر بە خوێندنەوەی ڕۆمانی کۆلارەی خالید حسێنی کە ژیانی دوو مێرمناڵی ئەفغانی لە گەڕەکێکی کابولدا دەکات بە هەوێنی ڕۆمانێک کە هەر کەس بیخوێنێتەوە فرمێسکیان بۆ دەڕێژێت، گومانم نییە لەوە کە گێڕانەوەی تاهیر حامیدی لە چیرۆکی هاواڵدوانە و بەسەرهاتی تراژیکی ئەو لفەوجووتە، بە خوڕ فرمێسک لە چاوی خوێنەر دادەبارێنێت چونکە چیرۆکی هەزاران شەهیدی وای لە پێش چاو بۆ وێنا دەکرێت.

ئەڵقەیەکی واتاییی دیکە کە لە سووری داگیرکراودا دەسووڕێتەوە، ئەڵقەی واتاییی بەرخۆدان و بیری نەتەواییەتییە کە لەگەڵ

ئەو ئەڵقەی ڕەنج و پەژارەیەدا لەگەڕدایە، ئەویش بریتییە لە ئەڵقەی مامۆستا و کتێب و خوێندن و ئاگایی و ماف. لە زۆرینەی چیرۆکەکاندا مامۆستای کتێبخوێنی هۆشیار و نەتەوەخواز ڕۆڵ دەنوێنێت و ئەڵقەی واتایی داگیرکراوی لەهەمبەر داگیرکەردا ڕەنگرێژ دەکات و وزەی بەرگری لە نەتەوە لە ڕێگەی کتێب و ئاگاییەوە وەگەڕ دەخات. ڕێک وەک «عومەر» ئەو مامۆستایەی کە لە ڕۆمانی الحریقدا، مامۆستای زمانی فەرانسییە و لە قسە کردن بە زمانی فەرانسەوی خۆی دەبوێرێت و بۆ گەشەی زمانی عەرەبی، بە زمانی عەرەبی وانە دەڵێتەوە. (الدیب،٢٠٠٧: ٢٣٤)

ڕەنجێک کە داگیرکەر بەسەر ڕۆح و دەروونی مرۆڤی داگیرکراودا دەیهێنێت لە ئەو نامۆیی و هەستی داگیرکراوییە لە چیرۆکی «سمۆرە»دا بە تایبەت لە وانەی ڕاهێنانی بەرگریدا[١٣] (آمادگی دفاعی) کە بۆ هەموو ڕۆژهەڵاتییەک هەستێکی ناخۆشی داگیرکراوبوون بە قوتابییان دەبەخشێت، ئاوا ئەو سنووردانانە لەگەڵ هێزی سەپێنراوی داگیرکەردا وێنا دەکرێت، کاتێک کە ئەو قوتابییە لە وانەی ڕاهێنانی بەرگریدا ڕەنگەکانی پەرچەمی داگیرکەر نازانێت و چۆن زەجری قوتابییە بندەستەکە لەژێر هەیمەنەی باندەستیی داگیرکەردا دەگێڕێتەوە: «سەربازەکە بەری پێ گرت. بە فارسی پێی گوت بۆ وا درەنگ هاتووی؟ ڕەحمان دەنگ ناکات و هەر بزە دەیگرێ. لێی دەچێتە پێشێ. ڕەحمان دێنێتەوە لای تەختەکە ڕووبەڕووی ئێمە ڕایدەوەستێنێ. دەڵێ: «پرسیارێکت لێ دەکەم، دەبێ وڵام بدەیتەوە.» گوتی: «ئەگەر بیزانیت ئیزنت پێ دەدەم دانیشی.» ڕەحمان هیچ ناڵێ! تەنیا دەست دەبات بۆ ڕیپۆقەکەی لاچاوی و لێی دەکاتەوە. کورە سەربازەکە گوتی: «پەرچەمی ئێران چەند ڕەنگە؟» ڕەحمان هیچ ناڵێ! دووبارەی دەکاتەوە. ڕەحمان تمیشای ئێمە دەکات! کەسمان ناوێرین هیچ بڵێین. سەربازەکە لەسەر لاقێکی دادەنیشێت و بە لاقەکەی تری دەدات بە ژێر پای ڕەحماندا. ڕەحمان وەکوو دیوارێکی شەقاربردوو بە عەرزدا دەکەوێت... دەسی نابینم هێندە توند مشتەکان حەواڵەی سەر دڵی ڕەحمان دەکات. ڕەحمان پشتەوقەفار، چاو لە بنمیچەکەیە. ئەمە ئەوەڵ جارە دەنگی دەبیسم. بانگ هەڵدەدات. دەنگێکی گڕ دەگری. دەگری و دەگری. چاوم لە چاویەتی. لەو دیوی بنمیچەکە دەڕوانێ. هیچمان ناوێرین بجووڵێین. ناوێرین متەقیش بکەین. ورتەمان لەبەر نایە. زۆرم بەزەیی بە ڕەحماندا دێ. لە سەڵای گریانی ڕەحمان منیش دڵم پڕ دەبێ!» (هاواڵدوانە: ١٨٥و ١٨٦) ئەوە نموونەیەک لەهەزاران زەجر و عەزابێکە کە ئاپاڕاتووسەکانی نەتەوەی داگیرکەر بەسەر کورددا سەپاندوویانە و کۆیادەوەریی ئێمە پڕە لە بیرەوەریی پۆستاڵی داگیرکەر. ئەمە یەک لە ملیۆن ڕەنجێکە کە لە کۆیادەوەریی مرۆڤی کورددا چەقاوە و لە بیر ناچێتەوە.

ئەگەر سەرناوی ئەم نووسینە پەردە لە ڕەنجێکی یەکجار زۆر و زەبەلاح هەڵدەداتەوە و ئەو ڕەنجە لە بازنەیەکی گەورەدا گرێدراوە بە ڕەنجی مرۆڤی کورد و ئەوەی کە ڕۆح و ڕەوان و نیشتمانی داگیرکراوە، لە بازنەیەکی چووکەتردا ڕەنجی تاکەکەسیی مرۆڤی کوردیش بە تایبەت ژنان نواندراوەتەوە. لە چیرۆکی «گرێپووچکەدا» کە ڕووبەڕووی تراژێدیای زۆر ناخۆش و جەرگبڕی منداڵکوژی دەبینەوە، دەکرێت بە شێوازگەلێکی جۆراوجۆر لایەنە نهێنییەکانی ئەم چیرۆکە بخوێندرێتەوە و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت. دەکرێت لە سۆنگەنیگای دەروونناسانە و کۆمەڵناسانە و... توێژێک لە توێژەکانی ئەو دەقە هەڵبدرێتەوە. ئەوەی کە ئەو دایکە وا لە دەست جەزرەبە و هەڵسوکەوتی ناشیرینی

مێردەکەی ڕۆح و ڕەوانی وێران بووە و بۆ ڕزگاربوونی لەدەستی مێردەکەی دەستی بەسراوەتەوە و دیل و زنجیر کراوە و هۆکاری قەبوولکردنی ئەو کۆیلایەتییە دەگەڕێتەوە بۆ کۆرپە شیرینەکەیان. کۆرپەکەیان «سەما» ناهێڵێت ڕزگاری بێت لەدەس ئەو مێردە دێوەزمەیە و بەردەوام خۆشەویستیی ئەو کۆرپەیە لەمپەرێکی لە هەمبەر ئەو ژنەدا داناوە کە نەڕوات و ژیان لەگەڵ مێردە دێوئاساکەی کۆتایی پێ نەهێنێت، لە ئاکامدا و لە دوای ململانێ و مشتومڕێکی زۆری دەروونی لەگەڵ خۆی، بۆ ڕزگاربوونی لەو مێردە وەیشوومەیەی، دەست دەداتە کوشتنی کۆرپەکەی و بەو زمانە پاراوەی کە نووسەر دەیگێڕێتەوە و وێنای دەکات کلیلی ڕزگاریی خۆی لەو ژیانە تاریکستانە دەکار دەهێنێت. زمانی نووسەر لە وەسفی ئەو ڕووداوە تراژیکە وەک شەپۆلێک خوێنەر لەگەڵ خۆیدا دەبات و لە جادەی پڕ لە سەخڵەتی ڕەنجی ئەو دایکە وەها میوانی دەکات کە خوێنەرەوە یەک سات نایهەوێت لەو گێڕانەوەیە دوور بکەوێتەوە تا بزانێت لە ئاکامدا چی ڕوو دەدات و چی دێتە پێش و هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ سەختی و ڕەنجەکانی ئەو ژنە ئەویش ڕەنج دەبات و دڵی دەسووتێت. ئەم چیرۆکە و بە تایبەت تراژیدیای منالکوژی بۆ ڕزگار بوونی لە دیلی و کۆیلایەتیی دێوی باڵادەست، هەڵگری چەندین خوێندنەوە و بۆچوونی جۆراوجۆری دەروونناسانە و کۆمەڵناسانەیە، بەڵام ئەوەی لێرەدا بۆ من گرینگە و زیدەتر ڕەنگ و دەنگی لە مێشکمدا دەزرینگێتەوە، شوێندانانی سەرکوت و توتالیتاریزمی فاشیستییانە و هەمەلایەنەیە کە دۆخی دیموکراتیک بۆ نەتەوە ژێردەستەکان یاساغ دەکەن و دیارە ئەو دۆخە مێشکپڕووکێنە گورچکبڕە، کاردانەوەی دەبێت لە سەر سیستەمی پیاوسالاری و دووپاتکردنەوەی ئیستیبدادی «ئاغابالاسەر» یان وەک ئەوەی لاکان دەیڵێت: «ئەوی‌تری گەورە» بەسەر بنەماڵەوە و بە تایبەت بەسەر ژنانەوە. لێرەدا جێی خۆیەتی بە یارمەتیی یەکێک لە لقەکانی خوێندنەوەی پاش‌کۆلۆنیالیستی دەق کە زێدەتر لە کارەکانی گایاتری ئیسپیواکدا ڕەنگی داوەتەوە، تیشکێک بخەمە سەر ئەم چیرۆکە. ئیسپیواک لە لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا بە تایبەت لە ئایا بندەست دەتوانێت قسە بکات؟ (Ashcroft,grifith,1995: 20) ئەو بیرۆکەیە دەوروژێنێت کە ژنان لە وڵاتانی کۆلۆنیکراودا زوڵم و ستەمی چەند قات دەبینن. لە لایەک هێزگەلی ئیستیعمار و داگیرکەر دەیچەوسێننەوە و لە لایەکی دیکەوە هێزی کۆمەڵگای باوکسالار وەک وەیشوومە بەسەریەوە ڕێگەی ڕزگاریی لێ دەبڕێت. کەوایە ڕزگاری بۆ ژنان دووقات دەبێتەوە. هەم وەکوو دیکەی مرۆڤی کۆلۆنیکراو کە پیاوانیشی لەگەڵ بێت، دەبێت هەوڵ بدات نەجات پەیدا بکات و هەروەها دەبێت هەوڵیشی بخاتە گەڕ بۆ ڕزگاری لە دەستی سیستەمی باوکسالاری یان نێرسالاری. ئیسپیواک سێ تۆخم بۆ خوێندنەوەی دەقی پاش کۆلۆنیالیستی لە سۆنگە نیگای ژنانەوە دەخاتە بەردەست: دەنگی ژنان، کارگێڕی و زەینی ژنان. (ذوالفقاری و نجومیان، ۱۳۸۹: ۱۱۱) ئیسپیواک لە وتاری «نواندنەوەی ئەدەبی بندەستەکان» لە دەقی ئەدەبی وەکوو جێگرەوەیەک بۆ دەربڕینی مێژووی ژنانی بندست یاد دەکات. (مورتون، ۱۳۹۲: ۹۰).

چەندە ئەو سێ ماکە لە دەقەکاندا دەنگ بداتەوە، بەو ئەندازەیە نزیکە لە دەقێک کە هاواری بندەستیی ژنان بێت. لەم چیرۆکەدا گێڕەرەوە ژنێکە کە وەرەز بووە و دەنگی هەزاران ژنی بندەستی دیکە لەو سیستەمە ئەرباب - کۆیلەییەدا نوێنەری دەکات. دەنگێکی ژنانە تەواوی ئەو

ڕەنجانە دەبات بۆ بارەگای پیری خەزایی. گێڕەروەوە بەسەرهاتێکی مێژوویی ژنی ڕۆژهەڵاتی دەنوێنێتەوە کە هیچ کات نەیتواتی لە ئاست ئەو هەمووە کۆیلایەتییە کە بەسەریدا هاتووە، دەنگێک هەلببڕێت یان پەرچەکردارێکی هەبێت. بەڵام لێرەدا هیچ ئەوەی کە دەنگەکە ژنانەیە و پەردە لەسەر ئەو شتە هەڵدەداتەوە کە ئێسپیواک پێی دەڵێت «ستەمی دووقاتە»، کارگێری و عاملییەتێکی تەواویش دەبەخشرێت بە ژنان. کارگێرییەک کە لە تراژێدیای منالۆگوژیدا بە لووتکەی خۆی دەگات. پەرچەکردارێکی شۆرشگێرانە و بوێرانە بۆ لابردنی لەمپەرەکانی ڕزگاری بە لابردن و کوشتنی «سەما». مێشک و زەینێکی ژنانەیش لەو چیرۆکەدا ئامادەییی تەواوی هەیە وا کە لە هاوارەکان و دەردی دڵەکانی خۆی دەنوێنێتەوە. چەندە ئەو پیاوە جەزرەبەی دەدات، ئەو جەزرەبەیە لە شێوەی ئیهانە و سووکایەتی پێکردن بە ڕۆح و ڕەوانی ئەو ژنە ڕەنگ دەداتەوە و زامداری دەکات. ئەو زامە کە بەردەوام بە هەڵسوکەوت و ئاکاری قیزەون و بە کۆیلەکردنی ئەو ژنە مێهرەبانە درێژەی دەبێت، بەس بە هۆی بەندی جەرگیەوە، کە کچەکەیان «سەما» بێت، دەیکێشێت و دەنگ هەڵنابڕێت. تەواوی ئەو زەجرە لەو زمانە پاراوەی نووسەردا کە قارەمانی ئەو بندەستییەی لە ژنان هەڵبژاردووە، ئاوا لەم دێڕەدا ڕەنگ دەداتەوە. کاتێک دەردی دڵی خۆی دەباتە لای پیری خەزایی و لەوێدا هەمووی ئەو چیرۆکە، گێڕانەوەیە کە گێڕەروەوە بۆ بارەگای پیری خەزایی دەکات «تۆیش حەق بدە بە هەموو ئەو نزیکانەی وا بەرەبەرە لێم دەکشانەوە و سەرکۆنەیان دەکردم کە بۆ ئەو سووکایەتی و پێداهاتنە بە هەرەشە و گۆڕەشەی باوکی سەمام بە کۆڵ و باوەش هەڵدەگرت و پشتی کۆم دەکردم، ڕامدەکێشان، شوکرانەبژێریم تەواو نەدەکرد، سازام سازام و ئاخری کەلاوی کرد. دیواری ئەو لەمپەرە قەڵەشا، لافاوەکەی بردمی، دەمبا و ناگیرسێمەوە!» (هاواڵدوانە: ١١٢) ئەدی هیچ دڵبەندی و گیرۆدەیی و هۆگرییەک ناتوانێت ببێت بە لەمپەر لەبەرامبەریدا کە وەک «زۆرکرمەنی ئازادبوو لە بەند و زنجیر»، بەند و زنجیرەکانی نەپسێنێت و لە ژێردەستیی دەسەڵاتگەرێک کە کەسایەتیی ئەوی پێشێل کردووە دەرباز نەبێت «چۆن لەو جەهەندەمە ساماکە ڕزگار دەبووم؟ چۆن دەبوایە هەڵێم و پشتەسەری خۆم تمیشا نەکەم؟ بەرەو کام حەشارگە دەرباز بم و نەگەڕێمەوە؟...» (هەمان:١١٥) «ڕزگار-بوون لەو داوەم لێ ببووە گولۆلە بەنێکی کوت و پچڕبووی هەزارسەرەوە...» (١١٦) جەهەندەم میتافۆرێکە بۆ هەلومەرجی ستەمی دووقات بوو لەسەر ژنانی وڵاتی کۆلۆنیکراو. ڕزگاریی ئەو ژنە دەکرێت بە ڕزگاریی نەتەوەی کورد بە تایبەت ڕۆژهەڵاتی بشوبهێنین کە وەک گلۆڵە بەنێکی ئاڵۆزی لێهاتووە کە نازانێت چۆن دەبێت ڕزگاری بێت. لە لایەک سەرکوت و توتالیتاریزمی سەپێندراو بەسەریدا و لەلایەکیش هێندێک دڵبەندی کە خۆی هەیەتی یان ئەوەی داگیرکەر بۆ فریو و دڵخۆشکەریی درۆینە و ساختەیی خستوویەتییە بەردەستی و هێندێک بەرژەوەندی بۆ لکاندنی ئەو بە خۆیەوە بۆی دەستەبەر دەکات. ئەو دڵبەندییەی کە بۆ قارەمانی ئەو چیرۆکە لە ئارادا بوو، کچە جوانەکەی بوو کە نەیدەتوانی دڵی لێ هەڵکەنێت. وەک دیارە کچە دڵبەندەکەی، سەما، ببووە لەمپەرێک لەهەمبەر ڕزگار بوونی لەو دۆزەخەی مێردەکەی بۆی دروست کردبوو، بۆیە بۆ ڕزگاری و ئازادیی خۆی، دیارە دەبێت دڵبەندییەکان و زۆرێک لە ئیسماعیلەکانی سەر ببڕیایە «تۆش دەزانیت قەت قەت ئەو شەوە سارد و سڕەت لە بیر ناچێت وا هەر هەردووکمان لە ماڵ

بووین و سەمای نەرم و نیانم کردە چەشتەی ڕزگار بوونی خۆم و بێبەزەییانە زەرنێخم تێکەڵاوی شێوە مەیلە و گەرمەکەی کرد...» (هەمان: ١١٨) ئاوا لە ئاکامدا بۆ ڕزگاری لە بەندی مێردەزمەی نالەبار و داپڵۆخێنەری ڕۆح و ڕەوان و جەستەی، کۆرپەکەی کوشت و دوای لابردنی ئەو لەمپەرە، بەستێن بۆ ڕزگاری لە دەست ئەو وەیشوومەیە بۆی مسۆگەر بوو. دەیشکرێت ئەو زۆڵمەی بە ناوی باوکسالاری لە سەر ئەو ژنە بار دەبێت لە چوارچێوەی ئەو زوڵم و زۆر و سەرکوتەدا ببینرێت کە لە بازنە گەورەکەدا، نەتەوەی بالادەست بە زۆرەملێ و داگیرکاری بە سەر نەتەوەی بندەستیدا دەیسەپێنێت. شێوە زمانی پڕ لە ڕەنج و مەینەت لە گێڕانەوەکەدا وەک شەپۆلێکی ئازاردەر، خوێنەر لەگەڵ خۆی دەبات تا بەو ئاکامە تراژیکە بتوانێت هەم پەنجە بخاتە سەر خەسارێکی کۆمەڵایەتی و بنەماڵەیی و هەم بە وێناکردنی ئەو کردەوەیەی کە ژنەکە بۆ ئازادکردنی خۆی ئەنجامی دەدات، ئەو هێمایە بگەیێنێت کە ژێردەست لە نەبوونی دۆخی ئازادیی دیموکراتیکدا (یان ئەو شتەی داگیرکراو بە سەروەریی سیاسی بۆی دەستەبەر دەبێت) وێدەچێت لە ڕوالەتدا تۆی وەکوو باندەستی خۆی قەبووڵ کردبێت بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە هەر کات لەو بەند و زنجیرەی تۆ، خۆی ڕزگار بکات و بە لەناوبردنی دڵبەندییەکانی کە دەکرێت ماڵ و منداڵ و بەرژەوەندی و شتی دیکەی وا بن، خۆی لە ژێردەستیی داگیرکەر ئازاد بکات و بە خولقاندنی تراژێدیای منالکوژی، خۆی لە تراژێدیای ژێردەستیی داپڵۆسێنەر نەجات بدات.

هەروەها دەتوانین ئەو تێمە ڕەنجاوییە لە هەڵبژاردنی سەرناوی چیرۆکەکان بە ڕوونی ببینین. ئەو شتەی کە دەتوانین ناوی بنێین «شێوازناسیی سەرناو»[١٤] پێمان دەڵێت کە پێکهاتەی گشتیی ئەو وشانەی بۆ ئەو کۆمەڵە چیرۆکە هەڵبژێردراون یادەوەریی ڕەنج، خەم، پەژارەی داگیرکراوێک دەکات کە ژیانی ڕۆژانەی لەو بەستێنەدا خول دەخواتەوە و سووڕی پوچەڵی ڕەنج و جەزرەبەی داگیرکراوی وەک خۆرە ڕۆح و ڕەوانی دەخوات. بۆ وێنە ئەو وشانە کە گوزارە لەو ڕەنجە ئاماژە پێکراوە دەکەن و لەسەر ناوی چیرۆکەکان دەبیندرێن بریتین لە: جەهەندەم، عازیەتباری، بێناونیشان، خاپوور، گرێ پووچکە و هتد و ئەو وشانەی دیکە کە لە چیرۆکەکاندا بەکار-هێنراون ئەو گریمانەیەی ئێمە دەسەلمێنێت، واتە ڕەنجی کوردی ڕۆژهەلاتی لە تەواوی بوارەکانی ژیانیدا نیشان دەدەن. ڕەنجی بێ-برانەوە لەهەر هەمووی چیرۆکەکاندا بە شالاوی زمانێکی ڕەسەن و پاراو لە مێشک و ڕەوانی خوێنەردا دزە دەکات. کەوایە چیرۆک و ڕۆمانی ڕۆژهەلاتییش وەکوو ناوچەکانی دیکەی کوردستان لە پەیوەندیی دیالێکتیکی لەگەڵ واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆیدا، (بەو شێوەیەی کە کەسانێک وەک فریدریک جەیمسۆن و لووسیەن گۆڵدمەن لە تیۆرییەکانی کۆمەڵناسیی ڕۆماندا باسی دەکەن) زێدەتر باس لە پرسی ناسنامەی حاشالێکراوی کوردی، ئازار و ڕەنجی داگیرکراوی، عەزاب و ئەشکەنجەی بێ دەسەلاتی و هتد دەکات و دیارە ئەم واقیعە هەر وا کە لە کۆمەڵە چیرۆکی «هاواڵدوانە»دا، دەبیندرێت، هەندێ لە چیرۆکەکان هەڵگری شێوازی ڕیئالیستی لە گێڕاونەوەدان. لە پەنای ئەمەشدا لە کۆمەڵە چیرۆکی «هاواڵدوانە»، بەرەورووی حەول و تێکۆشانی نووسەر بۆ تاقی کردنەوەی زۆرێک لە پانتا تازەکانی ڕیوایەتی ئەمڕۆیی دەبینەوە. دیارە نووسەر تێکۆشاوە هەتا تەجروبەی ژیانی کەسایەتییەکی ڕۆژهەلاتی بە ئامرازی شێواز و دەنگە جۆراوجۆرە نوێکان لە نووسینەکەیدا

بنوێنێتەوە. خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەی هێندێک لە چیرۆکەکان، لە هەمان کاتدا کە هەست بەوە دەکات کە دەبێتە بەشێک لەو سەربوردە و دونیا زیندووەی وا لە ناو چیرۆکەکاندا لە هاتوچۆ و ڕابووردندایە، لە لایەکی دیکەشەوە تێدەگات کە شێوازی گێڕانەوە و پانتای شوێن-کات لەگەڵ دونیا واقیعییەکەی دەوروبەری خۆی جیاوازیی هەیە. لە زۆر شوێندا گۆڕینی شوێن و کاتی ڕووداوەکان تایبەتمەندییەکی بزۆک و سەیبالی بە چیرۆکەکان بەخشیوە و خوێنەر لە پەستا لەگەڵ زەمان و شوێندا دەستەویەخەیە. ئەم خەسڵەتی بزۆکییە کارێک دەکات هەتا خوێنەر بکەوێتە بەشداریکردن لەگەڵ ساغ کردنەوە و پێکەوە نووساندنی لەت و پەتی پرشوبڵاو و لە هەمان کاتیشدا پەیوەندیداری ڕووداوەکان. بۆ وێنە لە زۆرێک لە چیرۆکەکاندا ڕەوتی تێپەڕینی کات وەکوو شێوازە کلاسیکەکان لە سەر هێڵێکی ڕاستەوخۆ نییە و نووسەر بە شکاندنی هێڵی ڕاستەوخۆی زەمان لە گێڕانەوەدا، پانتایەکی نوێی بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکان ڕەچاو کردوە.

ئەو حەولەی کە نووسەر بۆ نووسین بە گۆشەنیگا جۆراوجۆرەکانەوە داویەتی، ستایلی گێڕانەوەی لە بازنەی یەکدەستی شێوازە قەدیمییەکان ڕزگار کردوە. یانی وا نییە کە چیرۆکەکان تەنیا بە گۆشەنیگای سێهەم کەسی تاک و لە زمانی گێڕەرەوەیەکی زانای گشتییەوە پەیوەندی لەگەڵ بەردەنگەکانیدا بگرێت، بەڵکوو بۆ دروست کردنی دەنگە جیاوازەکان، ئامرازی دەنگ هەڵبڕین بۆ هاوار و خۆ سەلماندن دراوەتە دەستی تاکێکەوە کە دەنگی خۆی بەو جۆرەی کە خۆیەتی و خۆی دەیهەوێت بەرز بکاتەوە. بۆ وێنە لە چیرۆکی «گرێ پووچکە»دا تاکبێژییەکی دەروونی دەبێتە دەرفەتێک هەتا کەسایەتیی سەرەکیی چیرۆک، ئامرازی دەنگ هەڵبڕین بە دەستەوە بگرێت و هاوارەکانی خۆی لە گەروویەکی ڕەهاوە دەرباز بکات. یان هەروەها لە چیرۆکی «خوێندن بە کاتی جەهەندەم»دا بە گۆشەنیگای دووهەم کەسی تاک، ژیانی پڕ لە دەردودڕەنجی قوتابییەک لە زمانی مامۆستاکەی قوتابخانەیەوە کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەو قوتابییە پەیوەندیی ئۆرگانیک و دەروونیی هەبووە و بە زمانی تایبەت بە مامۆستاکە دەگێڕدرێتەوە. هەر لێرەشەوە تایبەتمەندییەکی دیکەی نوێکردنەوەی گێڕانەوە باوەکان دێتە گۆڕێ و ئەویش هەڵبڕینی دەنگە جیاوازەکان بۆ ساز کردنی پانتایەکی فرەچەشنی و دێموکراتیکە. بە پێچەوانەی گێڕانەوە باوەکان کە بگێڕەوە لە زمانی نووسەرەکەیەوە و لە ژێر سەرەڕۆییی ئەودا بە تاکە دەنگێکەوە لە باتی هەموو کەسایەتییەکانی چیرۆک قسەی دەکرد، لە کۆمەڵە چیرۆکی «هاواڵدوانە»دا دەکار کردنی گۆشەنیگا جۆراوجۆرەکان، هەلی بۆ هاتنەئارای پانتایەکی فرەدەنگی (پولی فۆنیک) ڕەخساندووە. پانتایەک کە دەرفەتێکە بۆ دەنگ هەڵبڕینی کەسایەتییەکان بە شوناسی تایبەتی خۆیانەوە. پانتایەک بۆ تەجروبە کردنی ڕزگاری و سەربەستی لە ماڵی تایبەت بە تاکێکی جیاواز و سەربەستدا.

تاقی کردنەوە و کار کردن بۆ تازەگەری لەو بوارانەدا کە لە سەرەوە باسیان لێ کرا، لە کۆمەڵە چیرۆکی «هاواڵدوانە»دا نەبووەتە هۆی ئەوەی کە نووسەر بە بۆنەی تەجروبە کردنی پانتا و ستایلە نوێیەکان بکەوێتە بازنەی هەڵسوکەوت لەگەڵ دەروونی بەندکراوی کەسایەتیی خۆیدا. ئەگەر وا بووایە دەبوو بابەتی چیرۆکەکان لە فاکت و واقیعەکانی کۆمەڵگا دابڕیایەت و خۆی بە خەریک بوون لەگەڵ دەنگ و دەردێکی تاکەکەسییەوە سەرقاڵ و سەرخۆش بکردایە. بە پێچەوانەوە، ئەو فاکتانەی وا

لەناو چیرۆکەکاندا هەن، لە واقیعی ژیانی کۆمەڵگای دەوروبەرمانەوە سەرچاوەیان گرتوە بەڵام لە هێڵەگی خەیاڵی نووسەرەوە ڕابوردوون هەتا لیباسی هونەر بکرێت بە بەریاندا و بە زمان و جلوبەرگی ئەدەبەوە ئاراستەی بەردەنگەکانیان بکرێن.

شێوازێک کە دەتوانین بە دەستەواژەی فاکتەخەیاڵ[۱۵] (واتە تێکەڵاوی فاکت و خەیال)، فاکت و واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریی کوردستان لە خەیاڵی نووسەرانیدا دەبێتە هەوێنی ئەو گێڕانەوانە کە تیشک دەخەنە سەر کۆلۆنیالیسمێکی نێودەوڵەتی[۱۶] لە هەر چوارپارچەی کوردستاندا[۱۷]. ئەوەیە کە لە ڕۆژهەڵاتیش ناکرێت ڕەخنە لە نووسەران بگیردرێت کە بۆچی نەتانگواستووەتەوە بۆ شێوازێکی دیکە لە گێڕانەوە. ئاخر لە وڵاتێکدا کە واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی گەمارۆ دراوە بە تووتالیتاریزمێکی تۆقێنەر، واقیعی ئابوورییەکەی جودا لەو کەسانەی بوونەتە کۆیلەی ئەو سیستەمە و هاوکاری ئەو داگیرکەرییە، زۆرینەی خەڵکی بۆ وێنە کۆڵبەرانی، ڕووبەڕووی ئاپارتایدی ئابووری بوونەتەوە و ژیان و کاریان لەسەر لێواری ئیستیعماردایە، زمانیان لێ زەوت کراوە، سەرچاوە مرۆڤی و سروشتییەکانی بە غارەت چووە، چۆن دەکرێت چاوەڕوانی ئەوە بکەین ڕۆمان نووسان و چیرۆک نووسانیان هەنگاو هەڵگرن بەرەو شێوازێکی دیکە لە گێڕانەوە و چۆن دەکرێت چاوەڕوانی ئەوە بکرێت لە ڕۆمان و چیرۆکەکاندا پرسی قووڵی فەلسەفی و بوونناسانە بورووژێندرێت، چۆن دەکرێت ئێمە چاوەڕوانی نووسینی گلۆکاڵ[۱۸] بین، لە وڵاتێکدا هەست و نەستی مرۆڤەکانی لە ژێر چەکمەی داگیرکەردا داپڵۆساوە و تێکدراوە، لە وڵاتێکدا سەرجەم بوونی تویان بە دەسرێژی زەبری سەربازی و هەروەها بە ئاوازی نەرمی فەرهەنگیی دەزگا ئایدیۆلۆژیکەکانی نەتەوە باندەستەکان، لەبەین بردووە. دیارە هەر چەشنە نووسینێک لەم جۆر وڵاتەدا زیاتر هاوارە بۆ ڕزگاری، هاوارە بۆ مانەوە، هاوارە بۆ ژیان...

## ئەنجام

هەوڵی ئەم نووسینە بە گشتی ئەوە بوو لە بەستێنی تیۆریی «کۆلۆنیالیسمی ناوەکی»دا و بە پشت بەستن بە هێندێک لەو ئامرازە شیکارییانەی لە ڕەخنەی ئەدەبی پاشکۆلۆنیالیستیدا باسی لێ دەکرێت، خوێندنەوەی خۆی لەسەر کۆمەڵە چیرۆکی هاواڵدوانە ئاراستە بکات و تیشک بخاتە سەر ئەو لایەنانەی پرسی کورد و ڕەنجەکانی وەکوو کۆلۆنیایەکی ناوەکی نواندراوەتەوە. دیارە زیدەتر مەسەلەی زمانی وڵاتی داگیرکراو و ڕزگاری لە ژێر هەیمەنەی ئەوی دیکەی سەردەستا کە وەکوو «ماڵی بوون»ی کوردان ڕۆڵ دەگێڕێت شەن و کەو کراوە، هەروەها چەمکگەلێکی دیکەی وەک (من/ئەوی دیکە) و (ناوەند/پەراوێز) و ژێردەستی و ڕەنجەکانی لە سەر دەقی ئەو چیرۆکانە تاوتوێ و پراکتیزە کرا. وێدەچێت هەم دەقی پاشکۆلۆنیالیستی کەمتر لە ئەدەبی کوردیدا خولقێندرابێت و هەم ڕەخنەی ئەدەبی پاش کۆلۆنیالیستی بە شوێنی ئەودا کەمتر بووەتە مژاری باسی ڕەخنەی ئەدەبی. خاوەنی ئەم قەڵەمە وا تێدەگات دۆخ و هەلومەرجی کوردستان هەڵگری خولقاندنی دەقی ئەدەبیی پاش کۆلۆنیالیستیی زیاترە.

هەرچەند هێشتا ڕزگاری نەهاتووە، بەڵام دیارە ئەدەب دەتوانێت پەنجەرەکانی ئەو ڕزگارییە بکاتەوە. بە بڕوای من ئەم کۆمەڵەچیرۆکە، دەقێکە دەکرێت بخرێتە خانەی ئەدەبی وڵاتی کۆلۆنیاکراو یان بە تەعبیری ئێمە کۆلۆنیی نێوخۆیی کراو. بۆی هەیە کە خاوەنی ئەم چیرۆکانەیش لە داهاتوودا، گەشە بەم بن ژانرە بدات و

هەر وەک «تیب ساڵح» بە تایبەت لە ڕۆمانی وەرزی کۆچ بەرەو باکوور و محەمەد دیب و عەبدولڕەحمان منیف لە جیهانی عەرەبیدا و هەروەها ئەدەبی پاش‌کۆلۆنیالیستیی ئافریکا و ناوچە کۆلۆنیاکانی دیکە، ببێتە خاوەنی شێوازێکی تایبەتی پاش‌کۆلۆنیالیستی لە ئەدەبی کوردیدا.

## سەرچاوەکان


باغجری، کمال، خوانش پسااستعماری رمان سه‌گانه الجزائر، نشریه ادب عربی، سال ١٢، شماره ٢، تابستان ١٣٩٩.

حامیدی، تاهیر، هاواڵدوانه، کۆمەڵە چیرۆک، ١٣٩٩هەتاوی، سەقز، چاپی یەکەم، پەخشانکاری بیریار.

الدیت، محمد، الحریق، ٢٠٠٧، ترجمة فارس غصوب، الجزائر، منشورات ANEP.

ذوالفقاری، غلامعباس، نجومیان، محمد رضا، درآمدی بر مطالعات فرودستان، فصل نامه علمی پژوهشی تازیخ، دوره پنجم، شماره ١٧، ١٣٨٩ش.

مظفری، افسانه، و دیگران، گفتمان پسااستعماری در ادبیات جهان، ( تحلیل گفتمان رمان ریشه ها)، نشریه مطالعات رسانه ای، سال ١٢، پاییز ١٣٩٦.

مورتون، استفان، گایاتری چاکراورتی اسپیواک، ترجمه نجمه قابلی، (١٣٩) تهران، نشر بیدگل، چاپ اول.

مەحموودپوور، عەزیز، ڕەوتی گەشەکردنی چیرۆک و گێڕانەوەی کوردی، ١٣٩٨، سەقز، چاپی یەکەم، پەخشانکاری خانی.

Ashcroft, B., Griffiths, G., & Tiffin, H, (1995). The Post-Colonial Studies Reader. London: Routledge.

Key Concepts in Post-Colonial Studies, (1998) London: Routledge.

cazanova,Pablo Gonzales,Internal Colonialism and National Development.

https://www.goodreads.com/book/show/50279982-daughters-of-smoke-and-fire.


## ژێدەرەکان

١ . ئەم ڕۆمانە Daughters of Smoke and Fire کە بە زمانی ئینگلیسی و لە کانادا بلاو بووەتەوە بە قەڵەمی ئاڤا هۆما کچە کوردێکی ڕۆژهەڵاتی خەڵکی شاری سنە نووسراوە.«کچانی دووکەڵ و ئاگر، وێنەیەکی سەرنجڕاکێش لە مەترسیگەلێکە کە چل ملیۆن کوردی بێ دەوڵەت لەگەڵی ڕووبەڕوون. چیرۆکێکی بەهێز کە بە چەشنێکی دروشاوە واتای شوناس و پێوەندە ئاڵۆزەکانی بنەماڵە [کوردی ڕۆژهەڵاتی] ڕوون دەکاتەوە».(-htt ps://www.goodreads.com/book/show/50279982-daughters-of-smoke-and-fire) ئەم ڕۆمانە بە باشترین شێوە دەتوانێت هەڵگری خوێندنەوەی تیۆریی پاش کۆلۆنیالیستی، بەتایبەت خوێندنەوەکانی گایاتری سپیواک لەسەر ژنی بن‌دەستی کۆلۆنی‌کراو بێت.

٢.« ئەم ڕۆمانە گێڕانەوەی تێداچوون و فەوت و فەنابوونی ئاواتی گەلێکە کە دەسەڵات هەموو شتێکی لێ لە خشتە بردووە. گێڕانەوەی ناهومێدییەکی مەزنە. گێڕانەوەی تێداچوون و ترسێکی گەورە لەو تاریکستانەی دەسەڵات بۆ تاکەکانی خولقاندووە. گێڕانەوەی تاریکستانی مەرگە و ترس».(مەحموودپوور، ١٣٩٨ه: ١٤٠)

3 .Double Consciousness

٤. دەستەواژەی کۆلۆنیالیسمی ناوەکی (Internal Co-lonialism) کە لە ساڵەکانی ١٩٦٠ بەم لاوە لە توێژینەوە کۆمەڵایەتی و سیاسی و گەشەسەندنەکاندا بلاو بووەتەوە، باس لەوە دەکات کە دوای تەواو بوونی کۆلۆنیالیسمی کلاسیک کە نەتەوەیەک لە دەرەوەی سنوورەکانی نەتەوەیەکی دیکە بە بیانووی ئاوەدانی، دەستدرێژی دەکردە سەر نەتەوەیەکی دیکە و تەواوی سەرچاوە مرۆڤی و سروشتیەکانی لێ زەوت دەکرد، ئەوا لە دوای تەواو بوونی کۆلۆنیالیسمی دەرەکی، کۆلۆنیالیسمی ناوەکی سەر هەڵدەدات. ئەم چەمکە ڕیشەی لە بزووتنەوە سەربەخۆییخوازە گەورەکاندا هەیە کە لە دوای کۆلۆنیالیسمی کلاسیک سەریان هەڵدا. واتە لە دوای ئەوەی چەوساندنەوە و دەسەڵاتگەریی هێزە دەرەکیەکان تەواو بوو، چەوساندنەوە و دەسەڵاتگەرییە خۆجێییەکانی ناو ئەو نەتەوانە بەسەر یەکدا دەستی پێ کرد. (Cazanova: 27) واتە کۆلۆنیالیسمی ناوەکی بابەتی کۆلۆنیالیسم لە بابەتێکی نێونەتەوەیی (International) دەگوازێتەوە بۆ بابەتێکی لەناونەتەوەیی (Intranational). پاش شکڵ گرتنی بە تایبەت ئەو دەوڵەت نەتەوانەی فرەنەتەوەیین و ئێتنیکی زۆر لەناو سنوورەکانیاندا هەبوون یان هەنە و دەژین، لە پرۆسەیەکدا نەتەوەیەک یان ئێتنیکێک بەسەر نەتەوە و ئێتنیکەکانی دیکەدا زاڵ دەکرێت و زمانی ئەو نەتەوەیە لە پرۆسەیەکی سیاسیدا بەسەر نەتەوەکانی دیکەدا زاڵ دەکرێت و ئەوانی دیکە هەر لە چوارچێوەی ئەو سنوورەی ئەو دەوڵەتەدا پەراوێز دەخرێن و زمان و بوونیان لێ زەوت دەکرێت. کۆنترۆڵ دەکرێن و لە دوای ئەوە سەرچاوەکانیان لە بەرژەوەندیی نەتەوەی باڵادەستدا زەوت دەکرێت و خۆیان ببەش لە تەواوی چاوگە ئینسانی و سروشتییەکانیان دەکرێن. ئەگەر لە کۆلۆنیالیسمی

کلاسیکدا دەسدرێژی و غارەت لە دەرەوەی سنوورەکان بۆ سەر نەتەوەیەکی دیکە دەکرێت، بۆ وێنە ئەوەی بریتانیا لەگەڵ هیند کردی، ئەوا لە کۆلۆنیالیسمی ناوەکیدا یەک نەتەوە لە ناوەوەی سنوورە دەسکردەکانی دەوڵەت نەتەوەی خۆیدا، دەسدرێژی دەکاتە سەر نەتەوە و ئێتنیکە ژێردەستەکانی خۆی. زمانی لێ دەسڕێتەوە، بوون و کەرامەتی پێشێل دەکات و بە شێوازی جۆراوجۆری کۆنترۆڵ لە هەڕەشەی میلیتارییەوە بیگرە تا شێوەی نەرمی ئاسیمیلەکردن و تواندنەوە، تێدەکۆشێت یەکدەستییەکی ڕۆحپڕووکێن بەسەر ئەوانی دیکەدا زاڵ بکات. لەم نووسینەدا کۆلۆنیالیزمی ناوەکیی فەرهەنگی زێدەتر مەبەستی ئێمەیە کە نەتەوە سەردەستەکانی کورد سەپاندوویانە بەسەر کوردی بێدەسەڵات و گیرکەوتوو لە ناو سنووری ئەوانی دیکەی داگیرکەردا. بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر چەمکی کۆلۆنیالیسمی ناوەکی خوێنەر دەتوانێت سەرنج بداتە سەر ئەم سەرچاوانە:

Cazanova, Pablo Gonzales, Internal Colonialism and National Development.

.Hechter, michial, Internal Colonialism : THE CELTIC FRINGE IN BRITISH NATIONAL DEVELOPMENT, 1536-1966.

.Wals, David.s, INTERNAL COLONY OR INTERNAL PERIPHERY? A CRITIQUE OF CURRENT MODELS AND AN ALTERNATIVE FORMULATION.

.Pinderhughes, Charles, Toward a New Theory of Internal Colonialism.

هەر وەها سەبارەت بە ئەپلای کردنی ئەم تیۆریە بەسەر کۆدەقی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، خوێنەر دەتوانێت سەرنج بداتە سەر زنجیرە وتارەکانی دوکتۆر کەماڵی سلێمانی و دوکتۆر ئەحمەدی محەمەدپوور. هەڵبەت عەرەبەکان و تورکەکانیش بۆ خوێندنەوەی دۆخی سیاسیی خۆیان لەم چەمکە کەڵکیان وەرگرتووە و زۆر شتێکی تازە نیە، بەڵام ئەپلای کردنی تیۆریی پاش کۆلۆنیالیستی بەگشتی و بەتایبەتی تیۆری کۆلۆنیالیسمی ناوەکی لەسەر دەقی ئەدەبیدا، شتێکی نوێیە و لە بازنەی ڕەخنەی ئەدەبیدا ئەم کارە زۆر بە کەمی کراوە. نووسینەکانی خاتوو شەهلا دەبباغی بە تایبەت «خوێندنەوەی دژە کۆلۆنیالیستیی شیعری کوردی: نموونە شاعیرانی ڕۆژهەڵات» لە یەکەم هەنگاوەکانی زانستی ئەو بوارەیە و ئەم نووسینەیش دەتوانێت دەلاقەیەک بێت لەسەر ئەو جۆرە ڕوانینە لەسەر چیرۆک و ڕۆمانی کوردی.

5 .Postcolonial Reading.

٦ . مەلای گەورە یەکێک لە بیرمەندانی نەتەوەخواز و ئاوەزمەندی چاکسازیی سەردەمی خۆیەتیی، کوری مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە هاوڕێ و هاوپۆلی حاجی قادر و باوکی مەسعوود محەممەدە.

٧ . دەستەواژەیەکە فەقێکانی حوجرە لە کاتی موتاڵا و لەبەرکردنی وانەکانی خوێندن لەبەر خۆیانەوە دەیانگووت و دووپاتیان دەکردەوە.

٨ . ثلاثیة الجزایز کە بریتیە لە سێ ڕۆمانی الدار الکبیرة، الحریق و النول بە قەڵەمی محەممەد دیب کە بە باشی کەشوهەوای کۆلۆنیالیستیی ئەلجەزایر دەنوێنێتەوە.

٩ . بەو شێوەیەی کە بێن یەهوودا بۆ نەجاتی زمانی عیبری بۆ یەهوودییەکانی ئەنجام دا.( ئەحمەدزادە، ٢٠٢٠: ٢٢٦-٢٢٨)

١٠ . ئەم ڕستەیە ئاماژەیە بەو ڕستەیەی ئێرنست گێلنێر تیوریسیەنی بواری ناسیونالیزم کە دەڵێت: یەک نەتەوە و یەک دەوڵەت... ONE NATION ONE STATE...

11 . BINARY OPPOSITION

١٢. میلیتاریزە کردنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جیا لەوەی لە جیهانی واقیعدا بوونی هەیە وەک پایەگا سەربازییەکان و ماڵە سازمانییەکان کە باشترین خاڵەکانی جوگرافییای شارەکانی کوردستانیان داگیر کردووە و جیا لەوەی ١٦ ملوێن مین لەسەر زەویی کوردستان بڵاو کراوەتەوە و شتی جۆراوجۆری دیکە، ئەوەی لە دامودەزگای میلیتاری لەم چیرۆکەدا نواندراوەتەوە و قووڵاییی دزەکردنی کۆلۆنیالیسم لە کوردستاندا نیشان دەدات: دەزگای ئیتلاعات و سیخوڕی، حیراسەتی دەزگای پەروەردە بۆ کۆنترۆڵی مامۆستایان، ئامادەییی دامودەزگای بەرفراوانی بەسیج لە قوتابخانەکان و...

١٣ . کۆیادی هەموو کوردێکی ڕۆژهەڵاتی، لێوڕێژە بە ڕەنج و دەردەکانی خوێندن لە قوتابخانەیەک کە ئاپاراتووسەکانی نەتەوەی بالادەست گەمارۆیان داوە و خەفەیان کردووە. بۆ وێتە لە یادی هەر هەموومانادایە چەندە زەجرمان دەدیت لەوەی کە وانەیەک بە ناوی ڕاهێنانی بەرگری (آمادگی دفاعی) چۆن وەک مۆتەکە ڕۆحمانی زەجر دەدا و بە بێزاری وانەی داگیرکەرمان لەبەر دەکرد.

14 .Title Stylistics.

15 . Faction : Fact+ Fiction

١٦ .ئەم دەستەواژەیە یەکەم جار ئیسماعیل بێشێکچی ڕۆشنبیری ئازادی خوازی تورک بۆ دۆخ و بەستێنی داگیرکراوی کوردستان بەکاری بردووە.

١٧ . دیارە چەن نووسەرێکی وەکوو بەختیار عەلی لە شێوازی ڕیالیسمی جادوویی بۆ پەردەلادان لە ژیانی مرۆڤی کوردستانی کەڵک وەردەگرن بەڵام ئەوەی کە زێدەتر بووە بە ڕێسا بە تایبەت لە نووسینی کەسانێک کە ڕێک لەناو ئەم تاریکستانەدا دەژین و ڕێگەی تاراوگەیان نەگرتووەتە بەر، زێدەتر شێوازی ڕیالیستییە.

١٨ . ئەم دەستەواژەیە تێکەڵاوێکە لە دوو وشەی: گلۆباڵ (جیهانی) و لۆکاڵ (خۆجێیی)، واتە نووسینێک کەڵکەڵەی سەرەکییەکەی تێکەڵاوێکە لە بابەتی جیهانی و گەردونی و هەروەها بابەتی ناوچەیی.

# فانۆن و مارکس

سارۆ ئەردەڵان



فرانتز فانۆن (١٩٢٥-١٩٦١) شۆڕشگێڕی ناوداری خەباتی دژەکۆلۆنیالیستی لە ماوەی تەمەنی کەمی خۆیدا چەندین کتێبی وەکوو پێستی سپی، دەمامکە سپییەکان (١٩٥٢)، کۆلۆنیالیزمی مردوو (١٩٥٩)، نەگبەتەکانی سەر زەوی (١٩٦١) و بەرەو شۆڕشی ئافریکا (١٩٦٤) نووسیوە. فانۆن سەرەڕای بەرهەمە گرنگەکانی کە لە چوارچێوەی ئەدەبیاتی دژەکۆلۆنیالیستیدا پێناسەیان بۆ دەکرێ، وەک شۆڕشگێڕێک دەورێکی بەرچاوی لە جەنگی سەربەخۆیی جەزائیر (١٩٥٢ هەتا ١٩٦٢) بۆ سڕینەوەی کۆلۆنیالیزمی فەڕانسیدا، گێڕاوە و وەک ئەندامی بەرەی سەربەستیی نەتەوەیی جەزائیر هەوڵێکی بەردەوامی بۆ ڕێکخستنی بەرەی دژەکۆلۆنیالیستی لە ئافریکا هەبووە.

فانۆن لە کتێبی نەگبەتەکانی سەر زەوی شرۆڤەیەکی دەروونشیکارانە لە کاریگەرییەکانی کۆلۆنیالیزم بە دەستەوە دەدا و تیایدا باس لەوە دەکا چۆن کۆلۆنیالیزم مرۆڤ لە مرۆڤبوونی خۆی دەسڕێتەوە و لەم ڕێگەیەوە تاک و نەتەوە بندەست دەکا. فانۆن لە پانتاییەکی بەرفراوانی کۆمەڵایەتی، کولتووری و سیاسی باس لە ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانە دەکا کە دەیانهەوێ کۆلۆنیالیزم بسڕنەوە. بە باوەڕی فانۆن، شۆڕشی دژەکۆلۆنیالیستی ناچارە بۆ بەرگری، شێوازێکی توندوتیژ هەڵبژێرێ، چونکە توندوتیژی تەنیا «زمانێکە» کە لایەنی کۆلۆنیالیستی لێی تێدەگا و قسەی پێ دەکا. هەرچەند ئەم بەرگرییە توندوتیژانەیە، لە ڕووی ناچارییەوەیە و کۆلۆنیالیستەکان بە سەر بەکۆلۆنیکراوەکاندا دەیسەپێنن. مژارێکی گرنگ لە بەرهەمەکانی فانۆندا، پەیوەندیی بنەمای بیرکردنەوەی ئەو لەگەڵ بیرۆکەکانی مارکسە. واتە، بە شێوەیەک دەکرێ بگوترێ کە فانۆن توانیویەتی بە کەڵکوەرگرتن لە هێزێکی شۆڕشگێڕانە کە لە مارکسیزمدا هەیە، بەستێنێکی تیۆریک بۆ خەباتێکی دژەکۆلۆنیالیستی ساز بکا.

لە کتێبی نەگبەتەکانی سەر زەوی باس لە کاریگەریی مارکسیزم دەکرێ، بەڵام دەبێ ئەم بەکارهاتنە شی بکەینەوە. فانۆن ئاگاداری بیرۆکەی مارکسی بوو، بەڵام هیچ کات بەوریاییەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر بیرۆکەکانی مارکس نەکردبوو یا لە دووتوێی نووسینەکانیدا بە وردی بەکاری نەهێنابوون. بەسەرنجدان بە دەیقید مەکی، ژیاننامەنووسی فانۆن، ڕاڤەی سارتر لە مارکسیزم لە کتێبی ڕەخنە لە عەقڵی دیالێکتیکی، کاریگەریی زیاتری لەسەر کتێبی نەگبەتەکانی سەر زەوی هەبوو. سەرەڕای ئەمە، کتێبی نەگبەتەکانی سەر زەوی وەک بەرهەمێکی تیۆری یا فەلسەفی سەیر ناکرێ، بەڵکوو زیاتر وەک بەرهەمێک سەیر دەکرێ کە شرۆڤەی خەباتێکی دژ بە کۆلۆنیالیزم دەکا. هەروەها ئەگەرچی لەم بەرهەمەدا تیۆرییەکی چڕوپڕی شۆڕشگێڕانە بۆ گۆڕان ساز ناکرێ، بەڵام لە هەمان کاتدا بەگشتی بنەمایەکی تیۆری بۆ سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم پێشکەش دەکرێ و بەتایبەت باس لە جەنگی جەزائیر دەکرێ. بێل ئاماژە بەوە دەدا کە تیۆریی فانۆن وەکوو «مارکسیزمێکی بەنەژادیکراو» سەیر دەکرێ کە تیایدا فانۆن هەوڵ دەدا مارکسیزم لە بەستێنێکی کۆلۆنیالدا بەکار بێنێ و لە جیاتی گرنگیدان بە پێکهاتەی چینایەتی، زیاتر ئاوڕ لە دابەشبوونی نەژادی بداتەوە و باس لەوە

دەکا کە ئەزموونی مرۆڤەکان لە ڕاسیزم دەبێتە هۆی ئەوەی کە شۆڕشێکی توندوتیژ پەرە بستێنێت. لە ڕێگەی بەراوردکارییەکی کورتەوە و لە درێژەدا باس لە لێکچوون و جیاوازییەکانی فانۆن و مارکس دەکەین.

فانۆن باس لە شرۆڤەی مارکس بۆ کاپیتالیزم وەک سیستەمێکی ئابووریی چەوسێنەر دەکا. هەروها فانۆن پێداگری لەسەر پەیوەندیی نێوان کاپیتالیزم و کۆلۆنیالیزم دەکا. لە کتێبی کاپیتاڵدا، مارکس پێناسەی چەمکی «کەڵەکەکردنی سەرەتایی» دەکا: «کانزا گرانبەهاکان و مادده خاوەکان کە بە توندوتیژی لە خاکی وڵاتانی بەکۆلۆنیکراو دابین دەکرێن، بۆ گەشەکردنی کاپیتالیزمی دەستپێک گرنگن. فانۆن ئەم بیرۆکەیە دووپات دەکاتەوە: «کاپیتالیزم، لە فازی بڵاوبوونەوەیدا، کۆلۆنییەکان وەکوو سەرچاوەی مادده خاوەکان سەیر دەکا و دەتوانێ لە بازارە ئەورووپییەکاندا بەکاریان بێنێ.» دواتر، کە کاپیتالیزم پێدەگات، دەوری کۆلۆنییەکان لە شارستانییەتی کاپیتالیستیدا دەگۆڕدرێ، هەرچەند هێشتا دەورێکی گرنگیان هەیە: «دوای فازی کەڵەکەبوونی سەرمایە، نۆرەی ئەوە دێ کە کاپیتالیزم چەمکی قازانج لە کۆلۆنیدا بگونجێنێت. کۆلۆنییەکان دەبنە بازاڕ. حەشیمەتی کۆلۆنیال بازاڕی بەکارهێنەر ساز دەکەن. لە هەر کام لە فازەکاندا، کۆلۆنییەکان (و حەشیمەتی گرێدراویان) تایبەتمەندییەکی هەرە پێویستن بۆ شارستانییەتی کاپیتالیستی.»

فانۆن هەروەها بە هەمان شێوە کە مارکس وەسفی ئایدیۆلۆژیی کردووە باس لە کولتوور دەکا. دیسانەوە تێگەیشتنی ماکس بۆ ئایین وەک تلیاکی خەڵک، لێرەدا ئاماژەی بۆ دەکرێ. فانۆن هەروەها دەڵێ کولتوور، ئایینێکی تایبەتە کە خەڵکی بەکۆلۆنیکراو لە شۆڕش دادەبڕێ. شیکاریی فانۆن سەبارەت بە تایبەتمەندییەکانی کولتووری کۆلۆنیال کە خەڵک بەلاڕێدا دەبەن و سەریان لێ دەشێوێنن، زۆر بەهێزە، چونکە لە ئەزموونی فانۆن وەک پزیشکێکی دەروونییەوە سەرچاوەیان گرتووە. فانۆن دەیزانی ئایدیۆلۆژی چۆن لەسەر پەیوەندیی هەستەکیی مرۆڤەکان کار دەکا. فانۆن دەڵێ لە دۆخی کۆلۆنیالدا خەڵکی بەکۆلۆنیکراو «لەسەر هەڵدێر ڕاوەستاون و لە هۆکاری جەمامییەک کە ئازاریان دەدا هەڵدێن.» هەڵبەت فانۆن ئاماژە بەوە دەکا کە لە فازە سەرەتاکانی بەکۆلۆنیکردندا، مرۆڤی بەکۆلۆنیکراو دژ بە کۆلۆنیالیستەکان خەبات ناکا. کۆلۆنیالیستەکان هێزێکی دەسەڵاتدارن. لەجیاتی ئەوە، مرۆڤە بەکۆلۆنیکراوەکان هێندێک کەلێنی دیکە دەدۆزنەوە کە لە ڕێگەیەوە تووڕەیی خۆیان دەربڕن: «ئەوان لەگەڵ کەسانی بەکۆلۆنیکراوی دیکە دەکەونە شەڕ و پێکدادان (بۆ نموونە ململانێیەک کە لە نێوان قەومێکدا ڕوو دەدا)، ئەوان هێندێک بیروباوەڕی ئایینی و ئوستووریی وەردەگرن و خۆیان بە دابونەریت و هەڵپەیێکیوە سەرقاڵ دەکەن هەتا وزەی تووڕەییان کەم دەبێتەوە.» بەپێچەوانەی ئێمیل دورکهایم کە پێی وابوو دابونەریتە سەرەتاییەکان دەربڕینێکی ئەرێنی لە وشیاریی بەکۆمەڵن، فانۆن وەکوو مارکس پێی وایە ئایین تێگەیشتنی خەڵک لە بارودۆخی خۆیان بەلاڕێدا دەبا. تەنیا لە دەیەی چل و پەنجای سەدەی بیستەمدایە (لە قۆناغی سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم) خەڵکی (سۆزەی)

بەکۆلۆنیکراو، گرنگی بە سەرچاوەی ڕاستەقینەی ئازارەکانی خۆیان دەدەن: «پاش ساڵانێک گرنگیدان بە بابەتی ناڕاستەقینە، پاش ساڵانێک تێوەگلان بە وەهمی سەرسووڕهێنەر، خەڵکی بەکۆلۆنیکراو چەکی بە دەستەوە گرتووە و ئامادەیە بەرەورووی ئەو شتە ببێتەوە کە بوونی خستبووە مەترسییەوە: کۆلۆنیالیزم».

لە کۆتاییدا، فانۆن بەڵگاندنێکی دیالێکتیکی لە کتێبی نەگبەتەکانی سەر زەوی بەکار دێنێت. بە باوەڕی مارکس، دوایین خاڵی دیالێکتیکی ماددی، شکستی کاپیتالیزم و دەرکەوتنی کۆمەڵگای کۆمۆنیستییە. فانۆن بە ڕوونی باس لەوە دەکا کە کۆلۆنیالیزم گرێدراوی کاپیتالیزمە و بە بەراورد لەگەڵ کاپیتالیزم، سۆسیالیزم سیستەمێکی کۆمەڵایەتی-ئابووریی باشتر بۆ خەڵکانی بەکۆلۆنیکراو دەستەبەر دەکا. هەڵبەت، فانۆن لە کتێبەکەیدا کێشەی سەرەکیی سەربەستیی خەڵکی کرێکار لە بەرچاو ناگرێ، بەڵکوو گرنگی بە سەربەستیی خەڵکی بەکۆلۆنیکراو لە ڕێگەی بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی بۆ سەربەستی دەدا. هەروەها، بەپێچەوانەی مارکس، فانۆن خەڵکی کۆلۆنیال بە هێزی شۆڕشگێر دادەنێ نەک پرۆلێتاریا.

بە نموونەیەک دەتوانین باسەکە زیاتر شی بکەینەوە: کۆمەڵگا کۆلۆنیالەکان لەڕووی هێڵە نەژادییەکانەوە دابەش دەکرێن. ئەم دابەشکاریانە بنەمایەکی ئابووری و هەروەها کولتووری و شوێنەواریان هەیە (بۆ نموونە شارەکان لە نێوان کۆلۆنیالیستەکان و بەکۆلۆنیکراوەکاندا دابەش دەبن). بزووتنەوە نەتەوەییەکان دەبنە نوێنەری خەڵکانی کۆلۆنیالی ستەملێکراو. هەروەها، ڕێبەرانی ئەم بزووتنەوانە، لە ژێر کاریگەریی قوتابخانە فیکرییەکانی ئەورووپادا، دەیانهەوێ لەگەڵ بەرپرسانی کۆلۆنیالیزمدا ڕێک بکەون لەجیاتی ئەوەیکە بە شێوازێکی ڕاستەقینە بیانهەوێ کۆلۆنیالیزم بسڕنەوە. ئەگەرچی، بزووتنەوەکان و ڕێبەرەکانیان دەورێکی گرنگ لە پێشکەوتنی ئەم دیالێکتیکەدا دەبینن. وتار و ئاخافتنەکانیان، هەرچەند میانەڕەوانەش بێ، تووڕەییەکی دژەکۆلۆنیالیستی دەورووژێنێت: «خەڵک دەهەژێت... خەڵک دێن و دەڕۆن، وتار پێشکەش دەکرێ، جەماوەر کۆ دەبنەوە، پۆلیس ئامادە دەبێ، ڕەنگە سوپاش بەشدار بێ، خەڵک دەگیرێن و ڕێبەران دەردەکرێن. هەموو ئەم هەژاندنانە هەستێک لە ناو خەڵکدا ساز دەکەن کە دەبێ کارێک بکەن.» کەواتە، لە سەرەتادا تووڕەییەکان ئاراستەیەکیان نییە، بەڵام لە ئاکامدا دەبنە بنەمایەک بۆ دەرکەوتنی وشیارییەکی شۆڕشگێرانەی نەتەوەییی ڕاستەقینە. بە ئاخافتنێک کە داخوازی مارکس و ئێنگێلسمان لە کتێبی مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیستدا وەبیر دەهێنێتەوە، فانۆن دەنووسێت: خەڵکی جیهانی سێیەم لە پرۆسەی پچڕانی زنجیرەکانیاندان، سەرنجڕاکێش دەبێ کە سەربکەون.»

## سەرچاوەکان


Frantz Fanon (2004). The Wretched of the Earth. tr. Richard Philcox (New York: Grove Press).

George Ritzer and Jeffrey Stepnisky (2018). Sociological Theory (Tenth Edition) (Thousand Oaks, California: Sage Publications).

# بۆ ئەحلام مەنسوور؟

شەهلا دەباغی

ئێمەی خوێنەر، زۆربەی جار بە هۆی دۆخ و پێکهاتە و بەستێنی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، زۆرتر لەژێر کاریگەریی نووسینی نووسەرە پیاوەکاندایین، بەڵام زۆرن ئەو بیرمەند و نووسەرە ژنانەی کە سەرەڕای دەسەڵاتی چڕی هزری و کولتووریی پیاوان، سنوورەکان دەبڕن و بە هۆی نبووغ و تایبەتمەندیی بیرمەندبوونیان، کاریگەری لەسەر خوێنەری خۆیان لە هەموو دونیادا دادەنێن.

## پێشەکی

ئینسان بێ ئەوەی هەست پێ بکات، کەسانی دەورووبەری کاری تێدەکەن. کاریگەریی ئینسانەکان لەسەر یەکتر هێندێک جار کورتخایەن و هێندێک جار درێژخایەنە و کەڵێن و قوژبنی مێشک دەتەنێ. زۆر جار ڕستەیەک لە کەسی بەرانبەر بۆ هەمیشە گیانت دەکوڵێ و ژیانت دەگۆڕێ. بۆ کەسێک کە لە منداڵییەوە خوێنەری ڕۆمان و شیعر بووبێ و بە هۆی تاراوگەیی و کۆچ، خزم و کەسی لە دەورووبەری نەبووبێ تا کاریگەریی ئەوانی بەسەرەوە بێ، هاوڕێ و کتێب دەبنە گرینگترین سەرچاوەی کاریگەری و نەخشێنەری دەروونی. ئەوەندەی وەبیرم بێ شیعرەکانی هێمن و پەشێو لە تەمەنی گەنجیمدا زیاترین کاریگەرییان لەسەرم بوو. دواتر ڕۆمانەکان ئەو ڕۆڵەیان گرتە ئەستۆ؛ ڕۆمانەکانی: هۆگۆ، زۆلا، بالزاک، ڕۆمەن ڕۆلان، حەمەدۆک و ئەفسانەی چیای ئاگریی یاشاری مەزن، داغستانی منی حەمزەتۆف، جێین ئێیر، چیرۆکەکانی چێخۆف، دایک، پیاوی ژێرخانشین، شازدە چکۆلە، چیرۆکەکانی سیلویریشاتین بۆ منداڵان هەتا ئەو ئاخر ڕۆمانانەی ئەم ساڵانەی دوایی: خانووی پەنای مزگەوت، ئێوارەی پەروانە، سڕین، سەرەدەمی گریانی بەڵقیس، گابۆر، پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان، هتد.

بەڵام لە شوێنێکی زۆر نهێنیتری گیاندا، بیرێک بە ساڵانی ساڵ دێت و دەڕوا و تۆ وەک ئەستێرەیەک بۆت ناگیرێ. هێندێ جار چاوی تێ دەبڕی. هێندێک جار ئەم ئەستێرەیە لەژێر تیشکی ئەستێرەکانی دیکەدا کەم دەنوێنێ. جاری واشە جریوەی ئەم ئەستێرەیەت لێ بزر دەبێ.

ئێمەی خوێنەر، زۆربەی جار بە هۆی دۆخ و پێکهاتە و بەستێنی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، زۆرتر لەژێر کاریگەریی نووسینی نووسەرە پیاوەکاندایـن، بەڵام زۆرن ئەو بیرمەند و نووسەرە ژنانەی کە سەرەڕای دەسەڵاتی چڕی هزری و کولتووریی پیاوان، سنوورەکان دەبڕن و بە هۆی نبووغ و تایبەتمەندیی بیرمەندبوونیان، کاریگەری لەسەر خوێنەری خۆیان لە هەموو دونیادا دادەنێن. وەک: ڕۆزا لوکزامبورگ[۱] بیرمەندی خەباتکاری سۆسیالدیموکراسی، ویرجینیا وۆلف[۲] نووسەر و فێمینیستی مەزن کە لەسەر ئەوە پێداگریی دەکرد کە بۆ ئەوەی ژنێک بتوانێ ببێتە نووسەر، دەبێ هەم لە باری ئابوورییەوە سەربەخۆ بێ و هەم دەبێ فەزا و ژوورێکی بۆخۆی هەبێ. کارین بۆیە، شاعیر و بیرمەندی سویدی[۳] و خالەقی شیعری بەڵێ پشکووتن ژانی هەیە، ڕۆمانی کالوکاین[۴] و ڕۆمانی قەیران،[۵] هانا ئارێنت[۶] بیرمەندی بێوێنەی جوو لە بواری فەلسەفە و تیۆرییە سیاسییەکان، سیمۆن دێ بوار[۷] بیرمەندی گەورەی ئێکزیستێنسیالیست[۸] و فێمینیستی فەرەنسی خالقی کتێبی جنسی دووهەم[۹] کە بە ئینجیلی ژنان ناسراوە، پرۆفیسۆر تێرێس دێ لاورێتیس[۱۰] زانای بواری نیشانەناسی، دراماتۆلۆگی و فیلم، ڕەخنەگر و داهێنەری چەمکی Queertheory[۱۱]، جودیت باتلێر[۱۲] فەیلەسووف و تیۆریسیەنی گەورەی ئەمریکی کە کوییر تیۆرییەکانی پەرە پێدا و ئاماژە بە ئاڵۆزیی پەیوەندی جنس(فیزیک)، جێندێر و سێکسوالیتە دەکا، هەروەها چۆن نۆرمەکانی هێترۆسێکسوالیتە بەردەوام لە ڕێگەی زمانەوە بەرهەم دێنەوە، سپیڤاک[۱۳] تیۆریسیەنی دژەکۆلۆنیالیست و دایکی کتێبی ئایا ژێردەست دەتوانێ بدوێ؟[۱۴] و دواییـن کەس بەڵام یەکجار گرینگ؛ جولیا کریستێڤا[۱۵] دایکی چەمکەکانی intertextuality (نێواندەقی) و abjection[۱۶] نیشانەناسێک کە سەرلەبەری ڕوانگەمانی بۆ زمان گۆڕیوە و نیشانمان دەدا زمان هەڵگری هەردوو باری سیستەم و دەسەڵاتی باوکانە و نیشانە و گەرمای دایکانەیە. دەقی شاعیرانە بە ڕای کریستێڤا هەمیشە جۆرێک گەڕانەوەیە بۆ زێدی دایک.

## دوو وێنە

کارین بۆیە بیرمەندی سـوێدی زۆر زوو دەزانێ کە هاوڕەگەزخـوازە. ڕۆمانی قەیـران، باس لە شـەڕی کچێکی بیست سـاڵەی هاوڕەگەزخواز لەگـەڵ خـۆی و نۆرمەکانی کلیسـا دەکا. لە سەردەمی شەڕی دووهەم، کارین لە مێردەکەی جیا دەبێتـەوە و١٩٣٣ لەگـەڵ کچێکی جوو، مارگۆت هانێل، دێنەوە سـوید و تا ئەو کاتەی کارین خـۆی دەکوژێ (١٩٤١) پێکەوە دەژین. کارین بۆ ماوەی سـاڵێک دەستەی بەڕێوەبەری گۆڤاری ئەدەبیـی سـپێکتروومی[١٧] دەبێ و لە ماوەی تەمەنـی کورتی خۆیدا بە دەیان وتار لە سەر زمان، مۆدێرنیسم، پسـیکۆئانالیز، شیعر و وەرگێـڕان دەنووسـێ و کاریگەرییەکی زۆر لە سەر ئێلیتی کولتووریی سەردەمی خۆی دادەنێ. ڕۆمانی کالۆکاین یەک لەو ڕۆمانە دیستۆپێدیانەیە کە باس لـە کۆمەڵگایەکـی کۆنترۆڵکراو دەکا کە لـە وێنـدەرێ ئینسـان بـە پڕوپاگاندا و مێشکشـۆردنەوە تەنیا سەربازێکی موتیعی بێ هەست و فکری دامودەزگایەکە. زانایەکی پسپۆڕ ماددەیەکی سـڕکەر کەشف دەکا و بەو ماددەیە ئینسـانەکان وا لێ دەکەن کە هەموو ڕازەکانی ناو مێشـک و دەروونیان هەڵڕێژن. کارین بۆیە بەو ڕۆمانـە دەیهەوێ سیسـتەمی میلیتاری و دیکتاتۆری نازی و ڕووسەکان بێنێتە ژێر ڕەخنە.

سـیمۆن دێ بـوار، هاوژیـن و هاوبیـری سـارتر، بە پێچەوانـەی کارین بۆیـە، هەرگیز بە ئاشـکرا باسی دووجنسـخوازیی خۆی ناکا. سـیمۆن و سارتر، گەرچی لە لووتکەی ناوداری و جووڵانەوەکانـی دژی شـەڕدابوون، هـاوڕێ لەگەڵ بارت و چەنـد بیرمەندی دیکە، ئاڵقەی بیرمەندانی گرینگی فەرانسـە بـوون، بەڵام بە پێـی ئەو نامە و داکۆمێنتانەی کە دوای مەرگی سیمۆن و سارتر وەدەست کەوتوون، پەیوەندیی ئەم دووە پەیوەندییەکی ئاڵۆز و پڕ گرێ و لە زۆر بارەوە دێسـترێکتیڤ/ وێرانکەر و نەرێنی بووە. نووسـەری کتێبی پەیوەندییەکی مەترسیدار[١٨] لە کتێبەکەیدا باسـی ژیانی سـیمۆن دێ بوار و ژان پۆل سـارتر دەکا. نووسەر بە پێی نامە و بەڵگەکان باسی ئەوە دەکا کە بۆ وێنە سارتر بە هۆی پەیوەندی لەگەڵ ژنێک لە داوی KGB[١٩] دەکەوێ. هەم سیمۆن و هەم سارتر پەیوەندیی سێکسـییان لەگـەڵ قوتابییەکانـی خۆیـان هەبـووە؛ واتە بە جۆرێک پێگەی کۆمەڵایەتی و ڕووناکبیریـی خۆیانیان خراپ بەکار هێناوە. ئەو ژنانە کە سـیمۆن پەیوەندیی ئێنتیم و جنسیی لەگەڵیان بووە، لەلایەن سیمۆنەوە بە هاوتەرازی خـۆی نەدیتـراون و بە ژێردەسـتە چاوی لێ کردوون.

بەڵام ئـەم باسـانە، ژیان یـا بیرۆکەکانی بیرمەندانی ڕۆژاوایی، چ پەیوەندییەکی بە بابەتی ئەحلام مەنسووری کوردەوە هەیە؟

## ڕووناکبیر

ڕووناکبیر[٢٠] بەو کەسە دەگوترێ کە لە بواری گشـتیدا بۆ پرسـە کۆمەڵایەتییـەکان چالاک بێ، گەرچی ڕاسـتەوخۆی پرسـی تاکەکەسیی خۆی نین. لە دنیای مۆدێرندا ڕایەکی گشـتی سـەبارەت بە ڕووناکبیر ئەوەیە کـە ڕووناکبیر کەسـێکە کە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەی لەسەر واقعیەکانی کۆمەڵگا هەیە و ڕێگەچارە پێشـنیار دەکا. بە ڕای هابرماس تایبەتمەندییەکی گرینگ بۆ ڕووناکبیر، سـنووری نێوان بواری تاکەکەسی و بـواری گشـتییە. بە ڕای ڕۆڵـف دارێندۆرف لـە کۆمەڵگای مۆدێرندا ئەرکـی ڕووناکبیرە کە شـک لـە هەموو شـتێک بکا کە بـە ڕوون و ئاسایی دەزاندرێن و دەبێ هەموو شتێک بخاتە ژێر پرسـیار. بیرمەنـد و ڕووناکبیران، لە پێش یۆنانـی کەوناراوە تا ئێسـتا، هەبوون و بە ئیدە و بۆچوونەکانـی خۆیـان کاریگەرییان بە چاک و خەراو لەسـەر کۆمەڵگا ئینسانییەکان داناوە. سـەرچاوی ئەو باسەش دەگەڕێتەوە بۆ دەورانی یۆنانی کەونارا کە سوقرات دژی سووفیستەکانی پێش خۆی ڕاوەسـتا کە حەقیقەت و زانستیان وەک ئیـدەی بـواری گشـتی دەنرخانـد. بە ڕای سـوقرات زانسـت دەبووایـە مۆنۆپۆلـی

فەیلەسووفەکان، واتە بیرمەندەکان بێ. بیرمەند دەتوانێ لە ڕێگای ئافراندن و یا گەیاندنی پەیام لە کاری کولتووری و سیاسیدا بەشدار بێ، ئینجا یا پشتیوانی لە پێشنیارێکی کۆنکرێت دەکا و یا نادادییەک، ئیدیۆلۆژییەک، دیاردە و ڕەفتارێکی دەسەڵاتداران مەحکووم دەکا. بیرمەند یا لە ڕێگەی پەروەردە و ئافراندن و سەرمایەی کولتووری لە فەلسەفە و ڕەخنەی ئەدەبی و کۆمەڵناسی و یاسا و زانست، یا لە ڕێگەی ئەدەبیات و هونەر و مۆسیقا و نیگارکێشان و پەیکەرسازییەوە کاریگەری لەسەر کۆمەڵگای خۆی دادەنێ. چەمکی بیرمەند بە بێ هیچ قەزاوەتێکی ئەرێنی یا نەرێنی، دەتوانێ یا لە چوارچێوەی ئیدیۆلۆژییەکدا دروست بێ، بۆ وێنە بیرمەندی لیبراڵی، فاشیستی، دێموکرات، کۆمۆنیست، یا لە چوارچێوەی نەتەوەیەکدا وەک ڕووناکبیری ئەمریکی، فەرەنسی، ئاڵمانی، ڕووسی. بەڵام چەمکی ڕووناکبیر دوای ١٩٠٠ و داستانی ئالفرێد درێیفوس بە بەرینی هاتە سەر زاران.

ئالفرێد درێیفوس ئەفسەری جووی فەرەنسی ساڵی ١٨٩۴ بە سیخوڕی بۆ ئاڵمان تاوانبار کرا. دواتر زۆلا ساڵی ١٨٩٧ لە نامەیەکی ئاشکرادا لە ژێرناوی من تۆمەتبار دەکەم «J›accuse» باسی لەوە کرد کە ئالفرێد تەنیا بە هۆی جووبوون و دژایەتیی سپای فەرەنسی لەگەڵ جووەکان تاوانی بۆ هەڵبەستراوە و سیخوڕ نەبووە. سەرەنجام ساڵی ١٩٠٦ ئالفرێد درێیفوس بە بێگوناح ناسرا و «ئەستۆپاکی»ی بۆ ڕاگەیاندرا. زۆر جار لە هێندێ شوێنی دنیا، چەمکی ئینتێلێکتۆئێل بە نەرێنی باسی لێ کراوە بۆ وێنە ئەوان کەسانێکن کە لە ڕاستیی کۆمەڵگا و واقیع بەدوورن، یان هێندە نبووغیان هەیە کە بەکەڵکی کۆمەڵگا نایەن. بەڵام هەمیسان ڕوویداوە کە ڕووناکبیرێک تا ڕادەیەکی یەکجار زۆر ببێتە شایانی ڕێز و سەرنجی کۆمەڵگا؛ بۆ وێنە ئەدیب و سیاسەتمەداری چێک و اسلاو هاوێل.

## مەبەستی ئەم نووسینە

ئەحلام مەنسوور ساڵی ١٩٥١ لە شاری خانەقین لە دایک دەبێ و ساڵی ٢٠١٣ بە هۆی نەخۆشی لە سلێمانی کۆچی دوایی دەکا. لە نێوان بوون و نەبوونێکدا ئەحلام دەخوێنێ، دەبێتە ئەندامی حیزبی شیوعی و خەبات دەکا، یەکەم ژنی ڕۆژنامەکارە کە ساڵی ١٩٧۴ لە دەزگای «هاوکاری بۆ بڵاوکردنەوەی کوردی»دا کاری کردووە، دەنووسێ و ڕۆمانی ئەلوەن(١٩٨٠) و کۆمەڵە چیرۆکی پرد(١٩٨١)، کتێبی ئەزموون، خەون و خوێن، دیس تۆپیا و دەیان وتار لە گۆڤارەکاندا بڵاو دەکاتەوە، ساڵی ١٩٨٦ دەچێتە پاریس بەڵام بە هۆی نەداری دوای دوو ساڵ دەگەڕێتەوە بەغدا، دواتر لە بەغداڕا دێتە سلێمانی و لە زانکۆ کار دەکا و تا ئاخری تەمەن لەوێ دەژی.[٢١]

ئەوەی لە زۆربەی دیدار و وتووێژەکان لەگەڵ ئەحلام مەنسووردا دەبیندرێ، هەستیاری لەسەر شیعری ماچی خودایی و «مامۆستا هێمن»ە کە ئایا ئەم شیعرە بۆ ئەحلام نووسراوە یا نا، و ئەم دووانە چ جۆرە پەیوەندییەکیان بووە. من لە هیچ کارێکی ئاکادێمی و هیچکام لە نووسین و وتووێژ و دیدارەکاندا نەمدیوە کە باس لە ڕووناکبیربوونی ئەحلام بەو جۆرەی لە ڕۆژاوا باوە بکرێ، جگە لە نووسینێکی کورتی مامۆستای زانکۆی سۆران، ئەیووب کەریمی[٢٢] کە دواتر ئاماژەی پێ دەکرێ. هەروەها لە بۆنەیەک کە لە سلێمانی «کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستانی حیزبی شیوعی» بۆ سەکینە جانسز، وەهبییە شەوکەت و ئەحلام مەنسوور بەڕێوەی دەبەن، لە شیعرێکدا وشەی «هزر» یەکجار وێڕای سەدان وشەی دیکە بەکار دێت، و ئێمە نازانین ئەو وشەیە ئاگامەند بەکار هاتووە یا نا.[٢٣]

ئەحلام مەنسوور هەمیشە وەک ژنێکی یاخی، ڕۆژنامەوان، نووسەر و ڕەخنەگر ناو دەبرێ، لە کاتێکدا دەیان پیاو بێ ئەوە لە ئەحلام ڕووناکبیرتر و بیرمەندتر بووبن، بە ڕووناکبیر و بیرمەند دەناسرێن. دیارە ئەم

مۆدێلە لە کارکردنی کولتوورییە هەر هەمان مۆدێلی باڵای پیاوسالاری لە دونیادایە، بۆ وێنە پیاوانی ڕووناکبیری نەتەوە سەردەستەکانیش ژنانی نەتەوەی خۆیان بە هاوتەرازی خۆیان و بە بیرمەند دانانێن. لە باشترین حاڵەتدا دەڵێن «ژنێکی بەتوانایە»، واتە لەگەڵ خودی پیاوان بەراوەردی ناکەن، و هەرگیزیش ناڵێن ئینسانێکی بیرمەندە. چونکە ئەم دانپێدانانە، ژن و پیاو هاوسان دەکا. ئەم مۆدێلە خزاوەتە ناو بازنە و کایەی هزری کوردانیش. ئێمە بە دەیان پیاو بە بیرمەند دەزانین، لە کاتێکا ئەگەر تەنیا ڕۆمانی ئەڵوەنی ئەحلام مەنسوور بکەینە پێوانە، دەبینین کە ئەم ڕۆمانە مانیفێستی ئینسانێکی بیرمەندە؛ مانیفێستێکی هۆمانیستی فێمینیستیی نووسەرێکی ڕووناکبیری داهێنەر.

ئەم نووسینە تۆژینەوەیەکی بەرینی ئاکادێمیک نییە تا لە هەموو ژێدەر و سەرچاوە و وتووێژەکان بکۆڵیتەوە، و تەنیا کردنەوەی پەنجەرەیەکی بچووکە بەرەو دنیای فراوانی نووسەرێکی ڕەخنەگر و هەستیار. سەرچاوەکانی من تەنیا وتووێژێکی گۆڤاری شاووشکا لەگەڵ ئەحلام مەنسوور[٢٤] و ڕۆمانی ئەڵوەن و داتای دوو ئینفۆرماتۆری باوەڕپێکراون. کەسی یەکەم ساڵی ١٩٩٩ لە ماڵە ئەحلام مەنسوور ڕۆژێک میوان بووە (سەرچاوەکەی من جێی متمانەیە بەڵام ناوی نایە، مەگەر خۆی ڕۆژێک ناوی خۆی ئاشکرا بکا)، و کەسی دووهەم خاتوو نەجیبە مەحمووده کە لەگەڵ ئەحلام مەنسوور لە گۆڤاری دەنگی ئافرەتان هاوکار بوون و ساڵیانی ساڵ ڕۆژانە لەگەڵ یەک پەیوەندییان بووە.

## ئینفۆرماتۆری یەکەم:

«ساڵی ١٩٩٩ ڕۆژێک لە سلێمانی میوانی ئەحلام بووم. ماڵێکی کپ و بێدەنگ. هەر چاوم دەگێڕا. ئەحلام پرسیی چاو لە چی دەگێڕی؟ کوتم دەنگێک. کوتی چاو مەگێڕە، هیچت دەست ناکەوێ. ئەسڵی خانەقینی بوو، لە سلێمانی خۆی بە غەریب دەزانی. کتێبداری زانکۆی سلێمانی بوو. دەیکوت ناهێڵن ئەدەبیات دەرس بڵێمەوە. تەنانەت لەم تەمەنەدا پیاوانی شاعیر و ڕووناکبیر داوای سێکسم لێ دەکەن. (ببورە شەهلاخانم، ئەوانە قسەی خودی ئەحلامن) دەیگوت نەفرەتم لەو پیاوانە هەیە، هەر لە شێرکۆ بێکەسەوە هەتا هەموویان. هەڵبەتە خەڵکێکی زۆریش خۆشیان دەویست. بە شۆخی و پێکەنینەوە دەیگوت زۆرم پێ خۆش بوو بێمە ڕۆژهەڵات و مێردم بە عەلی ئەشرەف دەرویشیان کردبا، بەڵام ژنەکانتان لەگەڵم بەشەڕ دێن. دەیکوت ژنی پیاوێکی عەرەب بووم. لە ژیانمدا پەیڕەوی سیمۆن و سارتر بووم و پێموابووە وەچەخستنەوە لەم سەر گۆی زەوییە جنایەتە. ڕۆژێک کابرای عەرەبم بانگ کرد و گوتم کاکە لەمڕۆوە ئەتۆ بەو ڕێگایەدا و منیش بەو ڕێگایەی دیکەدا. پرسیم ئەدی ماچی خودایی مامۆستا هێمن بۆ تۆ بووە؟ کوتی بەڵێ. منیش کردمە جەفەنگ و کوتم جا هەر ماچت دەدایە؟ کوتی هەتیو، بۆ شتی دیکە دەچووە دەرەوە. ئەوەی ئەو ڕۆژە من لە حەرەکات و قسە و گفتولفتی ئەحلام حاڵی بووم ئەوە بوو کە پێی وابوو دەبێ قاعیدەی یاریی پیاوان قەبووڵ بکا و بە پێی ئەو یاری بکات. داوەتم کرد بۆ مهاباد. کوتی نایەم، بە شەرتێک دێم هێمن هەستێتەوە و بێتە پێشوازم! ئەو ڕۆژە چەند کچ بە پێکەنین هاتن و ماڵەکەیان بۆ خاوێن کردەوە و بە پێکەنینیشەوە ڕۆیشتن. دوای گەڕانەوەم بۆ مهاباد باسی ئەحلامم لە دەفتەری گۆڤاری مهاباد کرد. دواتر گۆڤارەکە دیدارێکی لەگەڵ ساز کرد.»

ئینفۆرماتۆری دووهەم خاتوو نەجیبە مەحموود

«ئەحلام بە گەنجی تێکەڵاوی دونیای ئەدەب و سیاسەت بووە. بەداخەوە بنەماڵەکەی پشتی ناگرن و دژی ئەوە دەبن کە ئەحلام کچێکی ئازاد و یاخی بێ. ئەوانەش کە هاوکاری دادە ئەحلام بوون هەر ڕووناکبیران و شیوعییەکان بوون. بۆیە دەڵێم دادە ئەحلام چونکە خۆی دەیکوت پێم بڵێن دادە ئەحلام. دادە ئەحلام لە ساڵانی ئاخر تووشی خەمۆکی ببوو. هێندێک کاری سەیری دەکرد. بۆ وێنە ڕۆژێک چووبوو مەنجەڵێکی زۆر

گەورەی کریبوو کە دەکرا چێشـــتی گەرەکێکی تێدا دروســـت بکەی. گوتمان ئەوەت بۆ چییە؟ دەیکوت با هەبێ نەکا میوان بێن. هەر ڕادەکشا و سیگاری دەکێشا و قاوەی دەخواردەوە. تەنانەت جارێک ئاوی کوڵیوی بەسەردا دەرژێ و سینگی دەسووتێ. پەیوەندیی لەگەڵ دایک و بنەماڵەی خۆش نەبوو و زۆر ڕقی لە دایکی بوو. بەڵام زۆر دڵی بەوە خۆش بوو کە خۆی توانیویتی ماڵێکی هەبێ و موحتاجی ئـــەوان نەبێ. بە پێچەوانەوە ئەوان کە لە بەغداڕا دەهاتن، یارمەتیی دەکردن. دەیگـــوت با بزانن من موحتاجـــی ئەوان نیم و خەراپەی ئەوان لەســـەر من کاریگەریی نەبووە. زۆر نووسەر و شاعیری دەناسی. لە بەغدا لەگەڵ شیوعییەکان دەبێ و مێرد بە عەرەبێک دەکا. زۆر جار لێمان دەکردە شـــۆخی کە چۆن وا درەنگ زانیت ســـەددام خەراپە و گەڕاوەوە کوردستان. دەزانێ کە مێردەکەی بەعسی بووە و دەکەوێتە زیندان. دادە ئەحلام ڕۆحێکی ئازاد بوو و ئەوەی خۆی ویســـتوویەتی کردوویەتـــی و ئەوەش بۆ بنەماڵەکـــەی قـــورس بووە. کە لـــە مێردەکەی جیابووەوە و هاتە سلێمانی هیچی نەبوو. هەموو هاوکاریمان کرد و لە زانکۆ کاری دەست کەوت. کچان و گەنجـــان زۆریان هـــاوکاری دەکرد و دەوریان گرتبوو تا هەســـت بە تەنیایی نەکا. لە دوای ٢٠٠٠ تـــا ٢٠٠٤ پێکەوە گۆڤاری دەنگی ئافرەتانمان بەڕێوە دەبرد. من بەرپرسی گۆڤارەکە بووم و دادە ئەحلام دەستەی نووسەران. زۆربەی نووسینەکانی هی دەورانی جەوانییەتی. ئەڵوەن هەر ژیانی خۆیەتی و ئامەی ناو ڕۆمانەکە دایانی خـــۆی بووە. گوتـــم بەداخەوە لەو ئاخرســـاڵانە تووشی خەمۆکی ببوو. نیوەشەوێک هەستا خۆی جـــوان کرد و گوتی دەچمـــە دەر. گوتمان بەو نیوەشەوە چ دەکەی و پەشیمانمان کردەوە. دادە ئەحلام ژنێکی ڕاستگۆ، دژی نۆرمەکانی کۆمەڵگا و نەترس بوو. دواتر من هاتمە سوید.»

## ڕۆمانی ئەڵوەن[٢٥]

ڕۆمانی ئەڵـــوەن (١٩٨٠) باس لـــە پەیوەندیی کچێکی بچووک و ژنێکی پەراوێزخراو و قارەمانی ڕۆمانەکـــە بە ناوی «ئامەڕەش»ە. دەقی ڕۆمانەکە بە کرمانجیی ناوەڕاست (سۆرانی) و دیالۆگەکانی ناو ڕۆمانەکە بە شێوەزاری خانەقینییە. قارەمانی ڕۆمانەکە، ئامەڕەش، ژنێکی تریاککێشە و دایانی لەیلا بـــووە. لەیلا دایکی خـــۆی خۆش ناوێ و هەمیشە بە دزی پارەی خۆی دەداتە ئامەڕەش. ئامـــەڕەش ئینســـانێکی جیـــاوازە؛ دژی زوڵمە، یارمەتیـــدەری کچانی گەنجە کـــە پەیوەندیی سێکســـییان لە دەرەوەی بنەماڵەدا بووە. ڕۆژانی جێژن کە قورعانخوێنەکان دەچنە ســـەر گۆڕی دەوڵەمەندەکان، ئامە دەچێتە سەر گۆڕی هەژار و بێکەســـەکان. ئامە دژی کوشتنی سەگەکانی شـــارە، وەها کە دوای دیالۆگێکـــی ئامە لەگەڵ فەرمانبەری شـــارەداری، ڕۆژی دواتر دەســـت لەکار هەڵدەگرێ و دەبێتە گۆڕهەڵکەن. لەیلا کە گەورە دەبێ، چیرۆکی خۆی و ئامە دەگێڕێتەوە. خۆشـــترین سات بۆ لەیلا ئەوسا بووە کە لەگەڵ ئامە چووەتە ســـینەما و لە باوەشـــی پڕ مێهری ئامەدا خەوی لێکەوتووە. بەڵام لەســـەر ئەمەش ئامە دەیان جنێوی پێ دراوە. ژنانی شار زیاترین بێ ڕێزی بـــە ئامە دەکـــەن و وەک خەتەرێک دەیبینن.

## وتوویژ لەگەڵ شاووشکا

لـــە دیدارێک لەگەڵ شاووشـــکادا ئەحلام وەک عادەتی هەمیشەییی خۆی زۆر ڕوون و بێ پەردە قسەکانی دڵی دەکا:

«من هەمیشـــە لە ئێســـتا و ڕابردوودا، زۆر ڕاشکاوانە داکۆکیم لە کێشەی ئافرەت کردووە، بەڵام هاوکات پێم وایە ئێمـــە ناکرێ لەبەردەم چەندیـــن مەســـەلەی گرنگی دیکـــەدا خۆمان بشـــارینەوە و بێدەنگ بین، کە دیارە بەشـــێکی زۆری ئەم کێشـــە گرنگانە پەیوەندییان بە کۆی بارودۆخـــی گشـــتییەوە هەیە. ئەنفـــال، کۆچ، برسێتی، کیمیاباران، نەبوونی دەوڵەت و سنوور. من چۆن بتوانم نووسەرێکی بێ لایەن بم؟ [...] ئەی تیرۆر؟ ئەی سانســـۆرکردنی ئازادی؟ ئەی

جاڵجاڵۆکەی پیاو و باوکسالاری؟ ڕۆژانە هەزار پرسیار لە دەرگای سەرم دەدەن...[...][٢٦]

ئەحلام لە وڵامی ئەم پرسیارە کە وەک کەسێکی ئاسایی ژیانی منداڵێک و ژیانی ئافرەتێک، چۆن بووە ئەوها باسی خۆی دەکا:

«ڕەگەزەکانی ژیانم وەکو ئەتۆم هەمیشە دەتەقنەوە. ناتوانم بە ڕۆمانێک یان دیوانێک یان کورتە چیرۆکێک باسی ژیانی پڕ لە ژان و شینی خۆم بکەم، هەر ئەمەندە دەزانم کە باوکم لە منداڵانی ئافرەتانی سەرزەمین چاندوومی، تاوانبارترین ژن دایکە دڵڕەقەکەی منە، بەردەکانی هەموو ڕاوچی و جەللادەکان ناوچەوانی من دەگرنەوە! کۆنەپەرستەکانیش بە قامچیی تاریک و بیریان پشتم شین و مۆر دەکەن. بۆ؟ چونکە لە سەر سەراپای جەستەم وشەی ئازادی و یاخیبوون نەخشێنراوە، یاخیبوون لە خێزان، یاخیبوون لە کۆمەڵگە و دابونەریت و دەوڵەت. بە ملیار داپیرەم هەیە بەڵام لایەلایەیان بۆ نەکردووم ... حەز ناکەم بڵێم من، چونکە وێنەکانم زۆرن، هەر یەکە و بە شێوەیەک پێشانم دەدات، من یانی ئەڵوەن و کۆپری گەورا و گۆڕستانی پاشا و کۆپری و بڵێسەی بانمێک و مزگەوتی مەجیدبەگ و کلیسا و بەردەکانی باوە مەحمید[...] لە قۆناغی بووکەشووشەی قورمیش کراوەوە بۆ نامۆیی و ونبوون لە ئۆقیانووسی پێشکەوتنخوازیدا. من هەر بە مردوویی لە دایک بووم و ڕەنگە بە مردوویش لە ژێر سێبەری درەختێک نزیک شاری دەربەندیخان واتە لە گەرمیان بنێژرێم. پێش دوو هەفتە گۆڕی خۆمم دۆزییەوە خاوەنی پاسپۆرتی کلۆڵی و بێ ئارامی و هەژاریم [...] دەفتەری یادەوەرییشم فڕێداوەتە نێو دەریای نێوان خۆم و کۆمەڵگەکەم.... ماچەکانم مینرێژ کراون، دڵدارە ڕاستەقینەکانم لە ئەرشیفی مێشکمدا نێژراون، لە ناسیۆنالیزمەوە بەرەو مارکسیزم ملم نا، ئەمیش فڕێی دامە نێو سنووری سوفیزم و نهیلیزم، ئەمیش پاڵی پێوەنام بۆ وێستگەی گەورەی وجودییەت، لە دوا وێستگەدا لەسەر پردی بێهوودەیی پیاسە دەکەم.... ئەهریمەن و فریشتەکان لەنێو دڵمدا دڵداری دەکەن. پاکیزەیی و تاوان لەناو منداڵدانمدا شەڕ دەکەن. ڕاوچی و نێچیر لە ڕۆحمدا ململانێ دەکە، برینم بە چەقۆ تیمارکرد، ناچاریش بووم کلکی دیکتاتۆرەکان بە مقەستی»ڕاستی« ببڕم وەک باوک، برا، هاوڕێ، مێرد، کۆمەڵگا...»[٢٧]

بە ڕای ئەحلام کۆمەڵگە دوچاری دارزان بووە و پێویستی بە نوێبوونەوە و نوێسازی لە هەموو بوارەکاندا هەیە، هەم کۆمەڵگەی کوردەواری و هەم تاکی کورد، پێویستیان بە سەرلەنوێ بنیاتنانەوەیەکی تەندروستە. ئەحلام پێی وایە کە «ئەم ڕێکخراوانە ناتوانن وەک پێویست کار بکەن بۆ ئافرەت، چونکە زۆربەیان لە بناخەوە پاشکۆی حیزبن و ڕێکخراوی سیاسین و بە مەبەستی دیکە قوت کراونەتەوە و ناوی ڕێکخراوی ئافرەتان و ژنانیان لێ نراوە [..] و زۆرێک لەوانەی ئەم ڕێکخراوانە دەبەن بەڕێوە لە ئاستی ڕۆشنبیرییەکی پێویستدا نین و توانای ئەوەیان نییە وەک پێویست خزمەت بە کێشەی ئافرەتان بکەن. [...]»

سەرەرای خۆکوشتن و سووتاندنی ئافرەتان بە بێ هەوڵی جیددی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، هەمیسان ئەحلام دەڵێ «[...] بەڵام لە ئەوەشدا من باوەڕی تەواوم بەوە هەیە کە ئافرەتی کورد لە هەوڵ و کۆشش ناکەوێ تا ئایندەیەکی گەش و ڕووناک دەستەبەر نەکات، لەم ڕووەشەوە زۆر گەشبینم.»[٢٨]

## لێکدانەوە

سیمۆن دی بوار لە کتێبی جنسی دووهەمدا باس لەوە دەکا کە «هەموو ئۆرگانیسمی ژن بۆ ئەوەیە کە ببێتە بەردەی دایکایەتی.»[٢٩] دی بوار پێی وایە کە ژن، ژنانە لەدایک نابێ، بەڵکوو لە ڕەوتی ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەبێتە ژن، واتە ڕۆڵی ژنانەبوون و جنسی دووهەم بوونی پێ دەدرێ.[٣٠]

پرۆفیسۆری ئەدەبیات Toril Moi[٣١] دوای

چەندین ساڵ کار لەسەر ژیان و بیرەوەرییەکانی سیمۆن دێ بوار بە مێتۆدی سۆسیال پسیکۆئانالیز، خوێندنەوەیەکی دەقەکان و ژیانی سیمۆن دێ بوار دەکا و کتێبێ چۆن ژنێکی بیرمەند دروست دەبێ؟ (۱۹۹۶) دەنووسێ. تۆریل مۆیی لە خوێندنەوەکانی خۆیدا نیشان دەدا کە سیمۆن دێ بوار، لە چوارچێوەی پارامێتر و مەرجە کۆمەڵایەتییەکان و پیاوسالاریدا سەرهەڵدەدات و پێدەگا و دەبێتە «سیمۆن دێ بوار»ێک کە لە پێگەی خۆیڕا وەک بیرمەندێک ڕەخنە لەو مەرجانە دەگرێت کە لەژێر باری ئەواندا پێگەیوە. بە ڕای تۆریل مۆیی، سوبژە بەرهەمی چەندان دیسکۆرسە کە یەکتر دەبڕن.[۳۲]

بەشی زۆری کورد و چالاکانی سیاسی و مافەکانی ژنان، زۆرترین کاریگەریی هزر و بیرمەندانی ڕۆژاوایان پێوە دیارە و دونیای هزری خۆیانیان زیاتر لە ئیدە و هێماکانی دەرەوە گرێ داوە کە دیارە ئەمە زۆر هۆی هەیە و لێرەدا مەبەست باسکردن لەم هۆیانە نییە. تا ئێستاش لە کوردستان ئۆلگووی ژنانە، بەو جۆرە کە ببێتە شێوەیەک لە شێوەکانی ژیان، زۆر بە کەمی دەبیندرێ یا هەر نییە. لە کاتێکدا هەر ئێستا هەزاران هەزار ژن لە دونیای پێشکەوتوودا بە ویستی خۆیان بەتەنیا دەژین. وێستێک کە چل پەنجا ساڵ لەمەوبەر بۆ ژنی کورد یا تەنانەت فارس و عەرەب لە مەحاڵ دەچوو و هەزار لاتاو و بوختانیان دەبوو قەبووڵ کردبا. بۆ نموونە شاعیرێکی وەک «فرووغ فەرۆخزاد» لە ماوەی ژیانی خۆیدا دەیان تانە و لۆمەی لێ درا. لێرە باس لەوە ناکەین کە زۆربەی ژنانی کورد دوای مەرگی مێردەکانیان لەسەر منداڵ دادەنیشن و تەنیا دەژین. باسی ئێمە بەتەنیاژیان بۆ ژنانی لاو و چالاکە کە لە کۆمەڵگایەکی نەریتیدا چالاکبوونی ژنێک لە خۆیدا جۆرێک نیگای نەرێنیی لەگەڵە. ئەم نیگایە ئێستاشی لەگەڵ بێ قسەی ئاخر دەکا و زۆر بە کەمی کچانی کورد دەتوانن چالاکی کۆمەڵایەتی بن و بڵێن دەمهەوێ تەنیا بژیم.

ئەحلام مەنسوور، لەیلا قاسم[۳۳] (لەیلا قاسم هەروەک ئەحلام خەڵکی خانەقینە و زۆر بە لاوی بە دەست ڕێژیمی تاوانباری بەعس ئێعدام کرا)، و مارگرێت جۆرج[۳۴] (مارگرێت گەرچی ئاشووری بوو بەڵام خەباتکاری ناو جووڵانەوەی کورد بووە و دوای هەشت ساڵ پێشمەرگایەتی، شەهید دەکرێ) لەو ئێستیسنایانە بوون کە پێ دەنێنە بوار و قەڵەمڕەوی پیاوان؛ سیاسەت و حیزب، شەڕی چەکداری و کاری ئەدەبی. لەیلا و مارگرێت زۆر بە گەنجی شەهید دەبن، بەڵام ئەحلام بە نیسبەت ئەوان زۆر زیاتر (۶۲ ساڵ) دەژی. ئەحلام وەک ژنێکی چالاک کە هەمیشە نیگا و کۆنترۆڵی کۆمەڵگایان زۆر زیاتر لەسەرە، زۆربەی تەمەنی بەتەنیا ژیاوە. ئەحلام مەنسوور لەو تاقانە و ئێستیسنایانە بووە کە ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکانی بۆ ژنان، بۆ وێنە ژن دەبێ منداڵی بێ و مێردی هەبێ، قەبووڵ نەکردووە. ئەحلام وەک ڕووناکبیر و بیرمەندێک، زۆربەی ژیانی لە دۆخی تاراوگەیی و پەراوێزخراویدا ژیاوە و هەمیشە دەنگی ئەوانە بووە کە بێ نوێنەر و فەرامۆشکراون (وەک ئامەڕەش قارەمانی ڕۆمانی ئەڵوەن و ئامەی واقیعیی خۆی). ڕۆمانی ئەڵوەن و دوو پیرسۆناژی سەرەکیی ڕۆمانەکە، شاهیدێکن بۆ ئەم ئیدیعایە. ژیانی سیاسیی ئەحلام کە سەردەمانێک بە گوێرەی نووسینی خۆی وەدوای شیوعییەت دەکەوێ، بەڵگەی ئەوەیە کە ئەحلام وەک ڕووناکبیر بە خەبات و چالاکیی خۆی، بەدوای گۆڕان و شۆڕش لە کۆمەڵگادا بووە. لە وتووێژ لەگەڵ گۆڤاری شاووشکادا ئەحلام باسی کۆمەڵە چیرۆکی پرد دەکا و دەڵێ هەموو هەوڵی ئەوە بووە کە خۆ لە هەموو پێکهاتەکانی پیاوسالاری و لە هەموو پیاوان، باب، برا و مێرد ڕەها بکا. لە کۆمەڵگایەکی وەپاشکەوتووی پەنجا ساڵ لەمەوبەر، ئەحلام باوەڕبەخۆ، تەنیا و ئازاد هەنگاو دەنێ، بەڵام دەبینین سەرەڕای فرسەت و ژیان لە دونیای ئازاد و دیموکراسیی ئەورووپادا، بیرمەندێکی وەک سیمۆن دی بوار، ئەوکات زۆر لە ڕاستییەکانی ژیانی خۆی حەشارداوە.

ئینسان بە شێوەی سروشتی بەدوای پەیوەندیدا دەگەڕێ و بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و هەموو ژیانی وەدوای نیوەکەی تری خۆی دەکەوێ. هەموو نووسەرێکی ژنیش جیا لە پەیوەندیی هەستەوەرانە، بەدوای پەیوەندییەکی هزرییەوەیە. نیوەکەی تری ئەحلام لە ڕەگەزی پیاوێکی شاعیری وەک «هێمن» و لەباری فکرییەوە مۆدێلی سارتر و سیمۆن بووە کە ئەو کات وەک نموونەی جووتێکی ئازاد دەبیندران. ئەحلام سەرەڕای ژیان لە کۆمەڵگایەکی نەریتیدا، نەترسانە و یاخی دەژی. لە ڕاستیدا بۆ ژنێکی وەک ئەحلام تەنیایی مانای تایبەتی خۆی هەبووە، دروست وەک ئامەڕەش کە تەنیا و بێکەس بەڵام باوەڕبەخۆ، لەگەڵ ئیدەئالەکانی خۆی دەژی و لە چوارچێوەی هزری فێمێنیستیی خۆیدا هۆمانیستێکە. ئامە ژینگە و ئاژەڵ دەپارێزێ، پەناگا بۆ منداڵی دەرەوەی نۆرمەکانی شەرع و کۆمەڵگا پەیدا دەکا، لەیلا دەباتە سینەما و سینگی ئامە دەبێتە نیشتمانێکی گەرم و پڕ لە میهر بۆ حەسانەوەی منداڵێک کە لەلای دایکی خۆی هەست بەو ئارامییە ناکا. ئامەڕەش ژنە کوردێک لە شارۆچکەی «خانەقین»ی پەنجا ساڵ لەمەوبەرە، نەتەنیا دایانی ئەحلام بووە بەڵکوو توخمی بیر و هزری ئینساندۆستی و پاراستنی مافی ژنان و سروشت و ئاژەڵان، لە گێڵگەی مێشکی ئەحلامدا دەچێنێ.

ئەحلام بۆ ئەوە دەبێ دونیای ئاکادێمی لەسەری بنووسێ. بەداخەوە ئەم کارە زۆر نەکراوە. تەنیا نووسینێکی سەرنجڕاکێش بە خوێندنەوەیەکی جیاواز لەسەر ئەحلام نووسراوە، نووسینێکی ئەییووب کەریمییە(٢٠١٨) سەبارەت بە ڕۆمانی ئەڵوەن کە لە ژمارە چواری گۆڤاری کەلێندا بڵاو بووەتەوە. کەریمی ڕۆمانەکە وەک شاکارێکی ئەدەبی دەبینێ کە هەوڵی داوە ببێتە دەنگی پەراوێزخراوەکانی کۆمەڵگایەکی پێش‌مۆدێرن. کەریمی دەنووسێ:

«ڕۆمانی ئەڵوەن نیشاندەری ناکۆکییە قووڵەکانی کۆمەڵگایەکی لە حاڵی گواستنەوەدایە؛ چ نووسەر ئەو مەبەستەی هەبووبێ یان نا. دیارە ئەحلام بە حوکمی کوردبوون و ژنبوون و هەژاری و چەندین کێشەی دیکە کە خۆی ئەزموونی کردوون، بە شێوەی ئاگامەندانە ئەو ڕۆمانەی نووسیوە بەڵام ڕەنگە تەنانەت خۆشی ئاگای لە هەموو وردەکارییەکانی ئەو بابەتانە نەبووبێ کە درووژاندوویەتی. [...] بەڵام پێویستە کەسانی شارەزا، بەتایبەتی ڕەخنەگرە ئەدەبییەکان، ئاوڕێکی جیددی لە نووسینەکانی بدەنەوە و بە شێوازێکی تیۆریک بڕواننە ناوەڕۆکی نووسینەکانی ئەم نووسەرە مەزنە کە بە نیسبەتی کات و شوێنی خۆی شاکارێکی پێشکەوتنخوازانەی وەک ئەڵوەنی خوڵقاندووە.»[۳۵]

ئەحلام مەنسوور هاوکات لەگەڵ نووسینەکانی لە پراکتیکی ڕۆژانەی ژیانیدا بیرمەندانە و دژە نۆرم ژیاوە. مەیلی سەرەکیی ئەم نووسینەش ئەوەیە کە بڵێ شێوەی ژیان کردارێکی هزرمەندانەیە. واتە کاتێک شێوازی ژیان دەبێتە نمایش و پێرفۆرمانسی هزرێک، ژیان وەک شوێنێک بۆ پراکتیک کردنی هەست و بیرەکان، ژیان وەک کەرەسەی نمایشێکی بیرمەندانە، نووسین و ئەکتی کۆمەڵایەتی وەک پراکتیک کردنی بیرەکانی تاک.

هاننا ئارێنت پێی وایە کە پراکسیس، باڵاترین و گرینگترین ڕادەی ژیانی سیاسییە. ئارێنت پێی وایە کە زۆر بیرمەند و فەیلەسووف دەبێ زیاتر لە ژیانی سیاسیی ڕۆژانەدا بەشدار بن و چالاکیی ڕۆژانە، وەک «بەکردارکردنی ئازادیی ئینسان» دەبینێ. بە ڕای ئەو، ئێمە دەتوانین ئیدەکان شی بکەینەوە و هەڵیانسەنگێنین، بەڵام ئەوە کە چەندە بە کردەوە ئەنجامیان دەدین ئێمە دەکاتە تاقانە و ئیستیسنا.[۳۶]

ئەحلام مەنسوور بە «هەڵوێست گرتن وەک ئەکتێکی ئاگامەند» لە بەرانبەر نۆرمەکانی پیاوسالاری و کۆمەڵایەتی و یاخیبوونی خۆی لە نۆرمەکانی کۆمەڵگا، ئەکتەری بیرمەندی ژیانی خۆی بوو. ئەحلام دەتوانێ ببێتە نموونە و ئۆلگوو

بۆ زۆر ژنی کورد کە لەسەر پێی خۆیان ڕاوەستن. ئەحلام پێچەوانەی بیر و هزری خۆی نەژیا. ئەو هەروەک ناوی خۆی پـــڕ بوو لە خەونی گەورە. ئەحلام بیرمەندێکی ڕاستگۆ لەگەڵ ڕۆحی خۆی بوو و وەک زۆریەک لە بیرمەندانی پێشکەوتووی دونیـــا کە کۆتاییی ژیانیان بە خەم و شـــێواوی و خۆکـــوژی تەواو بـــووە و باجی بیرمەند بوونی خۆیانیان داوە، ئەحلامیش باجی خۆی دا، وەک ئامـــە، بەڵام ئەمجۆرە ژیا کە بـــاوەڕی پێی بوو. ئەحلام تەنیا بیر و نووســـینی بۆ گرینگ نەبوو بەڵکوو بە پراکسیســـی ڕۆژانە گەیشتە باڵاترین ڕادەی بیـــر. ئەو وەک ئامە بـــوو بە بیرمەندێک کە ئەکت/دەنگی دیار بێ. کردار و هەڵوێســـتی ڕووناکبیران و بیرمەندان دەبێتە هۆی کردنەوەی پەنجەرەکان بەرەو ڕووی دونیایەکی فراوانتر دژ بە زەبری دەســـەڵاتەکان، پـــۆزی نوخبەی بێ کردار و نۆرمە وەپاشکەوتووەکانی کۆمەڵگا. مافی هەڵبژاردنی شـــێوەی ژیان ڕێگایەکی گەیشتنە بە ئازادیی ڕاستەقینە. ئەحلام و ئامە، سەرەڕای تەنیایی و سەختییەکان، ویستی داد و ئازادییان هەبوو. ئەوان وەک هۆمانیســـت و فێمینیستێک بە هەڵوێســـتی ڕادیکاڵی خۆیان شێوەیەکی‌تری بیرکردنەوە و ژیانیان نیشان دا.

## ژێدەر و سەرچاوەکان


1. https://sv.wikipedia.org/wiki/Rosa_Luxemburg
2. https://sv.wikipedia.org/wiki/Virginia_Woolf
3. https://sv.wikipedia.org/wiki/Karin_Boye
4. Kallocain 1940.
5. Kris 1934,
6. https://sv.wikipedia.org/wiki/Hannah_Arendt
7. https://sv.wikipedia.org/wiki/Simone_de_Beauvoir
8. Existentialist
9. The Secend Sex, 1949.
10. Teresa de Laureti, https://en.wikipedia.org/wiki/Teresa_de_Lauretis

١١. کوییـــر تیۆری، کۆمەڵە ڕوانگە و ڕەخنەگەلێک لەخۆ دەگرێ لە بواری پرسی سێکســـوالیتە و، ڕەخنە لە هێترۆنۆرماتیڤەکان دەگرێ کە چۆن سێکس/جنس پێشتر کاریگەریی لەسەر جێندێر واتە ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان دادەنێ، و ڕوانگە بە سێکسوالیتە وەک دەرەنجامی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، مێژوویی و جوغرافی دەزانێ و زیاتر باس لە پەراوێزخراوەکانی وەک دووڕەگەزخوازان یا ترانسەکان دەکا.

12. Judith Butler, https://sv.wikipedia.org/wiki/Judith_Butler
13. https://en.wikipedia.org/wiki/Gayatri_Chakravorty_Spivak
14. Can the Subaltern Speak? 1980.
15. Https://en.wikipedia.org/wiki/Julia_Kristeva

١٦. چەمکێکی ئاڵۆزە کە کریســـتێڤا بۆ کاتی دروست بوونی سوبژە بەکاری دێنێ. ئابجێکشن مەودایەکە لە نێوان خود و ئەویتر، ساتێکە ســـوبژە هەم هەیە و هەم نییە و دێ دروست بێ، فازێکی تاریکە کە دەتوانێ ئەویتر بکوژێ.

17.https://sv.wikipedia.org/wiki/Spektrum_(tidskrift_och_bokf%C3%B6rlag)
18. Carole Seymour-Jones. En Farlig Förbindelse, 2009.
19. Intellectual
20. https://en.wikipedia.org/wiki/Intellectual

٢١. www.Nuche.net ژنـــە یاخییەکـــەی ئەڵـــوەن «ئەحلام مەنسوور «... - نوچە نێت

٢٢. ئەییووب کەریمی. ئەحلام مەنسوور، دەنگی پەراوێز خراوەکان. گۆڤاری کەلێن، زستانی ٢٠١٨ ،ژمارە ٤، لل ١٧-٢٢.

لە شـــاری ســـلێمانی یادی هەر ســـێ ژنە ڕووناکبیر و تێکۆشەر ٢٣.ساکینە جانسز، وەهبییە شـــەوکەت و ئەحلام مەنسوور کرایەوە - YouTube

24. www.hemin.dk/files/pdf/AM_AR_giftugo.pdf
25. www.vejin.net ئەحلام مەنسوور | ڤـەژینبوکس
26. www.hemin.dk/files/pdf/AM_AR_giftugo.pdf p. 40.
27. www.hemin.dk/files/pdf/AM_AR_giftugo.pdf p. 38.
28. www.hemin.dk/files/pdf/AM_AR_giftugo.pdf p. 41.
29. Beauvoir, Simone, Det andra könet (Stockholm, 2002), s. 56.
30. Det andra Könet, 2002.
31. https://sv.wikipedia.org/wiki/Toril_Moi
32. Moi, Toril, Simone de Beauvoir: Hur man skapar en kvinnlig intellektuell. Stockholm, 1996, s. 28-29.
33. https://ckb.wikipedia.org/wiki/%D9%84%DB%95%DB%8C%D9%84%D8%A7_%D9%82%D8%A7%D8%B3%D9%85
34. https://ckb.wikipedia.org/wiki/%D9%85%D8%A7%D8%B1%DA%AF%D8%B1%DB%8E%D8%AA_%D8%AC%DB%86%D8%B1%D8%AC

٣٥. ئەییووب کەریمی. ئەحلام مەنسوور، دەنگی پەراوێز خراوەکان. گۆڤاری کەلێن، زستانی ٢٠١٨ ،ژمارە ٤، لل ١٧-٢٢.

36. Arendt, Hannah. Människans vilkor, översättning av Joachim Retzlaff. (Göteborg, Daidalos, 1998, 2013.) s.33-40.

# باسێکی کورت لەسەر کتێبی
# مێرگی هەڵاڵەسوورەکان

ئامادەکردنی تیشک



*«در اوایل دوران زندان، نوار بهداشتی بسیار کم می‌دادند؛ تا جایی که من نوار بهداشتی‌ام را می‌شستم و دوباره از آن استفاده می‌کردم. زندانیانی هم بودند که اجازه رفتن به دستشویی نداشتند و می‌بایست در سلول احتیاج خود را رفع کنند.»* (۳۳)

*«ما همیشه در زندان گرسنه بودیم؛ نمی‌دانم چرا و به چه دلیل!»* (۴۵)

*«در میان ما کسانی بودند که بسیار می‌ترسیدند. مثلا دختری بود که تا او را صدا می‌زدند، از شدت ترس دچار خون‌ریزی می‌شد.»* (۴۷)

*«بازجویی در نیمه‌شب، خود حالت ترسناکی دارد و زندانی را مضطرب می‌سازد. از زیر چشم‌بند می‌دیدم که بازجو با پیژامه در برابرم نشسته‌است. ترس از تجاوز وجودم را فرامی‌گرفت. در تمام بازخویی، چشم‌بند داشتم و بازجو را نمی‌دیدم. این هم ترس مرا بیشتر میکرد.»* (۸۹)

*«وقتی همدیگر را ملاقات کردیم، او را (مادر) در آغوش گرفتم. از خوشحالی در پوست خود نمی‌گنجیدیم. احساسی عجیب و غیرقابل توصیفی داشتم. انگار از خوشحالی پرواز می‌کردم. در همین اولین درآغوش گرفتن درگوشم چنین گفت: دخترم، اگر به تو تجاوز کرده‌اند، خودکشی کن! حالا که به این مسئله فکر میکنم از خود می‌پرسم چگونه مادری با این همه عاطفه که آرزویش سلامتی و دیدن فرزندش بود، توانست چنین چیزی به دخترش بگوید؟ این واقعه بیشتر از پیش مرا از تجاوز ترساند؛ بیشتر از هر شکنجه دیگری.»* (۹۱)

ڕستەکانی سەرەوە و سەدان ڕستەی وەها لە کتێبی گلزار شقایق‌ها، ناگفته‌های زنان مبارز کردستان ایران (۱۳۹۹) لە نووسینی خاتوو گوڵرۆخ قوبادی دانیشتووی سوێدە. گلزار شقایق‌ها (مێرگی هەڵاڵەسوورەکان) دووهەم کتێبی قوبادی سەبارەت بە نەگوتراوەکانی خەباتی ژنانە. کتێبی یەکەمی نووسەر، شقایق‌ها بر سنگلاخ ساڵی ۲۰۱۵ چاپ و بڵاو کرایەوە.

مێرگی هەڵاڵەسوورەکان بەسەر چوار بەشدا دابەش بووە، ڕەوایەتەکانی ژنانی زیندانیی سیاسی، باسی دایکانی شۆڕشگێڕی ناو شارەکان کە وێرای هاوسەر و منداڵەکانیان دژی ڕێژیمی ئاخوندی خەباتیان کردووە، ڕەوایەتی ئەوانەی تەبعید کرانە شارەکانی ئەوپەڕی ئێران (کە زۆر کەم ئەم بەسەرهاتانە بەداکۆمینت کراوە)، و لیستی ژنانی شەهید. هەر کام لەو بەشانە لە زمان خودی تاکەکان یا منداڵانی ئەو ژنانە یا ڕەفیقەکانیانەوە گێڕدراونەتەوە. دیارە قوبادی خۆی پێشمەرگەی کۆمەڵە بووە، بەڵام لەو کتێبەدا هەوڵی داوە کە ڕەوایەتەکان لە تەیفی جۆراوجۆر بن؛ بۆ وێنە ڕەوایەتەکانی ژنانی زیندانی، کەسانێکن لە هێزەکانی کۆمەڵە و سازمانی فەداییەکان. هەروەها لە ئاخری کتێبەکەدا ناوی زۆربەی ژنانی شەهیدی هەموو حیزب و ڕێکخراوەکان، غەیری حیزبی و سەربەخۆ، لەناو ڕۆژهەڵات یا دەرەوەی ڕۆژهەڵات کە بە هۆی جیاوازەوە شەهید بوون، هاتووە.

هەموو بەشەکانی مێرگی هەڵاڵەسوورەکان گرینگیی تایبەتیان هەیە، لەوانەش بەشەکانی سەبارەت بە دایکانی شۆڕشگێڕ و ئەوانەی کە بە حوکمی کۆماری سێدارە لە کوردستان دوورخراونەوە، بەڵام لێرە بەهۆی کەمیی کات کە تەنیا چەند ڕۆژ بۆ چاپی ژمارەی داهاتوو گۆڤاری تیشک ماوە و کتێبەکە درەنگ گەیشتە دەستمان، تەنیا بە کورتی لەسەر بەشی ڕەوایەتەکانی زیندان ڕادەوەستین. هەڵبەت کەمیی کات نابێتە هۆی فەرامۆشی. ئێمە هەرگیز ئەوانە فەرامۆش ناکەین کە چۆن سەرەڕای دۆخی سەختی ناو شارەکان، لەدەستدانی کار و ڕسقی ژیان، شەهید بوونی منداڵەکانیان و پەرتەوازەیی هەمیسان بەشێکی گرینگ لە خەباتی قارەمانانەی نەتەوەی کورد بوون و هەن. «ڕەخشەندە بلووری» و «ئاباجی» و دەیان ژنی کۆمەڵە و دیمۆکرات و بنەماڵەیتری کورد، نموونەی هەرە بەرچاوی خەباتی ژنانی

ناوشارەکانن.
بەشی ژنانی زندانیی سیاسی وتوویژە لەگەڵ چوار خاتوون:

١ گوڵباخ سەلیمی لە کۆمەڵە
٢ مینا لبادی لە فەداییان کە لەگەڵ هاوسەرەکەی «اصغر ضیغمی» گیران و هاوسەرەکەی ئیعدام کرا
٣ شەهلا پەرویزی لە فەداییان
٤ نازدار برواری لە کۆمەڵە، کە هاوسەرەکەی «عەلی ئاشناگەر»یش چەند ساڵ لە زیندان دەبێ.

هەروەها دووبارە نووسینەوەی ژیانی «ایران خاکسار» لە لایەن نووسەری کتێبەوە بە پشتبەستن بە وتوویژ لەگەڵ دۆستانی خاکسار و تەیب. خاکسار هاوڕێ لەگەڵ هاوسەرەکەی «طیب عباس روحالهی» دەگیرێن و هەردووک ئیعدام دەکرێن.

گوڵباخ سەلیمی ساڵی ١٣٦١ لە تەمەنی ١٥ساڵیدا دەگیرێ. مینا لبادی و نازدار برواری، دایکی منداڵی سەروپێچکە دەبن کە دەیانگرن. شەهلا پەرویزی تەمەنی ٢١ ساڵ بووە کە دەکەوێتە زیندان. خاکسار زەمانی شا زیندانی بووە و ساڵی ١٣٦١ لە تەمەنی٣٠ ساڵی بۆ جاری دووهەم لە دوای هاتنە سەرکاری کۆماری سێدارەدا، دیسان دەکەوێتە زیندان.

ئەوەی کە لە ڕەوایەتی ئەم زیندانییانە دەبیسترێ و هەست پێ دەکرێ دەریایەکە لە بەربەرییەت و تاوانەکانی کۆماری سێدارەی ئیسلامی ئێرانی. هەڵبەتە ئەم ڕەوایەتانە مشتێ لە خەروارن. هەزاران هەزار ئینسان لەو چل ساڵەدا زیندانی، ئەشکەنجە و ئیعدام کراون. ئێران نموونەی بێدادیی ئەشکەنجەگەران و دەسەڵاتدارانی، نموونەی بێرەحمین کە پابەندی هیچ بنەمایەکی ئەخلاقی و ئینسانی نین. بە قەولی «باقر مؤمنی» کە لە پشتبەرگی کتێبی گلزار شقایقها نووسیویتی: «کاتی خوێندنەوەی ئەم کتێبە، وڵاتێکت دێتە پێش چاو کە لەوێ ئیبلیس دەسەڵاتدارە و جندۆکە و شەیتانەکان بە کەیفی خۆیان دێن و دەرۆن و هەر کات بخوازن، بەیانی یا ئێوارە یا نیوەشەو، هێرش دەکەنە سەر ماڵی خەڵک، و نە تەنیا پیاوان، بەڵکوو ژنان و منداڵان بە چێژێکی نەخۆشانە ئازار دەدەن و ئەگەر کەسێک لەبەرانبەریاندا ڕاوەستێ بە گوللە و کارد دەیپێکن و دەیکوژن. ئەوان جگە لە زیندانی کردن و ئەشکەنجەی ئینسانەکان، بنەماڵە و خزمەکانیشیان بە کۆمەڵ لە ماڵ و سەرپەناکانیان دوور دەخەنەوە، دەیانخەنە تەبعید و بێپەنا لە وڵاتی غەریب و نەناس ئاوارەیان دەکەن.»

ئێستا وردە وردە ڕەوایەتەکانی زیندانیان کە لەم چل ساڵەدا زیندانی و ئیعدام کراون، دەنووسرێنەوە و دەبیسترێن. بۆ وێنە چەند ساڵ پێش لە دادگای «ایران تریبونال» لە لاهە زۆر زیندانی پێشوو بەشدارییان کرد و بەسەرهاتەکانی ئەوان کە ئێستا دانیشتووی دەرەوەی وڵاتن، مچورکی بە ڕوح و دڵی ئینساندا دێنا. زۆربەی زیندانییان ئێستا دوچاری خەمۆکین. ئێمە لەگەڵ ئوقیانووسێک لە تاوان ڕووبەڕووین کە کەس نازانێ سوونامیی ئەم تاوانانە ڕۆژێک بۆ کوێمان دەبا. کاتێک لەگەڵ ڕوایەتەکانی زیندان، چ لە کتێبی مێرگی هەڵاڵەسوورەکان و چ لە کتێب و فیلم و بەرنامەکانی ڕادیۆیی دیکەدا ئاشنا دەبین، لەخۆمان دەپرسین «ئینسانییەت لە کوێیە و بۆ ون بووە؟ چۆن دەکرێ ئینسان ئەو هەموو تاوانە بکا؟» بەڵام حەقیقەت ئەوەیە کە هەن و زۆرن ئەوانەی کە ئەو تاوانانە دەکەن و زۆر تاوانیش ئێمە لێیان ئاگادار نین.

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ڕەوایەتەکانی کتێبی مێرگی هەڵاڵەسوورەکان، دەتوانین ئاماژە بە چەند خاڵی گرینگ بکەین، لەوان:

١ بۆ ئەشکەنجەگەران و دەسەڵاتدارانی ئێرانی، تەمەن و جنسی زیندانی هەرگیز گرفت نەبووە و ئێران هەموو کۆنوانسیۆنەکانی جیهانی لە ژێرپێ ناوە. هەر لە ساڵانی یەکەمەوە بۆ وێنە لە مهاباد منداڵی ١٢ ساڵە ئیعدام کرا. لەم کتێبەدا دەبینین کە گوڵباخ لە تەمەنی ١٥ ساڵی دەکەوێتە زیندان و زیندانەکان پڕبووە لە منداڵ، چ وەک زیندانی و

چ هاورێ لەگەڵ دایکانی زیندانی.

٢ دۆخی ناو زیندانەکان تا ئەو پەری بێدادی و دڵتەزێنی بووە. زیندان لە خۆیدا بێڕەحمانە سەختە، بەڵام بە هۆی پێکهاتەی فیزیکیی ژنان هەمیشە بۆ ژنان زیندان چەندقات سەختترە. بۆ وێنە لەم کتێبەدا باس لەوە دەکرێ ژنی زیندانی تەنانەت دەستی بە سادەترین کەرەسەی پێویستی وەک «نوار بهداشتی» ناگا، و کچانێک بوون کە لەگەڵ هەر جار بانگ کردنێک بۆ بازجوویی لە ترسان وەسەر خوێن کەوتوون.

٣ ئەشکەنجە خۆی لە خۆیدا دژی ئینسانییە. لەم کتێبەدا دەبینین ئەشکەنجە لە زیندانەکانی کۆماری سێدارەدا لەرادەبەدەر قورس و توندن وەها کە بۆ وێنە گوڵباخ ٩٠٠ دانە شەللاقی لێدەدرێ.

٤ سەرەڕای ئەو ئەشکەنجە سەختانە زۆربەی زیندانییان مقاومەتیان کردووە. هەر بۆیە لە نێوان ساڵانی ١٣٦٠ هەتا ١٣٦٧دا هەزاران هەزار ئینسان ئیعدام و بێسەروشوێن کران. هەر لە هاوینی ١٣٦٧ زیاتر لە بیست هەزار زیندانی ئیعدام کران، وەها کە بە گوێرەی زۆر ڕەوایەت تیمەکانی ئیعدام پێرانەدەگەیشتن.

٥ بەرخۆدان هەمیشە ڕق و کینەی زیاتری زیندانبانی لەگەڵە، کە ئەووەش زۆرجار دەبێتە هۆی هارتر بوونی زیندانبان و چاوەدێر.

٦ بەرخۆدانی ژنانی ناو کتێبی مێرگی هەڵاڵەسوورەکان، ژنانی ناو شارەکان لە کاتی خەباتی چەکداریدا، ژنانی تەبعیدی، سەدان ژنی پێشمەرگە و ژنانێک کە ئێمە هەر نایانناسین، بەشێکی بەهێزی کەسایەتی و هۆویەتی ژنی کورد و سۆبژەی ئەرێنی و چالاک پێکدێنێ. ئێمە بە دەیان جار لە کتێبی مێرگی هەڵاڵەسوورەکاندا دەبینین کە سەرەڕای ئەشکەنجە، برسێتی و تەحقیری ڕۆحی و جەستەیی و کولتووری و سیاسی، ئەو ژنانە لەبەرانبەر زیندانباناندا ئامادە و بەباوەڕ ڕاوەوەستن و دەیان جار دەخرێنە بەندی تاکەکەسیی تەنگ و سارد و جاری وایە چەندین شەو و ڕۆژ لەسەر پێ ڕاوەستاون.

٧ زۆربەی زیندانییان تەنانەت دوای ئازادبوون، دوچاری نەخۆشیی جیددی بوون. شەهلا ئاماژە دەکا کە نەخۆشیی MS[١]ـەکەی هەر لە ئاکامی گوشار و ڕەنجی زیندانڕا بووە و گوڵباخ دەڵێ کە ئێستا گرفتی پشت و سیاتیکی هەیە. جیا لە گرفتە قووڵەکانی ڕۆحی و ڕەوانی کە ئێستاش یەخەی ئەوانی بەرنەداوە، بەڵام ئاسەواری فیزیکیی زۆر توندی بەهۆی ئەشکەنجە لەسەر جەستەیان بەجێ هێشتووە.

٨ زۆر شەهید هەتا ئێستاش گۆڕەکانیان دیار نییە. ئیعدامی چالاکان بەدەست کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستا بەردەوامە. نموونەی هەرە بەرچاو، ڕامین حوسێنپەناهییە کە تا ئێستا دایە شەریفە لە کورەکەی دەگەڕێ.

٩ گرینگترین خاڵ لە باسەکانی زیندان و ژناندا ڕەنگە باسی سێکسوالیتە و زیندان بێ. ژنی زیندانی هەمیشە لەگەڵ ترسی تەجاوز/ دەستدرێژیی جنسی ڕووبەڕوویە. ترسێک کە تەواوی ئەو ژنانە باسی دەکەن. سێکسوالیتەی ژنی زیندانی خاڵی هەستیاری ژنانە. چونکە ژن لە کۆمەڵگایەکدا دەژی کە وەک شەرەفی بنەماڵە و پیاو و نەتەوە چاوی لێدەکرێ. ترسی دەستدرێژی بە ژنی زیندانی هەم بۆ خودی زیندانییە و هەم بۆ بنەماڵەکەی. لەو کتێبەدا دەبینین کە شەهلا باس لەوە دەکا کە دوای چەندین مانگ کاتێک دایکی دەبینێ و ئەو دڵی بە دیتنی دایکی خۆشە کەچی دایکی لە بنی گوێیدا دەڵێ «ئەگەر دەستدرێژییان پێ کردووی خۆت بکوژە»، کە ئەوە بۆ شەهلا وەک شۆکێکە.

١٠ زۆربەی جار ژنانی زیندانی لەگەڵ خۆیان بڕیاریان داوە کە ئەگەر دەستدرێژییان پێ بکرێ خۆیان بکوژن. چونکە ئەوان دەزانن لە کولتووریکدا دەژین کە ژن بە سێکسوالیتەکەی گرێ دەدەن. سێکسوالیتەی ژنان هەمیشە تابۆیە[٢] و ژن کە دەستدرێژیی پێ کرا بە چاوی سووک دەبیندرێ. لە کاتێکا کە دەبێ دەسەڵات و زیندانبان تاوانبار بکرێن، هەمیسان ئەوە ژنە کە زیاتر بە سووک چاوی لێ دەکرێت. ژنان لە

هەموو دنیادا و لە کاتی شـەڕ و زیندانی بووندا خەتەری دەستدرێژییان لەسەرە. هەڵبەت ئێستا ئەو خەتەرە لەسەر پیاوانیش زۆرە.

١١ دوای زیندان زۆر جار کچانی زیندانی تەریک خراونەتەوە و بۆ وێنە ئیمکانی هاوسـەرگیرییان کەمتر بووە. بەڵام سەرەڕای گرفتەکان، ئەوانەی کە لـە زیندانەکاندا مقاومەتیـان کردووە دوای ئازادبوون توانیویانە لەسەر پێ ڕاوەستن و باوەڕ و متمانەی خەڵکیان وەدەست هێناوە.

١٢ کێشـەیەکی گـەورەی ژنانـی زیندانـی منداڵەکانیانـن کە یا لەگەڵیان لـە زیندانن و یا لـە دەرەوەی زیندان لە لای بنەماڵەکانن. منداڵ وەک نزیکترین خۆشەویسـتی بە دایک هەمیشە زیاتر دایک/ژن دەخاتە دۆخی دڵەڕاوکێ، شـک، ترس و شـکان. دایک هەمیشـە لەسەر لێواری هەڵدێرێکە لە نیوان هەڵبژاردنی خەبات و نەتەوە یا منداڵەکەی. بەداخـەوە منداڵەکانیش زۆر جار تووشـی کێشەی ڕوحی هاتوون و کاتێکی زۆری بردووە تا بتوانن بگەڕێنەوە سـەر ژیانی ئاساییی خۆیان.

١٣ ئیعدامـی هاوژین و هاوسـەر لە زیندان و بە تەنیا مانەوە لەگەڵ منداڵ و ئەرکی ڕاگرتنی ژیان و منداڵ بۆ ئەو ژنانە بەتایبەت لە دۆخی ناڵەباری ئابووریدا کێشـەیەکی تری ژنانـی زیندانییە. بۆ وێنـە مینا و نازدار کە منداڵیـان بووە بە ڕوونی باسی ئەو دژوارییە دەکەن.

١٤ زیندانیـی کورد کە دەکەوێتـە زیندانەکانی دەرەوەی شارەکانی کوردستان، چەند قات دۆخی سـەختتر دەبێ. لـەو زیندانانـە، تەنانەت مافی کوردی قسـەکردن لە زیندانی دەستێندرێتەوە. بنەماڵەکان کە لە شـارەکانی کوردسـتانرا دێن، ناتوانن لەگەڵ منداڵەکانیان بە کوردی قسە بکەن و زۆر جار بەو بەهانەیە ناهێڵن منداڵەکانیان ببینن. ئینسانی زیندانی کە زمانی دایکی لێ بستێننەوە لە ڕاسـتیدا فەلەج دەبێ. بە پێی لێکۆڵینەوەکانی پسیکۆئانالیز/دەروونشـیکاری و لینگویسـتک و زمانناسی، هەستە قووڵەکانی ئینسان هەمیشە بە زمانی دایک/زمانی یەکەم دەردەبڕدرێ.

١٥ کاتێـک زیندانیی کورد بـۆ وێنە لە زیندانی ئەوین لە تارانە، جیا لە خودی زیندانی، گوشارێکی چەند قـات لە هەموو بوارەکان دەکەوێتە سـەر شانی بنەماڵەکان بە تایبەت دایکەکان کە سەدان کیلومیتر ڕێگا دەپێون.

١٦ تاقەت و هێزی ئینسـان سـنووردارە. هەموو کەس بە زۆر هۆی جەستەیی، ڕۆحی، بنەماڵەیی و کولتووری، ناتوانێ هەتا سەر، لەسەر باوەڕەکانی ڕاوەسـتێ. زۆر کەس لـە زیندانەکانـدا خۆیان کوشـتووە. زۆر کەس هەوڵی خۆکوشتنیان داوە. زۆر کـەس بەرگەیـان نەگرتـووە و تێکچوون و یا خەمۆکیـی قووڵ بەرۆکی گرتـوون. کۆماری ئیسـلامی بۆ کوتانـی زیندانیانی «سـر موضع» زۆرجـار لـە «تـواب»ەکان کەڵکـی وەرگرتووە. واتە سیاسـەتی «ڕەفیق لە بەرانبـەر ڕەفیق»ی گرتووەتەبەر کە ڕەنگە ئەوە دڵتەزێنترین بەشـی ژیانی زیندان بێ. زۆر زیندانی دواتر زانیویانە کە بازجوویەکان ویستوویانە ئەوان فریوبدەن، بۆ وێنە گوڵباخ کە فریویان ناخوا و بەمجۆرە ویستوویانە یا زانیاری وەدەستخەن و یا زیندانیی پێ بشکێنن. هەڵبەت لێرەش دەبێ دیسـان کۆماری ئیسلامی و ئەشـکەنجەگەر بە تاوانباری سەرەکی بناسین نەک تەواب.

١٧ سیاسـەتی زیندانبانی ئێرانی ئەوەیە کە نەک هەر لە زیندان بتشـکێنی، بەڵکـوو کەرامەت و ژیانی دوای زیندانیشـت لێ وێران بکا تا نەتوانێ دیسـان بچیتەوە ناو ڕیزی خەباتکاران. هەر بۆیە سیاسەتی شـکاندن، تۆبە وەرگرتن، هێنانە سەر تیڤی لەناو زیندانا تا ئێسـتاش لەلایەن ئێرانەوە پەیڕەوی دەکرێ.

١٨ سـەرەڕای چل سـاڵ بێدادی کـە کۆماری ئیسـلامی بە هەمـوو جۆرێک نەتـەوەی کورد و باقیـی خەباتکارانـی دژ بە خـۆی قەتڵوعام و زیندانی دەکا، بەڵام دیسـانەوە ئینسانی کورد لە شـار و لە شاخ لەسەر خەباتی خۆی بۆ گەیشتن بە ماف و پێگەی ئینسانی و سیاسی و نەتەوەییی خـۆی بەردەوامـە. لەم کتێبەشـدا دەبینین کە زۆربەی زیندانیانی سیاسی و بنەماڵەکانیان دوای

ئازادبوون، لە خەباتی ڕەوای خۆیان بەردەوام بوون و پاشەکشەیان نەکردووە.

**١٩** کورد بوون، هاوئایینی دەسەڵات نەبوون (و بێ باوەڕی بە ئیسلام)، ژن بوون، پێشمەرگە و خەباتکار بوون دەبێتە پێکهاتەیەک کە داگیرکەری ئێرانی هەمیشە تۆ لە چەند توێژی جیاوازدا وەک «ئەویتر» ببینێ و هەوڵی شکان و نەمانت بدا.

**٢٠** ڕاستە بۆ کۆماری ئیسلامی هەموو ئەوانەی لە بەرانبەریدا ڕادەوەستن، «خودی و غیر خودی»، دەبێ لەناوبچن، بەڵام بۆ نەتەوەکانی غەیری خۆیان وەک کوردەکان و بەلووچەکان، هەمیشە دۆخەکە چەند قات سەختتر بووە. ئەوانەش کە بۆ وێنە فارس بوون، وەک «ایران خاکسار» بەڵام هاتوونەتە ناو خەتی بەرگری لە کورد، تووشی قین و ڕقی دەسەڵاتدان بوون و گیانیان لەدەست داوە.

بەداخەوە تا ئێستا ئەو جۆرەی کە پێویستە خەباتی ژنانی کورد لە شار، لەناو زیندان، لە تاراوگە (بەهەموو جۆرەکانی) بە بەڵگە و ئارشیو نەکراون. ئەوەش کە دەگەڕێتەوە سەر خەباتی ژنانی ناو شار و خەباتی مەدەنی، هەمیسان زۆر بایەخی پێنەدراوە و نەنووسراوەتەوە. ئەوانەش کە شەهید بوون، تەنیا ناویان وەک شەهید هەیە، ئەگینا لە ژیانیان شتێکی زۆر نازانین. تەنانەت ناوی هەموو شەهیدەکانیش تا ئێستا کۆنەکراوەتەوە و زۆر کەس نەناس و بێسەروشوێنن. ئەمە لە کاتێکدایە کە بۆ وێنە فارسەکان لە زۆر بارەوە چالاکن و بە دەیان کتێب لەسەر بیرەوەرییەکانی زیندان نووسراوە، و لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا باسیان کردووە، تەنانەت سیمیناری وایان بووە کە ژنان باسی دەستدرێژیی زیندانبان بە خۆیانیان کردووە و هەموو بەشداران پێکەوە گریاون. کە ئەوەش زیاتر هەستی هاوبەش دروست دەکا و تابۆکان دەشکێنێ.

بە خوێندنەوەی ئەم جۆرە کتێبانە و لە ڕێگای نووسین و ڕەوایەتەکانەوە ئێمە دەتوانین بزانین:

**١** قوولاییی تاوانەکان تا چەند و تا کوێ چوون.

**٢** ئەوەی کە دەگەڕێتەوە سەر ژنان ئەوەیە کە نرخی ئەو خەبات و قوربانیدانە بزانین و بتوانین کەسایەتی و هۆویەتی شایانی ژنان، بە تایبەت ئەو ژنانەی کە دەستدرێژیان پێ کراوە بگەڕێنینەوە. لە ڕوانگەی ئێمەوە دەبێ هەمیشە سیاسەتی سڕینەوەی ئاسەواری تاکتیک و ستراتێژییەکانی کۆماری ئیسلامیمان هەبێ و کاتێک ژنێک لە زیندان و یا بەهەر جۆرێک لە لایەن ئەوانەوە دەستدرێژیی پێ دەکرێ، ئاکار و دەسەڵاتی ئەوان بێتە ژێر ڕەخنە، نەک ژنەکە بخرێتە پەراوێزەوە.

**٣** بتوانین لە دادگا نێونەتەوەییەکاندا دادی ئەو ستەم و بێدادییانە بستێنین.

**٤** خۆمان ئامادە بکەین هەرگیز لەو جۆرە تاوانانە نەکرێینەوە. مێژووی ئینسانی، شاهیدی بەردەوامیی تاوانە. با تۆوی هومێد لە دڵ و مێشکماندا بچێنین کە چیدی وا نەبێ و تاوانەکانی ئینسان دەرحەق بە ئینسان دووپات نابنەوە.

ڕەوایەتە نەگوتراوەکانی ژنانی کورد و ڕەوایەتەکانی گوتراو و نەگوتراوی پیاوانی کورد و زۆر ڕەوایەت کە تا ئێستا ئاشکرا نەبوون و یا زۆر کەم باسیان کراوە، گرینگیی تایبەتیان بۆ تاک و نەتەوەی کورد هەیە. هەر بۆیە کتێبەکەی گوڵرۆخ قوبادی، مێرگی هەڵاڵەسوورەکان، بۆ گێڕانەوە و نووسینەوەی بەشێک لە مێژووی کوردی ڕۆژهەڵات بە گشتی و خەباتی ژنانی کورد بە تایبەتی، ئەویش لە دەورانێکی یەکجار سەختی چل ساڵەدا، هەوڵێکی گرینگ و شایانی ڕێزە. ئێنجا ماوەتەوە کە ئێمە دەبێ بە پشتبەستن بەو رابردوو و بەسەرهاتانە، زۆر هەوڵی زیاتر بدەین کە هەموو ڕەوایەتە نەنووسراوەکان بێنە سەر کاغەز و ببنە بەڵگە و ئارشیوی کورد.

## ژێدەرەکان

١. MS نەخۆشییەکە کە سیستەمی عەسەبی تێکدەچێ و وردە وردە ماسوولکەکان لە کار دەکەون و توانای ڕۆیشتن و ژیانی ئاسایی و هەناسەکێشان لەدەست دەدەی.

2. Tabu.

# ناساندنی کتێبی بزووتنەوەی ژنان

Andrée Michel

ئامادەکردنی تیشک



ئاندرێ میشێل کۆمەڵناس، فێمینیست، دژەکۆلۆنیالیست و دژە میلیتاریست، سێپتامبری ١٩٢٠ لە فەرانسە لە دایک بوو. دوای وەرگرتنی بڕوانامە لە یاسا و دوکتۆرای فەلسەفە، وەک مامۆستای دواناوەندی لەنێوان ساڵانی ١٩٤١ هەتا ١٩٤٣ کاری کرد و دواتر ١٩٤٤ خۆبەخشانە وەک یارمەتیدەری کۆمەڵایەتی چووە ناو سپا. دوای ڕزگاریی فەرانسە و نشتەجێ بوون لە پاریس، دوکتۆرای کۆمەڵناسیی لە زانکۆی سۆربۆن لەسەر «بنەماڵە، سەنعەتی بوون و جیوار/مسکن» (١٩٥٩) نووسی. چەمکەکانی هەڵاواردەیی، نایەکسانیی نێوان چینەکان و جنس، میلیتاریزە کردن و شارۆمەندی، زیاترین پرسی فکری و ژیانی ئاکادیمیکی ئاندرێ میشێل-یان وەک کۆمەڵناسێک پێکهێنا. هەر چۆن چەمکەکانی «باکوور، باشوور و خەباتی دژە کۆلۆنیالیستی»، کە دواتر لە نووسینێک سەبارەت بە دۆخی کرێکارانی جەزایری لە فەرانسە چاپی کرد.

لەدوای ١٩٥٠ ئاندرێ سەبارەت بە کێشەکانی پەنابەرانی کرێکار، لەشفرۆشی، بنەماڵەی کرێکاران و ئەوە کە هەژاران و کرێکاران بە دژواری دەتوانن شوێنی حاوانەوە لە پێتەخت پەیدا بکەن، لێکۆڵینەوە دەکا. ئەو لە زۆر وڵاتی دنیا، جەزایر، کانادا، ئەمریکا، مێکزیکۆ، ئەمریکای باشوور، بێلژیک و پرۆژەی نێونەتەوەیی و نادەوڵەتییەکان، لەگەڵ پرۆژەی جۆراوجۆری دەیان توێژینەوە کاردەکا. هەروەها بە پێشنیاری پرۆفیسۆر ئێلیزابێت بۆولدینگ لە زانکۆی کۆلۆرادۆ، کۆمیتەی نێونەتەوەییی هاوکاری لەسەر «ڕۆڵەکانی جێندێری» درووست دەکا. ساڵی ١٩٧٤ «ڕۆڵەکانی جێندێری، بنەماڵە و گەشەی ئینسانی» وەک یەکەیەکی لێکۆڵینەوە بۆ قوتابیان دادەنێ. ئاندریێ سەرەڕای دەیان کاری لێکۆڵینەوە، چالاکانە وەک ئەکتیویستێک لە جووڵانەوەکاندا بۆ وێنە جووڵانەوەی «پلانی بنەماڵە» بەشدار دەبێ. ساڵی ١٩٦٥ لەگەڵ جووڵانەوەی دێموکراتیکی ژنان دەکەوێ. دواتریش لە سەر دەیان بابەت و پرسی کۆمەڵایەتی و بنەماڵەیی لە کۆنفرانس و باسەکاندا بەشداری دەکا.

ئاندرێ میشێل پاتریارکات/باوکسالاری وەک سیستەمێک دەبینێ کە بە ئاشکرا و یان بە شێوەی دیکە، تەواوی دامەزگاکان و مێکانیسمەکانی ئیدیۆلۆژیی خۆی، ئابووری، سیاسی، ئەخلاق، زانست، دەرمان، کولتوور، مۆد، مێدیا و پەروەردە بەکار دێنێ بۆ ئەوەی باڵادەستیی پیاو بەسەر ژندا دووبارە بەرهەم بێنێتەوە، درووست هەر چۆن کاپیتالیسم هەمان کار دەکا تا باڵادەستیی خۆی نیشان بدا.

ئاندرێ میشێل دەیان کتێبی گرینگی نووسیوە و لێرە تەنیا ئاماژە بە چەند دانەیان دەکرێ:

١ کۆمەڵناسیی بنەماڵە
٢ فێمینیزم
٣ کۆمەڵناسیی بنەماڵە و ژنومێردایەتی
٤ فێمینیزم و دژە میلیتاریزم
٥ نا بۆ کلێشەکان، لابردنی هەڵاواردنی جنسی لە کتێبی منداڵان و قوتابخانەکاندا
٦ مۆدێرنیزاسیۆنی بنەماڵەکانی ئافریکایی لە پەراوێزی پاریسدا
٧ داد و حەقیقەت بۆ بۆسنییەن و هەرسیگۆوینا
٨ دێموکراسیی دەسەڵاتی زیادە لە سنوور

کتێبی بزووتنەوەی ژنان کتێبێکی ١٦٧ لاپەڕەییە لە نووسینی ئاندرێ میشێل. ئەم کتێبە لە ٦بەشی سەرەکی و بەشێکی ئاکامگیری پێکهاتووە.

لە بەشی یەکەمدا نووسەر وێڕای ئاماژە بەوەی کە لە سەردەمی بەردینی کۆندا ژنان هاوکات لەگەڵ کۆکردنەوەی خۆراک لە کاری ڕاوکردنیشدا بەشداریان کردووە و مرۆڤە ڕاوچییەکان سەرەڕای پۆشتە و پەرداخ بوون، بە چەکی بەر لە مێژوو لەگەڵ یەکدا بە ئاشتی ژیاون و هیچ جۆرە شەڕێک لە نێوانیاندا لە ئارادا نەبووە، باسی لەوە کردووە کە بەپێی لێکۆڵینەوەکان، دەرکەوتووە کە کۆمەڵگا لە سەر بنەمای هاوکاری و هاوبەشی دامەزراوە و چەوساندنەوەی تێدا بەدی ناکرێت. ژنان پێگەی کۆمەڵایەتیی بەرزیان هەبووە کە ئەمە زیاتر لەو پەیکەرە دۆزراوانەدا دەردەکەوێ کە لە بەرد یان ماکێکی ئێسقانی سپی لە ژنان درووست کراون. دواتر بە کەم بوونەوەی ڕاو، هاوکات لەگەڵ یەکەمین شۆڕشی بەردینی نوێ، ئەولەوییەت بە کۆکردنەوەی مێوە، دان و کێڵان دەدرێت و ژنان لەم قۆناغەدا

ڕۆڵی بەرچاویان گێڕاوە کە ئەمە بەستێنی بەدیهاتنی زانســت ئامادە دەکات. بەســتراوەبوونی منداڵان بە دایک، خودایانــی دایک دەخولقێنــێ و ئەوەی کە سەرنجڕاکێشــە ئەوەیە کە لەم شارستانییەتی دایک مەزنییــەدا، هیــچ نیشــانەیەک لــە دوژمنایەتی و شەڕەنگێزی بەدی ناکرێت.

لە بەشــی دووهەمدا، نووسەر باس لە دووەمین شۆڕشــی ســەردەمی بەردینی نــوێ دەکات کە بە دۆزینــەوەی وزەی نوێ، پێگەی ژن لــە کۆمەڵگادا دادەبــەزێ. لەم کاتەدا نشــتەجێبوون دێتە ئاراوە و شارەکان دروست دەبن و یەکەمین ناکۆکیی چینایەتی دێتە ئاراوە. بەرهەمهێنان زیاد دەکات و شەڕەنگێزی دێتە ئاراوە، لێرەدایە کە هێژمۆنیی ژنان لە ئاییندا کز دەبێ و پەیکەری بچووک بە تایبەتمەندیی پیاوانەوە جێگای خودای دایــک دەگرێتەوە. ڕووداوەکانی ئەم سەردەمە نیشــان دەدەن کە کاولکردنی سروشت و لاوازبوونی پەیوەندیــی نێونەتەوەیی، هاوکاتە لەگەڵ دابەزین و لاوازبوونی پێگەی ژنان و بەدیلگرتنیان لە بنەماڵە و شاردا.

نووسەر لە بەشی ســێهەمدا ئاماژە بەوە دەکات کە هــاوکات لەگــەڵ ڕووخانــی ئیمپراتۆریی ڕۆم، دژایەتییــەکان لەگەڵ ئازادیی ژنــان کۆتاییيان پێ دێت.

پــاش ڕووخانــی ئیمپراتۆریــی ڕۆم، هەنــدێ ڕێکخراوی خێڵەکی ســەر بە ژێرمەن و فرانکەکان، دروست دەبن و سەرەڕای ئەوەی کە لە سەدەکانی ۶ و ۷دا، بەڕێوەبەرانی کلیســا، ژنان لە مافی ئۆسقۆفی بێبــەری دەکەن، بەڵام ژنان دیســانەوە لە کاروباری کۆمەڵایەتی و زانستیشدا وەکوو پیاوان دەجووڵێنەوە.

لە ســەدەکانی ۱۰ و ۱۱دا (سەرەتای سەردەمی فیئۆدالی) بەهــۆی دابەشــبوونی وڵات، ژنان مافی پاشــایەتی، دەســەڵاتی چەکــداری، دادوەری و دروســتکردنی پارە، گرتنی باج لە خەڵک و هەندێ ئەرک و بەرپرسایەتیی دیکەی حکوومەتی بەدەست دێنن.

بەگشتی لەم دەورەیەدا هیچ بەربەستێک لە سەر ڕێگەی ژنان نەبووە و توانیویانە وەکوو دادوەر، قەڵادار لە سەر ماڵ و مڵکی خۆیاندا بە تەواوی زاڵ بن.

لە سەردەمی بێزانسدا، ژنانی ناسراو لە زانکۆکاندا ئامــادە و بەشــداربوون و کاری ناحکوومیان بەڕێوە دەبرد.

لە ســەدەکانی ۷ و ۸دا (دامەزرانی ئیمپراتۆریی ئیســلامی)، ژنان وەکوو کەسانی خوێندەوار و پسپۆڕ لــە کاروباری ئایینی، شــیعر و دادوەری، توانیان بە سەرکەوتووییەوە دەسەڵات بەڕێوە ببەن.

لە ســەدەی ۱۱دا، پیــاوان بــە قەدەغەکردنی خوێنــدن، ژنانیان لە کاری ئــازاد و ناحکوومی دوور کردەوە. دواتریش ســەرقاڵیی ژنان بە نەشتەرگەری، جوانــکاری و ڕازاندنەوە کە تێیاندا شــارەزاییيان بە دەست هێنابوو، قەدەغە ڕاگەیەندران.

لــە کۆتاییەکانی ســەدەی ۱۲دا، ژنان ئازادیی زۆریــان هەبووە کە دواتر دەرفەتەکانیان لێ یاســاخ دەکرێ. بەڵام دژایەتی لەگەڵ مافی یەکسان بۆ ژنان هەبــووە و هەندێک لە پیاوان، بەتایبەت ســەرۆکی وڵاتە موســوڵمانەکان، لە هەوڵی ئەوەدا بوون ئازادیی ژنان بەرتەســک بکەنەوە. توێژی بروکرات و کلیســا کە بەربەرەکانێی بەدەســتەوە گرتنی دەســەڵاتیان دەکرد، بۆ دژایەتی لەگەڵ دەستپێراگەیشــتنی ژنان بە بەرپرسایەتییەکی کە پێشتر لە مێژوودا هەیانبووە، یەکگرتووییەکیان تێدا دروست بوو و دیسانەوە ژنان زەرەرمەند بوون.

ژنانی ئەشراف کە لە ئەرکەکانی خۆیان بێبەری ببوون، لە ســەدەکانی ۱۲ و ۱۳دا، بە دامەزراندنی ئەنجومەنی ڕێ و ڕەوشت زانین و هەروەها یەکگرتن لەگەڵ بزووتنەوەی گەورە و بەهێزی نۆژەنکردنەوەی ئایینــی(cathare)، بە نارەزایەتــی دەربڕین، هەوڵی بەربەرەکانێ لەگەڵ پیاوەزنییان دا. ئەمە دژکردەوەی کلیسا و بۆرژوازیی لێ کەوتەوە، بۆیە بە دامەزراندنی ســێ بنکەی پشــکنینی بیرورا و مافی نوێی بنەماڵە و سیستەمی یاســایی، هەوڵی پەراوێزخستنی مافی ژنانیان دا.

نارەزایەتییەکان لە نێو ژناندا پەرە دەســتێنێت و کریســتییەن دۆپیزا، جڵــەوی نارەزایەتییەکان بە دەســتەوە دەگرێت و خوازیاری فێرکاری و پەروەردە بۆ ژنــان دەبێت تاکوو لــە کاتی بێوەژنیــدا بتوانن بەرپرسایەتیی بنەماڵەی خۆیان بە ئەستۆ بگرن.

ناوبـــراو دوو بابەتی بنەڕەتی و گرینگی پەرەپێدا کە دواتر لە ئەندێشـــەی فێمینیستیدا زۆر جەختی لە سەر کرایەوە، پێویســـتیی پەروەردەکردنی کچان و دامەزرانـــدن و بنیاتنانـــی کۆمەڵگایەکی هێمن و ئاشتیخواز.

لە ســـەدەکانی ١٥ و ١٦ی زایینیدا، کلیســـا و بـــۆرژوازی پێکەوە ژنانیان لەو بەرپرســـایەتییەی کە پێشـــتر هەیانبوو بێبـــەش کرد. تا ئـــەو جێگایە کە دەســـەڵاتی پاشـــایەتیی بنەماڵە لە ســـەدەی ١٦دا دەسەڵاتی پیاوانی زۆر زیاتر بەهێز کرد.

لـــە کۆتاییی ســـەدەی ١٥دا، بە هاتنـــە ئارای پەیمانـــی ئەخلاقـــی و ئابووری لـــە پاریس، باس لە پـــەروەردەی کچان بۆ بە ئەســـتۆگرتنی ئەرکی ماڵ کرا کـــە لەم حاڵەتەشـــدا، هەموو کارێـــک تەنیا بۆ خۆشگوزەرانیی پیاوان دەکرا.

لە سەدەی ١٦دا، دایکانیش بە دارکاری کردن، بەرانبەر بە کچەکانیان توندوتیژی دەنوێنن.

بەشی چوارەم کە باس لە گواستنەوەی ئابووریی فێئۆداڵی بۆ ئابووریی پیشەســـازییە، نووسەر ئاماژەی بەوە کردووە کە لە ســـەدەی ١٧ و ١٨دا، سیستەمی پارلەمانی و ئازادی جێگای پاشایەتی دەگرێتەوە.

لە فەرەنســـای سەدەی ١٧دا ڕۆڵی ژنان بە تەنیا بۆ هەوڵ و چالاکی لە هۆڵە ئەدەبییەکان و ململانێی سیاســـی بەرتەســـک نابێتەوە. دژە چاکسازی بوون، بووە هۆی گۆڕانی بنکە و دامەزراوە ئایینییەکان.

لە سەدەی ١٨دا، شاژن و شازادەکان لە بەرانبەر ئەخلاقی نوێی بۆرژوازیدا خۆڕاگرییان دەکرد و ڕۆڵی پاشایەتیی خۆیان بە توانا و لێهاتووییەکی باشتر لە پاشا پیاوەکان بەڕێوە دەبرد.

ئەم ســـەدەیە لە بریتانیا بۆ ژنان وەکوو سەدەی «ڕەش» ناســـرابوو، بەڵام دەسپێشخەریی ئەندێشەی فێمێنیســـتی لە هەموو چینە کۆمەڵایەتییەکاندا لە ئارادا بوو.

لە ســـاڵی ١٧٩٢ دا، ماری ۋۆل ئەستۆن کرافت، گوتارێکی فێمێنیســـتیی لە ژێر نـــاوی داواکارییەک بـــۆ مافی ژنان بـــڵاو کردەوە و تێیـــدا دژی ڕوانینی شۆرشـــگێرانی فەرەنســـە و بۆرژوازیـــی هەموو ئەو وڵاتانـــەی کچانیـــان لە گەیشـــتن بە فێـــرکاری و پەروەردەی یەکســـان لەگەڵ کوڕان بێبەش دەکرد، ڕووبەڕوو بووەوە.

ئەمـــە کارێک بوو کە ســـیمۆن دوبووار ســـەدە و نیوێـــک دواتـــر جێبەجێـــی کـــرد. ناوبـــراو بـــە باوەڕبەخۆبوونـــەوە پەیامێکـــی فێمێنیســـتیی لـــەم چەشـــەی بڵاو کردەوە: «کاتێ ئەوە هاتووە شۆڕشێک لە دابونەریتـــی ژنانەدا بەدی بێت، تاکوو گەورەیی و شکۆی لەدەســـچووی ژنان قەرەبوو بکرێتەوە و ژنان وەکوو ئەندامێکی کۆمەڵگای ئینســـانی ڕۆڵێکیان لە چاکسازیی جیهاندا هەبێت.»

لە ســـەدەی ١٨دا بە هۆی بەرتەســـککردنەوەی بازاڕی کار بۆ ژنان، هەندێک لە ژنان ناچار بوون ڕوو لە لەشفرۆشی، خزمەت لە سپا و تەنانەت دزی بکەن.

وەکوو ســـەدەی ١٧، ژنانـــی بریتانیایی بەهۆی قەبووڵ نەکردنی پێشـــێلکارییەکانی بۆرژوازی، بەرەو ئامریـــکا وەڕێ کەوتن و بە بەشـــداری لـــە گرووپە تیرۆریســـتییەکاندا خوازیـــاری ســـەربەخۆیی بوون. بەڵام نە یاســـای بنەڕەتیی ئامریـــکا و نە جاڕنامەی سەربەخۆییی ئەم وڵاتە پێگەی هاووڵاتیبوونی وەکوو مافێکی سیاسی بۆ ژنان بە ڕەوا نەبینی.

لە سەدەی ١٨دا ژنان بەشدارییان لە شۆڕشەکاندا دەکرد و خوازیاری مافـــی هەڵبژاردن و نوێنەرایەتی بوون.

ئۆلیمـــپ دوگـــۆژ، جاڕنامەی مافـــی ژنان بڵاو دەکاتەوە کـــە تێیدا هاتووە: « کاتێ ژن مافی ئەوەی هەیە لەســـێدارە بدرێت، کەواتوو دەبێ ئەو مافەشی هەبێت لە تریبوون بـــۆ بەرگری لە مافەکانی کەڵک وەربگرێت.

لـــە ســـاڵی ١٧٩٣دا، ژنـــان دوای بەشـــداری لە شـــەڕی ١٧٩٢دا، ســـێ پرســـیاریان ئاراســـتەی نوێنەرایەتیی فەرانســـە کرد کە باس لە ئازادیی ژنان لـــە بەڕێوەبردنی کۆبوونەوە لە پاریس، هەبوونی مافی سیاســـی و گۆڕینەوەی بیـــروڕا لە بنکـــە و ناوەندە سیاسییەکاندا بکەن کە ئەندامانی پارلەمان بە دەنگی نەرێنی، هەلومەرجیان بۆ «مەرگی سیاســـی»ی ژنان ئامادە کرد.

لـــە بەرانبەردا ئیتالیا، نەریتـــی ژنانی بیرمەندی درێـــژە پێدا، ســـێ ژنی مامۆســـتای زانکـــۆ بەهۆی

بەرهەمەکانیانەوە لە تەواوی ئورووپادا ناســرابوون. لە سەدەی ١٨دا لە باکووری ئیتالیا چل ژنی هونەرمەند هەبوون کە ژمارەیەکیــان بە دزییەوە کاریان دەکرد و لــە کۆتاییدا، بەرهەمەکانیان بە ناوی باوک و برا و هاوسەرەکانیانەوە تۆمار دەکران.

ژنانی ســەدەی ١٨، مافی ڕاهێنان و پەروەردە، مافی ئابووری، دەستپێڕاگەیشــتن بە مافی سیاسی لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا، بە داواکاریی ژنانی ســەدەی پازدەیەم زیاد دەکەن و و دواتر ئەم ئەندێشــەیە کە ئازادیی ژن، ئازادیی کۆمەڵگایە دێتە ئاراوە.

لە بەشی پێنجەمدا نووســەر دەڵێت ئەگەرچی باس لە ئیشی ژنان لە سەدەی شازدەیەمەوە دەست پێ دەکا، بەڵام لە ســەدەی نۆزدەیەمدا یەکگرتوویی لە دژی ژنان دروســت دەبێ. دژایەتی لەگەڵ ئیشی ژنان لە فەڕانســە، وا دەکات کە مانگرتنی یەکیەتیی کرێــکاران بێتە ئاراوە. لابردنی ژنــان لە بازاڕی کار، پیاوانــی کردبــووە خاوەنی کارەکەر لــە ماڵەوە کە ئەمــە وای کردبوو لە پاریس و لەندەن، لە ســەدەی نۆزدەیەمــدا لە نێــوان ٤٠ هەتا هەشــتا هەزار ژن ڕوویان لە لەشفرۆشی کردبوو.

لەم دۆخەدا سەرهەڵدانی ژنان شتێکی نائاسایی نییــە، بۆیــە دەبینین کــە ژنانی کرێــکار لە دژی حەقدەســتی کەم، نەبوونی هەلی کار، دژواریی کار و ژنانی بورژواش لە دژی بێبەشی لە هەموو مافێکی سیاســی و ئابــووری دەچنە ڕیــزی ڕاپەڕینەکانەوە. سەرەڕای ئەمانەش، لە سەدەی ١٩دا، لەقاودان تا ئەو ڕادەیە نەچووە پێشێ کە بتوانێ ناکۆکیی نێوان بەرە جۆراوجۆرەکانی خەباتی ژنان لەناو ببات.

لەم ســەردەمەدا، ژنان لە بــواری جۆربەجۆردا، کەوتنە چالاکی. هەندێ گۆڤــار و بڵاوکراوەی وەکوو «هــاواری ژنــان» و «بۆچوونی ژنــان» بڵاوکرانەوە کە خوازیاری مافی دەنگدان و خۆهەڵبژاردن بۆ ژنان بوون.

لە ســاڵی ١٨٤٠ ژنانــی کرێکار لــە ئامریکادا، ڕۆژنامەیەکــی تایبــەت بڵاودەکەنــەوە و دەکەونە لەقاودانــی ماوەی زەمەنیــی کار، کەمبوونی کرێ و حەقدەست بە بەراورد لەگەڵ کار، خێراییی ئاهەنگی کار و جووتبوونــی زۆرەملێ. ئەم ڕووداوانە نیشــان دەدەن کە  پێوەندیی نێوان شۆڕشــی کۆمەڵایەتی و ڕزگاریی ژنان بە باشی بەدی هاتووە.

لــە فەڕانســەش شــەپۆلێکی فێمێنیســتی بە وتەبێژیــی ژنانی بــورژوای کەمداهاتی ڕۆژنامەوان و مامۆستای قوتابخانە پێکهات.

دەستپێڕاگەیشتن بە فێرکاری لە هەموو ئاستێکدا بۆ فێمێنیستەکانی سەدەی ١٩، سەرکەوتنێکی مەزن بە ئەژمار دەهات. لە ســەدەی ١٩دا، ژنانێکی زۆر لە بــواری جیاوازدا ناو و ناوبانگیــان دەرکرد. لە بواری هونەر، ئەدەبیات، بیرکاری، ئەستێرەناسی و لە بواری زانســتیدا، ژنان گەڕان و پشکنینی مەترسیداریان بۆ بەدواداچوونی ئیش و کارەکانیان ئەنجام دا.

بیرۆکەیەکــی ســەرەکی کە لــە بزووتنەوەی فێمێنیستیی ســەدەی ١٩دا سەری هەڵدا، ئەوە بوو کــە ژنانی هەموو وڵاتانی جیهــان دەبێ یەک بگرن و بە یارمەتیی یەکتر مافی خۆیان بەدەست بهێنن.

نووسەر لە بەشی شەشەمدا دەپەرژێتە سەر ئەم باسە کە لە ســەرەتای سەدەی بیســتەمدا هەندێ کێشــە وەکــوو پەیوەندیداربوونــی جیاوازیی ژن و پیــاو بە فێرکاری و پەروەردە، ناڕەزایەتی ســەبارەت بــە مەرگــی مەدەنیی ژن لــە بنەماڵــە و وەلاتانی ئەخلاقــی ڕەگــەزی، ئازادیی ژن لــە کاروچالاکی، مافــی کەڵک وەرگرتن لە چێژ و خۆشــیی دوور لە پێوەندی هاوســەری و کۆمەڵێک کێشەی دیکە کە لە ســەدەکانی ناوەڕاســتەوە بە چارەســەرنەکراوی مابوونەوە، لە ئەندێشەی فیمێنیستیی ڕۆژاوا جێگەی خۆیان کردبووەوە.

لە ماوەی شــەڕی یەکەمی جیهانیدا، ڕێژەیەکی زۆر لە ژنان لە کارخانەی چەکســازیی فەڕانســە و بریتانیا وەکوو کرێکار وەرگیران تا جێگەی ئەو پیاوانە پڕ کەنەوە کە دەچوونە بەرەکانی شەڕەوە.

لــەم ماوەیــەدا کۆمەڵێک لە فێمێنیســتەکان، کۆنفرانسێکیان لە لاهە پێکهێنا. ژنانی ئاڵمان، بریتانیا، نەمســا، مەجارســتان و ئیتالیا، بۆ مەحکوومکردنی ئازاری زاڵ بە ســەر ژناندا کۆبوونەوە و دژایەتیی ئەم بابەتەیان کرد و وەکوو خوشــک یارمەتیی یەکتریان دەدا. هــاوکات لەگــەڵ خەباتی فێمێنیســتەکان، ژنانی کرێکاریش لە تێکۆشــاندا بــوون و خوازیاری دابینکردنی بژێوی ژیانیان و چوونەسەری حەقدەست

بوون، لە راستیدا چوونەسەری حەقدەستی ژنان، ئاکامی خەباتی کرێکاری بوو. پاش شەڕی یەکەمی جیهانی، ژنان لە ٢١ وڵاتی جیهاندا، مافی دەنگدانیان بەدەست هێنا.

بارودۆخی ژنان لە وڵاتە فاشیستیەکاندا جیاواز بوو، پرۆژەی بەکارهێنانی ژنان وەکوو بوونەوەری ژێردەست کە دەبوایە لە خزمەتی پیاودا بن و منداڵی زۆرتر بە دەوڵەتە ناسیۆناڵ - سۆسیالیستەکان ببەخشن، لە لایەن کۆمەڵگا فاشیستییەکانی ئاڵمان، ئیتالیا و ئیسپانیاوە دامەزرا.

ئاڵمان دروشمی سێ پیتی K (کلیسا، چێشتخانە و منداڵان)ی هێنایە ئاراوە و یەکەمین وڵات بوو کە بە یاسا، ژنانی لە کاری دەرەوە وەلانا. کچانی گەنجی لە کولتوور دوورخستەوە و لە چوون بۆ قوتابخانەی تیکەڵاو پێشی پێ گرتن و ئەرکی پزیشکیی لێیان قەدەغە کرد. بە گشتی لە بەرنامەی دەوڵەتی نازیدا، «ژن جۆرێک لە ئاژەڵ» بە ئەژمار دەهات.

نازییەکان لە سەر ئەو بڕوایە بوون کە فێمێنیزم، جۆرێک گەنەکاریی بۆرژوازی و هێرش بۆ سەر رێکوپێکیی سروشتی نێوان شتەکانە.

لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەمدا، بارودۆخی ژنان و بزووتنەوە فێمینیستییەکان گۆڕانیان بەسەرداهات، ژنان دەستیان دایە خۆڕاگری و بەربەرەکانێ لە دژی فاشیزم کە دوو شێوە بوو، یەکەم تیوەگلانی ژنان لە لەشکر و شەڕی پارتیزانی، دووەم، بەشداریی بەکۆمەڵ لە بەرهەمهێنانەوەی شەڕدا، کە بەشداریی ژنانی یەکیەتیی سۆڤییەت، بۆ بەرگری لە خاکی وڵاتەکەیان لە دژی شاڵاوی نازی، نموونەیەکی بەرچاوی ئەم بەشدارییەیە.

ماوەیەک پاش دەسپێکردنی شەڕی دووهەمی جیهانی لە یەکیەتیی سۆڤیەت، ژنان کۆمیتەی دژەفاشیزم دادەمەزرێنن و بەم شێوەیە هاودەنگی لە نێوان ئەوان و ژنانی ئورووپای ناوەندی و باشووری رۆژهەڵات دێتە ئاراوە. پاش تەواوبوونی شەڕ، دیسان ژنان لە بازاڕی کار وەلانران، بەڵام ئەمجارە ژنان لە ئامریکا بە ئاسانی لە بازاڕی کار نەچوونە دەر. هاوکات لە گەڵ ئەمەشدا لە بریتانیا و ئامریکا باخچەی ساوایان، چێشتخانە و قوتابخانە کە بۆ کارئاسانیی ژنان دامەزرابوون، لەناوچوون.

سەرەڕای هەموو ئەمانە، کتێبی «رەگەزی دووهەم»ی سیمون دوبووار لە ساڵی ١٩٤٧ ، توانی شۆڕشێک بەرپا بکات و نیشان بدات کە بەربەستەکانی سەر رێگای ژنان دەرەنجامی پێشداوەری، نەریت، یاسای کۆن و بە گشتی کولتوور و کۆمەڵگایە کە ژنانیش خۆیان تێیدا رۆڵیان هەبووە نەک سروشت.

چالاکیگەلی جۆراوجۆر و گرووپ و دامەزراوەی بچووک و جیاوازی فێمێنیستیی زۆر سەریان هەڵدا کە هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە پێکەوە زۆر کۆک نەبوون، بەڵام بۆ رزگاریی ژنان کاریان دەکرد.

ژنان بە بیروباوەڕی جیاوازەوە رۆڵی لەقاودەریان لە وەلانانی ئەو ئیدئۆلۆژییە کۆنانەدا گێڕاوە کە پانتاییی گشتی و تایبەت لێک جیا دەکەنەوە.

نووسەر دەڵێت کۆمەڵگای پیاوەزن بەر لە سیستەمی سەرمایەداری سەری هەڵداوە و لەسەر بنەمای ئەم بەرهەمە، شاراوەیی و نەبینراوەییی ژنان لە بنەماڵەدا دامەزراوە. بۆیە خەباتی فێمێنیستی دەبێ لە رێگەی هۆشیارکردنەوەی ژنان سەبارەت بە بەرهەمهێنانی ماڵی دەست پێ بکات. واتە یەکەمین چەوساندنەوەی ژنان هەر لێرەوە دەست پێ دەکات و هۆی سەرەکیی بارودۆخی نالەباری ژنان لە بواری دیکەی ئابووری، کولتووری و سیاسی هەر بۆ ئەم هۆکارە دەگەڕێتەوە.

لە بەشی ئاکام و کۆتاییی ئەم کتێبەدا، نووسەر باس لەوە دەکات کە سەرکوتکردنی ژنان، ماوەی ٨ هەزار ساڵە کە بەردەوامە و ژنان تاکوو ئێستاش لە ژێر رکێفی سیستەمی باوک مەزنیدان. بۆیە دەڵێت: یەکەمین کۆکبوون سەبارەت بە مەزنیی چەمکی رەگەزی مێ، لەبەرچاوگرتن و رێز لە کەسایەتی و حورمەتی ژنە و بۆ ئەم کارە پێویستە هەموو جۆرە توندوتیژییەک دژی ژنان وەلا بنرێت.

نووسەر لەم بەشەدا ئاماژە بە رۆڵی فێمێنیستەکان لە دامەزراندنی جیهانێک کە ئاشتی و دادپەروەری بۆ هەموو چین و توێژەکان بەدی دێنێ دەکات کە سەرهەڵدان و بەئاکام گەیشتنی وەها دۆخێک تەنیا هەل و دەرفەتی زێڕین و شانسی مانەوەی مرۆڤایەتییە.

# ڕێنووسی کوردی

**ئامادەکردن:**
**بەشی زمانەوانی**

به سەرنجدان بەوەی نووسەرانی تیشک و خوێندەوارانی
کورد، بنەما گشتییەکانی ڕێنووسی کوردی دەزانن، بە
پێویستیمان نەزانی هەموو بەشەکانی ڕێنووسی کوردی لێرە
بنووسینەوە و تەنیا لەم نووسراوە کورتەدا ئاماژە بەو خاڵانە
کراوە کە بەشێکی زۆر لە نووسەران لەبەرچاویان ناگرن و بە
هەڵە دەیاننووسن...

## کێشەی (ڕ)ی سەرتا

تەنیا لە شێوەزاری کرمانجیی سەروودا پیتی «ر» لە سەرەتای وشە دەتوانێ بچووکیش بێت. لەباقیی شێوەزارەکان واتا شێوەزارەکانی کوردیی ناوەندی و کوردیی گۆرانی و خوارەوەدا، ڕێی سەرەتا هەمیشە قەڵەوە و بە قەڵەویش دەنووسرێت. ڕزگار، ڕێگا، ڕێباز، ڕێنوێنی.

## کێشەی (و)ی پەیوەندی

پیتی (و) کاتێک بۆ پێکەوە بەستنەوەی دوو وشە پێکەوە دێتە ناو ڕستەوە، ڕۆڵی وشەیەکی سەربەخۆ دەگێڕێ و نابێ بلکێندرێ بە وشەی پێش یا پاش خۆیەوە.

ژن و پیاو
حیزب و لایەنەکان
کۆمەڵگا و حکوومەت
حەز و خولیا

لەو وشە لێکدراوانەی کە لە لێکدرانی دوو وشە بە (و) دروست بوون دەبێ بە یەک دانە (و) بنووسرێ نەک دوو دانە:

گفتوگۆ
هاتوچۆ
توندوتیژی
کەشوهەوا
کشتوکاڵ
هەڵسوکەوت

## کێشەی (ی) ی خستنەسەر و ئاوەڵناو

هەمووان دەزانین بۆ لکاندنی ناو بە ئاوەڵناو یان موزاف بە موزاف ئیلەیهەوە، کەڵک لە نیشانەی (ی) وەردەگیررێت و (ی) دەلکێت بە ناوەکەوە.

پێشمەرگە + ی + ئازا = پێشمەرگەی ئازا
کتێب + ی + بەسوود = کتێبی بەسوود
خولیا + ی + ڕزگاری = خولیای ڕزگاری
خەڵک + ی + کوردستان = خەڵکی کوردستان

بەڵام ئەگەر ناوێک خۆی بە (ی) کۆتایی بێت، دیسان دەبێت نیشانەی (ی)ی بچێتە سەر.

دیاری + ی + کوردستان = دیاریی کوردستان
یەکێتی + ی + نیشتمانی + ی + کوردستان = یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

ئەگەر وشەکە بە دوو (ی) کۆتایی بێت، دیسان دەبێت نیشانەی (ی) وەربگرێت و بە سێ (ی) بنووسرێ.

ئاوارەیی + ی + کورد = ئاوارەییی کورد
شارەزایی + ی + کاربەدەستان = شارەزاییی کاربەدەستان
قەیرانی + ژینگەیی + ی + کوردستان = قەیرانی ژینگەییی کوردستان

### (ی)ی جێناوی سێهەم کەسی تاک

پیتی (ی) جێناوی سێهەم کەسی تاکە. وەک ئەو سێ حاڵەتەی لە سەرەوە بۆ (ی)ی خستنەسەر باسمان کرد، ئەگەر لە شوێنێک پێویست بە (ی)ی جێناوی سێهەم کەسی تاک بێ دەبێ بنووسرێ. زۆربەی نووسەران بۆ حاڵەتی یەکەمدا کە حاڵەتی سادەیە دەینووسن بەڵام لە حاڵەتی دووهەم و سێهەمدا ناینووسن بەڵام نووسینی پێویستە.

١.

پرسیاری کرد

وتاری نووسی

کتێبی خوێندەوە

٢ و ٣.

کورد ئازادیی دەوێ

شەریف چالاکیی ژینگەییی دەکرد

(لە یەکەمیاندا «ی» بۆ خستنەسەرە و لە دووهەمدا جێناوە)

خۆپێشاندانی نارەزاییی بەڕێوە برد

(لە یەکەمیاندا «ی» بۆ خستنەسەرە و لە دووهەمدا جێناوە)

نەتەوەی کورد سەربەخۆییی دەوێ

(لە یەکەمیاندا «ی» بۆ خستنەسەرە و لە دووهەمدا جێناوە)

جێناوی لکاوی (ی) بۆ سێهەم کەسی تاک و (یان) بۆ سێهەم کەسی کۆ، کاتێک لەگەڵ «کاری تێپەڕ / فعل متعدی» دا بێن دەبێ وەک خۆیان بنووسرێن.

نموونەی گەردانکردن

گرتم، گرتت، گرتی / گرتمان، گرتتان، گرتیان

ئەگەر قەدی کردارەکە خۆی بە پیتی ...ی کۆتاییی هاتبێت، کاتێک کە جێناوی لکاویان دەخرێتە سەر نابێت ...ی بقرتێنرێت:

نووسین: نووسی:

نووسیم ، نووسیت، نووسیی (نووسی هەڵەیە لەبەر ئەوەی قەدی کاری کردووەتە نووس)

نووسیمان، نووسیتان، نووسییان (نووسیان هەڵەیە لەبەر ئەوەی قەدی کاری کردووەتە نووس)

پرسین:

پرسی + م = پرسیم

پرسی + ت = پرسیت

پرسی + ی = پرسیی

دەبێت وا بنووسرێن: من پرسیم، تۆ پرسیت، ئەو پرسیی. (نەک ئەو پرسی).

پرسی + مان = پرسیمان

پرسی + تان = پرسیتان

پرسی + یان = پرسییان

دەبێت بنووسرێن: ئێمە پرسیمان، ئێوە پرسیتان، ئەوان پرسییان (نەک ئەوان پرسیان)

نموونەی تر:

کاری تێپەڕ: (دزین، بڕین، کڕین، گۆڕین، نووسین)، کە لە سێیەم کەسی تاکدا دەبنە (ئەو

دزیـــی، ئەو بڕیی، ئەو کڕیی، ئەو گۆڕیی، ئەو نووسیی).

## جێناوی لکاو لە کاری (تێنەپەڕ / لازم)دا:

بەڵام ئەگەر کردارەکە (کاری تێنەپەڕ / فعل لازم) بوو وەک (بارین، فڕین، خزین، وەرین، پژمین) ئـــەو کاتە لە دۆخی ڕابردوودا کەڵک لـــەم جێناوە لکاوانەی (...م، ...ی / یت، ... ـــ / ...ین، ...ن، ...ن) وەردەگرین. ئەگەر قەدی کردارەکە بە ...ــــیــــ کۆتاییی هاتبێت لە کاتی خستنەسەری ئەو جێناوانەدا نابێت ...ــــیــــ لەبیر بکرێت و پێویستە بنووسرێت. نموونەی گەردانکراو:

فڕین؛ فڕیـــ م = فڕیم = من فڕیم، فڕیـــ ی = فڕیی = تۆ فڕیـــیـــت، فڕیـــ ـ = فڕی = ئەو فڕی.

تاک: فڕیم، فڕیی / فڕییت، فڕی.

کۆ: فڕیین، فڕین، فڕین.

نموونەی تر:

کاری تێپەڕ: (دزین، بڕین، کڕین، گۆڕین، نووسین)، کە لە سێیەم کەسی تاکدا دەبنە (ئەو دزیی، ئەو بڕیی، ئەو کڕیی، ئەو گۆڕیی، ئەو نووسیی).

هەروها لە دۆخی کۆی سێیەم کەسی کۆش هەر بە هەمان شێوەیە:

پرســـیـــان (نەک پرسیان)

گۆڕییان (نەک گۆڕیان)

دزییان (نەک دزیان)

## کێشەی (ە) وەک فرمانی پەیوەندی و (ی)ی یاریدەدەر

بزوێنی (ە) لە زمانی کوردیدا ١٢ کارکردنی هەیە کە نووسەران زۆربەی کات بە شێوەی ئاسایی و بێ هەڵە بەکاریان دینن بەڵام لە چەند حاڵەتێکدا کە لێرە ئاماژەیان پێ دکەین تووشی هەڵە دەبن.

یەکێک لە کارکردەکانی (ە) لە کوردیدا بۆ کاری دانە پاڵە یا کاری نەتاوە

کچەکە جوانە

گوارەکەی زێڕە

کتێب بەسوودە.

کوردستان خۆشە.

بەڵام ئەگەر وشەیەک بە (ە، ا، ۆ، ی، ێ) کۆتایی بێت، دەبێت (ی)یەکی یاریدەدەر زیاد بکرێت و لەجێی (ە)، (یە) دەچێتە سەر موسنەد.

ئەو شارەزایە.

کارێکی بەجێیە.

برینم کارییە.

کراسەکەی کرێشەیە.

یەکێکی دیکە لە کارکردەکانی (ە) ئەوەیە کە دەبێتە بەشێک لە هاوەڵناوی نیشانە.

ئەم گۆڤارە

ئەم کتێبە

ئەم حیزبە

ئەم کوردستانە

لەم حاڵەتەشـــدا وەک حاڵەتی پێشـــوو ئەگەر وشەیەک بە (ە، ا، ۆ، ی، ێ) کۆتایی بێت، دەبێت (ی)یەکی یاریدەدەر زیاد بکرێت و لەجێی (ە)، (یە) دەچێتە سەر موسنەد.

ئەم کۆبوونەوەیە

(زۆربەی نووسەران ئەگەر وشەیەک بە «ە» کۆتایی هاتبێ «یە» نانووسن کە هەڵەیە)

ئەم چیایە

ئەم رادیۆیە

ئەم ئەم ئاسانکارییە

ئەم جێیە

ئەم پێکهاتەیە

هێندێک جار ئەو دوو (ە)یە کە لە دوو حاڵەتی پێشوودا باسمان کرد بە دوای یەکدا دێن. لەم

هیوام بەم گۆڤارەیە

هیوام بەم کۆبوونەوەیەیە (وەک حاڵەتی پێشوو زۆربەی نووسەران ئەگەر وشەیەک بە «ە» کۆتایی هاتبێ «یە»ی دووهەم نانووسن کە هەڵەیە)

چاوم لەم حیزبەیە

چاوم لەو چیایەیە

کورد نشتەجێی ئەم کوردستانەیە

کورد نشتەجێی ئەم جێیەیە

بە قازانجی ئەم پێکهاتەیەیە

## کێشەی (بە، بێ)

(بە) بەمانای دارا و خاوەن و (بێ) بە مانای بێبەری بوون، هەم لە ئاستی وشەی سەربەخۆدا لە رستەدا دەور بگێرن و هەم لە ئاستی وشەسازیدا کارا بن.

هـــەر کاتێـــک (بە) بەو مانایەی ســـەرەوە ئاوەڵناوێکی تازە دروســـت بکات، بەســـەر ناوەکەوە دەنووسرێت: بەسوود، بەتام = بەچێژ، بەبڕوا = بڕوادار

هەر وەها ئەگەر بێ بە مانای (بەبێ) نەبێت و دەستەی ئاوەڵکار دروست نەکات، بەسەر ناوەکەوە دەنووسرێت و ئاوەڵناوێکی تازە دروست دەکات.

ئەو هیچ کاتێک مرۆڤێکی بێهیوا نەبووە. بێهیوا = ئاوەڵناو

بەڵام

بەبێ هیوا لەم تاریکستانە رێ دەر نابەیت.

یان بێ هیوا لەم تاریکستانە رێ دەر نابەیت. بێ هیوا = دەستەی ئاوەڵکار

## کێشەی پێشبەندی لە

ئەگەرچی (لە) خۆی وەکوو ئامرازێکی سەربەخۆیە و لە بنەڕەتدا خۆی کار دەکاتە سەر وشەگەلی وەکوو (سەر، پشت، ژێر، ناو و ...) بەڵام ئێستا لە زمانی کوردیدا ئەم وشەیلە بە یەک وشە و بە پێشبەندی حەساب دەکرێن: لەسەر، لەپشت، لەدوا، لەناو، لەنێوان، لەتەنیشت،

لەسەر رێگای گەڕانەوەم..

لەنێو ئەم دارستانەدا،

کێوێکی بەرز لەنێوان ئەم دوو شارەدایە.

لەپشت پەنجەرەکە ڕاوەستابوو.

تێبینی ا: سەر ئەگەر بەمانای خودی سەر بێت، ئیتر بە جیا دەنووسرێت.

بەردێکی لە سەری دا.

سەرتاپای لەشی تەڕ بووە. (سەرتاپا یەک وشەیە، بەواتای هەمووی جەستەی)

....، هەر لە سەر تا پاتەوە.

تێبینی٢: لە ئەم لا --- لەم لا

لە ئەو کا--- لەو لا

## کێشەی (دا)

(دا) لە کوردیدا بە سێ شێوە دەردەکەوێت.

(دا) وەکوو بەشێک لە دووانەی (لە...دا) و (بە...دا) و (دە...دا) کە هەمیشە بە وشەی پێش خۆیەوە دەلکێنرێت.

لە کوردستاندا، بەو ڕێگایەدا هاتم.

(دا) وەکوو پێشگری دروستکەری کاری دارێژراو: بە حوکمی پێشگر بوون و سەربەخۆ نەبوونی، لەگەڵ ئەو وشەیەدا دەنووسرێت کە دەچێتە سەری:

دانیشتن

داگرتن

چۆکی دادا.

تێبینی: ئەو حوکمە بۆ دوولاگرەکانی تری وەکوو (لە...ەوە) و (لە...ڕا) و... دروستە.

(دا) وەکوو کاری سەربەخۆ کە هەمیشە بەجیا دەنووسرێت.

بەردێکی لە پەنجەرەکە دا.

خەنجەرێکی لەسەر دڵی دا.

## کێشەی (ڕا)

ڕا دۆخێکی سادەتری لە دا هەیە. ڕا وەکوو بەشێک لە دوولاگری (لە...ڕا) و (بە...ڕا) هەمیشە بە وشەی پێش خۆیەوە دەلکێنرێت.

ڕا دەوری پێشگر دەبینێت و کاری دارێژراو دروست دەکات: ڕاهاتن، ڕاخستن

بە شتێک ڕاهاتن بە واتای فێر بوون و خوو پێوە گرتنە.

لەم موبایلە نوێیەت ڕازیت؟ ـ بەڵێ، پێی ڕاهاتووم.

تا ئێستە بۆ سندووس چوویت؟ ـ جارێک پێیڕا هاتووم.

## ئەم/ئەو

ئەم و ئەو چ وەکوو جێناوی ئاماژە و چ وەکوو ئاوەڵناوی ئاماژە، وشەی سەر بەخۆن و نابێت بە وشەی پاش خۆیانەوە بلکێنرێن.

بەڵام وشەگەلی وەکوو ئەمشەو، ئەمڕۆ، ئەمساڵ بوون بە وشەی سەربەخۆ و ئەو ڕێسایە نایانگرێتەوە.

ئەمشەو بێ شێو سەر دەنێیتەوە.

ئەم شەوە چەند تاریک و بێدەنگە.

تێبینی:

لە ئەو --- لەو

لە ئەم --- لەم

لە ئەوێ --- لەوێ

لە ئەمێ --- لەمێ

لە ئێرە --- لێرە

## کاری پێشبەندی

پێ/ لێ/ تێ، جۆرێکی تر لە دەربڕینی دۆخی بە/ لە/ دە ـ ن و بەشێوەی ئاسایی دەبێت سەربەخۆ مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.

پشتم پێ بەست

کتێبم پێ دا

گوشاری دوژمن چۆکمان پێ دانادا

دەستم لێ هەڵگرت

تێی هەڵدە

دەستی پێ بکە

هەندێـــک کار بە پێشـــبەندەکانیانەوە مانای تازە دروســـت دەکەن بۆیە دەبێ بەســـەر یەکەوە بنووسرێن.

پێگەیشتن

تێگەیشتن

پێکەنین

## ئیدیۆم

دەبێت مانای ئیدیۆمیی چەند وشە لەگەڵ کاری لێکدراو جیا بکەینەوە. ئیدیۆمێک کە لە چەند وشە پێکهاتووە، بە پیچەوانەی کاری لێکدراو وشەکانی بە جیا دەنووسرێن.

دەست لێ هەڵگرتن

= وازهێنان

دەست لێ بەردان

= واز لێ هێنان

ئاسنی سارد کوتان

= کاری بێهوودە کردن

چاو لێ داخستن

= گرنگی پێ نەدان

## ڕێنمایی نووسین
## مەرجە گشتییەکانی وەرگرتنی وتار

**١** تیشک بە زمانی کوردی بابەت بڵاو دەکاتەوە. ئەگەر نووسەرێک لەبەر هەندێک هۆکار بیهەوێ پەیامەکەی بە زمانی فارسی بگەیەنێت، دوای پەسندی دەستەی نووسەران وتارەکەی وەردەگیرێت.
**٢** لە هەر ژمارەیەکی گۆڤاری تیشکدا، لێکۆڵینەوە لەسەر مژارێکی تایبەت دەکرێ؛ بەڵام توێژەران دەتوانن لە دەرەوەی ئەم بابەتەشدا و بە مەرجێک کە وتارەکەیان پەیوەندیی بە پرسی کورد و کوردستانەوە بێ، لێکۆڵینەوەکانی خۆیان بۆ گۆڤاری تیشک بنێرن.
**٣** گۆڤاری تیشک گرنگی بە چوار شێوازی وتارنووسین دەدا و داوا لە نووسەران دەکەین لە یەکێک لەو شێوازانەدا وتارەکەی خۆیان ئامادە بکەن:
- **وتاری هەڵسەنگاندن:** لە نێوان ٨٠٠ تا ١٥٠٠ وشە؛ توێژەران دەتوانن هەڵسەنگاندن بۆ ئەو کتێب، فیلم، مۆسیقا و شانۆیانە بکەن کە پێوەندییان بە پرسی کوردەوە هەیە.
- **وتاری شیکاری:** لە نێوان ١٥٠٠ تا ٢٥٠٠ وشە؛ لەم شێوازەدا مەرج نییە کە نووسەر ئاماژە بە سەرچاوەکان بکا، بەڵام دەبێ بابەتەکە لەسەر بنەمای بیرۆکەیەکی ڕوون ئامادە کرابێ و دەرەنجامی توێژینەوەکە شی بکرێتەوە.
- **وتاری تیۆری:** لە نێوان ٢٥٠٠ تا ٤٠٠٠ وشە؛ لەم شێوازەدا پێویستە کە نووسەر ئاماژە بە سەرچاوەکان بکا و کەڵک لە تیۆرییەکی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوەکەی وەربگرێ. تکایە سەیری سیستەمی سەرچاوەدان بکەن.
- **وەرگێران:** لەم بەشەدا هەوڵ دەدرێ هەندێک وتاری گرنگ کە لەسەر کوردستان بەرهەم هاتوون، لە زمانی یەکەمەوە، تەرجەمە بکرێنەوە. لە ڕووی زانستییەوە و لەبەر گونجان لەگەڵ فەلسەفەی گۆڤاری تیشک دەبێ وتارەکان لە لایەن دەستەی نووسەرانەوە پەسند بکرێن.

**٤** ئەو توێژەرانەی کە لە ڕۆژهەڵات دەژین دەتوانن وتارەکانیان بە ناوی خوازراوەوە بڵاو بکەنەوە بە مەرجێک کە سەرنووسەر پەسندیان بکات.
**٥** دەستەی نووسەرانی تیشک دوای هەڵسەنگاندنی وتارەکان نووسەران لە شێوازی چاپ و گۆڕانکاریی پێویست ئاگادار دەکاتەوە.
**٦** پێویستە لەگەڵ وتارەکان پوختەیەکی کورت لە نێوان ٥٠ تا ٧٠ وشە ئامادە بکرێ.

## شێوازی سەرچاوەدان

گۆڤاری تیشک کەڵک لە سیستەمی سەرچاوە دانی شیکاگۆ وەردەگرێ. نووسەران لە هەر شوێنێکدا کە پێویستیان بە ئاماژە بە سەرچاوەیەک هەبوو یا دەیانەوێ لە پەراوێزدا شرۆڤەیەکی زیاتری بابەتەکە بکەن، دەبێ هەموویان هەر لە پەراوێزی کۆتاییدا بێنن. نووسەران ئاگادار دەکەینەوە کە دەبێ بە تەواوی سەرچاوەکە بنووسن و ژمارەی لاپەرەکان دیار بکەن. لە کۆتاییدا پێویست ناکا لیستی سەرچاوەکان بەجیا دووپات بێتەوە. لە خوارەوە ئاماژە بە چەند شێوازی سەرچاوە دان دەکەین:

### ١. کتێب

عەبدولڕەحمان قاسملوو، کوردستان و کورد، وەرگێرانی عەبدوڵڵا حەسەنزادە (هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١۴)، ٣٢٠.

دیوید مکداول، تاریخ معاصر کرد، ترجمه ابراهیم یونسی (تهران، پانیذ، ١٣٨٣) ۵-۶.

Robert Olson, The Emergence of Kurdish Nationalism and the Shikh Said Rebellion 1880-1925 (Austin, University of Texas Press, 1989) 83-4.

### ٢. بەشێک لە کتێب

Abbas Vali, “Nationalism and the Question of Origins,” in Essays on the Origins of Kurdish Nationalism, ed. Abbas Vali, (Costa Mesa: Mazda Publisher, 2003), 8-9.

### ٣. گۆڤار و ژورنال

ئیدریس ئەحمەدی، «شار و ڕاسان،» گۆڤاری تیشک ۴٨ (٢٠١٨): ١٣-١٧.

Ahmad Mohammadpour and Kamal Soleimani, “Interrogating the tribal: the aporia of ‘tribalism’ in the sociological study of the Middle East,” The British Journal of Sociology (2019 online): 18.

تەوەری ژمارەی داهاتوو:

## میدیا و دەسەڵات

ISBN 9789198641714

# تیشک

٥٧

له بلاوکراوەکانی
دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوەی
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

پێوەندیکردن:
https://govartishk.com
https://t.me/govartishk
https://www.instagram.com/govartishk
https://twitter.com/govartishk
https://www.facebook.com/GovarTishk